فەرهەنگی رامان

(ئێتیمۆلۆژیی زمانی کوردی)

بەرگی **1**

Raman Dictionary of kurdish etymology

ئەمەگ رامان (د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە)

Emeg Raman (Dr. A. Ibrahimsade)

© ئەمەکێ رامان (د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە) **2013**

ئەم پەرتووکە لە دوو بەرگدا بەشێوەی ئیلێکترۆنیکی (**ebook**) بڵاو دەبێتەوە و وەک دیاری سەری ساڵی **2014** لە دواین ساتەکانی ساڵدا بە خۆڕایی دەخرێتە بەر چاوی خوێنەران. هەموو مافێکی ئەم پەرتووکە بۆ نووسەرەکەی پارێزراوە. هەر جۆرە چاپ و بڵاو کردنەوە و وەرگێڕانی بەبێ ئاگاداری نووسەرەکەی رێگە پێنەدراوە.

پێشکێشە بە یادی نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی و بە زانا و تێکۆشەری دۆستی کورد
د. ئیسماعیل بێشکچی

دیباچە

لە دەمێکەوە وەک بابەتێکی سەرنجراکێش دەمڕوانییە لێکچوونی وشەکانی زمانە جۆربەجۆرەکان و بەتایبەتی هی زمانی کوردی دەگەڵ ئەوانی دیکە. ساڵی 1997 بڕیارم دا وتارێک بنووسم و تییدا ئاماژە بە کۆمەڵێک وشەی زمانی کوردی بکەم کە تا ئەو کاتە کۆم کردبوونەوە. لەسۆنگەی ئامادە کردنی ئەم وتارەدا چووم بۆ کتێبخانەی شار (لە Münster ی ئەڵمان). لەوێ بۆ یەکەم جار چاوم بە فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کەوت. چەندین کتێبی قەبارەزل و ئەستوور لەبەر چاوم قوت ببوونەوە. کتێبی ئەوهای لێ بوو کە لە چەندین بەرگ و هەر بەرگەش لە سەدان لاپەڕە پێک هاتبوو. کاتێک کتێبێکم هەڵگرت و هەر لەوێ تاوێک چاوم پێداخشاند، بە سەرسوورمانەوە بۆم دەرکەوت کە لە هەر دوو سێ لاپەڕەدا لانی کەم وشەیەک بەدی دەکرێ کە دەتوانێ خزمایەتی دەگەڵ وشەیەکی کوردی هەبێ. هەر ئەو کاتە بە تەواوی دڵنیا بووم کە خزمایەتی زمانی کوردی دەگەڵ ئەڵمانی زۆر لەوە نیزیکترە کە پێشتر بیرم لێ کردبۆوە. ئیتر گومانم نەما کە ئەو وشانەی تا ئەو رۆژە کۆم کردبوونەوە، تەنیا مشتێک بوو لە خەروار.

لە لایەکی دیکەوە بە دیتنی ئەو کتێبە زەبەلاح و ئەو هەموو زانیارییە ورد و بەکەڵکە کە لەسەر وشەکانی زمانی ئەڵمانی کۆ کرابوونەوە، بەزەییم بە خۆماندا هاتەوە. لە خۆم دەپرسی بۆچی زمانی کوردی بە چل میلیۆن ئاخێوەر دەبێ لە فەرهەنگێکی ئەوتۆ بێ بەری بی؟

هەر ئەو کاتە بەدەم چاوپێداخشاندنی کتێبەکانەوە بیرێک بە میشکمدا تێپەڕی، تۆ بڵێیی من نەتوانم ئەو کارە دەست پێ بکەم، کار لەپێناو دانانی فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژیکی زمانی کوردیدا؟ ئیتر نووسینی وتارم لەبیر چۆوە و بیرۆکەی نووسینی فەرهەنگێ وەک کێچ کەوتە کەوڵمەوە. ماوەیەک کەوتمە ململانییەکی هزری توند دەگەڵ خۆم. لەلایەکەوە دەمزانی کات و هەلومەرجی ژیانم بە هیچ جۆرێک دەگەڵ قورسایی کارێکی ئەوتۆ ناگونجێ. بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆ منی ئەوکات خوێندکاری پزیشکی ددان خۆ هەڵقوتاندن لە کارێکی سەختی زمانەوانی رەنگە هەر باش نەبێ و لەوانەیە هەم خوێندنەکەم تووشی کێشە بکا و هەم لەو لاشەوە سەرکەوتن بەدەست نەهێنم. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دڵخۆشیی خۆم دەداوە کە من ئاشنایەتیم بە چەند زماتێک هەیە، دەمێکە هۆگری زمانەوانیی کوردیم، چەند ئەزموونتیکم لە نووسین و لێکۆڵینەوە ناوەتە پشت سەر و لە هەمووش گرینگتر حەز و خولیایەکی لەرادەبەدەر بەرەو ئەم کارە رامدەکێشێ. زۆری نەخایاند ئەو ململانییە هزرییە گەیشتە سەرەنجام و بەوە کۆتایی هات کە ئەوین بەسەر مەنتیق، خەون و خەیاڵیش بەسەرمندا زاڵ بوو. لەوە دەچوو کوڕەهەژارێک دڵی بە کیژی پادشا دابێ و بەهیچ جۆرێک نەتوانێ دەست لەو ئەڤینە پڕ لە تینە بەر بدا. ئیتر دەستم پێکرد و هەرگیز نەمدەزانی کە هەویری ئەو کارە ئەوەندە زۆر ئاو دەبا و ئەوەندە ساڵ لە رۆژان و شەوانی تەمەنم بە خۆیەوە خەریک دەکا. هەرگیز نەمدەزانی تا دەگەمە کیژی پادشا، ئیتر تەمەنم لە پەنجا تێ دەپەڕێ و تووکی سەرم نیوەی دەوەرێ!

بەشێکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوە و هەڵگرتنی یادداشتەکان لە سێ ساڵی یەکەمدا ئەنجام درا، ئەوەش بە کەڵک وەرگرتن لە رۆژانی پشوودانی زانینگە و بەتایبەتی پشووەکانی زستان و هاوینان و زۆرتر بەدەم

کاری تاکسییەوە. فەرمانی تاکسی ببووە میزی نووسین و زۆر جار ئەوەندەم هەزارە دەکرد و وەها نوقمی وشەکان دەبووم کە ئاگام لە بێتەلی تاکسی و کابرای بێتەلوان دەبڕا و پاش ئەو هەموو چاوەڕوانییە بۆ گەشتێک، نۆرەکەم لەکیس دەچوو. ئەو کاتانەش لە ماڵ بووایەم، ئەوەندەی بکرایە، کاتم لە ماڵ و منداڵ گل دەدایەوە و بە زیقەی کوڕە شیرەخۆرەکەم نەبێ - کە ئێستا بووەتە لاوێکی جوانچاک و بیرپاک- لە دونیای خەون و خەیالاوی وشەکانم دانەدەپچڕام.

لە ساڵی 2000 ەوە دەستم کرد بە تایپ کردن و لە هەمان کاتدا درێژەدان بە لێکۆڵینەوەکان. ئەو کۆمپیۆتیرە کۆن و شەق و شڕە کە بۆ یەکەم جار دەستم کەوت و چەند ساڵی بەرایی بە پرۆگرامێکی کوردی پڕ لە گرێ و گۆڵ کارم پێ دەکرت، وەک ئێسترەشێت وا بوو، زۆر جار مانی لێم دەگرت و رۆژ نەبوو چەند جار جووتە نەهاوێژێ. بەڵام دواکەوتن و درێژەکێشانی کارەکە تەنیا تاوانی ئێسترەشێتی هەژار نەبوو، رێگەی پڕ کەند و لەندی ئەم کارە وەها بوو کە بە ئەسپی حدوودیش هاسان نەبوو، پێیدا دەرباز بم. لێرەدا حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە کە بۆچی تەواو کردنی ئەم کارە ئەوەندە ساڵەی خایاند.

ئەوەی راستی بێ، من چەند شووتیم بە دەستێک هەڵگرتبوو. لە لایەکەوە خودی ئەم کارە، بە لێکۆڵینەوە، تایپ کردن بەتایبەتی و هەروەها پێداهاتنەوەی دووبارە و چەندبارە، کارێکی ئاسایی نەبوو، کارێک بوو یەکجار وەختگیر، پڕ لق و پۆ، پڕ لە نەهێنی و رەمز و راز و وردەکاری و هەتا بڵێی هەڵگری لێکۆڵینەوەی قووڵتر و دوور و درێژتر. زۆرجار ئەم کارەم وەک دەریایەکی بێسنوور دەهاتە بەرچاو کە دەکرێ بە دەیان ساڵ مەلەی تێدا بکەی. لە لایەکی دیکەوە هەلومەرجی ژیانی من، بەتایبەتی لە باری کاتەوە بە هیچ شێوەیەک دەگەڵ پێویستییەکانی ئەم کارە جۆر نەدەهاتەوە، دیاردەیەک کە بە داخەوە تا رۆژی ئەمڕۆش هەر بەردەوامە! من چەندین ساڵ دەرگیری خوێندنێکی سەخت و وەختگیر بووم، بە جۆرێک کە لە بەیانی زوو تا درەنگی ئێواران دەبایە لە کلینیکی زانینگە بە خوێندن و ئیش و کاری پراکتیکییەوە خەریک بووبام. رۆژانی ڤاڵایی و پشووەکان و تەنانەت ماوەیەک یەکڕاست لە زانینگەڕا دەچوومە سەر کاری تاکسی، بۆ ئەوەی بژیوی ژیان پەیدا بکەم. دوای تەواو کردنی خوێندن بۆ ماوەیەک لە پاڵ ئیشی رۆژانەدا خەریکی تێزی دوکتۆراکەم بووم. ئەوجار دانانی مەتەب و کاری رۆژانەی ئەوێ کات و هێزێکی زۆریان لێ ئەستاندم و بڕستیان پێ نەهێشتم. لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا بە درێژایی گشت ئەو ساڵانە زۆر جار کە شەوانە ماندوو و شەکەت دەگەیشتمەوە ماڵ، تا دەهاتم پشوویەک بدەم و تاوێک بچمە سەر کاری فەرهەنگەکە، ئەوا رووداوە هوروووژێنەر و مخابن زۆرجار دڵتەزینەکانی کوردستان هوروووژمیان دەهێنا و وەها مێشکی ماندوومیان داگیر دەکرد، کە ئیتر چ کات و هێز بۆ ئەو فەرهەنگە بەستەزمانە نەدەماوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سەرەنجام کوڕە هەژاری ئەڤیندار و کیژە گەردن بەرزەکەی پادشای وشە، هەرچەند بە قەیرەییش بێ، پێک گەیشتن و داستانی پڕ لە چەرمەسەریان بە شادی کۆتایی پێ هات. بۆ جارێکیش بێ، قسەکەی باوکم وە راست نەگەڕا کە هەمیشە پێی دەگوتین "هەر کەس لەسەر سەبرانە، لەسەر قەبرانە"! ئێستا پاش دەرباز بوونی پازدەساڵی ئازگار، پازدە ساڵی پڕ لە رۆژانی خەوناوی و شەوانی بێداری، سەرەنجام بەرهەمی ئەم ئەڤینە لەم فەرهەنگەدا خۆی دەبینێتەوە.

ئاشکرایە کە سەبارەت بەو هەلومەرجانەی لەسەرەوە باس کران، سەرەرای هەموو هەوڵ و تەقەلایەک، ئەم فەرهەنگە ناتوانێ لە هەڵە، کەم و کورتی و ناتەواوی بەدەر بێ و بگرە لە گەلێک رووەوە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە بەرزە کە خۆم حەزم لێی بوو. بێگومان ئەگەر لە خاک و وڵاتی ئازادی خۆم، وەک مرۆڤێکی ئاسایی و لە هەلومەرجی ژیاتیکی لەباردا کارم لەسەر ئەم بەرهەمە کردبایە، دەسکەوتێکی گەلێک سەنگین و رەنگینترم پێشکێش دەکرد کە زۆر لەوە پێشتر و ئەوپەڕەکەی تا ساڵی 2005 بە ئەنجام دەگەیشت. بەڵام مەخابن کە چەرخی چەپگەردی رۆژگار ئێمەی کورد هەروا بێبەزە

لەناو بەرداشی خۆیدا دەهاڕێ و ئەو شتانەی کە بۆ خەڵکانی دیکە ڕەوا و ئاساییە، لە ئێمەی دەکاتە خەون و خەیاڵێکی دوورەدەست.
لێرەدا ڕەنگە ئەم پرسیارە بێتە پێش کە ئایا ساخ کردنەوەی فلانە و فیسارە وشەی زمانی کوردی نرخی ئەوەی هەیە کەوا مرۆڤ ئەوەندە ساڵە وەک عەوداڵێک بە دوایدا بگەڕێ و خۆی ئەوەندە بۆ ماندوو بکا. یان بە وتەی چەند دۆست و ناسیاوێک ئایا ئەگەر فڵانە وشەم لە گۆڕ دەر هێنا، زیندووم کردەوە و بە خزم و کەسوکاری خۆیم شاد کردەوە، ئەم کارە بۆ ئێمەمانان چی لێ هەڵدەوەرێ و ئایا بۆ ئێمە دەبێتە نان و ئاو؟ هێندێک جار خۆشم ئەم پرسیارەم ئاراستەی خۆم کردووە و تەنانەت بیرم لەوە کردۆتەوە کە ئەگەر چەرخی ڕۆژگار پازدە ساڵ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، ئایا ئامادەم دیسان ئەو ڕێگا پڕ کەند و لەندە بگرمەوە بەر. بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەرێ. لە ڕاستیدا من ئەم کارەم تەنیا بە مەبەستی وەڵامدانەوەی نیازێکی دەروونی و شەخسی خۆم نەکردووە. ئەگەر ئەم کارەم تەنیا بەو مەبەستە بکردایە، لەوانەیە ئێستا پەشیمان بووبام بۆ لە دەست دانی ئەو کاتە زۆر و زەوەندە، کە دەکرا بۆ زۆر شتی "بەسوود"تر کەڵکی لێوەربگرم. بەڵام لەم کارەدا پێش هەر شتێک بەرژەوەندی زمانی کوردیم لەبەر چاو بووە و هەر ئەوەش هێزبەخش و هاندەرەم بوو تاکوو بتوانم ئەو ماوە درێژە لەسەر کارەکە بەردەوام بم.
وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، زمانی ئەڵمانی و بێگومان زۆر لە زمانانی دیکەش فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی خۆیان هەیە و ئەم بەشە وەک بەشێک لە زانستی زمانەوانی بە دەیان ساڵ و تەنانەت ڕەنگە چەند سەدەیەک کاری لەسەر کراوە. بۆیە زمانی کوردیش وەک یەکێک لە زمانە زیندووەکانی ئەم جیهانە پێویستی بە فەرهەنگێکی لەم چەشنە هەیە و ئێمەی کورد پێویستە بایەخ بە هەموو بەشەکانی زانست و لەوانە زانستی ئێتیمۆلۆژی بدەین. تەنانەت بایەخ دان و کارکردن لەسەر ئێتیمۆلۆژی بۆ زمانی کوردی گەلێک گرینگترە تاکوو بۆ زۆرێک لە زمانانی دیکە. ئەو زمانانەی دیکە زمانی جێکەوتوو و پێگەیشتوون، زمانی یەکگرتوو و ستاندارد، کێشە سەرەکییەکانی ڕێزمان و ڕێنووسی خۆیان یەکلا کردۆتەوە. ئێتیمۆلۆژی بۆ ئەم زمانانە تەنیا لەباری زانستییەوە گرینگە و شتێکە وەک مێژوو و دێرین ناسی. زمانی کوردی بەڵام زمانێکە لە دۆخی پەرەگرتن و پێگەیشتندا و هێشتا بە تەواوی نەبووەتە زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی. لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژیک بۆ ئەم زمانە پێویستییەکی هەنووکەییە و نەک هەر لەباری زانستیی ڕووتەوە، بەڵکوو لەباری کردارییەوە بۆ یەکلا کردنەوەی گەلێک لە کێشە و پرسیارەکانی ڕەوتی پێگەیشتنی زمانی یەکگرتوو گرینگَ و کاریگەرە.
کاتێک منی کورد چاو لە فەرهەنگێکی زمانی ئەڵمانی دەکەم، کەم وشە هەیە کە نەیناسم و پێشتر لە نووسراوەکاندا نەمدیبێ یان گوێم لێ نەبووبێ. بەلام کە لاپەڕەکانی فەرهەنگێکی کوردی هەڵدەدەمەوە، تووشی سەدان وشە دەبم کە سەرەڕای سی ساڵ خوێندەواریی کوردی لە هیچ کۆی نەمدیون یان نەمبیستوون. پرسیار لێرەدایە کە بۆ ئەو وشانە نەهاتوونە ناو زمانی ئەدەبی و تاکوو ئێستاش وەک گولی دوورئاوا لە کەلێن و قوژبنی فەرهەنگەکاندا شاراوە و دوورەپەرێز ماونەوە و تۆزی فەرامۆشی لەسەریان نیشتووە. بێگومان هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە نووسەرانی کورد نازانن ئەم وشانە چین و لە کوێوە هاتوون و هەر بۆیە لە نووسیندا بەکاریان ناهێنن. زۆرکەس لەوانەیە ئەم وشانەیان سەیر و سەمەرە و نامۆ بێتە بەرچاو، لەوانەیە سەبارەت بە مانای وشەکان دوودڵ بن، لەوانەیە ئەم وشانە بە وشەی بیانی تێ بگەن و خۆی لێ لا بدەن، لەوانەیە نەزانن کام یەک لە شێوەکانی فڵانە وشە دروستە، لەوانەیە پێیان وابێ ئەم وشانە ئیتر دەوریان بەسەر چووە و بۆ بەکارهێنان ناشێن، یان وایان دانابێ کە وشەکان ڕەمەکین، نەک ئەدەبی و خوێندەوارانە! لەوانەیە وا بیر کرابێتە کە هێندێک لە وشەکان مانایەکی جوان نابەخشن و هتد. یەکێک لەو دیاردانەی کە بەداخەوە زۆر لەناو

نووسەرانماندا باوە، ئەوەیە کە هێندێک وشە لەبەر ئەوەی سەرچاوەیان نەناسراوتەوە یان چونکوو روخساریان لە وەشەی عەرەبی یان تورکی دەچێ، ئیتر وەک بیژوو چاو لێکراون و شاربەدەر کراون و نەک هەر لە ریزی وشەی کوردی خراونەتە دەرەوە، بەڵکوو بە دەستی خۆشمان کردوومانن بە ماڵی بێگانە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆر وشەمان هەیە کە زمانانی هاوسێ بە هی خۆیانی دەزانن و ئێمەش بێئاگا لەوەی کە ئەو وشانە دە ئەسڵدا وشەی ئێمەن، نەک هەر ئەو وشانە ئیتر بە هی خۆمان نازانین و لێیان نەبانین، بەڵکوو پێداگریش دەکەین کە ئەو وشانە هی زمانانی هاوسێکانن! تەنانەت جاری وایە کار دەگاتە جێگایەک کە نەک هەر هێندێک لە وشەکان دەست و دڵبازانە بە کیسەی خەڵیفە دەبخشرێن، بەڵکوو تێکڕای زمانی کوردی یان "کوردی کۆن" بە شێوەیەک لە زمانی عەرەبی - زاراوەیەک لە زمانی عەرەبی؟- یان هەرنەبێ بە دەستەخوشکی زمانی عەرەبی لە قەڵەم دەدرێ!

شۆڤینیستەکانی نەتەوە سەردەستەکان لەمێژە هەوڵ دەدەن لە رێگەی شاخ و باڵ لێنان لە زمانی خۆیان و نزم و بێ بایەخ کردن و دواکەوتوو نیشان دانی زمانی کوردی هەستی خۆبەکەمزانی لەناو ئێمەدا پەروەردە بکەن و لەم رێگەوە هێز و وەرەی ئازادیخوازی وەچە یەک لەدوای یەکەکانی کورد لاواز بکەن. تەوژمی گران و بەردەوامی ئەم لاف و گەزافە شۆڤینیستییە بەداخەوە کاری کردووەتە سەر هەست و بیری ژمارەیەکی زۆر لە کوردانیش. کەم نین ئەو کوردانەی کە زمانی دایک ئەوەندەی زمانە رەسمییە داسەپاوەکان بە لایانەوە گرنگَ نییە، یان ئەو خۆشی وچێژەیان پێ نابەخشێ کە زمانە داسەپاوەکە دەیبەخشێ!

ئەم فەرهەنگە بۆ جارێکی دیکە دەیسەلمێنێ کە زمانی کوردی یەکێک لە رەسەنترین و دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهانە و نەک هیچی لە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی کەمتر نییە، بەڵکوو بە بەردەوامی وەک خەزێنەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو زمانانە بەکار هێنراوە.

دۆزینەوەی گەلێک وشەی رەسەنی کوردی لە ناو زمانانی دەر و دراوسێدا دەلاقەیەکی نوێمان لەبەردەم دەکاتەوە بۆ تەماشا کردنی زمانەکەمان و تێگەیشتن لەم راستییە کە ئێمەی کورد خاوەنی زماتیکی بەهێز و دەوڵەمەندین، زماتیک کە بە تەواوی شیاوی ئەوەیە لە ناخەوە خۆشمان بوێ، شانازی پێوە بکەین و وەک بیبیلەی چاو بیپارێزن. ئەم فەرهەنگە نەک هەر بە دەیان و دەیان وشەی رەسەنی کوردی نیشان دەدا کە دە زمانانی نەتەوە سەردەستەکاندا بەکار دەهێنرێن، بەڵکوو بە ئاوەڵە کردنەوەی دەرگایەکی شیکاری و لێکۆڵینەوە و خستنەرووی چەندین یاسا و رێسا، بە دڵنیاییەوە ئەو بوارە دەرەخسێنێ کە لە داهاتوودا بە سەدان وشەی کوردی دیکە لەناو ئەم زمانانەدا بدۆزرێنەوە. دوای زێدەتر لە پازەساڵ کاری توێژینەوە لەسەر وشەی کوردی و بە دوور لە هەرچەشنە دەمارگیرییەک بە تەواوی لەو باوەڕە دام کە زمانی کوردی دەوڵەمەندترین زمانی روژهەڵاتی ناوینە و ئەگەر دەرەتانی گەشە کردنی بۆ برەخسێ و دەسەڵاتێکی دڵسۆز لە پشتەوەی بوەستێ، ئەوا لە ماوەی بیست تا سی ساڵدا دەتوانێ خۆ لە قەرەی زمانانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرانسەیی بدا.

ئەم فەرهەنگە هەروەها وڵامێکی دابڕ و یەکلاکەرەوە بۆ ئەو لێکۆڵەرە فارسانەیە کە لە روانگەیەکی شوڤینیستییەوە دان بە بوونی زمانی کوردیدا ناتین و وەک زاراوەیەک لە زمانی فارسی دەیناسێنن یان ئەگەر زۆریش بەزەییان هەبێ و مایەمان بۆ دابنێن، ئەوا زمانی کوردی وەک زماتیکی "ناوچەیی" (محلی)، واتا زماتیکی پلەدووەم پێناسە دەکەن. ئەگەرچی ئەوە تەنیا خودی ئێمەین کە لەسەر پێناسەکردنی خۆمان و زمانەکەمان بڕیار دەدەین و هیچ کەسێک بۆی نییە لە دەرەوەڕا پێناسەیەکی جیا لەوەی خۆمان، بۆ ئێمە دیاری بکا و بڕیارمان بۆ بدا و ئەگەرچی زمانی کوردی لەمێژە لە لایەن بەناوبانگترین زمانەوانانی جیهان وەک زماتیکی سەربەخۆ دیاری کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جێی هەیە لێرەدا هەڵوەستەیەکی کورت لە سەر بۆچوونی شوڤینیستی هێندێک لە لێکۆڵەرە فارسەکان بکەین.

ئەو تاقمە شۆڤێنیستە بەناو توێژەرە بە لەرچاوگرتنی ئەوە کە بەشی زۆری وشەکانی زمانی کوردی و فارسی لە یەکتری نیزیکن و بە لە بەرچاو گرتنی ئەوە کە بەشێک لە وشە کوردییەکان بە درێژایی سەدان ساڵ و هەروەها لەبەر ئەدەبی نەبوونی زمانەکە (بەهۆی داگیرکارییەوە) تووشی هێندێک ئاڵوگۆڕ و سوانەوە بوون، وای لە قەڵەم دەدەن کە کوردی نەک زمان، بەڵکوو زاراوەیەک لە زمانی فارسییە، یان هەر نەبێ زماتیکی پلەنزمترە لە فارسی.

ئەگەر ئێمە سەیری وشەکانی زمانە ژێرمەنییەکان بکەین، کە بەسەدان نموونەی لەم فەرهەنگەدا هاتووە، دەبینین کە لەم زمانانەشدا نیزیکی و هاوشێوەیی وشەکان یەکجار زۆرە و تەنانەت زۆر جار وشەکانی ئەم یان ئەو زمان جیاوازییان دەگەڵ یەکتر هەر نییە. لە لایەکی دیکەوە لەناو هەر دەستەزماتیکدا، وەک دەستەزمانی ژێرمەنی، لاتینی، سڵاڤی، سامی و هیتر، وشەکانی ئەم یان ئەو زمان، جا بە هەر هۆیەک بێ، زۆرتر ئاڵوگۆری بەسەرداهاتووە. بۆ وێنە لەناو دەستەزمانی ژێرمەنیدا وشەکانی زمانی ئینگلیزی لەچاو زمانی ئەڵمانی گەلێک بەرچاوتر تووشی ئاڵوگۆڕ و سوانەوە بوون. بەڵام ئایا کەس لەم جیهانەدا هەیە نکۆڵی لە زمانی ئینگلیزی بکا؟ ئایا تا ئێستا تەنانەت فاشیستەکانیش بە مێشکیاندا هاتووە کە زمانی ئینگلیزی بکەنە زاراوەیەک لە زمانی ئەڵمانی یان بێژن زمانی ئینگلیزی نزمترە لە زمانی ئەڵمانی؟

ئاشکرایە لەناو ئەو دەستەزمانەش کە بە دەستەزمانی "ئێرانی" دەناسرێ ("زمانە ئێرانییەکان")، زۆرینەی وشەکان هاوشێوەن و لەم یان ئەو زمانیشدا وشەکان بە بەراورد دەگەڵ زمانی فارسی هێندێک زۆرتر ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. هۆی ئەمەش پێش هەرشتێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانی فارسی لە کۆنەوە زماتیکی ئەدەبی بووە و لەبەر ئەمە شێوەی کۆنتری وشەکان لە توێی پەرتووک و نووسراوەکاندا پارێزراون. تەنانەت لە زمانی فارسیشدا گۆڕان و سوانەوە وشەکان بە بەراورد دەگەڵ پارسی کۆن گەلێک زۆرە و هەروەها ئەگەر چاو لە زمانی ئاخافتنی فارسی بکەین، دەبینین سەرەرای زمانی ئەدەبیی سەدان ساڵە زۆر لە وشەکان لە زمانی ئاخافتندا تووشی ئاڵوگۆڕ و سوانەوەیەکی زێدەتریش بوون. کەوابوو نە وێکچوون و هاوشێوەیی وشەکان و نە ئاڵوگۆر و سوانەوەی وشەکانی هیچ زماتیک، ئەو زمانە ناکاتە زاراوەی زماتیکی دیکە یان پلە و پایەی ئەم زمانە لەچاو زمانەکانی دیکە دانابەزێنێ. ئەگەر بەم لۆژیکە سەیری زمانەکان بکرێ، ئەوسا ئیتر چەمکی "دەستەزمان" مانای خۆی لە دەست دەدا، ئەوسا بۆ وێنە هەموو زمانە ژێرمەنییەکانی وەک ئینگلیزی، هولەندی، دانمارکی، نوروێژی، سوێدی، ئیسلەندی و هیتر دەبێ بە زاراوەکانی زمانی ئەڵمانی دابنێین، یان هەموو زمانە جیاوازە سڵاڤییەکان، لاتینییەکان، سامییەکان بکەینە زاراوەکانی یەک زمان لە هەرکام لەم دەستەزمانانەدا! ئەگەر ئەم لۆژیکە شوڤینیستییەی هێندێک لە لێکۆڵەرە فارسەکان راست بێ، ئەوسا دەبێ چەمکی "زمانەئێرانییەکان" لە زانستی زمانەوانیدا بسردرێتەوە و تەنیا دان بە بوونی یەک زمان دابنرێ، کە ئەویش زمانی فارسییە و هەموو زمانە هاوشێوەکان بکرێن بە زاراوەکانی زمانی فارسی. یان دەنا دەبێ لەناو هەر دەستەزماتیک و لەوانە دەستەزمانی "ئێرانی"دا یەک لە زمانەکان وەک "گل سر سبد"، وەک سەرتۆپی زمانەکانی دیکە سەیر بکرێ و ئەوانی دیکە بە پلەنزم و کەمبایەخ دابنرێن. ئاشکرایە بۆچوونێکی لەم چەشنە نەک هەر لە ناخەوە دژی زانستی و شوڤینیستییە، بەڵکوو زۆریش سەیر و سەمەرە و پێکەنینییە.

خاڵێکی دیکە کە لێرەدا دەبێ بەگوێی ئەو شۆڤینیستانەی هەڵبێنین، ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە باس لە رەسەنایەتی وشەکانی زمان دەکەین، ئەو باسە تەنیا بە فۆنۆڵۆژیی زمانەکە، واتا ئاڵوگۆڕی دەنگەکان کۆتایی نایە. راستە گەلێک لە وشەکانی زمانی کوردی لە باری فۆنۆڵۆژییەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا زمانی کوردی توانیویەتی بەپێچەوانەی زمانی فارسی بە سەدان وشەی رەسەن بپارێزێ و هەروەها لە هێندێک دۆخدا فۆتیمە کوردییەکان لەچاو زمانی فارسی

ڕەسەنتر ماونەتەوە. ئێمە بێ ئەوەی تووشی ڕقەبەرایەتی بین و بێ ئەوەی بمانەوێ زمانی فارسی خەوشدار بکەین، ئەوە وە بیر دێنینەوە کە زمانی کوردی کانگایەکی زێرین و گەنجینەیەکی دەڵەمەندی وشەی ڕەسەنە و هەروەها کارتێکەری وشەی بێگانەی زۆر کەمتر بە سەرەوە دیارە.

ئەم دەوڵەمەندییەی زمانی کوردی هەر لە کۆنەوە نابێ بۆ زۆرێک لە شۆڤینیستەکان شتێکی شاراوە بووبێ. لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنی دەگەڵ بەرپرسێکی بەرێی وێستگەی ڕادیۆی کوردی کرماشاندا، ئەو بەرێزە گێڕایەوە، کە ئەوان جار بەجار لە ناوەندەوە نامەیان بۆ دەهات کە تێیدا داوایان لێ دەکرا، وشەی کوردییان بۆ بدۆزنەوە، تاکوو زمانی فارسی وەک ئالترناتیو لە جیاتی وشەی عەرەبی بەکاریان بێنێ. گومان لەوەدا نییە کە لەم ڕێگەیە و لە زۆر ڕێگەی دیکەوە بە دەیان وشەی کوردی خراونەتە ناو فەرهەنگی زمانی فارسییەوە. دیارە دان و ستانی وشە لەتێوان زمانەکاندا شتێکی ئاسایی و تەنانەت پێویستە و هیچ گرفتێک دروست ناکا، گرفتەکە تەنیا لێرەدایە کە لە فەرهەنگەکانی زمانە سەردەستەکاندا ئاماژە بە سەرچاوەی وشەی عەرەبی، تورکی، فارسی، چینی، مەغولی، هیندی، ئەورووپی و هیتر دەکرێ، بەڵام ئەو وشە کوردییانەی کە بە ئاشکرا و بە بەرنامە وەرگیراون، بە بێدەنگی بەسەریاندا تێپەڕ دەبن. لە فەرهەنگەکانی زمانە سەردەستەکاندا بەدەگمەن ئاماژە بە کوردی بوونی وشە خوازراوەکان دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە دەیان و سەدان وشەی زەق و زیندووی کوردی لەناو ئەم زمانانەدا بەکار دەهێنرێن. ئەم هەڵسوکەوتە ناحەز و نارەوایە نەک هەر هەڵسوکەوتێکی ناشارستانییە، بەڵکوو جۆرێک و بەشێک لە تاڵانی سامانی فەرهەنگیییە کە بەدرێژایی دەیان و سەدان ساڵ هاوکات دەگەڵ تاڵانی ماددی و مرۆیی لە لایەن دەسەڵاتدارە عەرەب و پارس و تورکەکانەوە بەرانبەر بە گەلی کورد بەڕێوەچووە. ئەم هەڵسوکەوتە نەک هەر نیشاندەری زۆرداری و ستەمکاری ئاشکرایە، بەڵکوو جۆرێک لە بێشەرمی و بێویژدانی نیشان دەدا. تراژێدیای زمانی کوردی تەنیا خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە لە لایەن شۆڤینیستە زۆردارەکانەوە نکۆڵی لێ دەکرێ، بەڵکوو لەمە ناخۆشتر، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەیدزن، تاڵانی دەکەن و بەوپەڕی بێشەرمییەوە دان بە بوونیشیدا ناهێنن.

شۆڤینیستە پارسەکان، بەشێک لە ڕووی بێئاگایی و بەشێکیش فێڵبازانە زمان لە "وشەکان"دا بەرتەسک دەکەنەوە. ڕاستە زمان لە وشە پێکهاتووە، بەڵام زمان تەنیا وشە نییە. زمان پێکهاتەیەکی هەمەلایەنتر و بەربڵاوترە لە وشەکان. وشەکان دەکرێ وەک ئەو خشتانە چاو لێ بکەین کە خانووی زمان پێک دەهێنن، بەڵام "خانوو" خۆی شتێکی جیاوازە لە چەمکی "خشت". ئەگەر ئێمە بە لۆژیکی ئەو شۆڤێنیستیانە باس لە جێگە و پێگەی زمان بکەین، ئەوا نەک زمانی کوردی دەبێتە زاراوەی زمانی فارسی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زمانی پارسی دەبێتە زاراوەیەک لە زمانی کوردی، چونکوو زمانی کوردی، بەتایبەتی لە شێوەزاری باکووری خۆیدا گەلێک لە زمانی پارسی کۆنتر و ڕەسەنترە. زمانی کوردی لەم شێوەزارەدا لە ڕووی ڕێزمانییەوە زۆر نیزیکترە بە زمانە ژێرمەنییەکان و ئەوەش دێرینایەتی و ڕەسەنایەتی زۆرتری ئەم زمانە لەچاو زمانی فارسی بە تەواوی دەسەلمێنێ.

لە لایەکی دیکەوە بەڵگە مێژووییەکان ئەم درۆ زلەی شۆڤێنیستە پارسەکان بە تەواوی پووچەڵ دەکەنەوە کە زمانی کوردی زاراوەیەک لە زمانی پارسی بێ. وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە مادەکان لانی کەم دوو سەد ساڵ بەر لە پارسەکان لەم ناوچانە دەسەڵاتدار بوون و ناوچە پارس نشینەکانیش بەشێک بوون لە پانتایی دەسەڵاتداری ئەوان. بێگومان مادەکان سەدان ساڵیش بەر لەوەی ببنە دەسەڵاتداری ناوچەکە، لە وڵاتەکەی خۆیاندا ژیاون و ڕەنگە پێشتریش باو و باپیرانی ئەوان بە ناوێک یان چەند ناوی دیکەوە لە ناوچەکەدا ژیابن. ئەوان خاوەن زمان و فەرهەنگێکی بەهێز و گەشاوە بوون و بە زماتێکیش ئاخەڤیون کە زۆر لە زمانی پارس کۆنتر بووە.

پاش بە دەسەڵات گەیشتنی فارسەکان لە ناوچەکەدا کە لە ڕێگای کۆمپلۆ و کودیتایەکی بنەماڵەیی وەدی هات، مادە بەهێزەکان [کوردمادەکان] و زمانی مادی درێژەیان بە ژیان دا و بە درێژایی مێژوو ئەو شتەیان لێ بەرهەم هات کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ کورد و زمانی کوردی. ئەمە تاکە لێکدانەوەی ڕاستبینانەیە لە مێژووی مادەکان و نەوەکانی ئەوان کە پێیان دەگوترێ کورد. وشەی "کرمانج" دە زمانی کوردیدا هاومانا دەگەڵ "کورد" بەکار دێ. وشەی "کرمانج" دە ئەسڵدا "کوردماد" بووە، واتا مادی بەهێز (بڕوانە شیرۆڤەی وشەی "کرمانج" لەم فەرهەنگەدا). وەک دەبینرێ، وشەی "کورد" سەرەتا سفەتێک بووە بۆ هێز و ئازایەتی مادەکان. ڕەنگە ئەم وەسفە لە لایەن هاوسێکانەوە بە مادەکان درابێ، بەرانبەر بە ئازایەتی ئەوان لە شەڕەکاندا و بێگومان پارسەکانیش دواتر بۆ داگیر کردنی وڵاتانی دیکە کەڵکیان لەو ئازایەتییەی مادە کوردەکان [کوردمادەکان] وەرگرتووە. جێی بیر هێنانەوەیە کە لە سەردەمی شای پێشووی ئێرانیشدا کوردەکان وەک "مرزداران غیور" (سنوورپارێزانی بوێر) بەناو دەکران و لەوە دەچێ ئەم قسەیە کولتوورێکی کۆن و دوور و درێژی لەپشتەوە بێ.

هەر شیرۆڤەیەکی جیا لەمەی سەرەوە مانای ئەوە دەبێ کە مادەکان و زمانی مادی ئاسەواریان بە تەواوی لەسەر ڕووی هەرد سڕابێتەوە و لە هەمان کاتیشدا گەلێکی دیکە لە غەیبەوە هاتبێ و لە سەر خاکی ئەوان قووت بووبێتەوە و ناوی خۆی نابێ "کورد". دیارە تێزێکی ئەوتۆ تەنیا بۆ پێکەنین دەبێ و بەس.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پێوەندییانەی سەرەوە ئێستا جێی خۆیەتی ئەم پرسیارە ئاراستەی شۆڤینستە پارسەکان بکەین کە چۆن زمانی مادی [دواتر: کوردمادی، کوردی] کە لانی کەم دوو سەد ساڵ بەر لە زمانی پارسی، زمانی بارەگا و دیوان و دەسەڵات بووە، دەبێتە زاراوەی زمانی پارسی کە دوو سەد ساڵ دواتر بە دەسەڵات گەیشتووە؟ هەر بۆیە ئەگەر قەرار بێ، زمانێک وەک زاراوەی زمانێکی دیکە چاو لێ بکرێ، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەپێی بەڵگە مێژوویی و زماننناسییەکان دەبێ زمانی پارسی کۆن وەک زاراوەی زمانی مادی چاو لێ بکرێ.

جگە لەمە نوێترین لێکۆڵینەوەکان ئەمە دەسەڵمێنن کە "زمانی دایک"، واتا ریشەی زمانانی هیندوئەوروپی لە شوێنێک سەری هەڵداوە کە ئەمڕۆ دەکەوێتە باکووری کوردستان. ئا لەم شوێنەوە زمانی دایک بەرەو شوێنەکانی دیکە (بەرەوە هیند و بەرەو ئەوروپا) پەلی هاویشتووە و بڵاو بۆتەوە. کەوابوو لەم گۆشەنیگایەشەوە، ئەگەر زمانێک لە زمانێکی دیکەوە پەرەی سەندبێ، ئەوە زمانی پارسی بووە کە وەک لقێک لە زمانی مادی جیا بووەتەوە. زمانی پارسی دەبێ سەرەتا زاراوەیەک لە زمانی مادی بووبێ و دواتر وەک زمانێکی سەربەخۆی لێ هاتبێ. دیارە ئیمەی کورد سەرەڕای ئەو ڕاستییانە، هەرگیز لۆژیکی شۆڤینیستەکان بەکار ناهێنین و ڕەسەنایەتی زمانی کوردی ناکەینە گۆپاڵ بە سەر سەری زمانی پارسییەوە، ئەوەش نەک لە ڕووی بێدەسەڵاتی، بەڵکوو لەڕووی پابەند بوون بە ئەخلاق و ویژدان و ڕاستگۆیی زانستییەوە.

ئەم بەرهەمە هەروەها وەڵام و پەیامێکی دابڕیشە بۆ ئەو شوڤێنیستە تورکانەی کە سەررەڕای کوشتو بڕ و کاولکاری لەرادەبەدر لە باکووری کوردستان، لەماوەی دەیان ساڵدا نکۆڵیان لە زمانی کوردی دەکرد و وەهایان لە قەڵەم دەدا کە زمانی ئەو گەلە شێوەیەکی "دواکەوتوو"ی زمانی تورکییە کە خەڵکێکی کێوی ودوور لەشارستانی، بەڵام بە ڕەگەز تورک، قسەی پێ دەکەن. مخابن ئەو ڕوانگە شۆڤینیستییە پڕ لە نەنکێ و شوورەییە، پڕ لە درۆ و تاوان، پڕ لە نەزانی و بێویژدانی و پڕ لە زۆرداری و ستەمکارییە هەنووکەش بە شێوەیەکی دیکە لە ئارادایە. هەر ساڵی پار بوو کە ڕایەدارێکی باڵای دەوڵەتی تورکیا لووت بەرزانە ڕایگەیاند کە زمانی کوردی زمانی سەردەمی شارستانەتی نییە و بۆیە خوێندن بەم زمانە ڕێی پێ نادرێ. ئەگەر ئیمە دیسان بە لۆژیکی شۆڤینیستی ئەم پیاوە باسی شارستانی بوون و ناشارستانی بوونی زمان بکەین، ئەوا ناچار دەبین ئەم پرسیارە ئاراستەی ئەو کابرایە بکەین کە

ئەگەر زمانی دێرین و دەوڵەمەندی کوردی زمانی سەردەمی شارستانەتی نەبێ، ئەی زمانی تورکی دەبێتە زمانی چ سەردەمێک، لە کاتێکدا لانی کەم نیوەی وشەکانی ئەم زمانە وشەی خوازراون لە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی و ئەورووپی؟

بەڵام لێرەدا ئێمە جەخت دەکەینەوە کە ئەو جۆرە بۆچوونانە جگە لە قسەی پڕ و پووچ و جگە لە تەقەلایەکی بێئاکام بۆ هەڵاتن لە راستییەکان چیتر نییە. ئێمە بەتەواوی لەو باوەڕە داین، هەروەک چۆن هەموو مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینە رێز و مافی یەکسانیان هەیە، هەر بەم شێوەیەش هەموو نەتەوە و هەموو زمانەکان، هەر لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرانسەییەوە بگرە تا دەگاتە زمانانی بچووکترین گەل و هۆزەکانی دوور لە "شارستانی"، بە یەکسان خاوەنی رێز و مافی خۆیانن. هیچ نەتەوە و زماتێک بەوە باڵا ناکا کە بە چاوی نزمەوە بڕواتێتە نەتەوە و زمانانی دیکە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو نزم بینینە دەبێتە پەڵەیەکی نەنگێ بە ناوچاوانی ئەم نەتەوەیە و بێگومان دەبێتە جێی ئازار و شەرمەزاری فراوان بۆ نەوەکانی داهاتووی وەها گەلێک. هێزە زۆردەست و داگیرکەرەکان دەبێ دڵنیا بن کە نووسینەوەی مێژوو هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، مێژوو جارێکی دیکەش سەر لەبەری دەنووسرێتەوە و ئیتر لەم مێژوویەدا درۆ و دەلەسە، فڕ وفێڵ و چەواشەکاری جێی نابێتەوە. مێژووی نەوەکانی داهاتوو نەک هەر بە شان و باڵی ئیمپراتۆران، پادشایان، رێبەران و سەردارانی بێئاوەز، هێرشکار، خوێنرێژ و داگیرکەر هەڵناڵێ و هیچ رەوایەتییەک بۆ ئەو هەموو جەنگێ و کوشتار و کومەڵکوژییانەی ئەوان دانانێ، بەڵکوو بە چاوێکی هەتا بڵێی سووک و نزم و پڕ لە نفرەت و بێزاری لێیان دەڕوانێ. لەم مێژوویەدا ئەو کەسانە خاوەنی هیچ لاپەڕەیەکی شکۆدار نین و بگرە ناو و ناوبانگیان وەک قێزەونترین و تاوانکارترین کەسەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، وەک کەسانی هەرە دزێو و بەدکار بۆ هەتاهەتایە تۆمار دەکرێ.

با دیسان بگەڕێنەوە سەر باسی کاریگەریی لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژیک لەسەر زمانی کوردی. دەور و کاریگەریی ئێتیمۆڵۆژیی زمانی کوردی هەر لەوەدا خۆی نابینیتەوە کە ئێمە وشە رەسەنەکانی زمانی خۆمان باشتر بناسین و بناسینەوە و بەشێوەیەکی بەربڵاوتر و چالاکانە دە زمانی ئەدەبیدا بەکاریان بێنین، بەڵکوو لەوەشدا خۆی دەبینێتەوە کە ئێمە زانیاری وردتر سەبارەت بە چۆنێتی دروست بوون و پەرەگرتنی شێوە و مانای وشەکان پەیدا دەکەین. زمانی کوردی وەک زماتیکی گەشەئەستێن پێویستی بە سەدان وشەی نوێ هەیە تاکوو لە بەشە جۆربەجۆرەکانی زانست و تێکنیکدا بەکاریان بهێنێ. لەماوەی دەیان ساڵی رابردوودا لەباری وشەسازییەوە گەلێک کار کراوە، گەلێک وشەی جوان و رێک و پێک خراوەنەتەوە سەر خەرمانی وشە کوردی، بەڵام هاوکات گەلێک وشەی ناجۆر و ناقۆڵاش بوونەتە بار بەسەر زمانەکەوە. فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی دەتوانێ لە پێوەندی دەگەڵ وشەسازیی کوردیدا لە دوو لاوە هاریکار بێ. لایەنی یەکەم ئەوەیە کە نیازی زمانی کوردی بە وشەداتاشین کەمتر دەبێتەوە، چونکوو ئێمە دەتوانین زۆر وشەی کۆن و لەباوکەوتوو، بەڵام جوان و پڕمانا، بۆ چەمکی تازە بەکار بێنین و ئەم وشانە ببووژێنینەوە. لایەنی دووەمیش ئەوەیە کە بە وردبوونەوە و سوود وەرگرتن لە چۆنێتی دروست بوون و پەرەگرتنی وشە رەسەنەکان و ماناکانیان، دەتوانین رێبازێکی راست و دروست لە بواری وشەسازیدا پێرەو بکەین و چیتر نەهێڵین وشەی هەڵە، لاسەنگێ و نالەبار جوانی و رەوانیی زمانەکەمان بشێوێنن.

ئەوەی تا ئێرە باسمان کرد، تا رادەیەکی زۆر پێوەندی بە نووسەران و ئەو کەسانەوە هەیە کە بەشێوەیەکی چالاک لە کار و ژیانی رۆژانەدا زمانی ئەدەبی بەکار دەهێنێن و بە تایبەتی ئەوانە کە لەسەر زمانی کوردی کار دەکەن. بەڵام ئێتیمۆلۆژی بۆ خوێنەر و خوێندەواری ئاساییش سەرنجراکێش، بەکەڵک و چێژبەخشە. کاتێک مرۆڤ ئاگاداری لەسەر ریشەی وشەکان و پێوەندی وشە جۆربە جۆرەکان دەگەڵ یەکدی نەبێ، وەک ئەوە وایە لە شارێکی نامۆ و نەناسدا بژی، ئاشنایەتی دەگەڵ سەدان

شەقام و کۆچە و کۆڵانی ئەو شارە نەبێ، نەزانێ کە شەقام و کۆڵانەکان لە کوێوە بۆ کوێ دەچن، چۆناوچۆن دەگەنەوە یەکتر و باشترین و نیزیکترین ڕێگا و بانەکان بە کوێدا تێدەپەڕن. مرۆڤێکی ئەوتۆ بەبێ کەڵک وەرگرتن لە نەخشە، یان GPS یان پرسینی بەردەوام لەم و لەو ناتوانێ بە هاسانی ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە. بە پێچەوانەوە مرۆڤی شارەزا بەردەوام وێنەی شارەکەی لە مێشکدایە و لە هەر شوێنێکی شار بێ، پێوەندی خۆی بە دەور و بەرە نیزیک و دوورەکانەوە بە خێرایی دەبینێتەوە. هەر بەم جۆرە تێگەیشتن لە ریشە و پێوەندی وشەکان دەتوانێ زانیاری ئەوتۆ بداتە خوێندەواران کە ئەوان بە هاسانی و بە چێژێکی زۆرترەوە لە ناو شاری وشەکاندا گەشت و گوزار بکەن. بێگومان خوێنەری کورد بە لایەوە گەلێک خۆش وسەرنجڕاکێش دەبێ، ئەگەر بۆی دەربکەوێ کە بۆ وێنە وشەی "ئەستێرە" خزمە دەگەڵ "ئەسترین" (سڕینەوە)، یان "بسک" خزمە دەگەڵ "ڕێوی"، یان "مردن" خزمە دەگەڵ "پێمەڕە"! و هەروەها ئەگەر بزانێ کە چۆناوچۆن ئەو خزمایەتییە دروست بووە.

پاش ڕوونکردنەوەی گرینگی و کاریگەریی تێتیمۆلۆژی زمانی کوردی، حەز دەکەم سەبارەت بە شێوەی ئامادە کردن و ڕێکخستنی ئەم فەرهەنگە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم.

من بە پێی کات، هەلومەرج و ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستم دابوون، بەگشتی لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی وشەکانی زمانی کوردی دەگەڵ زمانی ئەڵمانی و زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا هەوڵی ساخ کردنەوەی ریشەی وشەکانم داوە، واتا لە ڕێگای زمانی ئەڵمانییەوە ریشەی وشەکانی زمانی کوردیم دۆزیوەتەوە. هەوڵم داوە خزمایەتی وشەکانی زمانی کوردی و ئەڵمانی بدۆزمەوە و ئەوجار پشتم بەو زانیارییانە بەستووە کە لە فەرهەنگە تێتیمۆلۆژییەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا باس کراون و لەم ڕێگایەوە گەیشتوومەتە ریشەی هاوبەشی وشەکان. ئەو سەرچاوەانەی کەڵکم لێوەرگرتوون (بڕوانە سەرچاوەکان)، هەرچەند پڕئەژمار نین، بەڵام سەرچاوەی قەبە و گرینگ و پڕ لە زانیارین. بەگشتی زانیارییە تێتیمۆلوژییەکانم لەسەر وشەکانی زمانی ئەڵمانی لە سێ فەرهەنگی ئەڵمانی هەڵێنجاوە و هەروەها کەڵکیشم لە فەرهەنگێکی تێتیمۆلۆژی ئینگلیزی وەرگرتووە.

ئەوەندەی پێوەندی بە سەرچاوەی کوردییەوە هەبێ، بەداخەوەوە لەبەر نەبوونی کات و دەرەتان نەمتوانیوە ژمارەیەکی زۆر لەم سەرچاوانە پەیدا بکەم و کەڵکیان لێوەربگرم. بێگومان بەرلەوەی من دەست بە نووسینی ئەم فەرهەنگە بکەم و دوای ئەوەش کەساتێکی بەرێز و شارەزا لەم بارەوە وتار و زانیاری بەنرخیان بڵاو کردۆتەوە. هەر لە کۆنەوە هێندێک جار لە توێی وتار و تێبینییە زمانەوانییەکانی کەساتێکی وەک مامۆستایان پرۆفیسۆر جەمال نەبەز، مامۆستا مەسعوود مەحەممەد، مامۆستا زەبیحی، هەژاری موکریانی، حەسەن قزڵجی و چەندین بەرێزی دیکە ئاگام لە هێندێک لە بۆچوونەکانی ئەوان لەسەر وشەگەلێکی کوردی هەبووە. دواتر کەساتێکی دیکەش وەک کاک عەلی نانەوازادە و مامۆستا ناسر ڕەزازی ئەسپی خۆیان لەم مەیدانەدا تاوداوە و چەندین تێبینی و شیکاری بەنرخیان پێشکێش کردووە. ئەوەندەی من بزانم ئەو زانیارییانە تا ئێستا زۆرتر بەشێوەی پەرژ و بڵاو و وەک وتار لێرە و لەوێ بڵاو کراونەتەوە. بەداخەوە من لەبەر ئاوارەیی و نەبوونی هەلومەرجی گونجاو بۆم نەلواوە هەموو یان کۆمەڵێکی زۆر لەم وتارانە پەیدا بکەم، تەنیا جار وبار شتێکم لێرە و لەوێ بەرچاو کەوتووە، سەردەمێکیش بە تاسەوە گوێم دەدایە بەشی زمانەوانی رادیۆ دەنگی ئەمریکا کە تییدا مامۆستایان هۆمەر دزەیی و د. مایکڵ شایەت لەسەر ریشەی وشەکانی کوردی دەئاخەفین و منیش زۆر جار خۆشحاڵ دەبووم کە دەمدی بۆچوونەکانی ئەو بەرێزانە زۆر نیزیکە لەو شتانەی من پێی گەیشتووم و هەر ئەوەش وای لێ دەکردم لەم بارەوە زۆرتر بە خۆ رابپەڕمووم. تا ئێستا ئاگام لەوە نییە کە فەرهەنگێکی تێر و تەسەلی تایبەت بە تێتیمۆلۆژی زمانی کوردی بڵاو بووبێتەوە، هەرچەند دووراودوور ئاگادارم کە چەند بەرێزێک لەم بارەوە خەریکی کار و لێکۆڵینەوەن.

دوای بڵاوبوونەوەی وتارێکم لەسەر ریشەی وشەکانی "ماد، کرمانج، کورد" لە کۆتایی ساڵی 2012 دا کە تێیدا ئاماژەم بە نووسین و ئامادە کردنی ئەم پەرتووکە بۆ چاپ کردبوو، بەڕێزێک ئاگاداری کردم کە مامۆستا جەماڵ نەبەز پێشتر فەرهەنگێکی ئێتیمۆلۆژی لەسەر وشەکانی زمانی کوردی بڵاو کردۆتەوە و زۆر بە دڵئاوایی کتێبەکەی بە پی. دی. اف بۆ ناردم. منیش ئەم بەرهەمەی مامۆستام وەک چەندین بەرهەمی پێشتری زۆر بە چێژ و تاسەوە خوێندەوە. فەرهەنگەکەی مامۆستا ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، دەکرێ بە یەکەم فەرهەنگێ لەباری ئێتیمۆلۆژیی زمانی کورداییەوە دابندرێ، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە وشەکان ناگرێتە خۆی و زۆرتر کاری لەسەر "وشەی هەڵبژاردە" کردووە. ئەوەی راستی بێ، سەبارەت بە ژمارەیەک وشە زانیاری نوێ، سەرنجراکێش و بەکەڵکم لە فەرهەنگەکەی مامۆستادا بەدی کرد و هەوڵمدا لە دواین پێداهاتنەوەی بەپەلەی کارەکەمدا ئاماژە بەو بۆچوون و زانیارییانەی بەڕێزیان بکەم، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی کات پێڕانەگەیشتم. لەسەر ژمارەیەکی دیکە لە وشەکانی ناو فەرهەنگەکەی مامۆستادا بیروڕای ئێمە جیاوازە و ئەمەش لە قادی لێکۆڵینەوەی زانستیدا شتێکی ئاساییە. بێگومان لە چاپی داهاتووی ئەم پەرتووکەدا کەڵک لە سەرنج و زانیارییەکانی مامۆستا و هی هەموو ئەو بەڕێزانە وەردەگرم کە چ پێش و چ دوای کارەکەی من لەسەر ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردی کاریان کردبێ و بیر و بۆچوونی خۆیان لەم بارەوە بڵاو کردبێتەوە.

سەبارەت بە سەرچاوە بە زمانی فارسی پێویستە ئاماژە بە پەرتووکی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (بەرگی یەکەم، پیتەکانی ا - ت) بکەم، کە چەندین ساڵ دوای ئەوەی من دەستم بە کارەکەم کردبوو، بڵاوکراوە. ئەم پەرتووکە بریتییە لە کۆکردنەوەی بیر و بۆچوونی زمانناسان، بەتایبەتی زمانناسە ئەورووپییەکان لەسەر وشەکانی زمانی فارسی. بەگوێرەی زانیاری من بەرگەکانی دیکەی ئەم بەرهەمە هێشتا بڵاو نەکراونەوە. جگە لەم سەرچاوەیە، چ سەرچاوەیەکی دیکەی فارسیم لەبەر دەست نەبووە. ئەم سەرچاوەیەش لەبەر نەبوونی کات ، بە تیر و تەسەلی لێی ورد نەبوومەوە و زۆرتر لە کاتی تەنگانەدا پەنام بۆ بردووە!

سەرچاوەی وشە کورداییەکانی ناو ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"ی مامۆستا هەژارە، واتا بە گشتی وشە کورداییەکان و ماناکانم لەم فەرهەنگە هەڵێنجاوە و ئۆباڵی هەر کەم و کووڕییەک لەم بارەوە، ئەگەر هەبێ، دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستا. دیارە هێندێک جار کە هەستم بە کەموکووڕییەکی زەق سەبارەت بە شێوە یان مانای وشەیەک کردبێ، تیبینی خۆم دەربڕیوە. فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە ئەگەرچی لەباری شێوازی فەرهەنگنوسییەوە کەم و کورتی تێدایە، بەڵام وەک سەرچاوەیەک بۆ وشەی کوردی زۆر بەنرخ و هەروەها جێی پشت پێ بەستنە. سەرەڕای هەموو ئەو وشانەی کە لەو فەرهەنگەدا هاتوون، لەو باوەڕەدام کە گەلێک وشەی رەسەنی دیکە لە زاراوە جۆربەجۆرکان و تەنانەت لە زاراوەی موکریانی- زاراوەی خودی مامۆستا هەژار- دا هەن کە لەم فەرهەنگەدا نەهاتوون و پێویستە لە داهاتوودا بخرێنە ناو فەرهەنگێ و هەروەها لەباری ئێتیمۆلۆژیکەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە.

لێرەدا دەخوازم پەنجە بۆ خاڵێکی گرینگێ رابکێشم. من کارەکەی خۆم بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆ کردووە و لە لێکۆلینەوەکانیشدا شێوازێکم بەکارهێناوە کە تەنیا شێوازی خۆمە و بەس. هەر کەس بێلایەنانە سەیری ناوەرۆکی ئەم فەرهەنگە بکا، ئەو راستییەی بە تەواوی بۆ روون دەبێتەوە. ئەگەر سەبارەت بە هێندێک وشە نیزیکی یان هاوشێوەیی لە شیکردنەوەدا هەبێ، دەگەڵ کەساتێک کە پێشتر لەم بارەوە ئاخەفیون، ئەوا بۆچوونەکانی من کۆپی بۆچوونەکانی ئەوان نییە، بەڵکوو زادەی بیر و رامانی خۆمە. لە هەر جێگەیەک کە خۆم بیرم نەیبڕیبێ و بۆچوونی کەسانی دیکەم هێنابێتەوە، ئاماژەم بە سەرچاوەکە کردووە. ئەگەر کەساتێک بۆچووتێکی هاوشێوە یان تەنانەت جیا لە بۆچوونی منیان پێشتر بڵاو کردبێتەوە، برایانە داوایان لێ دەکەم، ئاگادارم بکەنەوە تا لە چاپەکانی داهاتووی ئەم فەرهەنگەدا ئاماژە بە ناو و بۆچوونەکانیان بکەم.

وەک لەسەرەوە ئاماژە کرا، مخابن کە نەمتوانی بە گوێرەی پێویست لە کارەکەمدا کەڵک لە سەرچاوەی هەمەرەنگ بەتایبەتی سەرچاوە کوردییەکان وەربگرم. دان بەوەدا دەتیم کە ئەوە یەکێک لە کەم و کورتییە سەرەکییەکانی ئەم فەرهەنگەیە. یەکێکی دیکە لە کەم و کورتییەکان لەوەدا دەبینم کە نەمتوانیوە جگە لە زمانی پارسی و پەهلەوی چاو بە "زمانە ئێرانییە" کۆن و نوێیەکانی دیکەدا بخشێنم و لەناو ئەو زمانانەشدا بە شوێن وشە خزمەکاندا بگەڕێم. جگە لەمانە نەتوانراوە هەموو وشەکانی زمانەکە ساخ بکرێنەوە. کەم نین ئەو وشانەی یان هەر ساخ نەکراونەوە یان ساخ کردنەوەکەیان لە رادەی شیمانە و گریمانەدا ماوەتەوە. دیارە لە فەرهەنگە ئێتیمۆلۆژییەکانی زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزیشدا نەتوانراوە هەموو وشەکان ساخ بکرێنەوە، گەلێک شت وەک شیمانە باس کراون و هێندێک جاریش بیر و بۆچوونی جیاواز لەسەر وشەکان خراونەتەروو.

هەر چۆتێک بێ، هیوادارم لە سالانی دواتر و لە چاپەکانی دیکەی ئەم پەرتووکەدا هەموو کەسانی پێوەندیدار و هۆگری ئێتیمۆلۆژی کوردی هاریکار بن بو ئەوەی پێکەوە چ لەم بارەوە و چ لە هەر بارێکی دیکەوە بێ، کەم و کورتییەکان لا ببەین. فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانانی ژێرمەنی زادەی هزر و بیری دەیان و رەنگە سەدان کەسە و کارێکی دەیان ساڵە و بگرە دوور و درێژتری لە پشتە. بێگومان زمانی کوردیش کاتێک لەم بارەوە دەبێتە خاوەنی فەرهەنگێکی تێر و تەسەل و پر بە پێستی خۆی کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی شارەزا ماوەیەکی دوور و درێژ کاری لەسەر بکەن. ئەو بەرهەمەی من پێشکێشم کردووە تەنیا سەرەتایەکە و رەنگە بتوانرێ وەک بەردێکی بناخەی ئەو کارە کەڵکی لێ وەربگیرێ. لەم بارەوە بەتایبەتی ئەو خاوەنرایانەی ئاشنایەتی باشیان لەگەڵ زمانانی دیکەی ژێرمەنی، یان ئاشنایەتیان لەگەڵ زمانانی سڵاڤی و لاتینی هەیە، دەتوانن سەبارەت بە ساخکردنەوەی وشەگەلێکی زۆرتر یان خستنەرووی زانیاری زۆرتر لەسەر وشە شیکراوەکان هاریکار بن. دوور نییە گەلێک وشەی کۆن و رەسەن هەبن کە دە زمانی ئەڵمانی ئەمرۆدا نەماون و لەوانەیە دە زمانانی ژێرمەنی دیکەدا، یان دە زمانانی سڵاڤیدا مابن و پێوەندیان بە وشەی کوردییەوە هەبێ. نموونەیەک لەم وشانە وشەی هولەندی mier ە کە دەگەڵ "مێروو"ی خومان خزمە. دە زمانی ئەڵمانیدا وشەیەکی دیکە بۆ مێروو بەکاردێ. ئەگەر من ئەم وشەیەم لە زمان ئاشنایەکی هولەندی نەبیستبا، هەرگیز نەمدەزانی کە دە زمانی کوردی و هولەندیدا وشەیەکی هاوچەشن و هاوڕیشە بۆ مێروو هەیە.

لێرەدا دوو داوای برایانە ئاراستەی خوێنەران و بەتایبەتی شارەزایانی بواری ئێتیمۆلۆژی دەکەم. داوای یەکەمم ئەوەیە کە هەر کەس دەتوانێ بەشداری لەم پرۆژە مەزنە دا بکا، بە جۆرێک کە لە لایەکەوە پەنجە بخەنە سەر هەڵە و کەم و کورتییەکانی ئەم فەرهەنگە و لە لایەکی دیکەشەوە هاوکار بن بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی. سینگم بۆ هەموو رەخنە و رێنوێنییەکی سازێنەر ئاوەڵایە و لە ناخەوە سپاسگوزار دەبم ئەگەر کەساتێک لە هەڵە و کەم و کورتییەکان ئاگادارم بکەنەوە، ناو ونیشانی سەرچاوەی پێوەندیدارم بۆ دیاری بکەن، بیر و بۆچوونی جیاوازی خۆیان لەسەر وشەکان دەرببڕن، یان زانیاری خۆیان لەسەر وشە ساخ نەکراوەکان بهێننە ئاراوە. بە دڵنیاییەوە گشت رەخنە و رێنوێنی و تێبینییەکان لەبەر چاو دەگرم و بیروڕا جیاواز و ناکۆکەکان لە چاپەکانی دواتردا بە ناوی خاوەنەکانیانەوە چاپ دەکرێن.

داوای دووەمم ئاراستەی نووسەرانی بەرێز دەکەم. تکام وایە هەرکەس ئەم فەرهەنگە دەخوێنێتەوە، لەناو ئەو وشانەدا کە پێشتر نەیناسیون و نێستا لە رێگای شیکردنەوەی ئێتیمۆلۆژییەوە رەسەنایەتی و پەتی بوونی ئەم وشانەی بۆ دەرکەوتووە، *دە دانە* وشە هەڵبژێرێ و لە نووسینەکانی داهاتووی خۆیدا بە بەردەوامی بەکاریان بهێنێ. دیارە هەر کەس دەتوانێ لە بەشی پێوەندیداری خۆیدا ئەم وشانە هەڵبژێرێ و بە کاریان بێنێ، وەک بەشە جۆربەجۆرەکانی زانست، تێکنیک، ئەدەب، هونەر، سپۆرت و

هتد. ئا لەم رێگایەوە ئێمە دەتوانین لە ماوەیەکی کورتدا بە سەدان وشەی پەتی بخەینە ناو زمانی ئەدەبییەوە و هەنگاوێکی مەزن بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی ئەدەبی بەرەو پێش باوێژین.
وەک باسکرا، لە فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی ئەڵمانی و ئینگلیزیشدا زۆر وشە هەن کە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ساخ نەکراونەوە، بەڵکوو بەشێوەی شیمانە باس لە ریشە یان وشە خزمەکانیان کراوە. لەم فەرهەنگەشدا هەموو بۆچوونەکان لەباری قورس و قایم بوونەوە هاوسەنگَ نین. لەوباوەرەدام کە توانیبێتم بەشی زورتری وشەکان بەشێوەیەکی یەکلا کەرەوە ساخ بکەمەوە. بەشێکی دیکە کە بە تەواوی لێی دڵنیا نەبووم لەرادەی "دەبێ" و "دەشێ" دا شی کراوەتەوە. سەبارەت بە بەشی سێهەمی وشەکانیش کە شی کردنەوەیان تارادەیەکی کەم و زۆر تەمی گومان و گریمانەی بەسەرەوەیە، لە هێندێک وشە و ئاماژە کەڵک وەرگیراوە، وەک "وێ دەچێ"، "لەوانەیە"، "جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ" و هتد. بێگومان دەکرێ زۆرێک لەم بۆچوونانە لە ساڵانی داهاتوودا و بە هاتنەئارای بۆچوونی نوێتر و بەربڵاوتر، باشتر بسەلمێنرێن و تەمی گومان و گریمانەیان لەسەر بڕەوێ، یان بە پێچەوانەوە وەلا بنرێن و بۆچوونی گونجاوتر جێگەیان بگرنەوە. هەر چۆنێک بێ، زانیارییەکانی ناو ئەم فەرهەنگە، چ لە پێوەندی دەگەڵ ئەو وشانەی بە دروستی ساخ کراونەوە، و چ ئەوانەش کە رەنگە بە دروستی یان بە تەواوی ساخ نەکرابنەوە، بۆ کاری داهاتوو لەسەر ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردی بەسوود و جێی لێ ورد بوونەوەیە. زانیاری و وشەگەلێکی فراوان کە لەناو فەرهەنگەدا هێنراونەوە، دەتوانرێ بۆ دۆزینەوەی بنەچەکی گەلێک وشەی باس نەکراوی دیکەی زمانی کوردی و هەروەها بۆ راست کردنەوەی هێندێک لە بۆچوونەکانی ناو خودی ئەم فەرهەنگە کەڵکیان لێ وەربگیرێ.
سەبارەت بە چەشنی نووسین و داڕشتنی شیکردنەوەکان هەوڵ دراوە بە مەبەستی هاسانکاری بۆ خوێنەران، لە هێندێک رێو شوێنی ناو فەرهەنگە ئەڵمانی و ئینگلیزییەکان کەڵک وەربگیرێ. لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵ دراوە شێوەیەکی تایبەتی بەکار بهێنرێ، تاکوو هەموو کوردێک، واتا ئەوانەی شارەزای پیتی عەرەبیش نین و هەروەها کەسانی بیانی نائاشنا بەم پیتە، بتوانن لە رێگای هەڵسەنگاندنی وشەکانەوە تا رادیەک لە کاکڵی مەبەستەکە تێ بگەن.
زانیارییەکانی ناو ئەم فەرهەنگە تەنیا بۆ زمانی کوردی و خوێنەری کورد زمان بەسوود نییە. ئەم فەرهەنگە دەتوانێ هاوکات بۆ زمانی پارسی و هەموو "زمانە ئێرانییەکان" بەسوود بێ، چونکوو نەک هەر شیکردنەوەی سەدان وشەی هاوبەشی ئەو زمانانەی لە خۆ گرتووە، بەڵکوو هەروەها بە روونکردنەوەی هێندێک یاسا و رێسا رێگایەک نیشان دەدا کە ئەو زمانانە بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن و وشە تایبەتییەکانی خۆیان شی بکەنەوە. جگەلەمە شیکردنەوەکانی ناو ئەم فەرهەنگە دەتوانێ بۆ ئێتمۆلۆگە ئەورووپی و لەوانە ئەڵمانییەکان جێی سەرنج و کەڵک لێ وەرگرتن بێ. لە توێی چەند هەزار لاپەرەی فەرهەنگە ئێتیمۆلوژییەکانی ئەڵمانیدا من تەنیا دوو تا سێ وشەی کوردیم بینیوە کە بۆ هەڵسەنگاندن دەگەڵ وشەی ئەڵمانی وەک نموونە هێنراونەوە، کە یەکیان وشەی "لەیزین" (لیزین)ە، یەکی دیکە وشەیەکە لەژێر "بەراز" لەم فەرهەنگەدا باس کراوە و لام وایە وشەیەکی دیکەشم چاو پێکەوتووە کە لە یادم نەماوە. ئەمە نیشان دەدا کە زانا ئەورووپییەکان بەداخەوە ئاگاداریەکی تێر و تەسەلیان لەسەر زمانی کوردی نییە یان نەیانویستووە هەیانبێ! ئاگاداری ئەم زانایانە لەسەر زمانانی مردووی وەک ئاڤێستا و پەهلەوی گەلێک زێدەترە تا لەسەر زماتیکی زیندوو کە چل میلیۆن کەس قسەی پێدەکا! لە لایەکی دیکەوە ئێتمۆلۆگە ئەڵمانییەکان لە پێوەندی دەگەڵ گەلێک وشەی ئەڵمانیدا دەبێژن کە وشەیەکی خزم لەناو زمانانی ناژێرمەنیدا بەدی ناکرێ، کەچی دەستەخوشک و دەستەبرای ئەم وشانە لەناو زمانی کوردیدا بە زەق و زیندوویی لەبەرچاون! تەنانەت وشەی ئەڵمانی ئەوتۆ هەیە کە ئەوان بۆیان ساخ نەکراوەتەوە و ئەگەر ئاوڕێکی وردبینانەیان لە وشەی کوردی داباوە، نەک هەر

خزمایەتی وشەکانیان بۆ ئاشکرا دەبوو، بەڵکوو ئەو وشە ساخنەکراوانەی زمانی ئەڵمانیشیان ساخ دەکردەوە. (بۆ وێنە بڕوانە وشەی "تەتک" یان "قەتان" لەم فەرهەنگەدا).
ئەم فەرهەنگە خۆی لەم وشانە نەداوە کە بەئاشکرا وشەی بیانین. دەکرێ وشە بیانییەکانی ناو زمانی کوردی بکەینە دوو بەش. بەشێک ئەو وشانەن کە لە کۆنەوە هاتوونە ناو زمانی کوردی و بە جۆرێک کوردێنراون کە ئیتر وەک وشەی بیانی ناچن. لەم فەرهەنگەدا هەوڵدراوە تا ئەو جێیەی بکرێ سەرچاوەی ئەم وشانە ساخ بکرێتەوە. دەستەی دووەمی وشە وەرگیراوەکان ئەو وشانەن کە لە دەیەکانی رابردوو و بەتایبەتی لەپێوەندی دەگەڵ بابەتە زانستی و تێکنیکییەکاندا هاتوونە ناو زمانی کوردی. ئەم وشانە ژمارەیان زۆرە و هەروەها بیانی بوونیشان بۆ زۆرینەی خوێنەران ئاشکرایە، لەبەر ئەوە بە پێویست نەزانرا بخرینە چوارچێوەی ئەم فەرهەنگەوە. دە زمانی ئەڵمانی و رەنگە زمانانی ئەورووپی دیکەشدا فەرهەنگێک هەیە بە ناوی "فەرهەنگی وشەی بیانی"، کە تێیدا وشە بیانییەکان و سەرچاوەیان بەوردی روون کراونەوە. پێویستە زمانی کوردیش لە داهاتوودا بە هەوڵ و تێکۆشانی شارەزایانی ئەم بوارە ببێتە خاوەنی فەرهەنگێکی تێر و تەسەلی "وشەی خوازراو" یان "وشەی بیانی".
لەم فەرهەنگەدا حەول دراوە تا ئەو جێیەی بکرێ، وشەکان لە فۆرمی سادەی خۆیاندا شیرۆڤە بکرێن و هەموو وشە دارێژراو و لێکدراوەکان کە لە وشە سادەکان پێکهاتوون، باس نەکراون. هەر بۆیە ئەگەر خۆێنەری بەرێز بە شوێن شیرۆڤەی وشەیەکی لێکدراوی بۆ وێنە وەک "پێخوست"دا گەڕا و نەیدۆزییەوە، پێویستە لە وشەی "خوست" بگەڕێ و لەوێدا بیدۆزێتەوە. هەروەها وشە سادەکانیش لە زاراوە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردیدا گەلێک جار دوو یان چەند شێوەیان هەیە و ئەگەر خوێنەر یەکێک لەم وشانەی بۆ نەدۆزراوە، پێویستە بە دوای شێوەیەکی دیکەی وشەکەدا بگەڕێ، بۆ وێنە ئەگەر "تاو"ی پەیدا نەکرد، دەبێ لە "داو" بگەڕێ، ئەگەر "حاستەم" یان "عاستەم"ی نەدۆزییەوە، پێویستە لە "ئاستم" بگڕێ.
هەروەها لەم فەرهەنگدا لە وشەی "کوردمادی" [زمانی کوردمادی لە جیاتی زمانی کوردی] بە فراوانی کەڵکم وەرگرتووە، کە لەراستیدا وشەیەکی نوێ و داتاشراوی من نییە، بەڵکوو وشەیەکی زۆر کۆنە و شێوەی ئەسڵی وشەی "کورمانج، کرمانج"ە [لەم بارەوە بڕوانە شیرۆڤەی وشەی "کرمانج" لەم فەرهەنگەدا]. راست کردنەوەی وشەی کرمانج بەم شێوەیە لە زمانی ئەدەبیدا پێویستی و گرینگییەکی زۆری هەیە، چونکوو پێوەندی مێژوویی و هەروەها تێتیمۆلۆژیکی چەمک و وشەکانی "ماد، کرمانج، کورد" بە ڕوونی نیشان دەدا و روونی دەکاتەوە کە تێمەی کورد لە راستیدا هەر خودی مادین و تەنیا ناوەکەمان کەمێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زمانەکەشمان زمانی مادییە. جگە لەمە حەزم دەکرد کە زاراوەی "زمانە تێرانییەکان" لەم فەرهەنگەدا بەکار نەهێنم و لە هێندێک شوێندا لەجیاتی ئەو، "زمانانی کاپێ .K.P"م بەکار هێناوە کە داتاشراوی خۆمە و ئەگەر کەسێک پێشنیارێکی باشتری هەبێ، دەتوانین بیگۆڕین. زمانانی کاپێ بریتیین لەو زمانە هیندووئەورووپییانەی کە لەباری ئەردنیگارییەوە دەکەونە تیوان زمانی کوردی و زمانی پەشتوو، واتا ئەم چەمکە زمانی پارسی و بەلووچ و زمانە هیندوئەورووپییەکانی دیکەی ناوچەکەش لەخۆ دەگرێ. هۆی ئەوە کە لە داهاتوودا زاراوەی "زمانە تێرانییەکان" بەکار ناهێنم، بۆ کەڵک وەرگرتنی شۆڤینیستیانەی وشەی "تێران" لە لایەن شۆڤینیستە پارسەکانەوە دەگەڕێتەوە کە دەخوازن بە پشت بەستن بە وشەی "تێران" کە وشەیەکی تەم و مژاوی و ئەفسانەئامێزی مێژووییە، نکۆڵی لە بوونی نەتەوە جیاوازەکان و مافی ئازادی و سەربەخۆیی ئەوان بکەن. نووسەری ئەم فەرهەنگە وشەکانی "تێران" و "تێرانی"، بەو جۆرە کە لە لایەن شۆڤینیستە پارسەکانەوە بە مانای یەک وڵات و یەک نەتەوە بەکار دەهێندرێ، بە پشت بەستن بە گەلێک بەڵگەی مێژووی و زماننناسانە بە تەواوی بەرپەرچ دەداتەوە.

جگە لەم چەند خاڵە کە لەم پێشەکییەدا ئاماژەیان پێکرا، بە پێویستی دەزانم هێندێک تێبینی و زانیاری دیکە لە پێوەندی دەگەڵ چەند لایەتێکی دیکەی ئەم فەرهەنگەدا بخەمەڕوو. ئەم بابەتانە بەجیا و تا رادەیەک بە دوور و درێژی لە کۆتایی فەرهەنگەکە لە توێی چەند "پاشکۆ"دا خراونە ڕوو. ئەم بابەتانە بریتین لە ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردی، گۆڕانکاری فۆنۆلۆژیک، کێشەکانی ئەلفوبێ، بزرۆکە و رێنووس بەتایبەتی لەپێوەندی دەگەڵ پیتی عەرەبیدا، پێڕستی ریشەکانی زمانانی هیندوئەورووپی و هەروەها سەرچاوەکان. خۆ ئەگەر خۆینەری بەرێز کاتی هەبێ و چاوێک بەم پاشکۆیانەدا بخشێنێ، ئەوە هێندێک زانیاری بەکەڵک بۆ ئاشنا بوونی زۆرتر دەگەڵ ناوەرۆکی فەرهەنگەکە پەیدا دەکا و زۆرتر چێژ لە بابەتەکە وەردەگرێ.

ئەم بەرهەمە بە شانازییەوە پێشکێش کراوە بە یادی نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی کە ساڵی 2013 سی ساڵ بەسەر گیان بەخت کردنیدا تێدەپەڕێ. مامۆستا قزڵجی یەکێک بوو لەو کەسایەتییە پرشنگدار و دەگمەنانەی گەلەکەمان لە سەدەی بیستمدا و زیاتر لە نیو سەدە لە ژیانی خۆی لەپێناو کوردایەتی و مرۆڤایەتیدا بەخت کرد. ئەو لە گەلێک بوار دا تێکۆشا و خزمەتی بەرز و بەنرخی پێشکێش کرد، نەک هەر تێکۆشەرێکی سیاسی بوێر و کۆڵنەدر بوو، بەڵکوو لە هەمانکاتدا وەک رووناکبیر، نووسەر، داستاننووس، زمانەوان، رۆژنامەوان و بێژەری رادیۆ دەوری کاریگەر و لە هێندێک بارەوە دەوری پێشەنگانەی لە خەبات و تێکۆشاندا بینی. نامیلکەی "جێگۆرکێ و سوانەوەی پیتەکان لە زمانی کوردیدا" کە کاتی خۆی لە لایەن کۆڕی زانیاری کورد و دواتر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کرایەوە، یەکێک لەو بەرهەمە دەگمەنە زمانەوانییانەی هەفتاکانە و نیشان دەدا کە مامۆستا چ بیرێکی ورد و چەندە توانا و دەسەڵاتی بە سەر زمانی کوردیدا هەبوو. ئێستاش لە بیرمە کە ئەوسا بە چ چێژ و خۆشییەکەوە ئەو بەرهەمەی مامۆستام خوێندەوە و ئەمە لەراستیدا سەرەتای ئاشنایەتی و ئەم ئەڤینە بوو کە دەگەڵ زمانەوانیی کوردی پەیدام کرد. مامۆستا قزڵجی لەگەڵ ئەمەدا کە کەسایەتییەکی فرەزان و بەناوبانگی سەردەمی خۆی بوو، مرۆڤێکی خاکی و خۆمانە بوو، هەڵسوکەوتی سادە و بێگەرد و مرۆڤێکی سەرووو خۆش و قسەخۆش بوو کە زۆر زوو سۆز و خۆشەویستی کەسانی دەوروبەری بۆ لای خۆی رادەکێشا. مامۆستا لەسۆنگەی ئەم خەباتە هەمەلایەنە و کۆڵنەدەرانەدا سالانێکی دوور و درێژ تووشی چەرمەسەری و ئاوارەیی بوو و سەرەنجام لە ساڵی 1983 لە تەمەنی پیریدا و سەرەرای نەخۆشی، پاش خۆڕاگرییەکی قارەمانانە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بە دەستی ئاخوندە پەست و خوێنخۆرەکان شەهید کرا. یادی ئەم مرۆڤە سەربەرز و تێکۆشەرە هەمیشە بەرێز و هەزاران چەپکەگوڵی وەفاداری پێشکێش بە گڵکۆکەی بێ.

ئەم بەرهەمە هەروەها بەوپەڕی رێزەوە پێشکێش کراوە بە زانا و تێکۆشەری بەناوبانگی تورک د. ئیسماعیل بێشکچی. ئەم تێکۆشەرە ئازا و مروڤدۆستە سەبارەت بە دۆزی کورد و داکۆکی کردن لە مافی ئازادی و یەکسانی ئەم گەلە تیکرا هەفدە ساڵ لە ژیانی خۆی لەناو زیندانە سەختەکانی رەژیمی تورکیادا بەسەر بردووە و بەرەوروویی گەلێک بوختان و گوشار و ئازار بۆتەوە. ئەم مرۆڤە بەرێزە ئەگەر ویستبای، دەیتوانی رێگەی "رووناکبیر"ەکانی سەر بە دەسەڵات و تیکنۆکراتە ملکەچەکان بگرێتە بەر، پلەوپایەی بەرز بەدەست بخا و ژیاتیکی پڕاوپڕ لە دەسکەوتی ماددی بۆ خوی بە دی بێنێ. بەڵام ئەو ویژدانی خۆی نەفرۆشت، چاوی خۆی بەسەر راستیدا نەبەست، گوێی خۆی لە دەرد و هاواری گەلێکی کوێلەکراو کپ نەکرد کە لەلایەن نەتەوەکەی خۆیەوە دیل کراوە و هەوڵی توانەوە و قڕ کردنی دەدرێ. ئەو خۆی کردە هاوبەشی رەنج و ئازاری ئەم گەلە و سەرەڕای لافاوی بەهێز و هەمەگری فاشیزم و شۆڤینیزم لە تورکیا رێگای داکۆکی لە گەلی کورد و مافی رزگاری نەتەوەیی ئەم گەلەی گرتەبەر. بەرێز د. بێشکچی نەک هەر سەبارەت بە داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەی کورد، لەناو رووناکبیرانی نەتەوە سەردەستەکاندا کەسایەتییەکی بێهاوتایە، بەڵکوو لەباری تیگەیشتنی دۆزی کورد و چارەسەری ئەم

کێشەیە تەنانەت لە گەلێک روونـاکبیر و بگرە سیاسەتمەداری کورد لەپێشترە. کەسایەتی و ڕێبازی بێشکچی، ئەگەرچی تا ئەمڕۆ مخابن لەناو روونـاکبیرانی تورک و پارس و عەرەبدا ڕەنگدانەوەی زۆر نییە، بەڵام بێگومان بۆ ئێمەی کورد لەرادەبەدر بەنرخ و جێی پێزانینە. لەراستیدا زێڕ بۆیە ئەوەها بەنرخە، چونکوو لەسەر گۆی زەوی زۆر نایاب و دەگمەنە. وەک تاکێکی کورد لە ڕێگای پێشکێش کردنی ئەم بەرهەمەوە ئەوپەڕی سپاس و پێزانینی خۆم سەبارەت بە ڕەنج و خەباتی لەمێژساڵەی ئەو بەرێزە دەردەبڕم و پڕ بەدڵ ئارەزووی تەندروستی، تەمەندرێژی و کامەرانی بۆ دەکەم. ئاواتەخوازم نموونەی کەسایەتی وەها ئازا و بوێر، راستگۆ، دادپەروەر و تێکۆشەر لەناو روونـاکبیرانی نەتەوە سەردەستەکاندا روو لە زیاد بوون بکا. تێکۆشانی بوێرانەی ئەو کەسانە دەتوانێ نەخشێکی ئەرێنی مەزن لە چارەسەریی کێشەی پڕ لە خوێن و ئازاری کورددا ببینێ، کە لە راستیدا مەرجی سەرەکی بۆ گەشە کردن و سەرکەوتنی خودی نەتەوە سەردەستەکانیشە. ئاشکرایە بەردەوام کردنی سیاسەتی داگیرکاری، خوێنرێژی و کاولکاری لە کوردستان تەنیا بە لەناوچوونی هێز و وزە، سامان و سەرمایە، مرۆڤ و سروشتی کوردستان کۆتایی پێ نایە و ئەگەر مرۆڤە بیرمەند و هوشیارەکانی نەتەوە سەردەستەکان لەدژی نەوەستن و بەری پێ نەگرن، ئەوا بە دڵنیاییەوە و زۆریش بەداخەوە دەبێتە ئاگرێکی بەربڵاو کە هیچ لایەک لێی دەرباز نابێ. لە لایەکی دیکەوە با نەتەوە سەردەستەکان و دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکان دڵنیا بن کە نە داگیرکاری تاهەتایە دەوام دەکا و نە دەسکەوتەکانی ئەم داگیرکارییەش بۆ هەمیشە نەتەوەیەک خۆشبەخت و دەوڵەمەند دەکا. ئەمڕۆکە چەندین وڵاتی وەک پرتەقاڵ، سپانیا، ئینگلیز و هولەند کە لە سەردەمێکی نەک هێندە دووردا بە دەیان گەل و نەتەوەیان کۆیلە کردبووە، بار و دۆخیان نەک باشتر لە نەتەوە ئەورووپییەکانی دیکە نییە، بەڵکوو لە زۆر بارەوە کێشەیان لەوان زۆرترە.

سەبارەت بە چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەم پەرتووکە حەز دەکەم چەند وشەیەک باس بکەم. تا ئێستا سێ جار بە بەرهەمەکەدا هاتوومەوە، هەرجارە گەلێک شتم لەباری ناوەرۆک، شێوازی دارشتن و تارادەیەکی کەمیش لەباری ڕێنووس و ڕێزمانەوە دەسکاری و راست و ڕێس کردووە و هەر جارەش بە دەیان وشە و زانیاریم لێ زیاد کردووە کە بەدەم پێداهاتنەوە بۆم دەرکەوتوون. سەرەڕای ئەمە حەزم دەکرد بمتوانیبایە چەند جاری دیکەش پێیدا بێمەوە تاکوو کەموکووڕییەکانم گەیاندبایە ئاستێکی هەرە نزم. کێشەکە بەڵام لەوەدایە کە بە لەبەرچاوگرتنی کات و دەرەتانی من، هەرجار پێداهاتنەوە چەندین مانکَ دەخایەنێ. بۆیە من دوو ڕێگام لەبەر بوو، یان ئەوەتا بڵاو کردنەوەی پەرتووکەکە جارێکی دیکەش بۆ ماوەیەکی نادیار دوابخەم و یان وەک ئەوجۆرەی دواجار بەڵێنم بە خۆم و خوێنەران دابوو تا کۆتایی ساڵی 2013 بڵاوی بکەمەوە. پاش هەڵسەنگاندنی لایەنی باش و خراپی هەر دوو ڕێگاکە بڕیارم دا بەرهەمەکە سەرەتا بە شێوەی پەرتووکێکی ئەڵێکترۆنیکی لە دوو بەرگدا بڵاو بکەمەوە. بەم جۆرە هەم خۆم و خوێنەران لە چاوەڕوانییەکی دوور و درێژ رزگارمان دەبێ و هەمیش پاش پشوودان و هێز هاتنەوەبەر، دەتوانم بۆ پێداهاتنەوەی زێدەتر لە داهاتوودا کاتێکی زۆرتر تەرخان بکەم، و هەروەها بیر و بۆچوونی خاوەنڕایان و خوێنەرانی بەڕێزیش بخەمە بەرچاو و لە چاپەکانی دواتردا کەڵکیان لێ وەربگرم. هەر بۆیە لێرەدا داوای لێبووردن دەکەم سەبارەت بەوەی کە نەتوانرا لە چاپی یەکەمی بەرهەمەکەدا، چ لەباری ناوەرۆک و دارشتنەوە و چ لەباری ئەلفبێ و ڕێنووس و ڕێزمانەوە بەسەر هێندێک لە کێشە و کۆسپەکاندا زاڵ بین.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی خۆم بۆ هاوسەر و کیژ و کوڕەکەم دەرببڕم. لەسەرخۆیی و تێگەیشتنی ئەوان لە ئاست مندا کە بە ساڵان نەمتوانی بەگوێرەی پێویست کات و ساتیان لەگەڵ بەش بکەم، هەروەها دڵسۆزی و پشتگیری بەردەوامی ئەوان بۆمن گەلێک جێگەی ریز و پێزانینە. سوپاسی خۆم ئاراستەی کەسوکار و ئەو دۆستانەم دەکەم کە بە بەردەوامی خۆشحاڵی خۆیان سەبارەت بە

کارەکەی من نیشان دا و لە هاندان و لە هەستی پڕسۆزی خۆیان بێبەشیان نەکردم. هەروەها پڕ بە دڵ داوای لێبووورین دەکەم لە هەموو خزم و دۆست و ناسیاوانم کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە و بە هۆی سەرقاڵ بوونی زۆر بەم کارەوە نەمتوانی بەرادەی پێویست پێوەندییان پێوە بکەم و وڵامی سۆز و خۆشەویستیان بدەمەوە. هیوادارم بە گەورەیی خۆیان لێم ببوورن. تەمەندرێژی و بەختەوەری بۆ هەموویان بە ئاوات دەخوازم و هەروەها بۆ هەموو ئێوەش.

Verl (ئاڵمان)، سەرماوەزی 2013

د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە (ئەمەکێ رامان)

ئا (A)

ئا[1] a [ā] - "ئەرێ، بەڵێ": ئێ e، هێ he و هەیا heya ش دەگوترێ [پێشگری هە he + یا ya]. خزمە دەگەڵ ja (G.) [پیتی j لە زمانی ئەڵمانیدا دەنگی y ی کوردمادی دەدا]، ja (Gt.)، yea (E.) yes (E.) وشەیەکی لێکدراوە بە مانای "ئا ئاوا"]، ja (Sw.)، گشتیان بەمانای "ئا". وشەکانی ئەرێ ere و ئادی adî دە زمانی کوردمادیدا دەشێ وشەی لێکدراو بن. هەردووکیان هەڵگری کەرتی ئە e/ ئا a ن.

ئا-[2] -a [ā] - "پێشگر": دە گەلێک وشەی کوردمادی و فارسیدا کە بە فۆتیمی a دەست پێ دەکەن، ئەم فۆتیمە دەوری پێشگر دەبینێ و دە بنەڕەتدا جیایە لە ریشەی وشەکە، بۆ وێنە دە کوردمادیدا ئەم پێشگرە دە وشەکانی خوارەوەدا دەبیندرێ: ئابلۆقە abloqe، ئابوور abur، ئاپۆڕە apore، ئاتەکَ ateg، ئاخافتن axaftın، ئاراستە araste، ئاشنا aşına، ئاکار akar و هتد. دە ژمارەیەکی دیکەدا فۆتیمەکە بە وێنەی ئە e دەردەکەوێ، وەک ئەدەب edeb، ئەسپایی espayî، ئەستەنگَ esteng، ئەسپەرە espere و هتد. هەروەها هێندێک جار شێوەی پێشگرەکە دەبێتە-ha یان -he، وەک لەم وشانەدا: هاوردن hawırdın، هەرمین hermîn، هەرشتە herışte و هتد. دە هێندێک وشەی دیکەدا فۆتیمی n وەک ناوگر دەکەوێتە تیوان ئەم پێشگرە و ئەسڵی وشەکە، وەک ئەنجنین encınîn (هەنجنین hencınîn)، ئەنگاوتن engawtın[هەنگاوتن hengawtın]، هەنگاو hengaw، ئانگژ angıj، ئەنجومەن encumen و هتد. وەک دەبینین ناوگری n دەکەوێتە تیوان ئەسڵی پێشگرەکە لە لایەک و فۆتیمی ج c یان کَ g لە لایەکی دیکەوە. بەکورتی ئەم پێشگرە دە زمانی کوردمادیدا بەو شێوانەی خوارەوە دەردەکەوێ: ئا -a، ئە -e، ها -ha، هە -he، ئان -an، ئەن -en، هەن -hen. ئەم پێشگرە ئەرکی هاسانبێژی، جوانکاری یان وشەسازی دەگێڕێ و لە زۆر وشەگەلی سەردەمە کۆنەکانیشدا دەبیندرێ.

ئابلۆقە abloqe [ābloqa] - "دەور گرتن، گەمارۆ دان": پێک هاتووە لە ئا [پێشگر] + بلۆقە b(ı)loqe + a، خزمە لەگەڵ Blokade (G.) و blokieren (G.)"دەور گرتن، گەمارۆ دان". ئەم وشە ئەڵمانییە دەچێتەوە سەر blok (MNl.) "کۆلکەدار، تەختەدار". مانای "دەور گرتن و گەمارۆ دان" لێرەوە پەیدا بووە کە لە سەردەمە کۆنەکاندا بە دار و تەختە دەوری شت گیراوە. وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی < *(IE.)*bhlugno-* "تەختەدار، کۆلکەدار".

ئابوور abur [ābūr] - "ساز دانی کار، پێکهێنانی کار": دەچێتەوە سەر ↑بووردن [بواردن] burdın "دەرباز بوون ، تێپەڕ بوون" و لێرەدا بەمانای "دەرباز کردن و راپەڕاندنی ئیش و کار"ە. لەم تێڕوانینەوە وشەکە پێک دێ لە ئا [پێشگر] + بوور a + bur. وشەی ئابوور(ی) abur(î) بەمانای "ئیقتیساد" لەم وشەوە هاتووە.

[تێبینی: لەباری ماناوە ئەم وشەیە هەڵ سەنگینە دەگەڵ Wirtschaftی ئەڵمانی بە مانای "ئابوور(ی)" کە دە ئەسڵدا بە مانای "میوانداری کردن، راپەڕاندنی کاروباری میوان" بووە].

ئاپ ap [āp] - "مام": هەر وەک باب bab [↑بابە babe] و ↑مام mam و گەلێک وشەی دیکەی لەم چەشنە ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاسا کردنەوەی دەنگَ [گڕ وگاڵ]ی زارۆک. هەڵی سەنگینە دەگەڵ Opa (G.) "باپیر" [بە زمانی زارۆک] و ابو abū (Arb.) "باوک". ab (Aram.) "باب" چووەتە ناو زمانی یۆنانی و بووەتە abbas (Gr.) "باوک" و لەوێشەوە چووەتە ناو زمانی لاتینی و بووەتە abbatem (L.) "باوکی رووحانی".

ئاپۆڕە apore [āpora] - "حەشیمەت، کۆمەڵ": ئا [پێشگر] + پۆڕە pore + a. کەرتی "پۆڕە" خزمە دەگەڵ↑ پۆل pol و↑ پڕ *pır* سەر بە ریشەیەک بە مانای "زۆر، پڕ".

ئاتەکَ ateg *[ātag]* - "1- داوێنی کەوا 2- داوێنی چیا"؛ پێک هاتووە لە ئا [پێشگر]+ تەکَ a + teg و خزمە دەگەڵ تە tah (P.) "خوارەوە، بنەوە"، تەشک teşk [تەشک و داوێن] و ↑تەشق teşq [تەشقی ئاسمان واتا قووڵترین شوێنی کەوانەی ئاسمان]. هەروەها ↑ئەتک etık یش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و ئەتک کردن دە بنەڕەتدا بە مانای "نزماندن (ی رێز و رووەمەت)" بووە.

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینەدەگەڵ دوو وشە ئەڵمانی niedrig "نزم، نەوی" و Erniedrigung "ئەتک، سووکایەتی"].

ئاجگی acgî *[ājgī]* - "دەست رژد، دەست قووچاو": خزمە دەگەڵ ↑حەز ħez و از āz (P.) "تەماح".

ئاجووج acuc *[ācūc]* - دەگەڵ "ماجووج" دێ [ئاجووج و ماجووج]. خزمە دەگەڵ ↑حووج ħûc "زۆر درێژ". کەرتی "ئا" پێشگرە. "ماجووج"یش خزمە لەگەڵ "مەزن". بەم شێوەیە مانای وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێتە "درێژ و مەزن". لەوانەیە وشەکان عەڕەبێنرابن و بەم شێوەیە هاتبنەوە ناو زمانی کوردمادی.

ئاچخ açıx *[āçıx]* - "رەنگی روون و کراوە": < *(T.) āçıġ* "کراوە".

ئاخ[1] ax *[āx]* - "خاک، زەوی": خزمە دەگەڵ اهک āhak (P.) " قسڵ" و خاک xāk (P.) "خاک، زەوی". دە زمانی کوردمادیدا خاک xak یش دەگوترێ. وشەی ئاخلێڤە axleve یان خاکەلێوە xakelewe بە مانای "سەرەتای بەهار، یەکەم مانگی بەهار" پێوەستە بەم وشەیە و پێک هاتووە لە دوو وشەی ئاخ ax/ خاک xak+ لێو lew. بە پێی بۆچوونێک مەبەست ئەوەیە کە هەرد لێو دەکاتەوە، واتا شینایی سەر وەدەر دەنێ. لە روانگەیەکی دیکەوە مەبەست ئەوەیە کە لێوی ئاژەڵ خۆڵی پێوە دەنووسێ، چونکە لەو کاتەدا گژ و گیا جارێ بەرز نەبۆتەوە ولچ و لێوی ئاژەڵ لە کاتی لەوەڕدا خۆڵاوی دەبێ. ئاخ و خاک هەردووکیان لە یەک وشەوە هاتوون کە بریتیینە لە *(OI.) *āhaka-* "ئاخ، خاک". لەوانەیە وشەکە دە بنەڕەتدا پێک هاتبێ لە پێشگری ئا + هاکا -hāka + a ؟ [بڕوانە ↑خاک xak]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ: 1- Hacke (G.) "ئامرازێکی کشتوکاڵە بۆ خۆش کردنی زەوی و نەرم و ورد کردنی هەردی رەق"، هەروەها کرداری hacken (G.)، hack (E.)، haccon (OG.) "ورد کردن، لەت وکوت کردن، قیمەکردن". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە بەتەواوی ساخ نەکراونەوە. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی "ورد" و "ئارد" و "هارین" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، لەوانەیە وشەی خاک xak یش دە بنەڕەتدا هەروەک وشەی ئارد بە مانای "وردکراو، نەرمکراو، بەخۆڵکراو" بووبێ و لەو مانایەوە دواتر مانای "زەوی" پەیدا بووبێ. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها وشەی خاکە xake بۆ وردکراوی هێندێک شتی وەک قەند و خەڵووز و هیتر بەکاردێ و هەر ئەمەش لەوانەیە مانا کۆنەکەی وشەکە بووبێ. دەشێ وشەی ↑خاش xaş [ورد و خاش] پێوەندی بە "خاک"ەوە هەبێ.

[تێبینی: شتێک کە ئەم بۆچوونە دەستەک دەکا، وشەی Grund (G.) و ground (E.) "زەوی، زەمینە"یە کە دە ئەسڵدا بە مانای "وردکراو، هارڕدراو"ە و خزمە دەگەڵ "هارین"ی کوردمادی].

2- لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئاقار aqar.

ئاخ[2] ax *[āx]* - "(دەنگی) ئێش و ئازار": ah (P.)، ach (G.)، ah (OG.)، ak (Lit.)، och / ach (OIr.) "ئاخ، ئێش"، ache (E.) "ئێش، ئێشان". خزمە دەگەڵ ↑ئاه ah و ↑ئێش êş. ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە باس نەکراوە.

ئاخافتن axaftın *[āxāftın]* - "گوتن، قسەکردن": ئا [پێشگر] + خافتن a + xaftın. "خافتن" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گوتن gutın یان گۆتن gotın [هەڵی سەنگینە دەگەڵ گفتن goftan (P.)].

ئاخلە axle *[āxla]* - "1- خەرمانەی مانکَ 2- پاپۆکەی مار": ئا [پێشگر] + خلە a + xıle. خزمە دەگەڵ ↑خەلەک xelek و ↑هالقە halqe. هەڵی سەنگینە دەگەڵ هالە hāle (P.) "خەرمانەی مانکَ".

ئاخنین axnîn *[āxnīn]* - "پڕ کردن بە پاڵەپەستۆ، پەستاوتن": اکندن ākandan (P.) "ئاخنین" و اکندە ākande (P.) "پڕ، ئاخنراو". ئا [پێشگر] + خنین a + xınîn. کەرتی خنین xınîn خزمە دەگەڵ ganz (G.)،

gans (Nl.)، ganska (Sw.) "تەواو، گشت، ساغ، یەکپارچە"، ghana (OIn.) "یەکپارچە، سفت، توند"، gana (Lit.) "بەس، کافی". وشەی غنی ġanī (Arb.) پێوەندی بەو وشانەوە هەیە. [تێبینی: دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 44) ئەم وشەیە دەگەڵ چەندین وشەی دیکە بەراورد کراوە، وەک ghana- (OIn.) "قەڵەو، پەیت، چڕ و پڕ"، gončti (Sl.) "بەس بوون"، agənyā- (Av.) "مانگای شیردەر". هەروەها وشەکە بردراوەتەوە سەر یەکێک لە ریشەکانی *(IE.)*gan- > "چڕ و پڕ بوون، زۆر بوون" یان *(IE.)*gan- > "با کردن، هەڵمسان"]. وێ دەچێ ئەم دوو ریشەیە دە بنەڕەتدا هەر یەک بن و دواتر دوو مانای جیاواز سەری هەڵدابێ. مانای بنەڕەتی دەبێ "با کران، هەڵمسان" بووبێ. کاتێک شتێک با دەکا و دەماسێ، دە هەمان کاتدا گەورە دەبێتەوە و قەوارەکەی زۆرتر دەبێ. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑گەنین genīn [دە بنەڕەتدا "هەڵمسان"] بەهۆی ئەو گازانەی باکتریەکان دە رەوتی رزینی ماددەی ئۆرگانیکدا دروستی دەکەن.

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "هەڵمسان" و "زۆر بوون" هەروەها لە دوو وشەی *بۆق* "قڕواق" و *بۆش* "زۆر"دا دەبینین. ئەم دوو وشەیەش لە ریشەیەکی هاوبەشەوە سەریان هەڵداوە].

ئاخوڕ axur *[āxur]* - "شوێنی هەڵبەستراو بۆ لەوەڕی ئاژەڵ": اخور āxor (P.). ā-hvarna- (OI.) سەر بە ریشەی *hvar-* "خواردن". [بڕوانە"فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.9]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑خواردن xuwardın

ئاخۆڕان axoran *[āxorān]* - لەگەڵ "باخۆڕان" دێ [ئاخۆڕان و باخۆڕان axoran u baxoran واتا بشێوی و ئاژاوە]. پێک هاتووە لە ئا [پێشگر] + خۆڕان a + xoran، کەرتی "خۆڕان" جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ:

1- ↑خولان(ەوە) xulan(ewe) "سووڕان، لێکدران"،

2- ↑گۆڕین gorîn.

ئاخین axîn *[āxīn]* - "ئاخ هەڵکێشان": ↑ئاخ ax "دەنگی ئازار". دە زمانی ئەڵمانیدا ächzen (G.) "نالین".

ئاخیە axîye *[āxīya]* - "گوڵمیخ": خزمە لەگەڵ ↑ئاژنین ajnîn "کون کردن".

ئاخێز axez *[āxez]* - "نیوە هەستان": ئا [پێشگر] + خێز a + xez. هەروەها ↑خێزیان xezyan هەیە بە مانای "هەستان، راستەوە بوون". خزمە دەگەڵ ↑هەستان hestan، خیز xīz (P.) و خاستن xāstan (P.) "هەستان". "خیز برداشتن" دە زمانی فارسیدا مانای "هەستاتیکی بە تەوژم" (بەرەو کەسێک یان شتێک) دەبەخشێ. دە زمانی کوردمادیدا دەشێ ↑غیژ ġîj "لوور بوونەوە" [هەڵۆ غیژی جووجکان بوو]، ↑گوژین gujîn "لوور بوونەوە، بەتەوژم هاتنەخوار" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 10) "اخیز، خاستن" بردراوەتەوە سەر ریشەی *haiz-* "تەکان خواردن، جوولانەوە، هەستان"، بەڵام بەداخەوە باس لە ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە نەکراوە. ریشەیەکی هیندوئەورووپی لەم چەشنە کە لە وشەنامە ئێتیمۆلۆژییەکاندا دەبینرێ، بریتییە لە ریشەی *(IE.) *aig- > "جووڵانەوە و بزوانی توند". ācol (OE.) "داچڵەکین"، eikinn (OIs.) "توند، خێرا، هار و هاج"، igrat (Rus.) "لەیزین، کایە کردن"، Eichhorn (G.) "سمۆرە" لەم ریشەوە هاتوون. لەوانەیە دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑هاج hac [هار و هاج]، ↑هەژان *hejan* "راتڵەکان، شەکانەوە"، ↑هەزاز hezaz "دارمانی کێو" هەزینگَ hezîng "راپەڕ، شنگڵ" پێوەندییان بەم وشانەوە هەبێ.

ئاد ad *[ād]*- "دوڕگە، وشکانی ناو ئاو": خزمە لەگەڵ ↑قاد qad "هەرد، زەوی، خاک".

ئادا ada *[ādā]* - "خوشکی گەورە لە زمان منداڵەوە": هەروەک بابە babe، دایە daye و کاکە kake و گەلێک وشەی لەم چەشنە دە بنەڕەتدا لە زمانی زارۆک وەرگیراوە لە کاتی گاڵ و گغ دا.

ئادان¹ adan *[ādān]* - "زەوی بە پیت": ↑ئاد ad "خاک، زەوی".

ئادان² adan *[ādān]* - "بەرهەمەکانی شیر، شیرەمەنی": خزمە دەگەڵ ↑ئاز az "چێشت".

ئادەر ader *[ādar]* - "ڕەسەن، ئەسپی ڕەسەن": هەڵی سەنگینە دەگەڵ↑ ئەسڵ esıl.

ئادەمیزاد ademîzad *[ādamīzad]* - "مرۆڤ، منداڵانی ئادەم": ادمیزاد ādamīzad (P.) .ئادەم + ی + زاد < *(Heb.) adam* "مرۆڤ".

ئار ar *[ār]* - "ئاگر":

1- لە لایەکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئاری[3] arî "خۆڵەمێش"، ↑*ئارا ara* "دەشت" و ↑ئاران aran "گەرمەسێر"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووتان، هایسان، هیشک بوون". دە زمانی لاتینیدا ara (L.) "ئاورگەی قوربانگا" و area (L.) "دەشت، زەوی بەرئاوەڵا" پێوەندییان بە وشە کوردییەکەوە هەیە.

2- لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ alāta- (OIn.) "خەڵووز"، altāre (L.) "مزگەوت، ئاورگە"، ala (Sw.) "هایسان، بڵێسەدان"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*al- >*** "سووتان".

ئارا 1 ara *[ārā]* - "1- ڕووبەر، دەشتایی، گۆڕ 2- وجوود 3- نێوان [ئارام دەگەڵ ئەو شتە نییە واتا نێوانم دەگەڵی نییە]": خزمە دەگەڵ area (L.) "ڕووبەری زەوی، پانتایی زەوەی"، سەر بە ریشەی ****as- > (IE.)*** "سووتان، هیشک بوون". هەروەها خزمە لەگەڵ ↑ئاری arî "خۆڵەمێش" و Asche (G.) "خۆڵەمێش" و لەوانەشە لەگەڵ ↑ئار ar "ئاگر" [بڕوانە↑هیشک hîşık یان ئیشک şıîk]. بەم پێیە دە بنەڕەتدا مەبەست لە "ئارا" شوێنیکی لەبەر تاو سووتاو، هیشک و ڕووتەن بووە. ماناکانی دووەم و سێیەمی وشەکە لە زمانی کوردمادیدا لە مانای یەکەمەوە پەرەیان گرتووە. لە بنەڕەتدا کاتێک باسی لە ئارا بوون [لە گۆڕێ بوونی] شتێک کراوە، مەبەست ئاماژە کردن بە بوون و وجوودی ئەو شتە لە سەر زەوی، لەسەر ڕووبەری بەرچاوی مرۆڤ بووە، هەروەک لە دەستەواژەی "لە گۆڕێ بوون"یشدا دەردەکەوێ [گۆڕ: دەشت، پانتایی، زەوی بەرئاوەڵە]. جگە لەمە وشەی ئارا مانای "نێو" و "نێوان"یشی وەرگرتووە و ئەمەش بەهۆی بوونی پێوەندییەکی کۆنە دە نێوان ئەو دوو چەمکە دا. دە فارسیدا "درمیان بودن" مانای "لەئارا بوون" دەگەیەنێ ["میان" دە فارسیدا واتا نێوان]. هەڕوەها مەبەست لە "از میان بردن" دە فارسیدا و "لە نێو بردن" دە کوردمادیدا سەرەتا "لە گۆڕێ لابردن" یان "لە ئارا نەهێشتن" بووە. ئەم مانایە ئەمڕۆش دە زمانی کوردمادیدا ماوەتەوە بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "ئەو شتە لەو نێوە لا ببە" واتا ئەو شتە لە گۆڕێ لا ببە.

[تێبینی: دیسان هەر لەسەر ئەو پێوەندییانەی سەرەوە دەتوانین ئاماژە بە وشەی place (E.) بکەین کە بە مانای "جێ، مەیدان، ئارا"یە و کاتێکیش دەبێتە to take place، مانای "ڕوودان ، بەوجوود هاتن، هاتنە ئارا" دەبەخشێ. مانا بنەڕەتییەکەی وشەی ئارا دە وشەی ↑ئاران aran [ئارا + ان] "گەرمەسێر"دا بە ڕوونی دەردەکەوێ.

ئارا 2 ara *[ārā]* - "ئۆقرە، ئارامی": دەگەڵ "قارا" دێ [ئارا و قارا ara u qara ی نەما].

1- یان کورتکراوی ئارام aram ە،

2- یان شێوەیەکی دیکە لە خودی ↑قارا qara یە.

ئاراستە araste *[ārāsta]* - "ڕووی شتێک بەرەو کەسێک گرتن": ئا a [پێشگر] + ڕاستە raste . پێوەندی نێوان وشەکانی ڕاستە، ئاراستە و ڕازاندنەوە [ئاراستن ārāstan (P.)] دە زمانی ئاڵمانیشدا هەر بەم شێوەیە کە دە زمانی کوردمادیدا هەیە و هەموو وشە ئاڵمانییەکانی خوارەوە دەگەڵ وشە کوردماددییەکان بە خزم دەردەچن. ڕاستە [ئاراستە] یان "جیهەت" دەبێتە Richtung (G.)، ئاراستە کردن دەبێتە richten (G.) و هەروەها einrichten (G.) دەبێتە "ڕێک و پێک کردن" [ڕاستە و پاستە کردن] کە ئەم کردارەی دوایی زۆرتر بۆ شتی ناوماڵ بە کار دەهێندرێ . وشەی "ڕازاندنەوە" دە کوردمادیدا دەێ پێشتر مانای einrichten ی ئاڵمانی هەبووبێ و پاشان ماناکەی زۆرتر پەرەی گرتووە [دە بنەڕەتدا: ڕاست و ڕێس کردن]. وشە ئاڵمانییەکان دەچنەوە سەر وشەی recht (G.) "ڕاست" و وشە کوردماددییەکانیش

دەچنەوە سەر وشەی ↑راست rast و ئەم دوو وشەش خۆیان هاوریشەن. دە زمانی لاتینیشدا ئەو پێوەندییانەی سەرەوە هەر بەم چەشنە بەرچاو دەکەون.

ئارام aram *[ārām]* - "ئەهوەن، هێدی، هێور": ارام ārām (P.). ئا a [پێشگر] + رام .ram airime (Av.) "ئارام"، rámatē (OIn.) "ئارام دەگرێ"، rimis (Gt.) "ئارامی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Rahmen (G.) "قەتعە، چوارچێوە"، rama (OG.) "پایە، کۆڵەکە"، raam (Nl.) "قەتعە، چوارچێوە، پەنجەرە"، rambá-h (OIn.) و ramtis (Lit.) "کۆڵەکە، چێو"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*rem- >*** "شت دانە بەر، پشت گرتن، پاڵ دانەوە، ئارام گرتن". هەروەها رام rām (P.) "کەوی، ماڵی، دەستەمۆ" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە واتا لەبنەڕەتدا مەبەست ئاژەڵی ئارام بووە بە پێچەوانەی ئاژەڵی وەحشی.

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "ئارام گرتن، قەرار گرتن" [ئارام و قەرار] لەگەڵ "قەتعە و چوارچێوە" لە وشەی "گرێژنە"ی کوردمادیشدا دەردەکەوێ].

ئاران aran *[ārān]* - "گەرمەسێر": ئارا + ئان [پاشگری کۆ، یان پاشگری ناوچە وەک گەرمیان] ara-(a)n. دەچێتەوە سەر ↑ئارا ara بەمانای "رووبەری زەوی، دەشت، پانتایی زەوی". مانای "گەرمەسێر" لێرەوە پەیدا دەبێ کە دەشتاییەکان یاخود ناوچە دەشتەکییەکان شوێنی گەرمن، بە پێچەوانەی شاخ و بەرزاییەکان کە ساردن و زۆزان پێک دەهێنن. وشەی ↑ئالان alan کە ناوی ناوچەیەکی کوردستانە، شێوەیەکی دیکەیە لە ئاران.

[تێبیی: کاک عەلی نانەوازادە ئاماژە دەکا بە پێوەندی وشەکانی ئارا و ئاران و ئالان و دەیانباتەوە سەر وشەی وشەی aryan "ئاریایی" (فەرهەنگی هەرمان، ل. 53) و دواتر لە شوێنێکی دیکەدا (ل. 64) لە لێکدانەوەی وشەی "ئاریا، ئاری"دا دەبێژێ مانای بنەڕەتی ئەم وشەیە "دۆست و هاوڵ" بووە. من لەگەڵ ئەو بەشەی بۆچوونەکەی کاک عەلی دام کە وشەکانی ئارا و ئاران و ئالان بە خزم دادەنێ، بەڵام لەوباوەڕەدام کە نەک ئەو وشانە بچنەوە سەر وشەی aryan "ئاریایی"، بەڵکوو بە پێچەوانەوە وشەی "ئاریا، ئاری" بچێتەوە سەر وشەکانی سەرتر. لەم تێڕوانینەوە هۆزە ئاری یان ئاریاییەکان، دەبێ ئەو هۆزانە بووبن کە لە پێدەشتەکان (ئاران)دا ژیاون، واتا دەشتەکی و نیشتەجێ بوون و بە کاری کشتوکاڵەوە خەریک بوون، بەپێچەوانەی ئەو هۆزانەی کە بە شێوەی کۆچەری و ناجێگیر ژیانیان بەسەر بردووە. وشەی ↑ئاری arî هەر ئێستا دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "نیشتەجێ، ناکۆچەر" بەکار دێ و ئەمە دەتوانێ زانیارییەکی گرنگ لەمەڕ وشەکە ئاشکرا بکا].

ئاراو araw *[ārāw]* - "کەفاوی جارێک دەکارکراو بۆ جل شوشتن کە هێشتا بەکەلک ماوە": ئاراڤ arav یش دەگوترێ. لەوانەیە وشەکە لە بنەڕەتدا بەمانای "ئاوی گەرم" بووبێ کە هێشتا کەڵکی جل شووشتنی پێوە ماوە.

1- لە "فەرهەنگی هەرمان"دا (ل. 54) ئەم وشەیە وەسا لێک دراوەتەوە کە لە دوو کەرتی ↑ئار ar واتا ئاگر و ↑ئاو aw پێک هاتووە و لە پێشدا "ئاروئاو" بووە و دواتر بووەتە "ئاراو" و ماناکەشی هێندێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم بۆچوونە کە وشەکە پێوەندی بە "ئار"ەوە هەبێ، زۆر ڕێیی تێ دەچێ.

2- لەوانەشە وشەکە پێک هاتبێ لە ئا [پێشگر] + راو a + raw. کەرتی راو raw جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Lauge (G.)، lye (E.) "تراوی ئالکالی وەک کەفاوی سابوون". ئەم وشە ژێرمەنییە دەبنەڕەتدا بە مانای "ئاوی خۆشووشتن و جل شووشتن" بووە و خزمیشە دەگەڵ lavere (L.) "شووشتن"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*lou- >*** "شووشتن".

ئارختک arxıtk *[ārxıtk]* - "مۆتەکە، شەوە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئاڵ al [ئاڵ وشەوە].

ئارد ard *[ārd]* - "هاڕاو(ی گەنم)": ارد ārd (P.). خزمە دەگەڵ کرداری ↑*هارین harîn* "وردکردن" و گەلێک وشەی دیکەی وەک ↑گەرد gerd و ↑هورد hurd و ↑هەریس herîs و هتد.

[تێبینی: ئەم وشەیە لە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 14) بردراوەتەوە سەر ریشەی ئێرانی کۆنی *ar- و لەوێشەوە بۆ ریشەی هیندوئەورووپی < *al- (IE.) "کوتان، هارین". من لەو باوەڕەدام ریشە ئێرانییەکە پێوەندی بە ریشەی < *ghreu- (IE.) "هورد کردن، هارین"ەوە هەبێ].

ئارزینگێ arzîng [ārzīng] - "چەنەگە": لەوانەیە ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا بە مانای "شەویلکە" بووبێ. لەم تێڕوانینەوە بنجی وشەکە، واتا -arz دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە "هارین، ورد کردن" دەکەن، وەک هەرژین *herjîn* و هارین harîn.

[تێبینی: لەباری ماناوە بەرهەڤی بکە دەگەڵ *لاچلاچ(ک)* "1- شەویلکە 2- کاکیلە" کە پێوەندی بە "لەت کردنەوە هەیە].

ئارسم arsım [ārsım] - "پەسیو، هەڵامەت": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئاسرم asrım.

ئارسی arsî [ārsī] - "بەرداش": خزمە لەگەڵ ↑*هارین harîn* "ورد کردن" و ↑هەرژین herjîn و ↑هەردین herdîn "لەبەر یەک بڵاو بوون، هەلا هەلا بوون".

ئارنگێ arıng [ārıng] - "نەخۆشییەکی ئاژەڵ": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑ئاڵوو alu "خربوون (ی گەروو)".

ئاروان arwan [ārwān] - "ئازووخەی ئارد": خزمە دەگەڵ ↑ئارد ard.

ئاروو aru [ārū] - "ئاڵوو": ↑ئاڵوو alu.

ئارووەنگێ arung [ārūng] - "قەیسی": زردالوو zardālū (P.) [zard + ālu]. خزمە لەگەڵ ↑هەڵووچە heluçe.

ئارۆ aro [āro] - "پووک": ارواره ārvāre (P.) "شەویلکە". [بە گوێرەی "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 17) لە کۆندا adarvārak بووە کە لە دوو کەرت پێک هاتووە و کەرتی دووەمەکەی دەچێتەوە سەر ریشەی -xvar "خواردن"].

ئارۆزیان arozyan [ārozyān] - "هوروووژان": شێوەیەکی دیکە لە ↑هوروووژان hurujan.

ئارۆشک aroşk [ārošk] - "پشمین": خزمە دە گەڵ اروغ ārūġ (P.) "قرپ هێنانەوە".

[دە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 18) وشەی "اروغ" بردراوەتەوە سەر a-rauga- *raug- (OI) "خستنەدەر، دەرپەڕاندن"، سەر بە ریشەی < *reug- (IE.) "بە زۆر کرانەوە، تەقینەوە"].

هەروەها لەوانەیە پێوەندییەک لەتیوان ئەم وشانەوە و ↑رشانەوە rışan(ewe) دا هەبێ.

ئارەبە arebe [āraba] - "چەرخ، ئاڵقە": عارەبە εarebe ش دەگوترێ. ارابە arrābe (P.). ئا [پێشگر] + رەبە a + rebe. "رەبە" خزمە دەگەڵ Reifen (G.) "تایر، تەگەر"، Reif (G.) "ئاڵقە"، reif (MG.) "بەند، کەمەربەند، ئاڵقە، نەوار"، (skauda)raip (Gt.) "تەسمەی چەرمین"، rep (Sw.)، rope (E.)، reep (Nl.) "پەت، بەند"، سەر بە ریشەی < *rei- (IE.) "بڕین، پچڕین، کڕاندن".

ئارەزوو arezu [ārazū] - "حەز، تاسە": ارزو ārezū (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ eros (Gr.) "خۆش ویستن، تاسە و ئەویندارى کردن". وشەی erotic دە زمانە ئەورووپییەکاندا بۆ erōtikós (Gr.) دەگەڕێتەوە کە لە وشەکەی سەرەوە وەرگیراوە.

[تێبینی: بەگوێرەی"فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 15) دە فارسی ناویندا āwarzōg (MP.) "ئارەزوو، تاسە" هەبووە کە بە بۆچوونی خاوەنڕایان پێک هاتووە لە پێشگری ā و ریشەیەک، کە لەوانەیە ریشەی -*barg* "پێهەڵگوتن" بووبێ یان ریشەی -*varz* "خۆش ویستن". تێبینی 2: وشەی eros دە زمانی عەرەبیدا بووەتە عروس εarūs (Arb.) "بووک". لەباری ماناوە دەتوانین دەگەڵ وشەی "حەز" هەڵی سەنگینین کە هەم مانای "خۆش ویستن" دەدا و هەمیش مانای "دڵدار"].

ئاریان aryan [āryān] - "زیبکە و کوان لە لەش دەرهاتن": دەچێتەوە سەر ئاروو aru [↑ئاڵوو alu].

ئاری¹ arî [*ārī*] - "کۆمەک، خەم لە کەسێک خواردن": خزمە دەگەڵ (gi)ruohhen (.OG) "دە فکردا بوون، خەم لێ خواردن"، ra can (.E) "خەم لێ خواردن، ئاگاداری کردن"، ra kja (.OIs) "هۆش پێوە بوون، خەم لێ خواردن". ئەم وشە ژێرمەنییانە لای خۆیانەوە دەبنە خزم دەگەڵ arēgein (.Gr) "یاری دان، پشتیوانی کردن"، سەر بە ریشەی *(IE.)*reg- >* "راست کردنەوە". "ئاری" دە زمانی کوردمادیدا بە چەند شێوە دەردەکەوێ وەک ئاری arî، یاری yarî، ئاڵی alî[ئاڵیکاری alîkarî، هاریکاری harîkarî]. وەک دەبینین شێوەی "ئاری" و "ئاریکاری" لە شێوەکانی دیکەی ئەم وشەیە دروستترن.

ئاری² arî [*ārī*] - "نیشتەجێ، بەرانبەری کۆچەر": خزمە دەگەڵ↑ ئارا ara "پانتایی زەوی، دەشت، گەرمەسێر" و ↑*ئاران aran*. دەبنەڕەتدا مەبەست "دەشتەکی" بووە، واتا ئەو کەسانەی لە پێدەشتەکاندا ماونەتەوە و بە کاری زەوی و زارەوە خەریک بوون.

ئاری³ arî [*ārī*] - "خۆڵەمێش": خزمە دەگەڵ ↑ئارا "دەشت، پانتایی زەوی". ئەم وشانە هەردووکیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هیشک بوون، سووتان". دە زمانی ئاڵمانیشدا وشەی Asche (.G) "خۆڵەمێش" لەم ریشەوە هاتووە.

ئاریلە arîle [*ārīla*] - "پیاوی ژنانیلە": ئاڵی alî ش دەگوترێ. دەبێ پێوەندی هەبێ بە ↑ئەری ere بە مانای "بەڵی" و مەبەست دە بنەڕەتدا بەڵی گوتنی زۆر بووە، واتا کەسێک کە هێزی "نا گوتن" و بەرپەرچ دانەوەی کەم بووە.

[تێبینی: منیش وێڕای فێمینیستەکان لەگەڵ بەکار هێنانی ئەم وشەیە بەم مانای "پیاوی ژنانیلە" نیم. بەڵام دەکرێ وشەکە بە مانا راستەکەی هەم بۆ پیاو و هەم بۆ ژن بەکار ببردرێ].

ئارێنج arenc [*ārenj*] - "کوانی بن هەنگڵ": خزمە دەگەڵ ↑ئاروو aru [↑ئاڵوو alu].

ئاز az 1 [*āz*] - "چێشت، خۆراک": اش aş (.P) "ناوی جۆرە خۆراکێکە وەک دۆکڵیو". وشەی ئاش aş دە هێندێک شێوەزاری کوردمادیشدا هەربەو مانایە بەکاردێ. بەڵام وشەی ئاش یان ئاز دەبێ پێشتر بە مانای گشتی "چێشت، خۆراک" بەکارهاتبێ، هەربۆیە دە فارسیدا بە چێشتکەر دەگوترێ "اشپەز" و دە کوردمادی سەرووشدا دەگوترێ ئازپێژ. هەروەها دە کوردمادی و فارسیدا وشەی ↑ئازووقە azuqe هەیە بە مانای "خواردەمەنی پاشەکەوتکراو". ئەم وشەیە دەشێ خزمە دەگەڵ essen (.G)، eat (.E)، itan (.Gt)، äta (.Sw)، edere (.L)، ésti (.Lit)، éss (.OIr)، گشتیان بەمانای "خواردن"، átti (.OIn) "دەخوا"، édō (.Gr) "دەخۆم"، سەر بە ریشەی *(IE.)*ed- >* "خواردن". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە کە گشتیان پێوەندییان بە چەمکی خواردنەوە هەیە، وەک ↑ئادان adan "شیرەمەنی"، ↑دان dan "ددان"، ↑ئاشک aşık "ورکَ" و هتد.

[تێبینی: کاک عەلی نانەوازادە دە "فەرهەنگی هەرمان"دا ئاماژەی بە پێوەندی وشەکانی ئاز، ئاش، ئادان و هەروەها خزمایەتی ئەوان دەگەڵ āča "خواردن" لە سانسکریتدا کردووە. دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 29) بە گوێرەی بۆچوونی یەکێک لە خاوەنڕایان اش āş (.P) بردراوەتەوە سەر ریشەی *yah-* " کوڵاندن" و دەگەڵ yeast (.E) "هەوێن، هەویرترش" بە خزم داندراوە.

ئاز az 2 [*āz*] - "چەتوون":

1- لەوانەیە کورتکراوی ↑ئازگار azgar "سەخت" بێ.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئاسێ ase "سەخت، دژوار".

ئازا aza [*āzā*] - "بەجەرکَ، نەترس، چالاک": هەرەروەها ↑ئازاد azad هەیە بە مانای "رەها، نەبەستراوە، بەند نەکراو". دە زمانی فارسیدا ازاد āzād (.P) بەم دوو مانایە بەکار دێ: "رەها، نەبەستراوە" و هەروەها "نەجیب، رەسەن". جگە لەمە دە فارسیدا ازناور aznāwar بە مانای "بوێر، پاڵەوان" بەکار هاتووە کە ماناکەی هاوشێوەی "ئازا"ی کوردییە و دەچێتەوە سەر āznāwar (.MP) "نەجیب" و ئەمەش گرێ دراوەتەوە بە āsna- (.Av). دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 19)

ئەم وشانە دە بردرێتەوە سەر ریشەی -zan "زان" (*zāta- * < *znta-). لەم تێڕوانینەوە وشەکە پێوەندی بە وشەی ↑زان zan پەیدا دەکا.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی ئەم مانایانە بە چەمکی "زان"ەوە دەکرێ دەگەڵ وشەکانی "جسن" و "رەسەن" دە زمانی کوردمادیدا بەرهەڤی بکەین. "جسن" بە مانای "رەسەن" بەکار دێ و شێوەی گۆڕدراوی "جنس"ە و خزمە دەگەڵ "زان" [genus (L.) "جینس، رەگەز، تۆرەمە"، generatio (L.) "رسکاندن، زان، بەدی هێنان"، (g)natus (L.) "لە دایکبوو"، génesis (Gr.) "بە دنیا هاتن، بنەچەک"]. هەروەها وشەی "رەسەن" پێوەندی بە چەمکی "رەگەز، تۆرەمە، رەگێ و ریشە و بنەچەک" پەیدا دەکا. دە زمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا هەروەها دەگوترێ "بە ئەسڵ و نەسەب"، واتا ئەو کەسانەی سەر بە تۆرەمەیەکی ناسراو و باشن. ئەم پێوەندییانە دەری دەخەن کە لە کۆندا لەوانەیە وشەی "ئازاد" نازناوێک بێ کەسانی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بووبێ کە خاوەنی "ئەسڵ و نەسەب"ی دیار و بەرچاو بوون و دیارە خۆیان پێ بوێر و نەترس بووە و ئاپۆڕەی گەلیش کە ژێردەستە و بەستراوەی ئەوان بوون، وەک مرۆڤی "نائازاد" ئەژمارده کراون. وشەی ↑ئەگیت egît [ئەگید egîd] "ئازا، قارەمان" لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

ئازاد azad [āzād] - "رەها، نەبەستراوە": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑ئازا aza.

ئازار azar [āzār] - "تێش": هەروەها ئازراندن azrandın هەیە بە مانای "ئێشاندن". ازار āzār (P.) و ازردن āzordan / āzārdan (P.). بە گوێرەی "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 20) پێک هاتووە لە پێشگری ā و ریشەی -zar* "هارووژاندن، تووڕە کردن". جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ -zar (Av.) "تووڕە کردن" و hrnīté (OIn.) "تووڕە بوون". روون نەکراوەتەوە کە ئەو ریشەیە پێوەندی بە چ ریشەیەکی هیندوئەوروپییەوە هەیە. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ئاژر ajır [a-jır] "تووڕە، رق هەستاو" و دەگەڵ ↑غەزرین ġezrîn "تووڕەبوون".

ئازاڵە azale [āzāla] - "ئاوردوو": ئاز + ئاڵە az + ale. خزمە دەگەڵ ↑ئێزینکێ ezîng "داری سووتەمەنی". کەرتی ئاڵە -ale پاشگرە.

ئازگار azgar [āzgār] - "سەخت، ناخۆش": [دە ساڵی ئازگار چاوڕوانی بوو]. ئەم وشەیە باری تێگاتیڤی هەیە و بۆ نیشان دانی ماوەیەکی زەمەنی ناخۆش بەکار دێ، پێک هاتووە لە پێشگری ئا + زگار z(ı)gar + a. کەرتەوشەی "زگار" خزمە دەگەڵ ↑سەخت *sext* و هێندێک وشەی دیکە کە ئاماژە بە "سەخت بوون" دەکەن، وەک ↑زیک zîk، ↑سەقەم seqem، ↑شەختە şexta کە لە بنەرەتدا ئاماژە بە سەرمای سەخت دەکەن. کۆمەڵێک لە وشەکانی سەر بەم خێزانە لەژێر وشەی ↑سەق *seq* دا ریز کراون.

ئازنکێ azıng [āzıng] - "خانووی بەسەر تەختەبەردی پانەوە دروست کراو": لەوانەیە خزم بێ لەگەڵ ↑ئازوو azu "خڵێنە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەرد". هەڵیسەنگینە دەگەڵ اشیانە āšyān(e) (P.) "لانە، سەرپەنای ئاژەڵ". لەوانەیە مەبەستی وشە فارسییەکە دەبنەڕەتدا کون و کەلێنی ناو بەرد بووبێ کە ئاژەڵ خۆی تێدا حەشار داوە.

ئازوباز azubaz [āzubāz] - "وەباڵ، تاوان": ئاز az هەڵسەنگینە لەگەڵ از āz (P.) "تەماح، چاوچنۆکی" [خزمە دەگەڵ ↑حەز *ħez* "مەیل"]. باز baz خزمە دەگەڵ بزە bazeh (P.) "گوناح، تاوان" و ↑بەد *bed*.

ئازوو azu [āzū] - "خڵێنە، کاکیلە": بەم ددانە دە فارسیدا دەگوترێ ددانی اسیاب āsyāb (P.) واتا دداتێک کە دەهاڕێ. دەبێتە خزم دەگەڵ وشە فارسییەکە و گەلێک وشەی کوردمادی وەک ↑*ئاش aş* "بەردی (هاڕین)"، ↑هەسان hesan "بەردی تیژ کردن" و هەروەها↑ *ئاسمان asman* [دەبنەڕەتدا بە مانای "تاقی بەردینی سەر زەوی"]. ریشەی وشەکە بە مانای "بەرد"ە.

[تێبینی 1: ئەم ددانە لە زانستی پزیشکی دداندا وشەیەکی لاتینی بۆ بەکار دەهێنرێ کە بریتییە لە molar، دەچێتەوە سەر molare (L.) "هاڕین" و خزمە بۆ وێنە لەگەڵ mahlen (G.) "هاڕین" و Mühle (G.) و

myle (Gr.) "ئاش". لە زمانی کوردمادیشدا دەبێتە خزم لەگەڵ ماڵین malîn. مانای بنەڕەتی ریشەکە "ڕێخشاندن"ە کە لەوێوە ماناکانی دیکە وەک "هاڕین" پەیدا بوون، چونکوو دەنک و دان لەڕێگەی ڕێخشاندنەوە (لەناو دەستاڕ یان بەرداش) هاڕدراوە. تێبینی 2: وشەی فارسی اسیاب āsyāb (P.) (لە بنەڕەتدا: ئاس ās + اب āb) و بە مانای "ئاشی ئاو" بووە و دواتر ماناکە بەگشتی بووەتە "ئاش"].

ئازووقە azuqe *[āzūqe]* - "بژێو و خۆراکی پاشەکەوتکراو": ازوقە azuqe (P.). بنەوشەی ئاز -az یەک دەگرێتەوە دەگەڵ هێندێک وشەی کوردمادی و فارسی کە پێوەندییان بە چەمکی "خواردن"ەوە هەیە، وەک↑ ئاز az "چێشت".

ئازەب azeb *[āzab]* - "لاوی تازە پێگەیشتوو، تازەلاو": عازەب εazeb یش دەگوترێ. هەروەها ئازەبە azebe [عازەبە εazebe] هەیە بە مانای "زیبکەی دەم و چاوی لاوی تازەپێگەیشتوو". وشەکە پێک هاتووە لە پێشگری ئا + زەب a + zeb. کەرتەوشەی "زەب" پێوەندی بە ↑زیپکە zîpke [زیبکەzîbke]ەوە هەیە کە لە کاتی گەورە بوون [باڵغ بوون]دا پەیدا دەبێ. وشەکە هەروەها هەڵ سەنگینە دەگەڵ ↑زفتک zıftık "زیپکەی ئازەبی" و ↑زەوە zewe "زیپکە". بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وشەکە، وشەیەکی ڕەسەنی کوردماديیە و چ پێوەندی بە زمانی عەڕەبییەوە نەداوە. فۆتیمی سەرەتا دە وشەکانی "عەزەب" و "عازەبە"دا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە ع. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی ئاستەم و عاستەم.

ئازەنتی azentî *[āzantī]* - "ڕاڤە، لێکدانەوە": ئا [پێشگر] + زەنتی zentî + a. خزمە دەگەڵ چەند وشەیەک بە مانای "لێدان، لێکدان"، وەک ↑ژەنین jenîn، ↑ژەندن jendın. وشەکانی زەند zend و پادزەند padzend ی پێوەست بە ئەوێستا هەر ئەو مانایە دەبەخشن و پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. مەبەست لەم وشانە "لێکدانەوە"یە، واتا شەرح و تەفسیر کردن.

ئاژا 1 aj *[žā]* - "زبر، گڕنی گڕنی": خزمە لەگەڵ ↑ئاژنین ajnîn "کون کردن" و لەوانەشە دەگەڵ ↑ئاژینە ajene "چەکوچێکی سەر گڕنی گڕنی بۆ زوور کردنەوەی بەرداش".

ئاژا 2 aj *[žā]* - "شووڵ، لقی تازەرووواو": خزمە لەگەڵ ↑هاچە hače "لکەدار، فاقە" و هەروەها ↑هەژال hejal "لکەداری سەوز و گەڵادار".

ئاژاشکە ajaşke *[āžāška]* - "مچورک": دەشێ بنەوشەی ئاژ پێوەندی بە ↑هەژان hejan ەوە هەبێ و کەرتی دووەمیش پاشگری گچکاندنە. لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "هەژانی گچکە".

ئاژاڵ ajal *[āžāl]* - "چیلکە و چاڵ": شێوەیەکی دیکە لە↑ ئازاڵە azale "ئاوردوو".

ئاژاوە ajawe *[āžāwa]* - "بشێوی، نائارامی": اشوب āšūb (P.). ئا + ژاوە jawe + a. بڕوانە ↑شێوان şêwan.

ئاژر ajır *[āžır]* - "تووڕە، رق هەستاو": خزمە دەگەڵ ↑غەزرین ġezrîn [ġezır + în] "تووڕە بوون، رق هەستان". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑ئازار azar دا باس کراون. "ئازار" بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 20) پێک هاتووە لە پێشگری ā و ریشەی -*zar* "هارووژاندن، تووڕە کردن". کەوابوو ئاژر ajır پێک هاتووە لە پێشگری ئا + ژر jır + a. کەرتی ئەسڵی وشەکە دەگەڵ شێوە و مانای ریشەکە یەک دەگرێتەوە.

ئاژنی ajnî *[žānī]* - "مەلە": ئا [پێشگر] + ژنی jınî + a کەرتی "ژنی" دە فارسیدا دەبێتە شنا šena (P.) "مەلە"، خزمە لەگەڵ snāyate (OIn.) و snayeitē (Av.) "دەشوا، مەلە دەکا". ریشە؟

ئاژنین ajnîn *[žānīn]* - "کون کردن بە شتی تیژ، هەڵکۆڵین": اختن (P.) "بڕین و هەڵکۆڵین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ak- , *ok- >*** "تیژ، نووک تیژ". دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا گەلێک وشە دەچنەوە سەر ئەو ریشەیەی سەرەوە، وەک Ecke (G.)، edge (E.) "گۆشە، قەراخ" [شوێنی تیژ و دەرپەڕیو]، acus (L.)"دەرزی"، acuere (L.) "تیژ کردن"، akis (Gr.) "چقڵ" و oxys (Gr.) "تیژ، توند" [oxygen، ئۆکسیژین

واتا ماکەی تیژ]، اخته axte (P.) "تیژ" و هتد. هەروەها دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑ئاخیه axîye "گوڵمیخ" و ↑ئاسک āsk و چەند وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا.

ئاژۆتن ajotın [žāotın] - "دانە پێش، لێخوڕین": خزمە دەگەڵ (Gr.) agein "ئاژۆتن"، (L.) agere "ئاژۆتن، بەرەو پێش بردن، راپەڕاندن"، سەر بە ریشەی < *(IE.)*ag- "ئاژۆتن".

[دە "فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی"دا (ل. 3) ئەم وشەیە لە پێوەندی دەگەڵ وشەی فارسی ئاشفتن āšoftan (P.) (↑شێوان şêwan، شێواندن)دا لێکدراوەتەوە].

ئاژەڵ ajel [āžal] - "گیانلەبەر، حەیوان": ئا + ژە + (ە) ڵ(e) + je + a. کەرتی یەکەم پێشگر و کەرتی دوایی پاشگرە. کەرتی ژە je دەچێتەوە سەر کرداری ↑ژین jîn. دە زمانی عەرەبیشدا وشەی "حەیوان" لە "حیات" بە مانای ژین وەرگیراوە.

ئاسا -asa [āsā] - پاشگرێکە دە زمانی کوردمادیدا و فارسیدا دەگەڵ هێندێک وشە دێ وەک گورگَ ئاسا، شێرئاسا. پێک هاتووە لە پێشگری ئا + سا sa + a. کەرتی "سا" دەچێتەوە سەر ↑زانzan . جێی ئاماژەیە کە وشەی ↑گۆن gom "چەشن، نەوع" و هەروەها "ژین، gen" دە زمانە ئەورووپییەکاندا پێوەندی بە "زان"ەوە هەیە. بەم جۆرە شێرئاسا واتا لە چەشنی شێر، لە رەگەزی شێر.

ئاسان asan [āsān] - "راحەت، نەگران": هاسان hasan یش دەگوترێ. پێوەندی هەیە بە ↑حەسانەوە ħesan(ewe) [اسودن āsūdan (P.)] "وچان دان، ئارام گرتن، راحەت بوون".لەم تێڕوانینە مانای ئاسان دەبێتە "راحەت".

ئاسایی asayî [āsāyī] - "عادی":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ریشەی < *(IE.) *es- "بوون، وجوود، *هەستی*". لەم تێڕوانینەوە "ئاسایی" دە بنەڕەتدا مانای "تەبیعی، سروشتی" دەگەیەنێ واتا ئەو شتەی کە لەگەڵ یاسا و رێساکانی تەبیعەت گونجاوە و ئاوارتە و شاز نییە. لەم مانایەوە ئەمجار مانای "عادی" سەری هەڵداوە.

[تێبینی: دەتوانین لەباری ماناوە دەگەڵ physikós (Gr.) "فیزیک، بەگوێرەی سروشت، سروشتی" هەڵی سەنگینین کە دەچێتەوە سەر phyein (Gr.) "رسکان، بوون، دروست بوون" و خزمە دەگەڵ bauen (G.) "دروست کردن، رسکاندن" و بوون bun دە زمانی کوردمادیدا].

2- لەوانەشە پێوەندی بە یاسا yasa "قانوون"وە هەبێ و سەرەتا بە مانای "یاسایی"، واتا قانوونی و گونجاو لەگەڵ داب و دەستوور بەکار هاتبێ.

ئاست ast [āst] - "1- جێگە، شوێن 2- بەرانبەر، رووبەروو 3 - سەتح، رووبەر": پێشگری ئا + ست sıt، سەر بە ریشەی < *(IE.) *st(h)ā- "وەستان، راوەستان، جێگیر بوون". خزمە لەگەڵ↑ وەستان westan [ایستادن īstadan (P.)]. دە بنەڕەتدا بە مانای "شوێنی وەستان" بووە و دواتر مانای "رووبەر"ی وەرگرتووە و دیسان ماناکەی پەرەی گرتووە و مانای "پلە و پایە"شی پەیدا کردووە. ["لە ئاستی ئەودا نییە" واتا شوێنی وەستانی نزمترە، بە وتەیەکی دیکە واتا پلە و پایەی نەویترە]. وشەی Stand (G.) هەروەک "ئاست" لە کوردمادیدا -خزمیشن پێکەوە- لە بنەڕەتدا بە مانای "وەستان" بووە و دواتر مانای بووەتە "شوێن" و لەوێشەوە بووەتە "ئاست و پلە و پایە". ئەمیش دەچێتەوە سەر کرداری stehen (G.) "وەستان ".

ئاستن astın [āstın] - "هێشتن": شێوەیەکی دیکەیە لە↑ هێشتن hêştın.

ئاستەم astem [āstam] - "1- دژوار، ئاسێ، سەخت، زەحمەت 2- هێواش": ئەستەم estem و عاستەم εastem یش دەگوترێن. ئا [پێشگر] + ستەم sıtem + a. کەرتی دووەم هەمان↑ستەم sıtem ە بە مانای "زوڵم و زۆر" کە لە بنەڕەتدا مانای "سەختی و رەقی" دەدا. هەر بەم جۆرەش ستەم کردن لە بنەڕەتدا بە مانای سەختی و توندی نواندن واتا دڵڕەقی بووە. ئەم وشەیە خزمە لەگەڵ Stein (G.)، ston (E.)، sten (Sw.)، stains (Gt.) "بەرد"، sten (Rus.) "دیوار"، stear (Gr.) "رۆنی مەییو" [رۆنی رەق]، stia (Gr.)

"بەردۆکە، خیز" [هەڵی سەنگینە لەگەڵ وشەی ↑چیا çîya]، styayate (.OIn) "رەق بوون، سفت بوون، مەیین"، سەر بە ریشەی ***stāi-** (IE.) > "رەق بوون، سفت بوون، توند بوون". کەواتە مانای بنەڕەتی وشەی "ئاستەم" بریتییە لە "سەخت". ئەم مانایە بە تەواوی دەردەکەوێ، کاتێک بۆ وێنە دەگوترێ "شاخێکی ئاستەمە، کارێکی ئاستەمە، بە ئاستم دەستی گەیشتێ". لە هەمان کاتدا مانای "هێواش، کەم"یش سەری هەڵ داوە، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "بە ئاستەم دەستم لێدا" یان "دەستم بە ئاستەم داووشاوە". مانای دووەم لێرەوە پەیدا بووە، کاتێک کارێک بە سەختی دەچێتە پێش یان شتێک بە سەختی پێک دێ، ئەوا لێرەدا کارەکە بە هێواشی و کەم کەمە دەکرێ، بۆ وێنە کاتێک کەسێک وە سەر شاخێکی ئاستەم دەکەوێ، سەرکەوتنەکەی بە هێواشی و کەم کەمە ئەنجام دەدرێ، بە پێچەوانەی کاری هاسان کە بە لەز و خێرا جێ بە جێ دەبێ. ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم بن دەگەڵ ↑هەستی hestî [↑تێسک esik، هەستک hestik] و هەروەها بەمانای "دەنکی رەقی میوە، ناوکەمیوە".

ئاستەنگ asteng [āstang] - "تەگەرە، سەختی، دژواری": ↑خزمە لەگەڵ ئاستەم asrem "سەخت".

ئاسرم asrım [āsrım] - "هەڵامەت، پەسیو": ↑ئارسم arsım شێوەیەکی کۆنترە لە "ئاسرم". پێوەندی هەیە بە ↑ئەسرین asrîn "فرمێسک"ەوە. فرمێسک لە چاو هاتن یەکێک لە گرینگترین دیاردەکانی ئەم نەخۆشینەیە.

ئاسرمە asırme [āsırma] - "کوتە چەرمی سەر کەفەڵی بارگین": ئاشرمە aşırme، هاشرمە haşırme ش دەگوترێ. ئا + سرمە a + sırme. کەرتی سرمە [شرمە] شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چەرم çerım. هەروەها دەبێتە خزم لەگەڵ ↑سیرمە sîrme.

ئاسک ask [āsk] - "خەزاڵ": اهو ahu (.P) [گۆڕانی فۆنیمی h و s لە هێندێک وشەی دیکەی کوردمادی و فارسیدا دەبیندرێ وەک ماسی و ماهی، ئاسن و اهن]. وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***ak-** (IE.) > "نووک ، تیژایی". خزمە دەگەڵ↑ ئاژنین ajnîn.

[تێبینی: لە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا ناوی هێندێک لە ئاژەڵە شاخدارەکان دەچێتەوە سەر ریشەی *ker-* "قۆچ، شاخ"، وەک Hirsh (G.) "ئاسک"و کەڵ kel ی کوردمادی. بەم پێیە "ئاسک"ی کوردمادیش لە ریشەی *ak-* "نووک ، تیژایی"ەوە هاتووە و مەبەست ئاماژە بە شاخەکانی ئەم ئاژەڵە بووە].

ئاسمان asman [āsmān] - "ڤالایی سەر زەوی": اسمان asman (.P)، áśman (.OIn)، ákmōn (.Gr) "ئاسمان". وشەکانی زمانی هیندی و یۆنانی کۆن جگە لە مانای ئاسمان، بە مانای "بەرد"یش بوون و مانای بنەڕەتییان ئەمەی دوایی بووە. بە گوێرەی بۆچوونێک مرۆڤی کەونارا ئاسمانیان وەک تاقێکی بەردین لەبەرچاو گرتووە کە هەردی داپۆشیوە [لەوانەیە ئەم تێڕوانینە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە کاتی کەوتنە خوارەوەی بەردی ئاسمانیدا وایان زانیبێ ئەم بەردانە لە میچەکەوە لێ دەبنەوە و دەکەونە خوارەوە]! وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ↑ کەڤر *kevır* "بەرد"، سەر بە ریشەی ***(a)kamen-** (IE.) > "بەرد". وشەی سماء samā (.Arb) دەبێ پێوەندی بە وشە هیندوئەوروپییەکانەوە هەبێ. بە گوێرەی بۆچوونێک ئەم ریشەیە خۆی دەچێتەوە سەر ریشەی دوورتری ***ak-** (IE.) > " تیژ". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم لەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ئاش aş [لە بنەڕەتدا: بەرد(ی هاڕین)] و ↑هەسان hesan "بەردی تیژ کردن"، ↑ئازنگ azıng "خانووی بەسەر تەختەبەردی پانەوە دروست کراو" و چەندین وشەی دیکە کە لەژێر ↑حەمرین *ħemrîn* دا باس کراون.

[تێبینی: هەر لە پێوەندی دەگەڵ ئەم ریشانەی سەرەوەدا ریشەیەکی دیکەش دروست بووە کە بریتییە لە ریشەی *kem-* (IE.) "داپۆشین، لێهاڵاندن". گەلێک وشەی کوردمادی کە ئەم چەمکە لە خۆ دەگرن، لەم ریشەوە هاتوون، وەک ↑جامە *came* "جلوبەرگ"، ↑خام xam "پەڕۆ بۆ تیوەپێچان"، ↑شەمڕاندن şemrandın "شاردنەوە" و هتد].

ئاسن asın *[āsın]* - "کانزایەکی رەق": اهن (P.) āhan. خزمە لەگەڵ -ayanh (Av.)، áyas (OIn.) "ئاسن". وشەکانی ئەڤێستایی و هیندی کۆن بە خزم دادەنرێن لەگەڵ ehren (G.)، æren (OE.)، ērīn (OG.) "برۆنزی، لە برۆنز دروستکراو"، ēr (OG.)، aiz (Gt.)، eir (OIs.)، ore (OE.) "بەردی مەعدەن"، a(h)enus (L.)"برۆنزی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *aios- >*** "مس، برۆنز".

[تێبینی 1: فۆتیمی s دە وشە کوردماددییەکەدا بە تەواوی دەگەڵ ریشەکە دەگونجێ. تێبینی 2: هەر لەم پێوەندییەدا چەند وشەیەکی ژێرمەنی دیکەش سەرنج رادەکێشن کە بریتیین لە Eisen (G.)، isan (OG.)، aisarn (Gt.)، iron (E.)، järn (Sw.) "ئاسن". ریشەی ئەم وشە ژێرمانییانە ساخ نەکراوەتەوە و ئاماژە بە چ پێوەندییەک لە تیوان ئەم وشانە و وشەکانی سەرتردا نەکراوە. بەڵام دوور نییە پێوەندییەک لە ئارادا بێ. دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 64) سەبارەت بە ریشەی وشەی "اهن" واتا "ئاسن" ئاماژە بە چەند بۆچوونێکی دیکە کراوە کە لەوە ناچێ گونجاو بن].

ئاسوودە asude *[āsūda]*- "راحەت، حەساوە": ↑حەسانەوە ħesan(ewe) [اسودن āsūdan (P.)] "وچان دان، ئارام گرتن، راحەت بوون".

ئاسۆ aso *[āso]* - "ئەو شوێنە دوورەی ئاسمان و هەرد دەگەنە یەکتری": پێشگری ئا + سۆ so + a. کەرتی ↑سۆ so خۆی بە تەنیاش بەکاردێ و هەم مانای "ئاسۆ" دەدا و هەم مانای "سۆزی، سبەی" و هەمیش مانای "سۆما". چەمکی هاوبەش لە هەمووماناکاندا بریتییە لە "رووناکی". وێ دەچێ لە بنەڕەتدا بە مانای "رووناکی" بووبێ و ئاماژە بەو شوێنە دوورە کرابێ کە یەکەمین یان دواین رووناکایی خۆر لەوێ بەدیار دەکەوێ ودواتر ماناکە بە گشتی بووبێتە ئەو شوێنە رووناکەی کە لە دوور دوورەوە دەبیندرێ، بە وتەیەکی دیکە دوورترین شوێنی رووناک. لەم تێڕوانینەوە پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑سبەی sıbey، ↑سۆزی sozi، ↑سپی *sıpi* و ↑سووتان sutan و هیتر، سەر بە ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە، رووناک بوون".

ئاسۆس asos *[āsos]* - "ناوی چیایەک لە کوردستان": پێک هاتووە لە پێشگری ئا + سۆس sos + a. کەرتی سۆس -sos خزمە دەگەڵ ↑ساسۆن sason و ↑سەکران sekran کە ناوی دوو چیان لە کوردستان. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑*سەق seq* [دە بنەڕەتدا: بە مانای "سەخت"].

ئاسەوار asewar *[āsawar]* - "شوێنەوار": پێک هاتووە لە دوو وشەی ئاس + (ە)وار (e)war + as. ئاس as پێوەندی هەیە بە کرداری ↑هەیە heye [هەس hes دە زاراوەی سنەییدا] و هست hast یان است ast (P.)، سەر بە ریشەی ***(IE.) *es- >*** "بوون". سەبارەت بە کەرتی دووەمی وشەکە دەتوانین ئاماژە بکەین بە بۆچوونی کاک عەلی نانەوازادە دە "فەرهەنگی هەرمان"دا (ل. 82) کە کەرتی "وار"ی بردۆتەوە سەر ↑وار war ی کوردمادی بە مانای "ماڵ" و بەگشتی بە مانای "شوێن و جێگە". لەم تێڕوانینەوە ئاسەوار دەتوانێ بە مانای "شوێنی بوون" بێ. سەبارەت بە کەرتی ئاس as کاک عەلی وشەکانی asah (Av.) "جێگا و شوێن" و هەروەها -as (OIn.) "دانیشتن"ی خستووەتە بەر هەڵسەنگاندن.

ئاسێ ase *[āse]* - "سەخت": ئەم وشەیە بۆ دوو مەبەست لە زمانی کوردمادیدا بەکار دێ، یەکەمیان بۆ کێوی ئاستەم [کێوێکی ئاسێیە]، دووەم بۆ مەبەستی "گیرکردن" [دەستم لەو شتەدا ئاسێ بووە، لە ژوورەکەدا ئاسێ بووین]. وشەکە دەشێ وشەیەکی وەرگیراو بێ و بچێتەوە سەر *عاصي εāsī (Arb.)* "سەرکەش، نافەرمان". رەنگە مانای دووەمی وشەکە دە زمانی کوردمادیدا دە بنەڕەتدا ئاماژە بێ بە "سەرکەش" بوونی ئەو شتە کە گیری کردووە و خۆی رەها ناکا، واتا خۆی بە دەستەوە نادا.

ئاش aş *[šā]* - "شوێنی هارینی گەنم": خزمە لەگەڵ ↑*ئاسمان asman* و ↑هەسان hesan "بەردی تیژ کردن"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەرد" و دە بنەڕەتدا مەبەست "بەری هارین" بووە، واتا بەرد بۆ هارینی دەخڵ و دان. دواتر ماناکە گۆڕاوە بۆ ئەو شوێنە [ئەو ماڵەی] بەردەکەی لێ بووە.

[تێبینی: دە "فەرهەنگی هەرمان"دا (ل. 84) ئەم وشەیە بەراورد کراوە دەگەڵ "ئەشە"ی ئەوێستایی بەمانای ئارد و "ئەسەن"ی فارسی کۆن بە مانای بەرد. هەروەها دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل.23) وشەی اس (اسیاب) ās (P.) بردراوەتەوە سەر ریشەی -ās *ar- "ورد کردن، هارین". بە پێی بۆچوونتیکی دیکە بە دروستی بردراوەتەوە سەر ریشەی *(IE.) *ak- > "تیژ، بەرد" و لەم رێیەوە بە خزم داندراوە لەگەڵ "ئاسمان"].

ئاشاخە aşaxe [āšāxa] - "ئاشغاڵ، بێکەڵک": ئاشاغە aşaġe ش دەگوترێ. خزمە لەگەڵ ↑ئاشغاڵ aşġal.

ئاشتی aştî [šātī] - "تیوان خۆشی، بەرانبەری شەڕ": اشتی aştî (P.). وشەکە لە ئاشت aş(ı)t وەرگیراوە، هاست hast یش دەگوترێ، واتا "تیوانخۆش، تەبا و رەبا". دەشێ پێوەندی بە ↑وەستان westanەوە هەبێ و سەرەتا مەبەست "راوەستاوی، ئارامی، جێگیر بوون" بووبێ. دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا هەر لە ریشەی وەستان و وەستاندنەوە وشە پێک هاتووە بە مانای ئارامی، بێدەنگی [بێ هەرا و کێشە]، بۆ وێنە still (G.) و (E.) "ئارام، بێدەنگَ"، هەروەها لەم تیڕوانینەوە دەبێتە خزمیش لەگەڵ ↑ئاست ast.

[تێبینی: لە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 30) ئاماژە کراوە بە پێوەندی ئەم وشەیە دەگەڵ āxšti- (Av.) "ئارامی، ئاشتی" و بردراوەتەوە سەر ریشەی *(IE.) *ok- > "روانین، دیتن". لەوباوەڕە دام کە دە ژمارەیەکی زۆر لە وشە کۆنەکاندا، وەک ئەوەی ئەڤێستایی فۆتیمی x فۆتیمێکی زێدەیە. ئەم فۆتیمە لەوانەیە بووبێتە h کە دە ژمارەیەک وشەی کوردمادی و فارسیدا خۆی دەبینێتەوە، وەک پاڵەوان، پەهلەوان (فارسی: پهلوان)، پاڵ، (فارسی: پهلو) و هتد].

ئاشغاڵ aşġal [šāġāl] - "زبڵ و زاڵ": اشغال āġšāl (P.). هەروەها ↑ئاشاخە aşaxe یان ئاشاغە aşaġe هەیە بە مانای "بێکەڵک، زبڵ و زاڵ". هەڵی سەنگینە لەگەڵ خاشاک xāšāk (P.) "خاک و خۆڵ، زبڵ و زاڵ". دەشێ خزم بێ لەگەڵ ↑خاش xaş "ورد و خاش" و ↑خاک xak [لە بنەڕەتدا: *(OI.) *āhaka- "ئاخ، خاک"]. بەم پێیە مەبەست لە ئاشغاڵ لە بنەڕەتدا خاک و خۆڵێک بووە کە لەکاتی خاوێن کردنەوە [گەسک لێدان، دابێژتن]دا بەجێ ماوە.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "زبڵ، ئاشغاڵ" و "ورد و خاش" دەتوانین لەگەڵ وشەی ئەڵمانی Müll (G.) "زبڵ، ئاشغاڵ" هەڵی سەنگێتین کە خزمە لەگەڵ mahlen (G.) "هارین، ورد و خاش کردن" و myll (OE.) "تۆز و خۆڵ"].

ئاشک aşk [āšk] - "ورکَ": شێوەیەکی کۆنترە لە ↑سک sık یان زکَ zıg. اشکنبە eşkenbe (P.) "ئاشک، ورکَ " و شکم şêkem (P.) "سک". وشەکە دەبێ سەرەتا بەمانای "ورکَ، گەدە" بووبێ و پاشان بە گشتی مانای "سک"ی لێ کەوتبێتەوە. لەوانەیە خزم بێ لەگەڵ ئەو وشانەی چەمکی "خواردن" دەرەبڕن، بۆ وێنە ↑ئاز az "چێشت".

ئاشکرا aşkıra [āškıra] - "دیار، بەرچاو": اشکار aşkar (P.). لەوانەیە پێک هاتبێ لە ئا [پێشگر] و شکرا -şıkra a. کەرتی شکرا -şıkra جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ schier (G.)، scir (OE.)، skire (OF.)، sheer (E.)، skir (Sw.) "روون، پاک"، skeirs (Gt.) "روون ، ئاشکرا". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *skei-na- > "درەوشانەوە". پێوەندی دوو چەمکی "رووناکی" و "ئاشکرایی" لە وشەکەدا بە باشی دەردەکەوێ، چونکوو ئەم وشەیە لە زمانی کوردمادیدا زۆرجار لەگەڵ "روون" بەکار دێ [روون و ئاشکرا].

[تێبینی: بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 32) وشەکە دەچێتەوە سەر *āviškāra (OI.) و ئەمەش پێک هاتووە لە دوو کەرت کە یەکەمیان سەر بە ریشەی *(IE.) *au- > "تێگەیشتن" و دووەمیشیان پەیوەستە بە کرداری "کردن"].

ئاشنا aşna [āšnā] - "ناسیاو": ئا [پێشگر] + شنا şına + a. کەرتی "شنا" دەچێتەوە سەر کرداری شناسین şınasîn [↑ناسین nasîn].

ئاشووته aşûte *[āšūta]* - "رنوو، شاپه". ئاشیت aşît ش دەگوترێ. دەکرێ بە دوو باردا لێکی بدەینەوە:
1- لەوانەیە پێک هاتبێ لە پێشگری ئا + شووته şûte + a. ئەوسا کەرتی شووته şûte دەبێتە خزم دەگەڵ سودن sudan (P.) و سابیدن sābidan (P.) و دە زمانی کوردمادیدا دەگەڵ ↑سوون sun(ewe) و سووانەوە، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ske-bh-, *ska-bh- >*** ئەم لێکدانەوە زۆرتر رێی تێ دەچێ، چونکوو وشەی "رنوو"ش لە "رنین"ەوە هاتووە و لە باری ماناوە پێوەندی بە چەمکی "سوون، سووانەوە" هەیە.
2- لەوانەشە خزم بێ لەگەڵ ↑ئاژۆتن ajotın "بردنە پیش، دانە پێش خۆ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ag- >*** "ئاژۆتن، دانەپێش، رەپاڵ دان".

ئاشێف aşêf *[āšef]* - "بنکۆڵ کردنی تەڕە و سەوزی بۆ بەهێزکردنی": ئا + شێف şêf + a [پێشگر]. کەرتی شێف şêf خزمە دەگەڵ ↑شێ şê، ↑شۆم şom و ↑شاش şaş.

ئاشێو aşêw *[āšew]* - "ئاژاوە": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئاژاوە ajawe.

ئاغا aġa *[āġā]* - "ئەرباب": وشەیەکی سەر بە زمانی مەغول (Mang.) ییە، بە مانای "کاک، براگەورە"، لە فارسیدا بووەتە اقا āqā (P.). [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.42]

ئاغەڵ aġel *[ġāal]* - "هۆڵەمەڕ": ئا [پێشگر] + غەڵ ġel + a. کەرتی "غەڵ" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑هۆڵ hol.

ئافتاوە aftawe *[āftāwa]* - "مەسینە": افتابە aftabe (P.). ئاف + تاوە af + tawe. کەرتی یەکەم دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑ئاو aw و کەرتی دووەمیش دەشێ هەمان↑ تاوە tawe "دەفر" بێ لە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا. لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە تێکڕا دەبێتە "دەفری ئاو".

ئافراندن afrandın *[āfrāndın]* - "دروست کردن، بەدی هێنان": افریدن āfarīdan (P.) "ئافراندن" و āfrīt (MP.) "بوونەوەر، ئافرێنراو". پێک هاتووە لە ئا [پێشگر] و فراندن a-frandın. لە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل.41) لەم بارەوە دوو لێکدانەوە باس کراوە، یەکەمیان خزم بوونی وشەکە لەگەڵ ↑ئافەرین aferîn و دووەمیان پەیدا بوونی وشەکە لە ریشەی *brī-* "بڕین" *[*a-brī]*. بە گوێرەی تێڕوانینی دووەم کە زۆرتر رێی تێ دەچێ ئافراندن دە بنەڕەتدا مانای بڕین و داتاشینی شتێکی گەیاندووە بۆ فۆرم بەخشین بەو شتە.
[تێبینی1: لە باری پێوەندی دوو چەمکی بڕین یاخود تاشین دەگەڵ ئافراندن دەکرێ taš- "تاشین" و tašan- ی ئەوێستایی "ئافرێنەر" بە نموونە بێنینەوە و یان ئاماژە بکەین بە دوو وشەی ژێرمەنی schaben (G.) "سوونەوە، کەڕاندن، تاشین" و Schöpfer (G.) "ئافرێنەر" کە دە ریشەدا دەگەنەوە یەکتر. تێبینی 2: وشەی عفریتة εafrīta (Arb.) "دێوەزمە" لە āfrīt "بوونەوەر، ئافرێنراو" وەرگیراوە کە دە فارسی ناویندا بەکار هاتووە و دە فارسی ئەمڕۆدا دەبێتە "افریدە"].

ئافرەت afret *[āfrat]* - "ژن، مێینەی مرۆڤ": وشەکە پێک هاتووە لە ئا [پێشگر] و فرەت a- fret.
1- دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ئافەرین aferîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "خۆش ویستن".
2 - هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Frau (G.) "ژن، خاتوون"، frouwa (OG.) "خانم، خاتوون"، *fraw-jon (Gm.)* "ئاغا"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *per- >*** "بەر، پێشەوە". وەک دەبینین وشەکە لە زمانی ئەڵمانی کۆندا بە گشتی بە مانای "ژن" نەبووە، بەڵکوو لەقەبێکی رێز لێنان بە مانای "ئاغاژن" بووە، وەک "مەلاژن"ی خۆمان. دواتر ئەم وشە بەرێزە گشتینراوە و مانای "ژن"ی وەرگرتووە.
[تێبینی1: بە گوێرەی بۆچوونیکیش ئافرەت لە عفریتة εafrīta (Arb.) وەرگیراوە. ئەم وشە عەرەبییەخۆی دەچێتەوە سەر āfrīt (MP.) "بوونەوەر، ئافرێنراو" و پێوەستە بە کرداری ↑ئافراندن afrandın. ئەم بۆچوونە رێی تێ ناچێ. وشەی پیرەک pîrek "ژن" لای کوردانی ئێزیدی باسەکە روونتر دەکاتەوە. ئافرەت a-fret یان پیرەک pîrek لە بنەڕەتدا بە مانای "ژن" نەبووە، بەڵکوو وشەیەک بووە بۆ *بانگَ کردنی* ژن و بە مانای "خۆشەویست(ەکەم)، عەزیز(ەکەم)". لە زمانی ئەڵمانیدا ژن و پیاو

یەکتر بە Liebling بانکَ دەکەن، واتا خۆشەویستە بچکۆلانەکەم، "ئەڤینۆڵ، ئەڤینۆچک". شتێکی دیکەش کە ئەم بۆچوونە پشت راست دەکا، ئەمەیە کە پیاو تەنیا ژنەکەی خۆی وەک "ئافرەت" بانکَ دەکا و ناکرێ ژن و کەسی بێگانە بەم ناوە بانکَ بکا. هیوادارم ئەم روون کردنەوەیە شەڕەوشەی "ژن" و "ئافرەت" لە راگەیاندنەکاندا چارەسەر بکا. تێبینی 2: لە یەکێک لە بەشەکانی زنجیرەوتاری "رەچەڵەکی وشە"دا کە دە پازدە ساڵ لەمەوبەر خوێندمەوە و بە داخەوە ناوی نووسەری بەڕێزیم لە بیر نەماوە، ئاماژە بە پێوەندی "ئافرەت" و Frau ی ئەڵمانی کرابوو].

ئافەت afet [*āfat*] - "نەخۆشی (دەغڵ ودان یان هی مەڕ ومااڵات)": ئا [پێشگر] و فەت a + fet. کەرتی fet شێوەیەکی دیکەیە لە ↑پەتا peta "نەخۆشی". وشەی "ئافەت" لە زمانی عەرەبی وەرنەگیراوە، بە پێچەوانەوە زمانی عەڕەبی لە کوردمادی وەرگرتووە، چونکوو پێشگری ئا -a یەکێک لە پێشگرە چالاکەکانی زمانی کوردمادی و فارسی لە وشەسازیدایە و دە گەلێک وشەدا بەکار هاتووە.

ئافەرین aferîn [*āfarīn*] - "وشەی پەسەند کردن و هان دان": ئا [پێشگر] + فەرین a + ferîn. کەرتی دووەم خزمە لەگەڵ Freund (G.) و feiend (E.) "دۆست، هاواڵ"، frijōn (Gt.) "خۆش ویستن"، Friede(G.) "ئاشتی" [لە بنەڕەتدا: دۆستایەتی، تێوانخۆشی]، priyá-h (OIn.) "خۆشەویست، دڵدار، خێزان [ئافرەت]"، prītí-h (OIn.) "شادی، خۆش بوون"، prijati (Rus.) "لەبار بوون"، سەر بە ریشەی ***prāi- >** *(IE.)* "خۆش ویستن، پەسند کردن، پێ خۆش بوون". لە زمانی کوردمادیدا ↑پیرە pîre ش بە مانای "ئافەرین" بە کار دێ [پیرە! کارێکی باشت کرد]. ئەم وشەیە شێوەیەکی کۆنترە لە"ئافەرین". ↑ئافرەت afret و هەروەها ↑پەری perî "بوونەوەری ئەفسانەیی جوان و هاریکار" پێوەندیان بەم وشانەوە هەیە.

[تێبینی: دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل.42) "افرین" لەپێوەندی دەگەڵ ریشەی ناوبراودا لێکدراوەتەوە].

ئاڤزێم avzem [*āvzem*] - "کویرەکانییەک کە بەهاران دەزێتەوە": ئاڤ [ئاو] + زێم av + zem. کەرتی av شێوەیەکی پێشووتری aw ە لە زمانی کوردمادیدا. کەرتی زێم zem دەچێتەوە سەر یەکێک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑تزان tızan "دەرکەوتن یان کۆ بوونەوەی تەڕایی لە شوێنێکدا". ئەگەر پێوەندی بەم وشەوە بێ، ئەوا فۆنێمی t سواوەتەوە. وێ دەچێ ئەم کرداره بە سوانەوەی فۆنێمی t شێوەی ↑زانەوە zan(ewe) وەرگرتبێ کە ئەمە جیایە لە "زان" بە مانای "بە دونیا هێنان". کاتێک بۆ وێنە دەگوترێ "تەندوورەکەمان زاوەتەوە"، ئەمە چ پێوەندییەکی بە "زان، بە دنیا هێنان"ەوە نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ئاوی تێ *تزاوە*. کرداری "تزان" مانای "کێشان، راکێشان" دەبەخشێ و لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئاو و تەڕایی دەوروبەری راکێشاوە و تێیدا خڕ بۆتەوە.

2- ↑زان zan "بە دنیا هێنانی زارۆک".

ئاقار aqar [*āgār*] - "1- شوێن و جێگە 2- دەوروبەر 3- مەڵبەند و ناوچە": Acker (G.)، acre (E.)، aker (Sw.) "زەوی کشت و کاڵ، مەزرا"، agros (Gr.) "زەوی، مەزرا"، ajra-h (OIn.) "مەزرا، رووبەری هەرد"، ager (L.) "مەزرا"، سەر بە ریشەی ***ag- >** *(IE.)* "ئاژۆتن". مەزرا یان لەوەڕگە ئەو شوێنە بووە کە ئاژەڵیان بەرەو ئەوێ ئاژۆتووە و بەم هۆیەوە ناودێر کراوە.

[تێبینی: پێوەندی نێوان چەمکەکانی "زەوی و هەرد" لەگەڵ "شوێن و جێگە" لە هێندێک وشەی دیکەشدا دەردەکەوێ، بۆ وێنە پاشگری "-ڵان" لە بنەڕەتدا مانای "زەوی" دەدا و کاتێک دەبێتە "بەرەڵان، نەوتەڵان، خێزەڵین..."، ئاماژە بە شوێن و جێگەیەک دەکا کە ئەو شتانەی لێ دەست دەکەوێ].

ئاقت aqıt [*āqıt*] - "دۆشاوی خەستی ترێ": ئاقید aqîd یش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر < عَقَد *εaqada* *(Arb.)* "خەست کردن، دۆشاو گرتن". [بڕوانە فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی، ل. 8].

ئاکار akar *[ākār]* - "ڕەوشت": ئا [پێشگر] + ↑کار kar + a. مەبەست لە ئاکار سەرجەمی "کار و کردەوە"ی مرۆڤ بووە.

[تێبینی: لێرەدا نموونەیەک لە دەوری پێشگری "-ئا" دەبینین. یەکێک لە نەخشەکانی ئەم پێشگرە لە بواری وشەسازیدایە، واتا بۆ ساز کردنی وشەیەکی نوێ. وشەی "کار" کاتێک پێشگرەکە وەردەگرێ، وشەیەکی نوێی لێ بەرهەم دێ و مانایەکی جیاواز دەبەخشێ کە پێوەندی بە مانا کۆنەکەشەوە هەر دەمێنێ. "ئاکار" ئاماژە بە "سەرجەمی کار و کردەوەکان" یان "شێوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت" دەکا].

ئاکام akam *[ākām]* - "ئەنجام": دەشێ پێک هاتبێ لە ئا [پێشگر] + کام kam + a. جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ ↑کاو² kaw "مەیل، حەز، ئارەزوو" [بە کاوەخۆ].

ئاکنجی akıncî *[ākınjī]* - "بنەجێ، نیشتەجێ": بەگوێرەی سەرچاوەیەک دەچێتەوە سەر < *akıncı (Tur.)* "هێرشبەر، تاڵانکەر" [بڕوانە فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی، ل. 3]. ڕوون نەکراوەتەوە کە ئەم مانایە چۆن گۆڕاوە بە "بنەجی".

ئاکرێ akre *[ākre]* - "ناوی شارێکی کوردستان": پێشگری ئا + کرێ kırê + a، خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑کورد *kurd* دا باس کراون، کە ئاماژە بە پتەو و بەهێز بوون دەکەن، وەک ↑خار xar.

ئاگا aga *[āgā]* - "هۆش، زەین": هاگی hagî و های hay یش دەگوترێ [هایدار]. اگاه āgāh (P.). دەشێ خزم بێ لەگەڵ acht (G.) "ئاگا" و achten (G.) "ئاگا لێبوون"، ahta (OG.)، eaht (OE.)، aha (Gt.) "ئاگا".

لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی < ***(IE.)*ok-*** "بیرلێکردنەوە، تێڕوانین".

[تێبینی: بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل.43): **ā-kāθa-* (OI.)، **kāθa-* "ئاگا، سەرنج"، سەر بە ریشەی < ***(IE.)* kek-*** "دیارکەوتن، نیشان دان"].

ئاگر agır *[āgır]* - "ئاور": āzar (P.)، ādur (MP.)، **atr-* (OI.) سەر بە ریشەی < ***(IE.) *ātr-, *āter-*** "ئاگر" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" ل. 12]. دە "فرهنگَ ریشەشناختی"دا وشەی سەر بەم ریشەیە دە زمانەکانی دیکەدا بە میناک نەهێنراوەتەوە. لەوانەیە ئەم ریشەیە خزم بێ یان شێوەیەکی دیکە بێ لە ریشەی ***(IE.) *ēt-r-*** "گەرمی، تین". ↑هەترەش hetreş "هێزی دڵ و دەروون" لەم ریشەوە هاتووە.

ئاڵ al 1 *[āl]* - "لا": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ halb (G.)، half (E.) "نیوە". ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا مانای "لا، ئاڵ"یشی هەبووە. ئەم مانایە دەبێ لێرەوە هاتبێ کە نیوەی شتێک بە لایەکی ئەو شتە داندراوە.

[بەگوێرەی فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی (ل. 4) دەچێتەوە سەر ریشەی ئێرانی کۆنی *(OI.) *arda-* "ئاڵ، نیوە" و خزمە لەگەڵ ardhá (OIn.) "نیوە" و árdha (OIn.) "ئاڵ"].

ئاڵ al 2 *[āl]* - "جندۆکەی زەیستان کوژ": خزمە لەگەڵ Elf (G.)، aelf (OE.) "جندۆکەی بن هەرد". لەبەر چاوی هۆزە ژێرمەنییە کۆنەکان ئەم "گیانلەبەرانە" لە چیا و جەنگەلەکان دەژیان. وشەی alp / alb (OG.) "مۆتەکە" [جندۆکەی شەو؟] هەر لەو پێوەندییە دایە. لە زمانی کوردیدا هەر ئەم وشەیە بە شێوەیەکی دیکە، واتا بە شێوەی ↑هەل hel، مانای "فریشتەی ئاگاداری لە جەنگەڵ" دەدا.

ئاڵ al 3 *[āl]* - "سووڕی کاڵ":

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ریشەی < ***(IE.) *ol-, *el-*** "درەوشاوە، ڕووناک". دە زمانە ئەورووپییەکاندا ناوی هێندێک لە دارەکان دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک Eller (G.)، Ulme (G.) و alnus (L.). ئەم ریشە هیندوئەورووپییە زۆرتر بۆ ڕەنگەکانی سوور و شین بەکار هێندراوە.

2- لە لایەکی دیکەوە لە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 45) ئەم وشەیە لەگەڵ harda- (OI.) "سوور" بەراورد کراوە، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *sor-, *ser-*** "سوور".

3-هەر لەم سەرچاوەیەدا دیسان ئەم وشەیە هەڵسەنگێنراوە لەگەڵ alāta- (OIn.) "خەڵووز"، altāre (L.) "مزگەوت، ئاورگە"، ala (Sw.) "هایسان، بڵێسەدان"، سەر بە ریشەی *(IE.) *al- >* "سووتان". ئەم ریشەیەی دوایی دەبێ دەگەڵ ریشەکانی لەسەرەوە باسکراوی *ol-, *el-* دە بنەڕەتدا هەر یەک بن. وشەی ↑ئار ar "ئاگر" لەوانەیە سەر بەم ریشەیە بێ.

ئاڵ[4] al *[āl]* - "قامکی هەرە درێژ": جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ ↑هەرە here، ↑هەڕەت heret "بەرزی، ئەوج" و هەروەها alt (G.) و old (E.) "پیر" [تەمەن هەڵکشاو]، سەر بە ریشەی *(IE.) *al- >* "هەڵدان، گەورە بوون، بەرز بوون". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کال kal [پیر و کاڵ]، ↑ئاڵا ala "پەرچەم، بەیداخ " [بەرز راگیراو]، ↑هەلاندن helandın "بڵیند کردن"، ↑حەلحەلە ħelħele "تەشقی ئاسمان"، ↑هەلهلین helhılîn "1- زۆر گەیشتن و بڵ بوونی میوە 2- زۆر پیر و کەنەفت بوون" و ↑حەلکی ħelkî "هێژا، بەنرخ" [عالی، بەرز]. وشەی عالي εalī (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

ئاڵ[5] al *[āl]* - "کول بوونی ددان بە ترشی": هەر دوو وشەی "ئاڵ" و ↑کول[4] kul دەشێ دوو شێوە لە یەک وشە بن و خزم بن دەگەڵ ↑کاڵ kal "کەمرەنگ، روناک" و hell (G.). وشە ئەڵمانییەکە مانای "روناک، کاڵ" دەدا و هەروەها "زیرەک، بەهۆش، بە ئاگا". مانای ئاڵ بوون(ەوە) یان کول بوونی ددان بریتییە لە "بەئاگا هاتن"ی ددان. دە دۆخی ئاساییدا مرۆڤ هەست بە ددانەکانی ناکا [ددانەکان بێدەنگ و بێ هەست و خوستن]، بەڵام بە خواردنی شتی زۆر ترش ددانەکان هەست پێ دەکرێن. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *kel-, *kle- >* "بانگ کردن، هەرا کردن، قیژاندن". دە زمانی ئەڵمانی ناویندا hel (MG.) بە مانای "دەنگ بڵیند" و hellen (MG.) بە مانای "دەنگ دانەوە، زرینگانەوە" بەکار هاتوون. مەبەست لە رەنگی کاڵ، روناک و بریقەدار دە بنەڕەتدا ئەوە بووە کە ئەم رەنگە هاوار دەکا، واتا رەنگیکی قیژەکەرە. دە زمانی کوردمادیدا چەمکی هاوار کردن لە پێوەندی دەگەڵ هێندێک جۆری ژان و ئێش بەکار دەهێندرێ و بۆ وێنە دەبێژن "ددانم دەزیرێنێ". هەروەها دە زمانی کوردمادیدا ↑ئاڵە2 ale "پەڵەی دەم وچاوی ژنی زگپڕ" و ↑خاڵ xal پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکەن.

ئاڵا ala *[ālā]* - "پەرچەم، بەیداخ ": دەشێ خزم بێ لەگەڵ ↑ئاڵ al "قامکی هەرە درێژ" و چەندین وشەی دیکە بە مانای "بەرز، بڵیند". ئاڵا شتێکە هەڵدەکرێ و بەرز رادەگیرێ.

ئالاستن alastın *[ālāstın]* - "لێستنەوە": ئالستن alıstın یش دەگوترێ: ئا [پێشگر] و لاستن a-lastın. بڕوانە ↑لێستنەوە lestın(ewe).

ئالاڤ[1] alav *[ālāv]* - "گڕ، بڵێسە": جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ ↑ئاڵ3 al "درەوشاوە".

ئالاڤ[2] alav *[ālāv]* - "ئامێر، دەزگا": وێ دەچێ خزم بێ لەگەڵ ↑ئامێر amer [کۆنتر arme] و ↑هەرمە herme "شان و پیل".

ئالان alan *[ālān]* - "ناوی مەڵبەندێکی کوردستان": ↑ئاران aran "ناوچەی دەشتەکی، گەرمەسێر، گەرمێن".

ئاڵتوون altun *[āltūn]* - "زێر": ئەم وشەیە وەک وشەیەکی تورکی ناوزەد کراوە. بەڵام وشەکە خزمە دەگەڵ یان وەرگیراوە لە golden (G.)، guldīn (OG.)، gylden (OE.) "زێڕین". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑زێڕ zer و دواجار دەگەڵ ↑زەرد *zerd*. وشەکانی yellow (E.)، *hári-h* (OIn.)، helvus (L.) "زەرد" پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

ئاڵشک alışk *[ālıšk]* - "زوقم، خووسار": لەوانەیە پێک هاتبێ لە ئاڵ al(ı) + پاشگری گچکاندنی شک şık. "ئاڵ" جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑گلێرە gıl(l)ere "تەزرە، گلەسەهۆڵ"، سەر بە ریشەی *(IE.)*gel- >* "سارد بوون(ەوە)، بەستن لە سەرمان، پێکەوەنووسان، تۆپەڵە بوون".

[تێبینی: سەبارەت بە گۆڕانی فۆنیمی g لەم وشەیەدا هەڵی سەنگینە لەگەڵ "ئاڵتوون"].

ئالف alıf [*ālıf*] - "گیای لەوەڕ": پێشگری ئا + لف a + lıf. کەرتی سەرەک وشەکە، واتا لف lıf خزمە لەگەڵ ↑لەوەڕ lewer و Laub (G.)، leaf (E.) "گەڵای داران"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "داڕنین، پچڕین" و دە بنەڕەتدا مەبەست داڕنینی گەڵا بۆ لەوەڕ و دەرخوارد دانی ئاژەڵ بووە. ئەم وشەیە چووەتە ناو زمانی عەڕەبی و بووەتە علف εalaf (Arb.).

ئاڵفتە alıfte [*ālıfta*] - "هۆگر، ئاڵوودە": ئالفتن āloftan (P.) "ئاشق، پەریشان، شێواو". وشەکە وەک کردار لە زمانی کوردمادیدا نەماوە و لە زمانی فارسیشدا تەنیا لە فەرهەنگەکاندا بەدی دەکرێ و لە زمانی ڕۆژانەدا بەکار نایە. ئەم وشەیە وشەیەکی ڕەسەنی کوردمادی و فارسییە بە مانای "خۆش ویستن، پێ خۆش بوون". پاشان لەم مانایەوە لە زمانی کوردمادیدا مانای "هۆگر و ئاڵوودە بوون" بە کاریک یان شتێک پەیدا بووە کە لە مانای ئەسلی خۆش ویستن زۆر نیزیکە. دە زمانی فارسیدا مانای پەریشان و شێواو بوون پەیدا بووە کە ئەمەش لە خۆش ویستن وئاشق بوونەوە هاتووە. وشەکە پێک هاتووە لە پێشگری ئا + لۆفتە a + lıfte. بنەوشەی لف -lıf [یان دە فارسیدا -lof] خزمە دەگەڵ lieb (G.)، liob (OG.)، liufs (Gt.)، lief (E.)، ljuv (Sw.) "لەبەردڵان، خۆش ویستراو"، lieben (G.)، love (E.)، ljubit (Rus.) "خۆش ویستن"، libere (L.) "حەز کردن، تاسەکردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *leubh- >*** "خۆش ویستن، حەز کردن، دڵ بۆچوون". [دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 46) وشە فارسییەکە هەر لەم چوارچێوەیەدا شی کراوەتەوە]. لە زمانی کوردمادیدا وشەی "ئاڵوودە بوون" بە مانای هۆگر بوون و خوو گرتن بە شتێک بە کار دێ، وەک ئاڵوودە بوون بە قومار، مەی، جگەرە و هتد. ئەم وشەیە هەمان ئاڵفتە alıfte یە کە گۆڕاوە و بووەتە ↑ئاڵوودە aldue و پێوەندی بە وشەی فارسی ālūde (P.) "پیس بوون"ەوە نییە.

ئاڵقە alqe [*ālqa*] - "خەلەک، بازن": هاڵقە halqe ش دەگوترێ. حلقە halqe (P.). بە ڕواڵەت وێ دەچێ وشەکە لە زمانی عەڕەبی وەرگیرابێ، بەڵام دە ڕاستیدا وشەکە لە زمانی کوردمادی یان فارسییەوە چووەتە ناو زمانی عەڕەبی و پاشان شێوە عەربێندراوەکەی [عەرەبی کراوەکەی] هاتۆتەوە ناو زمانی کوردمادی و فارسی. دوو شێوەی دیکە هەر لەم وشەیە لە زمانی کوردمادیدا بریتین لە ↑خەلەک [خەل + ەک (پاشگر)] xelek [xel + ek]، هەروەها هەلەک helek کە دەبێ شێوەی کۆنتر و ڕەسەنتری وشەکە لە زمانی کوردمادیدا بن و لەوانەشە پێشتر خەلەکە xeleke یان "هەڵەکە heleke" بووبێ. ئەم وشەیە دە زمانی عەڕەبیدا کراوەتە حلقة ħalaqa (Arb.) و پاشان وەک هاڵقە halqe هاتۆتەوە ناو زمانی کوردمادی.

وەک دەزانین پاشگری -ek یان -eke پاشگرێکی چالاکی زمانی کوردماددییە و دە گەلێک وشەدا دەردەکەوێ. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑هاڵان halan [لەدەور هاڵان] و هالە hāle (P.) "خەرمانەی مانکَ، تیشکی دەوری مانکَ".

ئاڵقەزوونە alqezune [*ālqazūna*] - "ئاڵقە و زوونە": ئاڵقە + زوونە alqe + zune. کەرتی زوونە دەشێ هەمان↑ زمان zıman (زوان zuwan) بێ و مەبەست ئەو ئەو ئاسنە درێژووکەی ناو ئاڵقەکەیە کە وەک زمانەیەک دەچێ.

[ئەم وشەیە دە "فەرهەنگی هەرمان"یشدا (ل.117) بەم جۆرە لێک دراوەتەوە].

ئاڵکَ alıg [*ālıg*] - "1- لوو 2- شوینی برین": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ئاڵوو alu "گرێ و خڕایی سەر یان ناو لەش". مانای دووەمی وشەکە لێرەوە پەیدا بووە کە شوێنی برین، ئەگەر برینەکە تا ڕادەیەک قووڵ بێ، لەسەر لەش خڕاییەکی وەک لوو دروست دەکا.

ئالنکَ alnıg [*ālıng*] - "خڕ بوونی بن هەنگڵ": بڕوانە ↑ئاڵکَ alıg "لوو" و هەروەها ↑ئارێنج arenc "خڕ بوونی بن هەنگڵ"، ↑ئاریان aryan "زیبکە و کوان لە لەش هاتن".

ئاڵوو alu [*ālū*] - "بادامەی گەروو، لەوزە": ئاروو arû ش دەگوترێ. جگە لەم وشەیە چەند وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا هەن کە مانای "کوان، زیبکە و دومەڵ" دەبەخشن، وەک ↑ئالنکَ alnıg یان

↑ئارێنج arenc "خڕ بوونی بن هەنگڵ"، ↑ئاریان aryan "زیبکە و کوان لە لەش هاتن"، ئەم وشانەی سەرەوە تێکڕا مانای "خڕ بوون" دەگەیەنن و دەشێ بچنەوە سەر ریشەی < *(IE.)*el-* "چەمان". ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ↑هەڵووچە heluçe [عەلووکە، گچکەئاڵوو].

[تێبینی: دە زمانە هیندوئەرووپییەکاندا ئەو وشانەی مانای "خڕ بوون" دەگەیەنن، دەچنەوە سەر چەند ریشەک و یەک لەوان ئەم ریشەی سەرەوەیە. دەستەیەکی دیکە لەو وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.)*geu-* "چەمانەوە"، وەک گۆ، گوێز، گوێزینکَ، گۆیژە، گۆج، گۆد، گود "خڕ، گرۆڤەر"، گۆک یان گەوک "خونچەی دار"، کۆک و هتد].

ئاڵووباڵوو alubalu *[ālūbālū]* - "بەڵاڵووک": البالو albalu (P.). ئال (وو) + باڵوو al (u) + balu. کەرتە وشەی "باڵوو" دە وشەی "ئاڵووباڵوو"دا خزمە دەگەڵ ↑بۆل bol "دەنکەترێ" و ↑بالۆکە baloke و هتد. هەردووک وشەکە ئاماژە بە خڕایی و گرمۆڵەیی دەکەن. کەرتی یەکەم، واتا ئاڵوو alu پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەیە:

1- ↑ئاڵ al "سوور". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "سوورەباڵوو"، "بۆلی ئاڵ"، "تۆپەڵەی سوور".

2- ↑هەڵووچە heluçe، زەردالو zerdalu (P.) "قەیسی" [دەبنەڕەتدا: ئاڵووی زەرد]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ وشەی ↑ئاڵوو alu "بادامەی گەروو" و ئاماژە بە شتی "خڕ" دەکەن. ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، ئەوا هەردووک کەرتی وشەکە یەک مانا دەبەخشن، وەک لە وشەی "بانگاواز"دا [بانکَ و ئاواز] و چەندین وشەی لەم شێوەیە.

ئاڵوودار aludar *[ālūdār]* - "داری دارەڕا": دە بنەڕەتدا مەبەست "خڕەدار" واتا داری ئوستوانەیی [ئەستوونی] یە، بەپێچەوانەی داری داتاشراوی تەختکراو]. ئەم وشەیە لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی < *(IE.)*el (ei-)* "چەمان" و ببێتە خزم دەگەڵ ↑ئاڵوو alu "بادامەی گەروو ، لەوزە". لە لایەکی دیکەوە ریشەی < *(IE.) *uel-* "سووڕان"یش لەم پێوەندییەدا جێی هەڵسەنگاندنە. لەم بارەوە بڕوانە ↑وورەس wıres "ئاڵوودار".

ئاڵووده alude *[ālūda]* - "خووگرتوو، تێکەڵاو": ئەم وشەیە پێوەندی نییە بە الودە ālūde (P.) "پیس، شتی پیس وێکەوتوو" و الودن ālūdan (P.) "پیس بوون، تێهەڵسووران"، بەڵکوو شێوەی گۆڕدراوی ↑ئاڵفتە alıfte یە بە مانای "هۆگر، خوو گرتوو".

[لەباری ئاڵوگۆڕی فۆنیمەکانی f و u هەڵی سەنگینە دەگەڵ گفتن goftan (P.) و گوتن gutın ی کوردمادی یان جفت ğoft (P.) و جووت cut یان "شفتی" و "شووتی"].

ئالوولە alule *[ālūla]* - "کۆڵانی تەنکَ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ allée "شەقامی نێو داران". ئەم وشە فەرانسییە دە بنەڕەتدا بە مانای "رەوت، پیاسە"یە و دەچێتەوە سەر aller (F.) "ڕۆیشتن" و ئەمەش ریشەی لاتینی هەیە. وشەکوردمادییەکە لەوە دەچێ وەرگیراو بێ.

ئاڵووێر aluwer *[ālūwer]* - " مامەڵە": ئاڵ + وێر al + wer . هەردووک وشەکە لە زمانی تورکی وەرگیراون، "ئال" لە *(Tur.) almaġ* "ستاندن" و "وێر" لە *(Tur.) wermaġ* "دان".

ئاڵۆ alo *[ālo]* - "خاڵۆ": شێوەیەکی دیکە لە خاڵۆ xalo [بڕوانە ↑خاڵ xal]. لەوانەیە شێوەی کۆنتری وشەکە بێ.

ئاڵۆز aloz *[āloz]* - "تێکەڵ پێکەڵ، لێکهاڵاو": هاڵۆز haloz یش دەگوترێ. ئاڵ + ئۆز al + oz. بنەوشەی ئاڵ / al هاڵ hal دەچێتەوە سەر کرداری ↑هاڵان halan [لێکهاڵان]، کەرتی ↑ئۆز oz پاشگرە.

ئاڵۆزان alozan *[ālozān]* - "لێکهاڵان، تێکەڵ پێکەڵ بوون": ئاڵۆزکان alozkan یش دەگوترێ کە تێیدا ناوگری کە k بەدیار دەکەوێ. ئەم ناوگرە وەک ئامرازی جەخت کردن دێتە ئاراوە. [وەک بزرکان، پەشۆکان، خلیسکان، دامرکان و هتد]. هەروەها ئاڵزین alzîn یش دەگوترێ. کردارەکە لە وشەی ↑ئاڵۆز

aloz وەرگیراوە و ئەمیش خۆی پێک هاتووە لە بنەوشەی ئاڵ -al سەر بە کرداری ↑*هاڵان halan* [ئاڵان، لێک ئاڵان] و پاشگری ↑ئۆز oz.

[دە "فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی"دا (ل. 5) وشەی "ئاڵۆز" برداوەتەوە سەر ریشەی سریانی -'l-s (Syr.) "گوشین، پاڵ پێوەنان، تەنگاو کردن". وێ ناچێ ئەم وشەیە وشەیەکی وەرگیراو بێ، پێوەندی وشەکە بە کرداری ئاڵان alan (هاڵان، لێکهاڵان) زۆر ئاشکرایە].

ئاڵۆش aloş *[āloš]* - "خوروو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ئاڵە[1] ale.

ئالها alha *[ālhā]* - "ئارەزوو، تاسە": لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑خولیا xulya.

ئاڵە1 ale *[āla]* - "نەخۆشییەکی پێستە کە لە ناوگەڵ پەیدا دەبێ":

1- لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ: ↑ئاڵکَ alıg "1- لوو 2- شوێنی برین" و ↑ئاڵوو alu "گرێ و خڕایی ناو لەش" و ↑ئاریان aryan "زیبکە و کوان دەردان".

2- دە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا Galle (G.) و gall (E.) بە جۆرێک زیپکە و برین دەگوترێ و دەچنەوە سەر galla (L.) "مازوو". لەوانەشە وشە کوردماددییەکە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

ئاڵە2 ale *[āla]* - "پەڵەی دەم وچاوی ژنی زگپڕ": شێوەیەکی دیکە لە ↑خاڵ xal.

ئالەک alek *[ālak]* - "گوپ، روومەت، گونا": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ↑ئاڵوو alu سەر بە ریشەیەک بە مانای "چەمان، خوار بوون". شیاوی باسە وشەی "گونا"ش دەچێتەوە سەر ریشەیەکی دیکە کە ئەویش هەمان مانا دەبەخشێ.

ئاڵەکۆک alekok *[ālakok]* - "ئەسپینگی بنکدار": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ↑ئاڵوو alu. ↑کۆک kok[2] مانای "ریشە" دەدا و مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "بنخڕ، ریشەی خڕ".

ئاڵەکە *[ālaka]* - "نەخۆشییەکی چاو":

ئالیک alîk *[ālīk]* - "لەوەڕ، تفاق": دە زمانی فارسیدا علیق εalīq (P.) ئەم مانایانەی بۆ کراوە: خۆراک، لەوەڕ، جۆ، دانەوێڵە". پێ دەچێ ئەم وشەیە بە ئەسڵ کوردمادی بێ و خزم بێ دەگەڵ ↑گاڵ gal "هەرزنەتاڵە". لەوانەیە وشەی "ئالیک" دە زمانی عەرەبیدا گۆڕدرابێ بۆ علیق εalīq (Arb.).

ئام am *[ām]* - "مام" [ئامۆژن]. خزمە دەگەڵ یان وەرگیراوە لە عم εam (Arb.) "مام". ام umm (Arb.) "دایک" و Oma (G.) "نەنک" [بە زمانی زارۆک] پێوەندیان بەم وشەوە هەیە.

[تێبینی: ئەو وشانە کە بۆ ناوی کەسوکار بەکار دێن، هێندێک جار ماناکانیان لە زماتیکەوە بۆ زماتیکی دیکە دەگۆڕدرێ. بۆ وێنە "دایک، دایە" دە فارسیدا بووەتە *دایی* "برای دایک". دە زمانی فارسیدا بە دایک دەگوترێ "مام" (یان ماما، مامان) و دەکوردمادیدا "مام" دەبێتە"برای باوک". دە ئینگلیزیدا dad (یان daddy) ناوە بۆ باوک، دە کوردمادیدا "دادە" ناوی خوشکی گەورەیە. دە عەرەبیدا "اب" (ابو) ناوی باوکە، دە کوردمادیدا "ئاپ" (ئاپۆ) ناوێکی دیکە بۆ "مام" ە. دە کوردمادیدا "کوڕ" ناوی زارۆی تیرینەیە، دە ئینگلیزیدا girl زارۆی مێیینەیە. دە کوردمادیدا "نەوە" زارۆی فرزەند"ە، دە ئەڵمانیدا Neffe دەبێتە "کوڕی خوشک، کوڕی برا"].

ئامادە amade *[āmāda]* - "ساز، تەیار": امادە āmāde (P.)، ā-māta- (OI.) سەر بە ریشەی *mā(y)- > "ئەندازە گرتن، پێوان، هەڵسەنگاندن" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" ل. 50]. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی وەک ↑پێوان pewan، ↑مەزەندە mezende، ↑مات mat [هەڵماتین] و ↑مێزاندن *mêzandın* "تەماشا کردن" و هتد. ئەم ریشەیە خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەکی کۆنتری *(IE.) *mē- >* "گەڕان، رێ پێوان، رێگە برین". وشەی ↑مانکَ mang لەم ریشە کۆنەوە هاتووە.

ئاماژە amaje *[āmāža]* - "ئیشارە": پێک هاتووە لە پێشگری ئا + ماژە a + maje. خزمە لەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑مێزاندن mêzandın "تەماشا کردن"دا باس کراون.

ئامال amal [āmāl] - "نیزیک، ویچوو": دەگەڵ ناوی ڕەنگەکان دێ، وەک ئامال سپی، ئامال سوور. خزمە دەگەڵ ↑ئاوال awal "دۆست، یار" یان باشتر بڵێین شێوەی کۆنتری ئەمەیە. ڕەنگی ئامال سپی دەبنەڕەتدا واتا ڕەنگێک کە ئاواڵی ڕەنگی سپییە و لەو دەچێ.

[تێبینی: کاک عەلی نانەوازادەش ئەم وشەیەی ئاوا لێک داوەتەوە (فەرهەنگی هەرمان، ل. 124)].

ئامان aman 1 [āmān] - "قاب و قاچاخ": خزمە لەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑حەمرین ħemrîn دا باس کراون، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەرد". جێی ئاماژەیە کە وشەکانی ↑جام *cam*، ↑هەوەڕ hewer [هەوڕ hewır] "تێربار، دەفری لە سواڵەت": یش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و دە بنەڕەتدا مەبەست قوڕی ڕەقکراو و بەردکراوە.

ئامان aman 2 [āmān] - "پارێزگاری، پارێزراوی" [دە ئامانی خودای دابی واتا خودا بتپارێزێ]. ئەمان eman یش دەگوترێ. [ئەمان لە دەست تۆ واتا لە دەست تۆ پاراستنم دەوێ]. وشەکە لەوانەیە لە عەرەبییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردمادی، بەڵام ریشەکەی بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە و لە immunis (L.) وەرگیراوە بە مانای "ئازاد لە ئەرک، لە باج و خەراج پارێزراو". وشەکە دواتر دە زمانە ئەورووپییەکانیشدا مانای گشتی "پاراستن، پارێزگاری، پارێزراوی" وەرگرتووە. وشەکانی وەک immun و Immunität دە زمانە ئەورووپییەکاندا دەچنەوە سەر ئەو وشە لاتینییە.

ئامانج amanc [āmānj] - "هەدەف، نیشانە، مەبەست": ئارمانج armanc یش دەگوترێ. اماج (P.) āmāj. پێک هاتووە لە پێشگری ئا + ماج a + maj. فۆنێمەکانی r و n لە هەر دوو شێوەی وشە کوردمادییەکەدا زێدەن و خزاونە ناو وشەکەوە. کەرتی "ماج" خزمە لەگەڵ ↑مت mıt، ↑هەڵماتین (hel)maten "مێشێن" [کایەی نیشانە گرتن، هەدەف گرتن]. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑مێزاندن mêzandın "تەماشا کردن".

[تێبینی1: سەبارەت بە زێدەبونی فۆنێمی n دە وشە کوردمادییەکەدا هەڵی سەنگینە لەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر "مەنگوڕ"دا باس کراون. تێبینی 2: زۆر وێ دەچێ کە هەردوو وشەی ارم arm (P.) "نیشانە" و ارمان arman (P.) "هەدەف" لە زمانی فارسیدا وشەی تازە بن کە لە دەیەکانی رابردوودا لە وشەی کوردمادی ئارمانج armanc وەرگیراون].

ئامایی amayî [āmāyī] - "کوێری": دەشێ خزم بێ دەگەڵ hamo (OG.) "تێپێچ، بەرکَ، پۆشش" و Himmel (G.) "ئاسمان" [دەبنەڕەتدا: سەرپۆشی هەرد، تاقی زەوی] سەر بە ریشەی ***(IE.) *kem- >*** "داپۆشین، لێهاڵاندن". ئەم وشانەخزمن دەگەڵ↑جامە *came* و دە پلەیەکی دوورتریشدا خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە لە ژێر ↑ئاسمان asman دا باس کراون. لەم تێڕوانینەوە "ئامایی" واتا داپۆشران یان داپۆشراوی (چاو).

[تێبینی 1: لەباری ماناوە بەرهەڤی بکە دەگەڵ وشەی "کوێر" [کۆر]. تێبینی 2: وەک لەژێر وشەی "ئاسمان" و وشەکانی هاوپێوەندیدا باس کراوە، ئەو وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەرد" و ریشەیەکی دوورتریش بە مانای "تیژ". ئەم وشانە بە گوێرەی فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی DUDEN ی ئەڵمانی خزمایەتی پەیدا دەکەن دەگەڵ ئەو وشانەی سەرەوە و ریشەکەیان بە مانای "داپۆشین". ئەم پێوەندییە دەشێ وەسا شیرۆڤە بکەین کە مرۆڤەکانی کەونارا سەرەتا ئاسمانیان وەک تاقێک یاخود میچێکی بەردین لەبەرچاو گرتبێ کە هەردی داپۆشێوە (وەک تاقی ناو ئەشکەفتێک]. ئا لەم مانایەوە دەشێ پاشان مانای "داپۆشین" سەری هەڵدابێ].

ئامباز ambaz [āmbāz] - ئامبازی یەکتر بوون واتا بەرەویەک چوونی دوو کەس بە مەبەستی یەکتر دە باوەش گرتن. هەروەها "دە ئامێز گرتن" [*ئامبێز ambez*، ئامباز ambaz**] هەیە بە مانای "دە باوەش گرتن". ئام + باز am + baz. ئام am شێوەیەکی دیکەیە لە هام / ↑هاو ham / haw بەمانای "یەکتر". باز baz یش دەبێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑باسک basık "قۆڵ" [بازوو (P.)]. ئامباز بوون یان دە ئامێز گرتن دە بنەڕەتدا بە مانای لێهاڵاندنی باسکەکان لە دەوری کەسێک بووە.

[لە باری ماناوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ umarmen (G.) "دە ئامێز گرتن" کە لە وشەی Arm (G.) "باسک" وەرگیراوە].

ئامراز amraz *[āmrāz]* - "ئامێر، دەزگا":

1- لەوانەیە گۆڕدراوی وشەی پارسی ابزار abzār (P.) بێ، دەکوردیدا دەبێتە ↑هەوجار hewcar.

2- یان لەوانەیە پێک هاتبێ لە دوو بەشی ئامر + ئاز amır + az. کەرتی یەکەم دەشێ شێویەکی دیکە بێ لە ↑ئامێر amer یان ئامور amur. کەرتی یەکەم، واتا ئاز az-، لەوانەیە ئەک ek- بووبێ کە هەم پاشگری گچکاندنە و هەم پاشگری دروست کردنی ناوی شتومەک وەک خەڕەک، دەستەک، دۆشەک [دۆشەکَ] وهتد.

ئامک amık *[āmık]* - "پوور": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئامە ame "دایک".

ئامور amur *[āmūr]* - "هەوجار، ئامێری کێڵان": خزمە دەگەڵ↑ئامێر amer. دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑هەرمە herme "شان و پیل" [جێگۆڕکێی فۆتیمی r].

ئامووشو amûşo *[āmūšo]* - "هاتوچۆ": ↑هامووشو hamûşo ش دەگوترێ. ئام am + u + شۆ şo. شێوەیەکی کۆنترە لە هاتوچۆ hatuço، [بڕوانە ↑هاتن hatın و ↑چوون çun].

ئامۆژگاری amojgarî *[āmožgarī]* - "ڕێنوێنی، فێرکاری": اموزگار āmūzgār (P.) "مامۆستا، فێرکار"، سەر بە کرداری اموختن āmūxtan (P.) "فیر بوون، فێر کردن" [بنەوشەکە دە فارسیدا اموز -āmūz ە]. دە زمانی کوردمادیدا کرداری سەر بەم بنەوشەیە بە چەند شێوەی ↑هەڤۆتن hevotın، ↑هەوسین hewsîn، ↑هۆژان hojan دەبیندرێ. وشەکە دەبێ دە زمانی کوردمادیشدا سەرەتا ئامۆژین *amojîn* بووبێ و پاشان ئەو شێوانەی دیکەی لێ پەیدا بووبێ. بنجی "ئامۆژ" خۆی پێک هاتووە لە ئا [پێشگر] + مۆژ moj + a. کەرتی مۆژ moj لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ music "مۆسیقا" دە زمانە ئەورووپییەکاندا. وشەی music ریشەی یونانی هەیە و دە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر moūsa (Gr.) "هونەر، زانیاری، پەروەردەکاری ورد و ناسک". ئەم وشە یۆنانییە دەبنەڕەتدا ناوی خواژنێکی پارێزەری هونەر یاخود زانستە جوانەکان بووە. وشەی ↑مۆزە moze [مۆزەخانە] ش کە لە زمانە ئەورووپییەکانەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردمادی، هەر سەر بەو ریشە یۆنانییە.

[دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 54) وشەکە بردراوەتەوە سەر یەکێک لە دوو ریشەی *mauk-* "شل کردن، بەردان" یان *auk-* "ئاخافتن، قسە کردن"].

ئامە ame *[āma]* - "دایک": خزمە دەگەڵ Oma (G.) "داپیرە، نەنک" [بە زمانی زارۆک] و هەروەها ام umm (Arb.) "دایک" وعم εamm (Arb.) "مام". دە زمانی کوردمادیدا ئامۆ amo بە مانای "مامۆ" و ↑ئامک amık بەمانای "پوور" یش هەن. لەوانەیە ئەم دوو وشەیە لە عم-ی عەرەبی وەرگیرابن و لەوانەشە پێوەندییان بە ئامە "دایک"ەوە هەبێ کە وێ دەچێ وشەیەکی سەربەخۆ ی کوردمادی بێ.

[تێبینی: ناوی کەسوکار (کەسانی سەر بە بنەماڵە) زۆرجار لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە یان هەر لەناو خودی زمانێکدا گۆڕانیان بەسەردادێ، بۆ وێنە دە کوردمادیدا "دایە" هەیە و هەر ئەم وشەیە دە فارسیدا دەبێتە "دایی" بەمانای خاڵ. وشەی "خاڵ" واتا برای دایک، دە فارسیدا دەبێتە "خالە" بە مانای خوشکی دایک. "مام" دە زۆربەی زمانە هیندوئەورووپییەکاندا مانای "دایک" دەدا، کەچی دە کوردمادیدا بۆ برای باوک بە کاردێ. "دادە" دە کوریدا دەبێتە خوشکە گەورە، کەچی dad دە ئینگلیزیدا بۆ "باوک" بەکاردەهێنرێ].

ئامەد amed *[āmad]* - "شاری هەرە مەزن لە باکووری کوردستان": ئامێد amed یش دەگوترێ. ناوێکی کۆنە، دە ویکیپێدیا بە زمانی ئەڵمانیدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم ناوە لە سەرچاوە و زمانە کۆنەکاندا بەکار هاتووە. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە ئەگەرچی کوردکان خۆیان ئەم ناوە بە ناوی "ماد"ەوە گرێ دەدنەوە، بەڵام پێوەندی ئێتیمۆلۆژیک لەتیوان ئەم دوو وشەیەدا لە ئارادا نییە. وەک لە چەند

جێگای دیکە لەم فەرهەنگەدا و لە پێوەندی دەگەڵ چەندین وشەی دیکەشدا باس کراوە، بە داخەوە زۆرێک لە لێکۆڵەرە ئەورووپییەکان، کاتێک باس دێتە سەر کورد، ئیتر ئەخلاق و زانست لەبیر دەبەنەوە و دەبنە کاسەی داغتر لە ئاش بۆ داگیرکەرانی کوردستان. ئەوان لەپێناو بەرژەوەندییە ئابوورییە قرێژەکان و لەژێر کارتێکەری شۆڤینیزمی داگیرکەرانی کوردستاندا زۆرێک لە باس و خواسەکانی پێوەندیدار بە کورد و کوردستان وەها چەواشە دەکەن کە کورد دەستی لە هەنبانە دەر بچێ و چی بەر نەکەوێ. نووسەرانی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ بەڵگە، شیمانە یان گریمانەیەکی دیکە لەسەر وشەی "ئامەد" بکەن، پێوەندی ئەم وشەیە بە "ماد" رەت دەکەنەوە! ئێمە لەو لێکۆڵەرە ویژدان مردووانە دەپرسین، ئەگەر ناوی "ئامەد" لە "ماد"ەوە نەهاتووە، ئەی لە کوێرا هاتووە؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ بۆچوونێک رەت بکاتەوە، بێ ئەوەی بە بەڵگەوە یان لانی کەم بە شیمانە و گریمانەیەکی بەهێز بۆچوونێکی دیکە بخاتە روو؟ بە پێچەوانەی بۆچوونی دژەکوردی ئەو لێکۆڵەرانە، وشەی ئامەد [ئامێد] وشەیەکی سەر بە زمانی مادە و ئەم وشەیە لە شوێنانی دیکەش لە کوردستان بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە شاری ئامێدی amedî لە باشووری کوردستان و گوندی ئامێد amed لە تیوان مەهاباد - سەردەشت. هەروەها بەشیمانەیەکی بەهێز ناوی شارەکانی ئامووده amude لە رۆژئاوای کوردستان و هەمەدان hemedan "پێتەختی ماد" پێوەندییان بە "ماد"ەوە هەیە. وشەی ئامەد amed [ئامێد amed] لە دوو کەرت پێک هاتووە: پێشگری ئا + مەد/ مێد a + med/ med. پێشگری ↑ئا² -a یەکێک لە پێشگرە کۆنەکانی زمانی کوردمادییە کە لە دەیان وشەی کوردمادی و فارسیدا بەرچاو دەکەوێ، وەک ئاشنا aşına (ئا- شنا، سەر بە کرداری ناسین، شناسین)، ئاژەڵ ajel (ئا- ژەڵ، سەر بە کرداری ژین)، ئاخوڕ axur (ئا- خوڕ، سەر بە کرداری خواردن)، ئالاستن alastın(ئا- لاستن، شێوەیەکی دیکە لە لێستنەوە)، ئاواڵە awale (ئا- واڵە، شێوەیەکی دیکە لە والا، ڤالا)، ئاواز awaz (ئا- واز، خزمە دەگەڵ وشە، وێژە، بێژتن) و هەروەها گەلێک وشەی دیکە کە لە ژێر پیتی a لەم فەرهەنگەدا هاتوون. ئەم شێوە داڕشتنە لە ناوی شار و ناوچەکانی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە ئاکرێ akre [ئا- کرێ a- kre]. بنجی ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑خار xar "سەخت، پتەو" و هەروەها ↑کورد kurd. وشەی "ئاکرێ" خۆی خزمە دەگەڵ هەکاری hekarî و لەوانەیە پێشتر یەک وشە بووبن [هە- کاری he- karî]. گومان لەوەدا نییە، بێتوو چاوێک بە ناوی شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان و هەروەها "ئێران"ی ئەمڕودا بخشێنین، دەتوانین چەندین ناوی دیکەش لە چەشنی ئەو ناوانەی سەرەوە بدۆزینەوە.

ئامێر amer *[āmer]* - "ئامراز": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ئامووڕ amur "ئامرازی کێڵان" و خزمە لەگەڵ ↑هەرمە *herme* "شان و پیل".

[تێبینی: دە زمانی فارسیشدا وشەی ابزار ebzar (P.) "ئامراز، ئامێر" خزمە دەگەڵ هەوجارِ hewcar ی کوردمادی کە ئەویش مانای ئامووڕ دەدا].

ئامێز amez *[āmez]* - "باوەش": خزمە دەگەڵ ↑ئامباز ambaz.

ئامێژە ameje *[āmeža]* - "هەوێن، ئامیان": شێوەیەکی دیکە لە↑ ئامیان amyan. خزمە دەگەڵ ↑*ئامێتە amete*.

ئان an *[ān]* - "دەم، وەخت": حان ħan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑هەنووکە henuke.

ئانادۆڵ anadol *[ānādol]* - وشەیەکی یۆنانییە: < *(Gr.) anatole* "خۆرهەڵات".

ئانقەست anqest *[ānqast]* - بە ئانقەست واتا بە مەبەست، لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە: < *عن قصد (Arb.) εan qasd*.

ئانگژ angıj *[āngıž]* - "گژ": ئانگژا بوون واتا بەگژدا چوون. ئا [پێشگر] + ن [ناوگر] + گژ gıj + a + n.
وەک دەبینین وشەکە هەر↑ گژ gıj ە کە پێشگری ئا a ی وەرگرتووە و دەنگی n یشی وەک ناوگر تێ

کەوتووە. فۆتیمی n زۆرجار دەکەوێتە ناو وشەکان، لەنێوان بزوێنی ئا a و ئە e و هێندێک فۆنێمی وەک کَ g، ج c دا، بۆ وێنە تاج / تانج، گاو/ هەنگاو، جنین/ ئەنجنین و هتد.

ئانی anî *[ānī]* - "هەنێ، نێوچاوان"↑هەنێ henê.

ئانیسک anîsk *[ānīsk]* - ↑هەنیسک henîsk.

ئانیشک anîşk *[ānīšk]* - "شوێنی چەمانەوەی باسک": ارنج āranj (.P). دە زمانی کوردمادیدا پێشتر ئارنیشک arnîşk بووە، بەڵام دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا r سواوەتەوە .خزمە دەگەڵ Elle (.G)، elina (.OG)، eleina (.Gt)، ell (.E)، eln (.Sw)، گشتیان بەمانای " لای خوارەوەی قۆڵ، لە ئانیشک بە خوارەوە". دە هێندێک لە زمانەکاندا هەر بە مانای "ئانیشک" دێ، وەک ulna (.L)، ōlena (.Gr)، aratni-h (.OIn). دە زمانی ئیرلەندی کۆندا uile (.OIr) بە مانای "گۆشە" هاتووە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *el (ei)- >*** "چەمانەوە".

ئانین anîn *[ānīn]* - "هێنان": هانین hanîn و ↑هێنان henan یش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ nay- (.OP) و (.Av) "بەرێوە بردن، ئاژۆتن"، nīdan (.MP) و ānīdan (.MP) "ئانین، هێنان". [بڕوانە فەرهەنگا کورمانجی - ئینگلیزی، ل. 6]. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە کرداری ↑شاندن şandın "هەناردن"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "رۆیشتن، گەڕان، ئاژوان". کرداری ↑هەناردن henardın یش لەوانەیە هەر لەم ریشەوە هاتبێ.

ئاو aw 1 *[āw]* - "تراوی ژیانبەخش": اب āb (.P)، āp (.OP)، āp (.Av)، āp (.OIn) "ئاو"، ape (.OPr) "چەم، رووبار"، apus (.OPr) "کانیاو"، upe (.Let) "ئاو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ap- >*** "ئاو" [بڕوانە فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 1].

ئاو aw 2 *[āw]* - "پێشگری هاوبەشی": ↑هاو haw.

ئاو awa 1 *[āwā]* - "بەم جۆرە، وەسا": ئا [پێشگر] + وا wa + a. وشەکە بە بێ پێشگریش مانای خۆی دەبەخشێ [بڕوانە ↑وا wa].

ئاو awa 2 *[āwā]* - "ون، دوور": [ئاوا بوون واتا دوور بوونەوە، لەبەر چاو ون بوون]. دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑حەپوو ḥepû [وشەیەکە بە مانای "نەما، تەواو بوو" دە زمانی زارۆکدا]، ↑ئەودال ewdal، ↑ئاواق awaq "1- خانووی چۆلکراو و بێ ئاوەدانی 2- چۆلگە، بیابان"، ئاوزینکَ awzîng "ئاویلکە، دەمی مەرکَ، دەمی ئاوا بوونی ژیان"،↑ئاویلکە awîlke و↑ئاودیو awdîw "لەبەر چاو ون، بزر"، ↑ئاوەکی aweki "ئاژەڵێک کە لە مێگەلەکەی تەرە بووبێ و چووبێتە ناو مێگەلێکی دیکەوە". جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- پرێپۆزیسیۆن و ئاوەڵکرداری ab (.G)، aba (.OG)، af (.Gt)، off و of (.E)، av (.Sw)، apo (.Gt)، ab (.L)، apa (.OIn) و هتد. [ئاوا بوونی خۆر هەڵ سەنگینە دەگەڵ off ی ئینگلیزی بە مانای "کووژانەوە"]. ئەم وشانە گشتیان ئاماژە بە "دوور بوونەوە، ون بوون" دەکەن. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*apo- >*** "لە، دوور، ئاوا".

2- ریشەی ***(IE.)*au-, *aue- >*** "دووربوونەوە لە، بەرەو پێش".

ئاو awa 3 *[āwā]* - "ئاوەدان، شوێنێکی پڕ لە مروڤ": ئەم وشەیە دە کوردمادی و فارسیدا وەک پاشگر دەگەڵ ناوی گەلێک لە گوندەکاندا دێ وەک قازی ئاوا، سەیداوا، شیلاناوێ [ئاوا ← ئاوێ]. اباد ābād (.P).

1- بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 1) دەچێتەوە سەر ریشەی *(OI.) *ā- pāta-* "ئاگا لێ بوو، پارێزراو"، سەر بە ریشەی ***pā(y)- >*** "ئاگا لێبوون، چاوەدێری کردن". سەبارەت بەم ریشەیە بڕوانە پاشگری ↑وان wan- [ڤان van-].

2- لە لایەکی دیکەوە دەکرێ دەگەڵ habito (L.) "ئاوا کردن، ئاوەدان کردنەوە" هەڵیسەنگینین.

ئاوات awat *[āwāt]* - "ئومێد ، ئارەزوو": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئومێد umed و ↑*هیوا hîwa* [هێڤی hevî].
ئەم سێ وشانە دەبنچینەدا هەر یەک وشە بوون.

ئاوارتن awartın *[āwārtın]* - "هەڵاواردن، جیا کردنەوە": [هەڵ] ئاواردن awardın [hel] یش دەگوترێ.
ئا [پێشگر] + وارتن wartın + a. بنەوشەی وار -war خزمە دەگەڵ wählen (G.)، wellan (OG.)، waljan (Gt.)، välja (Sw.) "هەڵبژاردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uel- , *wel- >*** "ویستن، هەڵبژاردن". ئاشکرایە چەمکەکانی هەڵاواردن و هەڵبژاردن لەرووی ناوەرۆکەوە هەر یەک مانایان هەیە کە بریتییە لە "جیا کردنەوە".

ئاوارە aware *[āwāra]* - "وێڵ، هەڵوەدا، سەرگەردان": اوارە āvāre (P.). بە دوو جۆر دەکرێ لێکی بدەینەوە:

1-دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ↑ ئاوا[2] awa "دوور، ون".

2- لەوانەشە پێک هاتبێ لە ئا [پێشگر] + وارە ware + a. ئەگەر ئەمە راست بێ، کەرتی وارە ware پێوەندی پەیدا دەکا بە گەلێک وشەی وەک ↑وڕ wır، ↑وێڕ wer، ↑فڕ fır، ↑فڕفڕە fırfıre و↑ *وەرانین weranîn*. ئەم وشانە گشتیان چەمکی "سووڕان، خولانەوە" دەردەبڕن. لەم تێڕوانینەوە "ئاوارە" واتا مرۆڤێک کە بەم لا و ئەو لادا دەسووڕێتەوە [سەرگردان، بێ ماڵ و حاڵ، وێڵ. وشەی "وێڵ"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سووڕان(ەوە)].

ئاواز awaz *[āwāz]* - "گورانی، ئاهەنگ": اواز āvāz (P.). ئا [پێشگر] + واز waz + a. کەرتی واز waz خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑وشە wışe، ↑وێژە weje و ↑بێژتن bejtın "قسەکردن". ئەم وشانە لە ریشەیەکەوە هاتوون بە مانای "دەنگ، هەرا، قسە کردن" کە بریتییە لە ریشەی ***(IE.) *uek- >*** "قسەکردن".

ئاواق awaq *[āwāq]* - "1- خانووی چۆلکراو و بێ ئاوەدانی 2- چۆلگە، بیابان": پێک هاتووە لە ئاوا + (ە) ک [پاشگر] k (e) + awa. پاشگرەکە دواتر گۆڕاوە بە ق q. کەرتی ئاوا awa دەچێتەوە سەر↑ ئاوا[2] بوون awa بە مانای "دوور بوونەوە، بزر بوون". لەم تێڕوانینەوە ئاواق دەبێتە ئەو خانوویە کە مرۆڤ بەجێی هێشتووە و ئاوەدانی تێدا بەدی ناکرێ یاخود شوێنی دوورەدەست و جیا لە ئاوەدانی، واتا چۆلگە و بیابان.

ئاوال awal *[āwāl]* - "دۆست، هاوڕێ": هاوال hawal و هەڤال heval یش دە گوترێن. ئاو/ هاو + ئال al + aw / haw. کەرتی ئال al بە گوێرەی "فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی" (ل. 244) خزمە دەگەڵ arθa (Av.) "مەبەست، ئامانج" و تێکرای وشەکە مانای "هاوئامانج" دەدا. ئەم کەرتەوشەیە هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ↑ئال al "لا، جیهەت" [< *(OI.) * arda-* "ئاڵ". بە پێی "فەرهەنگی هەرمان" (ل. 148) شێوەیەکی دیکەیە لە یار yar "دۆست" و تێکڕای وشەکە دەبێتە "یاری یەکتر".

ئاوانتە awante *[āwānta]* - "1- مفتە 2- فێڵ و گزی": هاوانتە hawante ش دەگوترێ. وشەیەکی ئەوروپییە کە دەچێتەوە سەر avantage (OF.) "بەرژەوەندی، قان، ئیمتیاز". وەک دەبینرێ لە زمانی کوردمادیدا چەمکی "ئیمتیاز" بە دروستی پێوەندی بە چەمکی فێڵ و مفتەخۆری و گەندەڵییەوە پەیدا کردووە.

ئاودیو awdîw *[āwdīw]* - ئاودیو بوون واتا لەبەرچاو ون بوون. ئاو + دیو dîw + aw. کەرتی ئاو aw شێوەیەکی دیکەیە لە↑ ئاوا[2] awa [ئاوا بوون واتا ون بوون، دوور بوونەوە]، کەرتی دیو dîw دەچێتەوە سەر کرداری ↑دیتن dîtın، تێکڕای وشەکە دەبێتە "لەبەرچاو نەماو، لەبەر دید ون". ئەم وشەیە چ پێوەندییەکی بە وشەی "دیو" بە مانای "هۆدە، وەتاخ"ەوە نییە و جیاوازە لە وشەی "ئەودیو".

ئاور awır *[āwır]* - "ئاگر": وشەکە پێوەندی بە "ئاگر" [کۆنتر: ئاتر]ەوە نییە. دە زمانی پەهلەویدا خڤەر xvar (Pl.) هەبووە بە مانای "ئاگر". ئەم وشە پەهلەوییە خزمە دەگەڵ "ئاور" و پێوەندییان هەیە بە ↑هووری hurî [خووری xurî] "ناوی گەلێکی دێرین لەسەر خاکی کوردستانی ئەمڕۆ"، ↑ئەهوورا ehura [e-hura]و هەروەها ↑خۆر xor "هەتاو".

ئاوڕ awır *[āwır]* - ئاوڕ دانەوە واتا "بۆ پاشەوە روانین". ئا [پێشگر] + وڕ a + wır. وڕ wır خزمە دەگەڵ ↑وڕwır "گێژ"، ↑فڕ fır "مووی هەڵگەڕاوە"، ↑فڕفڕە fırfıre "لەیستۆکی بسووڕ" و ↑وەڕانین weranîn"لێهاڵاندن". ئەم وشانە هەموو ئاماژە بە "سووڕان(ەوە)" دەکەن. بەم جۆرە ئاوڕ دانەوە دەبێتە سووڕاندنەوە و گەڕاندنەوە (ی نیگا).

ئاورا awra *[āwrā]* - "برسی": وێ دەچێ پێک هاتبێ لە ئا [پێشگر] + ورا a + wıra. کەرتی ورا wıra دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑برسی bırsî [wırsî ← wıra ← awra]

ئاوریشم awrîşım *[āwrīšım]* - ابریشم abrīšam (P.) > *raiš-/ rais- (OI.) > * upa- raiš(a)ma- (IE.) *reik- > "رستن، هۆنینەوە" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.71]. لەم تێروانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رستن rıstın، ↑رەشمە reşme، ↑رەشکە reşke "تۆری کا کێشان" و هتد.

ئاوزان awzan *[āwzān]* - "تێگەیشتن، فام کردن": ئاوزین awzîn و ئاوەزین awezîn یش دەگوترێ. ↑ئاوەز awez "ئەقڵ، ژیری".

ئاوزەنگی awzengî *[āwzangī]* - "زەنگۆ، رکێف": ئاو aw + زەنگی zengî. پێشگری ئاو aw پێشگرێکی وشەسازییە کە پێشتر بە فراوانی لە زمانی کوردمادی و فارسیدا بەکار هاتووە و تێستاش لە ژمارەیەک وشەدا بەدی دەکرێ. لە زمانی کوردمادیدا شێوەکەی زۆرتر بۆ هەو -hew گۆڕاوە، وەک لەم وشانەدا: هەوجاڕ، هەوراز، هەوسار، هەوشار. لە زمانی فارسیدا وەک -af ماوەتە: افسار، افزار [بووەتە ابزار و خزمە لەگەڵ هەوجاڕ]، افروختن، فراز [پێشتر: افراز و خزمە لەگەڵ هەوراز]، افشار و هتد. کەرتی زەنگی zengî شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زەنگۆ zengo یان زەنگوو zengu. خزمە دەگەڵ ↑زەنگی zengî یان ↑زەنگە zenge بەمانای "گوێزینکَ، تیوان زرانی و پا" و هەروەها ↑زەنگاڵ zengal "بەلەک پێچ". رکێف یان زەنگوو ئەو شتەیە کە لەو شوێنەی لاق جێ دەگرێ. لەباری وشەسازییەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ افسر (P.) "تاج" [لە بنەڕەتدا: ئەو شتەی دە سەر دەکرێ]. لەم وشانەشدا هەمان پێشگر دەور دەبینێ.

[تێبینی: بە گوێرەی "فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی" (ل. 688) وشەکە دە تورکیدا üzengi (Tur.) یە و ریشەی مەغوولی هەیە. ئەم بۆچوونە جێگەی گومانە، چونکوو پێوەندی زەنگوو (زەنگۆ، ئاوزەنگی) بەم وشانەی سەرەوە و چەندین وشەی دیکەی زمانی کوردی روون و ئاشکرایە].

ئاوزینکَ awzîng *[āwzīng]* - "ئاویلکە، دەمی مەرکَ": ئاوەزینکَ awezîng یش دەگوترێ. ئاو(ە) + زینکَ zîng + aw(e). کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر ↑ئاو2 awa "دوور، ون، بزر". کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر کرداری ↑ژین jîn. تێکڕا مانای وشەکە دەبێتە ئەو دەمە کە ژیان ئاوا دەبێ واتا زیندەگی دوایی دێ. کەرتی ئاوا awa دە وشەی ↑ئاویلکە awîlke شدا دەردەکەوێ و لەوێشدا هەر ئەم مانایە دەگەیەنێ.

ئاوس awıs *[āwıs]* - "زگپڕ": ابستن ābestan (P.). بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل.4) دەچێتەوە سەر *ā- puça- tanū- (OI.) "هەڵگری لەشی کوڕ، بێچوو لە سکدا هەڵگر". هەڵی سەنگینە دەگەڵ a-puθra- (Av.) "ئاوس، دوو گیان" و puça- (Av.) "کوڕ، پس". ئەم تێڕوانینە، واتا بردنەوەی وشەکە بۆ سەر وشەی "پس" و گرێ دانی بە بێچوو رێی تێ دەچێ، بەڵام دانانی وشەی tanū"تەن، لەش" دە ریشە کۆنەکەدا لە جێی خۆی نییە. هەر وەک لە فەرهەنگی ناوبراو دەردەکەوێ، وشەکە دە چەندین زماندا بە فۆتیمی s کۆتایی دێ و کەرتی ten- دە وشەی فارسی ابستن abesten (P.)دا

دەبێ پاشگری بە چاوکێ کردن بووبێ و چ پێوەندییەکی بە -tanū "تەن"ەوە نییە. بە وتەیەکی دیکە وشەی فارسی ابستن abesten (P.) دەبێ دە ئەسڵدا چاوکێ بووبێ بە مانای "ئاوس بوون" و دواتر ماناکەی گۆڕابێ بۆ ئاوەڵناو. وشەی ābusīdan (MP.) "ئاوس بوون" ئەو بۆچوونە پشتراست دەکا.

[تێبینی: وشەی "ابستن" دەبێ دە بنەڕەتدا چاوگێک بووبێ، وەک گرفتن، شناختن، تاختن، باختن، خفتن دە زمانی فارسیدا و گەستن، مشتن، خەوتن، دیتن و هیتر دە زمانی کوردمادیدا. دە هەموو ئەم وشانەدا فۆتیمی t وەک نیشانە یان ئامرازی چاوکێ بەکار هاتووە. ئەم فۆتیمە دە هەر دوو زمانی کوردمادی و فارسیدا دواتر دە ژمارەیەک لە چاوگەکاندا بووەتە d، وەک دیدن، گزیدن، مکیدن، خوابیدن (فارسی) یان هەڵاواردن، بژاردن، وەشاردن (کوردمادی). لە هێندێک لە چاوگەکاندا هەر دوو شێوە بەکار دەهێنرێن، وەک "تافتن، تابیدن"، "خفتن، خوابیدن"، "شنفتن، شنیدن"، "رفتن، روبیدن" و هتد].

ئاوسان awsan *[awsān]* - "هەڵمسان، ئەستووربوون": پێشگری ئا a + وسان wısan. ↑ماسین masîn و هەڵمسان helmısan یش دەگوترێ. اماسیدن āmāsden (P.).

ئاوقا awqa *[āwġā]* - ئاوقە awqe ش دەگوترێ. ئاوقا بوون واتا "تێکەوە گلان، تێکبەزین، دەست بە یەخەبوون". هەروەها عەوق ɛewq [ئەوق ewq] هەیە بە مانای "قەتیس، دە گیر کەوتوو". مامۆستا زەبیحی "ئاوقا"ی بردۆتەوە سەر "قەد" (قامووسی زەبیحی، بەرگی1، ل. 89). کاک عەلی نانەوازادە بردوویەتییەوە سەر یەقە (ئەخە) و وای داناوە کە دە ئەسڵدا "ئاوئەقە" بووە (فەرهەنگی هەرمان، ل. 162). ئەگەرچی بۆچوونەکەی کاک عەلی سەبارەت بە پێوەندی وشەکە بە "یەخە" لە جێی خۆیدایە، بەڵام وێ ناچێ وشەکە دە ئەسڵدا "ئاوئەقە" یان "هاوئەخە"بووبێ، چونکوو "هاویەخە" بوون مانای "دەست بە یەخە بوون" نادا. ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە ↑یەخە yexe وە و دەچێتەوە سەرریشەی ***(IE.) *iugo- >*** "لێکبەستن، تێکخستن". لەم مانایەوە بە هاسانی دەتواندرێ مانای "تێکبەزین، یەکترگرتن [بۆشەڕ]" پەیدا ببێ. دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ئەوک ewık "بەرۆک، یەخە" و چەند وشەیەکی دیکە.

ئاوڵ awıl *[āwıl]* - "دۆڵی چکۆڵە": ئا [پێشگر] + وڵ wıl + a.

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ hohl (G.) "قووپاو، ناوبۆش، هەڵۆڵ"، hole (E.) "کون و کەلێن"، Höhle (G.) "ئەشکەفت"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *kel- >*** "داپۆشان، لێهاڵان". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ↑ هەڵۆڵ helol،↑کلۆرkılor، ↑قالۆر qalor، ↑هۆڵ hol و چەندین وشەی دیکە.

2- لە لایەکی دیکەوە کەرتی wıl هەڵسەنگینە دەگەڵ vallis (L.) "دۆڵ".

ئاوڵە awle *[āwla]* - "خورویکە": ابلە āble (P.). ئا [پێشگر] + وڵە wıle + a. کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ گەلێک وشەی وەک ↑بڵق bılq، ↑بلۆق bıloq، ↑بالۆکە baloke، ↑باوڵ bawıl. [↑*بۆل bol* "دەنکە ترێ"]. ئەم وشانە گشتیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بەمانای "هەڵمسان، دەر پۆقین".

[تێبینی: بە پێی بۆچووتیک لەوانەیە ئەم وشەیە لە ریشەی *-brad* "درەوشانەوە" هاتبێ. (بڕوانە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 6). ئەم بۆچوونە زۆر ڕێی تێ ناچێ].

ئاونگێ1 awıng *[āwıng]* - "دەفری شت تێداکوتانەوە": ↑هاونگێ hawıng.

ئاونگێ2 awıng *[āwıng]* - "1- شەونم 2- مێلاق": اونگێ aweng (P.) "پەتی شت بەسەردا هەڵاوەسین". لە هەردوو مانا دا چەمکی "هەلاوەسران" بەدی دەکرێ، شەونم، نمێکی هەڵاوەسراوە بەسەر پەلکی گیا و گوڵ دا و مێلاقیش ترێی هەڵاوەسراوی هیشک کراوە.

لەبەر ئەوە بۆچوونی کاک عەلی نانەوازادە بەجێیە کە وشەکەی گرێ داوەتەوە بە کرداری "هەڵاوەسین" (فەرهەنگی هەرمان، ل. 165). بنەوشەی ئەم کردارە ئاوەس awes ە و "ئاونگێ " دە ریشەدا دەبێ ئاوەگێ **aweg* بووبێ و پاشان فۆتیمی n ی تێ کەوتبێ [↑ ئاوەسین awesîn].

[دە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 60) وشەکە هەر لەم چوارچێوەیەدا شی کراوەتەوە].

ئاوەدان awedan [*āwadān*] - "شوێنی پڕ لە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤی": ابادان abadan (P.). ئاوەد + ان an + awed. کەرتی ئاوەد [ئاواد] شێوەیەکی کۆنترە لە ↑ئاو3 awa. کەرتی ئان an نیشانەی بە کۆ کردنە.

ئاوەز awez [*āwaz*] - "فام، ئەقڵ، تێگەیشتن": ئا [پێشگر] + وەز a + wez. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها کرداری ئاوزین / ئاوزان awzîn / awzan هەیە بەمانای "تێگەیشتن، فام کردن". بنجی وەز wez- خزمە دەگەڵ wissen (G.)، wizzan (OG.)، witan (Gt.) "زانین"، هەروەها Weise (G.)، wise (E.) "زانا". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشەی وەک ↑وێژدان wîjdan، ↑وەزیر wezîr، ↑وەیس weys [ناوێکی پیاوانە]، ↑پیتۆڵ pîtol "زۆرزان" دەچنەوە سەر ریشەی هاوبەشی *(IE.) *weid-* "دیتن، (پێ) زانین، دۆزینەوە، دیتنەوە".

ئاوەژوو aweju [*āwažū*] - "بەرەواژی، سەرنخوون": ئاوەژی awejî یش دەگوترێ. واژگون (P.) vāžgūn [واژ + گون]. پێک هاتووە لە ئا [پێشگر] + وەژی [واژی، وەژوو] weju + a. بنەوشەی وەژ- wejخزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە مانای "خوار بوونەوە، با دران" دەدەن، وەک ↑وێژ wej [گێژ و وێژ]، ↑وێش wêş "خوار و خێچ"، ↑وێژینکَ wejîng "خەونوچکە" [خوار بوونەوەی سەر بەدەم خەوەوە] و هتد. ئەم وشانە خزمن لەگەڵ ↑وێزنین weznîn [وەزنین، هەڵوەزنین، هەڵوێزنین].

ئاوەسین awesîn [*āwasīn*] - دەگەڵ پێشگری هەڵ hel بەکاردەهێندرێ [هەڵاوەسین helawesîn واتا "بە پەتێک لە حەوادا راگرتن"]. هلاڤیشتن hılawîştın یش دەگوترێ. اویختن avīxtan (P.) یان اویزان کردن āvīzān kardan (P.). پێک هاتووە لە ئا [پێشگر] + وەس a + wes.

1- بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە شتی هەڵواسراو دە حەوادا رادەژێ و بەم لا و ئەو لادا خول دەخوا، دەتوانین وای بۆ بچین کە ئەم بنەوشەیە خزم بێ دەگەڵ↑ وەشاندن weşandın2 "راوەشاندن، تەکان دان" و دەگەڵ ↑بزاوتن bızawtın و گەڵێک وشەی دیکەی سەر بە ریشەی *(IE.) *uegh- >* "بزوان، جووڵانەوە، رۆیشتن، ئاژوان". ئەم وشانەی خوارەوەش لەم ریشەوە هاتوون: bewegen (G.)، wegan (G.)، (ga)wigan (Gt.) "راوەشان، بزوان، تەکان خواردن"، vega (OIs.) "بزوان، راژان، هەڵێنان، هەڵکێشان"، váhati (OIn.) "داژۆ, دەڕوا "، vahitra-m (OIn.) "ئامرازی هاتوچوو، کەشتی"، vehere (L.) "ئاژۆتن".

2- دە"فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 60) وشەکە بردراوەتەوە سەر ریشەی *-vaik* "بزوان، جووڵان، راژان"، بەڵام ریشە هیندوئەوروپییەکە باس نەکراوە. روون نییە کە ئایا ئەم ریشەیە پێوەندی بە ریشەی *-uegh* (IE.)* "بزوان، جووڵانەوە، رۆیشتن، ئاژوان"ەوە هەیە یان نا. لەلایەکی دیکەوە هەر لەم سەرچاوەیەدا اویختن2 avīxtan (P.) بە مانای "بە شەڕ هاتن" هاتووە و وەک وشەیەکی جیا لەمەی پێشوو شی کراوەتەوە. ئەم وشەیە بردراوەتەوە سەر ریشەی *-vaig* "خێرا بزوان، راژان" و ئەمەش بردراوەتەوە سەر ریشەی هیندوئەوروپی *-ueig* (IE.)* "چەماندن، جووڵاندن، هەڵسووراندن". دە پێوەندی لەگەڵ ئەم ریشەیەدا چەندین وشە باس کراون، وەک vijáte (OIn.) "خێرا بزوان، تەکان خواردن"، vaēg- (Av.) "هەڵسووڕاندن"، vaēya- (Av.) "پێکان، وێکەوتن"، wīxtan (MP.) "هەڵسووڕاندن، هاویشتن". وەک دەبینرێ ↑هاویشتن hawîştın ی کوردمادیش دەبێ پێوەندی بەم وشانەی دواییەوە هەبێ [هاویشتن hawîştın (ha-wîştın) یان ئاویشتن awîştın (a-wîştın)]. وشەی vijáte (OIn.) کە سەرتر ئاماژەی پێکرا، لە وشەنامەی تێتیمۆلۆژیی ئەڵمانیدا لەپێوەندی لەگەڵ چەندین وشەی دیکەدا و هەروەها بە مانای "هەڵاتن، دەرچوون" باس کراوە. پێ دەچێ ئەم وشەیە لەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی خزم بێ وەک ↑فیزمالک fîzmalk، ↑وەیسک wîsk، ↑بی bî [دارەبی] و هیتر کە دواجار دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *uei- >* "چەمان، سووڕان، با دران". ئێستا پرسیار ئەوەیە کە وشەی "هەڵواسین" [هەڵ- ئا- وەسین] پێوەندی بە کام یەک لەم ریشانەوە هەیە؟ ئایا دە بنەڕەتدا مەبەست "راژان و راوەشان" یان "سووڕان و با دران" لە هەوا دایە؟

ئاوەشی aweşî *[āwasī]* - "نەخۆشی گوانی مەڕ کە رەق دەبێ و نادۆشرێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ↑ ئاوسان awsan "ئەستوور بوون، هەلمسان".

ئاوەکی aweki *[āwakī]* - "ئاژەڵێک لە مێگەلەکەی تەرە بووبێ و چووبێتە ناو مێگەلێکی دیکەوە": ئاوا + [ه] کی ki [e] + awa. کەرتی دووەم پاشگری ئاوەڵناوە. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر↑ ئاو2 awa "دوور، رۆیشتوو، ون بوو". ئەم ناوە لەوەڕا هاتووە کە ئاژەڵەکە لە مێگەڵ هەڵدەبڕێ، دوور دەبێتەوە و ون دەبێ.

ئاوەڵە awele *[āwala]* - "کراوە": هەروەها ئاوەڵا awela و ئاواڵە awale ش دەگوترێن.

ئا [پێشگر] + وەڵە wele + a. وەڵە wele- دەبێتە خزم دەگەڵ↑ فۆڵ fol [فش و فۆڵ] و ↑فل fil [شل و فل]، ↑ڤالا vala "کراوە، بۆش، بەتاڵ"، ↑بڵاو bılaw [ولو welou (P.)]، ↑پەل pel "پان و بەرین". ئەم وشانە مانای "کرانەوە و لەبەر یەک کشانەوە" دەبەخشن. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***ple-/*pla- > (IE.)** "پان و بڵاو بوونەوە، لەبەر یەک کشانەوە". دە زمانی کوردمادیدا ڤاڵایی valayî بە مانای" فەزا"ش بەکار دێ.

[تێبینی: ئەم پێوەندییەی سەرەوە دەتیوان چەمکەکانی "بۆش، ڤالا" و " فەزا"دا لە وشەکانی space (E.) "فەزا" و spatium (L.) "لەبەر یەک کشانەوەی کات و شوێن"دا دەردەکەوێ. ئەم وشانەش دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لەبەر یەک کشانەوە" و خزمن دەگەڵ وشەی کوردمادی "زاف"].

ئاوەنیا awenya *[āwanyā]* - "رەپستە": پێک هاتووە لە دوو وشەی ئاو + نیا nîya +(e) aw. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر ↑ئاو aw، کەرتی دووەم دەچێتەوە سە کرداری نیان nîyan "نانەوە"، تێکڕا واتا ئەو زەوییە کە ئاوی لێ دەنێن. [بڕوانە "فەرهەنگی هەرمان"، ل. 172].

-ئاوی awî- *[āwī]* - پاشگریکە مانای "تێکەڵ بوون و تێهەڵسووران" دەگەیەنێ، وەک قوڕاوی، تۆزاوی، خوێناوی و هتد. امیز āmīz (P.). دەچێتەوە سەر ↑ئاوێتە awete.

ئاویلکە awîlke [āwīlka] - "ئاوزینکَ، دواهەناسەی ژیان": خزمە دەگەڵ ↑ئاوزینکَ awzîng.

ئاوێتە awete *[āweta]* - "تێکەڵ": ئامێتە amete ش دەگوترێ. امیختن amîxten (P.) "تێکەڵ کردن، ئامێتە کردن". ئا [پێشگر] + وێتە/ مێتە a + wete / mete.

1- کەرتی دووەمی وشەکە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ mischen (G.)، mix (E.)، miscere (L.) "تێکەڵکردن، ئامێتن". وشە ژێرمەنییەکان دەبردرێنەوە سەر وشە لاتینییەکە و ریشەی لاتینییەکەش باس نەکراوە. [مامۆستا هەژار دە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"دا ئامێتن ametın ی وەک چاوکَ هێناوەتەوە، بەڵام شێوەی گەردان کردنی روون نەکردۆتەوە].

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین وشەکە بەراورد بکەین دەگەڵ ↑مشت mışt [مشت و ماڵ] و ↑ماشتن maştın "گەسک دان"، سەر بە ریشەی ***mag- > (IE.)** "هەڵشێلان"].

3- دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" دا (ل. 54) دا وشەکە بەراورد کراوە دەگەڵ myas- (Av.) و miśrá (OIn.) "تێکەڵ کردن، ئاوێتن" و بردراوەتەوە سەر ریشەی ***mei-k- > (IE.)** "تێکەڵ کردن".

ئاوێنە awene *[āwena]* - "قودیک، نەینک": اینە āyīne (P.)، ādēnk (Bal.)، ā-daynaka- *(OI.)، *abi-dayanaka- > (MP.) āwēnag "دیتن" و هەروەها خزم دەگەڵ dāy- (Av.) "دیتن" و خرم دەگەڵ *day- > (OI.)" خزم دەگەڵ ↑ئایین ayîn و ↑دین dîn "ڕێباز" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.68]. وشەی کوردمادی ↑قودیک qudîk یش لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و رەنگە دە بنەڕەتدا خو(د) دیک *xu(d)dîk بووبێ، واتا ئەو شتەی خۆتی تیدا دەبینی یان ئادیک *adîk بووبێ و گۆڕانی بەسەردا هاتبی.

ئاویە awîye *[āwīya]* - "1- سواخ، قوڕ تێهەڵسوون 2- جۆشدانی کانزا": پێوەندی هەیە بە ↑ئیپە îpe و ↑کیپ kîp سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن، لێک قایم کردن، پێوەنووساندن".

ئاه ah *[āh]* - "دەنگی ئێش و ئازار": ↑ئاخ ax.

ئاهۆ aho *[āho]* - "نەخوشی [گیرۆ]": لە ↑ئاه ah وەرگیراوە، خزمیشە دەگەڵ ↑ ئێش êş و ↑ئاخ ax و هتد.

ئاهەک ahek *[āhak]* - "کلس، قسڵ": ↑ئەهاک ehak.

ئاهەنگَ aheng *[āhang]* - "[هەوای] گۆرانی": اهنگَ āhang (P.). دە کوردمادیدا هەنگَ heng یش دەگوترێ. ئا [پێشگر] + هەنگَ a + heng. خزمە دەگەڵ ↑هان han [هان دان واتا دەنگَ دان] و دەگەڵ ↑خوێندن xuwendın [خێندن xendın]، دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەرا، دەنگَ، گۆرانی". دە زمانی کوردمادیدا وشەکە مانای "مەراسیم"یشی وەرگرتووە و دەگوترێ "ئاهەنگَ گێڕان". ئەم مانایە لەوەڕا هاتووە کە دە جێژن و مەراسیمەکاندا گۆرانی گوتن و دەنگَ هەڵبڕین دەوری باڵای گێڕاوە.

ئاهین ahîn *[āhīn]* - "نااڵین": لە↑ ئاه ah "دەنگی ئێش و ئازار" وەرگیراوە. دە زمانی ئەڵمانیشدا ächzen (G.) "نااڵین" لە ach "ئاه، ئاخ" وەرگیراوە.

ئای ay *[āy]* - "دەنگی هاوار و بانگَ کردن": ای ey (P.). ↑ئەی ey.

ئایسان ayîsan *[āyīsan]* - "هەڵبوون، داغ بوون، سوور بوونەوە": هایسان hayısan یش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- heiss (G.)، heet (NL.)، hot (E.)، het (Sw.) "داغ"، Hitze (G.)، heat (E.)، hitte (NL.)، heta (Sw.) "داغی، تین"، kaitrus (Lit.) "داغ"، hei (OG.) "هیشک هەڵاتوو، رووتەن"، و gihei (OG.) "گەرما، هیشکەساڵی، سەر بە ریشەی ***(IE.) *kei-, *ki- >*** "گەرما، تین". هەروەها ↑هیت hît "تین، گەرما" هەیە کە لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

2 - aither (Gr.) "ئایسەر، بڵیسەدەر، ئاگرین"، aestus (L.) "کڵپە، گەرمی" و aestas (L.) "وەرزی گرما"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *aidh- >*** "سووتان، داغ بوون، هایسان". ↑ئەتر etır [عەتر] لەم ریشەوە هاتووە.

ئایش ayş *[āyš]* - "ئاخ، ئۆف": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ئاخ ax، خزمە دەگەڵ↑ ئێش êş.

-ئایەتی ayetî- *[-āyatī]* - پاشگرێکە ناوی مانا دروست دەکا، وەک کوردایەتی، برایەتی، خزمایەتی و هتد. ئەم پاشگرە بە چەند شێوەیەک خۆ نیشان دەدەا، وەک ئاتی atî- [براتی]، ئێتی etî- [چۆتیتی]، یەتی yetî [چۆنیەتی]. خزمە دەگەڵ پاشگری heit- (G.) و keit- (G.) کە دە زمانی ئەڵمانیدا وەک پاشگرە کوردماددییەکە دەور دەگێڕن. لەم بارەوە بڕوانە ↑هەیتاڵ heytal "کۆتەل".

[تێبینی: دە زمان ئینگلیزیدا پاشگرێک هەیە کە ئەم دەورە دەگێڕێ و لە فەرانسەیی کۆن وەرگیراوە و ریشەکەی بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە، بۆ وێنە quality (E.) > qualite (OF.) > qualitas (L.). هەروەها دە زمانی عەرەبیدا پاشگرێکی لەم چەشنە لە دروست کردنی ناوی مانا دەور دەبینێ، وەک یەت -yat، كيفية kayfīyat (Arb.)، نئوعية newεîyat (Arb.). پاشگرەکەی زمانی کوردمادی لەباری ئێتیمۆلۆژییەوە چ پێوەندییەکی بەم دۆخانەی سەرەوە نییە، بەڵکوو دەگەڵ پاشگرەکەی زمانی ئەڵمانی خزمە].

ئاییا ayya *[āyyā]* - "1- پوور 2- دایک": شێوەیەکی دیکە لە ↑یایە yaye "دایک ، پوور".

ئایین ayîn *[āyīn]* - "ڕێباز، دین": ایین āyīn (P.) < ***(OI.) *a-dayana-*** < ***(OI.)* day-*** "دیتن" سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhei(ə)-*** > "دیتن، تیرین". وەک دەبینین دوو وشەی ↑دین dîn و ↑ئایین ayîn دە بنەڕەتدا یەک وشە بوون بە مانای "دید، روانگە". وشەی عەرەبی دین dīn (Arb.) لە زمانە ئێرانییەکان وەرگیراوە [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 68].

ئو (U)

ئوتوو utu - ↑وتوو wıtū ش دەگوترێ.

ئۆتوز utuz - "بانگردێن": هاتۆر hator یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑هاتن hatın "گەیشتنە بەرەوە"، itti (Rus.) "ڕۆیشتن"، (Gr.) oītos "چارەنووس" [دە بنەڕەتدا: ڕەوت]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ei- >*** "ڕۆیشتن". چەمک و مانای ڕۆیشتن دە وشەی "باگردان، بانگردێن"یشدا بەرچاوە. کەرتەوشەی "گردان" خزمە دەگەڵ "گەڕان" و مانای ڕۆیشتن لە خۆ دەگرێ [سەرکەوت هاتەوە ماڵ، یان گەڕاوە ماڵ].
[تێبینی: سەبارەت بە وشە یۆنانییەکەی سەرەوە بە مانای "چارەنووس" دەتوانین دەگەڵ وشەیەکی ئەڵمانی هەڵی سەنگێنین کە ئەویش مانای "چارەنووس" دەدا، واتا Schicksal (G.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ schicken (G.) "ناردن، ڕەوانە کردن" و خزمیشە دەگەڵ "چوون"ی کوردمادی و لێرەشدا ئاماژە بە "ڕەوت، ڕۆیشتن" کراوە].

ئوخت uxt - "جووت، هاوڵ": شێوەی کۆنتری ↑جووت[1] cut. هەروەها بڕوانە ↑جق cıq.

ئورزان urzan *[urzān]* - "هەڵپەرین، هەڵبەزین": خزمە دەگەڵ ↑هرزا hırza "جۆرێک هەڵپەڕکێ" [هۆرز horz یش دەگوترێ] و دەگەڵ ↑*هۆریزان horîzan* "هەستان".

ئوسترە ustre *[ustra]* - "گوێزان، تیخی ردێن تاشین": خزمە دەگەڵ ↑سڕین [ستڕین، ئەسترین]. وەک لەژێر ئەو وشەیەدا شی کراوەتەوە، مانای سەرەکی وشەی ئەستڕین "ڕێخشاندن"ە. دیارە تیخی ردێن تاشین بە "ڕێخشاندن" موویەکان لا دەبا. دە زمانی ئینگلیزیدا razor (E.) "تیخی ردێن تاشین" دەچێتەوە سەر radere (L.) "کڕاندن، ڕێخشاندن"، هەروەها electric shaver (E.) "دەزگای ردێن تاشین" دەچێتەوە سەر shave (E.) و دەگەڵ "سوون، ساوین"ی کوردمادی هاوریشەیە.

ئوڤە uve *[uva]* - "وشەی ئاگادارکردنەوەی زارۆک لە مەترسی، بڤە": هەروەها دوو وشەی کوردمادی دیکە لەم پێوەندییەدا سەرنج ڕادەکێشن و پێکەوە خزمن، یەکەمیان وشەی ↑ئۆوەی owey "وشەی دەربڕینی شەرم، وشەی دەربڕینی خەم" و دوومیان ↑ئۆڤ of [ئاخ و ئۆف]. دەشێ ئەم وشانە لە دوو کەرتی ئۆ o [وشەی بانگ کردن] و ڤەی vey یان وەی way پێکهاتبن، کە ئەمانە دە ریشەدا مانای "ئێش و ئازار" دەبەخشن و وەک وشەی سەربەخۆش بەکار دێن [وەی لەو زستانە سارده، وەیش چەند سارده...]. لەم تێڕوانینەوە وشەکانی "ئوڤە"، "ئۆوەی" و"ئۆف" شێوەیەکی دیکەن لە "ئەی وەی" [ئەی وەی بارانە...]. دە زمانی فارسیدا دەگوترێ ای وای ey wāy (P.). بۆ شرۆڤەی وشەکە بڕوانە ↑وەی wey.
دە زمانی ئەڵمانیدا وەک یان o و e ی کوردمادی مانا دەدا، بۆ وێنە دەگوترێ o mein Gott "ئەی خودای من"، o Tannenbaum "هۆ(ی) دارەکاج" [گۆرانی بەناوبانگی کریسمەس لە ئەڵمان].

ئومێد umed *[umed]* - "هێوا، هێڤی": هومێد humed یش دەگوترێ. امید omīd (P.). شێوەیەکی دیکەیە لە هێڤی hevî یان ↑هیوا hîwa [گۆڕانی m بۆ w/v].

ئۆ (O)

ئۆبال obal *[obāl]* - "گوناه، تاوان، خراپە": وەبال webal یش دەگوترێ [وەبال بە (ئە)ستۆم] یان دەڵێن "ئۆبالت وە ئەستۆی من". مەبەست لەم وتەیە وەئەستۆ گرتنی تاوان و گوناهی کەسێکە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ übel (.G)، ubil (.OG)، ubils (.Gt)، euvel (.Nl)، evil (.E) "خراپ، بەد". ریشە وشە ژێرمەنییەکان بە تەواوی ساخ نەکراوەتە. گومان دەکرێ خزمایەتی هەبێ دەگەڵ هێندێک وشەی ئەو زمانانە کە ئاماژە بە لای سەرەوە دەکەن وەک über (.G)، obere (.G)، over (.E). لەم تێڕوانینەوە مەبەست لە وشەکە دە بنەڕەتدا "لە ئەندازە تێپەڕاندن"، "گەیاندنە ئەوپەری خۆی" [پێ لە بەڕەی خۆ درێژتر کردن] بووە. دە زمانی ئەڵمانی کۆندا وشەی uppi (.OG) هەبووە بە مانای "بەدفەر، بەدفەرانە". بەم شێوەیە وشەی ئۆبال دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە وەک ↑ئەوپەڕ ewper، ↑هەڵ hel[هەڵگرتن] و ↑هەورەبان hewreban و هتد.

ئۆخژن oxıjın *[oxižın]* - "شادی، ئارامی": بڕوانە ↑ئۆخەیش oxeyş.

ئۆخەیش oxeyş *[oxayš]* - "وشەی دەربڕینی شادی": هەروەها دەگوترێ ↑ئۆخەی oxey کە شێوەی کورتکراوەی ئەوەی دیکەیە. دە زمانی کوردمادیدا ↑ئۆخژن oxıjın یش بەکار دێ بە مانای "شادی، ئارامی". پێک هاتووە لە دوو کەرتی ئۆ o [زێدە یان پێشگر] و xeyş. ئەم کەرتە کە ئەسڵی وشەکەیە، دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑خەی xey.

ئۆرت ort¹ - "تیوان، ناوەڕاست": ↑وەرتە werte ش دەگوترێ کە شێوەیەکی گۆڕدراوە. هەروەها ↑ئۆرتە orte یان وەرتە werte بەمانای "فەرشێک کە لە ناوەراستی ژوورێک رادەخرێ" بەکار دێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ Ort (.G) "جێگا، شوێن، نوقتە، مەحەل"، ort (.OG) "جەمسەر، گۆشە، قەراخ، شوێن، جێگا، مەیدان"، oord (.Nl) "ناوچە، جێگا، شوێن"، ord (.OE) جەمسەر، نووک، تیزە"، uud (.Sw) "چقڵ، نووک". ئەم وشە ژێرمەنییانە لە ریشەی ژێرمەنی -uzđa (.Gm) "نووک" سەرچاوەیان گرتووە. لە زمانی کوردمادیدا ↑وەرت wert بە مانای "بریکار" لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. لە زمانی ئەڵمانیدا erörtern (.G) "باس کردن، شی کردنەوە" وörtern (.MG) "بە وردی لێکۆڵینەوە" پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. هەر لەم پێوەندییەدا وشەی↑ئۆلکە olke "مەڵبەند" جێی ئاماژە پێکردنە کە رەنگە خزمایەتی دەگەڵ وشەکانی سەرەوە هەبێ. لەوانەیە ئەم وشەی دوایی پێشتر "ئۆرتکە ortke" بووبێ و گۆڕابێ بە سەردا هاتبێ.

[تێبینی1: سەبارەت بەوە کە چۆن دە زمانی ئەڵمانیدا مانای "شی کردنەوە" لە مانای یەکەمەوە پەیدا بووە، جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ دوو وشەی هاوپێوەند دە زمانی لاتینیدا، واتا terminus "قەراخ، سنوور، جەمسەر، چمک" و determinare "دیاری کردن، موحەددەت کردن". وشەی عەڕەبی "موحەددەت" یش خۆی پێوەندی بە "حەدد" و "حدوود"ەوە هەیە. وشەی terminus دە زمانە ئەوروپییەکاندا بە مانای "چەمک، مەفهوومی زانستی" بەکار دەهێنرێ (سەرنجی پێوەندی دوو وشەی کوردمادی "چمک" و "چەمک" بدە). کەوابوو ماناکانی "باس کردن، شی کردنەوە، لێکۆڵینەوە، دیاری کردن" دە بنەڕەتدا لە مانای "دانان یان دیاری کردنی حەد و مەرز" بۆ بابەتێک، بە مەبەستی جیا کردنەوەی لەوانی دیکە، سەری هەڵداوە. تێبینی 2: لەباری ئەوە کە چۆن وشەکە دە زمانی کوردمادیدا مانای "تیوان، ناوەراست"ی پەیدا کردووە، دەتوانین هەڵیسەنگێنین دەگەڵ دوو وشەی هاوریشەی چقڵ çıqıl "دڕک" و چەق çeq

"مەرکەز" (لەسەر چەقی رێگا). بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە وشەی چەق çeq l "ناوەند، تیوەراست، مەرکەز"].

ئۆرت ort2 - "رێز، ئیعتیبار": شێوەیەکی دیکە لە ↑وەرج werc "نرخ، بایەخ" و لەباری شێوەوە دەگەڵ وشەی ئەڵمانی Wert (G.) "نرخ، بەها" بە تەواوی نیزیکە.

ئۆرتە orte *[orta]* - " مافوورەیەکە لە ناوەراستی ژوور رادەخرێ": دەچێتەوە سەر ↑ئۆرت ort[1] "تیوان، ناوەڕاست".

ئۆردوو ordu *[ordū]* - "سپا، حەشیمەتیکی رێکخراو": اردو ordū (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Herde (G.) herta (OG.)، hairda (Gt.)، herd (E.)، hjord (Sw.) "رەوە، گەلە، دەستە"، هەروەها Hirt (G.)، hirti (OG.)، (shep) herd (E.)، herde (SW.) "شوان". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ śárdha-h (OIn.) "گەلە، رەوە" و čereda (Rus.) "رین، ریزبەندی"، سەر بە ریشەی ***(IE.)* kerdho- >*** "گەلە" یان "ریزی ئاژەڵ". لەوانەیە وشەی ↑شەڵغە şelġe [یان شەڵخە şelxe] "پوورە" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

ئۆرین orîn *[orīn]* - "قۆڕە قۆڕی گا": شێوەیەکی دیکە لە هۆرین horîn [↑هۆڕاندن horandın].

-ئۆز -oz "پاشگری جەخت کردن": ئەم پاشگرە بە چەندین شێوە خۆی نیشان دەدا، ئاوەڵناو دروست دەکا و دە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە دۆخی جەخت کردن دەکا. هێندێک لەم وشانە بریتین لە: ↑قۆپز qopız، ↑قۆقز qoqız، ↑قەڵووز qeluz، ↑کڵۆز kıloz یان کەڵۆس kelos، ↑کنۆس kınos، ↑چکۆس çıkos، ↑گرۆز gıroz، ↑گەرووز geruz، ↑مارز marız، ↑لاواز lawaz، ↑نەگریس negrîs، قەفتیس qeftîs، ↑وتۆز wıtoz، ↑ملاز mılaz یان ملاس mılas، ↑چڵیس çıles و هتد. وەک دەبینین بزوێنی پاشگرەکە چەندین شێوەی هەیە و فۆنیمی کۆتاییش زۆرتر بە شێوەی z یان s خۆی نیشان دەدا، بەڵام جاروبار شێوەی تریش پەیدا دەکا وەک [↑قلووج qılûc "کوور"]. هێندێک جار بزوێنی e بە کۆتایی پاشگرەکەوە دەلکی، وەک ↑گەڤۆزە gevoze "موو ماش و برینجی". لەوانەیە پاشگری ئۆز -oz پێوەندی یان خزمایەتی لەگەڵ نیشانەی us- دە زمانی لاتینی یان os- دە زمانی یۆنانیدا هەبێ. رەنگە ئەم پاشگر یان نیشانەیە دە زمانی کۆنی کوردمادی و فارسیشدا بووبێ و پاشگری os- لەمەوە جێ مابێ].

ئۆغر oġır - "خێردیتن لە سەفەر": لەکاتی ماڵاوایی کردندا بەو کەسەی دەروا، دەگوترێ "ئۆغر بێ". ئەم وشەیە دەبێ پێک هاتبێ لە کەرتی ئۆ o [پێشگر یان زێدە] و کەرتی غر ġır کە ئەسڵی وشەکەیە. ئەم وشەیە شێوەیەکی دیکەیە لە ↑خێرxer، واتا وشەکە دەبێ دەبنەڕەتدا "ئۆخێر" بووبێ و سووکتر کرابێ و بووبێتە ئۆغر. لە مەڵبەندی موکریان لەجیاتی "ئوغر بێ"، دەگوترێ "بەخێر چی". دیارە لە هەردوو دۆخدا مەبەست ئارەزوو کردنی ئەوەیە کە سەفەرەکە بەخێر و خۆشی تەواو بێ. دە زمانی فارسیدا کاتی سەفر کردن بە لایەنی سەفرکەر دەگوترێ "سفر بخیر"، واتا سەفەرت خێر بێ. دە زمانی ئەڵمانیدا دەگوترێ gute Reise (G.) "سەفەر باش".

ئۆغەن oġen *[oġan]* - "دوامین حەوتەی چلەی بچووک": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئاخنین axnîn [ئا+ خنین] "پڕ کردن بە پاڵەپەستۆ، پەستاوتن"، ganz (G.)، gans (Nl.)، ganska (Sw.) "تەواو، گشت، ساغ، یەکپارچە".دە زمانی ئەڵمانیدا ergänzen (G.) دەبێتە "تەکمیل کردن". لەوانەیە مەبەست ئەوە بێ کە چلە وەک دەفرێکی زەمانی پڕ دەبێ واتا تەواو دەبێ.

ئۆف of - "وشەی دەربڕینی خەم و ئازار" [ئاخ و ئۆف]، بڕوانە↑ ئۆڤە ove.

ئۆقرە oqre *[oqra]* - "ئارامی": پێک هاتووە لە ئۆ + قرە o + qıre. کەرتی یەکەم هەر ئەو پێشگر یاخود ئەو زێدەیە کە بە شێوەی ئا a و ئە e لە زۆر وشەدا خۆ نیشان دەدا، وەک (ئا)رام، (ئا)ستەم یان (ئە)ستەم، (ئە)شکەفت، (ئا)خافتن و هتد. کەرتی دووەم کە ئەسڵی وشەکەیە، دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کڕ kır [کڕ و کپ]، ↑قڕ qır [قڕ و قپ] و هتد. پێشگری o- هەروەها هەڵ سەنگینە دەگەڵ ↑ئۆغر oġır.

ئۆلک ol(ı)k - "مێخی زنجیر، مێخی تەویلە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئۆیە oye.

ئۆلکە olke *[olka]* - "مەڵبەند": هەڵیسەنگینە دەگەڵ↑ ئۆرت ort[1] "تیوان، ناوەڕاست، مەرکەز".
ئۆوەی owey *[oway]* - "وشەی دەربڕینی شەرم، وشەی دەربڕینی خەم": بڕوانە↑ ئۆڤە ove.
ئۆیە oye *[oya]* - "نەواری پووڵەکەدار، پووڵەکەی لێکبەستراو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑جۆخین coxîn و چەندین وشە کە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێکبەستن، بەند کردن". وشەی ↑هوویە ħûye "نیر" [یوغ yūġ (P.)] پێوەندی بەم خێزانەوە هەیە.

ئه (E)

ئەبتەر ebter *[abtar]* - "شێتۆکە": خزمە دەگەڵ ↑ئەبدال ebdal و هەروەها دەگەڵ ↑ئاوا *awa*. ریشەی ئەم وشانە ئاماژە بە چەمکی "دوور بوونەوە، ون بوون" دەکا. لە وشەی "ئەبتەر"دا دەشێ مەبەست دوور بوونەوەی مرۆڤ لە خۆی یاخود مەبەست ون بوون و بزر بوونی ئەقڵ و ئاوەز بێ.

ئەبدال ebdal *[abdāl]* - "دەروێشی گەڕیدە": خزمە دەگەڵ ↑ئەبتەر ebter. دەروێشی گەڕیدە دیارە ئەو کەسەیە لە شوێن و زێدی خۆی دوور دەکەوێتەوە و بە وتەیەکی دیکە ون و "ئاوا" دەبێ. وێ دەچێ هەردوو وشەی "ئەبتەر" و "ئەبدال" دە بنەڕەتدا یەک وشە بووبن و دواتر دوو وشە بە دوو مانای هێندێک جیاواز سەری هەڵدابێ. کەرتی یەکەمی ئەم وشانە ئاماژە بە "دوور بوونەوە، ون بوون و بزر بوون" دەکا. هەرچێ کەرتی دووەمە، لەوانەیە "دڵ" بێ یان شێوەی کۆنتری ئەم وشەیە بێ کە خاوەنی فۆتیمی r ە لەجیاتی l [بڕوانە وشەی "دڵ"]. ئەگەر ئەم شیمانەیە راست بێ، ئەبتەر یان ئەبدال ئەوکەسەیە کە دڵی لە دەست داوە یاخود ئەو شتانەی مرۆڤ لە ژیاندا دڵی پێ دەبەستێ، لەناو دڵی ئەودا ون و بزر بوون.

ئەبلە eble *[abla]* - "نەفام، گێلۆکە": ↑خەپلە2 xeple ش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکە لە ↑ئەبلە eble [گۆڕانی he/ e بە xe]..

ئەم وشەیە دەشێ وشەیەکی کوردمادی بێ و کەرتی یەکەمەکەی، واتا ئە e، هەر ئەو پێشگرەیە کە دەگەڵ هێندێک وشە دێ، وەک "ئەتۆ"، "ئەتک"، "ئەدەب"، "ئەژنۆ" و هتد. کەرتی دووەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بڵح bılh.

ئەبڵەق ebleq *[ablaq]* - "رەش و شپی": پێشگری ئە a + بلەق bıleq، بۆ کەرتی دووەم بڕوانە ↑بەڵەک belek. وێ دەچێ وشەکە دە زمانی عەرەبیدا کرابێ بە "ابلق".

ئەتر etır *[atır]* - "جۆرێک گوڵاوی بەهێز بۆ بۆنخۆش کردن": هەروەها عەتر εetr. وشەکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردمادی [عطر εatr (Arb.)]، بەڵام ئەسڵی وشەکە دەچێتەوە سەر وشەیەکی یۆنانی. دە زمانی ئەڵمانیدا بووەتە Äther (G.) [هەروەها Ether وەک وشەیەکی زانستی]. ئەم وشەیە بە چەندین مانای جیاواز بەکار دێ و یەک لەوانە بە مانای "دەرمانی بێهۆش کردن". دە زمانی ئەڵمانیدا ätherisch (G.) بە مانای "شتێک کە زوو دەهەڵمێ، رووحانی، ئاسمانی، وەک هەڵم و شنەبا نەرم و ناسک" بەکار دێ. هەروەها ätherische Öle وەک چەمکێکی کیمیایی بەکار دێ کە ماناکەی دەبێتە "رۆن یاخود تراوی پڕ بۆن و بەرامە کە لە گوڵ و گیا دەگیرێ و بەردەوام دەهەڵمێ و بۆن و بەرامە بڵاو دەکاتەوە". ریشەی وشەکە دەچێتەوە سەر aither (Gr.) "ئایسەر، بڵیسەدەر، ئاگرین". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ aestus (L.) "کڵپە، گەرمی" و aestas (L.) "وەرزی گەرما"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *aidh-*** "سووتان، داغ بوون، هایسان". لەوانەیە ↑ئایسان ayîsan [هایسان hayîsan]ی کوردمادی و هەروەها ↑ئەستێ este [بەردئەستێ] لەم ریشەوە هاتبن.

[تێبینی: بەلای یۆنانییە کۆنەکانەوە هەوای سەر زەوی لە دوو چین پێک هاتووە، چینێکی خوارەوە و چینێکی سەرەوە کە زۆر لە بان و هەروەها زۆر زەلال و ناسک بووە و خوداکان لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەوان بۆ ئەم چینەهەوایە ناوی aither (Gr.) یان بەکار هێناوە کە دە بنەڕەتدا ماناکەی دەبێتە "ئایسەر، بڵیسەدەر، ئاگرین"].

ئەترەش etre(ş) *[atraš]* - "هێزی دڵ و دەروون": هەترە(ش) hetre(ş) یش دەگوترێ. دەبێ خزم بێ دەگەڵ Ader (.G)، ader (.Sw) و (.OE) "رەکێ، دەمار"، ādra (.OG) "دەمار، رەکێ، ماسوولکە، ریخۆڵە"، ētor (.Gr) "دڵ"، ētron (.Gr) "بەرسک". دە زمانە کۆنە ژێرمانییەکاندا وشەکە بە مانای "گورچیلە" و "ناوسک، هەناو" یش بەکار هاتووە. بە گشتی وشەکە دە سەردەمە کۆنەکاندا بە مانای "دەروون، هەناو" بەکار هاتووە. لەوانەیە دە زمانی کوردمادیشدا سەرەتا هەر بەو مانای "دڵ، دەروون" بەکار هاتبێ و دواتر ماناکەی گۆڕابێ بۆ "هێزی دڵ و دەروون". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ēt-r*** > "گەرمی، تین" و لەوانەیە پێوەندی پەیدا بکا بە atar (.Av) "ئاگر".

[تێبینی: مانای کۆن و تازەی وشەکەی سەرەوە هەڵ سەنگینە دەگەڵ وشەی "جەرکێ" کە ناوی ئەندامێکە و هەروەها "بەجەرکێ" وەک نیشانەی ئازایەتی و هێزی دەروون بەکار دێ].

ئەتفک etıfk *[atıfk]* - "زەنگەتە، تلسک": هەروەها عەتفک εetıfk. دەشێ پێک هاتبێ لە پێشگری ئە + تفک e + tıfk. لەم تێڕوانینەوە کەرتەوشەی تفک -tıfk دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەڤ tev "پێکەوە، بە هەڤرا". "ئەتفک" ئەو دەنکانەن کە پێکەوە نووساون و یەکیان گرتووە.

ئەتک etık *[atık]* - "سووکایەتی پێکردن": هەتک hetık یش دەگوترێ.هتک hetk (.P). پێک هاتووە لە پێشگری ئە + تک e + tık. خزمە دەگەڵ ↑ئاتەکێ ateg "1- داوێنی کەوا 2- داوێنی چیا" و دەگەڵ تە teh (.P) "خوارەوە، بنەوە"،↑تەشک teşk [تەشک و داوێن] و ↑تەشق teşq [تەشقی ئاسمان واتا قووڵترین شوێنی کەوانەی ئاسمان]. ئەتک کردن دە بنەڕەتدا بە مانای "نزماندن(ی رێز و رووەمەت)"ە.

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشە ئەڵمانی niedrig "نزم، نەوی" و erniedrigung "ئەتک، سووکایەتی"].

ئەتوار etwar *[atwār]* - دەگەڵ "ئەدا" دێ [ئەدا و ئەتوار]. atvār (.P). پێک هاتووە لە ئە [پێشگر] + توارt(ı)war + e. "توار" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تەور2 tewır "جۆر، شێوە". مانای ئەتوار دە بنەڕەتدا "شەقڵ و شێوە دەرهێنان" بووە. لە زمانی فارسیدا دەگوترێ četor (.P) "چۆن، بە چ شێوەیەک".

ئەتوان etwan *[atwān]* - "مەڵهەم، دەرمان بۆ تیهەڵسوون": ↑هەتوان hetwan یش دەگوترێ.

ئەتۆ eto *[ato]* - "جێناوی کەسی دووەمی تاک": ↑تۆ to.

ئەتەک etek *[atak]* - "داوێن، شاقەل": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئاتەکێ ateg.

ئەجزا ecza *[ajzā]* - "شتی پلاستیک": لەوانەیە پێک هاتبێ لە پێشگری ئە + جزا e + c(ı)za و کەرتی "جزا" پێوەندی بە چزان çızan ەوە هەبێ و مەبەست لە وشەکە گەیاندنی تایبەتمەندی سووتان و قاڵ بوونی ئەو شتانە بێ. هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی جززە cızze "دەنکێ دان و ئاگادار کردنەوەی زارۆک لە شتی داغ". [بڕوانە ↑چزاندن çızandın].

ئەجندە ecınde *[ajnıda]* - "جندۆکە": پێشگری ئە + جندە e + cınde. کەرتی سەرەکی وشەکە لە وشەی ↑جندۆکە cındoke دا دەبینین.

ئەخت ext *[axt]* - دەگەڵ چار çar دێ و دەگوترێ ئەختوچار extuçar کردن، واتا هەوڵدان و زەحمەتێکی زۆر و بێ ئاکام. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑کەد[1] ked "کار، زەحمەت، رەنج" [پێشگری ئە + کەد a+ ked ؟]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *kad-*** > "غەم، دەرد، ناخۆشی". ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، کەرتی دووەم، واتا چار çar دەشێ خزم بێ دەگەڵ ئازار azar [a-zar]. بەم جۆرە مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "رەنج و ئازاز کێشان".

ئەختە exte *[axta]* - "1- یەختە 2- داری شینی هەڵپەرتراو": اختە axte (.P). شێوەیەکی دیکە لە یەختەyexte . دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای "بڕاو، تیخ لێدراو" بووبێ و سەر بە ریشەیەکە بە مانای "تیژ". خزمە دەگەڵ ↑ئاژنین ajnîn.

ئەختەر exter *[axtar]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑ئەستێرە estere.

ئەدەب edeb *[adab]* - "1- ناسکی لە هەڵسووکەوتدا 2- وێژە، چاند": ادب adab (P.). ئەم وشەیە بە دڵنیاییەوە وشەیەکی کوردمادی و فارسییە و لەو زمانانەوە چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە. پێک هاتووە لە پێشگری ئە + دەب deb + e. کەرتی سەرەکی وشەکە، واتا "دەب" لە هێندێک وشەی دیکەدا بەرچاو دەکەوێ وەک ↑تیپ tîp "حەرف"، ↑تاپۆ tapo "سەنەد، قەباڵە"، ↑دەبستان debıstan "خوێندنگە" [دە ئەسڵدا "نڤیسگە"]، ↑دیباچە dîbaçe "پێشەکی کتێب، پێشوتار"، ↑دەفتەر defter [بە هەردوو ماناکەیەوە واتا شوێنی تێدا نووسین]، ↑دەبیر debîr و هەروەها dīp (Pl.) "نووسراوە" و dapīr (Pl.) "دەبیر، نووسەر". وەک لە هەموو ئەو وشانەدا دەبیندرێ، کەرتی سەرەکی وشەکە مانای "نووسین، نووسراو" دەبەخشێ. ئەم وشەیە پاشان ماناکەی لە "نووسین"ەوە پەرەی گرتووە بۆ "وێژە" واتا "ئەدەبیات". دیارە پێوەندی ئەو دوو چەمکانە بەیەکەوە ئاشکرایە و ئەدەبیات بەو نووسراوانە گوتراوە کە لەبەر دەستدا بوون. ئەم وشانەی سەرەوە خزمن دەگەڵ خزمن دەگەڵ typós (Gr.) "شەقڵ، نیشانە، وێنە، نموونە"، سەر بە کرداری typtein (Gr.) "لێدان، کوتان". دیارە دە کۆندا شەقڵ و وێنە و نیشانە و هەروەها حەرفەکان کە خۆیان جۆرێک وێنە و نیشانە بوون، بە لێدان و کوتان واتا بە هەڵکەندن و داتاشین لەسەر دار و بەرد دروست دەکران. ئەم مانا بنەرەتییە، واتا "لێدان"، دە چەندین وشەی زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا پارێزراوە، وەک ↑تەپاندن *tepandın* "لێدان". هەروەها مانای "شەقڵ و نیشانە" دە وشەی ↑تەپڵ tepıl "شوێن پەنجە، جێ قامک" بەدی دەکرێ. دە زمانە ئەورووپییەکانیشدا وشەی تیپ/ تایپ type بە مانای "شەقڵ، نیشانە، مۆر، حەرف" بەکاردێ و دەچێتەوە سەر وشە یۆنانییەکە. سەرجەم ئەو وشانە دە پلەیەکی دیکەدا دەگەڵ ↑دەپ dep "تەختە" پێوەندی پەیدا دەکەن، چونکوو تەختە و تەخت کردنی دار و بەرد شتێکە کە لەرێگای تاشین و لێدان و کوتانەوە ئەنجام دەدرێ.

[تێبینی1: لە باری پێوەندی تێوان دوو چەمکی "حەرف، تیپ" و "ئەدەبیات" هەڵی سەنگینە دەگەڵ letter (E.) "تیپ، حەرف" و literature (E.) "ئەدەبیات". ئەم دوو وشە ئینگلیزییە ریشەی لاتینیان هەیە و پێکەوە خزمن. تێبینی 2: ئەو پێوەندییانەی سەرەوە هەروەها نیشان دەدا کە بەکار هێنانی وشەی "وێژە" بە مانای "ئەدەبیاب" هەڵەیە، چونکوو "وێژە" باس لە "دەنکَ" دەکا، نەک لە "حەرف و نووسین". هەر بۆیە بە باوەڕی من باشترە کە وشەی رەسەنی کوردمادی "ئەدەب" وەک خۆی بەکار بهێنرێ (زمان و ئەدەب، ئەدەبی کوردی، ئەدەبی کلاسیک....). ئەم وشەیە بە هیچ شێوەیەک وشەیەکی عەرەبی نییە، بەڵکوو چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بەشێوەی "ادبیات" و "اداب" گۆڕانی بەسەردا هاتووە. تێبینی 3: وشەی ئەدەب ماناکەی پلەیەکی دیکەش پەرەی گرتووە و مانای "ناسکی" لە ئاخاوتندا پەیدا کردووە، چونکوو مرۆڤی خوێندەوار و بەهرەمەند لە ئەدەبیات بە شێوەیەکی ناسکتر ئاخاوتن و هەروەها هەڵسوکەوتی کردووە. بەم شێوەیە بە مرۆڤی "وێژەناسک" و "رەفتارناسک" گوتراوە "بەئەدەب". تێبینی 4: زۆر سەرنجراکێشە کە لە ریشەیەکەوە بە مانای "لێدان و کوتان" وشە و مانایەک دروست بێ کە باس لە "نەزاکەت" (ناسکی) بکا. گۆڕان و پەرە گرتنی ماناکان بە چەشتێکی ئەوتۆ لە چەندین وشەی دیکەشدا دەردەکەوێ و نیشان دەدا کە مانای وشەیەک مەرج نییە راستەخۆ پێوەندی بە مانای ریشەکەوە هەبێ، بەڵکوو دەتوانێ لەرێگای چەندین گۆڕانەوەی پێوەندی بە مانای ریشەکەوە پەیدا بکا].

ئەر er *[ar]* - "دەنگی کەر، زەر": هەروەها عەر εer [عەرعەر εerεer]. خزمە دەگەڵ:

1- یان ↑هەرا hera [دەنکَ و هەرا].

2 - یان شێوەیەکی دیکەیە لە زەڕ zer [↑زەڕ(ڕ)اندن zer(r)andın]

ئەرئەر erer *[arar]* - "ناوی دارێک": هەروەها عەرعەر εerεer. عرعر εarεar (P.). بنەوشەی er دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑هەر *her* [هەر کەس] و ↑هەرە here [هەرە جوان].

ئەرا era *[arā]* - "لەبەر، ژ بەر": ئەرای تۆ واتا لەبەر تۆ. برای beraye (P.)، کۆنتر: ازبرای ez beraye (P.) "ژ بەر". دە شێوەزاری خوارووداو کۆنتر وشەیەکی هاوچەشنی وشە فارسییەکە لەئارادا بووە و پاشان سواوەتەوە، واتا "ازبرای" بووەتە "ئەرای".

ئەرخەوان erxewan *[arxawān]* - "دارێکە گوڵێکی سووری ئاماڵ بنەوش دەکا": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە *(Gr.) argón* > "گازی ئارگون". ئەمە وشەیەکی یۆنانییە و دەچێتەوە سەر aergós (Gr.) واتا "ناکاریگەر"، خزمە دەگەڵ ↑ئەرک erk "کار". لەوانەیە جۆرێک پێوەندی [رەنگە؟] لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا بەدی کرابێ.

ئەرخەیان erxeyan *[arxayān]* - "خاترجەم، دڵنیا": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ urge (E.) "پێداگرتن" > *urgēre (L.)* "پاڵ نان".

ئەرد erd *[ard]* - "زەوی": هەرد herd و↑عەرز erz یش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ Erde (G.)، erda (OG.)، earth (E.)، jord (Sw.)، erā (Gr.) "ئەرد"، *(IE.) *er(t)-* > "ئەرد".

ئەردەڵان erdelan *[ardalān]* - "ناوچەیەک لە کوردستان": پێک هاتووە لە دوو کەرتی ئەرد erd + ڵان lan. کەرتی یەکەم بە مانای "سەخت"ە و بە چەند شێوە دە زمانی کوردمادیدا دەبینرێ، وەک ↑هەرد2 herd "شاخی سەخت و پڕبەرد"، ↑زەرد zerd [ماە و زەرد]، ↑خرتە2 xırte "زەوی رەقەن و نەکێڵ"، ↑سرت sırt "رەق، سەخت" و دواتر خزمە دەگەڵ ↑خار xar، ↑خورت xurt "بەهێز" و ↑کورد *kurd* و هتد. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ hart (G.) و hard (E.) "سەخت". کەرتی دووەمی وشەکە بە مانای "هەرد، زەوی"یە و خزمە دەگەڵ پاشگری ↑ڵان lan- [بەردەڵان، خیزەڵان، بێشەڵان...] و land "زەوی" دە زمانە ژێرمەنییەکاندا. مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "هەردی سەخت، شوێن و ناوچەی ئاستەم". سەبارەت بە شێوازی ناو لێنانی ناوچە و هۆزەکانی کوردستان بڕوانە شی کردنەوەی "سۆران".

ئەرزان erzan *[arzān]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑هەرزان herzan.

ئەرزن erzın *[arzān]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑هەرزن herzın.

ئەرزەن erzen *[arzen]* - "چەنە": ↑ئەرزینگ erzîng یش دەگوترێ.

ئەرک erk - "زەحمەت، کار": *(Gr.) ergon* > "کار، ئەرک" *(Gr.) eirgein* > "پەرژین کردن، بەربەست کردن" [بروانە ↑وەرزێر werzer "جووتیار"].

ئەز ez *[az]* - "من": ich (G.)، ik (Gt.)، ih (OG.)، I (E.)، ic (OE.)، jag (Sw.)، egón (Gr.)، ego (L.)، ahám (OIn.)، azm (Av.)، (j)azu (OIs.) "ئەز"، سەر بە ریشەی *(IE.) *eĝ(ō), *eĝom-* > "ئەز".

ئەزماندن ezmandın *[azmāndın]* - "بانگ هێشتن، میوانی دان": هەروەها عەزماندن εezmandn. دەشێ پێک هاتبێ لە پێشگری ئا + زماندن a + zımandın. کەرتی ئەسڵی وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑جڤین *cıvîn* "کۆم بوون"، هەروەها ↑زەماوەند zemawend "داوەت".

ئەزموون ezmun *[azmūn]* - "تەجرەبە کردن، تاقی کردنەوە": ئەزمین ezmîn و ئەزماندن ezmandın یش دەگوترێن [ئەو کارەی دەئەزموومیان دەیئەزمێنم]. ازمودن āzemūdan (P.).

1- بەگوێرەی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 22) وشەکە دەچێتەوە سەر وشەی ئێرانی کۆنی **zu-māya-* (OIran.) سەر بە ریشەی *mā(y)-* "ئەندازە گرتن، هەڵسەنگاندن".

2- لە لایەکی دیکەوە دەکرێ ئەم وشەیە دەگەڵ exsamen (L.) "تاقیکاری" هەڵسەنگینین. لەوانەیە وشەکە لەم وشە لاتینییە وەرگیرابێ. ئەم وشە لاتینییە دەچێتەوە سەر **eksag-s-men (L.)* سەر بە ریشەی *(IE.) *ag-* > "ئاژۆتن، بەرەوپێش بردن". لەم مانایەوە مانای "بزوان" (ی تەرازوو) و دواتر "هەڵسەنگاندن" و سەرەنجام "تاقی کردنەوە" پەیدا بوون.

ئەژدیها ejdîha [*ažđīhā*] - "مارى مەزن": ↑ حەزیا ħezya ش دەگوترێ. اژدها ajdehā (P.). دەبێ سەر بە ریشەی < ***(IE.) *eĝhi-*** "مار، کرم" بێ و لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ژیشک jîşık "ئاژەڵێکی دڕکاوی" [دە بنەڕەتدا: مارخۆر، کرم خۆر].

ئەژنۆ ejno [*ežno*] - "چۆک": زانو zānū (P.). پێشگری ئە + ژنۆ e + j(ı)no. خزمە دەگەڵ Knie (G.)، kneo (OG.)، kniu (Gt.)، knee (E.)، knā (Sw.)، góny (Gr.)، genu (L.)، jānu (OIn.) " ئەژنۆ"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *genu-*** "ئەژنۆ".

ئەسپاردن espardın [*aspārdın*] - "ئەرکدار کردن بۆ پارستن": سپردن sepordan (P.). پێک هاتووە لە پێشگری ئە + سپاردن e + spardın. خزمە دەگەڵ ↑سپر *sıper* و ↑ئەسپەرە espere کە ئەوانیش جۆرێک لە پاراستن دەستەبەر دەکەن.

ئەسپۆل espol [*aspol*] - ↑سپڵ sıpıl.

ئەسپۆن espon [*aspon*] - "سابوون": ئە + سپۆن e + spon. کەرتی "سپۆن" شێوەی کۆنتری وشەکەیە، چووەتە ناو زمانی عەرەبی، بووەتە صابون sābūn (Arb.) و پاشان بەشێوەی "سابوون" گەڕاوەتە ناو زمانی کوردمادی و فارسی. خزمە دەگەڵ Seife (G.)، seipfa (OG.)، zeep (Nl.)، soap (E.) "سابوون، ئەسپۆن"، sebum (L.) "پیو". ئەسپۆن یان سابوون لە سەردەمی کۆندا لە پیو و خۆڵەمێش و شیرەی دار دروست کراوە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑سەپی sepî "پاڵاوتە"، ↑سافان safan "دڵۆپە، چکە"، ↑سافۆ safo "پاڵۆینە، راوەک"، ↑زیپک zîpık "دڵۆپە" و هەروەها ↑کەو kew [کەو و بێژینکَ]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "چۆڕاندنەوە، دڵۆپاندن".

ئەسپەرە espere [*aspara*] - "1- دارۆکەیەکە دەخرێتە دەسکی پێمەڕە بۆ پێ لەسەر داگرتن 2- دارۆکەیەکە دەخرێتە تیوان میچ و کۆڵەڵە": وشەکە پێک هاتووە لە پێشگری ئە + سپەرە e + spere. کەرتی "سپەرە" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑سپەرsper "ئامرازی پاراستن". وەک ئاشکرایە ئەسپەرە بە هەردوو ماناکەیەوە ئەرکی پاراستن جێ بەجێ دەکا. "ئەسپەرە" دە پێمەڕە دا ئەو بەشەیە کە بەری پێی پێمەڕەدار دەپارێزی و پێشی ئەوە دەگری لێواری ئاسنەکە لە کاتی پێ داگرتندا گوشاری راستەوخۆ بخاتە بنی پێ. لە مانای دووەمیشدا ئەسپەرە پێشی ئەوە دەگرێ کە کۆڵەکە لە بن گوشارێکی راستەوخۆدا دەرپەڕێ واتا دەبێتە پارێزەری کۆڵەکە بۆ وستان لە شوێنی خوێدا.

ئەسپەک espek [*aspak*] - "ناوی نەخۆشییەک": وشەکە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە حصبة ħasba (Arb.). زمانی فارسی وشە عەرەبییەکە بەکار دەهێنێ. وشەکە دەچێتەوە سەر ↑ئەسپێ espe "زیندەوەری بچووک". ئەو باکتیریەی نەخۆشی گیرۆی "ئەسپەک" دروست دەکا، لە رێگای "ئەسپێ"وە دەگوازرێتەوە و هەر بۆیە نەخۆشینەکە بە ناوی "ئەسپێ"وە کراوە.

ئەسپەناخ espenax [*aspanāx*] - "گیایەکی خواردنی": پێشتر دە زمانی فارسیدا ispanāġ (P.) گوتراوە. ئێستا شێوەی عەرەبێندراوی وشەکە واتا اسفناج esfanāj (P.) دە زمانی فارسیدا بەکار دێ. بە گوێرەی بۆچوونێک ئەم وشەیە دەبێ خزمایەتی هەبێ دەگەڵ spina (L.) "دڕک". ئەم وشەیە لە رێگەی زمانی عەرەبی و دواتر سپانی هاتووەتە ناو زمانە ئەوروپییەکانیشەوە، بۆ وێنە Spinat (G.). دوور نییە و پێوەندی بە ↑ئەسپینکَ *espîng* ەوە هەبێ.

ئەسپین espîn [*aspīn*] - "هۆرە، پواز": دەشێ پێک هاتبێ لە ئە [پێشگر] + سپین e + sıpîn. کەرتی "سپین" دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سەپاندن sepandın [چپاندن čapāndan (P.)] واتا بە زۆر تێرا کردن].

ئەسپینکَ espîng [*aspīng*] - "گیایەکی خواردن کە بەهاران دەروێ، شنکَ": شنکَ šang (P.). شێوەی "ئەسپینکَ" کۆنترە لە شێوەی "شنکَ"، پێک هاتووە لە پێشگری ئە + سپینکَ e + spnîg. "سپینکَ" دە بنەڕەتدا بە مانای "زراڤ، شلومل، لارا" بووە و خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑جینگل cîngıl دا باس

کراون. لەوانەیە↑ئەسپەناخ espenax یش پێوەندی بە "ئەسپینکَ"ەوە هەبێ واتا وشەکە بە گۆرانکارییەکەوە بۆ ئەم گیایەش بەکار هاتبێ.

ئەسپێ espe [*aspe*] - "زیندەوەرێکی بچووک": شپش šepeš (P.). ناوی زانستی ئەم زیندەوەرە pediculus (L.)ە و بنجی وشەکە مانای "پێ" دەدا و ئاماژە بە لاقەکانی ئەم زیندەوەرە دەکا. دە وشە کوردییەکەشدا کەرتەوشەی ↑پێ pe دەردەکەوێ. کەرتی سەرەتای وشەکە، واتا ئەس -es یان [ئە- س] دەبێ ئاماژە بە ژمارەی پێ یەکان بکا و خزم بێ دەگەڵ ↑هەشت heşt یان شەش şeş بی. دیارە ئەسپێ شەش پێی هەیە، بەڵام دوو ئانتێن لە پێشەوە بەدی دەکرێن و لەوانەیە ئەوانیش بە لاق ژمێردرابن و تێکڕا وەک زیندەوەرێکی هشت لاق سەیر کرابێ.

ئەستاندن estandın [*astāndın*] -"وەرگرتن": هەستاندن hestandın یش دەگوترێ.پێک هاتووە لە پێشگری ئە یان هە + ستاندن (h)e + standın. ستاندن setāndan (P.). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ get (E.)، geta (ON.)، gietan (OE.)" وەرگرتن، بەدەست هێنان". وشە ئینگلیزییەکە خزمە دەگەڵ prehendere (L.)، khandánein (Gr.) "گرتن". دە وشە لاتینی و یۆنانییەکەدا فۆتیمێکی n هەیە کە زێدەیە و خزاوەتە ناو وشەکانەوە و هەروەها دە وشە لاتینییەکەدا پێشگری pre هاتووەتە سەر ئەسڵی وشەکەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*ghed- >*** "گرتن".

ئەستران estran [*astran*] - "گۆرانی". پێشگری ئە + ستران e + sıtran. بڕوانە ↑ستران sıtran. **ئەستری estırî** [*astırī*] - "دڕک، چقڵ": خزمە دەگەڵ ↑ئەستنکَ estıng "زەردەواڵە".

ئەستریلک estırīlk [*astırīlk*] - "چرێش": خزمە دەگەڵ ↑ئەسترین estırîn [ستڕین، سڕین] سەر بە ریشەیەک بە مانای "پێداخشاندن، رێخشاندن، پێداهێنان".

ئەسترین estırîn [*astırīn*] - "خاوێن کردنەوە، رێخشاندن": ئەسترین جۆرێک لە خاوێن کردنەوەیە بەهۆی رێخشاندن یاخود پێداخشاندنەوە. ستردن sotordan (P.). پێک هاتووە لە پێشگری ئە + سترین e +sıtrîn. خزمە دەگەڵ streichen (G.)، strhhan (OG.)، strijken (Nl.)، strike (E.)، stringere (L.) "رێخشاندن، پێداخشاندن"، strigillis (L.) "رنەک"، steicheln (G.) "دەست پێداخشاندن بە مەبەستی ناز کردن"، Streichholz (G.) "دەنکەشەمچە، واتا ئەو ئەوچێوکەی بە رێخشاندن گڕ دەگری". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*ster(ə)- >*** "رێخشاندن، پێداخشاندن".

ئەستنکَ estıng [*astıng*] - "زەردەواڵە": خزمە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە دە زمانی کوردمادی و فارسی و دە زمانە ئەورووپییەکاندا. ئەم وشانە ماناکانی تیژ بوون، تیڕاچوون، تیهەڵچەقین دەخۆ دەگرن، بۆ وێنە ↑ئەستری estırî "دڕک، چقڵ"، ↑سینکَ sîng "دارۆکەی تیژ"، ↑تیخ tîx، ↑چقڵ çıqıl، ↑چەقین *çeqîn*، ستیغ setīġ (P.) "دوندی کێو، تیژایی بان کێو" و هتد.

ئەستوور estur [*astur*] - "قەوی، قەڵەو": پێک هاتووە لە پێشگری ئە + ستوور e + stur. دەشێ خزم بێ لەگەڵ stark (G.)، stark (E.)، sterk (Nl.)، stark (Sw.) "سەخت، بەهێز". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)ter- >*** "سەخت، توند، رەق".

ئەستۆ esto [*asto*] - "مل، ئەستوونی سەر": ستۆ sıto ش دەگوترێ. پێک هاتووە لە پێشگری ئە + ستۆ e + sıto. خزمە دەگەڵ ↑ستوون sıtûn یاخود ئەستوون estun.

ئەستەم estem [*astam*] - ↑ئاستەم astem یش دەگوترێ.

ئەستیلان estîlan [*astīlān*] - "کایەی کەڵەمستین": دەچێتەوە سەر کرداری ↑ئەستاندن estandın.

ئەستیو estîw [*astīw*] - "خاکەندازی سۆپە": خزمە دەگەڵ ↑ ئەستیوڵک estêwılık.

ئەستێ este *[aste]* - "ئاستێکە لە بەردەستێ دەدرێ و پریشکی ئاگری لێ هەڵدەستێ": ستە sıte و ستێ sıtêش دەگوترێ.

1- یان خزمەدەگەڵ استە aste (P.) [هستە haste (P.)] "بەرد، هەستی، ئیسک، ناوکی میوە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ئێسک êsık [کۆنتر: ئیستک êstık].

2- یان لەوانەیە وشەکە پێوەندی بە چەمکی "ئاگر هەڵکردنەوە" هەبێ. ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ aestus (L.) "کڵپە، گەرمی" و aestas (L.) "وەرزی گەرما"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *aidh-*** "سووتان، داغ بوون، هایسان". هەروەها لەوانەیە ↑ئایسان ayîsan [هایسان hayîsan]ی کوردمادی لەم ریشەوە هاتبێ.

ئەستیرک[1] esterk *[asterk]* - "گۆلاو، ئاوی راوەستاو": ئەستێل estel یش دەگوترێ. پێک هاتووە لە پێشگری ئە + ستیرک sterk + e. استخر estaxr (P.)، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *stel-*** "وەستاندن، وەستاو، راوەستاو، بێ جووڵە". ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی < ***(IE.) * st(h)a-*** "وەستان، وەستاندن" وخزمە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو وشانە کە ئاماژە بە چەمکی "وەستان" دەکەن، وەک ↑ستار sıtar "ئارام"، ↑*ستان sıtan*، ↑ئیست îst، ↑ئەستۆ esto، ↑ستوون sıtûn و هتد.

ئەستیرک[2] esterk *[asterk]* - "هەرزاڵ، سەکۆ بۆ کولوپەل لەسەر دانان": پێک هاتووە لە پێشگری ئە + ستیرک sterk + e. هەروەک وشەکەی سەرتر دەچێتەوە سەر ریشەی < ***(IE.) *st(h)ā-*** "وەستان، راوەستان". دەتوانین هەڵیسەنگینین دەگەڵ Ständer (G.)، stanter (OG.) "جێگەی شت لەسەر دانان". ئەم وشە ئەڵمانییەش دەچێتەوە سەر هەمان ریشە.

ئەستیرە estere *[astera]* - "قەوارەی ئاسمانی". ستیر ster یش دەگوترێ. ستارە setāre (P.). خزمە دەگەڵ Stern (G.)، starinō (Gt.)، stjärna (Sw.)، star (E.)، ster (Nl.)، aster (Gr.)، stella (L.) [کۆنتر: ster-la]. وشەکە بەشێوەی ↑ئەختەر exter یش دەبینرێ. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***(IE.) *stĕr-*** "ئەستیرە". "ئەستیرە" خزمایەتی هەیە دەگەڵ ↑تریفە tırîfe و ↑ئەسترین estırîn (سرینەوە، سترینەوە). پێوەندیٚ "ئەستیرە" و "ئەسترین" لە چی دایە؟ وەک لە ژێر وشەی "ئەسترین"دا باس کرا، ریشەی ئەم وشەیە مانای "لێکخشان، رێکخشان" دەگەیەنێ. کاتێک رووبەرێک بە دەسرە یان بە دەست خاوێن دەکرێتەوە، دە راستیدا لێکخشانی دەست یان دەسرە دەگەڵ رووبەرەکە دێتە ئاراوە. جا لەبەرئەوەی ئەستیرەکان لەسەر "رووبەری" ئاسمان دەخوشن (را دەخوشن)، ناوی ئەستیرە گرێ دراوە بە چەمکی رێخشان یان راخوشین. ئەو ریشەیەی سەرەوە بە مانای "ئەستیرە" خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەکی کۆنتر کە بریتییە لە ریشەی < ***(IE.) *ster(ə)-*** "رێخشاندن، پێداخشاندن". دە زمانی هیندی کۆندا ئەستیرە tarah (OIn.) بووە. طالع taliε (Arb.) "بەخت" لە زمانی عەرەبیدا دەشێ پێوەندی بەم وشەی هیندی کۆنەوە هەبێ و دە بنەڕەتدا مەبەست "ئەستیرەی بەخت" بووبێ. دە سەردەمانی کۆن و نەزانیدا بەختی مرۆڤەکان [تاکەکان] بە ئەستیرەکانەوە گرێ دەدران و وەک باس دەکرێ لەم دواییانەشدا ئەم دیاردەیە برەوێکی یەکجار بەرچاوی پێ دراوەتەوە.

ئەستێور estêwır [astewır] - "نازا، بێبەر": ئە [پێشگر] + ستێور e + stêwır. بڕوانە ↑ستێور stêwır.

ئەستێولک estêwılık [astewılık] - "1- ئاستێک بەسەر تەنووردا رای دەنگیون 2- ئاسنی تیکوەردانی ئاگر": وشەکە لە سێ بەش پێک هاتووە: پێشگری ئە + ستیو+ لک e + stew +(ı)lk. کەرتی کۆتایی پاشگری گچکاندنە. وەک لە ماناکە دەردەکەوێ مەبەست میلەیەکی ئاسنە. هەستیف hestîf و هەستیف hestîv یش دەگوترێ. خزمە لەگەڵ Stab (G.)، staff (E.)، stav (Sw.) "داردەست، میلە"، stabas (Lit.) "میلە، دیرەکَ"، Steven (G.) "میلەیەک لە دەکەلی کەشتیدا"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *stēb(h)-*** "وەستاندن، وەبەر دان، راگیر کردن".

ئەسرۆ esro [asro] - "قۆچ (ی ئاژەڵ): لەوانەشە دەشێ پێک هاتبێ لە پێشگری ئە + سرو e + sıro. کەرتی "سرۆ" پێوەندی بە ↑سەر ser هەوە پەیدا دەکا و دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ker- >*** "سەر، دوند، قۆچ، بەرزترین شوێن". وشەی Horn (G.)، horn (E)، horn (Sw.)، cornu (L.) "شاخ" لەم ریشەوە هاتوون.

ئەسر(ین) esr(în) [asr(īn)] - "فرمێسک، رۆندک": چەندین وشە دە زمانی کوردیدا بە مانای "ئەسر" بەکار دێن و شێوەی وشەکانیش لە یەک دەچن، وەک ئەسر(ین) esr(în)، هەرس hers، هەرش herş [جێگۆڕکێی فۆنێمەکان]، اشک eşk (P.) [سوانەوەی r] و فرمێسک fırmêsk [دە بنەڕەتدا: فرم fırm + ئیسک esk] و هتد. خزمە دەگەڵ asrū- (Av.)، áśru- (OIn.)، ašara (Lit.) "ئەسرین"، aśrāyate (OIn.)، ašaroju (Lit.) "ئەسرین دەرێژێ"، سەر بە ریشەی هیندوئەورووپی ***(IE.) *akru- >*** "ئەسر، رۆندک". لەوانەیە وشەی "ئەسرین" دە بنەڕەتدا وەک چاوکَ بە کار هاتبێ و دواتر چاوگەکە نەمابێ و وشەکە وەک ناو کەڵکی لێ وەرگیرابێ. جێگۆڕکێی فۆنیمەکان دە وشەکانی هەرس hers و هەرش herş دا دە زمانی فارسیشدا دەبینرێ. دە فارسیشدا لەپاڵ وشەی اشک aşk (P.)، پێشتر ارس ars (P.) بەکار هاتووە کە شێوەیەکی گۆڕاوی وشەکە نیشان دەدا.

ئەسک esk [ask] - "وێنە، عەکس": ئە [پێشگر] + سک e + sık. بنجی "سک" خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑سەکوت sekut "تەرح و دیدار" [سەر و سەکوت]، ↑شەقڵ şeqıl "وێنە، مۆر"، ↑سککە sık(k)e و هتد. ئەم وشانە هەموو بە مانای "شەقڵ، شێوە، وێنە" دێن و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sek- >*** "بڕین". بەم پێیە مەبەست لە "ئەسک" دە بنەڕەتدا بڕدراوی یاخود هەڵکەنراوی لەسەر دار و بەرد و کانزا بووە کە وەک نیشانە، وێنە و مۆر کەڵکیان لێ وەرگرتووە. ئەم وشەیە فۆنیمەکانی پاش و پێش بوون و بووەتە ئەکس eks یان عەکس ɛeks.

ئەسکڵ eskıl [askıl] - "پۆلوو، پشکۆ": خزمە دەگەڵ ↑هیشک hîşık، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووتان".

ئەسکۆ esko [asko] - "کەوچکی گەورە": ئەسکوی eskö یش دەگوترێ. هەروەها ↑ئەشکەو eşkew هەیە بە مانای "دەفری سواڵەت" [پێشگری ئە + شکەو e + şkew یان ئە + سکو e + sko]. کەرتی "سکو" یان "شکەو" خزمە دەگەڵ ↑سواڵەت suwalet و ↑ساوین sawîn و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)kā-bh- >*** "بە ئامرازی تیژ کار کردن، تاشین، کڕاندن، ساوین".

[تێبینی: ئەم وشانەی سەرەوە هەروەها خزمن دەگەڵ Schif (G.)، scif (OG.)، ship (E)، skepp (Sw.) "کەشتی". مەبەست لەم وشە ژێرمەنییە دە بنەڕەتدا "دەفر، جام، قاپ" بووە و دواتر کەشتی بە "دەفری ناو ئاو" شوبهێنراوە و مانای "کەشتی" لەمەوە پەیدا بووە. دە زمانی کوردمادیشدا هەر ئەم پێوەندییە دەتیوان دوو وشەی "جام" و "گەمێ"دا لەئارا دایە. سەرنجراکێش ئەوەیە کە دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی دیکەش بە مانای "ئەسکۆ" بەکار دێن، کە بریتین لە "چەمچە" [دواتر کەمچە، کەمچک، کەوچک] و "کەشتیلە". چەمچە پێوەندی بە وشەکانی "جام" و "گەمێ"وە هەیە و کەشتیلەش دەگەڵ "کەشتی" خزمە.

ئەم پێوەندییانە ئەوە دەخەنە ڕوو کە چەمکەکانی "دەفر"، "کەوچک" و "کەشتی" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و وشەکانی دەربڕی ئەم چەمکانەش لە پێوەندی ئێتیمۆلۆژیک دەگەڵ یەکتر دان].

ئەسکەملە eskemle *[askamle]* - "گەمەیەکە بە قەرەپووڵ دەیکەن": ئەسکە + ملە eske + mıle. کەرتی ئەسکە [ئە + سکە e + ske] هەرئەو کەرتەیە کە دە وشەکانی ↑سکە sıke و ↑ئەسکەناس eskenas یشدا دەبینرێ. ئەسکە یان سکە خزمە دەگەڵ ↑شەقڵ şeqıl بەمانای "نیشانە، وێنە، شکڵ". لێرەدا مەبەست ئەو نیشانە یان وێنەیە کە لەسەر قەرەپووڵەکە هەڵکەندراوە. کەرتی دووەمی وشەکە، واتا ملە mıle دەشێ وشەیەکی دیکە بێ و دەبنەڕەتدا مانای "نەخش و نیگار، خەت و خاڵ"ی هەبووبێ. بەراوردی ئەم وشەیە بکە دەگەڵ وشەی ئەڵمانی malen (.G) "نیگار کێشان، نەخشاندن". ئەم وشە ژێرمەنییە خزمە دەگەڵ ↑ماڵە male "پەڵە یان خاڵی سەر دەموچاوی ژنی دووگیان". مەبەست لە "ئەسکەمەلە" دەبێ دە بنەڕەتدا ئەوە بووبێ کە قەرەپووڵەکان بە رووی ئەسک [وێنەکە] یان "ملە" [خەتەکە، نووسراوەکە]دا دەکەوێ.

ئەسکەناس eskenas *[askanās]* - "پارەی کاغەز": خزمە لەگەڵ ↑ئەسکەملە eskemle و ↑ئەسک esk "وێنە، عەکس". مەبەست ئەو ئەسکەیە لەسەر قاقەزەکە کێشراوەتەوە.

ئەسکەنە eskene *[askana]* - "ئامرازی دارکۆڵین": پێشگری ئە + سکەنە e + skene. خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ئەشکەفت ekeft، ↑شکاف şıkaf، ↑چەقۆ çeqo، ↑شەقە şeqe (مشار)، ↑چاک çak "قەڵش، کەلێن"، ↑شەقار şeqar و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)kei- >*** "بڕین، قەڵشین، جودا کردن".

ئەسکنجە eskınce *[askınja]* - "جوجکەسمت": ئە + سکنجە e + skınce. ↑ئەشکنج eşkınc یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Schenkel (.G)، scencel (.OE)، shank (.E) و (.Sw) "ران". بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑زەنگاڵ zengal. ئەم وشەیە دەبێتە خزمیش دەگەڵ ↑(ئە)شکەنجە (e)şkence "عەزاب، ئازار".

ئەسڵ esıl *[asıl]* - "بنەچەک، ئۆریگینال": لەم بارەوە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دوو وشەی هاوپێوەند سەرنج رادەکێشن کە بریتین لە edel (.E)، æđle (.OE) "ئەسڵ، رەسەن" و هەروەها Adel (.G)، adel (.MNl)، æđel (.OE)، ađal (.OIs) "رەسەن، نەجیب زادە، بە ئەسڵ و نەسەب". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە ساخ نەکراوەتەوە. بەڵام دەشێ ئەم وشانە دەگەڵ وشەیٔ "ئەسڵ" لە یەک ریشەوە هاتبن. لەوانەیە وشەکە لە ڕێگای زمانی کوردمادی یان پارسی کۆن ڕێی کەوتبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە و بووبێتە اصل asl (.Arb).

ئەشخەڵ eşxel *[ašxal]* - "دەوەن": وشەکە دەبێ دەبنەڕەتدا بە مانای پنچکەدار و دەوەنی ئیشک بووبێ کە بۆ سووتاندن بەکار هاتووە. ئەم وشەیە بەدوو شێوەی دیکەش دەردەکەوێ، واتا ئیشکەڵ îşkel و ↑هەژگەڵ hejgel و خزمە دەگەڵ ↑ئیشک îşık یان هیشک hîşık.

ئەشقەمە eşqeme *[ešqeme]* - شێوەیەکی کۆنتر لە ↑سک sık.

ئەشکەفت eşkeft *[aškaft]* - "غار، کەلێنی مەزن لە شاخدا": پێشگری ئە + شکەفت e + ışkeft. ئەشکەوت eşkewt یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شکاف şıkaf "دۆڵاب" و شکاف şêkaf (.P) "درز، قەڵش" و شکافتن şêkaften (.P) "قەڵشاندن" و گەلێک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا کە هەموویان ئاماژە بە چەمکی "بڕین، قەڵشین، جودا کردن" دەکەن، بۆ وێنە ↑چەقۆ çeqo، ↑شەقە şeqe (مشار)، ↑چاک çak "قەڵش، کەلێن"، ↑شەقار şeqar و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)kei- >*** "بڕین، قەڵشین، جودا کردن".

ئەشکەڵە eşkele *[aškala]* - "مەنگەنەی دارتاش": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "سووڕان، خوار بوون، با دران" [ئە + شکەڵە şıkele + e]. وشەی schräg (.G) "خوار" لەم ریشەوە هاتووە.

ئەشکەنجە eşkence *[aškenja]* - "ئازاردان، عەزاب": ↑ئەشکنجە eşkınce.

ئەشکنج eşkınc *[aškınj]* - "بەندی تیوان ران و پشت، جومگەی سمت": ↑ ئەسکنجە eskınce ش دەگوترێ.

ئەشکنجە eşkınce *[aškınja]* - "1- جەڕ و مەنگەنە 2- شکەنجە": ↑ئەشکەنجە eşkence و ↑شکەنجە şıkence ش دەگوترێ. دە زمانی فارسیدا شکنجە êşkence (P.) بەمانای "ئازار دان" دێ و هەروەها شکنج êşkenc (P.) بەمانای "خوار و خێچی، چرچ و لۆچی، چین و چرووک، با دران" دێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑ئەشکنج eşkınc یان ↑ئەسکنجە eskınce بە مانای "بەندی تیوان ران و پشت، جومگەی سمت". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)keng- >*** "خوار، بادراو". چەمکی "با دان" لە مانای یەکەمی ئەم وشەیە، واتا لە "جەر و مەنگەنە"دا خۆی دەردەخا. هەرچی مانای "ئەشکەنجە و ئازار دان"یشە، دەبێ بە جۆرێک پێوەندی بە چەمکی "بادان و خوار بوون"ەوە هەبێ. لەوانەیە ئەشکەنجەدان لە بنەڕەتدا با دانی دەست و لاق بووبێ، یان مەبەستەکە خوار بوونەوە و قەد بوونی لەشی مروڤ لەکاتی لێدان و کوتاندا بووبێ.

[تێبینی: لە زمانی ئینگلیزیدا torture (E.) بە مانای "ئەشکەنجە" بەکار دێ. ئەم وشەیە ریشەی لاتینی هەیە و دەچێتەوە سەر tortūra (L.) "با دان"].

ئەشکەو eşkew *[aškaw]* - "دەفری سواڵەت": ئە[پێشگر] + شکەو şkew + e. کەرتی "شکەو" خزمە دەگەڵ ↑سواڵەت suwalet و فۆتیمەکانی شێوەیەکی کۆنتر نیشان دەدەن. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ئەسکوی eskö [↑ئەسکۆ esko] "کەوچکی گەورە" و ↑ساوین sawîn و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) bh- > *(s)kā-*** "بە ئامرازی تیژ کار کردن، تاشین، کڕاندن، ساوین".

ئەغیار1 eġyar *[aġyār]* - "بەئاگا": خزمە لەگەڵ ↑ئاگا aga.

ئەغیار2 eġyar *[aġyār]* - "بێگانە": دەچێتەوە سەر < غیر *ġayr (Arb.)* .

ئەفرە efre *[afra]* - "زۆرانی، زۆرەوانی": هەروەها عەفرە εefre. لەوانەیە پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑زۆر zor[2] "هێز، زەخت". ئەم وشەیە لە کۆندا زاڤەر/ زەڤەر بووە.

2- ↑کەڤر kevır "بەرد" [جێی ئاماژەیە کە وشەی "بەرد" دەگەڵ وشەی "پاڵەوان" خزمە].

3- *capere (L.)* "گرتن" [یەکتر گرتن]. ↑کیپ kîp کردن دەگەڵ ئەم وشە لاتینییە خزمە.

ئەفسانە efsane *[afsāne]* - "چیرۆکی کەونارا": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ épos (Gr.) "قسە، گێڕانەوە، چیرۆکی قارەمانان". ئەم وشە یۆنانییە دەبێتە خزم دەگەڵ vox (L.) "دەنگ" و vocare (L.) "بانگ کردن" و erwähnen (G.) "باس کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uek- >*** "قسەکردن، بێژتن". دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە لەم ریشەوە هاتوون وەک ↑بێژتن *bêjtın*، ↑وشە wşe، ↑ئاواز awaz و هتد.

ئەڤین evîn *[avīn]* - "خۆش ویستن، حەزی بەتین": پێشگری ئە + ڤین vîn + e. کەرتی سەرەکی وشەکە خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە دە زمانە ئەورووپییەکاندا وەک una (OIs.) "قایل بوون، راحەت بوون"، unwunands (Gt.) "خەمگین، نارەحەت"، gewöhnen (G.) "خوو پێگرتن" و Wonne (G.) "خۆشی، لەزەت"، vanas- (OIn.) "حەز، لەزەت"، vánati (OIn.) "حەز دەکا، ئارەزوو دەکا"، venus (L.) "خواژنی دلداری"، Wunsch (G.) "حەز، ئارەزوو"، wini (G.) و wine (OE.) "یار، دۆست"، Wahn (G.) "خولیای شێتانە، جنوون" [دە بنەڕەتدا: ئاوات و ئارەزوو]، winnan (Gt.) "ئازار کێشان"، gewinnen (G.)، win (E.) و vinna (Sw.) "بەدەست هێنان، بردنەوە" و هتد. ئەم وشانە دە کوردمادیدا دەبنە خزم دەگەڵ ↑ڤیان vîyan "خۆشەویستی، دڵداری" و ↑نەباندن nebandın "وە خۆ نەگرتن، خوو پێ نەگرتن،

خۆش نەویستن" و هەروەها ↑ویستن wîstın. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < -*uen(ə)* (IE.) "بە دوای شتێک کەوتن، چاو لە دووی شتێک بوون، هەڵوەدای شتێک بوون".

ئەگریجە egrîce [*agrīja*] - "بسک، مووی بەسەر لاجانگدا کەوتوو": پێشگری ئە + گریجە e + g(ı)rîce.
کەرتی سەرەکی وشەکە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑خوری xurî یان هری hırî "پەشم، مووی ئاژەڵ"، هەروەها دەگەڵ ↑کورک kurk، کرک kork (P.) "کورک، کوڵکە"، Haar (G.)، hair (E.)، har (Sw.)، haar (Nl.) "موو"، سەر بە ریشەی < -*ker(s)* (IE.) "زوور، سیخ بوون".

[تێبینی: هەر ئەم پێوەندییەی سەرەوە لەتیوان دوو وشەی "بسک" و "پەشم"یشدا بەدی دەکرێ].

ئەگیت egît [*agīt*] - "ئازا": ئەگید egîd یش دەگوترێ. دە زمانی عەرەبیدا بووەتە عقید εaqīd (Arb.) و بەمانای "کولۆتیل" بەکار دێ.

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئازا aza "بوێر".

2- یان لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑زات zat "بوێری" [پێشگری ئە e + زات zat ← ئەزات ← ئەگیت].

-ئەڵە ele- [*-ala*] - پاشگری گچکاندن: بڕوانە ↑-لە2 le- "پاشگری گچکاندن".

ئەم em [*am*] - "جێناوی ئاماژە بە نیزیک": [ئەمرۆ، ئەمساڵ، ئەم کابرایە]. این în (P.). خزمە دەگەڵ himma (Gt.) "ئەو، ئەم" [himma daga واتا ئەمرۆ]، him (E.)، ihm (G.)، imu, imo (OG.). خزمە دەگەڵ ↑ئەو ew.

ئەمان eman [*amān*] - "پارێزراوی": ئەمان لە دەست تۆ، واتا لە دەست تۆ پارێزراو بم. ↑ئامان aman2 یش دەگوترێ.

ئەمەک emek [*amak*] - "وەفا": ئەمەکَ emeg، هەمەک hemek و هەمەکَ hemeg یش دەگوترێ. دە زمانی کوردمادیدا جگە لەم وشەیە "سفەت"یش هەیە [بەسفەت، بێسفەت] کە ئەویش مانای "وەفاداری" دەگەیەنێ. وەک لەژێر وشەی "سفەت"دا شی کراوەتەوە، ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا "مانای *سفت*، سەخت" دەگەیەنێ و دە بنەڕەتدا مەبەست سفت و سەخت بوون لە پێوەندی دایە، بە وتەیەکی دیکە پێوەندییەکی سفت و سەخت و بە هێز کە لە کەمی نادا و لاواز نابێتەوە. وشەی "ئەمەک" یان "ئەمەکَ"یش هەر بە هەمان شێوە دروست کراوە. ئەم وشەیە پێک هاتووە لە پێشگری ئە + مەک e + mek [یان e + meg].
کەرتی مەک -mek یان -meg خزمە دەگەڵ چەندین وشەی زمانی کوردمادی کە ئاماژە بە "هێز و توانایی" دەکەن، وەک ↑مێش mêş 3 "هێز(ی کار و چالاکی)"، ↑میچ mîç "پێداگرتن"، ↑میجکَ mîcık"گورجوگوڵ"، ↑مزوور mızūr "بەهێز"، ↑موکور *mukur* [مکور mıkur] "پێداگر، سەرسەخت"، [ناوی ناوچەی موکریان لەم پێوەندییەدایە] و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Macht (G.)، mahts (Gt.)، meaht (OE.)، mecht (OF.) "هێز، دەسەڵات"، mögen (G.)، may (E.) "شیان"، mogu (Rus.) "دەتوانم"، megt (Let.) "توانایی، دەستەڵات"، māchaná (Gr.) "ئامراز، ئامێر"، سەر بە ریشەی < -*magh** (IE.) "توان، هێز". کەوابوو مانای بنەڕەتی "ئەمەکَ" هەمان "هێز و توان"ە و مەبەست ئاماژە کردن بە پێوەندییەکی بەهێز و پتەوە.

[تێبینی1: شیاوی باسە کە دە زمانی ئاڵمانیدا وشەی Treu هەیە بە مانای "وەفا، ئەمەکَ". ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دار dar، داربەڕوو" و لەمیشدا مەبەست دە بنەڕەتدا ئاماژە کردن بە سەخت و پتەو و بە هێز بوونە. تێبینی 2: ئاشنایەکی باکووریم دەیگوت "ئەمەک" لای ئەوان مانایەکی وەک "ئەرک و زەحمەت" دەگەیەنێ. ئەو لای وابوو وشەکە تورکییە، چونکوو دەگوترێ emeklî "پڕزەحمەت". دیارە پێوەلکانی پاشگرێکی زمانی تورکی، مەرج نییە وشەکە بکا بە تورکی! ئەم وشە چووەتە ناو زمانی تورکی و ئەوانیش بەپێی ڕێزمانی خۆیان پاشگریان پێوەلکاندووە و بەکاریان هێناوە. نموونەی لەم بابەتە لە هەموو زمانەکاندا گەلێک زۆرە. لەوانەیە زشەکە دە زمانی کوردمادیدا هەر لە کۆنەوە دوو مانای هەبووبێ. سەبارەت بە مانای "ئەرک، زەحمەت" دەتوانین دەگەڵ وشەی

"ئاستەم، ئاستەنگی" یان دەگەڵ وشەی "سەختی" بەرهەفی بکەین. ئەم وشانەش دە ریشەدا مانا "سەخت و پتەو بوون، بەهێز بوون" دەبەخشن].

ئەنتیکە entîke [antīka] - "کۆنەی بەنرخ": دەچێتەوە سەر antique (Fr.). ئەمەش خۆی دەچێتەوە سەر antiquus (Lat.) "پێشان، کۆن" و لەوێشەوە بۆ anticus (Lat.) "ئەوەی پێشەوە" و دواجار بو ante (Lat.) "پێش". دەبێتە خزم دەگەڵ ↑هەنێ hene دە زمانی کوردمادیدا بەمانای "تیوچاوان" کە دە فارسیدا پێی دەگوترێ "پیشانی".

ئەنتین entîn [antīn] - "دژایەتی کردن، خۆش نەویستن": هەروەها عەنتین εentîn. پێوەندی هەیە بە antí (Gr.) "بەرەوروو، لەپێش، لەدژ". ئەم وشە یۆناییە خزمە لەگەڵ ↑حاند ħand "رووبەڕوو" و ↑هەنێ hene "تیوچاوان".

ئەنجام encam [anjām] - "دوایی، ئاکام": وێ دەچێ وشەکە لە فارسی وەرگیرابێ و پێوەندی هەبێ بە هنجیدن hanjīdan (P.) "دەرکێشان(ەوە)، هەڵکێشان، دەرهێنان".لەوانەیە "ئەنجام" وشەیەکی کۆن نەبێ و زماننناسە فارسەکان ئەم وشەیان لەم کردارەی سەرەوە داتاشیبێ و مەبەستیان لە وشەکە "نەتیجە، دەرهاوردە" بووبێ ودواتر لەمەوە مانای "کۆتایی" پەیدا بووبێ، چونکوو نەتیجەی کار پێوەندی بە کۆتایی کارەکەوە هەیە. ئەم کردارە فارسییە خزمە لەگەڵ ↑هێنجان hencan [هەڵهێنجان helhencan "ئاو لە چاڵاو دەرهێنان بە سەتڵ"].

ئەنجنین encınîn [anjınīn] - "لەت لەت کردن": پێشگری ئە + ناوگری ن + جنین e + n + cınîn. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑جنین cınîn.

ئەنجومەن encumen [anjuman] - "یەکیتی، کۆما، جڤات": انجمن ancoman (P.). پێشگری ئە + ناوگری ن + جومەن e + n + cumen. کەرتی جومەن cumen شێوەیەکی کۆنترە لە جڤین cıvîn "کۆ بوونەوە، کۆم بوون". وەک لە زۆر وشەی دیکەشدا، فۆنیمی m گۆراوە بە v. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑جڤین cıvîn. خزمە دەگەڵ ↑جڤات cıvat.

ئەنجەت encet [anjat] - "بیانوو، دەلیل": < **حجة** *(Arb.) ħujja(t)*.

ئەنجینە encîne [anjīna] - "تێزینکێ": شێوەیەکی دیکە لە ↑تێزینکێ ezîng "داری سووتاندن". **ئەندازە endaze** [andāza] - "قاس، بڕ، چەندایەتی": اندازە endaze (P.). دەچێتەوە سەر ↑هەند hend یان ↑هێند(ێک) hend(ek). دە زمانی عەرەبیدا بووەتە handasa هندسة (Arb.) "ئەندازەناسی".

ئەندام endam [andam] - "لەش، بەشێک لە لەش": اندام andām (P.). لەوانەیە بەم شێوەیە پێک هاتبێ: پێشگری ئەن en + دام dam. لە زمانی ئەوێستادا han-dāman (Av.). "ئەندام". لە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 131) کەرتی ئەسڵی وشەکە بردراوەتە سەر ریشەی **da-* "دانان، رۆنان".

ئەندێشە endêşe [andeša] - "1- هزر و بیر 2- نیگەرانی": اندیشە andīše (P.). دەشێ بەم شێوەیە پێک هاتبێ: پێشگری ئەن en + دێشە dêşe.

1- دە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 136) بە خزم داندراوە دەگەڵ daēs- (Av.) "نیشان دان" و sam-deśa (OIn.) "ئەمر، فەرمان، راسپاردە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *deik- >*** "نیشان دان، بەدیارخستن". بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دژ dıj 2 "شەقڵی خەرمان".

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تاسە tase "حەز، ئارەزووی بەتین و ژان".

ئەنقەست enqest [anqast] - بە ئەنقەست واتا لەرووی زانین. دە ئەسڵدا وشەیەکی عەرەبییە، < *عن قصد εan qasd* (Arb.).

ئەنگاوتن engawtın [*angāwtın*] - "پێکان، لێدانی نیشانە": پێشگری ئەن + گاوتن en + gawtın . کەرتی "گاوتن" خزمە دەگەڵ یاخود شێوەیەکی دیکەیە لە ↑کەوتن kewtın [کەفتن]. مەبەست لە "ئەنگاوتن" دە بنەڕەتدا ئەوە بووە کە بەردێک یان پللارێک وە نیشانەیەک کەوتووە.

ئەنگڕان engıran [*angırān*] - " زۆر دەوڵەمەند بوون": ↑هەنگڕان hengıran یش دەگوترێ.

ئەنگرین engırîn [*angırīn*] - "تووڕە بوون": عەنرین εenrîn یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑هەنجەت[1] hencet "رەق، تووڕەیی" [لە هەنجەتان واتا لە رقان، لە داخان]. دە زمانە ئەورووپییەکاندا خزمە دەگەڵ anger (E.)، angra (ON.) "نارەحەتی، تووڕەیی".

ئەنگوتک engutık [*angutık*] - "گونتک، تۆپەڵەهەویر": پێک هاتووە لە ئەن + گوت [کەرتی ئەسڵی] + ک [پاشگری گچکاندن] en + gut + ık. بنجەوشەی "گوت" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گود gud "خڕ، گرۆڤەر".

ئەنگوست engust [*angust*] - "قامک": انگشت angošt (P.). بە پێی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" ل. 140) خزمە دەگەڵ چەند وشەیەک وەک angulus (L.)"گۆشە" وAngel (G.) "قوڵاپ " سەر بە ریشەی < ***(IE.) *ank-, *ang-*** "خوار بوون، چەمانەوە". دیارە وشەی ئەنگوستیلە engustîle ش پێوەستە بەم وشەیە.

ئەنگووچک enguçık [*anguçık*] - "لەوەندی، بەندی قۆڵی کراس": گوچک guçık، قۆچک qoçık و هەنگوچک henguçık یش دەگوترێن. پێشگری ئەن + گوچک en + guçık. "گوچک" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گۆشە *goşe*. ئەو بەندە شێوەیەکی گۆشەیی هەیە واتا لەلای سەرەوە پانە و لەخوارەوە باریک دەبێتەوە. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک ↑کۆشکە koşke "قەڵاخ"، ↑قووچ quç "بڵیندی مەخڕووتی"، ↑قووچەکە quçeke و ↑کۆچکە koçke و هتد.

ئەنگووتن engûtın [*angūtın*] - "*دەرکەوتنی* ئەستێرە": پێشگری ئەن + گووتن en + gûtın. کەرتی "گووتن" شێوەیەکی دیکەیە کە ↑کەوتن kewtın یان کەفتن keftın. مانای بنەڕەتی وشەکە "کەوتن"ە، بۆ وێنە کاتێک دەڵێن هەتاو ئەنگووت، مەبەست کەوتنی هەتاوە بەسەر وڵاتدا. خزمە دەگەڵ ↑هەڵەنگوتن helengutın و ↑ئەنگاوتن engawtın.

ئەنگۆ engo [*ango*] - "ئێوە، جێناوی کەسی دووەمی کۆ": ↑هون hun یش دەگوترێ کە شێوەیەکی دیکە لە وشەی "ئەنگۆ" نیشان دەدا. خزمە دەگەڵ uns (G.)، uns (Gt.)، us (E.)، oss (Sw.)، nos (L.)، nas (OIn.) سەر بە ریشەی < ***(IE.) *ns-*** "جێناوی بەرکاری کەسی یەکەمی کۆ". فۆنیمی s لە وشە هیندوئەورووپییەکاندا بووەتە g لە وشە کوردمادییەکەدا.

ئەنگۆر engor [*angor*] - "ترێ": انگور engur. خزمە دەگەڵ ↑هەنگوین hengwîn.

ئەنگۆرە engore [*angore*] - "دەمی ئێوارە": دە بنەڕەتدا لە دوو کەرتی هەنگی ئێوارە hangî eware پێک هاتووە، بە مانای دەمی ئێوارە. بڕوانە ↑هەنگَ heng و ↑ئێوارە êware.

-ئەنگێز engz- [*angez*] - ئەم وشەیە دە زمای کوردمادی و فارسیدا وەک پاشگر بەکار دێ. دە کوردمادیدا بۆ وێنە دەگوترێ "شەرەنگێز" یان "شەرەنگێزانە". دە زمانی فارسیدا زۆرتر باوە [شورانگیز، هیجان انگیز، غم انگیز]. وشەکە دەچێتەوە سەر کرداری انگیختن angīxtan (P.) "هەژاندن، هارووژاندن". دە فارسی ئەمڕۆییدا پێشگری بر bar دەلکێنرێ بە چاوگەکەوە و دەبێتە برانگیختن ber angīxtan (P.). رەگی کردارەکە لەکاتی ئێستادا دەبێتە گیز -gīz [می انگیزد mī angīzad (P.) واتا "دەهەژێنێ، دەهارووژێنێ"]. هەروەها وشەی انگیزە angīze (P.) دە زمانی فارسیدا بە مانای "پاڵنەر، مۆتیڤ" بەکار دەهێنرێ. چاوگە فارسییەکە لە چەند کەرت پێک هاتووە: پێشگری ان an + بنجی گیز gīz [گیخ gīx] + نیشانەی بە چاوکَ کردن یان بە کردار کردن. بەوتەیەکی دیکە ئەسڵی چاوگەکە دەبێ *گیزتن* *gīztan* یان *گیختن* *gīxtan* بووبێ و بەشەکانی دیکەی پێوە لکابێ. لەم بارەوە دە زمانی کوردمادیشدا چەندین نموونە هەیە، وەک "ئەنگاوتن، ئەنگووتن، ئەنگڕان" کە لەوانیشدا ئەسڵی چاوگەکان کەرتی ئەن

en پێوە لکێنراوە. سەبارەت بە بنجی گیز -gīz کە چاوگەکەی لەسەر دارێژراوە، دەتوانین بیبەستینەوە بە یەکێک لەم دەستەوشانەی خوارەوە:

1- ↑ئاخێز a-xez، ↑هەژان *hejan*، ↑غیژ ġîj "لوور بوونەوە"، ↑هاج hac [هارو هاج] و هتد. ئەم وشانە گشتیان ئاماژە بە "بزوان" و بەتایبەتی بزواتیکی توند و خێرا دەکەن.

2- ↑گژیان gıjyan "شێوان و لێکدرانی موو"، ↑گیزان gîzan "لێکدرانی تراو، ژان"، ↑گژەبا gıjeba، ↑گیژ gej، ↑گاشە gaşe، ↑کاس kas، ↑گەشکە geşke، ↑گیچەڵ geçel. ئەم وشانە جۆرێک لە هەژان یان بزواتیکی تیکەڵ پێکەڵ نیشان دەدەن.

ئەو ew [*aw*] - "جێناوی ئاماژە بە دوور": خزمە دەگەڵ he (E.)، he (OS.)، hinn (ON.) [هەڵی سەنگینە دەگەڵ این în (P.) و هین hîn ی کوردمادی]. دە زمانی ئەڵمانی کۆندا hiutu (OG.) [کۆنتر: hiu tagu] هەبووە بەمانای "ئەمرۆ" کە دە زمانی ئێستادا بووەتە heute (G.) "ئەمرۆ". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*k(e)i-,*ke - >*** "ئەو، ئەم".

ئەورا ewra [*awrā*] - "برسی": پێشگری ئە + ورا e + w(ı)ra. کەرتی "ورا" دەشێ شێویەکی دیکە بێ ↑برسی bırsî.

ئەوق ewıq [*awıq*] - "قەتیس، گیرخواردوو": هەروەها ئەوقە ewqe هەیە بە مانای "گیرۆدە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ئەوک ewık و دەگەڵ یوغ yūġ (P.) "نیر" و ↑یەخە *yexe* و ژمارەیەک وشەی دیکە کە ئاماژە بە "لێکبەستن، گرێ دان، پێوەست بوون" دەکەن.

ئەوک ewık [*awık*] - "بەرمل": ئەوک دەبنەڕەتدا بەمانای "یەخە" بووە و خۆی شێوەیەکی دیکەیە لە وشەی ↑یەخە *yexe* و خزمە دەگەڵ دەگەڵ یوغ yūġ (P.) "نیر" و ژمارەیەک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادی و زمانە هیندوئەورووپییەکاندا.

ئەوەتا eweta [*awatā*] - "جێناوی ئاماژە بە شوێن": ئەوە ewe + تا ta. بۆ کەرتی یەکەم بڕوانە ↑ئەو ew. کەرتی دووەمی وشەکە خزمە دەگەڵ the (E.)، that (E.) و da (G.) "ئەو، ئەوە، ئەوێ" و ↑تا ta سەر بە ریشە (رەگەجێناو)ی ***(IE.)*to-, *tod- >***.

ئەوەندە ewende [*awanda*] - "ئەو ئەندازە، ئەوقاس": ئەو + هەندە ew + hende. بڕوانە ↑هەند hend و ↑هێندێک hendek.

ئەها eha [*ahā*] - "وشەی ئاگادار کردنەوە و وریایی دان": ئەم وشەیە بە چەند مەبەستێک بەکار دێ و بۆ وێنە دەگوترێ "ئەها نەیکەی، ئەها مەهێڵە، ئەها لا چۆ" و هتد. یان کاتێک کەسێک جۆرێک لە زانیاری دەداتە لایەنی بەرانبەر، ئەو لایەنە دەڵێ "ئەها"، واتا ئێستا دەزانم چ باسە [لەم دۆخەدا وشەکە درێژ دەکرێتەوە ehaaaa]. کاتێک شتێک دەقەومێ، بۆ وێنە کیفی پارە لە بیر دەچێ، دەگوترێ "ئەها کیفەکەم لەبیر چوو". هەر ئەم وشەیە جاران بەشێوەیەکی خۆشتر لە ئاودەستخانەی مزگەوتەکان رەد و بەدەڵ دەکرا، لەتیوان ئەو کەسەی دەیهەویست خۆی بە ژوورێکی ئاودەستخانەکەدا بکا و ئەو کەسەش کە لە ژوورەکە دانیشتبوو و خەریکی ئیشەکەی بوو! لەم دوخەدا وشەکە بە ناچاری و لەبەر پەلەپەلان کورت دەکراوە و سەر و گوێی دەپەڕا [ıhı]! زۆرجاریش وشەکە، "ح"یەکی خەستیان تێ دەخست و بە شێوازێکی عەرەبی دەگوترا ıħħı. لە هێندێک دۆخدا وشەکە بە شێوەیەی ↑ها ha یان ↑هانێ hane بەکار دێ [ها ئەو تووڕەکەم لێوەربگرە، ها ئەو کراسە لەبەر بکە] یان [هانێ ئەو کراسە لەبەر بکە]. دە زمانی فارسیشدا دەگوترێ ها hā (P.) و هان hān (P.) ["هان ای پسر عزیز دلبند"]. ئەم وشانە وێ دەچێ خزم بن دەگەڵ ↑ئاگا aga. ئەم وشانە جۆرێک لە بە ئاگا کردن و ئاگاداری دەربڕین نیشان دەدەن. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑های hay "ئاگا " و هایدار haydar "ئاگادار" بەکار دێن.

ئەهاک ehak [*ehāk*] - "کلس، قسڵ": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئاهەک ahek. اهک āhak (P.). خزمە دەگەڵ ↑ئاخ ax و ↑خاک xak. دە بنەڕەتدا هەرسێ وشەی "ئاخ"، "خاک" و "ئەهاک" یەک وشە بوون و دواتر سێ

شێوەیان پەیدا کردووە. هەر لەم وشەیەوە چەند وشەی دیکەش پەیدا بوون وەک ↑ئەیاغ eyaġ "فازلاب، بەرماو، بنژیل"، ئاشاغە aşaġe یان ↑ئاشاخە aşaxe "ئاشغاڵ، بێکەڵک" و ↑ئاشغاڵ aşġal. هەموو ئەو وشانە دەبنەڕەتدا بەمانای ئەو "خاک" و خڵتە و خۆڵە بوون کە وەک بەرماوی دوای پاک کردن و خاوێن کردنەوە بەجێ ماوە و فڕێ دراوە.

ئەهوورا ehura *[ahūrā]* - ئاهوورا ahura ش دەگوترێ. ئەهوورامەزدا ehurāramezda ناوی ناوی خودا لە ئایینی زەردەشتی دایە. وشەکە دەشێ پێک هاتبێ لە پێشگری ئە e [ئا a] + هوورا hura. هوورا شێوەیەکی کۆنە لە وشەی ↑خۆر xor "هەتاو". مەزدا mezda بە مانای ↑مەزن mezın ە و خزمە دەگەڵ ئەم وشەیە. بەم جۆرە ئەهوورامەزدا مانای "خۆری مەزن" دەبەخشێ. هەروەها دەشێ ناوی گەلی کۆنی خووری xurî [هووری hurî] پێوەندی بە وشەی "خۆر" [هۆر، هوور]ەوە هەبێ.

[تێبینی: ماوەیەک لەمەوبەر هەواڵێک لەسەر ئینتێرنێت بڵاو کراوە کە تێیدا باس لەوە کرابوو، کۆمپانی ماشێن سازی "مەزدا"ی ژاپۆنی ئاشکرای کردووە کە ناوی "مەزدا"یان لە وشەی ئەهوورامەزدا وەرگرتووە].

ئەی ey *[ay]* - "دەنگی هاوار و بانگ کردن": ↑هەی hey ، ئۆی oy و هۆی hoy یش دەگوترێ. ای ey (P.). دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ وێنە دەگوترێ o mein Gott "ئەی خودای من"، o Tannenbaum "هۆ(ی) دارەکاجەکە" [گۆرانی بەناوبانگی کریسمەس لە ئەڵمان].

ئەیاغ eyaġ *[ayāġ]* - "فازلاب، بەرماو، بنژیل": خزمە دەگەڵ ↑ئەهاک ehak "خاک". مەبەست لە "ئەیاغ" دە بنەڕەتدا ئەو "خاک و خۆڵ" بووە کە نیشتووە و ماوەتەوە.

ئـی (Î)

ئیپه îpe [īpa] - "بەندێکی قایشە نیری پێ لە ئامووردەبەستن": خزمە دەگەڵ Haft (G.)"دەست بەسەرکراوی، بەستراوەیی"، hafta (OG.)، ha ft (OE.)، haptr (OIs.) "دەست بەسەرکراو، دەست بەسەرداگیراو، بەندکراو، بەستراوە"، haften (G.) "بەستراوە بوون، پێوەنووسان، قایم بوون"، heften (G.)، ha ftan (OE.)، häfta (Sw.) "بەستن، قایم کردن، پێوەنووساندن" و هەوەها Heft (G.) کە هەم مانای "دەسک، دەستک، دەسگیرە" دەدا و هەمیش مانای"دەفتەر" [پەڕەکاغەزی لێکبەستراو]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *kap- >* "گرتن". دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە وەک ↑قاپ qap و ↑کیپ kîp "قایمکراو، پێکەوە نووساو"، ↑هەبن hebın "بەندی سینگی رەشماڵ"، ↑ئۆیە oye "نەواری پووڵەکەدار" [پووڵەکەی لێکبەستراو]، ↑پەراو peraw "دەفتەر" [پەڕ- ئاو] پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. "قاپ" ئەو فەزا بەستەیە کە شتی تێدا رادەگیرێ، وەک ئەوەی شتەکە لەوێدا بەند و راگیر کرابێ. "کیپ کردن"یش بەو مانایە دێ کە دەرگا و پەنجەرە بە تەواوی ببەسترێ، بۆ ئەوەی دەنگ یان هەوا پێیدا تێ نەپەڕێ.

ئیتر îtır [ītır] - "ئیدی": ↑هیتر *hîtır* یش دەگوترێ. هەروەها ↑تر² tır هەیە وەک "رۆژێکی تر، کەسێکی تر"، کە ئەمەش پێوەندی بەم وشەوە هەیە.

ئیخ îx [īx] - ئیخ دانی وشتر واتا دانیشاندن و چۆک دادان بە وشتر. ↑ییخ yîx ش دەگوترێ. هەروەها دەگوترێ وشترەکە ئیخی خوارد واتا چۆکی دادا. خزمە دەگەڵ hocken (G.) "هەڵتروشکان"، hūchen (MG.)، hūka (OIs.) "خۆ مات کردن، خۆ خەفتاندن" [دە بنەڕەتدا: خۆ داهێنانەوە، خۆ نووشتاندنەوە]، سەر بە ریشەی *(IE.) *kug- , *koug- >* و دوورتر ریشەی *(IE.) *keu- >* "چەماندن، نووشتاندن، خوار کردنەوە".

ئیدی îdî [īdī] - "ئیتر": دە شێوەزاری سەروودا ئیدی edî دەگوترێ. دە زمانی کودمادیدا چەندین وشە لەم پێوەندییەدا بەرچاو دەکەون، کە پێوەندییان بەیەکەوە روون و ئاشکرایە. بەڵام ئەوە کە پێوەندی ئەم وشانە دەگەڵ یەکتر بە وردی چۆناوچۆنە، جێی هەڵوەستە و لێکۆڵینەوەیە. ئەم وشانە بریتین لە ↑تر tır [رۆژێکی تر، کەسێکی تر]، ↑هیتر hîtır [یان ئیتر îtır]، ↑دی dî [رۆژێکی دی]، دیکە dîke. دە زمانی فارسیدا دەگوترێ دیگر dīgar (P.). من پاش هەڵسەنگاندنی ئەم وشانە دەگەڵ یەکتر بەم ئەنجامەی خوارەوە گەیشتووم: دەشێ وشە لە کۆندا *دیتەر dîter** بووبێ. ئەم وشەیە دە زمانی فارسیدا بووەتە دیگر dīgar (P.)، واتا فۆنیمی t گۆڕاوە بۆ g. [گۆڕانی لەم چەشنە دە وشەی دیشدا بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە "ئاتر" بووەتە "ئاگر"، یان بڕوانە دوو وشەی *نتراندن* "چاوەنۆڕی کردن" دە زمانی کوردمادیدا و "نگریستن" دە فارسیدا]. دە زمانی کوردمادیدا وشەکە بووەتە ↑دیکە dîke و دواتر دیسان سواوەتەوە و بووەتە ↑دی dî [رۆژێکی دیکە، رۆژێکی دی]. دە زمانی فارسیدا وشەی "دیگر" هەم وەک ئاوەڵناو بەکار دێ [رۆز دیگر] و هەم دەوری ئاوەڵکردار دەبینێ [دیگر نمی روم، او دیگر انجا نبود]. بۆ ئەم دۆخەی دوایی دە زمانی کوردمادیدا وشەی دی نیشانە یان ئامرازێکی خراوەتە سەر، واتا ئی î یان ئێ e [ئیدی ناڕۆم، ئەو ئیدی لەوێ نەبوو]. ئەم نیشانەیە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ئامرازی خستنەپاڵی ↑هی² hî/ ئی î [هی می، ئی من]. لەوە دەچێ کە هەر ئەم ئامرازە لە وشەی ↑هیتر hîtır / ئیتر îtır یشدا رۆڵ بلەیزێ. ئێستا بگەڕێنەوە سەر وشەی دیتر dîtır کە شێوەی کۆنتری وشەکە بووە. ئەم وشەیە پێک هاتووە لە دوو کەرتی دی dî + تر tır. کەرتی دووەم دە زمانە خزمەکانیشدا دەبینرێ، وەک لەم وشانەی

خوارەوەدا: (G.) ander، (E.) other، (OIs.) annar، (OIn.) ántara-h، (Lit.) antras "دی، دیکە، ئیدی، ئەوی دی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) onotero-* >*** "تر، هیتر، ئەویتر". ئەم ریشەیە خۆی لە دوو کەرت پێک هاتووە، واتا کەرتی *(IE.) *eno-, *ono-* "ئەو، ئەوێ" و *(IE.) tero-*. ئەم وشەی دوایی خزمە دەگەڵ نیشانە یان ئامرازی ↑تر tır کە دە زمانی کوردمادیدا بۆ ئاوەڵناوی "باڵاتر" بەکار دەهێنرێ، وەک باشتر، جوانتر، سەرتر و هتد. بەم جۆرە مانای وشە ئەورووپییەکان دە بنەڕەتدا دەبێتە "ئەوتر"، هەر وەک "باشتر، جوانتر". تا ئێرە کەرتی "تر" دە وشەی "دیتر"دا ساخ کراوە، دەمێتێتەوە کەرتی "دی". وەک لە وشە ئەورووپییەکاندا دەبینرێ، کەرتی یەکەم دە بنەڕەتدا جێناوێکە بە مانای "ئەو". هەر بەم پێیە دە وشەی "دیتر"یشدا کەرتی یەکەم دەبێ ئەو مانایەی هەبێ. ئەگەر لەم تێڕوانینەوە بە دوای ریشەی ئەم وشەیەدا بگەڕێین، تووشی چەند وشەیەک دەبین کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا ئەم مانایە دەبەخشن، واتا die (G.)، diu (OG.)، de (Nl.)، the (E.)، tó (Gr.) "ئەو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *to- >*** "ئەو". لەوانەیە هەر ئەم وشەیە بێ کە لە وشەکانی دوێ dö، دوێکە döke، ↑دوێنێ döne [دیروز dīrūz (P.) و دیشب dīšab (P.)]دا بەرچاو دەکەوێ.

[تێبینی: پاش نووسینی ئەم دێڕانەی سەرەوە، ویستم بزانم ئایا وشەی "دیتر" دە زمانی کوردمادی ئەمرۆدا بەکار دێ. ئەم وشەیە دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا نەهاتووە، بەڵام بە خۆشییەوە دە "فرهنگَ فارسی- کوردی دانشگاه کردستان"دا دۆزیمەوە (بڕوانە ماناکانی وشەی فارسی"دیگر" لەم پەرتووکەدا). بوونی ئەم وشەیە بۆچوونەکەی سەرەوە پشتراست دەکا].

ئیربار îrbar *[īrbār]* - "قاپ و قاچاخ": هیربار hîrbar یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شەربە şerbe.

ئیزۆک **îzok** *[īzok]* - "زیپکەی دەموچاوی زارۆکی شیرەخۆرە": خزمە لەگەڵ ↑ئازەب azeb.

ئیژگڵ **îjgıl** *[īžgıl]* - "پۆڵوو، پەنگر": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئەسکڵ eskıl و خزمە دەگەڵ ↑ئێزینکَ êzîng "داری سووتەمەنی".

ئیست **îst** *[īst]* - "1- پشوو 2- ماوەیەک لە کات": دە شێوەزاری موکریانیدا بۆ وێنە دەگوترێ ئیستێکی پێ چوو، ئیستێکی دی دەگاتێ، ئیستێکی دی دەڕۆین و هتد. ئەو ئەندازە لە کات کە وشەکە لەو زاراوەیەدا ئاماژەی پێدەکا، ئەندازەیەکە وەک "تاوێک" [تاوێکی دیکە، بە مەزەندەی من هێندەی سەعاتێک]. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑وەستان westan [دە فارسیدا ایستادن īstādan (P.)] و دە بنەڕەتدا بە مانای راوەستاتیک واتا پشووداتیک بووە. پاشان وشەکە مانای ماوەیەک لە کاتی وەرگرتووە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Stunde (G.) وStonde (Nl.) "سەعات" [بە مانای ماوەیەک لە کات] و ئەم وشە ئەڵمانییەش خۆی لە stehen (G.) "وەستان"ەوە هاتووە و خزمیشە دەگەڵ "وەستان". هەروەک لە زمانی کوردمادیدا، دە زمانی ئەڵمانیشدا سەرەتا مەبەست راوەستاتیک و پشووداتیک بووە و پاشان مەبەستەکە گۆڕدراوە بە ماوەیەک لە زەمان و سەرەنجام لە سەدەی پازدەوە مانای "سەعات"ی وەرگرتووە.

[تێبینی: وشەی ایست īst (P.) دە زمانی فارسیدا مانایەکی دیکە دەبەخشێ و بە مانای فەرمان دان بە وەستانە، واتا "بوەستە"].

ئیسک **îsk** *[īsk]* - "نزگەرە": ئیسکە îske دەگوترێ. خزمە لەگەڵ ↑هەسکیان heskîyan "هەنیسک دان، نزگەرەی پاش گریان".

ئیسیوەت **îsîwet** *[īsīwat]* - "هیشککراو و وردکراوی بیباری رەش": دەکرێ ئاماژە بە دوو شیمانە بکەین:

1- لەوانەیە وشەکە دە بنەڕەتدا لە دوو کەرت پێک هاتبێ و کەرتی یەکەم هەر ئەو کەرتە بێ کە دە وشەی ↑هەزوێڵە hezwele دا هەیە بە مانای "ئەدویە، بوهارات". بنجی ئەم وشەی دوایی بریتییە لە هەز -hez کە خزمە دەگەڵ ↑هیشک hîşk. کەرتی دووەم، واتا "وێڵە" دە هێندێک وشەی دیکەشدا دەبینرێ،

وەک دانەوێڵە، وردەواڵە، ئاسنەواڵە و هتد. ئەم وشەیە وەک پاشگرێک بەکار دەهێنرێ و ئاماژە بە دەستەیەک یان چەندین جۆر لەناو دەستەیەک دەکا. دە زمانی کوردمادی بۆ ئەم مانایە پاشگری "جات" و "ئات، وات"یش بەکار دەهێنرێن، وەک سەوزیجات، بوهارات، ئەدەوات، پۆخڵەوات و هتد. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەتوانێ دەبنەڕەتدا "هەزەوات، هیسەوات" بووبێ، واتا هەمان "هەزوێڵە"کەی خۆمان، بە پاشگرێکی جیاوازەوە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Droge (G.) "داو و دەرمان" دەچێتەوە سەر وشەیەکی کۆنتری ئەڵمانی و هولەندی، واتا droge "هیشک(کراو)". مەبەست لە وشە ئەڵمانییەکە بریتی بووە لە گژ و گیای هیشککراو کە وەک داو و دەرمان (دەوا و دەرمان) بەکار هێنراوە. جێی ئاماژەیە کە وشەی "ئەدویە، ئەدویەجات"یش خزمە دەگەڵ *دەوا* "دەرمان" و *دەواخانە* "دەرمانخانە"].

2- یان لەوانەیە وشەی "ئیسیوەت" پێوەندی هەبێ بە وشەی عەرەبی *اسود aswad (Arb.)* "ڕەشتر".

ئیشار îşar *[īšār]* - "جۆرێک سەرپۆشی ژنانە": دەشێ پێوەند ی هەبێ بە ↑*شاردنەوە şardınewe* و ↑حەشاردان ħeşar.

ئیشک îşık *[īşık]* - شێوەی پێشتری ↑هیشک hîşık.

ئیشکارۆ îşkaro *[īškāro]* - "بیابان": ئیشک + ئارو îş(ı)k + aro. کەرتی دووەمی وشەکە شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ئارا ara واتا "دەشت، پانتایی زەوی" و مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "پانتاییەکی ئیشک".

ئیشکاوز îşkaw(ı)z *[īškāw(ı)z]* - "تۆو بەسەر هەردی هیشکەوە چاندن": ئیشکاوس îşkaw(ı)s یش دەگوترێ. ئیشک + ئاوز îşk + aw(ı)z. کەرتی دوومی وشەکە پێوەندی بە ↑هاویشتن hawîştın [هاوێژ] هەوە هەیە و مەبەست "تۆو هاویشتن"ە.

ئیقلیم îqlîm *[īqlīm]* - "ناوچە، قەڵەمڕەو": اقلیم eqlīm (P.). لەوانەیە ئەم وشەیە لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردمادی و فارسی. وشەکە خۆی ریشەی یۆنانی هەیە: *klíma (Gr.)* > Klima (G.)، climate (E.) "کەش و هەوا، شوێنێکی تایبەتی لەرووی کەش و هەواوە" لەم وشە یۆنانییە وەرگیراون. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑کل kıl بوون بە مانای "خوار بوون، داهاتنەوە".

ئیکلام îklam *[īklām]* - "کرنۆش، سەر چەماندن بۆ ڕێز گرتن": خزمە دەگەڵ ↑ئیقلیم îqlîm "قەڵەمڕەو". ئەم وشەیە خۆی ریشەیە یۆنانی هەیە و دەچێتەوە سەر klíma (Gr.) "لێژایی، نشێو، داوێن، شوێنی جوگرافی"، خزمە دەگەڵ ↑کل kıl دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "خوار".

-ئیلان -îlan *[-īlān]* - "1- پاشگری گچکەیی 2- پاشگری خۆشەویستی": بڕوانە ↑لە le 2.

ئینکەبەریînkeberî *[īnkabarī]* - "لاساری، عیناد": پێک هاتووە لە ئینکە + بەری înke + berî. کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑هەنێ hene یان ئەنێ ene واتا "تیوچاوان" و کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر ↑بەر ber بە مانای "پێش". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێتە بە رووی کەسێکدا وەستان، روو بەروو بوونەوە، جیبهەگیری.

ئێ (E)

ئێ1 e *[e]* - کورتکراوەی ↑یەک yek یان یێک yek: دارێ dare [دارێک darek]، ڕۆژێ roje [ڕۆژێک rojek] و هتد.

ئێ2 e *[e]* - دەگەڵ ناوی ژن دێ لە دۆخی بانگەکردندا: شەمێ şeme، نازێ naze، کاڵێ kale، گوڵێ gule و هتد. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ پاشگر یاخود نیشانەیەکی زمانی ئەڵمانی کە دەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لەو ناوانە دێ کە وەک ناوی ژن بەکار دێن، وەک Renate، Beate، ، Nicole، Simone، Susane، Anette و هتد.

ئێ3 e *[e]* - "1- وشەی بەردەوامی و پشتراست کردن 2- وشەی سەرسوڕمان": کاتێک کەسێک قسەیەک دەگێڕێتەوە، لایەنی بەرانبەر بۆ ئەوەی قسەرکەر لەسەر گێڕانەوەکەی بەردەوام بێ و لە پشتگیری قسەکاندا ناوەناوە ئەو وشەیە بەکار دێنێ. لە زاراوەی موکریانیدا وشەی "دەی" بۆ ئەم دۆخە بەکاردێ [دەی، دەتفەرموو]. هەروەها ئەگەر گێڕانەوەکە جێی سەرسووڕمان بێ، لایەنی بەرانبەر دەبێژێ "ئێ؟"، کە ئەم جارەیان دەربڕینی وشەکە شێوەیەکی پرسیارکردن و سەرسوڕماوی دەگەیەنێ. بۆ هەردووک ئەم دۆخانە دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی ja (G.) "ئا، بەڵێ" بەکاردەهێنرێ کە دیارە ئاهەنگی گوتنەکەی دوو شێوەی جیاوازی هەیە. وشە کوردمادی و وشە ئەڵمانییەکە خزمن و هەردووک دە بنەڕەتدا بە مانای "بەڵێ" ن. لە دۆخی یەکەمدا بەڵێ گوتنەکە مانای پەژراندن و پەسەند کردنی قسە و باسێک دەگەیەنێ و حەزی بیسەر بۆ بەردەوامی قسەکان نیشان دەدا. لە دۆخێ دووەمیندا بەڵێ گوتنەکە پرسیار و سەرسوڕمانی تێدایە و هێشتا نەبووەتە پەژراندنی تەواو و حەزی بیسەر بۆ دڵنیا بوون لە قسەکە نیشان دەدا. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑ئا a "بەڵێ".

-ئێتی ê-tî *[etī]* - شێوەیەکی دیکە لە پاشگری ↑ئایەتی ayetî-.

ئێجگار ecgar *[ejgar]* - شێوەی گۆڕدراوی ↑یەکجار yekcar یان ئێکجار êkcar.

ئێختە êxte *[exta]* - شێوەی پێشتری ↑یەختە yexte "خەسێنراو". دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑ئاژنین ajnîn "کون کردن بە شتی تیژ، هەڵکۆڵین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ak-, *ok- >*** "تیژ ، نووک تیژ". لەم تێڕوانینەوە یەختە دەبێ دە بنەڕەتدا ئاماژە بەو کارە نەشتەرگەرییە بێ کە لەسەر ئاژەڵ کراوە.

ئێختەرمە êxterme *[extarma]* - "ئەسپی یەدەک": ڕەنگە پێوەندی بە ↑ئێختە êxte وە هەبێ و دە بنەڕەتدا مەبەست "ئەسپی ئێختەکراو" بێ.

ئێراق êraq *[erāq]* - "بەربەڕۆچکە": خزمە دەگەڵ ↑ئارا "دەشت"، سەر بە ریشەی ***(IE.)* ās- >*** "سووتان، هایسان". ڕەنگە ناوی وڵاتی ئێراقیش پێوەندی بەم وشەوە هەبێ. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑هێرک herık 1 "دەشتایی بچووکی ناو چیا". بەم شێوەیە وێ دەچێ عێراق [دە ئەسڵدا: ئێراق] وشەیەکی کوردمادی بێ.

ئێرە ēre *[era]* - ئاماژە بە شوێنی نیزیک [ئێرە و ئەوێ]. خزمە دەگەڵ hier (G.)، hiar (OG.)، hār (Sw.)، hēr (Gt.)، here (E.)"ئێرە" و هەروەها her (G.). ئەم ئاوەڵکردارەی دوایی دە زمانی ئەڵمانیدا ئاماژە دەکا بە ئاراستەیەک بەرەو شوێنی ئاخێور، بەپێچەوانەی ئاوەڵناوی hin کە دووربوونەوە لە شوێنی ئاخێوەر نیشان دەدا. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ke-, * k(e)i- >*** "ئەمە". وشەکە دە شێوەزاری سەروودا بووەتە ڤر vir [سوانەوەی h لە شێوەزاری ناوەڕاستدا و گۆڕانی بۆ v لە شێوەزاری سەروودا].

ئێرەق ereq [*eraq*] - ئێرەق بوون واتا هەستان و رەپ بوونی ئەندامی جینسی ئێر. < *(Lat.) erectio* "قیت کردن و دەرپەڕاندن". دەشێ وشە لاتینییەکە خزم بێ دەگەڵ وشەی کوردمادی ↑راست rast و دەبنەڕەتدا مەبەست "راست کردنەوە" بووبێ.

ئێرەیی ereyî [*erayī*] - "حەسوودی": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Ehre (G.)، ēra (OG.)، eer (OE.)، ār (Nl.)، eir (OIs.) "رێز و روومەت، وەرج، ئیحتیرام، ئیعتیبار"، سەر بە ریشەی *(IE.) *ais- >* "بەروومەت بوون، بە ئەدەب بوون، رێز دانان". aistan (Gt.) "ترسان"، aídesthai (Gr.) "ترسان، زات نەکردن، رێز دانان" پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە. وێ دەچێ دە زمانی کوردمادیشدا مانای وشەکە پێشتر لەو مانایانەی سەرەوە نیزیک بووبێ و پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ.

ئێزی ezî [*ezī*] - "جۆلانە لە گوریس": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑هەژان hejan و ئەو وشانەی لەوێ باس کراون.

ئێزیدی ezîdî [*ezīdī*] - "ئایینێکی کۆنی کوردمادی": یەزیدی yezîdî یش دەگوترێ. خزمە لەگەڵ ↑یەزدان yezdan و ↑جێژن *cêjın*.

ئێزینگ êzîng [*ezīng*] - "داری سووتەمەنی": خزمە دەگەڵ ↑ئازاڵە azale "ئاوردوو" و دواجار دەگەڵ ↑هیشک hîşk یان ئیشک îşk، سەر بە ریشەی *(IE.) * ās- >* "سووتان، هایسان". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ هیزم hīzom (P.) "داری سووتەمەنی".

ئێستا êsta [*estā*] - "هەنووکە، نها، ئەم کاتە": وشەی "ئێستا" لە رستەی ئەرێنیدا بەکاردێ [ئێستا دەچێ] و "هێشتا" لە رستەی نەرێنیدا بەکار دەبردرێ [هێشتا نەڕۆیوە]. ئەم وشەیە لەوە ناچێ پێوەندی بە وشەی "هێشتا"وە هەبێ، بەڵکوو دەبێ لە ریشەیەکی دیکەوە هاتبێ و لەژێر کاریگەری وشەی "هێشتا"دا شێوەکەی گۆڕاتیکی بەسەردا هاتبێ. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە :

1- ↑سات sat "کات". وەک لەژێر "سات"دا شی کراوەتەوە، هاواڵەکانی ئەم وشەیە لە زمانە کۆنە ئەورووپییەکاندا بە مانای "دێرتر، دواتر" بەکار هاتووە. لەوانەیە "ئێستا" دە زمانی کوردمادی بەرێدا بە مانای "کەمێک دواتر، تاوێکی دیکە" بەکار هاتبێ.

2- ↑ئیست îst "دەم" [ئیستێکی دی واتا تاوێکی دیکە].

ئێسقان esqan [*esqān*] - "ئێسک": بڕوانە ↑ئێسک êsık.

ئێسک êsık [*esık*] - "ئەو بەشە سەختەی لەش کە کۆڵەکەیە بۆ بەشە نەرمەکان": ئێسقان êsqan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ استخوان ostoxan (P.)، os (L.)، ast- (Av.)، ásthi- (OIn.) "ئێسک". ریشەی ئەم وشانە دەبردرێتەوە سەر *(IE.) *ost(h)-* "ئێسک". [بڕوانە فرهنگی ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 95]. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑هەستی hestî و هەستک hestık وەک شێوەیەکی دیکە لە وشەی ئێسک بەکار دێ. "هەستی" هەروەها بە مانای "ناوکی میوە" [بە مانایەکی دیکە "ئێسکی میوە"] ش بەکار دێ و بەم مانایە دە زمانی فارسیشدا هستە haste (P.) دەگوترێ. شێوەی ئێستک êstık شێوەی کۆنتری وشەکەیە و ئێستاش لە هێندێک شێوەزاری کوردمادیدا بەکار دێ. شێوەکانی ئێسک و ئێسقان بۆ ئەم شێوە کۆنترە دەگەڕێنەوە و هەرکامیان هێندێک گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ریشەی باسکراو لە سەرەوە دەبێ دە بنەرەتدا پێوەندی بە ژمارەیەک وشەی دیکەوە هەبێ کە ئاماژە بە چەمکی "سەختی" دەکەن، وەک ↑ئاستەم *astem*، ↑ئاستەنگ asteng، ↑ستەم stem و هتد. ئەم وشانەی دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *staī- >* "رەق بوون، سفت بوون، توند بون".

[تێبینی: پێوەندی تیوان دوو چەمکی "ئێسک" و "بەرد" دە زمانی ئەڵمانیشدا بەدی دەکرێ. لەم زمانەدا دەستەواژەی Stein und Bein هەیە بەمانای "بەرد و ئێسک". شیاوی باسە کە وشەی Stein "بەرد" لەگەڵ وشە کوردییەکانی سەرەوە خزمە].

ێش êş *[eš]* - "ئازار هەبوون": خزمە دەگەڵ ache (E.) ، eche (ME.) "ێش". هەڵی سەنگێنە دەگەڵ ↑ئاخax2 "دەنگی ئێش و ئازار".

ێشک êşık *[ešık]* - "پاسەوانی، نەخەوتن و ئاگا لێ بوون": دەشێ پێوەندی بە ↑هۆش hoş هوە هەبێ و دە بنەڕەتدا مەبەست هۆشیار مانەوە بووبێ.

ێع εε *[εε]* - وشەیەکە بۆ دەربڕینی بێزکردن [ێع، بێزم هەستا].

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Ekel (G.) "بێز" و ekelhaft (G.) "بێزهەستێن". ریشەی وشە ئەڵمانییەکە ساخ نەکراوەتەوە.

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑ێق eq هوە.

ێڤار êvar *[evar]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑ێوارە eware.

ێق eq *[eq]* - "هێڵنج، رشانەوە": ↑حۆق ħoq یش دەگوترێ.

ێک ek *[ek]* - شێوەیەکی دیکە لە یێک yek یان ↑یەک yek.

ێڵ el *[el]* - "خێڵ": عێڵ εel یش دەگوترێ. بە فارس دەگوترێ ایل īl (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑خێڵ xel.

2- *ال al* (Arb.) "بنەماڵە".

ێمە ême *[ema]* - "جێناوی کەسی یەکەمی کۆ": ئەمە ama ش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ me (E.) "جێناوی بەرکاری بۆکەسی یەکەمی تاک" mī/me (OS.)، me (L.)، me/emé (Gr.)، mā (OIn.)، سەر بە ریشەی ***mege- > (IE.)*.

ێوارە eware *[ewāra]* - "کاتی بەر لە تاریک بوون": ێڤار êvar یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Abend (G.)، evening (E.)، afton (Sw.) "ێوارە". بە گوێرەی سەرچاوەکان ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***epi- > (IE.)** "دوایی، پاش، پشتی" و مەبەست دواین بەش یان بەشی پاشینی رۆژ بووە. شیاوی باسە وشەی after (E.) یش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

[ێبینی: لە لایەکی دیکەوە ریشەیەکی دیکەی هیندوئەورووپی جێی ئاماژە کردنە، واتا *apo- (IE.)، کە ئاماژە بە دوور کەوتنەوە دەکا. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑ئاوا awa [ئاوا بوون بە مانای دوور بوونەوە و ون بوون] لەو ریشەیەوە دێ. دوور نییە دوو وشەی "ئاوا" و "ێوارە" پێوەندییان بە یەکەوە هەبێ و مەبەست لە ێوارە کاتی ئاوا بوونی خۆر بووبێ. لەوانەشە ئەو دوو ریشە هیندوئەورووپییە پێوەندییان بە یەکەوە هەبێ و لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەبێ، چونکوو لە تیوان دوو چەمکی "دووری" و "دوایی"دا پێوەندی توند و تۆڵ هەیە. بۆوێنە کاتێک دەگوترێ "برۆ دواوە" وەک ئەوە وایە کە بڵێی "دوور بەوە"].

ێوە êwe *[ewa]* - "جێناوی کەسی دووەمی کۆ": هەوە hewe، هوون hun، هنکَ hıng، ئەنگۆ engo ش دەگوترێ. دەشێ خزمایەتی هەبێ دەگەڵ you (E.)، īow (OE.)، iu /eu (OG.)، euch (G.)، jūs (Lit.)، سەر بە ریشەی ***e > (IE.)**.

ب (B)

ba 1 [bā] - "جولانەوەی هەوا": (P.) bād، (OI) vati-، خزمە دەگەڵ (E.) Wind و (G.) winds، (Gt.) vind، (Sw.) ventus، (L.) vati-، (OI) "با"، (Gt.) waian، (OIn.) vayati-، (OSl.) vejati، (G.) wehen، (OE.) wawan "باهاتن، شنینەوە"، سەر بە ریشەی *(IE.) *hwe- > "با هاتن، شنینەوە، لەرینەوە بەدەم باوە". وشەی کوردمادی ↑هەوا hewa خزمە دەگەڵ با ba و لە ریشە هیندوئەورووپییەکە نیزیکترە.

[تێبینی: ئەو دەنگە w یە کە دە ریشەی هیندووئەورووپی وشەکاندا هەیە، دە زۆر وشەی کوردمادی و فارسی، بە تایبەتی دە سەرەتای وشەکاندا، گۆڕاوە و بووەتە b].

ba 2 [bā] - "لێگەڕێ، بهێڵە": کورتکراوەی ↑بلا bıla یە. "بلا" دە کوردمادی سەروودا هەر بە مانا ی "با" ی شێوەزاری ناوەڕاستە.

ba 3 [bā] - "سوڕ، پێچ، خول" [با دان واتا سووڕاندن، پێچانەوە]. هەروەها ↑باد bad هەیە بە مانای "پێچ، لۆ" کە ئەمەیان شێوەی کۆنتری وشەکەیە. "بادان" دە بنەڕەتدا "باد دان" بووە و سواوەتەوە. خزمە دەگەڵ winden (G.)، windan (OG.)، (OE.)، (Gt.)، wind (E.)، vinda (Sw.) "هۆنین، پێچان، بادان". Winde "چەرخی چاڵاو"، Windel (G.) "قۆنداغە، ئەو پەڕۆیەی زارۆکی تێوە دەپێچن یان دە زارۆکی وەدەپێچن"، Wand (G.) "دیوار" [دە بنەڕەتدا: چەپەر، پەرژین، دارو درەختی بادراو و تێکچندراو] و گەلێک وشەی دیکە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *wend- > "با دان، هۆنین [هۆندن، وەندن] سووڕاندن". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ↑ هۆنین honîn (هۆنینەوە، وندنەوە).

[تێبینی: شێوەی ↑هۆندن hondın دە کوردمادیدا لە هۆنین honîn کۆنترە، چونکوو فۆتیمی d ی ریشە هیندوئەورووپییەکە تێیدا ماوەتەوە].

با[4] ba [bā] - "حەز و ئارەزووی جینسی ئاژەڵ": [دێڵە بەبا]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا کە ئاماژە دەکەن بە "حەز و ئارەزوو". بۆ زانیاری لەسەر ئەم وشانە بڕوانە ↑نەباندن nebandın. بە وتەی مامۆستا هەژار "با" چووەتە ناو زمانی عەڕەبی و کراوە بە باه bah (Arb.).

باب bab [bāb] - "پیاوی منداڵدار": بابا bābā (P.)، دە زمانی لاتین و هێندێک لە زمانە ئەورووپییەکاندا papa"باب، وشەی بانگ کردنی باب".

[تێبینی: دە زمانە هیندوئەرووپییەکاندا هێندێک وشە هەن کە بۆ ناو لێنان و لەهەمان کاتیشدا بانگ کردنی کەسانی سەر بە خێزان واتا خزمەکان بە کاردەهێندرێن، وەک بابە babe، مامە mame، کاکە kake، دایە daye، دادە dade، یایە yaye، نەنە nene وهتد. زۆربەی ئەو وشانە دووپات کردنەوەی دەنگیکن و دە بنەڕەتدا لە زمانی زارۆک وەرگیراون، واتا لاسا کردنەوەی دەنگی زارۆکن لە کاتی گڕ و گاڵ کردندا].

بابڕ babır [bābır] - دەگەڵ "بابڕ" دێ [سمێڵ بابڕ]. ئەم وشەیە دە ئەسڵدا بە مانای "بادراو، پێچراو"ە و مەبەست لە سمێڵ بابڕیش سمێڵێکی ئەستوورە کە جەمسەرەکانی با دراون. وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بابۆڵە *babole* و ↑فافۆن fafon [بافۆن bafon].

بابلەکانێ bablekanê [bāblakāne] - "جۆرێک هەڵپەڕکێ": خزمە دەگەک↑ بابۆڵە babole سەر بە ریشەی *(IE.) *uei- > " سووڕان، با دران، چەمان، جووڵان بەم لا و ئەو لادا".

بابلیسک **babılîsk** [*bābılīsk*] - "باهۆن، باهوڕ": دەشێ پێک هاتبێ لە با + بلیسک ba + bılîsk، کەرتی دووەم دەشێ پێوندی هەبێ بە کرداری ↑ولین vılîn و گەلێک وشەی دیکەی سەر بە ریشەی ***wel-* > *(IE.)* "سوڕان".

بابۆڵە **babole** [*bābola*] - "(نانی) پێچراو": پاشگری bab + ole. بنەوشەی باب -bab خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە دە زمانە هیندو ئەرووپییەکاندا کە ئاماژە بە چەمکی "سووران، با دران، خوار بوون، لێهاڵان" دەکەن، وەک vit (Rus.) "پێچان، چنین"، Weide (G.) "دارەبی" [دارێکە هەم توانای چەمان و خوار بوونەوەی هەیە و هەمیش بۆ چنینی قەرتاڵە کەڵکی لێ وەرگیراوە]، viere (L.) "چنین، بەستن"، vifa (OIs.) "لێهاڵان"، weibon (OG.) "خوار بوونەوە، ناپایەدار"، viebt (Lett.) "سووڕان" و هتد. دە زمانی فارسیدا بافتن bāftan (P.) بە مانای "چنین" دێ. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***uei-b-* > ***uei-p-*, *(IE.)* "چەمان، سووڕان، بەم لاو ئەولادا جوولان". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑بابلەکانێ bablekanê "جۆرێک هەڵپەڕکێ"، ↑بابیتانێ babîtane "جۆلانە، دیلەکانێ"، ↑باو[1] baw "سووڕ، خول، تەکان"، ↑باویلکە bawîlke "پشیلە پاییزە"، ↑باپووک bapuk "کرێوە"و↑ فافۆن fafon و هتد.

بابەت **babet** [*bābat*] - " مژار، مەوزووع": "بەش، شت، بارە" [بە فارسی "در باب" واتا لەبارەی، لە بابەت] < *بابة* *bāba(t)* (*Arb.*).

بابیتانێ **babîtane** [*bābītāne*] - "جۆلانە، دیلەکانێ": خزمە دەگەڵ↑ بابۆڵە babole.

[تێبینی: هەم بابیتانێ و هەم دیلەکانێ سەر بە دوو ریشەی جیاوازن بە مانای "سووڕان، با دران، بەم لا و ئەو لادا جوولان". هەروەها شیاوی سەرنجە کە بابلەکانێ bablekanê "جۆرێک هەڵپەڕکێ" خزمە دەگەڵ "بابیتانێ" و دیلان dîlan یش خزمە دەگەڵ "دیلەکانێ"].

باپشکێو **bapışkêw** [*bāpıškew*] - "بووک، بێتک، چینچکە سڵاو": باپشکێو زیپکە یان هەڵمساوییەکە کە لەسەر مژۆڵ دروست دەبێ. وێ دەچێ ئەم وشەیە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و دە ئەسڵدا "باپچکە بووبێ، پێک هاتوو لە دوو کەرتی ↑با ba و ئاو bapıçke" بە مانای "هەوا، هەڵمساوی، باکراوی" و کەرتی "پچکە pıçke" بە مانای "بچووک" [پچووک]. لەم تێڕوانینەوە باپشکێو واتا "پچکەبا" یاخود پچێک با کردن و ماسین.

باپووک **bapuk** [*bāpūk*] - "کرێوە": باپووسکە bapuske ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑بابۆڵە babole. مەبەست لە بابۆڵە نانی بادراو و پێچراوەیە ومەبەست لە "باپووک" یش با و بەفری "بادراو"ە.

باپەڕ **baper** [*bāpar*] - "نەخۆش کەوتن بەهۆی لێدانی با و رق بوونی ماسوولکەکان": با + پەڕ per + ba. مەبەست ↑تێپەڕین teperîn ی بایە بەسەر لەشدا.

باپیف **bapîv** [*bāpīv*] - "قسەزل، خۆهەڵکیش": دەشێ پێک هاتبێ لە با + پیف pîv + ba. کەرتی پیف لەوانەیە هەر ↑پەیف peyıv "قسە" بێ و تیکڕا مەبەست ئەو کەسەیە کە قسەی "بادیهەوا" دەکا یان قسەکانی وەک بایە!

بات **bat** [*bāt*] - ئەم بنجەوشەیە بە تەنیا بەکار نایە و بەشێکە لە وشەی ↑لەباتی lebatî [لە+ بات + ی].

باتلاق **batlaq** [*bātlāq*] - "زەلکاو، زۆنکَ": باتلاق bātlāq (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ bathys (Gr.) "قووڵ".

[تێبینی: کاک عەلی نانەوازادە وشەکەی بردۆتەوە سەر batak (Tur.). بڕوانە "فەرهەنگی هەرمان" (ل. 192). وێ دەچێ ئەم وشەیە، بە رەسەن تورکی نەبێ و لە وشە یۆنانییەکە وەرگیرابێ.]

باتوو **batu** [*bātū*] - "گون": پێوەندی بەو وشانەوە هەیە کە لە ژێر↑ بەس bes شی کراونەوە و دەچنەوە سەر ریشەک بەمانای "ماسین، با کران". وشەی "بەد"یش سەر بەم خێزانەوشەیە.

باتووم **batum** [*bātūm*] - "گۆپاڵی پۆلیس":

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑پسان pısan "لەت بوون، قرتان"دا باس کراون.
2- یان لەوانەیە پێوەندی هەیە بە batare (L.) "لێدان".
باج bac *[bāj]* - "پیتاک": باج bāj (P.). کاک عەلی نانەوازادە ئەم وشەیەی بەدروستی لێک داوەتەوە و دەڵێ باج لە چاوگی baj ی ئەوێستایی بە مانای بەش کردن و دابەش کردن کەوتۆتەوە و لە کوردیدا بەش، پاژ و باقە و گەلێک وشەی دیکە هەر لەم چاوگەن. (فەرهەنگی هەرمان، ل. 194).
[تێبینی: وشەی ↑باقە لەوە ناچێ پێوەندی بە وشەکانی دیکەوە هەبێ].
باجە bace *[bāje]* - "خوشکی گەورە": خزمە دەگەڵ base (G.) و wase (Nl.) "ئامۆزا، خاڵۆزا". مانای پێشووی وشەکە لەو زمانانەدا "پوور، خوشکی باوک" بووە. دە بنەڕەتدا وشەکە لاسا کردنەوەی دەنگی زارۆکە.
باچاندن baçandın *[bāčāndın]* - "لە پەنایەکەوە بۆی دەرچوون، کووزوو بوون": خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑ویسک wîsk "لەر و لاواز"، ↑فاق faq [فاق دان هەم بەمانای چەمانەوە و هەم بە مانای لاواز بوون]، ↑فێق feq "لاواز، ژار" هەروەها ↑فیسماڵک fîsmlalk [فیزماڵک] "کشانەوە و بۆی دەرچون" و ↑فەکەهان fekehan "لەجێ چوونی ئێسک". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***wig- >** ***(IE.)*** "کشانەوە بۆ دوا لە ژێر گوشارێک، بەرگە نەگرتن، جێ خاڵی دان" و دوورتریش بۆ سەر ریشەی **>** ***(IE.)*uei-, *wei-*** "با دان، چەمانەوە"
باخڵە baxle *[bāxla]* - "توربێنی تۆو چاندنی وەرزێڕ کە بە باخەلییەوە هەڵواسراوە": خزمە دەگەڵ ↑باخەڵ baxel.
[تێبینی: دە "فەرهەنگی هەرمان"یشدا هەروا لێک دراوەتەوە، ل. 195].
باد bad *[bād]* - "پێچ، لۆ": ↑بە ba 3 "سووڕ، خول".
بادام badam *[bādām]* - "ناوی دارێک و بەری ئەو دارە": باهیف bahîv و باڤی bavî یش دەگوترێن. ئەو دوو وشەی دوایی دوو شێوەی دیکەن لە وشەی "بادام". خزمە دەگەڵ bādāma- و vātāma- (OIn.) و wādām (MP.) "بادام". ریشەی وشەکە ساخ نەکراوەتەوە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑ڤامێر vamer بەکار دێ بەمانای "داربادام". ئەم وشەیە لە دوو کەرت پێکهاتووە. کەرتی ڤام vam گۆڕدراوی wādām ە و کەرتی دووەم دێر der بووە ، واتا ↑دار dar.
بادە bade *[bāda]* - "1- مەی، شەراب 2- پیاڵەی شەراب": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:
1- ↑بادی(یە) (ye) badî.
2- bātu-gara- (OP.) "پیاڵەی شەراب". ریشەی ئەم وشەیە بە تەواوی ساخ نەکراوەتەوە، لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی هیندوئەورووپی **>** ***(IE.) *pō(i)-*** "خواردنەوە". [بڕوانە "فرهنگ ریشە شناختی زبان فارسی"، ل. 160].
بادەوە badewe *[bādawa]* - "1- لەیستۆکێک دە هەوا دەکرێ و بەدەم باوە دەجووڵێتەوە 2- بادەوانی کەشتی": دە زمانی فارسیدا بۆ چەمکی یەکەم بادبادک bādbādak (P.) و بۆ چەمکی دووهەم بادبان bādbān (P.) بەکار دەهێنرێ. وشەی "بادەوە" دەشێ پێشتر "بادەوان" بووبێ و سوابێتەوە. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑ودودە wıdwıde ش هەیە کە شێوەیەکی کۆنترە لە "بادبادک"ی فارسی.
بادی(یە) badî(ye) *[bādīya]* - "دەفر": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:
1- Faβ (G.)، vaz (OG.)، fat (OE.)، fet (OF.)، vat (E.) و (Nl.) و fat (Sw.)، گشتیان بەمانای "دەفر"، سەر بە ریشەی **>** ***(IE.) *ped-*** "دەفر". لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑بادە bade "جامی مەی". وشەی باطیة bātīya (Arb.) وەک دەردەکەوێ ریشەی هیندوئەورووپی هەیە و بەمەش دەشێ لە زمانی عەرەبیدا وشەیەکی وەرگیراو بێ.

2- Pott (.G)، pot (.Nl)، pot (.Fr) "مەنجەل". ئەم وشە ئەورووپییانە دەبردرینەوە سەر potus (.L) "خواردنەوە". دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 160)، لە ژێژ وشەی "بادە"دا ئاماژە بە ریشەی هیندوئەورووپی *(IE.) *pō(i)- > "خواردنەوە". لەوانەیە وشە لاتینییەکە پێوەندی بەم ریشەوە هەبێ.
3- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ bytina (.Gr) "دەفری شەراب" و butina (.ML) "دەفر، بوتل". وشەی ↑بۆتە bote "دەفری کانزا تێدا تاواندنەوە" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. وشەی bottel (.E) "دەفری شووشەیی" لە bouteille (.Fr) وەرگیراوە و دە زمانی کوردمادیدا بووەتە بوتڵ butıl [دە بنەڕەتدا بە مانای "دەفرۆکە، دەفریلە"].

بار1 bar *[bār]* - "ئەوشتەی هەڵدەگیرێ و دەبردرێ": بار bār (.P). دەچێتەوە سەر کرداری ↑بردن bırdın.

[تێبینی: دە زمانی یۆنانیدا báros (.Gr) هەیە بە مانای "قورسایی، بار" کە دوورە خزمە دەگەڵ وشەی "گران"ی کوردمادی. بەڵام وێ ناچی "بار"ی کوردمادی پێوەندی بەم وشە یۆنانییەوە هەبێ].

بار² bar *[bār]* - "بار" دە زمانی کوردمادیدا بە هێندێک مانای جۆراوجۆر بەکار دێ: 1- دەگەڵ "دۆخ" دێ [بار و دۆخ bar u dox]، 2- بابایەکی بار کەوتووم، بۆم نایە [واتا بەخت و هات لەگەڵم نییە، وەزعم تەواو نییە]، 3- دە(ر) بارەی باسەکە [لە بارەی باسەکە] وتووێژ کرا، یان لەم بارەوە [لەم بارەدا] وتووێژ کرا، 4 - دە زمانی فارسیدا باری bārī (.P) هەیە واتا بە هەرحاڵ [بە هەر بارێکدا، هەر چۆتێک بێ]، 5- حاڵ و باڵت چۆنە؟ لێرەدا وشەکە بە شێوەی ↑باڵ bal خۆی دەر دەخا.

ئەگەر بمانەوێ چەمکی هاوبەشی ئەو مانایانە وەربگرین، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە وشەکە بە گشتی دەبێ بە مانای "حاڵ، دۆخ" بێ. بەرانبەری ئەو مانا گشتیە وشەی casus (.L) هەیە کە دە ئینگلیزیدا دەبێتە case (.E) و دەچێتەوە سە وشەی cadare (.L) "کەوتن". دە زمانی ئەڵمانیدا بە هەمان پێودان وشەی Fall (.G) هەیە بە مانای "مەورید، حاڵ، رووداو، بار و دۆخ" کە دەچێتەوە سەر کرداری fallen "کەوتن". دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ وێنە دەگوترێ in diesem Fall " لەم بارەدا، لەسەر ئەم مەوریدە"، falls (.G) "لە حاڵێکدا کە، ئەگەر هاتوو [رێ کەوت]"، auf jedem Fall "بە هەرحاڵ، هەر چۆتێک [رێ بکەوێ]".
وشەی بار bar ی کوردمادی و فارسی [یان بە شێوە کۆنترەکەی باڵ bal ؟] وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکە بە مانای "کەوتن". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشەی دیکەش هەن کە مانای "کەوتن" دەگرنە خۆ، وەک ↑بەر ber [بەر بوونەوە واتا کەوتن]، ↑وەرین werîn [دە بنەڕەتدا: کەوتنە خوار]، ↑فاڵ fal "بەخت خوێندنەوە" [دە بنەڕەتدا واتا ئەو شتەی روو دەدا، رێک دەکەوێ- سەرنجی "کەوتن" بدە لە "رێککەوتن"دا]، ↑فەلشین felşîn "رووخان" [دەبنەڕەتدا: هاتنەخوار، بەر بوونەوە]، ↑بوورانەوە buranewe "کەوتن بەهۆی حاڵ تێکچوون". بەم پێیە "بار" دەبێ بە مانای "دۆخ ، رووداو، وەزع و حاڵ" بێ و دە بنەڕەتدا مەبەست رێکەوت و هەڵکەوتەکان بووبێ.

[تێبینی: لە باری دروست بوونی ماناکەیەوە دەکرێ دیسان بەراوردی بکەین دەگەڵ واقعة wāqīɛe (.Arb) "رووداو" کە دەچێتەوە سەر کرداری وقع waqaɛa (.Arb) "کەوت"].

بار3 bar *[bār]* - باراوردن bār āvordan (.P) "پەروەردە کردن". بارهێنان دە بنەڕەتدا مەبەست هێنانەبەرهەم [وە بەر هێنان بووە] و شێوەیەکی دیکەیە لە↑بەر ber "میوە، بەرهەم، منداڵ".

-بار⁴ -bar *[bār]* - پاشگرێکە لە ناو ئاوەڵناو دروست دەکا و مانای "هەڵگر" دەداتە ئاوەڵناوەکە، وەک تاوانبار واتا هەڵگری تاوان، تۆمەتبار، خەتابار، تاسەبار و هتد. خزمە دەگەڵ ↑بار3 bar و ↑بردن *bırdın* "هەڵگرتن، حەمل کردن". دە زمانی ئەڵمانیشدا پاشگری -bar (.G) هەر ئەو ئەرکەی هەیە و مانای "هەڵگر، قابیل" دەبەخشێ و ئەویش دەچێتەوە سەر beran (.OG) "بردن". دە ئەڵمانیدا بۆ وێنە دەگوترێ fruchtbar (.G) "پڕبەرهەم" [هەڵگری بەرهەم] یان hörbar (.G) "شیاوی بیستن". پاشگرە

کوردماديیەکە بە چەند شێوە خۆی نیشان دەدا، وەک ↑بەرber [رەنجبەر واتا هەڵگری رەنج]، ↑وەرwer [بەختەوەر: هەڵگری بەخت] و↑ وار war [خوێندەوار: هەڵگری خوێندن و زانست].

بار[5] bar *[bār]* - "جار، کەرەت": دەگەڵ جار دێ [جاروبار carubar] و هەروەها لە وشەی "دووبارە"دا دەبیندرێ. بارbar (P.). بە پێی "فرهنگَ ریشە شناختی زبان فارسی" (ل. 161) خزمە دەگەڵ -vāra (OIn.) "بار، جار"، سەر بە ریشەی تێرانی کۆنی -var (OI.) " گەڕان، وەرگەڕان، سووڕان" و لەوێشەوە بۆ ریشەی ***(IE.) *uel- >*** "سووڕان، گەڕان". هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە لەباری ماناوە دەکرێ ئەو وشانە هەڵسەنگێندرێن دەگەڵ وشەی ئینگلیزی turn کە خۆی بە مانای "گەڕان و سووڕان" ە و مانای " گەڕ، نۆرە"ش دەدا.

بار[6] bar *[bār]* - *پاشگری* شوێن بە مانای قەراخ وەک لە "زرێبار"دا. بار bar (P.). خزمە دەگەڵ -pāra (Av.) "مەرز، قەراخ (ئاو)، رۆخ"، pārá (OIn.) "سنوور، قەراخ ئاو"، ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی تێرانی کۆنی -par (OI.) "پەڕینەوە، تێپەڕین، لە لایەکەوە بەرەو لایەکی دیکە چوون" [بڕوانە "فرهنگَ ریشە شناختی زبان فارسی"، ل. 161]. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پەڕینەوە perînewe و↑ تێپەڕین teperîn. هەروەها ↑بەر[6] ber بە مانای "لا، قەراخ" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە، کاتێک دەگوترێ "ئەم بەر و ئەو بەر" یان "بەری باڵەکایەتی، بەری سوێسنایەتی".

بار[7] bar *[bār]* - "قەراخ، ئاڵ": [میناک: بەردەکە (لە) باری خۆی نییە، بەو بارەدا دایبنێ یان لەسەر باری خۆی دانرابوو، کەچی ئەو لە باری برد]. شێوەیەکی دیکە لە↑ بەر[6] ber [ئەم بەر و ئەو بەر]. هەروەها پێوەندی هەیە بە ↑بار[6] bar "قەراخ، سنوور". دە فارسیدا var (P.) دەگوترێ [این ور īn var "ئەم بەر"، ان ور ān var "ئەو بەر"]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *per- >*** "تێپەڕین (بە شوێتێکدا)". وشەی pará (Gr.) لەم ریشەوە هاتووە و ماناکەی نیزیکە لە "بەر" یان "بار"ی کوردمادی. مانای وشە یۆناییەکە دەبێتە "بە قەراخ ... دا، بە سەر ... دا". وشەی ↑لەبار lebar یش بە مانای "گونجاو" لەم پێوەندییەدا جێ دەگرێ. "لەبار بوون" دە بنەڕەتدا بەو مانایە هاتووە کە شتێک لەسەر باری خۆیەتی، بە بارێکی دروستدا دانراوە یان بە لایەکی باشدا جێی خۆی گرتووە.

بار[8] bar *[bār]* - "وێنە": لە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا "وێنە" وەک یەکێک لە ماناکانی ئەم وشەیە باس کراوە. مخابن روون نەکراوەتەوە کە ئەم وشەیە چۆن و لە کوێ بە کار دێ. لەم بارەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Bild (G.)، bilidi (OG.)، beeld (Nl.) "وێنە، ئەسک، شەقڵ، شێوە". دیسان بڕوانە belaş ↑بەلاش.

بار barr *[bār]* - "بێچووە مەلی بەهارە": دە زمانی کوردماديدا خزمە دەگەڵ ↑بەرخ berıx [برە barre (P.)] "بەچکەی مەڕ" و هەروەها دەگەڵ poule (Gr.) "ئاژەڵی جەوان، جوانوو" و pullus (L.) "ئاژەلی جەوان، مەلی جەوان"، Fohlen (G.)، folo (OG.)، foal (E.)، fale (Sw.) "جوانوو"، هەروەها puer (L.) "زارۆک" و پوور pūr (P.) "کوڕ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pau- >*** "بچووک، وردیلە، کەم".

باران baran *[bārān]* - "ئاو و تەڕایی کە لە هەورانەوە دەرژێتە خوارەوە": هەروەها بارین barîn وەک کردار بەکار دێ. باران bārān و باریدن bārīdan (P.). خزمە دەگەڵ -vār (Av.) "باران"، -vār (In.) "ئاو، باران"، -vari (Av.) "دەریاچە"، vrëndë (Alb.) "نم نمی باران"، wārān (MP.) "باران"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uer- >*** "ئاو، باران، چەم". [بڕوانە "فرهنگَ ریشە شناختی زبان فارسی"، ل. 163].

[تێبینی: دە فەرهەنگی تێتیمۆلۆژی زمانی ئەڵمانیدا، وشەی Wasser (G.) "ئاو" بردراوەتەوە سەر ریشەی *(IE.) *(a)ued- >* "ئاو، تەڕایی" و باس لەوە کراوە کە لەپاڵ ئەم ریشەیەدا ریشەیەکی هیندوئەورووپی دیکەش، واتا *(IE.) *(a)uer-* هەیە کە وشەکانی vár (OIn.) "ئاو" و urina (L.) "میز" لەوەوە سەرچاوە دەگرن. وێ دەچێ ئەم دوو ریشەیە خۆیان خزم بن و دە پلەیەکی دوورتر دا لە یەک ریشە پەیدا بووبن].

بارتەقا barteqa [*bārtaqā*] - "(وەزنی) بەرانبەر، هەمبەر": بار + تەقا bar + teqa. کەرتی تەقا دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑تا ta [تا بار] و ↑تاق taq "بەرانبەری جووت". مەبەست لە بارتەقا هاو وەزن بوونی تایەک بار دەگەڵ تایەکەی بەرانبەریەتی. هەرکام لەو دوو تایە کە بارێکی هاووەزنی دەگەڵ ئەوی دیکە تێدایە، دەبێتە بارتەقای ئەوی دیکە.

بارست barıst [*bārıst*] - "ئەندازە، قەوارە": خزمە دەگەڵ ballast (.Nl)، (.E) و (.Sw). شێوەی کۆنتری وشەکە دە زمانی دانیمارکیدا وەک barlast (.Dan) ماوەتەوە کە ئەمەیان لە کوردماددییەکە نیزیکترە. وشە ژرمانییەکە بە پێی بۆچوونتیک دە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە دوو کەرتی bar "رووت، رەبەق، پەتی" + last "وەزن، بار"، تێکرا واتا "وەزنی خالیس". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا سەرەتا بەو وەزنە گوتراوە کە لە شێوەی تەلیسەخیز لە بەشی خوارەوەی کەشتییەکاندا داندراوە بۆ راگرتنی تەوازون و لەنگر لە سەر ئاو.

بارگین bargîn [*bārgīn*] - "ئەسپی بارەبەر": بارەbāra و بارگی bāragī (.P). پەیوەستە بە وشەکانی↑ بارbar و↑ بردن brdn.

بارمتە barımte [*bārımta*] - "دە گرێو نراو": خزمە دەگەڵ ↑متە mıte "بەدەڵ، زڕ، نەڕاست".

باروت barut [*bārūt*] - "گەردێکی رەشە دەناو گوللە دەکرێ و ئاگر دەدرێ": *barut (Tur.) بڕد bard (Arb.)* "سارد بوون" ؟ (هەڵی سەنگینە دەگەڵ bārād (.Heb) "دانە، تەزرە"، bārad (.Heb) "پڕژاندن، ڕەشاندن، تەزرە بارین"، برد barad (.Arb) "تەزرە"). بە گوێرەی بۆچوونتیکی دیکە وشەکە دەچێتەوە سەر poudre (.F) "گەرد" [بڕوانە "فرهنگَ ریشە شناختی زبان قارسی"، ل. 161].

باری barî [*bārī*] - "مەڵغە، نوێل، دەلەم": دەشێ خزم بێ دەگەڵ یەکێک لەم وشانەی خوارەوە:

1- barre (.OF) و (.F) "دار، میلە".

2- ↑باریسە barîse.

باریسە barîse [*bārīsa*] - "داری نیوان کۆڵەکە و کارتیە": خزمە دەگەڵ Brücke (.G)، brucca (.OG)، brug (.Nl)، bridge (.E)، brygga (.Sw) "پرد" و Prügel (.G) "چۆماخ، گۆپاڵ"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *bhrēu-, *bhrū-*** "دار(ی بڕداوە)، دیرەکَ". مەبەست لە وشە ژێرمەنییەکانی سەرەوە دە بنەڕەتدا ئەو دار یان دارانە بووە کە وەک پرد بەسەر چۆم و ئاواندا راهێشتراوە.

باریک barîk [*bārīk*] - "1- زراف 2- کزولاواز": باریک bārīk (.P). پێوەندی هەیە بە↑ باڕ bar "بێچوو"، سەر بەڕیشەیەک بەمانای "کەم، گچکە".

[تێبینی: ئەم پێوەندییەی تێوان دوو چەمکی "باریک" و "گچکە" لە وشەی ژێرمەنی schmal (G.) یشدا دەردەکەوێ کە سەرەتا بە مانای "بێچوو، باڕ" بووە و ئێستا دە زمانی ئەڵمانیدا مانای "باریک" دەگەیەنێ].

[دە "فرهنگَ ریشە شناختی زبان فارسی"دا (ل. 163) سەبارەت بەم وشەیە دوو بۆچوون پێشنیار کراوە: 1 پێوەندی دەگەڵ وشەی ئەوێستایی -bāra (.Av) "لێوارە، تیژایی"، سەر بە ریشەی -bar "بڕین"، 2- پێوەندی دەگەڵ -bālá (.OIn) "زارۆک"].

باز1 baz [*bāz*] - "ڕێگا": ئەم وشەیە دەزمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا بەم مانایە شوێنەواری کز بۆتەوە، بەلام لە چەند وشەیەکدا بەدی دەکرێ وەک بازی بێریان ، پردەباز. وشەکە خزمە دەگەڵ Weg (.G)، way (.E)، wec (.OG)، wigs (.Gt)، vag (.Sw) و گشتیان بە مانای "ڕێگا"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *uegh-, *wegh-*** "بزووتن، جووڵان، ڕۆیشتن"، خزمە دەگەڵ↑ بزووتن (بزوان) bızutın و ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا.

- **باز2 -baz** [*bāz*] - پاشگری ئاوە ڵناوی کارا": خزمە دەگەڵ وشەی↑ بازی bāzī (.P) "کایە". [ئەم پاشگرە دە زمانی کوردمادیدا زۆرتر باری نەرێنی هەیەوەک قومارباز، جادووباز، مێباز و هتد]. وشەی

بازی bazî وەک وشەیەکی سەربەخۆ دە زمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا کەمتر بەکار دێ. دەبنەڕەتدا دەبێ خزم بێ دەگەڵ "هەڵبەز دابەز" سەربەکرداری↑ بزووتن bızutın.

[تێبینی: دە زمانی ئینگلیزیدا play بە مانای "کایە کردن" دێ و ئەم وشەیەش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بزووتن"، وشەکە دە ئینگلیزی کۆندا plega بووە بە مانای "پەڕین، جمو جۆڵی توند و خێرا" و ئەم وشەیە دەبێ خزمی "پەڕین و هەڵپەڕ داپەڕ"ی کوردمادی بێ].

باز 3 baz *[bāz]* - "باشوو، مەلی راوکەر": وشەکە بە شێوەی باشووbaşû، باشە başe، واشە waşe ش خۆ نیشان دەدا [سەرنجی فۆنیمی w بدە کە کۆنترە لە b و لە هێندێک لە وشەکانی سەرتر و خوارتری ئەم بەشەی وشەنامەکەدا گۆراوە بە b]. باز bāz (.P). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ↑ بزووتن bızutın و دەبنەڕەتدا ئاماژە بە بزاڤ [فڕین] ی خێرای ئەم مەلە کرابێ.

[دە "فرهنگَ ریشە شناختی زبان فارسی"دا (ل. 164) دوو بۆچوون سەبارەت بەم وشەیە ئاماژە پێکراوە: 1- پێوەندی بە ریشەی باز -baz "ئاوەڵا کردنەوە"ی (باڵەکان) 2- پێوەندی بە -vājín (.OIn) "توند، چابوک"].

باز 4 baz *[bāz]* - دەگەڵ "ئاز" دێ [ئاز و باز az u baz ت لە ئەستۆی من واتا ئۆباڵت بە ئەستۆی من]. خزمە دەگەڵ بزە baze (.P) "گوناح، خەتا، تاوان". خزمە دەگەڵ↑ بەد bed.

[تێبینی1: "بەد" لە زمانی ئەڵمانیدا دەبێتە böse (.G) و خزمە لەگەڵ وشە کوردماديیەکە و شێوەشی لە "باز" نیزیکە. هەروەها ئەم وشە ئەڵمانییە هاومانایە لەگەڵ وشەیەکی دیکەی ئەڵمانی، واتا übel (.G) "بەد". ئەمەش خۆی خزمی وشەی کوردمادی "ئۆباڵ، وەباڵ"ە کە لەسەرەوە وەک مانای "باز" هاتووە. تێبینی 2: وشە فارسی "بزە" بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 199) خزمە دەگەڵ bazda- (.Av) "نەخۆش، ناساخ" و banja (.Gt) "زەبر، گوشار"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhen- >*** "زەبر لێدان، زیان لێدان"].

بازار bazar *[bāzār]* - "شوێنی کڕین و فرۆش": بازار bāzār (.P)، wāzār (.MP). بە بۆچوونی Justi Ferdinand وشەی بازاڕ [واجار vacar (.Pl)] دە بنەڕەتدا بە مانای "شوێنی هاتوچۆی زۆر" بووە. شێوەی وشەکە دە زمانی پەهلەویدا و هەروەها ئەسڵی ماناکەی گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە وشەکە خزمە دەگەڵ↑بزاوتن bızawtın و مەبەست لە بازار "شوێنی جموجۆڵی زۆر" یان بە وتەی Justi "شوێنی هاتوچۆی زۆر" بووە. بنەوشەی بز bız [vac (.Pl)، vaz (.Av)] نەک هەر بە گشتی مانای "بزووتن وجووڵان" دەگەیەنێ، بەڵکوو هەروەها مانای "ڕێگا و هاتوچۆ"ش دەردەبڕێ و ئەم مانایە لە وشەی ↑*باز baz* ی کوردمادی بەمانای "ڕێگا" دا پارێزراوە [پردەباز، بازی بێریان].

[دە "فرهنگَ ریشە شناختی زبان فارسی"دا (ل. 164) وشەکە بردراوەتەوە سەر *vahā-* و **čarna-* (.OI) پێک هاتوو لە دوو ریشەی vah- "دان و ستاندن" وkar- "جووڵان، بەم لا و ئەو لادا ڕۆیشتن"].

بازد bazd *[bāzd]* - "خۆ هەڵاویشتن" سەر بە کرداری ↑بەزین bezîn [هەڵبەزین] و خزمە دەگەڵ ↑بزووتن bızutın.

بازرگان bazırgan *[bāzırgān]* - "سەوداکەر": بازرگان bāzargān (.P). لە وشەی ↑بازار bazar وەرگیراوە.

[تێبینی: دە زمانی فەرانسی کۆندا دا وشەی بورژوازی bourgeois (.OF) "چینی سەرمایەدار، بازرگان" دەگەڕێتەوە بۆ burgeis "قەڵا" و مەبەست لە "قەڵا" شار و بازارەکان بوون کە لە سەردەمە کۆنەکاندا بە قەڵا دەوریان گیرابوو. پێوەندییەکی ئاوهایی لە زمانی کوردمادی و فارسیشدا هاتووەتە ئاراوە، کاتێک بە هەڵسووڕێنەرانی بازاڕەکان [باژێرەکان] گوتراوە بازرگان].

بازرە bazre *[bāzra]* - "کەوانە کردن و گەڕانەوە": خزمە دەگەڵ↑بازن bazın.

بازرەقە bazreqe *[bāzraqa]* - "فیچقە کردنی ئاو": خزمە دەگەڵ ↑بەزین bezîn [هەڵبەزین] و دەگەڵ ↑بزووتن bızutın.

بازن(ە) bazın(e) *[bazın(a)]* - "1- ئاڵقەی دەست، خرخاڵ 2- جەغز": خزمە دەگەڵ Bogen (G.)، bow (E.)، boog (Nl.)، bage (Sw.)، گشتیان بەمانای "کەوان، کەوانە". هەروەک چۆن وشەی کەوان دەگەڵ وشەی "چەمان"ەوە خزمە، هەربەم جۆرەش بازنە خزمە دەگەڵ ↑*فیزان fîzan [فیزانەوە]*.

[تێبینی: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردمادی ئەوەیە کە دە زۆر وشەدا بەرانبەری فۆنیمی g ی زمانە ژێرمەنییەکان فۆنیمی z یان s دەردەکەوێ. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە بۆ وێنە دەگەڵ *باز* "ڕێگا" و *باسک* "قۆڵ" و هتد].

بازە baze *[bāza]* - "جۆرە کووتاڵێکی ئەستوور": هەروەها ↑بزگوڕ bızgur هەیە بە مانای "کوتەپەڕۆ". دەشێ خزم بن دەگەڵ ↑پەس پەسکەرە pespeskere [پسپسەکۆڵە pıspısekole] "جاڵجاڵووکە"، سەر بە ریشەی ***pak-, *pag- >*** ***(IE.)*** "بەستن، تێکخستن، چنین، تەنین" و دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑فاق2 faq "1- جورێک *داو* بۆ گرتنی پەلەوەر 2- جۆرێک پارچەی ڕەش بۆ چارشێوی ژنان".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "داو" و "پارچە" بڕوانەی وشەی "داو" کە خزمە دەگەڵ "جاو" و "تەون"].

بازەڵە1 bazele *[bāzala]* - "بەڵەکی کەم" بازە baze و پیسە pîse ش دەگوترێ. ↑بازکَ bazg "سپی، بەڵەک".

بازەڵە2 bazele *[bāzala]* - "خڕەکە و هەراش بووکَ": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑بزر bızır "دووربۆوە، ون" و ↑بازرە bazre "دەرپەڕین و دوور بوونەوە" و گشتیان پێوەستن بە کرداری ↑بزووتن bızutın. ئەم دەربڕینە بۆ هەراش بوونی منداڵ، دەبێ یان لێرەوە هاتبێ کە منداڵی هەراش بوو ئیتر زۆر بە دایکییەوە نانووسێ و وردەوردە لێی جیا دەبێتەوە [دوور دەبێتەوە] و خەریکی کایە و گەمەی خۆی دەبێ، یان منداڵەکە خڕەکە دەبێ، ئیتر زۆر بە سەر دەست و لەسەر کۆڵی ئەم وئەو نابێ و خۆی دەکەوێتە جم و جۆڵ و *بزوان* بەملا ولادا. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑باشیل başîl "ئاوارە و دەربەدەر".

بازەڵین bazelen *[bāzalen]* - "کایەی قەمچان": خزمە دەگەڵ ↑بار2 و بازی bazî "کایە".

بازی bazî *[bāzī]* - "گەمە، کایە، لەیزین": بازی bāzī (P.). خزمە دەگەڵ ↑بەزین bezîn [هەڵبەز دابەزین] و دەگەڵ ↑بزووتن bızutın.

[تێبینی: وشەی "لەیزین"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "خۆ هەڵاویشتن". هەروەها وشەی ئینگلیزی play "کایە، بازی" دەچێتەوە سەر pleien ی ئینگلیزی کۆن بە مانای "سەما، هەڵپەڕین، خۆ هەڵاویشتن لە خۆشیان].

باژۆ bajo *[bāžo]* - "گەمێی بادەوانی": خزمە دەگەڵ ↑ئاژۆتن ajotın "لێخوڕین".

[تێبینی: لە باری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ fahren (G.) "ئاژۆتن" و Fähre (G.) "کەشتی بۆ پەڕینەوە"].

باژەڵە bajele *[bāžala]* - "نەخۆشی پێستی منداڵان": باژ + ەڵە baj + ele. باژێلە bajele ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە ماسین، خڕ بوون، هەڵتۆقین و ئەستوور بوون دەکەن وەک ↑پزە pıze "نەخۆشییەکی مەڕ"، ↑فزدووک fızdûk "زیپکەی بالغ بوون"، ↑پیزۆکە pîzoke "ورکەزیپکە"، ↑بووک2 buk "باپشکێو"، ↑بۆغمە boġme "ملەخڕە"، ↑بۆز boz "نەخۆشی ماسینی چۆکی ئاژەڵ"، ↑*بۆقژە boqje* "زیپکەی ناو دەمی زارۆک" و هتد. ئەم وشانە هەموو دەچنەوە سەر ریشەی ***bhu- >*** ***(IE.)*** "ماسین، با کردن".

باژێر bajer *[bāžer]* - "شار" [ده شێوەزاری کوردمادی سەروودا]: شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بازارbazar.
[تێبینی: لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە دوو چەمکی "شار" و "بازاڕ" بە تەواوی لێکبەستراو بوون، واتا یان بازاڕەکان بوونە هۆی سەرهەڵدانی شارەکان ویان شارەکان بوونە مەکۆ و مەڵبەند بۆ بازاڕەکان، ئیتر دە زمانی کوردمادیدا وشەی باژێریش بە مانای "شار" بەکار هێندراوە].
باستیک bastîk *[bāstîk]* - "شیرینییەکە لە نیشاستە و شەکر دروست دەکرێ": باسوخ basux و باسوق basuqیش دەگوترێن. وەرگیراوە لە pastee (OF.) "هەویر، پەڵوو". وشە فەرانسییەکە هاتووەتە ناو زمانی ئەڵمانیش و بووەتە Paste (G.) "هەویر".
باسقەننە basqenne *[bāsqanna]* - "دەسکی سەبیلە": باس [↑باسک bask] + ↑قەننە bas + qenne.
باسک bask *[bāsk]* **-** "باهۆ، لای سەرەوەی دەست": بازو bāzū (P.). خزمە دەگەڵ Bug (G.)، buog (OG.)، bog (OE.) و (Sw.). گشتیان بەمانای "شان، باسک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bheug- >*** "چەمانەوە، فیزانەوە". -bahu (OIn.) "باسک" [بەراوردی بکە دەگەڵ باهۆ baho ی کوردمادی]، pechys (Gr.) "قۆڵ، ئانیشک"، کەرتی دووەم دە وشەی Ellenbogen (G.) "ئانیشک" دا دەچنەوە سەر هەمان ریشە. دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ وشەکانی ↑بازنە bazne، ↑بستوو bıstu وهتد.
باسکیش baskêş *[bāskeš]* - "باسکەوجاڕ، تێرەقە": لە ↑باسک bask وەرگیراوە و دەبێ کەرتی دووەمەکەش پێوەندی بە خیش xīš (P.) "هەوجار"ەوە هەبێ. [هەڵ سەنگینە دەگەڵ باسکەوجاڕ].
[تێبینی: وشەی تێرەقە ereqe یان هێرەقە hereqe ش لەوانەیە دە ریشەدا بە مانای باسک بێ و خزم بێ دەگەڵ ↑هەرمە herme "شان و پیل"].
باسمە basme *[bāsma]* - "شەقڵی خەرمان": دەشێ پێک هاتبێ لە باس + پاشگری مە bas + me. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بێر**3** bez "رەنگ، وێنە".
باش baş *[bāš]* - "چاک، دژی خراب": باشە bāše (P.) "باشە"، خزمە دەگەڵ besser (G.) "باشتر" و best (G.) و (E.) "باشترین، هەرەباش". ئەم وشە ژێرمەنییانە دۆخی باڵاتر و باڵاترین لە ئاوەڵناوی bass ن، کە لەو زمانانەدا ئیتر بەکار ناهێنرێ و دە کۆندا دەقاودەق بە مانای "باش"ی کوردمادی بەکار هێنراوە. ئەو وشانەی دوایی دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *-batiz * (Gm.)*. ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە دیاری نەکراوە.
باشوور başûr *[bāšūr]* - "جنووب": دەگەڵ وشەی ↑باکوورbakur دەبێ دە بنەڕەتدا یەک وشە بووبن، واتا دوو شێوەی جیاواز بووبن لە یەک وشە و دواتر دوو مانای جیاوازیان وەرگرتووە. ئەسڵی وشەکە دە کۆندا بە مانای "شیمال" بەکار هاتووە، دواتر دە زمانەکانی دیکەشدا مانای جیاوازی وەرگرتووە و دە فارسیدا مانای "رۆژاوا" و "رۆژهەڵات"ی وەرگرتووە و چووەتە ناو زبانی عەرەبیش و بووەتە افاهتر afāhtar (Arb.) بە مانای "باشوور، جنووب". دە زمانی ئەمرۆی فارسیدا باختر baxtar (P.) بە مانای "رۆژئاوا" بەکاردێ.
باشەل başel *[bāšal]* - "کۆلوانە، چارۆکە": باشێل başêl یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پاش paş و مەبەست ئەو پارچەیە بێ کە پاشەوە [پشتەوە] ی پێ داپۆشراوە.
باشیل başîl *[bāšl]* - "ئاوارە و دەربەدەر": خزمە دەگەڵ ↑بازەڵbazele 2 "خڕەکە و هەراش بووکَ".
باغ baġ *[bāġ]* - "شوێنی پڕ لەدار و گوڵ": باغ bāġ (P.). بە لەبەرچاو گرتنی هەم مانا وهەم فۆتیمەکانی ئەم وشەیە، لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑بێشە bêşe "دارستانی چڕ"، سەر بە ریشەیەک بە مانای" هەڵمسان، گەورە بوون، چڕ و پڕ بوون".
[دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 167) وشەکە بردراوەتەوە سەر ریشەی ئێرانی کۆنی bāga- (OI.) "بەش، بەشەزەوی" و لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بەش beş].

باغر bağır *[bāġır]* - "بەفیز و هەوا": وێ دەچێ پێک هاتبێ لە بنەوشەی باغ- baġ کە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بەمانای "هەڵمسان" [بڕوانە ↑بەس bes].

باغە bağe *[bāġa]* - "چێکراو لە نەوت، پەلاستیک": دەبێ خزم بێ دەگەڵ کرداری ↑بەهتین behtîn "توانەوە، حەلین". تایبەتمەندی "باغە" ئەوەیە کە بە تینی ئاگر زوو قاڵ دەبێ و دەتوێتەوە.

باغەڵ bağel *[bāġal]* - "ئامێز، باوەش، بەرۆک": باخەل baxel یش دەگوترێ. بغل (P.) baġal. باغ + ەڵ [یان باغە + ڵ] bġa + el، کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑باقە baqe "گیا و گۆڵی بەستەکراو" [دەبنەڕەتدا شتی پێچراوە و کۆ کراوە]. لەم تێڕوانینەوە باغەڵ ئەوشوێنەیە کەوا شتی تیدا بەستە کراوە [باقەکراوە] و بۆیەش بەم جۆرە ناو نراوە.

بافت baft *[bāft]* - "هۆنە، کر، هۆندراو": بافت (P.) baft. خزمە دەگەڵ بنە وشەی باب -bab دە وشەی ↑بابۆڵە babole دا، ئەم وشەیە وەک کردار دە زمانی فارسیدا هەیە و دەبێتە بافتن (P.) bāftan "چنین، هۆنین".

بافل bafıl *[bāfıl]* - "ئاوهەڵدێر، تاڤگە": پێک هاتووە لە دوو کەرتی باف + پاشگری ل ıl + baf. بنجی "باف" خزمە دەگەڵ ↑باو baw1 "تەکان، بزاڤ، پاڵ".

باقاندن baqandın *[bāqāndın]* - "هاواری ئاژەڵی وەک رێوی": شێوەیەکی دیکە لە ↑واقاندن waqandın و خزمە دەگەڵ واق wāq (P.) [واق واق] "وەڕەوەڕ" و دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑وشە wışe، ↑وزە wıze و ↑فزە fıze دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دەنکَ و هەرا کردن".

باقر baqır *[bāqır]* - "قاب و قاچاخی مس": لە *(Tr.) bakır* "مس "وەرگیراوە [بڕوانە "فەرهەنگی هەرمان"، ل. 229].

باقلاوە baqlawe *[bāqlāwa]* - "جۆرێک شیرنی": پاقلاوە paqlawe ش دەگوترێ. کەرتی یەکەمی وشەکە، باق -baq، دەبێ باک -bak بووبێ و ئەمەش دەگەڵ backen (G.) و bake (E.) و ↑پێژان pejan ی کوردمادی یەک دەگرێتەوە. ئەم وشە ژێرمەنییانەش بۆ دروست کردنی نان و باقلاوە و شتی لەم جۆرە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

باقلە baqle *[bāqla]* - "دانەوێڵەیەکە": باقلی (P.) bāqlī. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑بۆق boq1 دا شی کراونەوە، سەر بە ریشەیەک بە مانای "ماسین، با کردن". لەم تێڕوانینەوە "باقلە" واتا "ماسیوی بچووک".

باقۆ baqo *[bāqo]* - "جۆرێک ماسی زل، نقە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ pike (E.) "ماسییەکی زلی زۆرخۆر کە لە ئاوی شیرندا دەژی". وشە ئینگلیزییەکە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بەمانای "تیژ، دەرپەڕیو". ماسی pike لەبەر دەرپەڕین و تیژ بوونی دەم و لووتی بەم جۆرە ناودێر کراوە.

باقە baqe *[bāqa]* - "گیاو گۆڵی لێکبەستراو، بەستەی گژ و گیا": خزمە دەگەڵ pack (Nl.)، baggi (ONr.) "بەستە، باقە"، bagge (Me.) و bag (E.) "ساک، تووڕەکە"، baggage (E.) "بارگە وبنەی تیکەوە پێچراو" pack (E.) "بەستە، دەستە، باقە"، packen (G.) "بەستە کردن، تیکەوەپێچان". وشەی "پاکەت"یش دە کوردمادیدا لە packet (E.) وەرگیراوە و سەر بەم خێزانە وشەیە. ریشەی ئەم وشانە بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە. دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑بوخچە buxçe و ↑باغەڵ baġel دەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوە خزمن. ئەم وشانە جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ ↑فاق2 faq "جورێک داو بۆ گرتنی پەلەوەر"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pag-, *pak- >*** "قایم کردن، بەستن، تیکخستن، چنین". ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، "باقە" دەبێتە خزم دەگەڵ ↑باقیە baqîye "تەقەڵ".

[تێبینی: ئەم پێوەندییانەی سەرەوە دەتیوان سێ وشەی ئەڵمانیشدا کە پێکەوە خزمن، لە ئارا دایە، واتا binden (G.) "بەستن، گرێ دان"، Bündel (G.) "باقە، بەستە" و Band (G.) "بەن، بەند"].

باقەبێن baqeben *[bāqaben]* - "گیای باقە پێ بەستن": ↑باقە + ↑بێن baqe + ben. "بێن" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بەن ben [بەند bend].

باقیە baqîye *[bāqīya]* - "تەقەڵ": بخیە (P.) baxīye. خزمە دەگەڵ (L.) pangere "قایم کردن" و pagus (L.) "لێکبەستن، تێکخستن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pag- >*** "قایم کردن".

باک bak *[bāk]* - "ترس": بێباک واتا "نەترس". باک (P.) bāk. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ (G.) Fehde، (G.) Feige "دوژمن"، (E.) foe "دوژمنکار، بێزراو"، (OE.) fāh "شەڕ و دوژمنایەتی"، (OE.) fa hđ، (Nl.) fa ge، (OE.) feigr (OIs.) "نگریس، بێزاو، بە لەعنەت کراو". وشەی Feige دە زمانی ئەڵمانی ناویندا ماناکەی بووەتە "لە مردن، لە مەترسی سڵەمینەوە" و دە زمانی ئەمڕۆییدا بووەتە "ترسەنۆک". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *peik- , *poik- >*** "دوژمنکار".

باکور bakur *[bākūr]* - "شیمال": خزمە دەگەڵ باختر (P.) bāxtar، (MP.) abāxtar "باکوور، شیمال"، (Av.) *apāxtara-* "پشتەوەتر، ئەولاتر"، *(Av.) apānk-* "بەرەودوا، بۆ لای پشتەوە". مانای وشەکە دە زمانی فارسی نوێدا گۆڕاوە و بووەتە "رۆژاوا" [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 157].

باڵ bal 1 *[bāl]* - "ئەندامی فڕینی پەلەوەر": بال (P.) bāl.

1- wallen (G.) "گشت و گوزار کردن" [دە بنەڕەتدا: لە جم و جۆڵدا بوون]، Wedel (G.) "باوەشێن، تۆزتەکێن"، vēli (OIs.) "کلکی پەلەوەر". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(a)ue-, *hwe- >*** "با هاتن، شنینەوە، لەرینەوە بەدەم باوە" و دەبنە خزم دەگەڵ ↑هەوا hewa و Wind (G.) "*با*" و Wetter (G.) "هەوا".

2- لەوانەیە خزم بێ لەگەڵ ↑پەل[2] pel "دەست".

3- valva (L.) "لاباڵی دەرگا" هەیە کە ئەویش دەچێتەوە سەر volare "فڕین".

4- دە"فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 168) سەبارەت بەم وشەیە چەند شیمانە باس کراوە، وەک پێوەندی وشەکە بە -varha (OIn.) "پەڕ(ی تاوس)".

باڵ bal 2 *[bāl]* - "لەکن، ل جەم": شێوەیەیەکی دیکە لە ↑پاڵ pal "کن، نک". دەشێ مانای بنەڕەتی وشەکە "پاڵ، کن، جەم" بێ و ئەم مانایە دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا پارێزراوە [تشتێ من ل بال تەنە]. دە شێوەزاری موکریانیدا "دە باڵ یەکدا بوون و دە باڵ یەک کردن" مانای "دە ناو یەکدا بوون" و "خستنە ناو یەکدی، تێکەڵ کردن" دەگەیەنێ. مەبەست لەم دەربڕینانە سەرەتا دەبێ هەر "دەپاڵ یەکدا بوون، خستنە پاڵ یەک" بووبێ و دواتر هێندێک گۆڕانی مانایی بەسەردا هاتبێ. ئەم وشانە دواتر خزمن لەگەڵ ↑بار[7] bar "قەراخ، تەنیشت، ئاڵ"، هەروەها شێوەیەکی دیکە لە ↑بەر[6] ber [ئەم بەر و ئەو بەر، بەری باڵەکایەتی]. دە فارسیدا var (P.) دەگوترێ [این ور īn var "ئەم بەر"، ان ور ān var "ئەو بەر"]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *per- >*** "تێپەڕین (بە شوێنێکدا)".

[تێبینی1: گۆرانییەکی فارسی هەیە کە لەوێدا گۆرانیبێژ بە خواژنی نازەکەی دەبێژی "بیا بە بر من". "بر" لێرەدا هەر ئەم مانایانەی سەرەوە دەبەخشێ و مەبەستی گۆرانیبێژ ئەوەیە کە یارەکەی بچێتە پاڵی (باڵی، تەنیشتی). تێبینی 2: دە "فەرهەنگی هەرمان"دا (ل. 238) وشەی "باڵ" بردراوەتەوە سەر وشەی "باغەڵ" و ئاماژە بەوە کراوە کە وشەی "بەغەل" دە زمانی پەشتوودا مانای "پەنا، تەنیشت"یش دەدا].

باڵ bal 3 *[bāl]* - دەگەڵ حاڵ دێ [حاڵ و باڵ]. شێوەیەکی دیکە و دەشێ کۆنتر بێ لە ↑بار[2] bar "بار و دۆخ".

باڵا bala *[bālā]* - "بلیندی، بەرزی": بالا (P.) bālā، خزمە دەگەڵ (OG.) bor "باڵا، بڵیندی"، (G.) empor "بەرەو سەرەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bher- >*** "هەڵهێنان، بردن". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑بەل bel 2 "دەرپەریو، بڵیندتر لە دەوروبەر" و ↑بەلۆکە beloke "قیتکە".

[تێبینی 1: دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 169) وشەکە هەڵسەنگێنراوە دەگەڵ barəz (Av.) "هەڵدان، گەورە بوون" وfortis (L.) "بەهێز" و بردراوەتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bher(e)gh- >*** "بەرز، بڵیند". تێبینی 2: وەک لە ژێر وشەی ↑بەرز berız دا شی کراوەتەوە، ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەکەی سەرەوەتر و بەم جۆرەش تێکڕای وشەکانی سەرەوە پێوەندی بە یەکترەوە پەیدا دەکەن].

بالاته **balate** *[bālāta]* - "سەرەتای گەیشتنی میوە": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بالا bala.

بالار **balar** *[bālār]* - "کاریتە": ئەم وشەیە و چەند وشەیەکی دیکە وەک balaşme "داری سەتاقە"، ↑باڵشمە balışme "چوارچێوەی دەرگا" دەشێ خزم بن دەگەڵ balken (G.)، balk (Nl.)، (E.) و bjälka (Sw.) "داری دارەڕا، کاریتە". phalagx (Gr.) "دار، تەنەدار" خزمە دەگەڵ وشە ژێرمانییەکان. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhel- >*** "هەڵمسان".

بالاندن **balandın** *[bālāndın]* - "هەرای مەڕ و بزن": باراندن barandın یش دەگوترێ. هەروەها ↑بۆڕاندن borandın بە مانای "دەنکَ و هەرای گا و گۆل" بەکار دێ. بڕوانە ↑بالەبال balebal.

باڵتاو **baltaw** *[bāltāw]* - "باڵاپۆشی ئەستوور": باڵتۆ balto و باڵتە balte ش دەگوترێن. ئەسلەکەی paleto (Sp.) یە و لە وانەیە لە رێگای فەرانسییەوە هاتبێتە ناو زمانە رۆژهەڵاتییەکان.

باڵتە **balte** *[bālta]* - "بیور، تەور": خزمەدەگەڵ Beil (G.)، bhila (OG.)، biail (OIr.) "بیور"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhei- >*** "لێدان، لەت و کوت کردن".

بالاشمە **balaşme** *[bālāšma]* - "داری سەرتاقە": خزمە دەگەڵ ↑بالار balar "کاریتە".

باڵشمە **balışme** *[bālıšma]* - "چوارچێوەی درەک و پەنجرە": خزمەدەگەڵ ↑بالار balar "کاریتە".

بالنج **balınc** *[bālınj]* - "بالیف": بەهلنگی behlıngî یش دەگوترێ. بالش bāleš (P.)، خزمە دەگەڵ polster (G.)، bolster (E.)، bolstar (OG.)، barezis (Av.) "بالنج"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhel- >*** "ماسین، باکردن، هەڵمسان".

[تێبینی: فۆتیمی n هەروەک چۆن دە زمانی کوردمادیدا، دە هێندێک زمانی دیکەشدا کەوتووەتە ناو وشەکەوە، بۆ وێنە دە balzina (Serb-Kr.)دا].

باڵوێز **balwez** *[bālwez]* - "نوێنەری دەولەت لە وڵاتێکی دیکە": بە پێی "فەرهەنگی هەرمان" (ل.244) لە *(Tur.) balyoz* وەرگیراوە و ئەمیش لەوانەیە لە ئیتالیایی وەرگیرابێ.

باڵۆرە **balore** *[bālora]* - "جۆرە گورانییەک": هەڵیسەنگینە دەگەڵ ballare (It.) "سەما کردن". وشەی ballade (F.) "جۆرێک گۆرانی رۆژاوایی" دەچێتەوە سەر وشە ئیتالییەکە. لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بالەبال balebal "دەنکَ و هەرای مەر و بزن".

باڵۆکە **baloke** *[bāloka]* - "هەڵتۆقاویی سەر پێست": خزمە دەگەڵ Beule (G.)، boil (E.)، bul (OG.)، byl (OE.) "هەڵتۆقاویی، هەڵمساویی". بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑بۆل bol "دەنکە ترێ".

باڵە **bale** *[bāla]* - "خرۆکە، ئاوڵە": خزمە دەگەڵ ↑باڵۆکە baloke.

بالەبال **balebal** *[bālabāl]* - "دەنکَ و هەرای مەر و بزن": جگە لەم وشەیە، دە زمانی کوردمادیدا بۆڕاندن borandın "دەنکَ و هەرای گاو گۆل" و باراندن barandın یان بالاندن balandın "هەرای مەڕو بزن" هەن کە بۆ دەربڕینی مانای "دەنکَ و هەرا" بەکار دەهێندرێن. هەروەها بولبول bulbul "مەلی ئاوازەخوان" [دەبنەڕەتدا: مەلی بەدەنکَ وهەرا]. ئەم وشانە دەشێ لە ریشەیەکی هاوبەشەوە هاتبن بە مانای "دەنکَ و هەرا". دەشێ خزم بن دەگەڵ bell (E.)، bellan (OE.) "وەڕین، هەراهەرا کردن"، bellow (E.)، belwen (ME.) "بۆڕاندن". ریشە وشە ئینگلیزییەکە ساخ نەکراوەتەوە. لەوانەیە بێلیتە/ بێریتە berîte / belîte "بەزم و گۆڕانی" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. ئەم وشانە هەروەها جێی هەڵسەنگاندنن

دەگەڵ bell (E.)، belle (OE.)، belle (MG.) "زەنگ، زەنگوڵە" کە گریمانە دەکرێ پێوەندی بە وشەی ئینگلیزییەکەی سەرەوە هەبێ.

باڵەبان baleban *[bālabān]* - "1- دەهۆڵ 2- جۆرێک نایە": بە پێی "فەرهەنگی هەرمان" (ل. 242) لە *baraban (Rus.)* وەرگیراوە.

باڵەکە baleke *[bālaka]* - "دەفەی شان": لەوانەیە باڵە bale شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑بێل bel. لەم تێڕوانینەوە مەبەست وێچواندنی شانە بە بێلە، کە شتێکی پان و تەختە.

[تێبینی: لەم بارەوە بەراوردی بکە دەگەڵ sternon (Gr.) "تەختی سینگ" کە دەشێ خزم بێ دەگەڵ "سێڵ"].

باڵیف balîf *[bālīf]* - "باڵنج": خزمە لەگەڵ pulvinus (L.) "باڵنج". Pfühl (G.)، pfuluvi (OG.)، pillow (E.) "باڵنج" لەو وشە لاتینیە وەرگیراون و ئەویش خۆی دەبردرێتەوە سەر pulvis "تۆز، گەرد" [وەک گەرد نەرم؟].

باڵینە balîne *[bālīna]* - "رفێدە": خزمە دەگەڵ ↑باڵنج balinc [رفێدە وەک باڵنجێکی چکۆڵە وایە].

باڵێن balen *[bālen]* - "داری پشتیوانەی دەرگای داخراو": خزمە دەگەڵ ↑باڵار balar "کاریتە".

بان[1] ban *[bān]* - "1- سەرەوی شتێک 2- سەرەوەی خانوو": بام bām (P.). خزمە دەگەڵ oben (G.)، oban (OG.) "سەرەوە". ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی **uban- (Gm.)*، خزمە دەگەڵ upara (Av.) "سەرەوە" و upama- (Av.) "سەرترین، باڵاترین".

[تێبینی 1: دە"فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 172) سێ بۆچوون خراوەتە روو: 1- پێوەندی بە ریشەی *pā-* "پاراستن، ئاگا لێبوون"، 2- پێوەندی بە بانو bānū "کابان"، 3- پێوەندی بە ریشەی vah- "مانەوە، جێ گرتن، نیشتەجێ بوون". تێبینی 2: "بان" دە زمانی کوردمادیدا نەک هەر بەمانای "بانی خانوو، سەربان" بەکار دێ، بەڵکوو بەگشتی بە مانای "سەر(ەوە)، لەسەر" بەکار دێ و ئەمەش دەبێ مانای بنەڕەتی وشەکە بێ (نموونە: بان چاو، بان سەر، لە بانەوە دانیشتن واتا لەلای سەرەوە دانیشتن). دە زمانی فارسیدا "بام" تەنیا بە مانای "بانی خانوو، سەربان" بەکار دێ و هەر بۆیەش دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا هەوڵ دراوە ریشەی وشەکە تەنیا لەم پێوەندییەدا بدۆزرێتەوە. بەڵام دە زمانی فارسیدا وشەیەکی دیکە لەم بارەوە سەرنج رادەکێشێ کە ئەویش وشەی بم bam (P.)ە. دەنگی "بم" واتا دەنگێک کە لە بانەوەیە. "بم"ی فارسی دیارە شێوەیەکی دیکەیە لە "بام" و نیشان دەدا کە وشەکە دە زمانی فارسیشدا پێشتر بە مانای گشتی "سەرەوە، لەسەر" بەکار هاتووە و ناتوانێ پێوەندی بەو ریشانەوە هەبێ کە لە فەرهەنگی ناوبراودا هاتوون. نموونەی ئەم وشەیە بە رووتی نیشان دەدا کە وشەکانی زمانی فارسی ناتوانرێ بە باشی ساخ بکرێنەوە، ئەگەر وشە خزمەکانی زمانی کوردمادی نەناسرێن و نەخرێنە بەرچاو. ئەم دۆخە لە پێوەندی دەگەڵ وشە کوردماددییەکانیش هەر وایە و لێرەشدا بەبێ ئاگاداری باش لە وشە فارسییەکان، ساخ کردنەوەی وشەی کوردمادی هاسان نییە].

بان[2] ban *[bān]* - دەگەڵ چەند وشەیەک دێ وەک رێگا و بان، دەرک و بان [رووبەڕی ساف و تەختکراوی پێش دەرگا]، هەروەها کەرتێکە لە وشەی خیابان xīyābān (P.) "شەقام". [ئەم وشەیە کوردمادیش بەکاری دەهێنێ]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- bahn (G.) "رێگا" [وەک لە وشەکانی Eisenbahn (G.) "ریگای ئاسن" و Autobahn (G.) "ئوتووبان، رێگای ماشێن"دا] و baan (NL.). ئەم وشە ژێرمەنییە دەبردرێتەوە سەر ریشەی ژێرمەنی **bano-* "رووبەر" و ئەویش دەبردرێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *gono- >*** "لێدان". لەم تێڕوانینەوە "بان" دەتوانێ دەبنەڕەتدا بەواتای "هەردی لێدراو، کوتراو، تەختکراو" بووبێ. ئەگەر ئەم لێکدانەوە راست بێ، وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ژەندن jendın "لێدان" دە کوردمادیدا.

2- baínein (Gr.) "ڕۆیشتن، بەسەردا ڕۆیستن، پێ لێنان". دیارە پێوەندی نیزیک هەیە لە تیوان دوو چەمکی "ڕۆیشتن" و "ڕێگا"دا. لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە دوو وشەی ڕێ [ڕێگا] و باز [واتا ڕێگا] بکەین کە هەردووکیان بۆ ئەو ریشانە دەگەڕێنەوە کە مانای "ڕۆیشتن، ڕەت بوون، بزووتن" دەبەخشن.

بان[3] ban [bān] - دەگەڵ "تاو" دێ [تاو بان]، خزمە دەگەڵ ↑باو3 baw سەر بە ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە".

بان[4] ban [bān] - دەگەڵ وشەکانی "جێگا" و "نوێن" دێ [جێگا و بان، نوێن وبان]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بناوان bınawan "کابان".

باناندن banandın [bānāndın] - "بێچووی بێ دایک خستنە بەر دایکێکی دیکە". ↑*بانین banîn* یش دەگوترێ. هەروەها↑نەباندن nebandın هەیە بە مانای "وەخۆ نەگرتن".

بانبانک banbank [bānbānk] - "جانەوەرێکە لە تیرەی سمۆرە لە ڕەوەزە بەرداندا دەژی": بە گوێرەی مانای وشەکە ئەم جانەوەرە لە شوێنی بەرز و بڵیند دەژی و دەشێ لەبەر ئەوە ناوەکەی پێوەندی بە ↑بان1 ban "سەر، لای سەرەوە" هەبێ.

باندۆر bandor [bāndor] - "گوشار، کارتێکەری": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە بەندۆڵ bendol "زەنبەلەک".

بانگ bang [bāng] - "دەنگ، هەرا کردن، ڕاگەیاندن": با ba ش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ phone "دەنگ"، phanai (Gr.) "قسەکردن، ئاخافتن"، bhánati (OIn.) "قسە دەکا" و fama (L.) "قسە، باس، دەنگ"، Bann (G.) "دەستوور، فەرمان، حوکم، جادوو". ئەم وشە ئەڵمانییە کە دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەشدا هەیە دەچێتەوە سەر کردارێکی کۆنی ژێرمەنی واتا bannan "حوکم دان بە پێی یاسای سزا دان"، سەر بە ریشەی ***bha- > (IE.)** "قسەکردن، بانگ کردن". دە زمانی کوردمادیدا دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پەیڤین payvîn "قسەکردن" و↑باوbaw [بەیت و باو] .

[تێبینی: بەپێی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 173) لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی -vank وەک شێوەیەکی گۆڕدراو لە ریشەی -*vak*" قسەکردن". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑وشە wışe].

بانگەشە bangeşe [bāngaša] - "تەبلیغات، پرۆپاگاندە": بانگاشە bangaşe ش دەگوترێ. پێک هاتووە لە دوو وشەی بانگ + گاشە bang + gaşe. کەرتی دووەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑قیژەqîje و خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑گاز gaz [گاز کردن]، ↑*قسە qıse*، ↑کازین kazîn "دەنگ و هەرا" و ↑کاستین kastîn "لووراندن" و هتد. چەمکی هاوبەشی هەموو ئەم وشانە "دەنگ (بەرز) کردن، دەنگ هەڵبڕین"ە.

[تێبینی 1: لێرەدا ڕەنگە ئەو پرسە بێتە پێش کە چۆنە هەم "بانگ" و هەمیش "گاشە" کە دە بنەڕەتدا یەک مانایان هەیە، کەتوونە پاڵ یەکدی و یەک وشەی لێکدراویان پێک هێناوە. لە بەرسڤدا دەبێ بڵێین کە لە وشەسازی زمانی کوردمادیدا، بۆ دەربڕینی دۆخی جەخت کردن، چەند ریگە یاخود چەند شێوە بەکار دێ. یەکێک لەم شێوانە دووبارە کردنەوەی وشەکەیە وەک قیژەقیژ، لەرزەلەرز، دەنگەدەنگ و هتد. شێوەیەکی دیکە هێنانەوەی دوو وشەی هاومانایە وەک بانگاشە، بانگەواز [بانگ + ئاواز]، بایەقووش، جەمبازە، پاکتاو، ڕەشتاڵە، تەپلۆس، خڕخاڵ، سامۆتک، تارمایی، گۆنگەشە (گەنگەشە)، قرتماغە و هتد.

بانوو1 banu [bānū] - "دەشتی بەرز": خزمەدەگەڵ ↑بان ban "بەرز، لای سەرەوە".

بانین banîn [bānīn] - "کاری بانۆک، وەبەر خستنی بێچوو بەر دایکی نەبان": دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑نەباندن nebandın هەیە بە مانای "وەخۆ نەگرتن، خۆ دوور ڕاگرتن" ne + bandın. وشە سەرەکییەکە واتا باندن bandın شێوەیەکی دیکەیە لە بانین banîn و ئەمەش دەبێ پێشتر وەک کردارێکی سەربەخۆ بەکار هاتبێ و ماناکەی پێچەوانەی "نەباندن" بووبێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ

wohnen (G.) "له ماڵێک ژیان بردنه سەر". دە بنەڕەتدا مەبەست ئەوە بووە: بە پێخۆش بوونەوە نیشتەجێ بوون، خۆ بە شوێتێک بەستنەوە، عادەت بە شوێتێک گرتن". ریشەی وشەکە دە بنچینەدا مانای "خۆش لێ هاتن" دەگەیەنێ. دە زمانە هیندو ئەورووپییەکاندا گەلێک وشە پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە، وەک una (OIs.) "قایل بوون، راحەت بوون"، unwunands (Gt.) "خەمگین، نارەحەت"، gewohnen (G.) "خوو پێگرتن" و Wonne (G.) "خۆشی، لەززەت"، vanas- (OIn.) "حەز، لەززەت"، venus (L.) "خواژنی دڵداری" و هتد. ئەم وشانە دە کوردمادیدا دەبنە خزم دەگەڵ ↑ئەڤین evîn و ↑ڤیان vîyan "خۆشەویستی، دڵداری". بەم جۆرە دەردەکەوێ کە کرداری باندن bandın یان بانین banîn پێشتر دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "خۆش لێهاتن، حەز لێکردن، وەخۆ گرتن، خوو پێگرتن" بووە و "نەباندن"یش پێچەوانەی ئەم مانایانە بووە. دیارە مەبەست لە مەڕ و بزنی "نەبان" ئەوەیە کە دایکەکە بێچووەکەی خۆی خۆش ناوێ، خووی پێ ناگرێ یان وەخۆی ناگرێ.

باو1 baw [bāw] - "تەکان، بزاڤ، پاڵ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- wave (E.) "1- شەپۆل 2- تەکان دان، شەکاندنەوە، بزاوتن بەم لا و لادا". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە ساغ نەکراوەتەوە.

2- beben (G.) ، bibēn (OG.)، bifian (OE.)، bīfa (OIs.) "لەرزین، تەکان خواردن"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *bh(o)ī-* "لەرزین، داچڵەکین".

باو2 baw [bāw] - "خول، سووڕ": هەروەها باوەخولێ bawexule هەیە بە مانای "سوڕ خواردن بە دەوری خۆدا". خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑بابۆڵە babole.

باو3 baw [bāw] - "1- قسە وباس [بەیت وباو] 2- رەسم، مۆد، برەو": پێوەندی هەیە بە fama (L.) "قسە، بانگ، دەنگۆ، ناوبانگ". مانای دووەمی وشەکە دەزمانی کوردمادیدا لەوەڕا هاتووە کە هەرشتێک *قسە وباسی* لێ کرابێ، واتا وەک شتێکی رۆژ چاو لێ کرابێ، گوتراوە باوی هەیە و ئەگەریش شتەکە کۆن بووبێ و ئیتر لە بیر چووبێتەوە و *قسەو باسی* لێ نەکرابێ، گوتراوە باوی نەماوە یان لەباو کەوتووە. هەڵیسەنگینە دەگەڵ ↑بانگ bang.

باو4 baw [bāw] - بام bam یش دەگوترێ. دە کوردمادیدا دەگەڵ رەنگەکانی رەش و سوور دێ و دەگوترێ "رەشباو" یان "سووربا". دە فارسیدا وشەکە دەبێتە فام fam (P.) [سرخفام، نقرەفام]. دە فەرهەنگە فارسییەکاندا وشەی فام بە "رەنگ" مانا لێ دراوەتەوە کە ئاشکرایە پڕ بەپێستی خۆی نییە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑بان ban [تاو و بان] و ↑بەیان beyan "سۆزی، سپیدە" کە گشتیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە". لەم تیڕوانینەوە سووربا واتا وەک سوور دەدرەوشێتەوە [سووردەچێتەوە]. ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ bohnen (G.)، bōnen (MNl.)، boenen (Nl.) "ساف و لووس کردن، بریقە لێ هەستاندن"، bháti (OIn.) "دەدرەوشێتەوە"، phōs (Gr.) "تیشک، رووناکی"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *bhā-* "درەوشانەوە، بریقانەوە".

باو4 baw [bāw] - دەگەڵ "خۆشتر" دێ ["باوخۆشتر" یان "باخۆشتر" بە مانای "گەورەتر، بە هەیکەلتر]. خزمە دەگەڵ Bau (G.)، bū (OE.)، bouw (Nl.)، bo (Sw.) "بینا، پێکهاتە"، سەر بە کردارێک بە مانای "دروست کردن، پێکهێنان، بینا کردن"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *bheu-* "رسکان، هەڵدان، گەشەکردن، دروست بوون، بوون". خزمە دەگەڵ کرداری ↑بوون bun. لەم گوشە نیگایەوە مانای "با خۆشتر یان باوخۆشتر" دەبێتە وجوود یان پێکهاتەیەکی خۆشتر.

باوک bawk [bāwk] - "مرۆی خاوەن منداڵ": ↑باب bab.

باول bawıl [bāwıl] - "جانتا، چەمەدان [لەچەرم]": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Balg (G.)، bielg (E.)، balgs (Gt.) "ساکی لە چەرم"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *bhel-* "هەڵمسان". خزمە دەگەڵ ↑باڵنج balınc، ↑بۆل *bol*، ↑بلق bılq و هتد.

باوەڕ bawer [bāwar] - "ئیمان، دڵنیایی": باور bāvar (P.)، wābar (MP.). بە گوێرەی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 174) دە تیرانی کۆندا *vāvara- (OI.) یان *upa-ā-var- (OI.) بووە، دەچێتەوە سەر ریشەی *var-* "هەڵبژاردن" و خزمە دەگەڵ var- (Av.) "هەڵبژاردن"، varana- (Av.) "باوەڕ"، varah (Av.) "سوێند" و vára- (OIn.) "هەڵبژاردە، تایبەتی، ئاوارتە". لەم تیڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ئاوارتە awarte و ئاوارتن awartın [هەڵاوارتن، هەڵاواردن].

باوەش baweş [*bāwaš*] - "ئامێز، باغەڵ": اغوش āġūš (P.). دە زمانی کوردمادیدا پرێپۆزیسێنی بە be بە وشەکەوە لکاوە و بووەتە بەشێک لە وشەکە [بە + ئاوەش ← باوەش]. "ئاوەش" [اغوش بە فارسی -ā ġūš] خۆی پێک هاتووە لە ئا + وەش a + weş بووە. بەگوێرەی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 39) بنجی وشەکە خزمە دەگەڵ gaoz (Av.) "داپۆشین"، -gūzra (Av.) "شاراوە"، -guh (gūhati) (OIn.) "شاردنەوە، داپۆشین"، سەر بە ریشەی gauz- *(IE.) *gheuĝh- >* "شاردنەوە". هەروەها gūžti (Lit.) "گرتنەخۆ، ئاگا لێ بوون" لەم ریشەوە هاتووە.

باوەفس bawefis [*bāwafis*] - "چڵەنۆک، کوتوڵە": ↑باوەقۆت baweqot یش دەگوترێ. پێکهاتووە لە باو + ە + فس baw + e + fis. کەرتی باو baw دە وشەی باوخۆشتر bawxoûtır دا دەبینین. ئەم کەرتە بە مانای "پێکهاتە، هەیکەل، سازی، بینا"یە [بڕوانە باو[4] baw]. کەرتی فس-fis یش خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە "کەمی و گچکەیی" دەکەن، وەک ↑پز *pız*، ↑پیزە pîze، ↑پچ pıç، ↑بچووک bıçûk [پچووک pıçûk] و هتد.

باوەڵی bawelî [*bāwalī*] - "نەخوشی ماسینی ئەژنۆی بەرخ و کاریلە": خزمە دەگەڵ Beule (G.) "بڵوق، هەڵتۆقاوی" [بڕوانە ↑بڵوق bıloq]، سەر بە ریشەی *(IE.) *bhel- >* "ماسین، با کران، هەڵپزان".

باویلکە bawîlke [*bāwīlka*] - "پشیلەپاییزە، پەپوولەپاییزە": باوێلی bawelî و بایلە bayle ش دەگوترێن. پێک هاتووە لە بنەوشەی ↑باو[2] baw و پاشگرێک، خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑پاپلەکانێ paplekane "جۆلانە"،↑*بابۆڵە babole* "نانی پێچراوە و لوولدراو"، ↑باو[2] baw "خول، سووڕ" [باوەخولێ bawexule] و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *uei-b >* "چەمان، سووڕان، بەم لاو ئەولادا جوولان". باویلکە [کۆنتر: *بابیلکە babîlke** یان *باپیلکە bapîlke**] لەبەر ئەوە بەم جۆرە بەناو کراوە، چونکوو دە هەوادا بەم لا و ئەو لادا دەسووڕێتەوە [دە جووڵێتەوە]. بۆ ئەم شتە دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی دیکەش بەکار دەهێنرێن کە بریتین لە پەپوولەپاییزە pepulepayze و پشیلەپاییزە pışîlepayîze. ئەگەر لە وشەی یەکەم ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە کەرتی "پەپوولە" لەم وشەیەدا لەراستیدا پێوەندی بە "پەپوولە" [ی زیندەوەر] ەوە نییە. وێکچوونی ئەم دوو وشەیە تەنیا ڕواڵەتییە. کەرتەوشەی "پەپوولە" دە وشەی "پەپوولەپاییزە"دا شێوەیەکی کۆنترە لە "باویلکە" یاخود "باویلە" [کۆنتر: *پاپیلە papîle**].

[تێبینی: پشیلە pışîle دە وشەی پشیلەپاییزە pışîlepayîze دا لەوە دەچێ پێوەندی بە "پشیلە"ی جانەوەرەوە هەبێ. دە زمانی ئەڵمانیدا چەند ناوێک بۆ ئەم گیایە هەیە، وەک Löwenzahn "ددانی شێر"، Hundslattich "سەگەگیا". وێ دەچێ دە زمانی کوردمادیشدا لەبەر "تووکن" بوونی ئەم گوڵە ناوی "پشیلەپاییزە"ی بۆ دانرابێ].

باهوڕ bahur [*bāhur*] - "وڕەبا"ش دەگوترێ [با ba + هوڕ hur]. وەک دەبینین کەرتی "هوڕ" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑وڕ wır و دە بنەڕەتدا مانای "سووڕان، خولانەوە" دەبەخشێ. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ملهوڕ mılhur "لاسار".

باهوو bahu [*bāhū*] - "1- وارش یان خەندەکی *دەوری* باخچە 2- ئاسۆکە، کەناری ئاسمان": بە هەر دوو ماناوە خزمە دەگەڵ ↑باهۆ baho "باسک، بازوو"، سەر بە ریشەی *(IE.) *bheug- >* "چەمانەوە،

خوار بوون(ەوە)". باهوو بە مانای وارشی دەوری باخچە ئەو شتەیە کە بە دەوری باخچەدا چەماوەتەوە. هەروەها ئاسۆگەش لە دوورەوە وەک هێڵێکی چەماو خۆ دەنوێنێ.

باهۆ baho *[bāho]* - "باسک": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑باسک basık.

باهێر baher *[bāher]* - "زەمینی نەکێڵدراو": ↑بەیار beyar و ↑بوور *bur* یش دەگوترێن.

بایەخ bayex *[bāyax]* - "نرخ، وەرج": ↑بایی bayî.

بایەقووش bayeqûş *[bāyaqūš]* - "کوندەبوو، کوندە بەبوو": پێک هاتووە لە با (یە) + قووش qûş + ba(ye). کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە بوو bu [دە ئەسڵدا: بووبوو bubu]. "بووبوو" ئەو دەنکَ و هاوارەیە کە پەڵەوەرەکە لە خۆی دەردێنێ، واتا ناوی پەڵەوەرەکە لە رووی لاسا کردنەوەی دەنکَ و هاواری ئەو دروست کراوە. بووبوو bubu پاشان گۆڕاوە و بووەتە ↑بەبوو bebu یان کورت کراوەتەوە و بووەتە بوو bu. کەرتی قووش qûş شێوەیەکی دیکەیە لە قیژە qîje و مەبەست "بەبووی قیژەکەر"ە.

بایی bayî *[bāyī]* - "نرخ، قیمەت": بها bahā (P.)، wahāg (MP.).

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Gewicht (G.) و (Nl.)، wicht (MG.)، weight (E.)، vaett (OIs.) بەمانای "وەزن، قورسایی"، سەر بە کردارێک کە لەو زمانانەدا مانای "وەزن کردن" دەبەخشێ. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Waage (G.) " تەرازوو" و هەروەها دەبنە خزمیش دەگەڵ ↑بێشکە bêşke "لانکە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uegh- >*** "(را) وەشان، لەرینەوە، جووڵان". لەم تێڕوانینەوە سەرەتا مەبەست لە پرسیاری "بایی چەندە؟" دەبێ پرسین سەبارەت بە وەزنی شتەکە بووبێ و دواتر ماناکە گۆڕدراوە بۆ گرینگی ونرخ. [وشەی "گرینکَ"یش خۆی پێوەندی بە قورساییەوە هەیە و خزمە دەگەڵ "گران"].

2- دە "فرهنکَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 221) پاش هەڵسەنگاندنی وشەکە دەگەڵ چەندین وشە و لەوانە vasná- (OIn.) "بەها، نرخ"، وشەکە بردراوەتەوە سەر ریشەی -vah و ئەمەش دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ues- >*** " کڕین".

ببرای bıbray *[bıbrāy]* - ببڕای ببڕای واتا "هەرگیز". وشەکە دووبارە دەبێتەوە و دۆخی جەخت کردن دروست دەکا، وەک قەت قەت، هەرگیزاوهەرگیز. دە بنچینەدا بێ بڕا(نەوە) bê bıra(newe) بووە و سواوەتەوە، واتا بێ کۆتایی، تا هەتایە. بەم جۆرە دەچێتەوە سەر کرداری ↑بڕین bırîn.

بچووک bıçûk *[bıčūk]* - "وردیلە، گچکە، چکۆڵە": بچ + ئووک bıç + uk، پچووک pıčūk یش دەگوترێ [pıç + uk]. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑بێچوو beçu و ↑پز pız "منداڵی ناوزک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pau- >*** "کەم، بچووک، وردیلە". وشەی few (E.) "کەم" و paucus (L.) "کەم ، بچووک" و paupos (Gr.) "بچووک" سەر بەو ریشەیەن.

[تێبینی: دوو چەمکی "بچووک" و "کەم" پێوەندی نیزیکیان بەیەکەوە هەیە، بۆ وێنە وشەی little دە E. دا بۆ هەر دوو مانا بەکار دەهێندرێ و دە وشە لاتینییەکەی سەرەوەشدا هەردوو مانا دەبیندرێ].

بخوور bıxûr *[bıxūr]* - "سووتەمەنی بۆنخۆش": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بووغ buġ "هەڵم".

بخووز bıxûz *[bıxūz]* - "گای خەڤۆک، گایەک کە لە کاتی جووت کردندا دەخەڤێ": ئەسڵی وشەکە "بخفز bıxefız" بووە، پێک هاتووە لە پێشگری ب + خەف [خەو] + پاشگری بە ئاوڵناو کردنی ز xef + ız + bı. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر ئەم پاشگرە بڕوانە ↑-ئۆز oz-.

[تێبینی: ئاڵوگۆری فۆنۆلۆژیکی لەم جۆرە لە زۆر وشەی دیکەشدا بەدی دەکرێ، وەک "خافتن" [ئاخافتن] کە بەشێوەیەکی دیکە بووەتە گوتن، "شفتی" [شەفتی] و شووتی، "زافەر" و زۆر، "گابار" و کوور [قووڵ]، "زافار" و زار و هتد].

بدوو bıdu *[bıdū]* - "قسەزان، دەم پاراو": ب + دوو bı + du.

1- کەرتی du یان شێوەیەکی گۆڕدراوە لە ↑دەم dem، واتا دە بنەڕەتدا وشەکە دەتوانێ "بەدەم" بووبێ، وەک چۆن ئێستا دەڵێن فلانی "بەسەر و زمانە" یان "بەدەم و پەلە" [پەل لێرەدا خزمە دەگەڵ "فڵچ"، دەم و فڵچ]

2- یان کەرتی du پێوەندی هەیە بە کرداری ↑دوان duwan [دواندن duwandn] "قسە کردن".

بر bır [*bır*] - "لەبڕی" [لە بری le bırî] واتا "لە جێگەی، لەباتی". وشەکە خۆی سێ کەرتە، کەرتی "لە"، کەرتی ئەسڵی "بر" و نیشانەی "ی". چەنکوو ئەسڵی وشەکە هەمیشە لەم پێکهاتەیەدا بەکار دێ، لە ژێر ↑لەبری lebırî دا شی کراوەتەوە.

بڕ bır [*bır*] - "تەڕ و بڕ": پێوەندی هەیە بە وشەی ↑بڵ bıl.

برا bıra [*bırā*] - " کوڕ لە دایک و باوکی هاوبەشەوە": بڕوانە ↑برادەر brader.

برادەر bırader [*bırādar*] - "هاوڕێ": ئەسڵی وشەکە بە مانای "برا"یە. برادر barādar (P.)، Bruder (G.)، brother (E.)، bro(de)r (Sw.)، frater (L.)، phrētēr (Gr.)، brat (Rus.) "برا"، سەر بە ریشەی **< *(IE.) *bhrator-*** "برا". بە پێی بۆچوونێک ئەم ریشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی **< *(IE.) *bher-*** "بردن، هەڵگرتن، راگرتن" و مەبەست لە "برادەر" دە بنەڕەتدا راگر و پشتیوانی خوشکەکان بووە لە دوای مردنی باوک.

برازە bıraze [*bırāza*] - "باری، مەلغە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑باری barî.

2- ↑بیرازتن bîraztın.

بڕانە [*bırāna*] - "مووچەی دیاریکراو، باج وپیتاک": ↑بڕین bırîn، واتا ئەو پوول یان شتەکە بۆ یەکێک بڕاوەتەوە [دیاری کراوە] بیدا، یان پێی بدرێ.

برد bırd [*bırd*] - دەگەڵ "دەست" دێ [دەست و برد destûbırd واتا چالاکی و زرینگی]. وشەکە دەبێ پێوەندی هەبێ بە fortis (L.) "بەهێز، زرینگ" [لاتینی کۆن: forctis (OL.)]. ئەم وشە لاتینییە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەرز، بڵیند" و خزمە دەگەڵ ↑بەرز berız و دواتر ↑بەرد berd ی کوردمادی.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا دەگوترێ "بەدەستوبرد"، واتا پێشگری بە be خراوەتە سەر دەست dest. دە زمانی ئەڵمانیشدا behände (G.) "زرینگ، بەدەستوبرد" پێک هاتووە لە پێشگری bi - bei (OG.) - و Hand "دەست"].

بردن bırdın [*bırdın*] - "هەڵگرتن، راگواستن": بردن bordan (P.)، ferre (L.)، pherein (Gr.)، beran (OG.) "بردن"، bear (E.)"هەڵگرتن، بردن، بەرگە گرتن"، bharati (OIn.) "هەڵ دەگرێ، دەبا"، سەر بە ریشەی **< *(IE.) *ber-*** "بردن، هەڵگرتن". bringen (G.) و bring (E.) "هێنان"، byrđen (OE.) "بار کردن، هەڵگرتن"، burden (E.)، Bürde (G.) "بار"، دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە. وشەکانی ↑بەر ber، ↑بەرە bere "زارۆک، وەچە"، ↑بەرگە berge "خۆ ڕاگرتن، تەحەممول" [bear (E.)]، ↑هاوردن hawırdn لە "بڕدن"ەوە هاتوون.

بڕڕەک bırrek [*bırrak*] - "بەرازی تیر": ئەم وشەیە پێوەندی بە کرداری "بڕین"ەوە نییە و شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بەراز beraz.

برژان bırjan [*bıržān*] - "برشتە بوون، بریان بوون": برشتن beraštan (P.)، خزمە دەگەڵ phrgein (Gr.)، bhrjati (OIn.)، frigere (L.)، گشتیان بەمانای "برژاندن". fry (E.) "سوور کردنەوە" لە وشە لاتینییەکە وەرگیراوە. ئەم وشانەی خوارەوەش پێوەندییان بەم خێزانەوە هەیە: braten (G.)، braden (Nl.)، bra dan (OE.) "سوور کردنەوە"، brühen (G.)، broeien (Nl.) "گەرم کردن"، brennen (G.)، burn (E.) "سووتان". ↑بیر2 bîr "چاڵاو" لە پلەیەکی دوورتردا خزمە لەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوە. بیر واتا شوێتێک کە ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ [دەکوڵێ].

برژانگ bırjang [*bıržāng*] - "مژۆڵ": ↑برژول bırjol.

برژۆڵ bırjol [*bıržol*] - "1- برژانگ 2- پرزە و ریشاڵی کووتاڵ 3- پرزەی گوڵەگەنم": خزمە دەگەڵ Borst (G.)، burst (OG.)، byrst (OE.)، borst (Sw.) "مووی زوور" [دە بنەڕەتدا: (مووی) سیخەوە بوو]. Bürste (G.)، brush (E.) "برۆس، فلچە" لەم وشانەی سەرەوە وەرگیراون. هەروەها Bart (G.) "ردین" و barsch (G.) "زبر، زوور" و دە زمانی کوردمادیشدا ↑پۆر por "مووی سەر" خزمن دەگەڵ ئەو وشانەی سەوەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhar- >*** "چقڵ، درک، (مووی) زبر، سیخەوە بوو". لەوانەیە ↑پرز(ە) pırz(e) "ریشاڵی بچووک" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

بڕست bırıst [*bırıst*] - "هێز، تابشت": هەروەها ↑پڕزە pırze هەیە بە مانای "هێز، توان" [بڕستم نەماوە، پڕزەم لێ بڕاوە]. وشەکە بە شێوەی ↑بڕشت brışt یش دەگوترێ [زەوییەکی بە بڕشت، واتا بە پیت. جێی ئاماژەیە کە "پیت"یش مانای "هێز" دەبەخشێ. وشەکە پێوەندی هەیە بە ریشەی ***(IE.) *bhreus- >*** "ماسین، هەڵمسان". دە زمانی ئەڵمانیدا ئەم وشانە لەم ریشەوە هاتوون: Brust (G.) "سینگ"، Brausche (G.) "هەڵتۆقاوی، بلۆق"، Bries(el) (G.) "لوو، غوددە". وەک لە سەرەوە باس کرا، وشەکە دە زمانی کوردیدا بە دوو شێوەی "بڕست" و "بڕشت" دەر دەکەوێ، واتا گۆڕانی فۆتیمی s بۆ ş دەبینرێ. دە زمانی ئەڵمانیشدا وشەی Brausche (G.) هەڵگری فۆتیمی ş یە. ئەم فۆتیمە دە زمانی ئەڵمانیدا بە سێ پیتی sch دێتە نیشان دان.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "ماسین، ئەستوور بوون" و "بەهێز بوون" پێویستە دەگەڵ وشەی "توانین" بەرهەڤی بکەین. وشەکانی توانین tuwanîn، تاو tav [هێز و گوڕ]، تابشت tabışt و چەند وشەی دیکە کە چەمکی "هێز و گوڕ" لەخۆ دەگرن، دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *teu-/ *tu-* "ماسین، ئەستوور بوون". ئەم ریشەیە هەر لە کۆنەوە هاوکات مانای "بەهێز بوون"یشی وەرگرتووە. ژمارەیەک وشە وەک تبل tıbıl "قامک"، توو tu [تڤی tıvî]، تفقی tıvqî "قەڵەو، پڕگۆشت"، دومەل dumel، tumor (L.) "دومەڵ، کوان"، túmara-h (OIn.) "قەڵەو، بە هێز" و هیتر پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە. وەک دەردەکەوێ لەم خێزانەوشەیەشدا وشەکان لەپاڵ مانای "ماسین، ئەستوور بوون" هەروەها مانای "بەهێز بوون" لە خۆ دەگرن].

برسی bırsî [*bırsī*] - "برچی، تیز": برچی bırçî یش دەگوترێ. گرسنە goresne (P.)، verse (OP.) [دەنگی v ی کۆن دە فارسیدا بووەتە g و لەم بارەوە نموونە زۆرە]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ brauchen (G.)، bruhhan (OG.)، bruken (MNl.)، brucan (OE.)، brukjan (Gt.) "پێداویستی هەبوون، نیاز هەبوون". دە بنەڕەتدا مانای وشە ژێرمانییەکان "نۆش کردن، سوود وەرگرتن، چێژ وەرگرتن" بووە و خزمن دەگەڵ fructus (L.) "بەروبۆ، سوود وەرگرتن، چێژ وەرگرتن". لەم تێڕوانینەوە برسی بوون دە بنەڕەتدا بەمانای "حەز و مەیل بۆ چێژ وەرگرتن یان سوود وەرگرتن" لە شتێک بووە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhrug- >*** .

برش bırş [*bırš*] - "کەڕوو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بڵ bıl و ↑بڕbır [تەڕ و بڕ]. پێوەندی برش هەڵێنان و تەڕ بوون بەیەکەوە ئاشکرایە.

بڕشت bırışt [*bırışt*] - ↑بڕست bırıst.

بڕغوو bırġû [*bırġū*] - "پێچ، مێخی پێچدار":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑بیرازتن bîraztın "ئاژن ئاژن کردن".

2: بەگوێرەی "فەرهەنگی هەرمان" (ل. 268) ئەم وشەیە لە burgu (Tur.) وەرگیراوە.

برک bırk 1 [*bırk*] - "حەوز، ئەستێڵ": بەهرک behrık یش دەگوترێ. برکە berke (P.) "ئەستێڵ، گۆلاو"، خزمە دەگەڵ ↑بیر bîr "چاڵاو".

برک 2 bırk [*bırk*] - "هاویشتن": [برکی ده، واتا فڕێی ده]، دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑فڕێ firê [فڕێ دان].

2- ↑بەر ber[4] دانەوە.

برک 3 bırk [*bırk*] - "دەرد و ژانی کەلەکە، چکی": دە زمانی ئالمانیدا Seitenstich بە مانای "برک، چکی" بەکاردێ کە لە دوو کەرتی Seite (G.) "تەنیشت، کەلەکە" و Stich (G.) "تێراچوون" پێک هاتووە. ئەم تێشە وەک تێراچوونی شتیکی تێژ یان وەک براِنی کەلەکە بە شتیکی تێژ وایە و هەربۆیەش دە زمانی کوردمادیدا "برک" یان "چکی" ناوە نراوە ["چکی" خۆی خزمە دەگەڵ Stich ی ئەڵمانی بە مانای تێراچوون]. "برک"یش پێوەندی هەیە بە یەک لەم دوو وشانەی خوارەوە:

1- ↑بیرازتن bîraztın "تێژ کردنەوە و گرنی گرنی کردنەوەی بەرداش".

2- ↑بڕین bırîn.

برمە برم bırmebırm [*bırmabırm*] - "1- قسەکردنێکی وا کەس تێی نەگا 2- ناڵە و نووزەی تادار": بڵمەبڵم bılmebılm یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ brumen (G.)، breman (OG.) "وزەوز کردن، بۆڵاندن، قەڵس و ناروون و بە کزی قسە کردن". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی < *bhrem- (Gem.). ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە ساخ نەکراوەتەوە.

برناخ bırnax [*bırnāx*] - "کونەکەپو": دەشێ پێشتر *پرناک pırnak* یان *پرنەک pırnek* بووبێ و پێک هاتبێ لە پاشگرێک و بنەوشەی *پڕن pırn*. ئەم بنەوشەیە دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑پڕمە pırme و ↑پرخە pırxe و ↑فرمە fırme کە ئاماژە دەکەن بە دەنگی دەرچوونی هەوا لە دەم و لووت.

بڕوسک 1 bırusk [*bırūsk*] - "کەموسکە، تۆزکاڵ": بڕ + ئوسک bır + usk ، هەر وەک وشەی بڕێک bırek "کەمێک" لە بنەوشەی بڕ bır پێک هاتووە و دەچێتەوە سەر کرداری ↑بڕین bırîn. کەرتی دووەمی وشەکە پاشگری گچکاندنە.

بروسک 2 bırusk [*bırūsk*] - "بەرقی ئاسمان": شێوەیەکی دیکە لە ↑بریسک bırîsk.

برۆ bıro - "مووی بان چاو": ابرو abru (P.)، Braue (G.)، brow (E.) "برو"، bra (OG.) "برۆ، مژۆڵ"، bra (OIs.) "مژۆڵ"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *bherek- "درەوشانەوە، بریقانەوە".

بڕۆ bıro - دەگەڵ "تاڵان" دێ [تاڵان و برۆ talan û bıro]. هەروەها پوێر puwer یان ↑پۆڕ por[3] هەیە بە مانای "تاڵان". خزمە دەگەڵ fāra (OG.) "کەمین، بۆسە"، fārēn (OG.) "دوژمنانە شتێک خستنە بەرچاو و تێکۆشان بۆی"، fear (E.) "ترس". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ pirata (L.)، peirátēs (Gr.) "چەتەی دەریا"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *per- "حەول دان، زات کردن، تاقی کردنەوە". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑وێران weran، ↑پەروا perwa و ↑پەرموون permun.

بڕۆش bıroş [*bıroš*] - "دانەوێڵەیەکی ئامال سوورە لە برنیج دەچێ": بڕوێش bırwêş و ↑پەڕش perş یش دەگوترێ. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑برینج bırînc.

برەو bırew [*bıraw*] - "رمێن، رەواج": لە کرداری ↑رویشتن royştın وەرگیراوە. مەبەست دە بنەڕەتدا ئەوە بووە کە شتێک یان قسەیەک [چاک] دەڕوا. [دوور نییە وشەی رواج rawāj (Arb.) سەر بە کرداری "رۆیشتن" بێ و زمانی عەڕەبی وەری گرتبێ].

بریا bırya [*bıryā*] - "خۆزگە": خزمە دەگەڵ ↑بەڵێ bele و ↑ئاوارتن awartın "هەلاواردن" [هەڵ+ ئا + وارتن]، گشتیان سەر بەریشەی < *(IE.) *wel- "خواستن، هەڵبژاردن". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑باوەڕ bawer.

بریان bıryanî [*bıryānī*] - "گۆشتی لە تەنووردا پیشێنراو": بریان beryān (P.) "گۆشتی برژاو"، خزمە دەگەڵ ↑برژان bırjan.

بریسک 1 bırîsk [*bırīsk*] - "بریقه، ئاورینکَ":

1- له لایەکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Blitz "بریسک" و (G.) blitzen "بریسکانەوە"، (E.) blaze، (L.) fulgur "بریسک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhel- >*** "درەوشانەوە، بریسکانەوە". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دە زمانی کوردمادیدا دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑بەڵەک belek، ↑بڵێسە bılese.

2- له لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بریقە bırîqe، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bherek- >*** "درەوشانەوە، بریقانەوە".

بریسک 2 bırîsk [*bırīsk*] - "تەزووی بە ژان": ئەم وشەیە جیایە لە "بریسک"ی سەرەوە بە مانای "بریقە و ئاورینکَ". دە زمانی فارسیدا بۆ ئەم دۆخە دەگوترێ "تیر کشیدن" واتا ئێشەکە بە "تیر" دەچوێندرێ، وەک ئەوە وایە تیرێک بە لەشدا تێپەر بێ. دە زمانی ئەڵمانیدا دەگوترێ stechender Schmerz واتا "ئێشی تیژ، ئێشێک کە تیرا دەچێ". [Stich و stechen (G.) "تیراچوون، تیراکردن" خزمە دەگەڵ وشەکانی "تیر" و "تیژ"]. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پێوەندییانە وشەی بریسک "تەزووی بەژان" دەبێ پێوەندی هەبێ بە کرداری ↑بڕین bırîn. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بڕک bırık [ژان و برک].

بریقە bırîqe [*bırīqa*] - "بریسکە، درەوشانەوە": لەوە ناچێ ئەم وشەیە لە برق (Arb.) barq وەرگیرابێ، چونکوو ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەکی هیندووئەوروپی و گەڵێک لک و پۆی لەو زمانانەدا لێ دەبێتەوە، وەک (MG.) brehen، (OIs.) braga "درەوشان، بریسکان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bherek- >*** "درەوشانەوە، بریقانەوە". وێ دەچێ وشە عەرەبییەکە لە زمانی کوردمادی وەرگیرابێ یان لەوانەیە هەردووک وشە لە ریشەیەکی هاوبەشی پێش هیندوئەوروپییەوە پەیدا بووبن. دیارە فۆنیمی ق q پێشتر دە زمانی کوردیدا نەبووە و فۆنیمە کۆنەکە گۆڕاوە بۆ q.

بڕین 1 bırîn [*bırīn*] - "لەت کردن، لێک جودا کردنەوە بە شتی تیژ": بریدن (P.) borīdan. خزمە دەگەڵ (G.) bohren، (Nl.) boren، (E.) bore، (Sw.) borra "کون کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bher- >*** "بەشتی تیژ کار کردن". (Gr.) priein "بڕین" و (Gr.) pharoein "کێڵان"، (OIs.) breja "لێدان، کوتان"، (L.) friare "کوتان، ورد کرن" دەچنەوە سەر هەمان ریشە.

بڕین 2 bırîn [*bırīn*] - دەگەڵ "ڕێگە" دێ [ڕێگە بڕین واتا تێپەربوون بە ڕێگەدا]. ئەم وشەیە چ پێوەندی بە بڕین bırîn[1] "لەت کردن"ەوە نییە و شێوەیەکی گۆڕدراوە لە ↑بووورین burîn "تێپەڕ بوون". کەوابوو ڕێگا بڕین تێپەڕ کردنی ڕێگایە نەک "بڕین" و لەت کردنی ڕێگا!

بڕین 3 bırîn [*bırīn*] - لەگەڵ پێشگری "هەڵ" دێ: ↑هەڵبڕین helbırîn "بەرز کردنەوە، بلیند کردن".

برین bırîn [*bırīn*] - "زام، ناسۆر": خزمە دەگەڵ↑ بڕین[1] bırîn، دە بنەڕەتدا واتا "شوێنی بڕدراوی لەش".

برینج bırînc [*bırīnj*] - "دانەوێڵەیەکی سپییە": برنج (P.) berenj، شێوەی کۆنتری وشەکە wîrînc بووە، (OIn.) virih، (Afg.) vrîže، (L.) oriza، (G.) Reis، (E.) rice گشتیان "برینج". گومان دەکرێ وشەکە لە زماتیکی ئاسیای باشووریەوە و لە ڕێگای زمانی یۆنانییەوە کەوتبێتە ناو زمانە ئەوروپییەکانەوە.

[تێبینی: شێوەی هیندی کۆن و ئەفغانی وشەکە ئەم بیرە دەخاتە مێشکەوە کە وشەی بڕوش bıroş (بڕوێش) دەکوردمادیدا دە ئەسڵدا *وریش *vırîş بووبێ و شێوەیەکی کۆنتری وشەی برینج بێ].

برینگ 1 bırîng [*bırīng*] - "مقەست": خزمە دەگەڵ↑ بڕین[1] bırîn.

برینگ 2 bırîng [*bırīng*] - دەگەڵ "هیشک" دێ [هیشک و برینگَ hîşk û bırîng یان وشک و برینکَ]. وەک لەژێر وشەی "هیشک"دا شی کراوەتەوە، ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سووتان". بەم پێیە دەشێ وشەی "برینگَ"یش پێوەندی بە چەمکی سووتانەوە هەبێ و بچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhrē- >*** "سووتان، هایسان"، یان ریشەی ***(IE.) *bher- >*** "سووتان، کوڵین". وشەکانی ↑برژان bırjan

و ↑بیر² bîr "چاڵاو" پێوەندییان بە ریشەی دووەمەوە هەیە. لەوانەیە ئەم دوو ریشەی سەرەوە دواجار لە یەک بنەڕەتەوە پەیدا بووبن.

برێشکە birêşke [*bireška*] - "دەغڵ و دانی برژاو": خزمە دەگەڵ ↑برژان bırjan.

بز1 bız [*bız*] - "جەغز، دایرە": خزمە دەگەڵ ↑بازنە bazne.

بز2 bız [*bız*] - "منداڵدان": شێوەیەکی دیکە لە ↑پز pız.

بز3 bız [*bız*] - "کراوە، ئاوەڵا": [چاوبز دان، چاو بز کردنەوە": خزمە دەگەڵ ↑باز bāz (P.) "کراوە، ئاوەڵە". هەروەها ↑بزە bıze "زەردەخەنە" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و دە بنەڕەتدا مەبەست "کرانەوە"ی دەموچاوە. دە زمانی ئاخافتنی فارسیدا بە جێگەی "باز" هەروەها واز waz (P.) دەگوترێ.

بزداندن bızdandın [*bızdāndın*] - "ترساندن": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بزووتن bızutın [تێبینی: دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا هێندێک جار ئەو وشانەی مانای "ترساندن" دەبەخشن، دە بنەڕەتدا بە مانای "بزووتن، جم وجۆڵ" بوون، بۆ وێنە وشەی erschrecken (G.) "ترساندن" دەگەڵ "داچڵەکین"ی کوردمادی لە یەک ریشەوە هاتوون و ریشەکەش بە مانای "بزووتن، تەکان خواردن، هەڵبەزینەوە" بووە. مەبەست لەم وشانە سەرەتا هەڵبەزینەوە لە ترسان بووە و دواتر ماناکە گۆڕدراوە بۆ "ترسان"]. دە زمانی فارسیدا بزدل bozdel (P.) "ترسەنۆک" هەیە کە وێ دەچێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

بزر bızır [*bızır*] - "ون": خزمە دەگەڵ ↑باز baz "ڕێگا"، دە زمانی ئەڵمانیدا weg (G.) هەم بە مانای "ڕێگا، باز" بەکار دەهێندرێ و هەم بەمانای "دوور، بزر، ون"، دە ئینگلیزییشدا way (E.) هەر بەم جۆرە مانای "ڕێگا" دەبەخشێ و away دەبێتە "دوور، بزر". ئەم پێوەندییە لە تیوان دووچەمکی ڕێگا و بزردا لێرەوە پەیدا بووە کە دوور بوونەوە و بزر بوون دەبێتە ئەنجامی بەرێ کەوتن [ڕۆیشتن بە ڕێگادا]. وشەیەکی زۆر نیزیک بە "بزر" دە زمانی کوردمادیدا ↑بازرە bazre یە، بە مانای "دەرپەڕین و دوور بوونەوە"ی ئاژەڵ.

بزرکان bızırkan [bızırkān] - "1- ڕەنگَ پەڕین 2- هەڵگەڕانی شیر": دەچێتەوە سەر ↑بزر bızır "ون" [دەبنەڕەتدا دەرپەڕیو، ڕۆیشتوو].

بزگوڕ bızgur - "کوتەپەڕۆ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بازە baze "جۆرە کووتاڵێکی ئەستوور".

بزمک bızmık - "دەمبێن، پۆزەبەند": بز -bız دەچێتەوە سەر ↑پۆز poz [قەمپۆز، لمبۆز] و مک -mık [دەبنەڕەتدا: amek] خزمە دەگەڵ ↑جامە came، سەر بە ریشەیەک بە مانای "داپۆشین". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑دەمامک demamk و ↑بڵامک bılamık.

بزە bıze [*bıza*] - "زەردەخەنە": خزمە دەگەڵ ↑بز3 bız "کراوە، ئاوەڵا".

بزەڵە bızele [*bızala*] - "بەچکەبەراز": بز+ ه + لە bız + e + le. بز bız خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە مانای "کەمی و گچکەیی" دەدەن، وەک ↑پچ pıç، ↑بچووک bıçûk [پچووک pıçûk]، ↑بەچکە beçke، ↑بێچوو beçu، ↑پز pız، ↑پس pıs، فس fis [باوەفس واتا کوتوڵە، بستەباڵا] و هتد.

[تێبینی: ناوی زۆرێک لە بێچووی ئاژەڵەکان دە زمانی کوردمادیدا بۆ ئەو ریشانە دەگەڕێنەوە کە پێوەندییان بە چەمکی "گچکەیی، منداڵی"یەوە هەیە، وەک کوودەڵە، تووتک، جوانوو و هتد].

بزن bızın [*bızın*] - "ئاژەڵێکی ماڵی": بز boz (P.)، Bock (G.)، buck (E.)، bucca (OE.)، buza (Av.)، سەر بە ریشەی ***bhugno-*** > ***(IE.)*** "بزن". فۆنێمی n کە دە ریشە هیندوئەوروپییەکەدا دەبیندرێ، دە "بزن"ی کوردمادیشدا ماوەتەوە.

بزووت bızût [*bızūt*] - "داری سووتەمەنی": دە ئەسڵدا بسووت bısût [↑سووتان sutan].

بزووتن bızûtın [*bızūtın*] - "جووڵان": بزوان bızwan یش دەگوترێ. bewegen (G.)، wegan (OG.)، wigan (Gt.)، wegan (OE.)، vega (OIs.)، گشتیان بە مانای "بزووتن"، سەر بە ریشەی ***, * wegh-*** >

(IE.)*uegh- "بزووتن". ده زمانی کوردمادیدا خزمه دەگەڵ گەڵێک وشەی وەک ↑باز baz "ڕێگا"، ↑بازره bazre، ↑بزرbızır، ↑بازار bazar، بازی bazî "کایە"، ↑بەزین bezîn، ↑بازد bazd ، ↑بێشکە bêşke و هتد. تەواوی ئەم وشانە پێوەندییان بە چەمکی "جم و جۆڵ"وە هەیە. شیاوی باسە فۆتیمی w کە دە ریشە هیندوئەورووپییەکەدا بەدی دەکرێ، دە زمانی کوردمادیدا بووەتە b. گۆڕاتیکی لەم جۆرە دە چەندین وشەی دیکەشدا دەبینین. دە هێندێک وشەدا فۆتیمە ئەسڵەکە وەک خۆی ماوەتەوە، بۆ وێنە ↑ڕاوەشاندن raweşandın [ra-weşandın] "جووڵاندن، تەکان دان".

بزە bıze *[bıza]* - "زردەخەنە": دەشێ پێوەندی هەبێ دەگەڵ ↑بز bız [باز baz] بەواتای "کراوە، ئاوەڵا ". لەم تێڕوانینەو "بزە" دە بێتە کرانەوەی لێو یان بەگشتی دەموچاو کرانەوە، بە پێچەوانەی تێکەوەچوون و توند بوونی کە مۆنی دروست دەکا.

بزیسک bızîsk *[bızîsk]* - "پڕیشکی ئاگر، ئاورینکَ": بژنکَ bıjıng یش دەگوترێ. پشنکَ pašang (P.). خزمە دەگەڵ ↑پژان pıjan. بزیسک ئەو تیکە وردیلانەیە کە لە ئەنجامی "پژان"دا دروست دەبێ، هەروەک چۆن "پڕیشک"یش دەگەڕێتەوە سەر کرداری "پڕژان".

بزین bızên *[bızen]* - "گەمەی جەغزین": ↑بز[1] biz "جەغز".

بژ bıj *[bıž]* - دەگەڵ "یاڵ" دێ [یاڵ و بژ yal û bıj]: بش boš (P.)، buš (MP.). خزمە دەگەڵ puccha (OIn.) "کلک"، fox (OE.)، Fuchs (G.) "ڕێوی" [دەبنەڕەتدا بەمانای "ئاژەڵی کلکدار، تووکدار- سەبارەت بە تووکن بوونی کلکی ئاژەڵەکە]. هەروەها خزمە دەگەڵ puchu (ORus.) و paustis (L.) "تووکی ئاژەڵ". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑بسک bısık، ↑بووزوو buzu و ↑پەشم peşım. مانای بنەڕەتی وشەکە "تووک" بووە.

[دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 203) دوو ریشە بۆ ئەم وشەیە پێشنیار کراوە: 1- پێوەندی بە ریشەی *(IE.)* bhrso-* و چەند وشەیەکی وەک barr (OIr.) "نووک، دوند، لک و پۆپی هیشک" و barəša- (Av.) "مل، پشت (ی ئەسپ) 2- پێوەندی بە ریشەی *barg- , *bhelg-* و چەند وشەیەیەکی وەک wraž (Pash.) "یاڵ و بژ"].

بژاردن bıjardın *[bižārdın]* - "1- پاک کردنی دانەوێڵە، چاک لە خراب جیا کردنەوە 2- ژماردن": گزیدن gozīdan (P.) "هەڵبژاردن"، voz- (Pl.) [دواتر دەنگی v دە فارسیدا بووەتە g و نموونەی لەم چەشنەش زۆرە]. هەروەها وجین vejīn (P.) "بژار کردن" و ویژە vīže (P.) "تایبەتی" [دەبنەڕەتدا جیاکراوە، هەڵبژاردە] هەیە کە تێیاندا فۆتیمی v پارێزراوە. دە زمانی کوردمادیشدا ئەم فۆتیمە لە وشەی ↑وەژارتن vejartın [هەڵوەژارتن] دا ماوەتەوە، کە ئەمیش "جیا کردنەوە و پاک کردنەوە" مانا دەدا. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها چەند وشەیەکی دیکە هەن کە سەر بەو خێزانەن، وەک ↑بێژان bejan [دابێژتن، جۆرێک لە جیا کردنەوە]، ↑بژار bıjar "هەڵکەندنی هەرزەگیا"، ↑بژ bıj "جگە، جیا لە"، ↑بیژوو bîju "زۆل" [دە بنەڕەتدا واتا زارۆکی جیا لەوانی دیکە، ئاوارتە، نائاسایی]، ↑بیژۆک bîjok "دەغڵ و دانی نەکوڵ" [بە وتەیەکی دیکە بەرهەمی نائاسایی] وهتد. گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش کە دەبێ مانایەکی وەک "جیا کڕدنەوە"ی گەیاندبێ. لە ناو وشە ژێرمەنییەکاندا رەنگە بتوانین دەگەڵ وشەی Besen (G.) "گەسک" هەڵی سەنگینین. ئەم وشە ژێرمەنییە بە گوێرەی بۆچوونێک دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *bhes- >* "خاوێن کردنەوە". بە گوێرەی بۆچوونێکی تر دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.)bheidh- >* "بەستن، هۆندنەوە". وشەی ↑بژوون bıjûn "خاوێن" دە کوردیدا دەشێ دەگەڵ ئەو وشە ژێرمەنییە خزم بێ. لە لایەکی دیکەوە وشەکانی سەرەوە جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ ↑واز[5] waz [جیاکراوە، تاق و واز].

[تێبینی: "بژاردن" دە زمانی کوردمادیدا هاومانای "ژماردن"یش بە کاردێ، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونێک، ئەمە بەو مانایە نییە کە "بژاردن" لە "ژماردن"ەوە هاتبێ، واتا وشەی ژماردن گۆڕدرابێ و

بووبێتە بژاردن. ئەگەر ئەسڵی وشەکە ژماردن بە مانای "حیساب کردن" بووبێ، چۆن دەکرێ لەمەوە ماناکانی "بژار و بیژوو و وەژارتن و دابێژتن" سەریان هەڵدابێ؟ کەواتە بژاردن و ژماردن دوو وشەی جیاوازن و هەرکامیان ریشەی خۆی هەیە. دە هێندێک شێوەزاری کوردمادیدا ئەم دوو کردارە، رەنگە بە هۆی لێکچوونیان تێکەڵ بوون و لەئەنجامدا کرداری ژماردن لەم شێوەزارانەدا تێداچووە و کرداری بژاردن مانای ئەویشی وەرگرتووە. بەڵام لە هێندێکی دیکەی شێوەزارەکاندا هەر دوو وشە و هەر یەکەش لە جێی خۆی بەکار دێ].

بژاڵ bıjal 1 [bıžāl] - "بڵاوی و پەرێشانی": خزمە دەگەڵ ↑بژکین bıjkîn "پڕژان، بڵاو بوون".

بژاڵ bıjal 2 [bıžāl] - "هەڵاش، چرپی": لەم بارەوە چەند وشەی دیکەش سەرنج رادەکێشن کە بریتین لە ↑پیزاڵ pîzal "گیایەکە بۆ قاقەز دەبێ و دەشیچنن"، پیزەڵ pîzel "جۆرێک باقەبێن"، پیزۆک pîzok "گیایەکە لە قۆپی و زەلکاو دا دەڕوێ". لەوانەیە ئەم وشانە پێوەندییان هەبێ بە ↑بژوێن bıjwên "سەوزەڵان".

بژکین bıjkîn [bıžkīn] - "بڵاو بوون، پڕژان": خزمە دەگەڵ ↑وەشان weşan "بلاو بوون" [داوەشان واتا لەبەر یەک بلاو بوونەوە]. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑وەشاندن weşandın 1 "بڵاو کردنەوە".

بژ(ا)ل bıj(ıl) [bıž(ıl)] - "جگە، غەیر، جودا لە": خزمە دەگەڵ ↑بژاردن bıjardın، وەک دەردەکەوێ "بژاردن" دەئەسڵدا بە مانای "لێک جودا کردنەوە"یە. هەروەک چۆن وشەی "جگە" دەچێتەوە سەر وشەی "جیا"، هەربەم جۆرەش لە وشەی "بژاردن"ەوە، وشەی "بژل" بەمانای جگە دروست بووە.

بژنگ bıjıng [bıžıng] - "پڕیشک": دەشێ سەر بە کرداری ↑بژکین bıjkîn بێ.

بژوێن bıjwên [bıžwen] - "سەوزەڵان": بژوون bıjûn یش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Wiese (G.) "چەمەن، سەوزەڵان". ریشەی ئەم وشە ئەڵمانییە بەتەواوی ساغ نەکراوەتەوە. بەپێی بۆچوونێک پێوەندی هەیە بە wise (OE.) "لاسک، چەکەرە" و visir (OIs.) "چەکەرە، چرۆ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *weis- >*** "چەکەرە کردن ، هەڵدان". لەلایەکی دیکەوە ئەم وشە ژێرمانییانە بەراورد دەکرێن دەگەڵ vastra (Av.) " گیا و گژ، لەوەڕ".

بژوون bıjun [bıžūn] - "پاک، خاوێن":

1- لە لایەکەوە لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە Besen (G.) "گەسک"، سەر بە ریشەی ***(IE) * bhes- >*** "خاوێن کردنەوە".

2- لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بازکَ bazıg "بەڵەک"، ↑بووز buz "مەیلەو سپی" و هتد. ئەم وشانە دەگەڕێنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سپی".

بژۆک bijok [bıžok] - "ئیشتیا، ئارەزوو": شێوەیەکی دیکە لە ↑بێز[وو] bez[u].

بژێو bıjêw [bıžew] - "ئازووقە، پێداویستی ژیان": سەر بە کرداری ↑ژین jîn.

بست bıst [bıst] - "ئەندازەی لەپی دەست بە کراوەیی": بۆست bost و بوهست buhıst یش دەگوترێن. bedast (P.)، widast (MP.)، vītasti- (Av.) "بست"، پێک هاتوو لە vi + tasti- (پێشگر) [tn-s-ti- > ****tan-*** ***(IE.)*** "تەنین، بڵاو بوونەوە"، بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 181]. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەنین tenîn. هەروەها کەرتی یەکەمی وشەکە، vi- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ weit (G.)، wide (E.)، vid (Sw.)، wijd (Nl.) "دوور، کراوە، بەرین" و vi- (OIn.) "لە یەکتر جیابۆوە، لەیەکتر دوور بۆوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ui- >*** "لە یەکتر جیا بوونەوە، لە یەکتر دوور بوونەوە".

[تێبینی: لەوانەشە کەرتی دووەمی وشەکە پێوەندی بە وشەی دەست dest ەوە هەبێ و مەبەست "دەستی کراوە" بێ].

بستوو bıstû [*bıstū*] - "ملەی کێو، باسکی کێو": خزمە دەگەڵ Bucht (G.)، bocht (Nl.)، bight (E.)، bot (OIs.) "کەنداوی بچووک" [دەبنەڕەتدا واتا چەماوەیی هەردی قەراغ دەریا]. دە زمانە ژێرمانییەکاندا وشەکە لە پێوەندی دەگەڵ دەریادا کەڵکی لێ وەرگیراوە و دە زمانی کوردمادیدا لە پێوەندی دەگەڵ کێودا. دەزمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بازن bazın، ↑باسک basık، ↑بز bız "جەغز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bheug- >*** "چەمانەوە".

بستە bıste [*bısta*] - "1- ئاسنی تیوان گەرووی دوو بەرداش 2- ئاسنی سەر تەنوور و ئاورکۆ": بست bıstو بستوو bıstû و بستک bıstık یش دەگوترێن. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بەستن bestın. بستە ئەو ئاسنەیە کە دوو شت یان دوو لا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

بستیک bıstîk [*bıstīk*] - "زەنگەتە ترێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بەستن bestın. بستیک ئەو دەنکە ترێیانەن کە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "زەنگەتە" کە ئەویش مانای "پێکەوەنووساو" دەبەخشێ.

بسک bısık [*bısık*] - "مووی سەر لاجانک": خزمە دەگەڵ ↑بژ bıj [یاڵ و بژ].

بشافتن bışafıtn [*bišāftın*] - شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ پشاوتن pışawtın.

بشکافتن bışkaftın [*bıškaftın*] - شێوەیەکی کۆنتر لە ↑پشکووتن pışkûtın.

بشکاندن bışkandın [*bıškāndın*] - "بە نووزە گریان": خزمە دەگەڵ ↑پیش pış [پیش خواردنەوە] و ↑پشوو pışû و هتد بە مانای "هەناسە". [هەر وەک وشەی هەنیسک لە هەناسەوە هاتووە، "بشکاندن"یش دەبێ لە "پیش" بە مانای هەناسە وەرگیرابێ].

بشکووژ bışkûj [*bıškūž*] - "خونچە": خزمە دەگەڵ کرداری ↑پشکووتن pışkûtın.

بشێوی bışêwî [*bıšewī*] - "ئاژاوە":

1- لە لایەکەوە وێ دەچێ پێک هاتبێ لە ب + شێو + ی bı +şêw +î. ئەگەر ئەمە راست بێ، ئەوسا بنەوشەی شێو şêw دەچێتەوە سەر کرداری ↑شێوان şêwan و خزمیشە دەگەڵ ئاژاوە ajawe.

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی ئاماژە بە "پەرت و بڵاوی" دەکەن، بۆ وێنە ↑بژاڵ bıjal "بڵاوی و پەرێشانی". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژەی بە دۆخی لەبەریەک ترازان و لەبەر یەک هەڵوەشان کردووە.

بغوور biğur [*bıġūr*] - "غللوور، قەڵەو": ↑بۆق boq "زەق، هەڵمساو".

بڤکێ bıvkê [*bıvke*] - "ژنی خۆفرۆش": لەباری ریشەوە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بووک buk.

بڤە bıve [*bıva*] - "وشەی ترساندنی زارۆک لە شتی مەترسیدار": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ بیم bīm (P.) "ترس"، bay- (Av.) "ترساندن"، bhīmā- (OIn.) "ترسناک" و bháyate (OIn.) "دەترسێ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhī-,*bhōi-, *bhəi- >*** "ترسان".

بگار bııgar [*bıgār*] - "بوار": هەروەها بگردن bıgırdın هەیە بە مانای "بووردن". شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بوار buwar [فۆنیمی w گۆڕاوە بە g].

بڵ bıl [*bıl*] - "نەرمی بەرەو رزین": [بۆ میوە بەکار دەهێندرێ]. خزمە دەگەڵ faul (G.)، ful (OG.)، fuls (Gt.)، foul (E.)، ful (Sw.)، گشتیان بەمانای "بڵ، رزیو، گەنیو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pu- >*** "رزین، بۆگەن بوون".

بڵا bıla [*bılā*] - "با، بهێلە": [بڵا بچین واتا بهێڵە بچین]، دەشێ کورتکراوەی بهێڵە bıhêle بێ و لە شێوەزاری کوردمادی ناوەراستدا بووبێتە ↑با ba [بهێلە ←بێڵە← بڵا ← با]، [بڕوانە ↑هێڵان].

بڵامک bılamık [*bılāmık*] - "بزمک، دەمبێن، پۆزە بەند". کەرتی بڵ -bıl دچێتەوە سەر ↑پل pıl [دەم و پل، دەم و پەل، دەم و فلچ] و کەرتی ئامک -amık [دەبنەڕەتدا: amek] خزمە دەگەڵ ↑جامە came، سەر

بە ریشەیەک بە مانای "داپۆشین". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑دەمامک demamk [دەم + ئامک] و بزمک bızmık [بز + مک].

بڵاو bılaw *[bılāw]* - "پان و بەرین، فش و فۆڵ": وڵاو wılaw یش دەگوترێ. ولو welou (P.). خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ڤالا vala، ↑ئاوەڵە awele، ↑فۆڵ fol [فش و فزڵ]، ↑پەل pel و چەندین وشەی دیکە سەر بە ریشەی ***(IE.) *ple-, *pla- >*** "پان و بڵاو بوونەوە، لەبەر یەک کشانەوە".

بڵاوە bılawe *[bılāwe]* - "ئاڵقەی ژێردانە لەغاو": وێ دەچێ لە ↑لێو lewەوەهاتیی.

بلچ bılç *[bılč]* - "گوێژ، گیوژ": بلەت bılet یش دەگوترێ. دەشێ پێک هاتبێ لە بل + چ [پاشگری گچکاندن] (ı)ç + bıl. خزمە دەگەڵ ↑بول bol "دەنکی ترێ".

بلح bılıħ - "1- هەرزە 2- هیچ نەزان": ابلە ablah (P.) [a-blah] "گەمژە". خزمە دەگەڵ ↑فەلیت(ە) felît(e) "بڵح".

بلخ bılıx *[bılıx]* - "1- باری سەرزمان ولێو 2- تڵفی ئاوی کوڵاو کە بەنێو کتری و سەماوەرەوە دەنووسێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بەڵەک belek، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhel- >*** "درەوشانەوە، سپی چوونەوە". بڵخ شتێکی سپی یان ئامال سپییە و دەبێ بەم هۆیەوە ناودێر کراوبێ.

بڵغەم bılġem *[bılġam]* - "تفی خەست": دەشی وەرگیرابێ لە phlegma (L.) "بڵغەم" *phlegma (Gr.)* "سووتانەوە، کزانەوە، چڵک کردنی برین"، سەر بە کرداری phlegein (Gr.) "سووتان، برژانەوە". ئەم کردارەی زمانی یۆنانییە دەگەڵ ↑برژان bırjan ی کوردمادی خزمە.

بڵق bılıq *[bılıq]* - "پۆرگی هەوا": خزمە دەگەڵ ↑بلۆق bıloq "پۆرگی سەر پێست".

بللوور bıllûr [bıllūr] - "کریستاڵ، شووشە": بلورbolūr (P.)، beryllos (Gr.)، berillus (L.) بە جۆرە شووشەیەکی ئاماڵ شین گوتراوە کە ناوەکەی لە ناوی شارێکی هیندی، belur، وەرگیراوە، ئەو شوێنەی شووشەکەی لێ دروست کراوە. دە سەدەی چواردەیەمدا ، ئەم شووشەیە لە ئەورووپا بۆ دروست کردنی چاویلکە کەڵکی لێ وەرگیراوە و هەر لەبەر ئەوەش دە ئەڵمانیدا بە چاویلکە دەگوترێ Brille (G.). هەروەها وشەی brillant (F.) لەو ریشەوە هاتووە.

بڵمەبڵم bılmebılm *[bılmabılm]* - "قسەکردنێکی وا کەس تێی نەکا": ↑برمەبرم bırmebırm.

بلوێر1 bılwer *[bılwer]* - "شمشاڵ": خزمە دەگەڵ flare (L.)، blow (E.)، blasen (G.)، گشتیان بەمانای " تیکردن، با تیکردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhel- >*** "ماسین، با کردن، فوو کردن". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ گەلێک وشە [بڕوانە ↑بۆل bol].

بلوێر2 blwer *[bılwer]* - "لوولک، جێ میزی منداڵ دە لانکە دا": ئەم لوولکە چونکوو وەک بلوێر1 blwer "نای، شمشاڵ" دەچێ، هەر بەم ناوە کراوە.

بلۆچە bıloçe *[bıloča]* - "قاپی چکۆڵەی دارین": هەروەها دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بڵووت bılût بەکار دی بە مانای "دەوری گەورە". دە زمانی ئینگلیزیدا plate (E.) بەمانای "دەوری" بەکاردێ کە لە زمانی فەرانسەیی وەرگیراوە و دواجار دەچێتەوە سەر plattus (L.) "پەل". ئەم وشانە گشتیان خزمن دەگەڵ ↑پەل pel و چەندین وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا کە هێندێکیان لەژێر وشەی ↑وڵات wılatدا باس کراون.

بلۆق bıloq *[bıloq]* - "پۆرگی سەر پێست": بەرانبەری هەر دوو وشەی "بڵق" و "بلۆق"ی کوردمادی دە زمانی ئەڵمانیدا Blase (G.) بەکا ردێ [وەک Wasserblase "بڵقی ئاو"، Seifenblase "بڵقی کەفی سابوون"، Luftblase "بڵقی هەوا"] سەربە کڕداری blasen (G.) "با کردن، فوو کردن". ئەو شەیە خزمە دەگەڵ وشە کوردماییەکە و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhel- >*** "ماسین، با کران، فوو کردن". گەلێک وشەی کوردمادی دیکە لەم ریشەوە دێن، وەک ↑بالۆکە baloke، ↑بۆل bol "دەنکی ترێ" و هتد.

بلۆز bıloz [*bıloz*] - "دەگەڵ ئاڵۆز دێ [ئاڵۆز و بلۆز aloz û bıloz]: ↑پلۆز pıloz یش دەگوترێ: ئاڵۆز و پلۆز.

بلەماج bılemac [*bılamāj*] - "پەڵووڵەی شل، پرپۆڵە": بل+ ه + ماج bıl + e + mac. کەرتی بل -bıl دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پەڵوو pelu. کەرتی ماج mac دە بنەرەتدا بەمانای "هەویر"ە و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵشێلان، مشتومال دان" و خزمە دەگەڵ ↑*ماشتن maştın*، ↑ماجووم macum، مزدان mızdan "رێک گوشین"، ↑مچاندن mıçandın "رێکگوشین، گلۆفین، پێکەوەنووساندن" و هتد.

بلیند bılînd [*bılīnd*] - "بەرز": خزمە دەگەڵ وشەی ↑بەرز berız.

بلیمەت bılîmet [*bılīmat*] - "هەڵکەوتوو، کەم وێنە": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑بەل bel "دەرپەڕیو، زەق".

بلێسە bılêse [*bılesa*] - "گڕ، کلپە": بلێزە bılêze ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Blitz (G.) "بریسک" و blitzen (G.) "بریسکانەوە"، blaze (E.)، fulgur (L.) "بریسک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhel-*** > "درەوشانەوە، بریسکانەوە". لەوانەیە خزمیش بێ دەگەڵ ↑بریسک bırîsk.

بن bın [*bın*] - "ژێر، لای خوارەوە": بن bon (P.)، Boden (G.)، bottom (E.)، bonn (MIr.)، pythmen (Gr.)، fundus (L.)، budhna (OI.) "بن، بناخە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhudh-men-*** > "بن".

بناخە bınaxe [*bınāxa*] - "ئەو بەشەی خانوو کە لەژێر خاکدایە و دیوارەکانی لە سەر هەڵدەچنرێ": ↑بن bın + ئاخە axe [↑ئاخ ax "خاک"].

بناوان bınawan [*bınāwān*] - "خانەدار، کابان": بن (ا) + وان bın(a) + wan. کەرتی وان پاشگری "ئاگاداری کردن"ە و دە گەڵێک وشەدا دەبینرێ وەک باخەوان، پاسەوان، گەمێوان و هتد. کەواتە "بناوان" ئاگاداری لە شتێک دەکا یاخود بە کارێکەوە خەریکە کە لە کەرتی یەکەمی وشەکەدا بەدیار دەکەوێ. کەرتی "بن" خزمە دەگەڵ بنەbıne [بارگە و بنە]، بنە bone (P.) "ماڵ، شتومەکی ناومال"، bunag (MP.) "ماڵ"، bunag (bal.) "شتومەک و کەرەسە، شتومەکی سەفەر"، هەروەها خزمە دەگەڵ ↑بان ban [نوێن و بان، جێگا و بان]. بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 213) ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *budna-* > "بن، بناخە".

لە لایەکی دیکەوە دەتوانین وشەکە بەراورد بکەین دەگەڵ bauen (G.) "بینا کردن" و ↑بوون bun کە سەر بەریشەیەکی هاوبەشن و لەم ریشەیەوە چەندین وشە سەریان هەڵداوە بە مانای "ماڵ، خانوو، شوێنی حاوانەوە"، وەک ↑بۆتکە botke، ↑بەرە bere [خانووبەرە]، ↑بێرکم berkım . هەروەها وشەی بنا binā (Arb.) کە دە زمانی عەرەبیدا بەکار دێ، دەبێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

بنج bınc [*bınj*] - "رەگَ و ریشە": دەگەڵ "بناوان" دێ [بنج و بناوان bınc û bınawan]. لە↑بن bın وەرگیراوە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بنەچەک(ە) bıneçek(e).

بنچاخ bınçax [*bınčax*] "قەباڵەی خاوەندارییەتی": بن + چاخ bın + çax. کەرتی ↑بن bın ئاماژە بە لەمێژینە بوون و گەڕانەوە بۆ دەسپێک دەکا. کەرتی چاخ çax خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑شەقڵ şeqıl، ↑ئەسک esık [e-sık] "عەکس"، ↑سەکوت sekut [سەر و سەکوت]، ↑سکوم sekum "سەر و سیما" و ↑سکە sıke "پارەی ئاسن" [دە بنەڕەتدا: شەقڵ یان سیمای سەر پارەکە] و هتد. ئەم وشانە دە بنەڕەتدا ئاماژە بە شەقڵ و وێنە دەکەن و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بڕین، بڕ لێدان". مەبەست دە بنەڕەتدا هەڵکەندنی شەقڵ و شێوە و مۆر لە سەر دار و بەرد و ئاسن و شتی دیکە بووە. لەباری ماناوە دەتوانین هەڵی سەنگینین دەگەڵ "تاپۆ" بە مانای قەباڵە کە ئەویش خزمە بۆ وێنە دەگەڵ تیپ "حەرف" و *دیباچە* "پێشەکی نووسراو" و دەبنەڕەتدا دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان". دیارە حەرف و تیپ و نووسراوەکان دە بنەڕەتدا بە لێدان و هەڵکەندن دروست کراون. هەروەها ئەگەر وشەی "خەت" یش لەبەر چاو بگرین، ئەم وشەیەش پێوەندی هەیە بە "کەت" و "کوت"ی زمانی کوردمادی و دە

بنەڕەتدا بەمانای "بڕین، بڕ لێدان" بووە. دیسان دەتوانین دەگەڵ Stempel ی زمانی ئەڵمانی بەراوردی بکەین کە مانای "شەقڵ، مۆر" دەدا و دەچێتەوە سەر وشەیەکی کۆن بە مانی "لێدان، کوتان".

[تێبینی: کەرتی بن bın لەم وشەیەدا بەرانبەری وشەی ur (G.) زمانی ئەڵمانی دەوەستێ کە ئاماژە دەکا بە دۆخێکی دوور و سەرەتای شتێک وەک Ursache "هۆکار"، Ursprung "سەرچاوە"، Urmensch "پێشمرۆڤ، بنەچەکەی مرۆڤ"، Urgroßvater "باوکی باپیر" و هتد]. کەوابوو "بنچاخ" بریتییە لە "شەقڵ، مۆر یان نقیسی سەرەتا و هەرە پێشین".

بنژیل bınjîl [*bižīl*] - "خشت و خاڵی دەغڵ": بنجل bonjol (P.). بن + ژیل bın + jîl. کەرتی ژیل jîl دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑زال zal [زبل و زاڵ].

بندۆک bındok [*bındok*] - "دۆک، ئەو سپیاتیەی کە لە کەرەی تواوەدا سەر دەکەوێ": بن + دۆک [بڕوانە ↑دۆ do].

بنەچەک(ە) bıneçek(e) [*bınačak(a)*] - "ئەسڵ، رەچەڵەک":

[تێبینی: ئەم وشەیە وەک وشەی ئەڵمانی Ursprung (G.) "ئەسڵ، دەسپێک، سەرچاوە" دروست کراوە کە پێک هاتووە لە دوو کەرتی -Ur و Sprung سەر بە کرداری springen (G.) "پەڕین، دەرپەڕین، بازد دان". پێشگری -ur هەر وەک بن bın دە زمانی کوردمادیدا ئاماژە دەکا بە قۆناخی دەسپێک و سەرەتای شتێک. کرداری springen دە بنەڕەتدا ئاماژەی بە دەرپەڕین و فیچقە کردنی ئاو کردووە. هەڵی سەنگینەدەگەڵ spring (E.) "1- پەڕین 2- کانی، سەرچاوەی ئاو". پاشان ئەم "دەرپەڕین"ە مانای گشتی "بەدی هاتن، لێ پەیدا بوون"ی وەرگرتووە. بەم جۆرە بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانی کۆندا irspringan (OG.) هەبووە بە مانای "سەرچاوەگرتن، بەدی هاتن، (لێ) پەیدا بوون، رسکان". دە زمانی ئەمرۆی ئەڵمانیدا لەجیاتی ئەم کردارەی سەرەوە entspingen (G.) دەگوترێ بە هەمان مانا. ئەم مانایە لێرەوە دروست بووە کە کاتێک شتێک پەیدا دەبی، سەرهەڵدەدا، بەدی دێ، وەک ئەوە وایە لە شتێکی بەر لەخۆی سەری هەڵدابێ یان بە وتەی دیکە "لێی دەرپەڕیبێ"، هەروەک چۆن چرۆ لە لکی دار سەروەدەردەنێ (دەردەپەڕێ) و دواتر خۆی دەبێتە لکێکی تازە. یان دە کوردمادیدا دەڵێن "ئەو منداڵە چییە لێت دەرپەڕیوە؟". هەر بۆیە دە زمانی ئەڵمانیدا Spross (G.) "چرۆ، چەکەرە" و entsprießen (G.) "چەکەرە کردن، پەیدا بوون، رسکان" بە وشەکانی سەرەوە پێوەندی پەیدا دەکەن و دەگەڕێنەوە سەر مانای بنەڕەتی "پەڕین، دەرپەڕین"].

تێستا بگەڕێنەوە سەر وشەی بنەچەک(ە) bıneçek(e). ئەم وشەیە پێک هاتووە لە دوو بەشی ↑بن bın [ئاماژە بە دەسپێک] و چەک(ە) çek(e). کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە دە زمانی کوردمادیدا وەک ↑چەکەرە çekere، ↑زەق zeq، ↑سەکۆ seko و هتد. گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دەرپەڕین". لەوانەیە وشەکانی ↑پنچک pınçık "بنەگیا، دەوەن" [کۆنتر: بنچک bınçık] و ↑بنج bınc "ریشە"ش پێوەندیان بەم وشانەوە هەبێ.

بنەڕەت bıneret [*bınarat*] - "بناخە": بن(ە) + رەت bın(e) + ret. دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑ریز rîz و لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "ریزی بنەوە".

2- ↑رەتەوە retewe "1-نەژاد، تۆرەمە 2- تۆرەمەنامە".

بنەما bınema [*bınamā*] - "بنچینە، ئەسڵ": پێک هاتووە لە دوو وشەی ↑بن bın(e) + ما ma. "بن" ئاماژە بە لای هەرە خوارەوە واتا سەرەتای شتێک دەکا، "ما" خزمە دەگەڵ چەند وشەیەکی وەک ↑ماکە make، ↑مەک mek [شتومەک şıtûmek]،↑مێ me، ↑ماددە madde "بنەشت، شتومەک، کەرەسە" و هەروەها مادەر mādar (P.) "دایک". مانای وشەکە دەبێتە "بنەشت، بنەکەرەستە" واتا ئەو شت یان کەرەستەیەی لە پیش پێشدا هەبووە و ئەوانی دیکەی لێ بەرهەم هاتووە.

بنیاد bınyad [*bınyād*] - "بناخه": بنیات bınyat یش دەگوترێ. بنیاد bonyād (P.) "1- بناخه 2- دامەزراو، دامودەزگا": دەچێتەوە سەر ↑بن bın. لەوانەیە وشەی بنا bina (Arb.) "دروست کردن" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

[تێبینی: لەباری ماناوە دەتوانین هەڵی سەنگینین دەگەڵ gründen (G.) "بناخە دانان، رۆنان، دامەزراندن" و Gründer (G.) "بنیادنەر، دامەزرێنەر" کە دەچنەوە سەر Grund (G.) "بن، بناخە"].

بنیس bınîs [*bınīs*] - دەگەڵ "باریک" دێ [باریک و بنیس barîk û bınîs].

1- یان خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە لەژێر ↑فنک fınık "جاش تێستر"دا شی کراونەوە.

2- یان پێوەندی هەیە بە penis (L.) "کلک، ئەندامی تیرینە". ئەم وشانەی خوارەوە بۆ ئەم وشە لاتینییە دەگەڕێنەوە: peniculus (L.) "کلکۆڵە، فڵچە(ی رەنگ کردن)"، pencil (E.) "قەڵەم"، Penis (G.) "ئەندامی تیرینە". سەرنج بدە وشەی "کلک" دە زمانی فارسیدا بە مانای "قەڵەم" بەکار دێ. هەروەها دە کوردمادیدا "قەڵەمی" بە مانای باریک و بنیس" بەکار دێ.

بتیشت bınêşt [*bınešt*] - "شیلەی دارەبەن":

1- لەوانەیە لە ناوی ئەو دارەوە هاتبێ کە بتیشتی لێ دەگرن، واتا داری ↑بەن[2] ben.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بەن[1] ben "دەزوو"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن، گرێ دان، تیکخستن". بتیشت، تا ئەو جێگەی لە بیرم مابێ، وەک چەسپ بۆ بەستن یان پێکەوە لکاندنی هێندێک شت کەڵکی لێوەردەگیرا.

بوار bıwar [*bıwār*] - "شوێنی پەڕینەوە لە چۆم و ئاوان": poro (Gr.)، peretu- (Av.)، Furt (G.)، ford (E.)، fjord (Sw.) و هتد. دە ناوی ژمارەیەکی زۆر لە شار و گوندەکانی ئەورووپادا وشە ژێرمەنییەکان دەبیندرێن وەک Frankfurt، Oxford، Herford، Steinfurt و هتد. ناوی چۆمی فورات furat [فرات fırat] لەو ریشەیە وەرگیراوە و بەومانایە بووە کە چۆمەکە بواری داوە [پەڕینەوەی لێ خۆش بووە]، بەپێچەوانەی چۆمی دیجلە dicle کە چۆمێکی توند وتیژە و ناوەکەی خزمە دەگەڵ وشەکانی "تیژ" و "تیر" و هتد. وەک دەبیندرێ ناوی ئەو دوو چۆمە گەورەی کوردستان ریشەی هیندو ئەورووپییان هەیە و ناولێنەرانیشان باوباپیرانی کورد بوون کە هەر لە کۆنەوە لەو ناوچانە ژیاون. وشەکە دەزمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑بوورین burîn (بواردن)، ↑پەڕینەوە perînewe و ↑تێپەڕین teperîn و هتد.

بوان buwan [*buwān*] - "ئەستۆندەکی چادر": خزمە دەگەڵ ↑بۆتکە botke "دیولکەی لە دار و تەختە".

بوت but [*but*] - "خودای لە دار و بەرد": بت (P.) "بوت"، (MP.) "بوودا، بوت"، *(OIn.) buddhá-* "ژیر، زانا، ئاگادار"، سەر بە ریشەی **budh-* "زانین، ئاگادار بوون، بەئاگا هاتن". خزمە دەگەڵ ↑بۆن bon کردن [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 219]. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دەبێتە خزم دەگەڵ Bote (G.)، boto (OG.)، bode (Nl.)، boda (OE.)، bo?i (OIs.) "راگەیەنەر، پەیک، پیامدەر [ئەو کەسەی پیامێک دەگەیەنێ، شتێک دەداتە زانین]، bieten (G.)، bēodan (OE.)، bjuda (Sw.) "پێشنیار کردن، نیشان دان، داوا کردن، راگەیاندن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bheudh- >*** "بێدار بوون، هەست کردن، هۆش پێدان، ئاگادار بوون". pynthánesthai (Gr.) "تێگەیشتن" و budinti (Lit.) "بێدار کردن" پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. دە زمانی کوردمادیدا لەوانەیە ↑بیستن bîstın یش خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانە. دیارە بیستن [بهیستن] خۆی جۆرێکە لە هەست پێ کردن و ئاگادار بوون.

[تێبینی: وەک دەردەکەوێ، "بۆت" سەرەتا بە مانای "زانا، راگەیێنەر، پەیامدەر" بووە، پاشان دەبێ بە پەیکەر و وێنەی داتاشراوی پەیامدەرەکە گوترابێ و دواتریش پێرەوانی پەیامدەرێکی دیکە لە رقی پەیامدەرە کۆنەکە ئەو وشەیان وەک نیشانەی کفر و بێخودایی لە قەڵەم داوە].

بوتڵ butıl [*butıl*] - "شووشەی تراو تێکردن": botrī (P.)، botele (OF.)، buttis (L.)، pūtinē (Gr.) "جۆرە دەفرێکی شەراب". خزمە دەگەڵ ↑پووت put "وەزتیکە بەرانبەر بە شازدە کیلۆ". مەبەست لە

پووت دە بنەڕەتدا تەنەکەیەکە واتا چەلەنگیکی تەنەکەیە کە 16 کیلۆ شت دەبا. دە زمانی فارسیدا بە چەلەنگی تەنەکە دەگوترێ پیت pît (P.). دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑پیتکە pîtke هەیە کە بە مانای "دیزەی شورباو" بەکار دێ. هەروەها ئەم وشانە جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ ↑بادی badî و ↑بادە bade "جامی شەراب".

بوخچە buxçe [*bučxa*] - "جل و بەرگی پێچراو لە پەڕۆدا": بقچە boqçe (P.). بوخ + چە (پاشگری گچکاندن) bux + çe. وشەی بوخ bux دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑باقە baqe ی کوردمادی وbag (E.) "ساکی دەستی".

بورج burc [*burj*] - "دیواری بلیندی قەڵا، منارە": برج borc (P.)، pyrgos (Gr.) "برج"، burgus (L.)، Burg (G.)، borough (E.) "قەڵا". دە ئەڵمانی کۆندا وشەکە مانای "شار"یشی گەیاندووە، چونکوو ئەو کاتە شارەکان بە قەڵا دەور دەدران. وشەی burg دەگەڵ ناوی زۆر شاری ئەورووپی دێ وەک Petersburg، Hamburg، Strasburg، Marburg. ریشەی وشە ژێرمەنییەکە کە بە دوو جۆر لێک دەدرێتەوە:

1- یان دەچێتەوە سەرریشەی ***bhergho* > *(IE.)*** "بەرز" [بەم جۆرە دەبێتە خزم دەگەڵ وشەی ↑بەرز berız].

2- یانیش ***bherg-* > *(IE.)*** "پاراستن" وە هاتووە [لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بەرکَ berg (جل و بەرکَ)].

بولبول bulbul [*bulbul*] - "مەلی ئاوازەخوان": بلبل bılbıl یش دەگوترێ. bolbol (P.). وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ ↑بالەبال balebal "دەنکَ و هەرای بزن"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "دەنکَ و هەرا کردن".

[بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 208) وشەکە لە بلبل bulbul (Arb.) وەرگیراوە، سەر بە ریشەی سامی -bl "قوڵتەقولت کردن، دەنکَ لێ هەستان"].

بوە buh - بوەکوێرە buhkuwere "جۆرێک کوند"ە. هەروەها بوەتەقلە buhteqıle هەیە بە مانای "جۆرێک کوندی مەزن" [کوندی وەک قەل مەزن؟]. بوە buh، بوو bu [کوندەبوو] یان بوەتە buht دەچنەوە سەر وشەی ↑بەبوو bebu کە ناوی ئەسڵی باڵدارەکەیە. [بڕوانە ↑کوندەبەبوو].

بوهرین buhrîn [*buhrīn*] - "1- پیر بوون، بۆربوون 2- بزرکانی شیر": ↑بۆر bor "گەورە، پیر". مانای دووەمی وشەکە لەوانەیە دە بنەڕەتدا "هەڵچوون" بووبێ و ئەمەش نیزیکە لە هەڵدان، بەرز بوونەوە و گەورە بوون.

بوهوژین buhujîn [*buhūžīn*] - "تاوانەوە": [قەبوهوژین]. خزمە دەگەڵ ↑پێژان *pejan* و ↑پیشان pîşan. دە زمانی ئەڵمانیدا backen (G.) "پێژان"، bähen (G.) "پیشاندن" و baden (G.) "گەرماو کردن، حەمام کردن" پێوەندییان بە وشە کوردییەکانەوەو هەیە و تێکڕا دەچنەوە سەر ریشەی ***bhē-,* > *(IE.)*bhō-*** "گەرم کردن، پیشاندن".

بوودڕ bûdır [*būdıır*] - "رەهۆڵ، کەندال": بوو+ در + dır. bu. کەرتی بوو bu کورتکراوی↑ بووم bum "زەوەی"یە. تێکڕا واتا "زەوی هەڵدڕاو یان هەڵدڕاویی لە زەویدا".

بوودەڵە budele [*būdala*] - "1- بێنموود، 2- تەمبەل و بێکارە": بوود + ەلە bud + ele.

1- لە لایەکەوە دەکرێ پێوەندی هەبێ بە ↑پووت[2] put.

2- لە لایەکی دیکەوە دەشێ کەرتی بوود bud بچێتەوە سەر کرداری ↑بوون bun. کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە و تێکڕا وشەکە دەبێتە "وجوودێکی کەم و بێنرخ".

بوور bur [*būr*] - "زەمینی نەکێڵدراو": ↑بەیار beyar و بایر bayır و باهیر bahîr یش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ bar (G.)، ba(a)r (Nl.)، bare (E.)، bar (Sw.) "دانەپۆشراو، رووت، بەدیارەوە، ئازاد لە". ئەم

وشانە دە بنەڕەتدا مانای "رووت" دەبەخشن و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bohos- >*** "رووت". زەوی بوور یان بەیار ئاماژە بە رووت بوون و دانەپۆشرانی زەوییەکە بە گژ و گیایە.

بوورانەوە buranewe [*būrānawa*] - "بێهۆش بوون، لە خۆ چوون": بنەوشەی بوور -bur خزمە دەگەڵ ↑بەر ber [بەر بوونەوە].

بووردن burdın [*būrdın*] - شێوەیەکی دیکە لە ↑بووریin burîn.

بووریin burîn [*būrīn*] - "1- تیپەڕبوون، رەت بوون 2- بەخشین": ئەم وشەیە و هێندێک وشەی دیکە وەک ↑بوارbıwar، ↑پرد pırd، هەروەها بنە وشەی پەڕ-per دە وشەکانی ↑پەڕینەوە perînewe و↑تیپەڕین teperîn دا دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *per- >*** "تیپەڕ بوون، پێداچوون". گەلێک وشە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک perān (Gr.) "پێداچوون، تێوەچوون"، poro (Gr.) "بوار، شوێنی پێدا تیپەربوون"، porta (L.) "دەروازە"، Furt (G.) "بوار"، Fahrt (G.) "سەفەر، گوزەر" و fahren (G.) "لێخوڕین" و Fähre (G.) "کەشتی" [بۆ پەڕینەوە لە چۆم ودەریا]، گشتیان دەچنەوە سەر هەمان ریشە. بووریin هەروەها مانای "بەخشین، چاوپۆشین"یش دەدا و ئەمەش دە بنەڕەتدا گەیاندنی ئەو مەبەستە بووە، کە مرۆڤ بەسەر هەڵە و سووچی کەسێکی دیکە دا "تیپەڕ" دەبێ و هەڵوەستەی لەسەر ناکا.

[تێبینی: دە زمانی فارسیشدا gozašt بە هەر دوو مانای "بووریin" و "لێبووردن" بەکار دێ].

بووز1 buz [*būz*] - "دارێکی بێ بەرە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Buche (G.)، boz (Rus.) "ناوی دارێکە".

بووز2 buz [*būz*] - بووز خواردن واتا "مومکین بوون، مەقدوور بوون": خزمە دەگەڵ ↑بووژانەوە bujanewe. بنەوشەی بووژ- buj مانای "هێز، وزە، گوڕ" دەدا.

[تێبینی: هەر وەک چۆن دە عەرەبیدا وشەی "مقدور" لە وشەی قدرە "هێز و توانایی" وەرگیراوە، دەبێ دە زمانی کوردمادیشدا بووز (خواردن) بچێتەوە سەر بنەوشەی "بووژ" بە مانای "هێز و توانایی". دە زمانی ئەلمانیشدا وشەی möglich "مومکین، مەقدوور" دەگەڵ Macht "توانایی، هێز و دەسەڵات" دەچنەوە سەر یەک ریشە].

بووز3 buz [*būz*] - "ئامالّ سپی": خزمە دەگەڵ ↑بەش beş[3] "ئاژەڵی تیوچاوان سپی".

بووزوو buzu [*būzū*] - "تەنراوی لە خوری و مەرەز": پێوەندی هەیە بە وشەکانی ↑بژ bıj "یاڵ و بژ" [دەبنەڕەتدا "موو"] و↑بسک bısık "مووی سەر لاجانک".

[دە "فەرهەنگی هەرمان"دا بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە بوزوو لە مووی بزن دروست دەکری، ئەم وشەیە بردراوەتەوە سە وشەی بزن bızın. بڕوانە "فەرهەنگی هەرمان"، ل. 34].

بووژانەوە bujanewe [*būžānawa*] - "گەش بوونەوە، هێز و گوڕ هاتنەوە بەر": بنە وشەی بووژ- buj خزمە دەگەڵ vigilare (L.) "بەئاگا هاتن، بێدار بوون" و vegere (L.) "بووژاندنەوە، ژیاندنەوە"، wachen (G.) و wake (E.) "لە خەو هەستان"، vaja-h (OIn.) "هێز، گوڕ، چالاکی"، wakker (Nl.) "بەئاگا، هوشیار، چالاک، بەگوڕ" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ueg-, * weg- >*** " تەڕ و تازە بوون، هێز و گوڕ تێدابوون". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑بووز2 buz [بووزخواردن واتا مومکین بوون، مەقدوور بوون]، ↑وزە wize "هێز"، ↑هێز hez، ↑هۆش hoş. وەک دەردەکەوێ دە زمانی کوردمادیشدا وەک زمانە هیندوئەورووپییەکانی دیکە لەو ریشەی سەرەوە هەم وشە بە مانای "هێز و گوڕ و چالاکی" پەیدا بووە و هەم بە مانای "هۆش و ئاگا".

[تێبیی: پێوەندی ئەم دوو چەمکە لێرەدایە کە هۆش و ئاگا لە لایەک و هێز و گوڕ هاتنە ناو لەش لە لایەکی دیکەوە بە یەکەوە بەستراونەوە، واتا کاتێک مرۆڤ خەوتووە یان بێهۆشە، هێز و جم و جۆل و

چالاکی بە خۆیەوە نابینێ، بەڵام کاتێک لە خەو هەڵدەستێ (هۆشی دێتەوە بەر)، ئەوجار هێز و گوڕ پەیدا دەکا].

بووغ buġ *[būġ]* - "هەڵم": بخار boxar (P.) "هەڵم". جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ fog (E.) "مژ". ریشەی وشە ئینگلیزییەکە ساغ نەکراوەتەوە. [تێبینی: لە بەرئەوەی پاشگری ئار - ar یەکێک لە پاشگرە گرینکەکانی زمانە ئێرانییەکانە، لەوانەیە وشەی بخار buxar (Arb.) بە ئەسل وشەیەکی عەرەبی نەبێ].

بووغە buġe *[būġa]* - "مانگای زۆر قەڵەو": خزمە دەگەڵ ↑بۆق boq سەر بە ریشەیەک بە مانای "هەڵمسان".

بووک1 buk *[būk]* - "خۆشەویستی زاوا، وەوی": وەوی wewî و ڤەیڤە veyve شێوەکانی کۆنتری ئەم وشەیەن کە دە شێوەزارەکانی سەروو و خوارووداا ماونەوە. دە فارسی ناویندا wayog (MP.) و دە فارسی دەری دا بووەتە بیوک bîyog و دە شێوەزاری کوردمادی ناوەراستدا بووەتە بووک buk. خزمە دەگەڵ Weib (G.)، wib (OG.)، weif (E.)، viv (Sw.)، wijf (Nl.) "ژن". بە پێی بۆچوونێک وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *ueib-, *ueip- >* "سووڕاندن، لێهاڵاندن". لەم تێڕوانینەوە بووک ژنی داپۆشراو [تارا بەسەر دادراو؟] بووە و بۆیە ئەوها ناو نراوە. ئەم ریشە هیندو ئەورووپییە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی *(IE.) *uei- >* "سووڕاندن، با دان" کە هێندێک وشەی وەک ↑بابۆڵە babole ی کوردمادی دەچنەوە سەر. ئەگەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە راست بێ، واتا وشەکە پێوەندی بە داپۆشین، پەڕۆ لێهالاندن و تارا بەسەردا دانەوە هەبێ، ئەوسا دەبێ بڵێین کە دە زمانی کوردمادیدا مانای ڕەسەنی وشەکە پارێزراوە. دە زمانە ئەورووپییەکاندا ماناکەی گشتیندراوە و بووەتە "ژن، ژنی شوودار".

بووک2 buk *[būk]* - "تەتە، بووکەڵە، لەیستۆک بە وێنەی مرۆڤێکی بچووک": راستە لە زمانی فارسیدا بەم شتە دەگوترێ "عروسک" و ئەمەش دەچێتەوە سەر وشەی "عروس" بە مانای "بووک، هەڤاڵی زاوا"، بەڵام زۆر وێ دەچێ وشە "بووک"ی لەیستۆک دە بنەڕەتدا پێوەندی بە "بووک"ی زاواوە نەبێ. وشەی "عروس" خۆی لە عەرەبی وەرگیراوە و بێگومان لە زمانی فارسیشدا سەردەمێک هەم بۆ وشەی "عروس" و هەمیش بۆ ئەم لەیستۆکە وشەی لەچەشنی وشە کوردماددییەکان لە ئارادا بووبن. شتێک کە ئەم بۆچوونەی سەرەوە پشتراست دەکا، وشەی Puppe (G.) دە زمانی ئەڵمانیدایە کە بە مانای "بووک"ی لەیستۆک بەکار دێ. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر pupa (L.) "بووکەڵە، کێژی بچکۆڵە" [دە بنەڕەتدا: کێژی بچکۆڵە]. هەروەها وشەی pupilla (L.) "بیبیلە(ی چاو)" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. مرۆڤ دە بیبیلەی چاوی لایەنی بەرانبەریدا وێنەی بچووک کراوی خۆی وەک "بووکەڵە"یەک دەبێنێ و لەبەر ئەمە بەم شوێنە گوتراوە "بیبیلە". لە زمانی کوردمادیدا چەندین وشەی وەک ↑بەبە bebe، ↑بیبل bîbıl [تیتل و بیبل]، بیبی bîbî و ↑بیبیلە bîbîle پێوەندییان پێکەوە هەیە. بیبی bîbî هەنووکە دە زمانی کوردمادیدا بە هەر دوو مانای "بووکەڵە" و "رەشکینەی چاو" بەکار دێ و ئەمەش پێوەندی ئەم وشانەی سەرەوە پشتراست دەکا. کەوابوو دە زمانی کوردمادی بەرێدا دوو وشە لە ئارادا بوون و هێشتاش لە هێندێک لە شێوەزارەکاندا بەکار دێن، وشەی یەکەم وەوی wewî یان بیبی bîbî، کە دواتر پاش کەمێک گۆڕان بووەتە ↑بووک[1] buk "هەڤاڵی زاوا" [وەوی wewî ← ویوی wîwî ← بیبی bîbî ← بیوەک bîwek ←(ئەک ek پاشگری خۆش ویستن و ڤیاندن) ← بووک buk]. سەبارەت بەم پاشگرە هەڵیسەنگینە لەگەڵ وشەی کوردمادی پیرەک "خانم"]. وشەی دووەمیش شێوەکەی بیبی bîbî بووە و ئەویش هەر بەو شێوەیە گۆڕاوە و بووەتە بووک[2] buk و بووکەڵە bukele [بیبی bîbî ← بیوەک bîwek (ئەک ek پاشگری گچکاندن) ← بووک buk]. ئەم دوو وشەیە نە لە ریشەدا و نە لە مانادا پێوەندییەکیان پێکەوە نییە. وشەی یەکەم دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێهاڵاندن" [داپۆشین بە تارا] و وشەی دووەم لاسا کردنەوەی دەنگی زارۆکە، واتا دەچێتەوە سەر وشەی "بەبە" کە تێیدا دەنگێک دووپات دەبێتەوە و

ئەمەش لە چەندین وشەی دیکەدا بەرچاو دەکەوێ، کە ریشەکەیان بۆ لاسا کردنەوەی گڕ و گاڵی زارۆک دەگەڕێتەوە، وەک مەمە، کاکە، دادە، یایە و هتد. ئێستا پرسیار لێرەدایە کە چۆن دە زمانی فارسیدا وشە کۆنەکە کراوە بە "عروسک". دیارە سەرەتا وشەی بووک ["بیوک" لە فارسی ناویندا] وەلا نراوە و وشەی "عروس"ی لە جێگە دانراوە. پاشان وا بیر کراوەتەوە کە وشەی بووکی لەیستۆکیش هەر پێوەندی بە بووکی زاواوە هەیە و ئەمە شتێکە کە ئێمەش ئەمڕۆ وای بۆ دەچین. لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوجار وشەی "عروسک" داندراوە و جێگەی وشە کۆنەکەی گرتۆتەوە. تیکەڵ بوونی ئەم دوو وشەیە هەم بۆ وێکچوونی زۆری شێوەی وشەکان دەگەڕێتەوە و هەمیش لەباری مانایەوە جۆرە پێوەندییەک لەتیوان ئەم دوو چەمکەدا دروست بووە، چونکوو بووک خانمێکی جوان و رازاوە و خۆشەویستە و بووکەڵەش لای زارۆک بە هەمان شێوە.

[تێبینی: لەباری تێکەڵ بوونی دوو وشەی هاوشێوە هەڵیسەنگینە بۆ وێنە دەگەڵ ↑تۆپاندن"1- مردارکردن 2- لێدانی زۆر"].

بووک 3 buk [*būk*] - "باپشکێو، چنچکەسڵاو": خزمە دەگەڵ ↑بۆقژە boqje "زیبکە (ی ناو دەمی زارۆکان)".

بوولێل bulel [*būlel*] - ↑بوومەلێل bumelel.

بووم bum [*būm*] - "زەوی": بوم būm (P.)، būmī (OP.)، (Av.) و (OIn.) "زەوی، جیهان":

1- بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 218) وشەکە خزمە دەگەڵ ↑بوون bun و دە بنەڕەتدا مانای "شوێنی (لێ) بوون، شوێنی ژیان" دەدا.

2- لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑بن bın "ژێر، لای خوارەوە"، بن bon (P.)، Boden (G.)، bottom (E.)، bonn (MIr.)، pythmen (Gr.)، fundus (L.)، budhna (OI.) "بن، بناخە".

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "بن، بناخە" و "زەوی" دە وشەکانی Grund (G.) "بناخە، بنەما" و gründen (G.) "بناخە دانان، دامەرزاندن" و ground (E.) "خاک، زەوی، زەمینە"دا دەردەکەوێ].

بوومەلێل bumelel [*būmalel*] - "تاریک و روون": بووم + لێل bum + lel، بووم واتا "هەرد"، تیکڕای وشەکە دەبێتە "هەردی لێل". مەبەست ئەو کاتەیە کە زەوی هێشتا بەتەواوی رووناک یان بە تەواوی تاریک نەبووە.

بوون bun [*būn*] - "رسکان، وجوود": بودن būdan (P.)، phyein (Gr.)، be (E.) "بوون"، bin (G.) "هەم"، phyesthai (Gr.) "بوون" [لە شتیکەوە بوونە شتیکی دیکە]، physis (Gr.) "سروشت" [بوونایەتی]، fuisse (L.) "بوون لە رابڕدوودا"، futurus (L.) "لە داهاتوودا"، bhávati (OIn.) "هەیە، دەبێ"، buti (Lit.) وbyt (Rus.) "بوون"، سەر بە ریشەی ***bheu- > (IE.)*** "بوون، پەیدا بوون، رسکان، هەڵدان، گەشە کردن".

بۆ 1 bo [*bo*] - پرێپوزیسیۆن [بۆ ئامێد، بۆ تۆ]. خزمە لەگەڵ ↑بە be.

بۆ 2 bo [*bo*] - "لەبەرچێ": دە ئەسڵدا بۆچی boçî بووە و کورت کراوەتەوە و بووەتە ↑بۆ1 bo.

بۆ 3 bo [*bo*] - دە گەڵ "بەر" دێ [بەر و بۆ ber u bo]. بۆم bom یش دەگوترێ. بوم būm (P.). پێوەندی هەیە بە poma (L.) "بەر و بۆم".

بۆت bot - "1- بانیژەی ئاش 2- ئاوبارە، قەمتەرە": خزمە دەگەڵ ↑بۆتکە botke.

بۆتکە botke [*botka*] - "دیوەلکە یان دووکانی گچکەی لە دار و تەنەکە دروستکراو": بۆت + کە bot + ke (پاشگری گچکاندن). خزمە دەگەڵ Bude (G.) "دیوەلکە، دووکانی گچکەی لە دار و تەختە"، bode (MNl.) "دیوەلکە، بۆتکە، چادر، ئەنبار"، bod (Sw.) "دووکان، ئەنبار"، butas (Lit.) "خانوو". ئەم وشانە پێوەندییان هەیە بە کرداری bauen (G.) "دروست کردن، خانوو چێ کردن" و دە زمانی کوردمادیشدا دەگەڵ ↑بوان buwan "ئەستوندەکی چادر"، ↑بۆت bot "بانیژەی ئاش، ↑بۆت bot یان بۆتک

botık"ئاوبارە، قەمتەرە"، ↑بەرە bere [خانووبەرە] و ↑بێرکم bêrkım "قەفەس، خانووچکە". دواجار خزمن دەگەڵ کرداری ↑بوون bun "بە وجوود هاتن، بە وجوود هێنان".

بۆتە bote *[bota]* - "دەفری کیمیاگەری": بوتە (P.) būte، (G.) Bütte، (OE.) byden، butina (ML.)، bytine /pytine (Gr.)"دەفر". وشەکە لە یۆنانییەوە و لە رێگای زمانی لاتینییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکانی دیکەوە. وشەی پیت pît (P.) "چەلەنگی ئاو و نەفت" و ↑پیتکە ptîke ی کوردمادیش هەر لەم پێوەندییە دا دەتوانین لێک بدەینەوە.

بۆج boc *[boj]* - "فیز و دەعێ": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑فیز fîz.

بۆچوون boçun *[bočūn]* - "روانگە، بیروڕا": بۆ + ↑چوون çûn + bo. مەبەست ئەوەیە چۆن کەسێک لە باری هزرییەوە بۆ کێشەیەک دەچێ.

بۆدڕ bodır *[bodır]* - "1- بۆنی تەگە 2- بۆنی توندی ئاڕەقە": دەشێ بۆتەڕ *boter* بووبێ [بۆ + تەڕ bo+ter] واتا بۆنی تەڕایی لەش. ↑دڕن dırın یش دەگوترێ [بۆدڕن].

بۆدراو bodraw *[bodrāw]* - "چێشتی قاوتی گەنمی برژاو": دە زمانی فارسیدا بو دادن dādan bū (P.) [بۆن دان، بۆن پێدان] بە مانای "برژاندنی دەغڵ و دان" بەکار دێ. لەوە دەچێ پێشتر دە زمانی کوردمادیشدا شتێکی لەم چەشنە بەکارهاتبێ و وشەی "بۆدراو"ی لێ کەوتبێتەوە، بە مانای "بۆن پێدراو".

بۆر bor 1 *[bor]* - "1- سپی ئامال زەرد 2- رەنگی خۆڵەمێشی": بور būr (P.) "کاڵ، مەیلەو زەرد"، fahl (G.)، fallow (E.) "رەنگ پەڕیو، زەردهەڵگەڕاو"، polios (Gr.) "بۆر، خۆلەمێشی"، pallidus (L.) "رەنگ پەڕیو"، palvas (Lit.) "زەردهەڵگەڕاو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pel- >*** "بۆر، سپییەکی نەک زۆر روون". [دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 215) لە پاڵ چەند بۆچوونێک هەروەها ریشەی ***(IE.) *bhlēuo- >*** "شین، زەرد" پێشنیار کراوە، کە بەم پێیە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ blew (ME.) "ئابی" و blāvas (Lit.) "شینی کاڵ، زەرد"].

بۆر bor 2 *[bor]* - "زەممە، نیشانەیەکە لە خەتتی عەڕەبیدا": دە فارسیدا پیش pîş (P.)ی پێ دەگوترێ کە هەر بە مانای "پێش"ە. دە کوردمادیشدا وشەکە سەرەتا ↑بەر ber بە مانای "پێش" بووە و و گۆڕدراوە بۆ "بۆر". وێ دەچێ ئەم نیشانەیە بۆیە پێش یان بەر (بۆر) ی ناو لێ نرابێ، چونکوو بزاڤێک نیشان دەدا کە بە هۆیەوە لێو بۆ پێشەوە دەچێ.

بۆڕ bor 1 - "تێشکاو لە کێبەرکێدا": [بۆر دان، بۆڕ خواردن]. خزمە دەگەڵ ↑بەر[4] ber [بەربوونەوە واتا کەوتن]. مەبەست لە بۆڕ دان دەبێ دە بنەڕەتدا خستنی لایەنی بەرانبەر لە گەمە و زۆرەوانیدا بووبێ.

بۆڕ bor 2 - "گەورە، پێگەیشتوو، پیر": ↑بوهرین buhrîn "پیر بوونی گیا، بزرکانی شیر" هەر لەم ریشەیە وەرگیراوە.

1- لەوانەیە خزمە دەگەڵ ↑باڵا bala "بەرزی، بڵیندی" و ↑بڕین[3] bırîn [سەر هەڵبڕین، دەنگ هەڵبڕین]. لەوانەیە دە بنەڕەتدا مەبەست بەرز بوونەوە و هەڵدان بووبێ و دواتر مانای گەورە بوون و پیر بوونی لێ کەوتبێتەوە.

2- یان لەوانەیە دەگەڵ ↑پیر pîr خزم بێ.

[تێبینی: پێوەندی دووچەمکی بەرزی و پیری دە وشەی alt (G.) "پیر، بەتەمەن" دە زمانە ژێرمانییەکاندا و altus (L.) "بەرز، بڵیند"دا دەبیندرێ کە هەردووکیان لە یەک ریشەوە کەوتوونەوە].

بۆڕ bor 3 *[bor]* - "شەپۆلی ئاو": خزمە دەگەڵ ↑بۆران boran "کرێوە"، سەر بە ریشەیەک بەمانای "سووڕان".

بۆڕ bor 4 - "قوڵکەی میوە تێدا راگرتن": خزمە دەگەڵ būr (MG.) "قەفەس"، būr (OG.) "ماڵ، هۆدە، دیوەلکە"، bur (Sw.) " قەفەس، قوتوو، دیوەلکە" و bower (E.) "کەپر، شوێنی تێدا پاراستن"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "شوێنی جێگیر بوون، شوێنی حاوانەوە". خزمە دەگەڵ ↑بەرەbere [خانووبەرە].

بۆراق boraq *[borāq]* - "چاوزەق": دەشێ پێوەندی بە ↑بۆڕ borەوە هەبێ، بە مانای" گەورە".

بۆران boran *[borān]* - "کرێوە": بوران būrān (P.)، سەر بە خیرانەوشەیەکی گەورەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ریشەی ***(IE.) *uer-, *wer- >*** "سووڕان، لێکهاڵان". بەراوردی بکە دەگەڵ ↑وەرانین weranîn و گەلێک وشە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا وەک wirbeln (G.)، whirl (E.) "سووڕان، لێکهالان"، whirlwind (E.) واتا تۆفان، بۆران"، Werra (OG.) "شەر، لێکدان"، سەر بە کرداری werran (OG.) "لێکدان، شێواندن" و verwirren (G.) "شێواندن، گێژ کردن، وڕ کردن".

بۆڕاندن borandın *[borāndın]* - "دەنکَ و هەرا کردنی گاو گۆڵ": خزمە دەگەڵ↑ بالەبال balebal "دەنکَ و هەرای مەڕ و بزن".

بۆرانی borani *[borānī]* - "چێشتی کوولەکە و ماست": لەوانەیە لە وشەی↑ بۆر bor1 وەرگیرابێ و ئاماژە کرابێ بە رەنگی چێشتەکە.

[دە"فەرهەنگی هەرمان"دا (ل. 324) بە پێی سەرچاوە فارسییەکان ئەم وشەیە بردراوەتەوە سەر بۆران ناوێک کە ژتیک بووە بۆ یەکەم جار ئەم چێشتەی لێناوە].

بۆردوومان borduman *[bordūmān]* - "بومباران": bombardment (E.) > *bombard (F.)* "جۆرێک تۆپی سەرەتایی" > bombus (L.) و bombos (Gr.) "دەنگی تەقینەوە، تریشقە". وشەی ↑بۆمب bomb وشەیەکی وەرگیراوە و ریشەکەی دەچێتەوە سەر ئەم وشانەی سەرەوە.

بۆرژان borjan *[boržān]* - "بیرەخەو، سووکەخەو": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑بوورانەوە buran(ewe) "لە خۆ چوون، بەلادا هاتن". شیاوی باسە وشەی ↑پووڕسین pursîn یش هەیە بە مانای "بوورانەوە".

بۆرگە borge *[borga]* - "بانوو، پانتاییەکی بەرزی جوگرافی": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بۆڕ bor "گەورە" [دە بنەڕەتدا: بەرز، بڵیند].

بۆری borî *[borī]* - "لوولە": < بوریا boryā (Arb.) > *boryā (Aram.)* و ئەمیش لەوانەیە لە 'ber "نەی، قامیش" وەرگیرابێ دە "زمانی حەبەشی"دا. [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" ل. 216].

بۆز boz *[boz]* - "1- شینی ئاماڵ سپی 2- سپی و رەشی تێکەڵ": خزمە دەگەڵ↑ بازک bazg "بەڵەک"، ↑بەش beş "ئاژەڵی تیوچاوان سپی" و هتد.

بۆژوو boju *[božū]* - "گیای بۆن گرتوو": بۆژە boje ش دەگوترێ. پێک هاتوو لە دوو کەرتی بۆ [↑بۆن bon] + ژە je ، کەرتی ژوو[ژە] [je] [n] bo ju دەچێتەوە سەرکرداری ↑ژەندن jendın یان "ژەنین" بەمانای "لێدان"، تێکڕای وشەکە واتا گیای "بۆن لێدراو". کەرتی "ژۆ" وەک پاشگر دەگەڵ وشەی دیکەش دێ، وەک گەرماژۆ germajo "گەرماڵێدراو" [بە فارسی: گرمازدە].

بۆسە bose1 *[bosa]* - "سیپە، کەمین": خزمە دەگەڵ ↑پەسیو pesîw [پەنا و پەسیو].

بۆسە bose 2 *[bosa]* - "قایشی جووت" (کە نیر و ئامووڕ لێک دەبەستێ): دەشێ خزم بێ لەگەڵ ↑بەستن bestın و ئاماژە بە لێکبەستنی دوو پارچەکە بکا.

بۆش boş 1 *[boš]* - "زۆر" [لەشکرێکی بۆش]. بیش bîş (P.) و بسیار besyar (P.) "زۆر"، خزمە دەگەڵ ↑بەس bes "کافی، زۆر" و هەروەها ↑فش fış [فش و فۆڵ].

بۆش boş 2 *[boš]* - "هەڵۆڵ": هەروەها بۆشایی boşayî هەیە بە مانای "ڤالایی، فەزا". خزمە دەگەڵ بۆش1 boş "زۆر". دە تیوان دوو چەمکی "زۆری" و " هەراوی و بۆشایی"دا پێوەندی نیزیک هەیە و هەر بۆیەش وشەکە هەر دوو مانای وەرگرتووە.

[تێبینی: لە باری ماناوە واتا لەباری پێوەندی تیوان دوو چەمکی "زۆری، هەراوی" و "بۆشایی، فەزا" دەتوانین هەڵی سەنگینین دەگەڵ دوو وشەی ڤالایی valayî بە مانای "فەزا، بۆشایی" و فۆڵ fol "هەراو"

[فش و فۆڵ] یان دوو وشەی دیکەی خزم وەک زۆر zor ی کوردمادی و space (.E) "فەزا" سەر بە spatium (.L)].

بۆشکە boşke *[bošką]* - "بەرمیل": بشکە bošką (.P). دەچێتەوە سەر↑ بۆش boş "زۆر، هەراو، هەڵۆڵ".

بۆشناغ boşnaġ *[bošnāġ]* - "کۆک و پۆشتە": لەوانەیە دە ئەسڵدا "پۆشناک poşnak" بووبێ سەر بە کرداری ↑پۆشین poşîn .

بۆغمە boġme *[boġma]* - "نەخۆشی دووشاخە، ملەخرە": بوغمە buġme و بەغمە beġme ش دەگوترێن. وشەکە ئاماژە بە ماسین و ئەستوور بوون و زل بوونەوە دەکا و خزمە دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک ↑بووک buk "باپشکێو"، ↑بۆقژە *boqje* "زیپکەی ناو دەمی زارۆک"، ↑بۆز boz"نەخۆشی ماسینی چۆکی ئاژەڵ، باژەڵە bajela یان باژیلە bajîle "نەخۆشی پێستی زارۆک" و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑بۆق3 boq، دەچنەوە سەر ریشەیەک بەمانای "هەڵمسان، ئەستوور بوون".

بۆق1 boq *[boq]* - "ئاژەڵێکە لەناو و لە دەرەوی ئاو دەژی و دەقرێنێ": قورواق qurwaq یش دەگوترێ [قور + واق، کەرتی واق waq شێوەیەکی دیکەیە لە بۆق boq]، قورباغە qūrbaġe (P.) [qūr-baġe]، pogg (G.) "بۆق"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhu- >*** "ماسین، با کردن". خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە هێندێکیان لەژێر ↑بۆغمە boġme دا باس کراون. هێندێکی دیکەشیان لەژێر ↑بەس bes دا شی کراونەوە. [تێبینی: دەزمانی ئەلمانی ئەمڕۆدا وشەی frosch بە مانای بۆق بەکاردێ].

بۆق2 boq *[boq]* - "پشت (مل)": بۆقەتە boqete ش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ back (.E)، ba k (.OE)، bak (.ON) و (.OS) "پشتەوە".

بۆق3 boq *[boq]* - چاوبۆق واتا چاوزەق. لێرەشدا بۆق ئاماژە بە "زلی، زەقی، هەڵماسیوی" دەکا، خزمە دەگەڵ ↑بۆق1 boq و ↑بەس bes "زۆر" [دەبنەڕەتدا: ماسیو، زل].

بۆق4 boq *[boq]* - "تیرتکی چڵەپیواز و سیر": دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا هەروەها لە شیرۆڤەی وشەی "گیرهە"دا نووسراوە "بۆقی ئاوی رەقبووک، تمتمان، بڵغ". لێرەدا مەبەست ئەو تۆڕژە رەقەیە کە لە خڵتەی نیشتووی ئاو دروست دەبێ و بە بنی دەفرەوە دەنووسێ. دیارە ئەم "بۆق"ە جیاوازە لە "بۆق"ەکانی سەرەوە. ئەم دوو مانایە، واتا "خڵتەی ئاوی رەقبوو" و "تیرتک" دەشێ پێوەندییان بەیەکەوە هەبێ، چونکوو هەردووکیان چەمکی "رەق، سفت" لە خۆ دەگرن. لەم تێڕوانینەوە ئەم وشەیە دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑بۆق5 boq "پاڵ" [دەبنەڕەتدا: هێز، گوڕ، سەختی، پتەوی].

[تێبینی 1: لێرەدا دەکرێ بەراوردێک بکەین لەتیوان دوو وشەی "تیرتک" و "کرۆک"دا، یەکەمیان بە مانای "لاسکی رەقی ناوەڕاستی گیا" و دووەمیان بە مانای "ناوکی رەقی میوە". وشەی "کرۆک" لە ریشەیەکەوە هاتووە بە مانای "رەق، سەخت". وەک دەبینرێ لە هەردوو وشەدا ئاماژە بە "چەمکی "رەقایی" دەکرێ. ئەم بەراوردە نیشان دەدا کە هەر دوو مانای وشەی "بۆق"، واتا "تیرتک" و "خڵتەی رەقبووگی ئاو" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. تێبینی 2: هەروەها پێوەندی دوو چەمکی "هێز" و "سەختی" بەیەکەوە ئاشکرایە. وشەی "گوڕ" کە هاومانا دەگەڵ هێز بەکار دەهێنرێ خزمە دەگەڵ *خار* "سەخت"، یان وشەی "پتەو" بە مانای سەخت خزمە دەگەڵ "پادشاە" واتا "شای بەهێز". سەبارەت بە پێوەندی ئەم چەمکانەی سەرەوە هەروەها بڕوانە وشەی "تیرتک"].

بۆق5 boq *[boq]* - "پاڵ" [بۆق پێوەنان: بۆقێکی پێوە بنێ]. خزمە دەگەڵ چەند وشەیەک کە دە ریشەدا ئاماژە بە "هێز، گوڕ" دەکەن، وەک ↑پەک pek [پەک کەوتن واتا لە هێز کەوتن"، ↑پەژ pej، ↑*بووژانەوە bujanewe*[هێز هاتنەوە بەر]، ↑پێز pez [هێز و پێز]، ↑بووز buz [بووز خواردن]، ↑وزە wize و هتد. وەک دەبینرێ چەمکی گشتی لەم وشانەدا "هێز و گوڕ"ە و ئەمەش دەگەڵ چەمکی "پاڵ، گوشار" یەک دەگرێتەوە.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی ئەم چەمکانەی سەرەوە دەتوانین سەیری وشەی "زەخت" بکەین بە مانای "گوشار". ئەم وشەیە دەگەڵ "زۆر"یش بەکار دێ (زەخت و زۆر) و "زۆر" ئاماژە بە "هێز" دەکا (زۆردار، زۆرەوانی، زۆرانبازی). هەروەها "زەخت" خۆی خزمە دەگەڵ "سەخت" کە ئەویش دە بنەڕەتدا مانای "بەهێز بوون" (پتەو بوون) دەگەیەنێ].

بۆقژە boqje *[boqža]* - "وردە زیبکە": پۆقژە poqje ش دەگوترێ. بۆق + ژە poq / boq + je. کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە. بنەوشەی بۆق / پۆق خزمە دەگەڵ Pocke (G.)، pok (Nl.)، pock (E.) "زیبکە، بلۆق، ئاوڵە". هەروەها وشەی Pickel (G.) و pukkel (Nl.) بەمانای "زیبکە" دێ. [کەرتی el- دە وشە ژێرمانییەکانی سەرەوەدا هەر ئەو دەورە دەبینێ کە پاشگری "ژە" je دە وشە کوردماداییەکە دا هەیەتی]. دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشەی دیکەش هەن کە پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە وەک ↑باژەڵە bajele "نەخۆشی پێستی منداڵان"، ↑بووک2 buk "باپشکێو"، ↑بۆغمە boğme "ملەخرە"، ↑بۆز boz "نەخۆشی ماسینی چۆکی ئاژەڵ" و هتد. ئەو وشانە ئاماژە بە چەمکی ماسین، خڕ بوون و ئەستوور بوون دەکەن و خزمن دەگەڵ گەڵێک وشەی دیکە، بۆ وێنە ↑بۆق1 *boq*.

بۆقل boqıl *[boqıl]* - "گۆشتی بەلەک": هەم وشەی "بەلەک" و هەم وشەی "بۆقل" دەبنەڕەتدا مانای "هەڵمساوی"یان تێدایە. [لە دوو ریشەی جیاوازەوە]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑بۆق3 boq.

بۆقەتە boqete [boqata] - ↑بۆق2 boq.

بۆل1 bol *[bol]* - "دەنکەترێ، گلوو": خزمە دەگەڵ ball "تۆپ" [بە گشتی هەرشتێکی خڕ] دە زمانەکانی E.، G.، N.، F. وهتد. [رێنووسی وشەکە لەو زمانانەدا جیاوازە]، سەر بە ریشەی ***(IE.)*bhel- >** "ماسین، هەڵپزان، هەلپفان". دە شێوەزاری زازاییدا وشەی "بۆل" بە مانای "ران، مێگەل" هەیە، کە ئەویش خزمە دەگەڵ بۆل بە مانای "1- دەنگە ترێ 2- گلوو". ران و مێگەل دە راستیدا خڕ بوونەوە و لێکهالان و لە دەوری یەک کۆ بوونەوەی مەڕ و ماڵاتە و هەر بۆیە پێی گوتراوە بۆل. [لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "گلوو" و "گەل، مێگەل"]. ئەو وشانە دواتر دا دەبنە خزم دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی وەک ↑بلۆق bıloq، ↑بلق bılıq، ↑بالۆکە baloke، ↑باڵوو balu [دە وشەی ئاڵوو باڵوودا]، ↑بەلەک belek "نەرمایی و زەقایی قاچ"، ↑پیلەک pîlek "دوگمە، قۆپچە"، ↑پێل pel "چاوزەق" و هتد.

بۆل2 bol *[bol]* - "دۆلی تەنکَ": بوهل buhl یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑بۆڕ bor "قوڵکەی میوە تێدا راگرتن".

بۆل3 bol *[bol]* - "ئاوتێزاو، گەیشتوو": خزمە دەگەڵ ↑بۆڕ bor [بۆر بوون واتا گەورە بوون، پیر بوون] و دەگەڵ ↑بوهرین buhrîn "پیربوونی گیا".

بۆل4 bol *[bol]* - "زەنگی ملی پێشەنکَ": خزمە لەگەڵ bell (E.)، belle (OE.)، belle (MG.) "زەنکَ، زەنگوڵە". وا گومان دەکرێ، ئەم وشە ژێرمەنییە پێوەندی بە bell (E.) دەوە هەبێ، بە مانای "وەڕین، هەراهەرا کردن". بەم شێوەیە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بالاندن balandn.

بۆڵەبۆڵ bolebol *[bolabol]* - "ورتاندن، قسەکردنێکی وا کەس تێی نەگا": بلمەبلم bılmebılm و برمەبرم bırmebırm یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ barbara-h (OIn.)، barbaros (Gr.) و barbarus (L.). بەم وشانە ئەو خەڵکە بیانییانە ناودێرکراون کە زمانیان بۆ خەڵکی خۆجێیی نامۆ بووە واتا خۆجێییەکان قسەکردنی ئەوانیان بەلاوە وەک بۆڵەبۆڵ [برمەبرم] بووە و لێی تێ نەگەیشتوون. دواتر مانای وشەکە گۆڕدراوە بۆ خەڵکی وەحشی ودڕەندە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***barbar- >** ***(IE.)*** "برمەبرمە، بۆڵەبۆڵ". ریشەی وشەکە لاسا کردنەوەی دەنکَ بووە.

بوڵەنمە bolenıme *[bolanıma]* - "ئاوتێگەڕانی میوە": پێک هاتووە لە دوو وشەی ↑بوڵ +↑ نم nım + bol، وشەکەدەبنەڕەتدا واتا خڕەکە بوون و "هەڵمسان" دەگەڵ "تەڕ و بڕ" بوون.

بۆم bom [*bom*] - دەگەڵ "بەر" دێ [بەر و بۆم واتا بەرهەم]. < pomme (Fr.) "سێو" < *pōmum* (L.) "میوە، سێو".

بۆمب bomb [*bomb*] - "چەکێک کە دەتەقێتەوە و دەکوژێ": < *bombus* (L.) و *bombos* (Gr.) "دەنگی تەقینەوە، تریشقە".

بۆن bon [*bon*] - "هەستێک کە لە رێگەی لووتەوە پێک دێ": خزمە لەگەڵ ↑بوت but.

بۆنە bone [*bona*] - "موناسەبەت": خزمە دەگەڵ ↑بیانوو bıyanu.

بۆیاخ boyax [*boyāx*] - "مادەیەک بۆ رەنگ کردن": بۆیە boye ش دەگوترێ. بەپێی "فەرهەنگی هەرمان" (ل. 339) لە *boya* (Tur.) وەرگیراوە.

بە be [*ba*] - پرێپۆزیسیۆن [وەک "بە تیمە"]. be (P.). خزمە دەگەڵ pad (MP.) و patiy (OP.) "بە، بەرەو"، paiti (Av.) و práti (OIn.) "بە، بەرەو"، سەر بە ریشەی < ***po-ti* (IE.)**. [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 220].

بەبر bebır [*babır*] - "ئاژەڵێکی درندەی بەهێز": ببر babr (P.) و (MP.)، بەگوێرەی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 175) دەچێتەوە سەر vagr (OI.) و لەوێشەوە بۆ -vyāghrā (OIn.) "بەبر، بەور" [دە بنەڕەتدا واتا "بۆن هەڵگر"] .

بەبلە beble [*babla*] - "توول، پیزە، بێچووی ناو زک": ↑بەبە bebe "زاروکی ساوا".

بەبوو bebu [*babū*] ـ دەگەڵ وشەی کوند دێ [کوندەبەبوو kundebebu] : "کوندە بوو"ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ بوف / بوم būf / būm (P.)، bubo (L.)، byas (Gr.)، گشتیان بە واتای "کوندە بەبوو". وشەکە دە بنەڕەتدا لاسا کردنەوەی دەنگی باڵدارەکەیە. دەنگ و هاواری باڵدارەکە بەم شێوەیە هاتووەتە بەر گوێی مرۆڤ: بووبوو bubu. ئەم وشەیە پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەم وشانەی سەرەوەی لێ کەوتۆتەوە. وشەکە چ پێوەندی بە "بۆن"ەوە نییە. وشەی ↑کوند kund دواتر خراوەتە سەر ناوەکە و دە بنەڕەتدا بە مانای "خڕەکە، خڕتۆڵە، کورتەبنە"یە و خزمە دەگەڵ گندە gonde (P.) "زلە، قەڵەوە". بەم جۆرە مانای "کوندەبەبوو" دەبێتە "بەبووی خڕتۆڵە".

بەبە bebe [*bona*] - "زارۆکی بەرمەمکان": خزمە دەگەڵ baby (E.)، baban (ME.) "بەبە"، Bube (G.) "هەتیو، مرۆڤی بەدکار"، babbe (Sw.-inf.) "کوڕیژگە"، Bub (Öst.) "کوڕیژگە"، pupa (L.) "کچۆڵە". ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر لاسا کردنەوەی زمانی زارۆک، هەر وەک چۆن دە وشەکانی ↑بابە babe و مامە mame و دادە dade و هیتردا ئەم دیاردەیە دەبینین.

بەتانی betanî [*batānī*] - "پەتوو، پێخەو": وشەکە لە بطانية batāniya (Arb.) وەرگیراوە و ئەمەش خۆی دەبێ لە ↑پەتوو petû وەرگیرابێ.

بەتەڵ betel [*batal*] - "پاڵەوان": وێ دەچێ پێوەندی هەبێ بە هێندێک وشەی زمانی کوردمادی کە ئاماژە بە "هێز" دەکەن وەک ↑پتەوpıtew، ↑پیت pît [پیتاندن]، ↑فیتەر fiter "زل و بەهێز"، پاد pad [↑پادشا padşa واتا شای بەهێز]، ↑پەتڵین petlîn "خۆ گرتن، هێز پەیدا کردن" و هتد. دە زمانی عەرەبیدا بطل batal (Arb.) "قارەمان" هەیە کە لەوانەیە لە فیتەر fiter "زل و بەهێز" [کۆنتر: پیتەر pîter؟] وەرگیرابێ. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***pad-* (IE.)** "بەهێز بوون".

[تێبینی: وشەی "پاڵەوان"یش دە ریشەدا مانای "سەخت، بەهێز" دەبەخشێ]

بەتیە betîye [*batīya*] - "پارچەیەکی ناسکە بۆ عەبای هاوینان": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پەتوو petû.

بەچک beçk [*baçk*] - "بیچم، تەرح، سەکوت":

1- لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑بیچم bıçım.

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑فەسال fesal ەوە هەبێ.

بەچکە beçke [*bačka*] - "منداڵ، بێچوو": بەچ + کە (پاشگری گچکاندن) beç + ke [↑بێچوو beçu].
بەخت bext [*baxt*] - "شانس": بخت (P.) baxt. خزمە دەگەڵ ↑بەش beş. دە زمانی کوردمادیدا زۆرجار لە جیاتی بەخت وشەی عەرەبی "قسمەت و نەسیب"یش دەگوترێن و وەک ئاشکرایە قسمەت هەر مانای بەش دەدا. مەبەست لە بەخت دە بنەڕەتدا ئەو "بەش"یە کە مرۆڤ لەچارەنووس وە بەری کەوتووە .
[تێبینی: کاک عەلی نانەوازادەش ئاماژەی کردووە بە پێوەندی وشەکانی بەخت و بەخشین و بەش و باج و پاژ- "فەرهەنگی هەرمان"، ل. 357].
بەختە bexte [*baxta*] - "بەران، تیری": بختە baxte (P.) "مەڕی تیری سێ چوار سالان": بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 178) لەوانەیە بچێتەوە سەر *vaxtaka- (OI.) سەر بە ریشەی تێرانی *vac-* "چالاک بوون، چابوک بوون" و خزم بێ دەگەڵ vacyáte- (OIn.) "نائارام بوون، دە جم و جۆڵدا بوون، سووڕان"]. ئەم ریشە تێرانییە دەشێ پێوەندی هەبێ بە یەکێک لەم دوو ریشەی هیندوئەورووپییەی خوارەوە:
1- ***ueĝ- > (IE.)** "تەر و تازە، گەش، بە هێز و گوڕ". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑وزە wize، ↑هێز hez، ↑هۆش hoş و ↑بووژانەوە bujanewe و هتد.
2- ***uegh- , *wegh- > (IE.)** "بزوان، جووڵانەوە، ڕۆیشتن، ئاژوان". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑وەشاندن weşandın2 [ڕاوەشاندن].
بەخشین[1] bexşîn [*baxšīn*] - "پێدان": بخشیدن baxšīdan (P.). خزمە دەگەڵ ↑بەشین beşîn [دابەشین]. دە زمانی فارسیدا بخش baxš (P.) مانای "بەش" دەدا. وشەکە دە بنەڕەتدا مانای "دابەشین، بەش دان"ی ئەمڕۆی کوردمادی هەبووە و لەمەوە مانای "(پێ) دان" پەیدا بووە.
[تێبینی: دەتێوان دوو چەمکی "دان" و "بەش دان"دا پێوەندی نیزیک هەیە، بۆ وێنە Teil (G.)، deal (E.) "بەش، لەت" دەگەڵ dayati (OIn.) "بەش دەکا" و dayomai (Gr.) "بەش دەکەم، بڵاو دەکەمەوە" بە خزم دادەندرێن. ئەم وشانە دەگەڵ دان dan ی کوردمادی لەیەک ریشەوە هاتوون].
بەخشین2 bexşîn [*baxšīn*] - "لێبووردن": بخشیدن baxšīdan (P.) یان بخشودن baxšūdan. لە ↑بەخشین1 bexşîn بەمانای "بەش دان، دان" وەرگیراوە.
[تێبینی: دەزمانە ژێرمانییەکانیشدا vergeben (G.) و forgive (E.) "لێبووردن، چاوپۆشی کردن" دەگەڕێتەوە بۆ کرداری geben (G.) و give (E.) "دان"].
[بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 178) وشەکە بردراوەتەوە سەر apa + xšad* (OI.) و بۆ ریشەی -xšad. دیارە ئە بۆچوونە زۆر ڕێی تێ ناچێ].
بەد bed [*bad*] - "نەباش": بد bad (P.)، bad (E.)، böse (G.)، boos (Nl.). خزمە دەگەڵ ↑فیز fîz و ↑بەس bes و گشتیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵمسان"
بەدەن beden [*badan*] - "لەش، بەژن": بدن (P.). خزمە دەگەڵ body (E.)، bodig (OE.)، botah (OG.) "بەدەن". ریشەی وشە ژێرمەنییەکە ساخ نەکراوەتەوە. لەوانەیە ↑بەژن bejın ی کوردمادی شێوەیەکی دیکەی ئەم وشەیە بێ.
بەدەو bedew [*badaw*] - "1-جوان 2- ئەسپی خۆشبەز": دەشێ لە *بدوي badawī* (Arb.) "وەحشی، سەحرانشین" وەرگیرابێ. شیاوی باسە کە "وەحشی" هێندێک جار لەگەڵ وشەی "جوان" و بە مانای جوان بەکار دەهێنرێ.
بەر1 ber [*bar*] - "1- میوە، بەرهەم 2- منداڵی ناوسک [بەرهاویشتن]": [بڕوانە↑بەرە bere].
بەر2 ber [*bar*] - "پێش": vor (G.)، fora (OG.)، befor (E.)، pro و prae (L.)، paros (Gr.)، pura (OIn.) "بەر، پێش"، سەر بە ریشەی ***per- > (IE.)** "بەر، پێش". خزمە دە کوردمادیدا دەگەڵ ↑پار par [سالی پار واتا سالی بەرێ]، ↑پێرار perar، ↑پێرێ pere.

بەر3 ber [*bar*] - "لەبەر، ژبەر": [دەکوڕدیدا بە تەنیا بە کار نایە]. (از) برای barāye [az] (P.) "لەبەر، بۆ"، خزمە دەگەڵ for (E.)، für (G.)، faur (Gt.)"لەبەر". ئەم وشانە هەموو دەگەڵ ↑بەر2 ber بە مانای "پێش" خزمن. دە شێوەزاری کوردمادی خوارووداا بووەتە ↑ئەرا(ی) era(y) [ئەرای چی واتا لەبەر چی].

بەر4 ber [*bar*] - بەر بوونەوە واتا "کەوتن": پێوەندی هەیە بە وشەی ↑وەرین werîn. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑بوورانەوە buranewe و چەند وشەیەکی دیکە.

بەر5 ber [*bar*] - لە بەر کردن واتا حیفز کردن، بە مێشک ئەسپاردن. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑بیر *bîr*"هزر، هۆش، حافیزە" و↑ فێر fer.

بەر6 ber [*bar*] - "قەراخ، لا، ئاڵ": بڕوانە ↑بار6 bar "قەراخ، ئاڵ".

بەر7 ber [*bar*] - "سینکَ، باوەش" [سینکَ و بەر]. هەروەها کاتێک دەگوترێ "لە بەر کردن"ی جلک یان "لە بەر داکەندن" یان کاتێک دەگوترێ "بەری دەست، بەری پێ". خزمە دەگەڵ بر bar (P.)، war (MP.)، varah- (Av.)، úras- (OIn.) "سینکَ و بەر"، varu- (Av.) "پان، بەرین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uer- >*** "پان، بەرین". [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 182]. وشەی ↑بەرین berîn "پان" لەم ریشەوە هاتووە.

-بەر8 -ber [*bar*] - پاشگرێکە لە ناو ئاوەڵناو دروست دەکا و مانای "هەڵگر" دەداتە ئاوەڵناوەکە، وەک رەنجبەر rencber، پیامبەر peyamber، دڵبەر dılber و هتد. شێوەیەکی دیکەیە لە پاشگری ↑-بار4 -bar بە هەمان مانا.

بەر9 ber [*bar*] - بەر دان واتا رەها کردن، ئازاد کردن. "بەر" لێرەدا مانای "رەهایی، ئازادی" دەگەیەنێ و بەر دان دەبنەڕەتدا واتا ئازادی یان رەهایی دان. خزمە دەگەڵ frei (G.)، frī (OG.)، free (E.)، fries (Gt.)، frjāls (OIs.) "ئازاد، رەها". ئەم وشانە دواجار خزمن دەگەڵ ↑پەری perî.

[تێبینی: دە زمانی فارسیدا ول کردن vel kardan (P.) هەیە بە مانای "بەر دان". ئەم وشە فارسییە لەوە دەچێ خزم بێ دەگەڵ "فل" [شل و فل] و دە بنچینەدا مەبەست "شل کردن" بووبێ. هەر وەک ئاشکرایە رەهایی و ئازادی پێوەندی بە شل کردنەوە هەیە، بەپێچەوانەشەوە توند کردن و بەند کردن پێشی ئازادی و رەهایی دەگرێ. سەرنج بدە کە وشەی "بەر"ی کوردی دەگەڵ کرداری "دان" دێ، بەڵام "ول"ی فارسی دەگەڵ کرداری "کردن"].

بەرات berat [*barāt*] - "1- موچە، هەقدەست، داهاتی رۆژانە 2- رسق و رۆژی":

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بەهرە behre و ↑بێر ber [خێر و بێر].

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین هەڵیسەنگێنین دەگەڵ ↑بڕین bırîn. لەم روانگەوە مانای "بەرات" دەبێتیە ↑بڕانە bırane واتا ئەو بەشەی یان ئەو رسقەی بۆ کەسێک براوەتەوە.

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ کرداری ئەڵمانی bescheren (G.). ئەم کردارە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بەمانای "بڕین" و دە بنەڕەتدا مەبەست گەیاندنی ئەو بەشە بووە کە خودا بۆ مرۆڤی بڕیوەتەوە. ئەم وشەیە ژێرمەنییە دەگەڵ کێرد kerd خزمە].

بەراز beraz [*barāz*] - "خووک": fahrah (OG.)، farrow (OE.)، porcus (L.) "بەراز"، Ferkel (G.) "بەچکە بەراز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *perk- >*** "هەڵدڕین". وشەی ↑بڕڕەک bırrek "بەرازی تێر" دە کوردمادیدا هەر لەم ریشەیەوە هاتووە و شێوەیەکی کۆنترە لە وشەی بەراز.

[تێبینی: دە فەرهەنگی تێتیمۆلۆژی DUDEN ی زمانی ئەڵمانیدا، تەنیا دوو تا سێ وشەی کوردی بۆ هەڵسەنگاندن بە نموونە هێنراوەتەوە، کە یەکێک لەوان لەژێر وشەی Ferkel "کوودەڵەبەراز"دایە. لەوێ ئاماژە بە وشەی کوردی purs کراوە کە دەبێ بە مانای "خووک، بەراز" بێ. ئەوەی راستی بێ، من ئەم وشەیەم تا ئێستا نەبیستووە و دە وشەنامەی "هەنبانەبۆرینە"شدا بۆم پەیدا نەبوو. لەوانەیە وشەکە بەهەڵە نوسرابێ و مەبەست بەراز beraz ەکەی خۆمان بێ].

بەراك berak *[barāk]* - "سەكۆ، هەیوان": خزمە دەگەڵ ↑پێرك perk "هەرزاڵ".

بەرام(ە) beram(e) *[barām(a)]* - " بۆنی خۆش": [بۆن و بەرام(ە)].

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ breath (E.) "دەم، هەناسە"، ? bra (OE.) "بۆن، بەرامە، هەڵم" سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhrē- >*** "سووتان، هایسان".

2- لەوانەشە وەرگیرابێ لە árōma (L.) "بۆن و مەزەی خۆش" و پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ [بە ئارۆمە ←بەرامە؟، گۆڕاتیکی ئەوتۆ لە وشەی "باوەش"یشدا دەبینرێ].

بەران beran *[barān]* - "قۆچ، تیرە مەڕ": خزمە دەگەڵ warān (MP.) و barán (Rus.) "بەران". دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 195) وشەی برە barre (P.) [↑بەرخ berx] بردراوەتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *uer- >*** "خوری، ئاژەڵی پشمدار". var- (Av.) و úra- (OIn.) "قۆچ، مەڕ" دەبێ لەم ریشەوە هاتبن و هەروەها بەران beran دەبێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

بەربەرە berbere *[barbara]* - ↑وەروەرە.

بەربەرەکانی berberekanî *[barbarakānī]* -"بەرەنگاری، دە رووداو وەستان": دەچێتەوە سەر ↑بەر[2] ber "پێش". مەبەست دە پێش کەسێکدا [بەرەوررووی ئەو] راوەستان و دەست کردنەوەیە.

بەربینکَ berbîng *[barbīng]* - "یێخە، پێسیر": ↑بەر[2] + بینکَ bîng + ber، بەربینك berbînk یش دەگوترێ. ↑بین bîn بە مانای "هەناسە" یە و "بینکَ" دەبێ شوێنی پێدا چوونە خوارەوەی هەوا، واتا " گەروو" بێ. بەربینکَ گرتن واتا یێخە گرتن و رێگای هەناسە کێشان لێ بەستن.

بەرتل bertıl *[bartıul]* - "گوێچ، پارە یان متی کایە": بەر + تل ber + tıl، "تل" خزمە دەگەڵ ↑سیلە sîle "ئامانج، هەدەف" [تیلە tîle (P.) "مت، مەڕمەڕ"]. لەم تێڕوانینەوە بەرتل واتا ئەو پارە یان شتەی دە کایەدا دەکەوێتە بەر ئامانج.

بەرتیڵ bertîl *[bartīl]* - "ریشوە": دەشێ لە دوو کەرت پێك هاتبێ: بەر + تیل ber + tîl. کەرتی "تیل" جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- Zoll (G.)، zol (OG.)، tol (Nl.)، toll (E.)، tull (Sw.) "خەرج، باج، پیتاك، گومرکَ". ئەم وشانە لە رێگەی زمانی لاتینییەوە دەچنەوە سەر وشەی یۆنانی telōnion (Gr.) "گومرکَ" و دواتریش télos (Gr.) "نیشانە، سیلە، سنوور".

[تێبینی: سەبارەت بە ریشەی وشە یۆناییەکە شی کردنەوەیەك باس نەکراوە. لەوانەیە پێوەندی بە "سیلە"ی کوردییەوە هەبێ [بە فارسی "تیلە"] واتا "نیشانە". سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "نیشانە" و "سنوور" هەروەها بڕوانە وشەکانی مەرز و *مارکە* "نیشانە"].

2- ↑تۆڵە tole.

بەرج berc *[barj]* - دەگەڵ "خەرج" دێ [خەرج و بەرج xerc u berc]. برج barj (P.) "خەرجی لاوەکی". دەشێ خزم بێ دەگەڵ borgen (G.)، (Nl.)، borga (Sw.)، borrow (E.) "قەرز پێدان، قەرز وەرگرتن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑بەرکَ berg[1]، سەر بە ریشەی ***(IE.)*bherg- >*** "پاراستن، ئاگا لێبوون، هەڵگرتن لە شوێنێکی باش".

بەرجەوەند bercewend *[barjawand]* - "دیمەن": بەر + جەوەند ber + cewend، کەرتی جەوەند cewend دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زەوی zewî، تێکڕای مانای وشەکە دەبێتە "زەوی بەر چاوان".

بەرچێڵ(ە) berçel(e) *[barčela]* - "ژێر چەنەگە": بەر + چێڵ ber + çel، ↑بەر ber ئاماژە بە لای پێشەوە یان خوارەوە دەکا. کەرتی چێڵ cel وەك وشەیەکی سەربەخو دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا نەماوە، بەڵام دەبێ سەردەمێك وشەیەکی سەربەخۆ بووبێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ gill (E.) "گوێ ماسی" و khelune (Gr.) "شەویلکە، لێو" و kheîlos (Gr.) "لێو".

بەرخ berıx [barıx] - "بێچووی مەڕ": بەررە berre (P.)، warrag (MP.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Fohlen (G.)، folo (OG.)، foal (E.)، fula (Gt.)، fale (Sw.) "جوانوو، بێچووی ئەسپ"، polos (Gr.) "جوانوو، بێچووی ئاژەڵ"، pullus (L.) "جەوان، بێچووی ئاژەڵ"، puer (L.) "زاروک"، پور pur (P.) "کوڕ"، سەر بە ریشەی *(IE.) *pou- > " گچکە، کەموسکە". دە زمانە هیندو ئەوروپییەکاندا و لەوانەش زمانی کوردمادی چەندین وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک few (E.) "کەم"، putus (OG.) "کوڕیژگە"، pais (Gr.) "پس، منداڵ"، ↑پس pıs " کوڕ" [پسمام واتا کوڕی مام]، ↑پز pız "منداڵی ناو سک"، ↑بار bar "بێچووی پەلەوەر" و هتد.

[دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 195) وشەکە بردراوەتەوە سەر ریشەی *(IE.) *uer- > "خوری، ئاژەڵی پشمدار". vara- (Av.) و úra- (OIn.) "قۆچ، مەڕ" دەبێ لەم ریشەوە هاتبن و هەروەها ↑بەران beran دەبێ پێوەندی بەم ریشەوە هەبێ].

بەرد berd [bard] - "سەنگ": ward (MP.)، دە زمانی ئاوێستا دا varəta- (Av.) "بەرد" بە کار هاتووە. دە زمانی فارسیدا وشەی "لاجورد" هەیە [لاج + ورد] lāj(e)vard (P.) بە مانای "پیرۆزە، بەڕدێکی شینی بەنرخ". بە گوێرەی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 186) وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *uel- > "سفت بوون، رەق بوون". دە زمانی کوردیدا جگە لە بەرد، وشەی ↑پەل pel یش بەم مانایە دێ و ئەمە شێوەی کۆنتری وشەکە نیشان دەدا.

[تێبینی: لەباری فۆنۆلۆژیکەوە پێوەندی "پەل" بە ریشەکەی سەرەوە هەڵسەنگینە دەگەڵ وشەی *پێل* "شەپۆل" و ریشەی *(IE.) *uel- "سووڕان، با دران"].

بەردە berde [barda] - "بەندە": بردە barde (P.)، wardag (MP.)، varəta- (Av.) "دیل، بەردە"، سەر بە ریشەی -var و دواتریش ریشەی هیندوئەوروپی *(IE.) *uel- > "جیا کردنەوە، لێکردنەوە، دادڕین، رفاندن"، خزمە دەگەڵ uellō (L.) "دوورکردنەوە، بردن"، wilwan (Gt.) "تاڵان کردن" [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 186]. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ چەند وشەیەکی وەک↑ گورگ gurg، ↑وێرت wert و هتد.

بەرز berız [barız] - "بڵیند": ئەم وشەیە دەگەڵ وشەی بڵیند bılnîd هاوڕیشە و دە بنەڕەتدا هەر یەک وشەن. بلند boland (P.)، brhant (OIn.) "بەرز، بلیند"، barezah- (Av.) "بەرزایی، کێو"، Berg (G.) "کێو"، bairgahei (Gt.) "بەندەن، ناوچەی شاخاوی"، berg (Sw.) "تەپۆڵکە"، barrow (E.) "گڵکۆ [تەپۆڵکی سەر گۆڕ]"، berj (Arm.) "بەرزی"، bereg (Rus.) "رۆخی دەریا"، beorg (ON.) "تاشەبەرد، رەوەز"، fortis (L.) "بەهێز" [دەبنەڕەتدا زەلام، بەرز]، سەر بە ریشەی *(IE.) *bheregh > "بەرز، قیت". ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی *(IE.) *bher- > "*بردن*، هەڵگرتن، بڵیند کردن". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بردن bırdın.

بەرزا berza [barzā] - "یەکەم فرزەند، نۆبەرە": ↑بەر[2] + زا [↑زان zan] ber + za، واتا ئەوە لە پێشەوە هاتووەتە دونیا.

بەرزاخ berzax [barzāx] - "بەروار، بەرقەدی شاخ": ↑بەر[2] + زاخ ber + zax. زاخ شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شاخ şax.

بەرژەوەندی berjewendî [baržawandī] - "قازانج": لەوانەیە پێوەندی بە ↑وەرج werc ەوە هەبێ بە مانای "نرخ، بایەخ" و پێک هاتبێ لە بەرج berc [وەرج werc] + وەند wend. "وەند" [کۆنتر: بەند] پاشگری وە پاڵ دان و بەستنەوەیە. لەم تێڕوانینەوە مانای "بەرجەوەند" دەبێتە "نرخدار" و "بەرجەوەندی"یش دەبێتە "نرخداری".

بەرسڤ bersıv [barsıv] - "وەڵام": ↑بەر[2] + سڤ ber + sıv. سڤ sıv خزمە دەگەڵ sprechen (G.)، sprehhan (OG.)، spreken (Nl.)، spraka (Sw.)، specan (OE.)، speak (E.) "ئاخافتن، قسەکردن".

کەرتی "بەر" دە وشە کوردمادییەکە دا مانای ئەوە دەدا کە قسەیەک بەرەوروویی کەسێک یان قسەی کەسێک دەکرێتەوە، بە وتەیەکی دیکە بەرانبەر بە قسەی کەسێک شتێک دەگوترێ. ئەم وشەیە هەروەها خزمە دەگەڵ ↑دوان duwan "قسە کردن"،↑چپە çıpe و چپاندن çıpandın "بە دەنگی کز قسە کردن".

[تێبینی: وشەی Antwort (G.) "بەرسڤ، وەڵام" دە زمانی ئەڵمانیدا لە دوو کەرتی ant و Wortپێکهاتووە. کەرتی Wort مانای وشە (قسە) دەدا و دە ریشەدا خزمە دەگەڵ "ورتە"ی کوردمادی. کەرتی ant مانای رووبەروو (بەرانبەر) دەبەخشێ و خزمیشە دەگەڵ "هەنێ" دە زمانی کوردمادیدا. وشە ئەڵمانییەکە دە بنەڕەتدا ماناکەی دەبێتە: قسەیەک کە دە بەرانبەر قسەیەکی دیکەدا دەگوترێ واتا هەمان "بەرسڤ"ی کوردمادی].

بەرسیلە bersîle *[barsīla]* - "قۆرە، ترێی کاڵ": شێوەکانی دیکەی ئەم وشەیە بریتین لە بێسیرە besîre، پەسیرە pesîre، بێشیرە bêşîre، لەناو ئەو چەند شێوەیەدا وشەی بێشیرە bêşîre زۆرتر سرنج رادەکێشێ و دەتوانێ ریشەی وشەکەمان بۆ ساغ بکاتەوە. بەپێی ئەم وشەیە بەرسیلە واتا ترێیەک کە هێشتا شیلە (شیرە) ی تێ نەگەڕاوە و شیرن نەبووە (ترێی بەرلە شیرە تێگەڕان). کەواتە دەبێ وشەکە سەرەتا "بەرشیلە" بووبێ و دواتر گۆڕدرابێ بۆ بەرسیلە [↑شیلە].

بەرغەل berġel *[barġal]* - "گەلەی بەرخ و کاریلە": بەرگەل bergel یش دەگوترێ. دە بنەڕەتدا دەبێ بەرخگەل *berıxgel* بوو بێ [↑بەرخ + ↑گەل berıx + gel] و کورت کراوەتەوە .

[دە "فەرهەنگی هەرمان"یشدا ئەم وشەیە بەم جۆرە لێک دراوەتەوە، بڕوانە ل. 384].

بەرڤین bervîn *[barvīn]* - "تۆپین، کەوتین، سەکەت بوون": ئەم وشەیە هەر وەک وشەکانی کەوتین و سەکەت بوون دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای "کەوتن" بووبێ. لەم تێڕوانینەوە جێی بەراورد کردنە:

1- دەگەڵ werfen (G.)، werfan (OG.)، wairpan (Gt.)"خستن، فڕێ دان"، warp (E.)"با دران"، vrěšti (OSl.) "خستن، فرێ دان"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*wer- >*** "سووڕان، با دان".

2- لە لایەکی دیکەوە جێی بەراورد کردنە دەگەڵ ↑بەر ber بوونەوە و ↑بوورانەوە buranewe.

بەرک¹ berk *[bark]* - "گوللە": لەوانەیە خزم بێ ↑دەگەڵ werfen (G.)، werfan (OG.)، wairpan (Gt.) "خستن، فڕێ دان"، warp (E.)"با دران"، vrěšti (OSl.) "خستن، فرێ دان"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*wer- >*** "سووڕان، با دان".

بەرک2 berk *[bark]* - "گیرفان": ↑بەریک berîk ش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بەرکێ berg "1- جلک 2- کەرەسەی تیوەپێچان"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "پاراستن، ئاگاداری کردن".

بەرکم berkım *[barkım]* - "گۆلاو": ↑برک bırk "حەوز، ئەستێل".

بەرکێ1 berg *[barg]* - "1- جلک 2- دە هێندیک شت دەگیرێ بۆ ئەوەی کۆن و خراب نەبێ وەک لێفە و دۆشەک و کتێب": خزمە دەگەڵ bergen (G.)، bergan (OG.)، bairgan (Gt.)، beorgan (OE.)، brga (Sw.)، گشتیان بە مانای "هێنانە ژێر پاراستن، لە مەترسی دەرباز کردن"، سەر بە ریشەی ***bherg- > (IE.)*** "پاراستن، ئاگا لێبوون، هەڵگرتن لە شوێنێکی باش". دە زمانی ئەڵمانیدا وشەکە بەمانای "تیوەپێچان، حەشار دان" بە کار دێ. دە زمانی رووسیدا beregu (Rus.) دەبێتە "هۆدە، پەناو پەسێو". وەک دەبیندرێ لایەنی هاوبەش دە گشت زمانەکاندا مەسەلەی "پاراستن"ە. دیارە دە زمانی کوردمادیشدا بەرکێ شتێکە بۆ پاراستن و باش راگرتنی لەش [جل و بەرکێ] یان شتی دیکە وەک بەرگەدۆشەک، بەرگەلێفە و هتد.

[بەرکێ بەم مانایەی سەرەوە نابێ دەگەڵ "برکێ"ی فارسی بە مانای "گەڵا" تێکەڵ بکرێ. ئەمانە دوو وشەی جیاوازن و پێوەندی تێتیمۆلوژییان پێکەوە نییە. بەرکێ بە مانا کوردماديیەکەی دەبێ سەردەمێک دە زمانی فارسیشدا لە ئارادا بووبێ، وەک لە جووتە وشەی ساز و برکێ saz-o- berg (P.) دا دەبیندرێ، مەبەست لەم جووتە وشەیە دەبێ جلک و ئامێری شەڕ بووبێ، کەچی دە فەرهەنگەکانی زمانی فارسیدا

پەی بە مانای دروستی وشەی "برکَ" نەبردراوە و ئەمیان وەک هاومانای وشەی "ساز" داناوە و بە "ئامێر، چەک، کەرەسەی شەر" لێکیان داوەتەوە].

بەرکَ[2] berg *[barg]* - "یەکەی پەرتووک": دە زمانی کوردمادیدا دەگوترێ یەک یان چەند بەرکَ کتێب، یان دەگوترێ فڵانە کتێب دو یان چەند بەرگە، بەرگی یەکەم یان دووەمی فڵانە کتێب. ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە برکَا berg بە مانای "جلک" یان "جلد". ئەم چەمکە لێرەوە پەیدا بووە کە کتێب بەرگی تێ دەگیرێ و هەر بۆیەش دەگوترێ یەک یان چەند بەرکَ.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ ئەم چەمکە وشەی Band بەکاردەهێندرێ کە دەچێتەوە سەر binden (G.) "بەستن" و دە بنەڕەتدا مەبەست لێکبەستنی پەڕە کاغەزەکانی کتێبەکەیە].

بەرگن bergın *[bargın]* - "لوا، کوڵکەی وشتر و برخ":

1- لەوانەیە پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ کە لەژێر ↑برژۆڵ bırjol دا باس کراون.

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑بەران brean ەوە هەبێ، سەر بە ریشەیەک بە مانای "خوری".

بەرگە berge *[barga]* - بەرگە گرتن واتا "پێوەستان، خۆ ڕاگرتن، دەوام هێنان": خزمە دەگەڵ ↑بردن bırdın [بەر + گە ber + ge].

[تێبینی: چەمکی بەرگە گرتن دە زمانی ئەلمانیدا لە کردارێک وەرگیراوە بە مانای "بردن، هەڵگرتن"، tragen (G.) واتا "بردن، هەڵگرتن"، ertragen (G.) واتا "بەرگە گرتن، تەحەممول کردن". دە زمانی عەرەبیشدا هەر وایە: حمل "بردن، هەڵگرتن" و تحمل "بەرگە کردن". دە زمانی ئینگلیزیدا وشەکە هاوشێوە و هاوریشەی وشە کوردماديیەکەیە: bear (E.)].

بەرگەدە bergede *[bargada]* - "لای خوارەوەی ورکَ": بەر + ↑گەدە ber + gede، گەدە ئەسڵدا بە واتای "قەد، قەڵافەت، هەیکەل"ە. قەد یان گەد لێرەدا واتای "کەمەر، تیوقەد" دەگەیەنێ. بەرگەدە دەبێتە خوارەوەی قەد یان کەمەر، هەر وەک چۆن "بەرقەد"ی کێویش ئاماژە بە لای خوارەوەی کێو دەکا.

بەرنامە bername *[barnāma]* - "پڕۆگرام". لە زمانی فارسی وەرگیراوە [< *برنامە barnāme* (P.)]. وشە فارسییەکە بە پێودانی وشەی programm (Gr.) دروست کراوە

[pro واتا "بەر" و gramm یش لە graphein "نووسین"ەوە هاتووە، تێکڕای وشەکە "پێشنووس" مانا دەدا].

بەروار berwar *[barwār]* - "قەدی چیا": بەر + وار ber + war، مەبەست لای بەڕەوەی کێوە، "بەر" دە زمانی کوردمادیدا جگە لە مانای "پێش"، مانای "ژێر، خوارەوە"ش دەدا. ["سەر لە بەر" واتا سەرتا پا، سەرتاخوار]. کەرتی وار war- لەوانەیە پێوەندی بە ↑بەرد berd ەوە هەبێ و مەبەست "چیا" بێ. ئەم وشەیە لە کۆندا ورد verd بووە. شیاوی باسە کە دوو چەمکی "بەرد" و "شاخ" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و هەر بۆیە وشەکانیان پێوەندی ئێتیمۆلوژیک بە یەکەوە پەیدا دەکەن، بۆ وێنە "چیا" خزمە دەگەڵ وشەیەکی ئەڵمانی بە مانای "بەرد".

[تێبینی: بەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ بەرزاخ berzax "بەروار، بەرقەدی *شاخ*"].

بەروان(کە) berwan(ke) *[barwānka]* - "پارچەی سەرسینگی زارۆکان لەکاتی خواردندا": بەر + وانک ber + wank. کەرتی یەکەم، بەر ber بە مانای "پێش" یان بە مانای "سینکَ و بەر"ە، کەرتی دووەم پاشگری ↑وان wan- بۆ داپۆشین و پاراستنی ئەندامانی لەش بەکار دەهێنرێ، وەک دەستەوانە، پاوانە، ملوانکە، قامکەوانە و هتد.

بەڕوو beru *[barū]* - "بەری دارێکی جەنگەڵییە و ناوی دارەکەشە": balūt (P.)، خزمە دەگەڵ Föhre (G.)، foraha (OG.)، fuhr (OE.)، fir (E.)، fura (Sw.)، fyr (Den.) وهتد، گشتیان بە مانای "سەنەوبەر"، سەر بە ریشەی < *foruh* (Gm.)* "بەڕوو"، سەر بە ریشەی ****perku-s* < (IE.)** "بەڕوو". وشە ژێرمەنییەکە سەرەتا بە مانای "بەڕوو" بووە و دواتر مانای "سەنەوبەر"ی وەرگرتووە.

بەرۆ(ک) bero(k) [*barok*] - "یەخە": دەچێتەوە سەر ↑بەر[7] ber "سینکَ و بەر".

بەرە(ک) bere(k) [*barak*] - "سینەبەندی ئەسپ": ↑خزمە دەگەڵ ↑بەرۆک berok "سینکَ و بەر".

بەرە1 bere [*bara*] - "نەسل، وەچە": خزمە دەگەڵ ↑بەر1 ber "میوە، بەر و بۆم"، دەچێتەوە سەر کرداری ↑بردن bırdın، مەبەست بەرهەمی مرۆڤە [هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی بەرهاویشتن، بەرەباب، پاشە بەرە]. کرداری "بردن" دە بنەڕەتدا مانای "هەڵ گرتن" دەدا و لەبەر ئەوەی دار و درەخت هەڵگر ی میوەن، یان مرۆڤ [ژن] منداڵ دە سکی خۆیدا هەڵدەگرێ، بۆیە بەو شتە هەڵگیراوە گوتراوە بەر یان بەرە. خزمە دەگەڵ وشەکانی gebären (G.) [ge - bären] "زان"، gebärmutter (G.) "منداڵدان"، fertilitis (L.) "بەردار" و ferre (L.) "بردن، هەڵگرتن" و تێکڕا دەچنەوە سەر ریشەی ***bher-** > ***(IE.)*** "بردن، هەڵگرتن".

بەرە2 bere [*bara*] - "وەستانی باران": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑برینکَ bırīng [ئیشک و برینکَ]. لەلایەکی دیکەوە دەشێ پێوەندی بە "بڕین"ەوە هەبێ و مەبەست ئەوە بێ باران "لێی بڕیوەتەوە".

بەرە3 bere [*bara*] - "1- خەتتی پێشەوەی شەڕ 2- هەواڵبەندی هێزە سیاسییەکان": دە زمانی فەرەنسیدا front (F.) بۆ ئەم چەمکە بەکار هێنراوە کە دەچێتەوە سەر frons (frontis) (L.) "تێو چاوان (هەنێ)، لای پێشەوە". وشەی بەرە و هەروەها وشە لاتینییەکە دەگەڵ↑ بەر ber2 "پێش"ی کوردمادی خزمن. [دە زمانی عەڕەبیدا وشەی "جبهە" بۆ ئەم مەبەستە بە کار دەهێندرێ و دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا "هەنێ" یان "ئەنیا" بە کار دەهێندرێ کە هەر وەک وشە لاتینییەکە مانای "تێوچاوان"یش دەدەن].

بەڕە bere [*bara*] - "رایەخ":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑بەرین berîn و↑بەر[7] ber [سینکَ و بەر]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***uer-** > ***(IE.)*** "پان، بەرین". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها وەرە were هەیە بە مانای "بەڕەی زین".

2- کاک عەلی نانەوازادە ئەم وشەیەی بردۆتەوە سەر varr (Pl.) "خوری، جلک".

بەرەبەرە berebere [*barabara*] -" کەم کەم": وشەکە دەبنەڕەتدا بەمانای "کەم کەم" نەبووە بەڵکوو بەمانای "دەستەدەستەی یەک لەدوای یەک" بووە و دەبێ لە پێوەندی دەگەڵ بەرهەمی باغ و بێستان بە کار هێندرابێ و بۆ وێنە گوترابێ "سێوەکان بەرەبەرە پێ دەگەن" واتا "بەر لەدوای بەر". ئەوجار چونکوو ئەم رەوتە، رەوتێکی کوتوپڕ نییە و کات دەخایەنی، لێرەوە مانای وشەکە گۆڕدراوە بۆ "کەم کەم، پلە بە پلە".

بەرەڤانی berevanî [*baravānī*] - "1- بەرگری، دیفاع 2- ناوبژی": بەریڤانی berîvanî یش دەگوترێ. پێک هاتووە لە ↑بەر(ە) + ڤانی vanî + ber(e). "بەر" بە مانای "پێش" و "ڤانی" یش دەرگەڕێتەوە بۆ پاشگری ڤان /van↑ وان wan بەمانای "پاراستن".

بەرەلا berela [*baralā*] - "وێل، ئازاد، گەڕۆڵ": دە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر کرداری بەرهەڵدان berheldan، ئەسڵی وشەکە بەرهەڵدا berhelda بووە.

بەرەنگار berengar [*barangār*] - "دەروودا وەستاو": هەر وەک ↑بەربەرەکانی berberekanî دەچێتەوە سەر ↑بەر[2] ber "پێش". لەم وشەیەدا هەروەها پاشگری گار -gar بەکار هێنراوە [رۆژگار، شەوگار] و فۆتیمی n وەک ناوگر خزاوەتە پێش فۆتیمی g. ئەم دیاردەیە دە زمانی کوردمادیدا چەندین نموونەی لێ دەبیندرێ وەک هەنگاو، ئەنگووتن، ئەنگڕان و هتد.

بەرەهووت berehut [*barahūt*] - "چۆل و هۆل": برهوت barahūt (P.). وشەکە پێک هاتووە لە دوو کەرتی بەر(ە) bere + هووت hut. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑بەیار beyar و ↑بوور *bur* بە مانای "رووت، رووتەن". کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ Öde (G.)، ōdi (OG.)، īeđe (OE.)، öde (Sw.) "چۆل و

هۆل، نائاوەدان، تەریک". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***au-, *aue- > (IE.)** "دووربوونەوە لە، بەرەو پێش" و دەبێتە خزم بۆ وێنە دەگەڵ ↑حۆت hot "تووک وەریو، سەر رووتەن". وشەی west "خۆرئاوا" دە زمانە ژێرمەنییەکاندا لەم ریشەوە هاتووە.

بەرهەڵبێنە berhelbene [barhalbena] - "پێشبەندی ژنان لەکاتی ئیش و کاردا": ↑بەر[2] + هەڵبێنە ber + helbene پارچەیەکە بەپێی بار ودۆخی کار هەڵدەرێتەوە و بۆیە پێی گوتراوە بەرهەڵبێنە.

بەرهەم berhem [barham] - "بەر و بۆم": خزمە دەگەڵ ↑بەر[1] ber.

بەرهەنگ berhang [berhang] - "تەنگەنەفسی": مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێ "تەنگ بوونی سینگ" بووبێ. ↑بەر[7] ber لێرەدا مانای سینگ دەبەخشێ و هەنگ یش خزمە دەگەڵ eng (G.) "تەنگ". نەخۆشی Anginapectoris واتا توند بوونی سینگ بە هۆی گیرانی رەگەکانی دڵ خزمە دەگەڵ ئەو وشانە. وشەی "بەرهەنگ" دەتوانێ لە زمانی کوردمادیدا بۆ ئەم وشە لاتینییە بەرانبەرێکی باش بێ. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑خنکان xınkan و ↑هانکەهانک hankehank.

بەرەو berew [baraw] - "بۆلای": ↑بەر[6] ber "لا، ئاڵ" [بەربە← بەروە ← بەرەو].

بەراوەژوو beraweju [barawāžī] - "بەراوپشت": بەراوەژی berawejî بەرەواژی berewajî و واژی wajî یش دەگوترێن. پێک هاتووە لە بەر + ↑واژی ber + wajî [وەژوو weju].

بەریک berîk [barīk] - "بەرک، گیرفان": ↑بەرک berk.

بەرین berîn [barīn] - "پان، بەربڵاو": خزمە دەگەڵ ↑بەر[7] ber [سینگ و بەر]، سەر بە ریشەی ***uer- > (IE.)*** "پان، بەرین".

بەز bez [baz] - "رۆن، چەوری": خزمە دەگەڵ fett (G.)، fat (E.)، vet (Nl.)، fet (Sw.) "پڕچەوری"، veizen (OG.)، fa tan (OE.)، faita (OIs.) "قەڵەو کردن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***pē(i)- > (IE.)** "بەز هەبوون، قەڵەو بوون، ماسین، هەڵکفان".

بەزم bezım [bazım] - "شادی، خوش رابواردنی بە کۆمەڵ": دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 198) لەم بارەوە دوو شیمانە سەرنج رادەکێشن: 1- پێوەندی بە bhaj- (OIn.) "شاد بوون، لەززەت وەرگرتن"، 2- پێوەندی بە ریشەی baz- "پان و بڵاو کردنەوە، راخستن"ی سفرە و خوان).

بەزەیی bezeyî [bazayī] - "روحم، دڵۆڤانی": خزمە دەگەڵ ↑بەخشین[2] beşîxn "لێبوورین" و دواتر دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑باج bac، ↑بەش beş، ↑بەخت bext و هتد. دە بنەڕەتدا مەبەست لە مرۆڤی بێبەزەیی کەسێک بووە کە بەخشینی نییە، لە هەڵە و گوناهی کەسانی دیکە نابووری، بەپێچەوانەی مرۆڤێک کە بەزەیی هەیە، واتا بەخشەرە.

بەزین bezîn 1 [bazīn] - "بازد هاویشتن، غار دان، پەڕین": خزمە دەگەڵ ↑بزووتن bızutın. کرداری بەزین هەروەها دەگەڵ پێشگری دا -da و هەڵ -hel دێ [دابەزین dabezîn "جووڵان و بزووتن بەرەو خوار، هەڵبەزین helbezîn "بزووتن بەرەو سەر"]، مانای "هاتنەخوار" [بەتایبەتی هاتنەخواری سوار، پیادە بوون]، دە بنەڕەتدا تەنیا ئاماژەیەک بووە بە "بزوان" بەرەوە خوارەوە.

بەزین bezîn 2 [bazīn] - "دۆران": می بازم mī-bāzam (P.) "دەدۆرێم، دەیدۆڕێنم". بڕوانە ↑فس fıs 2 [فس خواردن].

بەژ bej [bež] - "وشکایی، وشکانی": جگە لەم وشەیە وشەی بەژی bej یان بەژک bejık یش هەیە بە مانای "دەغڵی دێمەکار". بە سەرنج دان لەو مانایانە دەتوانین وای بۆ بچین کە وشەکە دە بنەڕەتدا مانایەکی وەک "هیشک، بێ ئاو"ی گەیاندبێ. لەم تێڕوانینەوە لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی ***bhoso- > (IE.)** "رووت". وشەی ↑بۆر (بوورە) (bure) bor "زەوی نەکێڵدراو" دەچێتەوە سەر ئەم ریشەیە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بەیچەڵ beyçel "نەزۆک" [دە بنەڕەتدا: هیشک، شیرنەدەر"؟].

[تێبینی: جێی بیر هێنانەوەیە کە دوو وشەی "هیشک" و *ئارا* "دەشت، زەوی" یە یەکەوە خزمن].

بەژقین bejqîn *[bažqīn]* - "ورد بوون لە ژێر باری قورس": خزمە دەگەڵ ↑بژکین bıjkîn "پڕژ و بڵاو بوون".

بەژن bejın *[bažın]* - "لەش، بەدەن، هەیکەل": بشن bašn (.P). دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 204) دوو ریشە بۆ ئەم وشەیە پێشنیار کراوە: 1- پێوەندی بە -barəšnu (.Av) سەر بە ریشەی -barz "بەرزی، بڵیندی"، 2- ریشەی vaxš "هەڵدان، گەشە کردن". ریشەی یەکەم زۆرتر رێی تێ دەچێ، چونکوو پێوەندی دوو چەمکی بەژن و بڵیندی دە وشەکانی "بەژن و باڵا" و "قەد و باڵا"دا بە ڕوونی دەردەکەوێ. لەباری ماناوە ئەم وشەیە هەڵ سەنگینە دەگەڵ "قەد"ا. "بەژن" هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بەدەن beden.

بەس bes *[bas]* - "کافی، زۆر": بس bas (.P) "بەس"، هەروەها بسیار besyār (.P) "زۆر، گەلێک". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە کە بە گشتی ئەم مانایانە دەدەن: زۆر بوون، لە زۆری دان، گەورە بوونەوە، هەڵمسان". یەکێک لەم وشانە ↑بەش[1]beş [بەشم دەکا واتا بەسە بۆم، زۆرە بۆم]. دە فارسیدا دا بیش bîş (.P) مانای "زۆر" دەدا. بنەوشەی بەس / بەش بە شێوەی جوربەجۆر و بە هێندێک گۆڕانەوە لەم وشانەی خوارەوە دا دەردەکەوێ: ↑بۆش boş "زۆر" [لەشکرێکی بۆش]، هەروەها بە مانای "کراوە، هەراو، هەڵۆڵ"، ↑فشین fışîn [لە خۆ فشین واتا خۆ زل کردنەوە، با دە خۆ کردن]، ↑فیز fîz "خۆ بەزل زانی، بادیهەوایی"، ↑پزان pızan [هەڵپزان]، ↑بێشە bêşe "جەنگەلی چڕ و پڕ" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhu- >*** "ماسین، با کردن". دە پلەیەکی دیکە دا ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑بۆق boq [دەبنەڕەتدا واتا هەڵمساو]، ↑بۆقژە boqje، ↑بۆقل boqıl "گۆشتی بەلەک" و هتد.

[دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 200) وشەی "بس" بردراوەتەوە سەر ریشەی -vas "ئارەزوو، مەیل، ویست". ئەم بۆچوونە لەوە ناچێ راست بێ].

بەستن bestın *[bastın]* - "گرێ دان، داخستن": دە زمانی ئەڵمانیدا بە توێژی ناوەوەی توێکڵی گژ و گیا کە وەک بەن بۆ گرێ دان و بەستن کەڵکی لێوەرگیراوە، دەگوترێ Bast (.G)، بەم کرداری بەستنەش گوتراوە besten (.G). هەروەها دە زمانی ئەڵمانی ئەمڕۆ دا basteln (.G) هەیە بە مانای "تێکخستن و لێکبەستن"ی چەند شتێک وەک کارێکی دەستی و دروست کردنی شتێک. ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەکانی سەرتر و ریشەی ئەم وشە ئەڵمانییانەش ساخ نەکراوەتەوە. وشە کوردمادییەکە لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. دە زمانی فارسیدا بنەوشەی "بست" بۆ کرداری رابردوو بەکار دێ [بستم bastam (.P) "بەستم"] و بۆ کرداری ئێستا بنەوشەی "بند" بەکار دێ [می بندم mībandam (.P) "دەبەستم". شیاوی باسە ئەم دوو رەگی کرداره هەر یەکەی سەر بە ریشەیەکی جیاوازە].

[دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 201) ئەم وشەیە بردراوەتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhe(n)dh- >*** "بەستن، گرێ دان، قایم کردن". بەڵام ئەمە ریشەیەکە کە "بەن، بەند" لێیەوە هاتووە، نەک "بەستن"].

بەستە beste *[basta]* - "گۆرانی": دە زمانی کوردمادیدا زۆرجار لە جێاتی گۆرانی وشەی بەند bend یش دەگوترێ [دا توخودا بەندێکی تێ هەڵکە]. ئەمە لەوەڕا هاتووە کە گۆرانییەکان لە چەند بەندێک واتا چەند بەشێکی لێکبەستراو و گرێدراو پێک هاتوون. ئیتر لێرەوە "بەند" خۆی مانای گۆرانی وەرگرتووە. دە هێندێک شێوەزاردا وشەی "بەستە" لەجیاتی بەند جێی خۆی کردۆتەوە. [بڕوانە ↑بەستن]. وشەی ↑هەڵبەست helbest یش لەم پێوەندییەدا جێ دەگرێ.

[تێبینی: سەبارەت بە مانای "بەند، بەستە" وەک گۆرانی هەروەها دەتوانین دەگەڵ وشەکانی "قام" و "چامە"ش هەڵی سەنگینین. ئەم وشانەی دوایی خزمن دەگەڵ سیم "تاڵ" و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هۆندنەوە، گرێ دان، تێک خستنەوە، درووون"].

بەستیر bestîr [*bastīr*] - "جۆرێک مافووره": خزمه دەگەڵ ↑بەستین besten.

بەستین besten [*basten*] - "هەردی بنەوەی چۆم و ئاوان": بستر bester (P.) هەم بەمانای "بەستین" و هەم بە مانای "جێگەی خەو، شوێنی لەسەر راکشان"، wistar (MP.). ئەم وشانە خزمن دەگەڵ upastərəna- (Av.) و upastárana- (OIn.) "فەرش، رایەخ، پۆشش"، سەر بە ریشەی *star-* "پان و بڵاو کردنەوە". دە زمانە ئێرانییەکاندا چەندین وشە هەن بە مانای "فەرش و رایەخ" یان "شوێنی لەسەر دانیشتن و نووستن" کە دەگەڵ ئەو وشانە خزمن. [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 200]. کاک عەڵی نانەوازادە وشەی بەست [بەستین]ی بردۆتەوە سەر vistarak (Av.) و vistarg (Pl.) بە مانای "نوێن، جێخەو، جل، رایەخ " [بڕوانە "فەرهەنگی هەرمان"، ل. 420]. ئەم وشانەی دوایی دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا بوونە ↑بەستیر bestîr "جۆرێک مافووره". هەروها وشەی فارسی گستردن gostardan (P.) "بڵاو کردنەوە، راخستن" دەبێ پێشتر *vistardan* بووبێ و پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

[تیبینی: یەکێک لە گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی فارسی گۆڕانی فۆتیمیv ی فارسی کۆن و ناوین بە g دە فارسی نوێدایە. دە زمانی کوردمادیدا فۆتیمە کۆنەکە زۆرتر پارێزراوە، وەک وەژاردن vejardın (هەڵوەژاردن) و بژاردن bıjardın (هەڵبژاردن) و گزیدن gozīdan (برگزیدن) دە فارسیدا، ورسی vırsî [برسی bırsî] دە کوردمادیدا و گرسنە goresne دە فارسیدا یان "فش" دە کوردمادیدا و "گشاد" دە فارسیدا].

بەسرپێرێ besırpere [*basırpere*] - "رۆژێک بەر لە پێرێ، سێ رۆژ پێش ئێستا": بەسر + ↑پێرێ pere + besır. "بەسر" دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پاش paş [پس pas (P.)] و دە بنەڕەتدا مەبەست "پاشتر" لە پێرێ بێ.

بەش1 beş [*baš*] - "بەس، تێر": [ئەوەندە بەشم ناکا]، ئەم وشەیە جیاوازە لە "بەش" بەمانای "پاژ، لەت"، وشەیەکی سەربەخۆیە و خزمە دەگەڵ ↑بەس bes. "ئەوەندە بەشم ناکا" واتا ئەوەندە بەس نییە بۆم.

بەش2 beş [*baš*] - "پاژ، لەت": دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bhag- >*** "بەش کردن، بەش وەرگرتن". چەندین وشە دە زمانی کوردیدا دەگەڵ ئەم وشەیە خزمن، وەک ↑باج bac، ↑بەخت bext، ↑بەخشین bexşîn و هتد. هەروەها Backe (G.) "گوپ، گونا"، phageīn (Gr.) "خواردن" و فک fak (P.) و ↑پووک puk"شەویلکە" پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە. مانای "خواردن" لە وشەکانی سەرەوەدا دە بنەڕەتدا بریتی بووە لە "بەش وەرگرتن".

بەش3 beş [*baš*] - "ئاژەڵی تیوچاوان سپی": شێوەیەکی دیکە لە ↑ بازکَ bazg و ↑ واش waş.

بەشکوو beşku [*baškū*] - "رەنگە، لەوانەیە": شێوە کۆنترەکە ↑بەشکم beşkım ە، کە لەپاڵ شێوە تازەکەدا بەکار دێ. پێک هاتووە لە بە + شک + م be + şık + ım، دەبنەڕەتدا واتا "بە شکی من، بە گومانی من". دەچێتە سەر وشەی *شك šakk (Arb.)* "گومان". وشە عەرەبییەکە وێ دەچێ وەرگیرابێ لە scire (L.) "ناسین، زانین، تێگەیشتن" یان sképsis (Gr.) "لێڕوانین، تیفکرین، گومان کردن".

بەشین beşîn [*bašīn*] - "(دا)بەش کردن": بڕوانە ↑بەش2 beş "پاژ، لەت".

بەغمە beğme [*baġma*] - "ملەخڕە، دووشاخە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بۆقژە boqje، سەر بە ریشەیەک بە مانای "هەڵمسان".

بەفر befr [*bafr*] - "ئاوی بەستوو کە دەبارێتە سەر ئەرز": برف barf (P.)، wafr (MP.)، vafra- (Av.) "بەفر"، سەر بە ریشەی vap- "پرژان، رژان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uep- >*** "رژان، پڕژان". [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 191].

بەفش befş [*bafş*] - "1- فلچەی مافووره ماڵین 2- شەی جۆڵایی": بەوش bewş یش دەگوترێ. وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ ↑بافت baft.

[تێبینی: دەزمانی عەرەبیدا "بقا "بەمانای "مانەوە" هەیە، بەڵام لەوە ناچێ وشە کوردماددییەکە لەمە وەرگیرابێ، چونکوو ئەم مانایە زۆرجیاوازە دەگەڵ ئەو مانایانەی کە وشە کوردماددییەکە هەیەتی].

بەقتین beqtîn *[baqtīn]* - "تەقین": شێوەیەکی دیکە لە ↑پۆقین poqîn.

بەکێ beg *[bag]* - "خان، ئاغا": دە "فەرهەنگی هەرمان"دا (ل. 431) ئەم وشەیە بردراوەتەوە سەر *beg (Tur.)*. لە لایەکی دیکەوە وشەی big (E.) "گەورە، بەهێز" لەم بارەوە سەرنج رادەکێشێ. ئەم وشە ئینگلیزییە بە پێی بۆچوونێک دەبردرێتەوە سەر زمانە سکاندیناوییەکان.

بەل1 bel *[bal]* - "بزنی گوێ لوول": خزمە دەگەڵ ↑وێل wel و ↑پێل pel و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *wel- >*** "سووڕان".

بەل2 bel *[bal]* - "1-دەرپەڕیو، بڵیندتر لە دەوروبەری 2- درێژ (مل بەل)": خزمە دەگەڵ ↑باڵا bala.

بەل3 bel *[bal]* - "هەڵواسراو، شۆڕ": خزمە دەگەڵ ↑فل fıl [شل و فل]، دە فارسیدا دەگوترێ "شل و ول" wel (P.). ئەم وشانە دە بنەڕەتدا خزمن دەگەڵ↑ بڵاو bılaw و سەر بە ریشەیەک بە مانای " لەبەر یەک کێشرانەوە". شیاوی بیر خستنەوەیە کە وشەی "شۆڕ"یش خزمە دەگەڵ "شل" و لێرەوە پێوەندی وشەکانی سەرەوە دەگەڵ یەکتر باشتر دەردەکەوێ.

بەڵا bela *[balā]* - "رووداوی زۆر ناخۆش": خزمە دەگەڵ Plage (G.) "رەنج، ئازار، بەدبەختی"، plāga (OG.) "بەدبەختی، بەڵای ئاسمانی، سزای خودا، زجرو ئازار". زمانی ئەڵمانی ئەم وشەیەی لە plag (L.) "زەبر، لێدان، زەبری ئاسمان" وەرگرتووە و ئەویش دەچێتەوە سەر plāgā (Gr.) "لێدان، زەبر، بریندارى". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑پلۆسین plosîn "لێدانی توند".

بەلاش belas *[balāš]* - "مفت، خۆڕایی": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ billig (G.) "هەرزان بایی"، billih (OG.) "لەبار، گونجاو". دیارە سەرەتا مەبەست لەبار بوونی نرخ و قیمەت بووە. مانای وشە ژێرمەنییەکە لە "لەبار"ەوە گۆڕدراوە بۆ "هەرزان" و دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bil- >*** "وێنە، شێوە".

بەلال belal *[balāl]* - "سەرداری برژاو": بلال balāl (P.) < *palāl- (In.) "کا"* < *pálāla-* (OIn.) "لاسک، کاه" [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 207]. وشە هینداییەکان هەڵسەنگینە دەگەڵ ↑پاڵ[3] pal [پەین و پاڵ].

بەڵالووک belaluk *[balālūk]* - "ئاڵووباڵو": پێک هاتوو لە بەڵ + ئالوو + ک bel + alu + k، کەرتەکانی ئەم وشەیە لە وشەی ↑ئاڵووباڵو alubalu شدا هەن. لەوشەی "بەڵاڵووک"دا پاشگری گچکەندنی ıkهاتووەتە سەروشەکە و دووکەرتی ئاڵ alu و باڵ bal [یان بەل bel] پاش و پێش بوون.

بەلان belan *[balān]* - "تەژەی ناحەز": خزمە دەگەڵ ↑بڵیند bılînd و دە بنەڕەتدا مەبەست مرۆڤی زل و بڵیند بووە.

بەلبەشۆ belbeşo *[balbašo]* - "تیکەوڵیکە، کەسبەکەس، ئاڵۆز": بلبشو belbešū (P.). وێ دەچی خزم بێ دەگەڵ ↑پێڵ pel "مەوج، شەپۆل" و ئەو وشانەی دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *uel- , *wel- >*** "سووڕان، خولان، با دران". لەم تێڕوانینەوە "بەلبەشۆ" دۆخێک دەگەیەنێ کە ئارامی و ئۆقرەیی نامێنێ و سووڕاتیکی تێکەڵ پێکەڵ دێتەئاراوە.

بەڵخ belıx *[balıx]* - "1- کەڕوو 2- بڵخ": وەک لە ژێر وشەی ↑بڵخ bılx دا هاتووە، ئەم وشەیە دەشێ لە ریشەیەکەوە پەیدا بووبێ بە مانای "درەوشانەوە".

[تێبینی: شیاوی باسە کە دە زمانی ئەڵمانیشدا Schimmel (G.) "کەڕوو، برش" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە". هەروەها هەلیسەنگینە دەگەڵ↑برش bırış "کەڕوو"].

بەڵشین belşîn *[balšīn]* - "تێکەوەگلان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑وڵین wılîn "گڵۆفین، گوشین".

بەلک belk *[balk]* - "نەرمەی گوێ": خزمە دەگەڵ ↑بەل[3] bel "هەڵواسراو، شۆڕ".

بەڵگە belge *[balga]* - "سەنەد، مەدرەک، دەلیل": برگە berge (P.) "سەنەد، کارت، کاغەزێک کە وەک بەڵگە و نیشانە وایە". دە فارسیدا خزمە دەگەڵ برکَ berg (P.)، warg (MP.)، varəka- (Av.) "گەلا"، دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پەلک pelık "گەڵا، هەرشتێکی وەک گەڵا پان و تەنک". مانای بنەڕەتی وشەکە "گەڵا" بووە و پاشان مانای "پەڕی کاغەز"ی لێ پەیدا بووە و دواجاریش مانای "سەنەد و مەدرەک"ی وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی سەنەد و مەدرەک لەسەر کاغەزێک نووسراون و پارێزراون. وشە ئێرانییەکە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە ورقە waraqa (Arb.).

بەلوٚ belo *[balo]* - "لەقەبی گورکَ": ئەم وشەیە دەبێ شێوەیەکی کۆنتر بێ هەر لە وشەی ↑گورکَ gurg.

بەلۆکە beloke *[baloka]* - "میتکە، قیتکە": ↑بەل[2] bel "قیت، دەرپەڕیو".

بەلەباریک belebarîk *[balabārīk]* - دە بنەڕەتدا دەبێ بالاباریک balabarîk بووبێ. [بڕوانە↑باڵا bala و ↑باریک barîk].

بەڵەد beled *[balad]* - "شارەزا، بە ئەزموون": بلد balad (P.). خزمە دەگەڵ "وارتن" [↑ئاوارتن awartın، a-wartın، هەڵاوارتن یان هەڵاواردن] سەر بە ریشەی ***(IE.) *uel-, *wel- >*** "هەڵبژاردن". "بەڵەد" دە بنەڕەتدا کەسێکە کە بە پێی ئەزموون و شارەزایی دەتوانێ (ڕێگە) هەڵبژێرێ یان بەگشتی بڕیاردەر بێ.

[سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "شارەزا، بەڵەد" و "هەڵبژاردن" بڕوانە وشەی ↑گەزەک gezek 2 "شارەزا، بەڵەد"].

بەلەفیڕە belefîre *[balafīra]* - "سک چوونی پەیتاپەیتا": کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە↑ پەلە pele "لەز". بۆ کەرتی دووەمی وشەکە بڕوانە ↑فیڕاندن fîrandın.

بەلەک belek *[balak]* - "نەرمە گۆشتی خوارەوەی لاق": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی کە لە ژێر ↑بۆل bol "دەنکی ترێ" باس کراون و سەر بە ریشەیەکن بە مانای "هەڵمسان". ئەم بەشە گۆشتە لەبەر خڕ و پڕ بوون و هەڵمساو بوونی ئاوا ناو نراوە.

بەڵەک belek *[balak]* - "دوورەنکَ، ڕەش و سپی یان سوور و سپی": خزمە دەگەڵ blass (G.) "سپی هەڵگەڕاو، ڕەنکَ پەڕیو"، blas ros (OG.) "ئەسپی بەڵەک"، Blesse (G.) "پەڵەی سپی ئاژەڵی ماڵی"، blac (ME.) "سپی هەڵگەڕاو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhel- >*** "بریقانەوە، درەوشانەوە". وشەکە دەزمانی کوردمادیشدا دەبێ سەرەتا بە "ڕەنگی سپی، پەڵەی سپی" گوترابێ کە لەسەر پێستی ئاژەڵ وهێندێک جاریش مرۆڤ پەیدا دەبێ و وای لێ دەکا پێستەکە ببێتە دوورەنکَ.

بەلەم belem *[balam]* - "گەمێ": بلم balam (P.). خزمە دەگەڵ ↑پەل pel "ناقووڵ" [بەلەم جۆرە گەمێیەکی پەلە و ناوەکەشی لەوەڕا هاتووە].

بەلەنگاز belengaz *[balangāz]* - "هەژار، بێچارە": دەشێ وشەکە بەم شێوەیە پێک هاتبێ: بەل + ئەنکَ + ئاز [پاشگری بە ئاوەڵناو کردن] bel + eng + az. کەرتی بەل -bel دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑پەل pel "دەست" یان شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑باڵ bal [دەست و باڵ]. کەرتیٚ "ئەنکَ "eng خزمە دەگەڵ eng (G.) "تەنکَ" و ↑هانک hank و ↑خنکان *xınkan* سەر بە ریشەی ***(IE.) *anĝh- >*** " تەنکَ، تەنگاندن، ڕێکگوشین". کەرتی سێهەم واتا "ئاز" پاشگری بە ئاوەڵناو کردنە. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر ئەم پاشگرە بڕوانە ↑-ئۆز oz-. بەم پێیە مانای وشەی بەلەنگاز دەبێتە "دەست تەنکَ".

بەلیاندن belyandın *[balyāndın]* - "ڕازی کردن، قانع کردن": دەچێتەوە سەر ↑بەڵێ bele "ئەرێ"، لەم تێڕوانینەوە مەبەستەکە دەبێتە ئەوە کە لایەنی بەرانبەر بهێندرێتە سەر بەڵێ گوتن واتا ڕازی بکرێ.

بەڵێ bele *[bale]* - "ئا، باشە": بلە bale (P.). خزمە دەگەڵ woll (G.)، wola (OG.)، wal (OF.)، wel (OE.)، well (E.)، wel (Nl.)، väl (Sw.) "باش، باشە". وشە ژێرمانییەکان خزمن دەگەڵ کردارێکی

ژێرمەنی بە مانای "ویستن، خواستن": wollen (G.)، will (E.) و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***wel-** (IE.)* "ویستن". بەم پێیە مانای وشەی بەڵێ دە بنەڕەتدا "بە پێی ویست و ئارەزوو" بووە و دواتر بووەتە "باش، باشە". سەرەتا کاتێک گوتراوە "بەڵێ باشە"، مەبەست ئەوە بووە کە "باشە، بە گوێرەی ویست (ی ئێوە)، هەر چۆنێک ئێوە بخوازن"، دە زمانی ئەلمانیشدا دەگوترێ ja woll (G.) "ئا بەڵێ، ئا باشە".

بەڵێن belen *[balen]* - "قەوڵ، وادە": لە وشەی ↑بەڵێ bele وەرگیراوە، دە بنەڕەتدا مەبەست بەڵێ گوتن بووە سەبارەت بە داوایەک.

بەم bem *[bam]* - "دەنگی بەرز" [زیل و بەم]. بم bem (P.). خزمە دەگەڵ بام bam (P.) "بان، سەربان". کەواتە دەنگی بەم دەنگێکە لە بانەوەیە، بەرزە. [بڕوانە ↑بان ban].

بەن[1] ben *[ban]* - "ریس، دەزوو": خزمە دەگەڵ بند band (P.) "بەن، بەند" و می بندم mībanam (P.) "دەبەستم"، binden (G.)، bind (E.)، bintan (OG.)، bindan (Gt.) "بەستن"، سەر بە ریشەی < ***bhendh-** (IE.)* "بەستن". "بەن" بویە ئەو ناوەی لەسەر داندراوە، چونکوو شتی پێ بەستراوە. دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا وشەی band مانای "بەن، بەند" دەبەخشێ.

بەن[2] ben *[ban]* - "ناوی دارێکە": [دارە بەن]، جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ بن bon (P.) "پنچک"، wan (MP.) "دار، پنچک"، van- و-vanā (Av.) "دار"، ván (OIn.) "دار، جەنگەڵ، چێو" و هتد. سەبارەت بە پێوەندی وشە فارسییەکە دەگەڵ ئەو چەند وشەی سەرەوە بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 209.

بەند bend *[band]* - "1- بەن 2- زیندان 3- گیرو گرفت 4- بەرگێرەی ئاو 5- جومگەی قامک 6- پارچەیەک لە گۆرانی": بە هەموو ماناکانییەوە پێوەندی هەیە بە ↑بەن[1] ben بە مانای "پەت، دەزوو، ریس" و دە راستیدا شێوەیەکی کۆنترە لەم وشەیە. تەواوی ئەو مانا جۆربەجۆرانەی کە وشەی بەند هەیەتی، پێوەندییان بە چەمکی "بەستن و بەستنەوە" هەیە، بۆ وێنە جومگەی قامک بۆیە پێی گوتراوە بەند، چونکوو شوێنی لێکبەسترانی ئێسکەکانی قامکە. ئەوجار هەر وەک چۆن قامک لە چەند بەند پێک هاتووە، گۆرانییەکیش دابەش کراوە بەسەر چەند بەنددا، واتا چەند بەشی لێک گرێدراو.

بەندۆڵ bendol *[bandol]* - "زەنبەلەک": پاندۆڵ pandol یش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر pendulus (L.) "هەڵواسراو" و لەوێشەوە بۆ pendere (L.) "هەڵواسراو بوون، لەرینەوە لە هەوادا". ئەمەش خۆی خزمە دەگەڵ pendere (L.) "هەڵواسین، وەزن کردن". وشەکە هاتووەتە ناو زمانە ژێرمەنییەکانیشەوە، بۆ وێنە pendel (G.). دە شێوەزاری باکووردا وشەی ↑باندۆر bandor بە مانای "گوشار، کارتێکەری" بەکار دەهێنرێ، لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و دە بنەڕەتدا مەبەست "قورسایی" بووبێ.

بەندە bende *[banda]* - "1- بەردە، کۆیلە 2- وشەی خۆ ناساندن دە بەرانبەر لایەنی مەزندا": بندە bende (P.). خزمە دەگەڵ↑ بەند bend. بەندە مرۆڤێکی ئازاد نەبووە، بە وتەیەکی دیکە مرۆڤێکی بەستراوە و ماڵی خاوەنەکەی بووە و بۆیە ئەوها ناودێر کراوە.

بەندەر bender *[bandar]* - "1- شاری قەراخ دەریا 2- شوێنی راگرتنی کەشتی": پێوەستە بە ریشەی band- [بڕوانە ↑بەند bend]. مەبەست شوێنێکە دەوری بە دەریا گیراوە، دوری بەستراوە.

بەندەن benden *[bandan]* - "شاخ و کێو": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Tann (G.)، denn (E.) "جەنگەڵ"، dhenvan (OIn.) "بیابان" و dhanu (OIn.) "دورگە". ئەم وشانە بەگشتی بۆشوێنی دوورەدەست و دەرەوەی ئاوایی بەکارهێندراون. لەوانەیە وشە کوردماددییەکە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و لە دوو کەرتی بان + دەن *ban + den* پێک هاتبێ کە لەم حاڵەتەدا ماناکەی دەکاتە شتێکی وەک "سەرچیا".

بەنگ beng [*bang*] - "ماددەیەکی سڕکەر": بنگ bang (P.). خزمە دەگەڵ bangha- (Av.) "ناوی گیایەک بووە ماددەیەکی سڕکەریان لێ گرتووە". ریشەکەی ساخ نەکراوەتەوە. [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" ل. 212].

بەه beh [*bah*] - "وشەی ئافەرین و پێهەڵگوتن": بەه bah (P.) "بەه" و بهتر behtar (P.) "باشتر". خزمە دەگەڵ vouh- (Av.)، vásu- (OIn.) "باش، چاک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uesu- >*** "باش". دە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا بۆ ئەم دۆخە wow (G.) و (E.) دەگوترێ. ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە باس نەکراوە.

بەها beha [*bahā*] - "نرخ، وەرچ": وەها weha ش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکە لە ↑بایی bayî.

بەهار behar [*bahār*] - "وەرزی سەرەتای ساڵ": بوهار buhar و وەسار wesar یش دەگوترێ. بهار bahār (P.)، wahār (MP.). خزمە دەگەڵ vaŋhar- (Av.)، vasantá (OIn.) "بەهار" و vasará (Lit.) "هاوین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ues-r- >*** "بەهار" و دواتر سەر بە ریشەی ***(IE.) *aues- >*** "هایسان، درەوشانەوە". بەم پێیە بەهار واتا وەرزی هەتاو و گەرما. [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 221].

بەهتین behtîn [*bahtīn*] - "توانەوە، حەلین": لە لایەکەوە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑پێژان pejan "کوڵاندن، لێنان". وشەکە بە تایبەتی هەڵ سەنگینە دەگەڵ bähen (G.) "پیشاندن" و baden (G.) "گرماو کردن". ئەم وشانەش خزمن دەگەڵ "پێژان" و "پیشان".

بەهرە behre [*bahra*] - "1- داهات، قازانج 2- نیعمەت": بهرە bahre (P.) و bahrag (MP.) "بەش، قازانج". بە گوێرەی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 222) دە ریشەدا خزمە دەگەڵ ↑بەش ş وbe↑ بەخت bext و baxəδra- (Av.) "بەش" و bhadrá- (OIn.) "خۆشبەخت، بەختەوەر".

بەهلنگی behlıngî [*bahlıngī*] - "باڵنج": شێوەیەکی دیکە لە ↑باڵنج balınc.

بەهەشت beheşt [*bahašt*] - "فیردەوس": بهشت bahešt (P.). خزمە دەگەڵ wahišt (MP.) "باشترین، بەهەشت"، vahišta- (Av.) "باشترین"، vásistha- (OIn.) "باشترین". بەم جۆرە مەبەست لە بەهەشت "باشترین ژیان" بووە. [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 222]. بەم جۆرە دەبێتە خزم دەگەڵ↑ بەه beh "وشەی ئافەرین و پێهەڵگوتن".

بەیات beyat [*bayāt*] - "خۆراکێ شەو مابێتەوە، ناتێک کە ماوەتەوە و چێر بووە": پاتە pate ش دەگوترێ. بیات beyāt (P.). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑پەیت peyt "رەق". زمانی عەرەبی ئەم وشەیەی لە زمانی کوردمادی وەرگرتووە.

بەیار beyar [*bayār*] - "زەمینی نەکێڵدراو": ↑بوور bur یش دەگوترێ.

بەیان beyan [*bayān*] - "سەرەتای رۆژ، سپێدە، سۆزی": خزمە دەگەڵ ↑بان ban [تاو وبان] لە ریشەیەکەوە دێ بەمانای "روونا‌کی".

بەیت beyt [*bayt*] - "چیرۆکی هۆنراوە کە بە گۆرانی دەیڵێن":

1- وەک دەزانین "پەخشان" بە جۆرێک لە نووسین یان وێژە دەگوترێ کە "پەخش و بڵاو"ە، واتا وەک هونراوە چڕ و پڕ و تێکچڕاو نییە. بە پێچەوانەوە، "هونراوە" نووسین یان وێژەیەکە کە خەست و پەیت کراوەتەوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پێوەندییە دەشێ "بەیت" دە بنەڕەتدا بە مانای "هۆنراوە" هاتبێ و دەگەڵ ↑پەیت peyt "توند، سفت، بەهێز" یەک ریشەی هەبێ. بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ پیت *pît* "بەرهەم، رێژەو" [دەبنەڕەتدا: هێز و بڕشت] و ↑پتەو pıtew. [دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی dicht (G.) مانای "چڕ و پڕ" دەدا و Gedicht (G.) دەبێتە "هۆنراوە"].

2- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە poesis (Gr.) "هۆنراوە" سەر بە کرداری poein (Gr.) "کردن، داهێنان، بەدی هێنان". کاک عەلی نانەوازادە دەڵێ کە ئەم وشەیە لە -pad (Av.) "شێعر" کەوتۆتەوە و وشەی poetes (Gr.) " هۆنەر، داهێنەر" بە وشە ئەوێستاییەکەوە گرێ دەدا ("فەرهەنگی هەرمان"، ل. 454).

بەیتاڵ beytal [*baytāl*] - "پزیشکی ئاژەڵ": وەیتاڵ weytal یش دەگوترێ. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *ueid- , *weid- >*** "دیتن، زانین، تێگەیشتن، دوزینەوە". ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، دەبێتە خزم لەگەڵ ↑ئاوەز awez [a-wez]. هەروەها هەڵی سەنگینە لەگەڵ ↑پیتۆڵ pîtol "زانا" و ↑ویتویتک wîtwîtık "پەڕتووکێکی پیرۆزی ئێزیدییەکان (ئەزادییەکان).

[تێبینی: شیاوی باسە کە وشەی medicus (L.) "پزیشک" دە بنەڕەتدا مانای "هەڵ سەنگینەر، بە مشوور، ژیر" دەبەخشێ].

بەیچەڵ beyçel [*bayčal*] - "نەزۆک": دەشێ پێک هاتبێ لە بەیچ + ەل beyç + el . کەرتی بەیچ- دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە↑ بەژ baj "وشکانی" [دەبنەڕەتدا وشک]. مەبەست لە بەیچەڵ دەبێ هیشک بوون بە مانای "شیرلێ نەهاتن" بێ.

[تێبینی: پێوەندی "نەزۆکی" و "هیشکی" لە وشەی قسر qısır یشدا بەرچاو دەکەوێ کە ئەویش دە بنەڕەتدا مانای "هیشک" دەگەیەنێ.

بی bî [*bī*] - "ناوی دارێکە، دارەبی": بید bîd (P.)، wīda (OG.)، weide (G.)، withy (E.)، vide (Sw.)، vitis (L.)، vitvina (Rus.) سەر بە ریشەی ***(IE.) *uei-, *wei- >*** "با دان، چەمانەوە، هۆنین". لە بەر ئەوەی لک و پۆی ئەم دارە، شلک و ناسکە و بە هاسانی دەچەمێندرێتەوە و بۆ چنینی سەوەتە و قەرتاڵە و تەنینی پەرژین و هتد کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەم جۆرە ناودێر کراوە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑با ba دان و ↑هۆنین honîn و چەندین وشەی دیکە.

بیابان bîyaban [*bīyābān*] - "سەحرا": بیابان bīyābān (P.)، wiyābān (MP.). بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 224) وشەکە پێک هاتووە لە پێشگری -vi "وێران کردن، خراب کردن" و ریشەی < *vap-*] ***(IE.)*uep- >*** "رشتن، رووخاندن، پڕژاندن"] و بەراورد کراوە دەگەڵ -vī-vāpa (Av.) "وێرانی".

بیانوو bîyanu [*bīyanū*] - "عوزر": بهانه bahāne (P.). بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل.222) دەچێتەوە سەر ریشەی -vah "داپۆشین، لێهاڵان" و خزمە دەگەڵ-vasana (OIn.) "جل و بەرکَ". لەباری ماناوە وشەکە بەراورد کراوە دەگەڵ Gewand (G.) "جل و بەرکَ" و Vorwand (G.) "بیانوو".

بیانی bîyanî [*bīyānī*] - "بێگانە": شێوەیەکی دیکە لە↑ بێگانە begane. [فۆنیمی g گۆڕدراوە بە y].

بیبار bîbar [*bībār*] - "فلفل": Pfeffer (G.)، piper (L.)، pepper (E.)، peperi (Gr.)، وشەکە ریشەی هیندی هەیە و بەو زمانە pippali (OIn.) بووە و دواتر لە رێگای یۆنانییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەوروپییەکان. زمانی عەرەبیش وشەکەی وەرگرتووە و کردوویە بە "فلفل". دە زمانی فارسیدا شێوەی کۆنی وشەکە نەماوە و وشە عەرەبییەکە بەکار دەهێندرێ.

بیبل bîbıl [*bībıl*] - دەگەڵ تیتل دێ [تیتل و بیبل tîtıl û bîbıl ناوی دوو کاریلەن دە چیرۆکێکی کوردمادی زارۆکاندا کە بەناوبانگترین چیرۆکی زارۆکانە]. بیب + ل bîb + ıl. کەرتی "بیب" یان "بیبە" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بەبە bebe "زارۆکی چکۆڵە". مانای وشەکە دەبێتە "بەبەلە". هەروەها هەڵی سەنگینەدەگەڵ ↑بیبی bîbî "بووکەڵەی زارۆکان"

بیبی bîbî [*bībī*] - "بووکەڵەی منداڵ": بڕوانە↑ بیبیلە bîbîle.

بیبیلە bîbîle [*bībīla*] - "1- رەشێنەی چاو 2- منداڵی ساوا لە زمانی زاروکدا ": خزمە دەگەڵ pupilla (L.) "بیبیلەی چاو، کچۆلە". وشە لاتینییەکە بەمانای "بووکۆڵە" [لەیستۆکی زارۆکان] یش بەکارهاتووە. بۆیە بە رەشێنە چاو گوتراوە pupilla، چونکوو مرۆڤ دە رەشێنەی چاوی کەسێکی بەرانبەریدا، خۆی

وەک "بووکۆڵە" دەبینێ، واتا وێنەی چکۆڵە کراوی خۆی دەبینێ. لەوانەیە وشە کوریەکە وشەیەکی وەرگیراو بێ و لەوانەشە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە وشەی بەبە bebe یان بیبی bîbî "زارۆکی چکۆڵە" وەرگیرابێ، واتا هەروەک زمانی لاتینی و یۆنانی، بردرابێتەوە سەر چەمکی زارۆک. شیاوی سەرنجە کە ↑بەبە bebe ی کوردمادی خزمە دەگەڵ pupa (L.) "کچۆڵە".

بیچ bîç [bčī] - "بیژوو": شێوەیەکی دیکە لە ↑بیژوو bîju.

بیچم bîçım [bīčım] - "روو، چارە، قیافە": دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑بەچک beçk بە مانای "بیچم" بەکار دێ و لەوانەیە شێوەیەکی دیکەی وشەکە بێ. بە بۆچوونی کاک عەلی نانەوازادە "بیچم" لە *biçim (Tur.)* وەرگیراوە. ["فەرهەنگی هەرمان"، ل. 460]. لە لایەکی دیکەوە وشەی بیچم نیزیکایەتییەک نیشان دەدا دەگەڵ vis (L.) "دەموچاو، روو" و دەگەڵ ↑پێش pêş ی کوردمادی [پیش pîş و پیشانی pîşanîدە فارسیدا].

بیر1 bîr [bīr] - "هزر، فکر": دە زمانی کوردمادیدا شێوەکانی ویرwîr و هویر huwîr یش هەن. هەروەها هویل huwîl هەیە بەمانای "ئاگا" [ئاگادار بوون لە شتێک]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***wer- >** ***(IE.) *uer-,*** "دەورگرتن و پاراستنی شوێنێک بە دارو دیوار". وشەی ↑وار war "ماڵ، جێی ژیان" دە کوردمادیدا لەم ریشەیەوە هاتووە و مەبەست "شوێنی پارێزراو" یان "شوێنی پارێزەر" بووە. لەم ریشەیەوە کە دەبنەڕەتدا بە مانای "دەور گرتن، بەربەست کردن، دیوار کێشان" بووە، دواتر مانایەکی گشتی "پاراستن" پەیدا بووە. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هێندێک وشە ئەم مانایە دەردەبڕن، وەک wehren (G.) "پارێزگاری کردن، داکۆکی کردن"، Wehr (G.) "قایمکاری، خۆدابەستن، پارێزگاری"، Gewehr (G.) "چەک، تفەنگ" و هتد. هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە چەمکی "پاراستن" پێوەندی هەبووە بە چەمکی "ئاگا و ئاگاداری و وریایی"یەوە. ئەم پێوەندییە رەنگە لە هەموو زمانەکاندا بەدی بکرێ، بۆ وێنە دە کوردمادیدا دەگوترێ "ئاگات لێ بێ، چاکی بپارێزە"، دە ئەڵمانیدا warnen (G.) هەیە بەمانای "وریایی پێدان، ئاگادار کردنەوە"، aware (E.) "ئاگادار، وریا" [خزمە دەگەڵ ↑وریا wırya ی کوردمادی].

ئەگەر سەیری زمانی عەرەبی بکەین، دەبینین کە وشەی **حفظ** بە مانای "پاراستن " دێ و خزمیشە دەگەڵ **حافظة** "بیر، یاد" [شوێنی هەڵگرتن و پاراستن لە مێشکدا]. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو پێوەندییانەی سەرەوە دەردەکەوێ کە وشەی بیر bîr ی کوردمادی [دە بنەڕەتدا ویر wîr] بە مانای "ئاگا، هۆش، زەین، وریایی، حافزە" و بەگشتی "شوێنی پاراستن و ئاگاداری کردی لە مێشکدا" بووە.

چەند بەڵگەیەکی دیکە بۆ پشتراست کردنی ئەم بۆچوونە: یەکەم، پێوەندی ئاشکرای دوو وشە و دووچەمکی بیر [ویر] wîr و وریا wırya، دووەم، پێوەندی دوو چەمک و دوو وشەی بیر [ویر] و ↑فێر fer. وشەی فێر خزمە دەگەڵ بیر. فێر بوون جگە لە حیفز کردن و پاراستن لە ناو مێشکدا چیتر نییە. کاتێک دەگوترێ "فێر بوونی شتێک یان کارێک" مەبەست بە مێشک سپاردن و پاراستنی دە مێشکدایە. سێیەم، دە کوردمادیدا " لە بەر کردن" هەیە بۆ "حیفز کردن و بە مێشک سپاردن". وشەی ↑بەر[5] ber لێرەدا پێوەندی هەیە بە بیر bîr ەوە و مەبەست لە " لە بەر کردن" خستنە ناو بیرە و بە حافیزە ئەسپاردنە.

[پێوەندی ئێتیمۆلوژی دوو وشەی "بەر" و "بیر" لە "فەرهەنگی هەرمان"دا (ل. 371) ئاماژەی پێ کراوە].

بیر2 bîr [bīr] - "چاڵاو": ئەم وشەی رۆر جار بە وشەیەکی عەرەبی داندراوە [بِئْر bi´r (Arb.)]، بەڵام ئەمەراست نییە و وشەکە وشەیەکی رەسەنی کوردماییە، خزمە دەگەڵ ↑بەرک bırık یان بێرک berık "گۆمیلکە" و برکە berke (P.) بە هەمان مانا. هەروەها دە زمانە ئەورووپییەکاندا دەبێتە خرم دەگەڵ Brunnen (G.)، brunno (OG.)، bourn (E.)، brunna (Gt.) "کانی، سەرچاوەی ئاو"، سەر بە ریشەی **> *bher-(IE.)*** "سووتان، کوڵین، هەڵقوڵین".

بیرازتن1 bîraztın *[bīraztın]* - "1- تیژکردنەوە و گرنی گرنی کردنەوەی بەرداش": دەشێ خزم بێ دەگەڵ prick (E.)، prician (OE.) "کون کردن، ئاژن (ئاژن) کردن"، pri(c)ca (OE.)، pricke (MG.) "ئاژن کراو، کونکراو، تیژکراو"، prickle (E.)، pricel (OE.) "دڕک، نەقیزە"، prik (Nl.) "چقڵ، نووک، برک"، prikken (Nl.) "تیڕاکردن، تیهەڵچەقاندن". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە ساخ نەکراوەتەوە. ئەم وشانە لەوانەیە خزم بن دەگەڵ ↑بیرازتن2 bîraztın "ساف و لووس کردنی کێڵگە بۆ چاندن".

بیرازتن2 bîraztın *[bīraztın]* - "ساف و لووس کردنی کێڵگە بۆ چاندن". خزمە لەگەڵ ↑پەرداخ perdax "ساف و لووس کراو" و دواتر ↑بڕین bırîn سەر بە ریشەی ***(IE.) *bher- >*** "بەئامرازی تیژ کار کردن".

بیرکم bîrkım *[bīrkım]* - "گۆل، دەریاچە": خزمە دەگەڵ ↑بیر *bîr* "چاڵاو" و ↑بێرک berk "گۆمیلە لە چیا".

بیرۆ bîro *[bīro]* - "نەخۆشییەکی پێستە، پێست دەماسێ و بلۆقی ورد دەردەدا": وشەی ekzema (Gr.) کە بەرانبەری بیرۆی کوردمادییە دە بنەڕەتدا ماناکەی دەبێتە "زیبکە و بلۆق دەردان". کەواتە "بیرۆ"ش خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑بلۆق bıloq و ↑بالۆکە baloke کە ئاماژە بە "هەڵمساوی و هەڵتۆقاوی" دەکەن. هەڵی سەنگینە دەگەڵ Beule (G.) و boil (E.) "بلۆق، هەڵتۆقاوی".

بیزا bîza *[bīzā]* - "گیایەکی بۆنخۆشە تێکەڵی شیرێژی دەکەن": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ bosem (Heb.) "بۆنخۆش". ئەم وشە عیبرییە دە زمانی یۆنانیدا بووەتە balsamon (Gr.) و لە رێگای زمانی لاتینییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان و بووەتە balsam "هەتوان".

بیزە bîze *[bīza]* - "تووڵ، زارۆکی ناو سک": پیزە pîze و↑ پز pîz یش دەگوترێ.

بیژوو bîju *[bīžū]* - "زۆڵ": خزمە دەگەڵ ↑بژاردن bıjardın "جیا کرِدنەوە، هەڵاوارتن". مەبەست لە "بیژوو" دەبێ لە ئەسڵدا "ئاوارتە، جیاواز" بووبێ، چونکوو منداڵی بیژوو لە چاو منداڵانی دیکە بە شێکی ئاوارتە و جیاواز داندراوە. ئەم مانایە دە وشەی ↑بیژۆک bîjok دا پارێزراوە کە بە مانای "دەنکی نەکوڵ" دێ دە ناو دەغڵ و دانی لێندراودا.

بیژۆک bîjok *[bīžok]* - خزمە دەگەڵ↑ بیژوو bîju.

بیست bîst *[bīst]* - "دوو جار دە": بیست bīst (P.)، wīst (MP.)، vīstaiti (Av.)، vimśati- (OIn.)، vīginti (L.)، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uī-kmt-ī- >*** "بیست، دوو دە". [uī- "دوو" و dkmt- "دە"].

بیستن bîstın *[bīstın]* - "ژنەوتن، گوێ لێبوون": دوو ریشە لەم بارەوە جێی ئاماژە کردنن: 1- ***(IE.) *ueid- , *weid- >*** "دیتن، زانین، تێگەیشتن، دوزینەوە [دیتنەوە]". ↑ئاوەز [ئا +وەز] a + wez سەر بەم ریشەیە. لەوانەیە مەبەست لە "بیستن" دەبنەڕەتدا "پێ زانین و تێگەیشتن" بووبێ لەرێگای گوێ لێبوونەوە. 2- ***(IE.) *bheudh- >*** "بێدار بوون، هەست کردن، هۆش پێدان، ئاگادار بوون". ↑بۆن bon کردن کە ئەویش جۆرێک هەست پێکردنە، بۆ ئەم ریشەیە دەگەڕێتەوە. لەوانەیە ئەم دوو ریشەی سەرەوە لە پلەیەکی دوورتردا خزم بن].

بین(ە) bîn(e) *[bīn(a)]* - "هەناسە": خزمە دەگەڵ بینی bīnī (P.) "لووت" [شوێنی هەناسە پێدا کێشان] و pnein (Gr.) "هەناسە کێشان". دواتر دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑فوو fu.

بینەقاقا bîneqaqa *[bīnaqāqā]* - "بنی گەروو": بنەقاقا bıneqaqa ش دەگوترێ. لەوە دەچێ وشەکە دە بنەڕەتدا **bînekga* [bînek + ga] بووبێ، واتا شوێنی هەناسەکێشان. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بین bîn و ↑بەربینکَ berbîng [بەربینک berbînk].

بینین bînîn *[bīnīn]* - "دیتن": میبینم mībīnam (P.) "دەبینم"، wīn (MP.) "رەگی کردار ئێستا"، خزمە دەگەڵ vaēna- (Av.) "رەگی کرداری ئێستا"، vénati (OIn.) "دەڕوانێ، دەبینێ، چاو لێ دەکا"، سەر بە ریشەی vay- "دیتن، بینین"، دواتر سەر بە ریشەی ***(IE.) *uei- >*** "دوای شتێک کەوتن، چاو لە دوو بوون".

بیور bîwır [*bīwır*] - "تەور": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑باڵتە balte "بیور".

بیهر bîhır [*bīhır*] - "تاسە و ئارەزووی زۆر": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پەری perî "بوونەوەری ئەفسانەیی" و ئەو وشانەی لەوێدا باس کراون.

بێ be [*be*] - پرێپوزیسیۆن وپاشگر کە جیا بوون، ئازاد بوون و خاوەن نەبوون دەگەیەنێ، وەک بێکار، بیکەس، بێوان، بێ تۆ. بی bī (P.)، abē (MP.)، apaiy (OP.)، apa- (Av.). [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" ل. 224]. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە یەکێک لەم ریشانەی خوارەوە:

1- ریشەی ***(IE.) *au-, *aue- >*** "دووربوونەوە لە، بەرەو پێش". ↑حۆت ħot "تووک وەریو، سەر رووتەن" و west "خۆرئاوا" لەم ریشەوە هاتوون.

2- ریشەی ***(IE.) *apo- >*** "لە، دوور، ئاوا". ↑ئاوا awa "دوور بوونەوە، رۆیشتن" دەشێ لەم ریشەوە هاتبێ.

بێتر betır [*betır*] - "زۆرتر": بترbıtır و پتر pıtır یش دەگوترێن. بیشتر bīštar (P.) [بیش bīš + تر tar].
خزمە دەگەڵ ↑بۆش boş و ↑بەس bes و سەر بە خێزانە وشەیەک کە هێندێک مانای وەک "زۆری، چڕ و پڕی، هەڵمساوی" دەگەیەنێ.

بێچوو beçu [*bečū*] - "بەچکە، زارۆک": دە کوردمادیدا زۆرتر بۆ منداڵی ئاژەڵ بەکار دەهێندرێ. دە فارسیدا بچە beççe (P.) بە مانای "زارۆک" دێ. خزمە دەگەڵ ↑بچووک bıçûk.
[بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 177) دە فارسی ناویندا wač(č)ag (MP.) بووە و لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی ئێرانی کۆنی **vata (OI.)* "بچووک"].

بێخوست bexust [*bexust*] - "بێ هەست": بڕوانە ↑خوستxust 2.

بێدار bedar [*bedār*] - "بەئاگا، بەخەبەر": بیدار bīdār (P.)، wigrād (MP.). وشەکە ئاڵوگۆری بەسەر دا هاتووە و فۆتیمەکان تووشی جێگۆڕکێ بوون. پێک هاتووە لە پێشگری *-vi* و **grāta-* سەر بە ریشەی ***(IE.) *gar-, *grē(i)- >*** "هەڵدان، بڵیند بوون، بەرز بوونەوە". [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 227].

بێر ber [1] [*ber*] - "بێڵ": ↑بێڵ bel.

بێر ber [2] [*ber*] - دەگەڵ "خێر" دێ [خێر و بێر xer u ber]. شێوەیەکی دیکە لە:
1- یان↑بەهرە behre. ئەوەندەی من لە یادم بێ، لە مەهاباد "خێر" بە مانای "قازانج و بەهرە"ش بە کار دەهات، بۆ وێنە کاتی کڕین و فرۆش فرۆشەر دەیگوت ئەو مامەلەیە خێرێ ناکا، واتا قازانجی تێدا نییە.
2- ↑بەر ber [بەرهەم، حاسڵ].

بێر ber [3] [*ber*] - "جێی دۆشینی مەڕ و بزن": بێرە bere ش دەگوترێ. هەروەها ↑بێری berî یان بێریڤان berîvanهەیە بە مانای "کیژی مەڕدۆش" و بەردەبێر berdeber هەیە کە شوان لەسەری دادەنیشێ و مەڕ و بزنەکە بۆ بێری رادەگرێ. لەوانەیە وشەکە دەگەڵ ژمارەیەک وشە خزم بێ کە ئاماژە بە "هەڵبژادن، جیا کردنەوە" دەکەن و مەبەست دە بنەڕەتدا جیا کردنەوەی مەڕ و بزنی شیاوی دۆشین بێ لەوانی دیکە. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ئاوارتە awarte و ↑هەڵاواردن helawardın "جیا کردنەوە" [هەڵواردن helwardın و ↑هەڵبواردن helbuwardın یش دەگوترێن].

بێراڤک beravık [*berāvık*] - "سەوڵی کەڵەکەوان": بیر + ئاڤک ber + avık، کەرتی ber شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بێڵ bel، تیکڕای وشەکە دەبێتە "بێڵی ئاو".

بێرایی berayî [*berāyī*] - "هەیوانۆکە": ↑بێڵا bela.

بێرک berk [*berk*] - "گۆمیلکە": ↑برک bırık.

بێرکم berkım [*berkım*] - "قەفەس": خزمە دەگەڵ Bauer (G.) "بێرکم، قەفەس"، bur (Sw.) "دیوەلکەی بەندیخایە، قەفەس". ئەم وشانە دەگەڕێنەوە سەر ریشەیەک بەمانای "خانوو، جێی حەوانەوە" و

دوورتریش بۆ ریشەیەک بە مانای "بوون". دە زمانی کوردمادیدا وشەی"خانووبەرە" هەیە کە کەرتی دووەمەکەی، واتا ↑بەرە bere، لەو ریشەیە هاتووە. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بۆتکە botke"دیوەلکە".

بێری berî [*berī*] - "کیژی دۆشەر": بێریڤان berîvan یش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر ↑بێر[3] ber "جێی دۆشینی مەڕ و بزن".

بێز1 bez [*bez*] - "حەز، مەیل، ئیشتیا": بێز هاتن یان بێز نەهاتن لە شتێک واتا حەز و مەیل کردن یان نەکردن لێی. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑واز waz "حەز، مەیل"، پێوەستە بە کرداری ↑ویستن wîstın.

بێز2 bez [*bez*] - بێز کردن لە شتێک واتا "حەز لێ نەکردن، ئیشتیا لێ نەبوون": زۆر جار دەگەڵ "قێز" دێ [قێز و بێز qez u bez]. وەک لە سەرەوە دیتمان "بێز"ێک هەیە، واتا بێز[1] کە بە مانای "واز، حەز، ویست"ە و دەگەڵ کرداری یاریدەری هاتن [نەهاتن] ئەم مانایەی خۆی دەردەخا. بەلام کاتێک دەگەڵ کرداری کردن [نەکردن] بەکار دێ، ماناکەی پێچەوانە دەبێتەوە، واتا بێز هاتن دەبێتە "بێز لێ نەکردن" و بێز نەهاتن دەبێتە "بێز لێکردن"؛ کەواتە کاتێک بڵێین "بێزم نایە" مەبەست ئەوەیە "*واز* و مەیڵم نایە"، بەڵام کاتێک بڵێین "بێز لەو شتە دەکەم" مەبەست دە بنەڕەتدا ئەوەیە "دووری لێدەکەم، دژی دەوەستم". ئەم "بێز"ەی دووەم وشەیەکی سەربەخۆیە، لە ریشەیەکی جیاوازەوە هاتووە و پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەیە:

1- *وێزە wîze* ↑و واز[5] waz سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێک جیا بوونەوە، دوور بوونەوە". لە زمانی ئەڵمانیدا wider (G.) "دژ، بەرەوروو" و widerwärtig (G.) "بێزراو، بێزهەستین، قێزەون" پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

2- وازە waze [↑پەڕەوازە perewaze] بە مانای "دوور بوونەوە، دووری کردن". لەم تێڕوانینەشەوە بێز کردن لە شتێک دەبێتە"دووری کردن" لێی.

بێز3 bez [*bez*] - "رەنکَ": [ئەم قالییە لە بێزی هاوتاکەی نییە]. مامۆستا هەژار وشەکەی وەک "رەنکَ" مانا کردۆتەوە. بەڵام وێ دەچێ وشەکە سەرەتا مانایەکی فراوانتری هەڵگرتبێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پنۆ(ک) pıno(k) "پەڵە، لەکە، خاڵ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *peik- , *peig- >*** "نەخش و نیگار کردن".

بێزران bezran [*bezrān*] - "لەبەر چاو کەوتن": ↑بێز2 bez.

بێزوو bezu [*bezū*] - "مەگیرانی، مەیلی توند": ↑بێز1 bez و ↑واز waz "حەز ، مەیل".

بێژار bejar [*bežār*] - "لەت و پەت": [کراسەکە بێژار بێژار بووە]. خزمە دەگەڵ هەڵوەشان helweşan [↑وەشان weşan]

بێژتن1 bejtın [*beštın*] - "قسە کردن": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی کوردمادی وەک ↑وشە wışe، ↑وێژە weje، ↑واچە waçe، ↑ئاواز a-waz، ↑ڤەقین veqîn "دەنگی خەمناکانەی رێوی" و هتد. -vak (Av.) "بێژتن"، -vāká (OIn.) "ستران"، vox (L.) "دەنکَ، وتە" و vocare (L.) "بانکَ کردن، دەنکَ هەڵبڕین" دەگەڵ وشە کوردماددییەکان بە خزم دەردەچن. voice (E.) "دەنکَ" دەچێتەوە سەر وشە لاتینییەکە و گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *uek- >*** " قسەکردن".

[کاک عەلی نانەوازادە ئاماژەی بە پێوەندی هێندێک لە وشە کوردماددییەکانی سەرەوە دەگەڵ یەکتر کردووە. بڕوانە "فەرهەنگی هەرمان"، ل. 480].

بێژتن2 bejtın [*beštın*] - "جیا کردنەوە بە هێڵەکَ، بێژینکَ...": لەگەڵ پێشگری "دا" دێ [دابێژتن dabêjtın، لە بێژینکَ دان]. بێژان bejan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑بژاردن bıjardın "جیا کردنەوە".

بێژینکَ bejîng [*bežīng*] - "ئامرازی دابێژتن": بێژ + ئینکَ bej + îng [↑بێژان bejan]. کەرتی دووەم، واتا پاشگرێ îng, ıng هێندێک جار بۆ دروست کردنی ناوی ئامراز بەکار دەهێنرێ، وەک "برینکَ"، "قوڵینکَ" [کوڵینکَ]، "رێژنکَ" [رەشاش] و هتد.

بێستان bestan *[bestān]* - "شوێنی چاندنی تەڕە و سەوزی": بێ + ستان be + sıtan، بێ be گۆڕدراوی ↑بۆن bon، ستان sıtan پاشگری جێگایە، تێکڕا واتا "شوێنی بۆن و بەرامە". دە فارسیدا بوستان būstān (P.).

بێش bêş *[beš]* - دەگەڵ "خۆش" دێ [خۆش و بێش کردن]. خزمە دەگەڵ ↑باش baş.

بێشە bêşe *[beša]* - "جەنگەڵی چڕ و پڕ": بیشە bīše (P.)، Busch (G.)، bush (E.)، boskus (ML.)، bosko (It.) "بێشە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bh(e)u- >*** "ماسین، با کردن، هەڵپزان". خزمیشە دەگەڵ ↑بۆش boş و ↑بەس bes "زۆر" و ژمارەیەک وشە کە ئاماژە دەکەن بە "هەڵمسان، زل بوون، زۆر بوون، چڕ و پڕ بوون".

[دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 229) سەبارەت بە ریشەی وشەکە دوو پێشنیار کراوە: 1- ریشەی *(IE.) *uei-* "چەمانەوە، هۆنینەوە، با دان"، 2- پێوەندی بە vrksá- (OIn.) "دار و درەخت"].

بێشکە bke *[beška]* - "لانکە": بێشک bêşk و بێشیگە bêşîge ش دەگوترێ. دە زمانی ئەڵمانیدا بە بێشکە دەگوترێ Wiege (G.) سەر بە کرداری [be]wegen "بزواندن، جوڵاندن، راوەشاندن" و ئەمەش خزمە دەگەڵ وشەی ↑وەشان weşan [راوەشان raweşandn] دە کوردمادیدا. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دەردەکەوێ کە وشەی بێشکە پێک هاتووە لە بێش + کە ke + bêş و کەرتی بێش -bêş [پێشتر وێش -wêş یان وەش -weş] خزمە دەگەڵ Wiege (G.) "بێشکە". [سەبارەت بە گۆڕانی فۆنێمی کۆنتری w بە b دە گەڵێک وشەی کوردمادیدا هەڵی سەنگینە دەگەڵ وێژە و بێژە، واز و بێز، واشە و باشوو، واران و باران و هتد]. وەک دەبینرێ کوردمادی بوونی ئەم وشەیە بەتەواوی ئاشکرایە و وشەکە لە زمانی کوردماددییەوە چووەتە ناو زمانی تورکی. ناوی "د. بێشکچی" دەشێ لەم وشەیە وەرگیرابێ و ماناکەی دەبێتە "بێشکەساز" کە دەبێ ئاماژە بە کاری باو و باپیرانی بەرێزیان بێ].

بێشۆ bêşo *[bešo]* - "زۆر، لەرادەبەدەر": خزمە دەگەڵ ↑بەس *bes* و ↑بۆش boş " زۆر".

بێڤل bevıl *[bevıl]* - "لووت": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بین bîn [بینە bîne] "هەناسە".

بێگار begar *[begār]* - "کاری بەخۆڕایی رەعێت بۆ ئاغا": بیگار bîgar (P.). دەشێ پێک هاتبێ لە بێ + گار be + gar، کەرتی گار gar لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑کرێ kıre. لەم تێڕوانینەوە بێگار واتا "بێ کرێ، بێمزد و هەقدەست".

بێگانە begane *[begāna]* - "دەرەکی، غەریبە": بیگانە bīgāne (P.)، bēgānag (MP.).

1- بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 230) وشەکە پێک هاتووە لە ریشەی -beg "دەر، دەرەوە" و پاشگری ئانە ane].

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە پێک هاتبێ لە بێ + گانە be + gane. گانە gane لەوانەیە هەر ↑خانە xane بێ و وشەکە دە ئەسڵدا "بێخانە" بەمانای "بێ ماڵ وحاڵ" بووبێ. شیاوی سەرنجە کە دە هێندێک شێوەزاردا وشەی خانە دەبێتە یانە yane و هەروەها وشەی بێگانە begane ش دەبێتە بیانی bıyanî. لەم تێڕوانینەوە مەبەست لە بێخانە (بێ + خانە) دە بنەڕەتدا دەبێ ئاماژە بەو کەسە بووبێ کە سەر بە ماڵەوە نییە. وشەی foreigen (E.) "بێگانە" کە لە ریشەیەکی لاتینییەوە هاتووە، هەر لە چەشنی وشە کوردماددییەکە ساز کراوە و دە بنەڕەتدا ماناکەی دەبێتە "لە دەرەوەی دەرگا" (دەرگای ماڵ). هەوەها دە زمانی کوردمادیدا وشەی بێوار bewar یش بە مانای "بێگانە" دێ کە لە وشەی ↑وار war "ماڵ، جێگەی ژیان" وەرگیراوە.

بێل bel *[bel]* - "پێمەڕە": بێر ber یش دەگوترێ. بیل bîl (P.).

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑باڵتە balte "بیور، تەور"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhei- >*** "لێدان، لەت و کوت کردن".

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ pale (L.)، palette (F.) "بێل".

[به گوێرەی "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 230 لەوانەیە وشەکە بچێتەوە سەر ریشەی < *bhedh- (IE.) "تێراکردن، کون کردن، هەڵکەندن" و خزم بێ دەگەڵ fodiō (L.) "هەڵکەندن"].

بێلا bela [*belā*] - "تراس، بەرهەیوان": خزمە دەگەڵ ↑وڵات wılat و ↑بڵاو bılaw. "بێلا" دەبنەڕەتدا ئاماژە بە "رووبەری زەوی، پانتایی" دەکا.

بێلۆ belo [*belo*] - "کوێرەکانی": خزمە دەگەڵ ↑برک bırk "حەوز، ئەستێل".

بێلیتە belîte [*belīta*] - "بەزم و گۆرانی": بێریتە berîte ش دەگوترێ. هەڵیسەنگینە دەگەڵ ↑باڵەبال balebal "دەنکێ و هەرای مەڕ و بزن".

بێمار bemar [*bemār*] - "نەخۆش، ناساز": بیمار bīmār (P.)، wēmār (MP.). بە گوێرەی "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 231) لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە amayavā- (Av.) "دەرد، ناخۆشی"، ama- (OIn.) "زۆر، هێز، زەخت"، ámīvā- (OIn.) "نەخۆشی، دەرد" و ámīti- (OIn.) "دەگوشێ، پاڵی پێوە دەنێ، تەنگاوی دەکا"، سەر بە ریشەی *am-* "بە توندی رەفتار کردن"، سەر بە ریشەی < ***om(ə)-* (IE.)** "زەخت بۆ هێنان".

بێنژین benjîn [*benžīn*] - "پشمین": بهنژین bıhınjîn و پنژین pınjîn یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑بین bîn [بینە bîne]، هەر وەک چۆن "پشمین" دەگەڵ "پشوو" خزمە. ئەم وشانە هەموو ئاماژە بە هەناسە و هەناسە دەرچوون دەکەن.

بێوە bewe [*bewa*] - "بێوەژن واتا ژنی مێردمردوو یان جیابۆوە لە مێرد": بیوە bīve (P.)، witwe (G.)، widow (E.)، vidua (L.)، vidhava (OIn.) "بێوە"، سەر بە ریشەی < ***widheua* (IE.)** "بێوە"، دواتر سەر بە ریشەی < ***widh-* (IE.)** "بەتاڵ بوون، کەمایەسی هەبوون".

ئەم ریشەیەش خۆی دەچێتەوە سەر ریشەی کۆنتری < ***ui-, *wi-* (IE.)** "لەیەکتر جیا بوونەوە، لە یەکتر دوور بوونەوە" و بەم شێوە وشەکە دەبێتە خزم بۆ وێنە لەگەڵ ↑واز[5] waz "کەمێکی جیا" (تاق و واز پەیدا بوون).

بێوارە beware [*bewāra*] - "بێگانە، نەناس": بێ + وارە ware + be، دەبنەڕەتدا واتا "بێ ماڵ وحاڵ" یان "لەسەرماڵ وحاڵی خۆ نەبوو" [↑وارwar "ماڵ"].

بێوەڵە bewele [*bewala*] - "بێچووە ورچ": بێوە + ڵە bewe + le، کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑بەبە bebe، کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە. لەوانە وشەکە بێبەلە ***bebele*** بووبێ و گوڕانی بەسەرداهاتبێ. [بەراوردی بکە دەگەڵ ↑بیبل bîbıl، تیتل و بیبل] .

پ (P)

پاپریک paprîk *[pāprīk]* - "جۆریک پەپوولە": ↑پەپوولە pepule، پرپریک pırpırîk و پەلپینە pelpîne ش دەگوترێ. گشتیان شێوەی جۆربەجۆرن لە یەک وشە.

پاپل papıl *[pāpıl]* - "وردەلکی دار": خزمە دەگەڵ ↑پۆپە pope "قیتکەی سەری پەڵەوەر".

پاپۆڕ papor *[pāpor]* - "کەشتی، گەمێ": لەوانەیە پێک هاتبێ لە پا pa + پۆڕ por. لەم تێڕوانینەوە کەرتێ "پا" شێوەیەکی دیکەیە لە پێ pe و "پۆڕ"یش پێوەندی پەیەدا دەکا بە ↑پەڕینەوە perînewe. بەم جۆرە مانای وشەکە دەبێتە کەرەستەی پێ پەڕینەوە، کەرەستەیەک کە پێی دەپەڕنەوە. لە زمانی ئەڵمانیدا Fähre (G.) بەم مانایە بەکار دێ و خزمیشە لەگەڵ پەڕینەوە perînewe.

پاتاڵ patal 1 *[pātāl]* - "مەر و ماڵات": پات + ئاڵ pat + al. کەرتی یەکەم دەبێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑پەز pez "مەر".

پاتاڵ patal 2 *[pātāl]* - "پیر و پەککەوتە": پاتال pātāl (P.).

1- لەوانەیە پێوەندی هەبی بە ریشەی -*pāta** (OI.) "کەوتن". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "پەککەوتە".

2- بەگوێرەی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 253 لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە پەخش paxš (P.) "پان، بڵاو، کوتراو".

پاتاوە patawe *[pātāwa]* - ↑پێتاو petaw "پێڵاو".

پاتک patık 1 *[pātık]* - "پشت مل": بنەوشەی پات -pat دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑پاش paş.

پاتک patık 2 *[pātık]* - "پارچەی پینە": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پاتە pate 1 "ورتکە نان".

پاتن patın *[pātın]* - "برژان، پێژان، سووتان": شێوەیەکی دیکە لە↑ پێژان pejan.

پاتوو patu *[pātū]* - "1- کۆلووی نان 2- کولێرە": دەچێتەوە سەر ↑پاتن patın.

پاتۆز patoz *[pātoz]* - "ماشینی درویەنە": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پسان pısan.

پاتیلە patîle *[pātīla]* - "مەنجەڵی بچووک": پات + ئیلە pat + île.

1- لەوانەیەخزم بێ دەگەڵ Pott (G.)، pot (Nl.)، pot (Fr.) "مەنجەل". ئەم وشە ئەورووپییانە دەبردرینەوە سەر potus (L.) "خواردنەوە".

2- لەلایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پیتکە pîtke.

3- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بادی(یە) badî(ye) "دەفر".

پاتە pate 1 *[pāta]* - "ورتکەنان": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پسان pısan و ↑پاچین paçîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، کوتان، لەت کردن".

پاتە pate 2 *[pāta]* - "کەوشی شڕ": ↑پێتاو petaw و ↑پاتاوە patawe "پێڵاو"یش دەگوترێ.

پاچ paç *[pāč]* - "قوڵینگ": هەروەها ↑پاچڵە paçle هەیە بە مانای "سینگی تەنافی رەشماڵ". دیسانەکە ↑پیشک pîşk یان پیشکان pîşkan هەیە بە مانای "ئامرازی گیا هەڵکەندن". ئەم وشانە دەبێ پێوەندییان بەیەکەوە هەبێ. جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ:

1- bicken (MG.) "تێڕا کردن، (دا) کوتان".

2- peik (MG.) "نووک، تیژ، چقڵ، نەقیزە".

3- ↑پاچین paçîn و↑پسان pısan، سەر بە ریشەیەک بەمانای "کوتان، لێدان، لەت کردن".

پاچڤه paçve *[pāčva]* - "وەرگێران، تەرجومە": پاچەڤە paçeve ش دەگوترێ. وێ دەچێ وەرگێرابێ لە ↑پێچان peçan. وەرگێران یان وەرگەڕاندن ئاماژە بەوە دەکا کە نقیس یان بێژەیەک لە زماتیکەوە "وەردەسووڕێندرێتە" سەر زماتیکی دیکە. واتا لێرەدا چەمکی "سووڕان" لە ئارادایە. هەر بەم جۆرە پێچان و پێچاندنیش چەمکی "سووڕان" نیشان دەدا.

پاچلە paçle *[pāčla]* - "سینگی تەنافی رەشماڵ": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پاچ paç.

پاچین paçîn *[pāčīn]* - دەگەڵ پێشگری هەڵ -hel و دا -da بەکار دەهێنرێ، هەڵپاچین helpaçîn، داپاچین dapaçîn بە مانای "بڕین، لەت و کوت کردن". خزمە دەگەڵ ↑پسان pısan "کرتان، لەت بوون".

پاداشت padaşt *[pādāšt]* - "چاکە دانەوە": پاداش pādāš (P.). پێک هاتووە لە پێشگری -pati و -dāθna*سەر بە ریشەی -dā "دان، پێدان".["فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.236].

پادشا padşa *[pādšā]* - "خاوەنی تاج و تەخت": پادشاه pādšāh (P.)، pādixšā(y) (MP.). بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 237) پێک هاتووە لە دوو کەرتی -xšay "بەهێز بوون، بە دەسەڵات بوون" و پێشگری -pati "دەسەڵاتداری کردن، حکوومەت کردن". وشەکە خزمە دەگەڵ -xša(y)(Av.) "بەهێز بوون، بە دەسەڵات بوون"، -kşāy (OIn.) "حکوومەت کردن" و -xšaēta (Av.) "شازادە".

کەرتی یەکەمی وشەکە، -pad، خزمە دەگەڵ ↑پیت pît و↑ پتەو pıtew و هتد. بەم جۆرە مانای پادشا دەبێتە شای بەهێز یان دەسەڵاتداری بەتوانا .

پادینگَ padîng *[pādīng]* - "سندۆڵ، ئامرازی چەڵتووک تێدا کوتانەوە": ↑دینگَ dîng "ئامرازی چەڵتووک کوتان، دەسکاونگَ"ە. بەم پێیە "پادینگَ" دەبێتە ئەو بەشەی ژێرەوە کە شتەکەی تێدا دەکوترێتەوە و دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پێ pe. وشەی پایین pāyīn (P.) دە زمانی فارسیدا بۆ "پا" دەگەڕێتەوە ومانای "خوارەوە، ژێر" دەبەخشێ. هەر لە کۆنەوە "سەر" هاومانای "بان، ژوور" بەکار هاتووە و "پێ"ش بە مانای "ژێر" [سەرتاپا].

پار par *[pār]* - "پارەکە، ساڵی پار": pārsāl (P.). خزمەدەگەڵ ↑بەر ber "پێش" و دە بنچینەشدا هەر بەو مانایە بووە. هەروەها خزمە دەگەڵ وشەکانی ↑پێرێ pere و ↑پێرار perar.

پار(ە) par(e) *[pār(a)]* - "تیکە، لەت، بەش": خزمە دەگەڵ pāre (P.)، part (E.)، pars (L.) هەر بەو مانایە. وشە ئینگلیزییەکە دەچێتەوە سەر زمانی لاتینی. دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشەی وەک ↑پارچە pare، ↑پاروو paru، ↑پرتەpırte "خرتە و پرتە"،↑پل pıl، ↑پەرتاندن pertandın، ↑[هەڵ] پەرتاوتن pertawtın، ↑پرتک pırtık، پرتکان pırtıkan، ↑پرتووکیان pırtukyan "رزین و لەت وکوت بوون"، ↑پەرچقان perçıqan "ورد وخاش بوون" لەم بنەوشەوە هاتوون. بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 241) دەچێتەوە سەر ریشەی ***per- > (IE.)** "دابەش کردن، فرۆشتن". بەم شێوەیە لەوانەیە وشەی ↑فرۆشتن fıroştın لەم ریشەوە هاتبێ و دەگەڵ وشەکانی سەرەوە خزم بێ.

پاراستن parastın *[pārāstın]* - "ئاگا لێبوون": پرهیختن perhīxten (P.) و پرهیز کردنparhīz kardan (P.) "خۆ پاراستن، پارێز کردن". دە زمانی فارسیدا دوو وشەی ↑پەرەستار perestar و ↑سەرپەرەست serperest هەن کە لە "پاراستن" ی کوردمادی وەرگیراون. ئەرکی پەرەستار و سەرپەرەست پاراستنی کەسانی ژێر چاوەدێری ئەوانە. ئەم دوو وشەیە چ پێوەندییەکیان بە وشەی "پەرەستن" [پەرستن] هوە نییە، چونکوو ئەم وشەیە ماناکەی "عیبادەت کردن، دووعا کردن"ە و ئەمەش لە گەڵ ئەرک و کاری پەرەستار و سەرپەرست یەک ناگرێتەوە. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑پەری perî "بوونەوەری ئەفسانەیی".

2- ↑پەرێز perez "شوێنی بە لەمپەر دەور گیراو" [تێبینی: لەباری ماناوە دەتوانین هەڵیسەنگینین دەگەڵ währen "بەرگری کردن، پاراستن" و bewahren "پاراستن، هەڵگرتن و ئاگا لێبوون" دە زمانی ئەڵمانیدا

کە خزمە دەگەڵ "وریا"ی کوردمادی و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای دەورگرتن و پاراستنی شوێتێک بە دارو دیوار].

3- دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل.268) پرهیختن perhīxten یان پرهیز perhīz بە مانای "خۆ پاراستن، پارێز کردن" بردراوەتەوە سەر ریشەی ئێرانی کۆنی pati-raixt، پێکهاتوو لە پێشگری pati "رەها کردن، بەرهەڵدان، واز لێ هێنان" + ریشەی *raik-* "رشتن، جاری کردن". ئەم بۆچوونە وێ ناچێ لە جێی خۆیدا بێ، چونکوو "رشتن و جاری کردن" پێوەندییان بە چەمکی پاراستنەوە نییە. هەر لەم سەرچاوەیەدا بە پێی بۆچووتیکی دیکە بردراوەتەوە سەر para-xaiz- لە ریشەی *xaiz-/ haiz-* "ئاگا لێبوون، چاوەدێری کردن" و پێشگری para "دووری کردن". من لەناو ریشە هیندوئەورووپییەکاندا ریشەیەکی ئەوتۆم بە مانای "ئاگا لێبوون، چاوەدێری کردن" نەدۆزیوەتەوە.

پارانەوە paranewe [*pārānawa*] - "داوا کردتیکی بەتین (دە بەرانبەر هێزێکی گەورەدا)": خزمە دەگەڵ flehen (G.)، vleien (Nl.)، flīhōn (OG.) "پارانەوە، داوا کردتیکی بەتین و پێهەڵدەرانە"، (ga)plaihan (Gt.) "دڵدانەوە، دۆستانە دواندن". ریشەی ئەم وشە ئەورووپییانە ساخ نەکراوەتەوە.

پاراو paraw [*pārāw*] - "پاک، بێ خەوش": خزمە دەگەڵ ↑پاک pak، puta (OIn.) "پاک"، purus (L.) "پاک، خالیس"، سەر بە ریشەی ***peue-* > (IE.)** "پاک".

پارچە parçe [*pārča*] - "1- تیکە 2- قوماش": pārče (P.). پار + چە par + çe. کەرتی یەکەم هەر ↑پار ه به مانای "تیکە، لەت"، کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە. پارچە دەبێ لێرەوە مانای "قوماش"ی وەرگرتبێ کە سەرەتا بە پەڕۆ واتا لەت و کوتی قوماش گوتراوە کە بەتایبەتی بۆ دروونی جلک کەڵکی لێ وەرگیراوە. پاشان وشەکە مانایەکی گشتی وەرگرتووە. لەوانەیە ↑پەڕۆ pero ش دەگەڵ پارچەخزم بێ.

پاردە parde [*pārda*] - "دیواری کورت": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پەرێز perez "جێگەی دەغڵی درواو" و pairi-daiza- (Av.) "جێگەی دەور گیراو" [باغ، باغچە]. وشەی paradise "بەهەشت" دە زمانە ئەورووپییەکاندا ریشەکەی بۆ ئەم وشە ئەوێستاییە دەگەڕێتەوە. وشەکە لەرێگەی زمانی یۆنانی و پاشان لاتینی هاتووەتە ناو زمانە ژێرمەنییەکانەوە.

پارسە parse [*pārsa*] - "گەدایی، خوازەڵۆکی": خزمە دەگەڵ ↑پرسین pırsîn و ↑پرسە *pırse* [دە بنەڕەتدا: پاڕانەوە بۆ مردوو].

پارسەنگ parseng [*pārsang*] - "کوتە بەردێکە بۆ تەرازکردنی تەراوزوو بەکاری دێنن": پارسەنگ pārsang (P.). پار + سەنگ par + seng. کەرتی یەکەم واتا ↑پار par بەمانای "کوت، لەت، تیکە"یە و کەرتی↑ سەنگ seng بەمانای "بەرد، وەزن"ە.

پاروو paru [*pārū*] - "تیکە(ی خواردەمەنی)": خزمە دەگەڵ ↑پارە pare، ↑پارچە parçe، ↑پەڕۆ pero و هتد.

پارە pare [*pāra*] - "پووڵ، دراو": خزمە دەگەڵ پارە pāre (P.) "بەرتیل"، pāra- (Av.) و pōr (Pash.) "قەرز" و دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پار par [پارە] بە مانای "بەش، تیکە" [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.241]. لەوانەیە پارە سەرەتا نەک بەمانای "پووڵ" خۆی، بەڵکوو بە مانای وردە (وردەپووڵ) بەکارهاتبێ. چەمکی وردە دەگەڵ لەت یان پارە یەک دەگرێتەوە (ورد کردن، لەت کردن، پارەکردن)

پارێز parez [*pārez*] - "خۆ پاراستن، خۆ بواردن": ↑پاراستن parastın.

پارێف paref [*pāref*] - "گۆشتی دە تەنووردا پیشاو": دەشێ بچێتەوە سەر ریشەی ***bher-* > (IE.)** "سووتان، کوڵان". وشەی ↑بڕژان bırjan و ↑پەڵوو pelu ش لەم ریشەوە هاتوون.

پارێن paren [pāren] - "گوێلپار": له وشەی ↑پار par "ساڵی پار" وەرگیراوە و مەبەست گوێلکی یەکساڵەیە.

پازدە pazde [pāzda] - "دە و پێنج": پانزدە panzde ش دەگوترێ. پانزدە pānzdah (P.). خزمە دەگەڵ panča-dasa- (Av.) و pánča-daśa- (OIn.) "پازدە"، پێک هاتووە لە دوو وشەی "پێنج" و"دە". [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 248].

پاس pas [pās] - "ئاگاداری، بەوریایی لێڕوانین": پاز paz یش دەگوترێ. پاس pās (P.). خزمە دەگەڵ pātar- (Av.) و pātár (OIn.) "پاسەوان، چاوەدێر"، پاییدن pāyīdan (P.) "ئاگا لێ بوون، خستنە ژێر چاوەدێری" و پاشگری ↑وان (ڤان) wan- یان van- وەک لە وشەکانی باخەوان، شوان، گاوان دا. هەروها piemuō (Lit.) "شوان" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی ***pā- >** ***(IE.)*** "ئاگا لێ بوون، چاوەدێری کردن".

پاژ paj [pāž] - "بەش، لەت": شێوەیەکی دیکە لە ↑بەش beş یان ↑پشک pışık.

پاژینە pajîne [pāžīna] - "کەپەکی ئارد، بنژیلی گەنم": دەبێ لە وشەی ↑پاش paş وەرگیرابێ و مەبەست ئەو شتە بێ کە وەک پاشماوە دەمێنێتەوە.

پاسا pasa [pāsā] - "1- شاراوە، نادیار 2- چاوپۆشی 3- سەرپۆش": بەراوردی بکە دەگەڵ ↑پەسارpesar و ↑پەسیوpesîw و هەروەها ↑پاش paş .

پاش paş [pāš] - "بەرانبەری پێش، دواوە": پس pes (P.) "پاش". 1- بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 272) : paścá (OIn.)، pasčaēta (Av.) "پاش، دوای" سەر بە ریشەی ***(IE.) *pos(ko)- >** "پاش، دوای". 2- هەروەها جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ back (E.)، bak (OS.)، bak (ON.) "پاش".

پاشاگەردانی paşagerdanî [pāšāgardānī] - "دنیای بێ قانوون و پڕ ئاژاوە": پێک هاتووە لە دوو کەرتی پاشا + گەردانی paşa + gerdanî. کەرتی "گەردانی" خزمە دەگەڵ ↑گەڕان geran [میگردم mī- gardam (P.) "دەگەڕێم"]. مەبەست لە "پاشاگەردانی" *وەرگەڕانی* (تاج و تەخت)ی پادشا، واتا لە دەسەڵات کەوتنی پادشایە کە بەدوایدا قانوون و بڕیارەکانی دەسەڵات لەناو دەچن، ئازادییەکی بەربڵاو دێتە کایەوە کە لەپاڵەوەی ئاژاوە و ئاڵۆزیش روو دەدەن. شیاوی باسە کە وشەی گەڕان geran خزمیش دەگەڵ ↑گۆڕان goran.

پاشتەرک paşterk [pāštark] - "لای پشتەوەی زین": [هی ئەسپ و هەروەها هی دووچەرخە]. پاش + تەرک paş + terk، واتا تەرکی پشتەوە. ↑تەرک terk دەبنچینەدا بەمانای "رووبەر، سەتح" ە.

پاقژ paqıj [pāqıž] - "پاک، خاوێن": پاکیزە pākīze (P.). دەچێتەوە سەر ↑پاک pak. کەرتی دووەمی وشەکە رەنگە هەر ئەو پاشگرە بێ کە ئاماژە بە جەخت کردن دەکا و بە چەند شێوەی جۆربەجۆر خۆی دەر دەخا، وەک دە وشەکانی بزۆز، ئاڵۆز، چلێس، قڕنیس و هتد. [بڕوانە ↑ئۆز oz-].

پاقژە paqıje [pāqıža] - "پەلەقاژە، دەست وپێ لێکدان": پا + قژە pa + qıje. کەرتی "قژە" هەر قاژە - qaje یە دە وشەی ↑پەلەقاژە peleqaje دا. دە زمانی کوردمادیدا دەگوترێ "پەل و پۆ" کە ئەم دوو وشەیە دە بنەڕەتدا بە مانای "دەست و پێ" بوون. مەبەست لە پەلەقاژە لێکدانی دەست و مەبەستیش لە پاقژە لێکدانی پێیە، واتا لینگەفرتە کردن.

پاک pak [pāk] - "تەمیس، خاوێن": پاک pāk (P.). خزمە دەگەڵ puta (OIn.) "پاک"، purus (L.) "پاک، خالیس"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *peue- >** "پاک".

پاکانە pakane [pākāna] - پاکانە (بۆ) کردن واتا رەوایی دان بە کارێکی نەشیاو. دەچێتەوە سەر ↑پاک pak "تەمیس، خاوێن". مەبەست لە پاکانە کردن دە بنەڕەتدا پاک نیشاندان یاخود "پاک کردنەوە"ی کارێکی ناخاوێنە.

پاکتاو paktaw *[pāktāw]* - پاکتاو کرد ن واتا "لەناو بردنی یەکجاری، پاک کردنەوەی هەموو شوێن و ڕەددێک": ↑پاک pak + تاو taw. کەرتی -taw خزمە دەگەڵ ↑خاوێن xawen [گۆڕانی t بۆ x] و ↑تیف تیفە tîftîfe [تیف تیفە دان]. هەردوو کەرتەوشەکە یەک مانا دەبەخشن و ئەم شێوازە لە وشەسازی زمانی کوردمادی، دۆخی جەخت کردن دروست دەکا. هێندێکی تر لەم وشە جەخت کراوانە بریتین لە بانگاشە [بانکَ و قیژە]، بانگەواز [بانکَ + ئاواز]، بایەقووش، جەمبازە، ڕەشتاڵە، تەپلۆس، خڕخاڵ، سامۆتک، تارمایی، گۆنگەشە (گەنگەشە)، قرتماغە و هتد.

پاڵ pal 1 *[pāl]* - "تەنیشت، قەراخ، لا": پهلو (P.)، pahlū parsəu- (Av.)، párśu- (OIn.) "پەراسوو، کەلەکە، تەنیشت"، سەر بە ریشەی *(IE.) *perk- >* "پەراسوو، تەنیشت" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 296]. وشەکە شێوەیەکی تازەترە لە وشەی ↑پەراسوو perasu.

پاڵ pal 2 *[pāl]* - "تەکان، تەوژم ، هێزخستنەسەر": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑فەیلی feylî [کۆنتر: پاڵی palî یان پاڵەیی paleyî] "ناوی هۆزێکی گەورەی کوردماد" و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە "هێز، گوشار، سەختی" دەکەن وەک palewan ↑پاڵەوان، ↑پەڵ pel "بەرد"، ↑پەڵان pelan "هەستی، ئێسک"، ↑پەلتین peltîn "سفت بوون"، ↑فلین fılîn "هەڵقرچان، گرژ بوون"، ↑فەلەک² felek "ڕەق بوونی ئەندام". ناوی ↑پەهلەوی pehlewî پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانە سەر بە ریشەیەکن بە مانای "بەهێز بوون، سەخت بوون، زاڵ بوون". ئەم وشانە هەر وەها خزمن دەگەڵ verwalten (G.) [ver-walten] "بەرێوە بردن، هەڵسووڕاندن، ڕێک و پێک کردن" [دە بنەڕەتدا: بە کارێک وێران، زاڵ بوون بەسەر کاردا]، سەر بە ریشەی *(IE.) *uel- >* "سفت بوون، ڕەق بوون".

[تێبینی 1: پێوەندی وەک هی ئەو وشانەی سەرەوە دەگەڵ یەکتر دە تیوان دوو سێ خێزانەوشەی دیکەشدا بەدی دەکرێ، بۆ وێنە *زاخ* "بەرد"، سەخت "توند، پتەو"، زەخت "فشار، پاڵ، هێز"، جەخت "پێداگری، گوشار"، *زووخ* "هێز، توانایی، زیخ "بوێر"، *سۆغین* "ئەنجام دان، پێک ئانین" (دە بنەڕەتدا: بە کارێک وێران، زاڵ بوون بەسەر کاردا)، siegen (G.) "سەرکەوتن، زاڵ بوون". هەروەها ئەم وشانە: *خار* "سەخت"، *قەرسین* "سفت بوون، توند بوون"، *کەرا* "بەرد"، *کارین* "توانین"، *کورد* "بەهێز، بوێر، پاڵەوان" و kratein (Gr.) "زاڵ بوون". تێبینی 2: دە زمانی لاتینیدا pellere (L.) "پاڵ پێوەنان، لێدان" و pallein (Gr.) "جووڵاندن، توند هاویشتن" هەیە. دە سەردەمانی زوودا مەکینەیەکی شەڕ هەبووە بەرد و ئاگریان پێ فڕێ داوەتە سەر هێزی دوژمن کە دە زمانی یۆنانیدا katapeltes (Gr.) و دە لاتینیدا katapulta (L.) بووە و پێوەندی هەیە بە کردارەکەی سەرەوە دە زمانی یۆنانیدا. بۆ من ڕوون نییە کە ئایا پێوەندییەک لەتیوان ئەم وشانە و وشەی "پاڵ" لە ئارا دایە یان نا. تێبینی 3: وەک لە سەرەوە دەبینرێ، یەک لەو وشانەی دەگەڵ "پاڵ" خزمە، بریتییە لە فەلەک² felek "ڕەق بوونی ئەندام". وەک دەزانین دە زمانی کوردمادیدا وشەیەکی دیکەش هەیە کە بریتییە لە فەلەک felek 1 "گەردوون". جێی ئاماژەیە کە ریشەی ئەم وشەیەش شێوەکەی لە ریشەی "فەلەک"ی دووەم دەچێ، واتا *(IE.) *uel-* "سووڕان، خولان، بادران" و دەبێتە خزمە دەگەڵ *پێل* "مەوج"].

پاڵ pal 3 *[pāl]* - "زبڵ": دەگەڵ پەین دێ [پەین و پاڵ peyn u pal]. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑پەلە pele (پەلەپووش) [پووش و پەڵاش]. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بەلال belal.

پاڵ pal 4 *[pāl]* - دەگەڵ لاڵ دێ [لاڵ و پاڵ lal u pal]. پێوەندی هەیە بە ↑فوو fu "با، هەوا، هەناسە" و هێندێک وشەی سەر بەم خێزانە وەک ↑پسک pısık، ↑پەتە pete [لاڵەپەتە] و ↑فت fıt "سووتوو فڕێ دانی سەبیلە بە فوو، لەدەم دەراویشتن". چەمکی هاوبەشی ئەم وشانە پێکهاتنی دەنگیکە لە کاتی ڕەت بوونی هەوا بە دەمدا.

پاڵ[5] pal [*pāl*] - دەگەڵ "پەڕۆ" دێ [پەڕۆ و پاڵ pero u pal]. خزمە دەگەڵ ↑پەردە perde، سەر بە ریشەی هیندوئەورووپی < ***pel-*** *(IE.)* "داپۆشین، تێ پێچان". ↑پاڵ3 ش لەوانەیە پێوەندی بەم ریشەوە هەبێ.

پاڵاخ palax [*pālāx*] - "بێچووی گامێش": خزمە دەگەڵ folo (OG.)، foal (E.) "جوانوو"، puer (L.) "زارۆک"، پور pur (P.) "کوڕ"، سەر بە ریشەی < ***pou-*** *(IE.)* "کەم، بچووک". وشەی ↑بچووک bıçûk [پچووک] و زۆر وشەی دیکەی زمانی کوردمادی لەم ریشەیەوە هاتوون.

پاڵان Palan [*pālān*] - "کورتان": پالان pālān (P.). خزمە دەگەڵ paiti-dāna- (Av.) "سپەر، زرێپۆش"، prati-dhāna- (OIn.) "جل، بەرکێ"، پێکهاتوو لە پێشگری pāri "دەوروبەر، بەر" و dāna- سەر بە ریشەی dā- "دانان، تێنان، جێگیر کردن" [بڕوانە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 246].

پاڵانە palane [*pālāna*] - "تیسکە خوری هەڵنەپاچراو لەسەر پشتی بەران بۆ جوانی": پاڵانچە palançe ش دەگوترێ. هەروەها ↑پالیک palîk هەیە بە مانای "بەرسمێڵ، مووی سمێڵ کە دەکەوێتە سەر ردێن". دەشێ پێوەندیان بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑پۆڕ[1] por "قژ، کاکۆڵ".

2- ↑چەند وشەیەک دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا بە مانای "پێست، پێستە"، وەک ↑پۆرکێ porg و ↑پووڵەکە puleke.

پاڵاوتن palawtın [*pālāwtın*] - "خاوێن کردنەوە بەهۆی سەلە یان فیلتێر": پالودن pālūdan (P.). سەبارەت بەم وشەیە دەتوانین باس لە سێ شیمانە بکەین:

1- خزمایەتی دەگەڵ Filter (G.)، filz (OG.)، felt (OE.)، pileus (L.)، pilos (Gr.) "چندراوی لە موو و خوری بۆ پاڵاوتن" [pilus (L.) واتا موو].

2- خزم دەگەڵ purare (L.) "خاوێن کردنەوە، پاڵاوتن".

3- بە گوێرەی "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 246) لەوانەیە دە ئێرانی کۆندا para-dūta- (OI.) بووبێ و پێک هاتبێ لە پێشگری para و dūta- سەر بە ریشەی *dav* "راکردن، بزوان، جاری بوون".

پاڵدانەوە paldanewe [*pāldānawa*] - "قورسایی خۆ خستنە سەر شتێک": پاڵ + دانەوە pal + danewe، کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر ↑پاڵ1 pal "تەنیشت". دەبنچینەدا مەبەست لە پاڵ دانەوە ئەوە بووە کە مرۆڤ تەنیشت و کەلەکەی دەخاتە سەر شتێک. کەرتی دووەمی وشەکە دەچێتەوە سەر کرداری ↑دان dan.

پاڵکی palkî [*pālkī*] - "کەژاوەی سەر ئاواڵە": لەوانەیە پێوەندی هەبێ ↑پاڵان palan "کورتان".

پاڵوو palu [*pālū*] - "چەرمێکە دەخرێتە ژێر کلکی ئەسپەوە": پاردم pardom (P.). دە ئەسڵدا پێک هاتووە لە *pari-dum(b)a-*. کەرتی یەکەمی وشەکە مانای "بەدەور" دەدا و کەرتی دووەم مانای "دووما، دوو، کلک". بەم شێوەیە مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە ئەو شتەی دەخرێتە دەوری کلک [بڕوانە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 239].

پاڵوودە palude [*pālūda*] - "نیشاستەی پاڵێوراو": پالوودە pālūde (P.). سەر بە کرداری پاڵاوتن palawtın [پالودن pālūden (P.)].

پاڵە[1] pale [*pāla*] - "سەپان، رەنجبەر، کرێکار": ئەم وشەیە دەبێ خزم بێ دەگەڵ poor (E.) "هەژار". وشە ئینگلیزییەکە خۆی لە زمانی لاتینی وەرگیراوە و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "کەم، بچووک" و خزمە دەگەڵ few (E.) "کەم". وا دیارە دە کلتووری کوردەواریدا وەک زۆر جێگای دیکە مرۆڤی رەنجبەر و کارکەر وەک کەسانی بچووک و کەم بایەخ چاولێ کراون، بە پێچەوانەی کەسانی دەرەبەکێ و دەوڵەمەند و بەناو "گەورەپیاو". لەوانەیە "پاڵە" ناوێک یان نازناوێک بووبێ بۆ "رەعێت" [لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی گجە "رەعێت" و *هەژار* "نەدار" کە ئەوانیش پێوەندیان

هەیە بە چەمکی کەم و گچکە بوونەوە]. شیاوی باسە کە وشەی فلاح fallāh (Arb.) "سەپان، وەرزێر" لە "پاڵە"ی کوردمادی وەرگیراوە. لەبەر نەبوونی فۆتیمی پ p دە زمانی عەرەبیدا، ئەم فۆتیمە کراوەتە ف f و فۆتیمی کۆتایی وشەکەش کراوەتە ħ. بۆ زانیاری زۆرتر لە سەر ریشەی وشەکە و وشە هاوپێوەندەکان بڕوانە ↑پوور pur "خوشکی باوک یان دایک".

پاڵە2 *[pāla]* - "1- شاری گەورە 2- دەربار و دیوەخان": ئەم وشەیە بە پێچەوانەی "پاڵە[1]"ی سەرەوە کە ئاماژە بە "کەمی و گچکەیی" دەکا، مانایەکی پێچەوانە دەردەبڕێ واتا "زۆر و زەوندی و قەبەیی". دەچێتەوە سەر ریشەیەکی جیاواز، واتا ریشەی ***(IE.) *p(e)l-*** "زۆر، پڕ". دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑پەڵە pele ی باران واتا بارینی زۆر، پەڵە pele گیا "کۆما گیا، شوێتێکی پڕ لە گژ و گیا"، ↑پۆڵ por "دەستە، کۆمەڵ"، ↑پڕ *pir* "زۆر" و هتد. دیارە شاری گەورە و هەروەها دەربار و دیوەخانەکان وەک شوێنی گەورە و "زۆر و زەوند " سەیر کراون و هەر بۆیە ئەم ناوەیان لەسەر دانراوە. شیاوی باسە دە زمانی یۆنانیشدا polís (Gr.) "شار، حکوومەت" خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە. هەروەها وشەی mētrópolis (Gr.) "شاری گەورە" پێک هاتووە لە دوو کەرت، یەکەمیان بە مانای "دایک" و دووەمیشیان "شار". کەوابوو مێترۆپۆل ماناکەی دەبێتە "دایکەشار".

پاڵەوان palewan *[pālawān]* - "مرۆڤی زۆر بەهێز": پهلوان pahlavān (P.). بنەوشەی پاڵ pal- هەڵسەنگینە دەگەڵ walten (G.)، waltan (OG.)، waldan (Gt.)، wealdan (OE.)، walda (OFr.)، گشتیان بە مانای "زاڵ بوون، بەهێز بوون"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *wal- >*** "بەهێز بوون، زاڵ بوون". valdet (Rus.) "زاڵ بوون، دەست بەسەردا گرتن"، (L.) "بەهێز بوون"، veldyti (Lit.) " دەسەڵاتدار بوون، خاوەن بوون"، follnathir (OIr.) "زاڵە، دەسەڵاتدارە"، walo (Toch.) "پادشا" دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە. دە زمانی ئەڵمانیدا Gewalt (G.) "زەبروزەنگ"، verwaltung (G.) "بەڕێوەبردنی ئیداری و حکوومی" لەو ریشەیەوە پەیدا بوون. وشەی پەهلەوی pehlewî یان ↑فەیلی feylî [کۆنتر: پاڵی، پاڵەیی] لە پێوەندی دەگەڵ ئەو وشانەی سەوەوەدا جێ دەگرن.

پالیک palîk *[pālīk]* - "بەرسمێڵ، مووی سمێڵ کە دەکەوێتە سەر ردێن". خزمە دەگەڵ ↑پاڵانە palane "تیسکە خوری هەڵنەپاچراو لەسەر پشتی بەران بۆ جوانی".

پان pan *[pān]* - "بەرین": پهن pahn (P.)، paθana- (Av.) "پان، بڵاو"، petēre (L.) "پان و بڵاو بوونەوەوە"، petys (Lit.) "شان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pet- >*** "پان و بڵاو کردنەوە" [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل.297)]. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها وشەی ↑fîter هەیە بەمانای " زەلام، زەبەلاح" [دە بنەڕەتدا: پان و پۆڕ؟] کە لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. دە زمانی لاتیندا expandere (L.) "پان و بڵاو بوونەوە، لەبەر یەک کشانەوە" هەیە کە وێ دەچێ پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەبێ.

پانێ pane *[pāne]* - "پاژنە، لای پشتەوەی پێ": خزمە دەگەڵ پاشنە pasne (P.)، parsni (OIn.)، fairzna (Gt.)، Ferse (G.) "پانێ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *persna- >*** "پانێ".

پاوان pawan *[pāwān]* - "قۆرخ، مێرگ یان باخی تایبەتی کەسێک": دەشێ دە بنەڕەتدا "پابەند pabend" بووبێ بە مانای "بەستراوە، وابەستە، سەر بە". لەم تێڕوانینەوە پاوان کردنی شتێک واتا بەستنەوەی ئەو شتە بە خۆ، واتا نەهێشتنی ماف و بەشی کەسانی دیکە بەسەر ئەو شتەوە. هەڵی سەنگینە دەگەڵ پاونە pawne بە مانای "بەندی پێ، کوت و زنجیر".

پاوانە pawane *[pāwāna]* - "پامووره، خرخاڵی پێ": پا + وانە pa + wane. هەروەک چۆن "ملوانکە" شتێکە دەکرێتە ملەوە، بەم شێوەیەش "پاوانە" دە لاق دەکرێ. "وانە، وانکە" لەم وشانەدا وێ دەچێ جیا بێ لە "وانە، وانکە" لەناو وشەکانی "دەستەوانە، قامکەوانە، بەروانکە"دا. لەم نموونانەدا پاشگرەکە بریتییە لە پاشگری "پاراستن و ئاگاداری کردن" [بڕوانە پاشگری "-وان" لە وشەکانی باخەوان، دەرکەوان

دا]. "وان، وانکە" لە وشەکانی "پاوانە، ملوانکە"دا وێ دەچێ پێوەندی بە ↑بەند bend [وەند wend]ەوە هەبێ و مەبەست "بەستن"ی ئەو شتانە لە مل و پێ بێ، هەر وەک چۆن دەگوترێ "گەردن بەند".

پاوەوی pawewî *[pāwawī]* - "بەربووک": پا + وەوی pa + wewî. پا هەمان ↑پێ pe یە. وەوی wewî شێوەیەکی کۆنترە لە ↑بووک buk. مەبەست لە "پا" لێرەدا دەبێ هاوڕێی کردن، دەگەڵ رۆیشتن بێ. لەم تێڕوانینەوە "پاوەوی" ئەو کەسەیە هاوڕایی بووک دەکا لە کاتی گواستنەوەیدا.

پایژی payjî *[pāyžī]* - "لێکدانەوەی خەو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پشکنین pışkınîn. وەک لە ژێر وشەی "پشکنین"دا باس کراوە، ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا ئاماژە دەکا بە پەخش و بڵاو کردنەوەی شتەکان بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی جێی مەبەستە. "پایژی" یش جۆرێکە لە "پشکنین" بۆ پەی بردن بە مەبەستی خەونەکە.

پاییز payîz *[pāyīz]* - "وەرزی گەڵاوەرین": پاییز pāyīz (P.). دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 250) لەم بارەوە چەند شیمانە باس کراوە کە لێرەدا ئاماژە بە دوویان دەکەین:

1- **pāti-z(a)ya (OI.)* "نیزیکی زستان، بەرەو زستان"، پێکهاتوو لە پێشگری *pāti* "نزیک" و *z(a)ya-* *"زستان" [هەڵی سەنگینە دەگەڵ zyam- (Av.) "زستان"]. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ po-dzim (Slav.) "پاییز" [دە بنەڕەتدا: نیزیکی زستان].

2- **pāta- (OI.)* "کەوتن" [(دا)کەوتنی ساڵ یان گەڵا؟].

پت pıt - "لێدانی رەگ": چەند وشەیەکی دیکەش هەن کە دەشێ دە پێوەندی دەگەڵ یەکتردا لێک بدرێنەوە. ئەم وشانە بریتین لە ↑پتە pıte "زەبرلێدان (بە قامک)"، ↑پیتک pîtık "کوتک"، ↑پتپتک pıtpıtık "چێشتی ساواری ورد (کراو)"، ↑پتەپت pıtepıt "پرتەی شۆقی چرا" [دە ئەسڵدا: لێدانی شۆق یان گڕی چڕا، هەروەک لێدانی رەگ]، ↑پچین pıçîn "شەق تێهەڵدان"، ↑پەلەپیتکە pelepîtke "ماشەی تفنگ".

ئەم وشانە دەبێ خزمایەتییان هەبێ دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە:

1- یان دەگەڵ beat (E.)، beatan (OE.)، bozan (OG.)، confutāre (L.)، گشتیان بە مانای "لێدان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pu-, *fu- >*** "لێدان".

2- یانیش دەگەڵ ↑پسان pısan سەر بە ریشەی ***(IE.) *bheid- >*** "کوتان، لێدان، لەت کردن". ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی ***(IE.) *bhei- >*** هەر بەم مانایە.

پتپتک pıtpıtık - "چێشتی ساواری ورد(کراو)": خزمە دەگەڵ ↑پت pıt "لێدانی رەگ"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، کوتان". وشەی "ساوار" خۆی دە ئەسڵدا بە مانای "هاڕاو، ورد کراو"ە.

پتر pıtır *[pıtır]* - "زۆرتر": ↑بێتر betır یش دەگوترێ و دەبێ ئەمەیان شێوەیەکی کۆنتری وشەکە بێ. دە فارسیدا دەبێتە بیشتر bīštar (P.). دەبنەڕەتدا پێک هاتووە لە بێش + تر bêş + tır. کەرتی بێش bêş بەمانای زۆرە و خزمە دەگەڵ ↑بەس bes و ↑بۆش boş و گەلێک وشەی دیکە.

پترۆکە pıtroke *[pıtroka]* - "قرتماغەی سەر برین": پترۆ ptro، پترۆخە pıtroxe و پەترۆ(کە) petro(ke) ش دەگوترێ. ئەگەر سەیری وشەکانی "قرتماغە"، "کەوەڕە" و "سارێژ" بکەین، دەبینین کە ئەم وشانە پێوەندیان بە چەمکی "سفت، سەخت" بوونەوە هەیە و دە بنەڕەتدا مەبەست ئەوەیە کە پێستەکە خۆی گرتۆتەوە و سفت بۆتەوە. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشە بە مانای "سەخت، بەهێز"، وەک ↑پەتڵین petlîn "خۆ گرتن، هێز تێدا بوون".

پتە pıte *[pıta]* - "لێدان (بە قامک)": خزمە دەگەڵ ↑پت pıt "لێدانی رەگ".

پتەپت pıtepıt *[pıtapıt]* - "پرتەی شۆقی چرا": خزمە دەگەڵ↑پت pıt "لێدانی رەگ". پرتە کردنی شۆق یان گڕی چرا هەروەک لێدانی رەگ وایە، واتا لە هەر دوو دۆخدا جۆرێک "لێدان" لە ئارادایە.

پتەو pıtew *[pıtaw]* - "بەهێز، سەخت": خزمە دەگەڵ ↑پیت *pît* و ↑پیتاندن pîtandın.

پچرین pıçrîn *[pıčrīn]* - "دڕاندن": خزمە دەگەڵ ↑پسان pısan و ڕاپسکاندن rapıskandın.

پچووک pıçûk *[pıčūk]* - "چکۆڵە": شێوەیەکی کۆنتر لە ↑بچووک bıçûk.

پچە pıçe *[pıča]* - "سرتە":

1- لە لایەکەوەلەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑پسک pısık و ئاماژە بە دەنگێکی کز بکا کە لەکاتی پچەپچ کردندا دروست دەبێ.

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑بێژتن bêjtın ەوە هەبێ و دە بنەڕەتدا مەبەست قسە کردن بێ. شیاوی باسە کە بۆ وێنە هاواڵەکانی وشەی "سرتە" دە زمانەکانی دیکەدا مانای "قسە کردن" دەبەخشن. هەروەها "چپە" خزمە دەگەڵ وشەیەکی ئەڵمانی بە مانای "قسە کردن".

پچین pıçîn *[pıčīn]* - "شەق تێهەڵدان": دەشێ هاوپێوەند بێ دەگەڵ ↑پتە pıte.

پچێک pıçêk *[pıček]* - "کەمێک": پچ + یێک [یەک] pıc + yek. پچ واتا "کەم، چکۆڵە"، خزمە دەگەڵ پچووک [پچ + ئووک] یان ↑بچووک bıçûk/ pıçûk.

پخە pıxe *[pıxa]* - "جوان دە زمانی زارۆکدا":

1- هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پاک pak.

2- هەڵی سەنگینە دەگەڵ fegen (G.) "گەسک لێدان"، faga (OIs.) "خاوێن کردنەوە، بریقاندنەوە"، puost (Let.) "رازاندنەوە"، fagrs (Gt.) "لەبار، پەسەند". ئەم وشە ئەورووپییانە دەبردرێنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "جوان کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pok-, *pek- >*** لەوانەیە ئەم ریشەیە دواجار دەگەڵ ریشەی وشەی ↑پاک pak بە یەک بگەنەوە.

پڕ pır [1] *[pır]* - "1- تژی 2- زۆر": پر (P.)، voll (G.)، full (E.)، ful (OFr.)، plenus (L.)، purna (OIn.) "پڕ، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pelu- >*** "پڕ، زۆر".

پڕ pır 2 *[pır]* - پڕ پێداگرتن واتا بە توندی دەست دانە شتێک. خزمە دەگەڵ ↑پەل pel "دەست". وشەی "پەل" بە شێوەی "پیل" و "پیر"یش دەگوترێ [پیلم گرت واتا قۆڵم گرت، بەرەو پیر چوون یان بەرەو پیل چوون]. بەم جۆرە مانای پڕ پێدا گرتن دەبێتە "دەست یان چەنگَ پێدا گرتن".

پراش pıraş *[pırāš]* - پراش پراش واتا لەت لەت. شێوەیەکی دیکە لە ↑پڕش pırş یان پەڕژ / پڕژ / pırj / perj [پەرژ و بڵاو، پڕژ و بڵاو، پڕش و بڵاو]. بڕوانە ↑پڕژان pırjan.

پرت(ە) pırt(e) *[pırt(a)]* - دەگەل "خرت" دێ [خرت و پرت یان خرتە و پرتە]. شێوەیەکی دیکە لە ↑پارpar "لەت، کوت".

پڕتافین pırtafîn *[pırtāfīn]* - "توند غار دان": ↑پرتاو/ پڕتاف pırtaw / pırtaf.

پڕتاڵ pırtal *[pırtāl]* - "1- کووتاڵ 2- پێخەف": هەروەها ↑پڕتان pırtan هەیە بە مانای "پێخەف". خزمە دەگەڵ ↑پەردە *perde*.

پڕتان pırtan *[pırtān]* - "پێخەف": خزمە دەگەڵ ↑پڕتاڵ pırtal و دواتر دەگەڵ ↑پەردە *perde*.

پرتاو pırtaw *[pırtāw]* - "بزاوتی بەغار و بەپەلە": هەروەها ↑پڕتافین pırtafîn هەیە بە مانای "توند غار دان". دە زمانی فارسیدا پەرت part (P.) و پەرتاب partāb (P.) هەیە بە مانای "فڕێ دان". ئەم وشانە دە راستیدا مانای "دەرپەڕین" دەگرنە خۆ و خزمن دەگەڵ ↑پەلە pele و ↑پەڕین perîn.

پرتکان pırtıkan *[pırtıkān]* - "بەش بەش بوون، لەت لەت بوون": دەچێتەوە سەر↑ پارpar [پارە] "لەت، کوت".

پرتوکیان pırtukyan *[pırtukyān]* - "رزین": دەبنەڕەتدا واتا لەبەر یەک هەڵوەشان و لەت وکوت بوون [پرتک پرتک بوون، پارچە پارچە بوون، پارە پارە بوون]. بەرهەڤی بکە دەگەڵ ↑پرتکان pırtıkan.

پرتە pırte 1 *[pırta]* - "باڵ لێدانی خێرا و پەیتا پەیتا، لێدانی رەکَ، حاڵەتی نائارامی شۆقی چرا": خزمە دەگەڵ flattern (G.)، flatter (E.) بە هەمان مانا کوردماددییەکەی و Falter (G.) "پەپوولە" [وشە

ئەڵمانییەکە خزمە دەگەڵ "پەپوولە"]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pled- >*** . دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑فرتە fırte [لینگە فرتە واتا لینکَ لێکدانی توندو خێرا] پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانەی سەرەوە دەبێ دە پلەیەکی دوورتردا خزم بن دەگەڵ flackern (G.)، flakka (OIs.)، flaca (Sw.) و vlacken (Nl.) "لەرینەوەی توند و خێرا، پرتەپرت کردنی چرا"، سەر بە ریشەی ***(IE.) * plak-,* plag- >*** "پەڕ و باڵ لێدان" [دەبنەڕەتدا لێدانی توند و پەیتاپەیتا] . ئەم ریشەیە بەرهەڤ بکە دەگەڵ وشەی پلۆسین / پەڵۆخین plosîn/ peloxîn بە مانای "لێدان". دە زمانی کوردمادیدا ↑فرکە fırke ش لەم ریشەی سەوەوە هاتووە کە ماناکەی دەبێتە "بزاڤی خێرا و بەلەز". دە زمانی فارسیدا پلکیدن palakīdan (P.) بە مانای "توند و خێرا و بە فڕکەفڕک بە دەوروبەری شتێکدا خولانەوە" دێ و پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە.

پرتەقاڵ pırteqal *[pırtaqāl]* - "میوەیەک": پرتقال portaqāl (P.). ناوی ئەم میوەیە دەچێتەوە سەر ناوی وڵاتی "پرتەقاڵ".

[دە زمانی ئەڵمانیدا بردوویانەتەوە سەر ناوی وڵاتی چین و پێی دەگوترێ Apfelsine (G.) "پرتەقاڵ"، دە بنەڕەتدا واتا "سێوی چین"].

پرچ pırç *[pırč]* - "مووی هونراو": خزمە دەگەڵ flechten (G.)، flehtan (OG.)، fläta (Sw.)، velechten (Nl.)، fleohtan (OE.)، گشتیان بەمانای "هۆنینەوە، تێکچنین، تێک هەڵکێشان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *plek- >*** "هۆنینەوە". plekein (Gr.)، plectere (L.) "چنین، هۆنینەوە" و flahta (Gt.) "پرچ، مووی هۆنراو" دەگەڵ وشە ژێرمانییەکانی سەوەوە خزمن. ئەم ریشەیەی سەرەوە خۆی دە پلەیەکی دوورتردا دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *pel-*** " قەد، گنچ، چرچ و لۆچی" [بەرهەڤی بکە دەگەڵ ↑پڵژیان pıljîan "سیس بوون"].

پرخاندن pırxandın *[pırxāndın]* - "هەناسە کێشانی بەدەنگەوە لەخەودا": دەگەڵ گەلێک وشەی وەک ↑پڕماندن pırmandın، ↑پشمین pışmîn، ↑فشقاندن fışqandın، ↑فسە fıse، ↑وژە wıje، فیڕە fîre و هیتر دەچنەوە سەر دەنگی *(IE.) *phu-,*fu-* "فوو". ئەو وشانەی لەم دەنگە کەوتوونەوە، گشتیان ئاماژە بە دەنکَ یان دۆخێک دەکەن کە لە کاتی دەرچوونی هەوادا پەیدا دەبێ. ئەم دەنگە وێ دەچێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***b(h)u- >*** "باکران، ماسین، فش بوون(ەوە)"، ئەمیش خۆی دەیان وشەی لێ پێک هاتووە، وەک ↑هەڵپزان pızan، ↑فش fış، ↑پشوو pışû، ↑بۆق boq، ↑بەس bes و هتد.

پرد pırd *[pırd]* - "شوێنی پەڕینەوە بەسەر چەم دا": پل pol (P.). خزمە دەگەڵ Furt (G.)، forda (OE.)، ford (OIn.) "بوار، شوێنی پەڕینەوە"، peretauu (Av.) "بوار، پرد"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *per- >*** "پەڕینەوە، رابووردن". وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بوار bıwar، ↑رابووردن raburdın، ↑پەڕینەوە perînewe.

پردە pırde *[pırda]* - دەگەڵ وردە دێ [وردە و پردە]. ↑پرت(ە) pırt(e) [خرت وپرت یان خرتە و پرتە].

پردەڵە pırdele *[pırdala]* - "دارەڕای سەر خەرداری ئاش 2- دارێکی درێژە لە ئامرازی جۆڵاییدا": خزمە دەگەڵ ↑پەردوو perdu [دار و پەردوو].

پرز pırz *[pırz]* - "ریشۆلەی پارچە": پرز porz (P.) " کوڵکە، ریشۆڵە".

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە↑ پڕووزان pruzanەوە.

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑برژانکَ bırjang یان ↑برژول *bırjol*.

پرزە pırze *[pırza]* - "هێز، توان" [بڕستم نەماوە، پرزەم لێ بڕاوە]. خزمە دەگەڵ ↑بڕست bırıst .

پرژان pırjan *[pıržān]* - "بڵاو بوونەوەی توندی شت (ی ورد یان ئاوەکی)": خزمە دەگەڵ sprühen (G.)، spray (E.)، sprejan (MG.)، sperein (Gr.) "پرژاندن". دەنگی s کە دە سەرەتای وشە ئەورووپییەکاندا دەبیندرێ، دە وشە کوردماددییەکەدا سواوەتەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی >

(IE.) *sp(h)er- "پڕژاندن، وەشاندن، تەقاندن". وشەکانی شپڕیو şprew و شپرزە şpırze کە دەنگی s تیياندا پارێزراوە [دە کوردمادیدا بووەتە ş]، هەر لەو ریشەوە هاتوون و دە بنچینەدا بە مانای "بڵاو، پڕژ و بڵاو" بەکار هاتوون. دە زمانە ئەورووپییەکاندا هێندێک وشە لەو ریشەیە کەوتوونەوە، وەک springen (G.) "پەڕین، بازدان "، spritzen (G.) "دەرپەرینی ئاو، فیچقە کردن، دەرزی لێدان [دەبنەڕەتدا ئاو دەرپەڕاندن]"، sprengen (G.) "تەقاندن، هەڵتەکاندن". گشت ئەم وشانە چەمکی "پەڕین، دەرپەڕین" واتا بزاوتیکی خێرا و بەپەلە بەیان دەکەن. لەبەرئەوە پێ دەچێ کە ریشەی *-sp(h)er** بە مانای پڕژ و بڵاو بوونەوە شێوەیەکی پەرەگرتوو بێ لە ریشەی کۆنتری *-preu** بە مانای "پەڕین، دەرپەڕین"، چونکوو ریشەی یەکەم "بڵاو بوونەوە" بە مانا گشتییەکەی بەیان ناکا، بەلکوو بڵاوبوونەوەیەکی توند و خێرا، کە بەهۆی دەرپەڕینی وردەبەشەکانەوە پەیدا دەبێ. دە زمانی کوردمادیدا گەلێک وشەی وەک perîn↑پەڕین و pele↑پەلە و هیتر دەچنەوە سەر ریشەی *-preu**.

دە زمانی فارسیدا پراکندن parākandan (P.) "پڕژاندن، بڵاو کردنەوە" هەیە کە دەبێ شێوەی فارسی وشەی "پڕژاندن" بێ، بەڵام ئەم وشە فارسییە دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 256) بە چەشتێکی دیکە لێک دراوەتەوە و دەگەڵ "ئاخنین" بە خزم دانراوە. ئەمە وێ ناچێ لێکدانەوەیەکی راست بێ.

پرسین pırsîn *[pırīsn]* - "بەرسف خواستن": پرسیدن porsīdan (P.)، Frage (G.)، forsca (OG.)، "پرس"، Fragen (G.) "پرسین"، forschen (G.) "توێژینەوە" [دە بنەڕەتدا پرسیارکردن، بە شوێن پرسیار کەوتن]، poscere (L.) "داوا کردن، لێکۆڵینەوە"، prccha (OIn.) "پرس"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *prek- >*** "پرسین".

پرسە pırse *[pırsa]* - "سەرەخۆشی، تازییە": وشەکە خزمە دەگەڵ ↑پەرستن perıstın و ↑پاڕانەوە paranewe. مەبەست دە بنەڕەتدا دووعا کردن و پاڕانەوە بۆ مردوو بووە.

پڕش pırş *[pırš]* - "پەڕژ و بڵاو": پەڕژ/ پڕژ pırj / perj. ↑پڕژان pırjan.

پڕشنگ pırşeng *[pıršang]* - "1- تیشک 2- پڕیشکی ئاگر":

1- ئەم وشەیە وێکچووتیکی زۆر نیشان دەدا دەگەڵ prśni-h (OIn.) و perknós (Gr.) "رەنگاورەنگ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *perk- >*** "پەڵەپەڵە، رەنگاورەنگ". Farbe (G.)، verf (Nl.) "رەنگ"، farawēr (OG.) "رەنگین" دەچنەوە سەر ئەو ریشەیەیە. دوور نییە دە زمانی کوردمادیشدا مەبەست لە پڕشنگ دە بنەڕەتدا "رەنگ" بووبێ و بۆ وێنە مەبەست لە "پڕشنگی نیگا کاڵ" رەنگی کاڵی چاو بووبێ.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑پریشک pırîşık [ی ئاگر]. لەم تیڕوانینەوە "پڕشنگی نیگا" ئاماژەیەکە بۆ نیگایەکی گەرم کە وەک ئاگر پریشکە دەهاوێژێ.

پرک pırg - "1- پارچەزەوی 2- کەرتەمەڕ": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *perk- >*** "پچڕین، هەڵدڕین". لەم تیڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بڕەک bırek "تیرەبەراز".

[تیبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "پچڕین، هەڵدڕین" و "کەرت، پارچە" بەرهەڤی بکە دەگەڵ وشەکانی "کەرت" یان "ران" [گاڕان]. ئەم وشانەش پێوەندییان بەو ریشانەوە هەیە کە مانای "بڕین، پچڕین، رنین، لێکردنەوە" دەبەخشن].

پرماندن pırmandın *[pırmāndın]* - "دەنگی لووتی یەکسم": خزمە دەگەڵ ↑پرخاندن pırxandın.

پرووزان pruzan *[pırūzān]* - "سووتانی موو و خوری": ↑پرووکان prukan یش دەگوترێ.

1- جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ Flaus (G.)، vlus (OG.)، vlies (NL.) "خوری، مەرەز"، هەروەها pluskos (Lit.) "موو، ریشۆلە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pleus- >*** "موو دەرکێشان، لێکردنەوەی موو و خوری". ↑پرز pırz بەمانای "کوڵکە، موو، ریشۆلە" دەگەڵ وشەکانی سەرەوە خزمە.

2- لەوانەشە خزم بێ لەگەڵ ↑بڕژان bırjan.

پڕووسک pırusk *[pırūsk]* - دەگەڵ ئێسک دێ [ئێسک و پڕووسک êsık û pırûk].
1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ Fleisch (G.)، fleisc (OG.)، vlees (Nl.)، flesh (E.) "گۆشت"، flesk (OIs.)، fläsk (Sw.) "گۆشت و بەزی بەراز"، pluta (Let.) "گۆشت، پێست". لەوانەیە دە زمانی کوردمادی کۆندا لەجیاتی گۆشت وشەی پڕووسک بەکارهێندرابێ و دواتر جێگەی پێ لێژ کرابێ.
2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑پڕووسکان piruskan "لەبەر یەک هەڵوەشان" [دەبنەڕەتدا: پەڕژ و بڵاو بوون (ی لاشە)].
پڕووسکان piruskan *[pırūskān]* - "لەبەر یەک هەڵوەشان": وشەکە دەبنەڕەتدا بە مانای "پەڕژ و بڵاو بوون"ە و خزمە دەگەڵ ↑پڕژان pırjan. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ spritzen (G.) "پڕژان، فیچقان، دەرپەڕینی ئاو و ئاگر"، sprutze (G.) "پڕیشکی ئاگر". دە کوردمادیشدا پڕووسکە piruske بەمانای "پڕیشکی ئاگر، ئاورینکێ" دێ.
پڕووسکە piruske *[pırūska]* - "ئاورینکێ": شێوەیەکی دیکە لە ↑پڕیشک / پریشکە pırîşk و هاوپێوەندە دەگەڵ ↑پڕووسکان piruskan.
پڕووش pırûş *[pırūš]* - "چاوی کەمبین و نەخۆش": دەشێ خزم بێ دەگەڵ firûzî ↑فرووزی "زۆر وردیلە".
پڕووشە prûşe 1 *[pırūša]* - "کەم کەم خواردن" (بە حاڵ پڕووشە دەکا). دەشێ خزم بێ دەگەڵ firûzî ↑فرووزی "زۆر وردیلە".
پڕووشە prûşe 2 *[pırūša]* - "وردە وردە بەفر بارین": خزمە دەگەڵ frieren (G.)، friosan (OG.)، vriezen (NL.)، freeze (E.)، frysa (Sw.) "بەستن لە سەرمان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *preus- >*** "پڕووشەکردنی بەفر، زوقم". هەروەها frius (Gt.) "سەرما، بەستەڵەک"، pruina (L.) "زوقم و بەستەڵەک"، prusva (OIn.) "زوقم، سەهۆڵ" و Frost (G.) "زوقم، بەستەڵەک" پێوەندییان بە وشەکانی سەوەوە هەیە.
پڕووکان prukan *[prūkān]* - "1- نیوەسووتانی پێست و شتی دیکە 2- هەڵپڕووزانی موو": لەگەڵ پێشگری "هەڵ" بەکار دێ: هەڵپڕووکان helprukan. شێوەیەکی دیکە لە ↑پڕووزان "سووتانی موو و خوری".
پڕووکە pırûke *[pırūka]* - "دەنکی وردی بەفر": خزمە دەگەڵ ↑پڕووشە prûşe "وردە وردە بەفر بارین".
پڕیتاندن pırîtandın *[pırîtandın]* - "توند بە زەویدا کوتان": [ڤەپڕیتاندن ve-pırîtandın]. پلیتاندن pılîtandın یش دەگوترێ [ڤەپلیتاندن ve-pılîtandın].
1- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑پلۆسین pılosîn "لێدان".
2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ firê ↑فرێ دان [پرت کردن pert kardan (P.)].
پڕیشک pırîşk *[pırīšk]* - "تیکەپارەی ئاگر و ئاو": خزمە دەگەڵ ↑پڕژان pırjan و پێوەندی بە پار(ە) بە مانای "لەت، تیکە"وە نییە، چونکوو پڕیشک تەنیا جۆرە تیکەیەکە بەهۆی پڕژان یان دەرپەڕینەوە پەیدا دەبێ.
پریکە pırîke *[pırīka]* - "تریقە، پێکەنین بە دەنگی بەرز": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ bark (E.) "وەڕینی سەکێ". ئەم وشە ژێرمەنییە دەچێتەوە سەر ریشەی ژێرمەنی **berkan (Gem.)*. ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە بە ڕوونی ساخ نەکراوەتەوە. لە زمانی فارسیدا وشەی پارس pars (P.) "وەڕینی سەکێ" دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

[تێبینی: زۆر لەو وشانەی دەنگی مرۆڤ یان ئاژەڵ دەردەبڕن، دە بنەڕەتدا ریشەی هاوبەشیان هەیە. بۆوێنە "قووزە" واتا دەنگی درێژی سەکَ خزمە دەگەڵ "قیژە"، "وەڕین" خزمە دەگەڵ "هاوار"، "حیلاندن" ی ئەسپ خزمە دەگەڵ "حیلکاندن"ی مرۆڤ، "قڕاندن"ی قەل و "دەمەقڕە"ی مرۆڤەکان و هتد].

پریواندن pırîwandın *[pırīwāndın]* - "لێکردنەوەی شتی هیشک بوو بە دەست رێخشاندن": پرواندن pırwandın یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ reiben (G.)، riban (OG.)، wriven (MNl.) "رێخشاندن". ئەو وشە ئەڵمانییانە وا لێک دراونەوە کە دە بنەڕەتدا فۆتیمی w یان بە سەرەوە بوون و بەمانای "ورد کردنێکی بە سووڕاندنەوە یان بە سووڕاندنەوە ورد کردن" بە کار هاتوون. ئەم مانایە بەتەواوی دەگەڵ مانای وشە کوردماداییەکە یەک دەگرێتەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *wer- >*** "سووراندن". rub (E.) "پاک کردن بە رێخشاندن، سرینەوە"، رفتن/ روبیدن rūbīdan / roftan (P.) "گەسک لێدان، خاوێن کردنەوە" [دەبنەڕەتدا: رێخشاندنی گەسک]، ribisen (MG.) ↑ "بەکێشەهاتن" [دەبنەڕەتدا: لێک کەوتن، اصطکاك] خزمایەتیان دەگەڵ وشەکانی سەوەوە هەیە. ئەو ریشەی هیندوئەوروپییەی سەرەوە دە زمانی کوردمادی و زمانە خزمەکانی دیکەدا لک و پۆیەکی یەکجار زۆری لێ دەبێتەوە، بۆ وێنە دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑وڕ wır، ↑وەرانین weranîn، ↑وەروەرە werwere، ↑فڕفڕە fırfıre و هتد.

پرێسکە preska *[preska]* - "بوخچەی لە دەسرۆکە":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە byrsa (Gr.) "پێست، کیسەی چەرمین". ئەم وشەیە لە رێگەی زمانی لاتینی و پاشان فەرانسەیی هاتووەتە ناو زمانی هولەندی و ئەڵمانیش و وەک beurs و Börse بە مانای "تووڕەکە یان کیسەی پووڵ" بەکار دەهێنرێ. وشەی *بورس* "بازاری کاغەزی بایيدار" لە زمانە ئەوروپییەکاندا بۆ ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە.

2- لەوانەیە "پەرۆچکە peroçke" بووبێ بە مانای "پەرۆی چکۆڵە".

پرێش pırêş *[pıreš]* - "ریزاڵ، ریشاڵ، بزگوڕ، ورد و خاش": خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە مانای پەرت و بڵاو بوون، لەبەر یەک هەڵوەشان دەدەن، وەک ↑پرووسکان pırûskan "لەبەر یەک هەڵوەشان"، ↑پەرێشان perêşan "شپرێو" و پرژان pırjān "بەم لا و ئەو لادا بڵاو بوون".

پز pız *[pız]* - "بێچووی ناوزکَ، تۆل": خزمە دەگەڵ ↑پس *pıs* "کوڕ" [پسمام واتا کوڕی مام]، ↑بێچوو [بێچ + ئوو] beçu، ↑بچووک [بچ + ئووک] bıçûk و گەلێک وشەی دیکە، گشتیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بەواتای "کەم، چکۆڵە".

پزان pızan *[pızān]* - بڕوانە ↑هەڵپزان helpızan.

پزدان pızdan *[pızdān]* - "1- منداڵدان 2- باڵۆن، لەیستۆکی منداڵان": لە ↑پز pız "بێچووی ناوزکَ، تۆل" وەرگیراوە: پز + دان [پاشگری تێدابوون] pız + dan. مانای دووەمی "پزدان" واتا "باڵۆن" لەوە ناچێ پێوەندی هەبێ بە "هەڵپزان" و ئەو وشانای مانای "با کردن، ماسین" دەبەخشن، چونکوو ئەوساکە دەبا لە جیاتی پاشگری "دان" شتێکی دیکە بەکار هێنرابایە. لێرەدا ئیمە نموونەیەک لە وشەسازی وەستایانەی زمانی کوردمادی دەبینین. "پزدان" دە ڕاستیدا ئەو پەردە ناسک و تەنکەیە کە دەناو منداڵداندا "پز" واتا "بێچوو"ەکەی تێدایە. باڵۆن وەک لەیستۆکی منداڵان شتێکی هێندە کۆن نییە. کاتێک ئەم لەیستۆکە هاتووەتە بازارەوە، لەبەر هاوشێوە بوونی بە "پزدان"، ئەم ناوەی لەسەر دانراوە کە پڕ بە پێستی خۆیەتی و ئیتر بە پێویست نەزانراوە ناوێکی تازەی بۆ دابتاشرێ.

پزدووک pızdûk *[pızdūk]* - "باپشکێو، چینچکەسڵاو": خزمە دەگەڵ ↑هەڵپزان helpızan، ↑پیشاو pîşaw [بۆقی پیشاو] و چەندین وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "ئەستوور بوون، با کردن، ماسین".

پزوسک pızusk - "پروسک، پڕیشکە، ئاورینکَ": بزیسک bızîsk و بژنکَ bıjıng یش دەگوترێن. پشنکَ pašang (P.). خزمە دەگەڵ ↑پژان pıjan. پزوسک ئەو تیکە وردیلانەیە کە لە ئەنجامی "پژان"دا دروست دەبێ، هەروەک چۆن "پڕیشک"یش دەگەڕێتەوە سەر کرداری "پڕژان".

پزوو pızû *[pızū]* - "جێگەی دۆخین لە دەرپێ دا، جێگەی بەند لە کیسە و تووڕەکەدا": پزکَ pızg یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑هەڵپزان helpızan و چەندین وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "با کردن، ماسین، ئەستوور بوون، زل بوون(هوە)". پزووی دەرپێ یان تووڕەکە شوێتیکی فش و بۆش و هەڵپزاوە کە بەند یان دۆخینی تێرا دەکەن. هەموو ئەو وشانە واتا ↑فش fış و پزوو pızû و ↑بۆش boş و هەڵپزان helpızan پێکەوە خزمن و لە یەک ریشەوە پەیدا بوون.

پزە pıze *[pıza]* - "نەخۆشییەکی مەڕ": خزمە دەگەڵ ↑هەڵپزان helpızan.

پزیشکە pızîşke *[pızīška]* - "نووسەکە، نووسەنەک، بەری گیایەکی دڕکاوی کە بە خوری و جلکەوە دەنووسێ":

1- لەوانەیە پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ کە مانای موو و خووری دەبەخشن، وەک ↑پەز pez، ↑پەشم peşım، ↑بژ bıj [یاڵ و بژ]، ↑بووزوو buzu و هتد.

2- لەوانەشە دە پێوەندیدا بێ دەگەڵ هێندێک وشە کە مانای "توێکڵی دەخڵ و دان" دەبەخشن، وەک ↑پووش pûş، ↑پژ pıj "داسووکەی دەخڵ"، پژاڵ pıjal "پڕ و پووش" و هتد. لەوانەیە ئەم دوو دەستەوشەیە دواجار خزم و سەر بە یەک ریشە بن.

پزینک pızînk *[pızīnk]* - "بزمک، دەمبێنی بێچووی ئاژەڵ": پز + پاشگری ئینک pız + înk. کەرتی پز -pız بەشێوەی بز -bız لە وشەی ↑بزمک bızmık دا دەبینرێ. ئەم کەرتە خزمە دەگەڵ پوزە pūze (P.) و ↑قەمپۆز qempoz [قەم + پۆز] دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "دەم و لووتی ئاژەڵ".

پژ1 pıj *[pıž]* - "داسووکەی دەخڵ 2- لکی باریکی دار": پژاڵ pıjal یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑پووش puş. هەروەها پژ و پۆ pıj û po هەیە و پژن pıjın بە مانای "بە لک وپۆ".

پژ2 pıj *[pıž]* - "یاڵ": ↑بژ bıj [یاڵ و بژ] و پژوو pıjû ش دەگوترێن. هەروەها پژن pıjın هەیە بە مانای "پرچن" و پژنچە pıjınçe هەیە بە مانای "قاشاق، رنەک".

پژان pıjan *[pıžān]* - "پڕژ و بڵاو بوون": پاشیدن pāšīdan (P.) "پژاندن". چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا بەدی دەکرێن کە پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، وەک ↑پەش peş "پەق، لێک بڵاوی"، ↑پەشیلان peşîlan "وێران بوون، رووخان"، ↑بەژقین bejqîn "ورد بوون لە ژێر شتی قورسدا"، ↑بژکین bıjkîn "پڕژان، بڵاو بوون"، ↑پشکۆ pışko "پۆڵووی گەشاوە" [بڵاو بۆوە]، ↑پشکووتن pışktın "کرانەوە"، ↑بشکۆژ bışkoj "شکۆفە"، ↑بژاڵ bıjal "بڵاوی و پەرێشانی"، ↑پەشێو peşêw "بیربڵاو"، ↑پشکنین pışkınîn و هتد. گشت ئەم وشانە ئاماژە دەکەن بە چەمکی "لەبەر یەک بڵاو بوونەوە، بەم لاو ئەولادا بڵاو بوونەوە". کاتێک لەناو وشە ئەورووپییەکاندا دەگەڕێین، تووشی وشەیەک دەبین کە لەم بارەوە سەرنج رادەکێشێ، واتا pássein (Gr.) "پژاندن، پێوەر کردن، پڕژاندن". وشەی pástē (Gr.) "هەویر، پەڵوو" پێوەندی بەم کردارەوە هەیە. روون نەکراوەتەوە کە چۆن لە مانای یەکەمەوە، مانای "هەویر" سەرچاوەی گرتووە. هەروەها ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە باس نەکراوە.

[دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 244) لە لایەکەوە وشەی پاشیدن pāšīdan بردراوەتەوە سەر ئەو ریشەیەی کە لە ژێر "پڕژان"ی کوردمادیدا ئاماژەی بۆ کراوە. لە لایەکی دیکەوە پێوەندی دەگەڵ وشەی ↑بەش beş (بخش بە فارسی) پێشنیار کراوە. هیچکام لەم بۆچوونانە وە راست ناچن].

پژکاندن pıjkandın *[pıžkāndın]* - قەپژکاندن ve-pıjkandın واتا "راوەشاندن". خزمە دەگەڵ ↑وەشاندن weşandın. فۆتیمی k ناوگرە و دۆخێکی جەخت کردن بە کردارەکە دەبەخشێ، وەک لە کردارەکانی ئاڵۆزکان، بزرکان، پەشۆکان و هیتردا.

پژڵاندن pıjlandın *[pıžlāndın]* - دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ، ڤەپژڵاندن vepıjlandın واتا "سوور بوو، مکوڕ بوون، پێداگرتن". ڤەپژڵان vepıjlan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑پشاوتن pışawtın و فشار fešār (P.) "زەخت" و فسردن fosordan (P.) "ڕێکگوشران، سەخت بوون". لەوانەیە وشەی ↑پەستاوتن pestawtın یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

[تێبینی: پێوەندی نیزیک هەیە لەتیوان "پێداگرتن" و "هێز و فشار"دا. وشەی "مکوڕ" بە مانای "پێداگر" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هێز". هەروەها "جەخت" کردن خۆی خزمە دەگەڵ زەخت بە مانای "زۆر، فشار، هێز"].

پس pıs *[pıs]* - "کوڕ": [پسمام واتا کوری مام]. خزمە دەگەڵ ↑پز pız "بێچووی ناوسک"، ↑پیزە pîze "پیچ، کەم، هندک"، پچ pıç [↑پچێک pıçêk واتا کەمێک]، ↑بێچوو beçu، ↑بچووک bıçûk [بچ + ئووک] [یان پچووک pıçûk] و لە پلەیەکی دواتردا دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑بارِ bar [بارەکەو] و ↑پوور *pur*. گشتیان سەر بە ریشەکن بە مانای "بچووک، وردیلە، کەم". دە زمانی فارسیدا پسر pesar (P.) مانای "کوڕ" دەدا. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *pau- >*** "بچووک، وردیلە، کەم".

پسان pısan *[pısān]* - "لەت بوون، قرتان": بزدیان bızdîyan یش دەگوترێ [ڤەبزدیان]. گسستن gosastan (P.). دە زمانی فارسیدا فۆتیمی سەرەتای وشەکە گۆڕاوە و بووەتە g. ئەم وشەیە و هەروەها وشەی ↑پاچین paçîn [هەڵپاچین، داپاچین] و ↑پچڕین pıçrîn دەشێ خزم بن دەگەڵ beißen (G.)، bizan (OG.)، bite (E.)، bitan (Gt.) "گەستن، قەپاڵ لێدان"، bita (Sw.) "گەستن، بڕین، بریندار کردن"، bhinatti (OIn.) "لەت دەکا، دەقەڵشێنێ"، findere (L.) "لەت کردن، قەڵشاندن" [دەنگی n خزاوەتە ناو وشە لاتینییەکەوە] سەر بە ریشەی ***(IE.) *bheid- >*** "کوتان، لێدان، لەت کردن". دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑پەت[2] pet [لەت و پەت]، ↑پاتک patık "پەڕۆی پینە"، ↑پاتە pate "ورتکە نان"، ↑پاتۆز patoz "ماشێنی درووینە" [لەت و پەتکەر]، ↑پیتک pîtık "کوتک" دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە. هەروەها لەوانەیە ↑پاچ paç "قووڵینکَ" پێوەندی بەو وشانەی سەرەوە هەبێ.

پسپۆڕ pıspor *[pıspor]* - "لێزان، کارناس": لەوانەیە پێک هاتبێ لە دوو کەرتی پس + پۆڕ pıs + por. کەرتی یەکەم لەوانەیە پێشتر "وز wız" بووبێ و پێوەندی هەبێ بە ↑ئاوەز awez [a-wez] "ئەقڵ، تێگەیشتن". کەرتی دووەمی وشەکە، واتا پوڕ por خزمە لەگەڵ ↑پڕ pır و بەم شێوەیە مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "پڕزانست، پڕئاوەز".

[تێبینی: لەباری ماناوە بەرهەڤی بکە دەگەڵ وشەی فارسی "فرزانە" بە مانای "ئاوەزمەند، فرەزان". کەرتی یەکەمی وشەکە، واتا "فرە"، خزمە دەگەڵ "پڕ"].

پستە pıste *[pısta]* - "بەرێکە لە چەشنی گوێز و بادام": پستە peste (P.)، فستق festeq (Arb.)، pistasie (G.)، pistakion (Gr.) "پستە".

[تێبینی: ئەم وشەیە ڕیشەکەی بردراوەتەوە سەر زمانی یۆنانی، بەڵام وشەکە وەک لە شێوەکەی دەردەکەوێ، وێ دەچێ لە زمانە ئێرانییەکانەوە چووبێتە ناو زمانی یۆنانییەوە و سەرەتا پێستەک **pestek* بووبێ. کەرتی ek- هەر ئەو پاشگرەیە کە تا ئەمڕۆش دەورێکی چالاک لەو زمانانەدا دەبینێ].

پسک pısık *[pısık]* - "کەسێک نەتوانێ دەنگی s باش گۆ بکا": فسەزمان fısezıman یش دەگوترێ. ئەم وشەیە لەم خێزانەوشەیەدا جێ دەگرێ کە دەچێتەوە سەر ↑فوو fu "با، هەوا، هەناسە". مرۆڤی پسک لە کاتی گۆ کردنی دەنگی s دا هەوا لە کەلێنی ددانەکانیانەوە دەردەچێ و دەنگیکی تایبەتی دروست دەبێ. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑فیچ fîc "کۆڵۆس، کەسێک ددانی پێشەوەی کەوتبێ" و لەوانەشە دەگەڵ چەند وشەیەکی دیکەی وەک↑ پسەپس pısepıs "سرتەسرت" و ↑پچە pıçe.

پسکان pıskandın *[pıskāndın]* - "بەردەست بوون، هاتنە ژێر فەرمان": دەگەڵ پێشگری ڤەve دێ [ڤەپسکان vepıskan]. هەروەها ڤەپسکاندن vepıskandın هەیە بە مانای "هێنانە ژێر فەرمان، کەوی

کردن". ئەم وشەی دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بەزین bezîn "دۆڕان لە پێشبڕکێ و زۆرانبازی"دا. مانای "پسکان" دە بنەڕەتدا ئەوە بووە کە ئاژەڵێک دەستی لە ململانێ و سەرکێشی هەڵگرتووە و بەزیوە، واتا خۆی داوە بە دەستەوە. فۆنێمی k ناوگرە و کردارەکە دەخاتە ناو دۆخی جەخت کردنەوە. ئەم ناوگرە دەگەڵ ژمارەیەک کردار دێ، وەک ئاڵۆزکان، پەشۆکان، بزرکان و هتد.

پسکە pıske *[pıske]* - "ئاخێزی راوکەر بەرەو تێچیر": وێ دەچێ پێوندی هەبێ بە ↑باز(د) baz(d) و ↑بزوان *bızwan*.

پسەپس pısepıs *[pısapıs]* - "سرتەسرت": خزمە دەگەڵ ↑پچە pıçe.

پسوولە pısule *[pısūla]* - "قەبز، رەسید": < *وصول wosūl* (Arb.) "گەیشتن". دە زمانی فارسیدا وشەی "رسید" بەکار دێ کە لە کرداری "رسیدن" وەرگیراوە بە مانای "گەیشتن".

پسیک pısîk *[pısīk]* - "پشیلە، کتک": شێوەیەکی دیکە لە ↑پشیلە pışîle.

پش pış *[pıš]* - "1- فشەڵۆک، ناپتەو 2- سی، کیسەی هەناسە": خزمە دەگەڵ ↑فش fışفش [فش و فۆڵ]، ↑بۆش boş"بەتاڵ"، ↑فس fıs "بای لەش"، ↑پیش pîş "هەناسە"، پۆز poz [↑قەمپۆز qempoz واتا لووتی ئاژەڵ]، ↑هەڵپزان helpīzan "ماسین، با کران، ئەستوور بوون"، ↑بۆز boz "نەخۆشی ماسینی چۆکی ئاژەڵ"، ↑پیس pîs "بۆگەن" [دەبنەڕەتدا: باکردوو].

[تێبینی: سەبارەت بە مانای "سی، کیسەی هەناسە"، دەتوانین لەباری ماناوە هەڵیسەنگێنین دەگەڵ وشەی یۆنانی pneumon (Gr.) "سی، کیسەی هەناسە" کە دەچێتەوە سەر pneuma (Gr.) "دەم، هەناسە" و خزمیشە دەگەڵ *بینە* "هەناسە" لە زمانی کوردمادیدا و *بینی* "لووت" لە زمانی فارسیدا].

پشاوتن pışawtın *[pıšāwtın]* - "گوشین، شێلان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ psáein (Gr.) "رێخشاندن".

[تێبینی: پێوەندی نیزیک هەیە لەتیوان چەمکەکانی "پشاوتن، گوشین، شێلان" و "رێخشاندن"دا. بۆ وێنە "مشتومالّ" دان بە مانای "شێلان، پشاوتن" پێوەندی هەیە بە "ماشتن" و "مالّین"ەوە کە ئاماژە بە رێخشاندنی گەسک بە سەر هەرددا دەکا].

پشت1 pışt *[pıšt]* - "1- ئەو بەشەی لەش کە بەرەو دواوەیە 2- پاش": پشت poşt (P.) پشت"، post (L.) "پاش".

پشت2 pışt *[pıšt]* - پشتەکەوا pıştekewa مانای ئەو بڕە پارچەیە کە کەوایەکی پێ دروست دەکەن. خزمە دەگەڵ ↑پەشت peşt "بەن یا دەزووی بادراو، گشتەک" و دواتر ↑*فاق faq 2* "1- جورێک داو بۆ گرتنی پەلەوەر 2- جۆرێک پارچەی رەش بۆ چارشێوی ژنان".

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "بەن، دەزوو" دەگەڵ "پارچە" دە وشەی "داو" و "جاو"دا بە باشی دەبینرێ. ئەم دوو وشەیە خزمن، یەکەمیان مانای "دەزوو" و دووەمشیان مانای "جۆرێک پارچە" دەدا].

پشتیوان pıştîwan *[pıštīwān]* - "پشتگیر، ئاریکار": هەروەها پشتیوانە pıştîwane هەیە بە مانای "دارێک کە دەخرێتە پشت دەرگا بۆ قایم کردنی". پشت + ی+ وان [پاشگر] wan + î+ ↑پشت pışt. کەرتی ↑وانwan- ئاماژە بە ئاگاداری کردن و پاراستن دەکا بۆ وێنە لەم وشانەدا: شوان، گاوان، باخەوان، شۆڕشڤان و هتد.

پشتێر pıştêr *[pıştêr]* - "تەویلە، گەوەڕ": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑پشکەڵ pışkel "پیسایی بزن و مەڕ و هەندێک ئاژەڵی دیکە".

پشک1 pışık *[pıšık]* - "بەش": خزمە دەگەڵ ↑بەش beş.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی "سەرپشک" و "بن پشک" بەکار دێن کە پێوەندییان بەم وشەوە هەیە. "سەرپشک" ئەو کەسەیە کە لە کاتی هەڵبژاردن (ی بەش) و بەش وەرگرتندا یەکەم کەسە، لە سەرووی ئەوی دیکە یان ئەوانی دیکەوە دەوەستێ و بەشی باشی پێ دەبڕێ. "بن پشک" بە کیژێک دەگوترێ کە بدرێ بە ژن بۆ برای [زارا بن پشکی شاهۆیە]. لێرەدا زارای بێچارە لە پشک وەرگرتن و

بەش پێبڕاندا کەسێکی ژێرکەوتوو و بێدەسەڵاتە. ڕەنگە لەم تێڕوانینەوە بێ کە ناوی "بن پشک" بۆ ئەو کیژە دیاری کراوە، واتا "سەرپشک" کەسێکە پشکی خۆی هەڵدەبژێرێ و "بن پشک" کەسێکە کە مافی هەڵبژاردنی پشکی نییە و هەرچی وەبەری کەوتن دەبێ وەری بگرێ، بە داخەوە].

پشک2 pışık [*pišık*] - "داڕۆکەیەکە وەک پینە دە مشکەی کون بووی ڕادەکەن": پژک pıjık یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پژا pıj "لکی باریکی دار".

پشکنین pışkınîn [*pškınīn*] - "1- گەڕان لە شتێک، تەفتیش 2- هەڵوەشاندنی خوری و لۆکە": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە پەرژ و بڵاو بوون، پەرژ و بڵاو کردنەوە دەکەن، وەک وەک ↑پژان *pıjan*، ↑بەژقین bejqîn "ورد بوون لە ژێر شتی قورسدا"، ↑بژکین bıjkîn "پڕژان، بڵاو بوون"، پشە pışe یان ↑بزیشک bızîşk "ئاورینکَ، پڕیشکی ئاگر"، ↑پشکۆ pışko "پۆڵووی گەشاوە"، ↑پشکووتن pışktın"کرانەوە"، ↑بشکۆژ bışkoj "شکۆفە"، ↑بژاڵ bıjal "بڵاوی و پەرێشانی" و هتد. پشکنین دە بنەڕەتدا بەو دۆخە گوتراوە کە مرۆڤ کۆمەڵێک شت یان کەلەپەل بەم لا و ئەو لادا بڵاو دەکاتەوە، بە وتەیەکی دیکە کۆمایەک یان کۆگایەک لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێ، بۆ ئەوەی شتێکی تایبەتی بدۆزێتەوە. [تێبینی: وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا هەیە کە مانای پشکنین دەدا و بریتییە لە ↑ڤەلۆ velo کردن. ئەم وشەیەش خزمە دەگەڵ "بڵاو" و هەروەها "ولو" دە زمانی فارسیدا. ئەم وشەیە شی کردنەوەی سەرەوە بە تەواوی پشتراست دەکا].

پشکووتن pışkutın [*pškūtın*] - "لێک کرانەوە، لێک بوونەوە" [بۆ هێندێک شت بەکار دێ وەک خونچە، چاو]. پشکڤین pışkıvîn یش دەگوترێ. ئەم وشەی دوایی بە مانای "هەڵوەشانی دروومان"یش بەکار دێ. خزمە دەگەڵ ↑پشکنین pışkınîn.

پشکۆ pışko [*pško*] - "پۆلوو": لە ↑پشکووتن pışkutın وەرگیراوە. "پشکو" ئەو خەلووزەیە لە کاتی سووتاندا دەپشکوێ [لێک دەبێتەوە، ئاوەڵا دەبێتەوە].

پشکەڵ pışkel [*pškel*] - "پیسایی بزن و مەڕ و هەندێک ئاژەڵی دیکە": پشک pešk / pošk (P.)، pača (Pash.). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ -purīşa (OIn.) "پشکەڵ، ریخ"، purvas (Lit.) "چڵک، کەمێڵ، پیسایی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *prə- ,*perə- >*** [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 277). بەگوێرەی بۆچووتیکی دیکە کە هەر لەم سەرچاوەیەدا باس کراوە، لەوانەیە "پشکەڵ" خزم بێ دەگەڵ ↑پەخش pexş]. دەشێ وشەکانی ↑پۆخڵ "چڵکن، پیس"، پۆخڵە poxle "بنی برین" و↑پەچەڵ peçel "پیس، پۆخڵ" و لەوانەیە ↑پشتێر pıştêr "تەویلە، گەوەڕ"یش پێوەندیان بەم "پشکەڵ"ەوە هەبێ.

پشکیلان pışkîlan [*pškīlān*] - "گەمەیەکی شەو نشینییە کە ئەنگوستیلە لە باخەڵی یەکێک دا دەشارنەوە و دەستەی دیکە دەبێ بیدۆزێتەوە": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑پشکنین pışkınîn ەوە.

پشمین pışmîn [*pšmīn*] - "دانەدەرەوەی هەوا بە پڕتاو لە دەم و لووتەوە": ↑پژمین pıjmîn و ↑پنژین pınjîn و ↑فشکین fışkîn یش دەگوترێن. پەیوەستن بە چەندین دەنگەوشەوە کە ریشەکەیان دەچێتەوە سەر دەنگی ↑فوو fu "با، هەوا، هەناسە". خزمە دەگەڵ ↑پیش pîş و ↑پشوو pışû "هەناسە".

پشوو pışû [*pšū*] - "1- هەناسە 2- هەناسە دان، وچان دان": خزمە دەگەڵ ↑پیش pîş "هەناسە".

پشیلە pışîle [*pšīla*] - "کتک": پشیک pışîk و پسیک pısîk یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ fauchen (G.)، pfūchen (MG.) "فشکاندنی پشیلە، قیژەی هێرەشکەرانەی پشیلە". لەم تێڕوانینەوە ناوی "پشیلە" بۆ "قیژە و فشقاندنەکەی" دەگەڕێتەوە. خزمە دەگەڵ ↑فشقە fışqe.

[تێبینی: دە زمانی فارسیدا بە پشیلە دەگوترێ گربە gorbe (P.). ئەم ناوە دەشێ خزم بێ دەگەڵ Welpe (G.) " بێچووی سەگَ، ڕێوی و گورگَ" کە ئەویش بە گوێرەی بۆچووتیک خزمە دەگەڵ hwelan (OE.)، hvellr (OIs.) "زیڕاندن، وەڕین، قیژاندن". وەک دەبینرێ، لێرەشدا ناوی ئاژەڵەکە لە دەنگەکەی وەرگیراوە].

پشێو pişêw *[pišew]* - "پەرێشان": ↑پەشێو peşêw یش دەگوترێ.

پف pıf *[pıf]* - "فوو": پف کردن واتا فوو هێنانەدەر بۆ دوور کردنەوەی بۆنی ناخۆش. جگە لەمە پف کردن بە مانای "هەڵمسان و فوو تێکران"یش دێ. هەروەها "پف دان" هەیە بە مانای "فوو دان". دە فارسیدا پف و پیف pof و pîf (.P) دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑فو fu و↑پیش pîş "هەناسە". دە ئینگلیزیدا puff (.E) بە مانای "هەناسە، فوو" دێ. دە زمانی ئەڵمانیشدا puffen (.G) بەمانای "هەڵپزاندن، هەڵمساندن" بەکار دێ. چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا پێوەندی بەم وشەوە پەیدا دەکەن وەک پفەک pıfek "ئامرازی فوو تێ کردن"، ↑پوفلک pufılk "پزدان"، پفەڵ pıfel "فشەڵۆک، متخلخل"، پفیو pıfîw "لەش گران"، پفکێ pıfkê "جتێوی ژنانە واتا گوشاد"، ↑پفە pıfe "خواردنی گەرم بە زمانی زارۆک" [دەبێ فووی لێ بکەی سارد بێتەوە].

پفاندن pıfandın *[pıfāndın]* - هەڵپفاندن helpıfandın واتا تەتەڵە کردن، هەڵتەکاندنی دەغڵ و تووتن بو پاک بوونەوە. خزمە دەگەڵ ↑پف pıf "فوو". مانای هەڵپفاندن دە بنەڕەتدا "بە با دان، دانە بەر با" یە بە مەبەستی جیا بوونەوەی زبڵ و زاڵ لە دەغڵ یان تووتن.

پفە pıfe *[pıfa]* - "خواردنی گەرم بە زمانی زارۆک": بڕوانە ↑پف pıf "فوو".

پک pık - "پشتەی جکَ": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ back (.E)، bak (.OS)، bak (.ON)"پاش".

لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑پاش paş "بەرانبەری پێش، دواوە " [پس pes (.P) "پاش"].

پل1 pıl - دەگەڵ "دەم" دێ [دەم و پل dem û pıl]. خزمە دەگەڵ↑فڵچ fılç [دەم و فڵچ] و هێندێک وشەی وەک ↑پڕماندن pırmandın، ↑فرمک fırmık "کونی لووت "، ↑پاڵ pal [لاڵ و پاڵ] و دواجار خزم دەگەڵ ↑فوو fu [با، هەوا، هەناسە]. لەم تێڕوانینەوە پل یان فڵچ دەبێتە شوێنی پێدا رەت بوونی هەوا [هەناسە].

پل2 pıl - "تیکە": [پلەگۆشت واتا تیکە گۆشت]، خزمە دەگەڵ ↑پار par یان پارە pare بە مانای "لەت، کوت".

پل3 pıl - "1- لێدانی رەکَ 2- چەقەنە بە پەنجە 3- تەزووی لەش": چەمکی هاوبەش لە هەموو ئەو مانایانەدا "لێدان"ە. چەندین وشە پێوەندی بە "پل"ەوە پەیدا دەکەن، وەک ↑پلیک plîk یان ↑پڵتۆک piltok"پتە" [پڵتۆک هەروەها مانای "پەلەپیتکە"ش دەبەخشێ]، ↑پڵپڵە pılpıle "لەرزانە" [خشڵێکە دەلەرێتەوە و *لێک دەدرێ*]، ↑پەپوولە *pepule* [یان پەڵپەلیسک pelpelîsk واتا پەڕ و باڵ لێکدەر]، ↑پڵۆسین plosîn "لێدان"، ↑پڵۆز ploz [ئاڵۆز و پڵۆز واتا لێکدراو] و هتد.

پلان1 pılan *[pılān]* - "نەخشە، تەرح": ئەم وشەیە دە زمانە ئەورووپییەکانیشدا بەکار دێ و دەچێتەوە سەر < *planta (.L)* "بەری پێ، بن و تەختی خانوو" و دواتر "تەرحی خانوو". وشە لاتینییەکە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی وەک ↑پەل pel، بڵاو bılaw و ↑*وڵات wılat*. دە زمانی ئەڵمانیدا هەروەها کرداری planen (.G)ی لێ دروست کراوە بە مانای "نەخشە کێشان، پلان دانان". دە زمانی کوردمادیدا شێوەیەکی دیکە لەم وشەیە، واتا ↑پیلان pîlan بە مانایەکی تیگاتیف بەکار دێ و ئاماژە بە نەخشەی نەیارانە دەکا.

پلان2 pılan *[pılān]* - "گلار بوون، خلۆر بوونەوە": ↑پلکان pılkan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑پێڵ pel "مەوج"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووڕان".

پڵاو pılaw *[pılāw]* - "برینجی لێندراوی بە سەلەدا کراو": سەر بە کرداری ↑پاڵاوتن palawtın. لەبەرئەوەی برینجەکە بەسەلەدا دەکرێ [دەپاڵێورێ]، ناوی پڵاوی لێندراوە.

پڵپڵە pılpıle *[pılpıla]* - "لەرزانە": خزمە دەگەڵ ↑ پل3 "لێدانی رەکَ". پڵپڵە خشڵێکە دەلەرێتەوە و *لێک دەدرێ* .

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە لە چەشنی پڵپڵە دروست کراون، وەک شەقشەقە، خولخولە، فڕفڕە، ودودە، غەرغەڕە، وەروەرە و هتد. لەم وشانەدا بنەوشەیەک دووبارە دەبێتەوە. ئەمە

شێوەیەکە کە لەباری رێزمانییەوە دۆخی جەخت کردن دروست دەکا و بەتایبەتی بۆ ئەو کەلوپەلانە بەکار دێ کە کردارێک تێیاندا دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە].

پلتۆک pıltok *[pıltok]* - "1- پتە 2- پەلەپیتکە": خزمە دەگەڵ ↑پل3 pıl "لێدانی رەکێ".

پلچ pılç *[pılč]* - "پان، بڵاو": زۆرتر دەگەڵ پان دێ [پان و پڵچ]. فلچ fılç یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ platt (G.)، plat (OFr.)، platys (Gr.) "پان، تەخت، ساف". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑پەل pel "تەخت، نەقووڵ"، ↑*وڵات wılat* "سەرزەوی" [دەبنەڕەتدا: پانتایی زەوی] و ژمارەیەک وشەی دیکە.

پلژیان pıljîyan *[pılžīyān]* - "سیس بوون، چرچ بوون": پلاسیدن palāsīdan (P.). خزمە دەگەڵ falten (G.)، fold (E.)، plisser (Fr.)، plicare (L.) "قەد بوون، چرچ بوون"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pel- >*** "قەد بوون، چرچ بوون".

پلک pılk - "پوور، خوشکی باوک": خزمە لەگەڵ ↑پوور pur و لەوانەشە دە بنەڕەتدا پوور + ک (ı)k + purبووبێ و دواتر بووبێتە "پلک". پاشگری ık دەچێتە سەر چەندین وشەی دیکەش وەک دایک، باوک، خوشک، میمک، نەنک و هتد. ئەم پاشگرە لەم دۆخەدا پاشگری خۆش ویستن و ڤیاندنە.

پلکان pılkan *[pılkān]* - " گلان، گلۆر بوون": ↑پلان2 pılan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ پۆل pol یان ↑پێل pel "مەوج، شەپول" و ↑وێل wel "سەرگەردان، ئاوارە" و چەندین وشەی دیکەی سەر بە ریشەی ***(IE.) *uel- , *wel- >*** "سووڕان، خولان، با دران".

پلکە pılke *[pılka]* - "بسک و کەزی": خزمە دەگەڵ ↑پۆلکە polke "توێکڵی چەڵتووک، بلۆقی دەست"، Pelle (G.) "پێست، توێکڵ"، Fell (G.)، fill (Gt.)، fell (E.)، pellis (L.)، pella (Gr.). "پێست، پێستە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pel- >*** "داپۆشین، تێ پێچان".

[تێبینی: شیاوی باسە وشەی بسک bısık یش خزمە دەگەڵ ↑پێست pest و ↑پەشم peşım].

پللار pıllar *[pıllār]* - "دار(دەست) بۆ هاویشتن": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Pfeil (G.)، pil (E.)، pilum (L.) "پللار". کەرتی ar- دە وشە کوردماددییەکەدا لەوانەیە پاشگر بێ.

پلنگیان plıngîyan *[plıngīyān]* - "ئاڵۆزان و تێکهاڵان": خزمە دەگەڵ ↑پڵۆز pıloz [ئاڵۆز و پڵۆز واتا تێکەڵ پێکەڵ، لێکدراو]. فۆنێمی n زێدەیە و خزواتە ناو وشەکەوە.

پلوورە plıure *[pılūra]* - "شەڵخە، هەنگەمێش": خزمە دەگەڵ ↑پڕ pır،↑پۆل pol، ↑فرە fıre و هتد. هەڵی سەنگینە دەگەڵ plural (E.) "کۆ، چەندانە" کە دەچێتەوە سەر plūr (L.) "زۆر".

پلووسک plısık *[pılūsk]* - "لووساوک": خزمە دەگەڵ fließen (G.) "جاری بوون"، Fluß (G.) "چەم"، Flut (G.) "سێڵاو، لێشاو"، fleet (E.)، flyta (Sw.)، plusti (Lit.) "جاری بوون"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pleu- >*** "جاری بوون".

پلۆز pıloz - "پڕپۆڵە، ئارد و ئاوی تێکەڵ بۆ خۆراکی جووجە": خزمە دەگەڵ ↑پەڵوو pelu.

پڵۆز pıloz - دەگەڵ "ئاڵۆز" دێ [ئاڵۆز و پڵۆز واتا تێکەڵ پێکەڵ، لێکدراو]. دە فارسیدا دەگوترێ پلوغ plūġ (P.) [شلوغ پلوغ]. خزمە دەگەڵ ↑پلۆسین plosîn "لێدان". دیارە لێرەدا مەبەست "لێکدان"ە. [شیاوی سەرنجە کە وشەی شلووق یان شلۆقیش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان" و خزمیشە دەگەڵ "شەڵەقان"]. لێرەدا دەتوانین پەنجە بۆ وشەیەکی دیکەش رابکێشین کە ئەویش وشەی ↑قەرەباڵغ qerebalıġ ە. کەرتی باڵغ balıġ- دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و ئاماژە بە شلۆقی و تێکەڵ پێکەڵی حەشیمەت دەکا.

پلۆسین plosîn *[pılosīn]* - "لێدانی توند": ↑داپڵۆسین dapılosîn.

پلەتسیان pıletsîyan *[pılatsīyn]* - "سست و خاو بوونەوە": خزمە دەگەڵ ↑فل fıl [شل و فل، فل بوون واتا ماندوو بوون، لە هێز کەوتن]. هەروەها پڵت pılt هەیە بە مانای "بڵ، نەرم، شل" کە دەشێ پێوەندی بەم وشەوە هەبێ، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ple-, *pla- >*** "پان و بڵاو بوونەوە، لەبەر یەک کشانەوە".

پلیخان pılîxan [*pılīxān*] - "پلیشان، پان و پڵچ بوونەوە": پەڵخین pelxîn و پەڵخان pelxan یش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ گەلێک وشە کە ئاماژە بە "پان و بڵاو بوون" دەکەن. بڕوانە ↑وڵات wılat، سەر بە ریشەی ***(IE.)*ple-, *pla- >*** "پان و بڵاو بوونەوە، لەبەر یەک کشانەوە".

پلیشان pılîşan [*pılīšān*] -"پلیخان، پان و پڵچ بوونەوە": شێوەیەکی دیکە لە ↑پلیخان pılîxan. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پەلشقە pelışqe "شل و شەوێق" [دەبنەڕەتدا: لەبەر یەک بڵاو بوو].

پلیک plîk [*plîk*] - "پتە": خزمە دەگەڵ ↑پل3 pıl "لێدانی رەکێ".

پلینگ pılîng [*pılīng*] - "دڕەندیەکی تیژ و چابوک": ئەم وشەیە لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑پەلە pele و↑پەڕین perîn سەر بە ریشەی ***(IE.)*preu- >*** "بازدان، پەڕین". پلینگ دڕەندەیەکی زۆر تیژ و خێرایە و بازدەکانی بەناوبانگە.

پن1 pın - "قرنوو، جانەوەرێکی چکۆڵەیە بە پێستی ئاژەڵەوە دەنووسێ": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "چکۆڵە، کەمووسکە" دەبەخشن، وەکوو ↑پنتک pıntık "گزمۆڵە، کەمووکەیەک لە قوڕ و ....." و ↑فنک *fınık* "جاش ئیستر". لەم تیڕوانینەوە "پن" دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای "چکۆڵە، وردیلە" بووبێ.

پن2 pın - "خاڵ، پەڵە(ی چکۆڵە)": پنۆ pıno و پنت pınt یش دەگوترێ. هەروەها ↑پنۆک pınok و پەنی[2] penî یش هەن بە مانای "خاڵخاڵ، پەڵەپەڵە". دەشێ خزم بێ دەگەڵ pingere (L.)، pinkte (OIn.) "نەخش و نیگار کردن"، fāh (OE.)، fēh (OG.) "ڕەنگین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *peik-, *peig- >*** "نەخش و نیگار کردن". هەروەها هەڵی سەنگینەدەگەڵ ↑بێر3 bez "ڕەنگ" [ئەم قالییە لە بێزی هاوتاکەی نییە]. جگە لەمە ↑پەقلە peqle هەیە کە دەگەڵ "شەقلە" دێ [شەقلە و پەقلە]. شەقلە ئاماژە بە شەقڵ و وێنە دەکا کە ئەویش ماناکەی دەگەڵ نەخش و نیگار یەک دەگرێتەوە.

[تێبینی: دە زمانە ئەورووپییەکاندا وشەیەک هەیە بە مانای "نوختە"، بۆ وێنە Punkt (G.)، point (E.). ئەم وشانە لە punctus (L.) وەرگیراون کە دەبنچینە دا مانای "تیژ" دەدا ، سەر بە کرداری pungere (L.) "تیڕاچوون". هەروەها دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی هاوشێوە هەن، واتا پن1 pın و پنتک pıntık کە مانای "گزمۆڵە، چکۆڵە" دەدەن. زۆر ڕێی تێ دەچێ کە پن2 pın [پنت، پنک] بە مانای "پەڵە، لەکە" پێوەندی بەم دوو وشەی دواییەوە نەبێ، بەڵکوو لەو ریشەی سەرەوە بە مانای "نەخش و نیگار" سەری هەڵدابێ. ڕاستە دە زمانی ئەمڕۆدا خاڵ بە مانای "نوختە" بەکار دەهێنرێ، بەڵام خاڵ دە ئەسڵدا بە مانای "پەڵە، لەکە" بەکار هاتووە و پێوەندی بە "نوختە" و "چکۆڵە بوون"ەوە نەبووە].

پنت pınt - "خاڵ، پەڵەی بچووک، نوختە": بڕوانە ↑پن2 pın "خاڵ، پەڵەی چکۆڵە".

پنتک pıntık - "گزمۆڵە، کەمووکەیەک لە قوڕ و .....": خزمە دەگەڵ ↑پن1 pın و چەندین وشە دیکە کە مانای "کەمووکە، چکۆڵە" دەبەخشن. شیاوی باسە وشەی "گزمۆڵە"ش [گز + مۆڵە وەک گرمۆڵە] خۆی دە بنەڕەتدا بە مانای "چکۆڵە، خڕکەڵە"یە و خزمە دەگەڵ "گچکە".

پنج pınc [*pınj*] - "دەرز گرتنی دەفری سواڵەت": شێوەیەکی دیکە لە ↑پینە pîne. خزمن دەگەڵ ↑بەند bend، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhendh-*** "بەستن". دەشێ پینە pîne پێشتر "پیندە pinde" بووبێ. هەروەها پنج و مۆر pınc û mor هەیە. دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا "پنج و مۆر" وەک "شات و شووتی بە درۆ" مانا کراوەتەوە. وێ دەچێ مانای بنەڕەتی وشەکە هەمان "بەستن، داخستن و مۆر لێدان" بێ، هەڵی سەنگینە دەگەڵ "مهر و موم" دە زمانی فارسیدا.

پنچک pınçık [*pınčık*] - "بنەگیا، دەوەن" بنچک bınçık یش دەگوترێ کە ئەمەیان شێوەی کۆنتری وشەکەیە. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بنەچەک(ە) bıneçek(e).

پنژین pınjîn [*pınžīn*] - "پشمین": خزمه دەگەڵ fnesan (OE.)، fnysa (ON.)، hnjosa (OIs.)، phnusen (MG.)، niesen (G.)، nysa (Sw.)، niezen (Nl.)، گشتیان واتا "پشمین، پنژین". ئەم وشەیە لەوانەیە دواجار دەگەڵ ↑پشمین pışmîn لە یەک ریشەوە هاتبێ.

پنۆ(ک) pıno(k) - "پەڵە، لەکە، خاڵ": بڕوانە ↑پن2 pın "خاڵ، پەڵەی چکۆڵە".

پنە pıne [*pına*] - "تەختەیەکە ئەنگوتکی نانی لەسەر پان دەکرێتەوە": خزمە دەگەڵ ↑پان pan.

پنیۆز pınyoz - "دوور کەوتن" (پتیوز بووە: رۆیوە و دێتەوە). لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑پن1 pın و ↑پنتک pıntık بە مانای "کەمووسکە، چکۆڵە". کەرتی دووەمی وشەکە، ئۆز oz- پاشگرە.

[تێبینی: بێگومان لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە چ پێوەندییەک هەیە لە نێوان دوو چەمکی "رۆیشن، دوور کەوتن(ەوە)" و "کەم و چکۆڵە"دا. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین. کاتێک مرۆڤ دەڕوا و دوور دەکەوێتەوە، ئیتر پەیکەری لەبەر چاوی مرۆڤەکانی وەستاو هەر دێ چکۆڵە و چکۆڵەتر دەبێتەوە [لە کزی و کەمی دەدا] تاکوو بە یەکجاری ون دەبێ [لە ناو دەچێ]. هەر بۆیە ئەم وشانەی دەربڕی ئەو چەمکانەی سەرەوەن، پێوەندی ئێتیمۆلۆژیکیان بەیەکەوە هەیە. بۆ وێنە وشەکانی "کز"، "گچکە"، "کاس" [کەم و کاس] خزمە دەگەڵ "کووژانەوە" و "کوشتن" کە هەمان لەناو چوونە. ئەم خێزانەوشەیە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "کەم، گچکە". هەر بەم شێوەیە وشەی پنیۆز pınyoz لەوانەیە پێوەندی بە پن1 pın "کەمووسکە، چکۆڵە" پەیدا بکا].

پوار puwar [*puwār*] - "پاک، خاوێن": پێوەندی هەیە بە purus (L.) "پاک، پاڵاوتە" و purare (L.) "پاک کردن، پاڵاوتن". خزمە دەگەڵ یان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑پاراو paraw.

پواز puwaz [*puwāz*] - "هۆرە": پغاز poġāz (P.). هەروەها دە زمانی فارسیدا بغاز boġāz (P.) بە مانای "تەنگە"ی نێوان دوو دەریا بەکار دێ و ئەمەش لە راستیدا هەر هەمان وشەیە. ئەو شوێنەی ناو دەریا کە وەک "بغاز" یان "تەنگە" ناو دەبردرێ، شوێنێکە کە زەوی یان هیشکایی وەک پواز چووەتە ناو ئاوەکەوە.

1- جێی بەراورد کردن دەگەڵ poken (MG.)، poke (E.) "لێدان، تێڕاکردن، تێکوتان"، poken (Nl.) "تێڵ دانی ئاگر" [بە تێوەژاندن؟]. ریشەی ئەم وشانە ساخ نەکراوەتەوە.

2- هەروەها جێی بەرهەف کردنە دەگەڵ ↑پاچ paç.

پوان puwan [*puwān*] - "ڕزین، گەنین": پوسیدن pūsīdan (P.) "ڕزین، گەنین". خزمە دەگەڵ ↑بڵ bıl "میوەیەک کە بەرەو ڕزین دەچێ" و هەروەها ↑پیس pîs سەر بە ریشەی ***(IE.)*pū- >*** "گەنین".

پوخت puxt - "پاک، تەکووز": هەروەها پوختە puxte هەیە بە مانای "هەڵبژاردە، خۆلاسە": ئەم وشەیە چ پێوەندی بە "پختن"ی فارسییەوە نییە کە مانای " پێژان، کوڵاندن" دەدا. خزمە دەگەڵ ↑پاک pak. وشەکە هەڵسەنگینە دەگەڵ puta (OIn.) "پاک". مەبەست لە کاری پوخت و پاراو دیارە ناتوانی کاری "پێژاو، کوڵاو" بێ، بەڵکوو کاری پاک و خاوێنە. هەروەها "پوختە" بریتییە لە "پاک کردە"، واتا باسێک یان وێژەیەک کە لە توێکڵەکەی، لە شتە زیادی و ناپێویستەکان پاک دەکرێتەوە و کاکڵەکەی دەخرێتە بەر دەست. وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.)*peue- >*** "پاک".

پونژین punjin [*punžīn*] - "خەو بردنەوە، وێژینکێ دان": هەروەها پینۆک pînok و ↑پینەک pînek بەکار دێن بە مانای "وێژینکێ، خەونوچکە". خزمە دەگەڵ پینکی زدن pīnkī zadan (P.) "وێژینکێ دان" و دەشێ پێوەندی هەبێ بە pennen (G.) "خەوتن" [دە زمانی *ئاخافتنی* ئەڵمانیدا دا بەکاردەهێندرێ]. ریشەی وشە ئەڵمانییەکە ساخ نەکراوەتەوە.

پونگێ pung [*pung*] - "گیایەکی بۆن خۆشە بۆ خواردن دەبێ": پنگێ pıng یش دەگوترێ. پونە pūne (P.). جێی هەکسەنگاندنە دەگەڵ fungus (L.) "کارکێ". ریشە؟

پوف puf - "1- سی، ئەندامی هەناسەکێشان 2- فووی بە هێز": شێوەیەکی دیکە لە ↑پف pıf. هەروەها ↑پوفلك pufılk هەیە بە مانی "پزدان".

[تێبینی: وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەیەك بە مانای "دەرچوونی فوو، هەناسە، هەوا". بە لەربەر چاو گرتنی ئەوە کە سی وەك ئەندامی هەناسە کێشان کار دەکا، "پوف" وەك ناوی ئەو ئەندامەش بەکار دێ. لەم بارەوە دەتوانین هەڵیسەنگێنین دەگەڵ "بین" واتا هەناسە و "بینی" دە زمانی فارسیدا بە مانای "لووت" کە ئەویش ئەندامێکی هەناسە کێشانە و هەروەها pneumon "سی" دە زمانی یۆنانیدا. ئەم وشە یۆنانییە خزمە لەگەڵ "بین"ی کوردمادی و "بینی" ی فارسی].

پوفلك pufılk - "پزدان": بڕوانە ↑پوف puf.

پووت put 1 *[pūt]* - "گیای گێرە کراو": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑پەت pet [لەت و پەت].

2- بوتە būte (P.) "پنچکەگیا" و botane (Gr.) "گیا، وێنجە".

پووت put 2 *[pūt]* - "1- ورد، چکۆلە، لاوان، بێنموود": پووتەکە puteke ش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ pitinnus (L.) و pitulus (L.) "بچکۆلە، کەموسکە". وشەی petty (E.) دەچێتەوە سەر ئەم وشە لاتینییانە. دە کوردمادیدا ↑پێت pet یش دەگوترێ [هێت و پێت] واتا ورد و خاش. هەروەها بۆ وەسفی خۆلێکی زۆر ورد دەگوترێ خۆلەپۆتە xolepote یان خۆلە ↑پۆتینە potîne. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑بوودەلە budele "بچووکی بێبایەخ" هەیە کە لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

پووت put 3 *[pūt]* - "وەزنێکە بەرانبەری 16 کیلۆ":

1- دەفرێکی تەنەکەی گەورە هەیە کە بە زاراوەی موکریانی پێی دەگوترێ "چەلەنکێ". بە فارسی پێی دەگوترێ پیت pīt (P.). ئەم دەفرە نیزیکی 16 کیلۆ شت دەبا و هەروەها وەك پێوانەی کێشان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. وشەی "پووت" لەوانەیە سەرەتا ناوی دەفرەکە بووبێ و دواتر بووبێتە ناوی وەزنێك کە ئەو دەفرە هەڵیدەگرێ، واتا وەزنێکی 16 کیلۆیی. سەبارەت بە ریشەی وشەکە هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پاتیلە patîle و ↑پیتکە pîtke.

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە Pfund (G.)، pond (Nl.)، pound (E.)، pund (Sw.) "یەکەیەکی کێش و قورسایی". ئەم وشانە دەچنەوە سەر pondo (L.). ئەمەش دەچێتەوە سەر pondus (L.) "وەزن، کێش" و pendere (L.) " هەڵواسین (بە ترازوو)، هەڵسەنگاندن، لە تەرازوو نان". وشەی pendulus (L.) "*پاندۆڵ*"یش لەم کردارە وەرگیراوە و دە بنەڕەتدا واتا "هەڵواسراو".

پووتەك putek *[pūtak]* - "زۆرخۆر و چڵێس": خزمە دەگەڵ Futter (G.)، fodder (E.)، foder (Sw.) "خۆراك، لەوەڕ"، fuottan (OG.)، fōdjan (Gt.)، feed (E.)، föda (Sw.) "لەوەڕاندن، دەرخوارد دان"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *pā(t)-*** "خواردن پێدان، لەوەڕاندن".

پووچ puç *[pūč]* - "بۆش، بەتاڵ، بێ ناوەرۆك": پوچ pūč (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە کە ئاماژە بە فش و فۆڵ بوون، با کردن، ماسین، بۆش بوون دەکەن. هێندێك لەم وشانە بریتین لە ↑پووك puk "پووچ،" [کەللەپووك]، ↑بۆش boş "ناوبەتاڵ، هەڵۆڵ"، ↑فش fış "کراوە، هەڵمساو، با کردوو"، ↑فزدووك fızdûk یان فزدەلە fızdele "زیپکەی دەموچاوی جەوان"، ↑بووك buk "باپشکێو، ↑فیز fîz یان فیس fîs "بادیهەوایی، با دە خۆ کردن"، فشۆڵ fışol "زەوی سست و هەڵۆڵ"، فیسەڵ fısel"پووچەڵ"، ↑هەڵپزان helpızan "هەڵمسان" و هتد. ئەم گشتە وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***(IE.) *bhu-*** "ماسین، با کردن". لێرەدا شیاوی ئاماژە کردنە کە وشەی ↑فەشەل feşel وشەیەکی رەسەنی زمانی کوردماددییە بە مانای "فیسەڵ، پووچەڵ". فەشەل بوون دە راستیدا هەمان پووچەڵ بوون یان پووچ بوونەوە. ئەم وشەیە کەوتووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە فشل fašal (Arb.).

پوود pud *[pūd]* - "ژنگ گرتوو، رزیو و کون کون": خزمە دەگەڵ ↑پوان puwan "رزین".

پوور pur *[pūr]* - "خوشکی دایک و باوک": پور pūr (P.) "کوڕ، فرزەند". ئەم وشەیە دە زمانی فارسیدا وەک یەکێک لە پاشگرە هەرە چالاکەکانی دروست کردنی "ناوی فامیلی، پاشناو" بە کار دەهێنرێ [حەسەنپوور، کەریمپوور، ئیسماعیلپوور و هتد]، سەر ریشەی ***(IE.) *pau*** "کەم، بچووک، گچکە". دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە کە هەڵگری مانای کەمی و بچووکین، لەم ریشەوە هاتوون، وەک ↑پس pıs "کوڕ" [دە زمانی فارسیدا پسر pesar (P.)]، ↑پز pız "بێچووی ناوسک"، ↑بێچوو beçu، ↑بچووک bıçûk [کۆنتر: پچووک piçûk] و دە پلەیەکی دورتردا هێندێک وشەی وەک ↑بار bar [بارەکەو]. few (E.)، fēawa (OE.)، fár (ON.) "کەم" و poor (E.) "هەژار" دەچنەوە سەر هەمان ریشە. ئەم وشەی دوایی لە زمانی لاتینی وەرگیراوە، بەڵام لە ریشەدا هاوبەشە دەگەڵ هەموو ئەو وشانەی سەرەوە.

[تێبینی: مانای ئەسڵی وشەکە دەبێ "زارۆک" بێ کە لەبەر گچکە بوونی بەم جۆرە ناودێر کراوە. دە زمانی کوردمادیدا ماناکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئەو وشانەی بۆ ناوی کەسوکار بەکار دێن، هێندێک جار ماناکانیان لە زماتیکەوە بۆ زماتیکی دیکە دەگۆڕدرێ. بۆ وێنە "دایک، دایە" دە فارسیدا بووەتە "دایی" بە مانای "برای دایک". دە زمانی فارسیدا بە دایک دەگوترێ "مام" (یان ماما، مامان) و دە کوردمادیدا "مام" دەبێتە"برای باوک". دە ئینگلیزیدا dad (یان daddy) ناوە بۆ باوک، دە کوردمادیدا "دادە" ناوی خوشکی گەورەیە. دە عەرەبیدا "اب" (ابو) ناوی باوکە، دە کوردمادیدا "ئاپ" (ئاپۆ) ناوێکی دیکەی بۆ "مام". دە کوردمادیدا "کوڕ" ناوی زارۆی تیرینەیە، دە ئینگلیزیدا girl زارۆی مێیینەیە. دە کوردمادیدا "نەوە" زارۆی فرزەند"ە، دە ئەڵمانیدا Neffe دەبێتە "کوڕی خوشک، کوڕی برا"].

پوورسین pursîn *[pūrsīn]* - "بوورانەوە": دەگەڵ پێشگری "ڤە" دێ [ڤەپوورسین vepursîn]. دەشێ شێوەی جەختکراو بێ لە ↑بوورانەوە buran(ewe).

پووز puz *[pūz]* - دەگەڵ "پا" دێ [پا و پووز pa u puz]. هەروەها پووزەوانە puzewane ش هەیە بە مانای "بەلەک پێچ". شێوەیەکی کۆنترە لە "پا" یان ↑پێ pe.

پووش pûş *[pūš]* - "وشکە گیا": [دەئەسڵدا تۆکلی دەغڵ و دان کە هیشک دەبێ و دەوەرێ]. خزمە دەگەڵ ↑پێست pest [پوست pūst (P.)] و لەوە دەچێ پێوەندییان هەبێ بە ↑پشم peşım و ↑بژ bıj و↑بسک bısık و چەند وشەیەکی دیکە کە دەبنەرەتدا بە مانای "خوری، تووک، موو" هاتوون. دەشێ بنەوشەکە سەرەتا بە مانای پەشم و خوری بەکارهاتبێ ، پاشان مانای "پێست" یشی وەرگرتبێ و لەوێشەوە مانای "پووش"ی لێ دروست بووبێ. شیاوی باسە کە دە فارسیدا بە تۆکلی دەغڵ و دان دەگوترێ پوستە pūste(P.). هەروەها جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ↑ پۆشین poşîn. دە زمانی کوردمادیدا "پووش" چەندین وشەی لێ دروست کراوە، وەک پووشکە pûşke "چیلکە"، پووشڵە pûşle "چیلکەی سەر بە لۆکە"، پووشین pûşîn "لە پووش دروستکراو"، پووشینە pûşîne "زەنبیل، تریانی لە پووش چێکراو" و هتد.

پووک puk 1 *[pūk]* - "شەویلکە، گوشتی بن ددان": فک fakk (P.) "شەویلکە"، هەروەها پک و پووزە pek o pūze (P.) "دەم و لەوسی ئاژەڵ". خزمە دەگەڵ Backe (G.)، beko (OG.) "گووپ، گۆنا، شەویلکە"، bucca (L.) "گووپ، گۆنا"، phagones (Gr.) "شەویلکە" و phagein (Gr.) "خواردن"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *bhag-*** "بەش کردن، بەش وەرگرتن". وشەی ↑بەش beş یش هەر لەم ریشەیەوە هاتووە.

پووک puk 2 *[pūk]* - "پووچ، ناوبەتاڵ": پووک pūk (P.).خزمە دەگەڵ ↑پووچ puç. هەروەها پووکانەوە pukanewe هەیە بە مانای "پووچانەوە".

پووک puk 3 *[pūk]* - "کرێوە": هەروەها پووکَ pug هەیە بە مانای "رەشەبای سەخت". ئەم دوو وشەیە دەشێ دە بنەڕەتدا هەر یەک وشە بووبن و بە هێندێک گۆڕان دوو مانای جیاواز، بەڵام لێک نیزیکیان پەیدا کردووە. ئەم وشانە پێوەندییان هەیە بە ریشەی < ***(IE.) *uei-b*** "چەمان، سووڕان، بەم لاو ئەولادا جووڵان". هێندێک وشە دە زمانی کووردیدا لەم ریشەوە هاتوون، وەک ↑بووک buk [بووک و زاوا]، ↑باویلکە bawîlke "پشیلە پاییزە"، ↑پاپلەکانێ paplekane "جۆلانە"،↑*بابۆلە babole*"نانی پێچراوە

و لوول دراو"، ↑باو[2] baw "خول، سووڕ" [باوەخولێ bawexule] و هتد. دیارە شێوەی کۆنتری وشەکە بڕێک جیاواز بووە و دەبێ پێشتر شێوەیەکی وەک *پابک pabık*، *پاپک papık*ی هەبووبێ.ئەم شێوە کۆنە دە وشەی ↑پەپکە pepke یان پاپۆکە papoke دا پارێزراوە. پەپکە یان پاپۆکە دانی مار ئەو دۆخەیە کە مار خۆی لێک دەهاڵێنێ و خۆی گرمۆڵە دەکا.

پووکاوڵە pukawle *[pūkāwla]* - "چەمبۆڵە، قژانکێ": وشەی "چەمۆڵە" و "قژانکێ" دەچنەوە سەر دوو ریشە بە مانای "خوار بوونەوە، چەمانەوە" [بەری دەست دەچەمێتەوە]. هەر بەم شێوەیە وشەی "پووکاوڵە"ش لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑بازنە bazne، ↑باسک bask، ↑*فیزانەوە fîzan(ewe)*، سەر بە ریشەی *(IE.)*bheug- >* "خوار بوونەوە، چەمانەوە".

پووڵ pul *[pūl]* - "پارە، نەغدینە": پول pūl (P.). دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑پووڵک pulık و پۆوڵەکە puleke ی ماسی. وشەکە دەبێ لە ریشەی *(IE.) *pel- >* "داپۆشین، لێهاڵان" کەوتبێتەوە. دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا هێندێک وشە بە مانای "پێست، توێکڵ" لەم ریشەیەوە دروست بوون. دە زمانی کوردمادی وفارسیدا وشەی پووڵ دەبێ سەرەتا بەمانای "پێست" بەکارهاتبێ. پاشان ماناکە لە پێستەوە گوڕدراوە بۆ ئەو دانە خڕ و پان و بریقەدارانە کە بەسەر پێستی ماسییەوەن و دە زمانی ئەمڕۆ دا وشەی پووڵەکەی بۆ بەکار دێنین. ئەوجار سککەی زێر و زێو بەو شتە پان و بریقەدارەی سەر پێستی ماسی چوێندراوە و پێی گوتراوە پووڵ. شتێکی دیکە بۆ پشتراست کردنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئەوەیە کە دە زمانی عەرەبیدا وشەی فلس fils (Arb.) هەم بەمانای "پووڵەکە ماسی" و هەم بەمانای "یەکەیەکی پووڵ" بەکاردێ. ئەم وشە عەرەبییە وێ دەچێ لە پوولک pulık ی زمانە ئێرانییەکان وەرگیرابێ.

پووڵەکە1 puleke *[pūlaka]* - "پۆرگی سەر پێستی ماسی": پوولک pulık یش دەگوترێ. دەشێ دەبنەڕەتدا بە مانای "پێست"ی ماسی بووبێ و خزمە دەگەڵ ↑پۆلکە polke "پۆرکێ، توێکڵ"، سەر بە ریشەی *(IE.) *pel- >* "داپۆشین، لێهاڵان". دە زمانی فارسیدا هەم پولک pūlak (P.) و هەم فلس fels (P.) دەگوترێ. وشەی felıs شێوەیەکی دیکەیە لە pūlak و پێکەوە هاوریشەن.

پووڵەکە2 puleke *[pūlaka]* - "دانەی خر و پان و بریقەدار بۆ رازاندنەوەی جلوبەرگی ژنان": لە وشەی ↑پووڵ pul وەرگیراوە. [تێبینی: تا سی چل ساڵێک لەمەوبەر جل وبەرگی ژنان بۆ رازاندنەوە پووڵیان لێدەرا (لێ دەدوورا) و هەر بۆیەش وشەی پووڵەکە دەبێ ئاماژە بەو پووڵانە بووبێ. دواتر لەباتی پووڵ شتی کانزا و پلاستیکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دروست کرا، بەڵام ناوی پووڵەکەی هەر بە سەرەوە مایەوە].

پو[1] po *[po]* - دەگەڵ "پەل" دێ [پەل و پۆ pel u po]. پەل مانای "دەست" دەدا و "پۆ"ش شێوەیەکی دیکەیە لە↑ پێ pe. پەل و پۆ تێکڕا دەبێتە دەست و لاق. لە پەل و پۆ کەوتن ئاماژەیە بەوە کە مرۆڤ بەهۆی نەخۆشی یان ماندوویەتی دەست و لاقی لە کار دەکەوێ.

پۆ2 po *[po]* - دەگەڵ "تان" دێ [تان و پۆ tan u po]. پود pūd (P.) [تار وپود]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Faden (G.)، fadoms (OS.)، faedm (OE.)، fadmr (OIs.) "دەزوو، گەز [ی ئەندازە پێگرتن]"، fathom (E.) و famn (Sw.) "گەز"، سەر بە ریشەی *(IE.) *pet- >* "لەبەر یەک کشانەوە، پان و بەرین بوونەوە، درێژ بوونەوە". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پەت pet[1] "ریس، گوریس".

پۆپ (ە) pop(e) *[popa]* - "1- کاکۆڵ 2- قیتکەی سەری پەڵەوەر": هەروەها پۆپکە popke ش دەگوترێ. ئەم وشەی دوایی هەم بە مانای "کاکۆڵی پەلەوەر" دێ و هەم بە مانای "دوندی کێو". پێوەندی هەیە بە papille (L.) "گۆپکە، بالۆکە". ریشە؟

پۆتەراک poterak *[potarāk]* - "سەر وسیما": پۆتەلاک potelak یش دەگوترێ. وێ دەچێ وەرگیرابێ لە *portrait (Fr.)* "وێنە و ئەسکی مرۆڤ" > *pro-trahere (L.)* "کێشانەوە بەرەوە، خستنە بەر چاو".

پۆتی potî *[potī]* - دەگەڵ "لۆتی" دێ [لۆتی و پۆتی lotî u potî]. دەچێتەوە سەر ↑پووت put 2 "ورد، چکۆلە، لاواز، بێنموود".

پۆتین potîn *[potīn]* - "چەکمەی قورس": وشەیەکی وەرگیراوە، ئەسلی وشەکە < *(Fr.) botte* یە هەر بەو مانایە.

پۆخ pox *[pox]* - "خونچە": سەر بەو خێزانە وشەیە کە لە ریشەی < ***(IE.) *b(h)u-*** "ماسین، با کردن، هەڵپزان"ەوە پەیدا بووە و بە دەیان وشەی جوربەجۆر دەگرێتەوە، وەک ↑بۆق boq، ↑بێشە bêşe، ↑بەس bes، ↑فش fış و هتد .

[دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا وشەکانی Blume "گوڵ" (G.)، Blüte (G.) "شکۆفە"، blühen (G.) "پشکووتن، گوڵ کردن، گەشانەوە" دەچنەوە سەر ریشەیەکی دیکەی هیندوئەروپی، واتا ریشەی *-bhel*، کە ئەمیش هەر مانای "هەڵمسان، کرانەوە، هەڵپزان" دەدا].

پۆخڵ poxıl - "چڵکن، پیس": هەروەها پۆخڵە poxle هەیە بە مانای "بنی برین"، پێک هاتووە لە پوخ + پاشگری ل + ıl. کەرتی پۆخ -pox نیزیکی زۆر نیشان دەدا دەگەڵ ↑پشکەڵ pışkel [پشک poşk (P.)] و ↑پەچەڵ peçel "پیس، پۆخڵ". لە لایەکی دیکەوە دە زمانی تورکیدا pox (Tur.) هەیە بە مانای "پیسایی گیانلەبەر". ئەم وشەی تورکییەش دەشێ پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ.

پۆڕ1 por *[por]* - "کاکۆڵ، مووی سەر": خزمە دەگەڵ Bart (G.)، beard (E.)، baard (Nl.)، berd (OFr.)، barba (L.)، boroda (Rus.) گشتیان بە مانای "ردین"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *bhar(s)-*** "چقڵ، درک". هەروەها بڕوانە ↑فڵچە fılçe.

پۆڕ2 por *[por]* – دەگەڵ "پان" دێ [پان و پۆڕ pan u por] "قەبە و ئەستوور". خزمە دەگەڵ ↑پڕ pır. مەبەست دە سەرەتادا پڕ بوون بە وتەیەکی دیکە زۆر و زل بووە.

[تێبینی: پۆڕ بەمانای "پان" نییە، چونکوو ناتوانین بۆ وێنە بڵێین مەیدانی پان و پۆڕ یان شەقامی پان و پۆڕ. "پان و پۆڕ" تەنیا بۆ وەسفی قەوارە (حجم) بەکار دەهێندرێ، بۆ وێنە دەگوترێ کابرایەکی پان و پۆڕ، واتا لێرەدا مەبەست هەم پان بوون و هەمیش پڕ بوونە [پڕ بەمانای ماسوولکەداربوون، ئەستووربوون]. ئەم پێوەندییەی تیوان "پڕ" و "پۆڕ" دە دوو وشەی "تەژی" و "تەژە" شدا دەبیندرێ، یەکەمیان بەمانای "پڕ" دێ و ئەوەی دووەمیان بەمانای "زەلام، ئەستوور، پۆڕ"].

پۆڕ3 por *[por]* **-** "تاڵان": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بڕو bıro [تاڵان و بڕو talan û bıro].

پۆڕاندن porandın *[porāndın]* **-** "ئاخنین": خزمە دەگەڵ ↑پڕ pır. مەبەست دە سەرەتا دا پڕ کردن بووە.

پۆرکێ porg *[porg]* - "توێکڵی چەڵتووک، پینەی دەست": ↑پۆلکە polke.

پۆز1 poz *[poz]* - "دەم و لووتی ئاژەڵ": پۆزە poze ش دەگوترێ. ↑لمبۆز lımboz و ↑قەمپۆز qempoz یش دەگوترێن. پوزە pūze (P.). پێوەندی هەیە دەگەڵ ↑پیش pîş "هەناسە".

[تێبینی: پێوەندی تیوان هەناسە و دەم و لووت بەرادەیەک نیزیکە کە زۆر جار ئەو وشانەی بۆیان بەکار دێ، لە ریشەیەکەوە هاتوون، بۆ وێنە بین bîn دەکوردمادیدا واتا "هەناسە" و دە فارسیدا بینی bînî (P.) واتا "لووت". دەم dem بە هەر دوو مانای "هەناسە" و "زار" بەکاردێ. "هەناسە" دە کوردمادیدا واتا "پیش، نەفەس" و بە ئەڵمانیش Nase (G.) واتا "لووت"].

پۆز2 poz *[poz]* - "ژێست و قەیافە گرتن": وشەیەکی وەرگیراوە، دەچێتەوە سەر < *(Fr.) pose* "حاڵەتی خۆ راگرتن، خۆ گرتن". ئەمەش دەچێتەوە سەر *(L.) ponere* "دانان، راگرتن".

پۆشتە poşte *[pošta]* - دەگەڵ "کۆک" دێ [کۆک و پۆشتە kok û poşte] واتا کەسێک جلوبەرگی تەواو و رێکوپێکی لەبەردابێ. لە کرداری↑پۆشین poşîn وەرگیراوە.

پۆشین poşîn *[pošīn]* - "لەبەر کردنی جلک": پوشیدن pūšīdan (P.).

1- لەلایەکەوە وا وێ دەچێ پێوەندی بە هێندێک وشەوە هەبێ وەک ↑پووش pûş، ↑پێست pest [پوست (P.) pūst]، پەشم peşım و هتد. ئەم وشانە گشتیان ئاماژە بە چەمکی "داپۆشان" دەکەن، بۆ وێنە پووش دەنک دادەپۆشێ و پێست گۆشتی لەش.

2- لەلایەکی دیکەوە vestis (L.) "جلوبەرگ" و vaste (OIn.) "پۆشیویەتی" دەکرێ دەگەڵ وشە کوردماددییەکە هەڵبسەنگێندرێن.

پۆقژە poqje *[poqža]* - "وردە زیبکە": شێوەیەکی دیکە لە↑بۆقژە boqje.

پۆل pol *[pol]* - "کۆمەڵ (ی پەڵەوەر)": خزمە دەگەڵ ↑پڕ pır و گەلێک وشەی کوردمادی سەر بەم خێزانە. دە زمانانی بیانیدا دەبێتە خزم دەگەڵ viel (G.) "زۆر، گەلێک" [پڕ دەبێتە voll (G.)]، poly (G.)، feala (OE.)، felo (OFr.) "زۆر"، polk (Rus.) "پۆل"، Volk (G.) "گەل، ئاپۆرەی خەلک" و populus (L.) "گەل" و هتد.

پۆڵا pola *[polā]* - "کانزایەکی زۆر رەق": پولاد pūlād (P.). لەوانەیە پێوەندی پەیدا بکا بە ↑پەل pel[4] "بەرد" و ↑پاڵەوان palewan، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سەخت، بەهێز".

پۆلکە polke *[polka]* - "توێکڵی چەڵتووک، بلۆقی دەست": پۆرکَ porg یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Pelle (G.) "پێست، توێکڵ"، Fell (G.)، fill (Gt.)، fell (E.)، pellis (L.)، pella (Gr.) "پێست، پێستە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pel- >*** "داپۆشین، تیپێچان".

پۆلوو polu *[polū]* - "خەلووزی گەشاوە": خزمە دەگەڵ Feuer (G.)، fuir (OG.)، vuur (Nl.)، fire (E.)، fyrr (OIs.)، pyr (Gr.)، گشتیان بە مانای "ئاگر"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *peuor- >*** "ئاگر". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها پەلگر pelgır هەیە بە مانای "ماشە، مقاش" و ↑پەلۆخ pelox بە مانای "گرگرتوو، داگیرساو". ریشەیەکی دیکەی هیندوئەورووپی هەیە [واتا ریشەی-*puon*] کە مانای "ئاگر" دەبەخشێ و دەگەڵ ریشەکەی سەرەوەتر خزمە. دە زمانی کوردمادیدا وشەی پەن/ پەنگر pen(gır) دەچێتەوە سەر ئەم ریشەیەی دوایی.

پەپکە pepke *[papka]* - "1- جۆرێک کولێرە 2- خۆیانی خەرمان 3- خۆ لێکهاڵاندنی مار": بۆ "پەپکە دان"ی مار پاپۆکە papoke دانیش دەگوترێ. هەموو ئەو مانایانەدا چەمکی "سووڕاوی و خڕ و گرمۆڵە بوون" بەرچاو دەکەوێ. پێوەندی هەیە بە ↑پووک puk "کرێوە".

پەپوو1 pepu *[papū]* - "کوند": ↑بەبوو bebu [کوندە بەبوو]. "پەپوو" هەروەها وەک ناوی باڵدارێکی سەر بە کڵاوەش بە کار دێ [پەپووسلێمانی].

پەپوو2 pepu *[papū]* - "تەواو بوو، نەما" [بەزمانی زارۆک]. دەبێ خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "کەمی و بچووکی" دەبەخشن، وەک ↑بچووک bıçûk یان پچووک pıçûk سەر بە ریشەی ***(IE.) *pou- >*** "کەم، بچووک".

[تیبینی: دە تیوان دوو چەمکی "کەم و چکۆلە (بوون، بوونەوە)" لە لایەک و "تەواو بوون و نەمان و لەناو چوون"دا لەلایەکی دیکەوە پێوەندی نیزیک هەیە. ئەم پێوەندییە بۆ وێنە لە وشەکانی "کز"، " کچ"، "گچکە"، "کوشتن" و "کوژانەوە"شدا بەدی دەکرێ کە هەموویان سەر بە ریشەیەکن].

پەپوولە pepule *[papūla]* - "زیلەیەکی جوانە رەنگی جۆربەجۆری هەیە": پاپریک paprîk، پرپریک pırpırîk و پەلپینە pelpîne ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Falter (G.)، fifaalter (OG.)، fifealde (OE.)، fifreld (Norw.)، papilo (L.)، گشتیان بە مانای "پەپوولە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *p(e)led- >*** "لەرانەوە، شەکانەوە، پەڕ و باڵ لێدان". ئەم ریشەیە، بەگوێرەی بۆچووتیک دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *pelo- >*** "پڕ، فرە". ئەمەی دواییش دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا گەلێک لک و پۆی دیکەی لێ بۆتەوە و بە دەیان وشەی بە مانای جۆراوجۆر لێ پەیدا بووە، بۆ وێنە ↑فڕین fırîn، ↑فلەتین fıletîn، ↑پرتە pırte، ↑پلووسک pılusk و بەدەیانی دیکە.

پەت[1] pet *[pat]* - "گوریس": پەتک petık یش بە کار دێ.

1- لە لایەکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Fessel (G.) "بەند، پەت"، fetel (OE.) "پشتبند"، fetill (OIs.) "پەتکی شان".ئەم وشانە خزمن دەگەڵ وشە ↑پێ pe و دە بنچینەدا مەبەست "بەندی پێ" بووە. pede (Gr.) "پێوەند، بەندی پێ"، -bibda (Av.) "پەتی دوولۆ"، impedire (L.) "بەرگرتن، بەربەست کردن"، petlja (Rus.) "قڵفە، گرێ" هەموو پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. لەوانەیە ↑فتیلە fıtlîe ش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

2- لەلایەکی دیکەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پۆ2 po [تان و پۆ].

پەت[2] pet *[pat]* - دەگەڵ "لەت" دێ [لەت و پەت let u pet]. خزمە دەگەڵ چەندین وشە وەک ↑پاتک patık "پەڕۆی پینە"، ↑پاتە pate "ورتکە نان"، ↑پاتۆز patoz "ماشینی دروێنە" [لەت و پەتکەر]، ↑پیتک pîtık"کوتک"، ↑پسان *pısan* و ↑پاچین paçîn [هەڵپاچین]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bheid- >*** "کوتان، لێدان، لەت کردن".

پەتا peta *[patā]* - "ئاهۆ، نەخۆشی گیرۆ": خزمە دەگەڵ pathos (Gr.) "ئازار، نەخۆشی". هەروەها پەتەر peter یش بەکار دێ بە مانای "بەڵا". دەزمانی کوردمادیدا ژمارەیەک وشە هەن کە دەبێ دەگەڵ "پەتا" لە ریشەیەکەوە هاتبن، وەک ↑پەشیمان peşîman، ↑پەشۆکان peşokan و ↑پەژارە pejare.

[تێبینی: وشەی افة āfa(t) (Arb.) وشەیەکی سەر بە زمانانی K.P. یە [ئاڵتێرناتیڤ بۆ "زمانە تێرانییەکان"] و چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە: پێشگری ئا + فەت (پەت) **a + fet*. وشە یۆنانییەکە خۆی دەچێتەوە سەر páshein (Gr.) "رەنج بردن، ئازار کێشان".

پەتاتە petate *[patāta]* - "سێف زەمینی، یارەڵماسی": < *(Sp.) patata* "پەتاتە".

پەتڵە petle *[patla]* - "ساوار، دانەوێڵە": [دانەوێڵەی وردکراو؟]. بەتڵە betle ش دەگوترێ. دوو وشەیەکی دیکەش لەم بارەوە سەرنج رادەکێشن، وەک ↑پیتە pîte "کای هەرزن و چەڵتووک"، پیتەپیتە pîtepîte " کەم کەمە، وردە وردە".

1- لەوانەیە پێوەندییان هەبێ بە ↑پیتک1 pîtık "1- کوتک 2- پتە".

2- یان لەوانەیە پێوەندییان هەبێ بە ↑پیتک2 pîtık [ریتک و پیتک rîtık u pîtık واتا خرت و پرت].

پەتڵین petlîn *[patlīn]* - "خۆ گرتن، هێز پەیدا کردن" [ئەو منداڵە هێشتا دەست و لاقی نە پەتڵیوە].

1- یان خزمە دەگەڵ ↑پتەوpıtew، ↑پیت pît [پیتاندن]، ↑فیتەر fiter "زل و بەهێز"؟، پاد pad [↑پادشا padşaواتا شای بەهێز]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pad- >*** "بەهێز بوون".

2- یان دەنا شێوەیەکی گۆڕدراوە لە ↑پەلتین peltîn "توند بوون، سفت بوون"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سەخت بوون، بەهێز بوون" و خزم دەگەڵ ↑*پاڵەوان palewan*.

پەتوو petu *[patū]* - "جۆرێک چنراو بۆ بەخۆدادان": پتو patū (P.) > pat (In.) "جامە، کەوا"، pattū (In.) "جامەی خوری" < *(OIn.) patta-* "پارچە، جلک". دەشێ وشەی batāniya بطانية (Arb.) لەم وشانە وەرگیرابی. ["فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 25].

پەتە pete *[pata]* - پەتە دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا وەک "بڵیت، جەواز، پسوولە" مانا کراوەتەوە. ئەوەندەی من بزانم "پەتە" ورقەیەکی کانزایی خڕ و پچووکی بەئەندازەی وردە پووڵ بوو کە لە قاوەچییەکان دەکڕدرا، بۆ وێنە پەنجا تا سەد دانەی لێ دەکڕدرا و ئەوجا لەبری هەر چەند دانە چایەک کە قاوەچییەکان دەیان هێنا بۆ دوکاندارەکان، ئەوەندە دانەیان "پەتە" پێ دەراوە. ئەوەندەی لە یادم بێ پەتەکان نیشانەیەکیان لێ درابوو. بە وتەیەکی دیکە "پەتە" شتێکی وەک "سککە"ی تایبەتی هەر قاوەخانەیەک بوو کە خودی قاوەچییەکان دروستیان کرد بوون یان بۆیان دروست کرابوو و ئەوان دەیان فرۆشت و دواتر لەبری چایەکان وەریان دەگرتەوە. ئەو شتە، واتا پەتە دە زمانی ئەڵمانیدا پێی دەگوترێ Marke. دە زمانی ئاخاوتندا وشەی Chip یش بەکار دێ کە لە زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە.

مانای ئەسڵی وشەی Marke دە زمانی ئەڵمانیدا دەبێتە "نیشانە". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ "مارکە"ی کوردمادی کە بەو هێلکەیە دەگوترێ کە وەک نیشانەیەک بۆ مریشک لە شوێنی هیلکە کردنی ئەو دای دەتین. وشەکە هەروەها خزمە دەگەڵ Mark "پووڵی ئەڵمانی" [بەر لە یوورۆ]. ئەوەی لێرەدا گرینگە، ئەوەیە کە دە زمانی ئەڵمانیدا هەم Mark و هەم Marke دە بنەڕەتدا ئاماژە بەو شەقڵ و نشانەیە بووە کە لەسەریان هەڵکەندراوە. ئەگەر ئێمە سەیری وشەی "سکە" [سککە] ش بدەین، دەبینین هەر هەمان مەبەست لە گۆڕێ دایە و "سکە" خۆی دەبێتە خزم دەگەڵ "شەقڵ". هەرچی وشەی Chip ە، ماناکەی دەبێتە "تیکەیەکی تەنک کە لە ئەنجامی تاشین، بڕین یان کوتاندا دروست دەبێ"، واتا ماناکەی شتێکە وەک "تەڵەزم" دە زمانی کوردمادیدا. جا وشەی "پەتە"ش دە زمانی کوردمادیدا دەبێ دە بنەڕەتدا یان بە مانای "شەقڵ و نیشانە" بە کار هاتبێ یان بە مانای "تیکە، تەڵەزم". سەرنجراکێش ئەوەیە، کە وشەکە سەرەتا بە هەر مانایەک بەکار هاتبێ، دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پەت pet [لەت و پەت] و ریشەکەی دەگەڕێتەوە سەر ***(IE.) *bheid- >*** "کوتان، لێدان، لەت کردن". لەم تێڕوانینەوە "پەتە" یان راستەوخۆ پێوەندی بە مانای ریشەکەوە هەیە و دە ئەسڵدا مانای Chip "تەڵەزم" دەگەیەنێ، یان بەمانای ئەو "شەقڵ و نیشانە"یە کە لەسەر تەنەکە (تەڵەزمەکە) بە کوتان و هەڵکەندن چێ کراوە. لێرەدا دیسان جێی ئاماژەیە کە وشەکانی "سکە" و "شەقڵ" یش دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بڕین، لێکردنەوە" و مەبەست لە سکە و شەقڵ ئەو خەت و وێنە و نیشانانە بوون کە بە بڕین، داتاشین و هەڵکەندن دروست کراون. وشەی "پەتە" دە زمانی عەرەبیدا بووەتە بطاقة bitāqa (Arb.) و بە مانای "بڵیت" بەکار دێ.

پەتەر peter *[patar]* - "بەڵا، پەتا":

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پەتا peta "نەخۆشی، ئاهۆ".

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ batare (L.) "لێدان". جێی ئاماژەیە کە وشەی "بەڵا" دە ریشەدا مانای "لێدان" دەبەخشێ و خزمە دەگەڵ "فەلاقە" [فەللاقە].

پەتی petî *[patī]* - "رووت، رەبەق": مانای بنەڕەتی وشەکە "پاک، خاوێن"ە و وشەکە خزمە دەگەڵ puta (OIn.) "پاک". هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پاک pak "تەمیس، خاوێن". وشەی "پەتی" پێوەندی نییە بە مەسەلەی "پەتک و گوریسەوە"! هەروەها کاتێکیش دەگوترێ کوردمادی "رەسەن"، لێرەشدا باس لە "ریس و گوریس" نییە، بەڵکوو مەبەست "ئۆریگینال"ە [orīgin (L.) "رەکَ و ریشە"]. وشەی "رەسەن" لەوانەیە دەگەڵ وشە لاتینییەکە خزم بێ.

پەتیارە petyare *[patyāra]* - "سەرشێت، نەیار": پتیارە patyāre (P.)، patyārag (MP.) > paty- *āraka- (OI.) پێکهاتوو لە پێشگری pati و *āraka- سەر بە ریشەی *ar- "بزوان، جوولان" [هەڵی سەنگینە دەگەڵ ar- (Av.) "جوولان، وە جووڵە کەوتن"]. [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.251]. لەوانەیە وشەی ↑هار har [هار و هاج] پێوەندی بەم وشە ئەوێستاییەوە هەبێ.

پەچنین peçnîn *[paçnîn]* - "پڕ کردن بە زۆری": خزمە دەگەڵ:

1- یان ↑پشاوتن *pışawtın* "گوشین، شێلان، گوشار دان"،

2- یان دەگەڵ ↑پەستاوتن pestawtın. لەوانەشە هەر دوو وشەی سەرەوە دواجار خزم بن. هەروەها بەراوردی "پەچنین" بکە دەگەڵ ↑قەڵاپەچن qelapeçın [قەڵا + پەچن].

پەچە peçe 1 *[pača]* - "رووبەندی ژنان":

1- لەوانەیە پێوەندی بە ↑پۆشین poşîn ەوە هەبێ.

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑پێچ peç [دە خۆ پێچان]

پەچە peçe 2 *[pača]* - "حەوشە، جێ خەوی مێگەل لە دەشت": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑فاق faq 2 "جورێک داو بۆ گرتنی پەلەوەر"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pak-, *pag- >*** "بەستن، تێکخستن، چنین، تەنین".

پەچەڵ peçel *[pačal]* - "پیس، پۆخڵ": وێ دەچێ پێوەندی هەبێ بە ↑پشکەڵ pışkel "پیسایی بزن و مەڕ و هەندێک ئاژەڵی دیکە".

پەخ pex *[pax]* - "پان، کوتراو، سواو": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پەخشان pexşan.

پەخشان pexşan *[paxşān]* - "نەسری ئەدەبی، بەرانبەری هەڵبەست": دەشێ خزم بێ دەگەڵ پخش paxš (P.) "بڵاو". ئەم وشانە وێ دەچێ پێوەندییان هەبێ بە ↑پژان pıjan "بڵاو بوونەوە". بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 253) لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی < -*paxš** و پێوەندی هەبێ بە paxš (MP.) "رەسین و پێگەیشتن، پیشان و لێک بڵاو بوونی میوە". ئەم ریشەیە خۆی دەچێتەوە سەر ریشەی < -*pak** "پێژان، پیشان". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پێژان pejan و ↑پیشان pîşan.

پەڕ1 per *[par]* - "تووکی پەڵەوەڕ": پر per (P.) "پەڕ"، parna (OIn.) "پەڕ و باڵ، پەلک، گەڵا"، petron (Gr.) "پەڕو باڵ"، Feder (G.)، feather (E.)، pero (KSlv.) "پەڕ"، pattar (Het.) "باڵ"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *pet-*** "فڕین، دەرپەڕین، خێرا بزووتن". وشەکانی píptein (Gr.) "ڕمان، کەوتن" و penna (L.) [*petna*] "وە خۆ کەوتن، وە ڕێ کەوتن" لەم ریشەوە هاتوون. شیاوی باسە کە وشەی ↑فەنەر fener "پارچەکانزای هەڵبەزدابەزکەر" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە، وەک "تەختی فەنەر". دە زمانی ئەڵمانیدا بەرانبەر هەر دوو وشەی "پەڕ" و "فەنەر" وشەی Feder بەکار دێ.

[تێبینی 1: دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 256) وشەکە بردراوەتەوە سەر ریشەی < ***por-*** ***(IE.) *no*** "پەڕ و باڵ" و لەوێشەوە بۆ ریشەی < ***(IE.) *per-*** "چوون بەرەوە، فڕین". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پەرەوازە perewaze و چەند وشەیەکی دیکە. لەوانەیە ئەم دوو ریشەیە پێوەندییان بە یەکەوە هەبێ. تێبینی 2: وەک لەسەرەوە دەبینرێ دە زمانی هیندی کۆندا وشەکە جگە لە مانای "پەڕ" مانای "پەلک، گەڵا"شی هەبووە. لە سەرچاوە تێتیمۆلۆژییەکاندا پێوەندی ئەم دوو مانایە بەیەکەوە روون نەکراوەتەوە. دە زمانی کوردمادی و فارسیشدا "پەڕ" بە هەر دوو مانای سەرەوە بەکار دێ و بۆ وێنە دەگوترێ گولپەر gulper و لیلووپەر lîluper یان نیلووفەر nîlufer].

پەڕ2 per *[par]* - "وەرەق": parna (OIn.) "پەر و باڵ، وەرەق". پەل pel یش دەگوترێ: رووپەل rupel واتا "لاپەڕ(ە)".

1- وەک دەبینین دە زمانی هیندی کۆندا وشەی parna هەروەک "پەڕ" دە زمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا هەردووک مانای "پەڕ و باڵ" و "گەڵا، وەرەق"ی گەیاندووە، بۆیە لەوانەیە ئەم وشەیە هەمان پەڕ[1] per بێ.

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە ئەم "پەڕ"ە پێوەندی هەبێ بە ↑پەلک pelk "گەڵا".

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ هەر دوو مانای "پەڕی کاغەز" و "گەڵا، پەلک" وشەی Blatt بەکار دەهێنرێ].

پەڕ3 per *[par]* - "ئاخر، دووما": خزمە دەگەڵ upari (Av.)، über (G.)، Over (E.) "سەر، لەسەر". وەک ئاشکرایە وشەی "سەر" دە زمانی کوردمادیدا جگە لە مانای "بان" مانای "هەوەڵ، ئاخر"یش دەدا، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ تاسەر، بەسەر بردن، سەرچاوە، سەرتاسەر و هتد. هەر بەم جۆرە "پەڕ"یش مانای "ئاخر" ی وەرگرتووە. ئەم مانایە لە وشەی ↑ئەوپەڕ ewper دا بەدی دەکەین واتا "ئەوج، نیهایەت، ئاخر". هەروەها کاتێک دەگوترێ "ماڵی فڵانکەس لەسەر پەڕییە"، مەبەست ئەوەیە کە ماڵەکە لە هەوەڵ یان ئاخری کووچەیە، بەوتەیەکی دیکە لەم سەر یان ئەو سەری کووچەیە. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑هەوار hewar و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە لای سەرەوە دەکەن.

پەراسوو perasu *[parāsū]* - "ئێسکی سینگَ و کەلەکە": párśu- (OIn.)، parsəu- (Av.) "پەراسوو، کەلەکە، تەنیشت"، piršys (Lit.) "سینگی ئەسپ"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *perk-*** "پەراسوو، تەنیشت"

[بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 296]. هەروەها ↑پاڵ pal "تەنیشت" دەشێ شێوەیەکی تازەتر لەم وشەیە بێ.

پەراگەندە peragende [*parākanda*] - "ئاوەکی، ئاژەڵی لە مێگەڵ دوور کەوتوو": دەچێتەوە سەر < *parākande* (P.) "پرژ و بڵاو" سەر بە کرداری پراکندن *parkandan* (P.) "بڵاو بوونەوە، پرژ و بڵاو بوون". شێوەی وشەکە دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە ↑پرژان pırjan.

پەڕاو peraw [*parāw*] - "دەفتەر، دەفتەری پەڕەسیغار": ↑پەڕ[2] [وەرەق] + ئاو per + aw. کەرتی ئاو - awخزمە دەگەڵ چەندین وشە دە زمانی کوردمادی و زمانە ژێرمەنییەکاندا کە مانای "لێکبەستن، قایم کردن، پێوەنووساندن، پێکەوە نووساندن" دەبەخشن، وەک ↑ئیپە *îpe* "بەندێکە نیری پێ لە ئامووور دەبەستن" و ↑کیپ kîp کردن "قایم کردن، پێکەوە نووساندن". دە زمانی ئەڵمانشدا وشەی Heft (G.) "پەڕاو، دەفتەر" یەکێکە لەم وشانە و پێوەندی هەیە بە haften (G.) "پێوەنووسان، بەستراوە بوون".

پەڕاوێز perawez [*parāwez*] - "1- کەنارەی جلک 2- حاشییەی کتێب": پێک هاتووە لە دوو کەرتی پەڕ + ئاوێز per + awez. کەرتی پەڕ per دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پاڵ pal "تەنیشت" و ↑پەڕاسوو *perasu* "ئیسکی سینگ و کەلەکە". کەرتی ئاوێز awez- دەچێتەوە سەر کرداری ↑هەڵاوەسین hel-awesîn. لەم تێڕوانینەوە "پەڕاوێز" دەبێتە ئەو بەشە یان ئەو شتە کە بە ئاخری شتێک یان بە قەراخی شتێکەوە هەڵواسراوە.

[تێبینی: ئەم وشەیە لەباری چۆتیتی دروست بوونییەوە نیزیکی هەیە دەگەڵ Anhang دە زمانی ئەڵمانیدا بە مانای "پەیوەست، زەمیمە، ئەو شتەی لە دواوە دێ". وشە ئەڵمانییەکە دەچێتەوە سەر کرداری anhängen "هەڵواسین"].

پەڕپووت perput [*parpūt*] - "کۆنەی دڕاو، رزیو": فەرفووت ferfut یش دەگوترێ. پەڕ + پووت put + per. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑پڕ pır و ↑فرە fıre بە مانای "زۆر". کەرتی دووەم دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پوان puwan "رزین" [پوسیدن pūsīdan (P.)].

پەڕتاندن pertandın [*partāndın*] - "لەبەر یەک هەڵپچڕاندن": خزمە دەگەڵ ↑پارە pare "تیکە".

پەرتاوتن pertawtın [*partāwtın*] - دەگەڵ پێشگری "هەڵ" دێ [هەڵپەرتاوتن واتا پەڕاندنی لک و پۆی دار]. خزمە دەگەڵ ↑پارە pare "تیکە".

پەرتووک pertuk [*partūk*] - "کتێب": پێک هاتووە لە دوو وشەی ↑پەڕ per [پەڕی کاغەز] و ↑تووک tuk. ئەم وشەی دوایی پێوەندی بە "پەڕ و تووکی" پەڵەوەرە نییە، بەڵکوو خزمە دەگەڵ ↑تیک *tîk* [تیک و درووماں]، ↑تەقەڵ teqel، دوختن dūxtan (P.) "درووں(ەوە)" و هتد. مەبەست دە بنەڕەتدا بریتی بووە لە "پەڕەکاغەزی (پێکەوە) درواو".

پەرچاندنەوە perçandınewe [*parčāndınawa*] - "خوار کردنەوە و گەڕاندنەوە (ی نووکی بزمار)": بنەوشەی پەرچ -perç دەبێ خزم بێ دەگەڵ flectere (L.) "خوار بوونەوە، چەمانەوە". وشەی reflex (Fr.) "کار دانەوە" دەچێتەوە سەر reflexus (L.) "خوار کردنەوە و گەڕاندنەوە، پەرچاندنەوە".

پەرچقان perçıqan [*parčıqan*] - "ورد و خاش بوون": خزمە دەگەڵ ↑پارە pare "تیکە".

پەرچەم perçem [*parčam*] - "مووی سەر هەتیی ژنان": وشەکە دەبێ خزم بێ دەگەڵ پرچم parčam (P.) "ئاڵا". هەرچەند مانای وشەکە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا جیاوازە، بەڵام هەردووکیان لەوەدا هاوبەشن کە بەدەم باوە دەلەرێنەوە [دەشەکێنەوە]. لەم تێڕوانینەوە دەشێ خزم بن دەگەڵ پلکیدن palakīdan (P.) و flackern (G.) "پرتە پرت کردن، شەکانەوە، جووڵانەوەی نائارام بەم لا و ئەو لادا" و Flagge (G.) "ئاڵا"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*plak-, *plag- >*** "(پەڕ و باڵ) لێدان".

پەرداخ perdax [*perdax*] - "1- گلاس، لیوان 2- ساف و لووسکراو": کاغەزپەرداخ kaġezperdax بەو کاغەزە زبرە دەگوترێ کە شتی پێ ساف و لووس دەکەن. خزمە دەگەڵ ↑بیرازتن bîraztın "ساف و

لووس کردنی زەوی بۆ چاندن"، سەر بە ریشەی < ***bher-** *(IE.)* "بەشتی تیژ کار کردن". دەبێتە خزم لەگەڵ ↑بڕین[1] bırîn.

[تێبینی 1: وشەی پەرداخ بە مانای "لیوان" لەوەڕا هاتووە کە لیوان وەک شتێکی ساف و لووسکراو (پەرداخکراو) لەبەرچاو گیراوە. شیاوی باسە کە وشەی ژێرمەنی "گلاس" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە" و ئەم چەمکەش دەگەڵ چەمکی "ساف و لووس" پێوەندی نیزیکی هەیە. تێبینی 2: کاغەزپەرداخ بە فارسی پێی دەگوترێ کاغەز سنبادە kāğaz e sonbāde [سمبادە sombāde]. ئەم وشەیە خزمە لەگەڵ سمین sımîn ی کوردمادی بە مانای "کون کردن" و ئەویش دەچێتەوە سەر ریشەی *-smei** *(IE.* "داتاشین، بڕین، کار کردن بە ئامرازی تیژ"].

پەردوو[1] perdu *[pardū]* - "ئەو تەختانەن کە لەژێرەوەڕا لەدارەکانی میچی خانوو دەدرێن": [دار و پەردوو]. خزمە دەگەڵ Brett (G.)، bret (OG.)، bred (OE.) "تەختە"، Bord (G.) "تەختەی دیوار، سەفحەی میچ، سەفحەی قەراخ"، board (E.) "مێز، تەختە"، bord (Sw.) "مێز". ئەم وشە ژێرمەنییانە بە خزم دادەنرێن دەگەڵ bohren (G.) "کون کردن" [دە بنەڕەتدا: بە شتی تیژ کار کردن]. ئەمەش خۆی خزمە دەگەڵ ↑بڕین bırîn دە زمانی کوردمادیدا. بەم جۆرە "پەردوو" دە بنەڕەتدا واتا "بڕدراوە".

پەردوو[2] perdu *[pardū]* - "پەردەی بووک و زاوا": شێوەیەکی دیکە لە ↑پەردە perde.

پەردە perde *[parda]* - "پۆشش": پردە parde (P.)، pardag (MP.). بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل.259) دەچێتەوە سەر ریشەی ئێرانی *-par** و لەوێشەوە بۆ ریشەی هیندوئەورووپی < ***pel-** *(IE.)* "داپۆشین". دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پڕتاڵ pırtal "کووتاڵ، پێخەف" و ↑پڕتان pırtan "پێخەف".

پەرژین perjîn *[paržīn]* - "لەمپەری بە دڕک و داڵ دروستکراو": پرچین parčīn (P.).

1- بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 258، وشەی "پرچین" دەچێتەوە سەر ریشەی ئێرانی کۆنی *pari-činā- پێکهاتوو لە پێشگری pari و -činā کە ئەمەشیان لە ریشەی -kay "لەسەر یەک دانان، هەڵچنین" وەرگیراوە.

2- لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پرچ pırç سەر بە ریشەیەک بە مانای "چنین، هۆنینەوە". لەوانەیە "پەرژین" دە بنەڕەتدا بە مانای "تێکچندراو" بووبێ.

پەرستار perestar *[parastār]* - "چاوەدێری نەخۆش و پەککەوتە": پەرەستار perestar یش دەگوترێ. پرستار parastār (P.). ئەم وشەیە لە زمانی فارسی وەرگیراوە و وەک ناو بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێ کە لە نەخۆشخانەکان لەژێر دەستی پزیشکدا کار دەکەن و ئاریکاری نەخۆشەکان دەکەن. ئەم وشەیە خۆی دەبێ لە وشەی کوردی ↑پاراستن parastın وەرگیرابێ، واتا ریشەکەی بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە. دە زمانی فارسیدا کرداری "پاراستن" نییە و کردارەکە دەبێتە "پرهیختن" و "پرهیز کردن" و مانای وشەکەش "پارێز کردن"ە، واتا خۆ دوور کردن لە شتێک. دە زمانی کوردیدا وشەکە هەم مانای وشە فارسییەکان دەدا و هەمیش مانای "ئاگاداری کردن". بۆ وێنە "وڵاتپارێز" کەسێکە لە هەمبەر دوژمندا ئاگای لە وڵات دەبێ. دە وشەنامەی فارسی "فرهنگَ عمید"دا باس لە وشەی parastār لە زمانی پەهلەویدا کراوە. بەڵام دە "فەرهەنگی پەهلەوی"دا [ئامادەکراو لە لایەن کاک عەلی نانەوازادە] وشە پەهلەوییەکە بریتییە لە pahrēxtār بە مانای "پارێزکار، پارێزەر" و pahrēxtan "پاراستن، بەر گرتن، ئاگا لێ بوون". دە زمانی فارسیدا هەر بەم شێوەی سەرەوە وشەی سرپرست sarparast و سرپەرستی sarparastī دروست کراون. "سرپرست" کەسێکە کە بەسەرڕا دەگا و ئاگای لە کەسەکانی دیکە و کارو باری ئەوانە. ئەم وشەی دوایی دە زمانی کوردمادیدا وەک سەرپەرشتی serperıştî یش بەکار دەهێنرێ.

پەرستن perıstın *[parıstın]* - "عیبادەت کردن" [دەبنەڕەتدا: پارانەوە]. پەرەستن perestın یش دەگوترێ. پرستیدن parastīdan (P.). خزمە دەگەڵ ↑پرسین pırsîn.

[بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 260) دەچێتەوە سەر pari-štā- (OI.) پێکهاتوو لە پێشگری pari "قەراخ و دەور و بەر" و ریشەی stā- "وەستان". ئەم بۆچوونە رێی تێ ناچێ دروست بێ].

پەرموچان permuçan *[parmūčān]* - "سیس بوون، چرچ بوون": دەشێ پێک هاتبێ لە پێشگری پەر per + موچان muçan و ئەمەش خزم بێ دەگەڵ ↑موچاندن mûçandın "داهێنانەوە، چەماندنەوە".

پەرموون permun *[parmūn]* - "وێران، باوەربەخۆیی": خزمە دەگەڵ ↑پەروا perwa و ↑وێران weran.

پەروا perwa *[parwā]* - "ترس": پروا parvā (P.). خزمە دەگەڵ fear (E.) "ترس"، Gefahr (G.) "خەتەر، مەترسی"، fara (OG.) "خستنە مەترسی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *per- >*** "ریسک کردن، زات هەبوون، وێران". خزمیشە دەگەڵ ↑وێران weran "ریسک کردن، نەترسان".

پەروەردە perwerde *[parwarda]* - پەروەردە کردن واتا بەخێو کردن و بار هێنان. پروردن parvardan (P.) "بەخێو کردن، بار هێنان". بەگوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 266) دەچێتەوە سەر *pari-barta- لە ئێرانی کۆندا، پێکهاتوو لە پێشگری pari و barta- سەر بە ریشەی *bar- بە مانای "بردن، هەڵگرتن" و [دواتر بەرهەم هێنان]. دە زمانی فارسیدا هەروەها پروار pervar (P.) هەیە کە بۆ بەخێو کردن و قەڵەو کردنی مەڕ و بزن بەکار دەهێنرێ.

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ بار bar هێنان دە زمانی ئەمرۆدا].

پەڕۆ pero *[paro]* - "کوتە پارچە": پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەیە:

1- ↑پارچە parçe "قوماش"

2- ↑پاڵ[5] pal [پەڕۆ و پاڵ pero u pal].

پەرۆش peroş *[paroš]* - "خەم، خەفەت": خزمە دەگەڵ ↑پەرێشان perêşan.

پەرە pere *[para]* - پەرە گرتن یان پەرە ستاندن واتا گەشە کردن، باڵا کردن، بەرەو ئاستێکی بەرزتر چوون. دە زمانی فارسیدا بالیدن bālīdan (P.) "گەشە کردن" هەیە و هەروەها فرا farā (P.) [فرارفتن، فراگرفتن] هەیە کە وەک پێشگری کردار دێ و مانای بەرەو پێش چوون و بەرەو سەر چوون دەبەخشێ. هەموو ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑باڵا bala "بلیندی، بەرزی". جێی ئاماژەیە کە وشەی وراء warā (Arb.) دەبێ لە فرا farā وەرگیرابێ.

پەڕە per(r)e *[par(r)a]* - "کوتەئاستێکی پانکەڵە کە لەناو ئاو یان هەودا دەسووڕێ": [پەڕەی فڕفڕە، پەنکە، ماتۆر]. ئەم وشەیە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پەڕ per1 [پەڕ و باڵ]. ئەم کوتەئاسنە دەشێ بە پەڕ و باڵی پەلەوەر شوبهێنرابێ.

پەڕەسێلکە pereselke *[paraselka]* - "ناوی پەلەوەرێک": پرستو parastū (P.)، پرستک parastok (P.) و فراشتروک farāštaruk (Pl.). دەزمانی کوردمادیدا فۆنیمی t سواوەتەوە و دەبێ پێشتر پەرەستێلک *perestelk(e) بووبێ. ریشەی وشەکە بە وردی روون نەکراوەتەوە. بە پێی بۆچوونێک پێوەندی بە ↑پەڕ per ەوە هەیە. بە گوێرەی بۆچوونێکی دیکە لەوانەیە پێوەندی بە ↑پەرستن perestınەوە هەبێ.[بڕوانە"فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل.260]. لەوانەشە وشەکە لە کۆندا پێک هاتبێ لە دوو کەرتی farā و štaruk. کەرتی دووەم جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ Star (G.) "ناوی مەلێک". لەوانەیە *سێروو* (سار بە فارسی)ش لەم وشەوە هاتبێ. کەرتی یەکەم جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ "پەلە" و لەوانەیە ئاماژەی بە فڕینی خێرای پەلەوەرەکە کردبێ.

پەرەم perem *[param]* - "دەستە، پۆل، تاقم": [پەرەم پەرەم واتا پۆل پۆل]. خزمە دەگەڵ ↑پڕ pır.

پەرەنگَ pereng *[parang]* - "لەرزانەی گوارە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پەڕ2 per "وەرەق". دە زمانی کوردمادیدا پەڕ یان پەڕە pere بە مانای "پارچەکانزای تنک" بەکار دێ و لەوانەیە مەبەست لە "پەرەنگَ" هەمان "پەڕە"ی گوارە بێ.

پەرەوازە perewaze *[parawāza]* - "پەڕیوە، رویشتوو، دوورکەوتوو، ون بوو": پەر(ە) + وازە waza + per(e) . کەرتی پەر -per دەگەڵ fern (G.)، ferro (OG.)، fairra (Gt.)، far (E.) بەمانای "دوور" یەک دەگرێتەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *per- >*** "ئەوبەرتر بردن، تێپەڕاندن، تێپەڕین". لەم بارەوە هەروەها سەرنجی وشەی ↑پەڕیوە perîwe بدە بە مانای "دوور کەوتوو". کەرتی دووەمی وشەکە، واتا واز(ە) waz، خزمە دەگەڵ ↑بزووتن bızutın، ↑باز baz "ڕێگا"، ↑بازرە bazre، ↑بزر bızır وهیتر، سەر بە ریشەی ***(IE.) *wegh- >*** "بزووتن، جوولان، رویشتن" [و پاشان دوور بوونەوە]. بەم جۆرە وشەکە بەتەواوی دەگەڵ faraway (E.) یەک دەگرێتەوە، واتا کەرتی پەر دەگەڵ far (E.) و کەرتی واز دەگەڵ a-way (E.) "دوور" دەبێتە خزم. دە زمانی ئینگلیزیدا away (E.) "دوور" و way (E.) "ڕێگا" مانا دەدا، دە ئاڵمانیدا weg (G.) بە هەر دوو مانای "ڕێگا" و "دوور" بەکار دێ و دە زمانی کوردمادیشدا باز baz مانای ڕێگا دەدا [بازی بێریان] و وازە waze-ش مانای "ڕۆیشتن و *دوور* بوونەوە".

[تێبینی: دە زمانی فارسیدا پرواز parvāz (P.) هەیە کە دەبێ دەگەڵ وشە کوردماددییەکە هاوریشە بێ. وشە فارسییەکە مانای "فڕین، هەڵفڕین" دەدا، بەڵام دەبێ وشەکە سەرەتا هەر بەمانای "پەرەوازە"ی کوردمادی بووبێ و پاشان ماناکەی دەگەڵ وشەی پریدن parīdan (P.) "فڕین"، کە لە ریشەیەکی جیاوازەوەیە، لێکدرابێ و مانای فڕینی وەرگرتبی].

پەری perî *[parī]* - "بوونەوەری ئەفسانەیی کە دۆست و پارێزگەری مرۆڤەکانە": پری parī (P.). ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە ریشەی ***(IE.) *prāi- >*** "ئاگا لێبوون، پاراستن، خۆش ویستن". هێندێک لەو وشانەی دە زمانەکانی دیکەدا لەم ریشەوە سەرچاوەیان گرتووە، بریتین لە priyá-h (OIn.) "خۆشەویست"، prijati (OSl.) " لەبار و گونجاو بوون، پشتگر و ئاریکار بوون"، frijōn (Gt.) "خۆش ویستن"، frija (OG.)، frigg (OIs.) "خۆش ویستراو، حەز لێکراو" و هەروەها ناوی خواژتێک بووە، وەک خواژنی venus لای ڕۆمییەکان، freidjan (Gt.) "پاراستن"، fridu (OG.)، Frieden (G.) "پارێزراوی، ئاشتی، تەبایی"، Freund (G.) "دۆست، یار"، frei (G.) "ئازاد" [دەبنەڕەتدا: مرۆڤی خۆشەویست و پارێزراو، بە پێچەوانەی نەیارەکان کە ناپارێزرێن]. "پەری" دەبێ لای باپیرانی ئێمەش بە مانای "خواژنی خۆشەویستی" بەکار هاتبێ کە مرۆڤەکانی خۆش دەوێ و ئاگای لێیانە، وەک خواژنی venus لای ڕۆمییەکان. هەروەها وشەکانی ↑ئافەرین aferîn و ↑ئافرەت afret لەم ریشەوە هاتوون.

پەرین1 perîn *[parīn]* - "بازدان، بزوانی توند و خێرا": پریدن parīdan (P.). وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *preu- >*** "پەڕین، دەرپەڕین، هەڵبەزین، باز دان". دە زمانی ئەڵمانیدا چەندین وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک froh (G.) "شاد" [خۆ هەڵاویشتن لە خۆشیان]، Frosch (G.) "بۆق" و هتد. خزمە دەگەڵ ↑پەلە pele "لەز، تاڵووکە" و هێندێک وشەی دیکە.

[تێبینی: دە زمانە ژیرمەنییەکاندا ئەو وشانە مانای "پەڕین" دەدەن، بۆ وێنە springen (G.) و spring (E.) دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *sp(h)er- "پرژان، دەرپەڕین". کە لەوانەیە خۆی لە ریشەی یەکەمەوە پەیدا بووبێ، واتا بە هاتنەکایەی فۆتیمی s لە پێشەوەی وشەکەدا، مانایەکی تازە، بەڵام هاوپێوەند بەوەی پێشوو دروست بووبێ].

پەرین2 perîn *[parīn]* - دەگەڵ پاشگری -ewe یان پێشگری -te دێ [پەڕینەوە perînewe یان تێپەڕین teperîn] بە مانای "ڕەت بوون، پێدا ڕۆیشتن، رابووردن". خزمە دەگەڵ ↑بوورین burîn، ↑بوار buwar، ↑پرد pırd، سەر بە ریشەی ***(IE.) *per- >*** "تێپەڕین، رابووردن".

پەرین3 perîn *[parīn]* - "سڕ بوون لە سەرمان": [دەستم لە سەرمان پەڕی]، خزمە دەگەڵ دەگەڵ frieren (G.)، friosan (OG.)، vriezen (NL.)، freeze (E.)، frysa (Sw.) "بەستن لە سەرمان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *preus- >*** "پرووشە کردنی بەفر، زوقم". frius (Gt.) "سەرما، بەستەڵەک"، pruina (L.) "زوقم و بەستەڵەک"، prusva (OIn.) "زوقم، سەهۆڵ" و هەروەها Frost (G.) "زوقم، بەستەڵەک" و

↑پرووشه prûşe "وردە وردە بەفر بارین" پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە. دیارە ئەم "پەڕین"ە بە مانای سڕ بوون، ناتوانی پێوەندی بە "پەڕین"ەکانی دیکەوە هەبێ، چەنکوو لەمەیاندا چەمکی بێجووڵەیی لە ئارادایە.

پەڕیوە perîwe *[parīwa]* - "ئاوارە، دوورکەوتوو": بنەوشەی پەڕ -per دەشێ بە مانای "دوور" هاتبێ و خزم بێ دەگەڵ ↑پەرەوازە perewaze. لەوانەشە هەر شێوەیەکی دیکە بێ لە وشەی "پەرەوازە" و سوابێتەوە. دە زمانی ئەڵمانیدا Fremd (G.) بەمانای "بیانی" خزمە دەگەڵ from (E.)، fram (OE.)، fram (OIs.). ئەم پرێپۆزیسیۆنە دووربوونەوە لە نوختەیەک نیشان دەدا. ئەم وشانە لێکچووتیکی زۆر دەگەڵ وشە کوردماددییەکە نیشان دەدەن [فۆتیمی m زۆرجار لە وشە کوردییەکاندا دەبێتە v / w]. دە زمانی ئەڵمانیدا گەلێک وشە دەبنە خزم دەگەڵ وشەکانی سەرەوە، وەک früh (G.) "زوو، بەرێ"، vor (G.) "پێش، بەر"، fort (G.) "بۆ پێشەوە"، Fern (G.) "دوور"، Fürst (G.) "ئاغا، ئەرباب"، Frau (G.) "خانم" [کەسانی بەرەوە، کەساتیک کە لە پێشەوەن]، fahren (G.) "ئاژۆتن، بردنە پێش". هەروەها prae (L.) "پێش، بەر، لەبەرەوە"، pará (Gr.) "لەپاڵەوە، بەسەردا"، présbys (Gr.) "پیر، بەساڵداچوو" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە [بەراوردی ئەم وشەی دوایی بکە دەگەڵ "پیر"ی کوردمادی]. گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***per- > (IE.)** "پێدا تێپەڕین، لەشوێنێکەوە تێپەڕین بەرەو". دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە لەم ریشەوە هاتوون وەک ↑بەر ber "پێش"، ↑پرد pird، ↑پەڕین[2] perîn [تێپەڕین]، ↑*بووورین burîn* و هتد.

پەریهتن perîhtın *[parīhtın]* - "تولانەوە بە هۆی کولانی زۆر": لەوانەیە خزمە دەگەڵ ↑پەلیک pelîk یان ↑پەلوو pelu "چێشتی زۆر کولاو".

پەرێز perez *[parez]* - "جێگەی دەغڵی درواو": پالیز palīz (P.) "بێستان"، خزمە دەگەڵ pairi-daiza- (Av.) "جێگەی دەورگیراو"، پێکهاتووە لە پێشگری pari "دەور و بەر، دەور گرتن" و ریشەی daiz- "لە سەر یەک هەڵچنین". ئەم وشەیە چووەتە ناو زمانی عەرەبی، بووەتە فردوس ferdaws (Arb.) "بەهەشت" و هەروەها لە رێگەی زمانی یۆنانی و لاتینییەوە چووەتە ناو گەلێک لە زمانە ئەورووپییەکان وەک Paradis (G.) "بەهەشت". وشەی ↑دژ dıj "قەڵا" پێوەندی بە وشە ئەوێستاییەوەکەوە هەیە.

پەرێشان perêşan *[parīšān]* - "شێواو، شپرزە": پریشان parīšan (P.). ئەم وشەیە دە فەرهەنگێکی زمانی فارسیدا بەم مانایانە لێک دراوەتەوە: پەرژ و بڵاو، شێواو، شلوێ". ئەم وشەیە دە زمانی فارسیدا زۆرتر دەگەڵ هێندێک وشەی وەک "افکار، خیال، حواس و خاطر" بەکار دەهێنرێ و ئەمە نیشان دەدا کە مانای بنەڕەتی وشەکە "پەرژ و بڵاو"ە. لەم تێڕوانینەوە بە ئاسانی روون دەبێتەوە کە وشەکە پێوەندی هەیە بە ↑پرژان pırjan. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑پەرۆش peroş شێوەیەکی دیکەیە لە بنجی پەرێش perîş-.

پەز pez *[paz]* - "بزن و مەڕ": خزمە دەگەڵ Vieh (G.)، faihu (Gt.)، pasu (OIn.)، pasu (Av.) "بزن و مەڕ"، سەر بە ریشەی ***peku- > (IE.)** "پەز" و دوورتریش سەر بە ریشەی ***pek- > (IE.)** "موو، خوری". مەبەست لە وشەکە دە بنچینەدا ئەو ئاژەڵانە بوون کە خورییان لێ دەست دەکەوێ. ئەم وشانەی سەرەوە بەرهەڤ دەکرێن دەگەڵ pastus (L.) "لەوەڕ"، pastor (L.) "شوان". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پەشم peşım، ↑بسک bısık، ↑بووزوو buzu، ↑رێوی rewî و هتد.

پەژ pej *[pež]* - "شلک و تورت و لەگەشە": خزمە دەگەڵ ↑پێز pez "هێز و گوڕ" و ↑بووژانەوە bujanewe.

پەژارە pejare *[pažāra]* - "خەم، ئازاری دەروونی": بنەوشەی پەش-/ پەژ- peş -/pej دە هێندێک وشەدا دەردەکەوێ، وەک ↑پەشیمان peşîman، ↑پەشۆکان peşokan. ئەم وشانە هەموویان حاڵەتێکی رەنج و ئازار نیشان دەدەن. دە زمانی لاتینیدا وشەی passio (L.) مانای "رەنج و ئازار" دەدا. وشەکانی

passion (.E) "تیش، هەستیکی پڕئازار" و patient و (.E) و (.G) "نەخۆش" دەچنەوە سەر بنەڕەتی pati (.L) "ڕەنج کێشان، بەرگە گرتن". ئەم وشە لاتینییە دەبێ پێوەندی بە pathos (.Gr) وە هەبێ بەمانای "نەخۆشی، ئازار". وشەکانی ↑پەتا peta "ئاهۆ، نەخۆشی"، ↑پەژیک pejîk و ↑پەسیڤ pesîv "هەڵامەت" دە زمانی کوردمادیدا هەر لەم چوارچێوەیەدا جێی لێکدانەوەن. دە زمانی فارسیدا هێندێک وشەی وەک پژمردن pažmordan (.P) "سیس بوون"، فسوس fosūs (.P) "خەم، خەفەت"، افسوس a-fsūs (.P) "داخ، مخابن" هەن کە بنەوشەی پەژ- بەشێوەی جوربەجۆر تێیاندا دەروەکەوێ و دەشێ پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەبێ.

پەژراندن pejrandın [*pažrāndın*] - "قەبووڵ کردن": pazīroftan (.P)، padīriftan (.MP) > *pati-grfta- (.OI) پێکهاتوو لە پێشگری pati و ریشەی *-grab* "گرتن". [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 255].

پەژیک pejîk [*pažīk*] - شێوەیەکی دیکە لە ↑پەسیڤ pesîv "هەڵامەت".

پەسا pesa [*pasā*] - پەسا پەسا واتا "لە دوای یەک، بێ ناوبڕ": خزمە دەگەڵ پس pes (.P) "دوا، دوایە" و ↑پاش paş.

[لەباری چۆتیتی دروست بوون و مانای وشەکە هەڵی سەنگینە دەگەڵ پیاپی peyāpey (.P) دە زمانی فارسیدا کە دەچێتەوە سەر پی pey (.P) واتا "دوا"].

پەسار pesar [*pasār*] - "پەنا، حەشارگە": هەر وەک ↑پەسیو *pesîw* [پەنا و پەسیو] خزمە دەگەڵ ↑پاش paş [پس pas (.P)]. مەبەست شوێنێکە کە مرۆڤ لەپشتەوەی [لەپاشەوەی] خۆی حەشار دەدا.

پەساردن pesardın [*pasārdın*] - دەگەڵ پێشگری "هەڵ" دی" [هەڵپەساردن helpesardın واتا پاڵ وێدان: پێمەڕەکەی بە دیوارەوە هەڵپەسارد]. دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑پاش paş "بەرانبەری پێش، دواوە" [دە فارسیدا پس pes (.P)]. "پەس" لێرەدا مانای "رووی دواوە، دیوی پشتەوە" دەگەیەنێ و "پەساردن" ئەو دۆخەیە کە شتێک، بۆ ئەوەی بە حەواوە ڕابوەستێ، پشتی وە جێگایەک دەدرێ. لەباری ماناوە دەتوانین هەڵیسەنگینین دەگەڵ "پاڵ وەدان، پاڵ وێ دان" واتا *کەلەکە* یان تەنیشت خستنە سەر شتێک. هەروەک چۆن دە "پاڵ وەدان" دا کەلەکە و لای قەراخ دەخرێتە سەر شتێک، دە "پەساردن"یشدا رووی دواوە و پشتەوە ئەو ئەرکە دەبینێ.

پەس پەسکەرە pespeskere [*paspaskara*] - "جاڵجاڵووکە، جۆڵاتەنە": پسپسەکۆڵەpıspısekole ش دەگوترێ. بنجەوشەی پس -pes دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *pak-, *pag- >* "بەستن، تێکخستن، چنین، تەنین" و دەشێ خزم بێ دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑فاق faq 2" -1 جورێک *داو* بۆ گرتنی پەلەوەر 2- جۆرێک پارچەی رەش بۆ چارشێوی ژنان"، ↑بازە baze "جۆرە کووتاڵێکی ئەستوور" و ↑بزگوڕ bızgur "کوتەپەڕۆ".

پەست pest [*past*] - "1-نەوی، نزم 2- دڵ تەنکَ، (دڵ) رێکگوشراو 3- بێئابڕوو (نزم و نەوی لەباری ئەخلاقییەوە": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑پەستان pestan و ↑پەستاوتن pestawtın. مانای ئەسڵی وشەکە پاڵ پێوەنان، گوشار دان، هێز خستنە سەر"ە. دواتر ئەو مانایانەی سەرەوە بۆ وشەی "پەست" دروست بوون. وەک ئاشکرایە لەئەنجامی پەستاوتنی زەوەی، زەوییەکە رۆدەچێ و نزمایی دروست دەبێ، یان مرۆڤی دڵتەنکَ دەروونی لەژێر پەستان و گوشارێکدایە. هەروەها کاتێکیش "پەست" بۆ مرۆڤی بێ ئابڕوو بەکار دەهێنرێ، ئەوە ئاماژەیە بە رۆچوون و نزم بوونی ئاستی ئەخلاقی ئەو کەسە. ئەم وشانە وێ دەچێ پێوەندییان هەبێ بە ↑پشاوتن pışawtın "گوشین، شێلان" و خزم بن دەگەڵ psáein (.Gr) "رێخشاندن". لەم تێڕوانینەوە تێکڕای ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشەی فارسی وەک فشار fešār (.P) "پەستان"، فشردن fošrdan (.P) "پەستاوتن"، فسردن fosordan (.P) "توند بوون، رەق بوون،

زەمتین"، افسردە afsorde (P.) "دڵتنەکێ، خەمگین". "گوشین" و "گوشار" دە زمانی کوردمادیدا پێوەندییان بەم وشانەوە نییە.

[تیبینی 1: شیاوی ئاماژەکردنە کە پێوەندی دوو چەمکی "گوشین، شێڵان" و "ڕێخشاندن" زۆر نیزیکە و بۆیە هێندێک وشە هەموو ئەو مانایانە پێکەوە دەردەبڕن، بۆ نموونە وشەیەکی دیکەی یۆنانی واتا mássein (Gr.) هەموو ئەو مانایانەی خوارەوە بەدەستەوە دەدا: "(هەویر)شێلان، گوشین (پشاوتن)، پەستاوتن، ڕێخشاندن، ئەسترین". ئەم وشە یۆنانییە خزمە لەگەڵ "ماشتن" دە زمانی کوردمادیدا کە هەم مانای (گەسک) ڕێخشاندن دەدا و هەمیش مانای مشتومااڵ دان. تیبینی 2: دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هەروەها وشەیەک هەیە بە مانای "توند، سفت"، بەم شێوەی خوارەوە: fest (G.)، fasti (OG.)، vast (Nl.)، fast (E.)، fast (Sw.) "توند، قایم، سەخت"، سەر بە ریشەی *-pasto* (IE.) "توند، سفت، قایم". جێی لێکۆڵینەوەیە کە ئایا وشە یۆناییەکەی سەرەوە دەتوانێ پێوەندییەکی بەم ریشەوە هەبێ یان نا].

پەسڵان peslan [*paslān*] - ڕۆژی پەسڵان واتا ڕۆژی ئاخیرەت، پاشەڕۆژ. پەشڵان peşlan یش دەگوترێ. وشەکە سەرەتا پەسان/ پەشان pesan / peşan بووە و دەنگی ل/ l ی تێخزاوە و بووەتە پەسلان/ پەشڵان. دەچێتەوە سەر ↑پاش paş [دە فارسیدا پس pes].

پەسە pese [*pasa*] - ئەم وشەیە دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا ئاوا مانا کراوەتەوە: "کەرەستەی خواردەمەنی وەک ئارد و ئاو بۆ نان".

1- لەوانەیە دە ئەسڵدا بە مانای "هەویر" بێ و خزم بێ دەگەڵ pástē (Gr.) "هەویر، شلکێنە". شیاوی باسە دە زمانی ئەڵمانیدا Pasta (G.) بە مانای "هەویر" دێ و Paste (G.) بە مانای "شتی هەویرئاسا کە بۆ کار و باری غەیری خواردن کەڵکی لێ وەردەگیرێ". هەردووک وشە دە بنەڕەتدا هەر یەک وشە بوون کە ئەویش لە زمانی لاتینی وەرگیراوە و ریشەکەی دەچێتەوە سەر pástē (Gr.). ئەم وشە یۆنانییە دەچێتەوە سەر کرداری pássein (Gr.) "پڕژاندن، پێوەر کردن".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑پشاوتن pışawtın "گوشین، شێلان" [هەویر شێلان] و خزم بێ دەگەڵ psáein (Gr.) "ڕێخشاندن".

پەسەند pesend [*pasand*] - "گونجاو، باش": پەسەند کردن واتا بە باش و گونجاو زانین. پسندیدن pasandīdan (P.) "پەسەند کردن". ئەگەر سەیری وشەی "خاس" بکەین دەبینین کە ئەم وشەی دە بنەڕەتدا ئەم مانایە بە دەستەوە دەدا کە شتێک لەناو کۆبەند و تێکەبەستیکدا بە باشی جێ خۆی گرتووە، واتا پاژێکی تەبا دەگەڵ گشتەکەیە. هەر بەم چەشنە ئەگەر لە وشەی "گونجاو" ورد بینەوە، دەر دەکەوێ کە ئەم وشەیە هەر ئەم مانایە بە دەستەوە دەدا کە شتێک لەناو قەوارەیەکدا بەباشی جێی خۆ دەکاتەوە. نها بەم پێوانەیە دەکرێ وشەی "پەسەند"یش شی بکەینەوە. ئەم وشەی دەشێ بچێتەوە سەر ریشەی ریشەی *(IE.) *pak-, *pag- >* "بەستن، تێکخستن، چنین، تەنین" و دەشێ خزم بێ دەگەڵ چەندین وشە وەک ↑پەس پەسکەرە pespeskere "جاڵجاڵووکە، جۆڵاتەنە" و بەتایبەتی ئەو وشانەی لەژێر ↑*faq* 2*فاق* "1- جورێک *داو* بۆ گرتنی پەلەوەر 2- جۆرێک پارچەی ڕەش بۆ چارشێوی ژنان"دا ئاماژەیان پێ کراوە.

پەسیسە pesîse [*pasīsa*] - "چێشتی زۆر کوڵاوی لێکهاڵاو": خزمە دەگەڵ ↑پەسە pese.

پەسیڤ pesîv [*pasīv*] - "هەڵامەت": خزمە دەگەڵ ↑پەژارە pejare "خەم، ئازار".

پەسیو pesîw [*pasīw*] - دەگەڵ "پەنا" دێ [پەنا و پەسیو pena u pesîv] واتا شوێنی پەنا گرتن و خۆ حەشاردان. وشەکە دەچێتەوە سەر ↑پاش paş [پس pas دە فارسیدا]. دەبنەڕەتدا مەبەست ئەو شوێنە یان ئە شتە بوو کە لە پشتەوەی [لەپاش ئەو] خۆیان حەشار داوە.

پەش peş [*paš*] - "پەق، تۆقاندن و لێک بڵاو کردن": خزمە دەگەڵ ↑پژان pıjan.

پەشت peşt *[pašt]* - "بەن یا دەزووی بادراو، گشتەک": خزمە دەگەڵ ↑*faq 2فاق* "1- جورێک داو بۆ گرتنی پەلەوەر 2- جۆرێک پارچەی رەش بۆ چارشێوی ژنان".

پەشک peşk *[pašk]* - "دڵۆپ": خزمە دەگەڵ ↑پژان pıjan.

پەشم peşım *[pašım]* - "خوری": پشم pašm (P.). خزمە دەگەڵ ↑پەز pez و↑بژ bıj [یاڵ و بژ].

پەشۆکان peşokan *[pašokān]* - "پەشێوان، پەرێشان بوون": خزمە دەگەڵ↑ پەژارە pejare.

[تێبینی: فۆتیمی k لەناو وشەکەدا ناوگرێکی وشەسازییە کە دۆخی جەخت کردن بە کردارەکە دەبەخشێ، وەک ئاڵۆزکان، بزرکان، خلیسکان، پژکاندن (قەپژکاندن)، پسکان و هتد].

پەشیلان peşîlan *[pašīlān]* - "وێران بوون، رووخان": هەروەها پەشیل peşîl هەیە بە مانای "وێران، رووخاو". خزمە دەگەڵ ↑پژان pıjan. مانای بنەڕەتی وشەکە "لەبەریەک چوون و لێک بڵاو بوون"ە.

پەشیمان peşîman *[pašīmān]* - "داخ و پەژارە و نارەحەتی بۆ کارێکی خۆکردە": پەژیوان pejîwan یش دەگوترێ. پشیمان pašīmān (P.). بنەوشەی پەش/ پەژ pej / peş بە مانای "رەنج، ئازار" دە وشەکەدا دەبیندرێ. خزمە دەگەڵ ↑پەژارە pejare.

پەشێو peşêw *[pašew]* - "پەرێشان، بیربڵاو، شێواو": پشێو pışêw یش دەگوترێ. وەک لەژێر وشەی "پەرێشان"دا باس کراوە، "پەرێشان" دە بنەڕەتدا مانای "پرژ و بڵاو، شپرزە" دەگەیەنێ. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم مانایە دەبێ وشەی "پشێو" یان "پەشێو"یش دە بنەڕەتدا هەمان مانای هەبێ. وشەکە پێوەندی هەیە بە ↑پژان pıjan و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە "هەڵوەشان و پەخش و بڵاو بوون" دەکەن. لەم تێڕوانینەوە پشێو یان پەشێو کەسێکی "بیربڵاو"ە یاخود دۆخی ژیانی شپرزە و لەبەریەک هەڵوەشاوە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑پەشێوان peşêwan هەیە بە مانای "بیربڵاو بوون، فکر ئاڵۆز بوون، پەرێشان و شپرزە بوون". جگە لەمە پەشێوی peşêwî بەکار دێ بە مانای "ئاڵۆزی، شێواوی". ئەم وشەیەی دوایی شێوەیەکی دیکەشی وەرگرتووە، واتا ↑بشێوی bışêwî. لێرەوە دەردەکەوێ کە "بشێوی" پێوەندی بە کرداری "شێوان"ەوە نییە و لێکچوونی ئەم دوو وشەیە تەنیا شتێکی رووالەتییە. سەبارەت بە پاشگری ئێو -ew [پەش + ئێو peş + ew] دەبێ بگوترێ کە ئەمە پاشگرێکی بە ئاوەڵناوکردنە و دە چەند وشەیەکدا بەدی دەکرێ و دەتوانرێ دە وشەسازی کوردمادیدا زۆرتر کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئەم پاشگرە دە وشەکانی بزێو bızêw و شپرێو şıprêw یشدا دەبینرێ.

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "شپرزە" کە ئەویش دە بنەڕەتدا مانای "پەرژ و بڵاو" دەگەیەنێ].

پەقژ peqıj *[paqıj]* - "زیبکەی ناو دەمی زارۆک": ↑بۆقژە boqje ش دەگوترێ. هەروەها پەقژک peqjık هەیە بە مانای "بڵق، بڵقی ئاو". وەک دەزانین پێوەندی نیزیک هەیە لە نێوان "بڵق" و "بلۆق"دا. هەر هەمان پێوەندیش لەنێوان "پەقژ" و "پەقژک" لەئارا دایە. گشت ئەم وشانە ئاماژە دەکەن بە "ماسین، با کردن".

پەقلە peqle *[paqla]* - دەگەڵ "شەقلە" دێ [شەقلە و پەقلە şeqle û peqle]. "شەقلە" هەمان شەقل şeql ە بە مانای "وێنە، نیگار، شێوە". پەقلە peqle ش دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.)*peik- , *peig- >*** "نەخش و نیگار کردن". هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پنۆ(ک) pıno(k) "پەلە، لەکە، خاڵ".

پەقین peqîn *[paqīn]* - "تەقین، تۆقین": [وشەکانی تەقین و تۆقین دە بنەڕەتدا خزمن دەگەڵ دڕان و دڕین]. هەر بەم جۆرە پەقین peqîn خزمە دەگەڵ ↑هەڵپەکاندن helpekandın "قەڵش قەڵش بوون، لەت لەت بوون". وەک ئاشکرایە لەکاتی تەقین یان پەقینی شتێک دا شتەکە لە بەر یەک هەڵدەپچڕێ و لەت لەت دەبێ. دواجار خزمە دەگەڵ ↑پژان pıjan "پرژ و بڵاو بوون".

پەک pek *[pak]* - "هێز، توان": هەروەها پەک کەوتن pek kewtın بە مانای "لەکار کەوتن، داماو بوون" بەکار دێ، بەڵام مانای بنەڕەتی دەبێ "لەدەست دانی هێز و توانایی" بێ. دەشێ خزم بێ لەگەڵ ئەو

وشانەی لەژێر ↑بووژانەوە *bujanewe* "گەش بوونەوە، هێز و گوڕ هاتنەوە بەر"دا باس کراون، وەک vegere (L.) "بووژاندنەوە، ژیاندنەوە"، wachen (G.) و wake (E.) "لەخەو هەستان"، vaja-h (OIn.) "هێز، گوڕ، چالاکی"، wakker (Nl.) "بەئاگا، هوشیار، چالاک، بەگوڕ" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*ueg-, * weg-*** > " تەڕ و تازە بوون، هێز و گوڕ تێدابوون".

پەکاندن pekandın [*pakāndın*] - ↑هەڵپەکاندن helpekandın.

پەل1 pel [*pal*] - "نەقووڵ": خزمە دەگەڵ flach (G.)، flah (OG.)، vlak (Nl.) "پەل، نەقووڵ"، flat (E.)، plaga (L.) "رووبەڕ، پانتایی زەوی"، placidus (L.) "نەقووڵ، تەخت، ساف"، pelagos (Gr.) "رووبەڕی دەریا". ئەم وشانە و گەلێک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادی و زمانە هیندوئەوروپییەکانی دیکەدا دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پان، بڵاو، تەخت"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*ple-, *pla-*** > "پان، پەل، بڵاو". خزمە دەگەڵ ↑بڵاو bılaw و↑ *وڵات wılat* و هتد.

پەل2 pel [*pal*] - "دەست و لاق": مانای بنەڕەتی وشەکە "دەست"ە. ئەو مانایە دە وشەی کوردمادی ↑پیل pîl"قۆل، دەست"دا پارێزراوە. هەروەها کاتێک دەگوترێ "پەل و پۆ"، مانای وشەکە بە رووبەری دەردەکەوێ، چونکوو "پەل" دەبێتە دەست و "پۆ" ش هەمان "پێ" یان "پا"یە. خزمە دەگەڵ feel (E.)، fühlen (G.)، voelen (Nl.) "هەست کردن". ئەم وشە ژێرمەنییانە دەبنەڕەتدا بە مانای "دەست لێدان، دەست لێخشاندن" بوون و پاشان مانای گشتی "هەست کردن"یان وەرگرتووە. دە زمانی لاتیندا ئەم مانا کۆنە دە وشەی palpo (L.) "دەست پێدا خشاندن، بەدەست لەمس کردن"دا پارێزراوە. جگە لەمە palma (L.)، palame (Gr.) "بەری دەست" مانای کۆنی وشەکە دەردەخەن. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*pal-*** > "پەل، دەست".

پەل3 pel [*pal*] - "دڕکی دار، لکی دار":

1- بە شیمانەیەکی بەهێز خزمە دەگەڵ Pfeil (G.)، pil (E.)، pilum (L.) "پللار، تیری کەوان" و لەوانەشە ↑پللار pıllar "دار(دەست) بۆ هاویشتن". ریشە؟

2- هەروەها دەکرێ دەگەڵ چەند وشەیەک دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هەڵی سەنگینین، وەک barsch (G.) "تفت و تاڵ، تیژ"، barr (OIs.) "زوور، تیژ"، Borste (G.) "مووی زبر و رەق" و Bürste (G.) "فڵچە، برۆس" و Bart (G.) "ردێن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bhar-*** > "تیژ، دڕک، چقڵ". bhrstí-h (OIn.) "گۆشە، دەرپەڕیوی، تیژایی" سەر بەم ریشەیە. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پۆڕ por "کاکۆڵ، مووی سەر".

پەل[4] pel [*pal*] - "بەرد": یەکێک لە شێوە کۆنەکانی وشەی ↑بەرد berd. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑*پاڵ pal* "هێز، گوشار"دا باس کراون.

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "بەرد" و "هێز، پتەوی" لە وشەکانی "هەستی" و "ئاستەم"، هەروەها لە وشەکانی "تەوەنە" و "توانین"یشدا دەردەکەوێ].

پەل(ە) pel(e) [*pal*] - دەگەڵ "پووش" دێ و دەگوترێ پەلەپووش pelepûş.

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بەpalea (L.) "کا، پووش".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑پۆلکە polke "توێکڵی چەڵتووک، بلۆقی دەست".

پەڵاس pelas [*palās*] - "بەڕە": پلاس palās (P.) "1- بەرەی پشم 2- پەڕۆ و جلکی نەناسک": وشەکە خزمە دەگەڵ Flachs (G.)، flahs (OG.)، vlas (Nl.)، flax (E.) "لۆکە" [پنچکێک کە بەرهەمەکەی لۆکەیە]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ flechten (G.) "هۆنینەوە، پرچ کردن"، plekein (Gr.)، plectere (L.) "چنین، هۆنینەوە" و flahta (Gt.) "پرچ، مووی هۆنراو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *plek-*** > "هۆنینەوە، (تێک)چنین". دە زمانی کوردمادیدا ↑پرچ *pırç* دەگەڵ وشەکانی سەوەوە خزمە. ئەم ریشەیەی سەرەوە خۆی دە پلەیەکی دوورتردا دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *pel-*** > " قەد، گنچ، چرچ و لۆچی". بەم

شێوەیە falten (G.) "قەد کردن، گنج کردن"، هەروەها ↑پڵژیان pıljîan "سیس بوون" و پلاسیدن palāsīdan (P.) "سیس و چرچ بوون" دەگەڵ وشەکانی سەرەوە خزمایەتی پەیدا دەکەن.

[تێبینی 1: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "لۆکە"، "دەزوو" و "رایەخ، بەڕە، پەڕۆ" بەراوردی بکە دەگەڵ وشەی "لەی". تێبینی 2: زۆر وێ دەچێ کە "پەڵاس" دە زمانی عەرەبیدا کرابێ بە فرش farš (Arb.) واتا زمانی عەرەبی لەبەر نەبوونی فۆنیمی p، ئەم فۆنیمەی کردووەتە f. دواتر زمانی کوردمادی و فارسی ئەم وشە عەڕەبێنراوەیان وەرگرتووەتەوە و لەجیاتی وشە رەسەنەکەی خۆیان بەکاری دێنن. لەوەش سەرەنجراکێشتر ئەوەیە کە ئەم وشە عەرەبێنراوە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بۆ رایەخی جوان و بەنرخ بەکار دەهێنرێ و وشە رەسەنەکەش، ئەگەر شانسێکی هەبێ، وەک پەڕۆ و بەڕەی بێنرخ چاوی لێ دەکرێ. ئەمە نموونەیەکە لە گەلێک وشە کە بەم چارەنووسە تاڵە دووچار بوون. ئەمەش دە راستیدا رەنگدانەوەی چارەنووسی تاڵی نەتەوە ژێردەستەکانە کە لە زمان و فەرهەنگَ و نرخ و بەهاکانی خۆیان بێگانە دەکرێن، هەرچی خودی بێ، بێنرخ دێتە بەرچاویان و بەهاکانی نەتەوەی سەردەست و هەروەها زمان و وشەکانیان وەک شتێکی بەنرخ و پێشکەوتوو بەسەریاندا زاڵ دەبێ].

پەلاستیک pelastîk *[palāstīk]* - "جیر": لاستیک lastîk یش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر < *plasticus (L.)* "شێوەوەرگر، فۆرمگر" < *plássein (Gr.)* "ساز کردن، شێوە پێدان، دروست کردن لە شتی نەرم". ئەو کەرەستە دەستکردە لەبەر نەرم بوونی دەتوانرێ شێوەی جۆربەجۆری پێ بدرێ و هەر بۆیە وەسا ناو نراوە.

پەڵاش pelaş *[palāš]* - دەگەڵ "پووش" دێ [پووش و پەڵاش pûş û pelaş]، شێوەیەکی دیکە لە ↑پەل(ە) pel(e) "کا، پووش". لەوانەیە ئەم وشەیە هەر وەک "پەلەپووش" دە بنچینەدا لە دوو وشەی پەل(ە) + ئاش pel + aş پێک هاتبێ کە وشەی یەکەمیان مانای "پووش" دەدا و ئەوەی دووهەمیشیان، واتا ئاش -aş دەبێ هەر بە مانای "پووش، چیلکەو چاڵ بۆ سووتەمەنی" هاتبێ [بەراوردی بکە دەگەڵ وشەکانی ↑هەژکَ hejg "چیڵەوچاڵی سووتەمەنی"، ئازاڵە azale "ئاوردوو"، ↑هیشک/ ئیشک hîşk، ↑ ئێزینکَ ezîng "داری سووتەمەنی"].

پەلامار pelamar *[palāmr]* - "هێرش، هەلەمار": پێک هاتووە لە دوو وشەی پەلە pele + مار mar. خزمە دەگەڵ ↑پەلە pele "لەز، خێرایی". پەلامار بزاوتێکی خێرا و بەپەلەیە بۆ سەر دوژمن. کەرتی دووەمی وشەکە، واتا -mar لە وشەی ↑هەلەمار helemar "پەلامار"یشدا دەبینرێ و خزمە لەگەڵ ↑ماردن mardın "لێدان و تێکشکاندن". لەم تێڕوانینەوە مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێتە" لێدانی کوتوپڕ، زەبری خێرا". لە وشەی هەلەمار helemar یشدا هەر ئەو شێوەیە رەچاو کراوە، "هەلە" مانای "پەلە" دەدا [هەلەهەل و پەلەپەل] و کەرتی دووەمیش لە هەردوو وشەکەدا هاوبەشە.

پەڵان pelan *[palān]* - "هەستی، ئێسک": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑پاڵ pal "هێز، گوشار"دا باس کراون.

پەڵپ pelp *[palp]* - "بیانوو، گڕوو، گڕنە": شیاوی باسە کە وشەکانی "گڕوو" و "گرنە" کە دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا وەک مانای "پەڵپ" باس کراون، خزمایەتیان دەگەڵ "گریان" هەیە کە ئەویش دەنکَ هەڵبڕینە لەبەر ئێش وئازار. جا ئەگەر مانای بنەڕەتی پەڵپ هەمان گڕوو و گڕنە بێ، ئەوا ئەم وشەیە جێی بەراورد کردنە دەگەڵ Welpe (G.)، welph (OG.)، welp (Nl.)، whelp (E.)، valp (Sw.) "بێچووی سەکَ، رێوی و گورک"، (h)wel (OG.) "بەدەنگەدەنکَ، بە زاق و زیق"، hwelan (OE.) "زیقاندن" و hvellr (OIs.) "زرینگانەوە". دە زمانی کوردمادیدا ↑گڤر gıvır و ↑گورپە gurpe و دە فارسیدا گربە gorbe (P.) واتا "پشیلەی تیر" هەر ئەو وشانەی سەرەوەن کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بۆ بێچووی سەکَ و رێوی و گورک بەکار هاتوون و دە زمانی کوردمادی و فارسیدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی فۆنیمی w بووەتە g کە ئەوەش لەم زمانانەدا زۆرجار بەرچاو دەکەوێ.

پەلتین peltîn *[paltīn]* -"توند بوون، سفت بوون": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑پاڵ pal "هێز، گوشار"دا باس کراون.

پەڵتە pelte *[palta]* - "داری تیوان بەرد و کۆڵەکە":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑پەل pel و ↑بڵاو bılaw و ئەو وشانەی ئاماژە بە "پان و بڵاو" بوون دەکەن. لەم تێڕوانینەوە "پەڵتە" ئەو تیکەدارە تەخت یاخود پەلەیە کە دەخرێتە ژێر کۆڵەکەوە.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑بالار balar "کاریتە".

پەڵتەک peltek *[paltak]* - "نەخۆشی گەرووی ئاژەڵ": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی ئاماژە بە "خڕ بوون، ماسین و هەڵتۆقین" دەکەن، وەک ↑*بالۆکە baloke*، ↑بڵق bılıq، ↑بلۆق bıloq و هتد. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پەڵمین pelmîn.

پەڵخ pelıx *[palıx]* - "بەچکەگامێش": خزمە دەگەڵ ↑بارِ bar "بێچووە مەلی بەهارە"، ↑بەرخ berıx [بەرە barre (P.)] "بەچکەی مەڕ" و هەروەها دەگەڵ poule (Gr.) "ئاژەڵی جەوان، جوانوو" و pullus (L.) "ئاژەلی جەوان، مەلی جەوان"، Fohlen (G.)، folo (OG.)، foal (E.)، fale (Sw.) "جوانوو"، هەروەها puer (L.)"زارۆک" و پوور pūr (P.) "کوڕ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pau- >*** "بچووک، وردیلە، کەم".

پەلشقە pelışqe *[palıšqa]* - "شل و شەوێق": خزمە دەگەڵ ↑پڵیشان pılîşan "پڵیخان، پان و پڵچ بوونەوە". مانای بنەڕەتی وشەکە "لەبەریەک بڵاوبوو، لەبەریەک هەڵوەشاو" بووە.

پەلک pelk *[palk]* - "گەڵا": وەلکَ welg و وەرکَ werg یش دەگوترێ. دە زمانی فارسیدا برکَ barg (P.) دەگوترێ. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا ↑بەلگە belge بە مانای "سەنەد" بەکار دێ کە دە فارسیدا دەبێتە برگە barge (P.) واتا "وەرەقە". "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 192، وشەی "بەرکَ"ی فارسی لەگەڵ چەندین وشەی زمانە ئەورووپییەکان هەڵسەنگاندووە، وەک valká (OIn.) "توێکڵ"، voloknó (Rus.) "تاڵی موو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uel- >*** "جیا کردنەوە، لێکردنەوە، پچڕینەوە". [ئەم شی کردنەوەیە رێی تێ دەچێ، چونکوو دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەی Laub (G.) و leaf (E.) "گەڵا" دەچنەوە سەر ریشەیەکی دیکە بە هەمان مانا و خزمیشن دەگەڵ "ئاڵف"]. بەم جۆرە "پەلک" دەبێتە خزمی چەندین وشە دە زمانی کوردیدا، بۆ وێنە ↑وەرساندن wersandın "پچڕاندن" و ↑گورکَ gurg [واتا ئاژەڵی درەندە، داپچڕێنەر]. "گورکَ" بەشێوەی وەرکَ werg یش دە زمانی کوردمادیدا هەیە و ئەم وشەی دوایی هاوکات مانای "پەلک"یش دەبەخشێ و ئەمەش پێوەندی ئەم وشە و چەمکانە بە یەکەوە نیشان دەدا. شیاوی گوتنە کە زمانی عەرەبی وشە کوردماددییەکەی وەرگرتووە و کردوویە بە ورق waraq (Arb.).

پەڵمین pelmîn *[palmīn]* - "ماسین، ئەستوور بوون": پەڵمان pelmān یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑پاڵ pal "هێز، گوشار"دا باس کراون.

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "ماسین، ئەستوور بوون" و "پتەو و بەهێز بوون" لەم وشانەی خوارەوەشدا بەدی دەکرێ: ماسین "ئەستوور بوون" و مەیین "سفت بوون" ، هەروەها "ئەستوور" هەم بە مانای "ماسیو، هەڵمساو" و هەم بە مانای "سەخت، بەهێز].

پەڵوو pelu *[pelū]* - "1- ئارد وئاوی لێکدراو بۆ جوجکە 2- چێشتێکە وردەهەویر و کووزەڵەی تێ دەکەن": پەڵووڵە pelule ش دەگوترێ. لەوانەیەخزم بێ دەگەڵ Brei (G.)، brio (OG.)، briw (OE.) "شلە، خواردنی شل و نەرم" [دە زمانی ئەڵمانیدا بەو شلەمەنییەی دەدرێ بە زارۆکی ساوا دەگوترێ Babybrei]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bher- >*** "کوڵاندن، سووتاندن، برژاندن". دە زمانی کوردمادیدا هەروها ↑پەلیک pelîk "چێشتی زۆر کوڵاو" و ↑پەریهتن perîhtın "توڵانەوە بە هۆی کوڵانی زۆر" هەن کە پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

پەلۆخ pelox *[pelox]* - "گرگرتوو، داگیرساو": خزمە دەگەڵ ↑پۆلوو polu.

پەڵۆخ pelox [*pelox*] - "پیس": دە زمانی فارسیدا palašt (.P) و پلید palīd (.P) بە مانای "پیس، چڵکن، گەمار" بەکار دێن. دە زمانی رووسیدا ploxa (.Rus) بە مانای "پیس" دێ. ئەم وشانە جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ black (.E) "رەش" و blakkr (.ON) "تاریک".

[تێبینی: لەتیوان چەمکەکانی "رەش" و "پیس"دا پێوەندی هەیە، هەر وەک چۆن لەتیوان "سپی" و "پاک"یشدا پێوەندی هەیە. ئەم پێوەندییە لەوەڕا هاتووە کە کاتێک شتێک بە چڵک و چەپەر و تۆز و خۆڵ چڵکن بووە، رەنگەکەی بەرەو رەش گۆڕاوە. نموونە لەم بارەوە وشەی schwarz (.G) "رەش"ە کە دەبێتە خزم دەگەڵ sordere (.L) "پیس بوون" (دە بنەڕەتدا: رەش بوون، تۆخ بوون)].

پەلۆخین peloxîn [*paloxīn*] - "لێدانی توند": شێوەیەکی دیکە لە ↑پڵۆسین pılosn [داپڵۆسین dapılosîn].

پەلە pele [*pala*] - "لەز، تاڵووکە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ froh (.G) "خۆشحاڵ، شاد"، frao (.OG) و vro (.NL). ئەم وشە ژێرمانییە سەرەتا بە مانای "خوهەڵاویشتن، دەرپەڕین، پەلەکردن، بەجم و جۆڵ بوون" بووە. ئەم مانایانە دە هێندێک لە زمانەکاندا پارێزراون، بۆ وێنە frar (.OIs) "تیژ، چابوک، بەپەلە"، frow (.ME) "بەپەلە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *preu- >*** "پەرین، هەڵبەزین". مانای "خۆشحاڵ" دە زمانی ئەڵمانیدا لێرەوە پەیدا بووە کە مرۆڤ لە کاتی خۆشحاڵیدا جم و جۆڵی تێ دەکەوێ و لەوانەشە خۆ هەڵاوێ، هەروەک چۆن بەپێچەوانەش لەکاتی خەم و ناخۆشیدا دادەهێزرێ و تێک دەتەپێ. سەبارەت بە پێوەندی دەنێوان دوو چەمکی پەرین و هەڵبەزین لە لایەک و شادی و خۆشحالی لە لایەکی دیکەوە دە زمانی کوردمادیدا نموونەی بەرچاو هەیە کە بڕیتییە لە بەکارهێنانی دوو وشەی "شایی" (شادی) و "هەڵپەڕین" بە یەک مانا. بەم جۆرە دەتوانین هێندێک وشەی دیکەش ببەینەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک ↑پەڕین perîn، ↑پڕ pır [پڕ پێداگرتن]، ↑پڕتاو pırtaw، ↑پڕتافین pırtafîn "غارپێکردن"، ↑پڵینگ pılîng، ↑پەلامار pelamar و هتد.

پەڵە1 pele [*pala*] - "لەککە": خزمە دەگەڵ Fleck (.G)، flekkr (.OIs)، fläck (.Sw) "پەڵە، لەککە". ئەم وشانە بەخزم دادەندرێن دەگەڵ plagella (.L) "پەڕۆ" و plaga (.L) "رووبەر، ئاستی زەوی" و ژمارەیەک وشەی دیکە دە زمانە ژێرمانییەکاندا کە ئاماژە بە چەمکی "بڵاو، بڵاو بوونەوە" دەکەن. کەواتە دەبنەڕەتدا وشەکە ئاماژەی بە "ئاست، رووبەر، پانتایی" کردووە. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑بڵاو bılaw، ↑پەل pel "نە قووڵ، تەخت" و هەروەها ↑وڵات wılat [دەبنەڕەتدا واتا "رووبەری زەوی، پانتایی سەر هەرد"]. هەروەها بڕوانە ↑پەڵە[4] pele "پارچەزەوی".

پەڵە2 pele [*pala*] - دوای بارانێکی زۆر و تێراو بوونی زەوی دەلێن "پەڵە"ی داوە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑پلووسک pılusk و لە ریشەی ***(IE.) *pleu- >*** هاتووە کە مانای "جاری بوون" دەدا و هێندێک مانای دیکەشی لێ کەوتۆتەوە، وەک وەسەر ئاو کەوتن، شوشتن، مەلە کردن. دە زمانە ژێرمانییەکاندا ئەو وشانەی بۆ چەمکەکانی "جاری بوون، سێڵاو، چەم" بە کار دەهێندرێن، لەم ریشەوە سەریان هەڵداوە، وەک Flut (.G) "سێڵاو، لێشاو"، fleet (.E) [بۆ نموونەکانی دیکە بڕوانە ↑پلووسک pılusk]. plauti (.Lit) "شوشتن" و pleo (.Gr) "مەلە دەکەم" هەر لەو ریشەیە هاتوون. بەم جۆرە گومان لەوەدا نامێنێ کە مەبەست لە "پەڵە دان" دە بنچینەدا ئەوە بووە کە دوای بارانی زۆر و تێراو بوونی زەوی ئاو بەسەر هەرد دا جاری دەبێ، بەوتەیەکی دیکە هەرد وەسەر ئاو دەگەڕێ یان دەشۆردرێتەوە. شیاوی باسە کە ریشەی *-pleu* دە بنەڕەتدا بە مانای "پڕ، زۆر" بەکارهاتووە [↑پڕ pır] و دواتر گەلێک مانای دیکەی لێ کەوتۆتەوە. بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزمیش دەگەڵ ↑پەڵە3 pele.

پەڵە3 pele [*pala*] - دەگەڵ "گیا" دێ [پەڵەگیا]. لێرەشدا "پەڵە" دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *p(e)l- >*** "زۆر، پڕ". پەڵە ئاماژە دەکا بە کۆما بوون، کۆگا بوون، زۆر بوون. بەم جۆرە خزمە دەگەڵ چەندین

وشەی وەک ↑پۆل pol، *↑پڕ pır*، ↑فرە fre و هتد. ئەم ریشەیە لەپێوەندیدایە دەگەڵ ریشەی *-pleu* (IE.)* "جاری بوون" و بەم شێوەیە وشەکە دەبێتە خزمیش دەگەڵ ↑پەڵە2 pele.

پەڵە[4] pele *[pala]* - "پارچەزەوی": خزمە دەگەڵ وەڵات یان ↑وڵات wılat واتا "سەرزەوی". هەڵی سەنگینە دەگەڵ Feld (G.) و field (E.)، veld (Nl.)، fold (OIs.) "هەرد، زەوی، مەزرا". هەروەها دەبێتە خزم لەگەڵ flach (G.) "پەل" و Fläche (G.) "رووبەر، سەتح" و چەندین وشە بەم مانایانە لە زمانە ژێرمەنییەکاندا. وشەکە ئاماژە بە رووبەڕ و پانتاییەک دەکا و لەوانەیە ببێتە خزم دەگەڵ ↑پەڵە1 pele "لەککە".

پەلەپیتکە pelepîtke *[palapītka]* - "ماشەی تفەنگ": پەل + ە + پیت + کە pel + e + pit + ke. "پەل" لەوانەیە↑پەل pel "دەست" بێ [پەل و پۆ]، یان لەوانەشە پێوندی بە ↑پل3 pıl و ↑پڵتۆک pıltok "پتە"ەوە هەبێ [پڵتۆک مانای "پەلەپیتکە"ش دەبەخشێ]. پیتکە pîtke خزمە دەگەڵ ↑پتە pıte سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان". لەم تێڕوانینەی دووەمەوە هەردوو کەرتی وشەکە هاومانا دەردەچن، واتا هەم "پەل" و هەم "پیتکە" دە بنەڕەتدا مانای "لێدان" دەبەخشن. وشەی لەم شێوەی دە زمانی کوردمادیدا کەم نین. ئەم جۆرە وشانە دۆخی جەخت کردن دەگەیەنن.

پەلەقاژە pelaqaje *[palaqāža]* - "دەست و پێ لێدان بۆ خۆ رزگار کردن": پێک هاتبێ لە دوو وشەی ↑پەل pel "پیل، دەست" و قاژ qaž. کەرتی دووەم لە وشەی پاقژە paqıje ش دا دەبیندرێ کە هەمان مانا دەبەخشێ. ئەم کەرتەوشەیە پێوەندی بە ↑هەژان hejan ەوە هەیە و مەبەست هەژاندن و لێکدانی پەل و پا بێ. "قاژ" لێرەدا بە مانای *"قاچ"*، پێ، لینکَ" نییە، چونکوو ئەگەر "قاژ" هەمان "قاچ" بایە، دەبوو بێژن "پەلەقاژە لێدان" [دەست و پێ لێدان]، نەک "پەلەقاژە کردن". کرداری "کردن" نیشان دەدا کە "قاژە" لە بنەڕەتدا "هەژە" بووە و مەبەست "پەلەهەژە" کردنە، هەر وەک "لینگەفرتە کردن".

پەلێت pelît *[palīt]* - دەگەڵ "هەلێت" دێ [هەلێت و پەلێت helît u pelît]. هەروەها پەلەت pelet یش دەگوترێ [غەلەت و پەلەت ġelet û pelet]. جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ flāh (OE.) و flār (OIs.) "فریودەر، هەلە، ناراست". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑پاڕانەوە paranewe.

پەلیک pelîk *[palīk]* - "چێشتی زۆر کوڵاو": خزمە دەگەڵ ↑پەڵوو pelu "خۆراکی هەویرئاسا" و ↑پەریهتن perîhtın "توڵانەوە بە هۆی کوڵانی زۆر".

پەمۆ pemo *[pamo]* - "لۆکە": پنبە panbe (P.)، bambax (MGr.) "پەمۆ". [تێبینی: جاران جۆرە پارچەیەک هەبوو لە ناوچەی موکریان پێیان دەگوت "بامبازی". ئەمە لە وشە یۆنانییەکە زۆر نیزیکە].

پەنا pena *[panā]* - "پارێزراوی، شاراوەیی": پەنا بردن واتا چوونە شوێنێک یان داوا کردن بۆ خۆپاراستن و خۆ حەشاردان. پناه panāh (P.). دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسیی"دا (ل. 286) دوو بۆچوون لەم بارەوە ئاماژەیان پێ کراوە. 1- پێوەندی بە ریشەی ئێرانی -naθ (Ir.) "گەیشتن، پێ گەیشتن، بە دەست هێنان" کە ئەمیش دەچێتەوە سەر ریشەی هیندووئەوروپی ***(IE.) nek-*** > "گەیشتن(ەوە)، نیزیک بوونەوە". 2- پێوەندی بە -nāthá (OIn.) "پەنا، ئاریکاری و پشت گرتن" و-a nāthá- (OIn.) "بێپەنا، بێباوک، سێوی". بۆچوونی یەکەم، واتا پێوەندیی بە چەمکی "نیزیک و نیزیک بوونەوە" زۆرتر رێی تێ دەچێ، چونکوو دە زمانی کوردمادی پەنا بە مانای "نیزیک"یش بەکار دەهێنرێ و بۆ وێنە دەگوترێ "وەرە پەنام، بە پەنامدا تێپەڕی، لە پەنای باوکی دانیشت" و هتد.

پەناباد penabad *[panābād]* - "ناوی سککەیەکی ئێرانی کە ئێستا نەماوە، بەرانبەری دە شایی بوو": پەناد penad یش دەگوترێ. پناباد penabad (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Pfennig (G.)، pfending (OG.)، penny (E.)، pannig (OFr.) "ناوی سککەیەک" [لە ئەڵمان نرخەکەی یەک سەدوومی مارک بوو]. ریشەی ئەم وشە ژێرمانییانە بەپێی شیمانەیەک دەگەڕێتەوە سەر pondus (L.) "قورسایی" و pendere

(L.) "کێشان، وەزن کردن". سەبارەت بەم وشە لاتینییانە هەروەها بڕوانە ↑پووت[3] put "وەزنێکە بەرانبەری 16 کیلۆ".

پەنامەکی penamekî *[panamakī]* - "بە نهێنی، بە دزییەوە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑پەنا pena.

پەنجە pence *[panja]* - "سەرجەمی قامکەکان": لە ئەژماری ↑پێنج penc وەرگیراوە و ئاماژەیە بە ژمارەی قامکەکان. خزمە دەگەڵ Finger (G.)، (E.)، (Sw.) و vinger (Nl.) وfigger (Gt.) "قامک". ئەم وشە ژێرمانییانە سەرەتا بە مانای "پەنجە" هاتوون و پاشان ماناکەیان گوڕدراوە بۆ "قامک".

پەنجەرە pencere *[panjara]* - "شوێنی پێداهاتنی رووناکی بۆ ناو ژوور": پنجرە panjare (P.). دە زمانی لاتینیدا fenstera (L.) هەیە بەو مانایە. وشە لاتینییەکە چووەتە ناو زمانی ئەڵمانی و بووەتە Fenster (G.) "پەنجەرە". ریشەی وشەکە ساخ نەکراوەتەوە.

پەند pend *[pand]* - "دەرس، ئامۆژگاری": دە بنەڕەتدا بە مانای "شوێنپێ، رێگا، رێباز" بووە و مەبەست لە "پەند وەرگرتن" دە راستیدا کەوتنەشوێن، رێگا (ی دروست) دۆزینەوە، گرتنەبەری رێباز بووە. "پەند دان" بە مانای ئامۆژگاری کردن و رێگا نیشان دان بووە. خزمە دەگەڵ ↑پەیدا peyde سەر بە ریشەی < ***(IE.) *pent-*** "رۆیشتن، هەنگاو نان". دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"شدا (ل. 287) وشەکە لەم چوارچێوەیەدا شی کراوەتەوە و گرێ دراوە بە paθī (OP.)، pand (MP.) و Pfad (G.) و path (E.) "رێگا، رێباز" و بردراوەتەوە سەر ئەو ریشەی سەرەوە.

پەنگَ peng *[pang]* - پەنگَ خواردن واتا راوەستان و کشانەوەی ئاو. خزمە دەگەڵ ↑پان pan. دەبنەڕەتدا مەبەست پان و بڵاو بوونەوەی رووبەری ئاوە بە هۆی بەربەست بوونی.

پەن(گر) pen(gır) *[pangır]* - "پۆلوو": خزمە دەگەڵ Funke (G.)، funcho (OG.)، vonk (Nl.)، vonke (ME.) "ئاورینگَ"، fon (Gt.) "ئاگر"، سەر بە ریشەی < ***(IE.)*puon-*** "ئاگر". دە زمانی ئەمڕۆی ئەڵمانیدا funken جگە لە مانا کۆنەکەی، واتا "ئاورینگَ دان"، بە مانای "بروسکە لێدان، پەیام ناردن بە بێتەل"یش بەکاردەهێنرێ. وشەکە دە پلەیەکی دوورتردا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پۆلوو polu.

پەنمان penman *[panmān]* - "هەڵمسان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑*پان pan*، ↑پەنگَ pang و pandere (L.) "لەبەریەک کشانەوە".

پەنی[1] penî *[panī]* - "دیار، ئاشکرا، پەیدا": خزمە دەگەڵ ↑پەیدا peyda. هەروەها نەپەنی nepenî هەیە بە مانای "نادیار، شاراوە".

پەنی[2] penî *[panī]* - "پەڵەی بچووک(ی سەر پێست)": شێوەیەکی دیکە لە ↑پنۆ(ک) pıno(k) "پەڵە، لەکە، خاڵ".

پەنیر penîr *[panīr]* - "جۆرێک شیرەمەنی": پنیر panīr (P.).بە گوێرەی فەرهەنگی ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 289، پێک هاتووە لە -pati-nī-ra*. کەرتی یەکەم پێشگر و کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر ریشەی -nay "پشاوتن، لێدان (ژەندن)، کەرە گرتن" و وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ panīnas (Let.) "دۆ".

پەهلەوی pehlewî *[pahlawī]* - "ناوی زماتیکی کۆن": خزمە دەگەڵ ↑*پاڵەوان palewan* [پەهلەوان pehlewan] و دواجار ↑*پاڵ pal* "هێز، گوشار"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سەخت بوون، بەهێز بوون". ئەم وشەیە شێوەیەکی عەڕەبێندراوە، چونکوو کەرتی wī- نیشانەی وەپاڵ دان دە زمانی عەڕەبیدایە. دەشێ شێوە کۆنەکە "پاڵی palî" [یان پاڵەیی paleyî] بووبێ کە بە زمانی ئەمڕۆیی و دیسان لەژێر کاریگەری زمانی عەڕەبیدا بووەتە ↑فەیلی faylî. وێ دەچێ ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ وەک زمانی پەهلەوی پێناسە دەکرێ، یەکێک لە شێوەزارەکانی زمانی کوردمادی کۆن بێ.

پەی pey *[pay]* - "شوێن، دوا": بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 297، دە بنەڕەتدا بەمانای "شوێنپێ"یە و خزمە دەگەڵ -paa (Av.)، -pada (OIn.) "قەدەم، هەنگاو". بەم جۆرە خزمە دەگەڵ ↑پێ pe "لاق".

پەیام peyam *[payām]* - "راسپێری، خەبەر، مەساژ": پیام payām (.P) و پیغام payġām (.P). خزمە دەگەڵ ↑پەیڤ *peyf* و ↑پەیڤین peyvîn "قسە کردن" و لەوانەشە ↑پەیک peyk "قاسید، نامەبەر" [ئەو کەسەی پەیام (قسە) دەبا].

پەیت peyt *[payt]* - "توند، پتەو": خزمە دەگەڵ ↑پیت pît "بەرهەم، رێژەو" و ↑پتەو pıtew [دەبنەڕەتدا: هێز و بڕشت].

پەیتا peyta *[paytā]* - پەیتاپەیتا واتا بەردەوام، بەدوای یەکدا. پی در پی pey dar pey (.P). خزمە دەگەڵ ↑پەی pey.

پەیتووکە peytuke *[paytūka]* - "1- جۆرێک چۆلەکەی تیژفڕ 2- مرۆی بزۆز و نائارام": پێوەندی هەیە بە ↑پەیت peyt "توند، پتەو".

پەیچەڵ peyçel *[payčal]* - "ئاژەڵێک کە لە رۆیشتندا ئەژنۆ لێک دەدا": پێک هاتووە لە دوو کەرتی پەی + چەڵ pey + çel. کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑پی pe "لاق". کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە ئاماژە بە چەمکی "لێدان و لێکدان" دەکەن، وەک ↑شڵە şıle، ↑شێلان şêlan، ↑زللە zılleو هتد. ژمارەیەک لەم وشانە لە ژێر ↑شڵەقان şıleqan دا باس کراون.

[تێبینی: هەڵی سەنگینە دەگەڵ پەیزەن peyzen "یەکسمێک کە لە رۆیشتندا پەل لە پەل دەدا"].

پەیدا peyda *[paydā]* - "دیار، بەدی هاتوو": پیدا paydā (.P). خزمە دەگەڵ finden (.G)، find(.E)، findan (.OG)، fintan (.Gt)، finna (.Sw) "دۆزینەوە، پەیدا کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *pent- >*** "رۆیشتن، هەنگاونان". pons (.L) "پرد"، patos (.Gr) "رێگا، رێچکە"، panthah- (.OIn) "رێگا و بان" دەچنەوە سەر ئەو ریشەیە. دە زمانی کوردمادی و فارسیدا فۆنیمی n لە وشەکە دا نەماوە. هەر ئەم حاڵەتە لە وشەی fadi (.OS) "رۆیشتن"دا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام دە وشەی کوردمادی ↑پەنی penî دا فۆنیمی n پارێزراوە [پەنی واتا پەیدا، دیار و نەپەنی واتا ناپەیدا، شاراوە"].

پەیژە peyje *[payža]* - "تیردیوان": پەیجە peyce ش دەگوترێ و دەبێ ئەمەیان شێوەی کۆنتری وشەکە بێ، بە مانای "جێ پێ، جێی پی"، واتا ئەو جێیەی پێیان لەسەر داناوە بۆ چوونە سەر. لەم تێروانینەوە وشەکە لە دوو کەرتی ↑پێ pe و ↑جێ ce پێک هاتووە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Treppe (.G) بە مانای "پلیکان" دێ و دەچێتەوە سەر کرداری trappen (.G) "پێ لێنان، هەنگاونان". هەروەها Stuffe (.G) "پلە، قۆناخ" هەیە کە خزمە دەگەڵ stopel (.OE) "شوێن پێ". وەک دەبینین دە زمانەکانی دیکەشدا دە تیوان دوو چەمکی "پلە و پلیکان" لە لایەک و "پێ و جێ پێ" لە لایەکی دیکەوە پێوەندی نیزیک هەیە].

پەیڤ peyv *[payv]* - "قسە، وتە": خزمە دەگەڵ ↑پەیام peyam "خەبەر، قسەی ناردراو یان راسپێراو" و ↑پەیمان peyman "گفت، سۆز، بەڵێن".لەوانەیە "پەیمان" خۆی سەرەتا کردار بووبێ [لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ قارەمان، خەرامان] و شێوەی کۆنتری "پەیڤین" بێ، یان وشە کۆنەکە "*پەیامان*" *peyaman* بووبێ و دواتر دوو وشەی "پەیمان" و "پەیڤین"ی بە دوو مانای هێندێک جیاواز لێ کەوتبێتەوە. وەک دەزانین گۆڕانی فۆنیمی m بەv [یان w] دە زمانی کوردمادیدا زۆر باوە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑بانگ bang "دەنگ، هەرا کردن، راگەیاندن"، phone "دەنگ"، phānai (.Gr) "قسەکردن، ئاخافتن"، bhánati (.OIn) "قسە دەکا" و fama (.L) "قسە، باس، دەنگ، بانگ"، Bann (.G) "دەستوور، فەرمان، حوکم"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *bha >*** "قسەکردن". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑باوbaw [بەیت و باو]. شیاوی باسە کە وشەی پەیامبەر peyamber دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بە پێودانی وشەی لاتینی propheta (.L) "پەیامبەر" دارێژراوە. وشە لاتینییەکە دەچێتەوە سەر prophētēs (.Gr) "راگەیێنەر، شیرۆڤەکەر" کە ئەویش دەچێتەوە سەر pro-phānai (.Gr) "پێش گۆتن، لە پێشەوە راگەیاندن".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "قسە کردن، پەیڤین" و "بەڵێن، پەیمان" جێی بیرخستنەوەیە کە دە زمانی ئەڵمانیدا ئەو پێوەندییە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ. دە زمانی ئەڵمانیدا sprechen (G.) دەبێتە "پەیڤین" و Versprechen (G.) دەبێتە "پەیمان". هەر ئەم پێوەندییە لە وشەی "قەول"یشدا دەبینرێ کە دەچێتەوە سەر وشەیەکی عەرەبی بە مانای "گوتن"].

پەیک peyk *[payk]* - "قاسید، نامەبەر":

1- دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 307)، وشەکە دەگەڵ pad ی کۆن بە مانای "پا، پێ" و -padika (OIn.) "پیادە، سەربازی پیادە" بە خزم دانراوە. لەم تێڕوانینەوە مانای پەیک دەبێتە "پیادە". بەڵام ئەم تێڕوانینە گومان هەڵدەگرێ، چونکوو پەیک و نامەبەرەکان دە سەردەمانی کۆندا تەنیا کەسانی پیادە نەبوون و زۆرتر ئەرکی خۆیان بە سواری ئەسپ بەجێ گەیاندووە.

2 - لەوانەیە وشەکە پێوەندی هەبێ بە ↑پەیام peyam [پەیغام peyġam].

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا Bote (G.) "پەیک، نامەبەر" دەگەڵ Gebot (G.) "حوکم، فەرمان، پەیام" دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش].

پەیکەر peyker *[paykar]* - "1-کۆتەل، هەیکەل 2- قالب، لەش": پیکر peykār (P.). پێک هاتووە لە -pati- +kara-. کەرتی یەکەم پێشگرە و کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر ریشەی *-kar* "کردن، ئەنجام دان". دە سانسکریتدا -prati-krti (OIn.) بە مانای "رووخسار، وێنە" بەکار هاتووە. لەباری دروست بوون و ماناوە جێی بەراورد کردنە دەگەڵ contre-fait (Fr.) "بەدەڵ، دەستکرد، وێنە"، کەرتی یەکەم پێشگرە و کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر کرداری faire (Fr.) "کردن، ئەنجام دان" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 308].

پەین peyn *[payn]* - "پیسایی ماڵات": pehen (P.). بە گوێرەی بۆچوونێک کە لە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 297) باس کراوە، پێوەندی هەیە بە pahn (P.) و ↑پان pan. ئەم بۆچوونە دەشێ راست بێ، چونکوو "پەین" شێوەیەک لە پیساییەکە کە هیشک و بڵاو بۆتەوە.

پەیوەست peywest *[paywast]* - "پێوەلکاو": پەی + وەست pey + west. بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارس"، ل. 312، لە کۆندا -pati-basta* بووە. کەرتی یەکەم پێشگر و کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر ↑بەستن bestın. پەیوەست ئەو شتەیە کە بە دووما یان کۆتایی شتێکەوە دەبەسترێ یاخود دەلکێندرێ.

پیادە pîyade *[pīyāda]* - "بە پێ ڕۆیشتوو": پیادە pīyāde (P.)، pedes (L.). خزمە دەگەڵ ↑پێ pe.

پیپ pîp *[pīp]* - "سەبیلە": وشەکە لە زمانی فارسی وەرگیراوە و ئەویش لە زمانە ئەورووپییەکانی وەرگرتووە، بۆ وێنە pipe (E.)، Pfeife (G.) "سەبیلە"، دە ئەسڵدا بە مانای "شمشاڵ، نەی" بووە و دواتر مانای "سەبیلە"ی وەرگرتووە، دەچێتەوە سەر pipare (L.) "فیکاندن، فیتوو لێدان". خزمە دەگەڵ ↑فیکە fîke. دە کوردمادیدا هەروەها ↑پیپیک pîpîk بەکاردی بە مانای "فیتوو، فیکە".

پیپیک pîpîk *[pīpīk]* - "فیتوو، فیکە": خزمە دەگەڵ ↑پیپ pîp "سەبیلە".

پیت pît *[pīt]* - "فەڕ، بەرەکەت": دە زمانە کۆنەکاندا هێندێک وشە هەن کە چەمکی "هێز و توانایی" دەردەبڕن، وەک potere (L.) "بەهێز بوون"، potens (L.) "بەهێز و دەسەڵات"، despotes (Gr.) "خوندکار، دەسەڵاتداری بەزەبر"، pati-h (OIn.) "سەروەر، دەسەڵاتدار، شوو". هەوەها دە وشەی ↑پادشا padşa دا کەرتی پاد -pad هەر بەو مانایانەی سەرەوە بەکارهاتووە و مەبەست "شای بە هێز و بە دەسەڵات" بووە. بەم جۆرە دەبینین کە ریشەی ***(IE.) *pad- >*** دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا بە مانای "هێز، گوڕ" لەگۆڕێدایە. وشەی پیت pît ی کوردمادی دەبێ دە بنەڕەتدا هەر بەومانایانەی سەرەوە هاتبێ و کاتێک بۆ وێنە باس لە زەوی بەپیت کراوە، مەبەستەکە "زەوی بە هێز و پێز" بووە کە بەر و بۆی زۆری داوە. لەبەر پێوەندی تیوان بەهێز و پێز بوونی زەوییەکە لەلایەک و بەرهەم دانی زۆری زەوییەکە

لەلایەکی دیکەوە پاشان مانای وشەکە گۆڕدراوە بۆ بەرهەم یان بەهرە وچونکوو ئەم بەرهەمداریيەش بە "خێر و بەرەکەت" زاندراوە، ئیتر وشەکە بە "فەڕ و بەرەکەت"یش مانا کراوەتەوە. وشەکە هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پەیت peyt "توند، پتەو" و ↑پتەو pıtew "قەوی، سەخت، بەهێز".

پیت pît *[pīt]* - "حەرف": دەشێ پێوەندی بە هێندێک وشەوە هەبێ بە مانای "لێدان"، وەک ↑پت pıt "لێدان"، ↑پیتک1 pîtık "کوتک" و هتد. "پیت" ئەو نەخش و نیشانانە بوون کە سەرەتا بە "لێدان" واتا هەڵکەندن و داتاشین لەسەر دار و بەرد دروست کراون. بۆیە زۆر رێی تێ دەچێ کە وشە کوردمادییەکە لەم پێوەندییەدا جێ بگرێ. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە تیبینی خوارەوە:

[وشەی حرف ħarf (Arb.) لە زمانی عەرەبیدا دەبێ وشەیەکی وەرگیراو بێ لە gráphein (Gr.) "هەڵکۆڵین، بڕ لێدان، نووسین". ئەم وشە یۆنانییە خزمە دەگەڵ kerben (G.) "بڕ لێدان، هەڵکەندن، هەڵکۆڵین" و خەڵیف xelef "کونی مێشەنگوین" و کەلەبەر keleber. وشەیەکی دیکە کە دە زمانی کوردمادیدا هاومانای "پیت" بەکار دێ، بریتییە لە "تیپ" و ئەمەش بۆ ریشەک دەگەڕێتەوە بە مانای "لێدان" و بۆ وێنە خزمە دەگەڵ "تەپڵ"ی کوردمادی و "تایپ"ی ئەورووپی. وەک دەردەکەوێ لەم وشانەشدا چەمکی "حەرف" پێوەندی بە چەمکی "لێدان، هەڵکەندن" پەیدا دەکا].

پیتک1 pîtık *[pītık]* - "1- کوتک 2- پتە": خزمە دەگەڵ ↑پت pıt "لێدان".

پیتک2 pîtık *[pītık]* - دەگەڵ "ریتک" دێ [ریتک و پیتک rîtık u pîtık واتا خرت و پرت]. خزمە دەگەڵ ↑پووت put "گچکە، ورد". ریتک rîtık یش دەچێتەوە سەر ↑رێز(ە) rez(e) "کەمووکە، وردە"، ریز rīz (P.) "ورد، گچکە".

پیتکە pîtke *[pītka]* - "دیزەی چکۆڵە": پیت + کە pît + ke. دە زمانی فارسیدا پیت pīt (P.) بە "دەفری تەنەکە" دەگوترێ.

1- وشەکە لەوانەیە هاوپێوەند بێ دەگەڵ bytina (Gr.) "دەفری شەڕاب" و butina (ML.) "دەفر، بوتل". وشەی ↑بۆتە bote "دەفری کانزا تێدا تاواندنەوە"ش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. وشەی bottel (E.) "دەفری شووشەیی" لە bouteille (Fr.) وەرگیراوە و دە زمانی کوردمادیدا بووەتە بوتڵ butıl.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑بادە bade و ↑بادیە badîye "دەفر".

3- هەروەها بەراوردی ئەم وشانە بکە دەگەڵ -pātilī (OIn.) "قابی چکۆڵە (بۆ گەدایی)".

پیتۆڵ pîtol *[pītol]* - "زۆرزان": پیت + ئۆڵ pît + ol . بنەوشەی پیت -pît دەگەڵ وەز -wez و ویژ -wîjیەک دەگرێتەوە [دە وشەکانی ↑ئاوەز a-wez و ↑ویژدان wîjdan دا]. بنەوشەکە مانای "تێگەیشتن، زانین" دەدا و دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *weid- >* "دیتن، (پێ) زانین، دۆزینەوە". هێندێک وشە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا لەم ریشەوە هاتوون، وەک wissen (G.) "زانین"، Witz (G.) "شۆخی" [پێشتر: لێزانی، زیرەکی، قسەزانی"، wit (E.) "شۆخی" [پێشتر: هزر، تێگەیشتن"، vett (Sw.) "ئا-وەز".

پیتە1 pîte *[pīta]* - "کای هەرزن و چەڵتووک": خزمە دەگەڵ ↑پەتڵە petle "ساوار، دانەوێڵە" [دانەوێڵەی وردکراو؟].

پیتە2 pîte *[pīta]* - پیتەپیتە pîtepîte واتا " کەم کەمە، وردە وردە": بڕوانە ↑پیتە1 pîte.

پیر1 pîr *[pīr]* - "بەساڵداچوو، بەتەمەن": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑پەڕیوە perîwe دا باس کراون. بەتایبەتی هەڵی سەنگینە دەگەڵ présbys (Gr.) "پیر". وشەگەلێکی زۆر دە زمانی کوردی و بەگشتی زمانە هیندوئەورووپییەکان دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *per- >* "پێدا تێپەڕین، لەشوێتێکەوە تێپەڕین بەرەو، بەرەو پێش چوون". هەر لەم ریشەوە وشە بە مانای ↑بەر ber "پێش" دروست بووە. مەبەست لە "پیر" بریتییە لە "پێشین، بەرێ". دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"یشدا، ل. 301، وشەکە دە چوارچێوەیەکی وەسادا شی کراوەتەوە.

پیر2 pîr *[pīr]* - "پیل، قۆڵ": دەگوترێ بەرەو پیر چوون یان بە پیرەوە چوون. شێوەیەکی دیکەیە لە↑پیل pîl "پەل، قۆڵ". بە پیڵەوە چوون یان برەو پیلی کەسێک چوون لەوەڕا هاتووە کە مرۆڤ لە کاتی پێشوازی کردنی بەرێزێکدا دەستی ئەوی گرتووە بۆ دەست لێدانەوە یان ماچ کردنی دەستی. هەروەها پیرایی pîrayî بەکار دەهێنرێ بە مانای "پێشوازی".

پیران pîran *[pīrān]* - "بوورانەوە": شێوەیەکی دیکە لە ↑بوورانەوە buran(ewe).

پیرۆت pîrot *[pīrot]* - "ناوێکی پیاوانە": دە زمانی فارسیدا دەگوترێ فیروز fīrūz (P.) "ناوێکی پیاوانە". دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پیرۆز pîroz "بەفەڕ، مبارەک".

پیرۆز pîroz *[pīroz]* **-** "بەفەڕ، مبارەک": دە فارسیدا پیروز pīrūz (P.) مانای "سەرکەوتوو، زاڵ " دەدا. بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 303) وشەکە پێک هاتووە لە دوو کەرتی aujah "هێز، گوڕ" + (پێشگر) -pari، کەرتی ئەسڵی وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی *-aug* "بەهێز بوون، بە گوڕ بوون" و دواتر ریشەی ***(IE.) *aug- >*** "زۆر بوون، گەشە کردن، هەڵدان". بەم جۆرە "پیرۆز بوون" دە بنەڕەتدا مانای "بەگوڕ بوون، هێز و گوڕ هەبوون" دەدا و مەبەست لە پیرۆزبایی و جێژنەپیرۆزە کردن لە یەکتری ئەوە بووە کە خواستوویانە جێژنەکە بە هێز و گوڕەوە بەڕێوە بچێ. هەروەها مەبەست لە کەسێک یان شتێکی پیرۆزیش بەهێز بوونی ئەو کەس یان شتە (لەباری مەعنەوی)یەوە بووە و "پیروز"ی فاریش مانای بەهێز بوون و زاڵ بوونی مادی گەیاندووە.

[تێبینی: ئەم ریشەیە لەوە دەچێ دەگەڵ ریشەی ***(IE.) *ueg- / *weg-*** "تەڕ و تازە بوون، هێز و گوڕ تێدابوون" خزم بێ یان هەر یەک ریشە بن. لەم بارەوە بڕوانە ↑وزە wize].

پیرۆزە pîroze *[pīroza]* - "بەردێکی شینی بەنرخ": فیروزە fīrūze (P.). پێوەندی هەیە بە ↑پیرۆز pîroz. وشەکە چووەتە ناو چەندین زمانی دیکە و لەوانە یۆنانی کۆن: sappirus (L.) و sáppheiros (Gr.) "پیرۆزە". بە پێی لێکدانەوەیەک مەبەست ئەوە بووە کە ئەم بەردە "هێز و سەرکەوتن" بۆ خاوەنەکەی دێنێ.

[تێبینی: دەکرێ لێکدانەوەیەکی دیکەش بۆ ئەم بەردە بکەین کە زۆرتر رێی تێ دەچێ. وەک لە چەند شوێنی دیکە باس کراوە چەمکەکانی "پتەو، سەخت، بەهێز"، "بەرد" و "بەهێز بوون، زاڵ بوون" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و هەر بۆیە وشەکانی دەربڕی ئەم چەمکانە پێوەندی تێتیمۆلۆژیکیان پێکەوە هەیە، بۆ نموونە وشەی *گەوهەر* (گەوەر) "بەردی گرانبایی" خۆی شێوەیەکی دیکەیە لە وشەی *کەڤر* "بەرد" و خزمە دەگەڵ *قەمرین* "سفت بوون". نموونەی دووەم: *بەرد* [*وەرد* یان شێوە کۆنترەکەی *پەل*] خزمە دەگەڵ *پەلتین* "توند بوون، سفت بوون" و دەگەڵ *پاڵەوان* "زاڵ، بەهێز و سەرکەوتوو". هەروەها *زاخ* "بەرد" دەشێ خزم بێ دەگەڵ Sieg (G.) "زاڵ بوون، سەرکەوتن". بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە وشەی "پیرۆز" یان "پیرۆزە" هاوکات هەموو ماناکانی "سەخت، پتەو"، "بەرد" و "زاڵ، سەرکەوتوو"ی پێکەوە گەیاندووە، واتا مەبەست لە پیرۆزە نەک بەردی گرانبایی شین، بەڵکوو بەرد بەگشتی بووە. بیرۆکەی ئەوە کە ئەم بەردە شینە سەرکەوتن بە دیاری دێنێ، شتێکە کە دواتر پەیدا بووە].

پیرە pîre *[pīra]* - "ئافەرین": [پیرە! کارێکی باشت کرد]. شێوەیەکی کۆنترە لە ↑ئافەرین aferîn [ئا- فەرین a-ferîn].

پیرەک pîrek *[pīrak]* - "ژن، ژنی بەشوو، هاوسەر": ئاشکرایە ئەم وشەیە ناتوانێ پێوەندی بە "پیر" و "بەساڵداچوودا" هەبێ. ئەم وشەیە هەروەک ↑پیرە pîre "ئافەرین" پێوەندی پەیدا دەکا بە ژمارەیەک وشە کە مانای "خۆش ویستن، پەسەند کردن، پاراستن" دەگەیەنن. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑ئافەرین aferîn، ↑*ئافرەت afret* و ↑پەری perî.

پیزاڵ pîzal *[pîzāl]* - "گیایەکە بۆ قاقەز دەبێ و دەشیچنن": لەم پێوەندییەدا چەند وشەی دیکە جێی سەرنجن کە بریتین لە پیزەڵ pîzel "جۆرێک باقەبێن"، پیزۆک pîzok "گیایەکە لە قۆپی و زەلکاو دا

دەڕوێ" و ↑بژاڵ bıjal "هەڵاش، چرپی". لەوانەیە ئەم وشانە پێوەندییان هەبێ بە ↑بژۆین *bıjwên* "سەوزەڵان".

پیزۆکە pîzoke *[pīzoka]* - "ورکەزیپکە": خزمە دەگەڵ چەندین وشەی دیکە کە لەژێر ↑باژەڵە bajeleدا باس کراون.

پیزە pîze *[pīza]* - "پز، بێچووی ناو سک": شێوەیەکی دیکە لە ↑پز pız.

پیزین pîzîn *[pīzīn]* - "فزەفز کردن لە کەپۆڕا": خزمە دەگەڵ ↑پیش *pîş* و ↑پشوو pışû "هەناسە".

پیس pîs *[pīs]* - "گەمار، چڵکن": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پوان puwan، پوسیدن (P.) pūsīdan "ڕزین، گەنین"، (Gr.) pus "چلکی بڕین". لەوانەیە ئەم وشانە بچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ماسین، با کردن" و ببنە خزم دەگەڵ ↑پیش pîş "هەناسە، نەفەس".

[تێبینی: وشەی "گەنین"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە هەمان مانا و خزمە دەگەڵ *ئاخنین* "هەڵمساندن"].

پیسێر pîser *[pīser]* - "تیفەکی دەرپێ": هەر وەک ↑پزوو pızû ی دەرپێ دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ کە ئاماژە بە "هەڵپزان، هەڵپفان" دەکەن.

پیش pîş *[pīš]* - "هەناسە، نەفەس": دە زمانی ئەللەمانی ناویندا (MG.) pūst بە مانای "هەناسە" بەکار هاتووە. خزمەکانی ئەم وشەیە دە زمانەکانی ئەڵمانی و هولەندیدا بەم شێوەیەن: (G.) pusten و کۆنتر (G.) pfausten، (NL.) poesten "فوو تیکردن، با کردن"، (G.) pfusen "هەناسەسوار بوون"، (Sw.) pusta "با کردن، فوو کردن، کۆخین" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bh(e)u-, *b(e)u- >*** "ماسین، با کردن، فوو کردن". ژمارەیەک وشەی زمانی کوردمادی کە ئاماژە بە دەرچوون و رەت بوونی هەوا دەکەن، پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە، وەک ↑پشوو pışû، ↑پشمین pışmîn، ↑پنژین pınjîn، ↑پیزین pîzîn "فزەفز کردن لە کەپۆ ڕا"، ↑پڕمە pırme، ↑پرخە pırxe، ↑فسە fıse، ↑فشقە fışqe، ↑فشفشە fışfışe، ↑فیشەک fışek و هتد. وشەکانی سەرەوە لە لایەکی دیکەوە دەبنە خزم دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە، وەک ↑فش fış، ↑پزان pızan [هەڵپزان]، ↑فیز fîz، ↑بەس bes، ↑بۆش boş "زۆر" و هتد.

[تێبینی 1: دە سەرچاوە ئێتیمۆلۆژییەکاندا هەروەها باس لە بنچینەدەنگێک دەکرێ کە بریتییە *phu-* * *یان* **fu-* کە ئاماژە بە دەرچوونی یان تێچوونی با [هەوا] لە دەم یان هەر شتێکی دیکەوە دەکا. دوور نییە ئەو ریشەیەی سەرەوە بۆ ئەم بنچینەدەنگە بگەڕێتەوە. لەم بارەوە هەروەها بڕوانە ↑فوو fū.

تێبینی 2: هەر لەم پێوەندییەدا چەند وشەیکی وەک (G.) fauchen و (G.) pfauchen "هەناسەسوار بوون، کۆخەکۆخ کردن، پڕماندن، فشقاندن، وژەوژ کردن" دە زمانە ژێرمەنییەکاندا جێی هەڵسەنگاندنن. وا باس دەکرێ کە ریشەی ئەم وشانە بۆ لاسا کردنەوەی دەنگ بگەڕێتەوە. دوور نییە ئەم دەنگە لاساکراوە هەر ئەو بنچینەدەنگە بووبێ کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا].

پیشان pîşan *[pīšān]* - "کوڵان و پێگەیشتن بە هەوای داغ": خزمە دەگەڵ ↑پێژان pejan.

پیشک pîşk *[pīšk]* - "ئامرازی گیا هەڵکەندن": پیشکان pîşkan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑پاچ paç "قوڵینک".

پیفۆک pîfok *[pīfok]* - "کیفۆک، گیایەکە سەلکەکەی بە کوڵاوی یان برژاوی دەخورێ": پەفک pefk، پەڤک pevk و پاڤک pavk یش دەگوترێن. دەشێ خزم بێ دەگەڵ پیواز pîwaz [پیڤاز pīvaz] و مەبەست "پیازچە" بێ. شیاوی سەرەنجە کە وشەی "کیفۆک"یش مانای "پیازچە" دەدا.

پیک pîk 1 *[pīk]* - "کوتکی ئاسن":

1- لەوانەیە هەر ↑پیتک pîtık 1 بێ بە مانای "1- کوتک 2- پتە".

2- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑پاچ paç.

پیک2 pîk [*pīk*] - "1- زمانەی سەری زوڕنا 2- لاسکی کلۆری گیا": بە هەر دوو ماناوە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *bh(e)u- >*** "ماسین، با کردن". ئەم ریشەیە دە زمانی کوردمادیدا یەکێک لە پڕ لک و پۆترین ریشەکانە و گەلێک وشەی لێ بەرهەم هاتووە. دەستەیەک لەم وشانە مانای "فوو، با، هەناسە" دەردەبڕن، وەک ↑*پیش pîş* [پیش خواردنەوە] یان ↑پشوو pışû، ↑فوو fu، ↑پشمین pışmîn، ↑فیکە fîke و هتد. "پیک" بە مانای یەکەم لەپێوەندی دەگەڵ ئەو دەستەوشەیە دایە و بەو شتە دەگوترێ کە فووی تێ دەکەن یا خود *پێی دەفیکێنن*. دەستەیەکی دیکە لەم وشانەی لەو ریشەوە سەریان هەڵداوە، باسی فش و فۆڵ بوون، زۆر و هەراو بوون، هەڵۆڵ و هەڵمساو بوون دەکەن، وەک ↑فش fış [فش و فۆڵ]، ↑بۆش boş "1- زۆر، هەراو 2- هەڵۆڵ، بەتاڵ"، ↑بووک buk "باپشکیو"، ↑پووک puk "بەتاڵ، بێ ناوەرۆک"، ↑پووچ puç "هەڵۆڵ، بەتاڵ" و هتد. "پیک" بە مانا دووەمەکەی لە ریزی ئەم وشانەدا جێ دەگرێ.

پیل1 pîl [*pīl*] - "دەست، قۆل، باسک": شێوەیەکی دیکە لە ↑پەل pel "دەست".

[تێبینی: "بەرەو پیل چوون" کە دواتر دە هێندێک شێوەزاردا بووەتە "بەرەو پیر چوون"، بەمانای پێشوازی کردن دێ. ئەو مانایە لێرەوە پەیدا بووە کە لەکاتی پێشوازی کردندا بەرەو پیلی، واتا بەرەو دەستی کەسێک چوون تاکوو بە نیشانەی رێز گرتن دەستی دەگەڵ لێ بدەنەوە یان دەستی ماچ بکەن].

پیل2 pîl [*pīl*] - "باتری": پیل pīl (P.). دەچێتەوە سەر pólos (Gr.) وەرگیرابێ بە مانای "تەوەر، تەوەرە". ئەم وشە یۆنانییە لە رێگای زمانی لاتینییەوە هاتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان، بووەتە pol و بە مانای "قوتب، جەمسەر (ی زەوی)" بەکار دێ. وشەی "پیل" دەبێ دە بنەڕەتدا ئاماژە بە دوو جەمسەری پلوس و مینوسی باتری بێ.

پیلان pîlan [*pīlān*] - "1- نەخشە 2- کۆمپلۆ": وشەیەکی وەرگیراوە، ئەسڵەکەی plan (Fr.) بووە، دەبنەڕەتدا بەمانای "رووبەر". ئەمەش دەچێتەوە سەر planta (L.) "بەری پێ، رووبەر". [دە زمانی کوردمادیدا مانایەکی تێگاتیڤی وەرگرتووە، کەچی دە زمانە ئەورووپییەکاندا بەگشتی مانای "نەخشە، گەڵاڵە" دەدا، بڕوانە ↑پلان pıla].

پیلە pîle [*pīla*] - "ماڵی کرمی هاوریشم": دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل.309) ئەم وشەیە بەرهەڤ کراوە دەگەڵ چەندین وشە دە زمانە جیاوازە هیندووئێرانییەکاندا بە ماناکانی "کیسە، تووڕەکە، زەنبیل، پووش و پەڵاش". ئەم بەرهەڤ کردنە رێی تێ دەچێ و هەموو ئەو وشانە دەبێ پێوەندییان هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *pel-*** "داپۆشین، لێهاڵان". چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا لەم ریشەوە هاتوون، وەک↑ پۆلکە polke "پۆرکَ، توێکڵ"، پەڵاش pelaş، پیلەک pîlek یان ↑پووڵەکە puleke و هتد.

پیلەک pîlek [*pīlak*] - "دوگمە، قۆپچە": خزمە دەگەڵ ↑بۆل bol "دەنکەترێ". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑پێل2 pel "چاوزەق".

پینە pîne [*pīna*] - "کوتەپەڕۆیەک کە قەڵش و درزی جلکی پێ دەگرن": هەروەها ↑پنج pınc هەیە بە مانای "دەرز گرتنی دەفری سواڵەت". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑بەند bend، سەر بە ریشەی ****bhendh-*** ***(IE.)*** "بەستن، گرێ دان". مەبەست لە "پنج" یان "پینە" کردن بەستنی قەڵش و درزە.

پینەک pînek [*pīnak*] - "وێژینکَ، خەونوچکە": خزمە دەگەڵ ↑پونژین punjin "خەو بردنەوە، وێژینکَ دان".

پیو pîw [*pīw*] - "بەز، چەوری": پیە pîye (P.)، piva (OIn.)، piar (Gr.)، pingue (L.) "بەز، چەوری". ئەم وشانە دەبێ خزم بن دەگەڵ ↑بەز bez "چەوری".

پێ[1] pe [*pe*] - "ئەندامی پێ رۆیشتن": pa (P.)، Fuß (G.)، foot (E.)، fotus (Gt.)، fot (Sw.)، pes (L.)، pos (Gr.)، pat (OIn.)، pada- (Av.) "پێ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ped-, *pod- >*** "پێ". لەوە دەچێ ئەم وشەیە کۆنتر لە زمانی کوردمادیدا ↑پووز puz بووبێ [پا و پووز، پووزەوانە].

پێ² pe *[pe]* - "پرێپۆزیسیۆن و پێشگر": [پێکەوتن، پێزانین...]، بڕوانە ↑وێ we.

پێت² pet *[pet]* - دەگەڵ "هێت" دێ [هێت و پێت het u pet واتا ورد و خاش]، شێوەیەکی دیکە لە ↑پووت2 put "کەم، وردیلە، بچووک".

پێتاو petaw *[petāw]* - پاتاوە patawe ش دەگوترێ. بڕوانە ↑پێڵاو pelaw .

پێچان(ەوە) peçan(ewe) *[peçān(awa)]* - "1- سووڕانەوە 2- لێهاڵاندن": پیچیدن pīčīdan (P.). فیچان fîçan یش دەگوترێ. هەروەها پێچ peç [فێچ feç] بە چەندین مانا دە زمانی کوردمادیدا لەم وشەوە هاتووە. ئەم وشەیە دەشە خزم بێ دەگەڵ ↑فیزانەوە fīzan(ewe) [فیچانەوە fîçan(ewe)] "چەمانەوە". دیارە دوو چەمکی "چەمانەوە" و "سووڕان" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، بۆ وێنە وشەکانی "بی" [دارەبی] و "با(د) دان" خزمن و ناوی دارەبی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لقەکانی بەباشی دەچەمێتەوە و بۆ کاری قەرتاڵە چنین کەڵکی لێوەردەگیرێ.

پێچکە1 peçke *[peçka]* - "1- چەرخی گاری 2- پایەی کورسی": پێ + چکە [پاشگری گچکاندن] ç(ı)ke + pe. ↑پێ pe هەمان "پا" واتا "لاق"ە و پێچکەش ماناکەی دەبێتە پێی بچکۆڵە، لاقە چکۆڵە.

پێچکە2 peçke [*peçka*] - "منداڵی ساوا": ئاماژەیە بە "پێچانەوە" و قۆنداخە کردنی زارۆکی شیرەخۆرە. دەچێتەوە سەر ↑پێچانەوە peçan(ewe).

پێخ pex *[pex]* - "ریپۆقی چاو": خزمە دەگەڵ ↑پیس pîs.

پێخوست pexust *[pexust]* - "پێشێل": ↑پێ pe "لاق" + ↑خوست1 xust.

پێخوێ pexuwe *[pexuwe]* - "1- ئەندازەیەک قوڕی سواخ 2- کلۆشی بەر پێی گاگیرە": پێوەندی هەیە بە پێخوست pexust [↑پێ pe (پا) + ↑خوست xust (شیلان، گڤاشتن)].

پێرار perar *[perār]* - "دوو ساڵ بەر لە ئێستا": پێر + ئار per + ar. پێر per شێوەیەکی دیکەیە لە ↑پار par و ↑بەر2 *ber* [بەرێ]. -ar شێوەی کۆنی وشەی ↑ساڵ sal ە. مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێتە "پارساڵ، ساڵی بەرێ". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑پێرێ pere "دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا".

پێرک perk *[perk]* - "گۆماوی خۆرسک لە چیا": بێرک berk و ↑بڕک1 bırk "حەوز، ئەستێڵ" و بەهرک behrık یش دەگوترێ.خزمە دەگەڵ ↑بیر bîr "چاڵاو".

پێڕک perk *[perk]* - "هەرزاڵ": خزمە دەگەڵ ↑پەڕ3 per "ئاخر، دووما" [دە بنەڕەتدا: بان، لەسەر]، upari (Av.)، über (G.)، Over (E.) "سەر، لەسەر". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑هەوار hewar و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە لای سەرەوە دەکەن. "پێڕک" ئەو شوێنەیە کە لە ئاستیکی بەرزتر [بانتر] دایە، یاخود ئەو شوێنەیە کە شتی لە بان دادەنێن.

پێز pez *[pez]* - "هێز":

1- لەلایەکەوە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پەژ pej "شلک، تورت و لەگەشە" و ↑بووژانەوە bujanewe "هێز و گوڕ بە بەردا هاتنەوە".

2- لە لایەکە دیکەوە لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑پیت pît [بەپیت].

پێژان pejan *[pežān]* - "لێنان، چێشت کردن": پختن poxtan (P.) "لێنان، کوڵاندن"، backen (G.)، back (E.)، bakken (Nl.)، baka (Sw.) "پێژان" [بۆ شتی وەک نان، کولێرە، باقلاوە بە کاری دەهێنن]. هەروەها phogein (Gr.) "برژاندن، سوور کردنەوە" خزمە دەگەڵ ئەم وشانە. وشەکانی ↑پیشان pîşan [و پیشاندن pîşandın "لێنان و پێگەیاندن بە هەڵم"] و ↑فەتین fetîn "پیش هەڵاتن" [دافەتان dafetan] سەر بەم خێزانەن.ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*bhē- *bhō- >*** "گەرم کردن".

پێژن pêjın *[pežın]* - "بزوان، جووڵە، تەکان": شێوەیەکی دیکە لە بزوان bızwan یان ↑بزووتن bızûtın.

پێست pest *[pest]* - "چەرم، کەوڵ": پوست pūst (P.). خزمە دەگەڵ ↑پووش pûş.

پێش pêş *[peš]* - "بەر، بەرانبەر": پیش pîş (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ vis (OFr.) "روو، دەموچاو"، سەر بە کرداری videre (L.) "روانین، دیتن". لەوانەیە ↑بیچم bîçım "روخسار"یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. لەم تێڕوانینەوە "پێش" دەبێ سەرەتا بە مانای "دەموچاو، روو" هاتبێ و پاشان مانای گشتی "رووکار، لای پێشەوە، بەر"ی وەرگرتبێ.

[تێبینی 1: لە زمانی فارسیدا "پیشانی" بە مانای "هەنێ، تیوچاوان" بەکار دێ و ئەمەش دەگەڵ ماناکانی سەرەوە باشتر یەک دەگرێتەوە. تێبینی 2: لەباری چۆتیتی گۆڕانی مانای وشەکە لە "دەموچاو" بۆ "پێش، بەرەوە" دەتوانین دەگەڵ وشەی "پشت" بەراوردی بکەین کە هەم مانای "لای پاشەوەی لەش" دەدا و هەمیش مانای "پێچەوانەی پێشەوە": 1- پشتی وە ژان کەوت، کۆڵێکی خستە سەر پشتی 2- لەپشتەوە راوەستابوو، پشتی چوار رۆژان هاتەوە].

پێشکە[1] pêşke *[peška]* - "مێشوولە": بەهسک behsık یش دەگوترێ. پشە pašše (P.).

1- دە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 277) دەگەڵ دوو وشە هەڵسەنگێنراوە: *paxšaka- "پشک، بەش" [مەبەست لێرەدا: ورد، وردیلە] و هەروەها دەگەڵ وشەی pakşa(ka) (OIn.) "پەڕ و باڵ".

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا دوو وشەی Fliege (G.) "مێش" و fliegen (G.) "فڕین، هەڵفرین" پێکەوە خزمن].

2- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە وشەی ↑پسان pısan "لەت بوون". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ beißen (G.)، beitan (Gt.)، bite (E.)، bita (Sw.) "گەستن، گاز لێدان، پێوەدان، بریندار کردن"، سەر بە ریشەی < ***(IE.)*bhei(d)-*** "لێدان، کوتان".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی لێدان و کوتان دەگەڵ "پێشکە" دەتوانین ئاماژە بە سێ نموونەی دیکەش بکەین: 1- "تەپۆ" ناوی مێشوولەیەکی وردە کە پیس پێوە دەدا و ناوەکەی خزمە دەگەڵ "تەور" و چەندی وشە کە ئاماژە بە "لێدان" دەکەن. 2- "کوتان" دە زمانی کوردمادیدا بە جۆرێک لە "دەرزی لێدان" دەگوترێ. 3- "ژەنگەسوورە" واتا "سوور" ێک کە پێوە دەدا - کەرتی "ژەنگێ" شێوەیەکی دیکەیە لە زەنگێ (زەبر و زەنگێ)].

3- هەروەها جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ bug (E.) "مێشوولە" و baqqa بقة (Arb.) "پێشکە". ریشە؟

پێشکە[2] pêşke *[peška]* - دەگەڵ "رەش" دێ [رەشکە و پێشکە کردنی چاو]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ picis (pix) (L.) "قەتران".

پێکان pekan *[pekān]* - "لێدان بە تیر و گوللە، ئەنگاوتن": خزمە دەگەڵ ↑پیکان peykān (P.) "نووکی تیر و تیزە". دە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە pati- + kāna-. کەرتی یەکەم پێشگرە. کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر ریشەی *kan- "هەڵکەندن، هەڵکۆڵین" [بڕوانە "فرهنگێ ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 307]. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کەندن kendın.

پێل1 pel *[pel]* - "شەپۆل": Welle (G.) هەر بەو مانایە دێ. وشە ئەڵمانییەکە دە گەڕێتەوە سەر wellan (OG.) "سووڕان، لوول خواردن" . خزمە دەگەڵ vilnis (Lit.) "پێل" و velti (Lit.) "سوور خواردن"، volvere (L.) "سووڕان، لوول خواردن"، eilo (Gr.) "دەسووڕێم". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑وێل wel و ↑وڵین wılîn و هتد.

پێل2 pel *[pel]* - "چاوزەق": پێڵە pele ش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر ریشەی < ***(IE.)*bhel-*** "هەڵمسان، هەڵپفان، ماسین". چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا لەم ریشەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەک ↑*بۆل bol* "دەنکە ترێ"، ↑بلۆق bıloq، ↑بالۆکە baloke، ↑بڵق bılıq، ↑پیلەک pîlek "دوگمە، قۆپچە" و هتد.

پێلاو pelaw *[pelāw]* - "کەوش": پالیک pālīk (P.). خزمە دەگەڵ a-padya- (Av.) "پاپەتی، بێ پێڵاو"، pādukā- (OIn.) "پێڵاو"، pal (Pash.) "پێ، هەنگاو". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑پێتاو petaw، ↑پاتاوە patawe و ↑پاتە pate ش دەگوترێن و گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر

↑پێ pe.

پێلوو pelu *[pelū]* - "ئەو پێستەی بەسەرچاودا دەکشێ و دەیپارێزێ": پەلك pelk و پەلکَ pelg یش دەگوترێن. پلك pelk (P.).

1- دە زمانی لاتیندا palpebra (L.) بە مانای "پێلوو" هەیە و بوونی پێوەندییەك دەگەڵ وشە کوردماديیەکە بە زەیندا دێنێ. ئەم وشە لاتینە دەبردرێتەوە سەر palpo (L.) "دەست پێداهێنان، دەست پێداخشاندن".

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ پێوەندی بەو خێزانەوشەوە هەبێ کە ئاماژە بە چەمکی "لێدان، لێکدانی خێرا" دەکا [بڕوانە ↑پرتە pırte "لێدانی خێرا و پەیتاپەیتا"].

3- لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی *(IE.) *pel- >* "داپۆشین". لەم بارەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ وشەی ئەڵمانی Lid "پێلوو" کە دە بنەڕەتدا بە مانای "سەرپۆش، قەپاخ" بووە و مەبەست سەرپۆشی چاو بووە. لەم تیڕوانینەوە دەبێتە خزم بۆ وێنە دەگەڵ ↑پەردە perde.

پێلە pele *[pela]* - "نیوە کەوانی، گەوز، نیوەجەغز": خزمە دەگەڵ ↑پێل pel "شەپۆل".

پێلەور pelewer *[pelawar]* - "چەرچی، فرۆشەری گەرۆك": پیلەور pīlevar (P.). لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ریشەی *(IE.) *pel- >* "فرۆشتن، بەدەست هێنان، دەرهێنان (ی داهات)". هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑فرۆشتن fıroştın.

پێمەڕە pemere *[pemara]* - "بێڵی ئاسن": لە دوو کەرتی ↑پێ pe و ↑مەڕە *mere* پێك هاتووە. "مەڕە" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ماڵە male "ئامرازی رێخشاندن و پێ ساف کردن" و خزمە دەگەڵ کرداری ↑ماڵین malîn. تێکڕای وشەکە واتا "ماڵەی پێ".

پێنج penc *[penj]* - "ئەژمارێکە [چوارو یەك]": پنج penc (P.)، penta (Gr.)، panca (OIn.)، fünf (G.)، fimf (Gt.)، five (E.)، vijf (Nl.)، fem (Sw.)، quinque (L.) گشتیان بەمانای "پێنج" و سەر بە ریشەی *(IE.) *penku- >* "پێنج".

[تێبینی: سەرنجی گۆڕانی فۆنیمی n بۆ m بدە لە وشە گۆتی و سوێدییەکەدا. گۆڕاتیکی لەم جۆرە لە هێندێك وشەی کوردمادیشدا بەدی دەکرێ، وەك هەنبانە و هەمبانە، ئەنبار و ئەمبار]

پێوان pewan *[pewān]* - "1- رێگە بڕین 2- ئەندازەگرتن": پیمودن peymuden (P.). بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 311، دەچێتەوە سەر شێوەی کۆنی **pati-māya-* بووە. کەرتی یەکەمی وشەکە پێشگر و کەرتی دووەم سەر بە ریشەیەك بە مانای "ئەندازە گرتن، پێوان، هەڵسەنگاندن". بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر ئەم ریشەیە بڕوانە وشەی ↑مت mıt و ↑مانکَ mang. وەك لەژێر ئەم وشانەدا شی کراوەتەوە ریشەی *(IE.) *mē- >*

بە مانای "گەڕان، رێ پێوان، رێگە بڕین"ە و مانکَ بۆ ئەم ریشەیە دەگەڕێتەوە. هەروەها دواتر ریشەی *(IE.) *med- , *mod- >* "پێوان، هەڵسەنگاندن، ئەندازە گرتن" لەم ریشە کۆنترەوە سەرچاوەی گرتووە. وەك دەبینین ئەم ریشەیە هەر لە کۆنەوە هاوکات هەردوو مانای "رێگە بڕین" و "ئەندازە گرتن"ی لەخۆ گرتووە.

پێوانە pewane *[pewāna]* - "ئامرازی ئەندازە گرتن": پیمانە peymāne (P.).خزمە دەگەڵ↑ پیوان pewan "ئەندازە گرتن".

پێوەن(د) pewen(d) *[pewan(d)]* - "1- زنجیری قاچی ئەسپ و زیندانی 2- رابیتە، ئیلاقە": پیوند peyvand (P.) "رەبت، رابیتە". بەپێی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 312) دە بنەڕەتدا *pati-banda-** بووە کە کەرتی یەکەمی پێشگرە و کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ ↑بەن ben [بەند bend] سەر بە ریشەیەك بە مانای "بەستن(ەوە)، گرێ دان".

ت (T)

تا 1 ta [tā] - "هەتا، پرێپۆزیسیۆنێکی کات و شوێن": تا tā (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:
1- to (E.)، zu (G.)، za (OG.)، te (Nl.) "بۆ، بەرەو". گریمانە دەکرێ ئەم وشە ژێرمەنییانە خزم بن دەگەڵ do (Rus.) "تا".
2- till (E.)، till (Sw.) "تا، تاکوو". بڕوانە ↑دال dal 1 "جار، کەرەت".

تا 2 ta [tā] - "لابار" [تایەک گەنم]: خزمە دەگەڵ تا ta (P.) "دانە" ["دو تا" واتا دوو دانە]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑تاک tak "یەک دانە، بەرانبەری جووت" و دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *dai- > "بەش کردن، دابەش کردن". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشەی دیکەش دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک ↑تاق[4] taq "بەشێک لە بیست و چوار بەشی ئاو"، ↑تەمەن temen "عومر، ماوەی ژیان"، ↑دەم dem، ↑تاف taf، ↑تاو taw [تاوێک]، ↑دانگ dang [شەش دانگی خانوو]، ↑دانگا danga "دەمێک، تاوێک" و ↑دانە dane [یەک دانە] و ↑*دان dan* "بەخشین".

تا 3 ta [tā] - بەشێکە لە وشەی "ئەوەتا": دەشێ خزم بێ دەگەڵ da (G.) کە ئاوەڵکرداری کات و شوێنە بۆ ئاماژە کردن بە "تێرە، ئەوێ، ئەوسا".

تا[4] ta [tā] - "تێ، داغ بوونی لەش بە هۆی نەخۆشی": تب tab (P.). خزمە دەگەڵ ↑تاو taw و ↑تاوانەوە tawanewe.

تابشت tabışt [tābışt] - "تاقەت": خزمە دەگەڵ ↑توانین tuwanîn.
[تێبینی: هەرئەو پێوەندییە کە دەتیوان توانین tuwanîn و تابشت tabışt دا هەیە، دەتیوان کارین karîn "توانین" و گوڕ gur "هێز"دا بەرچاو دەکەوێ].

تابگە tabge [tābga] - "جێی لەنگەر گرتنی گەمێ و بەلەم و کەڵەک، لەنگەرگا": وەک لە ژێر وشەی "لەنگەر"دا شی کراوەتەوە، "لەنگەر" پێوەندی هەیە بە"لەنگین"، بەم لا و ئەو لادا لار بوونەوە [لەرینەوە]، واتا بەلەم لەکاتی وەستانیدا لەسەر ئاو بەدەم شەپۆلی ئاو لارە و لار دەکا. هەر بەم جۆرە "تابگە"ش پێوەندی هەیە بە هێندێک وشە کە ئاماژە بە "جموجۆڵ، خوار بوونەوە، بەم لا و ئەو لادا سووران" دەکەن وەک تاب tab (P.) "خول، پێچ، سووڕ"، تاب بازی tābbāzī (P.) "جۆلانە"، هەروەها بنەوشە تاف -taf دە کرداری تافتن tāftan (P.) "چنین، هوندنەوە"]. بنەوشەکە دە چەندین وشەی زمانی کوردمادیدا خۆی نیشان دەدا. ژمارەیەک لەم وشانە ئاماژە بە چەمکی "چنین، هۆنینەوە" دەکەن، وەک ↑تەون tewın، ↑تاوڵ tawıl، ↑تەبەنە tebene، ↑تابووت tabut و ژمارەیەکی دیکەش مانای بنەڕەتی ریشەکە، واتا "سووڕان، خوار بوونەوە" نیشان دەدەن، وەک ↑تاوێر tawer "بەردی خلۆرەوەبوو"، ↑تاوڵەمە tawleme "پن چەرخێن"، ↑تەبانە tebane "بانگردێن" و ↑تەوەنە دان tewene dan "لێکهاڵان". دە زمانە ئەڵمانیدا وشەیەکی لەچەشنی ئەم وشانەی سەرەوە بەرچاو ناکەوێ. دە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی"دا، ل. 322، لەژێر وشەی تافتن tāftanدا باس لەوە کراوە کە ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی tap- "بادان، هوندنەوە" و ئەمەش دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *te(m)p- > "تەنین، لەبەر یەک کێشانەوە" و دواتر ریشەی *(IE.) *ten- > "لەبەر یەک کێشانەوە، تەنین". هەر لەوێدا وشەی tempti (Lit.) "پان و بڵاو کردنەوە" وەک نموونە دەگەڵ وشە فارسییەکە بەراورد کراوە. ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی جوانە و بەم جۆرە وشەکانی سەرەوە دەبنە خزم دەگەڵ ↑تەنین *tenîn* و ↑تەناف tenaf و ↑تانە tane و هتد.

تابلۆ tablo [tāblo] - "وێنەی سەردیوار": تابلو tāblo (P.). وشەیەکی وەرگیراوە و دەچێتەوە سەر tabella (It.) "تەختۆکە، تەختۆکەی لە دیوار دراو"، ئەمەش دەچێتەوە سەر tabula (L.) "تەختە". ئەم وشە لاتینییە خزمە دەگەڵ ↑تەبەق tebeq.

تابووت tabut *[tābūt]* - "دارەمەیت": تابوت tābūt (P.). < *tēβūθā (Aram.)* "قوتوو، سندووق". زمانی ئارامیش وشەکەی لە زمانی میسری کۆن (tbt) وەرگرتووە. [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 315].

تابەن taben *[tāban]* - "شیرازەچن": خزمە دەگەڵ تافتن tāftan (P.) "چنین، هوندنەوە"]. دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە "چنین، هۆندنەوە" دەکەن، وەک ↑تەون *tewın*، ↑تاوڵ tawıl ؟، ↑تەبەنە tebene.

تاپاز tapaz *[tāpāz]* - "زەبەلاح، ئەستوور، زلحۆرت": دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *teu-, *tu- >* "هێز، توان، ماسین، ئەستوور بوون" و دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑تەڤا teva "وزە، هێز"، ↑*توانین tuwanîn*، ↑تابشت tabışt "تاقەت" و هتد.

تاپاڵ tapal *[tāpāl]* - "هەڕەشە، گەف": خزمە دەگەڵ وشەگەلێک کە مانای "لێدان، کوتان" دەبەخشن. بڕوانە ↑ تەپ[4] *tep* "پەلامار".

تاپڕ tapır *[tāpır]* - "تفەنگی راو": خزمە دەگەڵ ↑تفەنگ tıfeng.

تاپوو tapu *[tāpū]* - "کەندووی گەورە بۆ دەخڵ و دان": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک، رەهەند، گۆڕیچە":

تاپۆ1 tapo *[tāpo]* - "شەبەح، تارمایی": هەروەک چۆن وشەی "تارمایی" لە وشەی "تار" بە مانای تاریک و تەماوی وەرگیراوە، "تاپۆ"ش پێوەندی هەیە بە وشەی ↑تەپ tap "تەپ و تۆز".

تاپۆ2 tapo *[tāpo]* - "قەباڵە، سەنەد": دە بنچینەدا بە مانای "نوسراوە" هاتووە و خزمە دەگەڵ ↑تیپ tîp "حەرف، پیت".

تاپەڵە tapele *[tāpala]* - "گرانەتا، تیفوس": پێوەندی بە یەکێک لەم دوو وشانەوە هەیە:

1- ↑تاو taw "هایسانی خۆر، هایسانی لەش (تاو و تێ)" [کۆنتر: تاب -tab].

2- ↑تەپا tep 1 "تەپ و تۆز" و هەروەها typhus (L.) "تیفووس".

تاپی tapî *[tāpī]* - "خەندەک، رەهەند، گۆڕیچە": خزمە دەگەڵ tief (G.)، tiuf (OG.)، diup (Gt.)، deep (E.)، djup (Sw.)، dubus (Lit.) "قووڵ، ڕۆچووک"، سەر بە ریشەی *(IE.) *dheu-b- >* "قووڵ، هەڵۆڵ". خزمە دەگەڵ ↑تەپین tepîn "ڕۆچوون، ڕمان". تەپین [داتەپین] دە بنچینەدا بەو حاڵەتە گوتراوە کە رووبەرێک وەک سەربانی خانوو یان رووبەری هەرد رۆچووە و قووڵاییەک دروست بووە. هەروەها خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە وەک ↑دۆپ dop "1- نزم، نەوی 2- گەلی"،↑تاڤێر taver 2 "قوڵکەبەردێک ئاوی بارانی تێدا کۆ دەبێتەوە" و ↑تاپوو tapu "کەندووی گەورە".

تات1 tat *[tāt]* - "1- بەردی لووس و پان 2- تەخت و راستایی": خزمە دەگەڵ ↑تەخت texıt.

تات2 tat *[tāt]* - "باوک": تاتۆ tato ش دەگوترێ. تاتە tate ش هەیە بە مانای "1- دادە، خوشکە گەورە 2- مام"، هەروەها تاتک tatık یش دەگوترێ بە مانان "دادە"، خزمە دەگەڵ dad(dy) (E.)، tata (Gr.) و tata (OIn.) "باوک، بابە". وەک هێندێک وشەی دیکە (بابە، کاکە، مامە، نەنە و هتد) لە زمانی زارۆک واتا گرووگاڵی زارۆک وەرگیراوە. ئەم جۆرە وشانە لە دووپات بوونەوەی دەنگێک پێک دێن.

تاج tac *[tāj]* - "1- کڵاوی پادشایان 2- کاکۆڵی پەلەوەر": دە فارسیدا تاج tāj (P.). خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە پۆشین و داپۆشین دەکەن، بۆ وێنە ↑تاق[2] taq [تاقی خانوو].

[تێبینی: لە هێندێک وشەی کوردمادیدا فۆتیمی n دەکەوێتە تیوانی بزوێنیک، بە تایبەتی a و کۆنسۆنانتەکانی c و g ، بۆ وێنە تاج و تانج ، تاجی و تانجی ، قولاج، قولانج، جنین و ئەنجنین ، اماج (فارسی) و ئامانج، گام (فارسی) و هەنگاو و هتد].

تاجی tacî *[tājī]* - "سەگی تیژڕەو، سەگی باریکەڵەی راوچیان": تاژی tajî ش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکەی وشەکە تانجی tancî یە کە لەمەیاندا فۆتیمی n وەک پارسەنگێکی فۆتیتیکی کەوتووەتە ناو وشەکەوە. دە فارسیدا دەڵێن تازی tazî (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەقاندن teqandın بە مانای "تێتەقاندن، غار دان".

[تیبینی: ناوی چەمی تانجەرۆ tancero هەر لەم پێوەندییەدا دەتوانین لێک بدەینەوە. وشەکە دەتوانێ بەم جۆرە گۆڕدرابێ: تاگەرۆ ← تاجەرو ← تانجەرۆ بە مانای "چەمی تیژڕەو"].

تاخ tax [*tāx*] - "گەڕەک، مەحەللە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑دێ de، دە deh (P.) "گوند"، deh (Pl.) "گوند، وڵات"، taxyu (Av.) "وڵات". ئەم وشەیە دەبێ خزم بێ دەگەڵ dehnen (G.)، den(n)en (OG.)، dennan (OE.)، teínein (Gr.) "لەبەر یەک کێشانەوە، تەنینەوە، بڵاو بوونەوە". ↑تەنین *tenîn* و ↑تەشەنا teşena و چەند وشەی دیکە دەگەڵ ئەو وشە ئەورووپییانە خزمن.

[تیبینی 1: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "وڵات" کە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پان و بڵاو بوونە(وە)" و خزمە دەگەڵ "بڵاو". دیارە مەبەست لە هەر دوو وشەی "وڵات" و "تاخ" دە بنەڕەتدا پانتایی زەوی یان زەوییەکی پان و بەربڵاو بووە. تیبینی 2: لە بەردەنووسەکەی داریۆشی هەخامەنیشی خوێنرێژدا لەسەر چیای بیستوون وشەی "داهیو" بە مانای "وڵات" بەکار هاتووە. داریۆش بە ئاشکرا باس لەوە دەکا کە ئەو، شای وڵاتی پارس، تیکڕا 32 وڵات و لەوانە وڵاتی "ماد"ی بە شەڕ و کوشتار داگیر کردووە و هەموو ئەو وڵاتانە وەک کۆیلە و باج بدەی خۆی لە قەڵەم دەدا].

تاخورک taxurk [*tāxuurk*] - "عەرابەی بێ چەرخ کە بەسەر بەفردا رایدەکێشن": خزمە دەگەڵ ↑*تاقم taqım* "دەستە، گرووپ" [تاخم taxım یش دەگوترێ]، ↑تاخە taxe "باقە"، دەگەڵ ↑تۆق toq "مل بەند، ئاڵقەی مل"، سەر بە ریشەی ***deuk- > (IE.)** "کێشان، راکێشان".

تاخە taxe [*tāxa*] - "باقە": خزمە دەگەڵ ↑*تاقم taqım* "دەستە، گرووپ".

تار tar [*tār*] - "تەماوی": خزمە دەگەڵ ↑تاریک tarîk.

تارا tara [*tārā*] - "رووپووشی بووک": هەروەها ↑تەرحی terĥî "جۆرێک سەرپۆشی ژنانە" و تەرگە terge "کۆڵوانە، چارشێوشان" لەم پێوەندییەدا جێی شی کردنەوەن. ئەم وشانە دەشێ هاوریشە بن دەگەڵ tarnen (G.)، darian (OE.) "شاردنەوە، داپۆشین". ریشەی وشە ژێرمەنییەکە بە تەواوی ساخ نەکراوەتەوە. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ تار tar و ↑تاریک tarîk.

تاراندن tarandın [*tārāndın*] - "رەواندن": دە فارسیدا تاراندن tārāndan (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەرە tere "دوورخراو، دەرکراو".

تارم tarım [*tārım*] - "خۆیانی گیرەکراوی بەر با نەدراو": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ریشەی ***treu-d- > (IE.)** "گوشین، پاڵ نان، زەخت خستنەسەر".

تارمایی tarmayî [*tārmāyī*] - " تاپۆ، شەبەح": تار + مایی tar + mayî. خزمە دەگەڵ ↑تاریک tarîk. کەرتی mayî لەوانەیە خزم بێ لەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑مژ mıj دا شی کراونەوە. لەم تێڕوانینەوە هەردوو کەرتەوشەکە هاومانا دەردەچن. هاتنی دوو کەرتەوشەی هاومانا دۆخی جەخت کردن بە وشە لێکدراوەکە دەبەخشێ.

تارمە tarıme [*tārıma*] - "1- هەیوانی سەردانەپۆشراو 2- نەردەی بەرهەیوان": دە فارسیدا تارم tarom (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ tram (E.)، trame (MG.) "داری لە چوار لاوە داتاشراو". [بۆ راگرتن یان هەڵگرتنی بار]. دیارە ئەو دارانەش بۆ هەیوانی سەردانەپۆشراو یان نەردەی بەرهەیوان بەکار هاتوون و ناوەکە لێرەوە پەیدا بووە. ریشە؟

[تیبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی ئیتالیایی balkone "باڵکۆن" و وشەی ئەڵمانی Balken "داری لە چوار لاوە داتاشراو"].

تاریک tarîk [*tārīk*] - "نەڕووناک، نادیار": تاریک tārīk (P.)، dark (E.) و deork (OE.) هەر بەم مانایە. وشە ژێرمەنییەکە دەبردرێتەوە سەر ریشەیەکی ژێرمەنی کۆن بە مانای شاردنەوە و حەشاردان. وشەی tarkenen (OG.) "حەشاردان" لەم ریشەیەوە کەوتووەتەوە. ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی ***dark- >** *(Gm.)* "حەشاردان". وشەکانی ↑تار tar و↑ تارا tara دەبێ دەگەڵ ئەم وشانە خزم بن.

تازه taze [*tāza*] - "نوێ": ده فارسیدا tāze (P.). ده زمانه ژێرمەنییەکان و زۆر زمانی غەیرەژێرمەنیشدا وشەیەک کە بە مانای "نوێ" بەکار دێ، دەگەڵ "نوێ"ی کوردمادی بە خزم دەچێ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە وشەی "تازە" دە زمانی کوردمادی و فارسیدا سەرەتا دەبێ بە مانایەکی هێندێک جیاواز بەکارهاتبێ و پاشان مانای "نۆی"ی وەرگرتبێ. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پێوەندی دوو وشەی *بار* "بێچوو" و *باریک* "تەسک" لەبەرچاوبگرین، ئەوسا دەتوانین وای بۆ بچین کە دوو وشەی تازە taze و تەسک tesık [دە ئەسلدا *تازەک* *tazek*؟] پێوەندییان پیکەوە هەبێ و هەر دووکیان بچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تازەرسکاو، بێچوو، کەم تەمەن" و پاشان لەمەوە لە لایەک مانای "نوێ" و لەلایەکی دیکەشەوە مانای "چکۆڵە، تەسک، باریک" سەری هەڵدابێ. ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە سەیری وشەکە بکەین، ئەوسا دەتوانین بەرهەڤی بکەین دەگەڵ هێندێک وشە دە زمانەکانی دیکەدا بە مانای "زارۆک، منداڵ"، وەک thegan (OG.) "کوڕیژگە، منداڵی تیرینە"، degan (OE.) "کوڕ، لاو، خزمەتکار، شاگرد"، tákman- (OIn.) و téknon (Gr.) "زارۆک". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***tek- < (IE.)** "بەرهەم هێنان، بەدونیا هێنان".

تازی1 tazî [*tāzī*] - "سارد، هەر بۆ ئاو دەگوترێ": دەچێتەوە سەر ↑تەزین tezîn.

تازی2 tazî [*tāzī*] - "رووت و قووت": خزمە دەگەڵ تاس tas [تاس و لووس].

تازی3 tazî [*tāzī*] - "نازناوێکی نەرێنی بۆ عەرەب": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تاجی/ تاژی tajî / tacî "سەگی تیژرەو" و چەند وشەیەکی دیکە کە ئاماژە بە "را کردن، پەلە کردن، هەڵمەت بردن" دەکەن. دە زمانی پەهلەویدا tāzēnītan بە مانای "هێرش کردن" هاتووە و دە زمانی فارسیشدا تەک tek (P.) مانای "هێرش" و تاختن taxtan (P.) مانای "تێتەقاندن" دەدا. دەشێ وشەکە سەرەتا بە مانای "هێرشکەر" بەکارهێنرابێ.

تاژان[1] tajan [*tāžān*] - "لکی باریکی دار": خزمە دەگەڵ:

1- یان ↑تازە taze.

2- یانیش ↑تیژ tîj. هەروەها بڕوانە ↑تایە taye "نەمامی بێ".

تاژان[2] tajan [*tāžān*] - دەگەڵ "تاڵان" دێ [تاڵان و تاژان talan u tajan کردن]. [تێبینی: لەژێر وشەی "رووت" و "رووتاندنەوە"دا شی کراوەتەوە کە ئەم وشەیە دەگەڵ ژمارەیەک وشە خزمە، وەک *رەویتن* "تاشین، هەڵکەندن"، *رەوێشتن* "لە بەرد هەڵکەندن"، *رەوتین* "داوەرینی گوڵ و گەڵا" [رووت بوونەوەی دار و دەوەن، داڕندران] و *رەپاندن* "کوتان و نەرم کردنی شتی رەق"]. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دەر دەکەوێ کە وشەی "تاژان"یش دەشێ بە مانای "تاڵان، رووتاندنەوە" پێوەندی بە کرداری ↑تاشین taşîn ەوە هەبێ. مەبەست لە رووت کردن، رووتاندنەوە و تاژان دە بنەڕەتدا ئەوە بووە کە هەموو شتێک داڕندراوە و لێ کراوەتەوە، هەر وەک چۆن گوڵ و گەڵای دارێک دەوەرێندرێ و دارەکە رووت دەکرێ.

تاس1 tas [*tās*] - "سەری بێمووو": دە فارسیدا tās (P.). دە کوردمادیدا زۆرجار دەگەڵ "لووس" دەگوترێ [تاس و لووس tas u lus]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ↑تاشین taşîn.

تاس2 tas [*tās*] - "مۆرەی تەختەنەرد کە هەموو رووبەرەکانی ساف و داتاشراوە": دەچێتەوە سەر ↑تاس1 tas.

تاس3 tas [*tās*] - "جام، دەفر": ئەم وشەیە لە رێی زمانی عەرەبییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان، بۆ وێنە Tasse (G.) "پەرداخ، فینجان". ریشەی وشەکە بردراوەتەوە سەر ↑تەشت taşt سەر بە زمانە ئێرانییەکان. دە زمانی کوردمادیدا وشەی تاسکڵاومان taskılaw هەیە (تاس tas + کڵاو kılaw) کە بە کڵاوی نەریتی ژنان دەگوترێ کە شێوەکەی لە تەشت دەچێ.

تاسان1 tasan [*tāsān*] - "وڕ بوون، گێژ بوون":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ dösen (G.) "تاسان، مێشک بەتاڵ بوون"، dösig (G.) "حۆڵ، حۆلانە"، doze (E.) "خەواڵوو بوون"، dysig (OE.) "گێژانە، حۆلانە" و ژمارەیەک وشەی وەک ↑تۆز *toz* و ↑دووکەڵ dukel و هیتر کە ئاماژە دەکەن بە بزاوتێکی تێکەڵ و پێکەڵ. مەبەست لەم وشانە دە بنچینەدا "تێکەڵ و پێکەڵ بوون" بووە.

2- لە لایەکی دیکەوە تاسان tasan دە زمانی کوردمادیدا بەشێوەی ↑تەواسان tewasan یش دەگوترێ. ئەم دوو وشەیەش دەتوانن دوو شێوەی دیکە بن لە ↑تەزین tezîn [تەڤزین tevzîn] "سڕ بوون". لەم تێڕوانینەوە تاسان یان تەواسان دەتوانێ دە بنەڕەتدا بە مانای "لە هەست و خوست کەوتن" بووبێ و بەم جۆرە پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑تۆپین topîn "مردار بوون" [دە بنەڕەتدا سڕ بوون]. شیاوی سەرنجە هەموو ئەو وشانەش دەگەڵ وشەکانی خاڵی یەکەم دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش و دواجار دەگەڵ ↑تۆز *toz* بە خزم دەردەچن.

تاسان2 tasan *[tāsān]* - "خنکان، خەفە بوون": خزمە دەگەڵ ↑تینوو tînu.

تاسە tase *[tāsa]* - "حەن، حەسرەت، ئارەزووی بەتین و ژان": تاسوخ tasux و تاسوق tasuq یش دەگوترێ. تاسە tāse (P.) "دڵتنگی، خواستی بەتین".

1- وشەیەکی دیکە کە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بەکار دێ و لەوانەیە پێوەندی بە "تاسە"وە هەبێ، ↑ئەندێشە endêşe یە [اندیشە andīše (P.)]. ئەم وشەیە لە پێشگری"ئەن" + "دێشە" پێک هاتووە. "ئەندێشە" هەم بە مانای "هزر و بیر" بەکار دێ و هەم بە مانای "خەم و نیگەرانی". دیارە مانای دووەم لە مانای یەکەمەوە سەری هەڵداوە و مەبەست بیرکردنەوەیەک بووە کە ئێش و ئازاری لەگەڵدا بووە. ئەم وشانە جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ dāht (MG.) "هزر و بیر" و هەروەها dacht - (G.) وەک رەگی کرداری رابوردوو سەر بە چاوگی denken (G.) "بیرکردنەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *teng- >*** "بیرکردنەوە، هەست کردن". دە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"دا (ل. 136) "ئەندێشە" بردراوەتەوە سەر ریشەی ***(IE.)deik- >*** "نیشان دان".

2- لەلایەکی دیکەوە دە زمانی کوردمادیدا لەجیاتی تاسە، تارسە tarse ش دەگوترێ. لەوانەیە ئەمە شێوەیەکی کۆنتری وشەکە بێ. ئەگەر ئەمە راست بێ، دەتوانین دەگەڵ ↑تینوو tînu [تشنە tešna (P.)] هەڵیسەنگێنین. لەم تێڕوانینەوە تاسە دەبێتە "تینوویەتی" بۆ بە دەست هێنانی شتێک، بۆ وێنە دەگوترێ "تینووی ئازادی".

تاش taş *[tāš]* - تاشەبەرد واتا تەختەبەردی پان و لووس، تیشەشاخ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑تاس tas 1 "سەری بێمووە". دە کوردمادیدا زۆرجار دەگەڵ "لووس" دەگوترێ [تاس و لووس]. دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەکی دیکەش هەن کە لەوانەیە پێوەندییان بەیەکەوە هەبێ، وەک ↑تات tat "بەری پان و لووس" [بەردی داتاشراو؟]، تەخت text "ساف، هەموار"، ↑تەختە texte "داری تەنک و داتاشراو" و ↑*تاشین taşîn* "تراشین، ساف کردن".

تاشاندن taşandın *[tāšāndın]* - "تەمبێ کردن": دەشێ خزم بێ دەگەڵ dash (E.)، daska (Sw.)، daske (Dan.) "لێدان". بەپێی بۆچوونێک ریشەی وشە ژێرمەنییەکە لەوانەیە لاسا کردنەوەی دەنکَ بووبێ.

تاشتی taştî *[tāštī]* - "نانی بەیانی": چاشت çaşt یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑چێشت çêşt.

تاشک taşk *[tāšk]* - "چوست و چالاک، مەزبووت". دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تاوژین tawjîn "خەریک بوون بە کارێکەوە".

تاشین taşîn *[tāšīn]* - "لێدان و لێکردنەوە بە ئامرازێکی تیژ": دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا تراشین tıraşîn دەگوترێ. هەروەها دە زمانی فارسیدا تراشیدن terāšīdan (P.). لەلایەکی دیکەوە دە زمانی پەهلەویدا tāšītan (Pl.) هەبووە بە مانای "تاشین". بنەوشەی تاش -taş (Av.) دە زمانی ئەوێستاشدا هەر بە مانای "تاشین" بەکار هاتووە. وەک دەبینین دە وشەکانی کوردمادی سەروو و فارسیدا فۆنێمی r هەیە، کەچی دە وشەکانی کوردمادی ناوین، پەهلەوی و ئەوێستاییدا ئەو فۆنێمە دەرناکەوێ. روون نییە کە ئایا هەموو ئەو وشانە سەر بە ریشەیەکن یان نا. ئەگەر سەر بە یەک ریشە بن، ئەوا دەبێ فۆنێمی r دە هێندێکیاندا زێدە کرابێ یان بە پێچەوانە سوابێتەوە. بە باوەری من "تاشین" و "تراشین" دوو وشەی جیاواز و سەر بە دوو ریشەی جیاوازن. بەڵام ئەم دوو وشەیە لەباری شێوە و ماناوە زۆر لەیەکدی نیزیکن و هەر بۆیەش وەها تێکەڵ بە یەکدی بوون کە ناسینەوە و جیا کردنەوەیان هاسان نییە. ئەوەی من دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو دوو وشەیە جیاواز بن، وشەی تیشە tīše (P.) یە دە زمانی فارسیدا بە مانای "تەشوێ". وەک دەزانین دە زمانی فارسیدا وشەی "تاشین" نییە، بەڵکوو دەگوترێ "تراشین"، کەچی "تیشە"ی فارسی ناتوانێ پێوەندی بە "تراشین"ەوە هەبێ،

بەڵکوو پێوەندی بە "تاشین"ی کوردماداییەوە هەیە. لە لایەکی دیکەوە دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە هەن کە پێوەندییان دەگەڵ "تاشین" هەیە، نەک "تراشین"، بۆ وێنە ↑تاش taş "تاشەبەرد واتا تەختەبەردی پان و لووس" ↑تیشە tîşe [تیشەشاخ واتا شاخی راست و لووس لە چەشنی دیوار]، ↑تات tat [تاتەبەرد واتا تەختەبەرد]، ↑تەخت texıt و ↑تەختە texte [دەبنەڕەتدا واتا داتاشراو]، ↑تاس[1] tas [تاس و لووس، تاشراو، دە فارسیدا tās (P.) "سەری بێموو"]، ↑تاس tas [مۆرەی هەڵاویشتن کە لێک و لووس کراوە] و لەوانەشە ↑تەشوێ teşwê "ئامرازی داتاشین" و هتد. وێ دەچێ هەم دە زمانی کوردمادی و هەم فارسیشدا سەردەمێک دوو وشەی "تاشین" و "تراشین" لەپاڵ یەکدی هەبووبن کە لە شێوە و مانادا زۆر لێک نیزیک بوون. ئەو نیزیکییە وای کردوو کە ئەم وشانە تێکەڵ بکرێن و بەرەبەرە یەکیان جێگەی ئەوی دیکە بگرێتەوە. دە زمانی فارسیدا "تاشین" نەماوە، بەڵام "تیشە" ماوەتەوە. بە پێچەوانەوە دە شێوەزاری کوردمادی ناوەراستدا "تراشین" بزر بووە و تەنیا "تاشین" بەکار دەهێنرێ. هەرچی وشەی "تراشین"ە، دە شێوەزاری کوردمادی سەرووشدا بەکار دێ و لە جێی خۆیدا شی کراوەتەوە. ئێستا پرسیار ئەوە کە "تاشین" خۆی لە کوێوە هاتووە. ئەم وشەیە دەبێ پێوەندی بە یەک لەم دوو وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑تاشاندن taşandın "تەمبێ کردن" [دەبنەڕەتدا: لێدان]،

2- یان دەگەڵ ↑توش tûş [توش بوون واتا وێککەوتن، لێکدران] سەر بە ریشەیەک مانای "لێدان، لێکدان، وێککەوتن". کەوابوو مانای "تاشین" دەبێ (زەبر) لێدان بووبێ بە مەبەستی تاشین، داتاشین واتا لێک و لووس کردنی شتێک. هەروەک چۆن "تراشین"یش خزمە دەگەڵ strike (E.) "زەبر".

تاف taf *[tāf]* - "هەڕەت، جەنگە": خزمە دەگەڵ ↑تاوtaw [تاوێکی دیکە]، ↑دەم dem، ↑تەمەن temen. گشتیان ئاماژە بە چەمکی "کات" دەکەن. مەبەست لە "تافی لاوێتی" دە بنچینەدا "دەمی لاوێتی، هەڕەتی لاوێتی"یە.

تافاڵ tafal *[tāfāl]* - "گوێسوانە": وشەیەکی پڕ کۆنە و دە بنەڕەتدا مانای "بەرزترین شوێن، چڵەپۆپە" دبەخشێ و خزمە دەگەڵ ↑تەپ2 *tep* "شاخ و بەرزایی بچووک"، top (E.)، topp (OE.)، top (Nl.)، topp (Sw.) "لای هەرە سەرەوە، دوند"، Zipfel (G.) "نووک". ئەم وشەی دوایی رێک لە وشە کوردماداییەکە دەچێ. جێی ئاماژەیە کە وشەی "گویسوانە"ش دە بنەڕەتدا "گۆشەبان" بووە و "گۆشە" ئاماژە بە نووک و دەرپەڕیوی دەکا و خزمیشە دەگەڵ "قووچ" [قووچکە].

تافتە1 tafte *[tāfta]* - "تەنراوێکە لە ئاوریشم": دە فارسیدا تافتە tāfte (P.) "تەنراو". خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın.

تافتە2 tafte *[tāfta]* - "قاڵکراو": خزمە دەگەڵ ↑تاوانەوە tawanewe.

تافیتە *[tāfīta]* - ↑تاڤگە tavge "ئاوهەڵدێڕ".

تاڤ tav *[tāv]* - شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تاو taw بە مانای "هێز، گوڕ". ↑تافە tafe یان تاڤی tavî بە مانای "ڕێژنە باران" دێ [تاوەباران، بارانی بە تاو، بە تەوژم]. هەروەها دە وشەکانی ↑تەوژم tewıjım و ↑تاڤگە tavge "ئاوهەڵدێر"دا دەبیندرێ. لە "تاڤگە"دا مانای وشەکە دەبێتە ئەو جێیەی ئاو بە تاو دەڕژێتە خوارەوە. خزمە دەگەڵ ↑توانین tuwanîn سەر بە ریشەیەک بەمانای "بەهێز بوون، ئەستوور بوون".

تاڤگە tavge *[tāvga]* - "ئاوهەڵدێر": ↑تاڤ + گە tav + ge. تاڤ بە مانای "هێز و گوڕ و جۆش" و کەرتی دووەمیش پاشگری شوێنە.

[تێبینی: دە زمانی فارسیدا ابشار abşar بەکاردەهێندرێ کە لە دوو کەرتی "اب" بە مانای "ئاو" و"شار" پێکهاتووە و ئەم کەرتەی دووەم دەبێ دە بنچینەدا "فشار" بووبێ، واتا ئەو شوێنەی ئاو بە فشار و بە تاو دەڕژێتە خوارەوە].

تاڤەبەر taveber *[tāvabar]* - "قوڵکەبەردێک ئاوی بارانی تێدا کۆ دەبێتەوە": ئەم وشەیە بە شێوەی تاڤێر2 taver یش دەگوترێ کە شێوەیەکە سوانەوەی بەسەردا هاتووە. وشەکە پێک هاتووە لە تاڤە tave + بەر ber. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک، گۆڕیچە" و ↑تاوە tawe "دەفر"، سەر بە ریشەیەک بە مانای

"قووڵ، نزم". کەرتە دووەم ↑بەرد berd ە، تێکڕای وشەکە دەبێتە "قووڵکەبەرد، بەردی قووڵ". جگە لەمانە تاوێرەدەنک taweredenk هەیە بە مانای "ئەوەندە دەنکەی بە جارێک دە سێڵدا دەبرژێ".

تاڤێر1 taver *[tāver]* - "تابووت": شێوەیەکی دیکە لە ↑تابووت tabut.

تاڤێر2 taver *[tāver]* - بڕوانە ↑تاڤەبەر taveber "قوڵکەبەرد".

تاڤێر3 taver *[tāver]* - "بەردی پانی نان برژاندن لەباتی ساج": خزمە دەگەڵ ↑تاڤێر2 taver [تاڤەبەر taveber "قوڵکەبەرد" و هەروەها ↑تاوە tawe "دەفری پەل". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "قووڵ، نزم".

تاق1 taq *[tāq]* - "1- بەرانبەری جووت 2- بە تەنێ، بێ وێنە، بێ هەڤاڵ": شێوەیەکی دیکە لە ↑تاک tak.

تاق2 taq *[tāq]* - "میچی کەوانەیی": دە فارسیدا taq (P.) هەر بەو مانایە. خزمە دەگەڵ Dach (G.)، dak (Nl.) و (Sw.)، thatch (E.) "میچ"، tegos (Gr.) "میچ، ماڵ"، tago (L.) "میچ، سەرپۆش". ئەم وشانە و گەلێک وشەی خزمی دیکە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.)*teg- >* "داپۆشین، سەرپۆش نان، حەشاردان". دەبێتە خزمیش دەگەڵ ↑تاقەت taqet [تاقەت کردن] و ↑تاج tac و هتد.

تاق3 taq *[tāq]* - "کەوڵی مەڕ و بزن": خزمە دەگەڵ ↑تۆک (تۆکڵ) tokıl "تۆیکڵ".

تاق4 taq *[tāq]* - "1- بەشێک لە بیست و چوار بەشی ئاو 2- نیمرۆژە رێگە، داتێک": وەک دەبینرێ، وشەکە ئاماژە بە "بەشێک، ئەندازەیەک" دەکا، خزمە دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک ↑دان dan [دانی بەیانی، دانی نیوەڕۆ]، ↑دانگ dang [یەک لە شەش بەش]، ↑دانگا danga "دەمێک، تاوێک"، ↑دانە dane [چەند دانە] وهتد.

تاقتاقکەرە taqtaqkere *[tāqtāqkara]* - "قژاوکە": وەک لەم ناوانە دەردەکەوێ، ناوی پەلەوەرەکە پێوەندی "قیژاندن"ەوە هەیە. تاق -taq شێوەیەکی دیکەیە لە زیق zîq و جیغ jīġ (P.) "قیژە". بڕوانە ↑زیقاندن zîqandın.

تاقم taqım *[tāqım]* - "دەستە، گرووپ": تاخم taxım یش دەگوترێ. تاقم هەروەها بە مانای (دەستێک) ددانی دەستکرد بەکار دێ. خزمە دەگەڵ team (E.) "دەستە، گرووپ"، tēam (OE.) "ئەسپ یان گای پێکەوە بەستراو، بنەماڵە، خێڵ"، taumr (ON.) "زنجیر بۆ تێکخستنی ئەسپ و گا"، töm (Sw.)، Zaum (G.) "هەوسار"، سەر بە ریشەی *(IE.)*deuk- >* "کێشان، راکێشان". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆق toq "مل بەند، ئاڵقەی مل" [دە زمانی فارسیدا طوق بندگی touq e bandagī بەکار دێ بە مانای "زنجیری بەندەگی"]، ↑تاخورک taxurk "عەرابەی بێ چەرخ کە بەسەر بەفردا رایدەکێشن"، ↑تاخە taxe "باقە"؟

تاقە1 taqe *[tāqa]* - "شوێنی شت لەسەردانان" : پێوەندی هەیە بە thēkē (Gr.) "شوێنی شت لێدانان یان شت تێنان"، سەر بەکرداری tithénai (Gr.) "دانان". وشەی bibliothek " کتێبخانە" دە زمانە ئەورووپییەکاندا دەچێتەوە سەر ئەم وشە یۆنانییە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑نیان nîyan [(دا)نان nan، کۆنتر: -nî-da] و -dádhāti (OIn.) "دادەنێ"، سەر بە ریشەی *(IE.)*dhe- >* "دانان، جێگیر کردن".

تاقە2 taqe *[tāqa]* - "پارچەی کەوا، پشتەکەوا": خزمە دەگەڵ ↑دەق deq "تێکست". جێی ئاماژەیە کە هەم "تاقە" و هەمیش "پشتە" [پشتەکەوا] دە ریشەدا مانایەکی هاوشێوەیان هەیە.

تاقەت taqet *[tāqat]* - "تاقەت کردن واتا شاردنەوە، داپۆشین، ئاگا لێبوون": خزمە دەگەڵ bedecken (G.) [کەرتی be پێشگرە] و tegere (L.) "داپۆشین". مەبەست لە تاقەت کردن دە زمانی کوردمادیشدا دە بنچینەدا داپۆشین و حەشار دانی شتێکە کە دەبێتە هۆی پارێزران وباش راگیرانی ئەوشتە. دوو چەمکی داپۆشین و ئاگا لێبوون (پاراستن) پێوەندی نیزیکیان پێکەوەهەیە. بۆ وێنە وشەی protection (F.) "پاراستن، ئاگا لێبوون، پشت گرتن" کە لە ریشەیەکی لاتینی دێ، خزمە دەگەڵ "تاقەت"ی کوردمادی و دەگەڕێتەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش. تاقەت دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆکڵ tokıl (تۆیکڵ) و ژمارەیەک وشەی دیکە.

تاقی taqi *[tāqī]* - "ئەزموون": پێوەندی هەیە بە taxare (L.) "تاقی کردنەوە".

تاک tak *[tāk]* - "1- یەک دانە2- بەرانبەری جووت": تاق taq یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تا[2] ta "لابار".

تاڵ[1] tal *[tāl]* - "دژی شیرن": تەلخ telıx یش دەگوترێ. تلخ talx (P.). وشەکە خزمە دەگەڵ ↑تار tar و تاریک tarîk. مانای بنەرەتی ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیدا پارێزراوە، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "رەش تاڵە" کە

ئاماژەیە بە رەنگیکی تاریک، یان کاتێک باس لە هەوایەکی "تاڵ و تووش" دەکرێ. لێرەدا مەبەست دە بنچینەدا تەماوی بوون و تار بوونی هەواکەیە بە هۆی هەور و هەڵا و با و بارانەوە. ئەم وشەیە دواتر مانای "توند"یشی وەرگرتووە و لەوێشەوە مانای "تامی دژی شیرن"، چونکە ئەم تامە بە تامێکی توند داندراوە.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی نیوان چەمکەکانی "توند بوون" و "تار بوون" بڕوانە وشەی ↑تیر ter کە ئەویش خۆی خزمە دەگەڵ "تار" و "تاڵ"].

تاڵ² tal *[tāl]* - "تار، هەودا": دە فارسیدا تار tar (P.). هەروەها دە کوردمادیدا ↑تیڵ tel یان تەل tel هەیە بە مانای "سیم"[تاڵی کانزایی]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Draht (G.)، drāt (OG.)، draad (Nl.)، thread (E.)، trad (SW.) "تار، تاڵ، سیم" [دە بنەڕەتدا: دەزوو یان هەودای بادراو]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑تلان tılan و تلاندن بە مانای "بادان، سووڕاندن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ter- >*** "سووڕان، با دران". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شریت şırît "بەن، کەندر، نەوار".

تالا tala *[tālā]* - "بەخت": ئەم وشەیە لە طالع taliε (Arb.) ی عەرەبی وەرگیراوە، بەڵام وشە عەرەبییە کە خۆی دەشێ لە ستارە setāre (P.) واتا ↑ئەستێرە esetre وەرگیرابێ. وەک دەزانین مرۆڤەکان هەر لە کۆنەوە بەخت و بەسەرهاتی خۆیان بە ئەستێرەکانەوە گرێ داوە و ئەم دیاردە دە دونیای مۆدێرنی ئەمرۆشدا درێژەی هەیە [Horoskop] و خەڵکێکی زۆر باوەڕیان پێی هەیە. دە زمانی فارسی و کوردمادیدا باوە دەڵێن "ستارە بخت" یان "ئەستێرەی بەخت". هەر لەم پێوەندییەدا زمانی عەرەبیش وشەی "ستارە"ی کردووەتە طالع و بە مانای بەخت بە کاری هێناوە.

تالار talar *[tālār]* - "سەرسەرا، هۆدەی مەزن": تەلار telar یش دەگوترێ.

1- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Saal (G.)، sele (OE.)، zaal (Nl.)، sal (Sw.)، salr (OIs.)، salle (F.) بە هێندێک مانای وەک "هۆڵ، دیو، خانوو". ریشەی ئەم وشانە ساخ نەکراوەتەوە. بە گوێرەی بۆچوونێک لەوانەیە پێوەندی بە کرداری دانیشتن لەو زمانانەدا هەبێ.

2- لەوانەیە پێوەندی بە ↑دالان dalan ەوە هەبێ و ئاماژەی بە رووبەڕی تەخت و هەراو کردبێ.

تاڵان talan *[tālān]* - "رووت کردن، هەموو شتێک دزین و بردن": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- stehlen (G.)، steal (E.)، stelan (OE.) و stilan (Gt.) "دزین". وەک زۆر نمونەی دیکە دەشێ لێرەشدا فۆنیمی s لە بەرایی وشە کوردماديیەکەدا سوابێتەوە یان لە زمانە ژێرمەنییەکاندا لێی زیاد کرابێ. سەبارەت بە ریشەی وشە ژێرمەنییەکە دوو بۆچوون هەیە: یان خزمە دەگەڵ stereo (Gr.) "رووت دەکەم، تاڵان دەکەم"، یان دەچێتەوە سەر بنەڕەتی هیندووئەوروپی ***(IE.) *tel- >*** "لا بردن، هەڵگرتن". وەک دەبینین لەم ریشەیە دا فۆنیمی s نییە و ئەگەر وشە ژێرمەنییەکان لەم ریشەوە هاتبن، ئەوا ئەم فۆنیمەیان لێ زیاد کراوە.

2 - sylon (Gr.) "تاڵان و بڕو".

تاڵخ talıx *[tālıx]* - "سنوورن مەرز": پێوەندی هەیە بە télos (G.) "سنوور، ئارمانج، نیشانە". وشەی toll (E.) "گومرک" هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا بۆ ئەم وشە یۆنانییە دەگەڕێتەوە. لەوانەیە ئەم وشانە پێوەندییان هەبێ بە ↑سیلە sîle [سیلە گرتن واتا نیشانە گرتن].

تالووکە taluke *[tālūka]* - "مەترسی، جێگەی مەترسی": لەوانەیە پێوەندی بە ریشەی ***(IE.) *dhel- >*** "قووڵکە، قووپاوی، قووڵایی". وشەی تەڵە tele ش هەر لەم ریشەوە هاتووە. لەم تێڕوانینەوە مانای "تالووکە" دە بنەڕەتدا دەبێتە "دە تەڵە کەوتن، دە تەڵەدا بوون".

تاڵووکە taluke *[tālūka]* - "لەن، پەلە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە:

1- tilian (OE.) "پەڵە کردن". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑سیلە sîle "نیشانە، ئامانج".

2- ↑چاڵاک çalak، سەر بە ریشەیەک بەمانای "بزوانی خێرا". هەروەها هەڵی سەنگینە لەگەڵ ↑تلەکان tılekan [ڕاتلەکان ratlekan].

تام 1 tam [*tām*] - "مەزە، چێژ": دە زمانی عەرەبیدا طعم *taεm* (Arb.) بە مانای "تام" هەیە کە خۆی لە پێوەندی دەگەڵ طعام taεām (Arb.) "خۆراک" دایە. ئەم وشەیە زۆر وێ دەچێ ریشەی کوردمادی هەبێ. لێرەدا چەند تێبینییەک: ئەگەر سەیری وشەی "کام، کاو" بکەین، دەبینین کە ئەم مانایانەی بۆ کراوە: "چێژ"، "ئارەزوو" و "دەم". مانای بنەڕەتی "دەم"ە و لەمەوە مانای "چێژ" پەیدا بووە. سەرەتا کاتێک گوتراوە "بە کامت خۆش بێ"، مەبەست ئەوە بووە کە "بە دەمت خۆش بێ". ئیتر پاشان لەمەوە مانای "چێژ بەخش بێ" و دواتریش "وەدیهێنەری ئارەزووت بێ" پەیدا بووە. لێرەدا پێوەندی دوو چەمکی "دەم" و "چێژ" بە باشی روون دەبێتەوە. ئەم جار دەتیوان دوو چەمکی "دەم" و "خۆراک"یشدا پێوەندی هەیە، چونکوو خۆراک بە رێگای دەمەوە وەردەگیرێ. وشەی "قەپاڵ"، واتا ئەو بەشەخۆراکەی بە گازێک لێ دەکرێتەوە، خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک *قەپ* "گاز لێدان بە ددان"، *گاپن* "نەوسن، زۆرخۆر" [دە بنەڕەتدا واتا کەسێک بەردەوام دەمی بۆ خواردن داپچڕیوە]، حەبیشاندن "خواردن بە هەڵپە و لەز"، کەپۆ و *زار* [دە بنەڕەتدا *زافەر*]. ئەم پێوەندییانەی سەرەوە شیمانەیەکی بەهێزمان لا دروست دەکا کە دە زمانی عەرەبیدا طعم *taεm* و طعام taεām لە دەم dem [کۆنتر: تەم tem ؟] وەرگیرابێ و لە مانای "دەم"ەوە، ماناکانی "خۆراک" و "چێژ" پەرەیان گرتبێ. لەم تێروانینەوە مەبەست لە طعام taεām "قەپاڵ" بووە، یان ئەو شتەی کە دە زمانی ئەڵمانیدا پێی دەگوترێ Bissen "تیکەیەک بۆ خواردن" و لە Imbiss "ساندویچخانە" وەردەگیرێ. ئەم وشەی دوایی دەچێتەوە سەر کردارێکی کۆنی ئەڵمانی کە تێستا نەماوە، واتا enbīzan (OG.) "چێژ وەرگرتن بە خواردن یان خوادنەوە". لەم نموونەیەشدا پێوەندی چەمکەکانی "خۆراک" و "چێژ وەرگرتن" خۆی دەردخا.

تام 2 tam [*tām*] - تام دان tam dan واتا "رووکێش کردن بە زێڕ یان زێو": لەوانەیە خزمایەتی هەبێ دەگەڵ ↑تاماندن tamandın.

تامار tamar [*tāmār*] - "تەم": ↑تەم tem.

تامان taman [*tāmān*] - "دەر یان دیواری لە شووڵ تەنراو": دەشێ پێوەندی هەبێ بە dämmen (G.)، temmen (OG.)، (faúr)dammjan (Gt.)، dam (E.) "بەربەست کردن". Damm (G.)، dam (E.) و هاوتاکانیان دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا مانای "سەدد، بەربەستی ئاو" دەدەن.

تاماندن tamandın [*tāmāndın*] - "پێوەند لێدانی دار": جێی بەرهەڤ کردن دەگەڵ:

1- ↑داو daw [تاو taw] و تەون tewın و هتد.

2- دەگەڵ ژمارەیە وشە بە مانای "دروون، تەقەڵ لێدان، تێکخستنەوە، گرێ دان"، وەک Saum (G.) "پەڕاوێز"، sew (E.)، siuwen (OG.) "دروون(ەوە)"، syūman- (OIn.) "تەقەڵ، بەن، تەسمە" و هتد. ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشەی کوردی وەک ↑سیم sîm و ↑سوژن sujın.

[تێبینی: سەبارەت بە گۆڕانی فۆنیمی s بۆ t نموونە کەم نییە، بۆ وێنە بڕوانەی وشەی "تەماڵ"].

تامار tamar [*tāmār*] - "تەم (لە دەوری شتێک)": ↑تەم tem.

تامژاندن tamjandn [*tāmžāndın*] - "فێر کردنی ساوا بۆ مەمک گرتن": هەروەها تامژین tamjn دەبێتە "فێر بوونی مەمک مژین". خزمە دەگەڵ ↑تام tam "چێژ".

تامەزرۆ tamezro [*tāmazro*] - "پێخۆش، حەزلێکەر، خوازیار": پێک هاتووە لە دوو وشەی ↑تام tam "مەزە، چێژ" و زرو zıro. کەرتی دووەم هەمان ↑زار zar "دەم". مانای تێکرای وشەکە دەبێتە "دەمەچێشتە"، دە بنەڕەتدا واتا کەسێک [یان ئاژەڵێک] کە دەمی بە خواردنی شتێک فێر بووە، چێژی لێ وەردەگرێ و حەزی لێ دەکا. وەک لەژێر وشەی "تام"دا شی کراوەتەوە، ئەم وشەیە خۆی دەشێ سەرەتا بە مانای "دەم" بووبێ و دواتر لەمەوە ماناکانی "خواردن" و "چێژ وەرگرتن" پەیدا بوون.

تان tan [*tān*] - "1- رایەڵی تەون 2- تامان، پەرژین": دەچێتەوە سەر ↑تەنین tenîn.

تانج tanc [*tānj*] - "1- کڵاوی پادشایان 2- کاکۆڵی کەڵەشێر": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تاج tac [فۆنیمی n کەوتووەتە تیوان بزوێنی a کۆنسۆنانتی c].

تانۆک tanok [*tānok*] - "پەرژین، دیواری نزمی لە شووڵ چندراو": خزمە دەگەڵ ↑تەنین tenîn.

تانە1 tane [*tāna*] - "پەڵەی سەرگلێنەی چاو کە لە ئەنجامیدا چاو باش نابینێ": خزمە دەگەڵ ↑تەنین tenîn. تانە بە تەوتێک چووێندراوە کە بەسەرچاو دەکشێ و چاو دەتەتێتەوە.

تانە2 tane [*tāna*] - "تەوس و توانج": لە *طعنة taεna* (Arb.) بە مانای "لێدان، بڕین، بریندار کردن" وەرگیراوە.

تاو1 taw [*tāw*] - "1- هەتاو، تیشکی خۆر": خزمە دەگەڵ تابیدن tabîden (P.) یان تافتن tāftan (G.) "تیشک و گەرما بڵاو کردنەوە"، افتاب āftāb (P.) "هەتاو"، تب tab (P.) "تا(و) و تێ"، تابستان tābestān (P.) "هاوین"، تف taf (P.) "گەرما" و تفت taft (P.) "گەرم". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ tap- (tápati) (OIn.) "گەرم کردن" و tepēre (L.) "شیلەوگەرم بوون"، سەر بە ریشەی ***tep- < (IE.)*** "گەرم بوون، هایسان، بڵێسە دان، درەوشانەوە" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی"، ل. 321]. دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە لەم بارەوە دەبینرێن، وەک ↑تفـ2 tıf "ئاگر، فەندەک"، ↑تفک tıfık "کوانوو، ئاگردان"، ↑تفت tıft [تفت و تاڵ tıft û tal]، ↑تەفایە tefaye "مەنقەڵی"، تا tā [↑تێ te] "گەرم بوونی لەش" و هتد.

[تێبینی: ئەم وشەیە دەشێ بڕێک هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چونکوو لە لایەکەوە لەوانەیە بە چەشتێک پێوەندی بە هێندێک وشەی زمانە ژێرمەنییەکانەوە هەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە هێندێک وشە دە زمانی کوردمادیدا. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا، تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم، وشەیەکی لەم چەشنە و بەم مانایە نابینرێ. لەوانەیە ئەم ریشەی سەرەوە لەپێوەندی دەگەڵ یەکێک لەم ریشانەی خوارەوەدابێ: 1- ریشەی ***dheu-*** *(IE.)* "درەوشانەوە، بریقانەوە" و دواتریش دەگەڵ ریشەی ***dei-*** *(IE.)* "رووناک بوون، درەوشانەوە". سەبارەت بەم ریشەیە بڕوانە وشەی "خاوێن" (کۆنتر: تاوێن!). ئەگەر ئەم پێوەندییە ڕاست بێ، وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تیف tîf (تیف تیفە دان واتا بریقاندنەوە) ئەم وشانەی سەرەوە لەباری فۆنولۆژییەوە، نەک لەباری ئێتیمۆلوژی، دەتوانین دەگەڵ ئەم وشە خوارەوە بەرهەڤ بکەین کە گشتیان سەر بە ریشەیەکن: تەپ، تەپاندن، دەبان، تەور، دەفە، تەپڵ. 2- ریشەی ***dheu-*** *(IE.)* " دووکەڵ کردن، هەڵم و هاڵاوکردن" (دەبنەڕەتدا: جم و جۆڵی نائارام و تیکەڵ پێکەڵ کردن). ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، "تاو" دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تین tîn "گەرما"، ↑تەن ten "سیان" و ↑توون tun "ئاگردانی گەرماو"، ↑تەنوور tenur، ↑دووکەڵ dukel و چەندین وشەی دیکە کە لە ژیر ↑*دەوار*[2] *dewar* دا شی کراونەوە].

تاو2 taw [*tāw*] - "هێز و گوڕ": [تاو سەندن، تاو دانە شتێک]. خزمە دەگەڵ ↑توانین tuwanîn و tāvīsī (OIn.) "تاو، تابشت، هێز"، سەر بە ریشەی ***teu-, *tu- > (IE.)*** "هێز، توان، ماسین، ئەستوور بوون".

تاو3 taw [*tāw*] - "دەمێک" [تاوێکی دیکە دێم]. خزمە دەگەڵ ↑دەم dem و ↑تەمەن temen.

تاو4 taw [*tāw*] - تاو کردن واتا "ساز کردن" [کابرا ئەو ژنەی تاو کردووە]. دەچێتەوە سەر ↑تاوژین tawjîn "خەریک بوون بە کارێکەوە".

تاو5 taw [*tāw*] - "داو، دەزوو": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑*داو daw*. خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın و ↑جاو caw، سەر بە ریشەیەک بە مانای "چنین، تەنین".

[تێبینی: دە زمانە ژێرمەنییەکاندا چەند وشەیەک لەم بارەوە سەرنج رادەکێشن وەک tow (E.) "تاڵ، داو"، tou (OS.)، to (ON.) "پەشم" [موو؟]، tow- (OE.) "رستن". وشە کوردمادییەکە لەوە ناچێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ، چونکوو فۆنیمی w دە وشەی "داو"دا پێشتر m بووە و ئەمەش دە ریشەی وشەکەدا خۆی نیشان دەدا].

تاوانەوە tawanewe [*tāwānawa*] - "توانەوە، بوونە تراو (بەهۆی گەرماوە)": خزمە دەگەڵ tauen (G.)، douwen (OG.)، dooien (Nl.)، thaw (E.)، töa (Sw.)، tajat (Rus.) و tabere (L.) "حەل بوون، تاوانەوە"، سەر بە ریشەی ***ta(u)- < (IE.)*** " تاوانەوە، حەل بوون، لێک بڵاو بوون، جاری بوون". خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑تەفر tefır [تەفر و تونا بوون واتا حەل بوون و لە ناو چوون]، ↑تەپ tep[5] "سلەگوو"، ↑تف tıf "ئاوی دەم"، ↑تەوش tewş "تراو، شل"، ↑تەڤژین tevjîn 1" -1" شووڵین، زکَ چوون 2- ریخی شل"، ↑تەبغە tebġe "کۆمای زبڵ و پەین"، ↑تەپاڵە tepale "ریخی هیشکەوە بوو"، ↑تەپار tepar "ریخ و قوڕ بۆ سواخ دانی دەمی خەڵفەمێش" و هتد.

وەک دەبینرێ دە هێندێک لە وشەکانی سەرەوەدا ئاماژە بە "پیسایی مرۆڤ و ئاژەڵ" دەکرێ و لێرەدا مەبەستەکە بریتییە لە "حەلکراو، هەزمکراو، هەڵتاوێنراو". شیاوی باسە دە زمانە ژێرمانییەکانیشدا هەم ئەو وشانەی مانای "تاوانەوە" دەدەن و هەم ئەوانەش مانای "هەزم کردن" دەدەن، لەم ریشەوە هاتوون، بۆ وێنە tauen (G.) "تاوانەوە" و verdauen (G.) "هەزم کردن، *هەڵتاواندن*". دیسان هەر لەم پێوەندییەدا بڕوانە ↑داوان dawan [هەڵەداوان heledawan].

تاوژین tawjîn [*tāwžīn*] - "خەریک بوون بە کارێکەوە": هەروەها ↑تاو[4] taw کردن هەیە بە مانای "ساز کردن" [کابرا ئەو ژنەی تاو کردووە]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- taugen (G.)، deugen (Nl.)، dugen (OE.)، duga (Sw.) "بەکار هاتن، بەکەڵک بوون"، tycheīn (Gr.) "گەیشتن بە ئارمانج"، techeuin (Gr.) "ساز کردن، ئامادە کردن، ئاوا کردن". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑تاشک taşk هەیە بە مانای "چوست و چالاک، مەزبووت". راست بەم مانایە دە زمانی ئەڵمانیدا tüchtig (G.) دێ کە پێوەندی بە وشە ئەڵمانییەکەی سەرەوە هەیە. لەباری ماناوە بەراوردی "تاوژین" بکە دەگەڵ "کار" کە ئەویش دە ریشەدا بە مانای "ساز کردن، ئامادە کردن"ە.

2- taujan (Gt.) "کردن، ساز کردن، ئەنجام دان". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ tou(we) (MG.) "ئامراز" و zouwen (OG.)، tawian (OE.) "ساز کردن، تەیار کردن"، tool (E.) "ئامراز، ئامێر"، Tau (G.) "گوریسی ئەستوور" [دە بنەڕەتدا: ئامراز، ئامرازی کەشتی]. ریشەی هیچکام لە وشە ژێرمەنییانەی سەرەوە ساخ نەکراوەتەوە.

تاوس tawıs [*tāwıs*] - "مەلێکی رەنگاوڕەنگ": دە زمانی یۆنانیشدا هەر taos (Gr.). ریشە؟

تاوک tawık [*tāwık*] - "دارێکی سەختی جەنگەڵی": خزمە دەگەڵ ↑تاو2 taw یان ↑تەڤا teva "هێز و گوڕ" [تاو سەندن، تاو دانە شتێک]. خزمە دەگەڵ ↑توانین tuwanîn و tāvīsī (OIn.) "تاو، تابشت، هێز"، سەر بە ریشەی ***teu-, *tu-** (IE.) > "هێز، توان، ماسین، ئەستوور بوون".

تاوڵ tawıl [*tāwıl*] - "رەشماڵ، چادر":

1- لە لایەکەوە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەون tewın، دە بنچینەدا واتا "تەنراو".

2- لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنجی وشەی "رەشماڵ" و "دەوار" بدەین، دەبینین کە ئەم وشانە پێوەندییان بە رەنگی "رەش"ەوە هەیە، چونکوو تەنراوەکە رەنگێکی رەشی هەیە. ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە لێی بڕوانین، "تاوڵ" دەتوانێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑دەوار[2] dewar "پارچەی رەشماڵ".

تاوڵە tawle [*tāwla*] - "تەختە[نەرد]": دە زمانی لاتیندا tabula (L.) بە مانای تەختەیە. بەڵام وێ ناچێ وشە کوردمادییەکە وەرگیراو بێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑دەپ *dep* "تەختە" و↑تەپڵەک teplek "1- تەختەی سەرکۆڵەکە 2- ژێرسیغار 3- کورسیلەی شت لەسەردانان" [تەپڵە (تاوڵە)ک].

تاوڵەمە tawleme [*tāwlama*] - "پیاڵەئاساییەکە خەڵووزی تێ دەکەن و هەڵی دەسووڕێنن تا خەڵووزەکە بگەشێتەوە، پن چەرخێن": دەچێتەوە سەر ریشەیەک کە مانای "سووڕاندن، با دان" دەبەخشێ. خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın و ↑تاوێر tawer "بەردی خللۆرەوە بوو".

تاوە tawe [*tāwa*] - "جۆرێک دەفر": tapak (pl.).

1- ئەم وشەیە زۆر وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ Topf (G.) "قابلەمە". دە فارسیدا بە "تاوە" دەگوترێ ماهیتابە mahītābe (P.). هەروەها دە فارسیدا وشەی افتابە āftābe (P.) هەیە کە دە کوردمادیدا دەبێتە ↑ئافتاوە aftawe. لەم تێڕوانینەوە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "قووڵ، قووڵ بوون" و دەبێتە خزمیش دەگەڵ ↑تاپی tap "خەندەک" و هەروەها دەگەڵ ↑دەبوو debu "دەفری رزق"، تیڤسی tîvsî "بەلەمی چێشت".

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑تاو1 taw "هەتاو، تیشکی خۆر" هەبێ و ئاماژە بە گەرم کردن بکا.

تاوێر1 tawer [*tāwer*] - "بەردی خڵۆرەبوو لە شاخ": تاڤێر taver یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın و گەلێک وشەی دیکە کە سەر بە ریشەیەکن بە مانای "سووڕان، با دان".

تاوێر2 tawer [*tāwer*] - "زەوی رەقەن، تەمتەمان": خزمە دەگەڵ ↑تاوک tawık "دارێکی سەختی جەنگەڵی".

تایفی tayfî [*tāyfī*] - "جۆرێک ترێ": تایەفی tayefî ش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ توانەوە tuwanewe [↑تاوانەوە (tawan(ewe]، سەر بە ریشەیەک بە مانای "حەل بوون، لەبەر یەک بڵاو بوون، جاری بوون". ↑تولانەوە tulanewe، ↑تولخی tulxî، ↑تولخانەوە tulxanewe ش دەشێ لەم ریشەوە هاتبن.

تایە taye [*tāya*] - "نەمامی بی لە چەم دا": خزمە دەگەڵ تاک tāk (P.) "رەز"، tāk (Bal.) "گەڵا"، tāya (Pash.) "داری ناروەن". وشەکە دە هێندێک زمان و زاراوەی دیکەدا بە مانا "دارەبی"، "لک، لکی دارەبی"، "تەناف لە پێستی دارەبی" بەکار دەهێنرێ. بە گوێرە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی (ل. 323) وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) (s)tei- >* "تیژ، نووکدار". لەوانەیە مەبەست لەم ریشەیە *(IE.) *(s)teig-* "تیژ بوون، تیراچوون". بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تیخ tîx [تیغ tîǧ]. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑تاژان[1] tajan "لکی باریکی دار" هەیە کە لەوانەیە دەگەڵ ئەو وشانە خزم بێ.

تایین tayîn [*tāyīn*] - "شتەکە، فڵان": لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *dei- >* "رووناک بوون، درەوشان، دیارکەوتن"]. لەوانەیە وشەی ↑دیتن dîtın پێوەندی بەم وشەوە هەبێ. لەم تیرۆانینەوە مانای "تایین" دەبێتە "موردنظر" دە زمانی فارسیدا.

تبل tıbıl - "قامک": وشەی تلی tılî ش دە زمانی کوردمادیدا هەر بەو مانایە هەیە کە دەشێ شێوەیەکی دیکەی وشەکە بێ. خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک Daumen (G.)، thumb (E.) و هاوتاکانیان دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بە مانای "قامکەگەورە"، tymel (OE.) "قامکەوانەی دروومان"، thýlos (G.) "تیڵا، قیتکە، مێخ"، Dolle (G.)، thole (E.) و هاوتاکانیان دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بە مانای "داری سەوڵ پێ ڕاگرتن لە قایق دا"، tumor (L.) "دوومەڵ، کوان"، túmara-h (OIn.) "قەڵەو، بە هێز". ئەم وشانە گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *teu-, *tu- >* "ماسین، ئەستوور بوون، بەهێز بوون". دە زمانی کوردمادیدا دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑توو tu [میوەی توو [تقی] کە شتێکی بڕێک قەڵەوەیە] و هەروەها ↑دوومەڵ dumel و دواتر ↑توانین tuwanîn.

تخووب tıxub [*tıxūb*] - "سنوور": بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تیبینییەی خوارەوە دەکرێ دەگەڵ ئەم وشانە بەرهەڤی بکەین: token (E.)، teken (Sw.)، taiken (Gt.) "نیشانە، مۆرک".

[تیبینی: دە زمانی فارسیدا وشەی مرز merz "سنوور" و دە ئاڵمانیشدا Mark کە پێشتر بە مانای "سنوور" بە کار هاتووە، پێکەوە خزمن و دە بنەڕەتدا مانای "نیشانە"یان هەبووە و مەبەست نیشانە کردنی سنووری زەوییەک یان وڵاتێک بووە. دە سەردەمە کۆنەکاندا کاتێک باس لە "مەرز"ی تێوان دوو پارچەزەوی یان دوو وڵات کراوە، دە راستیدا مەبەست ئەو "نیشانە"یە بووە کە لەو شوێنە داندراوە].

تخوون tıxun [*tıxūn*] - وشەکە زۆرتر دە رستەی پرسیاری یان نەرێنی دا بەکار دێ [تخوونی نەکەوی واتا نیزیکی نەبی، دەستی لێ نەدەی]. ئەم وشەیە زۆر پێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ take (E.) "گرتن، هەڵگرتن". مانای بنەڕەتی وشە ئینگلیزییەکە "دەست لێدان، لەمس کردن" بووە و ئەم مانایە لە tekan (Gt.) دا دەبینرێ. تخوون کەوتن دە زمانی کوردمادیشدا ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ مانای "دەست لێدان، لەمس کردن" دەگەیەنێ. کاتێک دەگوترێ تخوونی ئەو کەسە یان ئەو شتە نەکەوی، مەبەست لەڕاستیدا ئەوەیە کە خۆتی لێ نەدەی، دەستت وێی نەکەوێ. بەوتەیەکی دیکە ئەم وشەیە نیزیک بووتیکی یەکجار زۆر، واتا لە رادەی "لەمس کردن"دا نیشان دەدا.

تخێل tıxel [*tıxel*] - تخێل بوون واتا "راکشان، درێژ بوون": خزمە دەگەڵ dagr (Pl.) "درێژ". وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ ↑تاخ tax "گەڕەک"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "تەنینەوە، لەبەر یەک کشانەوە".

تر tır 1 - "نیشانەی ئاوەڵناوی باڵاتر، سەرووتر": [وەک جوانتر، باشتر، پڕتر]. تر tar (P.). خزمە دەگەڵ هەر ئەم نیشانەیە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا، بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانیدا: schöner (G.) "جوانتر"، besser (G.) "باشتر"، größer (G.) "مەزنتر" و هتد.

تر tır 2 - "دیکە: رۆژێکی تر": ander (G.)، other (E.)، other (OF.) و antara (OI.) "تر، ئیتر"، سەر بە ریشەی *(IE.) *antero-, *ontero- >*.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا وشەکە دەشێ سەرەتا دیتر dıtır بووبێ، پاشان کورت بۆتەوە بۆ تر tır و پاشان لەمەوە وشەکانی ئیتر îtır/ هیترhîtır دروست بوون. لەم بارەوە بڕوانە ↑ئیدی îdî] .

تڕ[1] tır - "با لێ بوونەوە بە دەنگی توند": ئەم وشەیە و هەروەها ↑دڕدڕ dırdır "دەنگی ماشێن و ماتۆڕ دە زمانی منداڵاندا" و↑ تڕەتڕ tıretır "دەنگی ماتۆڕ، دەنکَ و هەڕا کردن لە کاتی شەڕ و کێشەدا" [تڕەتڕ کردن] خزمن دەگەڵ dröhnen (G.) "دەنگی توند لێ هەستان"، dreunen (Nl.)، drynja (OIs.) "گوڕڕاندن، گرماندن". وشەکە دە زمانی ئاڵمانیدا بۆ دەنگی توند و ناخۆش بەکاردەهێندرێ وەک دەنگی ماتۆڕ، مووزیکی توند، قاقای توند و هیتر. دە زمانی پەهلەویدا drāy (Pl.) هەبووە بە مانای "زەنکَ" و drāyītan (P.) بە مانای "بەرز قسەکردن، هەڕا کردن" و drānāk (Pl.) "ستران" [دە فارسیدا ترانە tarāne (P.)]. ئەم وشانە بە باشێ رێک دەکەون دەگەڵ ↑ستران sıtran دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "گۆرانی". وەک دەزانین دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشەی دیکە هەن بە مانای "گۆرانی" کە ئەوانیش ریشەکانیان مانای "دەنکَ و هەڕا کردن" دەبەخشن، وەک گۆرانی، هۆرە، گەلۆ، ئاواز و هتد. لەوانەیە فۆتیمی س s بۆیە خرابێتە سەر وشەکەوە، تاکوو لەگەڵ وشەی "تڕ/ تڕان" جیاوازی دروست ببێ. ئەم جۆرە وردەکارییە لە زمانی کوردمادیدا شتێکی نامۆ نییە. بۆ وێنە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "ئەنگوتن" یان "ئەنگاوتن". لەم وشانەشدا پێشگری "ئەن" [ئە + ن] خراوەتە سەر وشەکەوە تا کوو جیاوازی دروست ببێ دەگەڵ ئەو وشانەی کە"ناشیرین" دێنە بەرچاو.

[تێبینی: مەبەست لە "تڕ" دەبنچینەدا ئاماژە بە دەنگی توند بووە ومەبەست لە " تڕەتڕ مەکە"ش وێچواندنی قسەی لایەنی بەرانبەر بە "تڕ"، بە مانای ئەمڕۆیینی وشەکە نەبووە. ئەگینا دەبا گوترابا "تڕەتڕ مەکەنە"، چونکە کردارەکە "تڕ کەندن"ە، نەک تڕ کردن. مەبەست ئەوەیە کە "دەنگت هەڵ مەهێنە، هەڕا و گرمەگرم مەکە]. دە زمانی کوردمادیدا ↑تریقە trîqe "دەنگی پێکەنینی بەرز" و ↑تریکە trîke "زریکە، قیژە" پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. ریشەی وشەکە دەبنچینەدا لاسا کردنەوەی دەنگە.

تڕ[2] tır - دەگەڵ "تایفە" دێ [تڕ و تایفە]. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تیرە tîre "تۆرەمە" [بڕوانە ↑تۆرەمە *toreme*].

تراتٮ[1] tırat *[tırāt]* - "هاتوچوونی خێرای سوار لە مەیداندا": خزمە دەگەڵ treten (G.)، treden (Nl.)، tread (E.) "هەنگاو نان، بەسەردا رۆیشتن، پێ لێنان". دە ئینگلیزی کۆندا وشەکە بە مانای "کوتانەوەی دەخل و دان بە پێ" بە کار هاتووە.

ترار tırar *[tırār]* - "تاسوولکەی ئاوخواردنەوە": تەرار terar و ترگار tırgar یش دەگوترێ. هەڵی سەنگینەدەگەڵ ↑تراک tırak "قاپی پەل".

تراز tıraz *[tırāz]* - "جەڕ و مەنگەنە": خزمە دەگەڵ ↑تلان tılan سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووڕاندن".

ترازان tırazan *[tırāzān]* - "لێک جیا بوونەوە": خزمە دەگەڵ trennen (G.)، tornen (Nl.) "لێک جیا کردنەوە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑*دران dıran*. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑دەرزی derzî و ↑درز dırzکە ئەوانیش سەر بەم خێزانەن.

تراسکە tıraske *[tırāska]* - "لە رێ لا دانی بارەبەر": هەروەها ↑تلاسان tılasan هەیە بە مانای "لە رێگە کلا بوون": خزمە دەگەڵ ↑تلان tılan سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووڕان". بەم شێوەیە مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێتە "وەرسووڕاندن"ی روو یان هەنگاو لە راستەڕێ بەرەو لایەکی دیکە.

[تێبینی: لە باری ماناوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ "چەپ"، "چەپە بوون" یان "وەرچەپین". وشەی "چەپ" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "خوار، بادراو"].

تراشین tıraşîn *[tıraşīn]* - "تاشین": تراشیدن terāšīdan (P.). خزمە دەگەڵ streichen (G.)، strīhhan (OG.)، strijken (Nl.)، strike (E.) "لێخشاندن، پێداخشاندن، سترین، خوشین". ئەم وشەیە هەر لە کۆنەوە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا مانای "لێدان"یشی وەرگرتووە، بۆ وێنە Streich (G.) و stroke (E.) "زەبر". دە زمانی کوردمادیشدا هەردوو ماناکە بەدی دەکرێ، مانای یەکەم لە وشەی ↑ئەسترین astrîn [سترین sıtrîn، سڕینەوە] دا بەدی دەکەین، کە ئەمەیان مانا ئەسڵییەکەیە. مەبەست لە سترین یان ئەسترین ["ئە" پێشگرە] دە بنەرەتدا

ئەوە بووە کە دەست یان شتێکیان لە شتێکی دیکە خشاندووە بۆ ئەوەی پاکی بکەنەوە یان سافی و لووسی بکەن. ئەم مانایە دە وشەی ↑دەرۆزان derozan "ماڵینی ژێر خەرمان"یشدا بەدی دەکرێ. دواتر ئەم دۆخی لێخشاندن یان پێداساوینە مانایەکی تازەی وەرگرتووە کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بووەتە "لێدان" و دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بووەتە "تراشین". دیارە دەتێوان دوو چەمکی "تراشین" و "لێدان"دا پێوەندی نیزیک هەیە. دە کوردمادیدا دەگوترێ "ردێن تاشین" یان "ردێن لێدان". ئەمەش لەوەڕا دێ کە تاشین جۆرە لێداتێکە کە رووبەری شتێک دەکاتە ئامانج، بۆ ئەوەی رووبەری شتەکە ساف و لووس بێ، نەک ئەوەی شتەکە بشکێ یان لەت و پەت بێ. دە زمانی لاتینییشدا چەند وشە پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە، وەک striga (L.) "خەت، هێڵ، تیرە"، stringere (L.) "پێداخشاندن"، strigilis (L.) "رنەک، قاشاخ". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***ster(ə)-** (IE.) "لێخشاندن، پێداخشاندن، راخوشین". هەر لەم ریشەوە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا چەندین وشەی دیکە دروست بوون کە پێوەندییان بە "تیشک" و "ئەستێرە"وە هەیە، بۆ وێنە دە زمانی کوردمادیدا ↑ئەستێرە estere، ↑تریفە tırîfe، ↑تروسکە tırûske یان تریسکە tırîske یان تروکە tırûke، ↑تریشقە tırîşqe، ↑تیرێژ tîrej، ↑تیرە tîre "خەت، هێڵ"، درەوشانەوە dırewşan(ewe) و هتد. [دە زمانی فارسیدا بە "درەوشانەوە" دەگوترێ درخشیدن deraxşīdan (P.). هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی فارسی تراشیدن terāšīdan (P.) "تراشین"]. هەروەک چوون ئەمڕۆ دە زمانی کوردمادیدا "راخوشینی ئەستێرە" دەگوترێ، هەر بەم شێوەیە لە سەردەمانی کۆندا ناوی "ئەستێرە" و "تیشک" بە چەمکی "راخوشین" [لێخشان]ەوە گرێ دراوە و وا بیر کراوەتەوە کە ئەستێرەکان لە ئاسمان دەخشێن یان تیشکی رووناکی بەسەر هەرددا دەخشێ. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تیرێژ *tîrej* [دیسان لێرەدا بەراوردی "تیرێژ" بکە دەگەڵ "تراش" [تراشین]!

ترافاندن tırafandın *[tırāfāndın]* - "رەواندن، رەتاندن": ترافیاکَ tırafyag دەبێتە "دەرکراو، رەتینراو".خزمە دەگەڵ ↑تەرە[1] tere "دوورکەوتە، دوورخراو".

تراک tırak *[tırāk]* - "قاپی پەل": خزمە دەگەڵ Trog(G.)، troch (Nl.)، trag (Sw.) "قاپی دارین" و دواجار خزمە دەگەڵ ↑دار dar.

تراو tıraw *[tırāw]* - "شل، ئاوەکی": خزمە دەگەڵ Srtom (G.)، stroum (OG.)، stroom (Nl.)، stream (E.)، ström(Sw.) "جەریان (کردن)، جاری بوون"، strumen (Rus.) "جۆگە". ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ↑سروە sırwe "شنەبا" [جەریانی با].

[تێبینی: لەباری ئاڵوگۆڕی فۆنۆڵۆژییەوە لەتیوان وشە کوردماددییەکە و وشە ژێرمەنییەکاندا بەراوردی ئەم "تراو"ە بکە دەگەڵ "تراویلکە" لە خوارەوە].

تراویلکە tırawîlke *[tırāwīlka]* - "وێنەی درۆیینی ئاو لە سەحرا کە بە هۆی هەڵگەڕانەوەی تیشکی خۆر لەسەر هەرد دروست دەبێ": تراو + ئیلکە tıraw + ilke. کەرتی دووەم پاشگرە. بنەوشەی تراو tıraw خزمە دەگەڵ Traum(G.)، troum (OG.) و (Nl.)، dream (E.)، dram (OF.) گشتیان بە مانای "خەون". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ وشەیەکی دیکەی ژێرمەنی [دە ئاڵمانیدا trügen (G.)] بە مانای "فریو دان". ئەم وشەیەش خۆی دەبێتە خزم دەگەڵ وشەی کوردمادی ↑درۆ dıro [یان درەو dırew] "ناڕاست"، سەر بە ریشەی < ***dhreugh-** (IE.) "خەون، فریو، درۆ".

ترپان tırpan *[tırpān]* - "مەڵەغان، داسی دەسک درێژ": خزمە دەگەڵ treffen (G.)، drepan (OE.)، drepa (OIs.) "پێکگەیشتن". ئەم وشە ژێرمەنییانە دە بنچینەدا بە مانای "لێدان، وێککەوتن، لێکدران" بوون و ئەم مانایە دە زمانەکانی دیکەدا باشتر دەبینرێ، بۆ وێنە ga-drapan (Gt.) "کوتانەوە"، drobit (Rus.) "ورد کردن". خزمە دەگەڵ ↑درووn dırûn [گیادروون]، ↑درۆینە dırwêne [درو derou (P.)]، ↑درباشە dırbaşe "زەرکَ، شیشی دەروێشان"، ↑درپشە dırpşe یان درەوشە drewşe "درێشە، کونکەری پینەچی" [درفش derafš (P.)]، ↑دربۆ dırbo "وشەی دنە دانی بەران بۆ شەڕەقۆچ"، ↑سرەواندن sırewandın "لێدان، کوتان". دە زمانی کوردمادیدا وشەیەکی دیکە بەرچاو دەکەوێ کە ئەم خزمایەتییەی سەرەوە ئاشکرا دەکا و ئەویش ↑تەراف teraf کردنە بە مانای

"بڕینی باغ، هەڵپەرتاوتنی رەز". جگە لەمە زەرپ zerp و ↑زەرپاندن zerpandın هەیە بە مانای "لێدان، کوتان". هەروەها ئەم وشانەی خوارەوەش پێوەندییان بەم خێزانەوشەوە هەیە: ↑تەرپلین terpılîn "ساتمەبردن، هەڵەنگوتن، رەت بردن" [دەبنەڕەتدا: وێککەوتنی پێ و بەردی سەر رێ]، ↑درف dırıf "نیشانە، عەلامەت، لۆگۆ" و ↑دروشم dıruşım "شیعار، شوعار" [دە بنەڕەتدا: نیشانە، شەقڵ]. لێرەدا بلا بزانین چۆن "درف" و "دروشم" پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە. دە بنەڕەتدا درف و دروشم هەر یەک وشەن بوون. دە زمانی فارسیدا باس لە درفش کاویانی derafš e kāwynī (P.) دەکرێ کە مەبەست ئاڵا یان نیشانەی سەر ئاڵای کاوەی ئاسنگەر بووە. ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی لێکەوتۆتەوە، یەکەمیان "درف" و دووەمیان "دروشم". دیارە مەبەست لە "دروشم" سەرەتا هەر نیشانە یان نیشانەی سەر ئاڵا بووە، چونکوو دە کوردمادیدا دەڵێن "دروشم هەڵگرتن"، واتا نیشانەیەک یان ئاڵایەک وەک نیشانە هەڵگیراوە. وەک لەسەرەو بینیمان دە زمانی فارسیدا درفش derafš (P.) دوو مانای هەیە، یەکەمیان بە کوردمادی دەبێتە "درپشە، درەوشە، درێشە" و دووەمیان دە کوردمادیدا دەبێتە "درف" واتا "نیشانە، عەلامەت، لۆگۆ". ئەو مانایانە پێوەندی ئێتیمۆلۆژیکیان دەگەڵ یەکتر هەیە. هەر وەک چۆن *شەقڵ* "وێنە، عەلامەت" و *سکە* [دە بنەڕەتدا وێنەی سەر پارە] پێوەندیان بە وشەکانی وەک "شکاندن، چەقۆ"وە هەیە، هەر وەک چۆن *تیپ* "وێنە، شێوە، حەرف" پێوەندی بە "تەپان، تەور، تۆپ و تفەنگ"وە هەیە، هەر بەم جۆرەش "درف" پێوەندی هەیە بە "ترپان، درپشە، درباشە"وە. ئەگەر سەیری هەموو ئەو وشانە بکەین، دەبینین کە گشتیان لە یەک چەمکدا هاوبەشن و ئەویش چەمکی "لێدان، کوتان"ە. جا لەبەر ئەوەی وێنە، شێوە، شەقڵ، حەرف و عەلامەت بە هۆی لێدان و کوتان لەسەر دار و بەرد و ئاسن چێ کراون، ئیتر ئەمە بووەتە هۆی دروست بوونی پێوەندی ئێتیمۆلۆژیک لەتیوان ئەو وشانەی باس لە "کوتان و لێدان" دەکەن و ئەو وشانەش کە باس لە "شەقڵ و عەلامەت" دەکەن. هەر لە درێژەی ئەم باسەدا پێویستە ئاماژە بە دوو وشەی دیکەش بکەین کە پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە. ئەم وشانە برییتین لە ↑درووب dırûb [درووڤ dırûv] "وێچوون، هاوشێوەیی"، درووباندن dırûbandın "وێچواندن، شباندن، شوبهاندن" و هەروەها ↑درڤ dırıf بە مانای "رەگەز، بنەچەکە". وەک باسکرا، "درف" دە بنەڕەتدا بە مانای "شەقڵ، وێنە، شێوە، نەخش و نیگار" بووە، پاشان لەوێوە مانای "نشانە، عەلامەت" سەری هەڵداوە. ئەگەر بگەڕێنەوە سەر مانای بنەڕەتی، ئەوسا دەردەکەوێ کە دیسان لەم مایایەوە مانای "هاوشێوەیی، شێوەی یەکتر دان" سەرچاوەی گرتووە. دە زمانی کوردمادیدا دەتوانین بڵێین "ئەو کیژە وێنەی دایکییەتی، (بە) شێوەی دایکی قسە دەکا"، هەروەها دەشتوانین بڵێین "ئەوکێژە هاوشێوەی دایکییەتی، وەک دایکی قسە دەکا". ئیتر لێرەوە دەردەکەوێ کە دوو چەمکی "وێنە، شێوە" دەگەڵ "وێکچوون، هاوشێوە بوون" پێوەندی تەواویان هەیە. لەمە سەرنجراکێشتر، وشەی ↑درڤ dırıf ە بە مانای "رەگەز، بنەچەکە". ئاخۆ پێوەندی ئەم وشەیە بە وشەکانی سەرەوە چۆنە؟ بۆ روون بوونەوەی ئەم پێوەندییە پێویستە دیسان کەوانەیەک بکەینەوە و تێبینییەک بخەینەڕوو.

[وەک لەسەرەوە باسکرا وشەی تیپ type دە بنەڕەتدا بە مانای "شەقڵ، وێنە، نیشانە"یە و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان". لەم مانایەی سەرەوە، واتا "شەقڵ، شێوە" دواتر مانای "نەوع" سەری هەڵداوە، واتا "تیپ" بە دەستەیەک لە تاکەکان گوتراوە کە هاوشێوەیی، پێکیانەوە گرێ دەدا. بەم جۆرە "تیپ" یان "نەوع" مانایەک لەچەشنی رەگەز پەیدا دەکا [نەوعێک ئاژەڵ، رەگەزێک لە مرۆڤ]. وشەیەکی دیکە کە لەم پێوەندییەدا جێی ئاماژەیە، وشەی kind (E.) دە زمانی ئینگلیزیدایە بە مانای "تەرز، جۆر، شێوە". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Kind (G.) "زارۆک" و kind (OIs.) "رەگەز، بنەچەکە". ئەم وشانەش پێوەندی ئێتیمۆلۆژی لە تیوان دوو چەمکی "شێوە" و "رەگەز، بنەچەک" بە تەواوی دەردەخەن. هەروەها دیسان سەبارەت بە پێوەندی ئێتیمۆلۆژی تیوان دوو چەمکی "لێدان، کوتان" و "رەگەز" دەتوانین ئاماژە بە وشەی Geschlecht (G.) بکەین، کە دە زمانی ئەڵمانیدا مانای "رەگەز، تیرە" دەدا و خزمە دەگەڵ schlagen (G.) "لێدان" و دەگەڵ شەللاق şellaq ی کوردمادی].

ترپه tırpe [*tırpa*] - "دەنگی کەوتنی شتی قورس، دەنگی پێ": ریشەی وشەکە بۆ لاسا کردنەوەی دەنگ دەگەڕێتەوە. هەر لەم ریشەوە دە زمانی ئاڵمانیدا Treppe (G.) "پلیکان" و trappen (G.) هەیە بە مانای "رویشتنی بە تەپەتەپ" یان trippeln (G.) "پێ لە هەرد کوتان".

تڕتڕک tırtırık - "ستۆگرک، لوولەی ناو گەروو": جگە لەم وشەیە↑ تڕتڕۆک tırtırok یش هەیە کە بە دوو مانای "ستۆگرک" و "پارچەیەک لە ریخۆڵە" بەکاردەهێنرێ. هەروەها↑تڕتڕە tırtıre هەیە کە ناوی گیایەگە لە سەوزی دەهاڵێ. گشت ئەم وشانە ئاماژە بە چەمکی "سووڕان، لوول خواردن، پێچ خواردن" دەکەن و خزمن دەگەڵ تلین و↑تلاندن tılandın سەر بە ریشەی ***(IE.) *ter- >*** "سووران، با دران". شیاوی باسە کە هەروەک تڕتڕۆک tırtırok ی کوردمادی بە مانای "ریخۆڵە"، دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا وشەی "ریخۆلە" هەر لەم ریشەوە دێ: Darm (G.)، darm (Nl.)، tarm (Sw.)، dearm (OE.) "تڕتڕۆک، ریخۆڵە" [دە بنچینەدا واتا بادراو یان لوولدراو].

تڕتڕۆک trtrok [*tırtırok*] - "1- ستۆگرک 2- پارچەیەک لە ریخۆڵە": ↑تڕتڕک tırtırık.

تڕتڕە tırtıre [*tırtıra*] - " گیایەکە لە سەوزی دەهاڵێ": خزمە دەگەڵ↑تڕتڕک tırtırık.

تڕخێنە tırxêne [*tırxena*] - "1- شەلەمین، چێشتی شێلم و دان 2- گووشلەی زارۆک": دەشێ ئاماژە بە رەنگی تەڵخ و ناروونی شتەکە بکا و خزم بێ دەگەڵ↑تەڵخ telx و↑*تار tar*.

ترس1 tırs - "دڵەراوکێ، سڵەمینەوە": دە فارسیدا ترس ters (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ diržti (Lit.) و terrēre (L.) "ترسان، داچڵەکین". ریشە؟

ترس2 tırs - دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا دەگوترێ "نانی بترسی دەخۆم" واتا نانی بە هیشکی دەخۆم [نانی هیشکی، بێ پێخۆر]. ترس tırs خزمە دەگەڵ trocken (G.)، droog (Nl.)، dry (E.)، dryġe (OE.) "هیشک، وشک". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *-drugi * (Grm.)*. بە پێی بۆچوونێک ئەم ڕیشە ژێرمەنییە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dher- >*** "راگرتن، وەستاندن" و لەم مانایەوە پاشان ماناکانی "خۆگرتوو، سفت، ڕەق و هیشک" سەریان هەڵداوە. دە زمانی کوردمادیدا وشەیەکی دیکەشمان هەیە کە لەوانەیە خزمایەتی دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکانی سەرەوە هەبێ. ئەم وشەیە بریتییە لە↑چرووسان(ەوە) çırûsan(ewe) "لەڕ و لاوازبوون لەبەر رەنج و ئازاری زۆر". مەبەست لە چرووسانەوە دەتوانێ دە بنەڕەتدا سیس و هیشک بوون بووبێ.

[تێبینی 1: دە فەرهەنگە ئێتیمۆلۆژییە ئەڵمانییەکاندا باس لە ریشەیەکی هیندوئەورووپی دیکە دەکرێ، واتا ریشەی *-ters * (IE.)* "هیشک بوون، هیشک هەڵاتن". وشەی "تینوو" بۆ وێنە لەم ریشەوە هاتووە. بەڵام لەو فەرهەنگانەدا ئاماژەیەک بەوە نەکراوە کە ئەو وشە ژێرمەنییانەی سەرەوە پێوەندییان بەم ریشەوە هەبێ. تێبینی 2: بەرانبەری فۆنێمی g ی ژێرمەنی دە وشە کوردماییەکاندا زۆرجار فۆنێمەکانی س s، ش ş یان ز z خۆ نیشان دەدەن، وەک لە وشەکانی وەشان [راوەشان]، بێشکە، بزوان، باسک، بازنە و هیتردا].

ترش tırş [*tırš*] - "یەکێک لە مەزەکان کە بەهۆیە دەم وێک دێ": ترش torš (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ trocken (G.)، droog (Nl.)، dry (E.)، dryġe (OE.) "هیشک، وشک". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *-drug * (Grm.)*. بەراوردی ئەم وشەیە بکە دەگەڵ↑ترس2 tırs دە [نانی بترسی واتا نانی بە هیشکی]. شیاوی باسە دە زمانی ئەڵمانیدا بەو جۆرە لە شەراب کە مەزەکەی ترشە، دەگوترێ trocken، کەچی ئەم وشەیە خۆی مانای "هیشک" دەدا. وێ دەچێ هەر لە کۆنەوە پێوەندییەک لەتیوان مەزەی ترش و هیشک بووندا بەدی کرابێ. لەوانەیە مەبەست هەست کردن بە هیشک بوونی زمان بێ بەدوای خواردن یان خواردنەوی شتی ترشدا؟

ترشتە tırışte [*tırišta*] - "تەشوێی بەننایی": تریشتە tırîşte ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ↑تراشین tıraşîn .

تڕفاڵ tırfal [*tırfāl*] - "تڵپی دانەی رۆن لێگیراو": خزمە دەگەڵ Treber (G.)، draf (Nl.)، draff (E.)، droba (Rus.) "تڵپی بەجێماو لە ترێ گوشین و هتد"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dher- >*** "تلپە، تڵتە، خڵتە". trüb (G.)

"لێڵ" و هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکاندا لەم ریشەوە هاتوون. ↑تلپە tılpe ش شێوەیەکی دیکەیە لەم وشەیە.

[تێبینی: ئەم ریشەیە وێ دەچێ دە بنەڕەتدا دەگەڵ ریشەی سەرەوەتر واتا *dher- (IE.) "راگرتن، وەستاندن" هەر یەک بێ. وەک لە سەرەوە باس کرا، لە مانای "راگرتن، وەستاندن"ەوە پاشان ماناکانی "خۆگرتوو، سفت، ڕەق و هیشک" سەریان هەڵداوە. ئەم مانایانەش دەگەڵ مانای "ترفاڵ و تڵپە" تا رادەیەکی زۆر یەک دەگرنەوە].

ترکاندن tırkandın [tırkāndın] - "پێکانی نیشانە": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەترکاندن vetırkandın]. هەروەها ڤەترکان vetırkan هەیە بە مانای "پێکران". لەوانەیە مەبەست "بە تیر لێدان" بێ و لەم تێڕوانینەوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- ↑ تیر1 tîr.

2- ↑تیرە[2] tîre "خەت، هێڵی تیوان".

ترنجان tırıncan [tırınjan] - "تیوەچوون بە گوشار": خزمە دەگەڵ dringen (G.) و (Nl.)، dringan (OE.) "زۆر بۆ هێنان، بە زۆر تێنان، بە گوشار رێگە کردنەوە بە ناو شتێکدا". ئەم وشە ژێرمەنییانە بە خزم دانراون دەگەڵ drücken (G.)، drucchen (OG.)، drukken (Nl.)، đryccan (OG.) "گوشار دان، زەخت خستنەسەر"، سەر بە ریشەی *(IE.) *ter- > "باد دان". دە زمانی کوردمادیدا دەشگوترێ: "بە جیرە (بە) بادان تێنان" واتا بە زۆر و بە گوشار تێنان.

ترنجۆ tırınco [tırınjo] - "تیخی تیژ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ترنجان tırıncan. ئەم کردارە مانای "چوونە ژووری بە گوشار" دەکا. دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ وێنە دەگوترێ واتا Die Kugel drang ihm ins Herz "گوللەکە دڵی کون کرد".

ترنگ1 tırıng - "پلەو پایە": وەرگیراوە لە thronos (Gr.) "جێی دانیشتن، تەختی فەرمانڕەوا".

ترنگ2 tırıng - "پتە، پڵتۆک": دە فارسیدا تلنگر telenger (P.). لەوانەیە خزمایەتی هەبێ دەگەڵ ↑ترنجان tırıncan "تیوەچوون بە گوشار". "ترنجان" و وشە خزمەکانی دە زمانە ژێرمەنییەکاندا چەمکی"زەخت، گوشار، پاڵەپەستۆ" دەگرنە خۆ و ئەم چەمکەش پێوەندی بە پتە و زەبرەوە هەیە. لەم تێڕوانینەوە "ترنگ" دەتوانێ دە بنەڕەتدا بە مانای "پاڵ، گوشار" بووبێ.

ترنوسقاو tırnusqaw [tırnusqāw] - "چەورایی سەر شۆرباو": چڕنوسقاو çırnusqaw یش دەگوترێ. کەرتی تر -tır جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑تۆڵ tol "توند، سفت ".

2- ریشەی *(IE.)*dher- > "راگرتن، وەستاندن". لەم مانایەوە پاشان ماناکانی "خۆگرتوو، سفت، ڕەق و هیشک" سەریان هەڵداوە [بڕوانە ترس2 tırs "هیشک" و ترفاڵ "تڵتە"].

کەرتی دووەمی وشەکە، واتا نووسقاو -nusqaw جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑نووسان nusan [پێکەوە نووسان].

تروسکە tıruske [tıruska] - "تیشک": تریسکە tırîske ش دەگوترێ. تروس/ تریس + کە tırîs / tırus + ke. بنەوشەکە شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تیرێژ tîrej و خزمیشە دەگەڵ ↑درەوشانەوە dırewşanewe.

ترومپا tırumpa [tırumpā] - "ئامرازی ئاو لە بیر دەرخستن": تلمبە tolombe (P.). مەبەست لە وشەکە دەبێ دە ئەسڵدا "لوولە، لوولک" بێ، خزمە یان دەچێتەوە سەر trompe (OFr.) "ترۆمپێت، زوڕنا". ئەم وشەیەی زمانی فەرانسەیی خزمە دەگەڵ Trommel (G.) ، trumba (OG.) "تەپڵ". دە بنەڕەتدا بە جۆرەتەپڵێک گوتراوە کە قەوارەیەکی لوولەیی یان ئوستووانەیی [وەردێنەیی] هەبووە کە هەدووک لای کەوڵی گوێلکی بەسەردا کێشراوە. Trommel دە زمانی ئەمڕۆی ئەڵمانیدا هەروەها بەم مانایانە بەکار دێ: تیکەیەک لە دەزگا یان ئامرازێک کە شێوەیەکی وەردێنەیی هەبێ، دەفرێک کە شێوەیەکی ئوستووانەیی هەبێ. دە ئەڵمانی ناویندا trumbel (MG.) بەکار هاتووە. وشەی ↑ترۆمبێڵ tırombêl "ماشێن، سەیارە" دەشێ و رەنگە دە بنەڕەتدا

ئاماژە بە "سیلەندر"ی ماشێن کرابێ. ریشەی ئەم وشەیە لاسا کردنەوەی دەنگێ دیاری کراوە. خاڵێکی دیکەی سەرنجراکێش ئەوەیە کە دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑تولوم tulum بە مانای "تەپەڵ" هەیە کە دەگەڵ وشە ئەڵمانییەکانی سەرەوە بە مانای "تەپڵ" رێک دەکەوێ.

تروشکان tırûşkan *[tırūškān]* - "لەسەر چینچک دانیشتن": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ driusan (Gt.) و dreosan (OE.) "کەوتن"، drūsian (OE.) "نەوی بوون، چوونەخوار، لەهێز کەوتن، داکەوتن". لەوانەیە وشەی↑ تروکان [ی چاو] tırukan یش دە بنچینەدا بە مانای "داکەوتنی پێلووی چاو" هاتبێ. هەروەها دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑درۆزە dıroze "گەدایی".

تروکان tırukan *[tırūkān]* - "لێکنانی چاو":

1- لەلایەکەوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑تروشکان tırûşkan.

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین هەڵیسەنگینین دەگەڵ drücken (G.)، drucchen (OG.)، drukken (Nl.)، đryccan (OG.) "گوشار دان". لەم تیرۆانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تلان tılan و سەر بە ریشەیەک بە مانای"سووران، با دان".

تروکاندن tırukandın *[tırūkāndın]* - "شکاندنی توێکڵە تۆو بە ددان":

1- لەوانەیە هەروەک ↑دەرز derız و ↑درِاندن dırandın و هێندێک وشەی دیکە بچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درِاندن، لێک جیا کردنەوە، قەڵشاندن".

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ drücken (G.)، drucchen (OG.)، drukken (Nl.)، đryccan (OG.) "گوشار دان". چ

تروکە tıruke *[tırūka]* - "روناکی بە ئاستەمی ئاگر و چرا": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تروسکە tıruske "تیشک" و ↑تیرێژ *tîrej*.

ترۆ tıro - ترۆ کردن واتا "دەرکردن بە سووکایەتی". خزمە دەگەڵ ↑تەرە tere "دوورخراو، دەرکراو".

ترۆپک tıropk - "دوند، لووتکە": چڵۆپک çılopk یش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ straff (G.) "شەق، لەبەریەک کێشراوە"، strabben (MG.) "لەبەریەک کێشانەوە"، streben (G.) "هەوڵ و تەقەلای زۆر دان"، streben (OG.) "هەڵکشان، لەبەر یەک کێشرانەوە". دە وشە کوردمادییەکەدا فۆنیمی s سواوەتەوە. ئەم وشەیە هەروەها هەڵسەنگینە دەگەڵ ↑زراڤ zırav "باریک و بڵند". هەروەها بەرهەڤی بکە دەگەڵ ↑تلۆڤە tılove "قەڵاقووچکە".

ترۆزی tırozî *[tırozī]* - "خیارچەمبەر، چەمیلە": ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ter- >*** "سووڕاندن، با دان" . دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە وەک ↑تلاندن tılandın، ↑ترتڕە tırtıre. هەروەها دەتوانین دەگەڵ torquere (L.) "سووڕاندن، با دان" هەڵیسەنگینین. لەو باوەڕە دام وشە لاتینییەکەش هەر لەم ریشەیەوە هاتبێ.

ترۆقان tıroqan *[tıroqān]* - "تۆقین": شێوەی پێشووتری ↑تۆقین toqîn. [دە وشەی "تۆقین"دا فۆنیمی r سواوەتەوە].

ترۆمبێڵ tırombêl *[tırumbel]* - "ماشێن، سەیارە": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑ترومپا tırumpa.

ترەختان tırextan *[tıraxtān]* - "چوارناڵە": خزمە دەگەڵ ↑تراتات tırat و تراتین tıraten.

ترەکین tırekîn *[tırakīn]* - "درز بردن، قەڵشان، بێچوو هێنانی سەگ": ترک terek (P.) واتا "درز، قەڵش". وشەکە خزمە دەگەڵ ↑درز dırız (دەرز) و درِان (↑درِاندن dırandın).

تریاک tıryak *[tıryāk]* - "مادەیەکی سڕکەر": تلیاک tılyak یش دەگوترێ. بەپێی "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 339) وشەکە ریشەی یۆنانی هەیە و ماناکەی دەبێتە "دژەژەهر"، دە لاتینیدا بووەتە thēriacus (L.) و لەوێشەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان و زمانی دیکەشەوە. بنجی وشەکە thēr وەک "ئاژەڵی وەحشی، درِندە" مانا کراوەتەوە و مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێتە "ئەو شتەی لە ئاژەڵی وەحشی بە دەست دێ".

[تێبینی: من بەش بە حاڵی خۆم دڵم زۆر لەم شیکردنەوەیە ئاو ناخواتەوە. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ Droge (G.) و drogue (Fr.) "دەرمان، داو دەرمان" [هەروەها "مادەی سڕکەر"]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ trocken (G.) "هیشک". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە ساخ نەکراوەتەوە. مەبەست لەم وشە ژێرمەنییانە دە بنەڕەتدا "مادە و گژ و گیای هیشککراو" بووە کە وەک داو و دەرمان بەکار هێنراوە].

تریان(ە) tıryan(e) *[tıryāna]* - "قەرتاڵە": ↑تووولینە tulîne و تەریان teryan یش دەگوترێن.

تریت tırît *[tırīt]* - "تیگوشین، نانی دە شۆرباودا تەڕکراو": تڵیت tılît یش دەگوترێ. تریت tarīt (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەر ter و↑تڵیسانەوە tılîsanewe. تریت/ تڵیت بەو نانە دەگوترێ کە دەناو شۆرباودا تەڕ دەکرێ و دەتڵیسێتەوە.

تریسکان tırîskan *[tırīskān]* - "1- دەرپەڕین و تەرە بوون 2- لەبەر چاو ون بوون": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەتریسکان vetırîskan]. خزمە دەگەڵ ↑تەرە tere بوون. کەرتی sk لەناو وشەکەدا ناوگری جەخت کردنە.

تریشقە tırîşqe *[tırīšqe]* - "بروسکە": تریشکە tırîşke ش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکەیە لە تریسکە/ ↑تروسکە tırîske /tıruske.

تریفە1 tırîfe *[tırīfa]* - "تیشک (ی مانگ)": خزمە دەگەڵ streif(en) (G.)، stripe (MNl.) "خەت، نەوار، تیرە" [بە گشتی شتی باریک و درێژووکە]، strib (OIr.) "هێڵ، نەوار، تیشک " [فۆتیمی s دە وشە کوردماددییەکەدا سواوەتەوە]. دە سەردەمانی بەرێدا مرۆڤ وای بیر کردۆتەوە کە تیشک لە هێڵ و تیرۆکەی باریک پێک هاتووە یان بەهۆی ئەو تیرۆکانەوە بەملا و ئەولادا بڵاو دەبێتەوە. خزمە دەگەڵ ↑درەوشانەوە (dırewşan(ewe، ↑ئەستێرە astere [e-stere]، ↑ئەسترین estrîn [e-sıtrîn، سترین]، ↑تراشین tıraşîn و چەندین وشەی دیکە.

تریفە2 tırîfe *[tırīfa]* - "لوو لەناو گۆشتدا، نەخۆشییەکی رەشەەڵاخە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ derb (G.)، derp (OG.)، đeorf (OE.)، Þjarfr (OIs.) "سفت، رەق، پتەو، زبر، چیڕ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)terp- >*** "سفت بوون". ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی ***(IE.) *(s)ter- >*** "سەخت، چیڕ، رەق". خزمە دەگەڵ ↑چیڕ çîr و چەندین وشەی دیکە.

تریقە tırîqe *[tırīqa]* - "دەنگی پێکەنینی بەرز": خزمە دەگەڵ ↑تڕ tır [دە بنچینەدا واتا دەنگی توند].

تریکە tırîke *[tırīka]* - "زریکە، قیژە": خزمە دەگەڵ ↑تریقە tırîqe.

ترینە tırîne *[tırîna]* - "دۆڵاش": هەروەک چۆن "دۆڵاش" پێوەندی بە "دۆڵ"ەوە هەیە، وێ دەچێ "ترینە"ش پێوەندی بە ↑دەرە dere وە هەبێ [دۆڵ و دەڕە].

ترێ tıre *[tıre]* - "هەنگۆر": ترە tıre ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Traube (G.) "ترێ". ریشەی وشە ئاڵمانییەکە بە دڵنیاییەوە ساخ نەکراوەتەوە. دە هێندێک دیالێکتی کۆن و نوێی زمانی ئاڵمانیدا وشەی لە چەشنی trauppen بەمانای "حەشیمەت، هێشوو، کۆگا" هەیە و گومان دەکرێ وشە ئاڵمانییەکان پێکەوە هاوریشە بن.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا Truppe (G.) هەیە بە مانای "لەشکر، قۆشەن" (ژمارەیەکی زۆر سپایی). ئەم وشەیە لە زمانی فەرانسەیی - troupe (Fr.) - وەرگیراوە و ریشەکەی ساخ نەکراوەتەوە. وێ دەچێ ئەم وشەیەش پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەبێ. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی هێشوو hêşû - خوشە xūše (P.) - و قۆشەن qoşen - قشون qošūn (P.) - دە زمانی کوردماددیدا کە هەر دووکیان لە ریشەیەکەوە هاتوون].

تزان tızan *[tızān]* - "دەرکەوتن یان کۆ بوونەوەی تەڕایی لە شوێنێکدا": [بۆ وێنە دەگوترێ: دەستم خوێنی تی ˇتزاوە، فرمێسک لە چاوم تزا]. هەروەها دە زمانی کوردماددیدا ئاوەدز awedız بوون هەیە بە مانای کۆ بوونەوەی تەڕایی دەناو برینداا. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ziehen (G.)، ziohan (OG.)، tiuhan (Gt.)، tēon (OE.)، ducere (L.) "کێشان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *deuk- >*** "کێشان، راکێشان". مەبەست لە تزان یان "دزین"ی تەڕایی "کێشان"ی تەڕاییە و پێوەندی بە "دزین"ی ماڵ و نەوت و سامانی خەڵکەوە نییە. دە زمانی کوردماددیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆق toq و دە زمانانی دیکەشدا دەگەڵ چەندین وشە لەوانە Zug (G.) "قەتار"، Herzog

(.G) "دۆک، گراف" [دەبنەڕەتدا: سەرلەشکر، *راکێشەری* لەشکر]، Dusche (.G) "دووشی گەرماو" [راکێشەری ئاو] و هتد. ئەم وشەی دوایی لە زمانی فەرانسی وەرگیراوە و ریشەی لاتینی هەیە.

تس tıs - "بای سک": دە فارسیدا چس čos (.P). خزمە دەگەڵ ↑تۆز toz و گەڵێک وشەی دیکە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک کە ئاماژە دەکا بە هێندێک مانای وەک "تەپ و تۆز، دووکەڵ، هاڵاو، با، هەناسە". لەم بارەوە بۆ وێنە هەڵی سەنگینە دەگەڵ duša (.Aslaw) "هەناسە".

تسقل tısqıl - "قسقل، گزگل": کەرتەوشەی قل qıl یان گل gıl خزمە دەگەڵ ↑گلە gıle "دەنک، خڕێکی بچووک". دە وشەی "قسقل، گزگل"دا کەرتی یەکەمی وشەکە ئاماژە بە "چکۆڵە و ورد بوون" دەکا. بەم پێیە دەشی کەرتی تس پێوەندی بە ↑تازە taze ەوە هەبێ. ئەم وشەیەش دەشێ دە بنەڕەتدا ئاماژە بە پێکهاتوویەک بکا کە نها رسکاوە، نوێیە و هەر بۆیەش چکۆڵەیە، واتا وشەکە دە بنەڕەتدا مانای "چکۆڵە، نوێ رسکاو" بووە و لەمەوە مانای "تازە، نوێ" پەیدا بووە.

تسیان tısyan [*tısyān*] - دەگەڵ پێشگری "دا" دێ [↑داتسیان datısyan واتا داهاتن (ی نیزیک بە رووخان، دیوارەکە داتسیاگە]. خزمە دەگەڵ چەند وشە کە ئاماژە بە لای خوارەوە، نەوی بوون، تەخت بوون دەکەن، وەک پێشگری ↑*دا- da*، ↑تەشک teşk [تەشک و داوێن] و هتد.

تشت tışt [*tıšt*] - "کەلوپەل، بابەت، دۆز، کاروبار": دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا دەبێتە ↑شت şıt. دە زمانی فارسیدا چیز čiz (.P). خزمە دەگەڵ Sache (.G)، sahha (.OG)، zakk (.Nl)، sacu (.OE)، sak (.Sw) "تشت". ئەم وشە ژێرمەنییە دە بنەڕەتدا بە "تشت" ێکی تایبەتی گوتراوە، بە تشتێک کە بابەتی کێشەلەسەر و چەمکێکی دادوەری بووە، واتا بەو تشتە یان دۆزە گوتراوە کە بەدوادا چوونی بۆ کراوە، لێی کۆڵدراوەتە، دۆزینەوەی لەسەر کراوە. دواتر وشەکە مانایەکی گشتی وەرگرتووە و هەر وەک "تشت"ی کوردمادی بەکار هاتووە. وشەژێرمەنییەکان خزمن دەگەڵ ↑*دۆزین dozîn* دە زمانی کوردمادیدا. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑سەچتین seçtîn "پشکنین"، ↑سکاڵا sıkala "داد بردن، بەرز کردنەوەی کێشە" پێوەندیان بە وشەکانی سەروە هەیە. وشەی ↑دۆسیە dosîye دەبێ وشەیەکی کوردمادی بێ و پێوەندی بە ↑دۆزین dozîn ەوە هەیە. تشت tışt شێوەیەکی کۆنترە لە دۆز doz، واتا ئەم دوو وشەیە و هەروەها دۆسیە dosîye دە بنەڕەتدا هەر یەکن. دیسان بەراوردێک بکە دەتیوان وشەکانی تشت tışt، چیز čiz (.P)، دۆز doz، دۆزین dozîn، دۆسیە dosîye، سکاڵا sıkala، سەچتین seçtîn و هتد.

تف tıf 1 - "ئاوی دەم": هەروەها وشەکانی تفین tıfîn و تفانەوە tıfan(ewe) ش وەک کردار بەکار دێن. خزمە دەگەڵ ↑تاوانەوە tawanewe "توانەوە، بوونە تراو، حەل بوون".

تف tıf 2 - "ئاگر، فەندەک": بڕوانە ↑تفک tıfık "کوانوو، ئاگردان".

تفاق tıfaq 1 [*tıfāq*] - "1- چەک 2- ئامراز، کەرەستە": زۆر جار دەگەڵ "چەک" دێ: چەک و تفاق çek û tıfaq. شێوەیەکی دیکەیە لە تفەک tıfek و ↑*تفەنگ tıfeng*، سەر بە کردار و ریشەیەک بە مانای "لێدان".

[تێبینی: مانای "ئامراز، کەرەستە" لە مانای یەکەمەوە سەرچاوەی گرتووە، واتا سەرەتا مەبەست ئامراز و کەرەستەی شەڕ بووە و لەمەوە مانای کەرەستە بەگشتی سەرچاوەی گرتووە. پێوەندییەکی لەم جۆرە دەتیوان دوو وشەی عەڕەبی "جیاز" و "جیش"یشدا دەبینرێ کە هەردووکیان ریشەکەیان بۆ زمانی کوردمادی دەگەڕێتەوە].

تفاق tıfaq 2 [*tıfāq*] - "1- کا و گیای ماڵات بۆ زستان 2- ئازووقە": وەک لەژێر وشەکانی "لەوەڕ" و "ئاڵف"دا باس کراوە، ئەم دوو وشەیە کە بە یەکەوە خزمن، بۆ ریشەیەک دەگەڕێنەوە بە مانای "پچڕینەوە، لێکردنەوە، داڕنین، بڕین(ەوە)". مەبەست لە "لەوەڕ" و "ئاڵف" گژ و گیایەک بووە کە دەپچڕێندرێ، دادەڕندرێ و لێ دەکرێتەوە. هەر بەم پێوانەیە ئەگەر سەیری وشەی "تفاق" بکەین، دەردەکەوێ کە ئەمەش پێوەندی بە بنجی تەپ -tep "لێدان"ەوە هەیە. لەم بارەوە بەتایبەتی هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەپان tepan "تێلای گەڵا کوتان"،

↑تەور tewır [تبر tabar (P.)]، ↑تەپشۆ tepşo [تەوشوێ، تەشوێ] و هەروەها ژمارەیەک وشەی دیکە لەژێر ↑تەپ[4] tep دا. مانای "ئازووقە" لە مانای یەکەمەوە پەرەی گرتووە.

تفت tıft - دەگەڵ تاڵ دێ [تفت و تاڵ tıft û tal واتا تامی توند]. خزمە دەگەڵ ↑تاو2 taw "هەتاو". مەبەست تامێکی "سووتێنەر"ە.

تفسک tıfsık *[tıfsık]* - "هەنجیرە کێویلە": خزمە دەگەڵ تفی tıfî [↑توو tu].

تفقی tıfqî *[tıfqī]* - "قەڵەو، پڕگۆشت": خزمە دەگەڵ ↑تفسک tıfsık "هەنجیرە کێویلە"، تفی tıfî [↑توو tu]، دواتر ↑تاپاز tapaz "زەبەلاح" و ↑*توانین tuwanın* "بە هێز بوون".

تفک tıfık - "کوانوو، ئاگردان": هەروەها ↑تەفایە tefaye هەیە بە مانای "مەنقەڵی". خزمن دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑تاو[2] taw "هەتاو"دا باس کراون.

تفنک tıfınk - "لووت، دفن، کەپۆ": تونک tunık یش دەگوترێ، شێوەیەکی دیکە لە ↑دفن dıfın، سەر بە ریشەیەکە کە مانای "قووڵایی، قوڵکە" دەدا و دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک" و هێندێک وشەی لەم چەشنە یەک دەگرێتەوە.

[تێبینی: شیاوی باسە کە وشەی "کەپۆ"ش دەچێتەوە سەر ریشەیەکی دیکە کە ئەویش هەر مانای "قوڵکە، قووڵایی" دەدا].

تفەنگ tıfeng *[tıfang]* - "ئامێری گولەهاوێژ": تفەک tıfek یش دەگوترێ. تفنگ tofang (P.). هەروەها ↑دەمانچە demançe هەیە بە مانای "گولەهاوێژی بچووک" [کەرتی "چە" پاشگری گچکاندن؟]. وشەکە دە فارسیدا تەپانچە tapānče یە. بنجی ئەم وشانە تەپ[4] *tep* ە بە مانای "لێدان" کە دە گەڵێک وشەی کوردمادیدا خۆی دەبینێتەوە، وەک ↑تەپان tepan "تێڵای گەڵا کوتان"، ↑تەپاندن tepandn "کوتان بە لاق"، ↑تەپ tep دان "پەلامار دان"، ↑دەبان deb(b)an [خەنجەری دەبان]، ↑تاپڕ tapır "تفەنگی راو" و هتد. بۆ زانیاری زۆرتر هەروەها بڕوانە ↑تۆپ top. فۆنیمی p یان b دە وشەی "دەمانچە"دا گۆڕاوە و بووەتە m.

تفنک tıfınık - شێوەیەکی کۆنتر لە ↑توانج tuwanc "تانە و تەشەر".

تڤیلک tıvîlık *[tıvīlık]* - "کۆترەباریکە": تڤیرک tıvîrık ش دەگوترێ. بنەوشەی تڤی -tıvî خزمە دەگەڵ Taube (G.)، tūba (OG.)، dove (E.)، duva (Sw.) "کۆتر". وشەکە دە بنچینەدا ئاماژەیە بە رەنگی بۆر یان ئاماڵ رەشی پەڕەوڵەکە و خزمە دەگەڵ ↑تۆز toz، ↑تووماڵ tuman و ↑دووکەڵ dukel و هتد.

تکا tıka *[tıkā]* - "خواهیش کردن، پاڕانەوە": خزمە دەگەڵ ↑تووک tuk "دووعا و پاڕانەوە".

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیشدا هەردووک وشەی beten "دووعا کردن" و bitten "تکا کردن" لە یەک ریشەوە دێن].

تکان tıkan *[tıkān]* - "چۆڕان، دڵۆپە کردن": دە فارسیدا چکیدن čekīdan (P.). خزمە دەگەڵ siekern (G.) و sicerian (OE.) "تکان، دەڵاندن"، seihen (G.)، sihan (OG.)، sion (OE.)، sia (OIs.) "پاڵاوتن، چۆراندنەوە"، سەر بە ریشەی *(IE.) *sei- > "تکانەوە، چۆڕان".

تل1 tıl - "خول، سووڕ": ↑تلان tıland.

تل2 tıl - "ورکَ": دەشێ دە بنچینەدا بە "ریخۆڵە" گوترابێ. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑ترترۆک tırtırok "پارچەیەک لە ریخۆڵە". خزمە دەگەڵ ↑*تلان tılan "سووڕان"* و Darm (G.) "ریخۆڵە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووڕان، با دران".

تلاسان tılasan *[tılāsān]* - "لەرێگە کلا بوون": خزمە دەگەڵ ↑تڵان tılan و تڵاندن سەر بەریشەیەک بە مانای "سووڕان". تلاسان بەر دانی رێگە و"با دانەوە" بە لایەکدایە. هەروەها ↑تراسکە tıraske هەیە بە مانای "لە رێ لا دانی بارەبەر"

تلان tılan *[tılān]* - "سووڕان، گەوزان": تڵین tılîn ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ drehen (G.)، draaien (Nl.)، drawan (OE.) "سووڕاندن" سەر بە ریشەی *(IE.) *ter- > "سووڕاندن، پریواندن، سمین". terere (L.) "سووڕاندن" و tornos (Gr.) "پەرگار، تەوەرە" دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە. دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە

لەم خێزانەدا جێ دەگرن وەک: ↑تڕتڕە tırtıre، ↑تروزی tırozî، ↑تەرسە terse "پێچەوانە، وەرسووڕاو"، ↑تراز tıraz "جەر و مەنگەنە"، ↑تلاسان tılasan "لە رێگە کلا بوون"، ↑تراسکە tıraske "لە رێ لادانی بارەبەر"، ↑دولاب dulab "1- چەرخی ئاوکێشان 2- خەرەک 3- تۆپی ئاش"، ↑دۆڵ dol 2 "1-خلۆر، گلۆر 2- گاسنی سەر چەماو" و هتد.

تڵپە tılpe [*tılpa*] - "تڵتە، خڵت و خاڵ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ trüb (G.)، droef (Nl.)، drof (OE.) "لێڵ، شلوێ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dher- >*** "تڵتە، خڵتە و خاڵ".

تڵتە tılte [*tılta*] - "تڵپە": خزمە دەگەڵ درد dord (P.) "تڵتە، خڵتە". لەوانەیە دە گەڵ ↑تڵپە tılpe بچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەیەکی هاوشێوە دەبیندرێ، وەک dreg (E.) [پێشتر: dredges]، dreggjar (ON.) "تڵتەی شەراب" [ئەم وشەی دوایی لە "دۆخی کۆ"دایە]. ریشەی ئەم وشەیە باس نەکراوە. لەوانەی پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەبێ.

تڵژین tıljîn [*tılžīn*] - "هەڵبژاردە": هەروەها تڵ tıl هەیە بە مانای "هەڵبژاردە". لەوانەیە "تڵژین" دە بنەڕەتدا چاوکێ بووبی و دەگەڵ ↑تڵیشاندن tılîşandın و هێندێک وشە بە مانای "(لێک) جیا کردنەوە". [بنجی "بژار" یان "وەژار"یش لە وشەکانی هەڵبژاردن و هەڵوەژاردندا ئاماژە هەر بەم مانایە دەکا. شتێک یان کەسێکی هەڵبژاردە لە راستیدا لە ئەوانی دیکە جیا کراوەتەوە].

تڵۆڤە tılove [*tılova*] - "بەسەر یەکدا هەڵچنراو، قەڵاقووچکە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ترۆپک tıropk "دوند، لووتکە".

تڵۆق tıloq - "بلۆق": خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە ئاماژە بە "ماسین، ئەستوور بوون، بە هێز بوون" دەکەن، وەک ↑تلی tılî، ↑تبل tıbıl "قامک"، ↑دومەڵ dumel و ↑*توانین tuwanîn*. جێی ئاماژەیە کە وشەی "بلۆق"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ماسین، با کران".

تللۆر tıllor - تللور بوونەوە واتا "گلۆر بوونەوە، تل خواردن". خزمە دەگەڵ ↑تلان tılan.

تلۆل tılol - "قوڕ و چڵپاو، لیتە": هەروەها ↑تلۆلۆک tılolok هەیە بە مانای "هەڵوا بە ئاردی برینج". دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *dher- >*** "تڵپە، تڵتە، خڵتە" و خزم بێ دەگەڵ ↑تڕفاڵ tırfal [↑تڵپە tılpe].

تلۆلۆک tılolok - "هەڵوا بە ئاردی برینج": خزمە دەگەڵ ↑تلۆل tılol "قوڕ و چڵپاو، لیتە".

تڵ(ە) tıl(e) [*tıl(a)*] - "1- سووتانەوەی برین 2- گرپە و بڵیسەی ئاگر": [تڵەتڵی tıletıl ئاگر]. بە هەر دوو ماناوە پێوەندی هەیە بە ↑تڵەکاندن tılekandın "تەکان دانی توند". گرپە و بڵیسەی ئاگر شتێکە لە راتڵەکاندایە و هەروەها برینی قووڵ و تازەش خۆی رادەتڵەکێنی، واتا چڵان دەدا.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی "برین" و "راتڵەکان" بەرهەڤی بکە دەگەڵ وشەی "ژان". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ "ژەنین" و "ژەندن" و مانای "لێدان، لێکدان" دەبەخشێ. ژان ئێشێکی تایبەتییە، واتا ئەو ئێشەیە کە بە دوای یەکدا لێ دەدا و دەچڵەکێ].

تڵەکاندن tılekandın [*tılakāndın*] - " راتڵەکاندن واتا تەکان دانی توند": شێوەیەکی دیکە لە چڵەکاندن çılekandın [↑چەڵەکین çılekîn "ڕاچڵەکین"].

تلیا tılya [*tılyā*] - "ئاسوودە، راحەت": خزمە دەگەڵ ↑تڵین tılîn "هێشتن، هێڵان".

تلی tılî [*tılī*] - "قامک": هەروەها تلەک tılek هەیە بە مانای "قامکەوانە". خزمە دەگەڵ Dolle (G.) و thole (E.) "داری سەوڵ پێ ڕاگرتن" و týlos (Gr.) "قیتکە، داردەست، مێخ" و هەروەها دەگەڵ ↑تبل tıbıl "قامک".

تلیت tılît [*tılīt*] - "تیکوشین": ↑تریت tırît.

تڵیسانەوە tılîsanewe [*tılīsānawa*] - "زۆر تەر بوون": خزمە دەگەڵ ↑تەر ter. [تڵ + یس + ان + ەوە]. کەرتی "تڵ" شێوەیەکی دیکەیە لە "تەر". کەرتی "ئیس" îs لێرەدا وەک ناوگر دێتە کایەوە و خزمە دەگەڵ پاشگری↑ ئۆز oz- و هاوشێوەکانی کە دە گەلێک وشەی کوردمادیدا وەک پاشگری جەخت کردن خۆ نیشان دەدەن، وەک ئاڵۆز، بزۆز، تەکووز، چلێس، چکۆس، قڕنیس و هتد.

تڵیشان tılîşan [*tılīšān*] - "درِان": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ریشەی < ***(IE.) *del(ə)-*** "قەڵشاندن، هەڵقەندن (لەسەر دار و بەرد)، لەت کردن، کوتان". هێندێک وشە دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا لەم ریشەوە پەیدا بوون، وەک dāláyati (OIn.) "دەقەڵشێنێ"، dolare (L.) "کوتان"، dilti (Lit.) "سوانەوە، هەڵکِران"، tal (Armen.) "شەقڵ، مۆر" [هەڵکەندراوی].

2- ریشەی ***(IE.) *dail-*** "لەت کردن، بەش کردن". ئەم وشانەی خوارەوە سەر بەم ریشەیەن: teilen (G.)، deal (E.)، da lan (OE.)، dailjan (Gt.) "لەت کردن، بەش کردن". دە کتیبە ئیتیمۆلۆژییەکاندا چ ئاماژەیەک بەوە نەکراوە کە پێوەندییەک لە نێوان ئەم دوو ریشەیەدا هەبێ. بەڵام لەوانەیە کە ئەو دوو ریشەیە پێوەندییان بە یەکەوە هەبێ و دە بنەڕەتدا هەر یەک ریشە بن. لەوانەیە ↑تۆل tol دان "وێران کردن" هەر لەم چوارچێوەیەدا جێگەی لێکدانەوە بێ.

3- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ dreschen (G.)، thrash (E.)، tröska (Sw.) "کوتانی چەڵتووک و دەخڵ ودان" [بۆ قەڵشاندنی توێکڵ و دەرخستنی دانەکە]، su-treškinti (Lit.) "لەت کردن بە لێدان"، tresk (Rus.) "قرچە لێ هاتن". باس لەوە دەکرێ کە لەوانەیە ریشەی ئەم وشانە بۆ لاسا کردنەوەی دەنگ بگەڕێتەوە.

تڵین tılîn [*tılīn*] - "1- هێشتن، هێڵان 2- خەڵتان بوون، تیوە گلان": تلیان tılyan یش دەگوترێ. ئەم مانایانە بە چەند قۆناخێک دروست بوون. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑*تلان tılan* "سووڕان، گەوزان، با دران" [تڵین tılîn یش دەگوترێ]، ↑تیل tîl "خوار، بادراو"، ↑تلۆر tılor "گلۆر، خلۆر"، ↑تلاسان tılasan "لە رێگە کلا بوون"، ↑دولاب dulab "1- چەرخی ئاوکێشان 2- خەڕەک 3- تۆپی ئاش"، ↑دۆڵ dol "1-خلۆر، گلۆر 2- گاسنی سەر چەماو" و هتد. پاشان لە مانای "تللۆر بوونەوە، خللۆر بوونەوە" مانای "خلیسکان، جاڵە بوونەوە"، واتا خوشیتیکی خیرا و هاسان بەسەر هەردا پەیدا بووە. جێی ئاماژەیە کە وشەی "تلۆر" دەگەڵ "جاڵە، گلۆر" بە یەک مانا دێ و ئەمەش نیزیک بوون و هاوشێوەیی ئەم دوو چەمکە نیشان دەدا. ئەمە لە کاتێک دایە کە "تلۆر" دە بنەڕەتدا مانای "تلخواردوو، تلدراو" دەبەخشێ و "جاڵە و گلۆر"یش دە بنەڕەتدا مانای "خلیسکان" و خزمیشن دەگەڵ خلیسکان. ئەوجار لە مانای "خلیسکان"ەوە مانای "کەوتن" پەیدا بووە. پێوەندی ئەم دوو چەمکە و دروست بوونی مانای تازەی کەوتن دە وشەی "گلان"دا بە باشی خۆی نیشان دەدا. ئەم وشەیە خۆی خزمە دەگەڵ "جاڵە، خلیسکان، خللۆر"، کەچی مانای "کەوتن"یشی وەرگرتووە. دە کوردواریدا دەبێژن "سوار تا نەگلێ، نابێتە سوار، یان سوار تا نەکەوێ، نابێتە سوار". دە بنەڕەتدا مەبەست لە "گلان"ی سوار خلیسکان و خلوۆر بوونەوە لەسەر پشتی ئەسپ بووە و دواتر ماناکە بووەتە "کەوتن". دواتر دیسان مانایەکی دیکە پەیدا بووە و ئەمەش بریتییە لە "هێشتن". وشەی "هێشتن" خۆی دە پێوەندی دەگەڵ وشەی "خستن"دایە و ئەمە نیشان دەدا کە چەمکەکانی "کەوتن، خستن" پێوەندییان بە "هێشتن، هێڵان"ەوە هەیە. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە مانای وشەی "تلین" [تلیان] رەوتێکی چەندقۆناخی پەرەسەندنی تێپەڕ کردووە، بەم جوارەی خوارەوە: سووڕان، گەوزان، تڵۆر بوونەوە ← خلیسکان، جاڵە بوونەوە ← رەت بردن، کەوتن ← هێشتن، هێڵان [سەبارەت بە خزمایەتی دوو وشەی خستن و هێشتن بڕوانە "هێشتن"]. وەک لە سەرەوە دەبینرێ "تلین" هەروەها مانای خەڵتان بوون، تیوەگلان"یش دەبەخشێ. ئەم مانایەش دەگەڵ شیرۆڤەکەی سەرەوە یەک دەگرێتەوە. دە بنەڕەتدا مەتەست لە "تلانەوە، تیوەگلان" ئەوە بووە کە مرۆڤ کەوتووەتە بار و دۆخێکی ناخۆش و تیدا تل دەخوا، وەک چۆن کەسێکی گوللەلێدراو دە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ یان منداڵ دەناو خاک و خۆڵدا دەگەوزن و تل دەخۆن. ئەم مانایە دە زمانی فارسیدا وەک "اغشتن" مانا کراوەتەوە. سەرنجراکێشە کە ئەم وشە فارسییە خزمە دەگەڵ "خستن" و "هێشتن" و ئەم وشە فارسییەش جارێکی دیکە بۆچوونەکانی سەرەوە پشتراست دەکاتەوە. هەروەها دە زمانی فارسیدا تلو telou (P.) هەیە ["تلوتلو خوردن" واتا "رەت بردن یان رۆیشتنێکی بە لارەلاری کەسێک کە هەر بینا کەوت، وەک کەسێکی زۆر مەست"]. ئەم وشە فارسییە خزمە دەگەڵ "تل خواردن" و وشەکانی سەرەوە. دە زمانی کوردیدا "تل" هەروەها دەگەڵ "تەپ" دێ و دەگوترێ تەپ و ↑تل tep û tıl، واتا "رۆیشتن و کەوتن"، یان ↑تەپەترە tepetıre کە بە زارۆکێک دەگوترێ کە هەر دەڕوا و بەر دەبێتەوە. دەمێتێتەوە بڵێین کە دە زمانی

کوردمادیدا مانایەکی دیکەش پەیدا بووە و ئەمەش بریتییە لە ↑تلیا tılya "ئاسوودە، راحەت". "تلیا" دە بنەڕەتدا مانایەکی هەبووە وەک "تلۆر، رەها، ئازاد، بەردراو، بەرهەڵدا"، واتا شتێک کە نەبەستراوەتەوە، بەرهەڵست و گیر و گرفتی لەپێش نییە و بە کەیفی خۆی بەڕێوەیە. ئا لەم مانایەوە مانای "ئاسوودە، راحەت" سەری هەڵداوە.

[تێبینی: هێندێک لەم پێوەندییانەی سەرەوە لەم وشانەی خوارەوەشدا بە دی دەکەین، کە هەموویان پێکەوە خزمن: lassen (G.) "هێشتن، هێڵان"، لۆژان lojan "1- راکشان، تخێڵ بوون، پاڵ کەفتن 2- راژان، بزووتن بەم لا و ئەو لادا"، لۆژ loj "تەمبەڵ، تخێڵ، داکەوتوو، بەلاداهاتوو"، لۆژە loje "راژان، بزووتن بەم لا و ئەو لادا" (بە لۆژەلۆژ)، laß، lasch (G.) "لۆژ"، late (E.) "درەنگ" [وە دواکەوتوو]، lat (Sw.) "تەپ، تەوەزەل"، lassus (L.) "ماندوو، داهێزاو" و هتد].

تڵینگ tılnîg [*tılīng*] - "تێفەک": دەشێ دە بنەڕەتدا بە مانای "نوارێکی پارچە" بێ و خزم بێ دەگەڵ ↑تیرنج terınc "پەراوێز یاخود کەنارەی کراس و شمەکی دیکە".

تماندن tımandn [*tımāndın*] - "داهێنان، خوارکردنەوە": ↑چەماندن çemandın.

تمتم tımtım - "زەوی رەق و بەردەڵان": ↑تەمتەمان temteman یش دەگوترێ.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا قەڵای دمدم qelay dımdım هەیە کە کاتی خۆی قەڵایەکی زۆر سەخت بووە و خانی لەب زێرین [لەپ زێڕین] لەدژی شاعەباسی سەفەوی دروستی کردبوو. وێ دەچی وشەی دمدم dımdım هەر تمتم tımtım بێ بە مانای "سەخت، ئاستەم، خۆراگر".

تمتمە tımtıme [*tımtıma*] - "نووکەمەزرەقی لە ئاسن": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تمتم tımtım "زەوی رەق و بەردەڵان" و ئاماژە بە رەقایی نووکی مەزرەق بکا.

تنگێلە tıngêle [*tıngela*] - "مەشکەی پڕاوپڕ لە ئاو": پێوەندی هەیە دەگەڵ ریشەی ***(IE.) *ten- >*** "تەنینەوە، درێژ بوونەوە، لەبەر یەک کشانەوە". وشەی تەنین tenîn، دواتر تەژی tejî "پڕ"، ↑تەژە teje "زل، زەبەلاح" و هەروەها ↑تەنگ *teng* پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە. دە زمانی کوردمادیدا بە "زگی زل"یش دەگوترێ ↑تەنگە tenge.

تنووک tınuk [*tınūk*] - دەگەڵ "تاریک" دێ [تاریک و تنووک tarîk û tınûk]، خزمە دەگەڵ dunkel (G.)، tunkal (OG.)، donker (Nl.)، dokkr (OIs.) "تاریک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhem- >*** "هەڵم، دووکەڵ، تەم". دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەم tem و لەوانەشە دەگەڵ ↑تانە tane "پەڵەی سەرچاو".

تنۆک tınok - "دڵۆپ، دە بنچینەدا واتا بڕێکی زۆر کەم، وردەیەک": دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑دینۆک dînok ش دەگوترێ بە مانای "بڕێکی زۆر کەم، تۆزکاڵێک". بنەوشەی تن -tın یان دین -dîn خزمە دەگەڵ tiny (E.) "کەم، تۆزکاڵ". ریشەی ئەم وشە ئینگلیزییە روون نەکراوەتەوە. وێ دەچێ ئەم وشانە پێوەندیان هەبێ بە ↑تەنک tenık و هەروەها ↑تووتا tuna [تەفر و تووتا بوون واتا ورد وخاش بوون].

تنۆکە tınoke [*tınoka*] - "دەرپێی کورت، دەرپێ قوتە": پێوەندی هەیە بە tunica (L.) "پۆشش".

توا tuw [*tuw*] - "پارچەی بڕاوی ناسک لە گۆشت یان چەرم": خزمە دەگەڵ ↑توێ toe "توێخ، توێژ".

توار tuwar [*tuwār*] - شێوەیەکی دیکە لە ↑تووار tur [تەیر و تووار teyır u tur].

توانج tuwanc [*tuwānj*] - "تانە و تەشەر": خزمە دەگەڵ ↑تەوس tews یان تەوزە tewze [تەوس و پللار]. شێوەیەکی دیکەی ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیدا تفنک tıfınık ە. شێوەی کۆنتری ئەم وشانە دەبێ *تەپانک* **tepanık* بووبێ بە مانای "لێدان، کوتان". ئەم شێوە کۆنە نیزیکە لە وشەی ↑دەمانچە demaçne [تپانچە tapānče (P.)] و هەروەها ↑تفەنگ *tıfeng* کە بەهۆیەوە تیر لە کەسێک دەدرێ. سەرنج بدە کە "تیر و توانج" دە کوردمادیدا دەگەڵ یەکتر دێن. دیارە ئەم وشەیە کۆنترە لە دەمانچە وەک ئامرازی شەڕ. دەشێ وشەکە دە کۆندا بە گشتی بە مانای "لێدان" یان "چەک، ئامێری لێدان" بەکار هاتبێ و پاشان کرابێتە ناو بۆ ئامێرێکی تایبەتی شەڕ. لە هەمان کاتدا وشەکە مانا کۆنەکەی خۆی بەردەوام کردووە کە ئەمڕۆ دە زمانی کوردمادیدا بە

شێوەی "توانج" و "تفنک" دەبینرێ و مانای "تانە و تەشەر" *لێدان* دەبەخشێ. لەوانەیە طنز tenz (Arb) لەم وشە کوردماديیە وەرگیرابێ. وشە عەرەبییەکە چ دە شێوە و چ دە مانادا نیزیکی زۆر دەگەڵ وشە کوردماديیەکە نیشان دەدا.

توانین² tuwanîn [*tuwānīn*] - "کارین": خزمە دەگەڵ ↑تاو² taw "هێز، گوڕ"، ↑تاڤگە tavge، ↑تەوژم tewıjım، ↑تابشت tabışt و túmara-h (OIn.) "قەڵەو، بە هێز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *teu-/ *tu-*** "هێز، توان، ماسین، ئەستوور بوون". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑*تبل tıbıl* "قامک".

توتوک tutuk - "شەیپوور": هەروەها تووتەک tutek هەیە بە مانای "تووزەلە" و دودک dudık بە مانای "شمشاڵ". دیارە ئەم وشانە دە بنەڕەتدا هەر یەک وشەن. خزمە دەگەڵ ↑تووڕاندن turandın "فوو کردن بە ئامرازی مۆسیقا دا"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dheu- >*** "دەم، هاڵاو، هەناسە".

توخ tux - "تۆز": پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەیە:

1- ↑تۆز toz.

2- ↑تۆخ tox "تاریک". سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "تۆز" و تاریکی" دەکرێ ئاماژە بە وشەی "مژ" بکەین کە دەگەڵ "مێش" [خۆڵەمێش] خزمە، هەروەها تەو "مەڕی بۆر، خۆڵەمێشی" خزمە دەگەڵ "تۆز".

توخس tuxıs - "سەرکێش، نادەستەمۆ، دەستنامۆ":

1- لە لایەکەوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑تۆسن tosın.

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین دەگەڵ ↑تووش tûş پێکی بگرین بە مانای "بەد، بەدفەر"،

3- هەروەها دەکرێ هەڵیسەنگینین دەگەڵ tuxšak (Pl.) "زیرەک، تێکۆش".

توخم tuxm - "1- تۆم، تۆو 2- رەچەڵەک، نەژاد": تخم toxm (P.). خزمە دەگەڵ Zucht (G.)، tucht (Nl.)، tyht (OE:)، züchten (G.) "نەژاد، نەسل، وەبەر هێنانی ئاژەڵ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ziehen (G.) و tiuhan (Gt.)، togenn (OIs.) "کێشان". پێوەندی ئەم وشانە بە چەمکی "کێشان" بە گوێرەی بۆچوونێک بۆ کێشانی بێچوو لە کاتی زاندا دەگەڕێتەوە. "توخم" خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی کوردمادی وەک ↑*تاقم taqım* [تاخم]، ↑تاخە taxe، ↑تۆق toq و هتد.

تۆخماخ toxmax [*toxmāx*] - "کوتکی سە زل، گۆپاڵ": وشەکە رواڵەتێکی تورکی هەیە، بەڵام دەشی خزم بێ دەگەد ↑تەق teq [تەق تەق لە دەرکەی دا]. زور وشەی کوردمادی هەیە کە تورکێندراون و ئەمەش دەتوانێ یەک لەم وشانە بێ.

تور tur - "ڵالەپەتە، کەسێک زمانی دەگیرێ": تورت turt یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تووڕاندن turandın1 "فوو کردن بە ئامرازی مۆسیقادا"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*dheu- >*** "↑تەم tem، دەم، هاڵاو، هەناسە، فوو". "تێی تووڕینە" ماناکەی دەبێتە "فووی تێبکە". هەروەها ↑تووڕ/ تواڕ tuwar / tur "ئاژەڵی کێوی" دە بنچینەدا بە مانای "هەناسەکێش" واتا گیانلەبەر بووە. کەسێک کە دە قسە کردندا زمانی دەگیرێ، زۆرجار "فوو" لە دەمی دەردەچێن، واتا وەک کەسێک کە دەفیکێنێ.

تورِ tur - "هەلووک": خزمە دەگەڵ ↑دار dar.

توربێن turben [*turben*] - "تووڕەکە": تور + بێن tur + ben. کەرتی تور -tur دە وشەی ↑تووڕەکە tureke شدا دەبینرێ. کەرتێ بێن -ben خزمە دەگەڵ بەن ben / ↑بەند bend. مەبەست لە توربێن دەبێ تووڕەکەیەک بێ کە لە خۆ دەبەسترێ، بە پێچەوانەی تووڕەکەیەک کە بە دەست هەڵدەگیرێ.

تورت1 turt - "شەق و ناسک": ترد tord (P.). خزمە دەگەڵ zart (G.) و (OG.) "تورت و ناسک". دە دیالێکتی باکووری ئەڵمانی ناویندا وشەکە tertel (MG.) بووە.

تورت2 turt - "ڵالەپەتە، کەسێک زمانی دەگیرێ": شێوەیەکی دیکە لە ↑تور tur.

تورنج turınc [*turınj*] - "میوەیەکە لە تیرەی نارنج و پرتەقاڵ": ترنج tırınc یش دەگوترێ. دەشێ بچێتەوە سەر *citrus (L.)* > "لیمۆ". ئەم وشە لاتینییە دە زمانی ئەڵمانیدا بووەتە Zitrone (G.) "لیمۆ".

توشتیر tuştîr [tuštīr] - "بزنی دووساڵە": توێشتیر tuwştîr و چوێشتیر çuwştîr ش دەگوترێ. وێ دەچێ پێک هاتبێ لە دوو کەرتی توو tu [واتا ↑دوو du] + شتیرşıtîr. کەرتی دووەم جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Stier (G.)، steer (E.)، stiur (Gt.) "گا". ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا سەرەتا بە مانای "گوێلک" بەکارهاتووە و خزمە دەگەڵ staora- (Av.) "ئاژەڵی گەورەی ماڵی"، tauros (Gr.)، taurus (L.)، tauras (Lit.) "گا". هەروەها دەشێ ↑وشتر wıştır و ↑دەوار dewar[1] یش هەر لەم چوارچێوەیەدا جێ بگرن.

توشک tuşk - "تۆژ، تۆکڵ": شێوەیەکی لە ↑تۆژ toj و ↑*تۆکڵ tokıl*.

تولانەوە tulanewe [*tulānawa*] - "لەبەر یەک چوون بە کوڵینی زۆر": هەروەها ↑تولخانەوە tulxanewe هەیە کە بە مانای "لەبەریەک چوونی میوەی تەڕ" بەکار دێ. دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑تاوانەوە tawanewe "حەل بوون، لەبەر یەک بڵاو بوون، جاری بوون". لەم تێڕوانینەوە شێوەی کۆنتری وشەکە دەبێ یەکێک لەو وشانەی خوارەوە بووبێ. "تابلانەوە"، "تاولانەوە" یان "تافلانەوە". دواتر ئەم شێوە کۆنە سواوەتەوە و بووەتە "تووڵانەوە". نموونەی سوانەوەی لەم چەشنە دە زمانی کوردمادیدا زۆرە، بۆ وێنە زیواڵ و زۆڵ، گابار و گۆڕ، زەبر و زۆر، زفرین و سووڕان و هتد.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ verdriessen (G.) "ماندوو کردن"، Þrēatian (OE.) "تەنگەتاو کردن، زەخت کردن، لێدان"، Þraut (ON.) "زەحمەت، کێشە"، threat (E.) "گوشار، هەڕەشە"، Þrjōta (OIs.) "ماندوو کردن"، trudare (L.) "پاڵ نان، لێدان"، trudit'sia (Rus.) "زەحمەت کێشان، ماندوو بوون" سەر بە ریشەی < ***(IE.)*treu-d-*** "گوشین، پاڵ نان، زەخت خستنەسەر". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها بە کەسێک کە *هێز و چالاکی* پێویست نیشان نەدا، دەڵێن "ئەوە بۆ خۆت تولاندۆتەوە". لەم تێڕوانینەوە دەتوانێ دە زمانی کوردمادیدا "تولخاندنەوە" یان "تولاندنەوە" سەرەتا بە مانای گوشین و زەخت خستنە سەر بەکار هاتبێ کە ئەمەش دەبێتە مایەی لەبەر یەک چوون و پان و بڵاو بوونەوە.

تولخ tulx [*tulx*] - "رەشی ئاماڵ بۆر، رەشی ئاماڵ زەرد": خزمە دەگەڵ ↑تەڵخ telx و دواتر ↑تاریک tarîk.

تولخانەوە tulxanewe [*tulxānawa*] - "لەبەر یەک چوونی میوەی تەڕ": خزمە دەگەڵ ↑تولانەوە tulanewe.

تولخی tulxî [*tulxī*] - "جۆرە ترێیەکە":

1- یان دەچێتەوە سەر ↑تولخ tulx "رەشی ئاماڵ بۆر، رەشی ئاماڵ زەرد".

2- یانیش لە ↑تولخانەوە tulxanewe وەرگیراوە [ترێیەک کە زوو دەتولخێتەوە؟]

تەلوم tulum - "تەپڵ": خزمە دەگەڵ خزمە دەگەڵ Trommel (G.)، trumba (OG.) "تەپڵ". trompe (OFr.) "ترۆمپێت، زوڕنا" خزمایەتی هەیە دەگەڵ ئەم وشانە. هەروەها خزمە دەگەڵ ترومپا tırumpa "ئامرازی ئاو لە بیر دەرخستن" [تلمبە tolombe (P.)]. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑ترومپا tırumpa.

تولە tule [*tula*] - "بێچووەسەگ": تیلە tîle ش دەگوترێ. تولە tūle (P.). دە دیالێکتی باکووری زمانی ئاڵمانیدا Töle (G.) بە مانای "دیڵەسەگ" بەکارهاتووە. بە بیرو ڕای زمانناسان ئەم وشەیە دەبێ لە ریشەی ئەنگلۆساکسۆنی *tohila-* "تولەسەگ"ەوە هاتبێ. دە ئەڵمانی کۆندا وشەی zoha (OG.) بە مانای "دێڵە سەگ" هاتووە.

تونجک tuncık [*tunjik*] - "کاکۆڵ": خزمە دەگەڵ تانج tanc [دە ئەسڵدا ↑تاج tac].

توند tund - "1-قایم 2- پەیت 3- خێرا 4- بەهێز": تند tond (P.). وەک دەبینین وشەکە بە چەندین مانا بەکار دێ و ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە وشەکە دەبێ دە بنەڕەتدا مانایەکی گشتی هەبووبێ و ئەوەش وای کردبێ کە وشەکە بە چەندین مانای جۆراوجۆر، بەڵام هەر لە چوارچێوەی مانا گشتییەکەدا بەکار بهێنرێ. لەم تێڕوانینەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ intensus (L.) "توند" و intendere (L.) "سفت کێشان(ەوە)" و ئەمیش دەچێتەوە سەر tendere (L.) "لەبەریەک کێشانەوە، تەنینەوە". ئەگەر ئەم شیمانەیە راست بێ، "توند" دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەنین(ەوە) (tenîn(ewe).

[تێبینی: وەک ئاشکرایە لە ئەنجامی کێشان و لەبەریەک کێشانەوەدا گرژی و توندی دروست دەبێ واتا شتەکە دۆخی ئارام، شل یان خاوی خۆی لە دەست دەدا. دە زمانی ئەڵمانیشدا anspannen بەمانای "توند و گرژ کردن" و پێچەوانەکەی entspannen بە مانای "خاو کردنەوە، هێور کردنەوە" بە کار دێ و ئەمانەش دەگەڕێنەوە سەر کرداری spannen بە مانای "تەنین(ەوە)"].

تونگە tunge [*tunga*] - "دەفری مل باریکَ": تنکَ tong (P.). جێ بەراورد کردنە دەگەڵ:

1- tankh (In.) "دەفری ئاو". tank (E.) لەم وشە هیندییە وەرگیراوە.

2- دە زمانی کوردمادی و فارسیدا وشەکە بە دەفرێکی مل باریک دەگوترێ - دەفرێک کە ملی تەنکَ بۆتەوە. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە وشەی ↑تەنکَ tang ەوە.

3- Tonne (G.) < *tunna (L.)* "خومرە".

تونە tune [*tuna*] - "نەماو، نەبوو، نابوود": بڕوانە ↑تووتا tuna [تەفر و تووتا بوون/ تەرت و تووتا بوون. دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا لەجیاتی "نییە" و "نەبوو"ی کوردمادی ناوەڕاست دەگوترێ "تونەیە" و "تونە بوو".

توو tu [*tū*] - "میوەیەکە": تفێ tıfe یش دەگوترێ. تووت tūt (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تبل tıbıl "قامکَ".

تووتان tutan [*tūtān*] - "هەڵتووتەکان": بنەوشەی تووت -tut خزمە دەگەڵ sit (E.)، sitzen (G.)، sitan (Gt.)، sitta (Sw.)، sidet (Rus.) "دانیشتن". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑دانیشتن danîştın، ↑ساتان satan "سمت و ساتان"، ↑سەندەڵی sendelî و هتد.

تووتک tutık [*tūtık*] - "بەچکەسەکَ": خزمە دەگەڵ ↑تووتە tute.

تووتوو tutu [*tūtū*] - "بە تووتووش وەدەست ناکەوێ"، واتا بە هیچ جۆرێک یان هەرگیز وەدەست ناکەوێ. تیتوو tîtu ش دەگوترێ. ئەم وشەیە لەوانەیە ناوێکی کۆن بۆ "خودا" بێ و مەبەست ئەوە بووبێ کە شتەکە ئەوەندە سەختە کە بە خوداش جێ بەجێ نابێ. لەم تیرۆانینەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Zeús (Gr.) "خوای ئاسمان"، deus (L.) "خوا"، deivos (L.) "ئاسمانی"، dyáu-h (OIn.) "ئاسمان"، dídēti (OIn.) "دەدرەوشێتەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*dei- >*** "روونا‌ک بوون، درەوشانەوە، دیارکەوتن".

تووتە tute 1 [*tūta*] - "1- قامکەچکۆلە 2- زێدە گوشت لەچاو یان لە پێلووی چاودا": خزمە دەگەڵ zitze (G.) و tutto (OG.)، titt (OE.) و (Sw.)، titthe (Gr.) "گۆپکەی مەمک". دە زمانی کوردمادیدا ↑چیچە çîçe "گۆپکی مەمک"، ↑چیچیلە çîçîle "نەرمەی گوێ"، ↑چەچە çeçe "دەستی منداڵی چکۆلە" خزمن دەگەڵ تووتە. وەک دەبینین وشەکە دە ئەسڵدا ئاماژە دەکاتە نەرمەگۆشتێکی بچووک یاخود قیتاییەکی بچووک. دە زمانی فارسیدا چچولە čečūle (P.) بە مانای "میتکە" دێ. بنەوشەی تووت -tut / تیت -tît بەگشتی مانای "چکۆلە"ی وەرگرتووە و ئەم مانایە لە هێندێک وشەی دیکەی کوردمادیدا خۆی دەردەخا، وەک ↑تووتک tutık "بێچووی سەکَ" یان ↑تیتل tîtıl لە داستانی "تیتل و بیبل"دا. وشەی تیتل دەچێتەوە سەر "تووتە" یان " تیتە" و بیبل دەچێتەوە سەر "بەبە".

تووتە tute 2 [*tūta*] - "خاڵ، نیشانە":

1- وەک لە سەرەوە باسکرا، تووتە بە مانای گۆپکە یان قیتکە گۆشتێکی چکۆلە دێ. وێ دەچێ هێندێک خاڵی سەر پێست کەوا قووت دەبنەوە و وەک زێدە گوشتێک خۆ دەنوێنن، وای کردبێ کە ئەم وشەیە مانای خاڵ و هەروەها نیشانەش وەربگرێ.

2- لە لایەکی دیکەوە وشەیەکی لاتینی لەم بارەوە سەرنج رادەکێشێ و لەوانەیە وشە کوردماددییەکە پێوەندی بەمەوە هەبێ. دە زمانی لاتیندا titulus (L.) مانای "شەقڵ و نیشانە" دەدا. ریشە؟

تووداڕک tudırk [*tūdırk*] - "جۆرێک تووبە لە پنچکێکی دڕکاوی دەڕوێ": ↑تووو + ↑دڕک dırk + tu.

تور 1 tur [*tūr*] - "جۆرێک لە سەوزی، ترپ": ترب torob (P.). شێوەی ترپ tırp دە زمانی کوردمادیدا دەبێ شێوە کۆنترەکە بێ. ئەم گیایە بنکێکی سفتی هەیە و دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی < ***(s)terp-*** *(IE.)* "سفت بوون". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تریفە[2] tırîfe "لوو لە لەشی وڵاخدا".

تور 2 tur [*tūr*] - دەگەڵ "تەیر" دێ [تەیر و توور teyr u tur]. بە کەسێک کە بابەتەکان تێکەڵ بکا، دەڵێن "تەیر و توور تێکەڵ دەکا". دیارە ئەم " توور"ە چ پێوەندییەکی بە توور [ترب] کە بەرهەمێکی تەرەکارییە، نەداوە، چونکوو تەیر و تواری teyır u twar یشمان هەیە. "توار" شێوەیەکی دیکەیە لە "توور" [تەیر و توارێکی زۆری لێ کۆ بۆتەوە]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Tier (G.)، tior (OG.)، deer (E.)، djur (Sw.). دە زمانی ئەڵمانیدا وشەکە مانای "ئاژەڵ" دەدا، دە ئینگلیزیدا بووەتە "ئاسک، ئاسکەکێوی". وشە ژیرمەنییەکە دە بنەڕەتدا بە "ئاژەڵی وەحشی، ئاژەڵی کێوی" گوتراوە بۆ جیا کردنەوەی لە ئاژەڵی ماڵی و دەبردرێتەوە سەر ریشەی < ***dheu-*** *(IE.)* "هەناسە، رووح" [هەناسە کێش، رووح لەبەر یان جانەوەر]. لەم تێروانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz و↑ دەم dem "هەناسە، هاڵاو، فوو" و ژمارەیەک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا. دە زمانی کوردمادیدا وشەکە بە شێوەی ↑تیروو teru ش دەبیندرێ بە مانای "ئاژەڵی درندە".

[تێبینی: پێوەندی ئیتیمۆلۆژیک لەتیوان چەمکەکانی "دەم، هەناسە، فوو"، "گیان، رووح" و "گیانلەبەر، جانەوەر" لەوەڕا هاتووە کە لە سەردەمانی زوودا هەناسە کێشان وەک نیشانەیەک یان رەنگدانەوەی "رووح و گیان" زاندراوە، واتا کاتێک هەناسەکە نەماوە، وا دەنراوە کە رووحەکە هاتووەتە دەر و لە لەش جیا بۆتەوە. ئەمە وای کردووە کە تەنانەت دوو چەمکی "هەناسە، دەم" و "رووح، گیان" وەک یەک شت چاو لێ بکرێن. ئەم پێوەندییە لەم وشانەی خوارەوەدا بە باشی دەر دەکەوێ: تۆز toz، Dunst (G.) "هەلم و هاڵاو"، tunst (OG.) "گەردەلوول"، dust (E.) "تۆز"، duša (OSlaw.) "هەناسە"، dhū-má-h (OIn.) "دووکەڵ"، thymós (Gr.) "رووح، تارمایی"، tūmōn (OG.) "هاڵاو، دووکەڵ، چڕەچەمان" و هەروەها *تاپۆ* "رووح، تارمایی". هەموو ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***dheu-*** *(IE.)* "دووکەڵ کردن، هەڵم و هاڵاو کردن، هەناسە، با هاتن". شیاوی باسە کە ناوی "مها تما گاندی" بە زمانی هیندی دەبێتە "رووحی مەزن گاندی"). ئەم پێوەندییەی تیوان "هەناسە، دەم، هاڵاو، فوو" و "رووح" وای کردووە کە لە داستانەکانی ئافراندندا رووح وەک هەناسە یان فوویەک بە بەری مرۆڤدا بکرێ].

تووڕ tur [*tūr*] - تووڕ دان یان توور هەڵدان واتا "فڕێ دان": دە بنەڕەتدا ماناکەی "دوور فڕێ دان" بووە، هەروەک چۆن دە فارسیشدا دەگوترێ دور انداختن dūr andāxtan (P.). کەواتە "تووڕ" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑دوور dur.

تووڕان turan [*tūrān*] - "جووتە هاویشتن": لەگەڵ پێشگری "هەڵ" بەکار دێ: هەڵتووڕان helturan یان هەڵتووڕاندن helturandın. خزمە لەگەڵ ↑تووڕە *ture* "قەڵس" و ↑تۆڕ tor "وەحشی".

تووڕاندن 1 turandın [*tūrāndın*] - "فوو کردن بە ئامرازی مۆسیقا دا": دەشێ لە ریشەی < ***dheu-*** *(IE.)* "↑تەم tem، دەم، هاڵاو، هەناسە" وەرگیرابێ. کەوابوو "تیی تووڕێنە" ماناکەی دەبێتە "فووی تیبکە، دەمی پێوە بنێ". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑توور/ توار tuwar / tur "ئاژەڵی کێوی" [دە بنچینەدا: "هەناسەکێش" واتا گیانلەبەر].

تووڕاندن 2 turandın [*tūrāndın*] - "فیڕاندن، بەلەفیڕە گرتن": داتووڕاندن datûrandın یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تڕ[1] tır "با لێبوونەوە بە دەنگی توند". وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژە دەکا بەو دەنگە کە لە کاتی بەلەفیڕەدا دروست دەبێ.

تووركَ turg [*tūrg*] - "چەقەڵ": توێری tuwerî یش دە گوترێ.

1- لەوانەیە لە ریشەی < ***der-*** *(IE.)* "دڕان"ەوە هاتبێ. لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێتە "هەڵدڕ یاخود درندە". دە زمانی پەهلەویدا وشەکە بە شێوەی tōrak بووە.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑توور tur "تەیر و توور".

تووڕه ture *[tūra]* - "قەڵس": خزمە دەگەڵ zorn (G.) و torn (OE.) "تووڕەیی". وشە ژێرمەنییەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *turna- "تووڕەیی"، سەر بە ریشەی *(IE.) *der- > "دڕین". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆڕ tor "وەحشی" و ↑دڕین dırîn و ژمارەیەک وشەی دیکە.

تووڕەکە tureke *[tūraka]* - "کیسە بۆ شت تێدا هەڵگرتن": خزمە دەگەڵ tragen (G.)، tragan (OG.)، draw (E.)، draga (OIs.) "هەڵگرتن، بردن". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە باس نەکراوە. هەروەها ↑تێر ter "کیسەی چنراوی گەورە" لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

[تێبینی: لەباری ماناوە دەتوانین هەڵیسەنگێنین دەگەڵ وشەی فارسی "توبرە" بە مانای تووڕەکە. ئەم وشەیە پێک هاتووە لە دوو کەرتی "تو" و "برە" کە دە بنەڕەتدا ماناکەی دەبێتە "تێدابەر" سەر بە کرداری "بردن". هەروەها دەتوانین هەڵیسەنگێنین دەگەڵ Portemonnaie (G.) "کیف یان کیسەی پووڵ" کە خۆی دەچێتەوە سەر porte-monnaie (Fr.)، پێکهاتوو لە دوو وشەی porte "بردن، هەڵگرتن" و monnaie "پارە، سکە"].

تووز tuz *[tūz]* - "بیچم، قەڵافەت": ئەگەر سەرنجی وشەی "شەقڵ" یان "سەکوت" [سەر و سەکوت] بە مانای "شکڵ، وێنە، شێوە" بدەین، دەبینین کە ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، شکاندن". هەروەها ئەگەر سەرنجی وشەی "تیپ" بدەین بە مانای "چەشن، وێنە" دیسان دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە پێوەندی بە ریشەیەکەوە هەیە بە مانای "لێدان، کوتان". هەروەها ئەگەر چاو لە وشەی "رەدڵ" بکەین [روو و رەدڵ] هەمدیسان دەبینین کە وشەکە پێوەستە بە ریشەیەک بە مانای "رنین، داروشاندن، دڕاندن". بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دەردەکەوێ کە وشەی "تووز" یش خزمە دەگەڵ ↑تاشین taşîn. ئەم پێوەندییانەی سەرەوە لێرەوە سەرچاوە دەگرن کە دروست کردنی "شەقڵ، وێنە، شێوە، نەخش و نیگار" دە بنەڕەتدا لە رێگەی "تاشین، لێدان، هەڵکەندن، رنین و روشاندن"ەوە بووە. جگە لە "تووز"، ↑تەشک teşk 2 یش بە هەمان مانا بەکار دەهێنرێ.

تووزاندن tuzandın *[tūzāndın]* - "داغ پێوەنان": dezītan (Pl.) "داغ کردن"، خزمە دەگەڵ ↑داغ/ داخ dax / dağ.

تووزەلە tuzele *[tūzala]* - "ئامرازێکی مۆسیقا": ↑دووزەلە duzele .

تووژک tujıg *[tūžık]* - "کێرد، خەنجەر": توشک tuşk یش دەگوترێ. دشنە dašne (P.) "خەنجەر". ئەم وشانە و هەروەها ↑تەشوێ teşoê لەباری ئێتیمۆلۆژییەوە پێوەندییان بە "تیژ"ەو ە نییە، بەڵکوو خزمن دەگەڵ ↑تاشین taşîn و دواتر بنجی ↑تەپ tep-[1] بە مانای "لێدان" و لە پلەیەکی دوورتردا دەبنە خزم دەگەڵ ↑تەور tewır و ↑دەبان deban.

تووش tûş 1 *[tūş]* - تووش بوون واتا "رووبەڕوو بوون، وێککەوتن". خزمە دەگەڵ stoßen (G.)، stozan (OG.)، stautan (Gt.) "تووش بوون، وێککەوتن"، tudati (OIn.) "وە شتێک دەکەوێ"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)teu- > "لێکدان، وێککەوتن". فۆتیمی s دە بەرایی وشە کوردماددییەکە و وشە هیندییەکەدا دەرناکەوێ. وشەکانی ↑دۆق 2 doq "1- زللە لە پشتمل 2- گۆپاڵ 3- لێدان، لێخستن"، ↑دووچار duçar و ↑تەوقە tewqe، ↑دەخش dexş "زللە، شەق" و هەروەها ↑تاشین taşîn یش پێوەندییان بە "تووش"ەوە هەیە.

تووش tûş 2 *[tūš]* - "خراب، بەد، بەدفەڕ، چەمووش": خزمە دەگەڵ duš (Pl.) و (Av.) "دژ، ناحەز، بەد". وشەکانی ↑دژ dıj، ↑دزێو dızew، ↑دشە dışe "جێگەی خراب"، دشی dışî "ناحەزی، ناشیرنی"

پێوەندییان بەم وشەوە هەیە. ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک ↑دەخس dexs "رژدی، چاوچنۆکی، ئێرەیی"، ↑دەخسین dexsîn "ئێرەیی پێ بردن، پێ هەڵکاڵان"، ↑توخس tuxs "جنگن، چەمووش، بەدفەڕ"، ↑تۆسن *tosın* "تووڕە، وەحشی" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵچوون، دەرپەڕین".

تووک tuk 1 *[tūk]* - "موو، پەڕ":

1- بە شیمانەیەکی بەهێز خزمە دەگەڵ توێکڵ toekıl [↑تۆکڵ tokıl]. پێوەندی دوو چەمکی "توێکڵ" و "موو" لە دوو وشەی دیکەشدا بە دیار دەکەوێ، واتا "قاشڵ، قاشک" بە مانای توێکڵ و "قژ" بە مانای موو. ئەم پێوەندییە لەوەڕا هاتووە کە هەردووک شت لێ دەکرێنەوە، دەبڕدرێن، دەتاشرێن یان دادەرندرێن. "قاشک" و "قژ" خزمن دەگەڵ هێندێک وشەی وەک قاش1، ↑کووز، قوسان واتا "تاشین"، گوێزان و هتد. هەروەها ئەگەر سەیری وشەی "ردێن" [کۆنتر: رندێن] بکەین، دەبینین کە خزمە دەگەڵ وشەیەکی ئەڵمانی بەمانای "توێکڵ" و هەروەها خزمە دەگەڵ "رنین". لەم تێڕوانینەوە "تووک" دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تاشین taşîn. وشەکانی ↑تیسک tîsk "مووی درێژ" و ↑تیتک tîtk "بسک و پەرچەم" هەر لەم چوارچێوەیەدا جێی دەگرن.

2- لە لایەکی دیکەوە "تووک" جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ tagl (Gt.) "موو". ئەم وشەیە دە هێندێک لە زمانە ئەوروپییەکاندا بە مانای "کلک" بەکارهاتووە، وەک ta g(e)l (OE.) و zagel (OG.)، tail (E.) "کلک".

تووک2 tuk *[tūk]* - " نووک، سەری شیش و دەرزی و هتد": خرمە دەگەڵ ↑تیک tîk [تیک و درووماں].

تووک3 tuk *[tūk]* - دەگەڵ دووعا یان نزا دێ و مانایەکی تیگاتیفی هەیە [تووک و دووعا یان تووک و نزا لێکردن]. کاک عەلی نانەوازادە ئەم وشەیەی پێوەند داوەتەوە بە "یاتووک"ی پەهلەوی yatuk (Pl.) بە مانای "جادوو". وشەی ↑جادوو cadu دە زمانی کوردمادی و فارسی ئەمڕۆدا خۆی شێوەیەکی گۆڕدراوی ئەم وشەیە و دە بنەڕەتدا دەبێ بە مانای "دووعا (کردن)" بووبێ. وشەی ↑تکا tıka بەمانای "خواهیش، پاڕانەوە" ئەم بۆچوونە پشتراست دەکا. هەروەها وشەی ↑تەکێ teke [شوێنی دووعا کردن] دەبێ بە رەسەن وشەیەکی زمانی کوردمادی بێ کە چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

تووک4 tuk *[tūk]* - "باڵدارێکی شەوبێدار": خزمە دەگەڵ ↑تاقتاقکەرە taqtaqkere.

تووکاندن tukandın *[tūkāndın]* - "1- هێلکە بە دەنووک شکاندن 2- ئەزموونی هێلکە بە ددان": 1- لەوانەیە شێوەیەکی کورتکراوە بێ لە ↑تروکاندن tırukandın و دواتر ↑درین dırîn سەر بە کردارێک بە مانای "لێک جودا کردنەوە". "تووکاندن" هەڵسەنگینە دەگەڵ تۆقاندن toqandîn [toqîn یان ↑تەقین teqîn] "بە تەوژم لە بەر یەک پچڕان". ئەم وشەیەش خزمە دەگەڵ "درین" و "درِان".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە تووک2 tuk "نووک، سەری شیش و دەرزی و هتد".

توول tul *[tūl]* - شێوەی کۆنتری ↑تۆڕ tor [1] "پارچەی زۆر تەنک".

توول1 tul *[tūl]* - "شووڵ، لکی ناسکی دار": ئەم وشەیە جێی هەڵسەنگاندن دەگەڵ:

1- ↑تاڵ tal [↑تار tar] کە شتێکی درێژ و باریکە. لەوانەیە لەمەوە مانای "لکی ناسک، شووڵ" پەرەی گرتبێ.

2- ↑دار dar. دە زمانی فارسیدا بە شووڵ دەگوترێ ترکە tarake (P.) کە خزمە دەگەڵ "دار".

توول2 tul *[tūl]* - دەگەڵ "رێ" دێ و دەگوترێ تووڵەرێ tulere و هەروەها "مار": تووڵەمار tulemar، بە مانای رێگا یان ماری باریک. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑تووڵ tul1 "شووڵ، لکی ناسکی دار".

2- ↑تۆل tol "پیزە، بێچووی ناو سک". لەم تێڕوانینەوە دەشێ لە مانای "پیزە، تۆل" مانای "باریک، چکۆڵە" سەری هەڵدابێ. لەم بارەوە بەرهەقی بکە دەگەڵ وشەی "باریک" کە ئەویش خزمە دەگەڵ "بار" [بارەکەو، بێچووەکەو].

3- دوال dawāl (P.) دە فەرهەنگە فارسییەکاندا وەک "بەندی چەرمین، بەندی کەمەر" مانا کراوەتەوە. ئەم وشەیە دە کوردمادیدا دەبێتە ↑زۆڵ zol [زۆڵەچەرم zoleçerm واتا باریکەیەکی بڕدراو لە چەرم، زوێڵ zoel و دوێڵ doel یش دەگوترێ]. لەوانەیە "تووڵە" ئاماژەی بە شتی باریکی وەک "زۆڵەچەرم، بەندی چەرم" کردبێ.

تووڵەک tulek *[tūlak]* - "وەرینی مووی لەش": [رێوی گەزیزەخواردوو تووڵەک دەکا]. ئەم وشەیە خزمە یان باشتر بڵێین شێوەیەکی تازەترە لە ↑تەپڵەک2 teplek "زکَ دان" [دە ئەسڵدا: توێخ بەردان] و خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑توێخ toex، ↑*تۆکڵ tokıl* و بە شیمانەیەکی بەهێز هەروەها دەگەڵ ↑تووک tuk "موو".

تولینه tulîne *[tūlīna]* - "قەرتالەی چکۆلە": تەریان teryan، ↑تریان(ە) tıryan(e) و تلیان(ە) tılyan(e) یش دەگوترێن.

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑توول/ توول tul "لقەداری ناسک" کە قەرتاڵەکەی پێ دروست کراوە.

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تلان tılan "سووڕان"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووڕاندن، با دان".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "قەرتاڵە" و "سووڕاندن، با دان" دەتوانین بەرهەفی بکەین دەگەڵ وشەی vandhúra-h (OIn.) "سەندەڵی داشقە" [دە بنەڕەتدا: قەرتاڵەی تێدا دانیشتن] کە خزمە دەگەڵ winden (G.) "با دانەوە، هۆندنەوە" و "هۆندنەوە"ی کوردمادی]

تووما ن tuman *[tūmān]* - دەگەڵ "تەپ" دێ [تەپ و تووما ن tep u tuman]. خزمە دەگەڵ ↑تەم tem و هەروەها ↑تۆز toz. بە تایبەتی هەڵی سەنگینە دەگەڵ tūmōn (OG.) "هاڵاو، دووکەڵ، چڕەچەمان".

توون tun *[tūn]* - "ئاگردانی گەرماو": خزمە دەگەڵ ↑تەن ten "سیان، قورم"، ↑تین tîn "گەرمای ئاگر" [دەبنەڕەتدا: هاڵاوی ئاگر] و چەندین وشەی دیکە کە لەژێر ↑دەوار[2] dewar "پارچەی رەشماڵ"دا شی کراونەوە. هەر سێ وشەی "تەن"، "توون" و "تین" بەتایبەتی هەڵسەنگینە دەگەڵ Dunst (G.) "هەڵم، هاڵاو" و tunst (OG.) "تۆفان". هەم هاڵاو و هەمیش تۆفان دوو شتن کە دە حەوادا جم و جۆڵێکی نائارامیان هەیە.

توونا tuna *[tūnā]* - زۆرتر دەگەڵ "تەفر" یان "تەرت" دێ [تەفر و توونا بوون tefr u tuna/ تەرت و توونا tert u tuna بوون واتا بە یەکجاری لەناو چوون]. دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑تەنک tenık "ناسک". وشەی "تەنک" دە بنچینەدا بە مانای "کز، ناسک، باریک، تەنک" بووە. دە زمانی کوردمادی و زمانە ژێرمەنییەکاندا هێندێک جار وشەی بە مانای "لەناو چوون" دەچنەوە سەر ئەو وشانەی کە مانای "ورد، کز، چکۆلە، کەم" دەدەن، بۆ وێنە دە زمانی کوردمادیدا "ورد و خاش بوون" هەیە بە مانای لەناو چوون. هەروەها " کز" و "کووژانەوە" و "کوشتن" سەر بە یەک خێزانن. لەم تێروانینەوە توونا دەبێتە "لەتەنکی دان، لەکزی دان، کەم بوونەوە یان ورد بوون و لەناو چوون". دوو وشەی "تەفر" و "تەرت" کە دەگەڵ توونا دێن، ئەم بۆچوونە پشتراست دەکەن. تەفر واتا "حەل بوون، لەبەریەک هەڵوەشان، لێک بڵاوبوون" و تەرت واتا "دەرپەرین و دوور بوون و چکۆلە بوونەوە و ون بوون". لەوانەیە tiny (E.) "کەم، چکۆلە" پێوەندییەکی بە وشەکانی "توونا" و "تەنک "ەوە هەبێ. دە شێوەزاری کوردمادی سەرووودا ↑تونە tune بوون و "تونە کردن" هەیە بە مانای لەناو چوون و لەناو بردن. هەروەها لەجیاتی "نییە" [ئەو شتە نییە] دەگوترێ "تونەیە" [ئەو تشتە تونەیە واتا ئەو شتە نامەوجوودە- تونە واتا نامەوجوود، مەعدووم].

تۆ to - "ئەتۆ، کەسی دووەمی تاک": دە هێندێک دیالێکتدا توو tu و te ش دەگوترێ. to (P.)، du (G.) و tu (Sw.)، (Gt.) و (L.)، thou (E.) [دە زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ دا ئیتر بەکار ناهێنرێ]، ty / sy (Gr.) سەر بە ریشەی ***tu- > (IE.) *** "تۆ".

تۆپ[1] top - "1- گۆی یاری کردن 2- ئامرازی شەر": توپ tūp (P.).

1- لە لایەکەوە تۆپ دەتوانێ لە ریشەیەکەوە هاتبێ بە مانای "لێدان"، واتا "تۆپ" گۆیەک بووە کە لێی دراوە، یان بە شەق [تۆپتۆپێن]، یان دواتر لە شێوەی تۆپی شەر سازیان کردووە و بۆ لێدان و کوتانی یەکتر بەکاریان هێناوە. ئەم وشەیە بە چەشتێکی دیکە لە وشەکانی ↑تفنگ tıfeng [tofang (P.)] و ↑دەمانچە demaçne [tapançe (P.)] شدا دەردەکەوێ کە ئەوانیش ئامرازی لێدانن. دە زمانی فارسیدا توپ و تشر tūp u tašar (P) و توپیدن tūpīdan (P.) هەیە بە مانای "لێدان بە تانە و تەشەر، پەلامار دان و کوتان بە قسە". ئەم وشە فارسییانە ئەو پێوەندییانەی سەرەوە بە باشی روون دەکەنەوە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تەپ[4] *tep* "پەلامار". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها تۆپ دان top dan هەیە بە مانای "شکست دان" و ئەمەش هەر پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و دە بنەڕەتدا مەبەست "لێدان" بووە.

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە پێوەندی بە ↑تەپ(ە) tep(e) "گرد، تەپۆڵک"ەوە هەبێ. پێوەندی دوو چەمکی "خڕ بوون" و "تەپە" دە وشەی "گرد"یشدا دەردەکەوێ کە هەر دوو مانای سەرەوە بە دەستەوە دەدا. وشەی "تۆپەڵە" بە شێوە و مانا زۆر نیزیکە لە ↑تۆفڵە tofle "خونچە، شکۆفە".

تۆپ[2] top - "لوولە": دە زمانی کوردمادیدا کاتێک دەڵێن "تۆپێک پارچە"، بێگومان ناتوانێ مەبەستەکە پێوەندی بە "تۆپ1" بە مانای "گۆی تۆپێن"ەوە هەبێ، بەڵکوو مەبەست لە تۆپێک پارچە ئەوەندە پارچەیە کە لە دەوری لوولەیەک هەڵکراوە. کەوابوو تۆپە پارچە واتا پارچەی لوولە کراو. تۆپ بەم مانایە دەشێ پێوەندی هەبێ بە tubus و tuba (L.) "لوولە".

تۆپز topız - " کوتەکی سەر بە بزمار": توپوز topoz (P.) "گۆپاڵ". خزمە دەگەڵ ↑تەپان tepan "تیڵای گەڵا کوتان" و ↑تەپ[4] *tep* "پەلامار".

تۆپین topîn *[topīn]* - "مردنی ئاژەڵێک کە گۆشتی نەخورێ": دە زمانی ئاڵمانیدا کرداری betäuben (G.) هەیە بە مانای "سڕکردن" [کەرتی -be لە وشەکەدا پێشگری کردارە]. ئەم وشە ئەڵمانییە خزمە دەگەڵ taub (G.) و deaf (E.) و döv (Sw.) بە مانای "کەڕ" [دە بنەڕەتدا ئەوکەسەی گوێی سڕ و بێهەستە]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑تەپ tep و ↑تۆز toz و سەرەتا مەبەست ئاماژە بە دۆخێکی "تەپ و تۆزاوی، تەمگرتوویی، ناهەستیار، وڕ و گێژی" کراوە. وشەی doof (G.) "گەمژە، ساویلکە" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. "تۆپین" دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ئەم وشە ژێرمەنییانە و سەرەتا هەر بە مانای "سڕ بوون، لە هەست و خوست کەوتن" بووە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها تەزین tezîn و تەڤزین tevzîn بەکار دێن بە مانای "سڕ بوون". شێوەی تەڤزین tevzîn شێوەی کۆنتری وشەکەیە و دە کوردمادی تیوەراستدا فۆتیمی v سواوەتەوە [هەروەک "زستان" و "زڤستان"]. ئەم فۆتیمە دەبێ سەرەتا b بووبێ کە دە وشە ژێرمەنییەکانی سەرەوەدا دەیبینین. کەوابوو تەزین tezîn و تەڤزین tevzîn دەبێ دە بنەڕەتدا تەبزین *tebzîn**بووبێ و ئەمەش دەگەڵ taub (G.) "سڕ" یەک دەگرێتەوە. لەم تێڕوانینەوە هەم "تۆپین" و هەمیش "تەڤزین" دوو وشەی خزمن کە لە یەک بنەوشە سەرچاوەیان گرتووە و سەرەتا هەردووک بە مانای "سڕ بوون" بەکار هاتوون، دواتر جیاوازییەک دە ماناکانیاندا پەیدا بووە. وشەیەکی دیکەش کە لەم پێوەندییەدا سەرنج رادەکێشێ، ↑تەوشین tewışîn ە [ڤەتەوشین vetewışîn "سەر سووڕمان، واق وڕ مان"]. وەک دەردەکەوێ، ئەم مانایەش دەگەڵ ماناکانی سەرەوە وەک "وڕ و گێژی، ناهەستیاری، سڕی" بە باشی رێک دەکەوێ، چەنکوو مرۆڤی سەرسوڕماو وەک ئەوە وایە کە تووشی وڕی و گێژی و سڕی بووبێ و لە دەمی سەر سووڕماندا توانای کاردانەوەی ژیرانەی لێ بزر دەبێ و بە دیتنی دۆخێکی سەیر و سەمەرە لە جێی خۆی رەق دەبێ، هەڵی سەنگینە دەگەڵ doof (G.) "گەمژە، ساویلکە" کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراو.

[تێبینی 1: زۆر لەو وشانەی کە ئەمڕۆ لە پێوەندی دەگەڵ ئاژەڵ بەکار دێن و بەکار هێنانیان بۆ مرۆڤ وەک ئەتک و بێ رێزی سەیر دەکرێ، لە سەردەمانی کۆندا وشەی نۆیتراڵ و بێلایەن بوون. ئەم وشانە یان بە گشتی بۆ هەردوو لا بەکار هاتوون، یان وشەیەکی گشتی گۆڕاتیکی بچووکی تیدا کراوە، بە مەبەستی ورد کردنەوەی زۆرتر دوو شێوەی لێ دروست کراوە و ئەو دوو شێوەش لە تیوان مرۆڤ و ئاژەڵدا بە یەکسانی بەش کراون! وێ دەچێ مرۆڤی کەونارا هێندەی رۆڵەکانی ئەمڕۆیان بەفیز و لەخۆبایی نەبوون و مانای رێز و بێ رێزییان دە شتی دیکەدا دۆزیوەتەوە! بۆ نموونە بەراوردی ئەم وشانەی خوارەوە بکە: هۆرە [جۆرێک گۆرانی] و وەڕین، قڕە [دەمەقڕە] و قورسکە [زیقەی سەکَ]، قیژە و بایەقووش، شیوەن و سۆنە، کەپۆ و قەپۆز، پیش یان پشوو و پۆز [لمبۆز]، گەنج [لاو] و کەندۆ [پارێن، پاتیر]، سەولە [نانی سەکَ] و زبرە یان گەورە، حەپین یان گەفین [بۆ سەکَ] و حەپەسان، قۆنداخە [زارۆکی شیرەخۆر] و کوند [کوندەبەبوو]، کورتان [جلی کەر] و کورتەک [کەوای پیاوانە]، تف [ئاوی دەم] و تەڤژین [ریخی شل]، لەپ [بەری دەست] و لووشک [کۆنتر: *لەپچک]، قرنوو و گەرناس و بە دەیانی دیکەش! تێبینی 2: بۆزانیاری پتر لەسەر پێوەندی دوو چەمکی "مردن" و "سڕ بوون" دەتوانین ئاماژە بکەینە وشەی sterben (G.) "مردن" کە دە بنچینەدا بە مانای "رەق هەڵاتن" بووە].

تۆپاندن topandın [*topāndın*] - "1- مردارکردن 2- لێدانی زۆر": دە زمانی ئەڵمانیدا و بێگومان دە زمانەکانی دیکەشدا هێندێک جار وشەی وا بەرچاو دەکەون، کە لە تیکەڵاوی یان لەژێر کارتیکەری دوو وشەی جیاواز بەڵام شێوەنیزیکدا دروست بوون. وشەی "تۆپاندن" دە زمانی کوردمادیدا دەشێ وشەیەکی ئەوتۆ بێ. ئەم وشەیە لە لایەکەوە پێوەندی بە گەلێک وشەوە هەیە کە مانای "لێدان، کوتان" دەبەخشن [بڕوانە ↑تەپ *tep* [4] و ↑تۆپ top]، لە لایەکی دیکە پێوەندی بە ↑تۆپین topîn "مردار بوون"ەوە هەیە. ئەم وشانە هەر کامیان سەر بە ریشەیەکی جیاوازن و ماناکانیشیان جیاوازە، بەڵام لە هەمان کاتدا شێوەی وشەکان لە یەکتری دەچن و جۆرێک پێوەندی ماناییش لە تیوانیاندا دروست بووە، واتا لێدانی زۆر دەبێتە هۆی مردار بوون [یاخود تۆپین]. بە وتەیەکی دیکە "تۆپاندن" دە ئەسڵدا بە مانای "لێدان" بووە و سەرەتا هەم بۆ مرۆڤ و هەم بۆ ئاژەڵ وەک یەک بەکار هاتووە. ئەوجار کاتێک لە ئەنجامی تۆپاندن [لێدان]ی ئاژەلێک ئەو ئاژەڵە تۆپیوە [مردووە]، ئیتر "تۆپاندن" مانایەکی تازەی وەرگرتووە و بووەتە "مردار کردنی ئاژەڵ بە هۆی لێدانەوە".

تۆخ tox - "تاریک رەنگ": [سووری تۆخ واتا سووری ئامال رەش]. خزمە دەگەڵ dusk (E.)، dosk (ME.)، dox (OE.) "تاریک رەنگ، تۆخ"، doxian (OE.) "تاریک بوون لە رەنگدا، تۆخ بوون"، tusin (OG.) "تاریک رەنگ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhuskos- >*** "تاریک، رەش". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑دێز dez "1- رەش، رەشی ئامال بۆر 2- شووم 3- بەدبەخت" و طوسی tūsī (P.) "بۆر".

تۆخ tox - "قەڵەو، توند، بەهێز": خزمە دەگەڵ چاق çaq (P.)، dick (G.)، thick (E.)، tjock (Sw.) "قەڵەو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) * tegu- >*** "قەڵەو، بەخۆدا هاتن". دە عەرەبیدا ضخم zexm (Arb.) "ئەستوور، زڵ" دەشێ پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەبێ. هەروەها دە کوردمادیدا ↑تۆکمە tokme "پتەو، بەهێز" لەوانەیە بچێتەوە سەر ئەم ریشەیە. لەوانەیە وشە عەرەبییەکە لە زمانی کوردمادی وەورگیرابێ.

تۆخ tox - "جوقەی کڵاوی پادشایان": خزمە دەگەڵ یاخود شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تاج tac "کڵاوی پادشایان". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑تۆک tok و توێخ و ژمارەیەک وشەی دیکە کە ئاماژە بە "داپۆشین" دەگەن.

تۆڕ tor 1 - "پارچەیەگی کون کون": تور tur (P.) و tüll (G.). ئەم پارچەیە لە شارێکی فەرەنسی بەناوی tulle دروست کراوە و بەناوی شارەکە کراوە.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا وشەکە مانایەکی بەرینتری وەرگرتووە بە هەموو ئەو شتە چنراوانە دەگوترێ کە کونکون یاخود تان و پۆ دار بن، وەک تۆڕی ماسیگرتن، تۆڕی چراتۆڕ و تەنانەت تۆڕی کارەبا و ئینتێرنێت].

تۆڕ tor 2 - "وەحشی، نادەستەمو، دەستنامۆ": خزمە دەگەڵ ↑تووڕە ture "قەڵس" و پێکەوە دەچنەوە سەر ریشەیەک بەمانای "دڕین" [هەڵدرین].

تۆراخ torax [*torāx*] - "ماستی ئاولێگراوی توندکراو": خزمە دەگەڵ Quark (G.)، twarc و zwarg (MG.). وشە ئاڵمانییەکە لە زمانە سڵاڤییەکانەوە وەرگیراوە: twarog (Pol.)، tvaroh (Chek.). دە زمانی ئەوێستادا turaii (Av.) و دە یۆنانیدا tyros (Gr.) بە هەمان مانا بەکار هاتوون.

تۆران toran [*torān*] - "رەنجان": هەروەها تۆراندن هەیە بە مانای "رەنجاندن". خزمە دەگەڵ thole (E.) "رەنج، ئازار"، tholian (OE.)، dolēn (OG.)، tulan (Gt.) "رەنج کیشان". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *tol-, *tel- >*** "هەڵگرتن، تەحەممول کردن".

تۆراندن torandın [*torandın*] - "تووڕە کردن": ↑تووڕە ture.

تۆرتۆ torto - "قەیچی، مەقەست": خزمە دەگەڵ ↑دڕان dıran و دڕاندن.

تۆرکە torke [*torka*] - "تۆڵەکە، نانە حاجی لەکێ لەکێ": ئەم وشەیە دە فارسیدا وەک "پنیرک" مانا کراوەتەوە ["فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"، ل. 153]. ئەگەر ئەم شتە لە زمانی فارسیدا بە "پەنیر" چوێنرابێ، دەشێ دە زمانی کوردمادیشدا تۆرکە torke پێوەندی بە ↑تۆراخ torax ەوە هەبێ.

تۆرە1 tore *[tora]* - "فرزەندی هەوێ": هەروەها دەگەڵ "سۆرە" دێ [سۆرە و تۆرە sore u tore]. لە لایەکی دیکەوە وەک بنەوشە لە ↑تۆرەمە toreme دا دەیبینین بە مانای "بنەچەکە". خزمە دەگەڵ تیرە tîre (P.) "تایفە، بنەچەکە". ئەم وشەیە دەبێ خزم بێ دەگەل وشەی ↑دار dar.

[تێبینی: دە زمانی ئاڵمانیدا Stamm "تەنە" (دەبنچینەدا تەنەی دار) جگەلەم مانایە، هەرلە کۆنەوە مانای "خێڵ، تیرە و تایفە"شی وەرگرتووە. ئەم وێچواندنەش بە هۆی ئەوەوە بووە کە تەنەی دار لک و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، هەروەک چۆن تیرەیەکی مرۆڤیش گەلێک نەوە و نەتیجەی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها دە زمانی کوردمادی و فارسیدا وشەی "شەجرەنامە" بەکار دێ کە پێوەندی بنەماڵەکانی سەر بە تیرەیەک نیشان دەدا - "شجرە" وشەیەکی عەرەبییە بە مانای دار].

تۆرە2 tore *[tora]* - "ئەدەب": وشەکە هەم بە مانای "نەزاکەت" بەکار دێ و هەم بە مانای "وێژە، ئەدەبیات". تۆرەڤان torewan دەبێتە "ئەدیب، وێژەوان". [سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "نەزاکەت" و "وێژە" بڕوانە شی کردنەوەی وشەی "ئەدەب"]. هەرچی "تۆرە"یە، دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑تیرە tîre و ↑تۆرەمە *toreme*"ئەسڵ و نەسەب" و هەروەها ↑تۆرە1 tore. دە بنەڕەتدا کاتێک گوتراوە فڵانە کەس بە تۆرەیە، مەبەست ئەوە بووە کە ئەو کەسە بە ئەسڵ و نەسەبە یان نەجیب زادەیە. لێرەوە دواتر مانای "نەجابەت، نەزاکەت"، واتا "ئەدەب" پەیدا بووە و دواتریش لەمەوە مانای "وێژە و ئەدەبیات".

[تێبینی: دیارە دە سەردەمانی کۆن و بە داخەوە دە سەردەمی ئێستاشدا تۆێژی دەسەڵاتدار لە رێگای قەڵەم بەدەستان و مێشک فرۆشانی سەر بە دیوان و دیوەخانەکان وایان بردووەتە ناو مێشکی مرۆڤەکان کە ئەدەب و نەزاکەت و نەجابەت پێوەندی بە ئەسڵ و نەسەبەوە هەیە و ئەو کەسانەی لە ئەسڵ و نەسەبی دیار و بەرچاون، واتا لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانەوە پەیدا بوون، کەسانی نەجیب و نەجیب زادەن. پێوەندییەکی لەم چەشنە دە زمانی ئەڵمانیشدا بەرچاو دەکەوێ: وشەی edel (G.) "ئەسڵ، رەسەن، بەنرخ" خزمە دەگەڵ Adel (G.) "نەجابەت، رەسەنایەتی، ئەشراف زادەیی" و adlig (G.) "ئەشرافی، نەجیب زادە". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ وشەی "ئەسڵ"].

تۆرەمە toreme *[torama]* - "بنەچەکە": خزمە دەگەڵ ↑تۆرە tore "تیرە، تایفە".

تۆز toz - "گەرد": توخ tux یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Dunst (G.) "هەلم و هاڵاو"، tunst (OG.) "گەردەلوول"، dust (E.) "تۆز"، duša (OSlaw.) "هەناسە"، dhū-má-h (OIn.) "دووکەڵ"، thymós (Gr.) "رووح، تارمایی"، tūmōn (OG.) "هاڵاو، دووکەڵ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dheu- >*** "دووکەڵ کردن، هەلم و هاڵاوکردن، هەناسە، با هاتن" [دە بنچینەدا ریشەکە ئاماژە بە حاڵەتی پڕ لە جم و جۆڵی نائارام و تێکەڵ بوون و خووڵانەوەی با، هەلم، دووکەڵ و تەپ و تۆز دەکا. هەربۆیەش گەلێک وشە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا کە ئاماژە بەم حاڵەتانە دەکەن، دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە]. وشەی ↑تەم tem "هەلم، مژ" یش بە خۆی و بە ریشەکەیەوە دە پلەیەکی دوورتردا هەر دەبێتەوە خزم دەگەڵ ئەو زنجیرە وشانەی سەرەوە.

تۆزین tozîn *[tozīn]* - دەگەڵ پێشگری "هەڵ" دێ، هەڵتۆزین heltozîn واتا توورە بوون و هەڵچوون. خزمە دەگەڵ ↑تۆسن tosın و دە پلەیەکی دواتردا دەگەڵ ↑تۆز toz.

تۆژ toj *[tož]* - "لایەی سەرەوەی هێندێک شت": تووژ tuj، توێژ tuej، توشک tuşk یش دەگوترێ. بڕوانە ↑تۆکڵ tokıl.

تۆسن tosın - "تووڕە": دە کوردمادیدا زۆرتر دەگەڵ وشەی "تووڕە" دێ [تووڕە و تۆسن tûre û tosın]. دە فارسیدا زۆرتر مانای " تۆڕ، وەحشی" دەدا [ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ هاوریشە بوونی دوو وشەی تۆڕ و تووڕە]. توسن tousan (P.) "وەحشی، نادەستەمۆ، سەرکێش". خزمە دەگەڵ tosen (G.) "دەنگە دەنگی توند لێهەستان، هەڵچوون"، tys (OE.) "تۆفان"، thyo (Gr.) "شاڵاو دەبەم"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dheus- >*** "هەڵچوون، دەرپەڕین". دە پلەیەکی دوورتردا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz.

تۆشڵ toşıl - "تۆکڵ": شێوەیەکی لە ↑تۆژ toj و ↑*تۆکڵ tokıl*.

تۆف1 tof - "وارشی باغ و بێستان": خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın. تۆف بەو دیوارە یاخود بەربەستە گوتراوە کە بە دار و چرپی تەنراوەتەوە.

تۆف2 tof - "کرێوە، باپێچ": ↑تۆفان tofan.

تۆفاڵ tofal *[tofāl]* - "توێژی تەنک لە مس کە لە کوتاندا دەوەرێ": خزمە دەگەڵ ↑تۆفل tofıl "تۆکڵ، توێژ" و ↑*تۆک/ تۆکڵ tok / tokıl*.

تۆفان tofan *[tofān]* - "بای توند و وێرانکەر": خزمە دەگەڵ toben (G.)، dofian (OE.) "شلۆقی کردن، بە توندی جوڵانەوە، خۆ بەم لا و ئەولادا دان". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ taub (G.)، daufs (Gt.)، deaf (E.)، dōv (Sw.) "کەڕ، سڕ" [دەئەسڵدا تەماوی، تۆزاوی] و هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz.

تۆفانە tofane *[tofāne]* - "پێشکە": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑تەپ[4] tep "لێدان"دا باس کراون، بۆ وێنە ↑تەپۆ tepo "مێشوولەیەکی وردە کە پیس پێوە دەدا".

تۆفل tofıl - "تۆکڵ، تیخوڵ": خزمە دەگەڵ تاول tāwal (P.) "توێخ و بلۆقی دەست بە هۆی کاری سەخت یان سووتان" و ↑تۆکڵ tokıl.

تۆفلە tofle *[tofla]* - "خونچە، شکۆفە": خزمە دەگەڵ ↑زۆپ zop و ↑زیپکە zîpke و دواتر ↑تەپ(ە) *tep(e)* "گرد، شاخ". هەموو ئەم وشانە ئاماژە بە "زەق و دەرپەڕیو بوون" دەکەن.

[تێبینی: پێوەندییەکی لەم چەشنەی سەرەوە دە تیوان ئەم وشانەی خوارەوەشدا بەدی دەکرێ کە پێکەوە خزمن: زەق *"دەرپەڕیو"*، سیچکە"خونچەی دار"، *سیچکەسڵاو* "باپشکێو، زیپکەی بان مژۆڵ" و *شاخ* "1- کێو 2- قۆچ"].

تۆفە tofe *[tofa]* - "چینەی دیوار لە قوڕ": خزمە دەگەڵ ↑تۆفل tofıl "تۆکڵ، تیخوڵ"، ↑تۆفاڵ tofal "توێژی تەنک لە مس کە لە کوتاندا دەوەرێ" و ↑تۆکڵ tokıl. هەموو ئەم وشانە مانای "چین و توێژ" دەگەیەنن.

تۆڤ tov - "جۆر، شێوە": [چتۆڤ واتا چۆن، چلۆن، چتور]. خزمە دەگەڵ وشەی یۆنانی typos (G.) [بڕوانە ↑تیپ tîp] و هەروەها تۆر tor [چتۆر] یان تەور tewır [چتەور] و دواتر ↑تەبارە tebare.

تۆق[1] toq - "ئاڵقەی مل": تەوق tewq یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تاقم taqım "دەستە" سەر بە ریشەیەک بە مانای "کێشان، راکێشان".

تۆق[2] toq - "تەپڵەسەر، بڵیندترین شوێن": تەوق tewq یش دەگوترێ و ئەمەش شێوەی گۆڕدراوی ↑تەپک tepk"تەپۆڵک، گردی بچووک"ە و لەوێشەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەپە *tepe* و ↑تۆپ top. [تەپک← تەوک ←تەوق ←تۆق].

تۆقلە toqle *[toqla]* - "پۆرکَ، توێخی پێست": خزمە دەگەڵ ↑تۆک/ تۆکڵ tokıl / tok.

تۆقین1 toqîn *[toqīn]* - "1- تەقین 2- ترسانی لەڕادەبەدەر": شێوەیەکی دیکە یە لە ↑تەقین teqîn بە واتای "لەبەریەک هەڵوەشانی توند و خێرا". مانای "ترسانی زۆر" بۆ ئەم وشەیە دەبێ لێرەوە پەیدابووبێ کە وا بیرکراوەتەوە بەهۆی ترسی لەڕادەبەدەر کیسەی زراوی مرۆڤ دەتەقێ. دە فارسیدا "زهرە ترک شدن" هەیە بەمانای "زراو چوون لە ترسان" [زراو تەقین]. وشەی ترک tarak (P.) ی فارسی دەچێتەوە سەر کرداری ترکیدن terakīdan (P.) "تەقین" و دە گەڵ وشەی کوردمادی "تەقین" خزمە. فۆنێمی r دە وشە کوردماددییەکەدا سواوەتەوە. ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیدا بە شێوەی ↑ترۆقان tıroqan یش بەر چاو دەکەوێ کە تێیدا فۆنێمی r پارێزراوە.

تۆقین[2] toqîn *[toqīn]* - لەگەڵ پێشگری "هەڵ" دێ [↑هەڵتۆقین heltoqîn "قیتەوە بوون، دەرپەڕین"]. "تۆقین" بەم مانایە چ پێوەندییەکی بە *تۆقین*[1] "تەقین"ەوە نییە. ئەم "تۆقین"ە خزمە لەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑دەکە deke، ↑دوکان dukan، ↑دەکەل dekel، ↑دوگمە dugme، ↑دۆخ dox "تیری کەوان"، ↑دووخ dux "ئاستێکی نووک تنژ لە خەڕەکدا" و هتد. ئەم وشانە گشتیان ئاماژە بە "دەرپەڕین، زەق بوون" دەکەن و خزمن لەگەڵ ↑زەق *zeq*.

تۆک(ڵ) tok(ıl) - "پێستی دار، گژ و گیا و میوە": تێکوڵ/ توێکڵ toekıl / tekul یش دەگوترێ. دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەک هەن کە بە چەند مانای هێندێک جیاواز بەکاردەهێنرێن، بەڵام مانا و شێوەکانیان دەری دەخەن کە هەموویان سەر بە یەک خێزانە وشەن، وەک تۆ to یان ↑توێ tue، ↑توێخ tuex، ↑توێژ / تۆژ toj / toej، ↑تۆشڵ toşıl، توشک tuşk، ↑تۆفل tofıl "تۆکڵ، تێخوڵ"، ↑تۆفاڵ tofal "توێژی تەنک لە مس کە لە کوتاندا دەوەرێ"، ↑تۆقلە toqle "پۆرکَ، توێخی پێست"، ↑تەفشک tefşık "1-تەڵاش لە بەرد یان لە دار 2- کرێژی سەر"، ↑تەوشک tewşık "کەش، جەوو، هەوای دەوری زەوی"، ↑تیفشاڵ tîfşal "توێژاڵک" و هتد. وەک دەبینرێ چەمکی گشتی لەم وشانەدا بریتییە لە شتێک کە لێ دەکرێتەوە، دەتاشرێ، دادەنرێ. پێوەندی ئەم چەمکانە بە یەکەوە لە چەندین وشەی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێ. وشەی "چین" [چین و تۆژ] خزمە دەگەڵ "شکاندن" [بە فارسی "چین و شکن" واتا قەد، لۆ، گنج، واتا چەند تۆژێک کە دەکەونە سەر یەکدی]. وشەی "قاشک" یان "قاشڵ" بە مانای تۆکڵ خزمە دەگەڵ "قاش"، "قوسان" بە مانای تاشین و "گوێزان". دە زمانی ئەڵمانیدا Rinde "تۆکڵەدار" خزمە دەگەڵ "ردین" [رندین] و "رەندە" و "رنین". کاتێک لەم پێوەندییانە ورد بینەوە، بەم ئەنجامە دەگەین کە وشەکانی سەرەوە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)teu- >*** "لێکدان، وێککەوتن". لەم ریشەوە گەلێک وشەی بە مانا "لێدان" پەیدا بوون کە ژمارەیەکیان لەژێر ↑تەپ[4] tep "پەلامار" و ↑تەپاندن tepandın "لێدان"دا باس کراون. چەندین وشەی دیکەش لەم ریشەوە هاتوون، وەک ↑تاشین taşîn، ↑تووش tûş [تووش بوون واتا وێککەوتن]، ↑تەوقە tewqe [دەست لێدانەوە] و بە شیمانەیەکی بەهێز هەروەها ↑تووک tuk "قژ". [جێی ئاماژەیە کە "قژ" خزمە دەگەڵ چەند وشە کە سەرتر باس کران، وەک "قاش"، "قوسان" بە مانای تاشین و "گوێزان"]. بەم جۆرە دەر دەکەوێ کە "تۆکڵ" و گشت وشە هاوشێوە و نیزیکەکانی، دە بنەڕەتدا ئاماژەیان بەو شتە کردووە کە بە هۆی تاشین و لێدان لێ کراونەوە [جودا کراونەوە]. دە زمانی فارسیدا لەم پێوەندییەدا وشەی تاول tāwal (P.) هەیە کە ماناکەی دەبێتە "توێخ و بلۆقی دەست بە هۆی کاری سەخت یان سووتانەوە". ئەم وشانەی سەرەوە بە شێوەیەکی دیکەش دە زمانی کوردمادیدا پارێزراون کە بریتییە لە تەبەق tebeq یان ↑تەبەقە tebeqe "نهۆم" [دە بنەڕەتدا: چین و توێژی خانوو]. ↑تەبەق tebeq یان تەبەک tebek هەروەها ناوی "نەخۆشییەکی ئاژەڵە" کە دەشێ پێوەندی بە "تۆیخ بەردان"ەوە هەبێ. شێوەی کۆنتری ئەم وشانەی دوایی "تەبەک" یان "تەپەک" بووە کە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و پاشان شێوە عەرەبێنراوەکە، واتا "تەبەقە" هاتۆتەوە ناو زمانی کوردمادی و فارسی، هەر وەک چۆن لە وشەی "هاڵقە" و گەلێک وشەی دیکەشدا ئەم دیاردەیە رووی داوە.

تۆکمە tokme *[tokma]* - "بەهێز، پتەو":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تۆخ tox "بەهێز، توند".

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑تەژی *tejî* "پڕ" و ↑تەژە teje "زل و زەبەلاح".

[تێبینی: دە زمانی ئەوێستادا taxma (Av.) بە مانای "چڕ، توند، پەیت" بەکار هاتووە و بە گوێرەی بۆچوونێک ئەم وشەیە پێوەندی بەم وشە ژێرمەنییانەوە هەیە کە لەژێر تەژی tejî دا باس کراون].

تۆل[1] tol - تۆل دان واتا "وێران کردن". دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تڵیشان tılîşan.

تۆل[2] tol - "پیزە، بێچووی ناو سک": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تۆڵ tol "توند، سفت". مەبەست ئەوەیە کە بێچووەکە خۆی گرتووە، واتا لە دۆخی "شلک و ئاوەکی" بوونەوە گەیشتووەتە دۆخێکی سفت و جێگرتوو.

تۆل tol - دە گەڵ "توند" دێ [توند و تۆڵ tund u tol]. خزمە دەگەڵ tulgus (Gt.) "توند، سفت". ئەم وشەیە دەبردرێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *stei- >*** "رەق بوون، مەیین". stéār (Gr.) و Talg (G.) "رۆنی پاڵاوتەی مەییو" و هاوتاکانی ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا دەبردرێنەوە سەر ئەم ریشەیە. جگە لەمە دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑تۆلا tola بە مانای "پێکەوەنووسان و رەق بوونی شتی ورد" و هەروەها ↑تۆل tol بە مانای "پیزە، بێچووی ناوسک" دێ. ئەم وشانە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و مەبەست لە تۆل بە مانای "پیزە"ش خۆ گرتن و سفت بوونی پیزەیە لە ناو منداڵدانی دایکدا.

[لەباری پێوەندی دوو چەمکی "توند و تۆڵ، رەق" و "پێکەوەنووسان" هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی *خار* "رەق" وگرسە "تولا". ئەم دوو وشانەی دواییش پێکەوە خزمن].

تۆلا tola *[tolā]* - "پێکەوەنووساوی رەق بوو": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تۆڵ tol [توند و تۆڵ].

تۆڵە tole *[tola]* - "1- قەرەبوو 2- ئینتیقام": تۆل tol یش دەگوترێ: ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە ریشەی **<** ***(IE.)*tol-, *tel-*** "لا بردن، هەڵگرتن، تەحەممول کردن، تەحمیل کردن، بردنە ژێربار". دە زمانی یۆنانیدا télos (Gr.) لەم ریشەوە هاتووە و ماناکەی دەبێتە "تەحمیل کردن، *بژاردن*، پیتاک". وشەی Zoll (G.) "گومرکَ" دەچێتەوە سەر ئەم وشە یۆنانییە. لەرووی مانای ریشەکەوە و هەروەها مانای وشە یۆنانییەکە دەردەکەوێ کە "تۆڵ" یان "تۆڵە" دە راستیدا چوونە ژێر بار یان بردنە ژێر باری لایەنی بەرانبەرە واتا داسەپاندنی سزا، جەریمەی نەغدی، بژاردن [قەرەبوو]، بەرپرسیارەتی یان پیتاکە. کەوابوو کاتێک مرۆڤ تۆڵەی شتێک دەداتەوە، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو دەچێتە ژێر باری بەرپرسیارەتی ئەو کارە و ناچار دەبێ لە بەرانبەردا شتێک بە ئەستۆ بگرێ یاخود تەحەموول بکا. هەروەها کاتێک باس لە تۆڵە کردنەوە [دروستر: تۆڵە ستاندنەوە- تۆڵە دانەوە و تۆڵە ستاندنەوە] دەکرێ، ئەوە بریتییە لەوەی کە لایەنی بەرانبەر دەبردرێتە ژیر باری بەرپرسیارەتی و ناچار دەکرێ بە جۆرێک ئەم بارە لەسەر خۆی *لا ببا*، جا یان بە دانی پیتاک، قەرەبووی ماڵی یان بە شێوەی دیکە. ئەم وشەیە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆران toran "رەنجان" و هەروەها ↑دۆڕان doran "بەزین، شکست خواردن". کەسێک کە لە کایە یان لە شەڕدا دەدۆڕێ، بێگومان ناچارە باجی دۆڕانەکەی بە جۆرێک بدا. هەروەها لەوانەیە ↑بەرتیل bertîl "ریشوە"ش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

[تیبینی: سەبارەت بە پێوەندی تیوان *تۆران* "رەنجان" و تۆڵە "ئینتیقام" هەڵی سەنگینە دەگەڵ Bürde (G.) و aufbürden (G.). وشەی یەکەم بە مانای "باری قورس، رەنج، خەم و گوشار"ە و وشەی دووەمیش کە لەوەی یەکەمەوە وەرگیراوە، ماناکەی دەبێتە "خستنەژێر باری بەرپرسیارەتی یان تاوان". جێی سەرنجە کە ئەم وشە ئەڵمانییە خزمە دەگەڵ "بردن" دە زمانی کوردمادیدا و دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *bher-* "هەڵهێنان، هەڵگرتن، بردن". وەک دەبینین هەم ریشەی ئەم وشانە و هەم ریشەی وشەکانی "تۆلە" و تۆران" ئاماژە بە مانای "هەڵگرتن، حەمل کردن" دەکەن].

تۆمار tomar *[tomār]* - دە فارسیدا تومار tūmār (P.). مانای بنەڕەتی ئەم وشەیە "پێچراوە" بووە و بۆ کاغەزی پێچراوە بەکاریان هێناوە. [رەنگە سەرەتا بۆ شتی دیکەش بەکاریان هێنابێ]. دە زمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا "تۆمار کردن" هەروەها بۆ هەڵگرتنەوەی دەنکَ و وێنە لەسەر نەوار بەکاردەهێنرێ و ئەوەش دیسان پێوەندی هەیە بە سووڕان و "پێچرانەوە"ی نەوارەکە. بنەوشەی تۆم -tom بە چەند شێوەیەک دە هێندێک وشەی دیکەشدا دەبیندرێ وەک ↑تووماں tuman "تەپ و تۆز"، ↑تەموو temu "تۆپی ئاش"، ↑تۆمپز tompız "سەرمەقولات"، ↑تەمباڤ tembav "گیژاو"، ↑تەمەرە temere "بەڵا و گیرەوکێشە" [دە ئەسڵدا ئاژاوە و بشێوی؟]. چەمکی هاوبەش لەم وشانەدا "سووران، خول خواردن "ە. هەرلەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە tūmōn (OG.) "دەناو جەغزێکدا سووڕانەوە" و taumeln (G.) "گیژ بوون، بە لادا هاتن ". گشت ئەم وشانە دواجار دەبنە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz.

تۆمپز tompız - "سەرمەقولات": تۆم + پز tom + pız. کەرتی یەکەم ئاماژە بە چەمکی"سووڕان" دەکا [هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تومارtomar]. کەرتی دووەم شێوەیەکی دیکەیە لە بز/ بەز و پێوەستە بە کرداری ↑بزووتن bızutın. مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە بزاڤێکی تێکەڵ بە سووڕان [خۆ سووڕاندن].

تۆو tow - "دەنکی چاندن و بەرهەم هێنان": تۆم tom و توو tu ش دەگوترێ. شێوەی نوێتری ↑توخم tuxm.

تۆئ toe 1 *[toe]* - "توێخ": خزمە دەگەڵ ↑تۆک(ڵ) tok(ıl).

تۆئ toe 2 *[toe]* - "هەناو": ["لەتۆئ" باسەکەدا، واتا لەناو باسەکەدا]. تو tū (P.). خزمە دەگەڵ ↑تئ te[2] "پێشگری کردار"، وەک تێکردن te-kırdın واتا دەناو کردن، کردنە ناو، تێخستن te-xıstın واتا دەناو خستن، خستنە ناو ...

تۆی toy *[toe]* - "شایی، زەماوەند": هەروەها تۆیانە toyane هەیە بە مانای "نوقڵ و شیرنی کە دەگەڵ جیاز بەڕێ دەکرێ". سەر بەو خێزانەوشەیە کە مانای "با دان، لێکهاڵاندن، بەم لا و ئەو لادا جوڵاندن" دەگەیەنێ، وەک ↑تابەن taben "شیرازەچن"، ↑تەون *tewın*، ↑تەواندن tewandın "نووشتاندنەوە، قەد کردن، پێچانەوە، لوول دان"، ↑تەوەنە tewene "کۆگا، تۆپەڵ"، ↑تاوڵەمە tawleme "پن چەرخێن" و چەندین وشەی دیکە. دە فارسیدا وشەی تاب tab (P.) "خول، پێچ، سووڕ" شێوەیەکی دیکەیە لە بنەوشەی تاف -taf دە کرداری تافتن tāftan (P.)دا. ئەم کردارە مانای "تەون کردن، چنین" دەدا. کاری چنین و تەون کردن دە بنەڕەتدا بریتی بووە لە پێچاندن و سووڕاندن بەن و میل. بەم جۆرە مانای "شایی و زەماوەند" یان لە پێوەندی دەگەڵ چەمکی "خول، پێچ، سووڕ" دایە، وەک سەما کردن و جوڵاندنەوەی لەش بەم لا و ئەو لادا، یان لە پێوەندی دەگەڵ چەمکی "کۆگا، تۆپەڵ، لێکهاڵان".

[تێبینی: سەبارەت بەم پێوەندییانەی سەرەوە دەتوانین ئاماژە بە وشەی "سەما" بکەین کە پێوەندی بە "جمین"ەوە هەیە، واتا جووڵان. هەروەها وشەی جوڵان دەتوانێ هەمان وشەی "دیلان" بێ. دیلان [دیلانە، دیلانێ] هەم مانای "هەڵپەڕین" دەدا و هەمیش بە مانای "جۆلانە" کە ئەمەی دوایی بە فارسی پێی دەگوترێ تاب بازی tābbāzī. وشەی فارسی تاب tāb (P.) خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە و لەوانە تۆی toy "زەماوەند"].

تۆیتکە toetke *[toetka]* - "ئارامی، ئۆقرە": توتکە tutke ش دەگوترێ. تۆیتکە یان توتکە گرتن واتا "ئارام گرتن، هەدا دان". دەچیتەوە سەر ↑تووتان tutan [هەڵتووتەکان heltutekan] واتا "دانیشتن". **تۆیژ toej** *[toež]* - "تۆیخ": خزمە دەگەڵ ↑تۆک(ڵ) tok(ıl).

تۆیخ toex *[toex]* - "تۆیژ، پێست": خزمە دەگەڵ ↑تۆک(ڵ) tok(ıl) (تۆکڵ/ تۆیکڵ).

تۆیڵ toel *[toel]* - ↑تەوێڵ tewel.

تهنوشک tıhnuşk *[tıhnušk]* - "ئاڵوو هاتن، ماسینی بادامەی گەروو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ teşene "هەڵدان، پەرە سەندن، بڵاو بوونەوە".

تەبا teba *[tabā]* - "یەکگرتوو، بەهەڤرا، کۆک، تیوانخۆش": دەچێتەوە سەر ↑تەڤ tev "دەگەڵ".

تەبارە1 tebare *[tabāra]* - "1- لەمپەر، تیغە 2- هەرزاڵ": خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın بە مانای "تەنین، چنین، تێکخستنەوە".

تەبارە2 tebare *[tabāra]* - تەبار tebar یش دەگوترێ. دە "فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە"دا وەک "بارست" و فارسییەکەشی وەک "حجم" مانا کراوەتەوە. وێ دەچێ مانای بنەڕەتی وشەکە "قەوارە" بە مانای "هەیکەل، فۆرم، پێکهاتە" بێ. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تیپ tîp "شەقڵ، شێوە، حەرف" و typos (Gr.) "فۆرم، شێوە، پێکهاتە، هەیکەل، مۆدێل". دە زمانی کوردمادیدا ↑تەور tewır [تەویر tewîr] یش بە کار دێ بە مانای "جۆر، شێوە". وێ دەچێ ئەم وشەیە دە ئەسڵدا هەمان "تەبار" بووبێ کە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. هەروەها ↑ئەتوار etwar [ئەدا و ئەتوار e + t(ı)war] کە ئەویش دە بنەڕەتدا مانای "شکڵ و شێوە دەر هێنان" دەبەخشێ.

تەبانە tebane *[tabāna]* - "بانگردێن": خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın.

تەبغە tebġe *[tabġa]* - "سەرانگوێلک، کۆمای زبڵ و پەین": خزمە دەگەڵ ↑تەپاڵە tepale.

تەبوور tebur *[tabūr]* - "شەن، شەنە": بنەوشەی تەب -teb هەروەک تیف tîf [تیف تیفە] دەچێتەوە سەر کرداری ↑ساوین sawîn "سوونەوە، ساف و لووس کردن".

تەبەتۆر tebetor *[tabator]* - "جاڵجاڵووکە": تەبە + تۆر tebe + tor. کەرتی یەکەم پێوەندی بە ↑تەون tewın ەوە هەیە بە مانای "چنین، تەون کردن" و تێکڕای وشەکە مانای " تۆڕچن یان تەونگەر" دەدا.

تەبەش tebeş *[tabaš]* - "مەڕی تیوچاوان سپی": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تیپ tîp "حەرف" [دە ئەسڵدا واتا "شەقڵ، نیشانە"].

تەبەق1 tebeq *[tabaq]* - " سینی دار، تەختەی شت لەسەر دانان": تەبەک[1] tebek یش دەگوترێ کە شێوەی کۆنترە. خزمە دەگەڵ tabula (L.) "تەبەق، تەختە، مێز"، table (E.) "مێز"، Tafel (G.) "مین، تەختە". وشە

ئینگلیزییەکە لە زمانی فەرانسەیی وەرگیراوە و ئەویش دەچێتەوە سەر وشە لاتینییەکە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چەندین وشەی زمانی کوردمادی وەک ↑دەپ dep "تەختە"، ↑داب dab "یاسا، خەت، نووسراو" و دواتر ↑ئەدەب *edeb*.

تەبەق2 tebeq *[tabaq]* - "نەخۆشییەکی ئاژەڵە": تەبەک[2] tebek یش دەگوترێ کە شێوەی کۆنترە. خزمە دەگەڵ ↑تەبەقە tebeqe "قات، چین و توێژ" و ژمارەیەک وشەی دیکە کە لەژێر ↑تۆکڵ *tokıl* دا باس کراون. ئەم وشانە بە گشتی چەمکی "تۆژ، توێخ" لەخۆ دەگرن. بەم جۆرە "تەبەق" دەبێ نەخۆشییەک بێ کە بە هۆیەوە تۆیخ لێ دەبێتەوە.

تەبەقە tebeqe *[tabaqa]* - "قات، چین و توێژ": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە لەژێر ↑تۆکڵ tokıl دا باس کراون.

تەبەک1 tebek *[tabak]* - "تەشتی یان سینی دارین": شێوەی کۆنتری ↑تەبەق**1** tebeq.

تەبەک2 tebek *[tabak]* - بڕوانە ↑تەبەق2 tebeq "نەخۆشییەکی ئاژەڵە".

تەبەنە tebene *[tabana]* - "درزی درشت": خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın.

تەپ1 tep *[tap]* - "تەپ و تۆز:

1-دەتوانێ هاوریشە بێ دەگەڵ Staub (G.) "تۆز"، stieben (G.) "تۆز کردن" و typhos (Gr.) "دووکەڵ، تەپ و تۆز" و typhein (G.) "دووکەڵ کردن، تەپ و تۆز کردن، هەڵم و هاڵاو کردن". ناوی نەخۆشی تیفووس tîfus کە لە رێگەی زمانی لاتینییەوە هاتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان، بۆ ئەم وشە یۆنانییە دەگەڕێتەوە. مەبەست لەم وشەیە ئەوەیە کە مێشک و زەینی نەخۆشەکە دۆخێکی تەپ و تۆزاوی یان تەم و مژاوی پەیدا دەکا، واتا نەخۆش بە تەواوی ئاگای لە خۆی نامێنێ. ریشەی ئەم وشانەی سەرەوە باس نەکراوە.

2-لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بەرهەڤی بکەین دەگەڵ dub (OIr.) "رەش"، ↑تەو tew "مەڕی بە رەنگی خۆڵەمێشی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Taube (G.) "کوتر" [دە بنەڕەتدا: بۆرەکە]، toben (G.) "شێتانە بەم لا و ئەو لادا جووڵانەوە"، Dunst (G.) "تەم، هەڵم" و دە زمانی کوردمادیشدا دەگەڵ ↑تۆز toz و ↑تووماڵ tuman.

تەپ2 tep *[tap]* - "شاخ و بەرزایی بچووک": تەپە و تەپپە tepe و teppe ش دەگوترێ. تپە teppe (P.). خزمە دەگەڵ top (E.)، topp (OE.)، top (Nl.)، topp (Sw.) "لای هەرە سەرەوە، دوند". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ( ) "پرچ" [دە بنەڕەتدا: کاکۆڵ]، Zipfel (G.) "نووک" و Zapfen (G.) "تەپەدۆر"، zapfo (OG.) "دارۆکەی نووک تیژ بۆ بەستنی زارکی شت". ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ ↑زیپکە zîpke و ↑زۆپ zop و ژمارەیەک وشەی دیکە. ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە ئاماژەی پێ نەکراوە. جێی ئاماژەیە کە وەک لە سەرەوە دەر دەکەوێ، دە هێندێک زمانی ژێرمەنیدا کۆنسۆنانتی p بە شێوەیەکی تایبەتی بێژە دەکرێ و هەر بۆیە پیتەکە دوو جار دەنووسرێ. دە زمانی کوردمادیشدا دۆخێکی لەم چەشنە لە ئارا دایە.

تەپ3 tep *[tap]* - "تەنبەڵ، لەشگران": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- tapfer (OG.) "قورس، گران، گرینکَ " [دە زمانی ئەمڕۆی ئاڵمانیدا ماناکەی بووەتە "زیرەک، بەورە"]. گریمانە دەکرێ وشە ژێرمانییەکە پێوەندی هەبێ بە debelyj (Rus.) "قەڵەو".

2- ↑تەڤزین tevzîn "تەزین، سڕ بوون". ئەندام و لەش بەگشتی لە ئەنجامی تەڤزیندا قورس و نەجووڵ دەبێ. لەم بارەوە هەروەها بڕوانە تێبینی ژێر وشەی "سڕ".

تەپ4 tep *[tap]* - "پەلامار": تەپ دان tep dan واتا پەلامار دان. وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "لێدان"ە. دە زمانی کوردمادیدا گەلێک وشەی هاوپێوەند بەرچاو دەکەون کە لە خوارەوە ئاماژە بە هێندێکیان دەکرێ: ↑تەپان tepan "تیلای گەڵا کوتان"، ↑دەبان deban [خەنجەری دەبان]، ↑تۆپز topız "زۆر، زەبر و زەنکَ، کوتەک"، ↑تۆپ top "1-ئامرازی گەمە 2- ئامرازی شەڕ"، ↑تەور tewır [تبر tabar (P.)]، ↑تەپاندن tepandın "شێلان، کوتان"، ↑تەپڵ tepıl "1- سازی لێدان 2- شەقڵ و نیشانە"، ↑دەفە defe "سازی لێدان"، ↑تەپشۆ tepşo [تەمشوێ، تەوشوێ]، ↑تەپەسەر tepeser "سەرکوت، سەرزەنشت"، ↑تەپساندن tepsandın "داپڵۆسین، سەرکوت کردن"،

↑تەوس tews یان تەوز(ە) tewz(e) "تانە و تەشەر"، ↑تەپۆ tepo "مێشوولەی دندووک درێژ" [دە بنەڕەتدا واتا "لێدەر، پێوەدەر"]، ↑تەپس teps "شێلان بە پێ" [سەرنج بدە "شێلان" خۆی دە ئەسڵدا بە مانای "لێدان"ە]، ↑تفەنکَ tıfeng، ↑دەمانچە demaçne [تپانچە tapānče (P.)]، ↑توانج tuwanc "تیر و توانج" [دەبنەڕەتدا تەپانج *tepanc*] و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ***(IE.) *(s)teu- >*** "لێکدان، وێککەوتن" > تەوقە tewqa "دەست لێدانەوە". Typtein (Gr.) "لێدان"، tupfen (G.) "پەڵەپەڵە دانان (بە لێدان)"، tippen (G.)، dippen (Nl.)، tip (E.) "لێدان بە ئەسپایی"، Tüpfel (G.) و topho (OG.) "پەڵە، خاڵ" [دە بنەڕەتدا: پەڵە خستنە سەر بە لێداتیکی هێواش] لەم ریشەوە هاتوون. دە زمانی فارسیدا تپیدن tapīdan (P.) بە مانای "لێدان(ی دڵ)" دێ و پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. لە لایەکی دیکەوە دەشێ ئەم وشانە پێوەندی دەگەڵ دەستەوشەیەکی دیکە پەیدا دەکەن کە لەژێر ↑تیپ tîp "حەرف"دا باس کراون. هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑تووش tûş[1] [تووش بوون]، ↑تووک tuk و گەلێک وشەی دیکە.

[تێبینی: لە پێوەندی دەگەڵ وشەکانی سەرەوەدا وشەیەکی دیکەی ژێرمەنی سەرنج رادەکێشێ کە بریتییە لە Dübel (G.)، dowel (E.)، tubil (OG.)، deuvik (Nl.)، dubb (Sw.)، "مێخی دارین، هۆرە، رۆڵپلاک". ئەم وشانە دەچنەوە سەر کردارێکی کۆنی ژێرمەنی بە مانای "لێدان". ئەم کردارە ئەمڕۆ دە دیالێکتی خواروی زمانی هولەندیدا ماوەتەوە کە دەبێتە doffen (Nl.). دە سەرچاوەیەکی ئەڵمانیدا وشە ژێرمەنییەکەی سەرەوە دەگەڵ typhos (Gr.) "هۆرە" بەرهەڤ کراوە، بەڵام ئاماژە بە ریشەی وشەکان نەکراوە. دە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئەم وشانە بردراونەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dub- >*** "لێدان". من لەو باوەڕە دام کە ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوو لە ریشەکەی سەرەوەیە و ریشەیەکی سەربەخۆ نییە. هەر سەبارەت بەو وشە ژێرمەنییانەی لەسەرەوە هاتوون، خاڵێکی دیکە جێی سەرنجە. دە وشەکانی زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا پاشگری el- بە بنجی وشەکە لکاوە: Dübel (G.)، dowel (E.)، دە سوێدیدا پاشگرەکە دەرناکەوێ. سەرنجراکێش وشە هولەندییەکەیە کە بە پاشگری ik- کۆتایی دێ: deuvik (Nl.). دە زمانە ژێرمەنییەکاندا پاشگری el- بۆ دروست کردنی ناوی زۆر لە کەلوپەل و ئامراز کەڵکی لێوەر دەگیرێ. بەڵام پاشگری ik- دەگمەنە. بە پێچەوانەوە دە زمانی کوردمادیدا بە گشتی پاشگری ek/ ık- لەم بارەوە بەکار دەهێنرێ و پاشگرەکەی دیکە زۆر کەمترە، وەک دەسک، گەسک، خەڕەک، رنەک و دەمبیل].

تەپ[5] tep [*tap*] - "سلەگوو":

1- لە لایەکەوە دەشێ پێوەندی هەبێ بەو وشانەی لەژێر ↑*تاوانەوە* *tawan(ewe)* "توانەوە، حەل بوون، جاری بوون"دا هاتوون.

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە پێوەندی بە ↑تەپ[2] tep [تەپک، تەپە] ەوە هەبێ.

تەپ[6] tep [*tap*] - "گزی، گەڕ": شێوەیەکی دیکە لە ↑دەبە debe [دەببە debbe].

تەپ[7] tep [*tap*] - دەگەڵ "تل" دێ و دەگوترێ: تەپ و تل tep û tıl واتا هەستان و کەوتن، جووڵان و کەوتن. تەپ خزمە دەگەڵ ↑داوان dawan [هەڵەداوان] و ↑تاوانەوە tawan(ewe)، سەر بە ریشەیەک بە مانای "حەل بوون، جاری بوون" و دویدن davīdan (P.) "را کردن". کەرتی تل tıl خزمە دەگەڵ ↑تلۆر tılor و ↑*تلین* *tılîn* [تلیان tılyan] "هێشتن، هێڵان". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑تەپەترە tepetıre هەیە بە مانای "ساوای تازە پێ گرتوو کە دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە".

تەپار tepar [*tapār*] - "ریخ و قوڕی تێکەڵ بۆ سواخ دانی کونی خەڵێفەمێش": خزمە دەگەڵ ↑تەپاڵە tepale.

تەپاڵە tepale [*tapāla*] - "ریخی هیشکەوەبوو": دە فارسیدا تپالە tapāle (P.). بنەوشەی تەپ -tep دە هێندێک وشەی دیکەشدا دەبیندرێ، وەک ↑تەپ[5] tep "سلەگوو"، ↑تەبغە tebġe بە مانای "سەرانگوێلک، کۆمای زبڵ و پەین"، ↑تەپار tepar "ریخ و قوڕی تێکەڵ". چەمکی هاوبەش لەم وشانەدا "ریخ، شیاکە"یە. هەروەها ↑تەڤژین tevjîn هەیە بە مانای "1- زگچوون 2- شیاکە".

تەپان tepan 1 [*tapān*] - "1- ژێردەرانە 2- چەپەری پشتیوانەی دەرگا": خزمە دەگەڵ ↑دەپ dep "تەختە".

تەپان2 tepan *[tapān]* - "تیلای گەڵا کوتان": خزمە دەگەڵ ↑تەپ[4] tep "پەلامار".

تەپاندن tepandn *[tapāndın]* - "تیئاخنین، شیلان": خزمە دەگەڵ ↑ تەپ[4] *tep* "پەلامار" و ↑تەپان tepan "تیلای گەڵا کوتان".

تەبخ tebıx *[tabıx]* - "تەپیو": تەپس tepıs یش دەگوترێ.

1- یان خزمە دەگەڵ ↑تەپین tepîn.

2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑تەپاندن tepandn.

تەپس tepıs *[tapıs]* - "تەپیو، شیلدراو": ↑تەبخ tebıx.

تەپساندن tepsandın *[tapsāndın]* - "داپڵۆسین، سەرکوت کردن": خزمە دەگەڵ ↑تەپ[4] tep "لیدان".

تەپسی tepsî *[tapsī]* - "دەڤر": تیڤسی tîvsî یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "قووڵ، قووڵایی" دەدەن، وەک ↑تاپی tapî "خەندەک".

تەپشوو tepşû *[tapšū]* - "تەشوێ": خزمە دەگەڵ ↑تەپ[4] tep "لیدان".

تەپک1 tepık *[tapık]* - "گردۆلکە، بەرزایی چکۆلە": ↑تەپ + ک tep + ık. کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە. تەپکە tepke ش دەگوترێ.

تەپک2 tepık *[tapık]* - "دەوە، تەپاڵەی شیلدراو": شیوەیەکی دیکە لە ↑دەوە dewe. ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑تەپاندن tepandın "شیلان، ئاخنین، پەستاوتن".

2- ↑تەپاڵە tepale "دەبنەڕەتدا واتا حەلکراو، هەزمکراو، هەڵتاوێنراو".

تەپکە tepke *[tapka]* - "داوی لە تەختە کوتراو بۆ گرفتار کردنی مەل": خزمە دەگەڵ ↑داو daw "1- دەزوو، هەودا، نەخ 2- تەپکە".

تەپڵ1 tepıl *[tapıl]* - "تەوق، شۆینی هەرەبەرز [تەپڵەسەر واتا بەرزترین شوێنی سەر] . تەپ + ل tep + ıl. خزمە دەگەڵ ↑تەپ tep (تەپە tepe) "شاخ و بەرزایی بچووک".

تەپڵ2 tepıl *[tapıl]* - "زەرب، ئامرازێکی مۆسیقا": تەپ + ل tep + ıl. کەرتی دووەم پاشگرە. کەرتی تەپ tep دە هێندێک وشەی دیکەی کوردمادیشدا هەیە وەک ↑تەپان tepan، ↑تەوریrtewı، ↑تۆپز topız و خزمە دەگەڵ typtein (Gr.) "لیدان، کوتان". ناوەکەی دیکەی ئەم ئامێرە مۆسیقییە، واتا "زەرب" لە وشەیەکی عەرەبی وەرگیراوە کە ئەویش هەر بە مانای "لیدان"ە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تەپ[4] *tep* "پەلامار".

تەپڵ3 tepıl *[tapıl]* - "شوێن پەنجە، جێ قامک":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تیپ tîp "حەرف" [دە ئەسڵدا: شەقڵ، نیشانە].

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تبل tıbıl "قامک".

تەپلک1 teplık *[taplık]* - "بەنەئاسن بۆ دروونەوە [گاو لیدان]ی شتی شکاو": خزمە دەگەڵ ↑*داو daw*"دەزوو" و ↑تەپکە tepke.

تەپلک2 teplık *[taplık]* - بڕوانە ↑تەپلەک teplek2 "زکَ دانی دیوار".

تەپلک3 teplık *[taplık]* - "بەرکەندال": خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک، رەهەند".

تەپلۆس teplos *[taplos]* - "تەنبەڵ، تەوەزەل": تەپ + لوس tep + los. ↑تەپ tep واتا "قورس و گران"، لوس - los دەشێ شیوەیەکی دیکە بێ لە ↑لۆژ loj "تەنبەڵ، تخیڵ".

تەپلە[1] teple *[tapla]* - "کڵاوی لباد، جۆرێک کڵاوی ژنانە": خزمە دەگەڵ ↑تەپڵ tepıl [ی سەر].

تەپلە[2] teple *[tapla]* - "کەلارە، دەفری لە شیاکە":

1- لە لایەکەوە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەپسی tepsî و دەفر defır.

2- لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "ریخ، شیاکە" دەدەن، وەک ↑تەپاڵە tepale.

تەپڵەک1 teplek *[taplak]* - "1- تەختەی تیوان کۆڵەکە و میچ 2- ژێرسیگاری 3- کورسیلەی شت لە سەردانان": خزمە دەگەڵ ↑دەپ *dep* و ↑تەبەق tebeq "تەختە، تەختەی بەڕیز لەسەر یەک دانراو".

تەپڵەک2 teplek *[taplak]* - "زکَ دانی دیوار": ↑تەپڵک1 teplık یش دەگوترێ. سەرەتا پێویستە رووبی بکەینەوە ئەم مانایە چۆن پەیدا بووە. تەپڵەک یان تەپڵک ئەو دوخەیە کە سواخی دیوار [لە قوڕ، گێچ یان سمیت] لە شوێنێکی دیوارەکە جیا دەبێتەوە، واتا بۆشایی و ڤالاییەک لەتیوان سواخ و دیوارەکەدا پەیدا دەبێ. ئەم دۆخە بە شێوەی جۆرێک لە "زکَ دان" و ماسین خۆی نیشان دەدا. هەروەها ئەم دۆخە ئەو کاتەش دەبیندرێ کە کاغەزدیواری لە شوێنێک لە دیوار دەبێتەوە و "زکَ دان"یک لەو شوێنە پەیدا دەبێ. کەوابوو مانای ئەسڵی وشەکە "زکَ دان و ماسین" نییە، بەڵکوو جیا بوونەوەی ↑تۆژ toj ێکە لە دیوار کە بەشێوەی زکَ دان دەردەکەوێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ تاول tawel (P.) دە زمانی فارسیدا بە مانای "تۆیخ بەردان و بلۆق کردنی دەست بەهۆی کاری سەخت یان سووتان"، ↑تۆفل tofil "تۆکڵ"، ↑تەفشک tefşık "1- تەڵاش 2- کرێژی سەر" و چەندین وشە کە ژێر ↑*تۆکڵ tokıl* دا شی کراونەوە. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تووڵەک tulek "وەرینی مووی لەش" و دواتریش ↑تەپڵەک1 teplek "تەختە".

تەپڵەک3 teplek *[taplak]* - "تاسکڵاوی ژنان": خزمە دەگەڵ ↑تەپڵ1 tepıl "تەوق، شۆینی هەرەبەرز" و دواتر ↑تەپ[2] *tep* [تەپک tepık، تەپەtepe، تەپپە teppe]. "تەپڵەک" واتا ئەو شتەی لەسەر تەپڵی سەر دانراوە.

تەپۆ[1] tepo *[tapo]* - "رووەمەت تێک قووپاو بە هۆی بێددانی": خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک" و ↑تەپین tepîn "رۆچوون".

تەپۆ[2] tepo *[tapo]* - "مێشوولەی لاق و دەنووک درێژ": خزمە دەگەڵ ↑تەپان tepan و ئەو وشانەی لە ریشەیەک دێن بە مانای "لێدان".

[تێبینی: لە باری دروست بوونی وشەکەوە دەتوانین دەگەڵ "ژەنگەسوورە" بەراوردی بکەین، کە لەویشدا بنەوشەی ژەن -jen دەچێتەوە سەر ریشەیەک بەمانای "لێدان". دیارە مەبەست لە "لێدان" ی تەپۆ و ژەنگەسوورە "پێوەدان"ە].

تەپۆخ tepox *[tapox]* - "هەڵەنگوتن، ساتمە کردن": مانای بنەڕەتی وشەکە "وێکەوتن"ە، ئەو شتەی دە فارسیدا دەبێتە "برخورد کردن". تەپۆخ بریتییە لەوەی کە لاق دە شتێک هەڵدەنگوێ، واتا وێی دەکەوێ. هەر بۆیە وشەکە خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێژ ↑تەپ[4] tep دا باس کراون و مانای "لێدان" دەبەخشن. وشەی ↑تووش[1] tûş یش هەر لەم خێزانەوشەیەدا جێ دەگرێ. تووش بوون مانای "وێک کەوتن" دەدا.

[تێبینی: وشەی "ساتمە"ش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێکدران، وێککەوتن". مەبەست لە ساتمە یان تەپوخ ئەوەیە کە دوو شت وێک دەکەون، وەک چۆن لە رۆیشتندا پێ لە بەردێک دەکەوێ (دەدرێ) و مروڤ هەڵدەنگوێ].

تەپە1 tepe *[tapa]* - بڕوانە ↑تەپ[2] tep "گرد، شاخی بچووک".

تەپە2 tepe *[tapa]* - "1- دەنگی کەوتنی شتی قورس و نەرم 2- دەنگی پێ لە رۆیشتندا": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- tap (E.) "بە هێواشی لێدان" [وەک لە دەرکە دان]. دە ئینگلیزندا teppe (E.) ش گوتراوە. لەوانەیە وشەکە بە لاسا کرنەوەی دەنگَ دروست کرابێ.

2- ↑تەپ[4] tep "پەلامار" سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، کوتان". لەم تێڕوانینەوە تەپە تەپ کردن بریتییە لە (پێ) کوتان بە شوێنێکدا.

تەپە3 tepe *[tapa]* - تەپە دان واتا "بەسەر یەکدا هەڵچنین، کۆما کردن": دەچێتەوە سەر ↑تەپە1 tepe "گرد، شاخی بچووک". شیاوی باسە کە وشەی "گرد"یش هەم مانای "تەپە" دەدا و هەمیش مانای "خڕکراوە، وەسەریەک نراو".

تەپەترە tepetıre *[tapatıra]* - "ساوای تازە پێ گرتوو کە دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە": تەپە + ترە tepe + tıre. بڕوانە شی کردنەوەی ژێر ↑تەپ[7] tep [تەپ و تل].

تەپەدۆر tepedor *[tapador]* - "زاربێنی شووشە لە داری نەرم": تەپە + دۆر tepe + dor. دە زمانی ئاڵمانیدا پێی دەگوترێ Zapfen (.G) و دە ئینگلیزیدا tap (.E). ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەشدا هەیە. ئەگەر وشە کوردماداییەکە وشەیەکی وەرگیراو یان داتاشراو نەبێ، ئەوسا دەتوانین بە هاوریشەی دابتێین دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکان. کەرتی دۆر dor دە وشە کوردماداییەکەدا دەچێتەوە سەر ↑دارdar [تێبینی: دە زمانی فارسیدا وشەی "چوب پنبە" بەکاردێنن کە لەویشدا چەمکی "دار" بەدی دەکرێ].

تەپەسەر tepeser *[tapasar]* - "سەرکۆنە، سەرزەنشت": وشەی "سەرزەنشت " لە دوو کەرتی سەر و زەنشت پێک هاتووە [بنەوشەی زەن- یان ژەن- مانای "لێدان" دەدا]. هەربەم جۆرەش وشەی "تەپەسەر" لە دوو کەرتی تەپ[4] tep بە مانای "لێدان" و سەرser پێک هاتووە و دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑تەپ[4] tep "لێدان"، ↑تەپان tepan "تیلا، کوتەک" و هتد.

تەپین tepîn *[tapīn]* - "رۆچوون، ڕمان": خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک، رەهەند". هەردووک لە ریشەیەکەوە دێن کە مانای "قووڵ بوون، ڕۆچوون" دەدا.

تەتک1 tetık *[tatık]* - "لەپک، دەستکێش": خزمە دەگەڵ Tatze (.G)، tatze (.MG) "پەنجەی ئاژەڵی راوکەر، بەتایبەتی هی ورچ". دە فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانی ئەڵمانیدا باس لەوە دەکرێ کە ئەم وشەیە تەنیا لە زمانی ئەڵمانیدا بەدی دەکرێ و روون نییە لە چییەوە هاتووە. وەک دەبینین ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیشدا هەیە. بێگومان وشەکە دە زمانی کوردمادیدا پێشتر تەت *tet* یان تەتە *tete** بووە بە مانای "لەپ، پەنجە" و ئەوجار پاشگرێکی خراوەتە سەر و مانای "لەپک، دەستکێش"ی وەرگرتووە [لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "لەپ" واتا "دەست" و "لەپک" واتا "دەستکێش"]. بەگوێرەی فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانی ئەڵمانی لەوانەیە وشەکە لە زمانی زارۆک وەرگیرابێ. هەر لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو وشەی دیکەی زمانی کوردمادیش بکەین کە بریتین لە ↑تەتە tete "خێشک بۆ زەوی لووس کردن" و ↑تەتەڵە2 tetelekردن "هەڵتەکاندنی دەغڵ و دان بۆ پاک کردنەوە". پێش ئەوەی باسی پێوەندی ئەم وشانە بەیەکەوە بکەین، پێویستە بە کورتی ئاوڕێک لە وشەی "چەنگاڵ" بدەینەوە. ئەم وشەیە هەم دە کوردمادی و هەم دە فارسیدا بە دوو مانا بە کار دێ، یەکەم بە مانای "چەنکَ و پەنجەی ئاژەڵی راوکەر" و دووەم ئامرازێکە لە دار یان ئاسن کە وەک قامکەکانی پەنجە چەند لقی لێ دەبێتەوە و وەک ئامرازێک بۆ خواردن کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆ ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیدا ↑چەتاڵ çetal یش دەگوترێ. بنەوشەی چەت çet- دە وشەی چەتاڵ çetal دا خۆی شێوەیەکی دیکەیە لە تەت tet، کەوا لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا. کەوابوو "چەت" یان "تەت" خۆی دە بنەڕەتدا بە مانای "پەنجە، چەنکَ"ە و تەتە tete "خێشک" و چەتاڵ çetal "چەنگاڵ" و تەتەڵە tetele "شەنە" ئەو ئامرازانەن کە شێوەیان لە "چەنکَ" دەچێ و بە مانای چەنگاڵ و چەنگەک و شەنە بەکار هێنراون. هەر لێرەدا جێی ئاماژە کردنە کە "شەنە"ش خۆی پێوەندی هەیە بە "چەنکَ"ەوە. خاڵێکی دیکە کە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، ئەوەیە کە "تەتەڵە کردن" ماناکەی چیتر نییە جگە لە "شەن کردن" واتا دەغڵ و دان بە شەنە هەڵتەکاندن [هەڵاویشتن] بۆ ئەوەی پووش و دەنکی لێک جیا بێتەوە. نها دەگەڕێینەوە سەر ئەو گومانەی ئێتیمۆلۆگە ئەڵمانییەکان کە دەڵێین لەوانەیە وشەی Tatze ی ئەڵمانی لە زمانی زارۆک وەرگیرابێ. دە راستیدا ئێمە دەبێ دەستخۆشی لەو ئێتیمۆلۆگانە بکەین بۆ ئەو شیمانەیەی دەریان بڕیوە. ئەوان لە کاتێکدا ئەو شیمانەیان دەربڕیوە کە تەنیا یەک وشەی ئەڵمانیان لەبەردەست دابووە، بە بێ پێوەند دانەوەی بە هیچ وشەیەکی هاوشێوە، نە لە زمانی ئەڵمانی و نە لە هیچ زماتیکی دیکەدا! ئێمە دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشەمان لەم بارەوە لەبەر دەست دایە و گرنگتر لە هەمووانیش ئەو وشەیەی زمانی زارۆکمان لە بەر دەستدایە کە ئێتیمۆلۆگە ئەڵمانییەکان بە دوایدا دەگەڕێن و ئەویش ↑چەچە çeçe یە بە مانای "دەست" دە زمانی زارۆکدا! بەڵام باسەکە هەر بەوەندە کۆتایی نایە و دەشێ هێندێکی دیکە لەسەری بەردەوام بین و بزانین

"چەچە" خۆی لە کوێوە هاتووە. چەچە خزمە دەگەڵ ↑تووتە tute 1" -1 قامکەچکۆڵە 2- زێدە گوشت لەچاو یان لە پێلووی چاودا"، خزمە دەگەڵ zitze (G.) و tutto (OG.)، titt (OE.) و (Sw.)، titthe (Gr.) "گۆپکەی مەمک" و هەروەها دە زمانی کوردمادیدا ↑چیچە çîçe "گۆپکی مەمک"، ↑چچک çıçık "1- گوانی مەمک، گۆپکەی مەمک 2- میتکە"، ↑چیچیلە çîçîle "نەرمەی گوێ"، [چچولە čečūle (P.) "میتکە"]. لەم وشانەدا دەبینین کە ئاماژە دەکرێ بە نەرمەگۆشتێکی بچووک. بەم جۆرە ئێمە دەتوانین لێرەدا رەوتی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی وشەکە جارێکی دیکە بە کورتی بخەینەوە بەر چاو. زارۆکی شیرەخۆرە کاتێک مەمکی دایکی مژیوە و لەوانەشە دەستی لە گۆپکەی مەمکی دایکی دابێ، هاوکات دەنگی تەتە tete ی لەخۆی دەرهێناوە، هەر وەک چۆن دەنگی "مەمە" و چەندین دەنگی دیکەشی دەرهێناوە. لێرەوە لەرووی ئەو دەنگەَ دەرهێنانەی منداڵەکەوە ناوی "تەتە" یان "تیتە" دراوە بە "گۆپکەی مەمک". پاشان ناوەکە مانایەکی فراوانتری پەیدا کردووە و بۆ چەند گۆشتێکی ورد و بچکۆڵانەی دیکەش بەکار هاتووە، وەک "نەرمەی گوی"، "زێدە گۆشت لە چاو"، "میتکە" و هەروەها دەستی زارۆکی شیرەخۆرە کە نەرمە گۆشتێکی چکۆڵەیە. پەرەگرتنی مانای وشەکە هەر بەوەندە نەوەستاوە و لە پلەیەکی دواتردا بەگشتی مانای "چکۆڵە"ی وەرگرتووە. ئەم مانایانە دە وشەکانی ↑تووتە tute [قامکە تووتە qamke tute واتا قامکە چکۆڵە]، ↑تووتک tûtık [تووتکەسەکَ واتا بێچووی سەکَ، گچکەی سەکَ]، ↑تیتل tîtıl [بێچووی چکۆڵە، تیتل و بیبل]، ↑تیتە tîte "بەرووڵە خیار، خیاری چکۆڵە" و هیتردا دەبینرێ. لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە بۆچی "تەتە" دە زمانی کوردمادیدا نەک هەر مانای "خێشک" دەدا، بەڵکوو بە مانای "بووکەڵەی لە قوڕ یان هەویر"یش بەکار دێ. ئاشکرایە کە بووکەڵە قەوارەیەکی بچووککراوی مرۆڤە، "مرۆڤ"ی بچکۆلانەیە و هە لەبەر ئەوەش پێی گوتراوە "تەتە" واتا "بچکۆڵانە".

[تێبینی: ناوێکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا بۆ بووکەڵە بریتییە لە "بیبی". ئەم وشەیەش دەچێتەوە سەر "بەبە" بە مانای "زارۆکی چکۆڵە". لێرەشدا دەبینین کە "بووکەڵە" وەک "بەبە" واتا وەک مرۆڤێکی بچکۆڵانە سەیر کراوە و بۆیە ناوی "بیبی" پێدراوە. بیبی دەبێتە خزمیش دەگەڵ "بیبل" [تیتل و بیبل] و هەروەها "بیبیلە"ی چاو. ناوی بیبیلە بۆ "رەشێنە"ی چاو لەوەڕا هاتووە کە مرۆڤ شێوە و قەڵافەتی خۆی لەناو رەشێنەی چاوی کەسێکی بەرانبەریدا وەک بووکەڵەیەک بینیوە، واتا رەشێنەی چاو ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ وێنەی خۆی بە بچکۆڵەیی، وەک بووکەڵەیەک تێدا دەبینێ].

تەتک 2 tetık *[tatık]* - "سمت و ساتان": تەتی tetî یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تووتان tutan و هەڵتووتەکان بەمانای "دانیشتن".

تەتن tetın *[tatın]* - "قوڕ، حەری": دەشێ پێوەندی بە ↑تەن[1] ten "لەش"ەوە هەبێ.

تەتە 1 tete *[tata]* - "پوور، خوشکی باوک": خزمە دەگەڵ ↑تات tat "باوک" .

تەتە 2 tete *[tata]* - "بووکەڵەی لەقوڕ یان هەویر": خزمە دەگەڵ ↑تووتە tute و تیتە tîte بە مانای "وردیلە، چکۆڵە" [بووکەڵە یان تەتە واتا چکۆڵەی مرۆڤ]. [بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تەتک[1] tetık].

تەتە 2 tete *[tata]* - "خێشک بۆ ساف کردنی زەوی": [بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تەتک[1] tetık].

تەتەر teter *[tatar]* - "1- نامەبەر، پەیک 2- قۆچاخ": بە مانای دووەم شاتر şatır یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑*شاندن şandın* و ↑جادە cade.

تەتەڵە 1 tetele *[tatala]* - "پارچە تەختە یان پارچە بەردی پانکەڵە": خزمە دەگەڵ ↑تات tat "بەردی پان" و ↑تەخت texıt "ساف، بێ کەند و لەند".

تەتەڵە 2 tetele *[tatala]* - تەتەڵە کردن واتا هەڵتەکاندنی دەخڵ و دان بۆ لێک جیا کردن و پاک کردنەوەی. [بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تەتک[1] tetık]

تەتی 1 tetî *[tatī]* - "1-سمت و ساتان 2- ئاودەست": خزمە دەگەڵ ↑تووتان tutan [هەڵتووتەکان heltutekan] واتا دانیشتن.

تەتی 2 tetî *[tatī]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑دادە dade.

تەجیر tecîr [*tajīr*] - "تامان، چەپەر": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەو ریشانەی خوارەوە:

1- ***(IE.) *tek-*** "با دان، چنین، هۆنینەوە". ↑دەق deq "تێکست" لەم ریشەوە هاتووە.

2- ***(IE.) *teg-*** "داپۆشین، تاقەت کردن، حەشاردان". ↑تاقەت taqet لەم ریشەوە هاتووە.

تەحت teħt [*taħt*] - "لباد، نمەد": تات tat یش دەگوترێ. لباد تەنراوێکی سفت و چڕ و پڕە و هەر بۆیە وشەی تەحت teħt دەبێتە خزم دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑تەژی *tejî* "چڕ و پڕ" و ↑تەحین teħîn دا هاتوون، وەک dicht (G.) "چڕ و پڕ"، tight (E.) "توند، سفت"، diht (OE.) "قەڵەو، بەهێز"، techt (OIr.) "توند بوو، مەییو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *te(n)k- >*** "توند بوون، چڕ بوون".

[تێبینی: لەباری ماناوە بەراوردی بکە دەگەڵ پەستەک pestek کە ئەویش تەنراوێکی سفتە و وشەکەی خزمە دەگەڵ پەستاوتن pestawtın].

تەحرە teħre [*taħra*] - "جەنگەی گەرمای نیوەڕۆ": [گەرمای زۆر و توند]. هەروەها ↑تەشلەخە teşlexe هەیە بە مانای "هەڕەت و جەنگەی سەرما". خزمە دەگەڵ ↑تەخەر texer "زۆرینە، زۆرتر، پڕانی".

تەحسین teħsîn [*taħsīn*] - "خلیسکان": هەروەها تەحس teħs هەیە بە مانای "خلیسک"، خزمە دەگەڵ ↑تاس[1] tas [تاس و لووس]. پێوەندی دوو چەمکی "لووس" و "خلیسکان" بەیەکەوە ئاشکرایە. "لیز" دە زمانی فارسیدا خزمە دەگەڵ "لووس" و مانای "لووس، لیچق" دەدا و "لیز خوردن"یش مانای "خلیسکان" دەدا.

تەحفیل teħfîl [*taħfīl*] - "خاوین بوونەوەی پیس بە شوشتن": خزمە دەگەڵ taufen (G.) "خستنە ناو ئاو، ئاو پێدا کردن". ئەم وشەیە دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ کردەیەکی ئایینی بەکار دێ کە تێیدا زارۆکی ساوا لەلایەن قەشەوە بە ئاو تەڕ دەکرێ. رەنگە پێشتر زارۆکی ساوایان دە ئاو هەڵکێشابێ. وشەکە خزمە دەگەڵ toufan (OG.)، dauopjan (Gt.)، dīepan (OE.) "نقوم کردن، دە ئاو هەڵکێشان". خودی ئەم کردارانە خزمن دەگەڵ tief (G.)، deep (E.)، djup (Sw.) "قووڵ"، ↑تاپی tapî "خەندەک" و ↑دۆپ dop "1- نەوی، نزم 2- گەلی، شیو"، تە tah (P.) "ژێرەوە، بنەوە" و پێشگری ↑دا da [دانیشتن، دابەزین، داکوتان...]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dheu-b- >*** "قووڵ، نزم".

تەحین teħîn [*taħīn*] - "توندەوەبووی شیرەی کونجی": وشەیەکی رەسەنی کوردماددییە و خزمە دەگەڵ ↑تن *ten* "لەش، بەدەن". دەشێ کۆنتر "تەهین tehîn" بووبێ. خزمیشە دەگەڵ ↑تەقن teqın "جێگەی پڕ لە قوڕ و لیتە"، خزمە دەگەڵ Ton (G.) "گڵی تایبەت بو چێ کردنی گۆزە"، dāha (OG.)، thāhin (OS.)، dōhe (OE.) "قوڕ، لیتە"، ↑تەژی tejî "چڕ و پڕ"، ↑تەقتەق teqteq "زەوی بەردین" [دە بنەڕەتدا: سفت، چڕ و پڕ]

تەخت text [*taxt*] - "ساف، پەل، یەکسان، هەموار": ئەم وشەیە و هەروەها ↑تەختە texte، کە ئەویش رووبەرێکی ساف و هەمواری هەیە، پێکەوە خزمن. هێندێک وشەی دیکەش دە زمانی کوردماددیدا پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە، وەک ↑تات tat "بەردی پان و ساف" و ↑تەتەلە tetele "تەختەدار یان تەختەبەرد". جگە لەمە وێ دەچێ وشەکانی ↑تاس tas "سەری ساف و بێموو"، ↑تاس tas "مۆرەی تەختە کە هەموو رووبەرەکانی ساف و داتاشراون"، ↑تیشە tîşe "بەردی پان و لووس لە چیا" لەم خێزانە وشەیەدا جێ بگرن. وێ دەچێ ئەم وشانە بچنەوە سەر ↑تاشین taşîn [تراش دان، ساف و لووس کردن، تەخت کردن].

تەخسیر taxsîr [*taxsīr*] - "ژێتک کە مێرد سەر جێیی ناکا": وێ دەچێ وشەکە دە ئەسڵدا *تاکسەر* ***takser*** [↑تاک tak + ↑سەر ser] بووبێ، بەم مانایە کە کەسێک بە تاکی سەر دەتێتەوە، واتا بە تەنیا دەخەوێ. هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی هاوسەر hawser کە بەو مانایە دێ کە دوو کەس پێکەوە دەخەون یاخود لە سەریندا هاوبەشن.

تەخش texış [*taxıš*] - "تیری کەوان": شێوەیەکی دیکە لە↑ تیر tîr. خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑تیخ tîx و ↑تیژ tîj.

تەخشان texşan [*taxšān*] - دەگەڵ پەخشان دێ [تەخشان و پەخشان کردن واتا بەم لا و ئەولادا بڵاو کردنەوە]. خزمە دەگەڵ ↑ تیچان tîçan "بڵاو بوون".

تەخنک texnık [*taxnık*] - "قاپی گەورەی لە مس": خزمە دەگەڵ teganon (Gr.) "تاوە". ↑تیان tîyan یش شێوەیەکی دیکەیە لەم وشەیە.

تەخەر texer [*taxar*] - "زۆرینە، زۆرتر، پڕانی": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تەژی tejî "پڕ". وشەی ↑تەخار texar [تەغار teġar] یش دەبێ پێوەندی بەم وشەوە هەبێ و مەبەست لەم وشەیە دەبێ "ئەندازەیەکی زۆر" بێ.

تەخار texar [*taxār*] - "کێش و پێوانەیەکی دەغڵە، لە موکریان چوار تەنەکە و لە کوردستانی باشوور 64 تەنەکەیە": تەغار teġar یش دەگوترێ. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها تەخاراو texaraw هەیە بە مانای "کووپەی زەلامی سەرئاوەڵە بۆ ئاو". وەک لەم مانایانە دەردەکەوێ، "تەخار" دە بنەڕەتدا دەبێ بە مانای "کێش یان قەبارەیەکی زل و زەبەلاح" بێ. دە زمانی فارسیدا تغار taġār (P.) وەک "قەبارەیەک بەرانبەری سەد مەن" مانا کراوەتەوە.

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تەخەر texer "زۆرینە، پڕانی".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە پێشگری ↑دا -da و تە tah (P.) "خوارەوە، بنەوە، قووڵایی". دە زمانی کوردمادیدا زۆر لەم وشانەی مانای "دەفر" و بەتایبەتی دەفری زل دەبەخشن، لە پێوەندی دەگەڵ ئەو وشانە دان کە مانای "قووڵایی، قووڵ بوون" دەبەخشن، بۆ وێنە *کوار* "کەندوو"، "جەواڵ" [گواڵ، گواڵە] خزمن دەگەڵ "قووڵ" و دواتر *خوار* "ژێر". لەم نموونەیەدا دەبینین کە لە مانای "قووڵایی"یەوە لە لایەکەوە مانای "خوارەوە" و لە لایەکی دیکەوە مانای "دەفر" پەیدا بووە. ئەگەر پێوەندی "تەخار" بەم وشانەی باسکراو دروست بێ، ئەوسا دەبێتە خزم دەگەڵ *دەبوو* [دەببە] "دەفری رزق، خیگە یان تەنەکە و کووپەی رۆن و پەنیر".

تەڕ1 ter [*tar*] - "ئاودار، شێدار": دە فارسیدا تر tar (P.). دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە دەگەڵ وشەی تەڕ بە خزم دەردەچن کە بریتین لە ↑دڵۆپ dılop، ↑دەڵاندن delandın "تەڕایی دانە دەرەوە"، ↑تریت tırît (تڵیت tılît) "تێکوشین، نانی تەڕکراو"، ↑تڵیسانەوە tılîsanewe. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Tropfen (G.)، drop (E.) و stalagma (Nl.)، (Gr.) "دڵۆپە"، triefen (G.)، drip (E.)، drypa (Sw.) "دڵۆپەکردن، تڵیسانەوە". ریشە؟ وشەی ترشح taraşşuħ (Arb.) لەم وشە کوردماديیە وەرگیراوە.

تەڕ2 ter [*tar*] - وشەیەکە واتای زۆر باش دەدا، بەڵام بۆ گاڵتە پێکردن بەکار دەهێنرێ، بۆ نموونە: تەڕت زانی واتا چاکت زانی، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە هیچت نەزانی! دەشێ خزم بێ دەگەڵ:

1- ↑تۆڵ [توند و تۆڵ]، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سەخت، پتەو". شیاوی باسە وشەی "چاک"یش [تەڕت زانی، چاکت زانی] دە بنەڕەتدا هەر ئەم مانایە دەدا.

2- یانیش ↑تیر ter [تێر و پڕ]. "تێر و پڕ" دە زمانی کوردمادیدا مانای "زۆر و زەوەند"یش دەدا [تێر و پڕی لێدا، تێر و پڕی چاو لێ کرد]. لەم روانگەوە مانای "تەڕ زانین" دەبێتە "تێرو پڕ زانین" یاخود "زانینی زۆر و زەوەند"، دیارە بە گاڵتە.

تەرا tera [*tarā*] - زۆرتر دەگەڵ "تاک" دێ: تاک و تەرا tak u tera واتا "بەتەنیا، دوور و جیا لە ئەوانی دیکە". خزمە دەگەڵ ↑ تەرە tere "دوورخراو، دەرکراو".

تەرات terat [*tarāt*] - "1- پێستی کەلەکە 2- چەرمە چەقاڵتە": تەراد terad یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Schwarte (G.)، zwoerd (Nl.)، sward (E.)، svorđr (OIs.). ئەم وشانە دە بنەڕەتدا بە مانای پێستی (تووکداری) سەری مرۆڤ و پێستی ئاژەڵ بووە.

تەراتین teraten [*tarāten*] - "هاتوچۆی ئەسپ لە مەیدان": خزمە دەگەڵ Tritt (G.) "هەنگاو، پێلاقە"، treten (G.)، tretan (OG.)، treden (Nl.)، tread (E.)، trudan (Gt.)، trođa (OIs.) "هەنگاو نان، پێ لێنان، بەسەردا رۆیشتن، بە پێ تێ کوتان". ریشەی هیندوئەوروپی ئەم وشە ژێرمەنییانە دیاری نەکراوە.

تەراخوم teraxum [*tarāxum*] - "نەخۆشییەکی چاو": دەچێتەوە سەر وشەیەکی یۆنانی: < *trachoma* (Gr.) "زووری، زبری"، سەر بە ئاوەڵناوی trachys (Gr.) "زبر، گرنی گڕنی".

تەراز teraz [*tarāz*] - "هاوئاست، هەموار":

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ stracks (G.)، "ڕاستەوڕاست، یەکسەر" [strack "ڕاست، هەموار، یەکسان، (لەبەریەک)کێشراوە" دە دیالێکتی ناویندا]، straks (Nl.) "یەکسەر"، strecken (G.)، streccen (OG.)، strekken (Nl.)، stretch (E.)، streċċan (OE.) "ڕاست و تەخت کردن، لەبەر یەک کێشانەوە". ریشەی ئەم وشانە ساخ نەکراوەتەوە. وەک دەبینین ئەم وشانە ئاماژە دەکەنە دۆخێکی لەبەر یەک کێشانەوە کە لە ئەنجامیدا خوار و خێچی و بەرز و نزمی نامێنێ و هەمواری و یەکسانی دێتە ئاراوە و بە وتەیەکی دیکە دۆخێکی "تەراز" پێک دێ. ئەگەر ئەم شیمانەیە ڕاست بێ، ئەوا دەبێ فۆتیمی s دە وشە کوردماددییەکەدا سوابێتەوە یان دەرنەکەوتبێ. ئەم دیاردەیەش دە چەندین وشەی دیکەدا دەبینین وەک مڵ [مڵ و مۆ]، مژین، تریفە، تیخ، تاشین و هتد. لەم وشانەشدا فۆتیمی s بە پێچەوانەی خزمە ژێرمەنییەکانیان دەرناکەوێ.

[تێبینی: شیاوی سەرنجە strack دە دیالێکتی ناوینی ئەڵمانیدا بۆ کەسێکیش بەکار دێ کە بە تەواوی مەست بێ. ئەمەش ڕێک دەگەڵ ئەو گوتنە یەک دەگرێتەوە کە دە فارسی و کوردمادیشدا بە مرۆڤی مەست دەڵێن "میزانی؟" - میزان بە واتای تەراز].

2 - لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑تراشین tıraşîn "تاشین"ەوە. لەم تێڕوانینەوە "تەراز کردن" دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای تاشین [تراش دان] ی ڕووبەرێکی ناهەموار و یەکدەست کردنی ئەو ڕووبەرە بەکار هاتبێ.

تەراف teraf *[tarāf]* - "مێورە، لکی هەڵپەرتاوتراوی ڕەز": هەروەها تەراف کردن teraf kırdın هەیە بە مانای "بڕینی ڕەز، بڕینی باغ": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑دروێنە dırwêne و ↑دروون dırûn [دروون یان دروونەوەی گیا]. یان باشتر بڵێین هەردووک وشە دەچنەوە سەر وشەیەکی کۆنتر لە چەشنی *تەرپان terpan* / تەرفان terfan** و لەم وشەیە دواتر وشەی "دروون" [گیادروون] و "تەراف" بە مانای "ڕەز بڕین" پەیدا بوون. دیارە وشەی "دروون" هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، تا گەیشتووەتە ئەم شێوەی ئێستای. بەڵام وشەی "تەراف" هاوشێوەیی خۆی دەگەڵ وشە کۆنەکە بەتەواوی پاراستووە. ئەم وشانە هەروەها هەڵسەنگینە دەگەڵ ↑*ترپان tırpan* "داسی دەسکدرێژ" و خوارتر ↑تەرپلین terpılîn.

تەرپلین terpılîn *[tarpılīn]* - "ساتمە بردن، هەڵەنگوتن، ڕەت بردن": ئەگەر سەرنجی وشەی "ساتمە" بدەین، دەبینین کە ئەو وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێکدان، وێککەوتن". هەر بەم چەشنە وشەی "تەرپلین"یش خزمە دەگەڵ چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "لێدان، وێک کەوتن، لێکدران" وەک ↑ترپان tırpan "مەڵەغان، داسی دەسکدرێژ"، دروێنە dırêwne "لێدانی گیا" و ↑تەراف teraf "هەڵپەرتاوتنی ڕەز". ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ treffen (G.)، drepan (OE.)، drepa (OIs.) "پێکگەیشتن" [دەبنەڕەتدا: وێککەوتن] و هەوەها ga-drapan (Gt.) "کوتانەوە". لێرەدا دەشێ ئاماژە بە وێکچووتێکی دیکەش بکەین.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا treffen (G.) بە مانای "ئەنگاوتنی نیشانە"ش بەکار دێ. کاتێک تیر، پەڵڵار یان گوللە نیشانەیەک دەپێکێ، ئەمە دەڕاستیدا بریتییە لە "وێککەوتن"ی ئەو دوو شتە. دە زمانی کوردمادیدا ئێمە وشەی "ئەنگاوتن" بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنین و وشەی "ئەنگووتن" [هەڵەنگووتن] یش بە مانای "ساتمە بردن" بەکار دێنین. هەر دوو وشەی "ئەنگاوتن" و "ئەنگووتن" دە بنەڕەتدا یەک وشە بوون و دەچنەوە سەر وشەی "کەوتن". لێرەشدا دەبینین کە ئەم وشانە مانای "وێککەوتن" دەردەبڕن. هەروەها کاتێک دەگوترێ "هەتاو ئەنگووت" یان "چاوی (بە دونیا) ئەنگووت" لیرەشدا ئاشکرایە کە مەبەست کەوتنی تیشکی خۆر لەسەر هەرد (وێککەوتنی تیشک و زەوی) یە، یان چاو بە دونیا کەوتن (ویککەوتنی چاو و دونیا) یە].

تەرت[1] tert *[tart]* - "پەرژ و بڵاو، دەرپەڕیو": دەگەڵ "تووونا" دێ [تەرت و تووونا tert u tuna بوون]. هەروەها تەرت کردن tert kırdın واتا "دوور کردنەوە، دەرکردن، دەرپەڕاندن". خزمە دەگەڵ ↑تەرە tere "دوورخراوە، تارێندراو".

تەرت[2] tert *[tart]* - "کەمرە": خزمە دەگەڵ ↑تەرس ters.

تەرچک terčık *[tarčık]* - "شینکە، سەوزە": لە ↑تەڕ ter وەرگیراوە [تەڕ و تازە] .

تەرجومان tercuman [*tarjumān*] - "وەرگێڕ، پاچڤەر": دەچێتەوە سەر< *(Aram.) tūrgemānā* "تەرجومان". ئەم وشەیە کەوتووەتە ناو چەندین زمانی دیکەوە، لەوانەیە زمانەکانی عەرەبی، پەهلەوی، یۆنانی، لاتینی و هتد [بڕوانە "فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ل.334].

تەرحی terhî [*tarħī*] - "جۆرێک سەرپۆش ژنانە": دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑تارا tara "رووپۆشی بووک".

تەرز terz [*tarz*] - "لکی داوەبەن ئاسای رەز و بڕگە بێستان": خزمە دەگەڵ دەگەڵ ↑تاڵ tal [تار tar].

تەرزە terze [*tarza*] - "گللێرە، تەیرۆک": وشەکە دە ئەسڵدا ↑تەزرە tezre یە و فۆتیمەکانی z و r جێگۆڕکییان کردووە. تەترەک tetrek یش دەگوترێ [گۆڕانی z بۆ t].

تەرس ters [*tars*] - "پیسایی یەکسم": ↑تەرت tert یش هەیە بە مانای "کەمرە". خزمە دەگەڵ Dreck (G.)، dreax (OE.)، drek (Nl.) "چڵک، پیسی"، träck (Sw.)، sterganos (Gr.)، stercus (L.) "کوود، پەین" سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ter- >*** "پەین، پیسی". لەلایەکی دیکەوە هەروەها dirt (E.) هەیە بە مانای "پیسایی، پیسی"، dreet (Nl.)، drita (ON.). ئەم وشانەش لەوانەیە پێوەندییان بە وشەکانی سەرترەوە هەبێ. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑چڵک çılık یش دەتوانین لەم چوارچێوەدا لێک بدەینەوە. دە زمانی کوردمادیدا وشەی تەرسەقول tersequl یش بەکار دێ. کەرتی قول qul شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گلە gıle [دەنکەترێ] و ↑*گلوو gılû*، ↑کلۆ kılo و چەندین وشەی دیکە بە مانای "رێککوشران، توپەڵە بوون". بەم جۆرە "تەرسەقول" دەبێتە "تۆپەڵەیەکی سەخت و پەیت" بە پێچەوانەی ریخی شل و ئاوەکی.

تەرستین terıstîn [*tarsītn*] - "ساخ بوونەوە، لە نەخۆشی هەستانەوە، چاک بوونەوە": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەتەرستین veterıstîn]. ڤەترستین vetırıstîn یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑دروست dırust.

[تێبینی: هەم وشەکانی "ساخ" و "چاک" و هەمیش "دروست" دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی کە مانای "سەخت، پتەو، بەهێز" دەبەخشن. مەبەست لە ساخ و ساخ بوونەوە یان تەرستین و دروست بوونەوە دە بنەڕەتدا "پتەو و بەهێز" بوون و دەربازبوون لە لاوازی و شەوێقییە.

تەرسە terse [*tarsa*] - "پێچەوانە، بەراوەژی": خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە ئاماژە بە چەمکی "سووڕان، با دران، چەمانەوە" دەکەن، وەک ↑تلان tılan، ↑ترۆزی tırozî، ↑ترتڕە tırtıre و هتد. مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێتە "وەرسووڕاو".

تەرش terş [*tarš*] - "کەرتکە ئاژەڵ، بەشێک لە مێگەل": هەروەها تەرشداری بە مانای "ئاژەڵداری" بەکار دێ. ئەگەر سەیری وشەی "کەرت، کەرتکە" بکەینن دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە پێوەندی بە "کرتاندن، قرتاندن" و "کیرد"ەوە هەیە و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بڕین، لەت کردن، جودا کردن". هەر بەم چەشنە وشەی "تەرش" لەوانەیە پێوەندی بە چەند وشەی وەک ↑دەرز derz، ↑دەرزی derzî، ↑دڕین dırîn ەوە هەبێ کە ئەمانیش دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *der- >*** "دڕین، بڕین، قەڵشاندن، جودا کردن". trünne (MG.) "مێگەل، تەرش، کەرتکەئاژەڵ" سەر بەم ریشەیە.

تەرفک terfık [*tarfık*] - "داوەدەزوو، تیکەیەک دەزوو": خزمە دەگەڵ ↑دروون dırûn و ↑تەریب *terîb*. "تەریب" شێوەیەکی کۆنترە لە وشەی "دروون(ەوە)".

تەرک terk [*tark*] - "رووبەری خوارەوەی هۆدە، بەرانبەری میچ": هەروەها دە وشەی پاشتەرک paşterk دا دێ و بە مانای "بەشی دواوەی زین کە هەگبەی لەسەردا دەبەستن" یان بە شوێنی شت لێ بەستن لە پشتەوەی دووچەرخە دەگوترێ. ئەم وشەیە دە بنچینەدا مانای "رووبەر، ڕووبەری هەرد" دەدا و خزمە دەگەڵ ↑دالان dalan و چەند وشەیەکی دیکە.

تەرک terk [*tark*] - "داردەست": خزمە دەگەڵ ترکە tarke (P.) "شووڵ"، دەچنەوەی سەر وشەی ↑دار dar و ↑تیلا tela.

تەرگە terge [*targa*] - "کۆڵوانە، چارشێوشان": خزمە دەگەڵ ↑تارا tara.

تەرڵان terlan *[tarlān]* - "مەلێکی راوکەڕ لە تیرەی باز و شەهێن": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑دال dal و هەروەها ↑خەرتەل xertel [xer-tel]. جگە لەمانە تەرەوەژە tereweje هەیە کە ئەویش ناوی باڵدارێکە.

تەرم terım *[tarım]* - "لاشەی مرۆڤ، جەنازە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ریشەی *(IE.) *ters- >* "هیشک بوون، هیشک هەڵاتن": چەندین وشە دە زمانە هیندوئەوروپییەکان وەک ↑تینوو tînu ی کوردمادی و dürr (G.) "هیشک هەلاتوو، رق هەڵاتوو، چرووساوە، مردوو" لەم ریشەوە هاتوون.

2- ریشەی *(IE.) *dher- >* "راگرتن، وەستاندن". لەم ریشەیە دواتر مانای "هیشک بوون، مەیین، رەق بوون" پەیدا بووە. ↑ترس tırs 2 [*ئانی بترسی* "نانی بە هیشکی"] و trocken (G.) "هیشک" و Droge (G.) "دەرمان" لەم ریشەوە پەیدا بوون. مەبەست لەم وشەی دوایی دە بنەڕەتدا "گژ و گیای هیشک کراو" بووە. لەوانەیە ↑دەرمان derman یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

تەروال terwal *[tarwāl]* - "سەکۆی لە دار دە رەشماڵدا": تەلوار telwar یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑دار dar و ↑تیڵا tela.

تەرە[1] tere *[tara]* - "دوورکەوتە، دوورخراو": دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشەمان هەیە کە دەگەڵ تەرە خزمن، وەک ↑تاران taran "دوور بوونەوە، ون بوون"، تاراندن tarandın "رەواندن، دوور کردنەوە، تەرەکردن"، ↑تەرا tera "تاک و تەرا، دوور لە ئەوانی دیکە"، ↑تەریک terîk "دوورەپەرێز"، ↑ترۆ کردن tıro "دەرکردن بە سووکایەتی"، ↑تەرت کردن tert "دوورخستنەوە" و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ هێندێک وشەی ژێرمەنی کە ماناکەیان بەتەواوی یاخود زۆر نیزیکە لە ماناکانی سەرەوە. treiben (G.) "تاراندن، دوور کردنەوەی بە زۆر، رەواندن، بەرەو پێش بردن". [دە زمانی ئەڵمانی دا وشەی vertrieben (ver پێشگرە) بۆ خەڵکی دەرکراو و لە ماڵ و حاڵی خۆ دوورخراوە بەکاردەهێنرێ]. triban (OG.)، dreiban (Gt.)، drive (E.). دەزمانی ئینگلیزیدا وشەکە زۆرتر بە مانای "لێخورین، ئاژۆتن" بەکار دەهێنرێ. لەوانەیە ناوی کێوی تەرەغە tereġe دە ئەسڵدا "تەرەگە" بووبێ و ئاماژە بە شوێنی کەساتێک بووبێ کە تەرە بوون یان تارێندراون و دوور لە خەڵکی ئاوایی ژیاون. هەروەها وشەی ↑جەردە cerde دەبێ گۆڕدراوی ↑تەریدە terîde بێ و پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. دە زمانی کوردمادیدا شێوەیەکی کۆنتری وشەکە پارێزراوە کە بریتییە لە ↑ترافاندن tırafandın "رەواندن، رفاندن". ترافیاکَ tırafyag دەبێتە "دەرکراو، رەتینراو". وشە ژێرمەنییەکانی سەرەوە ریشەکەیان ساخ نەکراوەتەوە.

تەرە[2] tere *[tara]* - "قووڵکەیەک بۆ تیدارِاگرتنی میوە": خزمە دەگەڵ ↑دەرِە dere و ↑*دۆڵ dol* و ↑تەڵە tele. گشتیان ئاماژە دەکەن بە قووڵکە و قوڵایی.

تەرەدین teredîn *[taradīn]* - "شێتۆکە، دەلوو": تەرِ(ە) ter(e) + ↑دین[2] dîn "شێت". کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑دەلوو delû "گیل، ئەقڵ سووک"، tol (OG.)، dol (Nl.)، dull (E.) "دەلوو"، dwals (Gt.) "ساکار، دەلوو"، dall (OIr.) "کوێر"، tholerós (Gr.) "لێل، تیکەڵ، گیژ"، هەروەها دەگەڵ Tor (G.) "سەرشێت". تیکرِای وشەکانی سەرەوە دواجار دەگەڵ یەکتر بە خزم دەردەچن و دەبنە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz. لەم تیرِوانینەوە "دین، دەلوو، تەرِەدین" ئەو کەسەیە کە مێشکی تیکەڵە یان ئاوەژێکی روون و زەلالی نییە و "تەپ و تۆز" یاخود "تەم و مژ" مێشکی داگرتووە. وەک دەبینرێ دە وشەی "تەرِەدین"دا دوو وشە بەکار هاتوون کە هاومانان و ئەمەش نیشانەی جەخت کردنە. دە زمانی کوردمادیدا گەلێک وشەی لەم چەشنە دروست کراون. لەم بارەوە بۆ وێنە برِوانە "بانگەشە" یان "بانگەواز".

تەرەزن terezın *[tarazın]* - "مێرگی زۆر ئاودار": برِوانە ↑زنە zıne "چیمەنی ئاودەڵێن".

تەرەس teres *[taras]* - "پەست، بێناموس": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەرس ters "پیسایی یەکسم". ئەم وشەیە خۆی خزمە دەگەڵ Dreck (G.)، dreax (OE.) drek (Nl.) "چڵک، پیسی"، träck (Sw.)، sterganos (Gr.)، stercus (L.) "کوود، پەین". دە زمانی ئەڵمانیدا Dreck هەروەها وەک جێو بۆ مرۆڤی پەست و بێناموس بەکار دێ.

تەری terî *[tarī]* - "1- کلێنجە 2- دووکڵ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ tail (E.)، tagl (Gt.) و (ON)، zagal (OG.) "کلک". هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ تالی tālī (Arb.) "دووایی، دوومایی". وەک دەبینرێ لێرەشدا چەمکی "کلک، دوو(ما)" خۆی حەشار داوە. ریشە؟

تەریب terîb *[tarīb]* - "دروون بە تەقەڵی درشتی قیچەڵفاچ": ئەم وشەیە دەشێ دە ئەسڵدا وشەیەکی کوردمادی بێ، چووبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە و لەوێدا چەند وشەی وەک "اریب" و "مورب"ی لێ دروست کرابێ. وەک لەژێر وشەی ↑ترپان tırpan "مەڵەغان، داسی دەسک درێژ"دا شی کراوەتەوە، لە کۆندا کردارێکی وەک "تەرپاندن" یان "دەرپاندن" بە مانای "لێدان، کوتان" هەبووە. ئەم وشەیە دە زمانی ئەمڕۆدا وەک ↑زەرپاندن zerpandın بەکار دێ. وشەی ↑دەربە derbe "زەربە" دە زمانی ئەمڕۆدا بۆ ئەم کردارە دەگەڕێتەوە. ئەم وشەیە و کردارەکەی دە زمانی عەرەبیدا بووەتە ضربة zarba (Arb.) و ئەمجار بەو جۆرە تەقەڵە کە هێڵەکانی بەشێوەی قیلەوڤاچ، واتا وەک "زەبدەر" لە یەک دەدەن، گوتراوە "تەریب".

تەریدە terîde *[tarīda]* - "چەتە، رێگر": خزمە دەگەڵ ↑تەرە tere "دەرکراو، دووخراوە".

تەریق terîq *[tarīq]* - تەریق بوونەوە واتا "خەجالەت بوونەوە، شەرم داگرتن". چەمکەکانی "شەرم کردن"، "تەریق بوونەوە" دەگەڵ "ترسان"، "سڵ کردن"، "رەوینەوە، رەوەک بوون" پێوەندی نیزیکیان هەیە. هەر بۆیە دەشێ ئەم وشەیە خزم بێ دەگەڵ چەند وشەیەک کە ئاماژە بە دەرپەڕین و دوور بوونەوە دەکەن، وەک ↑تەرە *tere* و↑تەریک terîk "تاک، دوور کەوتوو، هەڵبڕاو".

[تێبینی: دە وشەنامەی ئەڵمانیدا وشەی schüchtern (G) " کەمڕو، شەرمێون" و scheu (P.) "شەرمێون" پێکەوە خزمن. وشەی دوایی دە وشە نامەی ئەڵمانیدا ئەم مانایانەی بۆ کراوە: ترسەنۆک، شەرمێون، رەوەک، سڵ". ریشەی ئەم وشە ئەڵمانییانە ساخ نەکراوەتەوە].

تەریک terîk *[tarīk]* - "دوورەپەرێز": خزمە دەگەڵ ↑تەرە tere.

تەرێف teref *[taref]* - "پیس، گەمار": خزمە دەگەڵ trüb (G.)، truobi (OG.)، droef (Nl.)، drōf (OE.) لیخن، لێڵ". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هەر لەم پێوەندییەدا کردار هەبووە بە مانای "لیخن کردن، شڵەقاندن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *dher- >* "تڵپە، لیتە و لەجەن، پیسایی". ↑ترفاڵ tırfal [تڵپە tılpe] لەم ریشەوە هاتووە.

تەزرە tezre *[tazra]* - "تەرزە، تەیرۆک": خزمە دەگەڵ تگرک tagark (P.). وشەی ↑تەیرۆک teyrok یش شێوەیەکی دیکەیە لە وشەی تەزرە. بنەوشەی تەزر / تەیر -tezr / teyr یان دە فارسیدا تگر -teger گشتیان دە بنچینەدا هەریەکن و دەچنەوە سەر وشەی ↑تیر tîr [تیر دە بنەڕەتا tigrai بووە] و ئەمیش دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)teig- >* "تیژ بوون و تیرا چوون". گەلێک وشەی وەک ↑تیر tîr، ↑تیژ tîj، ↑تیخ tîx وەتد لەم ریشەوە هاتوون. مەبەست لە تەزرە یان تەیرۆک دە بنچینەدا دەبێ "تیری گچکە" بووبێ.

تەزوو tezu *[tazū]* - "مچوورک": لە↑تەزین tezîn ەوە هاتووە.

تەزین tezîn *[tazīn]* - "سڕ بوون": خزمە دەگەڵ ↑تۆپین topîn.

تەژ tej *[tež]* - "ژێرجلی بارەبەر": خزمە دەگەڵ ↑دۆق doq. دە زمانی پەهلەویدا teškanak (Pl.) بە مانای "ژێرکراس" و teškūk (Pl) بە مانای "کراسی پیرۆز" بەکارهاتوون.

تەژکَ tejg *[tažk]* - "کەتان": خزمە دەگەڵ ↑تەژ tej.

تەژە1 teje *[taža]* - "کۆڵەکە، ئاڵوودار": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ téktōn (Gr.) "وەستای خانوو"، táksan (OIn.)، táksati "دروست دەکا، خانوو دروست دەکا "، texere (L.) "چنین، هۆنینەوە، تیکخستنەوە، دروست کردن".

تەژە2 teje *[taža]* - "زل و زەبەڵاح": خزمە دەگەڵ ↑تەژی tejî بە مانای "پڕ". سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "زل و زەبەلاحی" و "پڕی" هەڵی سەنگینە دەگەڵ "پۆر" [پان و پۆڕ] کە شێوەیەکی دیکەیە لە "پڕ".

تەژی tejî *[tažī]* - "پڕ": تژی tıjî یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ dicht (G.) "چڕ و پڕ"، tight (E.) "توند، سفت"، diht (OE.) "قەڵەو، بەهێز"، techt (.OIr) "توند بوو، مەییو"، taxma (Av.) "چڕ، توند، سفت" [تۆکمە؟] سەر بە ریشەی ***(IE.) *te(n)k- >*** "توند بوون، چڕ بوون". دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑تەژە teje هەیە بە مانای "زڵ، پان و پۆڕ" کە بۆ ئەم ریشەیە دەگەڕێتەوە. [وشەی " پۆڕ" لە "پڕ" وەرگیراوە و پێوەندی دوو چەمکی "پان و پوڕ" و "پڕ" لە تیوان دوو وشەی "تەژی" و "تەژە"شدا دەبیندرێ]. دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا لەم ریشەیەوە هێندێک وشە پەیدا بوون وەک thīhan (OG.) "هەڵدان، پەرە سەندن"، dijen (Nl.) "ماسین، زل بوون"، dīon (OE.) "هەڵدان، پێگەیشتن"، tanákti (OIn.) "چوونە ناویەک، توند و چڕ بوون"، tánkus (Lit.) "توند، چڕ"، con-téici (OIr.) "مەیین، توند بوون". دە زمانی کوردمادیشدا وشەیەکمان هەیە کە پێوەندی تەواو بەم وشانەی سەرەوە نیشان دەدا و هەم لەباری دەنگسازی و هەم لە باری ماناوە بە تایبەتی دەگەڵ وشە ژیرمەنییەکان یەک دەگرێتەوە. ئەم وشەیە ↑تەشەنا / تەشەنە teşena / teşene یە کە بە مانای "پەرە سەندن، تەنینەوە، زۆر بوون" بە کار دەهێندرێ. وشەکە هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەسەل tesel [تیر و تەسەل واتا تیر و پڕ] و چەندین وشەی دیکەش وەک ↑تەقتەق teqteq "زەوی بەردین" و ↑تەقن teqın "جێگەی پڕ لە قوڕ و لیتە".

تەژیر tejîr *[tažīr]* - "هۆڵەمەڕ": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑تەژە teje "کۆڵەکە، ئاڵووەدار".

[تیبینی: سەبارەت بە پێوەندی "خانوو" و "داری خانوو" دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا نموونەیەک هەیە کە پێوەندی تەژیر و تەژە دە زمانی کوردمادیدا پشتراست دەکا. دە زمانی ئاڵمانیدا Zimmer بە واتای "دیو، هۆدە" دێ و دە زمانی ئینگلیزیدا timber کە دەستەخوشکی وشە ئەڵمانییەکەیە، بە مانای "داری خانوو" بەکار دێ].

تەسک tesık *[tasık]* - "باریک": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تازە taze.

تەسمە tesme *[tasma]* - "کوتەچەرمێکی پانی درێژووکە، بەندی پان لە چەرم": تسمە tasme (P.). هەروەها ↑تیسماڵک tîsmalk هەیە کە بچووککراوی وشەی "تسمە، تیسمە"یە. خزمە دەگەڵ ↑تیسک tîsk "مووی درێژ" و ↑تیتۆڵ tîtol "کوتە(پەڕۆ)" و ↑تۆژ toj [توێژ toej]، دە بنەڕەتدا بە مانای "تیکە یان توێژێک کە بە هۆی وێککەوتن و لێدان لێ دەکرێتەوە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "وێککەوتن، پێکدادران". جێی ئاماژەیە کە وشەکانی "کوت"، "لەت"، "تیکە"ش دە ریشەدا مانایەکی لەم چەشنە دەبەخشن.

تەسە1 tese *[tasa]* - "1- تەبەکی نان 2- تەشتی هەویرشێلان": خزمە دەگەڵ ↑تاس tas "دەفر" و↑ تەشت teşt.

تەسە2 tese *[tasa]* - "هەڵەنگوتن، رەت": خزمە دەگەڵ ↑تووش tûş[1] [تووش بوون واتا وێککەوتن، وێکەوتن]، دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەسە1 tese.

تەسەل tesel *[tasal]* - زۆرتر دەگەڵ "تیر" دێ [تیر و تەسەل ter u tesel واتا تیر و پڕ]. تەس + ئەل tes + el. کەرتی دووەم پاشگرە. کەرتی تەس -tes دەچێتەوە سەر ↑تەژی tejî بە مانای "پڕ".

تەش teş *[taš]* - "ئاگر": ئەم وشەیە بە وێنەی تەز tez و تەژ tej یش دەبیندرێ. دەفارسیدا اتش āteš (P.) "ئاگر" [ā + taš]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑داخ dax [داغ dağ].

تەشبریق *teşbrîq* *[tašbrīq]* - "هەورەبرووسکە": ↑تەش + بریق teş + b(ı)rîq. کەرتی یەکەم بە مانای "ئاگر، تیشک" دێ و کەرتی دووەمیش دەچێتەوە سەر کرداری ↑بریقانەوە bırîqanewe.

تەشت teşt *[tašt]* - "جۆرێک دەفر": teşt (P.)، tašta (Av.)، testa (L.) "جام، دەفر، تەشت". وشە لاتینییەکە دەشێ لە ئەوێستاییەکە وەرگیرابێ. هەروەها ↑تەسە tese "تەشتی هەویرشێلان" و ↑تاس tas "جام" پێوەندییان بەم وشەوە هەیە. لەوانەیە ئەم وشانە خزم بن دەگەڵ ↑دەشت deşt و دواجار ↑تەشک *teşk* [تەشک و داوێن].

[تیبینی: دە زمانی کوردیدا وشەی گۆڕ "دەشت" پێوەندی هەیە بە "قووڵ، کوور" و مەبەست دە بنەڕەتدا شوێنی نزم و قووڵ بووە، بە پێچەوانەی شاخەکان. هەر لەم پێوەندییەدا وشە بە مانای "دەفر"یش هاتووەتە ئاراوە، وەک "کوار" یان "کۆدک"، واتا لێرەشدا چەمکی قووڵایی بۆ ناو لێنانی جۆرەکانی دەفر بەکار هاتووە. بەم

شێوەیە دوور نییە کە وشەی "تەشت" و "دەشت"یش پێوەندییان بە چەمکی "نزمایی، خوارەوە، قووڵایی"یەوە هەبێ].

تەشق teşq [*tašq*] - تەشقی ئاسمان واتا بنی ئاسمان. خزمە دەگەڵ ↑تەشک teşk "داوێنی کراس" [تەشک و داوێن].

تەشقەڵە teşqele [*tašqala*] - "گەڕ، دەبە، شڵتاغ":

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ täuschen (G.)، tūschen (MG.)، tuisen (Nl. dial.) "فریو دان، گۆڕین، دەبە کردن". ریشەی ئەم وشانە دیاری نەکراوە.

2- لەوانەشە هەمان وشەی شڵتاغ şıltağ بێ و ئاڵۆگۆڕی بەسەردا هاتبێ.

تەشک1 teşk [*tašk*] - "داوێنی کراس": زۆرتر دەگەڵ "داوێن" دێ [تەشک و داوێن teşk û dawên]. خزمە دەگەڵ تە teh (P.) "خوارەوە، بن"، tah (Pl.) "ژێر، بن" و ↑دا -da ی پاشگر دە زمانی کوردمادیدا کە ئاماژە بە لای خوارەوە دەکا [دانیشتن، دابەزین، داکەوتن و هتد]. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک ↑ئاتەکَ ateg [a + teg]، ↑ئەتک etik [e + tık] و هتد.

تەشک2 teşk [*tašk*] - "تەرح، شێوە، بیچم": لەژێر وشەکانی ↑تیپ tîp "1- حەرف، نیشانە 2- جۆر، نەوع"، ↑تۆڤ tov [چتۆڤ]، تۆر tor [چتۆر]، تەبارە[1] tebare دا شی کراوەتەوە کە ئەم وشانە پێکەوە و هەروەها دەگەڵ کرداری ↑تەپاندن tepandın "لێدان" خزمن. شەقڵ و شێوە، وێنە و نیشانەکان سەرەتا بە لێدان لەسەر دار و بەرد دروست کراون. هەر بەم شێوەیە تەشک2 teşk پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑تاشین taşîn. مانای "تەشک" دە بنەڕەتدا دەبێتە "داتاشراو"، واتا ئەو وێنەیە یان پەیکەرەی داتاشراوە. خودی وشەی "تاشین" دواجار خزمە دەگەڵ "تەپاندن".

تەشلەخە teşlexe [*tašlaxa*] - "هەڕەت و جەنگەی سەرما": [دەمێک سەرما دەگاتە ئەوپەڕی خۆی]. خزمە دەگەڵ ↑تەحرە teħre "جەنگەی گەرمای نیوەڕۆ".

تەشوی teşwê [*tašwe*] - "ئامرازی دار تاشین": دە فارسیدا تیشە tīše (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ یەکێک لەم وشانە:

1- ↑تاشین taşîn.

2- ↑تیژ tûj.

3- ↑داس das.

تەشە1 teşe [*taša*] - "رۆچنە": توش tūš (P.). خزمە دەگەڵ ↑داخ dax [داغ daġ].

تەشە2 teşe [*taša*] - "تاقەت، هێز و توان": توش tūš (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەشە teşe "رۆچنە" و ↑تەش teş "ئاگر"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووتان". لەباری ماناوە دەکرێ دەگەڵ "تین" هەڵی سەنگینین: تین و توان، تین و گوڕ.

تەشەنە teşene [*tašana*] - "تەنینەوە و زیاد کردن": تەشەنا teşena ش دەگوترێ. خزمە ↑دەگەڵ tejî "پڕ". وشەکە دە بنچینەدا بەمانای "گەشە کردن، زیاد کردن، پەرە گرتن"ە.

تەشی teşî [*tašī*] - "ئامێری رستن": دوک dūk (P.). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ dehse (MG.) "تەشی". بە گوێرەی بۆچوونێک دە زمانی ئەڵمانیدا Eidechse (G.) "مارمێلکە" پێوەندی بەم وشەی ئەڵمانی ناوینەوە هەیە. دە زمانی کوردمادیشدا وشەی "تەشی" دە ناوی "کلکەتەشی"دا هەیە کە بە بێچووی بۆق دەگوترێ کە تازە لە هێلکە دەهاتووە و شێوەکەی لە تەشێ دەچێ.

تەشیرە teşîre [*tašīra*] - "رەورەوە":بڕوانە ↑تەشیلە teşîle "1-هەڵمات، کەلا 2- غەڕغەڕە".

تەشیلە teşîle [*tašīla*] - "1-هەڵمات، کەلا 2- غەڕغەڕە": هەروەها ↑تەشیرە teşîre هەیە بە مانای "رەورەوە" [دە بنەڕەتدا: پێچکەی رەورەوە] و تەشیلان teşîlan "هەڵماتین". چەمکی هاوبەش لەم وشانەدا "تل خواردن"ە،

واتا هەر سێ شت بە دەم تل خواردنەوە دەبزون. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێ خزم بێ دەگەڵ تەحس teħs "خلیسک" و ↑تەحسین teħsîn "خلیسکان".

[تێبینی 1: لەباری پێوەندی ماناکانی سەرەوە دەتوانین دەگەڵ وشەکانی خوارەوە هەڵی سەنگینین: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Rolle (G.) سەرەتا بە مانای "کەلا، پێچکە، غەڕغەڕە" و بەگشتی بۆ شتێکی خڕ یان لوولەئاسای چکۆڵە کە تڵ دەخوا، بەکار هاتووە. پاشان ئەم وشەیە مانای "ڕۆڵ، دەور"ی لە کایەی تیاتردا پەیدا کردووە و گوتوویانە فڵانە کەس ئەو ڕۆڵە یاری دەکا. مەبەست لەم قسەیە سەرەتا ئەو کاغەزە پێچراو و لوول دراوە [تۆمار] بووە کە نەخش و دەوری کایەکەرەکەی تێدا نووسراوە. پاشان وشەکە بەگشتی مانای "دەور، نەخش، ڕۆڵ"ی وەرگرتووە و بەم مانایە کەوتووەتە ناو زمانی کوردیشەوە. دە زمانی ئەڵمانیدا هەروەها rollen (G.) هەیە بە مانای "تڵ خواردن، گلۆر بوونەوە"ی شتێکی خڕ یان لوولەیی کە ئەمەش پێوەندی بە وشەکەی سەرەوە هەیە. هەروەها Rollator (G.) هەیە کە وشەیەکی تازەیە و بە مانای "ڕەورەوی پیران" بەکار دەهێنرێ. ئەم وشە ئەڵمانییانە ریشەی فەرانسەیی و دواتر لاتینییان هەیە (< rotulus "پێچکە، چەرخۆکە") و دەبنە خزمیش دەگەڵ Rad (G.) "چەرخ، ئارەبە" و رێ1 re "شەقام، شوێنی پێدارۆیشتن" و ڕەت ret [ڕەت بوون واتا تێپەڕین، ڕەت دان واتا هەڵخلیسکان]، سەر بە ریشەی *(IE.) *ret(h)- > "گەڕان، ڕۆیشتن، تلان، خلۆر بوونەوە". تێبینی 2: ڕەنگە پڕ بە پێستی خۆی بێ ئەگەر ئێمە وشەی "ڕەورەوە"، هەر وەک ئا ئێستا باوە، بۆ ئەوەی منداڵان بەکار بێنین و وشەی "تەشیلە" بۆ ڕەورەوەی پیرەکان، واتا بەرانبەر بە وشەی ئەڵمانی Rollator. بەم شێوە ئێمە دەتوانین لە وشەیەکی ڕەسەن و کۆن بۆ چەمکێکی تازە کەڵک وەربگرین و پێویستیمان بە وشە داتاشین نەبێ].

تەعەو teɛew *[taɛaw]* - "تاوک، دارێکی سەختی جەنگەڵی": تاغ tāġ (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەژی *tejî* "پڕ" [دە بنەڕەتدا: چڕو پڕ، سفت] و ↑تەژە teje "زەبەلاح" [دە بنەڕەتدا: قەبە، بەهێز].

[تێبینی: وەک دەبینرێ، ناوێکی دیکەی ئەم دارە "تاوک"ە. ئەم وشەیەش خزمە دەگەڵ تاو taw [تاو دان واتا زەخت و هێز خستنەسەر] و توانین tuwanîn و تاپاز tapaz "زەبەلاح"].

تەغژ teġj *[taġž]* - "جۆرێک ترێ ڕەشکە": خزمە دەگەڵ ↑تۆخ[1] tox "تاریک ڕەنگ، ڕەش".

تەف tef *[taf]* - "میر هاتنی جگ، کەوتنی جگ بە بارێ (لووسدا ؟)": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووڵ، نزم".

تەفاری tefarî *[tafārī]* - "جۆرێک هەنجیر": هەروەها ↑تەڤزک tefzık یش هەیە بە مانای "جۆرێک هەنجیر". خزمە دەگەڵ ↑توو tu [تفی tıfî].

تەفاریک tefarîk *[tafārīk]* - "مسکینی تازە هاتوو": دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی "ڕەشایی" و "مسکین" و "قەرە" بە مانای گوندنشینی بێ گا و جووت بەکار هاتوون، واتا نەدارترین و پلە نزمترین تۆژ. هەر سێ وشە ئاماژە بە ڕەنگی "ڕەش" دەکەن. مسکین خزمە دەگەڵ مشکی "خۆڵەمێش". هەر بەم شێوەیە "تەفاریک"یش دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە "ڕەش، ئاماڵ ڕەش" دەکەن، وەک ↑تەو tew "مەڕی بۆر"، ↑تەفسە tefse "پەڵەی (ڕەشی) دەموچاو" و ↑دەوار[2] *dewar* "ڕەشماڵ" و هتد.

تەفایە tefaye *[tafāya]* - "مەنقەڵی، وەجاق": خزمە دەگەڵ ↑تفک tıfık "کوانوو، ئاگردان".

تەفتیک teftîk *[taftīk]* - "کوڵکە، تووکی نەرمی بنەوە": خزمە دەگەڵ ↑تووک tuk و دواتر ↑تۆکڵ tokıl.

تەفر tefır *[tafır]* - دەگەڵ "تووناً" دێ، تەفر و تووناً tefr u tuna بوون واتا لەناو چوونی تەواو و یەکجارەکی. خزمە دەگەڵ ↑تاوانەوە tawanewe "حەل بوون، لەبەریەک بڵاوبوونەوە". دەشێ خزمیش بێ دەگەڵ تباه tebah (P.) و tepāh (Pl.) "خراب بوون، نابوود بوون".

تەفرە tefre *[tafra]* - "فریو": تەفرە دان واتا فریو دان، خاپاندن. خزمە دەگەڵ ↑دەبە debe [دەببە debbe] "تەشقەڵە، گەڕ".

تەفسە tefse *[tafsa]* - "پەڵەی دەموچاو": خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە ئاماژە بە ڕەنگی بۆر یان ئاماڵ ڕەش دەکەن، وەک ↑تفیلک tıfîlık "کۆترەباریکە"، ↑تەوار tewar "بازی مێ"، ↑تەو tew "پەزی بۆر" و هتد. بەراوردی

ئەم وشانە بکە دەگەڵ dub (.OIr) بە مانای "ڕەش". ئەم وشانە هەروەها دە پلەیەکی دوورتردا دەبنە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz، ↑تووما‌ن tuman، ↑دووکەڵ dukel و هتد، کە ئەوانیش بە ڕەنگیکی خۆڵەمێشی یان ئاماڵ ڕەش خۆدەنوێنن. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑*دەوار*[2] *dewar* "پارچەی ڕەشماڵ".

[تێبینی: شیاوی باسە کە دە زمانی کوردمادیدا وشەی ماڵە male ش بە مانای "پەڵەی دەموچاو" دەگەڵ mélās (.Gr) "ڕەش" لە یەک ریشەوە دێن].

تەفشک tefšık [*tafşık*] - "1- تەڵاشی دار یان بەرد 2- کرێژی سەر": خزمە دەگەڵ ↑تەفشوو tefšū "تەشوێ". بڕوانە ↑تەپشوو tepşû، خزمە دەگەڵ ↑تەپ[4] tep "لێدان". "تەفشک" ئەو لەت و پەتانەیە کە بەهۆی "لێدان"ەوە پەیدا دەبن، هەروەک چۆن "تەڵاش" یان "تەڵەزم" بەرهەمی "تراشین"ە.هەروەها دەبێتە خزمیش دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑*تۆکڵ tokıl* دا هاتوون.

تەفشوو tefšū [*tafşû*] - "تەشوێ": تەفشی tefşî و تەفشوێ tefşuwê ش دەگوترێن. بڕوانە ↑تەپشوو tepşû، خزمە دەگەڵ ↑تەپ[4] tep "لێدان".

تەفک tefık [*tafık*] - "گیلۆکە، دەبەنکێ": دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هەر لە ریشەی ***(IE.) *dheu- >*** کە ئاماژە بە "بزاڤێکی پڕجم وجۆڵ، نائارام و تێکەڵ و پێکەڵ و پڕ لە خولان و سوورانەوە" دەکا، چەند وشەیەک دروست بوون کە مانای "گیل، گیژ، شێت، دەلوو و هتد" دەبەخشن، وەک doof (.G) "گەمژە". ئەم وشە ئەڵمانییە خزمە دەگەڵ taub (.G)، deaf (.E)، döv (.Sw) "کەڕ". مەبەست لەم وشانە دە ئەسڵدا "گیلۆکە، گەمژە" بووە، چونکوو مرۆڤی کەڕ لەبەر نەبیستن و نەتوانینی کاردانەوەی پێویست وەک "گەمژە" سەیر کراوە. هەرلەم ریشەی سەرەوە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەکانی Tor و toll (.G) و dull (.E) "سەرشێت، سەرسەری" پەیدا بوون کە خزمن دەگەڵ ↑دەلوو delu "گیلۆکە".

تەڤ tev [*tav*] - "1- گشت، هەموو 2- دەگەڵ، وێکڕا": مانای ئەم وشەیە دەشێ بەم شێوە دروست بووبێ. "تەڤ" خزمە دەگەڵ ↑تۆڤ tov و ↑تەور tewr و هەروەها ↑تیپ tîp بە مانای "شکڵ، شێوە". پاشان لە مانایەوە مانای "نەوع، دەستەیەکی هاوشێوە" پەیدا بووە. هەر دوو ئەم مانایە لە وشەی Typ (.G) دا دەبینرێ کە ریشەکەی بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و خزمیشە دەگەڵ وشە کوردییەکانی سەرەوە. دیسان لەم مانایەوە مانایەکی تازەتر سەری هەڵداوە، واتا مانای "گشت، هەموو" و لەمەشەو مانای "پێکەوە، وێکرا، دەگەڵ". پێوەندی ئەم دوو یان سێ مانایەی دوایی لە دوو وشەی "گەل" و "دەگەڵ" و هەروەها لە دوو وشەی "هاو/ هەم" و "هەموو"دا دەبینرێ. کەوابوو پەرەسەندنی مانا جیاوازەکان بەم جۆرە بووە: شکڵ، شێوە، وێنە ← دەستە یان کۆمەڵێکی هاوشێوە، نەوع ← گشت، هەموو، هەمووان ← "دەگەڵ، بەهەڤرا، (هەموو) پێکەوە". ئەم وشانەی خوارەوەش پێوەندی بەم باسەوە پەیدا دەکەن: ↑تەڤایی tevayî "ئاشتی، دۆستایەتی" [دە بنەڕەتدا: پێکەوە بوون، یەکگرتن]، ↑تەبا teba ش دەگوترێ [تەبا و ڕەبا teba u reba بوون واتا "دەگەڵ یەکتر کۆک بوون، هاودەنکێ و یەکگرتوو بوون"، "ڕەبا" شێوەیەکی دیکە لە "ڕەوا" یان "ڕەڤا" بە مانای "عادڵانە"]، ↑تەڤلی tevlî بوون "بەشدار بوون" [دە بنەڕەتدا: بە هەڤرا بوون، پێکەوە بوون]، ↑تەڤگەر tevger "بزاڤ" [دە بنەڕەتدا: یەکگرتوویی، هاوبەندی، بەشداری کۆمەڵانی گەل لە شۆڕشدا".

تەڤا teva [*tavā*] - "وزە، هێز": خزمە دەگەڵ ↑توانین tuwanîn.

تەڤایی tevayî [*tavāyī*] - "ئاشتی، دۆستایەتی": خزمە دەگەڵ ↑تەڤ tev.

تەڤزاندن tevzandın [*tavzāndın*] - "داپۆشین": خزمە دەگەڵ ↑تۆژ tož یان توێژ toej.

تەڤزک tefzık [*tafzık*] - "جۆرێک هەنجیر". خزمە دەگەڵ↑تەفاری tefarî "جۆرێک هەنجیر" و ↑تووtu [تفی tıfî].

تەڤزین tevzîn [*tavzîn*] - شێوەیەکی کۆنتر لە ↑تەزین tezîn "سڕ بوون".

تەڤزینە tevzîne [*tavzīna*] - "دڕوویەکە دەکرێتە پەرژین": خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın.

تەڤژین1 tevjîn [*tavžīn*] - "1- شوولین، زگچوون 2- ریخی شل": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تاوانەوە tawanewe سەر بەریشەی ***(IE.) *tau- >*** "حەل بوون، لێک بڵاو بوون". شیاوی باسە دە زمانە ژێرمانییەکانیشدا هەم ئەو وشانەی مانای "تاوانەوە" دەدەن و هەم ئەوانەش مانای "هەزم کردن" دەدەن، هەر لەم ریشەوە هاتوون، بۆ وێنە tauen (G.) "تاوانەوە" و verdauen (G.) "هەزم کردن، هەڵتاواندن".

تەڤژین2 tevjîn [*tavžīn*] - "پێ بوونی ئاگر": خزمە دەگەڵ ↑تاو taw[1] "هەتاو، تین و گەرما".

تەڤگەر tevger [*tavgar*] - "بزاڤ، بزوتنەوە": [تەڤگەرا ئازادی]. خزمە دەگەڵ ↑تەڤ tev "وێرا، بەهەڤرا، پێکەوە".

تەڤلی tevlî [*tavlī*] - تەڤلی بوون واتا "هاتنەناو، بەشدار بوون". دەچێتەوە سەر ↑تەڤ tev "وێرا، بەهەڤرا، پێکەوە".

تەڤنک tevnık [*tavnık*] - "داوی جاڵجاڵووکە": تەڤنەپیر tevnepır و تەڤناپیرێ tevnapîre ش دەگوترێ، خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın [تەڤن tevın].

تەق teq [*taq*] - "دەنگی لێدان یان لێکدان و پێکدادان": تەقە teqe ش دەگوترێ، بۆ وێنە "تەق تەقteqteq لە دەرگای دا" یان "تەقەتەق teqeteq ی دەرگا". ئەم وشەیە پێوەندی بە "تەقین و تەق و تۆق"ەوە نییە، بەڵکوو خزمە دەگەڵ ↑تووش tûş 1 [تووش بوون واتا "وێککەوتن"]. وشەکە چووەتە ناو زمانی عەرەبێ و بووەتە دق daq (Arb.) [دقالباب واتا دەرگاکوت]. ↑تەکمیش tekmîş "بنکۆڵ کردنی رەز" دەشێ پێوەندی بەم وشەوە هەبێ، چونکوو ئەم کارە بریتییە لە جۆرێک لێدانی زەوی. لەوانەیە ↑تەکان tekan یش پێوەندی بەم وشەوە هەبێ.

تەقاندن teqandın [*taqāndın*] - دەگەڵ پێشگری"تێ" دی: تێتەقاندن têtaqandın واتا هەڵاتنی خێرا. خزمە دەگەڵ تاختن tāxtan (P.) "رەتاندن، غار پێکردن"، tákti (OIn.) "پەلەدەکا" و takvá-h (OIn.) "بەپەلە، خێرا"، tachy (Gr.) "خێرا، بەپەلە" و tachos (Gr.) "خێرایی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *tek- >*** "ڕاکردن". دە زمانی کورددی وشەی ↑تاجی tacî (تاژی/ تانجی) "سەگی تیژڕەوی راوچی" پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە. دەبێتە خزمیش دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑تەقڵە teqle "یاری جلیتبازی" و تەقڵەکوت teqlekut "هەڵاتن، غار دان". هەروەها دە فارسیدا وشەی تک tak (P.) هەیە بە مانای "هەڵمەت، پەلامار".

[تێبینی: لەباری پێوەندی مانایی دوو چەمکی "هەڵمەت" و "خێرایی" لە زمانی کوردمادیشدا دوو وشەی "پەلە" و "پەلامار" هەن کە لە یەک ریشەوە سەرچاوە دەگرن].

تەقالک teqalk [*taqālk*] - "1- سەرەتەشی کە تەختەیەکی خڕ و پان و بچووکە 2- خڕی پانی بچووک وەک قورسی نەعنا 3- قاشە هارۆی لە پانەوە بڕاو": وەک دەبینرێ لە هەموو ماناکاندا "خڕێکی پانکەڵە" مەبەستە. خزمە دەگەڵ هێندێک وشە وەک ↑تۆژ toj، ↑تاس tas و ↑*تاشین taşîn* و لەوانەشە ↑تیس tîs "سواپ، بەردی خڕی پانکەڵە".

تەقتەق teqteq [*taqtaq*] - "زەوی بەردین": بنەوشەی تەق -teq خزمە دەگەڵ ↑تەژی tejî و ↑تەژە teje. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک کە مانای "چڕ بوون، رەق بوون، توند بوون" دەبەخشێ. هەر لەم ریشەوە ماناکانی "سەخت و خورت و بەهێز" یش سەریان هەڵداوە.

تەقتەقۆک teqteqok [*taqtaqok*] - "چەقەنەی ئاش، چەقچەق": تەقەنە teqene ش دەگوترێ.

1- یان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چەقەنە çeqene و چەقچەق çeqçeq.

2- خزمە دەگەڵ ↑تەکان tekan [تەکەتەک teketek کردن واتا لەرینەوە].

تەقتەقیلە teqteqîle [*taqtaqīla*] - "(پێڵاوی) سەرپایی": پێوەندی هەیە بە ↑تەق teq "دەنگی لێدان یان لێکدان و پێکدادان". "تەقتەقیلە" دە بنەڕەتدا سەرپاییەک بووە کە بنەکەی لە دار بووە و لە کاتی رۆیشتندا تەقەتەقی لێ هاتووە.

[تێبینی: چەشنی ئەم وشەیە لەباری وشەسازییەوە جێی سەرنجە و دەشێ لە ساز کردنی وشەی تازەدا کەڵکی لێ وەربگیرێ. لەم وشەیەدا بنەوشەکە دووبارە کراوەتەوە و پاشگری پێوەی لکاوە، teq + teq + île. هێندێک جار وشەی لەم چەشنە بەبێ پاشگری île ساز دەبێ وەک چەکچەکی "شەمشەمەکوێرە"].

تەقڵە teqle 1 *[taqla]* - "یاری جلیتبازی": بنەوشەی teq- بە مانای "را کردن، هەڵمەت بردن" لە وشەی ↑تەقاندن teqandın یشدا بە مانای " تێتەقاندن" دەبینین. جگە لەمە تەقڵەکوت teqlekut هەیە کە مانای "هەڵاتن، غار دان" دەدا، هەروەها تەق و دەو teq u dew یان تەق و ڕەو teq u rew بە مانای "کۆچی بەکۆمەڵ".

تەقڵە teqle 2 *[taqla]* - "سەرمەقولات، خۆ وەرسووڕاندن لە حەوادا": [کۆتری تەقڵەباز]. ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە ریشەی *(IE.)*qeqlo- >* "چەرخ، چەرخان". وشەی ↑چەرخ çerıx خۆی دە ئەسڵدا چەخەر čaxar بووە و بۆ ئەم ریشەی سەرەوە دەگەڕێتەوە. دە زمانی کوردمادیدا وشەیەکی دیکەش لەم بارەوە سەرنج رادەکێشێ، کە ئەویش ↑چەقڵە çeqle یە [چەقڵەسەما]. "چەقڵە" لەوانەیە ئاماژە بە خۆ با دان و جم و جۆڵی تێکەڵ بە سووڕان لە کاتی سەما کردندا بکا. لەوانەیە "چەقڵە" وشە کۆنترەکە بێ و پاشان وشەی "تەقڵە" بۆ مانایەکی تایبەتی، واتا "خۆ وەرسووراندن دە حەوا دا" لەمەوە سەری هەڵدابێ. بەراوردی "چەقڵە" بکە دەگەڵ cyclus (.L) و kúklos (.Gr) "چەرخ".

تەقن teqın *[taqın]* - "جێگەی پڕ لە قوڕ و لیتە": خزمە دەگەڵ Ton (.G) "گڵی تایبەت بو چێ کردنی گۆزە"، dāha (.OG)، thāhin (.OS)، dōhe (.OE) "قوڕ، لیتە". وشەکە لە ریشەدا لەگەڵ ↑تەژی tejî "چڕ و پڕ" بە خزم دەردەچێ.

تەقەڵ teqel *[taqal]* - "تیک، باقیە": خزمە دەگەڵ ↑تیک tîk [تیک و درووماں].

تەقەلا teqela *[taqalā]* - "کۆشش، تێکۆشان": تەقللا teqella ش دەگوترێ. تقلا taqallā (.P). خزمە دەگەڵ ↑تەکینەوە tekînewe "کشانەوە" و ↑*تۆق[1] toq* "ئاڵقەی مل" [بۆ راکێشان] و چەندین وشەی دیکەی بە مانای "کێشان، راکێشان".

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ straggle دە زمانی ئینگلیزیدا کە ئەویش خزمە دەگەڵ stretch بە مانای "کێشان، لەبەریەک کێشان"، هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی "کێشان" و "کۆشین" (تێکۆشین)].

تەقەوانە teqewane *[taqawāna]* - "کون کە ئاژەڵ بۆ خۆ رزگار کردن داینناوە": هەروەها تەقیو teqîw هەیە بە مانای "تەرە، هەڵاتوو". خزمن دەگەڵ ↑تەقاندن teqandın [تێتەقاندن têtaqandın واتا هەڵاتن].

تەقیلە teqîle *[taqīla]* - "کڵاوی لە پەڕۆ و دەزوو": ئەم وشەیە و هەروەها ↑تەژ tej "ژێرجلی بارەبەر" دەتوانین بە دوو جۆر لێک بدەینەوە:

1- لەلایەکەوە دەتوانین پێوەندیان بدەین بە ↑دەق deq و بیانبەینەوە سەر ریشەیەک بە مانای "چنین و هۆنینەوە".

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بە خزمیان بزانین دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو وشانەی کە مانای "داپۆشین، سەر نانەوە، شاردنەوە" دەدەن. هێندێک لەم وشانە لە ژێر ↑تۆک/ تۆکل tok(ıl) دا باسکراون، بۆ وێنە بەراوردی وشەی ↑تەکلە tekle "دەرخۆنە، سەرپۆش" بکە دەگەڵ تەقیلە teqîle "سەرپۆشی مرۆڤ".

تەقین teqîn *[taqīn]* - "لەبەریەک هەڵوەشانی توند و لەنەکاو": دە فارسیدا ترکیدن terakīdan (.P). دە کوردمادیدا فۆتیمی r سواوەتەوە. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە کە پێوەندییان بە وشەی ↑دڕان/ دڕاندن dıran وە هەیە و دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.)*der- >* "دڕان، لێک جیا بوونەوە".

تەک tek 1 - "لە تەک" بە مانای "لەگەڵ" بەکار دەهێنرێ.

1- دە زمانی پەهلەویدا تیهەک tehak (.Pl) بە مانای "تیغە، لێوار و قەراخ" بەکارهاتووە و خزمیشە دەگەڵ ↑تیخ tîx. لەم تێڕوانینەوە "لە تەک بوون" لەوانەیە سەرەتا بە مانای "لە کن بوون، لە پاڵ بوون، لە تەنیشت بوون" بەکارهاتبێ.

[تێبینی: دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا هێندێک وشە کە مانای "قەراخ، کەنار" دەدەن، دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی کە مانای "تیژی و دەرپەڕیوی" دەدەن، چونکوو قەراخ ئەوشوێنەیە لە شتێک کە دەردەپەڕێ یان تیژ دەبێتەوە، بۆ وێنە خودی وشەی "قەراخ" دە کوردمادیدا، Kante "قەراخ" دە ئاڵمانیدا، gran دە رووسیدا بە مانای "سنوور" واتا قەراخەکانی وڵاتێک. ئەم وشە روسییە دەبێتە "قورنە" دە کوردمادیدا و "کران" دە فارسیدا].

2- لەوانەشە کورتکراوی ↑هەتەک hetek "تەک، نزیک، لا" بێ و ئەمیش پێوەندی هەبێ بە ↑هەت *het 1* "کن، نک، جەم".

تەک 2 tek - "سەلە، سوزمە": خزمە دەگەڵ ↑تکان(ەوە) tıkan(ewe).

تەکان tekan *[takān]* - "لەرینەوە و جم وجۆل": لەم بارەوە سێ شیمانە دەخەینەروو:

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ducken (.G)، tucken (.MG) "بزاوتێکی خێرا" (بەرەوخوارەوە). ریشەی ئەم وشە ژێرمانییە نەدۆزراوەتەوە.

2- دەتوانێ پێوەندی هەبێ بە ↑شەکانەوە şekanewe "لەرانەوە، تکان خواردن".

3- هەروەها جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ziehen (.G)، tiuhan (.Gt)، tēon (.OE) "کێشان"، togenn (.OIs) "کێشراو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *deuk- >*** "کێشان".

تەککوو tekku *[takkū]* - "وشەی سەر سوڕمان": بە چەند شێوە دەگوترێ: تەح teh، تەحا teha، تەححا tehha، تەقوو tequ و هتد. [تەککوو لەو درۆیە!]. دەشکرێ بڵێین "وەی لەو درۆیە". وشەی "وەی" باس لە ئێش و ئازار دەکا [وەی چەند سارده، وەیش چەند سارده]. وێ دەچێ وشەی تەح یان تەکوو پێوەندی بە ↑داخ dax هەوە هەبێ کە ئەویش باس لە ئێش و ئازار دەکا [داخەکەم، بە داخەوە]. بەم پێیە مەبەست لە "تەککوو لەو درۆیە" دەشێ سەرەتا ئەوە بووبێ کە درۆکە هێندە زلە کە مرۆڤ ئازار دەدا.

تەکلە tekle *[takla]* - "دەرخۆنە، سەرپۆش": تەک + لە le + tek. بناخەی وشەکە دەچێتەوە سەر ئەو ریشەیەی ئاماژە بە "داپۆشین، سەر نانەوە، شاردنەوە" دەکا. دە زمانی ئاڵمانیدا Deckel (.G) بە مانای "سەرپۆش، دەرخۆنە" دێ.کەرتی el- لێرەشدا هەروەک لە وشە کوردییەکەدا پاشگری بە ئامراز کردنە. ئەم وشەیە دەناو خێزانە وشەی ↑تۆک (تۆکڵ) tok(ıl) دا جێ دەگرێ.

تەکمە tekme *[takma]* - "فەرەنجی، پەستەک": تەکەمە tekeme ش دەگوترێ. بە فارسی وەک "نیمتنە نمدی" مانا کراوەتەوە. خزمە دەگەڵ ↑تەحت teht "لباد، نمەد" و taxma (.Av) "چڕ، توند، سفت" [تۆکمە؟] سەر بە ریشەی ***(IE.) *te(n)k- >*** "توند بوون، چڕ بوون". لباد تەنراوێکی سفت و چڕ و پڕە و هەر بۆیە وشەکانی سەرەوە لەم ریشەوە وەرگیراون. ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑تەژی *tejî* "چڕ و پڕ"، dicht (.G) "چڕ و پڕ"، tight (.E) "توند، سفت"، diht (.OE) "قەڵەو، بەهێز"، techt (.OIr) "توند بوو، مەییو".

[تێبینی: لەباری ماناوە بەراوردی بکە دەگەڵ پەستەک pestek کە ئەویش تەنراوێکی سفتە و وشەکەی خزمە دەگەڵ پەستاوتن pestawtın].

تەکمیش tekmîş *[takmīš]* - "بنکۆڵ کردنی رەز": دەشێ وشەیەکی بە ئەسڵ کوردی بێ و لەوانەیە تورکێندرابێ. بنجی تەک tek- شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تەق *teq* "دەنگی لێدان یان لێکدان و پێکدادان". [تەق تەق teqteq لە دەرگای دا یان تەقەتەق teqeteq ی دەرگا]. تەکمیش کردن بریتییە لە لێدانی زەوی بۆ سست و نەرم کردنی. ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ↑تاشین taşîn کە ئەویش دە بنەڕەتدا "لێدان و وێکەوتن"ە.

تەکووز tekuz *[takūz]* - "رێک و پێک، بە نەزم و تەرتیب": دەبێ پێک هاتبێ لە دوو کەرتی تەک + ئووز uz + tek. کەرتی دووم پاشگرە [بڕوانە ↑ئۆز oz-]. بنەوشەی تەک tek- لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی ***tek- >*** ***(IE.)*** "چنین، هۆنینەوە"، یان ***(IE.) *tek- >*** "توند بوون، چڕ بوون". چەمکی "رێک و پێکی و نەزم و تەرتیب" دەتوانێ پێوەندی بە چەمکی "چنین، هۆنینەوە" هەبێ، بۆ وێنە دە فارسیدا بە هۆنراوە دەگوترێ نظم nezm

(.P). هەروەها دەتوانێ پێوەندی بە چەمکی "توند و چڕ بوون"ەوە هەبێ، بۆ وێنە وشەی بەیت "جۆرێک هۆنراوە" دەشێ دەگەڵ پەیت "توند، خەست" خزم بێ.

تەکە teke *[taka]* - "لەرە": [تەکەتەک teketek واتا لەرەلەر] بڕوانە ↑تەکان tekan.

تەکینەوە tekînewe *[takīnawa]* - "دوور کەوتنەوە، کشانەوە": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ (.G) ziehen، (.Gt) tiuhan، (.OE) tēon "کێشان"، (.OIs) togenn "کێشراو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *deuk- >*** "کێشان". لەوانەیە مەبەست لە تەکاندنەوە و تەکینەوە دە بنچینەدا هەر "کێشانەوە" و"کشانەوە" بێ. وشەکە خزمە دەگەڵ چەند وشەیەکی کوردمادی، لەوانە ↑تۆق toq، ↑تاقم taqım، ↑تەقەلا teqela و هتد.

[تێبینی: پێوەندییەک کە لەتیوان دوو چەمک و دوو وشەی "کێشان" و "کۆشین" (تێکۆشین)دا هەیە، بە هەمان شێوە دەتیوان دوو وشەی "تەکینەوە" و "تەقەلا"شدا بەرچاو دەکەوێ].

تەکێ teke *[take]* - "شوێتێکە بۆ دووعا و عیبادەت": خزمە دەگەڵ ↑تکا tıka "خواهیش کردن، پاڕانەوە" و ↑تووک tuk "دووعا و پاڕانەوە". وەک بە ئاشکرایی دەبینرێ، ئەم وشەیە بە ئەسڵ عەرەبی نییە و وشەیەکی رەسەنی کوردماددییە.

تەگە tege *[taga]* - "تیری": خزمە دەگەڵ (.G) Ziege، (.OG) ziga، (.Gr) diza "بزن"، (.OE) ticca "کاریلە"، tik (.Arm) "پێستە". هەروەها دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەک şek "مەڕی دووساڵە".

تەگەر teger *[tagar]* - "چەرخی عارەبانە": < *(E.) tyre* "تەگەر، چەرخ". بەگوێرەی فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی ئۆکسفۆرد لەوانەیە ئەم وشەیە پێوەندی هەبێ بە (.E) tire "ساز کردن، تەیار کردن". ئەگەر ئەمە راست بێ، دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەیار teyar "ساز، ئامادە".

تەگەرە tegere *[tagara]* - "1- دارێکە دە کونی بەرداشی ژێروو کوترا وە 2- بەربەست، لەمپەر":

1- دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ (.G) Deich، (.Nl) dijk، (.OE) dīc "بەربەست، دیوار"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhēig- >*** "تیراچوون، تیراکردن، چەقاندن". مەبەست لە وشە ژێرمەنییەکان دەبێ دە بنەڕەتدا چەقاندنی دارو تەختە بووبێ بۆ لەمپەرکردن. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تیغە tîġe "دیوار، لەمپەر".

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ پێوەندی هەبێ بەو وشانەی لەژێر ↑تیخ tîx دا هاتوون. ئەم ریزەوشەیە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)teig- >*** "تیراچوون، تیهەڵچەقین". دوور نییە ئەم دوو ریشەیە لە پلەیەکی دوورتردا ببنە خزم دەگەڵ یەکتر.

تەل tel *[tal]* - "تیل، سیم": خزمە دەگەڵ ↑تاڵ[2] tal "داو، دەزوو".

تەڵ1 tel *[tal]* - "چڵ، لاسکەگیا": [دڵی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە، کە لەژێر سێبەری تووداڕکا خامۆشە - گۆران]. هەردووک وشەی تەڵ tel و ↑چڵ çıl دوو شێوەن لە وشەیەک و خزمن دەگەڵ (.G) Stiel و (.L) stilus "دەسک، لاسک، دیرەک". هەروەها دە زمانی کوردمادیدا ↑شتڵ şıtıl هەیە کە شێوەی کۆنتری وشەکانی سەرەوەیە و دە زمانی ئەمڕۆدا لەباری ماناوە کەمێک جیاوازی پەیدا کردووە

[تێبینی: لەباری ئاڵوگۆڕی فۆتیمەکانەوە بەراوردی "تەڵ" و "چڵ" بکە دەگەڵ "تەڵەمە" و "چەڵەمە" یان "تکە"ی کوردمادی و "چکە"ی فارسی].

تەڵ2 tel *[tal]* - "پارچەیەکی تەنک لە بەرد": [تەڵەبەرد]. هەروەها ↑دەڵوو delu هەیە بە مانای "توێخی بن بن نینۆک کە لێ دەبێتەوە": دەشێ پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ کە لەژێر ↑تڵیشان tılîşan "دڕان"دا باس کراون.

تەڵا tela *[talā]* - "زێڕ": طلا (.P). ئەم وشەیە دەشێ لە (.G) Taler وەرگیرابێ. ئەمە ناوی سکەیەکی زێوین بووە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی 16ەوە لە Joachimstal [دۆڵی یۆاخیم] لێدراوە و پاشان ئەم ناوە لە زۆر وڵاتی ئەورووپیدا بەکار هاتووە. وشەی دۆلار Dollar ی ئەمریکیش بۆ ئەم ناوە دەگەڕێتەوە. کەرتەوشەی Tal، کە وشەیەکی ئەڵمانییە، خزمە دەگەڵ ↑دۆڵ dol ی کوردمادی.

[تێبینی: شیاوی باسەی وشەی "قڕان"یش کە ناوی یەکەیەکی پووڵی ئێرانی بووە، لە زمانە ژێرمەنییەکانەوە وەرگیراوە].

تەلاس telas *[talās]* - "پێ زیاد لە رادە راکێشان، سەرچڵی": دەشێ خزم بێ دەگەڵ تلاش talāş (P.) "تەقەلا، کۆشش". خزمە دەگەڵ ↑تۆران toran "رەنجان" هەروەها تۆراندن بە مانای "رەنجاندن" [thole (E.) "رەنج، ئازار"] سەر بە ریشەی ***(IE.) *tol-, *tel- >*** "بردن، هەڵگرتن، تەحەممول کردن". لەباری ماناوە پێوەندی نیزیک هەیە لەتیوان "تەقەلا" و "رەنج و زەحمەت"دا. ئەم مانایانە دە وشەی "تلاش"ی فارسیدا بەباشی بەرچاو دەکەوێ. وشەی "تەلاس" دە کوردمادیدا ماناکەی هێندێک جیاوازە، بەڵام ئەویش هەر پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشەیە وەک "سەرچڵی" مانا کراوەتەوە واتا "زێدەرۆیی، ئیفرات". خودی وشەی "سەرچڵی" لە "سەرچڵ" وەرگیراوە کە شوێن یان بەشی هەرە بەرزی دار و درەختە. کەوابوو مەبەست لە سەرچڵی کردن ئەوەیە کە کەسێک لە کارێکدا وەک سەرچڵی دارێک دەگاتە ئەوپەر یان شوێنی هەرە بەرز، واتا ئاستی ئاسایی تێدەپەڕێنێ. لەم تێڕوانینەوە "تەلاس" پێوەندی پەیدا دەکا بە ریشەکەی سەرەوە بە مانای "بردن، هەڵگرتن" [وەک چۆن وشەی "بەرز"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەکی دیکە بە هەمان مانا و خزمە دەگەڵ "بردن"]. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەلان telan "کیو، بەرزایی".

تەڵاش telaş *[talāš]* - "ئەو پارچە تەنکانەی لە کاتی دارتاشیندا هەڵدەوەرن": تراشە tarāše (P.). خزمە دەگەڵ ↑تراشین tıraşîn.

تەلان telan *[talān]* - دەگەڵ "کێو" دێ [کێو و تەلان kew u telan]. هەروەها تەلانتەڕە telantere هەیە بە مانای "گیایەک کە لە بەرزایی دەروێ". سەبارەت بەم وشەیە دوو شیمانە رێی تێ دەچێ:

1- پێوەندی بە ریشەی ***(IE.) *tel- >*** "لا بردن، هەڵگرتن". [لەم بارەوە بەراوردی کە دەگەڵ وشەی ئەڵمانی Berg"کێو" کە خزمە دەگەڵ وشەکانی "بەرز" و "بردن" و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بردن، هەڵهێنان، هەڵگرتن".

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ steil (G.) "هەوراز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *steigh- >*** "سەر (هەوراز) کەوتن، پێهەڵگەڕان".

تەلخ telıx *[talıx]* - "1-رەشی ئامالّ زەرد 2- رووگرژ": خزمە دەگەڵ ↑تار tar و ↑تاریک tarîk.

تەلسک telısk *[talısk]* - "زەنگەتە ترێ": تلک tılık یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەڵ2 tel "پارچەیەکی تەنک لە بەرد" [تەڵەبەرد]، ↑تەڵەزم telezm و لەوانەشە ↑تڵیشان tılîşan "دڕان، لەت بوون".

تەڵفیس telfîs *[talfīs]* - "گاڵتە و گەپ، حەنەک": تەڵفیز telfîz یش دەگوترێ. تەڵ tel + فیس fîs. کەرتی یەکەمی وشەکە، واتا تەڵ -tel خزمە دەگەڵ ↑دەلکی delkî "جەفەنکَ باز، قسەخۆش" و دواتر دەگەڵ ↑*دۆلگە dolge* "هەڵبەستی پێهەڵگوتن". کەرتی دووم خزمە دەگەڵ ↑فشە fişe "جەفەنکَ، حەنەک".

تەڵە tele *[tala]* - "ئامرازی راو": دە فارسیدا تلە tale (P.). پێوەندی هەیە بە چەند وشەیەکی وەک ↑دۆڵ dol و دەرە dere سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhel- >*** "قووڵکە، قووپاوی، قووڵایی". تەڵە دە بنچینەدا دەبێ بەو قوڵکە سەرداپۆشراوە گوترابێ کە بۆ تێکەوتنی ئاژەڵ دروست کراوە.

[تێبینی: دوو بەڵگە ئەم بۆچوونە پشتگیری دەکەن: یەکەم، کرداری "کەوتن" [دە تەڵە کەوتن]. دووەم، دە زمانی ئاڵمانیدا Falle "تەڵە" دەچێتەوە سەر کرداری fallen بە مانای "کەوتن، تێکەوتن"].

تەڵەزم telezm *[talazm]* - "تەڵ، تەڵاش": خزمە دەگەڵ ↑تەڵ2 tel "پارچەیەکی تەنک لە بەرد" [تەڵەبەرد]، ↑دەڵوو delu "تۆیخی بن نینۆک کە لێ دەبێتەوە" [دەڵوو بەر دان] و لەوانەشە دەگەڵ ↑تڵیشان tılîşan "دڕان".

تەلەس teles *[talas]* - "مەست، سەرخۆش": خزمە دەگەڵ ↑تلان tılan "سووڕان، گەوزان"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووڕان". کەرتی دووەمی وشەکە، واتا ئەس -es پاشگرە و شێوەیەکە لە پاشگری ↑ئۆز -oz.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا وشەی "گیز"یش بە مانای "تەلەس، مەست" بەکار دێ و ئەویش خزمە دەگەڵ گیژ "سەرسووڕاو" و *گیزان* "لێکدران، تێک وەردران، شڵەقان". وەک ئاشکرایە دە دۆخی مەستی دا مرۆڤ سەری دەسووڕێ یاخود دە گیژەوە دێ].

تەلەف telef [*talaf*] - "لەناوچوو، خرابوو، بەفیڕۆچوو": ئەم وشەیە دەشێ وشەیەکی کوردمادی بێ و کەوتبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە. لە لادێیەکان بەتایبەتی بۆ مردن و لە دەست چوونی ئاژەڵ بەکاری دێنن. خزمە دەگەڵ derb (G.)، derp (OG.)، đeorf (OE.) "ڕەق، سفت"، verderben (G.) "خرا بوون، گەندەڵ بوون"، verderben (MG.) "لەناو چوون، مردن"، deorfan (OE.) "تەقەلا کردن، لە مەترسیدا بوون، مردن"، dirbti (Lit.) "کار کردن". وەک دەبینرێ مانای بنەڕەتی وشەکە "ڕەق، سفت"ە، لەمەوە مانای دەشێ مانای "مردن" [دە بنەڕەتدا: ڕەق هەڵاتن] پەیدا بووبێ و دواتر یش ماناکانی لەناو چوون، خراب بوون و هتد.

[تیبینی: پێوەندی دوو چەمکی "ڕەق، سفت" و "مردن" دە وشەی sterben (G.) "مردن"دا بەرچاو دەکەوێ. ئەم وشە ئەڵمانییە سەر بە ریشەیەکە بە مانای "ڕەق، پتەو، سفت". لەم ریشەوە مانای مردن پەیدا بووە و ئەمەش دە بنەڕەتدا ئاماژە بە ڕەق بوونی لەش (لاشە) بووە. دە زمانی کوردمادیشدا "ڕەق هەڵاتن، ڕەق بوونەوە" بە مانای "مردن لە سەرمان" بەکار دێ].

تەڵەکە teleke [*talaka*] - "گزی، فێڵ":

1- لە لایەکەوە دەتوانین بیبەستینەوە بە وشەی درۆ dıro و ↑تراویلکە tırawîlke سەر بەریشەی < ***(IE.) *dhereug-*** "خەون، درۆ، فریو" [شتی ناڕاست].

2- لەلایەکی دیکەوە جێی بەراوردکردنە دەگەڵ Trick(G.) و trick (E.) "فەند و فێڵ" کە دەچنەوە سەر trique (ONorm.) "فێڵ، گزی". ریشە؟

3- هەروەها دەتوانین بەراوردی بکەین دەگەڵ ↑تەڵە tele [تەڵە نانەوە، دە تەڵە خستن].

تەلیس telîs [*talīs*] - "گۆنی":

1- لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سەر وشەی ↑تاڵ tal "داو، دەزوو".

2- یان لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑تووڕەکە tureke ەوە.

تەلیسم telîsm [*talīsm*] - "دووعای جادووگەر": ریشەی یۆنانی هەیە: < *(MGr.) telesma* "شتی پیرۆزکراو" < *(Gr.) teleīn* "پیرۆز کردن".

تەلێر teler [*taler*] - "زکَ زل، ورگن": خزمە دەگەڵ ↑تل2 tıl "ورکَ".

تەم tem [*tam*] - "هاڵاو، مژ": پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەیە:

1- Dämmerung (G.) و demar (OG.) "بوومەلیڵ"، temel (OIn.) "تاریکی"، dem (MIr.) "ڕەش، تاریک"، temere (L.) "کوێرانە"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *tem(ə)-*** "تاریک". دوو وشەی تەم و مژ زۆرجار پێکەوە دێن، "مژ"یش دە بنەڕەتدا مانای "ڕەشایی، تاریکایی" دەبەخشێ و خزمە دەگەڵ "مێش" [خۆڵەمێش].

2- Dampf (G.) "هەڵم"، steam (E.) "هەڵم" و damp (E.) "نم" و dhamati (OIn.) "با هاتن، فوو کردن"، گشت ئەم وشانە دەچنە سەر ریشەی < ***(IE.) *dhem-*** "هەڵم و هاڵاو لێ هەستان، دووکەڵ کردن، تەپ و تۆز هەستاندن، با هاتن". دە زمانی کوردمادی و فارسیدا وشەی دەم dem [دە کوردمادیدا دێم dem ش دەگوترێ] هەیە کە بۆ پێگەیشتنی چا و برینج لە سەر ئاگر بە کاردەهێندرێ [چایەکە دەمی هێناوە] . ئەم وشەیەش دەچێتەوە سەرئەم ریشەیەی سەرەوە و مەبەست لە دەم هێنان دە بنچینەدا "هەڵم وهاڵاو لێهەستان" بووە. جگە لەمانە دە کوردمادی و فارسیدا وشەی ↑دەم dem "نەفەس، هەناسە" و↑ دەماندن demandın "فوو تێکردن، با تێکردن" لەم ریشەوە هاتوون و مەبەست لە دەم (هەناسە) ئەو هەڵم وهاڵاو یاخود بایە کە لە زار و لووتی مرۆڤ دەردەچێ.

تەماتە tamate [*tamāta*] - "بەرهەمێکی کشت و کاڵی": ئەسڵی وشەکە tomtal بووە لە زمانی سوورپێستانی مێکزیکیدا. وشەکە لە ڕێگەی زمانی سپانییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان و لەوێشەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردمادی.

تەماشا temaşa [*tamāšā*] - "روانین": دەشێ خزم بێ لەگەڵ ↑مێزاندن mêzandın "تەماشا کردن".

تەماڵ temal [*tamāl*] - "کەروێشک": ئەم وشەیە لە کاتی دۆزینەوەی کەروێشک لە لاندا بەکار دێنن. [تەماڵێکی دۆزییەوە واتا کەروێشکێکی لە لاندا دۆزییەوە]. خزمە دەگەڵ چەند وشەی وەک ↑سەواڵ sewal [یان کەواڵ kewal] "مەڕ و ماڵات"، ↑گەماڵ gemal "سەگی تیر".

تەمباڤ tembav [*tambāv*] - "گێژاو": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەموو temu "تۆپی ئاش".

تەمبەڵ[1] tembel [*tambal*] - "تەوەزەل، لەشگران": دە فارسیدا تنبل tanbal (P.). [دە زمانی ئاخافتنی فارسیدا tambal یش دەگوترێ]. دە زمانی ئاڵمانیدا وشەیەک کە مانای تەمبەڵ دەدا، وشەی faul (G.) ە کە دە ئەسڵدا بە مانای "بڵ، رزیو" دێ. دە زمانی کوردمادیشدا زاراوەی "لەش داڕزاو" هەیە کە بە مرۆڤی تەمبەڵ دەگوترێ. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پێوەندییانە بۆی هەیە کە وشەی تەمبەڵ [دە ئەسڵدا تەنبەڵ] لە دوو کەرت پێک هاتبێ: تەن + بەل ten + bel. تەن بەواتای "لەش" و بەل بە واتای "↑بڵ bıl، رزیو".

تەمبەڵ[2] tembel [*tambal*] - "کۆڵەکەیەک دەخرێتە بن دیوار بۆ راگرتنی کاریتە": خزمە دەگەڵ ↑تەمەڵە temele "بەردی بناخە، یەکەم ریزی هێم".

تەمبوور tembur [*tambūr*] - تنبور tanbūr (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەمر temır "مۆری پۆست" [تمبر tember (P.)] و ↑تەمغە *temġe* "مۆری ئیداری".

تەمتەمان temteman [*tamtamān*] - "رەقەن، بەردەڵان": تمتمان tımtıman یش دەگوترێ. ناوی قەڵای بەناوبانگی ↑دمدم dımdım دەشێ پێوەندی بەم وشەوە هەبێ و مەبەست "قەڵای سەخت" بێ. جێی ئاماژەیە کە دوو چەمکی "قەڵا" و "سەخت، پتەو" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و ئەمە لە وشەی "شاهیندێژ، ساینقەڵا"ش دا دەبینرێ، کە کەرتی یەکەمەکەی خزمە دەگەڵ "سەخت" و "شاهۆ". بنجی تەم/ دم tem- , dım- خزمە دەگەڵ یەکێک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە "هێز، سەختی، قەڵەوی" دەکەون، وەک tumor (L.) "دوومەڵ، کوان"، túmara- h (OIn.) "قەڵەو، بەهێز"،↑توو tu [تقی tıvî] کە شتێکی بڕێک قەڵەوەیە، هەروەها ↑دوومەڵ dumel و دواتر ↑توانین tuwanîn، ↑تاو2 taw "هێز و گوڕ" [تاو سەندن، تاو دانە شتێک]، tāvīsī (OIn.) "تاو، تابشت، هێز"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*teu-, *tu- >*** "هێز، توان، ماسین، ئەستوور بوون".

2- ↑تەمەڵە temele "بەردی بناخە، یەکەم ریزی هێم".

تەمر temır [*tamır*] - "مۆری پۆست": تمبر tember (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەمغە temġe "مۆری ئیداری".

تەمراندن temrandın [*tamrāndın*] - "1- ژێر خاک کردن، داپۆشین لە ژێر خاک 2- کووژاندنەوەی ئاگر یان چرا": تەمارتن temartın یش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ چەندین وشە دە زمان ئەورووپییەکاندا بە مانای "تاریکی" وەک Dämmerung (G.) و demar (OG.) "بوومەلیڵ"، temel (OIn.) "تاریکی"، dem (MIr.) "رەش، تاریک"، temere (L.) "کوێرانە"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*tem(ə)- >*** "تاریک". بەم جۆرە لە مانای "تاریک کردن"ەوە دەتوانێ ماناکانی "کووژاندنەوە" و "داپۆشین" سەری هەڵدابێ. dämmern (G.) دە زمانی ئەڵمانیدا وەسا مانا کراوەتەوە: "هێواش هێواش رووناک بوون یان تاریک بوون". dim (E.) دەبێتە "کز کردن یان لێڵ کردنی شۆق و رووناکی". ئەو وشانە هەروەها لەوانەیە خزم بن دەگەڵ ↑تەم tem [تەم و مژ].

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "داپۆشین" و "تاریکی" سەرنجی وشەی "چادر" بدە کە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تاریکایی"، هەروەها بڕوانە وشەی "کوێر"].

تەمغە temġe [*tamġa*] - "مۆری دەوڵەتی": داغمە dağme ش دەگوترێ، ئەمەیان دەبێ شێوەی ئاڵوگۆڕکراوی ئەوەی پێشتر بێ. خزمە دەگەڵ ↑چۆماخ çomax [چۆماغ çomağ] "تیڵا، گۆپاڵ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ stumpf (G.)، Stumpf (G.)، stomp (Nl.) "کول، بەبێ نووک و بێ تیژایی"، stomp (NL.) "بنە، کۆلکە"، Stummel (G.)، stommel (MNl.) "قونچک"، stampfen (G.)، stampen (Nl.)، stamp (E.)، stampa (SW.) "کوتان، کوتانەوە"، stampf (OG.) "دەسکاونکَ، کوتک"، Stempel (G.) "مۆر" [دە بنەڕەتدا: دارۆکەی مۆر لێدان]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *stemb(h)- >*** "لێدان، کوتان(ەوە)". ئەم ریشەیە خۆی دەبردرێتەوە سەر ریشەی >

(IE.) *stēb(h)- "راوەستاندن، کۆڵەکە وەبەردان، قیت کردن(ەوە)". وەک دەبینین دە زمانی ئەڵمانیدا ئەو وشەیەی بە مانای "مۆر" و دواتر "مۆر لێدان" بەکار دێ، سەرەتا بە مانای "کولکەدار، دەسکاونکَ، کوتک" بووە کە شتی پێ کوتراوەتەوە. دواتر کوتەدارێکی چکۆڵە لە شێوەی دەسکاونکَ وەک مۆر بەکار هاتووە و لێرەوە ئەو پێوەندییە لە تیوان "کولکەدار، گۆپاڵ" و "مۆر" دروست بووە. دە زمانی کوردمادیشدا پێوەندی وشەکانی "تەمغە" واتا "مۆر" دەگەڵ "چۆماغ" ئاشکرایە. هەروەها وشەی ↑تەمر temır [بە فارسی تمبر tember (P.) واتا "مۆری پۆست"] پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە. چەند وشەی دیکەش دە زمانی کوردمادیدا پێوەندییان بەو وشانەوە هەیە کە بریتین لە ↑زۆمپ zomp "کوتکی زلی ئاسن"، ↑دەمبل dembıl "ئامرازێکە بۆ هەڵهێنان و وەرزش پێکردن"،↑دمبەک dımbek و ↑تەمبوور tembur کە ئەوانیش پێوەندیان بە چەمکی "ژەنین، لێدان، کوتان"ەوە هەیە.

تەموو temu *[tamū]* - "تۆپی ئاش": خزمە دەگەڵ tūmōn (OG.) "لەناو جەغزێکدا سوورانەوە" و taumeln (G.) "گێژ بوون، بەڵادا هاتن". خزمە دەگەڵ ↑تۆز toz و ↑تووماں tuman و هتد.

تەمەرە temere *[tamara]* - "1- بەڵا، گێرە و کێشە 2- ئاژاوە، بشێوی": تەوەرە tewere ش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە:

1- dämlich (G.) "گەمژانە"، tām (Mir.) "نەخۆشی، مەرکَ"، tomit (Rus.) "شکەنجە کردن، تەنگەتاو کردن". لە پێوەندی دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکاندا باس لە ریشەی ژێرمەنی *pam* کراوە بە مانای "تەڤزین، تەزین، لە پێ کەوتن". ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ ↑تەڤزین tefzîn و ↑تۆپین topîn.

2- ↑چەمەر çemer "شین و شەپۆر".

2- هەروەها "تەمەرە" بە مانا دووەمەکەی، واتا "ئاژاوە، بشێوی" جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تەوەر(ە) tewer(e) "میحوەر".

تەمەڵە temele *[tamala]* - "بەردی بناخە، یەکەم ریزی هێم": تەم + ە [ناوگر] + لە [پاشگر] tem + e + le. خزمە دەگەڵ Damm (G.)، Tamm (nG.)، tam (MG.)، Dam (Nl.)، (E.)، damm (Sw.) "1-ژێرکاری رێگا و بان کە لە گڵ و خۆڵی وەسەریەک نراو و شێلدراو پێک دێ 2- سەدد، بەربەستی لافاو". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*dhe- >*** "دانان، جێگیر کردن". خزمە دەگەڵ ↑تەمبەڵ[2] tembel "کۆڵەکەیەک دەخرێتە بن دیوار بۆ راگرتنی کاریتە"، ↑دێلێ dele "تەختەبەردی میچ پۆش"، ↑دێلەبەن deleben "میچی خانووی بە بەرد داپوشراو"، ↑دیمەک dîmek "داری ناودیوار بۆ قایم کردنی"، ↑دۆمە dome "پشتێندی رەشماڵ بۆ پاراستن لەبەر بای بەهێز" و لەوانەشە ↑تەمتەمان temteman "رەقەن، بەردەڵان".

[تیبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "بەرد، رەق، بەردەڵان" و "جێگیر بوون، قایم بوون" هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی *خار* "سەخت" و *گیرسانەوە* "جێگیر بوون". ئەم دوو وشەیە لە ریشەیەکەوە هاتوون. سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "رەق، سەخت" ، "بەرد" و "بناخە" هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی خوارەوە کە بەیەکەوە خزمایەتییان هەیە: *هەپروون* "ئاستم، سەخت"، *کەڤر* "بەرد"، *هیم* "بەردی زل" و *هێم* "بناخە"].

تەمەن temen *[taman]* - "عومر، ماوەی ژیان": خزمە دەگەڵ چەند وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا، وەک ↑دەم dem، ↑تاف taf، ↑تاوtaw. ئەم وشانە بە هێندێک جیاوازی لە مانادا گشتیان ئاماژە دەکەن بە چەمکی "دەم، کات". دەبنە خزم دەگەڵ time (E.)، tīma (OE.) "دەم"، ti- (Arm.) "تەمەن". وشە ئینگلیزییەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ژێرمەنی tīman- سەر بە ریشەی ***(IE.) *di-, *dai- >*** "لەت کردن، بەش بەش کردن". وشەی زمن zaman (Arb.) پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە و دوور نییە لە زمانی کوردمادی وەرگیرابێ. هەروەها tid (Sw.)، Zeit (G.)، zit (OG.) "دەم، کات" لەم ریشەی سەرەوە وەرگیراون.

تەن1 ten *[tan]* - "بەدەن، قەوارە، پەیکەر": tan (P.)، tanū (Av.)، tanū (OIn.) "تەن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *tenu- >*** "باریک، تەنک" و دواتر ***(IE.) *ten- >*** "لەبەر یەک کشانەوە، تەنینەوە" [بڕوانە "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 347]. لەو باوەڕە دام وشەکە پێوەندی بە چەمکی "باریک، تەنک"ەوە نەبێ و

راستەوخۆ لە ریشەی *ten- (IE.) "لەبەر یەک کشانەوە، تەنینەوە" وەرگیرابێ. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە دە زمانەکاندا کە ئاماژە بە "هەڵدان، گەشە کردن، تێر و تەسەل بوون، چڕ و پڕ بوون" دەکەن، وەک dicht (G.) "چڕوپڕ، سفت"، gedeihen (G.) "گەشە کردن، هەڵدان"، Ton (G.) [کۆنتر: than ،tahen] "قوڕی دیزە و گۆزە"، ↑dāha (OG.)، thāhin (OS.)، dōhe (OE.) "قوڕ، لیتە"، ↑تەقن teqın "جێگەی پڕ لە قوڕ و لیتە"، ↑تەژی tejî "چڕ و پڕ"، ↑تەقتەق teqteq "زەوی بەردین" [دە بنەڕەتدا: سفت، چڕ و پڕ]، ↑تەتن tetın "قوڕ" و ↑تەشەنە teşene "بڵاو بوونەوە، پەرە سەندن". مانای "قوڕی دیزە و گۆزە" بەم چەشنە لێک دراوەتەوە کە ئەم قۆڕە بە هیشک بوونەوەی، توند و سفت دەبێ. بەڵام لەوانەشە مەبەست چیڕی و سفتی قوڕەکە خۆی بووبێ. هەر لێرەدا مانا و ریشەی ↑تەحین teĥîn یش بۆمان روون دەبێتەوە. "تەحین" دە راستیدا شتێک نییە جگە لە "توندەوەبوو"ی شیرەی کونجی.

[تێبینی: دەکرێ سەبارەت بە مانای بنەڕەتی وشەی "تەن" دوو شیمانە بهێنینە گۆڕێ: لەوانەیە دە بنەڕەتدا مەبەست شتێک بێ کە هەڵدەدا و گەشە دەکا. لەوانەشە مەبەست "پێکهاتەیەک لە قوڕ" بێ. مرۆڤەکانی کەونارا وایانزانیوە کە مرۆڤ لە قوڕ پێک هاتووە، هەر وەک چۆن خۆیان بووکەڵەیان لە قوڕ ساز کردووە. دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا وشەیەک بە مانای "مرۆڤ" هەیە کە بریتییە لە gomo (OG.)، homo (L.)، guma (Gt.)، gumi (OIs.) و زاوا zawa، زاڤا zava ی کوردمادی. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ زەوی zewî و مانای "هەرد، خاک" دەگەیەنێ و مەبەست دە بنەڕەتدا "بوونەوەری خاکی" بووە (بوونەوەرێک کە لە خاک دروست بووە و دەبێتەوە خاک؟). لەوانەیە بیرۆکەی دروست بوونی "لەش، تەن"ی مرۆڤ لە قوڕ لەم وشانەشدا رەنگی دابێتەوە].

تەن 2 ten [tan] - "سیان، قورم": تەنی tenî یش دەگوترێ. دە زمانی فارسیدا وشەی "دودە" بە مانای سیان لە "دود" وەرگیراوە کە مانای "دووکەڵ" دەدا. ئەم پێوەندییەی تیوان "سیان" و "دووکەڵ" دە زمانی کوردمادیشدا بە چەشتێکی دیکە خۆ نیشان دەدا. تەن خزمە دەگەڵ ↑توز toz و دەچێتەوە سەر ریشەیەک کە ئاماژە بە "هەلم و هاڵاو، دووکەڵ، تەپ و تۆز" دەکا. جگە لە "تەن" چەند وشەی دیکەش دە زمانی کوردمادیدا هەن کە لەم بارەوە سەرنج رادەکێشن و پێوەندییان بەم خێزانەوشەوە هەیە وەک ↑توون tun بەمانای "ئاگردانی گەرماو"، تین tîn بە مانای "گەرما" [دە بنەڕەتدا: هاڵاوی گرما]، تەندوور/ تەنوور tenur و چەندین وشەی دیکە کە لە ژێر ↑دەوار[2] *dewar* "پارچەی رەشماڵ"دا [دە بنەڕەتدا: پارچەی "رەش"] باس کراون.

تەناف tenaf [tanāf] - "گوریس": خزمە دەگەڵ ↑تەنین tenîn.

تەنا tena [tanā] - "ئاسوودە، راحەت": هەروەها تەناهی tenahî بە مانای"ئاسایش، ئارامی، راحەتی" دێ.

1- لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە وشەی ↑ساناsana بە مانای "هاسان".

2- یان لەوانەیە پێونەدی هەبێ بە ↑تەنین tenîn، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لەبەر یەک کشانەوە، لەبەر یەک بڵاو بوونەوە، درێژ بوونەوە". چەمکی "بڵاو بوون(ەوە)" و "درێژ بوون(ەوە)" دەتوانێ پێوەندی بە چەمکی "حەسانەوە و راحەتی و ئارامی"یەوە هەبێ، بە پێچەوانەی چوونەناو یەک و وێکهاتن کە گرژی و سفتی دروست دەکا. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی "شل و ول". "ول" خزمە دەگەڵ "بڵاو" و شل بوونەوە نیشان دەدا. ئاشکرایە شتێک کە شل دەبێتەوە، هاوکات بڵاویش دەبێتەوە.

تەنزیل tenzîl [tanzīl] - "پارچەیەکی سپی تەنک بۆ برین پێچان": تنزیب tanzīb (P.). کەرتی یەکەم لە هەردوو وشە کوردمادی و فارسییەکەدا هاوبەشە و ئاماژە بە تەنراو دەکا [↑تەنین tenîn]. کەرتی دووەم دە وشە کوردماددییەکەدا خزمە دەگەڵ ↑سەلە sele و دە هی فارسییەکەدا خزمە دەگەڵ↑ زیپzîp . هەردووکی ئەم وشانە ئاماژە بە "دڵۆپاندن، چۆڕاندن" دەکەن. ئەم تەنراوە سەرەتا وەک پارچە بۆ پاڵاوتن سەیر کراوە و ناوەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە.

تەنک tenık [tanık] - "ناسک، بەرانبەری ئەستوور": تنک tonok (P.). خزمە دەگەڵ dünn (G.)، thunni (OG.)، thin (E.)، tunn (Sw.)، tenuis (L.)، tanvi (OIn.)، tinuku (OSlav.)، tana (OIr.)، گشتیان بە مانای "ناسک،

تەنک “، سەر بە ریشەی *(IE.) *ten- >* ”تەنینەوە، درێژ بوونەوە“.[دە بنەڕەتدا مەبەست لەبەریەک کشانەوە و درێژ بوونەوە بووە، کە بە هۆیەوە شتێک تەنک و ناسک دەبێتەوە]. دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەنین tenîn و ↑تووونا tuna [تەفر و تووناا].

تەنکَ teng *[tang]* - ”بەرانبەری فش و فرەوان، رێکگوشراو“: تنکَ tang (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە:

1- ریشەی *(IE.) *tenk- >* ”وێکهاتن، چوونە ناو یەک، رێکگوشران، توند بوون، چڕ بوون“. ↑تەژی tejî ”پڕ“ [دە بنەڕەتدا: چڕ، پەیت]، dicht (G.)، tánkus (Lit.)”چڕ و پڕ“، tánakti (OIn.) ”وێک دێ“ لەم ریشەوە هاتوون. ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی *(IE.) *ten- >* ”تەنینەوە، لەبەریەک کشانەوە“. چەندین وشەی دە زمانی کوردمادیدا بۆ ئەم ریشەیە دەگەڕێنەوە، وەک ↑تەنک tenık، ↑تونا tuna [تەفر و تونا] و هتد.

[تێبینی: لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە چۆن لە ریشەیەک بە مانای ”تەنین، لەبەر یەک کشانەوە“ ریشەیەکی دیکە بە مانای ”وێکهاتن، رێکگوشران“ دروست بووە. ئەم دوو مانایە هەرچەند بەڕواڵەت دژ بە یەکن، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، پێوەندیشیان بەیەکەوە هەیە، واتا مانای دووەم دەتوانێ لەراستیدا لە مانای یەکەمەوە پەیدا بووبێ. ئەگەر ئێمە بافتێک (تەوتێک)، بۆ وێنە شوێنێک لە پێستی دەست یان لاقمان بکێشین [لەبەر یەکی بکێشینەوە]، ئەوا لە هەمان کاتدا پێستەکە تەنک و ”تەنکَ“ دەبێتەوە و هەرچی زۆرتر لەبەر یەکی بکێشینەوە، ئەوەندە زۆرتر تەنک و تەنکَ دەبێتەوە. وشەی ”تونا“ش بە مانای ”لەناو چوون“ لەم پێوەندییەدا دروست بووە. دە زمانی کوردمادیدا ئەو وشانەی ئاماژە بە ”نەمان و لەناو چوون“ دەکەن، دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی کە باس کە ”کز، کەم، بچووک“ بوونەوە دەکەن، واتا مەبەست سەرەتا ”لە کزی دان، لە کەمی دان“ بووە و لە مەوە مانای ”لەناو چوون“ پەیدا بووە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی ”کوشتن“ و ”کووژانەوە“، هەروەها پەپوو2 ”تەواو بوو، نەما“ (بەزمانی زارۆک)].

2- Zange (G.)، tang (Nl.)، tongs (E.)، tang (Sw.)”گاز(ی شت پێ دەرکێشان)، کەلبەتان“، getenge (E.) ”گوشاردەر“، سەر بە ریشەی *(IE.) *denk- >* ”سفت بە شتێکەوە نووسان، توند قەرار گرتن لەسەر شتێک“.

تەنگوچەڵەمە tenguçeleme *[tangūčalama]* - ”دژواری، ناخۆشی“: ”تەنگە“ بەو کەمەربەندە دەگوترێ کە باری پێ لەسەر بارەبەر قایم دەکەن. ”چەڵەمە“ دارێکە لە شێوەی V کە بۆ قایم کردنی تەنگە یان قەیاسە کەڵکی لێ وەردەگرن. تەنگە و چەڵەمە ئەو دوو ئامرازەن کە بۆ بەستن و شەتەک دانی بار لەسەر پشتی بارەبەر بەکار دەهێنرێن. جا کاتێک بار یان بارەبەر تەنگە و چەڵەمە دەکرێ، ئەوە دەراستیدا بارەبەرەکە دەخرێتە ژێر زەخت و تەوژمی بار بە هۆی توند کردنی تەنگە لە دەوری. ئەم دۆخە شەتەکدراو و دژوارەی بارەبەر پاشان مانایەکی گشتی وەرگرتووە و بە مانای ”گیر و گرفت، دژواری“ بەکار دەهێنرێ.

تەنگە tenge *[tanga]* - ”زگی زڵ“: خزمە دەگەڵ ↑تنگیڵە tıngêle ”مەشکەی پڕاوپڕ لە ئاو“، تەژی tejî ”پڕ“، ↑تەژە teje ”زل، زەبەلاح“ و هەروەها ↑تەنکَ *teng*، سەر بە ریشەی *(IE.) *ten- >* ”تەنینەوە، درێژ بوونەوە، لەبەر یەک کشانەوە“.

تەنوا tenwa *[tanwā]* - ”چڵک، پیسایی، گەمار“: خزمە دەگەڵ ↑تەن ten ”سیان، قورم“.

تەنوور tenur *[tanūr]* - ”قووڵکەی نان تێدا پێژان“: تەندوور tendur یش دەگوترێ [فۆتیمی d زێدەیە و خزاوەتە ناو وشەکەوە]. دە فارسیدا تنور tanūr (P.). خزم بێ دەگەڵ ↑تەن ten ”سیان، قورم“ [دە بنەڕەتدا: دووکەڵ]. وەک پێشتر باس کرا، تەن دەگەڕێتەوە سەر ڕیشەیەک بە مانای ”دووکەڵ کردن، تەپ و تووز کردن“. لە وشەی تەندوور/ تەنوور دا ئەم مانا بنەڕەتییە بە باشی دەردەکەوێ، چونکە وشەی ”تەنوورە“ دەگەڵ ”گیژەڵووکە“، واتا بای پڕ لە تەپ و تۆز بەکاردەهێندرێ [تەنوورە کردنی گیژەڵووکە]. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑دەوار2 *dewar* ”پارچەی رەشماڵ“.

تەنەکە teneke *[tanaka]* - ”کانزایەکی سپی تەنکە“: دەشیی خزم بێ دەگەڵ tin (E.)، (OE.) و zinn (ON.)، (G.) ”تەنەکە“. ریشە؟

تەنین tenîn [*tanīn*] - "چنین": تنیدن (P.) tanīdan. خزمە دەگەڵ (G.) dehnen، (OE.) dennan، (Sw.) tänja "لەبەر یەک کێشانەوە، تەنینەوە"، (Gr.) teinein و (L.) tendere "تەنین، تەنینەوە، لەبەر یەک کێشانەوە"، سەر بە ریشەی *(IE.) *ten- > "کێشان، لەبەر یەک کێشانەوە، تەنین(ەوە)". دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑تەنک tenık، ↑تان tan "رایەڵی تەون"، ↑تەناف tenaf "گوریس"، ↑تووتا tuna و هێندێکی دیکە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە.

تەنیا tenya [*tanyā*] - "تاک، بێ هاودەم، یەک تەنە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەن ten "بەدەن".

تەو 1 tew [*taw*] - "پەزی رەنگێ بۆڕ، مەڕی بە رەنگی خۆڵەمێشی": دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑تووماں tuman [دوومان duman] و ↑دووکەڵ dukel کە بە رەنگیکی بۆر یان ئاماڵ رەش خۆ دەردەخەن. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑*دەوار*[2] *dewar* "پارچەی رەشماڵ".

[تێبینی: دە زمانە ژێرمەنییەکاندا ئەو وشەی بە مانای "کۆتر" دێ، بۆ وێنە (G.) Taube دەچێتەوە سەر هەمان ریشە کە لە کوردمادیدا وشەکانی تۆز و دووکەڵی لێ کەوتۆتەوە. هەر لەم ریشەوە (Ir.) dub بە مانای "رەش" کەوتۆتەوە].

تەو 2 tew [*taw*] - "وشەی پەسەند و ئافەرین بۆ گۆرانیبێژ": خزمە دەگەڵ ↑توانین tuwanîn و ئارەزوو کردنە بۆ ئەوەی گۆرانیبێژ لە خوێندندا هەر بەهێز و گوڕ بێ.

تەوار tewar [*tawār*] - "بازی مێ": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەو tew "پەزی بۆر"، ↑تفیلک tıfîlık "کۆترەباریکە". ئەم وشانە دە بنچینەدا ئاماژە بە رەنگی خۆڵەمێشی یان [ئاماڵ] رەش دەکەن.

تەواسان tewasan [*tawāsān*] - "1-گێژ و مەنگێ بوون 2- ناهومێد بوون": شێوەی پێشووتری ↑تاسان tasan یاخود شێوەیەکی دیکە لەم. هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑تەڤزین tevzîn و ↑تەزین tezîn "سڕ بوون، بێ هەست بوون"، (G.) taub "کەڕ". [وشەی "کەڕ" خۆی خزمە دەگەڵ "سڕ" و مەبەست کەسێکە کە گوێی سڕە و هەستی تێدا نییە]. دە زمانی ئەڵمانیدا (G.) betäuben [be-täuben] "*تەڤزاندن*، سڕ کردن" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانە دواجار خزمن دەگەڵ ↑تەپ *tep* [تەپ و مژ، تەپ و تۆز]. ماناکانی تاسان، گێژ و مەنگێ بوون، تەزین لەوەڕا هاتوون کە هەستی مرۆڤ لەم دۆخانەدا بەوە چوێنراوە کە جۆرێک تەپ و مژ مێشکی داگرتووە و مێشکی یان لەشی تووشی ناڕوونی و تێکەڵ پێکەڵی هاتووە. بۆ هێندێک زانیاری دیکە لەم بارەوە بڕوانە ↑*دەوار*[2] "پارچەی رەشماڵ".

تەواش tewaş [*tawāš*] - "چەورایی، زەرنووقایی": دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *teu-, *tu- > "هێز، توان، ماسین، ئەستوور بوون" و دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە لەژێر ↑توانین tuwanîn دا باس کراون.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "هێز، سفت، ئەستوور بوون" و "چەوری" دەتوانین ئاماژە بە وشەی (G.) fett "چەور" بکەین کە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ماسین، هەڵاتن" (وەک هەڵاتنی هەویر). هەروەها (G.) Talg "پیو" و (Gr.) stéār "چەوری، پیو" دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سفت بوون، مەیین" و لەوانەیە خزمیش بن دەگەڵ تۆڵا tola "پێکەوەنووسان و رەق بوونی شتی ورد" و تۆڵ tol (توند و تۆڵ) دە زمانی کوردمادیدا].

تەواندن tewandın [*tawāndın*] - "1- قەد کردن 2- لوول دان": خزمە دەگەڵ ↑تەون tewın و چەندین وشەی دیکە کە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سووڕان، با دان".

تەوخ tewıx [*tawıx*] - "زاخە، هۆڵەمەر دە بن هەرد دا": خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک، رەهەند". وشەکە دەشێ سەرەتا *تاپەک tapek** بووبێ و گۆڕدرابێ بە "تەوخ". نموونەی ئەم گۆڕانە دە وشەکانی زمانی کوردمادیدا زۆرە [تاپەک tapek ← تاوەک tawek ← تاوک tawık ← تەوخ tewıx].

تەور 1 tewır [*tawır*] - "ئامرازی داربڕین": تەڤەر tever یش دەگوترێ. هەروەها تەوەرزین tewerzîn هەیە کە جۆرێکە لە "تەور". دە فارسیدا تبر (P.) tabar. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا (G.) Dübel، (OG.) tubil، (E.) dowel، (Sw.) dubb، (Nl.) deuvik هەیە کە بە مانای "سینگێ، گوڵمیخ" بە کار دێ. dübeln

(G.) به مانای "هۆره لێدان، سینکَ داکوتان" دێ و ده هێندێک دیالێکتی ئەڵمانی و هولەندیدا duven و doffen به مانای "لێدان" بەکاردێن. ئەم وشانە بەراورد دەکرێن دەگەڵ typhos (Gr.) "هۆره، پواز". ئەم وشە ئەورووپییانە دەبردرێنەوە سەر ریشەی ***dub- >** ***(IE.)*** "لێدان". دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەک دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە وەک ↑دەف def، ↑تەپڵ tepıl، ↑تەپان tepan، ↑تۆپز topız. هەموو ئەم وشانە پێوەندییان بە چەمکی "لێدان"ەوە هەیە.

تەور2 tewır *[tawır]* - "جۆر، شێوە": تەویر tewîr یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تەبار tebar "بارست، حەجم". دە زمانی کوردمادیدا ↑چتۆ çıto هەیە بە مانای "چلۆن، چەوا" [چ تەور çı tewır ←چتۆر çı tor ← چتۆ çıto].
دە فارسیدا četor (P) "چتۆ، چەوا" واتا "بە چ شێوەیەک".

تەورک tewrık *[tawrık]* - "بللور، جۆرێک شووشە": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە لەژێر ↑*توانین tuwanîn* دا باس کراون و لەوانەشە دەگەڵ ↑تەوەن tewen "بەرد"، دەچێتەوە سەر ریشەی ***teu-, *tu- >*** ***(IE.)*** "ماسین، ئەستوور بوون، بەهێز بوون، پتەو بوون".
[پێوەندی چەمکەکانی "شووشە" و "سەخت، پتەو، بەرد" دە وشەی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە "مینا"ی (ددان) خزمە دەگەڵ minerale (ML.) "کان، کانزا، کانەبەرد"، یان "شووشە" [شیشە] خزمە دەگەڵ زیخ zîx و سیکە sîke (سیکەتۆرە واتا تووڕەکەی بەرد)].

تەوس tewıs *[tawıs]* - "تیز و تانە": تەوزە tewze ش دەگوترێ. وشەکە هەرچەند دەگەڵ "تیز" هاومانایە، بەڵام ریشەکەی جیایە لەم و خزمە دەگەڵ ↑توانج tuwanc. بنجی وشەکە ↑تەپ tep ە و شێوەی کۆنتری وشەکە "تەپس"ە. ئەم بنجە دە وشەی ↑تەپساندن tepsandın "لێدان، سەرکوت کردن"دا دەردەکەوێ [تەپس teps ← تەوس tews].

تەوژم tewıjım *[tawižım]* - "هێز، گوڕ": خزمە دەگەڵ ↑تاو/ تاڤ taw / tav "هێز، گوڕ".

تەوش tewış *[tawıš]* - "شل، تراو": خزمە دەگەڵ ↑تاوانەوە tawanewe [توانەوە].

تەوشک tewşık *[tawşık]* - "کەش، هەوای دەوری زەوی، ئاتمۆسفێر": خزمە دەگەڵ ↑تۆژ toj و ↑*تۆکڵ tokıl*.
ئاماژەیە بە "تۆکڵ"ی دەوری زەوی.

تەوشین tewışîn *[tawišīn]* - دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەتەوشین vetewışîn] واتا "سەر سووڕ مان". دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑تەڤزین tevzîn [شێوەی کۆنتری ↑تەزین tezîn "سڕ بوون"] و ↑*تۆپین topîn*.

تەوق tewq *[tawq]* - "تەوقەسەر واتا تەپڵەسەر": وشەکە دەبنەڕەتدا تەپک ***tepık*** بووە، واتا لەجیاتی تەپڵەسەر، دەبێ "تەپکەسەر" گوترابێ و پاشان تەپکە کۆڕدراوە بە "تەوق" و دواتریش "تۆق". بەم جۆرە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەپڵ tepıl "تەوق، شۆینی هەرەبەرز" [تەپک tepık ← تەوک tewık ← تەوق tewıq ← تۆق toq].

تەوقە tewqe *[tawqa]* - "دەست لێدانەوە": خزمە دەگەڵ ↑تووش tûş "وێککەوتن، لێکدران" [تووش بوون واتا وێککەوتنی دوو شت یان دوو کەس].

تەوقەتە tewqete *[tawqata]* - "بەرزترین شوێن": تەوقەن tewqen یش دەگوترێ. بڕوانە ↑تەوق tewıg.

تەون tewın *[tawın]* - "چندراو، فەرش چنین": دە فارسیدا تافتن tāftan (P.) "چنین". [دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا هێندێک لەو وشانەی بە مانای "چنین، هۆنینەوە" دێن، دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی کە مانای "سووران، با دان" دەبەخشن، هەروەک خودی کرداری "هۆنینەوە"، کە دەچێتەوە سەر ریشەیەکی ئەوتۆ. ئەم پێوەندییە لێرەوە پەیدا دەبێ کە لە کاری چنین و هۆنینەوەدا سووڕاندن و با دانی بەنەکان بە دەوری یەکتردا روو دەدا]. ئەگەر لەم تێڕوانینەوە بۆ ساخ کردنەوەی وشەکە بچین، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە دە فارسیدا وشەی تاب tab (P.) "خول، پێچ، سووڕ" شێوەیەکی دیکەیە لە بنەوشەی تاف -taf دە کرداری تافتن tāftan (P.). ئەم بنەوشەیە دە زمانی کوردمادیشدا بەشێوەی خۆی بەدی دەکرێ و دە ناو گەلێک وشەدا خۆی نیشان دەدا. ژمارەیەک لەم وشانە ئاماژە بە چەمکی "چنین، هۆنینەوە، تێک چنین" دەکەن، وەک ↑تەون tewın،

↑تەبەنە tebene، ↑تابووت tabut و ژمارەیەکی دیکەش مانای بنەڕەتی ریشەکە، واتا "سووڕان، با دان" نیشان دەدەن، وەک ↑تاوێر tawer "بەردی خلۆرەوەبوو"، ↑تاوڵەمە tawleme "پن چەرخێن"، ↑تەبانە tebane "بانگردێن"،↑تەوەنەدان tewene dan "لێکهاڵان"، ↑تەواندن tewandın "قەد کردن، لوول دان". سەبارەت بە ریشەی ئەم وشانە بڕوانە ↑*تابگە* *tabge* "لەنگەرگا".

تەوەرە tewere [*tawara*] - "میحوەری بەرداش": دڤری dıvrî یش دەگوترێ.

1- لەوانەیەخزم بێ دەگەڵ ↑ستراندن sıtrandın "شێلانی هەویر".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑تۆمار tomar و ژمارەیەک وشەی دیکە.

تەوەزەڵ tewezel [*tawazal*] - "تەمبەڵ": دەشێ لە ↑تەپ tep وەرگیرابێ بەمانای "لەشگران". کەرتی زەل zel لەوانەیە هەمان ↑شل şıl بێ. لەم تێڕوانینەوە وشەکە لە دوو کەرت [دوو وشە] ی هاومانا پێکهاتووە و دۆخی جەخت کردن پەیدا دەکا. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەپلۆس teplos.

تەوەل tewel [*tawal*] - "سەرسەری، بەدفەڕ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- dämlich (G.) "گەمژانە"، tām (Mir.) "نەخۆشی، مەرگ"، tomit (Rus.) "شکەنجە کردن، تەنگەتاو کردن". ریشە؟

2- toll (G.) "1- گەمژە 2- سەرسەری، هار و هاج"، tol (OG.) "گەمژە"، dull (E.) "کول، ناهەستیار"، dol (Nl.) "هار و هاج"، dwals (G.) "ساویلکە، گەمژە"، duls (Let.) "تەزیو (تەڤزی)، تاریک"، dall (OIr.) "کوێر"، tholerós (Gr.) "لێڵ، شێواو". [سەرنج بدە کە چۆن ماناکانی "تاریک، کوێر، لێڵ، شێواوی، گەمژەیی" پێکەوە پێوەندی پەیدا دەکەن]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑دەلوو delu "گەمژە، شێتۆکە" و هەروەها ↑تەڤزین tevzîn [تەزین tezîn].

[تێبینی 1: بەپێی ئەم وشانە دەردەکەوێ کە مەبەست لە "گەمژە" کەسێکە کە تێگەیشتنێکی روون، تیژ و هەستیاری نییە، بەڵکوو کەسێکە مێشک و تێگەیشتنێکی تەزیوی هەیە یان تەم و مژ و تاریکی بەسەر مێشکیدا زاڵ بووە. تێبینی 2: dall (OIr.) کە دە زمانی ئیرلەندی کوندا بە مانای "کوێر" بەکار هاتووە، خزمە دەگەڵ dub (OIr.) دە هەمان زماندا بە مانای "رەش" و خزمیشە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی کوردمادی وەک ↑دەوار2 dewar "پارچەی رەشماڵ، رەشماڵ". تەوەل tewel "سەرسەری، بەدفەڕ" لەوانەیە پێوەندی بەم وشەوە هەبێ].

تەوەن tewen [*tawan*] - "بەرد، کەڤر": هەروەها تەوەنتاش tewentaş "بەرتاش، کەڤرتراش" و تەوەنەفڕێ tewenefirê "بەردەفڕکێ" دە زمانی کوردمادیدا بەکار دێن:

1- بە شیمانەی هەرە زۆر خزمە دەگەڵ ↑تەورک tewrık "بللور، جۆرێک شووشە" و ژمارەیەک ژمارەیەک وشەی دیکە کە لەژێر ↑*توانین* *tuwanîn* باس کراون و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *teu-, *tu- >*** "ماسین، ئەستوور بوون، بەهێز بوون، پتەو بوون". لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "بەرد" [وەرد] کە خزمە دەگەڵ "پاڵەوان" و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پتەو بوون، بەهێز بوون". ئەم پێوەندییە هەروەها دە تیوان وشەکانی *خار* "سەخت"، *کەراکی* "گاشەبەرد"، خورت "بەهێز" و *کارین* "توانین"دا بەدی دەکرێ.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تەپان tepan و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە چەمکی "لێدان" دەکەن.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "بەرد" و "لێدان" دەتوانین ئاماژە بە وشەی Hammer دە زمانی ئەڵمانیدا بکەین بە مانای "چەکوچ، کوتک". ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا بە مانای "بەرد" بووە و خزمە دەگەڵ "کەڤر" و "کەمرە"ی کوردمادی. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا سەنگ "بەرد" خزمە دەگەڵ زەنگ "زەبر و زەنگ، لێدان"].

تەوێل tewel [*tawel*] - "تیوچاوان، هەنی": توێل tuwel و تۆل tol و تێل tel یش دەگوترێ. شێوەی کۆنی وشەکەدەبێ "تەبەل tebel یان تەبێل tebel" بووبێ، پاشان گۆڕاوە بۆ "تەوێل" و دواتر "تۆل، تێل". وشەکە خزمە دەگەڵ ↑دەپ dep "تەختە" و ↑تەبەک tebek "سینی، کەشەف" و ئاماژەیە بە "تەخت"ی تیوچاوان، هەروەک

تەختی سینکَ. شێوەی وشە کوردییەکە هەڵ سەنگێنە دەگەڵ tabula (L.) "تەبەق، تەختە، مێز" و table (E.) "میز" [دە بنەڕەتدا: تەختە].

[تێبینی: ناوی شاری تەوێڵە tewele دەبێ یان پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەبێ یان بە تەویلە tewîle. ئەگەر شارەکە لە شوێنێکی تەخت و پان و بەرین هەڵکەوتبێ، ئەوسا دەبێتە خزم دەگەڵ وشەکانی سەرەوە، ئەگەریش لە شوێنێکی نزم یان قووڵ هەڵکەوتبێ، دەبێتە خزم دەگەڵ "تەویلە"].

تەویلە tewîle *[tawīla]* - "گەوەڕ، هۆدەی ئاژەڵان": تەوڵە tewle و تیوڵە tıyûle ش دەگوترێ. (P.) tawīle.

ئەگەر سەیری وشەی "گەوەڕ" بدەین، دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ "گابار" و "گۆڕ" و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە "قوڵکە، قووڵایی، هەڵۆڵ" دەکەن. هەر بەم شێوەیە دەشێ "تەویلە"ش پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***dheu-b- < (IE.)*** "قووڵ، هەڵۆڵ" و خزم بێ دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑تاپی tapî "خەندەک، گۆڕیچە" و ↑دۆپ dop "نزم، قووڵ، گەلی". کەوابوو "گەوەڕ" یان "تەویلە" ئاماژە بە قوولایی، ڤاڵایی و هەڵۆڵ بوونی شوێنێک دەکەن کە دەرکە یان زارکێکی هەیە و لە پشت ئەم زارکەوە ئیتر قووڵاییەک دەست پێ دەکا. دیارە لێرەدا زۆرتر قووڵایی ئاسۆیی مەبەستە تا هی ئەستوونی. جێی ئاماژەیە کە دوو وشەی "هەڵۆڵ" و "هۆڵ" [هۆڵەمەڕ]یش پێکەوە خزمن.

تەها teha *[tahā]* - "بێوێنە": شێوەیەکی دیکە لە ↑تەک tek و ↑تاقانە taqane.

تەهرە tehre *[tahra]* - "دەسرە، دەستەسڕ": خزمە دەگەڵ چەند وشەی وەک ↑درەوشانەوە (dırewşan(ewe، ↑ئەسترین estırîn، ↑تراشین tıraşîn، ↑تیرێژ *tîrej* و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پێداخشاندن، رێخشاندن".

تەهسین tehsîn *[tahsīn]* - "خلیسکان": تەهس tehıs خۆی وەک وشەیەکی سەربەخۆ بە مانای "جێگەی لووس و خلیسک" دێ و دەبێ هاوپێوەند بێ دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑تیشە [شاخ] tîşe، ↑تاس tas "ساف، بێموو، داتاشراو" و هتد.

تەهۆڵ tehol *[tahol]* - "رەهۆڵ، درزی قووڵ و پان لە زەویدا": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑تەحفیل teḫfîl دا باس کراون.

تەی tey *[tay]* - "کەدی، رام": ↑تەیەو teyew.

تەیاخ teyax *[tayāx]* - "پەیاخ، داردەست": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تایە taye "نەمام".

تەیار teyar *[tayār]* - "ساز، ئامادە": ئەم وشەیە دەبێ وەرگیرابێ لە < *tire (E.)* "ساز کردن، *تەیار* کردن"، ئەمەش خۆی دەچێتەوە سەر < *a tire (OF.)* "مررەتەب، تەرتیبدراو، ئامادە".

تەیان teyan *[tayān]* - "خزمەتکاری ژن، کلفەت": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ dienen (G.) و (Nl.)، tjäna (Sw.) "خزمەت کردن"، سەر بە ریشەی ***tek- < (IE.)*** "را کردن، پەلە کردن". وشە ژێرمانییەکان دەبنە خزم دەگەڵ ↑تەقاندن teqandın بە مانای "تێتەقاندن، غار دان".

[تێبینی: ئەم وشەیە دەبێ جیا بێ لە ↑دایەن dayen (دایەن tayen). ئەمەیان خزمە دەگەڵ دایە daye و ↑دایک dayk].

تەیجە teyce *[tayja]* - "سەوەتە، قەرتاڵە": تەیکە teyke ش دەگوترێ. هەروەها تەیچە teyçe هەیە بە مانای "سەلە". ئەم دوو وشەیە دەبێ دە ئەسڵدا هەر یەک وشە بن، پێوەندییان هەیە بە ریشەی ***dhēig- < (IE.)*** "تێرا چوون، تێرا کردن، چەقاندن" و خزمن دەگەڵ ↑تیغە tîġe "دیواری تەنک" و ↑داغ dağ [*چاردا*غ "کۆخی ناو باخ و بێستان"]. لەباری ماناوە بەراوردی ئەم وشانە بکە دەگەڵ *سەوەتە* "قەرتاڵە" و *سابات* "کەپر".

تەیرۆک teyrok *[tayrok]* - "تەزرە یان تەرزە": شێوەیەکی دیکەیە لە وشەی ↑تەزرە tezre.

تەیسین teysîn *[taysīn]* - "بریقانەوە": بنەوشەی تەیس teys- بە شێوەیەکی دیکە لە وشەی ↑تیشک tîşık دا دەبینین.

تەیوانە teywane *[taywāna]* - "خۆراک لە ماڵی زاواوە بۆ ماڵی بووک": بڕوانە ↑تۆی toy "زەماوەند".

تەیەو teyew *[tayaw]* - "رام، ڕاهێندراو": شێوەیەکی دیکەی وشەکە ↑تەی tey یە بە مانای "کەدی، رام". خزمە دەگەڵ zahm (G.)، tam (Nl.) و tame (Sw.)، (E.) "کەدی، رام". ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر وشەیەک بە مانای "ماڵ" و دە بنەڕەتدا مەبەست ماڵی کردنی ئاژەڵ بووە. [خزمیشن دەگەڵ ↑دیو dîw ی کوردمادی بەمانای "هۆدە" - دە بنەڕەتدا خانوو، ماڵ]. دە زمانی فارسیدا وشەی دام dam (P.) "مەڕ و ماڵات " پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە.

تیان tîyan *[tīyān]* - "مەنجەڵ": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ teganon (Gr.) "تاوە".

تیبا tîba *[tībā]* - "تارمایی": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تاپۆ tapo.

تیپ1 tîp 1 *[tīp]* - "حەرف": ئەم وشەیە هێندێک جار بەجێگای "پیت" بەکاردەهێنرێ. خزمە دەگەڵ dīp (Pl.) بە مانای "نووسراوە" و dapīr بە مانای "دەبیر، نووسەر". ئەم وشەیە چەند شوینەوارێکی دیکەشی دە زمانی کوردمادی و فارسیدا هەیە وەک ↑دەبستان debıstan "خوێندنگە"، ↑دیباچە dîbaçe "پێشەکی کتێب، پێشوتار"، ↑دەفتەر defter [بە هەردوو ماناکەیەوە واتا شوێنی تێدا نووسین]، ↑دەبیر debîr (P.) "نووسەر، مامۆستا"، ↑تاپۆ tapo "سەنەد، قەباڵە" [دە ئەسڵدا "خەت، نووسراوە"]. وشەی تیپ و ئەم وشانەی لەو وەرگیراون، خزمن دەگەڵ typós (Gr.) بە مانای "شەقڵ، نیشانە، وێنە، نموونە"، سەر بە کردارێک بە مانای "لێدان، کوتان". دیارە دە کۆندا شەقڵ و وێنە و نیشانە و هەروەها حەرفەکان کە خۆیان جۆرێک وێنە و نیشانە بوون، بە لێدان و کوتان واتا بە هەڵکەندن و داتاشین لەسەر دار و بەرد دروست دەکران. ئەم مانا بنەڕەتییە، واتا "لێدان"، دە چەندین وشەی زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا پارێزراوە [لەم بارەوە بڕوانە ↑تەپان tepan]. هەروەها مانای "شەقڵ و نیشانە" ش دەتوانین دە وشەکانی ↑تەپڵ tepıl "شوێن پەنجە، جێ قامک" و ↑تەبەش tebeş "مەڕی تیوچاوان سپی"دا بەدی بکەین. شیاوی باسە کە دە زمانە ئەورووپییەکانیشدا وشەی تیپ/ تایپ type بە مانای "شەقڵ، نیشانە، مۆر، حەرف" بەکاردێ و دەچێتەوە سەر وشە یۆنانییەکە.

تیپ2 tîp 2 *[tīp]* - "دەستە، تاقم": ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە ↑تیپ1 tîp 1. وەک باس کرا "تیپ" دە بنەڕەتدا بە مانای "شەقڵ، مۆرک، وێنە، شێوە، ئەسک، فۆرم" بووە. پاشان لەم مانایەوە مانای "جۆر، نەوع" سەری هەڵداوە، واتا دەستە یان کۆمەڵێک کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە لە "شێوە و وێنە"دا. لێرەشەوە دواتر مانای "دەستە، گرووپ" پەیدا بووە.

تیت(ک)1 tît(k) 1 *[tīt(k)]* - "زولف، بسک و پەرچەم": خزمە دەگەڵ ↑تیسک tîsk "مووی درێژ" و ↑توک tuk 1 "موو، پەڕ".

تیتک2 tîtk 2 *[tītk]* - "1- تووتک 2- میتکە": خزمە دەگەڵ ↑تووتە tute "چکۆڵە، وردیلە".

تیتک3 tîtk 3 *[tītk]* - "خشڵی ناوچاوان": تیتە[2] tîte ش دەگوترێ. هەروەها تیتن tîtın هەیە بە مانای "پڵپڵە و لەرزانە". لەژێر وشەی "خشڵ"دا شی کراوەتەوە کە ئەم وشەیە پێوەندی بە "قژ" و "خەز"ەوە هەیە. هەر بەم پێوانەیە "تیتک[3]"یش پێوەندی بە ↑تیت(ک)1 tît(k) 1 "زولف، بسک" پەیدا دەکا.

تیتک[4] tîtk *[tītk]* - "هەنێ بەندی زارۆک": خزمە دەگەڵ ↑تیتۆڵ tîtol.

تیتڵ tîtıl *[tītıl]* - "بێچووی ئاژەڵ": دەگەڵ "بیبل" دێ: [تیتل و بیبل tîtıl û bîbıl- ناوی بەناوبانگترین داستانی منداڵانەی کوردمادی]. تیت + ل tît + ıl . کەرتی یەکەم -tît، بەجۆرێکی دیکە لە وشەی ↑تووتە tute یان توتک tutık دا دەبینرێ. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەتک *tetık* "لەپک، دەستەوانە".

تیتۆڵ tîtol *[tītol]* - "کوتەپارچە": تیت + ئۆڵ tît + ol. کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە:

1- بە شیمانەیەکی بەهێز خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک توێژ toej [↑توژ toj]، ↑*توکڵ tokıl*، تووک tuk، ↑تیسک tîsk "مووی درێژ"، تیت(ک) tît(ık) "زولف، پەرچەم"، ↑تیتک tîtık "هەنی بەندی زارۆک"، ↑تەسمە tesme، ↑تیسماڵک tsmalk و هتد. ئەم وشانە دە بنەڕەتدا ئاماژە بە تیکە یان توێژێک دەکەن کە بە لێدان و (دا)تاشین لێ دەکرێنەوە و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "وێککەوتن، پێکدادران" [لێدان]. خودی وشەی ↑تاشین taşîn سەر بەم خێزانەوشەیە.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ tatan (Pl.) بە مانای "چنین، تەنین".

تیتە1 tîte *[tīta]* - "بەڕووڵەخیار": وشەیەکە ئاماژە بە چکۆڵە بوون دەکا، خزمە دەگەڵ ↑تووتە tute [قامکەتووتە] یان توتک tutık [توتکەسەکێ] و هەروەها دەگەڵ ↑تەتک *tetık* "لەپک، دەستەوانە".

تیتە2 tîte *[tīta]* - "خشڵی ناوچاوان": بڕوانە ↑تیتک3 tîtk "خشڵی ناوچاوان".

تیچان tîçan *[tīčān]* - "بڵاو بوون": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ tēsan (OE.) "شێ کردنەوە، هەڵوەشاندنەوە" (ریشە؟). دە زمانی کوردمادیدا ↑تەخشان texşan یش هەیە [تەخشان و پەخشان کردن] کە دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

تیخ tîx *[tīx]* - "1- ئامرازێکی بڕین 2- دەمی شیر وچەقۆ": شێوەیەکی دیکەی وشەکە تیغ tîġ ە. دە فارسیدا تیغ tīġ (P.) . دە فارسیدا مانای "دڕک، چقڵ"یش دەدا. خزمە دەگەڵ stich (G.)، stih (OG.)، stiks (Nl.)، steek (E.)، stizen (Gr.)، stinguere (L.) "تێراچوون، تێهەڵچەقین"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)teig-* > "تێراچوون، تیهەڵچەقین". دە زمانی فارسیدا وشەی ستیغ setīġ (IE.) هەیە بە مانای "دوند" [تیژترین شوێنی بان کێو]. ئەم وشەیە دە کوردمادیدا بووەتە ↑چیخ çîx و چیخ کردن بە مانای "داڕووشاندن" دێ. دە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەکی زۆر وشە کە ئاماژە بە چەمکەکانی "تیژی و تێراچوون" دەکەن، دەگەڕێنەوە بۆ ئەم ریشەی سەرەوە، وەک ↑چەقین çeqîn، ↑چقڵ çıqıl، (بەر) ↑چیغ çîġ، ↑سینکێ sîng، ↑تیژ tîj، ↑تیشک tîşk، ↑تەزرە tezre و هتد.

تیر1 tîr *[tīr]* - "ئەو دارە تیژەی لە کەوان دەردەچێ": تیر tîr (P.)، tigraii (Av.). وشەی tiger "بەبر" و tigris "دیجلە" [واتا چەمی توند و تیژ] لە زمانە ئەوروپییەکاندا دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)teig-* > "تیژ بوون، تێراچوون". تیر خزمە دەگەڵ ↑تیژ tîj و ↑تیخ tîx و↑ تەزرە tezre و گەلێک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادی و زمانە هیندوئەوروپییەکاندا.

تیر2 tîr *[tīr]* - دەگەڵ "توانج" دێ و دەگوترێ تیر و توانج tîr u tuwanc لێدان.

1- لە لایەکەوە جێی بەراورد کردنە دەگەڵ teal (OE.) بە مانای "سەرکۆنە کردن، بەدگۆیی کردن".

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ مەبەست "تیر"ی هاویشتن بێ هەر وەک چۆن "تەوس و *پلار* پێدان" یش دەگوترێ.

تیر3 tîr *[tīr]* - "ئیزەدی تیر، ناوی هەسێرەی تیر، فریشتەی باران، ناوی چوارەمین مانگی ساڵ، سێزدەهەمین رۆژی هەرمانگێکَ ": tištrya (Av.). دە زمانە ژیرمەنییەکاندا وشەی سێشەمە، وەک Tuesday (E.)، tyrsdagr (ON.) دەچێتەوە سەر ناوی خواوەندی ئەستێرەی مارس و ئەم خوایەش دە زمانە ژێرمەنییە کۆنەکاندا بە چەند جۆرێک هاتووە: Tīw (OE.)، Zīo (OG.)، Tyr (ON.) و (OIs.) سەر بە ریشەی ژێرمەنی *(Grm.) *tiwaz*. ئەم وشەیە دە ریشەدا دەگەڵ deus (L.) بەمانای "خودا" یەک دەگرێتەوە. وشە کوردمادی و فارسییەکە دەبێ پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەبێ، بەتایبەتی کە ئەم وشەیە دە زمانە ئێرانییەکانیشدا هەم وەک ناوی خوداوەند [فریشتە]، ناوی مانگَ، ناوی هەسێرە و ناوێ یەکێک لە رۆژەکان بەکارهاتووە. وشەکانی دی dey (P.)، dathuš (Av.) "خودا، ناوی مانگَ و ناوی رۆژ" و ↑دێو dew [دە بنچینەدا خودا، فریشتە] پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە.

[تێبینی: کاتی بیر کردنەوە لەم وشانەی سەرەوە سەرنجم بۆ لای مەلک تاووس melek tawus راکێشرا کە فریشتەیەکی هەرە پیرۆزە لە ئۆلی ئەزداییدا. لە ئۆلی ئەزداییدا پەلەوەری "تاووس" وەک سیمبۆلێکی پیرۆز دێتە ئەژماردن و وێنە ئەم پەلەوەرە تەنانەت وەک سیمبۆلی ئۆلی ئەزدایی لەسەر زۆر شتاندا نەخش و نیگار دەکرێ یان پەیکەری لێ دروست دەکرێ. ئەم "تاووس"ەی ئۆلی ئەزدایی دە بنەڕەتدا دەبێ پێوەندی بەو وشانەی سەرەوە هەبێ، بەتایبەتی هەڵی سەنگینە دەگەڵ ریشەی ژێرمەنی *(Grm.) *tiwaz* "خواوەندی ئەستێرەی مارس" و هەروەها deus (L.) "خودا". سەبارەت بەوە کە چۆن دواتر لە ئۆلی ئەزداییدا "خواوەند یان فریشتەی تاووس" (مەلکێ تاووس) دەگەڵ "پەلەوەری تاووس" پێوەندی پەیدا کردووە، دەتوانین سێ شیمانە بخەینە روو:

یەکەم، وەک دەزانین تاووس پەلەوەرێکی جوان و رەنگینە و لەوانەیە بە زانا بوون ئەم "تاووس"ە لەگەڵ "تاووس"ی ئەسڵی لێک درابێ و کرابێ بە سیمبۆلی ئەو. دووەم، لەوانەیە لەژێر ناوی پەلەوەری تاووس ناوی خواوەندە کۆنەکە شاردرابێتەوە و بەم جۆرە وشە پیرۆزەکە پارێزرابێ. سێهەم، لەوانەشە بە هەڵە وا بیر کرابێتەوە کە ئەم دوو وشەیە هەر یەکن و بەم جۆرە پێوەندی لەتیوان هەر دوو تاووسەکەدا دروست کرابێ، واتا دوو وشەکە تێکەڵ بەیەکدی کرابن].

تیراوێ tîrawe [*tīrāwe*] - "برینارەش": دە فارسیدا دەگوترێ "سیاە زخم" واتا برینی رەش. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە کەرتی یەکەمی وشەکە، تیر -tîr دەشێ خزم بێ دەگەڵ↑ تار tar و ↑تاریک tarîk و ↑تیر ter. کەرتی دووەمی وشەکە دەبێ ئاو aw بووبێ و تێکرا مەبەست برینێک بێ کە ئاوێک [زووخاوێکی] تیرە و تاری لێ دێتە دەر.

تیروو teru [*terū*] - ↑تووور tur [تەیر و تووور].

تیرۆژوو tîroju [*tīrožū*] - "پارچەی درێژوکە دە کراسی ژنانەدا": تیریژ tîrîj یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑تیرنج terınc "پەراوێزی کراس". فۆتیمی n زێدەیە و خزاوەتە ناو وشەکەوە.

تیرۆک tîrok [*tīrok*] - "دارۆکەیەکە بۆ پان کردنەوەی ئەنگوتک": خزمە دەگەڵ ↑دار dar.

تیرە[1] tîre [*tīra*] - "تایفە": دە فارسیدا تیرە tīre (P.) .لە ژێروشەی ↑تۆرەمە toreme دا شی کراوەتەوە.

تیرە[2] tîre [*tīra*] - "خەت، هێڵی تیوان": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Strich (G.)، striks (Gt.)، streek (Nl.)، streak (E.)، streck (Sw.) "خەت، تیرە، هێڵ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Strahl (G.) "تیشک". ئەم وشەیەی دوایی دە سەردەمە کۆنەکاندا بە مانای "تیری کەوان" بەکار هێنراوە و خزمە دەگەڵ strela (Rus.) "تیری کەوان". فۆتیمی s دە سەرەتای وشە کوردمادی و فارسییەکە دا سواوەتەوە. ئەم وشەیە سەر بە ریشەیەکە کە گەلێک لک و پۆی لێ دەبێتەوە، بۆ وێنە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی ↑تیرێژ tîrej، ↑تریفە tırîfe، ↑(ئە)سترین(ەوە) sıtrîn، ↑ئەستیرە estere. پێوەندی دوو چەمکی "تیر" و "تیشک" لەوەدایە کە تیشک بەو خەت و هێڵە درێژ و باریکانە شوبهێندراوە کە بە دەور و بەردا بڵاو دەبنەوە و لەبەریەک دەکشێنەوە. [ئەم پێوەندییە دە زمانی لاتینیشدا بەدی دەکرێ: radius (L.) هەم مانای "داردەست، بەرچیغ " دەدا و هەم مانای "تیرێژ"].

تیرەگە tîrege [*tīraga*] - تیرەگەی پشت ئەو ئەستوونەیە کە لە مۆرەکانی پشت پێکدێ. دە زمانی فارسیدا دەبێژن "ستون فقرات" کە لە وشەی "ستوون، ئەستوون" وەرگیراوە. دە زمانی عەرەبی و ئالمانی و ئینگلیزیشدا بۆ ئەم بابەتە ئەو وشانە بەکاردەهێنن کە مانای "ئەستوون، کۆڵەکە" دەدەن. بەم پێیە تیرەگە دەبێ هەمان ↑دیرەک/ دیرەکَ dîrek /dîreg بێ کە ئەویش دەگەڵ ↑دار dar خزمە.

تیرێژ tîrej [*tīrež*] - خزمە دەگەڵ ↑درەوشان(ەوە) dırewşan(ewe) " تیشک دان" [دە فارسیدا درخشیدن (P.) deraxšīdan - بەراوردی بنەوشەی -deraxš (P.) بکە دەگەڵ تیرێژ tîrej]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Strahl (G.)، strāla (OG.)، straal (Nl.)، stra l (OE.) "تیشک" کە لە سەردەمەکانی زووتردا بە مانای "تیر، پڵار" یش بەکارهاتوون. [هەر هەمان پێوەندی دە زمانی لاتینیشدا بەدی دەکرێ: radius (L.) هەم مانای "داردەست، بەرچیغ " دەدا و هەم مانای "تیرێژ"]. هەروەها strela (Rus.) "تیر، پڵڵار" خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی سەرەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***ster(ə)- (IE.) >** "پێداخشاندن، لێک خشاندن، درێژ و هەراو کردنەوە، بڵاو کردن". دە زمانی کوردمادیدا فۆتیمی s لە هێندێک وشەدا سواتەوە، بەڵام لە چەندین وشەدا پارێزراوە، وەک ↑(ئە)سترین (e)stırîn، ↑(ئە)ستیرە (e)stere). لە سەردەمە کۆنەکاندا وا لێک دراوەتەوە کە تیرێژ یان تیشکی رووناکی لە خەت و هێڵی درێژووکە [تیر، تیرە] پێک هاتوون کە بەم لا و ئەولادا درێژ و بڵاو دەبنەوە و دە فەزا دا دەخوشێن [رادەخوشێن]. دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا گەلێک وشەی جۆربەجۆر لەم ریشەوە پەیدا بوون، وەک Stern (G.) "ئەستیرە"، Stirn (G.) "هەنی، تیوچاوان" [دەبنەڕەتدا: رووبەری پان و بڵاو"]، Srich (G.) "خەت، تیرە، هێڵ"، streichen (G.) "(ئە)سترین"، streuen (G.) "پێوەرکردن، بڵاوکردنەوە"، Stroh (G.) "کا"

[دە بنەڕەتدا: پێوەرکراو، بڵاوکراوە]، Straße (G.) "شەقام، خیابان"، strnāti (OIn.) "پێوەردەکا، بڵاو دەکاتەوە"، sternere (L.) "پرژ و بڵاو کردنەوە". دیسان لە پێوەندی دەگەڵ بنەوشەی درخش -deraxš (P.) و تیرێژ tîrej ی کوردمادی پێویستە لێکچوونیان دەگەڵ وشەکانی Strich (G.) و streichen (G.) بخەینە بەر سەرنج. دە وشە کوردمادی و فارسییەکەدا فۆتیمی s لە سەرەتای وشەکاندا سواوەتەوە. ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا وەک ↑تریفەtirîfe "تیشکی مانکێ"، ↑تروسکەtırûske یان تریسکەtırîske، ↑تریشقەtırîşqe [هەورەتریشقە]، ↑تیرەtîre "خەت، هێڵ"، ↑ستیرپژیانstêrpıjyan "راخوشینی ئەستێرە"، ↑ستیرمەstîrme "سەرایەت" [بڵاو کردنەوە و گرتنەوەی نەخۆشی] و هتد. ئەم وشانە دواتر دەبنە خزم دەگەڵ ↑تراشینtıraşîn.

تیز tîz [tīz] - "تەوس، تانە": خزمە دەگەڵ tease (E.)، teasan (OE.)، teezen (NL.)، zeisan (OG.) "مەسخەرە کردن، گاڵتە پێکردن، قەڵس کردن" < *teisan (wGm.)*. ریشەی هیندوئەوروپی وشەکە باس نەکراوە.

تیزانگ tîzang [tīzāng] - "1- پزدان (پیزەدان) 2- میزەڵدان 3- باڵونی منداڵان بۆ کایە کردن": وەک لە هەموو ماناکان دەردەکەوێ، وشەکە پێوەندی بە چەمکی "ماسین، با کران"ەوە هەیە، واتا تووڕەکەیەکی باکراو. خزمە دەگەڵ ↑تسtıs "هەوا، با (ی لەش)".

تیزۆ tîzo [tīzo] - "تووڕە، قەڵس": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تۆسنtosın [تووڕە و تۆسن]، خزمە دەگەڵ ↑تۆزین tozîn [هەڵتۆزینheltozîn واتا تووڕە بوون] و دواجار دەگەڵ ↑*تۆزtozـ*.

تیژ tîj [tīž] - "1- بڕەر 2- توند، خێرا": دە فارسیدا تیز tīz (P.). خزمە دەگەڵ ↑ تیخ/ تیغ tîġ / tîx. مانای "خێرا" دەبێ لەوەڕا هاتبێ کە شتی تیژ خێرا بەرەو پێش دەڕوا، وەک تیر لە حەوا دا یان چەقۆ و تیزە بەناو قەوارەیەکدا.

تیس[1] tîs [tīs] - "تیسوو، گیایەکی درکاوی": خزمە دەگەڵ ↑تیژtîj.

تیسماڵک tîsmalk [tīsmālk] - "کوتێک، لەتێک، تیکەیەکی پانی درێژووکە": بڕوانە ↑تەسمەtesme.

تیس[2] tîs [tīs] - "سواپ، بەردی پانکەڵە و لووس":

1- لە لایەکەوە دەتوانین بیبەینەوە سەر discos (Gr.) "سواپ، دەفری پەل"، سەر بە کرداری diskeīn (Gr.) "فڕێ دان". مەبەست لە discos دە بنەدەتدا بەرد یان شتی پانکەڵە بۆ فڕێ دان بووە. دە زمانی فارسیدا دیس dîs بە مانای "دەفری پەل" بەکاردێ. زمانە ژیرمەنییەکان لە رێگای زمانی لاتینییەوە وشە یۆنانییەکەیان خواستۆتەوە ["قواستۆتەوە"] و بە چەند مانایەکی نیزیک بە یەک بە کاری دەهێنن، وەک Tisch (G.) "مێز"، dish (E.) "دەوری" و disk "سواپ".

2- لەلایەکی دیکەوە دەکرێ وشەکە ببەستینەوە بە ↑تیش tîş یان تاش taş [تاشەبەرد، بەردی راست و لووس لە چیا].

تیسک1 tîsık [tīsık] - "چەپکەمووی درێژ": خزمە دەگەڵ ↑تووکtuk.

تیسک2 tîsık [tīsık] - "زەنگەتەترێ": خزمە دەگەڵ ↑تیسماڵکtîsmalk "کوتێک، لەتێک، تیکەیەکی تەنکی درێژووکە" و ↑تەسمەtesme "بەندی تەنک و درێژووکە لە چەرم" و لەوانەشە ↑تیس[2] tîs "سواپ، بەردی پانکەڵە و لووس". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑*تۆژ toj* [تۆژtoej] و ئاماژە بە پارچە یان چیتێک دەکەن کە لێ دەکرێتەوە [بە بڕین، رنین، (دا)تاشین و لێدان...]. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑تیسک1tîsık "چەپکەمووی درێژ".

تیسوێ tîswe [tīswe] - "گیایەکی درکدارە کە دەخورێ": تیسووtesu ش دەگوترێ. بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە گیایەکە درکدارە، پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑تیخtîx و ↑تیژtîj ەوە.

تیش tîş [tīš] - "1- بەردی بڵیند و هەڵچوو لە چیا 2- جگی لووس کراو(تاس)": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تاس "ساف، بێموو".

تیشک tîşık [tīšık] - "تیرێژ": دە زمانی پەهلەویدا tēġ (Pl.) و tēh (Pl.) بە مانای "تیشک" بەکارهاتوون. دە فارسیدا اتش ateş بە مانای "ئاگر" دێ. [کەرتی a پێشگرە]. ئەم وشە یە دە کوردمادیدا بەوێنەی ↑تەش / تەژ /

تەز teş / tej / tez بەرچاودەکەوێ و مانای "ئاگر" دەدا. دە کوردمادیدا ↑تەشە teşe هەیە بە مانای "رۆچنە، رۆژنە" و ↑تەشبریق teşbırîq [تەش + بریق] بە مانای "هەورەبرووسکە". گشت ئەم وشانە دە پێوەندی دەگەڵ یەکتر دان و خزمن دەگەڵ ↑داغ daġ سەر بە ریشەیەک بە مانای "سووتان".

تیشە tîşe [*tīša*] - "رەگی (چووزەرە؟) تازەڕواوی دەغڵ": خزمە دەگەڵ ↑تاژان[1] tajan "لکی باریکی دار".

تیغە tîġe [*tīġa*] - "دیواری تیوانگر": خزمە دەگەڵ ↑چارداغ çardaġ "کۆخی ناو باخ و بێستان" [چار + داغ çar + daġ]. داغ شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تیغە tîġe "دیوار، لەمپەر".

1- یان خزمە دەگەڵ Deich (G.)، dijk (Nl.)، dīc (OE.) "بەربەست، دیوار"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhēig- >*** "تیراچوون، تیراکردن، چەقاندن". [لەوانەیە دوورەخزم بێ دەگەڵ ↑تیخ tîx]. مەبەست دەبێ دە بنەڕەتدا چەقاندنی دار و تەختە بووبێ بۆ لەمپەرکردن.

2- یان دەشێ خزم بێ دەگەڵ teīchos (Gr.) "دیوار، مۆرە"، toīchos (Gr.) "دیوار، تیغە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *deiĝh- >*** "قوڕ گرتنەوە و دەکار کردن، هەویر شێلان". هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑دیزە dîze. هەروەها وشەکانی dēha-h (OIn.) و figura (L.) "لەش، پەیکەر" لەم ریشەوە هاتوون و سەرەتا مەبەست دروست کردنی پەیکەر و پێکهاتە لە قوڕ بوو.

تیغەرە tîġere [*tīġara*] - تیغەرەی پشت واتا سەرجەمی مۆرەکانی پشت. لە وشەی تیغ tîġ بە مانای "دڕک، شتی تیژ" وەرگیراوە. ئاماژەیە بە دەرپەڕین و تیژ بوونی مۆرەکانی پشت.

[تێبینی: دە زمانی ئاڵمانیدا وشەی Rückgrat و دە زمانی لاتینیشدا spina بە مانای "تیغەرەی پشت" ئاماژە بە چەمکی "دەرپەرین و تیژ بوون" دەکەن. Grat دە ئاڵمانیدا و spina دە لاتینیدا بە مانای "دڕک، نووک" دێن].

تیف تیفە tîftîfe [*tīftīfa*] - تیف تیفە دان واتا "1- تیغ پێداهێنانەوە 2- ساف و لووس کردن، جوان کردن". خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑خاوێن xawen دا شی کراونەوە، [کۆنتر: تاوێن tawen]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە، بریقە دان".

تیفشاڵ tîfşal [*tīfšāl*] - شێوەیەکی دیکە لە تۆژاڵ tojal [توێژاڵ toejal]، بڕوانە ↑تۆژ toj و ↑*تۆکڵ tokıl*.

تیف tîv [*tīv*] - "گیزە، دەنگی گوللە": وشەکە پێوەندی هەیە بەو وشانەی کە لەژێر ↑تەپ[4] *tep* "پەلامار"دا شی کراونەوە، بۆ وێنە ↑تفەنگ tıfeng.

تیڤرگ tîvrıg [*tīvrıg*] - "چوڕەپۆپنە، پەلەوەرێکی کاکۆڵ بەسەر": خزمە دەگەڵ ↑تەپ(ە) tep(e) "گرد، پەپۆڵک"، Zipfel (G.) وzipf (OG.)، tip (Nl.)، tip (E.)، tipp (Sw.) "دوند، نووک، چڵەپۆپە"، Zopf (G.) "پرچ" [دە بنەرەتدا: کاکۆڵ].

تیڤسی tîfsî [*tīfsī*] - "بەلەمی چێشت، دەوری گەورە": خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک" و چەندین وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووڵ".

تیڤل tîvıl [*tīvıl*] - "1- قسەی بە توێکڵ، تەوس 2- توێکڵ": خزمە هەم دەگەڵ ↑تەوس tews و هەمیش ↑توک(ڵ) tok(ıl).

تیقەل tîqel [*tīqal*] - "رزیوی دڕاو": هەروەها تیقەلۆ tîqelo هەیە بە مانای "شڕۆڵ، جل شڕ": خزمە دەگەڵ ↑تیکە tîke [تیکە و پار، لەت و پار]

تیک tîk [*tīk*] - "باقیە، تەقەڵ": زۆرتر دەگەڵ "دروومان" دێ [تیک ودرووومان tîk û dırûman]. دە وشەی تەقەڵ teqel یشدا بنەوشەی تەق -teq شێوەیەکی دیکەیە لە "تیک". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑تیخ tîx و لە ریشەیەکەوە دێن بە مانای "تیراکردن، تیهەڵچەقاندن". دە زمانی فارسیدا بنەوشەکە بە شێوەی دوز -dūz یان دوخ -dūx دە کرداری دوختن dūxtan (P.) "دروون" دا دەبینین. مەبەست لە تیخ دە بنەڕەتدا هەموو شتێکی تیژ بووە کە تیرا دەچێ یان تیرا دەکرێ و مەبەست لە تیک یاخود تەقەڵیش تیراکردنی دەرزی بووە [شیاوی باسە کە وشەی "دروومان" یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بڕین" و دە بنەرەتدا مەبەست "هەڵبڕینی

کوتەپارچەکان" بووە لە کاتی دروست کردنی جلکدا]. ئەم وشانەی سەرەوە دەبنە خزم دەگەڵ sticken (G.)، stikken (Nl.)، stitch (E.) "گوڵدۆزی کردن، درووەن، تەقەڵ لێدان".
[تێبینی: فۆتیمی s دە وشە کوردماددییەکەدا سواوەتەوە یان دەرناکەوێ. ئەم دیاردەیە دە چەندین وشەی دیکەشدا دەبینین وەک مڵ [مڵ و مۆ]، مژین، تریفە، تاشین، تیکە و هتد. لە سەرەتای ئەم وشانەدا فۆتیمی s بە پێچەوانەی خزمە ژێرمەنییەکانیان دەرناکەوێ].

تیکان tîkan [*tīkān*] - "درک، چقڵ": خزمە دەگەڵ تیغ tîġ (P.) بە مانای "درک". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە کە ئاماژە بە چەمکی "تیژی و تیراچوون" دەکەن، وەک ↑تیغ tîx، ↑تیژ tîj و هتد.

تیکە tîke [*tīka*] - "کوت، لەت": تکە tekke (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ Stück (G.)، stuki (OG.)، stuk (Nl.)، stycce (OE.)، stycke (Sw.) "تیکە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑توووش tûş [توووش بوون] سەر بە ریشەی < ***(IE.) *(s)teu-*** "لێکدان، وێککەوتن". بەم پێیە "تیکە" دە بنەڕەتدا بەو لەت و کوتە گوتراوە کە لە ئەنجامی لێکدان و وێککەوتندا پەیدا بووە.

تیل tîl [*tīl*] - "1- خوار 2- خێل": وشەی تیلاوتیل tîlawtîl بە مانای "خوارەوخوار" و تیل کردن tîl kırdın بە مانای "خوار کردن" دێ. خزمە دەگەڵ تل tıl و ↑تلان tılan و سەر بەو خێزانەوشەیە کە ئاماژە بە چەمکی "سووڕان، با دران" دەکا.

تیلاگ tîlag [*tīlāg*] - "(گۆشەی) کەللەسەر": [کلاوی بە (لا)تیلاگی سەرییەوە نابوو]. خزمە دەگەڵ تارک tarek (P.) "دوند، شوێنی هەرەبەرز"، thólos (Gr.) "گومبەز". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑دۆڵ dol سەر بە ریشەیەک بە مانای "چەماوی، قووپاوی".

تیلمە tîlme [*tīlma*] - "نەواری پارچە، کوتە پارچەی باریک و درێژ": تیلماسک tîlmask یش دەگوترێ کە شێوەی بچووککراوی وشەکەیە.

1- بە شیمانەیەکی بەهێز خزمە دەگەڵ ↑تەڵ tel2 "پارچەیەکی تەنک لە بەرد" [تەڵەبەرد]، ↑دەڵوو delu "توێخی بن نینۆک کە لێ دەبێتەوە" [دەڵوو بەر دان]، ↑تەڵەزم telezm و لەوانەشە دەگەڵ ↑*تڵیشان tılîşan* "درِان".

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ thrum (E.) "جەمسەری پەت و گوریس، سەرە پەتک، کەنارە"، Trumm (G.) "لەت و پەت و قەراخ و بیجاری شت". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ térma (Gr.) "جەمسەر، کۆتایی".

تیمچە tîmçe [*tīmça*] - "بازارچەی ناو قەیسەری": دە فارسیدا tīmče (P.). خزمە دەگەڵ ↑دیو dîw "هۆدە" [دە بنەڕەتدا بە مانای خانوو].

تین tîn [*tīn*] - "1- گەرما 2- هێز، تابشت 3- هیم، بناخە": لەوە دەچێ مانای ئەسڵی وشەکە "گەرما" نەبێ، بەڵکوو "هێز، وزە" بێ. لەم مانایەوە دەتوانرێ ماناکانی دیکە بە دەست بێ. چەمکی"هیم، بناخە" پێوەندی بە "هێز و پتەوی" هەیە و ئەم پێوەندییە لە وشەکانی *سۆکین* "بناخە" و *سەخت* "پتەو"یشدا دەبینرێ کە خزمایەتییان بەیەکەوە هەیە. هەروەها مەبەست لە تینی ئاگر دەشێ سەرەتا هێز و توندی ئاگرەکە بووبێ، چونکوو تین تەنیا لەپێوەندی دەگەڵ ئاگر یان سەرچاوەی گەرمادا باس دەکرێ، نەک لە پێوەندی دەگەڵ گەرما بەگشتی. بۆ وێنە ئەگەر ژوورێک زۆر گەرم بێ، نابێژن گەرمایەکی بەتینی هەیە، یان ژوورەکە زۆر بەتینە، بەڵام ئەگەر سۆپە بهاییسێ، دەڵێن سۆپەکە زۆر بە تینە، یان گەرماکەی زۆر بەتینە. بەم پێیە وشەکە دەشێ خزم بێ دەگەڵ thīhan (OG.) "هەڵدان، پەرە سەندن"، dijen (Nl.) "ماسین، زل بوون"، dīon (OE.) "هەڵدان، پێگەیشتن"، tanákti (OIn.) "چوونە ناویەک، توند و چڕ بوون"، tánkus (Lit.) "توند، چڕ"، con-téici (OIr.) "مەیین، توند بوون". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑تەژی *tejî* "پڕ" [دە بنەڕەتدا: چڕ و پڕ] و تەژە "زەبەلاح" [دە بنەڕەتدا: "بەهێز"]، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *te(n)k-*** "توند بوون، چڕ بوون". ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑تەقتەق teqteq "زەوی تەمتەمان، بەردەڵان" و پێوەندی ئەم مانایانەش دەگەڵ چەمکی "هیم، بناخە" ئاشکرایە.

تینکَ tînıg [*tīnıg*] - "ئاڵوو، بادامەی لامل": ئەم وشەیە لەوانەیە دە ئەسڵدا بە مانای "ئاڵوو هاتن"، واتا ماسینی بادامەکان بێ کە جۆرێک تەنگی و رێککوشراوی لە گەروودا دروست دەکا. لەم تێڕوانینەوە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەنکَ teng.

[تێبینی: سەبارەت بەم پێوەندییانەی سەرەوە دەتوانین دەگەڵ وشەی "خناق" دە فارسیدا بەراوردی بکەین کە ناوی نەخۆشییەکە، بەکوردی دەبێژن "دووشاخە" [ماسین و زەق بوونی دوو ئاڵووەکە وەک دوو شاخ] کە دەبێتە هۆی رێککوشرانی قورکَ. وشەی "خناق" لە "خنکان" وەرگیراوە و ئەمەش خۆی خزمە دەگەڵ eng (G.) "تەنکَ].

تینوو tînu [*tīnū*] - "نیازمەندی ئاوخواردنەوە": دە زمانی فارسیدا tešne (P.). دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا تێهنی tehnî دەگوترێ واتا h جێگای š ی وشە فارسییەکە دەگرێتەوە. دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا فۆتیمەکە بەتەواوی سواوەتەوە. دە زمانی کوردمادی و فارسی ئەمڕۆدا جگە لەمە ئاڵو گۆڕێکی دیکەش بەسەر وشەکەدا هاتووە و فۆتیمی r کە دە ئەسڵی وشەکەدا هەبووە، نەماوە. وشەکە دە زمانی ئەڤێستادا taršna (Av.) بووە. ئەم وشەیەی زمانی ئەڤێستا بەتەواوی دەگەڵ ئەو وشە ژێرمەنییانە یەک دەگرێتەوە کە مانای "تینوویەتی" دەدەن: Durst (G.)، thirst (E.)، törst (Sw.) "تینوویەتی". ئەم وشانە دەگەڕێنەوە سەر ڕیشەی ***ters- > (IE.)*** بە مانای "هیشک بوون" واتا هیشک بوونی گەروو لە تینووان. خزمە دەگەڵ ↑تاسان tasan بە مانای "خنکان، خەفە بوون". [شێوەی کۆنتری تاسان دەبێ "تارسان" بووبێ].

تینی tînî [*tīnī*] - "نەفس خواردنەوەی بلوێرژەن": خزمە دەگەڵ ↑تەن ten "قورم، سیان" [دە بنەڕەتدا: دووکەڵ"، ↑توون tun "ئاگردانی گەرماو" [دە بنەڕەتدا: شوێنی هەڵم و هاڵاو]، تونک tıwınk [↑تفنک tıfnık] "لووت" [شوێنی هەناسە کێشان" و ژمارەیەک وشەی دیکە کە لەژێر ↑تۆز toz "گەرد"دا باس کراون.

تیوول tîyul [*tīyūl*] - "ناسک و تەنک": [تەنک و تیوول]. خزمە دەگەڵ ↑توول tul [تووڵەنەمام، تووڵەڕێ واتا رێگایەکی باریک، تووڵەمار و هتد].

تێ[1] te [*te*] - "داغ بوونی لەش" [تا و تێ]. خزمە دەگەڵ ↑تاو1 taw "1- هەتاو، تیشکی خۆر2- تین و گەرما (تاو سەندن، تین و تاو)".

تێ[2] te [*te*] - "پێشگرێکی کردارە": خزمە دەگەڵ تو tū (P.). ئەم وشەیە دە زمانی فارسیدا هەم بە مانای "هندور، لەناو" بەکار دێ [توی اتاق] و هەمیش وەک پرێپۆزیسیۆن بە مانای "دە" [بە فارسی "بریز توی لیوان" ماناکەی دەبێتە: دە لیوانەکەی بکە، بیکە ناو (کۆنتر: بیکە دەناو) لیوانەکەوە]. دە زمانی کوردمادیدا وشەکە وەک پێشگری کردار دەور دەبینێ. لە هەمان کاتدا ئەم وشەیە بە شێوەی ↑توێ toe ش بەکار دێ [لەتوێی باسەکەدا، واتا لەناو باسەکەدا]. ئەم وشەی دوایی تا ڕادەیەک لەگەڵ وشەی "توێ" بە مانای "توێژ" تێکەڵ بووە و بۆ وێنە هێندێک جار دەگوترێ لە دوو توێی فڵانە شتدا. ریشەی وشەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە.

تێر ter [*ter*] - "تەسەل، پڕ": دە فارسیدا sîr (P.).

[بۆ شی کردنەوەی ئەم وشەیە پێویستە سەرەتا تێبینییەک بخەینەروو و پاشان بێنەوە سەر وشەکە خۆی. دە زمانی ئینگلیزیدا وشەی sad (E.) "خەمگین" دە بنەڕەتدا ماناکەی لێڵایی و تەم و تاری بەسەر دەموچاودا هاتن بووە. ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنی و غەیرەژێرمانییەکاندا مانای "تێر" دەدا و مانا بنەڕەتییەکەشی هەر ئەمە بووە، بۆ وێنە satt (G.)، sadr (OIs.) "تێر"، satis (L.) "بەس، کافی"، sotus (Lit.) "تێر". لێرەدا ئەم پرسیارە سەرنج رادەکێشێ کە چ پێوەندییەک لە نێوان دوو چەمکی "خەمگین" و "تێر بوون"دا هەیە کە وای کردووە وشەکە دە زمانی ئینگلیزیدا ماناکەی بۆ "خەمگین" بگۆڕدرێ. پێوەندییەکە دەبێ لێرەدا بێ کە بە هۆی تێر کردن واتا تەواو خەست کردنی تراوێک، رەنگی ئەو تراوە توندتر و لێڵتر دەبێ، واتا "تار"تر دەبێ. کاتێکیش مرۆڤ خەمگین دەبێ هەربەم چەشنە روخساری *تار* دەبێ، بە وتەیەکی دیکە نێوچاوانی *تاڵ* دەبێ. وشەی "تاڵ"یش خۆی شێوەیەکی دیکەیە لە "تار" و دەبێتە خزم دەگەڵ "تێر"].

ئیستا دەگەڕێنەوە سەر وشەی "تێر" و دەتوانین بڵێین کە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا وشەکە پێوەندی بە ↑تارtar و ↑تاریک tarîk وە هەیە، واتا مەبەست لە "تێر" سەرەتا ئاماژە بە لێڵ بوون [تاربوون] ی تراو بووە بە هۆی تەواو خەست کردنی. دە زمانی کوردمادیدا وشەی تێر بە مانای "رەنگی توند و تۆخ"یش بە کاردێ و ئەمە مانای کۆنتری وشەکە نیشان دەدا. دە زمانی فارسیدا وشەکە خۆی بەدوو شێوە دەردەخا، یەکەمیان تیرە tîre (P.) "تار، تاریک، رەنگی تێر" و دووەمیش سیر sîr (P.) بە مانای "تێر". بەم جۆرە دەبینین کە لە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەیەک سەرەتا بە مانای تێر و تەسەل، بەس، کافی بووە و دواتر مانای خەمگینی واتا تیرە وتار بوونی دەموچاوی لێ کەوتۆتەوە. دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بە پیچەوانەوە لە مانای تیرەو تارەوە وشەی تێر بە مانای "تەسەل، بەس، کافی" پەیدا بووە.

تێر ter [*ter*] - " کیسەی چنراوی گەورە": تێرک terk یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تووڕەکە tureke "کیسە بۆ شت تێدا هەڵگرتن".

تیرنج terınc [*terınj*] - "پەراوێز یاخود کەنارەی کراس و شمەکی دیکە":

1- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑تیرە[2] tîre "خەت، هێڵ". Streifen (G.) "تیلمە، کوتە پارچەی باریک و درێژ" خزمە دەگەڵ "تیرە"ی کوردمادی [فۆتیمی s دە وشە کوردمادییەکەدا سواوەتەوە].

2- لە لایەکی دیکەوە جێی بەراورد کردنە دەگەڵ ↑تیلمە tîlme "نەواری پارچە، کوتە پارچەی باریک و درێژ":

تیرو1 teru [*terū*] - "ئاژەڵی درندە ": شێوەیەکی دیکە لە ↑تووڕ tur / توار twar [تەیر و تووڕ یان تەیر و توار].

تیرو2 teru [*terū*] - "دارێکی جەنگەڵی": تیروێ tîrwe یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑دار dar.

تیزۆ tezo [*tezū*] - "قەڵس و تووڕە": خزمە دەگەڵ ↑تۆسن tosın.

تیزە teze [*teza*] - "نووکی باریک": دەچێتەوە سەر ↑تیژ tîj.

تیژک tejk [*težk*] - "بەچکەساوای ئاژەڵی درندە": خزمە دەگەڵ ↑تازە taze.

تیشوو têşû [*tešū*] - "بژێوی رێگا و سەفەر": توێشوو tuwêşû ش دەگوترێ. توشە tūše (P.).

1- لە لایەکەوە دەکرێ بەرهەڤی بکەین دەگەڵ Tasche (G.) "گیرفان" و tasca (OG.) "تووڕەکە". لەوانەیە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا مەبەست لە "تیشوو" سەرەتا ئەو تووڕەکەیە بووبێ کە بژێوی سەفەریان تێ ناوە و بە کۆڵ یان بەسەر شانیاندا داوە.

2- لە لایەکی دیکە لەوانەیە پێوەندی بە ↑دۆش doş "کۆڵ، سەرپشت"ەوە هەبێ.

تیک tek [*tek*] - پێشگرێکی لێکدراوی کردارە: ↑دە + ↑یەک de + yek [دە یەک نان de yek nan ← تیک نان tek nan، دە یەک چوون de yek çun ← تیک چوون tek çun]

تیکسمران teksımran [*teksımrān*] - "قەڵەو و بەهێز بوون": تیک + سمران tek + sımran. [بڕوانە ↑سمراو sımraw].

تیکوشین tekuşîn [*tekušīn*] - "تڵیت کردن": تێ + ↑کوشین te + kuşîn.

تیکۆشان têkoşan [*tekošān*] - "هەوڵدان": تێ + ↑کۆشان te + koşan.

تیکەڵ tekel [*tekal*] - "لێکدراو، ئاڵۆز": کورتکراوی ↑تیکەڵاو tekelaw [تیکهاڵاو].

تیکەڵاو tekelaw [*tekalāw*] - "لێکدراو، ئاڵۆز": دە بنچینەدا: تیک + ئاڵاو (هاڵاو) tek + alaw. دەچێتەوە سەر کرداری تیکهاڵان tekhalan "لێکدران" [↑هاڵان halan].

تیل tel [*tel*] - "سیم، هەودای کانزایی": ↑ تەل tel.

تیلا tela [*telā*] - "داردەست":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑دار dar.

2- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑تەل[2] tel "چڵ، لاسکەگیا".

تیمیسک temîsık *[temīsık]* - "زیبکەیەکە هێندێک کات، وەک لە کاتی تا وتێ یان ترس و داچڵەکین دا، لە دەوری دەم ولێو پەیدا دەبێ": تێ + میس + ک te + mîs + ık. کەرتی یەکەم ↑تێ te یە بە مانای داغ بوونی لەش بە هۆی نەخۆشی. کەرتی دووەم، لە ↑ماسین masîn [مسان، هەڵمسان] ەوە هاتووە. کەرتی کۆتایی پاشگرە. تێکرای وشەکە واتا "ماسین بە هۆی تێ".

تیوروکان tewırukan *[tewırūkān]* - "لە دەوررى شتێک هاڵان": تێمرووکان temırukan یش دەگوترێ. تێ + ووکان te + wırukan. بنەوشەکە ور -wır ە. بنەوشەی *wır-* , *wer-* دە ژمارەیەک لە وشەکاندا خۆ نیشان دەدا و ئاماژە بە چەمکی "سووڕان، هاڵان" دەکا، وەک ↑ وڕ wır واتا "گیژ" یان ↑*وەرانین weranîn* "لێهاڵاندن، تێپێچان".

تیوەردان tewerdan *[tewardān]* - "ئاو دە دەفردا گەڕاندن": تێ + وەر + دان te + wer + dan. تێک وەردان tek werdan یش هەیە بە مانای " لێکدان، تێکەڵ کردن". ↑وەر[3] wer بنجی سەرەکی کردارەکەیە [ئاوی تێ وەر دە، دە ئاوی وەر دە]. دە فارسیدا دەگوترێ "اب توش بگردان". ئەم "وەر"ە خزمە لەگەڵ هێندێک وشەی زمانی کوردمادی وەک ↑*وەرانین weranîn*، ↑وەردێنە werdene [وەردانە werdane]، ↑وەرد (دانەوە) werd danewe و هتد. هەموو ئەم وشانە ئاماژە بە چەمکی "سووڕاندن(ەوە)، گەڕاندن(ەوە)" دەکەن. کرداری گەڕاندن gerandınیان گەرداندن gardāndan (P.) شێوەیەکی گۆڕدراوە لە کردارێکی کۆنتری وەک "وەرداندن werdandın"، واتا فۆتیمی g فۆنێمێکی تازەیە و گۆڕدراوی فۆتیمی v /w یە.

[تێبینی: سەبارەت بە گۆڕانی b /v /w بۆ g بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە: وەژاردن/ بژاردن، بەراز/وەراز، برسی، بۆش (فش) و ... کە دە فارسیدا دەبنە "گزیدن، گراز، گرسنە، گشاد"].

ج (C)

جا ca *[jā]* - وشەیەکە بۆ جەخت کردی بەکار دەهێنرێ: "جا وەرە خۆت مەکووژە"، "جا با بزانین"، "جا ئەویش هات؟"، "جا چۆن وا دەبێ؟" و هتد. کورتکراوەی ↑*جار car* [جار و بار]. ئەم وشەیە پێوەندی بە چەمکی "کات"ەوە هەیە. دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ گەیاندنی مانای "جا" و هەروەها "دا" [دا وەرە، دا با بزانین] وشەی Mal بەکار دێ، کە خۆی مانای "جار" دەدا: komm mal "دا وەرە"، hör mal "دا گوێ بگرە"، mal sehen "جا با بزانین، دا با بزانین" و هتد. وشەکە دەبێتە خزمە دەگەڵ ↑سا sa [سا وەرە] و هەروەها ↑دیسان dîsan "جارێکی دیکە".

[تێبینی: وەک چۆن وشەی"جا" خزمە یان دەچێتەوە سەر "جار"، هەر بەم شێویە "دا" خزمە دەگەڵ دال1 dal "جار"].

جاترە catre *[jātra]* - "گیایەکە": شاترە šātare (P.). [وشە فارسییەکە پێک هاتووە لە شا + تەرە tare + šā واتا "شاسەوزی"]. ئەم وشەی دە زمانی عەرەبیدا بووەتە زعتر zaɛtar (Arb.).

جاجک cacık *[jājık]* - "چەقە، بتێشت": دە فارسیدا سقز saqqez (P.). وشەی ↑چەقە çeqe ش دەبێ شێوەیەکی دیکە لە جاجک بێ. ئەم وشەیە دەتوانین دەگەڵ دوو وشەی ژێرمەنی بەرهەڤ بکەین:

1- ↑سەق seq و چەندین وشە کە ئاماژە بە "سەخت و پتەو بوون" دەکەن. بتێشت ئەگەر بە شتێکەوە نووسا، بە توندی پێوەی دەنووسێ و بە سەختی لێ دەبێتەوە.

2- zäh (G.)، zāch (OG.)، tough (E.) "سفت و پێکەوەچەسپاو، ئەو شتەی وا بە هاسانی لەبەریەک ناکێشرێتەوە" (ریشە؟). دیارە جاجک یان بتێشت سەرەتا شتێکی سفت بووە و بە جووتن خۆش کراوە، واتا بە جووتن لەو حاڵەتە سفتەی دەرهێنراوە یاخود کاتێک بە شتێکەوە نووساوە، وا بە سفتی پێوەی نووساوە، کە بە هاسانی لێی جیا نەکراوەتەوە. **جاجم cacım** *[jājım]* - "تەنراوێکە جۆڵا دروستی دەکا": خزمە لەگەڵ ↑شاشک şaşık "مێزەر".

جادوو cadū *[jādū]* - "سێحر، ئەفسوون": جادوو cadū (P.)، yātūk (Pl.)، yātav (Av.).

رەنگە پێوەندی بە ↑یاد yad یشەوە هەبێ.

جادە cade *[jāda]* - "رێگە و بان": جادە cāde (P.). خزمە دەگەڵ sit (OE.)، sint (OG.)، set (OIr.) "رێگە، جادە، رەوت". خزمە دەگەڵ ↑شاندن şandın "ناردن، رەوانە کردن".

جار car *[jār]* - "1-کەرەت، هەل 2- کات": خزمە دەگەڵ jāvar (Pl.) "جار، کات"، هەروەها دەگەڵ jāvītān (Pl.) وجاوید jāvīd (P.) "هەرمان، هەمیشەیی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ewig (G.)، euwig (Nl.)، "هەرمان"، je (G.) "هەر"، aiws (Gt.) و aevi (OIs.) "کات، هەرمانەتی"، aevum (L.)، aión (Gr.) "کات، هەرمانەتی، ژین"، سەربە ریشەی ***(IE.) *aiu-,*aiw-*** > "ماوەی ژیان، کاتی دوورو درێژ، هەرمانەتی". ئەم ریشەیە خۆی بەگوێرەی بۆچووتێک شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەیەکی کۆنتر کە دەبێتە ***(IE.) *jeu-*** "لکاندن، بەستنەوە". لەم مانایەوە، واتا لکان و بەسترانەوە، سەرەتا مانای "بێ بڕانەوە و بەردەوامی" سەری هەڵداوە و ئەوجار "کات، هەرمان و هەمیشەیی".

جار1 car *[jār]* - "بانگێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زاری zarî "گریان"، Kar (G.)، care (E.)، chara (OG.) "خەم و خەفەت"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *gar-*** > "بانگێ کردن، هاوار کردن، هەرا کردن".

-جار2 car- *[-jār]* - پاشگرێکە ئاماژە بە پڕانی و زۆر و زەوندی دەکا، وەک تیرگسجار، کەماجار و هتد. ئەم پاشگرە هەروەها بەشێوەی ↑زار zar یش هەیە، وەک گوڵزار، مێرغوزار. دیسان بەشێوەی ↑سار sar یش بەدی دەکرێ، وەک کۆسار. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Schar (G.)، scara (OG.)، schaar

(Nl.) "پڕانی". ده زمانی ئەمڕۆی ئەڵمانیدا وشەکە بۆ "ژمارەیەکی زۆری گیانلەبەر" بەکار دێ کە پێکەوە بن، وەکوو *شارەمێروو*، یان ژمارەیەکی زۆری ماسی، پەلەوەر و هتد. ده زمانی ئینگلیزی کۆندا scearu (OE.) بەم مانایانە بەکار هاتووە: تەرزی موو لێدان، بەش، ناوچە [دەڤەر]، سنوور. ده زمانی ئەمڕۆی ئینگلیزیدا share بەمانای "بەش، پشک" بەکار دێ. ده زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑زار3 zar هەیە بە مانای "تووکەبەر" [موی زهار mūy e zahār (P.)] و دیسان زار2 zar ێکی دیکە کە دەگەڵ زەوی دێ [زەوی و زارzewî u zar]. جگە لەمانە ↑شار2 şar [شارەمێروو]، جار3 car "1- زەوی نەکێڵراو 2- جێگەی دەخڵی دروێنەکراو" گشتی پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***(IE.) *(s)ker-*** "بڕین، لەت کردن، جودا کردن".

[تێبینی: هێندێک لەم وشانەی کە دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا بەمانای "گرووپ، دەستە" بەکار دێن، دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی کە مانای "لەت کردن، جودا کردن" دەبەخشن، وەک "کەرتک، کەرتکە"، "ران" [گاڕان] دە زمانی کوردمادیدا. ئەم پێوەندییە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە کە گرووپ یان دەستە وەک "لەتێک" لە "گشتێک" لەبەر چاو گیراوە یان وەک کەرتێک جیا لە کەرتەکانی دیکە].

جار3 car [*cār*] - "1- زەوی نەکێڵراو 2- جێگەی دەخڵی دروێنەکراو": بڕوانە ↑جار2 car-.

جارز carız [*jārız*] - "وەرەز، قەڵس": جارس caris یش دەگوترێ. هەروەها ↑زرز zırız هەیە بە مانای"تووڕە، زوێر" کە دەبێ شێوەیەکی دیکە بێ لە جارز. خزمە دەگەڵ یاخود شێوەیەکی دیکەیە لە ↑قەڵس qelıs.

جاش caş [*jāš*] - "خائین بە گەل، نیشتمانفرۆش، خۆفرۆش بە بێگانە":

ئەم وشەیە بە پێچەوانەی بۆچوونێک کە باوە، چ پێوەندی بە "کەر و جاشە کەر"ەوە نییە. کەر و جاشەکەر ئاژەڵی بێ ئازار و لە هەمان کاتدا بۆ مرۆڤ زۆر بەسوودن. زۆر ناڕەوا و دوور لە ئاوەز دەبێ ئەگەر ناوی ئەم ئاژەڵە باشانە بۆ خۆفرۆشان بە بێگانە کە قێزەوەنترین کەسانی ناو کۆمەڵگان، بەکار هێنرابێ. هەروەها ناشکرێ لەبەر "نەزانی و گەوج بوون"ی کەر و جاشەکەر- کە دیارە ئەویش راست نییە- ناوی ئەو ئاژەڵە درابێ بە خائینی گەل. بەشی هەرە زۆر خائینانی گەڵ کەسانی نەزان نین و بگرە کەسانی بەهۆشن کە زۆر بەئاگا، زیرەکانە هەلپەرستانە، بۆ پارە و پلەو پایە خۆیان دەفرۆشن. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ناوی "جاشی نیشتمانفرۆش" پێوەندی بە نەسلی "کەرە"ەوە - بە داوای لێبووردن لە کەرەکان- هەبایە، دەبایە ناوی "کەر"یان لەسەر دابنرایە، کە ئاژەڵێکی تەواو و پێگەیشتوویە، نەک ناوی بێچووە بەستەزمانەکەی کە هەم ئاژەڵێکی جوانە و هەمیش گچکە و ناپێگەیشتوویە. ئەمجار دە زمانی کوردمادیدا بە بەچکەی کەر زۆرتر دەگوترێ "جاشک" یان "جاشەکەر"، نەک "جاش". کەوابوو وشەی *جاش* "نیشتمانفرۆش" دەبێ پێوەندی بە شتێکی دیکەوە هەبێ. ئەم وشەیە دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- وشەی "جاش" دەگەڵ هێندێک وشە بەکار دەهێنرێ و مانای "وەکوو، لە شێوەی، ئامالّ" دەبەخشێ، واتا شتێک کە لە شتێکی دیکە دەچێ، بەڵام تەواو وەک ئەو نییە. دە زمانی فارسیدا وشەی "شبهە" ئەم مانایە دەردەبڕێ، وەک "شبهە جزیرە"، "شبهە نظامی"، واتا شتێک کە لە جەزیرە یان لە نیزامی دەچێ، بەڵام تەواو خۆشی نییە. وشەی "شبهە" لە زمانی عەڕەبی وەرگیراوە و پێوەندی بە تشبیه و تشابه (Arb.) "هاوشێوەیی" هەیە. بەڵام وشەکە خۆی لە زمانی کوردمادی یان فارسی ورگیراوە و دەچێتەوە سەر "شێوە" و دواجا دەچێتەوە سەر "ساوین" [کۆنتر: "سابین"، بڕوانە "سابیدن" دە زمانی فارسیدا]. مانای "شێوە" دە بنەڕەتدا "شەقڵ، فۆرم، پەیکەر، وێنە" بووە کە بە "ساوین"ەوە، واتا رێخشاندن [داتاشین، داڕنین] لەسەر دار و بەرد یان قوڕ دروست کراوە. دە زمانی ئەڵمانیدا Geschöpf (G.) "ئافەریدە، مەخلووق" و schöpfung (G.) "ئەفراندن" [دە بنەڕەتدا: شێوە پێدان، دروست کردنی پەیکەر یان شێوەیەک] پێوەندی پەیدا دەکەن بە schaben (G.) "ساوین، داتاشین، هەڵکۆڵین". ئەم وشەی دوایی

خزمه دەگەڵ "ساوین" دە زمانی کوردمادی و "سابیدن" دە زمانی فارسیدا. ئێستا ئەگەر بگەڕێنەوە سەر وشەی "جاش"، دەبینین کە دوو وشەی گرینکَ دە زمانی کوردمادیدا لەم بارەوە سەرنج رادەکێشن، کە بریتین لە ↑تووز tuz و ↑تەشک teşk2 "تەرح، شێوە، بیچم". پێوەندی ئەم وشانە بە وشەی ↑تاشین taşn ئاشکرایە، واتا "تووز" و "تەشک" ئەو شێوە و پەیکەرانە بوون کە بە (دا)تاشین دروست کراون. وەک لەسەرەوە باس کرا، وشەی "جاش" دە زمانی کوردمادیدا دەگەڵ چەند وشەیەک دێ و مانای "شێوە، ئامالّ" دەگەیەنێ، وەک جاش پۆلیس çaçpolîs [ئەم وشەیەم بە منداڵی لە مەهاباد زۆر گوێ لێ بووە]، جاش پاڵتەو caşpaltew و هتد. مەبەست لەم وشانە ئەوەیە کە کەسێک لە پۆلیس دەچێ [ئامالّ پۆلیس]، یان جامەیەک کە پاڵتەوێکی تەواو نییە، بەڵام لەو دەچێ [ئامالّ پاڵتەو]. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وشەی "جاش" گۆڕدراوی "تاش"ە و ئەمەش لە "تاشین"ەوە هاتووە و ئاماژە بە "شێوە، فۆرم" دەکا. دەمێنێتەوە ئەوە کە چۆن ئەم وشەیە مانای "نیشتیمانفرۆش"ی وەرگرتووە. ئەسڵی وشەکە دەبێ سەرەتا جاش پۆلیس çaçpolîs بووبێ کە ئەمانە کەسانی ناوخۆیی بوون و دواتر کەرتی "پۆلیس" لە وشەکەدا سواوەتەوە و بە کورتی بووەتە "جاش". سەبارەت بە سوانەوە و کورت بوونەوەی وشەی لەم چەشنە، چەندین نموونە هەیە، بۆ وێنە "کۆسە" خۆی سەرەتا ناوی ماسی نەبووە و وشەکە "کۆسەماسی" بووە، دواتر ماسییەکە لا بردراوە و کورت کراوەتەوە بۆ "کۆسە". هەروەها "کەمەر"ی قایش کە لە پشت دەبەسترێ، دە بنەڕەتدا "کەمەربەند" بووە، دواتر کورت بووەتەوە بۆ "کەمەر". یان "کەللە" سەرەتا دەگەڵ "سەر" هاتووە، واتا وشەکە "کەللەسەر" بووە و کورت بووەتەوە بۆ "کەللە". هەر بەم شێوەیەش "کوردماد" بووەتە "کورد" و هتد.

[تێبینی: ئێستا کە بۆمان روون بۆوە کە وشەی "جاش"ی خۆفرۆش نە لەباری مەنتقییەوە و نە لەباری ئێتیمۆلۆژییەوە هیچ پێوەندییەکی بە "جاش"ەکەرەوە نییە، تکایە با چیتر ئەم دوو وشەیە تێکەڵ نەکرێن. زۆرجار دەبینین، بە تایبەتی ئێستا لەسەر فەیسبووک، کاتێک باس لە جاشەکان دەکرێ، لە هەمان کاتدا وێنەی کەر یان جاشکێک دادەندرێ. زۆرجاریش کەر یان جاشکی بەستەزمان بە فۆتۆشاپ هەزار ئەتک و بەڵای بەسەر دەهێنرێ. ئەم کارە، واتا هاوشان کردنی کەر و جاشک دەگەڵ خۆفرۆشەکان، نەک هەر ستەمێکی گەورەیە کە دەرهەق بە کەر و جاشکی بەدبەخت دەکرێ، بەڵکوو دەتوانێ هاوکات هەست و هەڵسوکەوتی دژەئاژەڵ کە خۆی لە خۆیدا بەداخەوە لەناو ئێمەدا زۆرە، زیاتر پەرە پێ بدا و ببێتە هۆیەک بۆ رەفتاری ناپەسەند و توند و تیژی زۆرتر بەرانبەر بەم ئاژەڵانە و هەروەها ئاژەڵانی دیکەش. با قێز و نفرەتی خۆمان بەرانبەر بە جاشەکان بە شێوەکانی دیکە نیشان بدەین و تێبکۆشین سۆز و خۆشەویستیش بۆ ئاژەڵەکان لەناو کۆمەڵگاکەماندا پەروەردە بکەین].

جاشک caşk *[jāšk]* - "بەچکەی کەر": جاش caş یش دەگوترێ [جاشە کەر]، هەروەها داشک daşk دەگوترێ [گۆڕانی فۆنێمی c بۆ d]. خزمە دەگەڵ Esel (G.)، esol (OE.)، asilus (Gt.)، asne (OF.)، es (Arm.)، asinus (L.) "کەر". بنەوشەی es / as، دە کوردمادیدا بووەتە caş. کەرتی -ک ık- دە وشە کوردماديیەکەدا پاشگرە، هەروەک چۆن دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا ئەم پاشگرە بە وێنەی el- / ol- دەبنیدرێ. دە زمانی تورکیشدا êşek (Tur.) دەبێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبی و لەوانەیە لە زمانی کوردمادی وەرگیرابێ.

جاف caf *[jāf]* - "ناوی هۆزێکی کورد": مامۆستا هەژار ئەم ناوەی بردووەتەوە سەر وشەی ↑گا ga و بەگوێرەی ئەو، "جاف" لە ناوی هۆزی گاوان gawan [گاوانی؟] کەوەتۆتەوە. [بڕوانە "هەنبانە بۆرینە"، ل. 180]. ئەم وشەیە هەروەها لەوانەیە پێوەندی بە بنجێکەوە هەبێ کە لە چەندین وشەدا بە دیار دەکەوێ، وەک ↑گەورە gewre. ریشەی ئەم وشانە لە کوردمادی بەرێدا گەب -geb یان گەپ -gep بووە. وشەی "گەپ" لە شێوەزاری کوردمادی خوارووودا بە مانای "گەورە"ی کوردمادی ناوەراست دێ و ئەمانە دوو شێوەن لە وشەیەکی کۆنتر. لەم تێڕوانینەوە "جاف" دەتوانێ گۆڕدراوی "گەپ، گاپ" بێ. ئەم

تێڕوانینه به باوەڕی من زۆرتر ڕێی تێ دەچێ، چونکوو ناوی زۆرێک له تیره و هۆزه کوردەکان پێوەندییان بەو ریشانەوه هەیه که مانای "بەهێز و گوڕ، سەخت، قورس و قایم" دەبەخشن.

جاڵ cal *[jāl]* - خزمه دەگەڵ Seil (G.)، sāl (OE.)، zeel (Nl.) "پەت، بەن، ریس". وشه ژێرمەنییەکان دەچنەوه سەر ریشەی ***(IE.) *sei- >*** "بەستن(ەوه)، درووون، گرێ دان". لەم تێڕوانینەوه دەبێته خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑شاڵ şal، ↑جۆڵا cola، ↑زیلۆ zîlo، ↑جاڵجاڵووکه calcaluke و هتد. šilo (Rus.) "درێشەی پینەچی" پێوەندی بەم وشانەوه هەیه.

جاڵجاڵووکه calcaluke *[jāljālūka]* - " کاکڵەمووشان، پسپسەکۆڵه": بنەی وشەکه جاڵ-cal ه به مانای "ریس" [بڕوانه ↑جاڵ cal].

جاله[1] cale *[jāla]* - "دار یان تەختەی به سەر رووباردا رایەڵ کراو بۆ پەڕینەوه": خزمه دەگەڵ Schwelle (G.)، swella (OG.)، sill (E.)، syll (Sw.) "دار یان تەختەی بەر دەرگا"، sélma (Gr.) "داری خشتکراو"، súolas (Lit.) "تەختی دانیشتن". ئەم وشانه دەچنەوه سەر ریشەی ***(IE.) *s(u)el- >*** "داری خشتکراو، تەختە".

جاڵه[2] cale *[jāla]* - "خلۆر، گڵۆر": هاوریشەیه دەگەڵ غلت ġalt و غلتیدن ġaltīdan (P.) "گەوزین، خلۆر بوونەوه" و gleiten (G.) "خلیسکان".خزمه دەگەڵ ↑خلیسکان xılîskan، ↑گلان gılan و هتد.

جام cam *[jām]* -"1- قاپ، دەفر 2- شووشه": دە فارسیدا جام jām (P.). دەشێ پێوەندی هەبێ بەو وشانەی له ژێر ↑حەمرین ħemîrn دا باس کراون [کۆنتر: *kemrîn*]. ئەم وشانه دەچنەوه سەر ریشەیەک به مانای "بەرد" و دواتر لەم ریشەوه "مانای "رەق، سەخت" پەیدا بووه. مەبەست سەرەتا دەبێ "سواڵەت" [سفال به فارسی] بووبێ و ئاماژه به قاپه گڵینانه کرابێ که له کڵدا سوور کراونەوه و به بەرد کراون. مانای دووەمی وشەکەش، واتا "شووشه" هەر لەم پێوەندییەدا جێی لێکدانەوەیه. ئەم وشەیه خۆی دە بنەڕەتدا مانای "سەخت، بەردین، بەردکراو" دەگەیەنێ. وشەکانی ↑ئامان aman 1 "قاب و قاچاخ"، ↑هەوەڕ hewer [هەوڕ hewır] "ئێربار، دەفری له سواڵەت" پێوەندییان بەم وشانەوه هەیه.

[تێبینی1: لەم بارەوه دەتوانین دەگەڵ "سەکرە"ی کوردمادی ("ساغر" به فارسی) "جامی بادە" هەڵیسەنگینین که دەبیته خزم دەگەڵ "سەخت" و گەلێک وشه که لەژێر "سەق"دا باس کراون. تێبینی 2: سەبارەت به گۆڕانی فۆتیمەکانی h و c بڕوانه "جامه" و ئەو وشانەی لەوێ باس کراون].

جامانه camane *[jāmāna]* - "ئاغابانوو، پێچی لەسەرنان": جامەدانی camedanî یش دەگوترێ. [دە ئەسڵدا جامه + دان came + dan]. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانه ↑جامه came.

جامباز cambaz *[jāmbāz]* - "فێڵباز": ↑جام cam + باز baz. مەبەست لەم وشەیه دەبێ دە بنەڕەتدا ئەو کەسه بووبێ که به دووسێ دانه جام کایه دەکا (↑بازی bazî دەکا)، واتا شتێک لەبن یەک جامدا دەشارێتەوه، بەڵام وا به زرینگی و تەڕدەستی دەیکا که بینەر نازانێ شتەکه لەبن کام جامدا شاردراوەتەوه. لێرەوه کابرای جامباز وەک نموونەی "چاوبەستی و فێڵبازی" لەبەر چاو گیراوه و مانای وشەکه گشتینراوه.

جامبازه cambaze *[jāmbāza]* - "دەست بڵیند کردن و هەڵبەزینی ئەسپ": بنەوشەی جام cam- پێوەندی هەیه به ↑گاو[2] gaw "شەقاو، لۆقاو" [دە بنەڕەتدا: دەست، لاق، به فارسی گام gam (P.)]. کەرتی بازه -baze پێوەندی هەیه به هەڵبەزین helbezîn [بەزین bezīn] و دواجار ↑*بزوان bızwan*.

جامه came *[jāma]* - "جلوبەرگ": دەگەڵ چەند وشەیەکی دیکەش دێ وەک جامەدانی camedanî یان ↑جامانه camane، ↑چەمەدان çemedan [دەبنەڕەتدا هەر "جامەدان"]، هەروەها دێوجامه dewcame.

کەرتی "جامه" به مانای جلوبەرگه و ئەم وشەیه دە زمانی فارسیدا هەر بەو مانایه پارێراوه. دە زمانی کوردمادیدا ↑جۆمه come به مانای "کراس" به کار دەهێنرێ. دە زمانی پەهلەویدا وشەکه yamek (Pl.) بووه. جامانه یاخود جامەدانی کوردمادی دە بنچینەدا شمەک و جلوبەرگیان تێناوه و بۆیه ئەوها ناو

نراوه. ده زمانی فارسی و کوردمادیدا ↑چەمەدان çemaden یش هەیە کە جامە و جلوبەرگی تێدا هەڵدەگیرێ [چەمە + دان] . وشەی جامە came خزمە دەگەڵ Hemd (G.)، hemde (OE.)، hamethe (OF.) "کراس، جۆمە". ئەم وشانەی دوایی هەڵ سەنگینە دەگەڵ ↑شەمەد şemed "پۆپەشمین" دە زمانی کوردمادیدا. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***kem- > (IE.)*** "داپۆشین، تێوەپێچان". وشەکانی hamo (OE.) "تیپێچ" [پێچ] hama (OE.) "جلوبەرگ، پێست(ە)، پارچە" لەم ریشەوە هاتوون. دە هیندی کۆندا samula- (OIn.) بە مانای "کراسی پەشمی" هاتووە. زمانی لاتینی camisole "کراس"ی لە زمانە ژێرمەنییەکان وەرگرتووە و ئەم وشە لاتینییەش دە زمانی عەرەبیدا بووەتە قمیص qamīs (Arb.) بە مانای "کراس". سەبارە بە وشەی قماش qumaş (Arb.) یش بە مانای "پارچە" دەتوانین بڵێین کە پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە. جا ئەم وشەیە لە رێگەی یەکێک لە زمانەکانەوە چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە "داپۆشین، تێوەپێچان" دەکەن، خزمایەتییان دەگەڵ ئەو وشانەی سەرەوە هەیە، وەک ↑دەمامک demamk [دەم + ئامک]، ↑بڵامک bılamık [بڵ + ئامک]، ↑بزمک bızmık [بز + (ئا)مک]، ↑قەمتەر qemter "دەمبێن"، ↑قەمتک qemtık"دەسرۆکەی سەری ژنان" و ↑قەمتاندن qemtandın "بابۆڵەپێچ کردنی زارۆک". هەروەها وشەکانی خوارەوە لەم چوارچێوەیەدا جێ دەگرن: ↑خام xam "پارچەی سپی"، ↑شەمل şemıl "جاجم یان هەر کرێک کە دە خۆیەوە دە پێچن"، ↑شەملک şemılk "1- بەرماڵ 2- فۆتە، داپۆشی خوار لە کەمەر"، ↑شەمەد şemed، ↑شەمراندن şemrandın "شاردنەوە" و هتد.

جان can *[jān]* - "گیان، رووح": خزمە دەگەڵ ↑ژین *jîn* و ↑ژیان jîyan.

جانتا canta *[jāntā]* - "کۆڵەپشتی": لە↑چنتە çente "تووەکە" وەرگیراوە و دە زمانی عەرەبیدا کراوە بە جانتا jāntā (Arb.). دە زمانی کوردمادیدا هەم وشە ئەسڵییەکە بەکار دێ و هەم وشە عەرەبێنراوەکە. [بڕوانە↑چەنتک çentık].

جانگ cang *[jāng]* - "قەراخی دەموچاو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ cheek (E.)، ċēoce (OE.)، ziake (OFris.)، kaak (Nl.) "(لا)جانگ". ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *ka kōn (Grm.)*. ریشەی هیندو ئەورووپی ئەو وشانە باس نەکراوە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑شنک şınık [یان جنیک cınîk] هەیە بە مانای "بان مەڵاشوو، پێشەسەر" کە پێوەندی بە "جانگ"ەوە هەیە.

جانوو canu *[jānū]* - ↑جوانوو cuwanu.

جاو caw *[jāw]* - "پارچەی کەتان": خزمە دەگەڵ ↑داو daw "دەزوو". [دە زمان فارسیدا بە "داو" دەڵێن نخ nax و بە "جاو"یش دەڵێن نخ / نخی nex / naxī. ئەم پێوەندییە دە زمانی فارسیدا هەروەک پێوەندی "داو" و "جاو"ە دە زمانی کوردمادیدایە].

جاوی cawî *[jāwī]* - "شیرەی دار": ↑جەوک cewık.

جاوین cawîn *[jāwīn]* - "جووتن، بە ددان ورد کردن": جووتن cutın یش دەگوترێ. جویدن cavīdan (P.) و هەروەها خائیدن xāīdan (P.)، چەو chew (E.)، kauen (G.)، kiuwan (OG.)، سەر بە ریشەی ***geu- > (IE.)*** "جووتن". هێندێک وشە دە زمانی کوردمادیدا دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک ↑شەویلکە şewîlke، ↑کاوێژ kawej.

جبە cıbe *[jıba]* - "چەک و چۆڵ": دە فارسیدا جبە cabe (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ Waffe (G.)، weapon (E.)، vapen (Sw.)، wēpn (Gt.) "چەک". ریشەی ئەو وشە ژێرمەنییە ساخ نەکراوەتەوە. لەوانەیە فۆتیمی سەرەتای وشەکە دە زمانی کوردمادی و فارسی یان دە زمانە ژێرمەنییەکاندا ئاڵوگۆڕی بەسەرهاتبێ.

جخار cıxar *[jıxār]* - "خەم، کوڵ و کەسەر": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑جەحنین ceħnîn "تووڕە بوون".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "کول و کەسەر" دەگەڵ "تووڕەیی" هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی *ئازار* "ئێش"، *ئاژر* "تووڕە" و غەزرین "تووڕە بوون" یان دەگەڵ کەد "زەحمەتی، نارەحەتی" و خەیدین "رق هەستان، تووڕە بوون"].

جدەو **cıdew** *[jıdaw]* - جدەوبوون واتا لە کار کەوتنی ئەندام بەهۆی ئازار پێگەیشتن یان گوشاری زۆر. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ steif (G.)، stiff (E.)، stijf (Nl.) "رەق، توند، بێجووڵە". دە زمانی ئاڵمانیدا وشەکە بۆ رەق بوون و لە جووڵە کەوتنی ماسوولکەکانی لەش بەکار دەهێنرێ و ئەمەش زۆر نیزیکە لە مانای وشەکە دە زمانی کوردمادیدا. دە زمانەکانی دیکەشدا ئەم وشەیە دەبینرێ، وەک stipti (Lit.) "رەق بوون"، stípare (L.) "پێکەوەنووسان، توند تێکچرژان". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *stifa- (Gm.)*. رێی تێ دەچێ ریشە هیندوئەورووپییەکە بچێتەوە سەر ریشەی کۆنتری *(IE.) *stai- > "مەیین، رەق بوون، چڕ بوون".

جڕ **cır** [1] *[jır]* - جڕ دان واتا دڕاندن. دە فارسیدا جر دادن jer dādan.

1- "جڕ" دەتوانێ شێوەیەکی دیکە بێ لە بنجی دڕ -dır دە کرداری ↑دڕاندن dırandın دا.

2- یان لەوانەیە پێوەندی بە ↑شڕ şır ەوە هەبێ.

جڕ **cır** [2] *[jır]* - دەگەڵ "جانەوەر" دێ [جڕ و جانەوەر]. "جڕ" وشەیەکی کۆنترە لە "جانەوەر" و خزمە دەگەڵ Tier (G.) "جانەوەر". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑توور tur [تەیر و توور].

جڕان **cıran** *[jırān]* - "دڕان":

1- یان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑دڕان dıran.

2- یان خزمە لەگەڵ ↑شڕ şır [شڕ و دڕ]

جرت **cırt 1** *[jırt]* - دەگەڵ "فرت" دێ [جرت و فرت cırt û fırt] واتا بزۆزی، هەڵبەزدابەز. خزمە دەگەڵ ↑شەردین şerdîn "ئاوارە بوون، بڵاڤ بوون" و لەوانەشە دەگەڵ ↑شرت şırt [شرت و گوم]. "فرت"یش خزمە دەگەڵ "فرتە" یان "پرتە". تێکڕای وشەکە واتا "هەڵبەزینەوەی زۆر، خۆ بەم لا و ئەولادا دان".

جرت **cırt 2** *[jırt]* - جڕت راداشتن واتا "دەنگی تڕ" دەرهێنان. دە فارسیدا زرت zert (P.). هەروەها دە کوردمادیدا ↑زرت zırt هەیە بە مانای "خۆ هەڵکێشان، قسەی بێتام کردن، تڕ دان بە دەم، هەڕەشە کردن" و بەو کەسەش زڕت بدا، دەگوترێ زڕتک zırtık یان زرتۆک zırtok. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەند وشەی زمانە ژێرمەنییەکان، وەک grell (G.) "قەڵس، توند، قیژەکەر"، grellan (MG.) "قیژاندن، دەنکێ هەڵبڕین لە تووڕەییان"، griellan (OE.) "تووڕە بوون، دەم داپچڕین"، Groll (G.) "تووڕەیی"، grollen (MG.) "تووڕە بوون، بۆڵاندن، .زرینگانەوە"، Grüß (G.) "سڵاو" [دەبنەڕەتدا: "بانکێ"]، grüßen (G.)، groeten(Nl.)، gra tan (OE.) "سڵاو کردن، بانکێ کردن، قسە دەگەڵ کردن"، grētan (Gt.) "گریان" [دە ئەسڵدا: زیڕاندن، قیژاندن]. ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە ساخ نەکراوەتەوە. شیاوی باسە دە زمانی کوردمادیدا وشەیەک هەیە بە مانای "تووڕە" کە بە چەند شێوەی زرز zırız، ↑جارز carız، جارس carıs و ↑قەڵس qelıs خۆی نیشان دەدا. لەوانەیە ئەم وشانە و هەروەها ↑زاری zarî "گریان" و ↑زەراندن zerandın یش هەر لەم چوارچێوەیەدا جێی لێکدانەوە بن.

[تێبینی: رەنگە هەموو ئەم وشانە و گەلێک وشەی لەم جۆرە وەک ↑قڕاندن qırandın [قیڕاندن]، ↑گوڕڕاندن gurrandın، ↑گریان gıryan و↑جارcar [جارکێشان] دواجار بچنەوە سەر ریشەیەکی دووری هاوبەش بە مانای "دەنکێ هەڵبڕین، هەرا کردن"].

جرجە **cırce** *[jırja]* - دەگەڵ "مشک" دێ [جرجەمشک cırcemışık]. دەشێ ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا زەردە zerde بووبێ و مەبەست ئاماژە کردن بە مشکی زەرد بێ بەپێچەوانەی مشکی ڕەش یان ئاماڵ ڕەش [بڕوانە ↑زەرد zerd].

جرووکه **cıruke** *[jırūka]* - "دەنگی چۆڵەکە": زرووکە zıruke ش دەگوترێ، خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑زرووقان zıruqan و ↑زریکاندن *zırîkandın* و هتد

جرینگە **cırînge** *[jırīnga]* - "دەنگی شتی کانزایی وەک زنجیر و زێرو زێو": دە فارسیدا جرنگَ jerang (P.) و جرنگیدن jerangīdan (P.). ↑خرینگە xırînge، ↑زرینگە zırînge ش دە بنچینەدا دەگەڵ جرینگە هەر یەک وشە بوون و دواتر چەند شێوەی بڕێک جیاوازیان پەیداکردووە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Klang (G.) "دەنگَ و سەدا، زرینگە"، klingen (G.)، klingan (OG.)، klinken (Nl.)، clink (E.) "زەنگَ لێدران، جرینگە لێهاتن". ریشەی ئەم وشانە دەچێتەوە سەر **(IE.) *ĝal- >** ە کە دە بنچینەدا لاسا کردنەوەی دەنگەکەیە. دە زمانی کوردمادیدا کردارەکە دەبێتە زرینگانەوە zırîngan(ewe).

جریوە **cırîwe** *[jırīwa]* - "ترووکە ترووکی ئەستێرە": سریوە srîwe و زریوە zrîwe ش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ glühen (G.)، gluoen (OG.)، glow (E.)، glo (Sw.) "درەوشانەوە". هەروەها دەگەڵ glimmen (G.) و (Nl.)، glimma (Sw.)، gleam (E.) "درەوشانەوە"، سەر بە ریشەی **(IE.) *ghel- >** "درەوشانەوە، ترووسکانەوە". [فۆتیمی m ی ئەم وشە ژێرمەنییانە دە وشە کوردماددییەکەدا بووەتە w و ئەمەش گۆڕاتیکی باوە دە زمانی کوردمادیدا]. چەندین وشەی وەک زێر zer و ↑زەرد zerd دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە.

جز **cız** *[jız]* - "دەنگی هەڵقرچانی رۆنی داغ": هەروەها جززە cızze هەیە کە بە زمانی زارۆک ئاماژە بە شتی داغ دەکا و وریایی دان بە زارۆکە بۆ دوور کەوتنەوە لە شتی داغ. خزمە دەگەڵ ↑چزاندن çızandın و هەروەها ↑کزانەوە *kızan(ewe)*.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە وەک ناوی دەنگَ بەکار دێن [دەنگەوشە] و وا بیر دەکرێتەوە تەنێ لاسا کردنەوەیەکی سادە و بێ مانای دەنگەکان بن. بەڵام دە راستیدا ئەم وشانە ریشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ وشەی کۆن و مانادار. هێندێک لەم وشە مانادارانە دە زمانی ئەمرۆی کوردمادیدا شوێنەواریان کز بووەتەوە و بە باشی ناناسرێنەوە، بۆ وێنە شەقە، شڵقە، جڵقە، فڵقە، تەقە، فڕە ، وڕڕە و هتد. گشت ئەم "دەنگەوشانە" پێوەندییان بە وشەی مانادارى کۆنەوە هەیە کە لق و پۆیان دە زمانی کوردمادیدا و زمانە خزمەکاندا پارێزراوە].

جزقە **cızqe** *[jızqa]* - "زەنگەتە(ترێ)": خزمە دەگەڵ ↑جۆخین coxîn "کۆی خەرمان" و ↑جەغز ceğız "بازنە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "یەکخستن، لێکبەستن". لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "زەنگەتە" کە دەبێتە خزمی "شەنگڵە" [دوو میوەی پێکەوەنووساو".

جڤین[1] **cıvîn** *[jıvīn]* - "کۆم بوون، کۆبوونەوە": جەمین cemîn و جەمیان cemyan یش دەگوترێن [ڤەجەمین، ڤەجەمیان]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ انجمن anjoman (P.) [an + joman] بە مانای "جڤات"، samanon (OG.)، samnian (OE.)، samna (OIs.) بە مانای "کۆ کردنەوە، یەکخستن، بە یەک گەیاندن"، سەر بە ریشەی **(IE.) *sem- >** "یەک". ئەم مانایە، واتا مانای کۆ کردنەوە یاخود یەکخستن دە وشەی ↑سەرجەم sercam یشدا پارێزداوە [ser + cam] بە مانای "تێکڕا، هەمووی بەیەکەوە". ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وەک ئاوەڵکرداریش بە کار هاتووە: saman (OG.)، samman (Sw.) "لە لای، لەجەم، پێکەوە"، (to)samne (OE.)، zusammen (G.) "پێکەوە، دەگەڵ یەکتر". هەر هەمان شت دە زمانی کوردمادیشدا دە ئاوەڵکرداری "لەجەم" le cem دا پارێزراوە بە مانای "لەلای". خاڵێکی دیکەی پێویست بە باسکردن ئەوەیە کە وشەی جڤین cıvîn بە شێوەیەکی دیکە، واتا بە شێوەی ↑ژوان juwan یش، بە مانای "پێکگەیشتن" بەکار دەهێندرێ و ئەمەش دەگەڵ مانای بنەرەتی ریشەکە دەگونجێ. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑جڤات cıvat، ↑جڤاکی cıvkî و ↑شەماتە şemate "کۆمەڵگا، خەڵک، ئاوایی" پێوەندییان بە "جڤین"ەوە هەیە. وا دەردەکەوێ دە زمانی عەرەبیشدا وشەی جمع cemɛ (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و لەوانەشە لە زمانە ئێرانییەکان وەرگیرابێ] .

جڤین² cıvîn *[jıvīn]* - "جمین": ↑جمین cımîn "جووڵان، تەکان خواردن".

جق cıq *[jıq]* - "ئامالّ": وشەی ئامالّ خۆی دەگەڵ هاواڵ/ ئاواڵ دە بنچینەدا هەریەکە و بۆ وێنە مەبەست لە رەنگی ئامالّ شین رەنگیکە کە هاواڵی شین بێ واتا وەک ئەو بچێ. هەربەم جۆرە وشەی جق cıq خزمە دەگەڵ yuxta (.Pl) و (.Av) بە مانای "جووت، هاوتا، هاواڵ". ئەم وشە ئەڤێستاییە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بە وێنەی ↑ئوخت uxt [اخت (.P) oxt] خۆ نیشان دەدا بەمانای "جووت، هاواڵ". ئەم وشانە دواجار خزمن دەگەڵ ↑جۆخین coxîn "کۆی خەرمان" سەربە ریشەیەک بە مانای "یەک بوون، لێک بەسترانەوە".

جقە cıqe *[jıqa]* - "قیتکەی پشت پەنجەی کەڵەشێر": خزمە دەگەڵ ↑چقڵ çıqıl "دڕک".

جکَ cıg *[jıg]* - "قاپ، ئیسکێکی سێجایە بۆ کایە کردن": جیک cîk، چک çık، چوو çu، شەق şeq و ↑شەگە şege ش دەگوترێن. هێندێک لەم وشانە، ناوی جگن لە دۆخێکی تایبەتیدا، بۆ وێنە "شەگە" واتا جگی لەسەر لاتەنیشت وەستاو. جکَ cıg خزمە دە زمانی کوردمادیدا دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑شەق şeq [لاق]، ↑چۆک çok، ساق sāq (.P) "لای خوارەوەی لاق" و دواتر دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک زەند zend، گوێزینکَ guwezîng [گۆ go + زینکَ zîng]، ↑چەنکَ *çeng* و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)keng- >* "خوار و خێچ". جکَ ئیسکێکە لە جومگەدا جێی گرتووە و لەوانەیە ناو لێنانەکەی پێوەندی بەمەوە هەبێ.

[تێبینی: ئەگەر سەرنجی وشەی "قاب" یان "کاب" [قابازی، جگین] بدەین، دەبینین کە ئەم وشەیەش پێوەندی هەیە بە cubus (.L) "جکَ" و ئەویش دەچێتەوە سەر kybos (.Gr) "جکَ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Hüfte (.G) "ئیسکی سمت، جومگەی سمت" و هەروەها ↑کەفەڵ kefel دە زمانی کوردمادیدا سەر بە ریشەی *(IE.) *keu-* "چەمانەوە، خوار بوونەوە"].

جگە cıge *[jıga]* - "جیا": جگا cıga ش دەگوترێ. جگا مانای "بەش" یش دەدا [جگاجگا واتا بەش بەش، جوداجودا]. "جگە" و هەروەها ↑جوێ coe [↑جیا cîya] دە بنچینەدا یەک وشەن و فۆتیمەکانیان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ ریشەی *(IE.) *skei- >* "بڕین، جیا کردنەوە، لێکردنەوە، قەڵشاندن". دە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەک وشە لەم ریشەوە سەریان هەڵداوە، بۆ وێنە ↑جەو cew "برینکَ"، ↑جۆگە coge [دە بنەڕەتدا: هەڵکەندراوی، قەڵش لە زەویدا] و↑جودا *cuda* هتد.

جگەر cıger *[jıgar]* - "جەرکَ": جگر jegar (.P)، iecur (.L). ریشە؟

جل cıl *[jıl]* - "بەرکَ، لیباس": ↑جلک cılk یش دەگوترێ. دە فارسیدا جل col (.P). دەشێ خزم بێ دەگەڵ Kleid (.G)، cloth (.E)، kleed (.Nl) "جلوبەرکَ". ریشەی وشە ژێرمەنییەکان بە گوێرەی بۆچوونێک دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *klei- >* "پێوەنووسان، چەسپین". دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑کراس kıras، ↑خەڵات xekat و ↑خەرگە xerge دەبێ پێوەندییان بەم وشانەوە هەبێ. دوور نییە جلد cîld (.Arb) بە مانای "پێست، چەرم" پێوەندی یان خزمایەتی دەگەڵ ئەو وشانەی سەرەوە هەبێ

.

جلف cılf *[jılf]* - "هەرزە، سووک": دە ئەسڵدا مەبەست لە وشەکە "لووس"ە. لەباری ماناوە بەراوردی بکە دەگەڵ "هەرزە" و پێچێک کە هەرز واتا لووس دەبێ. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑شەلف şelıf "ژنی خۆفرۆش" و ↑شەڵفین şelfîn "هەڵەنگوتن، رەت دان، خلیسکان". ئەو وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "خلیسکان، تەڕ و لووس و لیچق بوون". دە زمانی ئاخاوتنی فارسیدا بە منداڵێک کە بەزمگر و بێ ئەدەب بێ، دەڵێن "خودتو لوس نکن" واتا خوت لووس مەکە. هەروەها دە کوردیدا "چەقاوەسوو" [سەر بە کرداری سوانەوە، ساف بوون] بە کەسێک دەگوترێ کە بێشەرم و بێ چاووڕوو بێ. رەنگە وشەی جڵف بۆ کەسایەتی سووک و بێشەرم لەوڕا هاتبێ کە ئەم جۆرە کەسانە لە گوتار و کرداردا زوو "هەڵدەخلیسکێن"، واتا کەسایەتییەکی قورس و قایمیان نییە.

جڵق **cılq** *[jilq]* - دەگەڵ "فڵق" دێ. جلق و فڵق cılq û fılq دەرهاتن واتا بە هۆی گوشارەوە پڵیشان و ناوسک دەرهاتن. دە فارسیدا جلق celq (P.) بە واتای "دەسپەڕ" دێ. هەروەها دە کوردمادیدا ↑جڵقە cılqe بە مانای "دەنگی قوڕ و لیتە" و ↑جلیق cılîq بە مانای "لیچق" بە کاردێ. مانای هاوبەش دە هەموو وشەکانی سەرەوەدا "لیچق بوون، تەر و لووس بوون، خلیسک بوون"ە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "لیچق بوون، لووس و خلیسک بوون". جگە لەم وشانە کۆمەڵێک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا لەم ریشەوە هاتوون، بۆ وێنە ↑جۆل col "رەوانیی ئاو"، ↑جلە cıle "گیایەکی قەوزەئاسا"، ↑جەللە celle "ریخ، شیاکە"، ↑چلم çılım، ↑چڵپاوçılpaw، ↑زەل zel "هەردی تەڕ و شل و خلیسک" و ↑زەلین zelîn "خلیسکان" و↑سل sıl "بڕی پیسایی" [دە بنچینەدا ئەو بڕەی کە لێچقە یان بە خلیسک دەردەچێ] و هتد. بگەڕێینەوە سەر "جڵق و فڵق دەرهاتن" بە مانای ناوسک دەرهاتن. ئەم مانایە لێرەوە پەیدابووە کە ئەوشتانەی ناوسک کە لەکاتی پڵیشان دا دەر دێن و بڵاو دەبنەوە، هەموو تەڕ و لووس و لیچقن. وشەی "فڵق"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تەڕ".

جلگا **cılga** *[jılgā]* - "جۆرێک ماسی": هەروەها ↑جوڕی curî یش هەیە کە ئەویش ناوی ماسییەکە. لەوانەیە هەردوو ناوەکە دە بنچینەدا هەریەک بن. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑جلە cıle "گیایەکی قەوزەئاسا".

جلوا **cılwa** *[jılwā]* - "سیس و ژاکاو": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ schal (G.) "چیڕ، بێتام"، schal (Nl.) "هیشک، رەق"، skäll (Sw.) "چیڕ، ترشاو، (زەوی) بێ پێز"، schallow (E.) "تەنک" [دە بنەڕەتدا چۆڕاوە، ئاو لەبەر رۆیشتوو]، skellein (Gr.) "هیشک بوون" و skeletos (Gr.) "لەشێک کە تەنیا ئێسکەکانی بە بەرەوە ماوە" [دە بنەڕەتدا واتا هیشک هەڵاتوو]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kel- >*** "هیشک بوون".

جلە **cıle 1** *[jıla]* - "1- هشت پێ 2- رەکێ و ریشەی دارەبی کە پێش بە ئاو دەگرێ": لە رووی ماناکانی ئەم وشەیە دەروەکەوێ کە جلە بەو شتانە گوتراوە کە لێک دەهاڵێن، گرێ دەخۆن و تێک دەچرژێن. بەم پێیە وشەکە دەبێ خزم بێ دەگەڵ Schlange (G.) "مار" و Schlinge (G.) "قڵفە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *slenk- >*** çelumıl "با دران، لێکهاڵان". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑چەلومل هەیە بە مانای "بەڵای دەست هەلنەگر" [چەل + مل]. کەرتی یەکەمی وشەکە دەگەڵ جلە دە بنچینەدا هەریەکە و لەوانەیە مەبەست "هەشت پێ" بووبێ کە ئەگەرشتیکی بەرچەنکێ کەوت، ئیتر ئەو شتە لێی رزگار نابێ. کەرتی دووەمیش دەشێ "مار" بووبێ، کە ئەویش لە دەوری چێشتەی خۆی دەهاڵێ و رێگەی دەرباز بوونی پێ نادا.

جلە **cıle 2** *[jıla]* - "گیایەکە وەک قەوزە سەر ئاو دەتەتیتەوە": دە فارسیدا جل وزغ jole vazeǧ و جلبک jolbak (P.). دە ئیسلەندی کۆندا بە قەوزە گوتراوە sly (OIs.). دە ئەڵمانی و ئینگلیزی کۆندا slio (OG.) و sliw (OE.) ناوی جۆرە ماسییەک بووە کە لەو چۆم و ئاوانەدا ژیاوە کە بنیان لەجن بووە. بەراوردی ئەم وشانەی دوایی بکە دەگەڵ وشە کوردماددییەکانی ↑جلگا cılga "جۆرێک ماسی" و هەروەها ↑جوڕی curî کە ئەویش ناوی ماسییەکە. هەموو ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "تەڕ و لیچق بوون".

جڵەو **cılew** *[jılaw]* - "هەوسار": دە زمانی فارسیدا جلو jelou (P.) بە مانای"پێش، پێشەوە" و جلو گرفتن jelou gereftan (P.) بە مانای "پێش گرتن، پێش پێگرتن" دێ. ئاشکرایە کە دە زمانی فارسیدا مانای وشەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، چونکە "هەوسار گرتن" دەتوانێ ماناکەی بۆ "پێش گرتن" بگۆڕدرێ، بەڵام پێچەوانەکەی کەمتر رێی تێ دەچێ. دە زمانی کوردمادیدا جڵەو کردن، جڵەو بەر دان، جڵەو شل کردنەوە هەیە و ئەمانە نیشان دەدەن کە مەبەست لە جڵەو هەمان هەوسارە. جگە لەمە تێڕوانینی ئێتیمۆلۆژیکیش ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ. جڵەو پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەیە:

1- یان ↑جەلە cele بە مانای "ماڵاتی بە زنجیر تێکخراو" و دە بنچینەدا بە مانای "بەن، پەت، گوریس".
2- یان Schleife (G.)، slouf (OG.) "قلّفە، بەن یان پەتی گرێدراو". وشە ژێرمەنییەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sleu- >*** "خزین، خلیسکان". ئەگەر ئەم پێکگرتنە راست بێ، جڵەو دەبێتە خزم دەگەل ↑قلفە qılfe یان ↑کەڵاف kelaf. هەوسار یان جڵەو لە راستیدا هەر ئەو "قلّفە"یە کە دەیخەنە ملی بارەبەر.
[تێبینی: فۆتیمی w / v دە وشە کوردمادی و فارسیدا زۆر جار بەرانبەری f دەوەستێ دە وشە ژێرمەنییەکاندا، بۆ نموونە جدەو cıdew دە کوردمادیدا و steif "رەق، سفت" دە ئەڵمانیدا، قەڵەو qelewدە کوردمادیدا و Kraft "هێز" دە ئەڵمانیدا].
جلیت **cılît** *[jılīt]* - "پللاری سوارکاران لە گەمەی جلیتیندا": جریت cırît یش دەگوترێ. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑جەل cel "چەڵاک، داری گوێز تەکاندن".
جمک **cımık** *[jımık]* - "دووانە":
1- ئەم وشەیە لەلایەکەوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ geminus (L.) "جمک".
2- لەلایەکی دیکەوە وشەکە بە باشی دەگەڵ ↑جڤین cıvîn سەر بە ریشەی -sem بە مانای "کۆ بوونەوە، پێکەوەبوون، یەکخستن" رێک دەکەوێ. لەم تێڕوانینەوە "جمک" ئەو دوو منداڵەن کە پێکەوە لە دایک بوون بە وتەیەکی دیکە جمک بوون واتا پێکەوە بوون.
جمگە **cımge** *[jımga]* - "شوێنی نووشتانەوەی ئێسکەکانی لەش": ↑جومگە cumge ش دەگوترێ. جم + گە cım + ge. لە کرداری ↑جمین cımîn وەرگیراوە بە مانای "جوولان، بزوان". جمگە ئەو شوێنەیە کە تیدا ئێسکەکانی لەش دەجمن یان بەهۆی جمگەوە ئێسکەکان دەجووڵێنەوە.
جمە **cıme** *[cıma]* - "جووڵە و تەکان": سەر بەکرداری ↑جمین cımîn "جووڵان، تەکان خواردن".
[تێبینی: دە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"دا "جم" بە مانای "بزاو، جووڵە" مانا کراوەتەوە، کەچی لە مانا کردنەوەی "جمە"دا نووسراوە: "کۆمەڵ و پڕایی خەڵک (بازاڕەکە جمەی دێت)". دیارە هەردووک وشە یەک مانایان هەیە و ئەویش "بزاو و جووڵە"یە. کاتێک دەگوترێ "بازاڕەکەی جمەی دێت"، مەبەستی ئەسڵی "کۆمەڵ وپڕایی خەڵک" نییە، بەڵکوو ئەو بزاو و جووڵەیە کە ئاپۆرەی خەڵک دروستی دەکا. دە فارسیدا دەگوترێ جنب و جوش jonb o jūš. "جنب" شێوەی فارسی"جم"ە].
جمین **cımîn** *[jımīn]* - "بزووتن، جووڵان": ↑جڤین² cıvîn یش دەگوترێ و ئەمەیان دەبێ شێوەی کۆنتری وشەکە بێ. دە فارسیدا جنبیدن jonbīdan (P.). خزمە دەگەڵ schwingen (G.)، swing (E.)، swingan (OE.) "جوڵانەوە، لەرانەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suen- >*** "چەمینەوە، جوولانەوە، خولانەوە".
جندۆکە **cındoke** *[jındoka]* - "بوونەوەرێکی ئەفسانەیی": جن + د + ئۆکە cın + d + oke. جنۆکە cınoke ش دەگوترێ، واتا بەبێ ناوئاخنی d. دە فارسیدا جن jenn (P.). وشەکە دە زمانی عەرەبیشدا بە شێوەی جن cînn (Arb.) هەیە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ genius (L.) "رووحی پارێزەر" [دواتر رووحی بەدیهێنەر]. وشەی génie (F.) بە واتای "بلیمەت" بۆ ئەم وشە لاتینییە دەگەڕێتەوە. دە زمانی کوردمادیشدا وشەکە جۆرێک لە مانای زۆرزانی و زرینگی تیدایە.
جندە **cınde** *[jında]* - "ژنی خراپە": دە فارسیدا جندە jende (P.). هاوریشەیە دەگەڵ Schande (G.)، scanta (OG.)، skande (OF.)، skanda (Gt.) "نەنگ، شوورەیی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kam- >*** "داپۆشین".
[تێبینی: لەباری پێوەندی "جندە" دەگەڵ چەمکی "شوورەیی"، هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی "قەحبە" و "قەباحەت" دە زمانی عەرەبیدا].

جندی **cındî** [*jındī*] - "1-ئازا، بەکار 2- جوان، سپەهی 3- باش، چاک": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ sinnen (G.)، sinnan (OG.)، sinnan (OE.)، "بیر خستنە سەر شتێک، ئارەزوو کردن ، تەقەلا کردن، چوون بەرەو". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑شاندن şandn و ↑جادە cade سەر بە کرداری ***(IE.) *sent-*** "ڕۆیشتن، چوون، سەفەر کردن". هەر لەم ریشەوە و لەپێوەندی دەگەڵ وشەکانی سەرەوەدا ئەم وشانەی خوارەوە پەیدا بوون: Sinn (G.) "مانا، مەفهووم، دەرک"، sensus (L.) "هەست، دەرک، تێگەیشتن"، sentire (L.) "هەست کردن، تێگەیشتن"، sintéti (Lit.) "بیر کردنەوە".

جنقین **cınqin** [*jınqīn*] - "ڕاپەڕین لە خەو": جنقان cınqan و جنکان cınkan یش دەگوترێن [هەروەها ڤەجنقین، ڤەجنقان]. بنەوشەی -cın بەشێوەی -çen دە کرداری چەنین [↑ڕاچەنین raçenīn (çenīn + ra)] دا بەدی دەکرێ.

[تێبینی: فۆتیمی q دە وشەی "جنقین"دا پاشگری جەخت کردنە و دە هێندێک کرداری کوردمادیدا خۆ دەردەخا، وەک هەڵبزووقین، هەڵپرووزقان، هەڵپرسقاندن، مرقاندن، مەرچقاندن و هتد. ئەم پاشگرە هەروەها بە وێنەی k و j دەبیندرێ، وەک ئاڵۆزکان، بزرکان، تریسکان، جنکان، پڕژان، چڕژان، مەرژین، کەرمژین و هتد].

جنک **cınık** [*jınık*] - "شمەک، جلوبەرگ": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑چنین1 cınîn "تەنین، هۆنینەوە، درووون".

جنگ **cıng** [*jıng*] - "جم، بزاڤ": خزمە دەگەڵ ↑جنقین cınqin "ڕاپەڕین لە خەو" و ↑چندک *çındık* "وەزاق دان، هەڵبەزین". دواتر خزمە دەگەڵ ↑جەنگ ceng "شەڕ".

جنین **cınîn** [*jınīn*] - "بڕین، ورد کردن": ئەنجنین encınîn ش دەگوترێ. [پێشگری ئەن + جنین]. دە فارسیدا انجیدن anjīdan. خزمە دەگەڵ schneiden (G.)، snidan (OG.)، snitan (OE.)، snita (OF.) "بڕین، لەت کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sneit- >*** "جنین، بڕین". chinatti (OIn.) "قەڵشاندن، لەت کردن" لەم ریشەوە هاتووە.

جتیو **cınew** [*jınew*] - "ناو و نیتکەی خراپ لێنان": دە فارسیدا دشنام došnām (P.). دە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە دوو کەرتی دوژ/ دوج + ناو (تیو). کەرتی دوژ/ دوج duc /duj خزمە دەگەڵ ↑تووش tûş، ↑دژ dıj، ↑دزێو dızew و↑ دوژمن dujmın. دە بنچینەدا بە مانای "بەد، ناحەز، بەدکار" هاتووە. کەرتی دووەم وشەی ناو/ تیو new / naw ە. بەم جۆرە تیکڕای وشەکە دەبێتە "ناوی خراپ، ناوی دزێو". دە وشە کوردماددییەکەدا فۆتیمی d دە بەرایی وشەکەدا سواوەتەوە.

جوان1 **juwan** [*juwān*] - "رند، خۆشیک": خزمە دەگەڵ schön (G.)، sconi (OG.)، schoon (Nl.) "جوان"، sheeny (E.) "درەوشاوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)keu- >*** "سەرنج دان، چاو لەسەر بوون". جوان دە بنەڕەتدا واتا شتێک کە مرۆڤ حەز لە دیتنی دەکا. دە زمانی کوردمادیدا ↑شێن şên یش بە مانای "جوان" دێ، کە شێوەیەکی دیکەی ئەم وشەیە نیشان دەدا. لەوانەیە ↑شەنگ şeng یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. دە زمانی فارسیدا ازین āzīn (P.) هەیە بە مانای "جوان کردن، رازانەوە". ئەم وشە فارسییە دەبێ پێک هاتبێ لە ā + zīn. کەرتی یەکەم پێشگرە و کەرتی دووەمیش خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی سەرەوە. هەروەها دە زمانی عەڕەبیدا زینة zīna(t) (Arb.) بە مانای "جوانی و رازاوەیی" دێ کە دەشێ لەم وشانەی سەرەوە وەرگیرابێ.

جوان2 **juwan** [*juwān*] - "لاو": دە فارسیدا جوان jawān (P.). شێوەیەکی دیکە لە ↑جەوان cewan.

جوێ **cuwe** - "جودا": ↑جیا cîya و ↑جودا *cuda* ش دەگوترێ. دە زمانی ئاخافتنی فارسیدا سوا sawā (P.) هەر بەم مانایە بەکار دێ. .

جودا **cuda** [*judā*] - "لێک هەڵبڕاو": دە فارسیدا جدا jodā (P.). خزمە دەگەڵ scheiden (G.)، skeidan (OG.)، sceadan (OE.)، shed (E.) "جوداکردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) * skei- >*** "جودا کردن،

لێکردنەوە، قەڵشاندن، لەت کردن". دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشەی لەم خێزانەدا خۆیان دەبینەوە، کە ئاماژە بە لێک دابڕان و جوێ بوونەوە دەکەن، وەک ↑جگە cıge، ↑جۆگە coge [جوی jūy (P.)]، ↑جوێ coe [جیا cîya]، ↑شێ şê [شێ کردنەوە]، ↑ژێ je [سەر ژێ کردن] و هتد.

[تێبینی 1: دوو فۆتیمی -sk، کە دە بەرایی ریشەکەی سەرەوەدا هەیە، دە وشە کوردییەکاندا گۆڕاوە بە c یان ş. دە زۆرینەی وشەکانی زمانی ئەڵمانیدا بووەتە ş. فۆتیمی ş دە زمانی ئەڵمانیدا بە سێ پیتی sch دەنووسرێ، واتا ئەم سێ پیتە پێکەوە فۆتیمی ş دەردەبڕن. تێبینی 2: جگە لەم ریشەی سەرەوە ریشەیەکی دیکەی هیندوئەورووپی هەیە، واتا -*sek* *(IE.)* کە ئەویش هەر ئەو مانایەی سەرەوە دەبەخشێ و ژمارەیەک وشەی کوردمادی و ژێرمەنی لەم ریشەوە هاتوون، وەک "چەقۆ"، "چاک"، "شاقەل"، "شەق" [شەق کردن، شەق و شڕ] و هتد. هەروەها ژمارەیەک وشەی کوردمادی هەیە کە هاسان نییە ساخیان بکەینەوە سەر بە کام ریشە لەم دوو ریشەیەی سەرەوەن، وەک *شاش* "لێک جودا"، *زام* ["زخم" بە فارسی]، *شۆم* ["شخم" بە فارسی]، جۆم "کەندال، ئاودڕ" و هتد. لەو باوەڕە دام کە ئەم دوو ریشەیە خۆیان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و دەشێ دواجار یەک ریشە بووبن].

جوڕنە curne *[curna]* - "حەوزۆکەی گەرماو": ↑کوڕان kuran یش دەگوترێ. وشەکە لە کۆندا "کەڤران kevran، گەڤران gevran" بووە و هەر دوو وشەکەی سەرەوەی گۆڕدراوی ئەم وشە کۆنەن [کەڤران ← کوڕان ← جوڕنە]، خزمە دەگەڵ دەیان وشەیە کە ژمارەیەکیان لەژێر ↑*کون kun* و ↑جەوال cewal [جوال cuwal، گواڵەguwale]دا ئاماژەیان پێ کراوە.

جوڕی curî *[jurī]* - "ناوی ماسییەکە": خزمە دەگەڵ ↑*جلە2 cıle* "گیایەکە وەک قەوزە سەر ئاو دەتەتیتەوە" و ↑جلگا cılga "جۆرێک ماسی".

جوغز cuġız *[juġız]* - "هێڵێک کە بە دەوری شتێکدا دەکێشرێ": جەغز ceğız یش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای"بەستنەوە، لێکبەستن، یەکخستن". جەغز یان جوغز بەو هێڵە گوتراوە کە بەدەوری شتێکدا کێشراوە، واتا ئەو هێلەی کە دەگاتەوە یەکتر [مەرج نییە هێڵەکە تەواو بازنەیی بێ]. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑جۆخین coxîn "خۆیان، کۆی خەرمان".

جول cul *[jul]* - "رەوانیی ئاو":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑جلق cılıq سەر بە ریشەیەک بە مانای "تەڕ، لیچق، خلیسک".

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شل şıl "رەوان".

جومگە cumge *[jumga]* - ↑جمگە cımge.

جوو cu *[jū]* - "نەتەوەی یەهوود": Jude (G.)، jew (E.)، یهود yehud (Arb.). ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی هۆزی juda.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا جوولەکە (جوو+ لەکە) ش دەگوترێ. پاشگری "-لەکە" پاشگری گچکاندنە و بە مەبەستی نزماندن و داشکاندنیش بەکاردەهێنرێ. دیارە ئەم پاشگرە بە شێوەیەکی ناڕەوا لەژێر کارتێکەری شۆڤینیزمی عەرەبی- ئایینیدا خراوەتە پاڵ ناوی ئەم نەتەوەیە یاخود ئەو ئایینەوە. بۆیە پێویستە و تکایە با ئەو پاشگرە ئیتر وەلا بنرێ و لەمە بەدواوە تەنیا بگوترێ "نەتەوەی جوو"، "جووەکان" یان "جوویەکان"، هەر وەک چۆن دەگوترێ "عەرەبەکان" یان "نەتەوەی عەرەب" یان "فەلەستینییەکان"].

جووت[1] cut *[jūt]* - "هاوتا، دوودانە پێکەوە": جفت joft (P.)، yuxt(ak) (Pl.)، yuxta- (Av.). دەشێ ئەم وشەیە لە ریشەی ***(IE.) *jeu- >*** "لێکبەستن، یەکخستن"ەوە هاتبێ. هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی yōg (Pl.) کە دە پەهلەویدا و هەروەها دە زۆر لە زمانە هیندوئەورووپییەکانی ئەمرۆشدا بە مانای "نیر" دێ، واتا ئامێری یەکخستن و جووت کردنی دوو گاجووت. لەم تێڕوانینەوە جووت بوون لە سەرەتا دا دەبێ بە مانای"یەکبوون، بەیەکەوە بەسترانەوە، کەوتنە پاڵ یەکدی" بەکارهاتبێ و ئەوجار لەمەوە جووت

مانای "هاوتا"ی وەرگرتبێ. بەم جۆرە جووت دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑ئوخت uxt، ↑جوغز cuġız یان جەغز، ↑ئەوک ewk، ↑یەخە yexe یان تێخە، ↑جۆخین coxîn "کۆی خەرمان"، ↑جووق cuq "دەستە، کۆمەڵ" و هتد.

جووت² cut *[jūt]* - جووت کردنی دەرگا واتا پێوەدانی یا خود داخستنی دەرگا. بروانە ↑چەفت2 çeft. وشەی چەفت لە شێوەزاری کوردمادی ناوەراستدا گۆڕاوە و بووەتە "جووت".

جووجە cuce *[jūja]* - "بێچووی مەل": دە فارسیدا jūje (P.). خزمە دەگەڵ küken (G.)، chicken (E.)، kuiken (Nl.) "جووجە، جووجک". ریشەی وشەکە دەگەڕێتەوە سەر لاسا کردنەوەی دەنگی جووجکە [جیکەجیک یان جووکە جووک].

جووشک cûşık *[jūšık]* - "ئاژەڵێکی درکن": ژیشک jîşık، ژووشک jûşık، ژووژوو juju و ژیژی jîjî یش دەگوترێن. پێک هاتووە لە بنەوشەی جوو/ ژوو/ ژی jî- / ju- / cu- + پاشگری ک ık. خزمە دەگەڵ Igel (G.)، igil (OG.)، echinos (ON.)، igul (Rus.)، ëž (Gr.)، ozni (Arm.)، ežys (Lit.)، ježĭ (OIn.) و (OSl.) "ژووشک"، سەر بە ریشەی *(IE.) *eĝhi- > "مار، کرم". دە بنەڕەتدا ئەم ئاژەڵە وەک "مارخۆر، کرم خۆر" ناودێرکراوە. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بنەوشەکە پاشگری el /- ol- وەرگرتووە و دە زمانی کوردمادیشدا پاشگری ık. هەروەها پێوەندی هەیە بە ↑حەزیا ħezya و ↑زهار zıhar و↑ئەژدیها ejdîha کە ئەوانەش بە مانای "ماری گەورە" دێن.

جووق cuq *[jūq]* - "دەستە، کۆمەڵ": دە فارسیدا جوخە jūxe (P.). خزمە دەگەڵ ↑جۆخین coxîn "کۆمای گیای گیرەکراو".

جووقە cuqe *[jūqa]* - "هەست و خوست" [جووقەوار واتا گیانلەبەر]. خزمە دەگەڵ ↑ژین jîn و ↑جیو cîw "ژین، بوون". هەڵی سەنگینە دەگەڵ kvick (Sw.)، keck (G.)، quick (E.) "خێرا، چوست و چالاک" [دە بنەڕەتدا بە مانای "زیندوو، سەرزیندوو"]، سەر بە ریشەی *(IE.) *guei- > "ژین، ژیان".

جووکەنە cukene *[jūkana]* - "گیاندان، گیانەلا": جوو(ک) + کەنە kene + cu(k). "جوو" یان "جووک" شێوەیەکی دیکە لە ↑جووقە cuqe، سەر بە ریشەی *(IE.) *guei- > "ژین، ژیان، جان، گیان". دە کوردمادیدا گیانکەنیشک gîyankenîşk یش دەگوترێ. دە فارسیدا جان کندن kandan jān (P.).

جووکاندن cukandın *[jūkāndın]* - "دەنکَ لێوە هاتنی جووجکە": جووکەجووک کردن cukecuk یش دەگوترێ. دە فارسیدا جیک جیک jīkjīk (P.). خزمە دەگەڵ ↑جووجە cuce [جووجک]. بێچووەمەل بەهۆی جووکەجووک کردنەوە ناوی "جووجە"ی لەسەر دانراوە.

جووڵان(ەوە) culan(ewe) *[jūlān(awa)]* - "بزوان":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ریشەی *(IE.) *kuel- > "سووڕان، بەم لا و ئەولادا جوولانەوە". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کۆڵ kol "شان و مل".

2- لەوانەیە خزمایەتی هەبێ دەگەڵ cillere (L.) "جووڵاندن". ریشە؟

3- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑چڵیان[1] çılyan "لێدان، تەکان، هەژان" [بۆ وێنە کاتێک بریتێکی تازە چڵان لێ دەدا یان دەچڵێ].

جۆ co *[jo]* - "جۆرێک دانەوێڵە": جە ceh و جەو cew یش دەگوترێن. جو jou (P.)، جەو cew (Pahl.)، yava (Av.). [دە شێوەزارەکانی زمانی کوردمادیدا ئەم وشەیە بە شێوەی ↑یەو yew یش دە بینرێ]. خزمە دەگەڵ Hafer (G.)، haver (Nl.)، havre (Sw.) "جەو". وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *habra- > "بزن". مەبەست لە وشەکە سەرەتا "گیابزن" بوو، واتا گیایەک کە بزن پێی خۆشە.

جۆخین coxîn *[joxīn]* - "خۆیان، کڵۆشی گیرەکراوی کۆمکراو": ئەم وشەیە و هەروەها وشەکانی ↑جوغز/ جەغز ceğız / cuğız "هێڵی بازنەیی"، ↑جێز cez "کۆی خەرمان"، ↑جزقە cızqe "زەنگەتە ترێ"، ↑جووق cuq "کۆمەڵ، دەستە" [دە فارسیدا جوخە jūxe (P.)] سەر بەیەک خێزانن. ئەم وشانە دە چەمکی

"یەکبوون، یەکخستن، خڕ بوونەوە، بەسترانەوە"دا هاوبەشن و ئەو مانایەش بە تەواوی دەگەڵ ریشەیەکی هیندوئەوروپی یەک دەگرێتەوە کە بریتییە لە ریشەی ***(IE.) *jeu- >*** "بەستنەوە، لێکبەستن، یەکخستن". وشەکانی iungere (L.) "لێکبەستن"، yóga-h (OIn.) "بەستنەوە، لێکبەستن"، junta (Sp.) "جڤات، کۆ بوونەوە" [دواتر هەروەها بە مانای "خونتا"ی لەشکری]، Joch (G.) و یوغ yūġ (P.) و هاوشێوەکانی دە زۆرێک لە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا بە مانای "نیر" دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە. "نیر" ئەو شتەیە کە دوو گاجووت تێک دەخات و لێکیان دەبەستێ. ئەم وشەیە هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی دیکەش وەک ↑جووت cut، ↑ئوخت uxıt، ↑ئەوک ewık، ↑ئاوقان awqan، ↑یەخە yexe، ↑یەغنی yeġnî "گیشەی گیا یان گەنم و جۆ" و هتد. شیاوی سەرنجە وشەی ↑خۆیان xoyan کە هاوواتای جۆخینە، دەشێ شێوەیەکی دیکە لە وشەی "جۆخین" بێ. گوڕانەکە دەبێ بەم شێوەیە بووبێ: یۆخان [شێوەی کۆنتری جۆخین] ← خۆیان [جێگۆڕکێی دوو فۆنیمی y و x].

[تێبینی: هەر سەبارەت بە پێوەندی "جۆخین"ی خەرمان دەگەڵ جووق cuq "کۆمەڵ، دەستە" - جوخە jūxe (P.)- هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی دیکەی زمانی کوردمادی کە ئەوانیش دەگەڵ یەکتر خزمن و هەمان پێوەندی سەرەوە نیشان دەدەن. ئەم دوو وشەیە بریتین لە "گیشە" گیا و "قۆشەن" واتا لەشکر].

جۆر cor *[jor]* - "شێوە، نەوع، چەشن": جوور cur و ↑گۆر gor یش دەگوترێ. جور jūr (P.). دە زمانی کوردمادیدا ↑گۆرین gorîn هەیە بە مانای "فڵان" [کابرای گۆرین واتا فڵانە کابرا، کابرایەکی ئەوهایی]. هەروەها ل گۆر lıgor یان بەگوێرە beguwerey دەگوترێ کە ئەمەش لەوانەیە پێوەندی بەم وشەوە هەبێ. کاتێک دەگوترێ "ل گۆر ئەم نووچەیە" یان "بەگوێرەی ئەم هەواڵە"، دە راستیدا ئاماژە کردنە بە جۆرێک لە جۆرەکانی هەواڵەکە، یان ئاخێوەر دەیهەوێ بڵێ ئەوجۆرەی هەواڵەکە نیشان دەدا. ئەم وشەیە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Sorte (G.) "جۆر، چەشن". وشە ئەڵمانییەکە لەرێگەی زمانی فەرانسەییەوە دەچێتەوە

سەر sors (sortis) (L.) "جێگە و پێگە، ریز" و دواتر "جۆر، شێوە". وشەکە خزمە دەگەڵ series (L.) "ریز، تەرتیب، ریزبەندی" و eírein (Gr.) "بەدوای یەکدا ریز بوون"، con-sors (L.) "هاوسەر، هاوچەشن"، in-serere (L.) "تێکخستنەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ser- >*** "تێکخستنەوە، بەدوای یەکدا ریز بوون". بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە لە مانای "ریز، ریزبەندی، جێگە و پێگە"وە مانای "جۆر، چەشن، شێوە" سەری هەڵداوە و لێرەدا مەبەست نیشان دانی وێکچوون و هاوشێوەیی ئەو شتانە بوون کە لە یەک ریز و ئاستدا بوون، واتا ئەو شتانە وەک یەک "جۆر" لەبەر چاو گیراون. وشەی سرة sira (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و وێ دەچێ وشەیەکی وەرگیراو بێ. وشە کوردماددییەکە یان لە زمانی لاتینی وەرگیراوە یان لەوانەیە راستەخۆ لە ریشەکەی سەرەوە پەیدا بووبێ. هەروەها وشەی وەرگیراوی سێریاڵ seryal پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. دە زمانی کوردمادیدا کردارەکانی جۆر کردن، جۆر بوون و جۆر هاتنەوە مانای ریشەکەی سەرەوە بەدەستەوە دەدەن. کاتێک دوو یان چەند شت [کەرت، پاژ] وێک بچن و هاوشێوە بن، تێک دەخرێنەوە یان دەچنە ریزێک [ریزبەندییەک]ەوە، بەڵام ئەگەر ناتەبا بن یان پێوەندییان بەیەکەوە نەبێ، ناتوانرێ تێک بخرێنەوە و بە وتەیەکی دیکە دەگەڵ یەکتر جۆر نایەنەوە."جۆر" خزمە دەگەڵ ↑جەڵە cele [جەلەکردن واتا "تێکخستنی ماڵات"].

جۆڕ cor *[jor]* - "بن جلی پووش تیئاخنراوی بارەبەر": خزمە دەگەڵ ↑جل cıl.

جۆرک(ە) cork(e) *[jorka]* - "تووڕەکە": خزمە دەگەڵ ↑جەواڵ cewal.

جۆریان coryan *[joryān]* - "گۆڕان": شێوەیەکی دیکە لە ↑گۆڕان goran. هەروەها بڕوانە ↑جۆر *cor*.

جۆشان coşan *[jošān]* - "کوڵان": دە فارسیدا جوشیدن jūšīdan (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- sieden (G.)، siodan (OG.)، sjuda (Sw.)، seethe (E.) "جۆشان، کوڵان". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە ساخ نەکراوەتەوە، بەڵام بەراورد دەکرێ دەگەڵ siausti (Lit.) "هەڵچوون، قەڵس بوون" و sauts (Gt.) "ئەو شتەی وەک قوربانی دەکوڵێندرێ". لەوانەیە وشەی↑ زەواد zewad پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

2- jesan (OG.) "هەڵاتن، تەخمیر بوون"، yasyati (OIn.) "کوڵان، جۆشان"، zéō (Gr.) "دەکوڵێنم"، ias (Kymr.) "کوڵاندن، جۆشاندن"، سەر بە ریشەی *(IE.)*ies- > "کوڵان، جۆشان".

جۆگە coge *[joga]* - "کەندال، ئاودڕ": جوی jūy (P.). خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی کە ئاماژە بە لێک دابڕان و جوێ بوونەوە دەکەن، وەک ↑جوێ coe [جیا cîya]، ↑شێ şê [شێ کردنەوە، شی کردنەوە]، ↑ژێ je [سەر ژێ کردن]، ↑جەو cew "برینکێ" و ↑جودا *cuda*.

جۆل col *[jol]* - "بەشێک لە مێگەڵ": وشەکە دە بچینەدا بە مانای "بەشێک یان دەستەیەک لە کۆمەڵێک بەکار هاتووە و دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی *(IE.)*(s)kel- > "قەلشاندن، برین، لێک جودا کردنەوە" و دەبێتە خزم بۆ وێنە دەگەڵ ↑چاڵ çal "قوڵکە".

[تێبینی: چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "بەشێک لە مێگەڵ" یان "دەستەیەک ئاژەڵ" بەکار دێن کە ریشەکانیان مانایەکی وەک ئەو ریشەی سەرەوەی هەیە، وەک "کەرک"، "کەرت(کە)"، "ران"، "شار" (شارەمێروو)].

جۆڵا cola *[jolā]* - "تەونگەر": جیلا cîla ش دەگوترێ [جۆڵایی، جیلایی]. رەنگەی ئەمەی دوایی شێوەی کۆنتری وشەکە بێ. خزمە دەگەڵ ↑جاڵ cal "پەت، بەن، ریس".

جۆڵانە colane *[jolāna]* - "دیلەکانی": دەچێتەوە سەر جووڵە cule و ↑جووڵان culan.

جۆم com *[jom]* - "ئاودڕ، کەندال": خزمە دەگەڵ ↑زام zam "برین" و ↑شۆم şom [هەردی کێڵدراو واتا "لێک جیاکراو، برِ لێدراو"] و↑زام "برین". ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ ↑جودا *cuda*.

[تێبینی: دە زمانی ئینگلیزیشدا shore (E.) "رۆخی چەم و دەریا " دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای برین و مەبەست سەرەتا ئەوە بووە کە ئەو شوێنە بەهۆی رەوت و تەوژمی ئاو برِدراوە].

جۆمە come *[joma]* - "کراس": خزمە دەگەڵ ↑جامە came.

جۆنکێ1 cong *[jong]* - "پێ لەجێ چوونی وڵاخ": خزمە دەگەڵ hinken (G.) و hincian (Nl.)، (OE.) skinka (Sw)، skázein (Gr.) "شەلین"، سەر بە ریشەی *(IE.)*(s)keng- > "خوار وخێچ، لار، چەوێڵ".

جۆنکێ2 cong *[jong]* - دەگەڵ "جرِ" دێ [جرِ و جۆنکێ cır û cong واتا جرِ و جانەوەر]. پێوەندی هەیە بە جان can [گیان gîyan].

جە ce *[ja]* - "پرێپۆزیسیۆنێکە": شێوەیەکی دیکە لە↑ژ ji. [ژ مالا خۆ دەرکەتم].

جەبە cebe *[jaba]* - "1- سڵ، قوشقی 2- یاغی، سەربزێو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شەپ şep دا باس کراون. ئەو وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *skeu(h)- > "هاویشتن، پاڵنان، ڕادان، دەرپەڕین، دەرپەڕاندن".

[تێبینی: "جەبە" بە مانای یاغی لەباری ماناوە هەڵسەنگینە دەگەڵ "جەردە". جەردە دە ئەسڵدا "تەردە" یان "تەریدە" بووە واتا کەسێکی "تەرە"، تارێنراو، دوورکەوتە و دوورخراو لە کۆمەڵ. وشەکانی "تەرە"، "تەرا" [تاک و تەرا]، "ترۆ" [ترۆ کردن]، "تاراندن" [رەواندن، دەرپەڕاندن] خزمن دەگەڵ treiben (G.) "تاراندن، دوور کردنەوەی بە زۆر، رەواندن، بەرەو پێش بردن" و vertrieben "دەرکردن و دەرپەڕاندنی خەڵک لە ماڵ و حاڵی خویان].

جەبەش cebeş *[jabaš]* - "شووتی، گندۆرە": ↑زەبەش zebeş.

جەحنین ceĥnîn *[caĥnīn]* - "تووڕە بوون، رق هەستان": دە زمانی فارسیدا ژیان žīyān (P.) هەیە بە مانای "تووڕە، تۆسن". ئەم وشەیە دە زمانی فارسی ئەمڕۆدا تەنیا دەگەڵ وشەی "شێر" بەکار دێ و دەگوترێ شیر ژیان šīr e žīyān (P.)، واتا "شێری تووڕە و هوروژاو". هەروەها وشەیەکی دیکەی

کوردمادی هەیە کە بە چەند شێوە بەرچاو دەکەوێ، واتا ↑سێهرا sehra "قەڵس، تووڕە"، ↑جەهر cehır "قەڵسی، تووڕەیی" و ↑دەهری dehrî "زۆر تووڕە". هەروەها دوو وشەی دیکەش پێوەندیان بەم وشانەوە هەیە کە بریتین لە ↑قار qar "1- تووڕەیی 2- خەم" و ↑گۆڕین[2] gorîn [کۆنتر: قهرین qehrîn، گەهرین gehrîn] "زۆیر بوون، زیز بوون"، [لە یەکتر گۆڕین واتا زۆیر بوون و قسە نەکردن یان لەیەکتر تووڕە بوون و قسە نەکردن]. دەشێ لەناو ئەم وشانەدا سێهرا sehra شێوەی کۆنتری وشەکە نیشان بدا و سەرجەم وشەکان خزم بن دەگەڵ ↑جەخار *cexar 1* "کەسەر، تێش و ئازار"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "تێش، ئازار". وا پێ دەچێ کە لە کۆندا کردارێکی بنەڕەتی هەبووبێ لە چەشنی "*سە(ه)ران se(h)ran*" کە دواتر چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و گشت ئەو وشانەی لێ پەیدا بووبێ.

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "تێش و ئازار" و "تووڕە بوون" لەم وشانەی خوارەوەشدا بەدی دەکرێ: *ئازار* "تێش"، *ئاژر* "تووڕە" و غەزرین "تووڕە بوون"].

جەخار1 cexar *[jaxār]* - "کەسەر، تێش و ئازار": جخار cıxar و جغار cığar یش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەو وشانەی خوارەوە:

1- سوک sūk (P.) [یان سوکَ sūg] "خەم، ماتەم" و سوگوار sūgwār (P.) "ماتەمبار، تازیەدار". دە زمانی کوردمادیدا ↑جەحنین ceḥnîn هەیە بە مانای "تووڕە بوون، رک هەستان". ئەم وشەیەش دەشێ پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەبێ و پێوەندی هەبێ بە ریشەی هیندوئەوروپی ***(IE.) *sai- >*** "تێش و ئازار". هێندێک وشەی ئەوروپی لەم ریشەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەک sēre (MG.) "بەژان و تێش، توند، سامناک"، sēro (OG.) و (OE.) "بە ژان و تێش"، sēr (OG.)، zeer (Nl.)، sore (E.)، sar (Sw.) "زام، برین"، sair (Gt.) "تێش و ئازار"، saevus (L.) "تووڕە، تۆقێنەر، سامناک"، sāeth (OIr.) "نەخۆشی، ئازار". لەوانەیە دە زمانی کوردمادیدا ↑ناسۆر nasor یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ [نا + سۆر ؟].

2- ↑زەخت zext و ↑جەخت cext بە مانای "گوشار، سەختی، تەوژم".

جەخار2 cexar *[jaxār]* - "ساتۆڕ": دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "بڕین، لەت کردن، جودا کردن" و دەبێتە خزم بۆ وێنە دەگەڵ ↑کێرد kerd.

جەخت cexıt *[jaxıt]* - "تەئکید، پێداگری": خزمە دەگەڵ ↑زەخت zext "گوشار، زۆر، پاڵەپەستۆ".

جەڕ cer *[jar]* - دەگەڵ "مەنگەنە" دی [جەڕ و مەنگەنە cer u mengene]. "ئامرازی توندکردنی کتێب بۆ بەرکَ تیگرتن". لەجەرو مەنگەنە دان هەروەها بە مانای "ئەشکەنجەدان"یش دێ. دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "با دان، رێکگوشین". خزمە دەگەڵ ↑جەڕاندن cerandın "با دانی توند". دە وشەی چێوجەلە çewcele دا جەڕ cer گۆڕاوە بە جەل cel. چێوجەلە دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە" دا ئاوا مانا کراوەتەوە: ئامرازی ئازار دانی زیندانی، دار دەخەنە ناو قامکەکانی و رێکی دەکوشن.

جەڕان ceran *[jarān]* - "بێچوو هێنانی بەدژواری": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑جڕان *cıran* و لەوانەشە ↑دڕان dıran. مەبەست لێرەدا دڕان واتا لێک هەڵبڕانی لەشی ئاژەڵە لەکاتی زانی دژواردا.

جەڕاندن cerandın *[jarāndın]* - "بادانی توند": خزمە دەگەڵ Strang (G.) و string (E.) "ریس، بەنی بادراو"، stranc (OG.)، streng (OIs.) "چنراو، هۆنراو"، stringere (L.) "گوشین، رێک گوشین"، srangos (Let.) "بادراو"، strangale (Let.) "ریس، بەنی بادراو"، stranx (Let.) "گوشراو"، stringt (Let.) "توند بوون، سفت بوون"، streng (G.) "سەختگیر، دەمارگرژ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *stren(k)- >*** "بادراو، گوشراو، توند و گرژ بوون". ئەم ریشەیە خۆی دە پلەیەکی دوورتر دا دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)ter-*** "رەق بوون، توند بوون، چڕ بوون". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە پێوەندییان بە خێزانە وشەوە هەیە، وەک ↑جیر cîr "کێش، پلاستیک"، ↑جیڕ cîr [جیڕە بە با دان]، ↑چیڕ çîr "توند، سفت" [ددان چیڕ کردن یان دە چیڕەوە بردن واتا توند کردنی ددانەکان لە یەکتری و گرژ کردنیان] و ↑جەڕ cer [جەر و مەنگەنە]. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑زرینکَ zrîng و لەوانەشە دەگەڵ ↑ئەستوور estur.

جەڕجەڕ **cercer** *[jarjar]* - "1- جەنجەڕ، ئامرازی ورد کردنی کلۆش 2- چەرخی ئاو هەڵکێشان": دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑جەڕاندن cerandın "با دانی توند، سووڕاندن".

جەردە **cerde** *[jarda]* - "ڕێگر، تاڵانکەر":

1- لەوانەیە دە ئەسڵدا تەریدە tar(ī)da بووبێ، بە مانای کەسێک کە تەرت کراوە یان تەرە بووە و لە کۆمەڵ هەڵبراوە. وشەکە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑تەرت tara، ↑تەرە tara. ↑تەرا tarā [تاک و تەرا] و هتد.

2- هەروەها دەکرێ دەگەڵ وشەی ↑شاردنەوە şardn(ewe) هەڵی سەنگینین. لەم تێڕوانینەوە، جەردە واتا کەساتیک کە خۆیان لە خەڵک (یان دەوڵەت) شاردۆتەوە.

جەرگ **cerıg** *[jarıg]* - وشەکە دە ئەسڵدا ↑جگەر cıger ە و فۆتیمەکان جێگۆرکێیان کردووە.

جەرگە **cerge** *[jarga]* - "ناوەڕاست": دوو ئەندامی جەرگ و دڵ هەر لە کۆنەوە وەک ناوەندی لەش چاویان لێ کراوە و بەم پێیە مانای "چەق، ناوەڕاست"یان وەرگرتووە. دە زمانی ئاڵمانیدا "دڵ" ئەو مانایە دەبەخشێ.

جەڕە **cere** *[jara]* - "گۆزەی گەورە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ galla (.OF)، kar (.OG) [ریشە؟]. وشەی gallon دە زمانە ئەورووپییەکاندا دەچێتەوە سەر وشە فەرانسییەکە.

جەریفک **cerîfk** *[jarīfk]* - "گەسک": دە فارسیدا جاروب jārūb (.P) [جا + رووب]. کەرتی یەکەم بە مانای "جێ"یە. کەرتی دووەم دە فارسیدا دەچێتەوە سەر کرداری روفتن roften (.P) "ماڵین". ئەم کردارە خزمە دەگەڵ ↑پریواندن pırîvandın.

[تێبینی: دە زمانی عەرەبیدا وشەی "جاروب"ی فارسی کراوەتە جاروفة jārūfa (.Arb) و لەمەشەوە کرداری جرف jarafa (.Arb) دروست کراوە بەمانای "ماڵی، ماشتی"].

جەریە **cerîye** *[jarīya]* - "گیرەی چەرم درووەن": خزمە دەگەڵ ↑جەڕ cer [جەڕ و مەنگەنە].

جەستە **ceste** *[jasta]* - "لەش" : < جسد *jasad (Arb.)* "لەش". لەوانەیە ئەم وشەیە ریشەی کوردمادی هەبێ و خزم بێ دەگەڵ ↑جاش caş [دە بنەڕەتدا: شێوە، پەیکەر].

جەغز **ceğız** *[jaġız]* - ↑جوغز cuğız.

جەفەنگ **cefeng** *[jafang]* - "گاڵتە، حەنەک": پێک هاتووە لە دوو کەرتی جەف + ئەنگ cef + eng. کەرتی "جەف" شێوەیکی دیکەیە لە ↑گەپ gep [گاڵتە و گەپ]. کەرتی eng- پاشگرە و بۆ وێنە لە وشەی ↑نەهەنگ neheng یشدا بەدی دەکرێ [کەیف و نەهەنگ]. ئەم پاشگرە وێ دەچێ خزمایەتی هەبێ دەگەڵ پاشگری ing- (.E) یان ung (.G)].

جەل **cel** *[jal]* - "چەلاک، داری گوێز پێ تەکاندن": دەگەڵ ↑جەلد celd بە مانای "داردەستی درێژ و باریک" و ↑جلیت cılît "داردەستی سوارکاران" دەبێ سەر بە ریشەیەک بن.

1- لە لایەکەوە دەکرێ دەگەڵ ↑جالە cale "دار یان تەختەی بەسەر چۆمدا رایەڵ کراو" بەراوردیان بکەین.

2- لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بەراوردیان بکەین دەگەڵ Dolle (.G) و thole (.E) "داری سەوڵ پێڕاگرتن" و týlos (.Gr) "قیتکە، داردەست، مێخ". ئەم وشانەی دوایی خزمن دەگەڵ ↑تڵی tıbıl tılî "قامک".

جەڵتە **celte** *[jalta]* - "خوێنی مەییو":

1- یان خزمە دەگەڵ ↑جڵق cılq سەر بە ریشەیەک بە مانای "تەڕ و لیچق". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "دەڵەمە". وشەی "دەڵەمە" خزمە دەگەڵ "تەڕ".

2- یان لە وانەیە خزم بێ دەگەڵ kalt (.G) و ↑گلێرە gılêre و ↑سارد sard، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن، گلوو بوون لە سەرمان".

جەلد **celd** [*jald*] - "داردەشتی درێژ": خزمە دەگەڵ ↑جەل cel "چەلاک".

جەڵد **celd** [*jald*] - "لیزگەماسی بە شووڵەوەکراو": خزمە دەگەڵ ↑جەلە cele کردن بە مانای "تێکخستنەوە".

جەڵدە **celde** [*jalda*] - "قامچی، شەللاق": خزمە دەگەڵ slahta (OG.) "گوشتن"، slieht (OE.) "لێدان، گوشتن"، slacc (OIr.) "شمشێر"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *slak- >*** "لێدان". دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑شەللاق şellaq و ↑زللە zılle ش لەم ریشەوە دێن. دە زمانی عەرەبیدا سلاح sīlāħ (Arb.) "چەک" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

جەلغە **ceğle** [*jalġa*] - "سەهۆڵی خۆنەگرتوو":

1- یان خزمە دەگەڵ ↑جڵق cılq سەر بە ریشەیەک بە مانای "لیچق".

2- یانیش پێوەندی هەیە بە glacies (L.) "سەهۆڵ". ئەم وشە لاتینییە دوورە خزمە دەگەڵ ↑سارد sard.

جەللە **celle** [*jalla*] - "ریخ، شیاکە": خزمە دەگەڵ ↑جڵق cılq سەر بە ریشەیەک بە مانای "لیچق".

جەلۆ **celo** [*jalo*] - "هەرزەپیاو": خزمە دەگەڵ ↑جڵف cılıf "هەرزەژن".

جەڵە **cele** [*jala*] - جەلەکردن واتا "تێکخستنی ماڵات": هەروەها "سەرجەلە" هەیە بە مانای یەکەم ریزی ئاژەڵی جەلەکراو. خزمە دەگەڵ ↑جۆر cor.

جەڵەب **celeb** [*jalab*] - "کۆمەڵێک مەڕ و ماڵات، کۆمەڵەسوار":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑*گلوو gılu* دا باس کراون، بە مانای "لێکهاڵان و تۆپەڵە بوون، رێککوشران". ↑گڵۆپ gılop، ↑کلۆ kılo و ↑گڵۆفین gılofîn، ↑گڵۆت gılot "سندەگڵ" و رەنگە ↑گەل gel "ئاپۆرە، حەشیمەت" سەر بە ریشەیەکن و مانای "پێکەوەنووسان، لێکهاڵان، تۆپەڵە بوون" دەبەخشن. لەباری شێوەی وشەکەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑قولاپ qulap یان کولاب kulab "ئاسنی سەرچەمێنراو" کە ئەویش دواجار دەگەڵ وشەکانی سەرەوە بە خزم دەردەچێ.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ وشەی ↑گرووپ gırûp. ئەم وشەیە لەرێگەی زمانی فەرانسەییەوە چووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکانی دیکە و دەچێتەوە سەر gruppo (It.) و ریشەکەی ساخ نەکراوەتەوە.

جەم **cem 1** [*jam*] - "لا، ئاڵ، کن، نک": ["ل جەم بابێ خۆ" واتا لای باوکی خۆ، یان "هاتنە جەم هەڤ" واتا هاتنە کن یەکتر"]. ئەم وشەیە پێوەندی بە "جمع" یان بە "جڤین"ەوە نییە، بەڵکوو خزمە دەگەڵ سمت samt (P.) "لا، ئاڵ" [سمت و سو samt o sū (P.)]. وشەکە دە هێندێک شێوەزاردا بووەتە ↑*دیو² dîw* [ئەم دیو و ئەو دیو واتا ئەم بەر و ئەو بەر]. مانای کۆنتری ئەم وشەیە بریتی بووە لە "قەراخ، کەنار". ئەم مانایە لە وشەی "جەم"یشدا دەردەکەوێ. کاتێک دەگوترێ "ل جەم"، وەک ئەوە وایە بگوترێ "لەکن، لە کەنار". ئەم مانا بنەڕەتییە لە وشەی زیڤار zîvar یان ↑زێوار zewar دا دەر دەکەوێ کە ماناکەی دەبێتە "قەراخ، پەراوێز". دە فارسیدا زوار zawār (P.) دەگوترێ ["زوار دررفتە" واتا قەراخەکانی لەپاڵ یەک هاتووەتە دەر، هەڵوەشاو]. وشەکە خزمە دەگەڵ Saum (G.)، zoom (Nl.)، seam (E.)، söm (Sw.) "زیڤار، پەڕاوێز، قەراخ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *siu- , *sei- >*** "بەستن، درووەن". مەبەست لە وشەکە دە بنەڕەتدا قەراخی دووراو (درواو) بووە. لەم مانایەوە دواتر مانای گشتی "قەراخ" پەرەی گرتووە و دواتریش مانای "لا، ئاڵ". ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑چمک çımk "گۆشە(ی دەسماڵ)" و ↑چەمک çemk "مەفهووم، تێرم".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "قەراخ" و "لا، ئاڵ" دەکرێ دەگەڵ نموونەیەک دە زمانی ئەڵمانیدا هەڵی سەنگینین. دە زمانی ئەڵمانیدا seite (G.) مانای "قەراخ" دەبەخشێ و لە هەمان کاتدا مانای "لا"یش دەردەبڕێ، بۆ کاتێک دەگوترێ لای چەپ، لای راست. خودی وشەی "لا" دە زمانی کوردمادیدا مانای "قەراخ"یش دەگەیەنێ، کاتێک دەگوترێ "لە لاوە" یان "لاوەکی"].

جەم 2 cem *[jam]* - "کاتی نان خواردن": ژەم jem یش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑دەم dem بە مانای "کات". مەبەست لە جەم دە بنچینەدا جەمی خواردن [دەمی خواردن] بووە.

جەمام cemam *[jamām]* - "رەق بوون و ماسینی ماسوولکە": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ túmara-h (OIn.) "قەلەو، پتەو"، tumere (L.) "هەلمسان"، tuméti (Lit.) "قەڵەوبوون". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *tēu-, *tū- >* "ماسین، ئەستوور بوون".

جەمسەر cemser *[jamsar]* - " لای هەرە سەرەوە" : ↑جەم + ↑سەر cem + ser. کەرتی یەکەم پێوەندی هەیە بە ↑جەم[1] cem "لا، ئاڵ" و مەبەست لە وشەکە لای ئەم سەر و ئەو سەرە.

جەمقان cemqan *[jamqān]* - "لێکدرانی تراو": شێوەی جەختکراوی ↑جمین cımîn. ناوگری q دۆخی جەخت کردن بە وشەکە دەبەخشێ.

جەمک cemık *[jamık]* - "بڕەبڕە مژاندنی بێچوو لە گوانی دایک" [گۆلکێ جەمک کە]: خزمە دەگەڵ schmeken (G.)، smack (E.) "چێژو مەزە دان"، پاشان هەروەها بەمانای مەزە لێدان، چێشتن"، سەر بە ریشەی *(IE.) *smeg(h)- >* "چێشتن، مەزە لێدان".

جەمینۆک cemînok *[jamīnok]* - "کۆ بوونەوە بۆ کەین و بەین": دەچێتەوە سەر ↑جڤین cıvîn "کۆم بوون، پێک گەیشتن".

جەنازە cenaze *[janāza]* - "لاشە، کەلاک، جەندەک": ئەم وشەیە دەشێ لە دوو کەرت پێکهاتبێ. کەرتی یەکەم پێوەندی بە "جان" [گیان]ەوە هەیە. لەوانەیە وشەکە دە ئەسڵدا "جانوازە" [جانبازە] بووبێ و کورت بووبێتەوە بۆ "جەنازە" و مەبەست "وازە" بوونی جان بێ واتا دوورکەوتنەوەی جان لە لەش. لەم تێڕوانینەوە جەنازە دەبێتە ئەو لەشەی کە جان تێیدا وازە بووە بە وتەیەکی دیکە گیانی تێدا نەماوە. سەبارەت بە وشەی "وازە" بڕوانە ↑وەزکَ wezıg دان واتا "مردن".

جەنجەر cencer *[janjar]* - "ئامێری وردکردنی گیا": دەچێتەوە سەر وشەی ↑جنین cınîn "وردکردن، ئەنجن ئەنجن کردن".

جەندەک cendek *[jandak]* - "لاشە، کەلاک": دەچێتەوە سەر کرداری ↑ژین jîn و ↑گیان/ جان /can gîyan. دە زمانی کوردمادیدا ↑زەندەک zendek یان زەندەق zendeq ش بە کار دێ کە مانای "ورە و هێزی دڵ" دەبەخشێ و دە بنەڕەتدا مەبەست "ژیان، هێزی ژیان" بووە. لەوانەیە مانای جەندەک لە "ژیان، گیان"ەوە بۆ "لەش، لاشە" گۆڕابێ. ئەم گۆڕانە دە وشەی "گیان"یشدا بەدی دەکەین. وشەی گیان خۆی دە بنەڕەتدا مانای "ژیان، جان" دەبەخشێ و پاشان مانای "لەش" یشی وەرگرتووە [هەموو گیانم دێشێ، هەموو گیانی تێک شکاند]. هەر بەم جۆرە جەندەک دەتوانێ دە بنەڕەتدا بە مانای "ژیان، گیان، زیندەگی" بووبێ و لەوێوە ماناکەی گۆڕابێ بۆ "لەش" و دواتریش "لاشە". لە لایەکی دیکەوە جەندەک دەتوانێ لە دوو کەرتی جان can + دەک dek پێک هاتبێ بە مانای کەسێک کە جانی *داوە*. لەم تێڕوانینەوە کەرتی "دەک" پێوەست دەبێ بە کردار ↑دان dan. هەروەها وشەی ↑جنازە cenaze ش پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

جەنگَ ceng *[jang]* - "شەر، لێکدان": دە فارسیدا جنگَ jang (P.). دەچێتەوە سەر ریشەیەک کە مانای "لێدان، لێکدان" دەدا. ئەم ریشەیە بە شێوەیکی دیکە دە وشەی ↑ژەنین jenîn و ↑ژەندن jendın دا دەبینین. خزمە دەگەڵ ↑زەنگَ zang [زەبر و زەنگَ] و چەندین وشەی دیکە.

جەنگەڵ cengel *[jangal]* - "لێرەوار": جنگل jangal (P.)، jangala (OIn.). وشەکە لە رێگەی زمانی ئینگلیزییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکانیش. ریشە؟

جەو cew *[jaw]* - "برینکَ ": خزمە دەگەڵ ↑جوێ coe [جوێ کردنەوە دە بنەڕەتدا واتا لێکردنەوە، لێک کردنەوە] و دواتر ↑جودا *cuda*.

جەواڵ cewal [*jawāl*] - "تێڕی یەک لایی": جواڵ cuwal و گواڵە guwale ش دەگوترێن. جوال jowāl (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑گابار gabar "کون و کەلێن، شکەفت". خودی ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑کون *kun* و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دەم داپچڕین". لەم ریشەوە و لەم مانا بنەڕەتییەوە دە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەکی زۆر وشە بە مانای جۆربەجۆر سەریان هەڵداوە. زۆرینەی ئەم وشانە ئاماژە بە کون و کەلێن، قووڵکە، قووڵایی دەکەن [بەگشتی بە شوێنێک یان شتێک کە *زارکی* هەیە و جێی تێدا بوون یان تێکردنە]. هێندێک لەم وشانە بریتین لە ↑قەپ qep "گاز، دەم داپچڕین"، ↑گەپین gepîn "حەپین، وەڕین"، ↑گاپن gapın "نەوسن" [زارداپچڕاو بۆ خواردن]، ↑گەپە gepe "بۆشایی زار" [گوپ؟]، ↑کەپۆ kepo "لووت"، کوور kur [↑قووڵ qul]، ↑کوار kuwar "کەندوو"، ↑گۆڕ gor "قەبر"، ↑گەبەڵ gebel "زەلکاو، تاڵاو"، ↑گۆل gol "ئەستێرک، دەریاچە"، ↑کاپان kapan "نەقەب"، ↑کاڤلان kavlan "بەرگی خەنجەر"، ↑کوران kuran "حەوز، جوڕنە"، ↑کۆل kol "ئاوەخۆری ئاژەڵ لە بەرد یان دار"، ↑جۆرک(ە) cork(e) "تووڕەکە"، ↑جەوەندە cewende "تووڕەکەی چەرمینی ئاو"، ↑کوندە kunde "تووڕەکەی زلی چەرمین بۆ ئاو کێشان" [دە بنەڕەتدا: "کەوەندە kewende"]، ↑قەولک qewlık "تووڕەکەی بچووک" و هتد.

جەوان cewan [*jawān*] - "لاو": جوان javān (P.)، jung (G.)، young (E.)، geong (OE.)، yuvan (OIn.)، iuvenus (L.)، گشتتیان بە مانای "جەوان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ju(w)n- >*** "جەوان".

جەوک cewık [*jawık*] - "شیرەی دار": جاوی cawî، جەوی cewî و جیوە² cîwe ش دەگوترێ. هەروەها وشەی ↑جەوهەر cewher دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و دە بنەڕەتدا بە مانای "شیرە"ی دار و دەوەن بووە [وەک چناری جەوهەردار واتا چناری شیرەدار] و پاشان بەو شیرەیەش گوتراوە کە بۆ نووسین و نیگار کێشان کەڵکی لێ وەرگیراوە و دواجار کردوویانەتە ناو خودکار و خودنویسەوە. دەشێ خزم بێ دەگەڵ Saft (G.)، saf (G.)، sap (E.) و (Nl.)، safi (OIs.)، sapa (L.) "شیرەی دار، شیرەی میوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) * sew- >*** "گوشین". وشە کوردماددییەکان هەروەها دەشێ خزم بن دەگەڵ ↑گوێنی goenî [گەوەن gewen].

[تێبینی: سەبارەت بە گۆڕانی فۆنیمەکان هەڵی سەنگینە دەگەڵ "گۆڕین، قار، قەهرین"، "جەهر" و "جەخار"، سەر بە ریشەی *-sai* *(IE.)* "ئیش، ئازار، نەخۆشی"].

جەوهەر1 cewher [*jawhar*] - "رەنگ بۆ نووسین و بەن و ریس": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑جەوک cewık "شیرەی دار" [دە بنەڕەتدا مەبەست تراوێک بووە کە لە دار و گژ و گیا وەرگیراوە].

جەوهەر2 cewher [*jawhar*] - "1- زات، بوێری 2- ناوەرۆک": شێوەیەکی دیکە لە ↑گەوهەر gewher [گەوەرgewer]. وێ دەچێ "جەوهەر" شێوەی عەڕەبێنراوی وشەکە بێ.

جەوەرە cewere [*jawara*] - "سەرمای زۆر": جەبەرە cebere ش دەگوترێ.

1- لە لایەکەوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Schauer (G.)، scūr (OG.)، skūra (Gt.)، shower (E.)، skur (Sw.) "با وبۆران، تاوەباران، تەرزەبارین". ئەم وشە ژێرمەنییانە بەرهەڤ دەکرێن دەگەڵ caurus (L.)، šiaurys (Lit.) "بای باکوور"، c'urt (Arm.) "سەرما، با و بۆران". بەگوێرەی بۆچوونێک ئەم وشانە دەتوانن ریشەیەکی لەم چەشنەیان هەبێ: ***(IE.) *(s)kēwro- >***.

2- لە لایەکی دیکەوە وشەکە دەتوانێ پێوندی هەبێ بە schwer (G.)، swa r (OE.)، svar (Sw.)، svarus (Lit.) "سەخت، گران، ئاستەم". ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنە لە جێی خۆی بێ، ئەوا وشەکە پێوەندی پەیدا دەگا دەگەڵ ↑زەبر zebır و ↑زۆر zor.

جەوەندە cewende [*jawanda*] - "تووڕەکەی چەرمین": خزمە دەگەڵ ↑جەواڵ cewal.

جەهر cehır [*jahır*] - "قەڵسی، تووڕەیی": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑جەحنین ceħnîn "تووڕە بوون، رق هەستان"دا باس کراون.

جەیش cayş *[jayš]* - "سوپا، لەشکر". ئەمە وشەیەکی عەرەبییە، کە لە کوردیشدا بەکار دەهێنرێ [جیش jayš (Arb.) "سوپا، لەشکر"]. ریشەی ئەم وشەیە بۆ زمانی کوردمادی دەگەڕێتەوە، بۆیە بە پێویست زانرا، بخرێتە ناو فەرهەنگەکەوە، تاکوو هەم کوردمادی بوونی وشەکە نیشان بدرێ و هەمیش نیشان بدرێ کە چۆن و بە چ زیرکییەک زمانی عەرەبی وشەی زمانی تێمە و زمانەکانی دیکەی وەرگرتووە و گۆڕیویەتی. با بزانین چۆن: وشەی Armee (G.) و army (E.) "جیش، سوپا" ریشەی لاتینییان هەیە و دواجار دەچنەوە سەر arma (L.) "دەزگا، ئامراز". (ئەم وشە لاتینییە خزمە لەگەڵ Arm (G.) "قۆڵ، پیل" و هەرمە herme "شان و پیل" و ئامێر amer یان ئامووڕ amur دە زمانی کوردمادیدا). وەک دەبینرێ وشە لاتینییەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "دەزگا، ئامێر" بووە و دواتر کرداری armare (L.) دروست بووە بە مانای "تەجهیز کردن، بە ئامێر کردن، بە دەزگا و ئامێر تەیار کردن". لەمەوە دواتر وشەکە بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ "دەزگا و ئامێری شەڕ" و "تەجهیز کردن بۆ شەڕ" بەکار هێنراوە و دواتریش مانای "سوپا" وەرگرتووە. وشەیەک کە دە زمانی فارسی و کوردمادیدا بە مانای "دەزگا و ئامێر" بە گشتی و هەروەها "ئامێری شەڕ" بەکار هاتووە، بریتییە لە ساز saz. "ساز" بەگشتی مانای "دەزگا، ئامێر، ئامراز" بووە، بۆ وێنە کاتێک باس لە سازی مووزیک دەکرێ مەبەست ئامرازە. دە زمانی فارسیدا ساز و برگ sāz o barg (P.) بە مانای "دەزگا و کەرەستەی (شەڕ)" بەکار دێ. وشەی "ساز" خۆی دەچێتەوە سەر کردارێک کە دە زمانی فارسیدا دەبێتە ساختن saxtan (P.) "دروست کردن، ساز کردن" و هەروەها خزمیشە دەگەڵ ساخ sax "تەندروست"ی خۆمان. زمانی عەەبی وشەی "ساز"ی وەرگرتووە و کردوویەتی بە جهاز jihāz (Arb.) "ئامێر، دەزگا". هەروەها وشەکانی "تجهیز" و "مجهز" و هیتری لێ دروست کردووە، لەلایەکی دیکەوە "ساز" یان "جهاز"ی گۆڕیوە بو جیش jayš بە مانای "سوپا". وەک دەبینن هەمان پێوەندی کە دە زمانی لاتینیدا لەتیوان دوو چەمکی "دەزگا، ئامێر" و "سوپا" دا هەبووە، لە زمانی عەرەبیشدا بە کەڵک وەرگرتن لە "ساز"ی کوردمادی و فارسی دروست کراوە.

جیا cîya *[jīyā]* - ↑جوێ coe و ↑جودا *cuda* ش دەگوترێ.

جیات(ی) cîyat(î) *[jīyāt(ī)]* - ئەم وشەیە دەگەڵ پرێپۆزیسیۆنی لە le بەکار دێ و دەگوترێ لەجیات(ی) lecîyat(î) واتا "لەجێگای، بەجێگای". خزمە دەگەڵ Statt (G.)، stat (OG.)، stead (E.)، stad (Sw.) "شوێن، جێگا". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ stsis (Gr.) "پێگە، جێگە"، statio (L.) "شوێن، جێگە". هەروەها خزمن دەگەڵ ↑-*ستان sıtan*- [کوردستان] و ↑ئوستان ustan "پارێزگا" و Stadt (G.) "شار". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑زێد zed [کۆنتر: زاد zad] هەیە بە مانای "وڵات، نیشتمان". ئەم وشەیە لەوانەیە پێوەندی بە "زادگا"وە نەبێ، بەڵکوو وشەیەکی کۆن و سەربەخۆ بێ بە مانای "وڵات، نیشتمان" و لە پێوەندی دەگەڵ وشەکانی سەرەوەدا بێ. وەک دەبینین ئەم وشانە دە بنەڕەتدا بەمانای "شوێن و جێگا(ی لێبوون)" بەکار هاتوون و پاشان مانای "شار" و "وڵات"یان پەیدا کردووە. ریشەی وشەکان دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *st(h)ā- >*** " وەستان، جێگیر بوون، قەرار گرتن". ↑وەستان westan ی کوردمادی لەم ریشەوە هاتوون. دە زمانی ئەڵمانیدا راست وەک زمانی کوردمادی بە مانای "جیات"ی کوردمادی بە کار هاتووە و بۆ وێنە گوتراوە an meiner statt واتا "لەجیاتی من". هەروەها لە سەدەی پانزدەوە وشەکە دە زمانی ئەڵمانیدا وەک پرێپۆزیسیۆن- anstatt (G.) "لەجیات(ی)" بەکار دێ و لە سەدەی هەفدەوە بەشێوەی کورتکراوی statt یش بەکار دێ. [لێرەدا دەبێ ئافەرین بە ئەڵمانییەکان بڵێین کە توانیویانە تەنانەت زۆرینەی وشەکانیان وەها ساخ بکەنەوە کە لە فڵانە سەدە و فیسارە سەردەمدا چۆن بەکار هاتووە و هەر گۆڕانە لە چ سەردەمێکدا رووی داوە]. هەروەک دە زمانی کوردمادیدا پرێپۆزیسیۆنی لە le بە وشەکەوە لکاوە، دە زمانی ئەڵمانیشدا پرێپۆزیسیۆنی an دەگەڵ وشەکە دێ. دە زمانی ئینگلیزیدا دەگەڵ پرێپۆزیسیۆنی in و بۆ وێنە دەگوترێ in my stead. ورد بوونەوە لەم پێوەندییانەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە کە وشەی ↑جێ ce [جا jā (P.)] واتا

"جێگا" خزم بێ دەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوە یان دەبنەڕەتدا یەک وشە بووبن و دوو شێوەی جیاواز و دوو مانای هاوپێوەنیان لێ بەرهەم هاتبێ. لەوانەیە ئەم وشە کۆنە "*جات cat*" بووبێ و لەلایەکەوە بووبێتە "جیات" و لە لایەکی دیکەشەوە بووبێتە "جا" یان "جێ". ئەگەر هێندێکی دیکە بە ناخی باسەکەدا رۆبچین، بە شیمانەیەکی ئەوتۆ دەگەین کە وشەی ↑شار şar یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. وشەی شار دە زمانی پارسی کۆندا "ساتر" یان "خشاتر" بووە و دەبێ دە زمانی مادیشدا هەروا بووبێ. ئەم وشەیە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە یەک دەگرێتەوە. بەم جۆرە دەبینین کە دە زمانی کوردمادی و فارسییشدا وشەی "شار" دەچێتەوە سەر هەمان ریشەی سەرەوە و دەبێتە خزم دەگەڵ وشەی ئەڵمانی Stadt (G.) "شار".

جیاز cîyaz [*cīyāz*] - "کەلوپەلی بووک کە دەگەڵ خۆی دەیبا": وشەکە دەچێتەوە سەر جهاز jihāz (Arb.) "شتومەک، دەزگا، ئامراز". وشە عەرەبییەکە خۆی لە ↑ساز1 saz ی کوردمادی و فارسی وەرگیراوە بە مانای "ئامادە، مجەهەز". سەرنج بدە کە ↑ساز2 saz دە کوردمادی و فارسیدا مانای "*ئامرازی* مووزیک" دەدا و ساز و برکَ sāz o barg (P.) دە زمانی فارسیدا مانای "*تە جهیزات*" دەبەخشێ. ئەمە نیشان دەدا کە "ساز" پێشتر بە گشتی بە مانای "ئامێر، ئامراز" بەکار هاتووە و ئەم مانایە ئەمڕۆ لە مانای "ئامرازی مووزیک"دا بەرتەسک بۆتەوە.

جیر[1] cîr [*jīr*] - "کێش، بەنی پلاستیک، پلاستیک": جیل cîl یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑جیر[2] cîr [جیرە بە با دان] و هەروەها دەگەڵ ↑چیرِ *çîr* "توند، سفت، گرژ". ئەم بەنە پلاستیکییە یان بە گشتی کەلوپەلی پلاستیکی لەبەر ئەوەی چیرِ بووە و بەئاسانی نەهاتووەتە قەتاندن یان شکاندن، ئیتر ناوی "جیر"ی بۆ دانراوە.

[تێبینی: دە زمانە ژێرمەنییەکاندا strang بەمانای "تەناف، گوریس" لە ریشەیەکەوە دێ کە "جیر"ی کوردمادیش هەر لەو ریشەیە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام وێ ناچێ "جیر" پێوەندی راستەوخۆی بەم وشەوە هەبێ و پێوەندییەکە تەنیا دە هاوبەش بوونی ریشەکەیان دایە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑زرینکَ zrîng].

جیر[2] cîr [*jīr*] - "دەگەڵ "با دان" دێ [جیرە(بە) با دان] بە مانای با دانی بە گوشار، با دانی توند. هەروەها شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چیرِ çîr "توند، سفت، گرژ".خزمە دەگەڵ ↑جەڕاندن *cerandın* "بادانی توند و بە گوشار".

جیرە cîre [*jīra*] - "مووچە، بەرات": دە زمانی کوردمادیدا "مووچە و بڕانە"ش دەگوترێ و وشەی بڕانە دەچێتەوە سەر "بڕین" و دە بنچینەدا واتا ئەو بەشەی بۆ یەکێک دەبڕدرێتەوە. وشەی جیرە cîre ش خزمە دەگەڵ share (E.) "بەش" و دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) * sker- >*** "بڕین، لەت کردن، لێکردنەوە". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑جار2 car- "پاشگری پڕانی و زۆر و زەوندی" [کەماجار، گیاجار].

جیرە cîre [*jīra*] - "دەنگی شتی لە تەختە دروست کراوی شەق و شڕ": خزمە دەگەڵ gieren (G.) "جیرە کردن". رەنگە وشەکە دە بنچینەدا لاسا کردنەوەی دەنکَ بووبێ.

جیق cîq [*jīq*] - "جیق دەرهاتن" بە مانای "مردن" بەهۆی گوشار و پاڵەپەستۆ بە کار دێ. وشەکە زۆرجار دەگەڵ "فیق" دێ [جیق و فیق cîq u fîq]. وشەی جیق cîq هەمان زیقە zîq(e) یە، [دە فارسیدا: جیغ jīġ (P.)]. "فیق"یش هەمان *فک* "گریان"ە و پێوەندی بە *فکین* "گریان و ناڵین"ەوە هەیە. دە بنەڕەتدا مەبەست زیقاندن و گریان لەبن زەخت و زۆردا بووە. دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا ئەم دوو مانایەی خوارەوە بۆ "جیق" کراوە: 1- هەناو، بە فارسی: "امعا و احشا"، [ئەو لام تات و ئەم لام تات، وەی بابە جیقم دەرهات] 2- دەنگی ناچاری لە زۆر بۆ هاتن [بجیقێنی بفیقێنی پووڵ چەرموگم پێ داوی، هەر ئەتخۆم]. وەک ئەم مانای دووەمە ئاشکرای دەکا، "جیق" و "زیق" دوو شێوەی جیاواز لە یەک وشەن.

سەبارەت بە مانای یەکەم دەتوانین ئەم شیمانە بخەینە ڕوو کە لەوانەیە دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی "جیق" هەبووبێ، لەبەر هاوشێوەیی و پێوەندی ماناکان بەیەکەوە، واتا "زیقاندن و پان و پڵچ بوونەوە لەبن زەختدا"، ئەم دوو وشەیە لێکدرابن و وەک یەک وشەیان لێ هاتبێ. ئەگەر ئەم شیمانەیە ڕاست بێ، ئەوا "جیق"ەکەی دیکە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑جووقە cuqe "ژیان، گیان" و لەم مانایەشەوە مانای "هەناو، ناوسک" سەری هەڵدابێ

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "گیان" و "سک" دەتوانین ئاماژە بە دوو وشەی خوارەوە بکەین کە پێکەوە خزمن، واتا Leben (.G) "ژیان" و Leib (.G) "لەش، سک". دە زمانی کوردمادیشدا "گیان" بە مانای لەش بەکار دەهێنرێ و بۆ وێنە دەگوترێ "هەموو گیانی بریندار بووە"].

جیقنە cîqne *[jīqna]* - "ریخنە، پیسایی پەڵەوەر": بنەوشەی -cî(q) خزمە دەگەڵ ↑شیاکە sîyake "ریخ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ scheißen (.G)، shit (.E)، skita (.Sw)، schijten (.Nl)، scizan (.OG) "رین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *skei- >*** "لێبوونەوە، جوێ بوونەوە". دیارە مەبەست لە وشەکە دە بنچینەدا ئەو شتە بووە کە لە لەشی گیانلەبەر جیا دەبێتەوە یا خود لێی دەردەچێ. دە زمانی کوردمادی دا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑جودا cuda و ↑شێ şê [شێ کردنەوە واتا لێک جودا کردنەوە] و گەلێک وشەی دیکە. وێ دەچێ دە زمانی کوردمادی بەرێدا وشەیەک هەبووبێ وەک "جیقان" یان "شیکان" بە مانای "ریان". ئەوەی ئەم بۆچوونەمان لا دروست دەکا، وێکچوونی وشە کوردماییەکە دەگەڵ ئەو کردارانەیە کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا مانای "ریان" دەبەخشن.

جیقە cîqe *[jīqa]* -" 1- دەنگی لاواز بە هۆی ڕێکگوشینەوە2- جووکەی پەڵەوەر": دە فارسیدا بۆ هەردوو مانا جیک jīk (.P). خزمە دەگەڵ ↑جووکە cuke.

جیکڵدان cîkıldan *[jīkıldān]* - "سیکەتۆرە": جیک + ڵ + دان cîk + ıl + dan. چیکڵدان çîkıldan یش دەگوترێ کەرتی جیک -cîk شێوەیەکی دیکەیە لە ↑سیق sîq یان سیک sîk کە لە وشەی ↑سیکەتۆرە sîketore دا دەیبینین و هەروەها شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زیخ zîx "ورکەبەرد". پاشگری -ıl پاشگری گچکاندنە. کەرتی ↑دان dan ئاماژە بە "تێدا بوون، جێگیر بوون" دەکا، وەک لە وشەکانی "چادان"، "خوێدان"، "قەندان" و هتد. "جیکڵدان" ئەو شوێنەیە کە خیز و ورکەبەردی هەزم نەکراوی ناو سکی پەلەوەر تێیدا کۆ دەبێتەوە. "سیکەتۆرە"ش کە وشەیەکی دیکەیە بۆ ئەم مەبەستە، دە بنەڕەتدا بە مانای "تووڕەکەی سیق یان زیخ"ە. لە لایەکی دیکەوە وشەی "جیکڵدان" دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "سەبر، بەرگە، حەوسەلە"ش بە کار دەهێنرێ. ئەم مانایە لەمەوە هاتووە کە مرۆڤی بەسەبر و بەرگەگر دەتوانی شتی سەخت و ناخۆش [گیرە و کێشە] لەناو خوێدا رابگرێ [هەڵبگرێ] و ورەوردە بەسەریدا زاڵ بێ و حەلی بکا، هەروەک چۆن پەلەوەریش زیخەکانی ناوسکی لە شوێنێکدا هەڵدەگرێ و بەرەبەرە دەیان تاوێنێتەوە.

[تێتبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Geduld (.G) بە مانا "سەبر و حەوسەلە" بەکار دێ و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بلیند کردن، *هەڵگرتن*، هەڵسەنگاندن". وشەی "بەرگە"ی کوردمادیش پێوەندی بەم چەمکەوە هەیە].

جیل cîl *[jīl]* - "لاستیک": شێوەیەکی دیکە لە ↑جیر[1] cîr.

جینچک cînčık [*jīnčık* - "هەڵتروشکان": بڕوانە ↑چینچکان çînçıkan "هەڵتروشکان".

جینگڵ cîngıl [*jīngıl* - جینگڵ لە خۆدان واتا خۆبادان، خۆ هەڵسووراندن. ئەم وشەیە بۆ تلانەوە و جم و جۆڵ وخۆ وەرسووڕانەوەی مرۆڤ لە کاتی خەوزڕاندا و هەروەها بۆ جووڵانەوەی تایبەتی مار بەکاردەهێنرێ کە خۆی بەم لا و ئەولادا تەکان دەدا [جینگڵان دەدا]. وشەکە بە شێوەی ↑گینگڵ gîngıl و ↑شنگڵ şıngıl یش دەگوترێ. هەروەها دەڵێن فڵانە کەس شنگڵێکی لە خۆ دا واتا بزاڤێک و تەکاتێکی (بەهێزی) بە خۆی دا بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کارێک و نیشان دانی کارامەیی لەم کارەدا. هەروەها

وشەکە خزمە دەگەڵ ↑شەنگۆڵ şengol "شاد و بەکەیف، وە زەوق و شەوق هاتوو" [دەبنەڕەتدا: وە جم وجۆڵ کەوتوو لە خۆشیان]. ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ چەند وشەی ژێرمەنی وەک schwingen (G.)، swingan (OG.)، swingen (MNl.)، swing (E.) "بە هێز تەکان دان یان لەراندنەوە"، Schwingung (G.) "لەرە، نەوەسان"، Schwung (G.) "بزاڤێکی بەهێز و خێرا"، seng (OIs.) "باریک، زراڤ، شلومل" [شەنگ؟]، schwanken (G.) "بزووتن بەم لا و لادا، نەوەسان کردن، لەنجە و لار کردن"، zwenken (NL.) "وەرسووران"، svencan (OE.) "لێدان، شکەنجەدان" [دە بنەڕەتدا: خۆ بادان و خۆ بەم لاو ئەو لادا وەرسووڕاندن لە بەر ئێش و ئازار؟]، schwach (G.) "بێهێز،لاواز" [دە بنەڕەتدا: شل و شەوێق، لەق و تەق]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suen- >*** "چەمانەوە، جوولانەوە، لەرینەوە، جمین". بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەندییانەی سەرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە دەبێ وشەکانی ↑شەنگ şeng [شۆخ و شەنگ] و هەروەها شنگ şıng [یان↑ئەسپینگ (e)spîng]، ↑شنە şıne "لەرەی بایەکی سووک" و لەوانەشە ↑شنگ ışng "زۆر، هێز، تاقەت" پێوەندیان بەم ریشەوە هەبێ. خاڵی هاوبەشی "شەنگ" [شەنگەبێری] و "شنگ" [ئەسپینگ] و "شنە"ی با لەوەدایە کە ئەوانە هەموویان زراڤ، ناسک، شلومل و بە لەنجە و لارن. جگە لەمانە چەند وشەیکی دیکەش پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە، وەک ↑جمین cımîn "بزووتن، جووڵان" و چەندین وشەی دیکە وەک ↑سەما sema [خۆ با دان لە خۆشیان] و ↑چمە çıme "کلک" و ↑دوو *dū* "کلک" و هتد.

جینگن cîngın *[jīngın]* - "شەڕانی": دەچێتەوە سەر وشەی ↑جەنگ ceng.

جیو cîw *[jīw]* - "ژیان": خزمە دەگەڵ ↑ژین jîn و↑جیوە cîwe و↑جووقە cuqe.

جیۆ cîwe 1 *[jīwa]* - "ناوی کانزایەک": ↑ژووقە juwe و ↑زاوق zawıq ش دەگوترێ. دە زمانی فارسیدا جیوە cîve و زیبق zeybeq (P.). دە زمانە ژێرمەنییەکاندا ناوی ئەم کانزایە دەبێتە Quecksilber (G.)، cwicseolfor (OE.)، quicksilver (E.) و هتد. مانای ئەم وشە ژێرمەنییانە دە بنەڕەتدا دەبێتە "زێوی (سەر) زیندوو، زێوی چالاک و بزۆز". ئەم کانزایە رەنگیکی زێوینی هەیە و بە ناوبانگە بە چالاک و بزۆز بوون و هەر بۆیەش بەم جۆرە ناودێر کراوە. دە زمانی کوردمادیشدا بە کەسێک زۆر بزۆز بێ، دەگوترێ "دەڵێی جیوەی تێ کراوە". کەرتی دووەمی وشە ژێرمەنییەکان مانای "زێو" دەدا و کەرتی یەکەم خۆی بە تەنیا مانای "چوست و چالاک، خێرا" دەدا [دەبنەڕەتدا بە مانای "زیندوو، سەرزیندوو"]، خزمە دەگەڵ جیۆە cîwe یان زاوق zawıq و دواتر دەگەڵ ↑ژین jîn ، ↑ژیان jîyan و↑گیان gîyan دە زمانی کوردمادیدا و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ژیان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) * guei- >*** "ژین، ژیان، گیان". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑جیو cîw "ژیان".

جیۆ cîwe 2 *[jīwa]* - "شیرەی دار": ئەم وشەیە چ پێوەندییەکی بە "جیوە"ی کانزاوە نییە و شێوەکانیان تەنیا بە رێکەوت لێک دەچێ. شێوەیەکی دیکە لە ↑جەوک cewk یان جەوی cewî.

جیهان cîhan *[jīhān]* - "گەردوون": جهان jahān (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ sein (G.)، sin (OG.) "بوون"، sánti (OIn.) "هەن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *es- >*** "بوون".

جێز cez *[jez]* - "کۆی خەرمان": خزمە دەگەڵ ↑جۆخین coxîn.

جێژن cejın *[ježın]* - "رۆژی پیرۆز و شادی": جەشن ceşın و گێژن gêjın یش دەگوترێ. جشن jaşn (P.). دەچێتەوە سەر yasn (Pl.) و yasna (Aw.) "پەرەستن، دووعا، جەژن"، yast و yašt (Pl.) "دووعا"، yaştan و yazītan (Pl.) و yaz- (Aw.)، yad- (OP.) "دووعا کردن، پەرستن، عیبادەت کردن". [بڕوانە عەلی نانەوازادە، فەرهەنگی پەهلەوی، ل. 319]. وەک دەردەکەوێ "جێژن" دە بنەڕەتدا ئاهەنگی دووعا و پەرەستن بووە کە باو و باپیرانی کوردان و گەلانی دیکەی ئەم دەڤەرە لە رۆژ یان رۆژاتێکی دیاریکراودا بەرێوەیان بردووە کە بێگومان لەپاڵ لایەنە ئایینەکەدا لایەنی شادی کردنی بەکۆمەڵیشی هەبووە، هەر وەک جێژنە ئایینەکانی ئەم سەردەمە. لەپێوەندی دەگەڵ ئەم وشەیەدا چەند وشەی

ئەمرۆی زمانی کوردمادی وەک ↑یەزدان yezdan و یەزیدی yezîdî [ئێزیدی ezdî] سەرنج رادەکێشن. دە "فەرهەنگی پەهلەوی"دا هەروەها ئەم وشانەی خوارەوە باس کراون: yazat (Pl.) و yazata (Aw.) "ئێزەد، فریشتە، شیاوی پەرستن"، yaztān (Pl.) و yazatanam (Aw.) "یەزدان، خودا". پێوەندی هەموو ئەم وشانەی سەرەوە بەیەکدی روون و ئاشکرایە. وادیارە "یەزدان" بە مانای "پەرستراو، خودا" و "یەزیدی" یان "ئێزیدی" بە مانای "پەرستکار، پێڕەوی ئایین، یەزدانپەرەست" بەکار هاتوون. سەبارەت بە ریشەی ئەو وشانە پێویستە ئاوڕێک لە وشەی "پەرستن" بدەینەوە، تاکوو بزانین ئەو وشە لە چ ریشەکەوە هاتووە و ئەوجار بگەڕێننەوە سەر وشەی "جێژن".

[وشەی پەرستن perestın خزمە دەگەڵ چەند وشە دە زمانی کوردمادیدا، وەک پرسە pırse (پرسە بۆ مردوو واتا ئاهەنگی دووعا کردن، داوا کردن و پارانەوە بۆ مردوو)، پارسە parse "سواڵ، گەدایی" (داوا کردن، پاڕانەوە)، پرسین pırsîn. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ fragen (G.) "پرسین"، forschen (G.) "توێژینەوە"، prcháti (OIn.) "دەپرسێت"، poscere (L.) "داوا کردن، داخواز کردن"، precari (L.) "تکا کردن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *per(e)k- (IE.)* "بە شوێندا گەڕان، تۆژینەوە، پرسین، داوا کردن، تکا کردن، پارانەوە"].

پاش ئەم تێبینییە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دەتوانین شیمانەی ئەوە بکەین کە وشەی "جێژن" و وشە خزمەکانی ئەویش لە ریشەیەکەوە هاتبن کە مانەیەکی ئەوتۆی هەبێ. گەر سەیری ریشە جیاوازەکان بکەین، تووشی ریشەیەک دەبین کە چ لە باری شێوە و چ لەباری ماناوە نیزیکی زۆر دەگەڵ ئەم وشانە نیشان دەدا، واتا ریشەی ***ais- (IE.)** > "وە شوێن کەوتن، تێکۆشان بۆ، حەز کردن". چەندین وشە دە زمانی کوردمادی و زمانەکانی دیکەدا لەم ریشەوە هاتوون کە وێکچووتێکی زۆر دەگەڵ وشەکانی بەرباس نیشان دەدەن، وەک ↑حەز ħez "ئارەزوو، خواستی و داوای بەتین، ئەڤین"، دە زمانی فارسیدا āz (P.) "تەماحکار، حەریس، چاونەزێر"، کاش kāš (P.) "خۆزگە"، heischen (G.)، eiscōn (OG.)، ask (E.)، āscian (OE.) "داوا کردن، پرسین"، iskat (Rus.)، iskati (OSl.) "وە شوێن کەوتن، داوا کردن"، icháti (OIn.) "وە شوێن کەوتن، حەز و ئارەزوو کردن". لەم تێڕوانینەوە مانای بنەڕەتی "یەزدان" دەبێتە ئەو هێزەی کە داوای لێکراوە [پەرستراوە، حەزی لێکراوە] و "جێژن" یش دەبێتە ئاهەنگی داواکاری یاخود تکا و پاڕانەوە لە یەزدان.

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە ئاوڕێک لە بنەوشەی -yaz (Aw.) و -yad (OP.) "دووعا کردن، پەرستن، عیبادەت کردن" بدەینەوە. بنەوشەی -yad بە تەواوی دەگەڵ وشەی ↑یاد yad "بیر، بیرەوەری" دە زمانی کوردمادی و فارسیدا رێک دەکەوێ. زۆر وێ دەچێ کە "یاد" شێوەیەکی دیکە بێ لە حەز ħez. لەم تێڕوانینەوە مەبەست لە "یاد کردن" دە بنەڕەتدا حەز کردن لە شتێک یان کەسێک بووە، واتا کاتێک کەسێک یان شتێک بزر بووە، ئارەزوومەندانە بیری لێ کراوەتەوە و خۆزگەی دیتنەوەی کراوە.

جێل cel *[jel]* - "لاو، جوان، جەوان": کورتکراوەی جحێل cıħêl. "جحێل" خۆی دەچێتەوە سەر ***جاهل*** *jahil* (Arb.) "نەزان". مەبەست ئاماژە کردنە بە کەم ئەزموونی مرۆڤی لاو. دە زمانی عەڕەبیدا جیل jīl (Arb.) بە مانای "بەرە، وەچە، نەسل" بەکار دێ. ئەم وشەیە دەشێ لە جێل cel وەرگیرابێ، واتا هەرچەند وشەکە خۆی ریشەی عەڕەبی هەیە، بەڵام وشە کوردێنراوەکە بە مانایەکی بڕێک جیاواز دیسان چۆتەوە ناو زمانی عەڕەبی.

[تێبینی: دوو چەمکی "لاو، جوان" و "بەرە، وەچە، نەسل" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و هەر بۆیە ئەو وشانەی دەربڕی ئەم چەمکانەن، لە ریشەیەکەوە پەیدا بوون. بۆ وێنە وشەی وەچە "نەسل" خزمە دەگەڵ "بێچوو". وشەی Generation "نەسل" دە زمانە ئەورووپییەکاندا ریشەی لاتینی هەیە و خزمە لەگەڵ "زان" و "زارۆک" دە زمانی کوردمادیدا].

چ (Ç)

çı چ *[čı]* - "جێناوێک": دە فارسیدا چە (P.) če. خزمە دەگەڵ هێندێک جێناوی دیکە وەک ↑چەوا çewa، ↑کوا kuwa، ↑کوو ku (چوو çu)، ↑کەی key، ↑کێ ke و هتد. ئەم وشانە دەگەڵ هاوتاکانیان دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *k(w)i- >*** "چی، چەوا، کەی".

çayî چا *[čā]* - "بەری پنچکێکە دە ئاوی کوڵاو دا دەمی دەکەن": چایی çayî یش دەگوترێ. ئەسڵی وشەکە دە زمانی چینیدا chha (Chin.) یە. زۆربەی زمانە هیندوئەوروپییەکاندا ئەم وشەیان وەرگرتووە وبە شێوەی جۆربەجۆر بەکاری دێنن.

çabuk چابوک *[čābuk]* - "خێرا، لەش سووک": دە فارسیدا چابک čābok (P.). خزمە دەگەڵ ↑سووک suk/ سڤک sıvık [سبک sebok (P.)].

çap چاپ *[čāp]* - "1- شەقڵی خەرمان 2- نووسینی بە دەزگا": دە فارسیدا چاپ çap "نووسینی بە دەزگا". [لە پێشدا تێبینییەک: دە زمانی ئاڵمانیدا چاپ کردن دەبێتە drucken (G.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Druck (G.) "گوشار، پاڵ، پەستان". دە زمانی ئینگلیزیدا press (E.) "چاپ" بە کار دەهێندرێ کە دە بنەڕەتدا مانای "گوشار و پاڵەپەستۆ" دەدا. ئەم پێوەندییە لێرەوە دروست بووە کە سەرەتا لە پیشەسازی چاپدا بە پێچەوانەی نووسینی بە دەست، شەقڵی پیتەکان، چێ کراو لەسەر تەختە یان ئاسن، بە گوشار خراوەنەتە سەر کاغەز]. ئەگەر ئەم پێوەندییانە لەبەرچاو بگرین، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دە زمانی کوردمادی و فارسیشدا وشەکە دەبێ سەرەتا مانایەکی لەم چەشنەی هەبووبێ. ئەم مانایە دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا دە هێندێک وشەدا دەبینرێ. ژمارەیەک لەم وشانە لەژێر↑شەپ şep دا باس کراون و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *skeub- >*** "پاڵ پێوەنان، ڕامالین، هاویشتن، پێدادان".

çat[1] چات *[čāt]* - "لەتەپەڕۆ، شریتی پاک کردنەوەی تفەنگێ": خزمە دەگەڵ ↑چەتفە çetfe.

çat[2] چات *[čāt]* - چات کرد ن واتا "پەڕاندن، تیر هاویشتنە سەر مێ". خزمە دەگەڵ ↑چات[1] çat "لەتەپەڕۆ، شریتی تفەنگێ پاک کردنەوە". ئەم دوو "چات"ە هەرچەند لە مانادا زۆر لێک جیاوازن، بەڵام دە ریشەدا دەگەنەوە یەک. هەردووک وشە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)kēu- >*** "دەرپەڕاندن، بە زۆر ناردنە پێش، رە پاڵ نان، راو نان، پەلە کردن".

çatme چاتمە *[čātma]* - "پێک هەڵپەساردنی تفەنگان": خزمە دەگەڵ stemmen (G.) و (Nl.)، forstemmen (OE.)، stämma (Sw.) "وەستاندن، پاڵ پێوەدان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) ste(h)ā- >*** satme "هەڵەنگوتن". هەروەها بڕوانە ↑ساتمە "وەستان، وەستاندن، دانان".

çax چاخ *[čāx]* - "سەردەم، رۆژگار": ئەم وشەیە، تا ئەو جێگەی من زانیاریم هەبێ، بە مانای "دەم، کات" نییە، بەڵکوو بە مانای "سەردەم، دەوران" بەکار دێ، بۆ وێنە دەگوترێ "چاخی بەردین"، بەڵام ناگوترێ "چاخی نان خواردنی بەیانی"! واتا وشەکە ئاماژە بە "دەورەیەکی زەمانی" دەکا، نەک بە "دەمێکی کورت و کەمخایەن". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑چەرخ çerx [کۆنتر چەخر çexır بووە]. "چەرخ"یش دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "سەردەم، سەدە" بەکار دەهێنرێ، وەک "چەرخی بیستەم".

çax چاخ *[čāx]* - "ساز، تەیار، چێکراو": [سەبیلەکە چاخ کە]. شێوەیەکی دیکە لە ↑ساز saz. ↑چاک çak و↑ ساخ sax یش لەم پێوەندییەدا جێ دەگرن.

çax چاخ *[čāx]* - "قەباڵەی ملک": ↑بنچاخ bınçax یش دەگوترێ. کەرتی بن bın لە وشەی "بنچاخ"دا وەک پێشگری -ur دە زمانی ئەڵمانیدا وایە و ئاماژە دەکا بە دەسپێک و بنەڕەت [وەک Urkunde "بنچاخ،

سەنەد، مەدرەک“، Ursprung ”سەرچاوە، بنەچەکە“ و هتد]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە ”شەقڵ، مۆر، وێنە، ئەسک“ دەکەن، وەک ↑شەقڵ şeqıl ”مۆر“، ↑ئەسک esık [ئە- سک] ”وێنە، عەکس“. کەوابوو چاخ یان بنچاخ ئاماژەیە بەو وێنە یان مۆرە فەرمییە کە لەسەر قەباڵەکە دراوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و لەوانەیە پشتاوپشت وەک سەنەد و مەدرەک پشتی پێدەبەسترێ.

چاخان çaxan *[čāxān]* - ”لاف و گەزاف“: چاخان čāxān (P.). خزمە دەگەڵ سخن soxan (P.) و ↑سۆز soz [سوێز suwez] واتا ”قسە“. دە کوردمادیدا باوە دەڵێن ”ئەو قسانە هەمووی سوێزن“، واتا ئەو قسانە هەر قسەن و ناچنە بواری کردەوە.

چاخمە çaxme *[čāxma]* - ”ئاڵقەی کانزا کە دەخرێتە کونی کەمەربەندەوە“: بنەوشەی چاخ çax- دەشێ پێوەندی هەبێ بە هێندێک وشەی وەک ↑جەغز ceğız، ↑یەخە yexe، یوغ yūğ (P.) ”کەڵەوە“. ئەم وشانە هەموو ئاماژە بە فۆرمی ئاڵقەیی دەکەن.

چاتۆڵ çatol *[čātol]* - ”خێوەتی تەنکی هاوینە“: شێوەیەکی دیکە لە ↑چادر çadır.

چادر çadır *[čādır]* - ”1- پەڕۆی داپۆشین 2- خێوەت“: دە فارسیدا چادر čādor (P.) ”چارشێو“. خزمە دەگەڵ Schatten (G.)، scato (OG.)، shade و shadow (E.)، scadus (Gt.)، schaduw (Nl.)، scath (OIr.) ”سێ، سایە“، سەر بە ریشەی ***(IE.) *skot- >*** ”تاریکایی، سێبەر“. skodde (Nor.) ”تەم و مژ“ دەچێتەوە سەر ئەم ریشەیە [ڕەنگە وشەی scottland لێرەوە هاتبێ بە مانای ”وڵاتی تەم و مژ، وڵاتی سێبەر یان تاریک“؟]. هەروەها skotos (Gr.) ”تاریک“ پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑چەتر çetır و ↑چادر çadır ”خێوەت، پەڕۆی داپۆشین“، ↑ستر2 sıtır ”(دا)پۆشینی نهێنی“، ↑ستره sıtre ”کەوای کورتی سەر جلیقە“. دیارە ”چادر“ و ”چەتر“ سێبەر و تاریکایی دروست دەکەن و بۆیەش وەسا بەناو کراون. شیاوی سەرنجە کە دە زمانی یۆنانیدا skotos (Gr.) ”تاریک“، skiđ (Gr.) ”سێبەر“ پێوەندی ئەم چەمکانە بەیەکەوە نیشان دەدەن.

چار car 1 *[čār]* - ”ئەژماری چوار“: ↑چوار cuwar.

چار car 2 *[čār]* - کورتکراوی ↑چادر çadır دە هێندێک وشەدا وەک چارشێو، چارۆکە.

چار çar 3 *[čār]* - ”مەڕی رەش، مەڕی رەشی گوێ سپی“: خزمە دەگەڵ ↑چوڕ çur [چوڕی شیر ”سپیایی بێگەردی شیر“].

چارچەقڵی çarçeqlî *[čārčaqlī]* - ”چوارپەل“: چار çar [↑چوار cuwar] + چەقڵی çeqlî + çar. ”چەقڵی“ خزمە دەگەڵ ↑شەق şeq ”لاق“. شیاوی باسە کە ↑چاق çaq دە زمانی کوردمادیدا بە مانای ”لینکَ، لاق“ بەکار دێ.

چارداغ çardağ *[čārdāġ]* - ”کۆخی ناو باخ و بێستان“: چار + داغ çar + dağ. داغ شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تیغە tîğe ”دیوار، لەمپەر“. لەم تێڕوانینەوە چارداغ ماناکەی دەبێتە ”چواردیواری“.

چارشێو çarşêw *[čāršew]* - ”پەڕۆی بەخۆ دادانی ژنان“: دە فارسیدا چادرشب čādoršab (P.). پێک هاتووە لە چار [چادر] + شێو çar + şêw. شێو şêw شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شەو şew. مەبەست لە ”چادرشەو“ یاخود چارشێو ئاماژە بە رەنگی رەشی پەڕۆیە.

چارک çark *[čārk]* - ”برینکَ“: خزمە دەگەڵ Schere (G.)، shears (E.)، skra i (OIs.) ”چارک، برینک، مەقەست“، scār (OG.) ”کێرد، چارک“، scheren (G.) ”هەڵپاچین“، skriti (Lit.) ”هەڵپاچین، لێکردنەوە“، scaraim (OIr.) ”لێی دەکەمەوە، جوێی دەکەمەوە“. ئەم وشانە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** ”بڕین، هەڵپاچین“. ئەم ریشەیە یەکێکە لەو ریشانەی کە چ دە زمانی کوردمادیدا و چ دە زمانە هیندوئەوروپییەکانی دیکەدا گەلێک لک و پۆی لێ بۆتەوە و بە دەیان وشەی جۆربەجۆری لێ کەوتۆتەوە. هێندێک لەم وشانە دە زمانی کوردمادیدا بریتین لە ↑کێرد kerd، ↑شڕ şır [شڕ و درِ]، ↑کەرت kert ”لەت، پاژ، دەستە“، ↑کرتاندن kırtandın [قرتاندن qırtandın]، زار zar [زەوی و زار zewî u

zar- "زار" - ده بنەڕەتدا واتا "کەرتەزەوی"، ↑هەوجار hewcar [هەو-جار hew-car] "ئاسنی کێڵانی زەوی"، ↑شیر şîr "ئامێری شەڕ" و هتد.

چاروە çarwe *[čārwa]* - "چەقەنە، دوو پارچە کانزا بۆ دەنکۆ لێهێنان دە قامکەکانی دەکەن و لێکی دەدن": بنەوشەی چار-çar خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑چرکیان çırkîyan "بزوان، تەکان خواردن".

[تێبینی: ناوەکەی دیکەی ئەم ئامرازە چەقەنە çeqene یە و ئەمیش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "راوەشاندن، تەکان دان"].

چارە1 care *[čāra]* - "دەموچاو، سوورەت": چڕ çır یش دەگوترێ [چڕ و چاو çır û çaw یان چڕ و تیوچاوان]. دە فارسیدا چهره čehre (P.). ئەم وشەیە لە ↑چار car بە مانای "چوار" وەگیراوە و دە بنچینەدا مەبەست وێچواندنی دەموچاو بە شتێکی چوارلایی یاخود بە وێنەیەکی ئەندازەیی لاکێشەییە. دە زمانی فەرانسەییشدا carré (Fr.) بە مانای "چوارگۆش" و هەروەها بە مانای "چار(ە)" دێ. ئەم وشەیەی زمانی کوردمادی چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە صورة sūra(t) (Arb.). دیارە زمانی عەرەبی فۆتیمی ç ی تێدا نییە و بۆیە ئەم فۆتیمە لەوێدا بووەتە s. ئەگەر وشەکە بە ئەسڵ عەرەبی بایە، پێویست نەدەبوو فۆتیمی s دە کوردمادیدا بکرێتە ç.

چارە2 çare *[čāra]* - "1- عیلاج، چاک کردن(ەوە) 2- بەخت": چارە čāra (P.)، čar (Pl.)، čārā (Av.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ heil (G.) "ساغ" و heilen (G.) "چاک کردنەوە، ساغ کردنەوە"، whole (E.) "تەواو، گشت، ساغ" و hale (E.) "تەرو تازە، دانەهێزراو"، hel (Sw.) "تەواو، گشت"، Heil (G.) و heill (OIs.) "ساغی، بەخت، بەختەوەری، رزگاری". لەم تێڕوانینەوە چارەکردن دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای *چاک کردنەوە* (ساغ کردنەوە) ی کەسێکی ناساخ یان رزگار کردنی کەسێک لە رەوشێکی نالەبار و یان *چاک کردنی* بارودۆخێکی ناهەموار بووبێ. ئەم وشە ژێرمەنییانە بەگوێرەی بۆچوونێک دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *keilos- >*** "تەواو، گشت". چڵ çıl [نیوەچڵ واتا نیوە لە گشت، ناتەواو]. دە زمانی کوردمادیدا ↑چڵ çıl "ساز، تەواو، دروست کراو" [نیوەچڵ واتا ناتەواو، نیوەساز] و هەروەها ↑چڵیان çılîyan "دروست بوون، ساز بوون، تەواو بوون" پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە. وەک لە مانای وشە ژێرمەنییەکاندا دەبینین، وشەکە هاوکات مانای "بەخت" یش دەدا. ئەم مانایە دە زمانی کوردمادی و فارسیشدا پارێزراوە، کاتێک دەڵێین چارەرەش çarenus، ↑چارەنووس çarenus، بێچارە beçare. دیارە لەم وشانەدا "چارە" ئاماژە بە "بەخت " دەکا، بەختێکی رەش یان بەختێکی لەپێشەوە نووسراو [دیاریکراو] و هتد.

چارەنووس çarenus *[āčranūs]* - "بەخت و بەسەرهات": چارە + نووس çare + nus. ↑چارە2 çare واتا "بەخت " و "چارەنووس" واتا بەختی نووسراو. مەبەست ئەوەیە بەختی هەر کەس لە پێشەوە دیاری کراوە.

چاق1 çaq *[āčq]* - "قەڵەو": چاق çaq (P.). شێوەیەکی دیکە لە ↑تۆخ2 tox "قەڵەو، توند، بەهێز".

چاق2 çaq *[āčq]* - "لینکۆ، لاق": خزمە دەگەڵ ↑شەق şeq "پێڵاقە" [دە بنەڕەتدا لاق لێدان یان بە لاق لێدان]، ↑چۆک çok و *ساق* saq (P.) "لای خوارەوی لاق".

چاک1 çak *[čāk]* - "باش، دروست، ساز": ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیدا بە چەند شێوەیەک [و بە چەند مانایەکی بڕێک جیاواز، بەڵام هاوپێوەندن] خۆ نیشان دەدا، وەک چاک çak، ↑چاخ çax، ↑*ساخ* *sax*(ساغ sağ)، ↑ساز saz. دە زمانی فارسیدا بنەوشەکە بە دوو شێوەی ساخ -sax و ساز -saz دە کرداری ساختن sāxtan (P.) و می سازم mīsāzam (P.) دا دەردەکەوێ و ماناکەی دەبێتە "ساز کردن، چێ کردن، دروست کردن". وا دەردەکەوێ مانای بنەڕەتی وشەکە "دروست کردن، چێ کردن" بووبێ و لەوێوە ماناکانی دیکە وەک ساغ [تەندروست] و چاک [راست و دروست] و چاکە [راستی و دروستی] پەیدا

بووبن. ده زمانی فارسییدا چاق čāq (P.) یش هەیە [چاق سلامتی čāqsalāmatī واتا "چاک و خۆشی"].
ئەم "چاق"ە ی زمانی فارسی پێوەندی بە "چاق" بە مانای "قەڵەو" نییە. مەبەست لە "چاق سلامتی" و "چاک و خۆشی" کوردمادی دەبنەڕەتدا ئەوەیە کە مرۆڤ لە کاتی پێک گەیشتندا لە *ساغی* و تەندروستی یەکتر دەپرسێ و هەروەها ساغی و خۆشی بۆ یەکتر ئارەزوو دەکا.

چاک2 çak *[čāk]* - "گۆڕی مرۆڤی پیرۆز، گۆڕی چاکەکار": ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە سەر ↑چاک çak بە مانای "باش، دروست، ساغ، تەواو".

[تێبینی: سەبارە بە پێوەندی چەمکەکانی باش، چاکە، ساخی، تەواو بوون و پیرۆز بوون دەتوانیین چەند وشەیەک لە زمانە ژێرمەنییەکان بە نموونە بهێنینەوە، بۆ وێنە وشەی heil (G.) "ساغ" و heilen (G.) "چاک بوونەوە، ساغ بوونەوە"، whole (E.) " تەواو، گشت، ساغ" و hale (E.) "تەرو تازە، دانەهێزراو"، hel (Sw.) "تەواو، گشت"، Heil (G.) و heill (OIs.) "ساغی، بەختەوەری، رزگاری" و heilig (G.) و holy (E.) "پیرۆز" (ئەوشتەی ساخی و بەختەوەری دێنێ ؟). هەروەها شیاوی باسە کە گشت ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *keilos- >*** "تەواو، گشت". هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چڵ çıl "ساغ، تەواو" و "نیوەچڵ" بە مانای "ناتەواو"].

چاک3 çak *[čāk]* - "قەڵش، دەرز": دە فارسیدا چاک čāk (P.). ئەم وشەیە بە تایبەتی بۆ دەرز و قەلش لە داوێنی کراس و شتی وا بە کار دەهێندرێ. دە زمانی کوردمادیدا ↑چاکەڵ/ ↑شاقەل çakel /şaqel بەو لەتە شۆڕ و درێژانەی داوێنی جلوبەرکَ دەگوترێ کە بە هۆی دەرز تیخستن و هەڵبڕین لە یەکتر جوێ دەکرێنەوە. خزمە دەگەڵ ↑چەقۆ çeqo و ↑شەق şeq [شەق و شڕ]،↑شەقار şeqar، ↑شێ şê، ↑جیا cîya و گەلێک وشەی دیکە سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kei- >*** "بڕین، قەڵشاندن، لێک جیا کردنەوە".

چاکل(ە) çakıl *[čākıl]* - "داری سەری گوریس": خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq "دەرپەڕیو". وشەی ↑چوکلە çukle "نیشانەی سەر پیت دە ئەلفبێی کوردمادیدا" پێوەندی بەم وشەوە هەیە. ئەم نیشانەیە شێوەکەی لە "چاکلە" دەچێ.

چاکەت çaket *[čākat]* - "جۆرێک کۆت": دە ئەسڵدا دەچێتەوە سەر jacques (F.). ئەم وشەیە نازناوێک بووە بۆ جووتیارانی فەرانسەیی و دوایەش بووەتە ناوی ئەو جلکە تایبەتییەی ئەوان لەبەریان دەکرد. ئەم وشەیە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکانی دیکە و هەروەها زمانی کوردمادیش.

چاڵ1 çal *[čāl]* - "قوڵکە": دە فارسیدا چالە čāle (P.). خزمە دەگەڵ skalein (Gr.) "چاڵ دروست کردن، هەڵکەندن" و skakis (Gr.) "قووڵینکَ"، سەر بە یەکێک لە دوو ریشەی ***(IE.) *(s)kel- >*** "قەلشاندن، بڕین ، لێک جودا کردنەوە" یان ***(IE.) *skel- >*** "خوار". [قووپاوییەک لە زەویدا ؟].

چاڵ2 çal *[čāl]* - "پووش": دەگەڵ "چیلکە" یان "چڵتە" دی [چیلکە و چاڵ çîlke u çal یان چڵتە و چاڵ]. هەم چاڵ çal و هەم ↑چڵتە çılte خزمن دەگەڵ ↑چەڵتووک çeltuk "برینجی بە توێکلەوە".

چاڵاغ çalaġ *[čālāġ]* - "سڵ، تووش، رەوەک": شێوەیەکی دیکە لە ↑چڵەک çılek.

چالاک çalak *[čālāk]* - "چوست و خێرا": خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە ئاماژە بە جم و جۆلی خێرا [یان خێرایی دە جموجۆڵ دا] دەکەن، وەک ↑چەڵەکین çılekîn [راچڵەکین]، ↑چڵەک çılek "ئاژەڵی رەوەک"، ↑چلاپە çılape "قەڵەمباز، پەڕین" و هتد.

چالوو çalu *[čālū]* - "کوڕەبەش": چوالوو çuwalu و چالکَ çalıg یش دەگوترێ. ناوی ئەم ئاژەڵە بە فارسی"گورکن"ە واتا "گۆڕهەڵکەن". لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە دە زمانی کوردمادیشدا ناوی ئاژەڵەکە دەچێتەوە سەر وشەی ↑چاڵ çal "گۆڕ، قوڵکە".

[تێبینی: لە ناوەکەی دیکەی ئەم ئاژەڵەشدا، واتا "کوڕەبەش"، کەرتی "کوڕ" خزمە دەگەڵ وشەکانی قووڵ (قووڵکە) و گۆڕ. کەرتی "بەش" دەشێ خزم بێ لەگەڵ "پشکنین"، واتا ئاژەڵێک کە گۆڕ دەپشکنێ].

چام çam [*čām*] - "خواری و پێچ": شێوەیەکی دیکەیە لەچەم çem سەر بە کرداری ↑چەمانەوە çemanewe.

چان1 çan [*čān*] - "1- باگردێنی دارین بۆ ورد کردنی کڵۆش 2- جەنجەڕ": خزمە دەگەڵ ↑جنین cınîn "ورد کردن، بڕین".

چان2 çan [*čān*] - "گەسکی لە شووڵ چندراو بۆ جۆماڵ": چانە çane ش دەگوترێ. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑چنین çınîn، مەبەست لێرەدا چنینی ئامرازەکەیە.

چان3 çan [*čān*] - "زەنگوڵەی ئاگادار کردنەوە": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زەنگ zeng. وەک بنەوشە لە ↑چانکوچ çankuç "زەنگوڵە لێدان کاتی کۆچ کردنی کاروان" و ↑چانکوش çankuş "زەنگ لێدەری کلیسا" دا دەیبینین.

چاند çand [*čānd*] - "فەرهەنگ": دەچێتەوە سەر کرداری ↑چاندن çandın. [تێبینی: دە زمانە ئەورووپییەکاندا وشەی فەرهەنگ بۆ وێنە Kultur (G.) یان kulture (E.) دەچێتەوە سەر cultura (L.) بە مانای "کشتوکاڵ کردن". دە زمانی کوردمادیشدا ئەم پێوەندییە رەچاو کراوە].

چانکوچ çankuç [*čānkuč*] - "زەنگوڵە لێدان کاتی کۆچ کردنی کاروان": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چان3 çan.

چانکوش çankuş [*čānkuš*] - "مجێور یان زەنگ لێدەری کلیسا": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چان3 çan. کەرتی دووەمی وشەکە - کوش- لەوانەیە پێوەندی بە "کیشان"ەوە هەبێ، چونکوو زەنگی کلیسا پەتێکی پێوەیە کە بۆ زەنگ لێدان رایدەکێشن.

چاندن çandın [*čāndın*] - "تۆو وەشاندن": شاندن şandın یش دەگوترێ. هەروەها ↑شانین şanîn هەیە بە مانای "فڕێ دان". بنجی چان -çan / شان -şan خزمە دەگەڵ säen (G.)، saian (Gt.)، saw (E.)، sa (Sw.) "چاندن"، سەر بە ریشەی *(IE.) *se(i)- > "وەشاندن، پڕژاندن، پێوەرکردن، فڕێ دان". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑چنجک çıncık "دەنک"، ↑دان dan، ↑دەنک denık و ↑تۆو tow و هەروەها ↑هەت *het 1* "کن، نک، جەم".

چاو çaw [*čāw*] - "ئەندامی پێ دیتن": لەوانەیە پێوەندی بە یەکێک لەم ریشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ریشەی *(IE.) *(s)keu- > "سەرنج دان، ئاگا لێبوون، وشیار بوون". ئەم وشانەی خوارەوە لەم ریشەوە هاتوون: schauen (G.) "چاو لێکردن، سەرنج دان"، schouwen (Nl.) "چاو لێکردن"، show (E.) "نیشان دان"، skygn (OIs.) "وردبین، زیت"، skygna (OIs.) "سیخوڕ". ↑سیخوڕ sīxur "شۆڤار، جاسووس" دەشێ دەگەڵ ئەم وشانە خزم بێ. هەروەها وشەی جوان juwan 1 "خۆشیک" [دە بنەڕەتدا: سەرنجراکێش] پێوەندی بەم ریشەوە هەیە.

2- ریشەی *(IE.) *sek- > "هەست پێکردن، دیتن": ئەم وشانەی خوارەوە لەم ریشەوە هاتوون. sehen (G.)، sehan (OG.)، saíhan (Gt.)، see (E.)، se (Sw.) "دیتن"، مانای بنەڕەتی ریشەکە بریتییە لە"چاو بە دوودا گێڕان، (بەچاو) شوێن کەوتن". sequi (L.) "شوێن کەوتن، بەدوادا هاتن"، sácatē (OIn.) "دوای دەکەوێ، رەگەڵ دەکەوێ، بە دوادا دێ"، sekt (Let.) "شوێن کەوتن، شۆپاندن" پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە. بەم پێیە دەبینین کە لە مانای "شوێن کەوتن"ەوە مانای "بەچاو شوین کەوتن" و دواتر "دیتن" پەیدا بووە. زۆر رێی تێ دەچێ وشەی "چاو" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ، چونکوو دە زمانی کوردیدا وشەی ↑سەرچاوە serçawe هەیە کەئەم شیمانەیە بەهێز دەکا. "سەرچاوە" ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بە شۆپاندن و شوێن کەوتنی شتێک، بۆ وێنە جۆگەلەئاوێک، پێی دەگا. ئەگەر دە تیوان ئەو دوو چەمکەی سەرەوە، واتا "دیتن" و "شۆپاندن"دا پێوەندی نەبێ، چۆن دەتوانین لە وشەی "چاو"ڕا بە وشەی "سەرچاوە" بگەین کە باس لە ژێدەر و دەسپێکی شتێک دەکا؟

3- ریشەی *(IE.) *soku- >* "گوتن" [کۆنتر: "دیتن، نیشان دان"]. ↑سۆز soz "1- گفت، بڵێن 2- قسە" لەم ریشەوە هاتووە.

چاوبز çawbız *[čāwbız]* - "چاوزەق": چاو + بز çaw + bız. کەرتی بز bız- خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑بۆق boq، ↑بەس *bes*، ↑بۆش boş، ↑فیز fîz و↑فش fış هتد. گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.)*bhu- >* "ماسین، هەڵپزان، فش و فۆڵ بوون".

چاوگ çawıg *[čawıg]* - "بنەمای وشە، مەسدەر": پێوەندی هەیە بە ↑سەرچاوە serçawe و دواتر ↑*چاو çaw*.

چاونەزێر çawnezer *[čāwnazer]* - "بە تێرەیی، بە تەماح، چاوبرسی": چاو + نە + زێر ne + zer + çaw. کەرتی زێر zer- شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تێر ter [دە فارسیدا سیر sîr (P.)]. تێکڕای وشەکە دەبێتە ئەو کەسەی چاوی تێر نییە، واتا چاوبرسییە.

چاوە çawe *[čāwa]* - دەگەڵ "خانوو" دێ [چاوەخانوویەک واتا ژوورێک لە خانوو]. چاوە دەبێ ئاماژە بە "پەنجەرە" بکا لە هۆدەیەکدا کە دەبێتە مایەی رووناکایی و دیتنی دیوی دەرەوە، هەر وەک چۆن "چاو" یش لە لەشدا ئەو ئەرکەی هەیە. جا لەبەر ئەوەی هۆدەکانی پێشوو یەک پەنجەرەیان تێدابووە، ئیتر "چاوە" بووەتە هێمای هۆدەکە و چاوەیەک بە مانای ژوورێک بەکار هاتووە.

[تێبینی: لەباری مانا و چۆتیەتی دروست بوونی وشەکەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ augatora (OG.) و augadauro (Gt.) "پەنجەرە" - دە ئەسڵدا: دەرگایەکی چاوئاسا - و vindauga (OIs.) "پەنجەرە" - دە ئەسڵدا: چاوی پێداهاتنی با واتا هەوا. وشە ئیسلەندییەکە دە زمانی ئینگلیزیدا بووەتە window].

چاوەزار çawezar *[čāwazār]* - "دەرد لە چاوی پیسەوە": چشم زخم češmzaxm (P.). وەک دەبینین وشەکە دە زمانی فارسیدا "زخم"ی لەگەڵە، واتا "زام، برین". کەوابوو کەرتەوشەی "زار" دە وشە کوردماددییەکەدا چ پێوەندییەکی بە "زار" بە مانای "دەم"ەوە نییە. بەڵکوو دەبێ بە مانای "زام، برین، تێش و ئازار" بێ. کاتێک کەسێک "چاوی پیس" لە کەسێک دەدا و ئەو کەسە تووشی "چاوزار" دەکا، مەرج نییە کەسی "چاوپیس" قسەیەکی بە دەمدا هاتبێ. ئەو دەتوانێ هەر بە فکر و بیر و بەبێ زار کردنەوە "چاوی پیس لێ بدا". کەوابوو "زار" دە وشەی "چاوزار"دا، هەروەک باس کرا، ماناکەی "زام، تێش و ئازار"ە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ↑جەخار cexar1 "کەسەر، تێش و ئازار".

چایگ çayıg *[čāyıg]* - "سارد و فێنک": چیاگ çîyag یش دەگوترێ. هەروەها ↑چایین çayîn و ↑چایمانی çaymanî هەن بە مانای "سەرما بوون، نەخۆش کەوتن لە سەرمان". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑سایقە sayqe [سایەقە sayeqe] "بەستەڵەک"، دواتر دەبنە خزم دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑زستان zıstan [زڤستان zıvstan]دا باس کراون. وشەکە دەشێ بەم جۆرە گوڕانی بەسەردا هاتبێ: زاماک zamak← ساماک samak ← ساواک sawak ← ساياگ sayak ← چایگ çayıg. لەم بارەوە بەتایبەتی هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی ↑زما zıma "سەرما" و ↑زماک zımak "نسار".

چپە çıpe *[çıpa]* - "سرتە": سرپە sırpe ش دەگوترێ. چپاندن çıpandın و سرپاندن sırpandın بە مانای "سرتە کردن" دێ. هەروەها ↑چفاندن çıfandın هەیە بەمانای "سەرکۆنە کردن" [دەبنەڕەتدا: قسە پێگوتن]. وشەکە دە ئەسڵدا بە مانای "قسە کردن"ە و ئەم مانایە دە وشەکانی دواندن duwandın [↑دوان duwan] و ↑بەرسڤ bersıv [ber-sıv] "وەڵام"دا پارێزراوە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ sprächen (G.)، sprehhan (OG.)، sprecan (OE.)، speak (E.) [سەرنجی سوانەوەی فۆتیمی r بدە لە وشە ئینگلیزییەکەدا لە چاو ئینگلیزی کۆن]، spreken (Nl.) "قسە کردن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)p(h)er- >* بانگ کردن، دەنگدانەوە، زرینگانەوە". spraka (Sw.) و spraka (OIs.) "خشەخش کردن، تەپەتەپ کردن" پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. دە زمانی کوردماددیدا هەروەها چەندین وشە هەن کە مانایان لە وشە سوێدییەکە نیزیکە، وەک ↑شپ şıp یان شەپە şepe "خشە" [شپەشپ،

شەپەشەپ]، ↑شاڤین şavîn "باقاندنی کەروێشک" و هتد. دە وشەی "چپە"دا، هەروەک speak ی ئینگلیزی، فۆتیمی r سواوەتەوە. ئەسڵی وشەکە دە زمانی کوردمادیدا دەبێ *"سپرە spre*"* بووبێ و دواتر بووەتە سرپە sırpe و پاش چەند ئاڵۆگۆڕێک وشەکانی دیکە پەیدا بوون.

چتۆ çıto *[čıto]* - "چلۆن، چەوا": četor (P). چ + تۆ (ر) çı to(r) واتا بە چ شێوەیەک، بە چ ئاوایەک. پێوەندی هەیە بە ↑تەور tewır2 "جۆر، شێوە". وشەکە ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتووە: چ تەور çı tewr ← چتۆر çı tor ← چتۆ çıto.

چتێر çıter *[čıter]* - "بزنی دوو ساڵە": چتۆرçıtor و چۆشتیر çoştîr و تووشتیر tûştîr یش دەگوترێن. [↑تووشتیرtûştîr].

چچک çıçık *[čıčık]* - "1- گوانی مەمک، گۆپکەی مەمک 2- میتکە": بڕوانە ↑تەتک tetık "لەپک".

چڕ çır 1 *[čır]* - دەگەڵ "تیوچاوان" دێ [چڕ و تیوچاوان çır û newçawan]. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چارە çare "دەموچاو، بیچم".

چڕ çır 2 *[čır]* - "توند، سفت، خەست" [چڕ و پڕ، چڕەچەمان، چڕەدووکەڵ]. هەروەها ↑چیڕ çîr "توند، سفت" هەیە. دە زمانی فارسیدا چیرە čīre (P.) "زاڵ، بەدەسەڵات" مانا دەدا.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "توند، سفت" و "زاڵ، بەدەسەڵات" دەتوانین وشە خزمەکانی خوارەوە بە نموونەن بهێنینەوە: بەرد berd و پاڵەوان palewan یان سەخت sext ی کوردمادی و Sieg (G.) "زاڵ بوون" یان خار xar و کورد kurd "پاڵەوان، بەهێز"].

چڕ çır 3 *[čır]* - چڕ دان واتا بەستنی توند [چڕی دە، با نەکرێتەوە]. خزمە دەگەڵ ↑جەڕاندن cerandın "با دانی بە گوشار".

چرا çıra *[čırā]* - " کەرەسەی رووناکی بەخش": چراغ čerāġ (P.)، citra-h (OIn.).

1- دە فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی ئەڵمانیدا وشە هیندییەکە لەگەڵ heiter (G.) "رووناک، بە شەوق" هەڵسەنگێندراوە کە ئەمەش دەبێ دەگەڵ ↑شاد şad [دە بنەڕەتدا: گەشاوە] خزم بێ.

2- لە لایەکی دیکەوە رێی تێ دەچێ وشەکەخزم بێ دەگەڵ Strahl (G.)، strāla (OG.)، straal (Nl.)، strael (OE.) "تیشک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ster- >*** "لەبەر یەک کشانەوە، پەل هاویشتن، بڵاو بوونەوە". وشەی ↑(ئە)ستێرە (e)stere لەم ریشەوە هاتووە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تیرێژ tîrej

چراڤ çırav *[čırāv]* - "زنە، زەل": چر + ئاڤ çır + av. بنەوشەی "چر" لێرەدا لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە زەل zel سەر بە کرداری ↑زەلین zelîn، تیکرای وشەکە واتا زەلاو [زەلکاو].

چراوک çırawk *[čırāwk]* - "مەشغەڵ": چراوڵە çırawle ش دەگوترێ. بڕوانە ↑چرا çıra.

چرپی çırpî *[čırpī]* - "شووڵ، لقەداری باریک": جێی بەراورد کردنە دەگەڵ scripus (L.) "گیایەکی پڕلق وپۆ" و Schlif (G.) "قامیش". بەپێی بۆچوونێک وشە ژێرمەنییەکە لە وشە لاتینییەکە وەرگیراوە. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑خەڵف xelıf یشمان هەیە بە مانای "لقەداری یەکساڵە". ئەم وشەیە هەر لەپێوەندی دەگەڵ وشەکانی سەرەوە دایە و زۆریش لە وشە ئەلمانییەکە دەچێ.

چرتان çırtan *[čırtān]* - "لەجێ چوونی ئێسک": خزمە دەگەڵ ↑چرتیان çırtîyan بە مانای "دەرپەڕین، هەلبەزین" و دە بنچینەدا دەبێ مەبەست "دەرچون یاخود دەرپەڕینی ئێسک" بووبێ.

چرتاندن çırtandın *[čırtāndın]* - "قرتە لێ هێنانی پەلە پیتکە": خزمە دەگەڵ ↑چرتیان çırtîyan بە مانای "دەرپەڕین، هەلبەزین". دە بنچینەدا مەبەست دەرپەڕاندنی پەلەپیتکەیە دوای کێشان و بەردانی.

چرتک çırtık *[čırtık]* - "قەڵەمباز": خزمە دەگەڵ ↑چرتیان çırtîyan "دەرپەڕین، هەڵاتن، ون بوون".

چرتە çırte *[čırta]* - "جووڵە، بزاڤ [یکی کەم]: خزمە دەگەڵ ↑چرتیان çırtîyan بە مانای "دەرپەڕین، هەلبەزین، هەڵاتن". وشەکە دە سەرەتادا بە گشتی بە مانای "هەلبەزین، بزاڤی توند وخێرا " بووە و پاشان ماناکەی کەمێک گۆڕدراوە و بووەتە "بزاڤێکی کەم". رەنگە مەبەست لە "کەم" سەرەتا کەم بوون

لەباری کاتییەوە واتا بزاڤێکی خێرا، زۆر کورت و کەمخایەن بووبێ و دواتر لێرەوە مانای "بزاڤێکی کەم مەودا" سەری هەڵدابێ.

چرتیان çırtîyan *[čırtīyān]* - "دەرپەڕین، هەڵاتن و ون بوون": دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەی دیکەشمان هەیە کە دەگەڵ چرتیان خزمن، وەک ↑چرتک çırtık "قەڵەمباز، هەڵبەزدابەز"، ↑چرتی çırtî "بزۆز، بەهەڵبەزدابەز"، ↑چرتان çırtan "لەجێ چوونی ئێسک" [دەرچوون یاخود دەرپەڕین لە جێی خۆی]، ↑جرت cırt [جرت و فرت]، ↑چرتە çırte "جووڵە، بزاڤ"، ↑چرتاندن çırtandın "قرتە لێ هێنانی پەلەپیتکە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ start (E.) "دەست پێکردن". ئەم وشە ئینگلیزییە دە بنەڕەتدا بە مانای "بەرێ کەوتن، دەرپەڕین، بازدان، هەڵبەزین" بووە

[styrtan (OE.)]. ئەم مانایانە دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا پارێزراون، بۆ وێنە stürzen (G.)، storten (Nl.) "کەوتن، کەوتنەسەر، بەپەلە خۆ پێدادان"، sterzen (MG.) "زەق بوون، دەرپەڕین"، Sterz (G.) و هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا بە مانای "کلک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ster- >*** "سفت، توند، راست، شەق".

چرتی çırtî *[çırtî]* - "بزۆز، بە هەڵبەز و دابەز": خزمە دەگەڵ ↑چرتیان çırtîyan "دەرپەڕین، هەڵاتن، ون بوون".

چرچ çırıç *[ıçrıč]* - "ژاکاو، چین وچرووک دار": هاوریشەیە دەگەڵ shrink (E.)، skrynka (Sw.)، skrekka (Nor.) "چرچ بوون"، hrukka (OIs.)، rynke (Norw.)، rynka (Sw.)، "قەد، لۆ، چرچ و لۆچی". دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەی دیکەش پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکەن، وەک ↑چرووک çıruk، ↑چرمقین çırımqîn "هەڵقرچاو"، ↑چرمسین çırımsîn یان چڵمسین çılımsîn "ژاکاو". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ schräg (G.) "خوار و خێچ" و ↑ریق rîq "سیس هەڵاتوو، ژاکاو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "با دران، خوار بوون". وشەکانی چرمقین çırımqîn، ↑چرمسین çırımsîn یان چڵمسین çılımsîn دەتوانین دەگەڵ ئەو وشە ژێرمەنییانەی خوارەوەش بەراورد بکەین: Schrumpfen (G.)، schrumpen (Nl.)، skrumpe (Dn.)، shrimp (E.)، skórbnut (Rus.)، skirbti (Lit.) "چرچ بوون، ژاکان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *skremp- >*** "خوار بوون، با دران، چرچ بوون". ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەکەی سەرەوە، واتا *(IE.) *(s)ker-* "با دران، خوار بوون".

[تێبینی: سەبارەت پێوەندی چرچ بوون دەگەڵ خوار بوون و با دران، سەرنج بدە کە دوو وشەی "چرچ و لۆچ" زۆر جار پێکەوە دێن- لۆچ بە مانای خوار و بادراوە].

چرزەلە çırzele *[čırzala]* - " چووزەلە، چووزەرە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑چرو çıro.

چرژ çırıj *[čırıž]* - چرژ دان واتا "قەڵشان و درز بردنی شووشە". شێوەیەکی دیکەیە لە ↑درز/ دەرز dırız / derız "قەڵش".

چرژان çırıjan *[čırıžān]* - دەگەڵ پێشگری "تێک" دێ [تێک چرژان واتا چوونە ناویەکەوە، تێک بەزین و چڕ و توند بوون]. دەچێتەوە سەر وشەی ↑چڕ çır "توند، پڕ، پەیت".

چرسین çırsîn *[čırsīn]* - "رەشکە و پێشکە کردنی چاو": دە فارسیدا وشەی *سیەچردە* sīyahčarde "هەیە بە مانای "رەش تاڵە". وەک دەبینین کەرتی čarde دە وشە فارسییەکەدا دەبێ بە مانای "تار، تاریک" بێ. دەتوانین وای بۆ بچین کە بنەوشەی چەرس -çers/ چەرد -çerd پێوەندی بە کرداری ↑شاردنەوە şardınewe هەبێ.

چرک çırk *[čırk]* - "دۆشاوی خەستی دوو جار کوڵاو": دەچێتەوە سەر وشەی ↑چڕ çır "توند، پڕ، پەیت".

چرکاندن **çırkandın** [*čırkāndın*] - "دڵۆپە کردن": هەروەها چرکەمیزە çırkemîze[چڵکەمیزە çılkemîze] هەیە بە مانای دڵۆپ دڵوپ میز لێ تکان. خزمە دەگەڵ ↑چۆڕانەوە çoran(ewe) "ئاو لەبەر رۆیشتنی کەم کەم" [چلانیدن čelānīdan (P.) "چۆڕاندنەوە"].

چرکە **çırke** [*čırka*] - "1- تەکان و بزاڤێکی کەم 2- سانیە": دە بنچینەدا دەبێ بە مانای تەکان یان بزاڤێکی توند و خێرا بووبێ. خزمە دەگەڵ ↑چرکیان çırkîyan "تەکان خواردن" و ↑چڵەکین çılekîn [داچڵەکین]. مانای "سانیە" لێرەوە پەیدا بووە کە "سانیەژمار"ی سەعات هەرجارەی بزاڤێکی زۆر کەم و خێرا دەکا.

چرکیان **çırkîyan** [*čırkīyān*] - "بزووتن، تەکان خواردن": خزمە دەگەڵ ↑چڵەکین çılekîn [ڕاچڵەکین]. هەروەها ↑چرکاندن çırkandın هەیە بە مانای "چرتاندن، بزواندنی پەلەپیتکە".

چڕنووک **çırnuk** [*čırnūk*] - "نینۆکی جانەوەر": ↑چڕ + ↑نووک çır + nuk . کەرتی چڕ بەمانای "توند، سفت، گرژ "ە. مەبەست لە وشەکە دەبێ نینۆکی چڕبۆوە بێ [لێرەدا بە مانای گرژ بۆوە]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ "ددان دە چیڕەوە بردن".

چروسکە **çıruske** [*čırūska*] - ↑تروسکە tıruske.

چرووسان **çırusan** [*čırūsān*] - "درەوشانەوە": شێوەیەکی دیکە لە ↑درەوشان (ەوە) dırewşan(ewe) و خزمە دەگەڵ ↑تروسکە tıruske و ↑تیرێژ tîrej.

چرووسان(ەوە) **çırusan(ewe)** [*čırūsānawa*] - "لەڕ و لاواز بوون لەبەر رەنج و ئازاری زۆر":

1- لە لایەکەوە مەبەست لە چرووسانەوە دەتوانێ دەبنەڕەتدا سیس بوون و هیشک هەڵاتن بە هۆی کار و کوێرەوری زۆر بێ. ئەگەر ئەمە راست بێ، دەبێتە خزم دەگەڵ trocken (G.)، droog (Nl.)، dry (E.)، dryġe (OE.) "هیشک، وشک". بۆ زانیاری زورتر بڕوانە ↑ترس2 tırs "هیشک" [نانی بترسی واتا نانی بە هیشکی].

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە پێوەندی پەیدا بکا بە ↑چرووک çırûk و ↑چرچ *çırıç* "ژاکاو، چین وچرووک دار".

چرووک **çırûk** [*ıčrūk*] - "لۆ، قەد، چرچی": خزمە دەگەڵ ↑چرچ çırıç "ژاکاو، چین وچرووک دار".

چرۆ **çro** [*čro*] - "چەکەرە، لکەداری ساوا": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Spross (G.) "چرۆ، چەکەرە"، sprota (OE.) "لک، چرۆ، نینۆک"، sproti (OIs.) "لک، شوول". ئەم وشانە دواجار خزمن دەگەڵ ↑شپرزە şpırze و ↑پرژان *pırjan* سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڵاو بوون(ەوە)".

[شیاوی گوتنە کە فۆتیمەکانی sp و st زمانە ژێرمەنییەکان زۆر جار دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە ç، بۆ وێنە دە وشەکانی "چۆلەکە، چپە، چەپەر[3]، چرتیان، چۆڕانەوە، چیا، چڵ، چێڵ" و هیتردا.

چریکە **çırîke** [*čırīka*] - "دەنگی تیژی گۆرانی": خزمە دەگەڵ shrieke (E.)، scrīc (OE.)، schrīk (MG.) "قیژەی تیژ".

چڕین1 **çırîn** [*ıčrīn*] - "گۆرانی گوتن، دەنکَ هەڵبڕین": خزمە دەگەڵ ↑شیڕاندن şîrandın "قیژاندن، زیڕاندن".

چڕین2 **çırîn** [*ıčrīn*] - دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەچڕین veçırîn واتا هەڵپچڕین، بە زۆر لێکردنەوە". هەروەها ڤەچڕاندن veçırandın هەیە بە مانای "شی کردنەوە و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی خوری و لۆکە". خزمە دەگەڵ ↑دڕین *dırîn* یان ↑جڕان cıran.

چرێش **çırêş** [*čıreš*] - "جۆرێک چەسپ": هەروەها ↑زرێچ zıreç هەیە بە مانای "چەسپ". دە فارسیدا سریش (P.) serīš. دەتوانێ پێوەندی بە یەکێک لەم دوو ریشەیانەوە هەبێ:

1- *(IE.) *glei- >* "پێوە نووسان، پێکەوە نووسان، تێهەڵسوون". ئەگەر وشەکە لەم ریشەوە هاتبێ، ئەوسا دەبێتە خزم دەگڵ Klebe (G.) "چەسب" و دەگەڵ هێندێک وشەی کوردمادی وەک ↑گڵ gıl و ↑گلوو gılu و هتد.

2- *(IE) *(s)lei- >* "لیچق بوون، تەر و لووس بوون". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑سل sıl و ↑چڵپاو çılpaw و ↑چڵم çılım.

چزاندن çızandın 1 [čızāndın] - "داغ کردن": هەروەها جززە cızze هەیە کە بۆ "دەنگدان و ئاگادار کردنەوەی زارۆک لە شتی داغ" بەکار دێ. خزمە دەگەڵ سۆزیان sozyan [↑سووتان sutan، شەوتین şewtîn].

چزاندن çızandın 2 [čızāndın] - "پێوەدانی دووپشک و زەرگەتە": خزمە دەگەڵ ↑چزوو çızu "نووکی پێوەدانی دووپشک و زەگەتە و...".

چزوو çızu [čızū] - "نووکی پێوەدانی دووپشک و زەرگەتە و...":

1- دەتوانێ سەر بەو خێزانەوشەیە بێ کە ئاماژە بە چەمکی تێراچوون و تیهەڵچەقین دەکا و کۆمەڵێک وشە دەگرێتە خۆی، وەک ↑تیژ tîj، ↑چیغ çîġ، ↑تیخ tîx، ↑چقڵ çıqıl و هتد. [دە زمانەکانی دیکەشدا وشەی هاوتای "چزوو" دەچنەوە سەرئەو ریشانەی مانای "تیژی یان تێراچوون" دەبەخشن، بۆ وێنە دە فارسیدا چزوو دەبێتە "نیش" کە خۆی دەگەڵ "نووک" هاوریشەیە.

2- هەروەها ئەم وشەیە دەتوانێ پێوەندی بە ↑چووزە çuze "تیرتکی تازەی گیا"ەوە هەبێ. "چووزە" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانا "دەرپەڕین، زەق بوون". چزووی مار و دووپشک شتێکی زەق و دەرپەڕیوە و هەروەها کاتی پێوەدان دەدەپەڕێ و دەهاوێژرێ و ئەمەش شیمانەی پێوەندی وشەکە بەم خێزانەوشەوە زۆرتر دەکا.

چزیلک çızîlk [čızīlk] - "دووگی سوورەوە کراو": چزڵیک çızlîk یش دەگوترێ. هەروەها چزوبز çızûbız هەیە کە ناوی خواردنێک بوو لە ورگی لەت و پەت کراو و سوورەوەکراو دروست دەکرا و زستانان ئیمەی منداڵ لە بازار دەمان خوارد و چێژێکی تایبەتی هەبوو! بنجی چز -çız دەچێتەوە سەر ↑چزاندن çızandın 1 "داغ کردن". کەرتی بز -bız دەچێتەوە سەر ↑پێژان pejan.

چش çış [čıš] - "هیچ، هیچ نییە": خزمە دەگەڵ چس čos (P.) و ↑تس tıs "با، هەوای سک". ئەم وشانە دواجار دەبنە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz.

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ *پووچ* (هیچ و پووچ) و *بۆش* "هەڵۆڵ" کە دەبنە خزم دەگەڵ *فس* "بای سک" و *پیش* "هەناسە، بای دەم"].

چغا çığa [čıġā] - "گرد، تەپە": خزمە دەگەڵ ↑شاخ şax "کێو".

چغر çığır - "پڕایی، تێکچڕژاوی" (دارستان): خزمە دەگەڵ ↑چغوور çığûr "دارستانی چڕ و پڕ" و شخەڵ ↑چڕ çır 2 "توند، سفت، خەست".

چغوور çığûr [čıġūr] - "دارستانی چڕ و پڕ": خزمە دەگەڵ ↑چغر çığır "چڕ و پڕی (دارستان)" و ↑شخەل şıxel "بێشەی دەم رووبار"، ↑چەقاڵە çeqale "میوەی نەگەیشتوو" کە سفت و چیرە وەک چەقالەبادام، ↑چەقاڵتە çeqalte "سفت" [چەرمە چەقاڵتە]، ↑چەقە çeqe "بێشت" [دە بنەڕەتدا چیڕ، نەپس]. هەروەها وشەی ↑چقر çıqır م بیستووە کە بۆ رەنگ بەکاری دێنین [رەنگی چقر: رەنگی توند، تێر وپڕ؟]. دە زمانی فارسیدا ئەم وشانە سەرنج رادەکێشن: چقرمە čeqerme (P.) "سفت، چەسپاوی"، چگال čegāl (P.) "چڕی"، چگامە čegāme یان چکامە čekāme (P.) "هوێنراوە" [دە بنەڕەتدا وشەی تێکچڕژاو، وشەی چڕ و پڕ- هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی ئەڵمانی dicht "چڕ و پڕ" و Gedicht "هۆنراوە"]، چگل čegel (P.) "لیتە و لەجەن" و چغل čeġel (P.) "چەقاڵتە". لە لایەکی دیکەوە چەند وشەیەکی کوردمادی دیکە هەن کە پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە، وەک شخلی şıxlî "کەڵەکەبوو"، ↑شخرە şıxre "بارەگیا"،

↑شخلین şıxlîn "کەڵەکە کردن"، ↑شخەل şıxel "بێشەی دەم رووبار". لە گشت ئەم وشانەی سەرەوەدا دوو مانای سەرەکی بەدی دەکەین، یەکەم، سفت، توند، چیڕ و خەست بوون و دووەمیش، زۆر بوون، کەڵەکە بوون، مشە بوون. دیارە دە تیوان ئەو دوو مانایەدا پێوەندی نیزیک هەیە، بۆ وێنە لە ئەنجامی تێر و پڕی تراوێکدا یان دووکەڵدا خەستی دروست دەبێ. [ئەم پێوەندییە بە باشترین شێوە لە دوو وشەی هاوریشەی تەژی tejî ی کوردمادی بە مانای "پڕ" و dicht ئەڵمانی بە مانای "چڕ، سفت، خەست" دا دەبیندرێ]. دەکرێ شیمانەی ئەوە بکەین کە پێوەندییان بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑سەخت sext و ↑سەق *seq*.

2- وشەی ئەوێستایی staxra (Av.) "سفت، سەخت".

چغە çıġe *[čıġa]* - "وشەیە بۆ دەنگدانی سەکێ": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑سەکێ seg.

[تێبینی: هێندێک وشە دە زمانی کوردمادیدا کە بۆ بانکێ کردن یان دەنکێ دانی ئاژەڵەکان بە کار دێن، وەک "پشە"، "ختتە"، "وەححا" دە بنچینەدا پێوەندییان بە ناوی ئاژەڵەکەوە هەیە].

چف¹ çıv - "چەم": ↑چفان çıfan "چەمین".

چف² çıv - شێوەیەکی تازەتر لە چپە çıpe [↑چپاندن çıpandın].

چفان çıfan *[çıfān]* - "چەمانەوە": شێوەی دیکە لە ↑چەمان(ەوە) çeman(ewe).

چفاندن1 çıfandın *[çıfāndın]* - "سەرکۆنە کردن":

1- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ schimpfen (G.) "جێو دان" و skimpfen (OG.) "گەمە کردن، گاڵتە (پێ) کردن، مەسخەرە کردن". ئەم وشەیە دە زمانی ئەڵمانی و هوڵەندیدا هەیە و ریشەکەی ساخ نەکراوەتەوە.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تەپاندن tepandın "لێدان".

[تێبینی: دە زمانی فارسیدا "سرزنش" هەیە و بە کوردمادی بووەتە سەرزەنشت. لەم وشەیەشدا مانای "لێدان" خۆی حەشار داوە].

چفاندن2 çıfandın *[çıfāndın]* - "دەر کردن بە سووکایەتی": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شەپ şep دا باس کراون و دە بنەڕەتدا مانای "پاڵنان، دەرپەڕاندن، رادان" دەبەخشن.

چفاندن3 çıfandın *[çıfāndın]* - شێوەیەکی دیکە لە چەماندن çemandın. بڕوانە ↑چەمان(ەوە) çeman(ewe).

چڤیک çıvîk *[čıvīk]* - "چۆلەکە، چێشکە": شێوەی کۆنتری ↑چۆلەکە çoleke یە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها چووک çuk یش هەیە بە مانای "چۆلەکە". بنەوشەکە چڤ -çıv ە کە دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا بووەتە چۆ -ço یان چوو -çu. ئەم بنەوشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە "جم و جۆڵی خێرا، نائارام بوون" دەکەن، وەک ↑زەپرتی zepırtî "بزۆز، ئۆقرەنەگر" و ↑*زڤرین zıvrîn*[↑سووڕان suran]. پاشان پاشگری گچکاندنی ئیک -îk و لەکە -leke خراونە سەر بنەوشەکەوە. ئەم پەلەوەرە لەبەر بێئۆقرە بوونی ئەم ناوەی پێ دراوە.

چق çıq *[čıq]* - "1- لکی بچووکی دار 2- قیتکەی پاتیی کەڵەباب": خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq"دەرپەڕیو".

چقر çıqır - بۆ رەنگێ بەکاری دێنین [رەنگی چقر: رەنگی توند؟]. خزمە دەگەڵ ↑چغوور çıġûr"دارستانی چڕ و پڕ":

چقل çıqıl *[čıqıl]* - "دڕک": خزمە دەگەڵ Stachel (G.)، stachilla (OG.) "چقل " و هەروەها گەڵ Stiech (G.)، stih (OG.)، steek (Nl.)، stitch (E.) "تیڕاچوون"، Stichel (G.)، stekel (Nl.)، sticel (OE.) "چقل، نووک، ئامرازێکی هەڵکۆلین". تیکڕای ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑چەقین çeqîn و لە ریشەیەکەوە هاتوون بە مانای "تیڕاچوون، تیهەڵچەقین".

چکال çıkal *[čıkāl]* - "پڕ و پووش": خزمە دەگەڵ ↑چقڵ çıqıl، دە بنەرەتدا مەبەست "دڕک و داڵ" بووە.

چکرم çıkrım *[čıkrım]* - "داری دە هەرد چەقێنراو": دەچێتەوە سەر کرداری ↑چەقین çeqîn.

چکۆس çıkos *[čıkod]* - "خەسیس": چکۆد çıkod یش دەگوترێ. دەشێ پێک هاتبێ لە دوو کەرتی چک + ئۆس [پاشگری زێدەرۆیی] os + çık. کەرتی یەکەم لەوانەیە بچێتەوە سەر چکە çıke "دڵۆپە" [↑تکان tıkan]. کەرتی دووەم شێوەیەکی دیکەیە کە پاشگری ↑ئۆز oz- و بە چەندین شێوە و دە زۆر وشەدا دەبینرێ، وەک بزۆز، ئاڵۆز، چڵیس، قڕنیس، کەڵۆس، ↑کنۆس و هتد. لەم تێروانینەوە چکۆس ئاماژەیە بە کەسێک کە بە "دڵۆپ" خەرج دەکا، واتا زۆر بە کەمی و بە دەست پێوەگرتێکی لەرادەبەدەر.

چکۆلە çıkole *[čıkola]* - "گچکە، وردیلە": چک + ئۆلە çık + ole . کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چووک çuk. [لەوانەشە دەبنەڕەتدا وشە "چووکەلە" بووبی و بووبێتە چکۆلە].

چکی çıkî *[čıkī]* - "دەرد و ژانی کەلەکە، برک": دە زمانی ئالمانیدا Seitenstich بە مانای "برک، چکی" بە کار دێ کە لە دوو کەرتی Seite (.G) "تەنیشت، کەلەکە" و Stich (.G) "تیڕاچوون" پێک هاتووە. ئەم ئیشە وەک تیڕا چوونی شتێکی تیژ یان وەک بڕانی کەلەکە بە شێکی تیژ وایە و هەربۆیەش دە زمانی کوردمادیدا ناوە نراوە "برک" یان "چکی". "چکی" خۆی خزمە دەگەڵ Stich ی ئەڵمانی بە مانای تیڕاچوون]. خزمە دەگەڵ ↑چقڵ ıçlıq "دڕک" و ↑چەقین çeqîn [تێهەڵچەقین].

چل çıl *[čıl]* - "چوار جار دە": چهل çehel (.P)، čahil (.Pl). خزمە دەگەڵ ↑چوارçıwar.

چڵ1 çıl *[čıl]* - "لاسکی گیا، لکەداری باریک": دە وشەی ↑چیلکە çîlke دا وەک بنەوشەی چیل -çîl خۆی نیشان دەدا. خزمە دەگەڵ Stiel (.G)، stil (.G)، stilus (.L)، steola (.OE)، stiaelke (.OSw) "لاسکی گژ وگیا". دە زمانی کوردمادیدا ↑شتڵ şıtıl هەیە بە مانای "لاسکەگیا یان نەمامی بە دەست تێژراو" کە شێوەیەکی کۆنتر لە وشەکە نیشان دەدا. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەڵ[2] tel [تەڵی وەنەوشە].

چڵ2 çıl *[čıl]* - "ساز، ئامادە": دەگەڵ "نیوە" دێ [↑نیۆچڵ nîweçıl واتا ناتەواو، تەواو ساز نەبوو]. خزمە دەگەڵ ↑چڵیان çılîyan "دروست بوون، ساز بوون".

چلاپە çılape *[čılāpa]* - "قەڵەمباز، بازدی بە تەوژم": خزمە دەگەڵ ↑چڵەکین çılekîn [ڕاچڵەکین]. دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵبەزین، پەرین".

چڵانە çılane *[čılāna]* -"بە ماڵاندا گەڕان و خۆراک وەرگرتن": خزمە دەگەڵ ↑چڵە/ ↑چەرە çıle /çere

چڵاو çılaw *[čılāw]* - "برینجی بە سەلەدا کراو": دە فارسیدا چلو čelou (.P). خزمە دەگەڵ ↑سەلە sele. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "چۆڕاندنەوە، دڵۆپاندن". مەبەست لێرەدا ئەوەیە برینجەکە پاش کوڵاندنی، بە سەلەدا دەکرێ و ئاوەکەی هەڵدەچۆرێندرێ.

[تێبینی: وشەی پڵاو pılaw یش کە هەر ئەم مانایە دەدا، خزمە دەگەڵ پاڵاوتن palawtın و لێرەشدا مەبەست چۆڕاندنەوەی ئاوی برینجەکەیە].

چڵپاندن çılpandın *[čılpāndın]* - "1- مژینی مەمک بە هەڵپە و پەلەپەل 2- دەنگی ئاوخواردنەوەی سەکَ و پشیلە": خزمە دەگەڵ Schlürfen (.G)، slorpen (.Nl)، slorpe (.Nor) "هەڵقوڕاندن، چڵپاندن". دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑لرفاندن lırfandın یش هەیە بە مانای "قوت دانی بە پەلە" کە دەشێ دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکانی سەرەوە خزم بێ. لەم تێروانینەوە بە هەڵسەنگاندن دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکان دەتوانین بڵێین کە دە وشەی "چڵپاندن"دا فۆتیمی r و دە وشەی "لرفاندن"دا فۆتیمی s سواونەوە. ریشەی ئەم وشانە بۆ لاسا کردنەوەی دەنکَ دەگەڕێنەوە.

چڵپاو çılpaw *[čılpāw]* - "قوڕاو، قوڕ و لیتە": شڵپاو şılpaw یش دەگوترێ. چلپ + ئاو çılp + aw. کەرتی چلپ -çılp یان -şılp خزمە دەگەڵ ↑شڵپە2 şılpe "پڵاوی زۆر چەور" و ↑*شەڵپین şelpîn* "ڕەت بردن، خلیسکان، کەوتن"، ↑شلف şılıf "تیژایی دەمی تیغ"، schleifen (.G)، slifan (.OG)، slijpen (.Nl)

”سوونەوە، تیژ کردن“ [دە بنەڕەتدا: *لووس* کردن]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** ”لووس، خلیسک، لیچق“. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە وەک ↑زەل zel، ↑لووس lus، ↑جلف cılıf، ↑چڵم çılım، ↑لیتە lîte و هتد. دە زمانی ئاڵمانیدا بە قوڕ و چڵپاو دەگوترێ Schlamm (G.) کە ئەویش دەگەڵ وشەکانی سەرەوە خزمە.

چڵتە çılte *[čılta]* - دەگەڵ ”چاڵ“ دێ [چڵتە و چاڵ çılte û çal]. خزمە دەگەڵ ↑چەڵتووک çeltuk.

چلچەنگ çılçeng *[čılčang]* - ”1- قولاپێکی چوارسەر بۆ دەرهێنانەوەی شتی دە چاڵاو کەوتوو 2- قوڵاپەئاستێکە دەگەڵ تەڵەدا و لە زەوی گیر دەکا“: هەروەها چلچنگ çılçıng هەیە کە بە مانای ”شانەی سەر“ بەکار دێ. دەچێتەوە سەر ↑چەنگ çeng یان چنگ çıng بە مانای ”پەنجەی دەست“. هەڵی سەنگینە دەگەڵ چەنگە çenge و ↑چەنگاڵ çengal ”قوڵاپ“. وشەی چل çıl لێرەدا دەشێ ئاماژە بێ بۆ زۆر بوونی ددانەکان یان گەورە بوونی چنگاڵەکە. هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی ”چلچرا“ و ”چلمێر(دە)“.

چلک çılık *[čılık]* - ”گەمار، پیسی“: دە فارسیدا čerk (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ Dreck (G.)، dreax (OE.)، drek (Nl.)”چڵک“، träck (Sw.)، sterganos (Gr.)، stercus (L.) ”کوود، پەین“، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ter-*** ”پەین، پیسی“. لەلایەکی دیکەوە هەروەها dirt (E.) هەیە بە مانای ”پیسایی، پیسی، چڵک“، dreet (Nl.)، drita (ON.). ئەم وشانەش دەشێ پێوەندییان بە وشەکانی سەرترەوە هەبێ. دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑تەرس terıs ”پیسایی ئەسب و کەر“ و ↑تەرت terıt ”کەمرە“ دەبێ سەر بەم خێزانە بن.

چللی çıllî *[čıllī]* - ”دەزووی برین درووەوە“: خزمە دەگەڵ ↑چەلە çele ”گوریس، پەت“.

چڵکەمیزە çılkemīze *[čılkamīza]* - ”میز لێ تکان“: بنەوشەی چڵ- خزمە دەگەڵ ↑چڵاو çılaw ”برینجی بە سەلەدا کراو“ و ↑چۆڕانەوە çoran(ewe) ”دڵۆپان، تکان“.

چلم çılım *[čılım]* - ”ئاوی لووت“: کڵم kılım یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Schleim (G.)، slime (E.)، slīm (OIs.) و (OG.) ”تراوی لیچق و چەسپ“، سەر بە ریشەی ***(IE.)*(s)lei- >*** ”تەڕ بوون، لیچق بوون“. دە کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە لە ژێر ↑جڵق cılıq باس کراون.

چلمسین çılımsîn *[čılımsīn]* - ”چڕچ بوون، ژاکان“: خزمە دەگەڵ ↑چرچ çırıç.

چلوورە çılure *[čılūra]* - ”سەهۆڵێک کە بە گوێسوانە دا شۆر دەبێتەوە“:

1- بە شیمانەیەکی بەهێز پێوەندی بە چەمکی ”بەستن، رەق هەڵاتن لە سەرمان“ەوە هەیە و لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑گلێرە gılêre.

2- بنەوشەی چل -çıl هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑شل şıl [شل و شۆڕ]. لەم تێڕوانینەوە مانای چلوورە دەبێتە ”شۆڕەوەبوو“. هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی ↑شلێرە şılêre کە ناوی گوڵێکە بەرەوخوار شۆڕ دەبێتەوە. هەر دوو وشەی ”شل“ و ”شۆر“ پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، بۆ وینە لە وشەی ”شۆڕەژن“دا ئاماژە بە بەژتیکی شل و مل دەکرێ.

چڵۆپک çılopk *[čilopk]* - ”ترۆپک، بلیندترین شوێنی دار“: ↑ترۆپک tıropk و چڵووک çılûk یش دەگوترێن. ئەم وشانە پێوەندییان بە ”چڵ“ بە مانای ”لاسک، لک“ەوە نییە، چونکوو ئەگەر ئەوها بووایە، مانای ”بلیندترین شوێن“ بە دەست نەدەهات. ئەم وشانە پێوەندییان بە ریشەیەکی دیکەوە هەیە کە لەژێر ↑ترۆپک tıropk دا باس کراوە.

چلۆک çılok *[čılok]* - دەگەڵ چەور دێ [چەور و چڵۆک]. چڵیک çılîk یش دەگوترێ. دەبێ خزم بێ دەگەڵ یەکێک لەم وشانە:

1- ↑چڵک çılık.

2- ↑سل sıl، ↑چڵم çılım، ↑چڵپاو çılpaw و هیتر سەر بە ریشەیەک بەمانای ”تەڕ و لیچق بوون“.

چڵه çıle 1 *[čıla]* -"خواردەمەنی" [بەتایبەتی خواردەمەنی تیوان جەمان]. شێوەیەکی دیکە لە چەلە/ ↑چەرە çere/ çele.

چڵه çıle 2 *[čıla]* - چڵەدان یان ↑چڵیان çılyan واتا "پەڕینی پێلووی چاو، لیدانی دڵ یان شوێنی بریندار": خزمە دەگەڵ ↑چڵەکین çılekîn [راچڵەکین].

چڵەک çılek *[čılak]* - "سڵ، قوشقی": بنەوشەی چڵ -çıl هەروەک لە وشەکانی ↑چڵەکین çılekîn، ↑چرکیان çırkîyan و ↑چڵیان çılyan دا دەیبینین، مانای "تەکان و بزاڤێکی خێرا" دەدا و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵبەزین، هەڵبەزینەوە، پەڕین". دیارە ئاژەڵی چڵەک بۆیە ئاوا ناو نراوە، چونکە بەهۆی ترس دووچاری جموجۆڵی توند و هەڵبەزینەوە دەبێ. وشەی ↑سڵ sıl بە مانای "چڵەک، قوشقی" خۆی شێوەیەکی دیکەیە لە بنەوشەی چڵ -çıl کە دە وشەکانی سەرەوەدا دەبینرێ.

چڵەکین çılekîn *[čılakīn]* - "راچەنین": زۆرتر دەگەڵ پێشگری"دا" یان "را" دێ [داچڵەکین daçılekîn، راچڵەکین raçılekîn]. هاوریشەیە دەگەڵ schrecken (G.) "ترسانی زۆر" [دە بنەڕەتدا واتا هەڵبەزینەوە یان سڵەمینەوە لەترسان]، scricken (OG.) "پەرین، هەڵبەزین"، schrikken (Nl.) "ترساندن، تۆقاندن"، skrikka (Nor.d.) "هەلبەزین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "باز دان، پەڕین". دە زمانی کوردمادیدا ↑چڵەدان çıle و ↑چڵیان çılyan هەیە بە مانای "پەڕینی پێلووی چاو یان لێدان و هەڵبەزینی دڵ و دەمارەکان"، هەروەها ↑چرکە çırke و↑چرکیان çırkîyan "تەکان خواردن"، ↑چلاپە çılape "قەڵەمباز".

چڵیان çılyan 1 *[çılyan]* - "چڵەدان، پەڕینی پێلوو، لێدانی دڵ یان دەمار": خزمە دەگەڵ ↑چڵەکین çılekîn [ڕاچڵەکین].

چڵیان çılyan 2 *[çılyan]* - "دروست بوون، ساز بوون": هەروەها چڵاندن çılandın هەیە بە مانای "ساز دان، ئامادە کردن، دروست کردن". خزمە دەگەڵ ↑چڵ çıl [نیوەچڵ واتا ناتەواو، شتێک کە بە تەواوی ساز یان دروست نەکراوە]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑چارە çare. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک کە چەند مانای بڕێک جیاوان، بەڵام هاوپێوەند دەدا، وەک تەواو، تەواو کردن، دروست کردن، چاک کردن، ساز کردن، ساغ [شتێک کە تەواوە و کەم و کورتی نییە] و هتد. دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا وشەی "نەچڵیان" هاتووە بە مانای "پێک نەهاتن، سەرنەگرتن". دیارە ئەمەش هەڕ "چڵیان" ە کە بە یارمەتی نیشانەی "نە" نەرێنی کراوە و مانای پێچەوانەی وەرگرتووە.

چلیچلی çılîçılî *[čılīčılī]* - "چەکچەکی، شەمشەمە کوێرە": خزمە دەگەڵ ↑چڵەکین çılekîn [ڕاچڵەکین] و سەر بە ریشەیەکە کە مانای "پەڕین، هەڵبەزینەوە" دەدا. لەم ریشەوە چەندین وشە پەیدا بوون کە ئاماژە بە "جم وجۆڵی خێرا" دەکەن، وەک ↑چڵەک çılîek یان↑سڵ sıl بە مانای "رەوەک"، ↑چڵاپە çılape"قەڵەمباز" و هتد. شیاوی باسە کە وشەی "چەکچەکی"یش، کە ناوێکی دیکەی ئەم ئاژەڵەیە، دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "راوەشاندن، لەرزاندن، شەکاندنەوە" و خزمە دەگەڵ "شەکانەوە". دە وشەی "چلی چلی"دا مەبەست پەڕ و باڵ بزاوتنی خێرایە و لە وشەی "چەکچەکی"شدا مەبەست شەکاندنەوەی پەڕ و باڵە.

چلیک çılîk *[čılīk]* - "تووی فەرەنگی": شلیک şılîk یش دەگوترێ. پێوەندی هەیە بەم وشانەی کە مانای "تەڕ و لیچق بوون" دەدەن، وەک ↑جلیق cılîq "لیچق"، ↑جلە cıle "گیایەگی قەوزەئاسا"، ↑جەللە celle "ریخ، شیاکە"، ↑چلم çılım [دە بنەڕەتدا واتا: تەر و لیچق] و چڵیک çılîk یان چڵۆک çılok "چڵکن، چەور" [چەور و چڵۆک]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "لیچق بوون، لووس و خلیسک بوون".

چڵیس çıles *[čıles]* - "نەوسن، زۆرخۆر": دوو لێکدانەوە بۆ ئەم وشەیە رێی تێ دەچێ:

1- خزم دەگەڵ schlecken (G.)"لێستنەوە" [لەخوارووی ئەڵمان هەروەها بەمانای "مەزەمەزە کردن، بەچێژەوە شت خواردن"]، sleikja (OIs.) "لێستنەوە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑لێستنەوە lestınewe.

2- چڵ(ە) + ێس ês + cıl (e) . لەم تێڕوانینەوە کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر چڵە/ ↑چەرە çere/ çıleبە مانای "خواردەمەنی". کەرتی دووەم پاشگری جەخت کردنە کە دە وشە کوردماددییەکاندا بە چەند شێوە خۆ نیشان دەدا، وەک بزۆز، تەکووز، ئاڵۆز، چکۆس، قڕنیس، نگریس و هتد. [بڕوانە ↑ئۆز oz].

چمام(ک) çımam(k) *[čımāmk]* - "مەتەڵۆک": لە ↑چما çıma وەرگیراوە بە مانای "ئایا، بۆچی".

چمک çımık *[čımık]* - "گۆشە[ی بەڕە و دەستماڵ و هتد]": چم + ک çım + ık . خزمە دەگەڵ Saum (G.)، zoom (Nl.)، seam (E.)، söm (Sw.) "پەڕاوێز، قەراخ و لێواری درواو"، سەر بە ریشەی ***, *sei- > (IE.) *siu-*** "بەستن، درووەن". ↑چەمک çemık بە مانای "مەفهووم، تێرم" لەم وشەیە وەرگیراوە.

[تێبینی: شیاوی باسە کە وشەی terma (Gr.) خۆی بە مانای "جەمسەر"ە و خزمیشە دەگەڵ Trumm (G.) "قەراخ و بیجاری شت". دەبینین کە لە باری ماناییەوە هەر وەک "چەمک" وایە کە ئەویش بە مانای "پەراوێز و قەراخ"].

چمە çıme *[čıma]* - "دونبەڵان، دومەڵان": شێوەی پێشووی ↑دوو du [دە فارسیدا دم dom (P.) "کلک"]. خزمە دەگەڵ ↑جمین cımîn. چمە یان دوو [دووگە، دونبەڵان] لەبەر ئەوە بەم جۆرە ناونراوە، چونکە ئەو ئەندامەی ئاژەڵ بە شێوەیەکی تایبەتی لە جمین و جوڵانەوە دایە.

چنار çınar *[čınār]* - "ناوی دارێک": وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ ↑سنەوبەر sınewber "ناوی دارێکی دەرزیدار".

چناندن çınandın *[čınāndın]* - "کون گرتن بە تەقەڵ": خزمە دەگەڵ ↑چنین çınîn.

چنجڕووک çıncırûk *[čınjırūk]* -"چەنگاڵ، پەنجەی ئاژەڵ": بنەوشەکە ↑چنچ çınc ە و ئەمەش شێوەیەکی دیکەیە لە چنکَ / ↑چەنکَ çeng.

چنچک çınçık 1 *[čınčık]* - "تۆو، دان، دەنک": چن + چک çın + çık [یان چنچ + ک çınç + ık، دە بنەڕەتدا "چاندک" ؟]. شێوەیەکی دیکەیە و دەشێ شێوەی پێشووی وشەی ↑دەنک denık بێ. دەچێتەوە سەر کرداری ↑چاندن çandın. وشەی ↑دان dan [دەغڵ و دان] یش هەر لە چاندنەوە هاتووە.

چنچک çınçık 2 *[čınčık]* - "پلەگۆشت": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوە نووسان".

چندک çındık *[čındık]* - "وەزاق دان، هەڵبەزین": دە زمانی فارسیدا چندش čandeš (P.) هەیە بە مانای "لەرز، موچڕک" و چندش اور čandešāwar (P.) "داچڵەکینەر". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑چەنین çenîn [ڕاچەنین raçenîn] واتا "هەڵبەزینەوە، راچڵەکین"، ↑جنقین cınîqn یش دەگوترێ هەر بە مانای "ڕاپەرین لە خەو، راچەنین". دیسان هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑جنکَ cıng "جم، بزاڤ، تەکان". مەبەست لە هەموو ئەم وشانە جۆرێک تەکان خواردن و هەڵبەزینەوەیە کە زۆرتربە هۆی دیتنی شتێکی زۆر ناخۆش روودەدا.

چنکَ çıng *[čıng]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑چەنکَ çeng.

چنگزین çıngızîn *[čıngızīn]* -"خۆ مات کردن": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑چینچکان çînçıkan "هەڵتروشکان" و چندک زدن čondak zadan (P.) "هەڵتروشکان".

چنگلە çıngle *[čıngla]* - "قەڕتاڵە": خزمە دەگەڵ ↑چنین çınîn [دە بنەڕەتدا واتا "چندراو"].

چنگنی çıngınî *[čıngınī]* - "جاڵجاڵۆکە": خزمە دەگەڵ ↑چنین çınîn. [مەبەست تەون کردن یاخود تۆڕ چنینی جاڵجاڵۆکەیە].

چنگە çınge *[čınga]* - "دەسکی دیزە و گۆزە": هەروەک چۆن "دەسک" [دەستک] لە "دەست" وەرگیراوە، "چنگە"ش دەچێتەوە سەر "چنکَ" یان ↑چەنکَ çeng بە مانای "دەست، پەنجە".

چنوور çınur *[čınūr]* - "گیایەکی بۆن خۆشە گەڵای لە شویت دەکا":

1- جێی بەراورد کردنە دەگەڵ Knorren (.G)، knorre (.MG)، knor (.Nl)، knar (.E)، chnorz (.OG)، knort(.Norw) "هەڵمساوی یان هەڵتۆقاوییەکی گرێ ئاسا، چرۆ، لوو". ئەم وشەیە هەروەها هەڵ سەنگینە دەگەڵ ↑کتێرە knere "ناوی گیایەک" و ↑قوتێر quner "کوان". ئەم وشانە ئاماژە بە "خڕەکە بوون" دەکەن و لەوانەیە مەبەست لە "چنوور" ئاماژە کردن بە بنکی گیایەکە بێ.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑چنار çınar.

چنۆک çınok *[čınok]* - "دەسقووچاو": چاوچنۆک çawçınok یش دەگوترێ. هەروەها ↑چەنجووز çencuz "1- لەڕ و لاواز 2- رژد و خەسیس" لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ genau (.G) "ورد، دەقیق"، genou (.MG) "کەم، ورد، تەنک". ئەم وشە ئاڵمانییە دەچێتەوە سەر وشەیەکی کۆنی ژێرمەنی کە بۆ وێنە بەم شێوانە خۆی نیشان داوە: hneaw (.OE) وhnoggr (.OIs) "دەسقووچاو، چنۆک". هەروەها hniuwan (.OG) بە مانای "ڕێخشاندن، سوونەوە، ورد کردن" و knyein (.Gr) بە مانای "سوانەوە، رنینەوە" دەگەڵ وشەکانی سەرەوە خزمن. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑کنۆس *kınos*. هەردووک وشەی چنۆک و کنۆس وێ دەچێ دە بنەڕەتدا یەک وشە بووبن و دوو شێوەی جیاوازیان پەیدا کردبێ.

[تێبینی: سەبارەت پێوەندی دوو چەمکی "کەم، ورد" لە لایەک و لە لای دیکەوە "ڕێخشاندن، سوونەوە" دەبێ بڵێین کە لە ئەنجامی ڕێخشاندن یان سوونەوەدا دەتوانرێ شتێک ورد بکرێ بۆ وێنە سندەگڵ یان کلۆبەفر یان تولا گەزۆ بەهۆی سوونەوە ورێخشاندنیان دە ناو قامکەکانی دەست دا ورد دەبن. هەر ئەم پێوەندییە لە تیوان دوو وشەی ↑مڕ mır "ورد" (خۆڵەمڕە) و ↑ماڵین malîn "گەسک دان" (دە بنچینەدا ڕێخشاندن، سوونەوە) هەیە]

چنین1 cınîn *[čınīn]* - "تەنین، هۆنینەوە، درووەن": خزمە دەگەڵ Schnur (.G) "بەن، دەزوو" و nähen "دررون، تەقەڵ لێدان"، Nadel (.G) "دەرزی"، snōrōj "قەرتاڵە، تۆر"، snēre (.OE) "ژێ، سیم"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ne- >*** "چنین، تەنین، هۆنین، گرێ دان". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشەی دیکەش دەتوانین لەم چوارچێوەیەدا لێک بدەینەوە، وەک ↑چناندن çınandın "پینە کردن"، ↑چەنی çenî "دەرزی"، ↑چنگلە çıngıle "قەرتاڵە"، ↑زەمبیل zembîl (دە بنەڕەتدا زەنبیل zenbîl بە مانای "قەرتاڵە"، ↑چنگنی çıngınî "جاڵجاڵۆکە"، ↑چنیک çınîk "گوڵدۆزی"، ↑چەنتک çentık (↑چەنتە çenta) "تووڕەکەی شان".

چنین2 cınîn *[čınīn]* **-** دەگەڵ پێشگری "هەڵ" دێ [هەڵچنین helçınîn بە مانای چین چین لەسەر یەک دانان]:

1- لەوانەیە وشەیەکی سەربەخۆ بێ و بچێتەوە سەر ↑چین çîn "توێژ"،

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑چنین1 cınîn "تەنین، هۆنینەوە، درووەن" بێ و مەبەست تەنینەوە، تیکچنین و تیکچڕاندنی دار و بەرد و شتی ئەوها بێ لەسەر یەکتر.

چنین3 cınîn *[čınīn]* - دەگەڵ پێشگری "هەڵ" دێ [هەڵچنین helçınîn بە مانای مشتن و ڕاکێشانی ئاو وتەرایی لە سەر رووبەرێک بە هۆی پەڕو و شتی دیکە]. وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *skei- >*** "بڕین، قەڵشاندن، جوێ کردنەوە، لێکردنەوە". لە بنەوشەی چین çîn- دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑چینە çîne هەیە بە مانای "قاش، کووز" و هەروەها ↑چین çîn بە مانای "توێژ" [دە بنەڕەتدا: تەڵەزم، ئەو توێژەی جیا دەبێتەوە]. بنەوشەی چین دە زمانی فارسیشدا مانای "لێکردنەوە" دەدا، بۆ وێنە "گل می چینم" gol mī- čīnam واتا " گوڵ لێدەکەمەوە". لە وشەی "هەڵچنین"دا بە مانای "مشتن و ڕاکێشانی تەڕایی" دە بنەڕەتدا *جیا کردنەوەی* ئاو و تەڕایی لە رووبەڕێکی دیاریکراو مەبەست بووە.

چوار çuwar *[čuwār]* - "ئەژماری 4": چار āčr یش دەگوترێ. چهار čahār (.P)، cátur- (.OIn)، četyre (.Rus)، cethair (.OIr)، quattuor (.L)، vier (.G)، four (.E) سەر بە ریشەی ***(IE.) *ketuer- >*** "چار،

چوار". ده زمانی کوردمادی و فارسیدا هەوروەها وشەی ↑چەتۆر çetor بەکار دێ بە مانای "بەشێک لە چوار بەش". ئەم وشەیە دەبێ شێوەی کۆنتری وشەی چوار بێ.

چوارمەشقە çıwarmeşqe *[čuwārmašqa]* - "جۆرێک دانیشتنە کە تییدا مرۆڤ لە ئەژنۆ بەرەخوارەوەی دەخاتە بن خۆی": کەرتی مەشقە meşqe دەبێ دە بنەڕەتدا مەچکە meçke [↑مەچەک meçek] بووبێ. مەبەست لە مەچەک دەبێ جومگەکانی ئەژنۆ و پێ واتا چوار جومگە بێ کە بەم جۆرە دانیشتنە، تیکڕایان دەنووشتینەوە.

چوالوو çıwalu *[čuwālū]* - ↑چالوو çalu.

چۆی čuwe *[čuwe]* - "برین، زام": هەروەها چوێدار çuwedar هەیە بە مانای "بریندار". خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی کە ئاماژە بە لێکدابڕان و جوێ بوونەوە دەکەن، وەک ↑جوێ cuwe [جیا cîya]، ↑شێ şê [شێ کردنەوە، شی şî کردنەوە]، ↑ژێ je [سەر ژێ کردن]، ↑جەو cew "برینکێ"، ↑زام zam "برین"، ↑شۆم şêw "زەوی گاسن لێدراو"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*(s)kei- >*** "بڕین، قەڵشین، جودا کردن" şomیان ↑شێو

چوختی çuxtî *[čuxtī]* - "چوست و چالاک": خزمە دەگەڵ ↑چوست çust.

چوڕ çur *[čur]* - "سپایی زۆر، سپی بوونی تەواو": دە بنەڕەتدا دەبێ مەبەست سپایییەکی زۆر روون و بێگەرد بووبێ. خزمە دەگەڵ schier (G.) "بێگەرد، خالیس، روون"، skeirs (Gt.) "زەلال، روون"، sheer (E.) و skir (Sw.) هەر بە هەمان مانا. ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ هێندێک وشەی ژێرمەنی دیکە، وەک scheinen (G.) و shine (E.) "درەوشانەوە". دە زمانی کوردمادیدا ↑چار çar "مەڕی رەش، مەڕی ڕەشی گوێ سپی" دەتوانین لەم چوارچێوەیەدا لێک بدەینەوە.

چوخساندن çuxsandın *[čuxsāndın]* - "لێدان و دەرپەراندنی کەلا دە یاری مێشێندا": [دە کایەی مێشێندا هێندێک جار کە مەڕمەڕێک بەشێوەی گۆرت (زەبری هەوایی توند، نەک خشکەیی) دەهاوێژرێ و مەڕمەڕی کایەکەری بەرانبەر دەردەپەڕێنێ و خۆی لە جێی وی جێ دەگرێ، مەمەڕهاوێژ بە خۆشییەوە دەڵێ "چوخساندم"]. خزمە دەگەڵ جەستن jastan (P.) "دەرپەڕین" و جهانیدن jahānīdan (P.) "دەرپەڕاندن" و جهش jaheš (P.) "بازد". خزمە دەگەڵ ↑چووزێن çuzen "گاڵتەی ریز کردن و بە کەلا لێدانی چەو یان جکێ".

چوست çust *[čust]* - "چالاک، گورج و گۆڵ، بەڕاپەڕ": خزمە دەگەڵ ↑چووزێن çuzen سەر بە ریشەیەک بە مانای "هاوێژران، دەرپەڕین".

چوکلە çukle *[čukla]* - "1- سووچ، گۆشە 2- ددانەی پیت 3- نیشانەیەکە لەسەر هێندێک پیتی ئەلفبێی کوردمادی دادەنرێ": خزمە دەگەڵ ↑زەق *zeq*، ↑سووچ suç، ↑گۆشە goşe و ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە کە تییاندا مانای "دەرپەریو بوون، زەق بوون، گۆشە هەبوون" بەدی دەکرێ. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑چاکڵ(ە) çakıl "داری سەری گوریس".

چوو çu *[čū]* - "چەوا، چۆن، کوو": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑کوو ku بە مانای "چەوا". دە دیالێکتی موکریانیدا "چووزانم" دەگوترێ بە مانای" کوو بزانم، چۆن بزانم، چ بزانم". [دە فارسیدا دەگوترێ "چە بدانم" واتا چ بزانم، چووزانم]. وشەکانی ↑چ çı، چووçu، ↑کوو ku، ↑چەوا çewa و هیتر گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*k(w)i- >*** "چی، کێ، کەی".

چووچ çuç *[čūč]* - "ئەندامی تیرینەی منداڵی ساوا": خزمە دەگەڵ ↑چیچە çîçe "گوپکەی مەمک" و ↑تووتە tute "قامکە چکۆلە".

چوور çur *[čūr]* - "تەشقەڵە، گەڕ": دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە گیرە/ گەڕ gîre / ger "تەشقەڵە، شڵتاغ". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑شەڕ şer.

چووز(ەرە) çuz(ere) [*čūzara*] - "چرۆ، تیرتکی تازە دەرهاتووی گیا": خزمە دەگەڵ Schoβ (G.)، schoz (OG.)، schot (Nl.) "چرۆ". ئەم وشە ژێرمەنییە دەچێتەوە سەر ئەو ریشەیەی کە لە ژێر ↑چووزێن çuzen دا باس کراوە و مانای "دەرپەڕین، هاویشتن" دەگەیەنێ. بەم جۆرە چووز(ەرە) دە بنەڕەتدا واتا "شتێکی دەرپەڕیو" و دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چووزێن çuzen و ↑چوخساندن çuxsandın واتا "دەرپەراندن".

چووزێن çuzen [*čūzen*] - "کایەی ریز کردن و بە کەلا لێدانی چەو یان جکێ": خزمە دەگەڵ schießen (G.)، sciozan (OG.)، schieten (OE.)، shoot (E.)، skjuta (Sw.) "هاویشتنی بە توندی یان لێدان بەو شتانەی کە دەهاوێژرێن" [وەک پللار، تۆپ، تیر، گوللەو هتد] سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)keud- >*** "هاویشتن، دەرپەڕاندن، پەلە کردن". خزمیشە دەگەڵ ↑چوخساندن çuxsandın واتا "دەرپەراندن".

چووک çuk [*čūk*] - "گچکە": کورتکراوی ↑بچووک/ پچووک bıçûk /pıçûk.

چوون çûn [*čūn*] - "رویشتن": خزمە دەگەڵ شدن šodan (P.) "بوون [بوونە شتێک]". ئەم کردارە پێشان دە زمانی فارسیشدا وەک کوردمادی هەنووکە بە مانای "چوون" بووە ["امد و شد" بە فارسی واتا "هاتوچۆ"]. خزمە دەگەڵ skehan (OG.)، scōon (OE.) "پەلەکردن، را کردن، پێش هاتن، قەومان"، skočit (Rus.) "بازد دان"، skok (Rus.) "بازد". هەروەها وشەی Geschichte (G.) "چیرۆک، دیرۆک (مێژوو)" پێوەندی بەم وشانە هەیە و دە بنەڕەتدا مەبەست ئاماژەکردن بە "ڕێکەوت و پێشهات"ەکان بووە، واتا ئەو شتانەی پێش دێن و رادەبرێن [دێن و دەڕۆن]. هەروەها schicken (G.) "ناردن" و Schiksal (G.) "قەدەر، چارەنووس" [ئەو رووداوەی بەسەردا تێدەپەڕێ] لە پێوەندی دەگەڵ ئەم وشانە دان. ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە دیاری نەکراوە.

چۆپ çop [*čop*] - شێوەیەکی دیکە لە ↑چەپ çep. هەروەها ↑چۆپە çope هەیە بە مانای "چەپلەر، چەپدەست".

چۆپریان çopıryan [*čopıryān*] - "بڵاو بوون، پڕژان": خزمە دەگەڵ ↑شپرێو şıprêw و ↑شپرزە şıpırze بە مانای "پەرژ و بڵاو".

چۆپە çope [*čopa*] - "چەپلەر، چەپدەست": ↑چەپ çep.

چۆپی çopî [*čopī*] - "شایی، هەڵپەڕین": چەپی çepî یش دەگوترێ. جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- hüpfen (G.)، hüppen (Nl.)، hoppian (OE.)، hop (E.)، hoppa (Sw.) "خۆهەڵاویشتن، بازدان، هەڵبەزین". وەک دەبینین وشەی "هەڵپەڕین" پێوەندی بە کرداری"پەرین"ەوە هەیە کە ئەویش هەر بە مانای "بازدان و خۆ هەڵاویشتن"ە. هەر بەم چەشنە بۆی هەیە "چۆپی"یش دە بنچینەدا بە مانای "پەڕین و خۆ هەڵاویشتن" بووبێ. ئەم وشە ژێرمەنییانە بە پێی بۆچوونێک دەچنەوە سەر دەنگی **hup-* کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی بزاڤێک بەرەو سەرەوە بەکاری هێناوە. بە گوێرەی بۆچوونێکی دیکە وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *keu- >*** "چەمانەوە". دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا هەرلەم ریشەوە ژمارەیەک وشە سەریان هەڵداوە کە مانای "بڵیندی، بەرزی" دەگەیەنن، وەک hoch (G.)، high (E.) "بەرز" یان ↑قۆز qoz دە کوردمادیدا [قیت و قۆز].

2- ↑چەپ çep "دەست". چۆپی هەڵپەڕینێکە تێیدا بەشداران *دەستی* یەکتر دەگرن و دوور نییە بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە ناونرابێ. دە زمانی کوردیدا کرداری "گرتن" دەگەڵ "سەرچۆپی" بەکار دەهێنرێ [سەرچۆپی گرتن]. لێم روون نییە کە خودی "چۆپی" بە تەنیا چ کردارێکی بۆ بەکار دەهێنرێ [چۆپی گرتن یان چۆپی کردن ؟]. ئەگەر "گرتن" بێ، ئەوسا شیمانەی دووەم بەهێزتر دەبێ و مانای وشەکە دەکاتە "دەست گرتن" کە تایبەتمەندی هەڵپەڕکێی کوردییە.

چۆرانەوە çoran(ewe) [*čorānawa*] - "ئاو لەبەر رۆیشتنی کەم کەم": خزمە دەگەڵ چلانیدن čelānīdan (P.) "چۆراندنەوە"ی شمەکی شۆراو بە گوشین". پێوەندی هەیە بە یەکێک لەم وشانەوە:

1- stilla (.L) و stile (.Gr) "دلۆپ"، سەر بە ریشەی *(IE.) *st(a)i- > "توند بوون، خەست بوون". دە لاتینیدا destillare "داچۆراندن، چۆڕاندنەوە" لە stilla بە مانای "دڵۆپ" وەرگیراوە.

2- ↑سەلە sele "کەرەسەی داچۆراندن".

چۆشتیر çoştîr [*čoštīr*] - "بزنی دووساڵە": ↑تووشتیر tûştîr.

چۆغە çoġe [*čoġa*] - "سەرکەوای لە بووزوو": چۆخە çoxe و چۆغک çoġık و چۆخک çoxık یش دەگوترێن.

1- لەوانەیە شێوەیەکی گۆڕدراو بێ لە ↑شاپک şapık [یان شەپک şepık] "چۆغە" [شاپک ← چاوک ← چۆک ← چۆغ ← چۆغە].

[تێبینی: دە ژمارەیەک وشەی کوردمادیدا گۆڕانی فۆنۆلۆژیکی لەم چەشنە بەدی دەکەین، وەک سڤک sıvık، شەبەق şebeq و گەبەل gebel لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە سووک suk، شۆق şoq و گۆل gol. ئەم چەشنە گۆڕانە دە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردمادی و هەروەها دە زمانی فارسیشدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا زێدەتر بەرچاو دەکەوێ].

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ chozzo (.OG) و kotze (.MG) "پەستەک". وشەی coote (.Fr) "کۆت" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

چۆڤ çov [*čov*] - "داردەست": ↑چێو çew "دار".

چۆقاندن çoqandın [*čoqāndın*] - "داغ کردنی رۆن": بنەوشەی چۆق -çoq شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چز -çız [بڕوانە ↑چزاندن çızandın].

چۆقیان çoqîyan [*čoqyān*] - "هەڵلەرزین لە نۆبەتێ دا": جگە لەمە چەق و چۆ çeq u ço پێداهاتن یان چەق و چۆ گرتنیش هەیە هەر بەم مانایە [دە بنچینەدا چەق و چۆق]. بنەوشەی چەق/ چۆق -çoq/ -çeq خزمە دەگەڵ ↑شەکانەوە şekanewe. بنەوشەکە دەئەسڵدا شەک -şek ە بە مانای "لەرزین" و خزمە دەگەڵ shake (.E) "لەرزاندن، راوەشاندن".

چۆک çok [*čok*] - "ئەژنۆ": خزمەدەگەڵ ↑چاق çaq "لینکَ، لاق"، ↑شەق şeq "پێڵاقە" [دە بنەڕەتدا لاق]، ↑شەققە şeqqe "دارێک کە شەل یان لاق شکاو پێی دەڕوا" [لاقی دارین] و ساق sāq (.P) "لاق".

چۆڵ çol 1 [*čol*] - "بەتاڵ، واڵا، نائاوەدان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ still (.G) "ئارام، بێدەنگَ، بێجووڵە" و دەگەڵ ↑ژیر jîr [ژیرکردنەوە واتا ئارام کردنەوە]. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "بێجووڵەیی" بووە و لە مەوە دواتر مانای "ئارامی، بێدنگی" و هەروەها "نائاوەدانی" سەری هەڵداوە. بەم شێوەیە دەبێتە خزمیش دەگەڵ ↑چۆڕانەوە çoran(ewe) "ئاو لەبەر رۆیشتنی کەم کەم"، [چلانیدن čelānīdan (.P) "چۆڕاندنەوە"ی شمەکی شۆڕاو بە گوشین"] و دەگەڵ stilla (.L) و stile (.Gr) "دلۆپ"، سەر بە ریشەی *(IE.) *st(a)i- > "توند بوون، خەست بوون".

[تێبینی: پەرە گرتنی ماناکانی سەرەوە لە ریشەیەکی بەرایی بە مانای "توند بوون، خەست بوون" نموونەی دیکەشی دە زمانی کوردمادیدا هەیە، بۆ وێنە وشەی کرِ [کرِ و کپ، قرِ و قپ] خزمە دەگەڵ *خار* "سەخت، رەق"].

چۆڵ çol 2 [*čol*] - دەگەڵ چەک دێ [چەک وچۆڵ]. خزمە دەگەڵژمارەیەک وشە کە دە بنەڕەتدا مانای "لێدان" دەبەخشن، وەک ↑زڵڵە zılle، ↑شەللاق şellaq، ↑*شڵەقان şıleqan*، ↑کلان kılan "ژاندنی مەشکە" ["ژاندن"یش دە بنەڕەتدا مانای "لێدان" دەبەخشێ]، ↑شێلان şêlan و ↑کەلخانە kelxane "دووکانی شیرگەر و تفەنگساز" و هتد.

چۆلەکە çoleke [*čolaka*] - "چڤیک، چێشکە": چۆ(لە) + کە ke + ço(le). کەرتی چۆل ço(le) شێوە کۆنترەکەی دە وشەی ↑چڤیک çıvîk دا پارێزراوە کە بریتییە لە چڤ -çıv. چوێچ çuwîç یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Sperling (.G)، sparo (.OG)، sparrow (.E)، sparv (.Sw)، sparásion (.Gr) "چڤیک،

چۆلەکە“، spergoulos (Gr.) ”پەڵەوەری بچووک“، سەر بە ریشەی ***sper-** (IE.) > ”جم و جۆڵی خێرا و نائارام کردن“. وشەکانی sphurati (OIn.) ”دەردەپەڕێنێ، رادەوەشێنی“ و spairen (Gr.) ”جووڵانەوەی خێرا و نائارام“ و speīra (Gr.) ”شپیراڵ، هێڵی مارپێچی“ بۆ ئەم ریشەیە دەگەڕێنەوە. دەشێ ↑زڤرین zıvrîn [سووڕان suran] دە زمانی کوردمادیدا سەر بەم ریشەیە بێ. وەک دەبینین دە وشە ئەڵمانی و یۆنانییەکەدا پاشگری گچکاندن بە وشەکەوە لکاوە. ئەم دیاردەیە دە وشە کوردمادییەکەشدا بەرچاو دەکەوێ.

[تێبینی: لەباری گۆڕانی فۆتیمیەکانی -sp ژێرمەنی بە چ ç دە زمانی کوردمادیدا هەڵی سەنگینەدەگەڵ ”چیە“ ی کوردمادی و sprechen ئەڵمانی بە مانای ”قسەکردن“ یان دەگەڵ ”چرۆ“ و Spross ی ئەڵمانی بە مانای ”چرۆ“].

چۆڵەمە çoleme [čolama] - ”1- ئیسکێکی دوو فلیقانە دە تیوان شان ومل دا“: ↑چەڵەمە çeleme ش دەگوترێ.

چۆماخ çomax [čomāx] - ”1- تیڵا، گۆپاڵ 2- زللە“: چۆماغ çomaġ یش دەگوترێ. چماق čomaq (P.). خزمە دەگەڵ stumpf (G.)، stomp (Nl.) کول، بە بێ نووک و بێ تیژایی“ [دە بنەڕەتدا: قووڵە کڕاو]، Stumpf (G.)، stomp (NL.) ”بنە، کۆڵکە“، Stummel (G.)، stommel (MNl.) ”قونچک“، stampfen (G.)، stampen (Nl.)، stamp (E.)، stampa (SW.) ”کوتان، کوتانەوە“، stampf (OG.) ”دەسکاونکَ، کوتک“، Stempel (G.) ”مۆر“ [دە بنەڕەتدا: دارۆکەی مۆر لێدان] سەر بە ریشەی ***stemb(h)-** (IE.) >. ئەم ریشەیە خۆی دەبردرێتەوە سەر ریشەی ***stēb(h)-** (IE.) ”راوەستاندن، کۆڵەکە وەبەر دان، قیت کردن(ەوە)“. Stab (G.)، stav (Sw.)، staff (E.) ”داردەست“، stabas (Lit.) ”دیرەک“ لەم ریشەوە هاتوون. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑تەمغە temġe ”مۆری دیوانی“، تەمر temır ”مۆر“، دەمبل dembıl ”ئامرازێکی وەرزش“، ↑دمبەک dımbek ”جۆرێک ئەپڵ“، ↑زۆمپ zomp ”کوتکی زل“ و هتد. هەموو ئەم وشانە چەمکی ”کوتان“ لە خۆ دەگرن.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا دوو فۆتیمی st لە سەرەتای وشەکەدا گۆڕاون بە چ ç. ئەم دیاردەیە دە گەڵێک وشەی دیکەشدا بەدی دەکرێ، وەک چیا، چڵ، چێڵ، چرتیان و هتد].

چۆن çon [čon] - ”چەوا، کوو، چوو [چووزانم]“: دە فارسیدا چگونە čegūne (P.). دەشێ دە کوردمادیشدا چگۆن çıgon بووبێ و بووبێتە چۆن، پێک هاتووە لە چ + گۆن çı + gon. کەرتی گۆن gon دە زمانی ئەمرۆدا بە شێوەی ↑گوێن guwen یش دەبیندرێ. [لەگوێن واتا لەجۆری، لەنەوعی]. بەم پێیە ”چۆن“ دە بنچینەدا بە مانای ”چجۆر“ بووە.

چەپ çep 1 [čap] - ”بەرانبەری راست“: دە فارسیدا چەپ čap (P.).

[سەرەتا تێبینییەک: دە زمانی ئالمانیدا بۆ لای راست وشەی recht (G.) بە کار دێ کە دە بنچینەدا بە مانای ”راست، با نەدراو، نەخوار“ە و دەگەڵ ”راست“ ی کوردمادی هاوریشەیە. بۆ وشەی چەپ link (G.) بەکاردەهێندرێ و ئەم وشەیەش خزمە دەگەڵ ”لەنگین“ و ”لەنجە“ی کوردمادی. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە سەرنجراکێشە، ئەوەیە کە دە تیوان دوو چەمکی ”چەپ“ و ”شەلین“ یاخود ”لەنگین“دا پێوەندییەک هەیە. ئەم پێوەندییە لێرەدایە کە مرۆڤی شەل خوارەوخوار دەڕوا یان لاقی خوار و با دراوە].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ هەروەک چۆن ”(لای) راست“ لە وشەی ”راست“ وەرگیراوە، دەبێ وشەکەی بەرانبەریش، واتا ”چەپ“ دە بنەڕەتدا بە مانای ”خوار“ بووبێ. ئەم مانا بنەڕەتییەی ”چەپ“ دە زمانی کوردمادیدا بە ئاشکرا دیارە، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ ”چەپ و چپڕ“ بە مانای خوار و خێچ، یان ”چەوت“ [دە بنەڕەتدا بە مانای نەراست، خوار و خێچ] و چەوێڵ çewel ”خوار، گێڕ“. دە فارسیدا چپە شدن čape šodan (P.) بە مانای ”وەڕگەڕانی ئوتۆمبێل“ بە کار دێ و دە بنەڕەتدا مەبەست ”لە رێ لا دان، رێگە خوار کردن“ بووە. بەم پێیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە وشەی چەپ خزمە دەگەڵ schief (G.)، scāf

skaios ،"شەل، شەپڵەلێدراو" (Gr.) skimbós و "خوار" (Let.) škibs ،(MG.) shep ،(Sw.) skev ،(OE.)
(Gr.) و scaevus (L.) "چەپ" سەر بە ریشەی ***(IE.) *skeip- >*** "خوار، بادراو، چەپ". دە پلەیەکی
دوورتردا دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sqei- >*** "خوار، چەوێڵ، شەل، شەپڵەلێدراو". وشەی چەپ دە
زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑شەپڵە şeple، ↑چەوت çewıt [چەفت
çefıt، چەپت çepıt]، ↑چەوێڵ çewel، ↑نشێو nışêw [ن nı + شێو šew] واتا هەردی خوار یان رووبەری
خوار.

چەپ2 çep *[čap]* - "دەست، لەپی دەست": دە هێندێک وشەی وەک ↑چەپۆک çepok، ↑چەپڵە çeple،
↑چەپاڵە1 çepale "بست"دا دەبیندرێ. دە فارسیدا کف kaf (P.). "کف زدن" دە فارسیدا واتا چەپک لێدان،
چەپڵە لێدان. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *kapho- , *kopho- >*** "سم، دەست".

چەپ3 çep *[čap]* - "چەپک": ↑چەپک çepık "باقە، تیسکە موو".

چەپاڵە1 çepale *[čapāla]* - "بست": دەچێتەوە سەر ↑چەپ2 çep [چەپڵە، چەپۆک] "دەست، لەپی
دەست".

چەپاڵە2 çepale *[čapāla]* - "پەنا و پەسیو": خزمە دەگەڵ ↑چەپەر[3] çeper "سەنگەر".

چەپاڵە3 çepale *[čapāla]* - "شەپازللە، شەپەڵاغە":

1- دەتوانێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑شەپەڵاغە şepelaġe.

2- دەتوانێ پێوەندی هەبێ بە ↑چەپ çep "دەست، بەری دست" و ↑چەپۆک çepok و هیتر.

چەپاو çepaw *[čapāw]* - "تاڵان، رامالین": [چەپاو کردن]. چاپیدن čāpīdan (P.) "تاڵان کردن". بڕوانە
↑چەپۆ çepo.

چەپڵە ceple *[čapla]* - "چەپک، دەست ": چەپ + لە çep + le. چەپڵە لێدان واتا دەست لێکدان بە
مەبەستی ئافەرین گوتن و هان دان. ئەم وشەیە و هەروەها ↑چەپک cepık کە دە شێوەزاری کوردمادی
سەروودا بە مانای چەپڵە دی و هەروەها ↑چەپۆک cepok "دەست، بەری دەست " لەیەک ریشەوە دێن.
خزمن دەگەڵ کف kef (P.) "لەپی دەست". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *kapho- , *kopho- >***
"سم، دەست".

چەپک1 çepık *[čapık]* - "چەپڵە": چەپ + ک çep + ık. [↑چەپڵە çeple].

چەپک2 çepık *[čapık]* - "1- دەستە، باقە 2- تیسکەموو": چەپ + ک çep + ık. بنەوشەی چەپ çep
خۆی بە تەنیاش بەکاردێ و هەر ئەم مانایانە دەدا. خزمە دەگەڵ Schopf (G.) "چەپکی موو"، scuft
(OG.)، skopt (OIs.) "چەپک، باقە"، sheaf (E.) "باقەگیا، گیشەگیا، خۆیان"، čub (Rus.) "چەپکە موو"،
سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)keu-b, p- >*** "باقە". ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑سمێڵ sımêl و
↑زووف zuf "زوڵف".

چەپکەن1 çepken *[čapkan]* - "کراسی داوێن درێژی ژنانە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر
↑سیپاڵ sîpal دا هاتوون. ئەم وشانە مانای "چنین، تەنین" دەبەخشن.

چەپکەن2 çepken *[čapkan]* - "رێگەی بنهەرد، نەغمە": کەرتی یەکەمی وشەکە دەشێ پێوەندی هەبێ
بە zufr (Pl.) و jafra (Av.) "قووڵ" [بڕوانە ↑کون kun]. کەرتی دووەمی وشەکە دەشێ لە ↑کەندن
kendın [هەڵکەندن]ەوە هاتبێ. لەم تێڕوانینە مانای وشەکە دەبێتە "قووڵ هەڵکەنراو".

چەپۆ cepo *[čapo]* - "تاڵان": چەپاوçepaw یش دەگوترێ. دە فارسیدا چپاول čapāvol (P.) "تاڵان" و
چاپیدن čāpīdan (P.) "تاڵان کردن". لەوانەیە وشەکە دەگەڵ ↑ساوین sawîn و سابیدن sabîden (P.)
"سوونەوە" [هەروەها بە مانای سترین، پاک کردنەوە] خزم بێ. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دە بنچینەدا
دەبێ بەو مانایە هاتبێ کە لەکاتی تاڵاندا هیچ شتێکیان بەجێ نەهێشتبێ و بە وتەی ئەمڕویی "گەسکیان
لە ماڵەکە دابێ".

چەپۆک cepok [čapok] - "دەست، پەنجە": خزمە دەگەڵ ↑چەپ2 çep "دەست، لەپی دەست" و ↑چەپڵە çeple"، سەر بە ریشەی *(IE.) *kapho-, *kopho- >* "سم، دەست". خزمە دەگەڵ ↑چەپڵە çeple و ↑چەپۆک çepok.

چەپە çepe [čapa] - "سەوڵی بەلەم لێخوڕین": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شەپ şep دا باس کراون، سەر بە ریشەی *(IE.) *skeu(h)- >* "هاویشتن، پاڵنان، ڕادان، دەرپەڕاندن". "چەپە" هەڵسەنگینە دەگەڵ Schippe (G.) "پێمەڕە، بێڵ" و ↑سەوڵ sewıl یش هەڵسەنگینە دەگەڵ Schaufel (G.) "پێمەڕە، خاکەنداز" دە زمانی ئەڵمانیدا. لەم تێڕوانینەوە "چەپە" یان "سەوڵ" دە بنەڕەتدا واتا "بێڵ"ی رادانی ئاو.

چەپەر1 çeper [čapar] - دەگەڵ "چڵک" دێ [چڵک و چەپەر çıllk û çeper]. خزمە دەگەڵ Schuppe (G.)، scuoba (OG.) "کرێژ"، skove (Nor.) "توێخی رەق بوو، قرتماغە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ سوانەوە [↑ساوین sawîn] و دە بنچینەدا مەبەست ئەوشتە بووە کە بە سوانەوە لێ دەکرێتەوە. دە زمانی کوردمادیدا دەبێ مەبەست ئەو توێژە چڵکە رەقبووی سەر پێست یان جلوبەرکَ بێ و هەربۆیەش وشەکە زۆرتر دەگەڵ چڵک بەکاردێ. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چەپەڵ çepel "گەمار، پیس، چڵکن.

چەپەر2 çeper [čapar] - "تامان، دیواری لەشووڵ": دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑کەپر kepır "سابات، سەیوانی بەدار و پەلکەگیا چنراو".

چەپەر3 çeper [čapar] - "سەنگەر": شێوەیەکی دیکە لە ↑سپەر sıper "بەربەست بۆ خۆپاراستن".

چەپەڵ çepel [čapal] - "گەمار، پیس، چڵکن": خزمە دەگەڵ ↑چەپەر[1] çeper [چڵک و چەپەر].

چەت çet [čat] - چەت تێخستن واتا کار تێکدان، خراپ کردنی کاری کەسێک. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چەتە çete "رێگر".

چەتارە çetare [čatāra] - "پارچەی ئاوریشم": جێی بەراورد کردنە دەگەڵ:

1- شەدە şede،

2- چەتفە çetfe "دەسماڵی سەری عارەبان".

چەتاڵ çetal [čatal] - "1- چەنگاڵ، هاواڵی کەوچک 2- دار یان ئاستێکی دوولک بۆ لەسەر دانانی تفەنکَ": [بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑تەتک tetık].

چەتر çetır [čatır] - "شتێکە بۆ خۆپاراستن لە بەفر و باران یان تیشکی هەتاو لە بان سەر رادەگیرێ": دە فارسیدا چتر čatr (P.). خزمە دەگەڵ ↑چادر çadır "خێوەت، پەڕۆی داپۆشین".

چەتفە çetfe [čatfa] - "دەسماڵی سەری عارەبان": خزمە دەگەڵ ↑چەتر çetır و دواتر دەگەڵ ↑کەتیفە *ketîfe* "سوانە" و ↑چادر *çadır* "خێوەت، پەڕۆی داپۆشین".

چەتوون çetun [čatūn] - "دژوار": *< stenos (Gr.)* "تەنگی" [مەبەست لە چەتوون دەشێ دە بنەڕەتدا "تەنکَ و چەڵەمە" بووبێ].

چەتۆر çetor [čator] - "یەک لە چوار بەش": شێوەیەکی کۆنترە لە وشەی ↑چوار çuwar. **چەتە çete** [čata] - "رێگر": هەروەها ↑چەتلەمەر çetlemer هەیە بە مانای "دەسبڕ و فێڵباز". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ gaday (Pl.) و gadōk (Pl.) و gađa (Av.) "دز، چەتە". هەروەها قەدەغە qedeğe [یان ↑قەدەخە qedexe] کە بەهەڵە بە وشەیەکی تورکی ناسراوە، پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە. دە زمانی عەرەبیدا "حرام" هەیە بەمانای شتێک کە خراپ و قەدەخەیە و هەروەها "حرامی" هەیە بە مانای "چەتە و رێگر". وەک دەیبینین دە زمانی عەرەبیشدا پێوەندی تیوان "قەدەخە" و "دز و رێگر" لە ئارادایە. وێ دەچێ دە زمانە ئێرانییە کۆنەکانیشدا وشەکە سەرەتا بە مانای "خراپ، قەدەخە" بووبێ و لەوێوە وشەی "چەتە" سەری هەڵدابێ بە مانای ئەو کەسەی کاری نەشیاو و قەدەخە دەکا. لەم تێڕوانینەوە ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ Schaden (G.)، scado (OG.)، schade (Nl.)، sceađa

(OE.)، skada (Sw.) "زەرەر و زیان، ناحەقی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *skath- >*** "زیان گەیاندن". دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی دیکەش هەن کە پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکەن و راست و دروستی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەسەلمێنێ. یەکەمیان وشەی ↑شەتە şete یە بە مانای "پەتای گیا و رووەک"، واتا ئەو شتەی زەرەر و زیان بە گیا دەگەیەنێ، دووەمیش وشەی ↑زەدە zede یە بە مانای "عەیب، کەمایەسی" [دەبنەڕەتدا: زیان پێگەیشتوویی]. هەروەها وشەی خطا (Arb.) xatā مانای "هەڵە، کاری نەباش" پێوەندی بە وشەکانی دیکەوە هەیە و لەوانەیە زمانی عەرەبی لە زمانە ئێرانییەکانی وەرگرتبێ. هەر لەم پێوەندییەدا دیسان وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا سەرنج رادەکێشێ کە ئەویش ↑چەت çet ە [چەت تێخستن]. ئەم وشەیە دەبنەڕەتدا بە مانای خراپ کردن و تێکدانی کارێک یان زەرەر و زیان لێدان بە کار و بارێکە لە لایەن نەیارەوە. لەلایەکی دیکەوە وشەی ↑سادە sade دە زمانی کوردمادیدا پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکا.

چەچە çeçe *[čača]* - "دەست دە زمانی زارۆکدا": خزمە دەگەڵ ↑چیچە çîçe و ↑تووتە tute "پلەگوشت، گچکە".

چەخەر çexer *[čaxar]* - "نیشانەی رێ و بان، کێلکا سەر رێ": مەبەست لە چەخەر دەبێ کێڵەبەرد یان بەردی هەڵچندراو لەسەر رێگە بووبێ بۆ نیشانە کردن و ناسینەوەی شوێنی پێدارویشتن.

1- ئەم وشەیە ئەگەر دە بنەڕەتدا بە مانای "نیشانە" بێ، ئەوا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شەقڵ şeqıl. 2- خۆ ئەگەر مانای بنەڕەتی وشەکە "بەرد" بێ، دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑چەقەن çeqen و ↑زاخۆر zaxor بە مانای "بەرەڵان".

چەرت çert *[čart]* - "جیا بوون، هەڵبڕان": خزمە دەگەڵ ↑چرتیان çırtîyan "پەڕین، هەڵاتن، ون بوون".

چەرچی çerçî *[čarčī]* - " فرۆشیاری گەڕیدە": پێ دەچێ پێک هاتبێ لە دوو کەرتی چەر + چی çer + çî. کەرتی چەر -çer دەتوانێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑جارِ car "بانکَ، هەرا". کەرتی دووەم پاشگرە. لەم تێڕوانینەوە چەرچی [جارچی؟] بەو کەسانە گوتراوە کە بانکَ و هەرایان کردووە بۆ راکێشانی کڕیار و فرۆشتنی شتەکانیان.

چەرخ çerx *[čarx]* - "رەورەوە": چرخ (P.) čarx. وشەکە ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە و دە زمانە کۆنە ئێرانییەکاندا چەخەر čaxar بووە. خزمە دەگەڵ (OIn.) cakrá، (Gr.) kúklos، (L.) cyclus، (OE.) hweōl، (E.) wheel، (ON.) hvél "چەرخ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *qeqlo- >*** "چەرخ، چەرخان". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑قاقیلۆک qaqîlok "دەزووی لەسەر مقەببا هەڵکراو" و ↑تەقڵە teqle "سەرمەقوولات".

چەردە çerde *[čarde]* - "رەشتاڵە": سیەچردە (P.) sīyahčarde. "رەشتاڵە" لە دوو وشەی "رەش" و "تاڵ" پێک هاتووە، کەرتی "تاڵ" شێوەیەکی دیکەیە لە "تار" [تاریک، تەماوی]. هەر بەم چەشنە وشەی "سیەچردە"ی فارسی لە دوو بەشی "سیە" واتا "رەش" و "چردە" پێک هاتووە کە دەبێ مانایەکی وەک وەک تاڵ یان تاری هەبێ. ئەم وشەیەخزمە دەگەڵ ↑شاردنەوە şardınewe. دیارە پێوەندی نیزیک هەیە لە تیوان دوو چەمکی "تار" و "شاراوە"دا. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑چرسین çırsîn هەیە بە مانای "رەشکە و پێشکە کردنی چاو" [تار بوونی چاو].

چەرم çerım *[čarım]* - "پێست": چرم (P.) çerm، (Av.) çareman، (OIn.) cárman-، (L.) corium "چەرم". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ (G.) Schirm، (OG.) scirm، (Nl.) scherm "چەتر". وشە ژێرمەنییەکان دە بنەڕەدا بە مانای "کەوڵ یان بەرگی چەرمینی مەتاڵ" بووە. پاشان لەوێوە مانای "مەتاڵی شەر" و دواجار "چەتر" دروست بووە. دە ریشەدا دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشە کە مانای "بڕین، جیا کردنەوە، لێکردنەوە" دەبەخشن، وەک ↑کێرد kerd، ↑شڕ şır.

چەرموو çermu *[čarmū]* - "سپی": چەرمکَ çermıg یش دەگوترێ. لەوانەیە پێوەندی بە ↑چوڕ çur "سپیایی، روونی"یەوە هەبێ.

چەروەشێن çerweşên *[čarwašen]* - "لووشک هاوێژ، جووتەوەشێن": چەر + وەشێن çer + weşên. کەرتی "چەر" خزمە دەگەڵ skélos (Gr.) "ران، لاق"، skélis "سمت". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ skoliós (Gr.) "خوار"، scheel (G.) "خێل" و ↑شەل şel لەم ریشەوە هاتوون. کەوابوو "چەروەشێن" دەبێتە "لاق وەشێن" یان "لەقە وەشێن".

[تێبینی: شیاوی باسە کە وشەی شەقاو [قەدەم، پێ]، چۆک، چەنکَ، زەند و زینکَ [گوێزینکَ] و هیتریش گشتیان سەر بە ریشەیەکن بە مانای "خوار، بادراو].

چەرە çere *[čara]* - "خواردەمەنی، لەوەڕ": چەرەز çerez و چەلە çele ش دە گوترێ. پێوەندە بە کرداری ↑چەرین/ چێرین çerîn /çerîen "لەوەڕین".

چەرەس çeres [*čaras* - "بەنکَ، حەشیش": حەشیش دە زمانی عەرەبیدا بە مانای "گیا"یە و هەروەها بەو " گیا"یەش دەگوترێ کە بۆ کیشان و بەنکَ بوون بەکاردەهێنرێ. هەر بەم جۆرە دە زمانی ئاڵمانیدا Gras (G.) بە هەردوو مانا بەکاردێ. دە زمانی کوردمادیدا چەرەس çeres خزمە دەگەڵ وشە ئاڵمانییەکە و دە بنەڕەتدا بە مانای "گیا، لەوەڕ" بووە. چەرەس خزمە دەگەڵ ↑چەرە çere و ↑چەرین çerîn.

چەرەگە çerege *[čaraga]* - "بەرچیغ، ئەو دارانەی بە پاڵ چیغەوە دەچەقێن": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چەلاک çelak "داری درێژی میوە تەکاندن".

چەرین çerîn *[čarīn]* - "لەوەرین": دە فارسیدا چریدن čarīdan (P.). بنەوشەی چەر çer- دەشێ خزم بێ دەگەڵ Gras (G.) "گیا" [دە بنچینەدا "لەوەڕ"]، grastis (Gr.) "گیای خواردن، لەوەڕ"، grasati (OIn.) "خواردی، لەوەڕا "، سەر بە ریشەی ***ghro-** (IE.) > "شین بوون، هەڵدان، گەورە بوون". وشەکانی چەرە çere، چەرەز çerez بە مانای "خواردەمەنی" دەشێ پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑گەڵا gela.

چەست çest *[čast]* - "سڵاو کردنی سوپایی": ئەم وشەیە و هەروەها ژێست jest "پۆز و قیافە گرتن" دەچنەوە سەر gestus (L.) "جموجۆل و هەلسوکەوتی شانۆگەرانە".

چەشن çeşın *[čašın]* - "جۆر، نەوع، جینس": چسان česān (P.) "چەوا، چجۆر". پێک هاتووە لە دوو کەرتی چە + شن če + şın. شن şın [سان sān (P.)] شێوەیەکی دیکەیە لە گۆن gon [↑گوێن guwen] و هەموو ئەوانەش دەبنە خزم دەگەڵ genos (Gr.)، genus (L.) "نەوع، جینس، تیرە، تۆرەمە". شیاوی باسە جنس jins (Arb.) وەک بە روونی دیارە، لە وشە یۆنانی یان لاتینییەکە وەرگیراوە. ئەم وشانەی سەرەوە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ kind (E.) "جۆر، نەوع"، Kind (G.) "زارۆک" و هەروەها ↑گەنج *genc* "لاو". دواجار دەبنە خزم دەگەڵ ↑زان zan.

چەفت1 çefıt *[čafıt]* - چەپت çepıt یش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چەوت çewıt "خوار، ناراست".

چەفت2 çefıt *[čafıt]* - "دارۆکە [یان ئاسنۆکەیە] دەرگای پێ دادەخەن": دە فارسیدا چفت (P.) و هەروەها چفت و بست čeft u bast (P.). خزمە دەگەڵ Schaft (G.)، shaft (E.)، skaft (Sw.) "دەسک" [دەبنەڕەتدا "دەستگیرەی تیزە"]، skēptron (Gr.) "چێو، داردەست"، scāpus (L.) "دەسک". [مەبەست ئەو دارۆکەیە کە وەک دەسک بەکار دەهێنرێ، وەک دەسکەپێمەڕە یان دەسکەچەقۆ و هتد]. دە ریشەدا خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn "سوونەوە، داتاشین، ساف و لووس کردن". دە زمانی کوردمادیدا "جووت کردنی دەرگا " هەیە کە لێرەدا وشەی ↑جووت[2] cut شێوەیەکی گۆڕدراوە لە "چەفت". جووت کردنی

دەرگا [پێشتر چەفت کردنی دەرگا] بە مانای داخستنی دەرگا و قایم کردنی بەهۆی ئەو دارۆکەیە بووە کە خراوەتە پشتییەوە.

[تێبینی: لەباری پێوەندی تیوان چەفت و چەفت کردن واتا جووت کردن دەتوانین بەراوردێک بکەین دەگەڵ دوو وشەی Riegel و riegeln دە زمانی ئەڵمانیدا، یەکەمیان بە مانای "چەفت" و دووهەمیشیان بە مانای "چەفت کردن"].

چەفتە çefte *[čafta]* - "1- درۆ، بوختان 2- بنەمێو کە لە دار دەهاڵێ": خزمە دەگەڵ ↑چەواشە çewaşe. [دە بنەرەتدا: قسەی ناراست، قسەی چەپ و بادراو]. ئەگەر سەیری مانا دووەمەکەش بکەین، ئەوە دیسان ئاماژە دەکرێ بە با دران و خوار و خێچ بوونی بنەمێوەکە بەدەورا داردا.

چەق1 çeq *[čaq]* - "ناوەند، تیوەراست، مەرکەز" [بۆ وێنە چەقی رێگا]. ئەم وشەیە وەک بنەوشە دە ↑چەقین çeqîn و ↑چقڵ çıqıl یشدا دەبیندرێ و دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تیراچوون، تیهەڵچەقین".

[تێبینی: سەبارەت بە پەیدابوونی مانای "ناوەند وتیوەراست" بۆئەم وشەیە دەتوانین دەگەڵ وشەیەکی یۆنانی بەراوردی بکەین کە مانای "ناوەند، تیوەڕاست"ی وەرگرتووە، بەڵام خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تیهەلچەقین". وشەی centrum (L.) "ناوەند، نوختەی ناوەندی" دەچێتەوە سەر kentron (Gr.) "چقڵ، نەقیزە" و ئەمەشیان دەچێتەوە kentein (Gr.) "تیراچوون، تیهەڵچەقین". وشەی kentron ی یۆنانی هەر دە زمانی یۆنانیدا جگە لە مانای "چقڵ و نەقیزە" بە مانای "نوختەی تیوەڕاست لە ناو بازنە"دا بەکارهاتووە و ئەم مانایەش لەمەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە نوختەی تیژی چقڵ یان دارێکی تیژکراو دەکەوێتە تیوەڕاستی ئەوشتەوە (ئەگەر لەسەرەوەڕا سەیری نوختەکە بکەین]. دە زمانی کوردمادیشدا هەر ئەم پێوەندییە لۆژیکییە دە تیوان چەمکەکانی "چقڵ و تیهەڵچەقین" لە لایەک و لە لای دیکەشەوە "چەق" بە مانای "تیوەڕاست، مەرکەز" دا هەیە].

چەق2 çeq *[čaq]* - دەگەڵ "چۆ" دێ [چەق و چۆ çeq u ço]. چەق و چۆ گرتن یان چەق و چۆ پێداهاتن واتا هەڵلەرزین لە نۆبەتێ دا. خزمە دەگەڵ ↑شەکانەوە şekanewe "لەرزین".

چەق3 çeq *[čaq]* - "سەرسەخت و لاسار": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شەق şeq [کەللەشەق واتا سەرسەخت]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑سەخت sext، زەخت zext، جەخت cext و هتد. ئەم وشانە ئاماژە بە "سەختی، گوشار، توندی" دەکەن.

چەقا çeqa *[čaqā]* - "لەوساوە، لەودەمەوە": خزمە دەگەڵ ↑چاخ çax "کات، دەم".

چەقاڵە çeqale *[çaqāla]* -"میوەی نەگەیشتوو": [سفت و چیڕ وەک چەقالە بادام]. چغالە čaġāle (P.). خزمە دەگەڵ ↑چغوور çıġûr "(دارستانی) چڕ و پڕ"].

چەقاڵتە çeqalte *[čaqālta]* - "سفت، چیڕ": [چەرمە چەقاڵتە]، خزمە دەگەڵ ↑چغوور çıġûr "(دارستانی) چڕ و پڕ"].

چەققاڵ çeqqal *[čaqqāl]* - دەگەڵ "بەققاڵ" دێ [بەققاڵ و چەققاڵ]. دەچێتەوە سەر ↑چەقە çeqe/ çeqqe. مەبەست لە چەققە کردن دەنکَ و هەرا کردنە بۆ راکێشانی کڕیار و خورد کردنەوەی شتومەک.

چەقچەق çeqçeq *[čaqčaq]* - "چەقەنەی ئاش": خزمە دەگەڵ ↑چەقەنە çeqene.

چەقڵە1 çeqle *[čaqla]* - دەگەڵ "سەما" دێ [چەقڵە سەما çeqlesema]:

1- لەوانەیە شێوەی کۆنتری ↑تەقڵە2 teqle بێ واتا "سەرمەقولات، خۆ وەرسووڕاندن لە حەوادا" [کۆتری تەقڵەباز]، سەر بە ریشەی بە ریشەی *(IE.) *qeqlo- > "چەرخ، چەرخان". لەم تێڕوانینەوە "چەقڵە" بریتییە لە خۆ با دان و جم و جۆڵی تیکەڵ بە سووڕان لەکاتی سەماکردندا.

2- لەوانەشە "چەقڵە" پێوەندی بە بنەوشەی ↑چەق2 -çeq ەوە هەبێ بەمانای "لەرزین، راوەشاندن، تەکان دان". لەم تێڕوانینەوە دەبێ مەبەست خۆ لەراندن لە کاتی سەمادا بێ.

چەقلە çeqle 2 *[čaqla]* - "چڵکن، گەمار": بنەوشەی چەق -çeq لەم وشەیەدا بەجورێکی دیکە لە وشەی ↑جیقنە cîqne "پیسایی پەڵەوەر"دا دەبیندرێ.

چەقۆ çeqo *[čaqo]* - "کێرد": دە فارسیدا čāqū (P.). خزمە دەگەڵ Säge (G.)، zaag (Nl.)، saw (E.) "مشار"، سەر بە ریشەی *(IE.) *sek- >* "بڕین، بڕینەوە". secare (L.) "بڕین، لەت کردن"، seč (Rus.) "بڕین" دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە.

چەقە¹ çeqe *[čaqa]* - "قسەکردنی زۆر و بە دەنگی بەرز": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زیقە zîqe.

چەقە² çeqe *[čaqa]* - "بتێشت": چەققە çeqqe ش دەگوترێ. سقز saqqez (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑جاجک cacık.

2- ↑چڕ çır 2 [چغر çığır، چقر çıqır] "توند، سفت، خەست".

چەقەرە çeqere *[čaqara]* - "تیرتکی تازە دەرهاتووی گیا": ↑چەکەرە çekere ش دەگوترێ.

چەقەساو çeqesaw *[čaqasāw]* - "تیژکردنی داس": بنجەوشەی چەق- -çeq خزمە دەگەڵ زاخ¹ "بەرد". هەروەها ↑سەق seq هەیە بە مانای "سۆهان لێدان، هەسان لێدان". کەرتی دووەمی وشەکە واتا ساو saw دەچێتەوە سەر ↑ساوین sawîn [سوون، سوونەوە]. چەقەساو واتا ساوین بە بەرد [هەسان لێدان] بە مەبەستی تیژ کردن. جگە لەم وشەیە ↑چەقەسوو çeqesu یان چەقاوەسوو çeqawesu بە مانای "بێچاووڕوو، بێشەرم" هەیە، کە ئەمەش پێوەندی بەوشەکەی سەروە پەیدا دەکا. مەبەست لەم وشانە ئەوەیە کە کەسێک هێندە دەگەڵ ئەم و ئەو تێکەوتووە و تووشی شەڕەقسە بووە کە ئیتر سواوەتەوە و هەرز بووە [هەرزە بووە].

[تێبینی: مەبەست لە هەر دوو وشەی "هەسان" و "سۆهان" یش دە ئەسڵدا "بەرد"ە، یەکەمیان خزمە دەگەڵ "ئاش" و دووەمیان دەگەڵ "سەق"].

چەقەسوو çeqesu *[čaqasū]* - "بێچاووڕوو، بێشەرم": خزمە دەگەڵ ↑چەقەساو çeqesaw.

چەقەڵ çeqel 1 *[čaqal]* - "تۆڕک": دە فارسیدا شغال şoġal (P.)، śrgālá-h (OIn.). ئەم وشەیە لە رێگەی زمانی تورکییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەوروپییەکانیش: Schakal (G.)، jackal (E.) و هتد. ریشە؟

چەقەڵ çeqel 2 *[čaqal]* - "پێچک، پێچکی کورسی": چەق + ئەل çeq + el. چەق شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چاق çaq "لاق". کەرتی دووەم پاشگرە.

چەقەن çeqen *[čaqan]* - "رەقەن، تەمتەمان": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑زاخان zaxan و ↑زاخۆر zaxor "بەردەڵان"، ↑سخار sıxar "زەوی نەکێڵ، رەقەن" و بە شیمانەیەکی بەهێز دەگەڵ ↑سەق *seq*یش.

چەقەنە çeqene *[čaqana]* - "1- دوو پارچە زەردەی چکۆلە کە سەماکەر دە دەستی دەکا و لێکیان دەدا و دەنگیان لێ دێنێ 2- پل لێدان، دەنکۆ دەرهێنان بە لێکدانی قامکەکان لە سەمادا 3- یەکێکە لە ئامرازەکانی ئاش": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑چەق و چۆ çeq u ço، ↑چۆقیان çoqîyan، ↑شەقشەقە şeqşeqe، ↑چەکچەکی çekçekî، ↑شەکانەوە şekanewe و هتد . گشت ئەم وشانە ئاماژە بە چەمکی "لەرزین، راوەشاندن، تەکان دان" دەکەن.

چەقین çeqîn *[čaqīn]* - "قایم بوون، تێراچوون، تێراکران": خزمە دەگەڵ stechen (G.)، stehhan (OG.)، steka (Ofrs.)، steken (Nl.) "پێوەدان بە نووکی تیژ، تێراکردن، تێهەڵچەقاندن"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)teig- >* "تێراچوون، تێهەڵچەقین". دە زمانە ئەوروپییەکاندا گەلێک وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک steizo (ON.) "بە سیخەوە کردن، بە شیشەوە کردن"، stiks (Gt.) "نوختە" [دە بنچینەدا شوێنی هەرە ورد و تیژ]، stizo (Gr.) "خاڵ داکوتان لەسەر پێست"، instingare (L.) "تێوەژاندن ، تێراکردن"، tigma- (OIn.) "تیژ"، stock (G.) و sticca (OE.) "بەرچیخ، داردەست"، stega (Lett.) "سینگی

داکوتان“، stoža (.Rus) ”دار، کۆڵەکە، ستوون“. دە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەکی زور وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک ↑تیخ tîx، ↑تیژ tîj، ↑چیغ çîğ، ↑سینکَ sîng، ↑چقڵ çıqıl، ↑چەقەرە çeqere و هتد. دە زمانی کوردمادیدا چەقین و چەقاندن دیارە مانەکەیان تەواو بەندە بە مانای ریشەکەوە کە دەبێتە ”تێراچوون یان تێراکردن“. مەبەست لە چەقاندنی دار یان سینکَ دە بنچینەدا تێراکردنی ئەوشتە لە هەرد یان دیوار بووە. ئەم مانا بنەڕەتییە دە وشەکانی ”هەڵچەقین و هەڵچەقاندن“ دا خۆی باشتر نیشان دەدا. دە زمانی ئالمانیشدا stecken (.G) کە بە مانای ”(دا)چەقاندن، قایم کردن“ دێ، خۆی دەچێتەوە سەر stechen (.G) ”تێراکردن، تیهەڵچەقاندن“.

چەکَ 1 çek *[čak]* - ”1- ئامرازی لێدان و کوشتن 2 - مشتەی دەستی هەللاج“: دە فارسیدا چک çek (.P) بە مانای ”زللە“ دێ و چکاچک çekaçek بە مانای ”دەنگی وێککەوتنی شمشێر لە شەڕ دا“. جگە لەمە بنەوشەی چەک دە وشەی ↑چەکوچ çekuç [چەکوش] دا دەبیندرێ. ئەم وشانە دەشێ دەگەڵ ژمارەیەک وشە خزم بن کە لەژێر ↑سەق *seq* دا شی کراونەو ە و مانای بنەڕەتییان ”سەخت، بەهێز“ە و لەمەوە چەندین مانای دیکە وەک ”بەرد، گۆپاڵ، کوتک، چەکوچ“ [ئامرازەکانی لێدان]، ”لێدان“، ”زەبر و زەنکَ“، ”زەخت و زۆر“ سەرچاوەیان گرتووە. دە زمانی فارسیدا هەروەها چکاندن ماشە čekāndan e māše (.P) بە مانای ”داگرتنی پەلەپیتکە“ی تفەنکَ و دەبانچە بەکار دێ. لەم کردارە فارسییەدا چەمکی ”لێدان“ خۆی حەشار داوە، هەر وەک چۆن دە وشەی ”پەلەپیتکە“ یان ”تفەنکَ“یشدا ئەم چەمکە لەئارا دایە. هەروەها ”شلیک“ی فارسی خزمە دەگەڵ ”شەللاق“ و ئەویش چەمکی لێدان دەردەبڕێ.

چەکَ 2 çek *[čak]* - ”کەوشی کۆنی لەبەریەک چوو“: هەروەها چەک و پووش çek û pûş هەیە بە مانای ”وردە و پردە“. خزمە دەگەڵ ↑چەقۆ çeqo سەر بە ریشەیەک بە مانای ”بڕین، لەت کردن، لێکرنەوە“. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑شەق şeq [شەق و شڕ şeq û şır].

چەکَ 3 çek *[čak]* - ”قاقەزی بانکی“: چک çek (.P) > *check (.E)* ” کونترۆڵ کردن“ < *echec (.OFr)* ”شەترەنج“ < *šāh (.P)* ”شا، پادشا“. زمانی فەرەنسەیی وشەکەی بە مانای ”شەترەنج“ وەرگرتووە وەک ”شاخ مات“ دە عەرەبیدا. ئەم وشەیە پاشان چووەتە ناو زمانی ئینگلیزی و سەرەتا بە مانای ”نەزم و سیستەمی دەسەڵاتداری“ و پاشان بە مانای ”کونترۆڵ کردن“ بەکار هاتووە. وشەکە دیسان لەباری ماناوە پەرەی سەندووە و مانای ”قاقەزی بانکی“ وەرگرتووە کە سەرەتا مەبەست قاقەزێک بووە کە بانک کۆنترۆڵی دەکا. دواجا وشەکە بەم مانایانەی کە دە زمانە ئەورووپییەکاندا پەیدای کردووە، هاتۆتەوە ناو زمانی فارسی و کوردمادی.

چەکچەکی çekçekî *[čakčakī]* - ”شەمشەمەکوێرە“: بنەوشەی چەک -çek، بە چەند شێوەیەک، دە هێندێک وشەی دیکەشدا دەبیندرێ، وەک ↑چەق و چۆ çeq u ço، ↑شەقشەقە şeqşeqe، ↑شەکانەوە şekanewe و هتد. گشت ئەم وشانە ئاماژە بە چەمکی ”لەرزین، راوەشاندن“ دەکەن. مەبەست لە ناوی چەکچەکی ئاماژە کردنە بە پەڕ و باڵ لێکدانی خێرا [پەڕ و باڵ راوەشاندن] .

[تیبینی: ناوی ئەم گیانلەبەرە دە زمانی ئاڵمانیدا دەبێتە Fledermaus (.G) و دە بنەڕەتدا واتا ”مشکی پەڕ و باڵ لێکدەر“].

چەکمە çekme *[čakma]* - ”کەوشی تا ئەژنۆ“: دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑سوخمە suxme ”کولێجە“، Schuh (.G)، scuoh (.OG)، skōhs (.Gt)، shoe (.E)، sko (.Sw) ”کەوش، پێڵاو“، سەر ریشەی ***(IE.) *(s)keu-*** < ”داپۆشین“.

2- ↑چاق çaq [ساق sāq (.P)] بە مانای ”لای خوارەوەی لاق“، چۆک çok ”ئەژنۆ“، ↑شەق şeq [دەبنەڕەتدا بە مانای ”لاق، پێ“] و دواتر دەگەڵ ↑زەنگاڵ *zengal* ”بەلەک پێچ“. چەکمە، چاق [واتا لاق تا نیزیک چۆک] دادەپۆشێ.

چەکوچ çekuç *[čakuč]* - "ئامرازێکی کوتان و شکاندن": چەکوش çekuç یش دەگوترێ. چکش čakkoš (P.)، čakuč (Pl.)، čakuš (Av.). خزمە دەگەڵ ↑چەک çek.

چەکە1 çeke *[čaka]* - "مشتووی هەلاج": خزمە دەگەڵ ↑چەک *çek* و ↑چەکوچ çekuç.

چەکە2 çeke *[čaka]* - "لەرزە" [هەر چەکەی سەری دێ]. خزمە دەگەڵ ↑چەق çeq، ↑چوقیان çoqîyan و ↑شەکانەوە şekanewe. گشتیان بە مانای "لەرزین، لەرینەوە، راوەشاندن".

چەکەرە çekere *[čakare]* - "تیرتکی تازە دەرهاتووی گیا": خزمە دەگەڵ ↑چووزەرە çûzere. هەروەها پێوەندی پەیدا دەکا بەو وشانە کە لە ژێر ↑زەق zeq دا باس کراون.

چەل1 çel *[čal]* - "جار، کەرەت":

1- لەوانەیە گۆڕدراوی ↑جار car بێ.

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑گل[3] gıl "جار".

چەل2 çel *[čal]* - "هەشتپێ": شێوەیەکی دیکە لە ↑جلە cıle. چەلومل çelumel بە مانای "بەڵای دەست هەڵنەگر" لەم وشەیە وەرگیراوە. کەرتی "مەل" لەم وشەی دواییدا دەبێ هەر "مار" بێ و بەگشتی وشەکە ئاماژەیە بە بەڵایەک کە وەک مار و هەشتپێ لە مرۆڤ دەهاڵێ و بەری نادا.

چەلاک çelak *[čalāk]* - "داری درێژی میوە تەکاندن": خزمە دەگەڵ ↑جەل cel.

چەلاندن çelandın *[čalāndın]* - دەگەڵ پێشگری "دا" دێ [داچەلاندن daçelandın: شۆرکردنەوە، شل کردن]. خزمە دەگەڵ ↑شل şıl.

چەلاو çelaw *[čalāw]* - "1- شورباو 2- زەلکاو": خزمە دەگەڵ ↑چراڤ çırav و ↑زەڵ zel "زەلکاو"، ↑چڵپاو çılpaw و هێندێک وشەی دیکە، سەر بەریشەیەک بە مانای "لیچق بوون، تەڕ و لووس بوون".

چەڵتووک çeltuk *[čaltūk]* - "برینجی بە توێکڵەوە": دە فارسیدا شلتوک šaltūk (P.). ئەم وشەیە و هەروەها وشەکانی ↑چاڵ çal [چیلکەو چاڵ] و ↑چڵتە çılte [چڵتەو چاڵ] خزمن دەگەڵ Schale (G.)، scala (OG.)، scealu (OE.)، schel (Nl.)، skel (OIs.)، shell (E.) "توێکڵ". [توێکلی دەغڵ ودان و هی میوە]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kel- >*** "قەڵشاندن، جیا کردنەوە، لێک کردنەوە". مەبەست ئەوشتەیە کە لە دان یان لە میوەکە جیا دەکرێتەوە.

چەلقوو çelqu *[čalqū]* - "لەڕ و لاواز": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑جلوا cılwa "سیس و ژاکاو"، دە بنەرەتدا بە مانای "هیشکبوو".

چەلومل çelumıl *[čalūmıl]* - "بەڵای دەست هەڵنەگر": خزمە دەگەڵ ↑جلە1 cıle "1- هشت پێ 2- رەکَ و ریشەی دارەبی کە پێش بە ئاو دەگرێ".

چەلە çele *[čala]* - "گوریس، پەت": خزمە دەگەڵ Seil (G.)، zeel (Nl.)، sāl (OE.) "بەن، ریس، پەتک"، saīlas (Lit.) "بەن، بەند"، silo (Rus.) "قلفە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sēi- >*** "بەستن، لێکبەستن". دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑چیلان çele "ئەنگوچکە سۆرانی باریک"، ↑چللی çıllî "دەزووی برین درووندەوە"، ↑جاڵ cal "داو، هەودا"، ↑جۆڵا cola و ↑جاڵجاڵۆکە calcaloke و هیتر پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

چەلەک çelek *[čalak]* - "چەماو، داهاتووە": وشەکە سەر بە ریشەیەکە بە مانای "خوار" و دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑*شەل şel*، ↑خێل xel، ↑چەڵەمە çeleme و هتد.

چەڵەمە çeleme *[čalama]* - "1- کەڵەمە، کەڵەوە 2- ئاڵقەی سەری قەیاسە 3- ئێسکێکی دوو فلیقانە دەتیوان شان وملدا": شێوەیەکی دیکە لە ↑کەڵەوە kelewe / ↑*کەلەمە keleme*. وشەکە بە مانای سێهەم وەک ↑چۆڵەمە çoleme ش دەگوترێ. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "رێککوشین". دە زمانی کوردمادیدا ئەم پێوەندییە بەرچاوە [تەنکَ و چەڵەمە]. چەڵەمە یان کەڵەمە ئەو دارەیە کە

بەهۆی ڕێککوشینەوە (هەردوو سەری) وێك هاتۆتەوە. وێ دەچێ مانای سێیەمیش لەمەوە هاتبێ کە ئەو ئێسکەی پەلەوەر ئێسکێکی خوارە، واتا دوو سەرەکەی وێك هاتۆتەوە.

چەلەنکێ1 çeleng [*čalang*] - "چوست و ئازا": خزمە دەگەڵ یەك لەم وشانەی خوارەوە:

1- زرینکَ zrîng "ئازا، بەکار، هەڵسووڕ".

2- ↑چالاك çalak.

3- schlank (G.)، slank (Nl.) "قەدباریك". مانای وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژە کردن بووە بەوەی کە شتێك بە هۆی شل و مل بوون با دەدرێ و دەچەمێتەوە. slingan (OG.) "بەم لا و ئەولادا جووڵانەوە، بەم لا و ئەو لادا با دانەوە"، slingan (OE.) "با دانەوە، خوشین"، slyngva (OIsl.) "هاویشتن، فڕێ دان"، Schlange (G.) "مار" وێرای وشەکانی سەرەوە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *slenk-,-g- >*** "بادان، بەم لا و ئەو لادا جووڵانەوە". لەم تێڕوانینەوە "چەلەنکَ" دەبێتە کەسێکی بەجووڵە و بەراپەڕ، بەپێچەوانەی مرۆڤی لەشگران.

چەلەنکێ2 çeleng [*čalang*] - "دەفری گەورەی تەنەکە": وشەکە دە ئەسڵدا "چەلیك" بووە و فۆتیمی n خزاوەتە ناوی. بڕوانە ↑چەلیك çelîk.

چەلیپا çelîpa [*čalīpā*] - "خاچ، سەلیب": وشەی عەڕەبی صلیب salīb (Arb.) لەوانەیە ریشەکەی بۆ زمانی کوردماددییە بگەڕێتەوە. شتێك کە ئەم شیمانەیە بەهێز دەکا، وشەکانی ↑زولوبیا zulubya "جۆرێك شیرینی"، ↑*زولف zulf* و ↑قلفە qılfe یە. ئەگەر سەرەنجی شێوەی ئەم شتانە بدەین، جۆرێك "تیهەڵکیش بوون" بەدی دەکرێ کە بە هۆیەوە دۆخێکی "لێکدران و "زەربدەری" بەرچاو دەکەوێ. دیارە "خاچ"یش دە بنەڕەتدا بریتییە لە دۆخێکی "لێکدران و "زەربدەری". [دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ سێ چەمکی "زەربدەر"، "خاچ" و "چوارڕێان" وشەی Kreuz بەکار دەهێنرێ کە ریشەی لاتینی هەیە و دە زمانی لاتینیدا مانای خاچ دەدا].

چەلیك çelîk [*čalīk*] - "ئاسنی پتەو": چلیك çılîk یش دەگوترێ. چلیك čelīk (P.) دە زمانی فارسیدا بە ↑چەلەنکَ çeleng دەگوترێ، واتا "دەفری لە کانزا، دەفری تەنەکە". ئەم وشەیە دەشێ خزم بێ لەگەڵ Stahl (G.)، stahal (OG.)، staal (Nl.)، steel (E.)، stal (Sw.) "ئاسنی پتەو کراو، پۆڵا". ئەم وشە ژێرمەنییانە بە خزم دانراون لەگەڵ staxra (Av.) "ڕەق، سەخت"، سەر بە ریشەی ریشەی ***(IE.) *st(h)ā- >*** "وەستان، ڕاوەستان، جێگیر بوون، قایم بوون".

[تێبینی: لە وشە کوردماددییەکەدا دوو فۆتیمی st لێکدراوە و بووەتە ç. ئەم گۆڕانە لە چەندین وشەی دیکەشدا بەدی دەکرێ، وەك "چیڕ"، "چیغ"، "چاتمە"، "چۆماخ" و "چەقین" و هتد].

چەم çem [*čam*] - "ڕووبار": چۆم çom یش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Schwimmen (G.)، swimman (OG.)، zwemmen (Nl.)، swim (E.)، svim(m)a (OIs.)، simma (Sw.) "مەلە کردن". دە زمانی ئەڵمانیدا هەروەها Sumpf (G.) هەیە بە مانای "زۆنکَ، باتڵاق" و ئەویش خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە. ئەم وشەیە دە ئەڵمانی کۆندا sunft (OG.) بووە.

[تێبینی: لەتیوان چەمکەکانی "کانی، جۆگە، باتڵاق، چەم، دەریا"دا پێوەندی ئێتیمۆلۆژیك لە ئارادایە. دە زمانی ئەڵمانیدا Moor (G.) وشەیەکی دیکەیە بە مانای "باتڵاق" و خزمە دەگەڵ Meer (G.) "دەریا". هەروەها Bruch (G.) وشەیەکی دیکەیە بۆ "زۆنکَ" و بە لای منەوە خزمە دەگەڵ وشە کوردماددییەکانی بێرك berk "گۆمیلە لە چیا" و بیرکم bîrkım "گۆل، دەریاچە" و بیر bîr "چاڵاو". دە زمانی ئینگلیزیدا brook (E.) مانای "جۆگە" دەدا و دیسان دە زمانی ئەڵمانیدا Brunnen (G.) دەبێتە "کانی"].

چەمان çeman [*čamān*] - "دووکەڵ": [چڕە چەمان واتا دووکەڵی خەست]. خزمە دەگەڵ Schmauch (G.)، smok (E.)، smook (Nl.) "دووکەڵ"، smýchein "دەماندن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *smeu-g- >*** "دووکەڵ کردن". وەك دەبینین وشەکە پێك هاتووەلە بنەوشەی چەم + ئان çem + an. پاشگری an دە

زمانە ئێرانییەکاندا چاوکَ و کردار دروست دەکا [دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دەبێتە en]. لەوانەیە لەم وشە کوردماددییەشدا پاشگرەکە، پاشگری کردار بێ و بەم جۆرە وشەکە سەرەتا وەک چاوکَ بەکارهاتبێ بە مانای "دووکەڵ کردن"، هەروەک smocian (OE.) و هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا بە مانای "دووکەڵ کردن".

چەمان(ەوە) çeman(ewe) [*čamānawa*] - "کووڕ بوون، خواربوون": ↑چفان çıfan یش دەگوترێ. دە فارسیدا چمیدن čamīdan (P.). ئەم وشەیە دەبێ بچێتەوە سەر ریشەی-*kam(p)* > *(IE.)* "چەمانەوە". ئەو وشە ژێرمەنییانەی خوارەوە دەبردرێنەوە سەر ئەم ریشەیە: hamalōn (OE.)، hamelian (OE.)، hamla"سەقەت کردن، فەلەج کردن". Hammel (G.) "بەرانی یەختە کراو" دەچێتەوە سەر hamal (OG.) "سەقەت، گێر". چەندین وشە دە زمانی کوردماددیدا پێوەندییان بە "چەمانەوە" هەیە، وەک ↑کەوان kewan "1- دارێکی چەماوە تیری پێ دەهاوێژن 2- شتی چەماوە" [کمان kamān (P.)]، ↑گاو gaw "ئاڵقە"، ↑کەمە keme "داری دەوری دەفە"، ↑کەمەند kemend، ↑کەمەرkemer، ↑گەمارۆ gemaro و هتد.

چەمبۆڵە çembole [*čambola*] - "پووکاوڵە، چنگاوڵ": خزمە دەگەڵ ↑چەنکَ çeng. لەوانەیە وشەکە دە بنچینەدا چەنگبۆڵە *çengbole* بووبێ و گۆڕدرابێ بە "چەنبۆلە" و پاشان "چەمۆڵە". ئەگەر وابێ، ئەوسا کەرتی بۆڵە مانای "خڕ بوونەوە" دەدا واتا چەنگێکی خڕبۆوە. بەراوردی کەرتی "بۆڵە" بکە دەگەڵ ball "تۆپ" دە زمانە ئەورووپییەکاندا، Beule (G.) "هەڵمساوی، هەڵتۆقاوی" و دەگەڵ ↑بۆل bol "دەنکەترێ" و ↑بالیف balîf دە زمانی کوردماددیدا کە ئاماژە بە شتی خڕ و هەڵمساو دەکەن.

چەمبەر çember [*čambar*] - "ئاڵقە": چەمەر çemer یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑چەمانەوە çemanewe.

چەمچە çemçe [*čamča*] - "ئەسکوێ، کەوچکی گەورە": چەمچک çemçık و چمچە çımçe و کەمچە kemçeش دەگوترێ. [کەمچە هەم بە مانای چەمچە دێ و هەم ئامرازێکی قوڕەکاریشە کە وەک کەوچک دەچێ و قوڕی پێ هەڵدەگرن]. جگە لەمە↑کەوچک kewçık و ↑کەفچک kefçık یشمان هەیە کە دوو شێوەی دیکەی وشەکانی سەرەوەن. بنجی ئەم وشانە، چەم/ کەم -kem/ -çem خزمە دەگەڵ ↑جام cam و بەم جۆرە مانای چەمچە [کەمچە، کەڤچی، کەڤچک، کەوچک] دەبێتە "جامی بچووک، قاپووچکە، جامۆلکە".

چەمک çemık [*čamık*] - "تێرم، مەفهووم": خزمە دەگەڵ ↑چمک çımık بە مانای "قەراخ، گۆشە" [چمکی دەسماڵ].

[تێبینی: ئەم وشەیە هاومانایە دەگەڵ term دە زمانە ئەورووپییەکاندا. term وشەیەکە بۆ تاریف کردن و دەربڕینی بابەت یان مەبەستێک بەکاردێ. ریشەی ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر زمانی یۆنانی و دە بنەڕەتدا ماناکەی دەبێتە "جەمسەر، قەراخ، سنوور". بە هۆی تێرم سنوورەکانی بابەتێک دیاری دەکرێن و لە شتەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە].

چەمووش çemûş [*čamūš*] - "سەرشێت": چموش čamūš (P.). چەمووش بە یەکسمی لەقەهاوێژ و گازگر دەڵێن. هەروەها بۆ منداڵی بەدفەڕ و نەعاملاویش بەکاری دێنن. جگە لەمە ↑چەموور çemur یش هەیە بە مانای "لاسار". خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە لە ژێر ↑گەمژە gemje و ↑گەوز *gewz* دا باس کراون. ئەم وشانە دە بنەڕەتدا مانای "خواری، خوار بوون، چەمانەوە" دەبەخشن. "چەمووش" چووەتە ناو زمانی عەرەبی و کراوە بە شمبوز šambūz (Arb.). دیارە لەبەر نەبوونی فۆنیمی چ ç دە زمانی عەرەبیدا، ئەو فۆنیمە کراوە بە ش ş و فۆنیمی ش ş ی کۆتاییش لەبەر هاسان بێژی کراوە بە z.

چەموور çemur [*čamūr*] - "لاسار": خزمە دەگەڵ ↑چەمووش çemûş "سەرشێت، بەدفەڕ".

چەمەر çemer [*čamar*] - "شین و شەپۆڕ": هەروەها چەمەری çemerî هەیە بە مانای "لاواندنەوەی مردوو کە بە دەهۆڵ لێ دەدرێ". جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- Schmerz (G.)، smart (Nl.)، smart (E.) "تیش". وشەکە دە زمانی ئینگلیزیدا ماناکەی "زیرەک"یشی پەیدا کردووە. ئەم مانایە بەم جۆرە پەیدا بووە کە سەرەتا ئاماژە بە تیشی تیژ کراوە، تیشێک کە دەبڕێ، دەگەزێ یان تێرادەچێ. دە زمانی کوردمادیشدا بۆ وێنە لە پێوەندی دەگەڵ شتی زۆر توند و تیژدا دەڵێن "جەرکێ دەبڕێ"، واتا ئاماژە بە توند و تیژ بوونی تیشەکە دەکرێ. هەروەها وشە "کزانەوە" لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ "گاز، گەستن" و ئاماژە بە تیشێک بکا کە "دەگەزێ". پاشان دە زمانی ئینگلیزیدا لەم مایایەوە مانایەکی دیکە، واتا "تیژ، زیت، زیرەک" سەری هەڵداوە. سەرنج بدە کە وشەی "زیت"ی کوردمادیش خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە بە مانای "تیژ، دەرپەڕیو"، وەک *سیخ*، *زی* "دڕک"، زەخت "نەقیزە، مامزە" و هتد. وشە ژێرمەنییەکانی سەرەوە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)mer- >*** " رێخشاندن، رێککوشین، پشاوتن، ورد کردن، هاڕین". ژمارەیەک لە وشە خزمەکان لەژێر ↑مەڕە *mere* [پێمەڕە]دا باس کراون. هەروەها ئەم وشانەی خوارەوەش لەم پێوەندییەدا جێ دەگرن: smerdnós (G.) "سامناک، داچڵەکینەر" [دە بنەڕەتدا: رێخشێنەر، هاڕێنەر]، mordere (L.) "گەستن". وشەی مردوو و ↑مردن mırdın یش لەم ریشەوە هاتوون.

2- چامە čāme (P.) "شێعر، هۆنراوە". لەوانەیە مەبەست لە "چەمەر" دەبنەڕەتدا ئەو شێعر و پێهەڵگوتنە بێ کە لە کاتی شین گێڕاندا بۆ لاواندنەوەی مردوو گوتوویانە. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑سیاچەمانە sîyaçemane هەیە کە ناوی جۆرە ئاوازێکی لای هەورامانە. بنەوشەی چەم -çem لێرەشدا ئاماژەیە بە "هۆنراوە، گۆرانی" ومانای تیکڕای وشەکە دەبێتە "گۆرانی رەش". مەبەست لە رەش دەبێ ئەوە بێ کە ئەم گورانییە دە بنەڕەتدا بۆ گێڕانەوەی بابەت و رووداوە ناخۆشەکان هاتبێتە ئاراوە.

[تێبینی: سەبارەت پێوەندی "شێعر و گۆرانی" و "شین گێڕان" دەتوانین ئاماژە بە وشەی لاوژە lawje دە کوردمادیدا بکەین کە بە مانای "گۆرانی" بەکاردێ. دە فارسیدا روضە rouze بە مانای "هەڵبەست و گۆرانی شینگیرانە بۆ ئیمامان" بە کار دێ کە دەشێ شێوەی عەڕەبێنراوی وشەکە بێ کە هاتۆتەوە ناو زمانی فارسی].

3- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑چەمبەر çember یان چەمەر(ە) çemer(e) بە مانای "ئاڵقە". لەم تێڕوانینەوە لەوانەیە مەبەست "ئاڵقەی شینگیڕی" بێ، واتا کۆ بوونەوەی شینگێڕان لە دەوری جنازە یان کۆتەل و هتد.

چەمەدان çemedan *[čamadān]* - "سندووقچەی جلوبەرگ تێنان": دە فارسیدا چمدان čamedān (P.). چەمە + دان çeme + dan. کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑*جامە came* "جلک" یان ↑جوومە cume "کراس". کەرتی دووەم پاشگرە.

چەمەن çemen *[čaman]* - "مێرگ، بژۆین": چیمەن çîmen یش دەگوترێ. دە فارسیدا چمن čaman (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ hamm (OE.) "چەمەن". ریشە ؟

چەمیلە çemîle *[čamīla]* - "ترۆزی": دەچێتەوە سەر ↑چەمان(ەوە) çeman(ewe). وشەی "ترۆزی"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەکی دیکە کە ئەویش مانای "با دران، سووڕان" دەدا.

چەنتک çentık *[čantak]* - "تووڕەکەی شان". چەنتە çenta ش دەگوترێ. چنتە čante (P.). خزمە دەگەڵ ↑چنین çınīn.

چەنتە çente *[čanta]* - "هەگبە، تووڕەکە": چەنتک çentık یش دەگوترێ. دە فارسیدا چنتە çente (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑چنین çınîn. چەنتک شتێکی چنراو بووە و لەبەر ئەوە ناوەکەی بۆ "چنین" دەگەڕێتەوە. وشەی ↑جانتا canta شێوەیەکی بە عەرەبی کراوە لە چەنتە.

چەنجووز çencuz *[čanjūz]* - "1- لەڕ و لاواز 2- رژد و خەسیس": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑چنۆک çınok "دەسقووچاو"دا باس کراون.

چەند çend *[čand]* - "ژمارە و ئەندازەی شت: چند čand (P.)، čand (Pl.)، çvant (Av.) دەبێ خزم بێ دەگەڵ quantus (L.) "چەند". وشەکانی ↑هەند/ هێند hand /hend [هەندێک/ هێندێک] و هەروەها ↑ئەندازە endaze پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

چەنگێ çeng1 *[čang]* - "دەست، پەنجە": چنگَ çıng و چنج çınc یش دەگوترێ. دە فارسیدا چنگَ čang (P.). خزمە دەگەڵ Schenkel (G.)، scanca (OE.)، shank (E.)، skank (Sw.) "لاق، قاچ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑زەنگاڵ zengal. وشەکە دە زمانی کوردمادیدا مانای "دەست، پەنجە" دەدا و هەروەها بە دەسکی [دەستکی] کووپە و گۆزەش دەگوترێ ↑چنگە çınge یان چنگۆڵە çıngole. لە پاڵ مانای "دەست" وشەکە مانای "پەنجۆڵ و نینۆک"یشی وەرگرتووە و ئەم مانایانە بە تایبەتی لەم وشانەدا دەردەکەوێ: ↑چەنگَ² çeng "ئامرازێکی مۆسیقی کە بە قامک یان نینۆک لێدەدرێ" و چەنگاڵ çengal بە مانای "1- پەنجۆڵی ئاژەڵ 2- قوڵاپی ئاسن 3- ئامرازێک بۆ شت پێ خواردن" [کەوچک و چەنگاڵ]. "چەنگَ" هەروەها بە مانای "مامزەی چەکمەی سواران" یش دێ و پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑زەنگۆ zengo "رکێف"، ↑زەنگوو zengu "گوێزینگَ" و ↑زەنگە zenge "لای خوارەوەی لاق، بەلەک".

چەنگَ2 çeng *[čang]* - "ئامرازێکی مۆسیقی کە بە قامک یان نینۆک لێ دەدرێ": پێوەستە بە ↑چەنگَ¹ çeng "دەست، پەنجە".

چەنگاڵ çengal *[čangāl]* - "1- پەنجۆڵی ئاژەڵ 2- قوڵاپی ئاسن 3- ئامرازێکە بۆ شت پێ خواردن"[کەوچک و چەنگاڵ]: دەچێتەوە سەر ↑چەنگَ çeng "دەست، پەنجە".

چەنگلفە çenglıfe *[čanglıfa]* - "دەست بڵاوی": چەنگَ + لفە çeng + lfe. کەرتی ↑چەنگَ¹ çeng بە مانای "دەست"ە. کەرتی لفە lıfe خزمە دەگەڵ ↑لەپ lep [لەپی دەست واتا بەری دەست، پانتایی دەست"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "پان و بڵاو".

چەنە çene *[čana]* - "لای خوارەوەی دەموچاو": چەنەگە çenege ش دەگوترێ. چانە čāne (P.)، Kinn (G.)، chin (E.)، génys (Gr.)، hanu (OIn.)، gena (L.) "چەنە"، سەر بە ریشەی ***ĝenu- > (IE.)**** "گۆنا"، سەر بە ریشەی "چەنە". خزمە دەگەڵ ↑گۆنا gona "روومەت".

چەن(ی) çen(î) *[čan]* - "دەرزی": خزمە دەگەڵ ↑چنین çınîn.

چەنی çenî *[čanī]* - "دەگەڵ، پێرا": خزمە دەگەڵ ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوەنووسان، گلوو بوون".
[تێبینی: لەباری ماناوە دەتوانین دەگەڵ وشەی "گەڵ" [دە-گەڵ] بەرهەفی بکەین کە بە شیمانەیەکی بەهێز دەگەڵ وشەی "گلوو" خزمە [گلوو بوون واتا پێکەوەنووسان، لێکهاڵان، گرمۆڵە بوون].

چەنین çenîn *[čanīn]* - ↑راچەنین raçenîn.

چەو çew *[čaw]* - "خیز، ورتکەبەرد": خزمە دەگەڵ ↑کەڤر kevır "بەرد" و ئەمەش خزمە دەگەڵ Hammer (G.) "کوتک، چەکوچ" [وشە ئەڵمانییەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "بەرد، کەڤر" بووە].

چەوا çewa *[čawā]* - "چۆن، کوو": هەر سێ وشەی چەوا، ↑چۆن و ↑کوو çewa / çon / ku دە بنچینەدا یەک وشە بوون و خزمن دەگەڵ qua (L.)، wie (G.)، hwio (OG.)، how (E.)، haiwa (Gt.) "چەوا، چۆن". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑چ çı (چی)،↑کێke، ↑کەی key، ↑کوا kuwa و هتد.

چەواشە çewaşe *[čawāša]* - چەواشە کردن بە مانای "تەحریف کردن" بە کار دەهێنرێ. وێ دەچێ وشەکە پێک هاتبێ لە چەو + واشە. کەرتی یەکەم خزمە لەگەڵ ↑چەپ çep کە دە بنچینەدا بە مانای "خوار، بادراو"ە. کەرتی واشە waşe لە وشەی ↑ئاوەژوو aweju [ئاوەژی a-wejî] دا دەبنیرێ و ئەمیش هەر ئەو مانایەی سەرەوە دەدا. بەم جۆرە ئەم وشەیە وشەیەکی لێکدراوە کە لە دوو کەرت پێک هاتووە و هەر دوو ئەو کەرتانەش مانایەکی هاوبەش دەبەخشن. لە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەک وشە بەم جۆرە دروست کراون، وەک بانگاشە، جەمبازە، پاکتاو، رەشتاڵە، تەپلۆس، تارمایی و هتد. ئەم وشانەی دۆخی جەخت کردن پێک دێنن، واتا وشەکە مانایەک بە جەختکراوی دەردەبڕێ.

[تێبینی: ده زمانی عەرەبیشدا وشەی"تحریف" خزمە دەگەڵ "انحرف" بە مانای "لا دان، کلا بوون". "کل" (کلا) پێوەندی بە چەمکی "خوار بوون"ەوە هەیە و ئەم چەمکە لە وشەی "چەواشە"دا دەبینرێ].

چەوری çewrî *[čawrī]* - "بەن، رۆن": دە فارسیدا چربی čarbī (P.). [فۆتیمەکان دە زمانی کوردمادیدا جێگۆڕکێیان کردووە]. خزمە دەگەڵ sarpi (OIn.) "چەوری"، Salbe (G.)، salva (OF.)، salve (E.)، zalf (Nl.) "رۆن، چەوری، مەلحەم"، سەر بە ریشەی *(IE.) *selp-, *solp-* > "چەوری".

چەوساندن(ەوە) çewsandın(ewe) *[čawsāndınawa]* - "رەنج دان، بەری رەنج خواردن": مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێ هەمان "رنج دان، ئازار دان" بووبێ و دواتر مانای وشەکە پەرەی گرتبێ بۆ "بەرهەمی کار و رەنجی کەسی دیکە خواردن". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑چەپ çep و ↑چەوت çewıt سەر بە ریشەیەک بە مانای "خوار، بادراو". وشەی چەوسان(ەوە) دە بنەڕەتدا ئاماژە بووە بە خوار بوون و چەمانەوە مرۆڤ لەبن باری رەنج و کاری گراندا، هەروەک چۆن کاریتە یان کۆڵەکە دە ژێر باری گراندا خوار دەبێ و دەچەمێتەوە.

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "شکەنجە" (ئەشکەنجە)].

چەوەڵ çewel *[čawal]* - "دەنکەکای *درشتی* بەرماو لە ئاخوڕدا": خزمە دەگەڵ ↑زبڵ zıbıl [دە بنەڕەتدا واتا "درشتە"].

چەوەندەر çewender *[čawandar]* - "بەرهەمێکە شەکری لێ دەگرن": چغندر čoğandar (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ sákcharon (Gr.) شەکر"، سەر بە ریشەی < *śárkarā (OIn.)* "خیز، شەکر". بەم شێوەیە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شەکر şekır.

چەوێڵ çewel *[čawel]* - "خوار، گیڕ": خزمە دەگەڵ ↑چەپ çep و ↑چەوت çewıt "خوار".

چیا çîya *[čīyā]* - "شاخ، کێو": خزمە لەگەڵ Stein (G.)، ston (E.)، sten (Sw.)، stains (Gt.) "بەرد"، sten (Rus.) "دیوار"، stear (Gr.) "رۆنی مەییو" [رۆنی رەق]، stia (Gr.) "بەردۆکە، خیز"، styayate (OIn.) "رەق بوون، سفت بوون، مەیین"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *staī-* "رەق بوون، سفت بوون، توند بون". ئەم وشانە هەروەها خزمن لەگەڵ ↑"ئاستەم "سەخت". ئەم وشانە هەڵسەنگینە هەروەها دەگەڵ ↑سێتە sete"چیا" و ↑سیتەک sîtek "بەردەڵان و تمتمان".

[تێبینی: لەتیوان دوو چەمکی "شاخ" و "بەرد"دا پێوەندی هەیە. بۆ وێنە وشەی "داش" کە ریشەی تورکی هەیە (تاش: بەرد)، دە زمانی کوردیدا بە مانای شاخ بەکار دەهێنرێ، وەک "داشا مەجید" (لە مەهاباد) یان "سووورداش" و هتد].

چیت1 çît 1 *[čīt]* - "پارچەی تەنک و رەنگاورەنگ": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چەتفە çetfe "دەسماڵی سەری عارەبان".

چیت2 çît 2 *[čīt]* - "قامیش": چیتک çıtık یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زی zî [دڕکەزی] و ↑زەخت zext [یان زیخت zîxt] "نەقیزە" و چەندین وشەی دیکە سەر بە ریشەیک بە مانای "دەرپەڕین، زەق و دەرپەڕیو بوون".

چیچ çîç *[čīč]* - "بەچکەی مەل، جووجە": شێوەیەکی دیکە لە ↑چیک çîk و ↑جووجە cuce. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چێشکە çêşke "چۆلەکە".

چیچک1 çîçık 1 *[čīčık]* - "خونچە": بنجی چیچ -çıç خزمە دەگەڵ ↑چووزە(رە) çuze(re) و ئەو وشانەی لەژێر ↑زەق *zeq* دا هاتوون.

چیچک2 çîçık 2 *[čīčık]* - "چوێلەکە، چۆلەکە": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چێشکە çêşke.

چیچە çîçe *[čīča]* - "گۆی مەمک": ↑چیچکە çîçke و چیچیلە çîçîle "نەرمەی گوێ" و چچک çıçık یش بەکار دێن، پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەیە:

1- ↑تووتە tute [تیتە tîtte]، zitze (G.)، teat (E.)، titt (OE.) "چیچە، گۆپکی مەمک".

2- ↑چیچکا çîçik یان ↑سیچکە sîçke "خونچەی تازە" و هەروەها سیچقەسڵاو sîçqesılaw یان ↑سیتکەزەلام sîtkezelam "باپشکیو". بنجی چیچ -çîç / سیچ -sîç ئاماژە بە شتی زەق دەکا و دەچێتەوە سەر ریشەی *(s)keu- > (IE.) "دەرپەڕاندن، پاڵ نان، راو نان، لەزگین بوون]. هەروەها خزمە دەگەڵ↑سووچ suç "گۆشە" [دە بنەڕەتدا شوێنی زەق و دەرپەڕیو] و ↑چووزە(رە) çuze(re) و ئەو وشانەی لەژێر ↑زەق *zeq* دا هاتوون.

چیچیلە çîçîle [*čīčīla*] - "نەرمەی گوێ": خزمە دەگەڵ ↑چیچە çîçe. دە زمانی فارسیدا چچولە čečūle (P.) دەبێتە "میتکە".

چیخ çîx [*čīx*] - چیخ کردن واتا "داڕووشاندن". خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی مانای تێڕاچوون و تێهەڵچەقین دەبەخشن [↑چەقین çeqîn].

چیر çîr 1 [*čīr*] - "سفت، توند، گرژ": [میناک: نانەکە چیرە، ناجووترێ واتا سفتە، ددانی دە چیرەوە دەبا واتا ددانەکانی سفت دەکا یان بە توندی لێکتریان دەسوێنێ]. خزمە دەگەڵ ↑جیر cır [یان جەڕ] و↑جەراندن *cerandın* "با دانی توند". دە زمانی فارسیدا چیرە čīra (P.) هەیە بەم مانایانە: زاڵ، زرینگ، دلێر، چوست و چالاک. هەموو ئەم مانایانە پێوەندییان بە چەمکی "توندی، سفتی، (سەر)سەختی"یەوە هەیە. "چیر" هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑زرینگ *zrîng*، ↑زریزە zırîze "زنجیری زۆر باریک" و چەند وشەیەکی دیکە و لەوانەشە دەگەڵ ↑ئەستوور estur.

چیر çîr 2 [*čīr*] - دەگەڵ "چەپ" دێ [چەپ و چیر çep u çîr واتا خوار وخێچ]. شێوەیەکی دیکەیە لە↑جیر cîr [بەجیرەبادان] و خزمە دەگەڵ ↑جەراندن cerandın "با دانی بەنهێم، با دانی بە گوشار". لە تێڕوانینەوە مانای جیر یان چیر دەبێتە"بادراو، گرژکراو".

چیرک çîrk [*čīrk*] - "لەتکە، لەتکەمیوەی هیشک کراو": هەروەها چیرک çîrk هەیە بە مانای "بڕەی مافوور". خزمن دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "بڕین، لێکردنەوە" دەدەن وەک ↑شڕ şır [شەق و شڕ]، ↑چارک *çark* "برینگ"، ↑کێرد kerd، ↑کرتاندن kırtandın و هتد.

چیرۆک çîrok [*čīrok*] - "داستان": لە ↑دیرۆک dîrok وەرگیراوە بە مانای "مێژوو".

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی مێژوو و داستان لێرە دایە کە داستانەکان دە بنەڕەتدا گێڕانەوەی باسی رووداو و بەسەرهاتەکانی مێژووی کۆمەڵگا بوون. ئەم پێوەندییە دە زمانی ئاڵمانیشدا دەبیندرێ. دە زمانی ئاڵمانیدا Geschichte (G.) هەم بەمانای "چیرۆک، داستان" و هەم بە مانای "دیرۆک، مێژوو" بەکاردەهێندرێ و دەچێتەوە سە ریشەیەک بە مانای "رووداو، قەومان"].

چیغ çîġ [*čīġ*] - "پەردەی دەوری رەشماڵ کە لە *قامیش* دروست دەکرێ". هەروەها دەگەڵ "بەر" دی [بەرچیغ واتا پەیاغ، داردەست]. بەم جۆرە دەردەکەڤێ کە وشەکە دە بنچینەدا بە مانای "شتی تیژ" بەکارهاتووە. خزمە دەگەڵ ↑چەقین çeqîn، ↑تیژ tîj، ↑تیخ tîx و هتد. دە زمانە ئەورووپییەکانیشدا ئەم پێوەندییە دە هێندێک وشەدا دیارە، وەک Stecken (G.) "دار، شووڵ، قامیش"، stagaras (Lit.) "لقەدار، قامیش"، stick (E.) "داردەست"، sticka (Sw.) "تەلەزم، تەڵاش" و steken (Nl.) "تێراکردن، تێهەڵچەقاندن". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چیخ çîx کردن "داڕووشاندن".

چیف çîv [*čīv*] - "خۆهەڵکێشان": خزمە دەگەڵ ↑گیف gîf [هەڕ و گیف].

چیق çîq [*čīq*] - "قاچی جانەوەر": ↑چاق çaq "قاچ، لاق".

چیک çîk [*čīk*] - "جوجک": خزمە دەگەڵ ↑جووجە cuce.

چیکەنە çîkene [*čīkana*] - "ئامرازی پەمۆ پاک کردن": چی + کەنە kene + çî، یان چیک + ەنە ene + çîk. کەرتی چی(ک) çî(k) دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑شی/ ↑شێ /şî /şê، ↑جوێ cuwe و گەلێک وشەی دیکەی سەر بە ریشەیەک بە مانای "قەڵشاندن، لێککردنەوە، جوێ کردنەوە". کەرتی دووەم پاشگرە. لەم تێڕوانینەوە دەتوانین بڵێین کە چیکەنە ئەو دەزگایەیە پەمۆکە لە شتەکانی دیکە جۆی دەکاتەوە.

چیلان çîlan 1 [*čīlān*] - "ئەنگوچکەسۆرانی باریک": خزمە دەگەڵ Seil (G.)، zeel (Nl.)، sāl (OE.) "بەن، ریس، پەتک"، saīlas (Lit.) "بەن، بەند"، silo (Rus.) "قلفە"، سەر بە ریشەی *(IE.)* * *sēi-* > "بەستن، لێکبەستن". دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑چەلە çele "گوریس، پەت"، ↑جاڵ cal "داو، هەودا" دەشێ پێوەندییان بەم وشانەوە هەبێ.

چیلان 2 çîlan [*čīlān*] - "قفڵ و کلیل": [چیلانگەر واتا قفڵساز، کلیلساز]، خزمە دەگەڵ ↑کلیل kılîl.

چیلک çîlık [*čīlık*] - "1- میتکە 2- گۆپکەی مەمک": ↑گلک gılık 2 یش دەگوترێ. هەروەها ↑زیلک zîlık هەیە بە مانای "میتکەی یەکسم". ئەم وشەیە وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ↑ *کلک kılık* سەر بە ریشەیەک بە مانای "قوت و زەق بوون".

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "بەلووکە" واتا "باڵابووگی بچووک" و هەروەها "میتکە" بە مانای "قیتاییەکی بچووک"].

چیلکە çîlke [*čīlka*] - "چێوی باریک و گچکە": چیل + کە çîl + ke. چیل çîl و چیلە çîle ش دەگوترێن [دەستەچیلە]. کەرتی چیل خزمە دەگەڵ ↑چڵ çıl "لاسکی گیا، لکەداری باریک" [چڵەریحانە]. کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە.

چیمەنتۆ çımento [*čīmanto*] - "سمیت، کەرەسەیەکی قورەکاری": وشەکە دە فەرانسەیی کۆندا ciment (OF.) بووە و لە رێگەی زمانە ئەورووپییەکانەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردمادیش. ریشەی وشەکە دەچێتەوە سەر cedere (L.) "کوتان، لێدان". مەبەست لە وشەکە دە بنەڕەتدا ئەو ورتکەبەردانە بوون [لەت و کوتی چکۆڵەی بەرد] کە تێکەڵ بە قسڵ کراون و لە قورەکاریدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

چین çîn [*čīn*] - "لۆ، توێژ": دە زمانە ژێرمەنییەکاندا چەند وشەیەک هەن کە زۆر لە وشە کوردماددییەکە دەچن. لە باری ماناوە ئەم وشە ژێرمەنییانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام مانا بنەڕەتییەکەیان دەگەڵ مانای وشە کوردماددییەکە یەک دەگرێتەوە. ئەم وشانە بریتین لە Schiene (G.) "ئەو ئاسنەی قەتار بە سەریدا دەڕوا"، shin (E.) و scheen (Nl.) "قەڵەمی لاق"، skener (Sw.d.) "تەڵەزمی دار، تیکەئاسنی باریک". مانای بنەڕەتی ئەم وشانەی سەرەوە "تەڵەزم" بووە. [ئەو توێژاڵەی لە دار و بەرد و ئاسن جوێ دەبێتەوە]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.)* **skei-* > "قەڵشین، بڕین، لێکردنەوە". دە زمانی ئاڵمانیدا Schicht (G.) بە مانای "چین، تۆژ" بەکاردێ و ئەمیش خۆی خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە. مانای بنەڕەتی چین çîn لە وشەی ↑چینە çîne دا باشتر دەبینین کە بە مانای "قاش، کووز"ە.

چینچک çînçık [*čīnčık*] - "1- باپشکێو، زیپکە 2- نەرمەی گوێ 3- پلەگۆشت 4- کەمۆکە": پێکهاتووە لە چی(ن) + چک یان چی(ن) چ + ک çî(n)ç + ık / çî(n) + çık. بە هەموو ماناکانییەوە خزمە دەگەڵ ↑چیچە çîçe و↑تووتە tute بە مانای [خڕەکەی بچکۆڵە، قیتەکەی گچکە". کەرتی دووەم پاشگرە. فۆتیمی n زێدەیەکە وەک ناوگر خزاوەتەوە ناو وشەکەوە.

چینچکان çînçıkan [*čīnčıkān*] - "هەڵتروشکان": جنچکان cınçıkan یش دەگوترێ. دە فارسیدا چندک زدن čondak zadan (P.). بنەوشەی جنچ/ چینچ çînç-/ cınç- پێوەندی هەیە بە ↑زەنگ zeng "لاق، تیوان گوێزینگ و ئەژنۆ" [↑زەنگاڵ zangal] و↑چەنگ çeng "دەست، پەنجە" سەر بە ریشەیەک بە مانای "خوار".

چینە çîne [*čīna*] - "قاش، کووز": خزمە دەگەڵ ↑چین çîn "توێژ" [دە بنەڕەتدا "تەڵەزم"]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەک بە مانای "بڕین، قەڵشاندن، لێکردنەوە".

چینی çînî [*čīnī*] - "سرامیک، قاپ و قاچاخی سرامیک": وشەکە پێوەندی هەیە بە ناوی وڵاتی چین çîn ەوە. وێ دەچێ ئەو جۆرە قاپ و قاچاخە یەکەم جار لە وڵاتی چین دروست کرابێ.

چێر çer *[čer]* - دەگەڵ "مێر" دێ [چێر و مێر çer u mer]. خزمە دەگەڵ شوهر šouhar (P.). [بڕوانە ↑شوو şû].

چێرک çêrık *[čerık]* - "لەتەمیوەی هیشک کراو": خزمە دەگەڵ ↑چەرە çere "چڵە، چەلە، چەرەز".

چێرین çerîn [*čerīn*] - "لەوەڕین": ↑چەرین çerîn.

چێژ çej *[čež]* - "تام، مەزە، لەزەت": دەچێتەوە سەر کرداری ↑چێشتن çêştın "مەزە کردن".

چێشت çêşt *[češt]* - "خواردن (ی کوڵاو)": دەچێتەوە سەر کرداری ↑چێشتن çêştın.

چێشتەنگاو çêştengaw *[češtangāw]* - "کاتێکە تێوان بەیانی و نیوەڕۆ": چێشت + ئەنگاو + engaw çêşt. کەرتی یەکەم، چێشت بە مانای خواردنی دروستکراوە. کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ هنگام hengām (P.) "کات، دەم". تێکڕای وشەکە دەبێتە "کاتی چێشت" [چێشت خواردن یان چێشت لێنان؟].

چێشتن çeştın *[češtın]* - "مەزە کردن": چشیدن češīdan (P.). خزمە دەگەڵ kosten (G.)، kostian (OE.)، kosta (OIs.)، gustare (L.) "چێشتن، چێژ وەرگرتن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *geus- >*** "چێشتن، تاقی کردنەوە، مەزە کردن". هێندێک کرداری دیکەش دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دەچنەوە سەر ئەم ریشەوە، وەک kiesen (G.)، kiosan (OG.)، kiusan (Gt.)، choose (E.)، tjusa (Sw.)، kjusa (OSw.) "تاقی کردنەوە، (بە تاقی کردنەوە) هەڵبژاردن". وەک دەبینین لەم زمانانەدا پێوەندییەک لە نێوان چەمکەکانی چێشتن، تاقی کردنەوە و دواتریش هەڵبژاردندا دروست بووە.

چێشکە çêşke *[češka]* - "چڤیک، چۆلەکە": گنجشک gonješk (P.). وشە فارسییەکە لە دوو کەرتی گن gon + جشک ješk پێک هاتووە. کەرتی دووەمەکەی هەمان "چێشکە"یە دە زمانی کوردمادیدا. کەرتی یەکەم دەبێ کورتکراوی گندە gonde (P.) بێ، واتا دە بنەڕەتدا وشەکە *گندجشک gondješk* بووە. گندە gonde دە زمانی فارسی ئەمڕۆدا مانای "گەورە، قەڵەو" دەدا، بەڵام مانای ئەسڵی وشەکە "گەورە" نییە، بەڵکوو "قەڵەو، کورتەبنە، خڕەکە، خرپن"ە. ئەم مانایە دە گەڵێک وشەی کوردمادیدا پارێزراوە، بۆ وێنە ↑قۆتیر quner "کوان، دومەڵ"، ↑کوندر kundır "کوولەکە"، ↑قۆنداخ qondax"پێچراوەی خڕەکە"، ↑خونچە xunçe "گوڵی پێچراو و خرەکە، نەکراوە"، ↑*کوندەبوو kundebu* [یان کوندەبەبوو kndebebu]، کوندەفسک kundefısık "چڵەنۆک، کورتەباڵا" [دەبنەڕەتدا: قەڵەوەی بچکۆڵە]. هەم دە وشەی "گنجشک"ی فارسیدا و هەمیش دە "کوندەبوو"ی کوردمادیدا کەرتی یەکەمی وشەکە ئاماژەیە بە قەڵەو بوون [قووڵەبنە بوون، خرپن بوون]ی پەلەوەرەکان. هەرچی کەرتی "چێشکە"یە لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە جیکەجیک cîkecîk ی پەلەوەرەکە. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چیچ çîç "بەچکەی مەل، جووجە" و ↑چیچک çîçık "چوێلەکە، چۆلەکە".

چێل¹ cel *[čel]* - "مانگا": چێر çer یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Stier (G.)، steer (E.)، stiur (Gt.)، tjur (Sw.)، þjōrr (OIs.) و هتد بە مانای "گا". ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا سەرەتا بە مانای "گوێلک" بەکارهاتووە و خزمە دەگەڵ staora- (Av.) "ئاژەڵی گەورەی ماڵی"، tauros (Gr.)، taurus (L.)، tauras (Lit.) "گا". وشەکانی ↑وشتر wıştır، ↑ئێستر estır و ↑دەوار dewar پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. سەرچاوەی ئەم وشانە ناڕوونە.

چێل² cel *[čel]* - "تەلەسەنگێ، تاوێرەبەرد": خزمە دەگەڵ ↑جاڵە cale. چێل ئەو بەردەیە کە جاڵە دەبێتەوە و تل دەخوا.

چێل3 cel *[čel]* - "خاڵخاڵ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شڵە şıle.

چێڵ cel *[čel]* - "خوار":

1- یان شێوەیەکی دیکەیە لە↑چیڕ čīr [چەپ و چیڕ].

2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑*شەل şel* "لاق خوار" و ↑خێل xel "چاوخوار".

چێلکر celkır *[čelkır]* - "مەلی کورک": چێل + کر çel + kır. چێل çel دەبێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑ژیر jîr "ئارام، بێدەنگ" [ژیر کردنەوە] و هەروەها دەگەڵ ↑چۆل çol [چۆل و هۆل]. کەرتی دووەمی وشەکەش، واتا ↑کر kır مانای "کر و کپ" دەدا. هەردووک کەرتی "چێل" و "کر" مانایان یەکە و وشەیەکی لێکدراویان ساز کردووە کە دۆخی جەخت کردن نیشان دەدا. چەند وشەیەکی لێکدراوی لەم چەشنە کە هەردووک کەرتیان هاومانان، بریتین لە بانگاشە، جەمبازە، چەواشە، پاکتاو، رەشتاڵە، تەپلۆس، خرخاڵ، تارمایی، گەنگەشە و هتد.

چێنکە çenke *[čenka]* - "پەڵەسەوزایی دەناو پووش و پاڵدا": دەشێ پێوەندی بە وشەی ↑شین şîn [شینایی] یەوە هەبێ.

چێو çew *[čew]* - "چۆڤ، داردەست": چوب čūb (P.). خزمە دەگەڵ scipio (L.)، skípōn (Gr.) "داردەست" [دە بنەڕەتدا: لقەداری لێکراوە]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Scheibe (G.)، scība (OG.)، schijf (Nl.)، shive (E.)، skiva (Sw.) "سواپ، سەفحە". مەبەست لەم وشە ژێرمەنییانە دە بنەڕەتدا تیکەداری خڕ و تەخت بووە. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑سیپ(ە) sîp(e) "تەختەی ناسک و پان". شێوەیەکی زۆر کۆن لە وشەی "چێو" دە زمانی کوردمادیدا ماوەتەوە کە بریتییە لە ↑سکپ sıkıp "بن رێسمە، داری بنەوە دە چوارچێوەی دەرگادا".

چێودار çewdar *[čewdar]* - "مەڕدار": چوبدار çubdar (P.). چێو çew [چوب čūb دە فارسیدا] لەوە ناچێ پێوەندی بە "چێو" بە مانای "دار" هەبێ، بەڵکوو دەشێ خزم بێ دەگەڵ Schaf (G.)، sheep (E.)، schaaf(Nl.) "مەڕ". ریشەی هیندوئەوروپی وشەکە نەدۆزراوەتەوە.

چێوراندن çêwrandın *[čewrāndın]* - "وەرگێڕان، وەرگەڕاندن لە زماتیکەوە بۆ زماتیکی دیکە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سووڕاندن/ زفراندن zıfrandın/ surandın.

چێوشەقە çêwşeqe *[čewšaqa]* - "داری بن هەنگڵی قاچ شکاو": دەشێ وشەکە پێک هاتبێ لە چێو + شەقە çew + şeqe، ↑چێو çew بە مانای دارە و ↑شەقە şeqe خزمە دەگەڵ ↑شەق şeq "لاق" و ساق saq (P.) "لاق". بەم جۆرە مانای چێوشەقە دەبێتە "دارلاق" واتا لاقی دارین. ئەم وشەیە بە کورتکراوەییش بەکار دەهێنرێ و دەگوترێ ↑شەقە şeqe.

ح (Ħ)

حاچه **ħaçe** *[ħāča]* - "لکەدار، فاقە": ↑هاچه haçe.

حان **ħan** *[ħān]* - "دەم، وەخت": بڕوانە ↑ئان an.

حاند **ħand** *[ħānd]* - وشەکە دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا وەک "جێگەیەکی دیار" مانا کراوەتەوە. ئەم مانایە تەواو نییە. مانای ئەسڵی وشەکە "رووبەروو، بەرانبەر"ە. مانای "لەحاند کەسێک یان کارێک" دەبێتە لە بەرانبەر، لەپێش، رووبەروو. خزمە دەگەڵ ↑هەنێ hene [ئەنیا enya] "تیوچاوان".

[تێبینی: دە زمانی فارسیدا بە "هەنێ" دەگوترێ "پیشانی" کە ئەویش پێوەندی بە "پێش"ەوە هەیە].

حاوانەوە **ħawanewe** *[ħāwānawa]* - "(دەگەڵ یەک) ژیان بردنە سەر": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑هێورین hewrîn "پەنا گرتن، حاوانەوە، جێ دەستکەوتن".

2- ↑حەوشە ħewş(e).

حایشان **ħayşan** *[ħāyšān]* - "وا بۆ چوون": [ئەز ولۆ دحایشینم]. دەچێتەوە سەر حیس ħīs (.Arb) . دە ئەسڵدا ماناکە بریتییە لە "من وا حیس دەکەم". خودی وشە عەرەبییەکە دەچێتەوە سەر وشەی یۆنانی < *(Gr.) aisthánesthai* "حیس کردن، هەست کردن". ↑هەست hest دە زمانی کوردمادیدا لەم وشەیە وەرگیراوە.

حندرحۆ **ħındırħo** - "هەڵڵادۆشە، هیلاهۆپ": [ئامرازێکی کایەی منداڵانە کە دوو زارۆک، هەر کام لە لایەک لەسەری دادەنیشن و هەر جارەی یەکیان دەچێتە سەرەوە و ئەوەی دیکە دێتە خوارەوە]. حیندرحۆ ħîndırħo و هەندرهۆ hendırho ش دەگوترێ کە ئەمەی دوایی شێوەی کۆنتری وشەکەیە. هەم وەشەی "حندرحۆ" و هەمیش "هەڵڵادۆشە" پێوەندی بە دوو چەمکی "لای سەرەوە" و "لای خوارەوە" یان بە کورتی "سەرو خواروە" هەیە. وشەکە پێک هاتووە لە حندر ħındır + حۆ ħo. کەرتی یەکەم خزمە لەگەڵ unter (.G)، under (.E)، under (.OG)، under (.Sw) "لەژێر، لەخوار". ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم لەگەڵ ↑هندور hındur "تیوان، ناوەوە". کەرتی دووەمی وشەکە دەبێ بە مانای "سەرەوە" بێ و جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑هاف haf 2 "1- رووکاری سەرەوەی بان 2- نهۆمی سەرەوەی خانوو"، ↑هووپ hup [هووپ کردن واتا باز دان لە بڵیندییەوە]، up (.E)، auf (.G)، op (.Nl)، ūf (.OG) ، uup (.Sw) "لەسەر، سەرەوەی"، hypo (.Gr) "لەخوار، ژێر، خوارەوەی" سەر بە ریشەی ***(IE.) *eup- , *up- >*** "لە خوارەوە بەرەو سەر چوون یان لەسەر بوون". لەم تێڕوانینەوە وشەکە ئاماژە دەکا بە چوونە سەر و هاتنەوەخوارە لە کایەکەدا.

[تێبینی: لە زمانی فارسیدا بۆ ئەم مەبەستە وشەی الاکلنکَ allākolang (.P) بەکار دێ. لەم بارەوە بڕوانە وشەی کوردمادی خوار xuwar 2 "بەرانبەری سەر، ژێر"].

حولی **ħulî** *[ħulī]* - "لووس، خلیسک": هولی hulî یش دەگوترێ. هەروەها حوللوور ħullûr [حللوور ħıllûr] هەیە کە دەگەڵ "بللوور" دێ [حللوور بللور ħıllûrbıllûr]. دیارە بللوور شتێکی ساف و لووسە و بۆیە بووەتە هاواڵی "حللوور". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑خلیسک xılîsk.

حویل **ħuwîl** *[ħuwīl]* - "سووری کەمرەنکَ، سووری کاڵ": خزمە دەگەڵ ↑کاڵ kal "کەمرەنکَ".

حووج **ħûc** *[ħūj]* - "زۆر درێژ": دە کوردمادیدا بە مرۆڤی زۆر درێژ دەگوترێ "دەڵێی حووجە" یان "حووجی بنی مەعەللەق"! عووج εûc یش دەگوترێ. لەم وشانەوە مرۆڤ وا تێدەگا کە حووج ناوی کابرایەکی درێژ یان بوونەوەرێکی ئەفسانەیی بووبێ واتا وشەکە بۆ ناوی کەسێک بگەڕێتەوە. بەڵام

لەراستیدا حووج ناو نییە بەڵکوو ئاوەڵناوێکە بە مانای "زۆر بالا بڵیند". ئەم مانایە لە فارسییدا بە روونی دەردەکەوێ، کاتێک دەگوترێ برج عاج borj e εaj (P.). دیارە مەبەست لێرەدا عاجی فیل نییە، بەڵکوو مەبەست بورجێکە کە زۆر بڵیندە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ hoh (OG.)، hoch (G.)، hauhs (Gt.)، heah (OE.)، high (E.)، hög (Sw.) و häch (OF.) "بەرز، بڵیند". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑ئاجووج acuc و ماجووج [یان عاجووج و ماجووج εacuc u macuc] وەک ناوی بوونەوەرانی ئەفسانەیی بەکار دێن. کەرتی ئاج- یان عاج -(ε)ac لێرەشدا هەمان عاج یان حووجی سەرەوەیە و ئاماژە بە بەرزی [باڵابەرزی] دەکا. کەرتی ماج -mac یش خزمە دەگەڵ مەزن mezın واتا گەورە. بەم پێیە ئاجووج و ماجووج واتا بەرز و گەورە. ئەم وشانە دە زمانی کوردمادیدا دەبنە خزم دەگەڵ ↑قۆز qoz "جوانچاک" [جەوانی چاک، دە بنەڕەتدا قیت و قۆز، باڵابەرز] و چەندین وشەی دیکە.

حۆت ħot - "کەسێک کە تووکی سەری وەریوە": خزمە دەگەڵ öd(e) (G.)، ōdi (OG.)، īeđe (OE.)، öde (Sw.) "چۆل، تەریک، بەیات، بێتام"، aútōs (Gr.) "بێهوودە، هیچ و پووچ"، áva (OIn.) "لە شتێکەوە"، au (L.) "دوور(بوونەوە)، پێش (چوون)". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *au-, *aue- >*** "دوور بوونەوە لە، بەرەو پێش". هەروەها وشەی West(en) "رۆژئاوا" دە زمانە ژێرمەنییەکاندا پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە و دە ئەسڵدا بە مانای ئەو شوێنە بووە کە رۆژ بەرەو ئەوەی دەچێ، بەرەو ئەوەی دوور دەبێتەوە و ئاوا دەبێ. لەم تێڕوانینەوە "حۆت" ئەو کەسەیە کە سەری "چۆل" بووە، سەری "هیچ"ی پێوە نەماوە، موویەکانی لێ بووەتەوە. لەوانەیە وشەی ↑هیچ hîç پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بەرەهووت berehut "چۆلگە".

حۆری ħorî *[ħorī]* - "ژنی ناو بەهەشت": هۆری ħorî یش دەگوترێ. وشەکە وەک وشەیەکی عەرەبی ناسراوە، بەڵام لەوانەیە بە ئەسڵ عەرەبی نەبێ. لەباری ریشەوە خزمە دەگەڵ Hure (G.)، hoer (Nl.)، whore (E.)، hora (Sw.) "ژنی خراپە". ئەم وشانە دەچنەوە سەر huor (OG.) "زینا" و huorōn (OG.) "زینا کردن، دەگەڵ غەیری ژن یان مێردی خۆ نووستن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ carus (L.) "خۆشەویست، گرانبەها"، kārs (Let.) "لەزەت بردن، حەز کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *karo-s- >*** "خۆشەویست، حەز، دلبەر" و دواتر ریشەی ***(IE.) *ka- >*** "حەز کردن، خۆش ویستن، تامەزرۆ بوون". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ چەند وشەیەکە وەک ↑کەڵ *kel* [وە کەڵ هاتوو واتا وە زەوق هاتوو، تامەزرۆ بوون]، ↑کەڵکەڵە kelkele "ئارەزوو" و لەوانەشە دەگەڵ خەی xay [↑ئۆخەی oxey: وشەی خۆش ویستن].

حۆل ħol - "گیل، گێژ": هوویل huel ش دەگوترێ. هل hol (P.) "دەستپاچە، شێواو، پەشۆکاو". دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *uel- , *wel- >*** "سووران، با دران" و دەبێتە خزم لەگەڵ ↑هۆل2 hol "1- کرێوە و مژ 2- مزراق"، ↑خولانەوە xulan(ewe)، ↑وێڵ wel "سەرگەردان" و هتد.

حۆیلانێ ħoylnê *[ħoylāne]* - "هەوایەکی گۆرانی جافەتی": زۆرینەی ئەو وشانە دە زمانی کوردمادیدا مانای "گۆرانی دەدەن (وەک گۆرانی، گەلۆ، ئاواز، هۆرە، حەیران) دە بنەڕەتدا دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دەنکَ و هەرا کردن، هات و هاوار کردن". لەم تێڕوانینەوە دەشێ وشەکەی سەرەوە پێوەندی هەبێ بە ↑هۆلین holîn "قووڵە کردن، گریانی بە دەنکَ".

حەب ħeb *[ħab]* - "1- دەنک، دان 2- دەنکەدەرمان": دەشێ بە ئەسڵ وشەیەکی کوردمادی بێ و چووبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە. بڕوانە ↑هەب heb.

حەپ ħep *[ħap]* - "قووت دان بە زمانی منداڵان": خەپ xep یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑قەپ qep "گاز لێدان بە ددان".

حەپش ħepş *[ħapş]* - "گیل، حۆل": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑حەپەسان ħepesan "واق وڕمان، سەر سوڕمان".

حەپوو ħepû *[ħapū]* - وشەیەکە بە مانای "نەما، تەواو بوو" دە زمانی زارۆکدا. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑ئاو2 awa "ون، دوور"دا شی کراونەوە. ئەم وشانەی مانای "دوور بوونەوە، ون بوون، تێپەڕین [بەسەر چوون]، ئاوا بوون" دەبەخشن.

حەپۆل ħepol *[ħapol]* - "کەم ئاوەز، گەمژە": قەپۆل qepol یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑حەپەسان ħepesan "واق وڕمان، سەرسوڕمان". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑حەپش ħepş "گێل، حۆل".

حەپ(ە) ħep(e) *[ħap(a)]* - "وەڕینی سەکَ": عەف εef و عەو εw یش دەگوترێن [عەف عەف، عەوعەو]. هەروەها حەپاندن ħepandın هەیە بە مانان "حەپەکردن، وەڕین"، خزمە دەگەڵ ↑قەپ qep "گاز لێدان بە ددان"، دە بنەڕەتدا بە مانای "زار داپچڕین".

حەپەسان ħepesan *[ħapasān]* - "واق وڕمان، سەر سوڕمان": عەبەسان ebesan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑حەپ(ە) ħep(e) "وەڕینی سەکَ" و چەندین وشەی دیکە وەک ↑قەپ *qep* "گاز لێدان بە ددان". ئەم وشانە هەموو مانای "زار داپچڕین" نیشان دەدەن. "حەپەسان" ئاماژەیە بەو زار داپچڕینە کە مرۆڤ لە کاتی سەر سوڕمانی توندا تووشی دەبێ. وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ چەند وشەیەک دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وەک gaffen (G.) "بە سەرسوڕمانەوە روانین" [دە ئەسڵدا واتا بە دەمی کراوە تێڕامان، هەمان حەپەسان]، gappen (MG.) "دەم داپچڕین" بە کوردمادی نەوسنی ↑گاپن gapın واتا نەوسنی دەم داپچڕاو!]، jappen (G.)، japsen (G.) "دەم داپچڕین بۆ هەوا هەڵمژین لە کاتی پشووسواریدا"، gapen (Nl.) "دەم داپچڕین، حەپەسان"، gapa (Sw.) "گەروو دادڕین، دەم پێکدادان، قیژاندن".

[تێبینی: جێی سەرنجە کە فۆتیمی s دە وشەی ئەڵمانی japsen هەر ئەو رۆڵە دەبینێ کە s دە وشەی حەپەسان hepesan دا هەیەتی، واتا ئەو فۆتیمە شێوەیەکی جەختکراو (توند و تیژکراو) دەبەخشێ بە کردارەکە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "خلیسکان"].

حەپیشاندن ħepîşandın *[ħapîşāndın]* - "خواردن بە هەڵپە و لەز": خزمە دەگەڵ ↑قەپ qep "گاز لێدان بە ددان"، دە بنەڕەتدا بە مانای "زار داپچڕین".

حەتار ħetar *[ħatār]* - "کوتکی گێچ کوتان": هەروەها حەترەک ħetrek هەیە بە مانای "لێدان بە توندی" [ئەک ek وەک پاشگری ناو، بەتایبەتی ناوی تشت و ئامراز]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ cudere (L.) "لێدان، کوتان". ئەم وشە لاتینییە خزمە دەگەڵ ↑هاونکَ hawıng [دەسکاونکَ].

حەری ħerî *[ħarī]* - "قوڕ": شێوەیەکی دیکە لە ↑قوڕ qur.

حەز ħez *[ħaz]* - "ئارەزوو، خواستی بە تین، ئەڤین": ↑هاش haş یش دەگوترێ. هەروەها دە کوردمادیدا ↑قەشقە qeşqe هەیە بە مانای "ئارەزوو" و ↑کاش kaş1 بە مانای "خۆزگە، خۆزی". دە زمانی فارسیدا āz (P.) هەیە بە مانای "تەماحکار، حەریس، چاونەزێر". ئەم وشە فارسییە خزمە دەگەڵ وشە کوردماددییەکە، بەم جیاوازییە کە وشەکە دە زمانی فارسیدا مانای خواست و ئارەزوویەکی نەرێنی وەرگرتووە. هەروەها دە زمانی عەرەبیشدا عشق εašq (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و لەوانەیە وشەیەکی وەرگیراو بێ. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ heischen (G.)، eiscōn (OG.)، ask (E.)، āscian (OE.) "داوا کردن، پرسین"، iskat (Rus.)، iskati (OSl.) "وە شوێن کەوتن، داوا کردن"، iccháti (OIn.) "وە شوێن کەوتن، حەز و ئارەزوو کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ais- >*** "وە شوێن کەوتن، تێکۆشان بۆ، حەز کردن".

حەزیا ħezya *[ħazyā]* - "هەژدیها": عەزیا εezya ش دەگوترێ. بڕوانە ↑ئەژدیها ejdîhā و هەروەها ↑جوشک *cûşık*.

حەساس ħesas *[hasās]* - "تێشککەر(ی شەوانەی شار)": حەسحەس ħeshes یش دەگوترێ. عسس εasas (Arb.). لەوانەیە وشەکە لەبنەڕەتدا وشەیەکی کوردمادی بێ. بڕوانە ↑هەست hest [هەس hes]. وشە کوردماددییەکە دەتوانێ کۆنتر هەسهەس heshes بووبێ، واتا بە دووبارە کردنەوەی بنجی هەس -hes

دروست کرابێ، یان پاشگری بە ئاوەڵناو کردنی ئاس as- خرابێتە سەر "هەس"ەوە [هەسەس hes + es]، وەک دە وشەی "گەڕناس" [گەرن + ئاس] دا.

حەسانەوە ħesanewe *[ħasānawa]* - "پشوو دان، ماندوویەتی دەر کردن، راحەت بوون": اسودن (P.) āsūdan. دەبێ دە زمانی کوردیدا پێشتر "هەسان(ەوە)" یان "ئاسان(ەوە)" بووبێ. وشەی ↑هاسان hasan / ئاسان asan لەم پێوەندیەدا جێ دەگرێ. کەرتی حە ħe/ ها ha/ ئا a پێشگرە، بڕوانە پێشگری ↑ئا[2] a. وشەی "هاسان" دەشێ دە بنەڕەتدا بە مانای "راحەت" بووبێ. بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی" (ل. 27) خزمە دەگەڵ sāy- (Av.) و śáye- (OIn.) "راکشان، پاڵ کەوتن"، سەر بە ریشەی < ***(IE.)*kei-*** "راکشان، پاڵ کەوتن".

[ئەم ریشەیە لەوانەیە دەگەڵ ریشەی *kei- (IE.)* "جێگیر بوون، حەوانەوە لە شوێنێک" لە پێوەندیدا بێ و یان دە بنەڕەتدا یەک ریشە بووبن. شتێک کە ئەم شیمانەیە بەهێز دەکا، پێوەندی دوو چەمکی "حەوانەوە" و "حەسانەوە"یە. ئەم پێوەندییە بۆ وێنە لەم وشانەی خوارەوەدا بەدی دەکرێ کە پێکەوە خزمن: Ruhe (G.) "حەسانەوە، راحەتی" و Rast (G.) و (OG.) "حەسانەوە، راحەتی، وچان، قۆناغ" و rest (E.) "حەسانەوە، حەوانەوە لە شوێنێک". هەروەها وشەی "هێورین" دە زمانی کوردمادیدا هەر دوو مانا بە دەستەوە دەدا، واتا "ئارام بوون(ەوە)، راحەت بوون" و "پەنا گرتن، جێ دەست کەوتن" و لەوانەشە ئەم وشەیە خزم بێ دەگەڵ "حاوانەوە، حەوانەوە"].

حەشار ħeşar *[ħaşār]* - "1- نەدیار 2- بۆسە": حە ħe + شار şar. هەشار heşar یش دەگوترێ کە شێوە دروستتر و کۆنترەکەیە [پێشگری هە he + شار şar]. خزمە دەگەڵ ↑شاردنەوە şardınewe. کەرتی یەکەم پێشگرێکە کە بە چەند شێوەی هە he، ئە e، ئا a، ها ha لەبەر چەند هۆیەک بە ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانەوە دەنووسێ وەک ئاواز، ئاخێز، ئارام، هەشین، هەناو، هەنگاو، ئاستەم، ئاهەنگَ و هتد.

حەشیمەت ħeşîmet *[ħašīmat]* - "ئاپۆرە، خەڵکی زۆر": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑هێشوو ħêşû و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە "ئاپۆرە بوون، زۆر بوون، کۆم بوون" دەکەن، وەک ↑گیشە gîşe، ↑قۆشەن qoşen، ↑گشت *gışt* و هتد.

حەفیان ħefyan *[ħafyān]* - "1- زۆرخۆر 2- وەڕین": خزمە دەگەڵ ↑حەپیشاندن ħepîşandın "خواردن بە هەڵپە و لەز" و دەگەڵ ↑قەپ *qep* "گاز لێدان بە ددان"، دە بنەڕەتدا بە مانای "زار داپچڕین".

حەلان ħelan *[ħalān]* - "تاوێرەبەرد، جاڵە": خزمە دەگەڵ ↑گلان *gılan* "و گللۆر gıllor و ↑خڵڵور xıllor و هەروەها ↑جاڵە cale.

حەلحەلە ħelħele *[ħalħala]* - "تەشقی ئاسمان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ئاڵ[4] al "قامکی هەرە درێژ" و ↑ئالا ala "پەرچەم، بەیداخ" [دە بنەڕەتدا واتا بەرز راگیراو].

حەلک ħelk *[ħalk]* - "قسەی خۆش، قسەخۆش": خزمە دەگەڵ ↑حیلکە ħîlke "پێکەنین".

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ حەنەک ħenek "شۆخی، قسەی خۆش" کە ئەویش وێ دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑کەنین kenîn [پێکەنین pekenîn] و خەنە xene [زەردەخەنە].

حەلکی ħelkî *[ħalkī]* - "هێژا، بەنرخ": دە بنەڕەتدا دەبێ بە مانای "بەرز، بلیند" بێ و مەبەست کەسێک یان شتێکە رێز و قەدری لە سەرەوەیە. خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە ئاماژە بە "بەرز بوون، بلیند کردن" دەکەن وەک ↑ئاڵ[4] al "قامکی هەرە درێژ".

حەل(ل)ەق ħel(l)eq *[ħal(l)aq]* - "دەگەڵ مەللەق mel(l)eq دێ [حەللەق مەللەق ħelleqmelleq واتا قسەی خۆڕایی، بێمانا]. الکی alakî (P.) "خۆڕایی، بێمانا". لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑هەڵە hele.

حەمرین ħemrîn *[ħamrīn]* - "ناوی زنجیرەکێوێکە دەکەوێتە سنووری باشووری کوردستان دەگەڵ عێراق": ئەم زنجیرەکێوە دە گەڵێک سەرچاوەی کوردی و بیانیدا وەک هێڵی سنووری باشووری کوردستان و عێراقی عەرەب ئاماژەی پێ کراوە. ناوی ئەم کێوە وشەیەکی کوردمادییە و هیچ

پێوەندییەکی بەسەر زمانی عەرەبییەوە نییە. کوردمادی بوونی ئەم ناوە هەروەها بەڵگەشە بۆ کوردستانی بوونی ئەم شوێنە. وشەکە پێک هاتووە کە لە دوو کەرتی حەمر + ین ħem(ı)r + în. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی زمانی کوردمادی وەک ↑قەمرین qemrîn "بەستن، بوونەسەهۆڵ"، ↑کەمر kemır یان ↑کەڤر *kevır* "بەرد" [گۆڕانی m بۆ v]، هەروەها کەمر kemır "خەڵووزی بەردین" و ↑کەمرە kemre "ریخی پەستراو و رەق بوو"، ↑کەمێڵ kemel "چڵمی رەق و هیشک بوو"، ↑گەمرە gemre [یان ↑کەپرە kepre، ↑کەوەرە kewere] "پەترۆی برین"، ↑گەمر gemr "نیوەکوڵیو" [هێشتا رەق]، ↑قومری qumrî "داشکەلەم" [کەلەمی بەردین، کەلەمی رەق]، ↑خاو xaw "نەکوڵیو، پێنەگەیشتوو" [بە فارسی: خام xam]، ↑کەورک kewırk "هەرمێی رەق"، ↑قەوار qewar "کاکڵی گوێز و بادام" [دە بنەڕەتدا: بەرد، هەستی، رەقایی ناوکی میوە]، ↑قەورە qewre "بەردی تیژ کردن، سۆهان"، ↑زەمر zemır "تەوەزەل، لەشگران" [قورس]، ↑هەپروون heprun [چیایەکی هەپروون بە هەپروون واتا زۆر سەخت و ئاسێ، فۆتیمی p لە سەرەوە دە وشەی ↑کەپرە kepre شدا دەبیندرێ]. هەروەها دوو وشەی دیکەش لەم بارەوە جێی هەڵسەنگاندنن کە بریتین لە ↑هەبلین heblîn "قەبز بوون" [رەق بوونی ناو سک؟]، ↑هۆپەڵ hopel "تۆپەڵ" [پێکەوەنووسان، سەخت بوون، هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی "تۆلا" و "گرسە"، ئەوانیش ریشەکانیان مانای "توند، سەخت"دەدا]. وەک دەبینرێ چەمکی هاوبەش لە هەموو ئەم وشانەدا "رەق و سەخت" بوونە. ئەوەی لێرەدا بەتایبەتی شیاوی باسە، ئەوەیە کە ناوی زۆرینەی چیا بەرز و سەرکەشەکانی کوردستان دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی کە ئاماژە بە "سەخت بوون" دەکەن، وەک سیپان، ئاسۆس، زاگرۆس، زاپ، سەفین، ساسۆن، پیرەمەگروون، گارێ و هتد. کەوابوو سروشتییە کە چیای حەمرینیش لەسەر ئەم بنەمایە ناو نرابێ و دەگەڵ چەمکی سەخت و بە هێز و قایم بوون گرێ درابێ. لە سەرەوە وشەی قەورە qewre باس کرا کە دە فارسیدا "سوهان"ی پێ دەگوترێ. "سۆهان"یش خزمە دەگەڵ چەندین وشەی زمانی کوردمادی بە مانای "بەرد، سەخت" [بڕوانە "سەق"]. کەرتی دووەمی وشەی حەمرین ħemrîn، واتا -în هەمدیسان پاشگر یان نیشانەیەکی زمانی کوردمادی و بە گشتی زمانە ئێرانییەکانە، کە ئاوەڵناو دروست دەکا، وەک بەردین، دارین، گڵین، ئاسنین، زێڕین و هتد، یانیش ئەو نیشانەیە کە کردار دروست دەکا، وەک پرسین، کڕین، فڕین، تاشین، ناسین و هێندێک جاریش ناو دروست دەکا، وەک برین، سۆکین. دواجار دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین کە فۆتیمی سەرەتای ئەو وشانەی سەرەوە بە چەندین شێوە دەردەکەون، وەک k، g، z، q، h، ħ. فوتیمی ħ دە زمانی کوردمادیدا فۆتیمێکی رەسەن نییە و لەوانەیە لەژێر کارتێکەری زمانی عەرەبیدا پەیدا بووبێ کە لە ژمارەیەک وشەی دیکەی زمانی کوردمادیشدا دەبینرێ، واتا ئەو وشانەی بە ئەسڵ کوردمادین و فۆتیمەکەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەک حەز، حاند، حاوانەوە، حوشتر، حولی، حەپین، حەشار و هەموو ئەو وشانەی لەم فەرهەنگە لەژێر پیتی ħ دا ریز کراون.

حەمزەڵ ħemzel [*ħamzal*] - گەمەیەکە دەستەیەک دادێنەوە و دەستەکەی دیکە بە سەر پشتیاندا باز دەدەن". بنەوشەی حەمز -ħemz خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑گەمژە gemje، ↑گەوز *gewz*، ↑کەوان kewam و هیتربە مانای "با دان، خوار بوون، چەمین".

حەمکە ħemke [*ħamka*] - "ئەندازەیەکی زۆر": دەچێتەوە سەر ↑هەموو ħemû.

[تێبینی: پێوەندی نیزیک لەتێوان دوو چەمکی "هەموو" و "زۆر"دا هەیە. ئەم پێوەندییە بۆ وێنە لە دوو وشەی "گشت" و "گیشە"دا دەبینرێ کە ئەمەی دوایی بۆ ئەندازەیەکی زۆر لە گیا بە کار دێ].

حەوا ħewa [*ħawā*] - "لای سەرەوە، بڵیندتر لە ئاستی زەوی، ئاسمان، فەزا":

1- یان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑هەوا hewa "با، گازی هەناسەکێشان"، سەر بە ریشەی ***(a)ue- / *ħwe- >*** ***(IE.)*** * "با هاتن، شنینەوەی با، با کران". ئەوەی شیاوی سەرنجە ئەوەیە کە دە زمانی کوردمادیدا "هەوا" و "حەوا" وەک دوو وشەی بە تەواوی جیاواز بەکار دێن، بەڵام دە زمانی فارسی و هەروەها زمانەکانی

دیکەدا هوا hawā (P.) یان وشەکانی هاوتا هێندێک جار بە مانای "حەوا"ی کوردمادیش بەکار دێن، بۆ وێنە دە فارسیدا دەگوترێ "بە هوا پرتاپ شد" واتا "حەوا درا، دە حەوا کرا" یان نیروی هوایی nīrū ye hawāyī (P.) و air force (E.) دەبێتە هێزی هەوایی واتا هێزی ئاسمانی و هتد.

2- یان لەوانەیە خزمە دەگەڵ heaven (E.)، heofan (OG.)، heban (OS.)، himinn (OIs.)، himins (Gt.)، himil (OG.)، Himmel (G.) "ئاسمان"، سەر بە ریشەی *(IE.) *kem- >* "داپۆشین، تیوەپێچان".

حەوا یان ئاسمان ئەو شتەیە کە دەوری ئەرزی گرتووە و داپپۆشیوە. ئەگەر "حەوا" پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ، ئەوسا دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە، بۆ وێنە ↑جامە came، ↑کەمک kemık "دەسرۆکە"، ↑شەمەد şemed "پۆپەشمین" و هتد. هەروەها وشەی ↑*ئاسمان asman* خۆی پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

حەوت hewt [*ħawt*] - "ئەژمارێکە": هفت (P.)، haft (G.)، sieben (OG.)، sibun (E.)، seven (Sw.)، sju، septem (L.)، heptá (Gr.)، saptá (OIn.) سەر بە ریشەی *(IE.) *septm- >* "حەوت، هەفت".

[تێبینی: دو زمانی عەرەبیدا وشەی سبت sabt (Arb.) "شەمبە" یان لە زمانی لاتینی یان لە زمانە کۆنەکان وەرگیراوە. ئەگەر رۆژی یەکشەمبە وەک یەکەم رۆژی حەفتە دابنێین (یەک شەمبە)، ئەوسا رۆژی شەمبە دەبێتە حەوتەمین رۆژی حەفتە. لەوانەیە بەر لە زاڵ بوونی ئیسلام، لە ناو گەلانی ناوچەدا رۆژی حەوتەم واتا رۆژی شەمبە رۆژی پشوو دان و رۆژی ئایینی بووبێ].

حەوز hewz [*ħawz*] - "شوێنی ئاو تێدا کۆ کردنەوە": حوض ħawz (Arb.). وێ دەچێ وشەکە بە ئەسڵ عەرەبی نەبێ. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑حەوشە ħewşe "حەسار".

حەوشە hewşe [*ħawša*] - "1- حەساری ماڵ 2- جێ شەوێنی ئاژەڵ": حەوش ħewş یش دەگوترێ. هەروەها ↑هەڤێز hevez یش دەگوترێ بە مانای "حەوشەمەڕ". خزمە دەگەڵ Haus (G.)، house (E.)، hus (Sw.)، hausen (G.)، hūsōn (OG.) "لە ماڵ نیشتەجێ بوون، حاوانەوە، بەڕێوە بردنی ماڵ و منداڵ".

ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)keu- >* "دەورگرتن، لێهاڵاندن، تاقەت کردن، داپۆشین". لەوانەیە وشەی ↑حەوز ħewz یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و مەبەست "حەسار"ێک بێ بۆ کۆ کردنەوەی ئاو.

حەیران heyran [*ħayrān*] - "هەوایەکی گۆڕانی": پێوەندی هەیە بە یەکێک لەم وشانە:

1- ↑هۆرە hore [هەوایەکی گۆڕانی] و ↑*هاوار hawar* "بانگ، هەرا".

2- aria (It.) "گورانییەک یەک کەس وێڕای مووزیک دەیخوێنێ". ئەم وشەیە چووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکانی دیکەش و دە زمانی فەرانسەییدا بووەتە air (Fr.) "هەوا، ئاواز". ریشە؟

حیز hîz [*ħīz*] - "1- چاوباز، سووک 2- ترسەنۆک": هیز hîz و خیز xîz یش دەگوترێ. هیز hīz (P.) "چاولەوەڕێن، سووک، بێئابڕوو". مانای ئەسڵی وشەکە وێ دەچێ پێوەندی بە هەوەس و خواستی جینسییەوە هەبێ و سەرەتا بۆ ئەو کەسانە بەکار هاتبێ کە بە هۆی زێدەخوازی لەم بارەوە سنوورە کۆمەڵاتییەکانیان بەزاندووە. ئا لێرەوە پاشان ماناکانی دیکە وەک "بێئابڕوو، سووک" و دواتریش "ترسەنۆک" سەریان هەڵداوە. ئەگەر ئەم تێڕوانینە راست بێ، ئەوسا وشەکە پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑حەز ħez "ئارەزوو، داوای بەتین".

[تێبینی: لەباری پێوەندی باسکراو هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی Hure (G.) "جندە" و کەڵ kel[بەکەڵ، وە کەڵ هاتووە] و کەڵکەڵە kelkele "ئارەزوو، خولیا". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ یەکتر و لە ریشەیەکەوە هاتوون].

حیشی hîşî [*ħīšī*] - "گوریسی پان و درێژ": خزمە لەگەڵ ↑هەژک hejg "رەشکە، تۆڕی کا کێشان".

حیلکە hîlke [*ħīlka*] - "پێکەنین بە دەنگی بڵیند": هەروەها حیلکاندن ħîlkandın هەیە بە مانای حیلکە کردن.

حیلاندن **ħîlandın** [*ħīlāndın*] - "دەنکَ هەڵبڕینی ئەسپ": خزمە دەگەڵ ↑حیلکە ħîlke "پێکەنین بە دەنگی بڵیند".

حینجە **îħnce** [*ħīnja*] - "خوێندنەوەی بە سەر و بۆرەوە": هەروەها دەگەڵ "فینجە" دێ [حینجە و فینجە ħînce û fînce] سەر بە < **هجا** *ħija* (*Arb.*) "گوتنی وشەیەک پیت بە پیت یان بەش بە بەش".

حینچک(ە) ħînçık(e) [*ħīnčık(a)*] - "کوت، لێ ژەنین": دەشێ کۆنتر "هەنچک hençık" بووبێ، پێشگری هەن hen + چک çık. کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ ↑زیخ zîx و سک sok (P.) "نەقیزە، داری نووک تیژ" و ↑زەق zeq. مەبەست تیکوتانی شتیکی زەقە.

خ (X)

خاپاندن xapandın [*xāpāndın*] - "فریو دان": لەوانەیە پێوەندی بە ↑خەوتن xewtın [خەفتن xeftın]ەوە هەبێ و مەبەست دە بنەڕەتدا "خەواندن" بە مانای "هۆش لێ بڕین، هۆش لێ ئەستاندن" بووبێ.

خاپوور xapur [*xāpūr*] - "1- وێران 2- ناوی چەمیک لە کوردستان": شێوەیەکی کۆنترە لە ↑کاول kawıl "وێران". ناوی چەمەکە خابوور xabur یش دەگوترێ. وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دەم داپچڕین" و لەوێوە چەندین وشە بە ماناکانی وەک "کون، کەلێن، شکێڕ، بۆشایی، قووڵایی" سەریان هەڵداوە. لەم تێڕوانینەوە چەمی خابوور یان خاپوور بە مانای چەمی قووڵە. هەروەها مانای "وێران" لێرەوە پەیدا بووە کە خانوو بە هۆی رمان و تێک تەپینەوە، میچ یان دیوارەکانی لێرە و لەوێ کەلێن و کەلەبەر و لەئەنجامدا قووڵاییان تێدا دروست دەبێ. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑کون kun.

خات xat [*xāt*] - "وشەی رێزگرتن لە ژن": ↑خاتوون xatun یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Gatte (G.)، gade (Nl.)، gada (OE.) "هاوسەر، هاوڵ". خزمە دەگەڵ ↑*خاس xas* "باش". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ghedh- >*** بە مانای"پێکەوە گونجان، دەگەڵ یەکتر هاتنەوە، بۆیەکتر (باش) بوون، جۆش خواردن، یەکانگیر بوون". هەروەها gatilinic (OG.) "خزم"، gadiliggs (Gt.) "ئامۆزا و خاڵۆزا"، gaedeling (OE.) "خزم، هاوڵ" دەچنەوە سەر هەمان ریشە. دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑خزم xızım و ↑خێزان xezan یش پێوەندییان بە وشەکانی خات xat و خاس xas ەوە هەیە و هەر لەو ریشەوە هاتوون.

خاچ xaç [*xāč*] - "نیشانەی کریستیانەکان": خاچ xāč (P.). دە زمانی ئەڵمانیدا Kreuz هەم بە مانای "خاچ" دێ و هەمیش بە مانای "زەربدەر" واتا دوو هێڵ کە خوارەوخوار یەکتر دەبڕن، هەروەها بەمانای "چواررێیان"ی رێگا و بانیش بەکار دێ. دە زمانی کوردمادیدا بۆ ئەو دۆخی "زەربدەر" یان دوو هێڵی خوارەوخواری یەکتربڕ ↑قیلەوقاج qîlewqac بەکار دێ. لێرەوە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە "خاچ" دە بنەڕەتدا هەمان "قاج" یان "خێچ"ە کە ئاماژە دەکا بە خوارەوخوار بوونی دوو هێڵەکە.

[تێبینی: وشەی Kreuz ی ئەڵمانی دەچێتەوە سەر crux (L.) "خاچ". وێ دەچێ ئەم وشە لاتینییەش سەر بە ریشەیەک بێ بە مانای "خوار" و لەوانەشە دەگەڵ "خوار" یەک ریشەی هەبێ].

خار xar [*xār*] - "رەق، سەخت": خزمە دەگەڵ hart (G.)، hard (E.)، karara (OIn.)، kararoi (Gr.)، بەواتای"سەخت، رەق". وشەکانی kratu (Gr.)"هێز" و kratys (Gr .) "بە هێز، بەدەسەڵات" دەچنە وە سەر ریشەیەکی هاوبەش، واتا ریشەی ***(IE.) *kar- /*ker- >*** "خار، سەخت". هەروەها بڕوانە ئەو وشانەی لەژێر ↑کورد kurd دا هاتوون.

خاران xaran [*xārān*] - "سەخت بوون": ↑خار xar.

خازتن xaztın [*xāztın*] - "ویستن، داوا کردن": خزمە دەگەڵ ↑حەز ħez "ویست و ئارەزوو".

خاس xas [*xās*] - "باش، چاک": وشەکە هەروەها مانای "تایبەتی" و "ئەسڵ"یشی وەرگرتووە. خزمە دەگەڵ gut (G.)، good (E.)، god (Sw.) سەر بە ریشەی ***(IE.)* ghedh-*** "گونجان، چوونە پاڵ یەکەوە، جووت بوون، یەکانگیر بوون، دەگەڵ یەک هاتنەوە". مەبەست لە وشەی خاس سەرەتا "لەبار و گونجاو" بووە و پاشان ماناکە بووەتە "باش، پەسەند". -ā-gadhita (OIn.) "لەیەکدی گیر بوون، یەکانگیر بوون" دەچێتەوە سەر ئەم ریشەیە. دە کوردمادیدا خزمە دەگەڵ چەندین وشە وەک ↑ستر sıtır 1 "پەیژە، تیردیوان" [داربەست، تێکبەست]، ↑*خات xat* [خاتوون]. مەبەست لە "خات" دە بنچینەدا ئاماژە بەو

کەسەیە کە دەگەڵ مرۆڤ دەگونجێ، دەگەڵی دێتەوە یان دەگەڵی یەکانگیر دەبێ، بەوتەیەیەکی دیکە دەگەڵی جووت و هاواڵە. وشەکانی ↑خزم xızım و ↑خێزان xezan یش سەر بەم ریشەیەن. هەروەها وشەی ↑گان gan دە ئەسڵدا بە مانای "جووت بوون، یەکانگیر بوون"ە و پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشەیە دە زمانی پەهلەویدا gātan (.Pl) بووە و گاتار gatar (.Pl) یش بە مانای "شوو، مێرد" هاتووە. [تێبینی: وشەی خاص xas (.Arb) "تایبەت" دە زمانی عەرەبیدا دەبێ لەم وشە کوردماددییە وەرگیراوبێ. مانای ئەسڵی وشەکە وەک باس کرا "باش، گونجاو" بووە و لەوێوە دواتر مانای "تایبەت، هەڵبژاردە، جیا لەوانی دی" سەری هەڵداوە. زمانی عەرەبی وشەکەی بەم مانایە وەرگرتووە، یان مانای وشەکەی بەم جۆرە گۆڕیوە. بەپێچەوانەشەوە وشەی تایبەت taybet دە زمانی کوردمادیدا دەبێ لە طیب، طیبة tayyib(et) (.Arb) عەرەبی وەرگیرابێ بە مانان "باش، چاک"، واتا زمانی کوردمادیش مانای وشە عەڕەبییەکەی کەی هەر بەم جۆرە گۆڕیەوە کە زمانی عەڕەبی مانای وشە کوردماددییەکەی گۆڕیوە].

خاش1 xaş [*xāš*] - دەگەڵ "ورد" دێ [ورد و خاش wırd û xaş]. لەوە دەچێ ئەم وشەیە جیا بێ لە خاش2 "قاش، کووز، لەت"، چونکوو بڕدران و لەت لەت بوون دەگەڵ "ورد و خاش بوون" جیاوازی هەیە. ئەم وشەیە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑خاک xak.

2- ↑خک xık "دارکاری کردنی زۆر".

خاش2 xaş [*xāš*] - "قاش": ↑قاش qaş.

خاشیل xaşîl [*xāšel*] - "چێشتی گەنمە کوتاو": لە ↑خاش[1] xaş بە مانای "ورد، وردکراو" وەرگیراوە. لێرەدا مەبەست ورد و خاش کردنی گەنمەکەیە.

[تێبینی: هەڵی سەنگینە دەگەڵ "ساوار" کە پێوەندی بە "ساوین"ەوە هەیە، "هەریس" کە پێوەندی بە "هارین"ەوە هەیە و هەروەها "کفتە" کە پێوەندی بە "کوتان"ەوە هەیە].

خاک xak [*xāk*] - "1- خۆڵ 2- هەرد، زەوی": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئاخ ax "خاک".

[تێبینی: سەبارەت بە ئەوە کە وشەی خاک بە هەر دوو مانای "خۆڵ" و " هەرد، زەوی" بە کار دێ، دەتوانین دەگەڵ وشەی ئاڵمانی Erde (.G) بەراوردی بکەین کە ئەویش بە هەردوو مانای "هەرد، زەوی" و "خاک و خۆڵ" بەکاردەهێندرێ].

خافوور xafur [*xāfūr*] - "قاڵا، ناوبەتاڵ": خزمە دەگەڵ ↑کون kun.

خاڤک xavık [*xāvık*] - "1- کەلەکە، خاڵیگە 2- کوتاڵی رزیوی درِاو": بنەوشەی خاڤ -xav خزمە دەگەڵ ↑خافوور xafur "قاڵا، ناوبەتاڵ" و دواجار ↑کون kun.

[تێبینی: دە فارسیدا "تهیگاه" هەیە بە مانای "خاڵیگە، بەرسک" کە دەچێتەوە سەر وشەی "تهی" بە مانای "بەتاڵ"].

خاڵ1 xal [*xāl*] - "برای دایک": شیاوی باسە کە دە زمانی کوردمادیدا لەجیاتی خاڵۆ alo ش دەگوترێ. هەروەها وشەی ↑کاڵ kal هەیە بەمانای "پیر". بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دەشێ ئەم وشانە خزم بن دەگەڵ alt (.G)، old (.E) "پیر"، alan (.Gt) "هەڵدان و گەورە بوون"، altus (.L) "بەرز، بڵیند"، ala (.OIs) و alare (.L) "بژێو پێدان، بەخێو کردن، گەورە کردن". ئەم وشە ئەوروپییانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *al- >* "گەورە بوون، گەورە کردن".

خاڵ2 xal [*xāl*] - "نەخش و نیشانەی سەر پێست، ماڵە": خزمە دەگەڵ ↑کاڵ kal "رەنگی روونناک، سپی واش" [کاڵ بوونەوە واتا ڕەنگ لە دەست دان و سپی بوونەوە]. دە زمانی کوردمادیدا سەرەتا بە پەڵەی رەش و تاریکی سەر پێست گوتراوە "ماڵە" و ئەم وشەیە تا ئەمڕۆش دە زمانی کوردمادیدا هەرماوە و ماناکەی خۆشی پاراستووە. دە هێندێک لە زمانە هیندوئەروپییەکانیشدا وشەیەک کە بۆ ئەم مەبەستە بە کار دێ، خزمە دەگەڵ "ماڵە"ی کوردمادی. کەواتە جێی پرسیارە چۆن دە زمانی کوردمادیدا وشەی

خاڵ کە دە ئەسڵدا ماناکەی بە پێچەوانەی "ڕەش و تاریک"ە، بە مانای ماڵە بەکاردەهێندرێ و تەنانەت جێگاشی بەم وشە کۆنە لێژ کردووە. ئەم دیاردەیە دەتوانین ئاوا لێک بدەینەوە کە سەرەتا "ماڵ، ماڵە" بە پەڵەی ڕەش و تاریک گوتراوە و "خاڵ"یش بە پەڵەی سپی، بەتایبەتی هی سەر پێستی ئاژەڵ. دواتر وشەی خاڵ ماناکەی دەگەڵ ماڵ [ماڵە] تێکەڵ بووە و بە هەردووک مانا بە کار هێندراوە. دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا وشەی ↑خاڵومیل xal u mîl مان هەیە بە واتای "نەخش و نیگار" کە تێیدا هەردوو وشەکە بەدیار دەکەوێ و دە بنچینەدا مەبەست پەڵەی ڕەش و سپی بووە.

خاڵ 3 xal [*xāl*] - دەگەڵ "خڵتە" دێ و دەگوترێ خڵتە و خاڵ xılte û xal. دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑خۆڵ xol.

خاڵومیل xalumîl [*xālumīl*] - "نەخش و نیگار": پێک هاتووە لە دوو وشەی ↑خاڵ xal و میل mîl. وشەی یەکەم واتا "خاڵ" دە بنەڕەتدا بە مانای "پەڵە یاخود نەخشی سپی" بووە و وشەی "میل"یش شێوەیەکی دیکەیە لە ماڵ، ↑ماڵە male بە واتای "پەڵە یان نەخشی ڕەش". تێکڕای وشەکە واتا نەخشی ڕەش و سپی.

خاڵووزە xaluze [*xālūza*] - "پەتایەکی گەنمە، ڕەشی هەڵدەگیڕێ": خزمە دەگەڵ ↑خەڵووز xeluz.

خام xam [*xām*] - "پارچەی لە دەزوو": خزمە دەگەڵ kamilos (Gr.) "داو، دەزوو". ئەم وشانە دەبێ پێوەندییان بە جامە came وە هەبێ [بڕوانە ↑جامە came].

خام xam [*xām*] - "1- قەنەوز، پارچەیەکی بنەوشە 2- قوماشی سپی": هەروەها خامک xamk هەیە بە مانای "کای کونجی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑جامە came.

خامۆش xamoş [*xāmoš*] - "کووژاوە": بڕوانە ↑خەمتین xemtîn "کز بوونی ئاگر".

خامە xame [*xāma*] - "1- قەلەم 2- شووڵ [قەڵەمە]": دە فارسیدا خامە xāme (P.) بە هەمان مانا. خزمە دەگەڵ ↑قامک qamık [qam + ık] "ئەنگوست".

خان xan [*xān*] - " گەورە و سەرۆکی خێڵ": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ canus (L.) "سپی، سەرسپی، بەڕێز".

خانوو xanu [*xānū*] - "ماڵ، هۆدە": دە فارسیدا خانە xāne (P.). بنەوشەکە خان -xan ە. دەشێ خزم بێ دە گەڵ Heim (G.)، home (E.)، hem (Sw.) "ماڵ، خانوو"، komē (Gr.) "دێ، گوند"، sem'ja (Rus.) "خانەوادە، بنەماڵە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *kei- >*** "شوێنی حەوانەوە". خزمە دەگەڵ ↑یانە yane "ماڵ، خانوو، جێگەی حەسانەوە". هەروەها بنەوشەی -ke(d) دە وشەکانی ↑کابان kaban و ↑کوێخا kuwexa دا دەچنەوە سەر ئەم ریشە هیندوئەرووپییە.

[تێبینی: لەبەرانبەر فۆنیمی m ی زمانە ئەورووپییەکان دە وشە کوردمادییەکەدا فۆنیمی nدەردەکەوێ. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ خوێن xuwen (خوون xun، خێن xen، هوون hun) دە زمانی کوردمادیدا و haima (Gr.)، هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ڕۆن ron و Rahm (G.)، ream (OE.)، room (Nl.) بە واتای "خامە"].

خانەقا xaneqa [*xānaqā*] - "ماڵی شێخ و مریدەکانی": دەشێ پێک هاتبێ لە دوو کەرتی خان(ە) + قا xan(e) +qa. کەرتی دووەم هەمان پاشگری گا ga- یە کە ئاماژە بە شوێن دەکا وەک زانینگا، فرۆشگا، دەرمانگا و هتد. کەرتی یەکەم پێوەستە بە کرداری ↑خوێندن xuwendın [خاندن xandın، خێندن xendın] و مەبەست لە تێکڕای وشەکە دەبێتە شوێنی خوێندن. دیارە مەبەست خوێندن (یان بە دەنگ و ئاواز خوێندنەوە)ی دەقە دینییەکان بووە.

خاو[1] xaw [*xāw*] - "شل، سست، بێ هێز": خاڤ xav یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ کەوتن kewtın. مەبەست لە "خاو" بریتییە لە شتێکی شل و شۆڕ و *داکەوتوو*.

خاو² xaw *[xāw]* - دەگەڵ "خێزان" دێ [خاو و خێزان xaw u xezan]. پێوەندی هەیە بە ↑حاوانەوە ħawan(ewe) "دەگەڵ یەک ژیان بەسەر بردن، پێکەوە رابواردن".

خاو3 xaw *[xāw]* - "پێنەگەیشتوو، نەکوڵیو، نائامادە": خام xām (P.). خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑حەمرین ħemrîn دا باس کراون و بە گشتی مانای "سەخت، رەق" دەبەخشن.

خاوان xawan *[xāwān]* - "سەرگەرم بوون، خافڵان": هەروەها خاواندن xawandın هەیە بە مانای "سەرگەرم کردن". خزمە دەگەڵ ↑حاوانەوە ħawan(ewe) "جێگیر بوون و سازگار بوون، ژیان بەسەر بردن، رابواردن".

خاوس xaws *[xaws]* - دەگەڵ "پێ" دێ و دەگوترێ پێخاوس pexaws [یان پێخواس pexuwas] بە واتای "پێپەتی". خزمە دەگەڵ ↑خاوێن xawen "پاک".

تێبینی: دە وشەی "پێپەتی"شدا کەرتی "پەتی" مانای "پاک" دەدا، کوردی پەتی واتا کورددییەکی پاک و خاوێن".

خاولی xawlî *[xāwlī]* - "پەڕۆی خۆ پێ هیشک کردنەوە": خاڤلوو xavlu ش دەگوترێ. حولە houle (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ zwehle (G.) "دەسرە" [دە دیالێکتی ناوینی زمانی ئەڵمانیدا Quehle ش دەگوترێ] و towel (E.)، dwaal (Nl.) "خاولی، دەسرە". ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *twaha- (Gm.)* "شوشتن، حەمام کردن". tva (Sw.) "شوشتن" لەم ریشەوە هاتووە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑خاوێن xawen "پاک، تەمیس".

خاوەن xawen *[xāwan]* - "ساحیب": دە زمانی کوردمادیدا بە چەند شێوە دەردەکەوێ، وەک خودی xodî، خاوەن xawen، خودان xudan، خێو xew و هتد. ئەم فۆرمانە گشتیان پێوەستن بە وشەی ↑خوداوەند xudawend بە مانای "خاوەن". وشەکە لە خوداوەند ەوە گۆڕدراوە و بووەتە "خاوەند"، پاشان "خاوەن"، پاشان "خێو". لە لایەکی دیکەوە خوداوەند گۆڕدراوە بە "خودان". وشەی خوداوەند دەشێ بچێتەوە سەر ↑خودا xuda "ئەفرێنەر و خاوەنی جیهان". کەرتی دووەمی وشەکە دەشێ هەمان ↑بەندە bende بێ [خودابەندە xudabende ؟] و مانای بنەڕەتی وشەکە بریتی بێ لە ئەو کەسەی بەندەی هەیە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Herr (G.) بە مانای "رێزدار، ئاغا، مستر" بەکار دێ. مانای ئەم وشەیە دە کۆندا "بەڕێز، خاوەن مەزنایەتی" بووە و لەوانەیە دەگەڵ "قەیرە"ی خۆمان خزم بێ. ئەم وشە ئەڵمانییە هاوکات بە مانای "خاوەن" ، "خونکار" [خواوەندکار] و "خودا"ش بەکار دێ].

خاوێن xawen *[xāwen]* - "پاک، تەمیس": ئەم وشەیە لەوانەیە دەگەڵ ↑خاوس xaws [پێخاوس واتا پێپەتی] هاوریشەبێ. دەشێ خزم بن دەگەڵ dav- (Av.)، dhāv- (OIn.) "پاک کردن، خاوێن کردنەوە"، سەر بە ریشەی ***dheu- > (IE.)** "درەوشانەوە، بریقانەوە". بە گوێرەی "فرهنگَ ریشەشناختی زبان فارسی، ل. 135" وشەی اندودن andūdan (P.) "تیهەڵسوون، سواخ دان" پێوەندی بەم وشانەی زمانی ئاڤێستا و سانسکریت هەیە. وشەی ↑خاولی xawlî یش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. وەک دەبینرێ فۆتیمی کۆنی d لەم وشە کورددییانەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە x. بەڵام فۆتیمە کۆنەکە لە چەند وشەی دیکەدا پارێزراوە، وەک ↑پاکتاو paktaw، ↑تیف تیفە tîftîfe "ساف و لووس کردن". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا ریشەی هیندوئەورووپی وشەکانی towel (E.)، dwaal (Nl.) "خاولی، دەسرە" دیاری نەکراوە و تەنیا باس لەوە دەکرێ کە ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە ریشەی ژێرمەنی *twaha- (Gm.)* "شوشتن، حەمام کردن" و خزمن دەگەڵ tva (Sw.) "شۆردن". بە شیمانەیەکی بەهێز دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئەم ریشە ژێرمەنییە بە مانای "شوشتن" خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەکی کۆنی هیندوئەورووپی کە دەبێ هەر ئەو ریشەیەی سەرەوە بێ. بەم جۆرە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا لە مانای بنەڕەتی "درەوشاندنەوە، بریقە دان"، دواتر ماناکانی "پاک کردن، خاوێن کردنەوە"، هەروەها

"ساف و لووس کردن"، "سوونەوە، تێهەڵسوون" و دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا مانای "شوشتن" پەیدا بوون.

[تێبینی 1: چەمکەکانی "شۆردن"، "خاوێن کردنەوە"، "سوونەوە، ڕێخشاندن" پێوەندی نیزیکیان دەگەڵ یەکتر هەیە. بۆ وێنە وا پێ دەچێ کە وشەی "شۆردن"ی کوردمادی خزم بێ دەگەڵ scheuern (G.) "خاوێن کردنەوە بە سوونەوە و ڕێخشاندن".تێبینی 2: وشەکانی towel (E.)، dwaal (Nl.) "خاولی، دەسرە" وەک دەبینرێ بە "دەسرە"ش مانا کراونەوە. وشەی "دەسرە" کورتکراوی "دەستەسڕ"ە، واتا ئەو پەڕۆیەی بۆ ستڕینەوە و خاوێن کردنەوەی دەست بەکار دەهێنرێ. لێرەدا پێوەندی چەمکەکانی "ستڕین(ەوە)" [ڕێخشاندن] دەگەڵ "خاوێن کردنەوە" دیسانیش دەردەکەوێ. تێبینی 3: دە زمانی ئەڵمانی ئەمڕۆدا بەرانبەری خاولی وشەی Handtuch (G.) بەکار دێ کە ماناکەی دەقاودەق دەبێتە "پەڕۆی دەست". بەڵام دە دیالێکتی ناوینی زمانی ئەڵمانیدا Quehle ش دەگوترێ، لە جیاتی towel (E.)، dwaal (Nl.). وەک دەبینین دە زمانی ئەڵمانیشدا فۆتیمی d / t گۆڕاوە بە q و ئەمەش لە وشەی "خاولی" کوردمادی گەلێک نیزیکە. نموونەیەکی دیکە لەم چەشنە گۆڕانە، وشەی "تۆراخ"ە کە دە زمانی ئەڵمانیدا بووەتە Quark، واتا فۆتیمی t لە سەرەتای وشە ئەڵمانییەکەدا گۆڕاوە و بووەتە q. تێبینی 5: ریشەی *dheu- (IE.) "درەوشانەوە، بریقانەوە" دەشێ خۆی پێوەندی هەبێ بە ریشەی *dei- (IE.) "ڕووناک بوون، درەوشانەوە، دیارکەوتن". تێبینی 6: دە زمانی فارسیدا حولە ħoule (P.) بەکار دێ کە دەشێ شێوەی عەرەبێنراوی وشەکە بێ].

خایاندن xayandın [xāyāndın] - "پێچوونی کات": خزمە دەگەڵ گەیاندن geyandın و ↑گەیشتن geyîştın. بنەوشەی gey- لەم وشەیەدا بووەتە xa(y)- . کرداری گەیاندن ئاماژە دەکاتە جۆرێک لە گواستنەوە دە شوێن و دە دۆخدا [بۆ وێنە دەگاتە تێرە یان چێشتەکە پێ دەگا]. کرداری خایاندن کردارێکی گواستنەوەیە دە کاتدا، واتا گەیاندتیکە لە نوختەیەکی زەمەنییەوە بۆ نوختەیەکی دیکە.

خپر xıpır - "کۆڵینەوە": خزمە دەگەڵ کاویدن kāvīdan (p.) "کۆڵین(ەوە)، هەڵکۆڵین". بنەوشەکە دە زمانی کوردمادیدا خپ -xıp و دە فارسیدا کاو -kav ە. پێوەندی بە ↑خاپوور xapr وە هەیە، واتا "قووڵ". گشت وشەکانی سەرەوە و هەروەها ↑قووڵ qul [پێشتر ↑کوور kur] و کۆڵین(ەوە) kolîn(ewe) [قووڵ کردن] پێوەندییان بە یەکەوە هەیە.

خپە xıpe [xıpa] - "خۆ لە شتێک مات کردن": [خپە کردن]. شێوەیەکی دیکە لە ↑خەفتان xeftan.

خت xıt - "بێدەنگ و جووڵە": دە بنەڕەتدا بە مانای "بێجووڵە، ڕەق بوو". خزمە دەگەڵ چەندین وشە و لەوانە ↑چاتمە çatme "پێک هەڵپەساردنی تفەنگان"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "وەستان" [لە جووڵی وەستان].

ختتە xıtte [xıtta] - "وشەی دەنگدانی پشیلە": خزمە دەگەڵ ↑کتک kıtık "پشیلە".

ختۆکە xıtoke [xıtoka] - "قدیلە، قدیلکە": خت + ئۆکە xıt + oke. پاژی دووهەم پاشگری گچکاندنە. بنەوشەی -xıt بە چەشنی -qıd دە وشەی ↑قدیلە qıdîle شدا هەیە و خزمە دەگەڵ kitzeln (G.)، kizzilon (OG.)، cetelian (OE.)، kittelen (Nl.)، kittla (Sw.) "قدیلە دان". ریشەی وشەکە بەتەواوی ساخ نەکراوەتەوە.

خدە xıde [xıda] - دەگەڵ "خوو" دێ و دەگوترێ خوو و خدە xûû xıde. خەدە xede ش دەگوترێ.خزمە دەگەڵ Sitte (G.)، sidu (OE.)، side (OFr.)، sidus (Got.)، sed (Sw.)، svadha- (OIn.) "عادەت، خوو و خدە". خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑جەلە cele [جەلەکردن واتا بە گوریس تێکخستنەوە]، ↑ژێ je "تاڵی ساز" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *sei- (IE.) > "بەستن، بەستنەوە". لەم تێڕوانینەوە خدە واتا بەسترانەوە یان خۆبەستنەوە بە ئاکارێک. لەوانەیە عادة ε̄ade (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

خڕ[1] **xır** - "گرد":

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Kreis (G.) "جەخز، دایرە، دەڤەر"، kreit (MG.)، krijt (Nl.) "جەجز، مەیدانی شەڕ و زۆرەوانی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ kritzeln (G.) و kratzen (G.) "کڕاندن، رووشاندن". مەبەست لە سەرەتادا جەخزێک یان کێرێکی ئاڵقەیی بووە کە بە کڕاندن و داروشاندنی هەرد دروست کراوە. خزمە دەگەڵ ↑کڕاندن *kırandın*.

2- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ schräg (G.)، curvus (L.) "خوار"، krikos (Gr.)، circus (L.) "جەغز"، Ring (G.)، (h)ring (OG.) "هاڵقە"، krug (Rus.) "جەغز، قەوان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "سووڕان، خوار بوون، با دران". هەروەها ئەم وشانە بەرهەڤ بکە دەگەڵ ↑خەڕەک xerek "چەرخی پەمۆ رستن".

[تێبینی: وشەی "خڕ" یان "گرد" نەک هەر چەمکی "جەغز و ئاڵقە" لە خۆ دەگرێ، بەڵکوو هەروەها دەربڕی چەمکی "پێکەوەیی، جڤات، کۆم بوون"ە، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "گرد بوونەوە". پێوەندی ئەم دوو چەمکەی سەرەوە بەیەکەوە زۆر نیزیکە. لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بە وشەی جەغز "دایرە، هێڵی کەوانی" بکەین کە خزمە دەگەڵ جووخە "دەستە" [سەرجووخە واتا سەردەستە]. یان ئەگەر سەیری وشەی "دایرە" بکەین، دەبینین دە زمانی کوردمادیدا دەگوترێ "دەستە و دایەرە" (دایرە)].

خڕ[2] **xır** - دەگەڵ "بتوون" دێ [خڕ و بتوون واتا تەواو، هەموو]. ئەم "خڕ"ە لەوانەیە پێوەندی بە خڕ[1] xır "گرد"ەوە نەبێ و وشەیەکی سەربەخۆ بێ. جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ whole (E.)، heel (Nl.)، heil (G.)، celyj (Rus.) "ساخ، تەواو، گشت، یەکپارچە" سەر بە ریشەی ***(IE.) *keilos- >*** "تەواو، گشت". هەروەها هەڵی سەنگینەدەگەڵ ↑چارە[2] *çare* و ↑چڵ içl [نیوەچڵ واتا نیوە لە گشت، ناتەواو]. کل kull (Arb.) "تەواو، گشت" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. لەم بارەوە هەروەها بڕوانە ↑خێر xer.

خراپ **xırap** [*xırāp*] - "1- نەباش 2- وێران 3- لەکار کەوتوو": خراب xırab و خراو xıraw یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑خەرابە xerabe "کاول، وێران".

خڕاندن **xırandın** [*xırāndın*] - ↑هەڵخڕاندن helxırandın.

خرپن **xırpın** - "قەڵەوی کورت، خڕەکەی چکۆڵە": دەشێ لە دوو کەرتی ↑خڕ xır و ↑پان pan پێک هاتبێ.

خرت **xırt** - "گرۆڤەر لوولەیی، خڕی لوولەیی": شێوەیەکی دیکە لە ↑گرد gırd.

خرتک **xırtık** - "جومگە": خرتکە xırtke ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑گردک gırdık "ماسوولە، زیپەڕ" و ↑گرتک gırtık "ئیسک، هەستی"(؟) [پیاوی گرتک ئەستوور].

خرتە1 **xırte** [*xırta*] - دەگەڵ "پرتە" دێ [خرتە و پرتە xırte û pırte]. شێوەیەکی دیکە لە ↑ورد/ هورد/ خورت xurt/ hurd/ wırd.

خرتە2 **xırte** [*xırta*] - "زەوی رەقەن و نەکێڵ": خزمە دەگەڵ ↑خار xar "رەق، سەخت".

خرتەک **xırtek** [*xırtak*] - "پێچکەعارەبە":

1- لەوانەیە پێوەندی بە ↑گرد gırd واتا "خڕ"ەوە هەبێ.

2- لەوانەیە پێوەندی بە ↑گەردوون gerdun ەوە هەبێ کە دە بنەڕەتدا بە مانای "چەرخ"ە و پاشان مانای "جیهان"ی وەرگرتووە.

3- هەروەها جێی بەراورد کردنە دەگەڵ Rad (G.)، rota (L.)، roth (Ir.)، ratas (Lit.) "خرتەک، چەرخ"، سەر بە ریشەی ***(IE.)* roto- >*** "خرتەک، چەرخ" و دواتریش سەر بە ریشەی ***(IE.) * ret(h)- >*** "رۆیین، گەڕان، چەرخان، رەت بوون". لەم گوشە نیگایەوە وشەکە لەوانەیە ئاراتەک a-ratek یان هەراتەک he-ratek؟ بووبێ واتا پێشگری a یان he ی هاتبێتە سەر.

خرتی **xırtî** [*xırtī*] - "تەژەی مل ئەستوور": خزمە دەگەڵ ↑خورت xort "بەهێز".

خرچ **xırç** [*xırč*] - "دەنگی داکرۆشتن": هەروەها خرتە xırte هەیە بە مانای "دەنگی بزووتنەوەی گیانداری بچووک" و خرجین xırcîn "بە مانای "دەنگی شکاندنی دار، دەنگی فڕینی بە کۆمەڵی کوللە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ krachen (G.)، kraken (Nl.)، crack (E.) "دەنگی شکان و دڕان". وشە ژێرمەنییەکان دە بنچینەدا لاسا کردنەوەی دەنگن. دیسان هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑کرۆشتن kıroştın "جووتن وکرتە لێ هێنانی شتی سفت".

خرچە **xırçe** [*xırča*] - "کاڵەکی بچووک": خڕ + چە xır + çe. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر ↑خڕ xır "گرد". کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە.

خرخاڵ **xrxal** [*xırxāl*] - "بازنە، پاوانە": دەشێ بەم شێوەیە پێک هاتبێ: خرخ xrıx + پاشگری ئاڵ al. [وەکوو گۆپاڵ، تۆژاڵ، فەساڵ....]. بنجی وشەکە خزمە دەگەڵ schräg (G.)، curvus (L.) "خوار"، krikos (Gr.)، circus (L.) "جەغز"، Ring (G.)، (h)ring (OG.) "هاڵقە"، krug (Rus.) "جەغز، قەوان"، سەر بە ریشەی ***(s)ker- > (IE.)*** "سووڕان، خوار بوون، با دران". ئەم وشانە لەوانەیە خزم بن دەگەڵ ↑خەڕەک xerek "چەرخی پەمۆ رستن".

خرۆشان **xıroşan** [*xırošān*] - "هەڵچوون و هاوارکردن": دە فارسیدا خروشیدن xorūšīdan. خزمە دەگەڵ ↑هوروووژان/ ورووژان hurujan /wırujan. مانای وشەکە دە فارسیدا تۆزێک گۆڕاوە، واتا دە زمانی کوردمادیدا مانا رەسەنەکە باشتر پارێزراوە.

خریان **xıryan** [*xıryān*] - "لە رێ دەرچوون، بە هەڵە چوون": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- ↑کل kıl "خوار"، کل بوون واتا خوار بوون. [لەباری ئاڵوگۆڕی فۆنیمەکانەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "هەڵخلاندن" و "هەڵخراندن"]

2- ↑خوار xuwar.

خریکین **xırîkîn** [*xırīkīn*] - "گریانی بە دەنگ": خزمە دەگەڵ ↑گریان gıryan.

خرینگە **xırînge** [*xırīnga*] - "دەنگی وێککەوتنی خشڵ": شێوەیەکی دیکە لە ↑جرینگە cırînge و ↑زرینگە zırînge. خزمە دەگەڵ ring (E.)، hringan (OE.)، hringja (ON.) "زەنگ لێدان، زرینگانەوە". ریشە؟

خرێنە **xırene** [*xırena*] - "خلێنە، کاکیلە": خلێنە xılêne ش دەگوترێ. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ناوی ئەم ددانانە دە زمانی فارسی و هەروەها زمانە ئەورووپییەکاندا پێوەستە بە چەمکی "هارین"ەوە (خرێنە، هارێنە) [ددانی "هارێنە" وەک "دندان اسیاب" دە فارسیدا، کە وەک ئاش دەهارێ]. وشەی "خرێنە" وشەیەکی زۆر کۆن و کۆنترە لە "هارین". بڕوانە ئەو وشانەی لەژێر "هارین"دا ئاماژەیان پێ کراوە، بۆ وێنە grind (E.) "هارین".

خزار**xızar** [*xızār*] - "شەقەمشار، هەڕەی دوو کەسی": بنەوشەی خز -xız دەشێ خزم بێ دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە کە ئاماژە دەکەنە چەمکی "بڕین، لەت و کوت کردن" وەک ↑قاش qaş، ↑کووز kuz، ↑کەت ket، ↑کوت kut، ↑قەتاندن qetandın، ↑گاز gaz، ↑گەستن gestın و هتد.

خزڵک **xızılk** - "زەنگەتە ترێ": خز + ڵک xız + ılk. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر وشەی ↑هێشوو hêşû[دە فارسیدا خوشە xūše (P.)].

خزم **xızım** - "کەس و کار": دە فارسیدا خویش xīš (P.). دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑خات xat [خاتوون: دە بنچینەدا بە مانای "هاوڵ، جووت، یەکانگیر"].

خزن **xızın** - "مەزار و مەرقەدی پیاوچاکان": قسن qısın یش دەگوترێ. لە صحن seḥn (Arb.) وەرگیراوە و گۆڕانی تیدا کراوە. بۆ ریشەی وشە عەرەبییەکە بڕوانە ↑شانۆ şano.

خزین xızîn *[xızīn]* - "خوشین، خلیسکان": ده فارسیدا خزیدن xazīdan (.P). خزمه ده‌گه‌ڵ ↑خشان xışanو ↑خوشین xuşîn. هه‌روه‌ها خزاکَ xızag هه‌یه به مانای "عاره‌به‌یه‌ک که به‌سه‌ر به‌فردا رای ده‌کێشن".

خژین xıjîn *[xıžīn]* - "کێشه و هه‌را": ده‌شێ خزم بێ ده‌گه‌ڵ ↑گژ gıj [به گژدا چوون].

خستن xıstın - "که‌واندن، به‌ر دانه‌وه": خزمه ده زمانی کوردمادیدا ده‌گه‌ڵ ↑هێشتن hêştın "لێگه‌ران، رێگه دان، به‌ردان" [بهێڵه با بڕوا، به‌ری ده با بڕوا].

1- له لایه‌کی دیکه‌وه زۆر وێ ده‌چێ کرداره‌که پێک هاتبێ له پێشگری هه he + شتن şıtın، چونکوو ئه‌م کرداره به شێوه‌ی ↑ئاستن astın یش ده‌گوترێ [پێشگری ئا a + ستن sıtın]. ئه‌گه‌ر ئه‌مه راست بێ، که‌رتی دووه‌م ده‌توانێ پێوه‌ندی به‌و وشانه‌وه په‌یدا بکا که له‌ژێر ↑هه‌ت[1] het "کن، جه‌م"دا باس کراون و سه‌ر به ریشه‌یه‌کن به مانای "هاویشتن، فرێ دان، وه‌شاندن".

2- له لایه‌کی دیکه‌وه جێی هه‌ڵسه‌نگاندنه ده‌گه‌ڵ cast (.E) "فرێ دان" و kasta (.ON) هه‌ر به‌و مانایه. ریشه‌ی وشه ژێرمه‌نییه‌که باس نه‌کراوه.

[تێبینی: ده زمای ئه‌فغانیدا "خستن" به مانای "خه‌وتن" به‌کار دێ، هه‌روه‌ها به گیله‌کی ده‌گوترێ "خسم" واتا "ده‌خه‌وم". ئه‌م وشانه خزمن ده‌گه‌ڵ "خستن"ی کوردمادی. ئه‌م خزمایه‌تییه له‌وه‌ڕا به‌دیار ده‌که‌وێ که ده‌تیوان دوو چه‌مکی "خه‌وتن" و "به‌ر بوونه‌وه و شل و شۆر بوونه‌وه"دا پێوه‌ندی هه‌یه. ده زمانی ئه‌ڵمانیدا schlaff ده‌بێته "شل و شۆر، داکه‌وتوو، داهێزراو" و schlafen ده‌بێته "خه‌وتن" و ئه‌م دوو وشه‌یه له یه‌ک ریشه‌وه دێن به مانای "شل و شۆر و داهێزراو بوون". ئه‌گه‌ر ده زمانی کوردمادیدا سه‌یری پێوه‌ندی و خزمایه‌تی وشه‌کانی "خستن"، "هێشتن"، "داهێشتن" و "داهێزران" بکه‌ین، ئه‌وسا بۆمان روون ده‌بێته‌وه که وشه‌ی "خستن" ده زمانی کوردمادی و ئینگلیزیدا مانای "که‌واندن، به‌ر دانه‌وه"ی په‌یدا کرووه و ده زمانی ئه‌فغانی و گیله‌کیدا مانای "خه‌وتن، پاڵ که‌وتن"].

خسک xısk - "تۆوی پیواز": هه‌روه‌ها خسکه‌پیواز xıskepîwaz به‌م جۆره مانا کراوه‌ته‌وه: "پیوازی زۆر ورد که له‌باتی تۆو ده‌یچێنن". خزمه ده‌گه‌ڵ ↑گچکه gıçke.

خشان xışan *[xıšān]* - ده‌گه‌ڵ پێشگره‌کانی "لێ، رێ، لێک" دێ، بۆ وێنه لێکخشاندن واتا "له‌یه‌ک ساوینی دوو شت ". جێی هه‌ڵسه‌نگاندنه ده‌گه‌ڵ wischen (.G) "سرینه‌وه، خشاندن، رێخشاندن"، هه‌روه‌ها به مانای "بزووتنی خێرا". ئه‌م مانایه‌ی دوایی زۆر نیزیکه له مانای وشه‌کانی ↑خوشین xuşîn و ↑خژین xızîn. چونکه ئه‌م وشانه هه‌رله‌و کاته‌دا که لێکخشانی دوو شت نیشان ده‌ده‌ن، بزووتنه‌وه‌یه‌کی خێراش به‌سه‌ر رووبه‌رێکدا ده‌رده‌خه‌ن. گشت ئه‌م وشانه ده‌چنه‌وه سه‌رریشه‌یه‌ک. ریشه‌ی وشه‌ئاڵمانییه‌که ده‌بردرێته‌وه سه‌ر ***(IE.) *weis- , *ueis- >*** "سووڕان، با دان". ئه‌م ریشه‌یه خۆی له ریشه‌ی کۆنتری ****uei-** (IE.)* "چه‌مان، سووڕان، با دان" سه‌رچاوه‌ی گرتووه. به‌م پێیه وشه‌کانی سه‌ره‌وه له پله‌یه‌کی دوورتردا ده‌بنه خزم ده‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌کی زۆر وشه‌ی دیکه وه‌ک وێزنین (هه‌ڵوێزنین)، وه‌کَ "چاخ، هه‌ڕه‌ت"، ویسک "لاواز" و هتد.

[تێبینی: سه‌باره‌ت گۆڕانی فۆتیمه‌کانی w و x هه‌ڵی سه‌نگینه بۆ وێنه ده‌گه‌ڵ "وشک"، "ورچ" و ده زمانی فارسیدا "خشک" و "خرس"].

خشپیلانه xışpîlane *[xıšpīlāna]* - "خونجیلانه، چکۆڵه‌ی جوانکیله": ↑قشپیلانه qışpîlane، خشپیله xışpîle و خشتیله xıştîle ش ده‌گوترێن. هه‌روه‌ها خشپن xışpın هه‌یه به مانای "خرپن". بنه‌وشه‌ی خش -xış ده‌شێ پێوه‌ندی هه‌یه به ↑گچکه gıçkeوه‌وه. فۆتیمه‌کانی p و t له وشه‌کانی "خشپیلانه" و "خشتیلانه"دا وێ ده‌چێ زێده‌ی فۆتیتیکی بن و خزابنه ناو وشه‌کانه‌وه.

خشت xışt *[xıšt]* - "1- ئاجور، کارپووچ 2- راست بڕدراو":

1- لە لایەکەوە مانای بنەڕەتی وشەکە دەتوانێ "ڕاست بڕدراو" بێ و وشەکە پێوەندی بە چەمکی "بڕین"ەوە هەبێ [خشت بڕین؟]. مەبەست لەم وتەیە دەشێ بڕینی تۆپەڵەقوڕێک بێ، بە شێوەیەک کە قەراخەکانی ڕاست دەربێن. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ خاش xaş [↑قاش qaş].

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە مەبەست "ڕەق بوون"ی قوڕەکە بێ و وشەکە پێوەندی هەبێ بە ↑خەست *xest* "توند"، ↑هەستی hestî "بەرد، ئێستک، ئێسک" و ↑کەستەک kestek "سندەگڵ، قورسە، دە قالب کراوی توندەوە بووکَ".

خشک xışık [*xıšık*] - "زێڵوو، هەزارپێ": خشکَ xışıg و خشۆک xıšok یش دەگوترێن. دەچێتەوە سەر وشەکانی ↑ خشان xışan و ↑خوشین xuşîn.

خشکۆک xışkok [*xıškok*] - "خۆشیک، جوان": دە بنەڕەتدا خۆش + کۆک xoş + kok.

خشڵ xışıl [*xıšıl*] - "زێڕ و زێو بۆ ڕازاندنەوە": خزمە دەگەڵ ↑خێز xez "زێر و زێو" و دواتر هێندێک وشەی وەک ↑خەزەڵ xezel "گەڵا"، ↑قاشڵ qaşıl "توێکڵ" و ↑قاشکَ qaşıg "پەترۆکە" [توێکڵی سەر برین" و ↑قاشە qaşe "جۆرێک ماسی" [ئاماژە بە پووڵەکەی واتا "توێکڵ"ی ماسییەکە] و هتد. ئێستا بزانین پێوەندی ماناکانی ئەم وشانە چۆناوچۆنە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەتوانین سەرنجی دەستەوشەیەکی دیکە بدەین کە لەوانیشدا هەر ئەم پێوەندی بەرچاو دەکەوێ. ئەم وشانە بریتین لە *پۆلکە* "توێکڵی چەڵتووک" و هەروەها "پینەی دەست"، *پووڵەکە* "پێستی ماسی" و "پەترۆکە، توێکڵی سەر برین". وشەی "پووڵ" دە بنەڕەتدا دەبێ بە "سککە" گوترابێ و ئەمەش لەبەر وێکچوونی سککە بە پووڵەکەی ماسی. چونکوو هەردووکی ئەم شتانە بریتین لە شتێکی بریقەداری تەنک و خڕ و پانکەڵە. هەر هەمان پێوەندیش سەبارەت بە "خشڵ" لە ئارادایە، واتا دە بنەڕەتدا وشەیەکی دیکەش بۆ پووڵەکەماسی بەکار هاتووە کە بریتی بووە لە "قاش، قاشڵ، خشڵ" و دواتر لەمەوە وشەکە مانای "سککە"ی زێڕ و زێوی پەیدا کردووە. وشەی قزڵ qızıl و ناوی ماسی قزڵ ئالا qızılala ریشەی کوردمادی هەیە و لەم وشانەی سەرەوە وەرگیراون.

خک xık - "دارکاری کردنی زۆر": خکَ xıg یش دەگوترێ. جێی بەراوردکردنە دەگەڵ Hacke (G.) "ئامرازێکی کشتوکاڵە بۆ خۆش کردنی زەوی و نەرم و ورد کردنی هەردی ڕەق"، هەروەها کرداری hacken (G.)، hack (E.)، haccon (OG.) "ورد کردن، لەت وکوت کردن، قیمە کردن". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە ساخ نەکراونەوە. هەروەها هەڵی سەنگێنە دەگەڵ ↑خاش xaş[1] [ورد و خاش].

خلانکە xılanke [*xılānka*] - "بازنەی داری بێشکە": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑قەڵان qelan "چەمانەوە لە کایەی حەمزەلدا "، ↑قەڵانکَ qelang "ئاسن و داری سەر خوار بۆ میوە چنین و کاری دیکە" و دواجار دەگەڵ ↑ *کل kıl* "خوار، داهاتوو".

خڵتە xılte [*xılta*] - "زبڵ و زاڵی ناو تراو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Salz (G.)، salt (E.)، salt (Sw.)، halz (Gr.)، sal (L.)، sol (Rus.) "خوێ". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sal- >*** "بۆرێکی پیس، ئامال ڕەش، لێڵ". لەبەر ئەوەی "خوێ" لە سەردەمە کۆنەکاندا وەک ئەمڕۆ سپی و پاک و پاڵاوتە نەبووە و بۆر و پیس بووە، بە جۆرە ناوزەد کراوە. دە هێندێک لە زمانە ئەورووپییەکاندا وشە بە مانای "بۆر، پیس، ڕەش" دەچنەوە سەر ئەم ریشەی سەرەوە، وەک salu (OE.) "ڕەش، تەڵخ، تار"، solr (OIs.) "پیس"، solovyj (Rus.) "بۆری ئامال زەرد".

خل(لۆر) xıl(lor) - شێوەیەکی دیکە لە ↑گللۆر gıl(l)or "جاڵە، تل خواردوو".

خل(ل)ە xıl(l)e [*xıl(l)a*] - "دەنگی ورکەشت لەناو دەفرێکی تەکاندراو": خلە xıle ش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ klingen (G.)، klingan (OG.)، klinken (Nl.)، clink (E.) "دەنکَ و سەدا لێ هەستان" ***(IE.) *gal- >*** " دەنکَ و سەدا لێ هەستان". وشەکە خزمە دەگەڵ ↑گلێیی gıleyî و چەند وشەیەکی دیکە.

خلنگین **xılıngîn** *[xılıngīn]* - "لەنجە و لار کردن": شێوەیەکی دیکە لە ↑*لەنگین lengîn* و ↑لەنجە lance.

خلۆخە **xıloxe** *[xıloxa]* - "والا، پووک، ناوبەتاڵ": خزمە دەگەڵ ↑هەڵۆڵ helol، ↑کلۆر kılor و ژمارەیەک وشەی دیکە.

خلۆک **xılok** - "گڵۆڵەبەن": شێوەیەکی دیکە لە ↑گڵۆڵە gılole.

خلی **xılî** *[xılī]* - "سست و لەش داهێزراو": خزمە دەگەڵ ↑شل[1] şıl.

خلیچک **xılîçk** *[xılīčk]* - دەگەڵ "خاو" دێ و دەگوترێ خاو و خلیچک xaw û xılîçk "شل و تەڕ و لیچق". خزمە دەگەڵ ↑خلیسک xılîsk. دیارە دەتیوان دوو چەمکی "لیچق" و "خلیسک"دا پێوەندی هەیە، چونکوو شتی لیچق هاوکات "خلیسک"یشە.

خلیسکان **xılîskan** *[xılīskān]* - "رەت بردن لە سەر هەردی لووس": دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش: ↑خللۆر xıllor، ↑خلیان xılyan، ↑گلان gılan، ↑گللۆرgıllor، ↑خەڵتان xeltan، ↑خەلان xelan "ترازانی ئیسکی لەش". ئەم وشانە مانای "رەت بردن، خلیسکان، جاڵە بوون" دەگرنە خۆ و خزمن دەگڵ غلتیدن ġaltīdan (P.)، gleiten (G.)، glijden (Nl.)، glide (E.) هەر بەو مانایەی سەرەوە. خەڵتان xeltan ی کوردمادی دە فارسیدا دەبێتە غلتان ġaltān (P.) بە مانای "لە حاڵی تل خواردن و خللۆر بوونەوە دا". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ĝhel- >*** "بریقانەوە". بەم پێیە لە مانای بنەڕەتی "بریقانەوە" مانای "ساف و لووس" و دواتریش مانای "هەڵخلیسکان" سەری هەڵداوە.

[تێبینی: "خلیسکان" شێوەیەکی جەختکراو یان توند و تیژ کراوە لە "گلان". ئەم گۆڕانکارییە دە وشەی ئەڵمانی gleiten و glitschen دا بەدی دەکرێ کە شێوە دووەمەکە شێوەی جەختکراوە (بە ئەڵمانی پێی دەگوترێ Intensivbildung). ئەم شێوە جەخت کردنە دە ژمارەیەک کرداری دیکەی کوردمادیشدا دەبینرێ کە بە یارمەتی ناوگری ک k، ق q، ژ j، ز z یان س s دروست دەبێ، وەک ئاڵۆزکان، بزرکان، پەشۆکان، هێندێک جار ناوگرەکە لە دوو دانە لەو فۆتیمانە پێک دێ، وەک لە خلیسکان xılîskan دا کە هەم s و هەم k پێکەوە بوونە ناوگر].

خلێزە **xılêze** *[xıleza]* - "شیرەی گیایەکە بە دەستەوە دەنووسێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑*گڵ gıl* "خۆڵی تەڕ" و Klei (G.)، clay (E.) "گڵ، قوڕ"، glia (Gr.) "چەسپ، چرێش"، glej (Rus.) "قوڕ، لم، لیتە".

خلێف1 **xılêf 1** *[xılef]* - "پلوورە، ماڵی مێشەنگوین": ↑خەڵێف xelef ش دەگوترێ.

خلێف2 **xılêf 2** *[xılef]* - "توێخێک کە لە پێستی گیاندار لێ دەبێتەوە": بە داخەوە دە وشەنامەدا روون نەکراوەتەوە کە مەبەست چ گیاندارێک و چۆن توێخێکە. دە زمانی ئەڵمانیدا کاتێک پەلەوەر یان زیندەورێک هێلکەکەی کون دەکا و دەخوشێتە دەرەوە، کرداری schlüpfen (G.) بەکار دێنن بە مانای "خزین یان خوشین بە ناو کوتیکدا"، دەچێتەوە سەر slupfen (OG.) و خزمە دەگەڵ sliofan (OG.)، sliupen (Nl.)، slūpan (OE.) "خوشینی سەکَ بە ناو کونی رێویدا بۆ گرتنی تەماڵ". بەم پێیە ئەگەر "خلێف" توێخێک بێ کە زیندەوەرێک بە ناویدا بخوشێ و لێی بێتە دەر، ئەوسا پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکا.

خلێنە **xılene** *[xılena]* - "ددانی پشتەوە": شێوەیەکی دیکە لە ↑خرێنە xırene.

خم **xım** - ↑خوم xum.

خنان(ەوە) **xınan(ewe)** *[xınānawa]* - "پێکەنینی نەرم و بە ئەسپایی": خزمە دەگەڵ ↑کەنین kenîn [↑پێکەنین pekenîn : پێ + کەنین] و هەر وەها دەگەڵ ↑شنینەوە şınînewe "پێکەنین و تریقەی منداڵی ساوا".

خنخنک **xınxınk** [*xınxınk*] - "کونەلووت": ئەم وشەیە و هەروەها خن xın "دەنگی هەناسە" و ↑ گن gın"لووتگیراو لە قسەکردندا" خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا، وەک schnarchen (G.) و snorken (Nl.) "پرخاندن"، schnauben (G.)، snuivan (Nl.) "پڕماندن"، schnaufen (G.)، snuven (Nl.) "بە خنەخن هەناسە کێشان"، Schnauze (G.)، snout (E.) "لمبۆز، لووتی ئاژەڵ" وهتد. وا لێک دراوەتەوە کە ریشەی ئەم وشانە لاسا کردنەوەی دەنگە.

خنکان **xınkan** [*xınkān*] - "پشوو بڕان، خەفە بوون": خزمە دەگەڵ eng (G.)، enge (OE.)، ang (Norw.) "تەنکَ"، سەر بە ریشەی ***(IE.)* anĝh- >*** " تەنکَ، تەنگاندن، رێک گوشین". دە زمانە جیاوازەکاندا هێندێک وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک Angst (G.) "ترس"، angere (L.) "توند بوون، تەنکَ بوون"، ágchein (Gr.) "خنکاندن"، -ámhas (OIn.) "ترس، تەنگەتاوی".

خنگلین **xınglîn** [*xınglīn*] - "بە شەلەشەل رۆیشتن، بەم لا و ئەو لادا کەوتن": خزمە دەگەڵ hinken (G.)، hinkan (OG.)، hinken (Nl.)، hincian (OE.)، hinka (Ois.)، skinka (Sw.) "شەلین". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)keng- >*** "خوار و خێچ، گیر". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چەنکَ çeng و کۆمەڵێک وشەی دیکە کە لە ژێر ↑زەنگاڵ zengal دا شی کراونەوە.

خنووس **xınûs** [*xınūs*] - "1- گوشاد 2- کووپەی گەورەی زارزل": پێک هاتووە لە خن + ووس us + xın. بنجی وشەکە دەچێتەوە سەر ↑کەندن kendın [هەڵکەندن] و ئاماژە بە قووڵکراوی و کۆڵدراوی دەکا. وشەی ↑کەندوو kendu "دەفری گڵینی زل"ش هەر ئەم چەمکە لەخۆ دەگرێ و پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. کەرتی دووەمی وشەکە پاشگرە. لەم بارەوە بڕوانە پاشگری ↑ئۆز oz-.

خواجە**1 xuwace** [*xuwāja*] - "نازناوە بۆ مەلا و مامۆستایان": خۆجە xoce ش دەگوترێ. خواجە xāje (P.) "بەڕێز، مامۆستا، ئاغا". لەوانەیە پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑خواستن xuwastın [خازتن xaztın] "ویستن، حەز کردن، داوا کردن". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "حەزلێکراو، خۆشەویست". ئەگەر ئەمە راست بێ، لەباری ماناوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ *گراوی* "دەسگیران، حەز" و "گرامی" دە زمانی فارسیدا بە مانای "ئازیز، خۆشەویست".

2- ↑خاس xas "باش، چاک". ئەم وشەیە هەروەها مانای "تایبەتی" و "ئەسڵ"یشی وەرگرتووە، وەک خاسەکەو.

خواجە**2 xuwace** [*xuwāja*] - "مرۆڤی خەسێنراو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑خەساندن xesandın.

خوار**1 xuwar** [*xuwār*] - "نەڕاست، چەماوە، بادراو": خزمە دەگەڵ xvāhr و xvihl (Pl.) "خوار". جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ quer (G.) و twerh (MG.) "خوار". وشەی ↑کووڕ kur یش لەوانەیە گۆڕدراوی "خوار" بێ. ریشەی وشە ژێرمەنییەکە باس نەکراوە.

خوار**2 xuwar** [*xuwār*] - "بەرانبەری سەر، ژێر": دە زمانی فارسیدا خوار xar (P.) مانای "سەرشۆڕ، ئەتککراو" دەگەیەنێ و خزمە دەگەڵ وشە کوردییەکە. مانای وشە فارسییە دە بنەڕەتدا بریتییە لە "نزم" بوون یان نزم کردنی کەسایەتی کەسێک. وشەی "ئەتک"یش هەر ئەم مانایە دەگەیەنێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ gawr (Pl.) "1- دۆڵ 2- کون و کەلێن، قووڵکە 3 - دەشت " وهەروەها ↑کوور kur دە شێوەزاری کوردمادی سەرووودا و ↑قووڵ qul دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا. بەم جۆرە وشەی "خوار" سەرەتا ئاماژەی بە نزمایی و قوڵایی کردووە. وشەی ↑گەوەڕ gewer "کەلێنەشاخ" و↑گۆر gor بە مانای "1- قەبر [قووڵکە] 2- دەشت [نزمان]" و کویر kawīr (P.) "سەحرا" [دەشت، نزمان] هەرلەم پێوەندییەدا جێی لێکدانەوەن. وەک دەردەکەوێ لە مانای "قوول، قووڵایی"یەوە مانای "نزم، نزمان" و دواتریش مانای "ژێر، لای بنەوە" پەیدا بووە. هەر ئەم پێوەندییانەی سەرەوە دەشێ دەتیوان وشەکانی "تەشک" [تەشک و داوێن]، "دەشت" و "ئەتک"یشدا لە ئارادا بن.

[تێبینی: ئەم مانایە لە زمانی فارسیش لە وشەی الاکلنکَ allākolang (P.) "هەڵڵادۆشە"دا دەبینرێ. کەرتی allā لەگەڵ "هەڵڵا" خزمە و ئاماژە بە "لای سەرەوە، بڵیندی" دەکا. کەرتی کلنکَ kolang (بنجی کول kol + ئەنکَ eng) پێوەندی هەیە بە قووڵ qul یان "خوار"ی کوردماددییەوە. پاشگری ئەنکَ -eng لە وشە فارسییەکەدا مانای "ئامراز" بە وشەکە دەبەخشێ، وەک "قوڵینکَ" لە زمانی کوردماددیدا].

خواردن xuwardın [*xuwārdın*] - "جاوین و قووت دان": خوردن xordan (P.)، govarītān (Pl.).دە فارسیدا وشەی گوارا govārā (P.) "خۆش بۆ خواردن" و دە پەهلەویدا goyot (Pl.) بە مانای "لەوەڕگە" هەیە. ئەم وشەیە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ورکَ wırg [↑هوور *hur*]".

خواستن xuwastın [*xuwāstın*] - "ویستن": خازتن xaztın یش دەگوترێ. دە زمانی فارسیدا خواستن xwāstan (P.) دەنووسرێ، بەڵام خاستن xāstan دەگوترێ. دیارە شێوە نووسراوەکە شێوەی کۆنتری وشەکە نیشان دەدا. ئەم شێوەیە دواتر سواوەتەوە، بەڵام شێوە کۆنەکە دە نووسیندا پارێزراوە، هەروەک چۆن سەدان وشەی ئینگلیزی سەردەمی ئەمڕۆ بێژە کردنیان جیاوازە لە شێوەنووسینیان کە شێوەی کۆنتری وشەکان نیشان دەدەن. دە زمانی پەهلەویدا xvāstan (Pl.) گوتراوە. ئەم وشەیە دە زمانی کوردیدا بەشێوەی ↑هەویستن hewîstın یش دەردەکەوێ کە ئەویش شێوەیەکی دیکەی وشە کۆنەکەیە. هەر لەم وشانەوە وشەی ↑هەوەس hewes دروست بووە کە چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە. تێکڕای ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ویستن wîstın. فۆتیمی x و دواتر h دەبێ وەک زێدەیەکی فۆتیتیکی بەوشەکەوە لکێنرابێ.

خواستنەوە xuwastın(ewe) [*xuwāstın(ewe)*] - "وەرگرتن": بۆ وێنە دەگوترێ فڵانە زمان ئەو وشەیەی لە فیسارە زمان خواستۆتەوە، یان دەگوترێ "وشەی خوازراو" واتا وەرگیراو. لێرەدا وشەکە چ پێوەندی بە *خواستن* "ویستن"ەوە نییە، بەڵکوو شێوەیەکی دیکەیە لە ↑قۆستنەوە qostınewe بە مانای "گرتن، وەرگرتن".

خوان xuwan [*xuwān*] - "1- سفرەی ئامادەکراو 2- تەبەق، سینی": دە زمانی کوردماددیدا چەند وشەی دیکەش هەن کە لەم وشەیە وەرگیراون، وەک خوانچە xuwançe [خوان + چە] بە مانای "تەبەق یان سینی بچووک"، ↑خوانک xuwank "دەرخۆنە"، خوانە xuwane "پنە، تەختەی ئەنگوتک لەسەر پان کردنەوە"، خۆنە xone [دەرخۆنە derxone واتا سەرپۆشی دیکَ و دەفر، تەختەی سەرنانەوە]. دە زمانی فارسیدا خوان xan (P.) بە مانای "مێزی لەسەرخواردن"ە [دە بنەڕەتدا: تەختە یان سینی لەسەر خواردن]. بۆ زانیاری زێدەتر بڕوانە ↑دەرخۆنە derxone "سەرپۆشی دەفر، سەرپۆشی تەنوور".

خوانچە xuwançe [*xuwānča*] - "سینی یان تەبەقی بچووک": ↑خوان + چە xuwan + çe.

خوت xut - دەگەڵ "خۆرایی" دێ [خوت و خۆڕایی]، هەروەها دەگەڵ "خافڵ" دێ [خوت و خافڵ]. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گوت gut [گوت و کَومبەز] و دواجار ↑قوت qut [قوت بوونەوە واتا دەرپەڕین، سەروەدەرنانی خێرا].

خوترە(ک) xutre(k) [*xutra(k)*] - "کوتکی لەدار": دەچێتەوە سەر ↑کوتان kutan.

خوچۆک xuçok [*xučok*] - "چکۆلە": شێوەیەکی دیکە لە ↑گچکە gıçke [کوچک kūčak (P.)].

خود xud - "خۆ": دە فارسیدا خۆد xod (P.)، xvat (Pl.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ auto (Gr.) "خود".

خودا xuda [*xudā*] - دە فارسیدا خدا xodā (P.). خزمە دەگەڵ Gott (G.)، god (E.)، gud (Sw.). ریشەی ژێرمەنی وشە guda- بووە کە تەواو لە وشە کوردماددییەکە دەچێ. ریشەی هیندوئەوروپی ئەم وشانە بەپێی بۆچوونێک دەچێتەوە سەر ریشەی ***ghau-** *(IE.)* > "بانگَ کردن، قاو کردن" [مەبەست دووعا کردن بووە]. بە بۆچوونێکی دیکە ریشەکە ***gheu-** *(IE.)* > بووە بە مانای

”خۆین بۆ رژێنراو، قوربانی بۆ کراو“. ئەگەر لە ریشەی یەکەمەوە هاتبێ، دەبێتە خزم دەگەڵ ↑قاو qaw ”بانگ“.

خودان xudan [*xudān*] - ”خاوەن“: شێوەیەکی دیکە لە ↑خاوەن xawen.

خور xur - ”1- تەوژم، هێز، زەخت 2- بە تەوژم، توند، بەهێز“: [چەمێکی خوڕ، باراتیکی بە خوڕ]. ↑خۆڵ[3] xol یش شێوەیکی دیکەیە لەم وشەیە [خەست و خۆڵ]. هەروەها ↑خوڕین xuren دەچێتەوە سەر ئەم وشەیە [ئاوی ئەم چەمە خوڕینە]. شێوەیەکی دیکە لە ↑گوڕ gur ”هێز، تین و توان“ و دواجار پێوەندی بە ↑خار xar ”سەخت“ەوە پەیدا دەکەن.

خوراندن xurandın [*xurāndın*] - ”کڕاندن“: دە زمانی فارسیدا خاراندن xārāndan (P.). خزمە دەگەڵ ↑کڕاندن kırandın و چەند وشەیەکی دیکە. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ kratzen (G.)، krassen (Nl.)، kratta (Sw.) ”خوراندن، کڕاندن“، سەر بە ریشەی ***gradi- > (IE.)*** ”کڕاندن“.

خورپان xurpan [*xurpān*] - ”کەوتن“: دەگەڵ پێشگری دا -da دێ، داخورپان daxurpan واتا داکەوتن [دڵم داخورپا]. وشەکە بە مانای گشتی ”کەوتن“ بە کار نایە و تەنیا لە پێوەندی دەگەڵ ”داکەوتنی دڵ“دا بەکار دێ. دەچێتەوە سەر ↑خورپە xurpe.

خورپە xurpe [*xurpa*] - ”راتڵەکانی دڵ، تەپەی دڵ“ [خورپە لە دڵمەوە هات]. هەروەها دەگوترێ دڵەخورپە dılexurpe ”نیگەرانی زۆر“ [دەبنەڕەتدا: راتڵەکان و تەپەتەپی دڵ لەبەر نیگەرانی زۆر]. ↑گورپەl gurpe ش دەگوترێ [گورپەگورپ]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑غەڵبە *ġelbe* و↑ قوڵپ qulp ”دەنگی توندی گریان“، ↑کڵپە kılpe ”دەنگی بڵیسە“، ↑شڵپە şılpe ”دەنگی وێک کەوتنی پێلی ئاو، دەنگی کەوتنە ناو ئاو“ و هتد.

خورت xurt [*xurt*] - ”بەهێز“: خزمە دەگەڵ xružd (Pl.)، xružđā (Av.) ”بەهێز، پتەو“، گرد gord (P.) ”پاڵەوان“. خزمە دەگەڵ kratos (Gr.) ”هێز، دەسەڵات“ و kratein (Gr.) ”زاڵ بوون، دەسەڵاتدار بوون“، hart (G.) و hard (E.) ”سەخت، پتەو“. دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑*خار xar* ”سەخت“ و خاران xaran ”سەخت بوون“ و هەروەها ↑کورد kurd.

خورتە xurte [*xurta*] - دەگەڵ ”سرتە“ دێ [سرتە و خورتە sırte û xurte یان سرت و خورت]. خزمە دەگەڵ یان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ورتە wırte.

خوڕڕەم xurrem [*xurram*] - ”توندی و تەوژمی با و باران“: دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑خوڕ xur، ↑خوڕین xuren و ↑خورت *xurt*.

[تێبینی: خرم xorram (P.) دە زمانی فارسیدا زۆرجار دەگەڵ ”خوش“ دێ - xoš o xorram (P.)- و مانایەکی وەک ”چاک، ساخ، سەرزیندوو، بەکەیف، بەپێز، بووژاوە“ دەگەیەنێ. مانای بنەڕەتی وشەکە بەڵام دەبێ ”بەهێز، پتەو“ بێ و لەوێوە ماناکانی دیکە سەریان هەڵدابێ. ئەگەر سەرنجی وشەکانی ”چاک“ یان ”ساخ“ بدەین، دەبینین کە مانای بنەڕەتی ئەم وشانە دەبێتە ”پتەو، بەهێز“. هەروەها ئەگەر سەرنجی وشەی ”پێز“ و ”بووژانەوە“ بدەین، دەبینین کە خزمن دەگەڵ وشەی ”هێز“].

خورم xurım - ”ئاڵقەیەکی دارینە لە رەشماڵ بەستن و بارکردندا بەکار دێ“: خزمە دەگەڵ krum (G.)، chrump (OG.)، crumb (OE.)، krom (Nl.) ”خوار، چەماو“، krimphan (OG.) ”خوار بوون، چەمین“، Kringel (G.) ”جەغز، شێوەی ئاڵقەیی“، kringr (OIs.) ”جوغز، ئاڵقە“، krinc (MG.) ”جەغز، ئاڵقە، دەڤەر، دەوروبەر“ [گەڕەک؟]، Kranz (G.) ”تاجەگوڵینە“ [ئاڵقەی لەگوڵ] و ژمارەیەک وشەی دیکە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***ger- > (IE.)*** ”سووڕان، چەمان، با دران، خوار بوون“. دە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەک وشە لەم ریشەوە هاتوون، بۆ وێنە ↑قرمان qırman [تێک قرمان واتا تێکەوەچوون، خواربوونەوە]، ↑قرمچین qırımçîn ”چرچ و لۆچ بوون“، ↑کورمان kurman [هەڵکورمان]،

↑گێر ger، ↑قرۆت qırot "گۆج"، ↑قەڵەو qelew و چەندین وشەی دیکە. لەوانەیە ↑خۆڕم xorım "شەغرەگیا، بارەگیا"ش پێوەندی بەم وشەوە هەبێ و مەبەست گرد کردن و پێچانەوەی بارەگیا بووبێ.

خوری xurî *[xurī]* - "پەشم، مووی ئاژەڵ": هری hırî یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Haar (G.)، hair (E.)، har (Sw.)، haar (Nl.) "موو". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *hēra- * "موو". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ šerst (Rus.) "خوری" سەر بە ریشەی ***(IE.) *ker(s)- >*** "زوور، سیخ بوون". خزمیشە دەگەڵ ↑کورک kurk، کرک kork (P.) "کورک، کوڵکە".

خوریت xurît *[xurīt]* - "قەڵسی و تووڕەیی": خوورژی xurjî ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑هوروورژان hurujan.

خوڕین xuren *[xuren]* - "بەتەوژم، بەهێز": [بۆ ڕەوتی چۆم و ئاوان بەکاردێ]. بنەوشەی خوڕ -xur دە وشەی ↑خوڕڕەم xurrem یشدا دەبیندرێ کە بۆ بارانی توند بەکاردێ. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑خورت xurt "هێز، دەسەڵات، توانایی".

خوزێن xuzen *[xuzen]* - "کایەی تۆپ قواستنەوە": خزمە دەگەڵ ↑قۆستنەوە qostın(ewe).

خوست1 xust - دەگەڵ "پێ" دێ و دەگوترێ ↑پێخوست pexust واتا "پێشێل". دە پەهلەویدا خڤەستەن xvastan هەیە بەمانای "پێخوست کردن، شێلان" و خڤەست xvast "جادە و ڕێگای کوتراو". دە شێوەزاری کوردمادی سەرووودا وشەکە بە شێوەی گڤاشتن gıvaştın ە و دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا بووەتە ↑گوشین guşîn یان کوشین kuşîn.

خوست2 xust - دەگەڵ "هەست" دێ [هەست و خوست hest u xust]. وشەی هەست hest دەچێتەوە سەر *(Gr.) aisthánesthai* > "هەست کردن، هەست پێکردن". دە زمانە ژێرمەنییەکان و هەروەها زمانی کوردمادیشدا وشەیەک هەیە کە ئەویش جۆرێک لە "هەست کردن" نیشان دەدا و بریتییە لە ↑چێشتن çeştın "مەزە کردن"، چشیدن češīdan (P.)، kosten (G.)، kostian (OE.)، kosta (OIs.)، gustare (L.) "چێشتن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *geus- >*** "چێشتن، تاقی کردنەوە، مەزە کردن". کەوابوو "خوست" یەکێک لە شێوەکانی هەست کردنە و کاتێکیش دەگوترێ "هەست و خوست" ئەوا مانایەکی گشتی وەردەگرێ.

[تێبینی: لەم بارەوە دەتوانین دەگەڵ fühlen (G.) و feel (E.) "هەست کردن" دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بەراوردی بکەین. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ "پەل" و "پیل"ی کوردمادی بە مانای "دەست". مەبەست لە وشە ژێرمەنییەکان دەبنەڕەتدا دەست لێدان، دەست لێخشان بووە، واتا ئاماژە بە "حیسی لامیسە" کراوە، بەڵام دواتر وشەکە مانایەکی گشتی پەیدا کردووە و هەموو جۆرە هەستەکانی گرتۆتەوە].

خوشک xuşık *[xušık]* - "کچی باوک و دایک": خووچ xuç و خوە xoh ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ خواهر xaher (P.)، xvah و xvaher (Pl.)، xvanghar (Av.)، svásar (OIn.)، soror (L.)، sestra (Rus.)، schwester (G.)، swester (OG.)، swistra (Got.)، sister (E.)، syster (Sw.) و هیتر، گشتیان بە مانای "خوشک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suesor- >*** "خوشک". دە زمانی کوردمادیدا شێوەیەکی دیکەی وشەکەش ماوەتەوە کە خوار xvar ە [خوارزا xwarza واتا زاروکی خوشک]. دە وشەی "خوشک"دا فۆتیمی کۆتایی ریشەکە، واتا r پەڕیوە و پاشگری ık- چووەتە جێگای. ئەم پاشگرە دە وشەکانی "دایک"، "باوک"، "نەنک"، "میمک" و هیتردا دەبیندرێ و وەک پاشگری خۆش ویستن دەور دەگێڕێ. دە وشەی "خوار"دا [وەک خوارزا] فۆتیمی r ماوەتەوە.

خوشین xuşîn *[xušīn]* - "خزین، خشان": خوشیان xuşyan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑خشان xışan و ↑خزین xızîn.

خولانەوە xulan(ewe) *[xulānawa]* - "سووڕان(ەوە)": خزمە دەگەڵ ↑گێل gel "گەشت، گەڕان":

خولیا xulya *[xulyā]* - "حەز، واز، ئارەزوو". گێول gêwıl و ↑گێڤل gêvıl ش هەن بە مانای "ئیشتیا، واز، مەیل، تامەزرۆیی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ wollen (G.)، wellen (OG.)، will (E.)، vilja (Sw.)، velle (L.) "ویستن"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*uel-, *wel- >*** "ویستن، هەڵبژاردن".

[تێبینی: لە وشە کوردماددییەکانی سەرەوەدا فۆتیمی سەرەتای ریشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم جۆرە گۆڕانە دە زمانی کوردمادیدا هێندێک جار هەڵدەکەوێ، وەک دە وشەی "خولانەوە"دا].

خوم xum - دە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"دا جارێک "خم" هاتووە بە مانای "بەری گیایەکە نیلی پێ دەڵێن، خام و بەنی پێ شین دەکەن". جارێکی دیکی "خوم" هاتووە بە مانای"1- خم 2- کووپە". بەگوێرەی ئەم فەرهەنگە دەبێ دوو وشە و دوو مانا لە ئارادا بن. بەڵام دە فەرهەنگی فارسیدا یەک خم xom (P.) هەیە کە وەک "کووپەی گڵینی گەورە" مانا کراوەتەوە. دە فارسیدا هەروەها خمرە xomre (P.) هەیە بە مانای "کووپەی گڵین بۆ شەراب". بە ورد بوونەوە لەم پێوەندییانە وا دەردەکەوێ کە دە زمانی کوردمادیشدا "خم" یان "خوم" هەر یەک وشە بێ و هەر یەک ماناشی هەبێ. ئەم مانایە دەبێ هەمان "کووپەی گڵین" بێ. پاشان ماناکە هێندێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەو ماددەیەش گوتراوە کە دە "کووپەی گڵین"دا گرتوویانەتەوە و بۆ رەنگَ کردن بەکاریان هێناوە. بەم پێیە سەرەتا کاتێک گوتراوە "لە خم نانی بەن"، مەبەست ئەوە بووە کە بەنەکەیان ناوەتە ناو کووپەکەوە بۆ ئەوەی رەنگَ بگرێ. دواتر وا بیر کراوەتەوە کە "خم" رەنگەکەیە و پێیان وابووە "لەخم نان" واتا "لە رەنگَ نان". لە لایەکی دیکە هەر دە زمانی کوردمادیدا "خمخانە" هەیە بە مانای "دووکانی رەنگرێژی" و "خمگەر" بە مانای "وەستای رەنگرێژ". دیارە وەستا لە خمخانەدا تەنیا رەنگی شین دە کار ناکا و چەند رەنگیکی دیکەش بە کار دێنێ. کەوابێ "خم" دە ئەسڵدا بەری گیایەک نییە کە خام و بەنی پێ شین بکەن، بەڵکوو وەک باس کرا کووپەی گڵینە. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەشێ دەگەڵ یەک لەم وشانەی خوارەوە خزم بێ:

1- ↑جام cam "1- دەفر 2- شووشە" و ↑خام xam "نەکوڵیو، پێنەگەیشتوو" [دە بنەڕەتدا: رەق]. ئەم وشانە دەگەڵ ژمارەیەک وشە خزمن کە لەژێر ↑حەمرین ħemrîn دا باس کراون و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەرد" و ئاماژە بە "سەخت بوون، بەردین بوون" دەکەن. ئەم مانایە دە هەر دوو مانای "جام"دا خۆی نیشان دەدا، چ جام وەک دەفری سەالەت [قوڕی بەردکراو] و چ جام وەک شووشە کە ئەویش دیسان هەر قوڕێکە و بەردین دەکرێ.

2- وشەی دەفر defr "قاپ" خزمە دەگەڵ zufr (Pl.) و jafra (Av.) "قووڵ" و ژمارەیەک وشە کە دە بنەڕەتدا مانای "زار داپچڕین، دەم کردنەوە" دەکەن، وەک gapen (MG.) "زار داپچڕین"، gapen (Nl.) "زارداپچڕین، باوێشک هاتن"، gapa (Sw.) "باوێشک هاتن، گەروو پچڕاندن، قیژاندن"، gap (E.) "کەلێن، کون، کەلەبەر، قەڵش، ڤاڵایی" [دە بنەڕەتدا: شوێنێکی زارداپچڕاو]، ↑کەپۆ kepo، ↑گوپ gup، ↑قەپ qep [قەپاڵ qepal] و ژمارەیەک وشەی دیکە کە لەژێر ↑کون *kun* دا باس کراون و و دواجار دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ĝhēi-, *ĝhan- >*** "دەم کردنەوە". دە زمانی کوردمادی و زمانە خزمەکاندا چەند وشەیەکی دیکەش هەن کە ئاماژە بەو چەمکانەی سەروە دەکەن و ئەوانیش بۆ ئەم ریشەیە دەگەڕێنەوە، وەک ↑کام2 kam "1- نەخۆشییەکی ناو زاری ئاژەڵ 2- ئاڵ بوونەوەی ددان" [دە بنەڕەتدا: دەم، زار]، Gaumen (G.)، goumo (OG.)، gom (Sw.) "مەڵاشوو"، gums (E.) "پووک"، gomurys (Gr.)، gamurs (Let.) "قوڕکَ، لوولەی هەناسەکێشان" و دەگەڵ ↑قەمپۆز qempoz [qem + poz] و ↑کاو2 kaw "چێژ، ئیشتیا". بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێوەندییانەی سەرەوە دەتوانین ئەم شیمانەیەش بهێنینە ئاراوە کە مەبەست لە "خوم" و "خومرە" دەفر بووبێ، پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ و ئاماژەی بە شتێکی قووڵ و بۆش کردبێ کە زارکی هەیە و "زاری داپچڕیوە". لەم بارەوە هەروەها بەراوردی بکە دەگەڵ ↑قوم2 qum [قوم لێدان] و ↑قومقومە qumqume. دە زمانی کوردمادیدا ↑قوم3 qum هەروەها بەم مانایانەش دێ: "1- کووپەڵە، بستووکە 2- سوێنە 3- جێگەی ئاودانی ماڵات لە دار یان قوڕ، کۆل".

[سەرنج بدە وشەی "کۆل" خزمە دەگەڵ "قوولّ"]. ئەم مانایانە ئەم بۆچوونە پشتراست دەکەن کە وشەکە دە بنەڕەتدا پێوەندی بە چەمکی "قووڵایی، بۆشایی، کون و کەلێن"ەوە هەیە.

[تێبینی: ریشەی ***(IE.) *ĝhēi-, *ĝhan- >*** "دەم کردنەوە، زار داپچڕین" دەشێ خۆی پێوەندی هەبێ بە ریشەی *(IE.) *ghē(i)* "لێکبوونەوە، بەتاڵایی کەوتنە تیوان، جێ هێشتن، چوونەپێش"].

خومار xumar [*xumār*] - "لێڵ، خەواڵوو": دە فارسیدا خمار xomār. دەشێ خزم بێ دەگەڵ Jammer (G.) "گریان، نالەنالّ"، jammar (OG.)، geomor (OE.) "پەرێشان، دڵتەنگ، لێڵ، شێواو". وشەی خەم/ غەم xem/ ġem یش هەر لەم پێوەندییەدا جێی هەڵسەنگاندنە. ریشە؟

خومخۆرک xumxork - "قەڵشی عەرز": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑خوم xum.

خوممین xummîn [*xummīn*] - "دەربەدەر بوون، ئاوارە بوون": خزمە دەگەڵ ↑گوم gum "ون".

خوناوە xunawe [*xunāwa*] - "1- نم نمی باران 2- شەونم": خزمە دەگەڵ ↑خونقین xunqîn بە مانای "بارینی نم نم". دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑*فنیک fenık* [دە فارسیدا خنک xonak (P.)].

خونچە xunçe [*xunča*] - "گوڵی نەپشکوتوو": خزمە دەگەڵ ↑قنج qınc.

خونجیلانە xuncîlane [*xunjīlāna*] - "چکۆڵەی جوانکیلە": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑*قنج qınc*و ↑خونچە xunçe.

خونقین xunqîn [*xunqīn*] - "بارینی نم نم": خزمە دەگەڵ ↑خوناوە xunawe "نم نمی باران".

خونکار xunkar [*xunkār*] - "فەرمانڕەوا": خداوندگار xodāvandgār (P.) "خودا، دەسەڵاتدار، فەرمانڕەوا". بڕوانە ↑خوداوەند xudawend.

خوو xu [*xū*] - "عادەت، مەیل": دە فارسیدا خو xū (P.). هۆ -ho و ↑هووک huk یش دەگوترێ. بڕوانە ↑*هۆگر hogır* "ئەو کەسەی خووی بە شتێک گرتووە".

خووز xuz [*xūz*] - "هێز، وزە": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑هێز و ↑وزە hez و wize.

خووس xus [*xūs*] - "زوقم": خوێز xuwez و خووسار xusar یش دەگوترێن. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑خووساندن xusandın.

خووساندن xusandın [*xūsāndın*] - "تەر کردنی زۆر، نەرم کردن دە ئاودا": دە فارسیدا خیساندن xîsanden (P.). خزمە دەگەڵ gießen (G.)، giozan (OG.)، geotan (OE.)، gjuta (Sw.) "(ئاو) تێرشتن، ئاو داشتن". دەشێ وشەکە سەرەتا بە مانای "ئاو تێرشتن، ئاوداشتن" بووبێ و لەوێوە ماناکەی بووبێتە "نەرم کردن دە ئاودا"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*gheu- >*** "(ئاو) تێرشتن، ئاو داشتن".

خووکَ xug [*xūg*] - "بەرازی ماڵی": خوک xūk (P.) "بەرازی ماڵی". خزمە دەگەڵ Sau (G.)، su (OE.)، sow (E.)، sugga (Sw.)، syr (OIs.)، hys (Gr.)، sus (L.) "(دێڵە)خووکَ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *su-s >*** "بەراز (ی ماڵی)".

خۆدی xodî [*xodī*] - "شێوەیەکی دیکە لە ↑خاوەن xawen [دە بنەڕەتدا خوداوەند].

خۆر xor - "هەتاو": دە فارسیدا خورشید xoršīd (P.). خزمە دەگەڵ sol (L.) و (Sw.)، helios (Gr.)، sygil (OE.)، saule (Lit.)، sun (E.) و Sonne (G.) و هتد. گشتیان بە مانای "خۆر"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sauel- >*** "خۆر".

خۆڕایی xorayî [*xorāyī*] - "1- بێهۆ، لە هیچی 2- بەلاش": وشەکە لە بنەڕەتدا بەم چەشنە بەکارهاتووە: لە + خۆ+ ڕا le + xo + ra . ئەسڵی وشەکە "خۆ" [خود] ە. کەرتی لە le سەرەتا پڕێپۆزیسیۆن و کەرتی ڕا ra تەواوکەری پڕێپۆزیسیۆنەکەیە، هەروەک چۆن دەگوترێ "لە ماڵێ ڕا". مەبەست لە "لەخۆڕا" یان "لە خۆوە" ئەوە بووە کە کارێک یان رووداوێک سەبەبی (دەرەکی) نەبووە، بێ عیللەت بووە، بە وتەیەکی دیکە لەخۆڕا بووە یان لە هیچەوە بووە [لە هیچ و خۆڕایی]. ئەمجار وشەی " لەخۆڕا" پاشگری ناوی واتایی î خراوەتەوە سەر و بووەتە خۆڕایی xorayî. دواتر وشەکەی

مانای "بەلاش"یشی وەرگرتووە و ئەم مانایەش لێرەوە پەیدا بووە کە کاتێک کەلوپەلیان بەبێ مەبەستی فرۆشتن و پارە وەرگرتن داوەتە کەسێک، ئەم کارە وەک کارێکی بێ سەبەب چاو لێکراوە.

خۆرت xort - "لاو، جەوان": پێوەندی بە ↑خورت xutr ەوە هەیە بە مانای "بەهێز، پتەو".

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا ئەو وشانەی بە مانای جەوان بەکاردێن، وەک لاو، جحێڵ، هەرزە، هەرکامیان ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی مرۆڤی جەوان دەکەن، بۆ وێنە "جحێڵ" لە وشەی جاهیلی عەرەبی وەرگیراوە و مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤی جەوان زانیاری و ئەزموونی کەمە، یان وشەی "لاو" ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤی لاو ئامادەیی فۆرم گرتنی بۆ شێوەی جۆربەجۆر تێدایە. هەربەم شێوەیە وشەی "خۆرت" ئاماژە دەکا بە لایەنی فیزیکی جەوان وەک مرۆڤێکی بە هێز].

خۆزگە xozge *[xozga]* - "حەز و ئارەزوو": خۆزی xozî و خۆزیا xozya ش دەگوترێن. دە فارسیدا خۆشا xošā (P.). دەچێتەوە سەر ↑خۆش xoş.

خۆش xoş *[xoš]* - "شاد(کەر)، چێژبەخش": خوش xoš (P.)، xvaš (Pl.). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑خواستن xuwastın و دواتر ↑ویستن wîstın. لەم تێڕوانینەوە مانای ئەسڵی وشەکە دەشێ "خوازراو، بەگوێرەی حەز و ئارەزوو، دڵخواز" بووبێ. بە شێوەزاری هەورامی وەش weş دەگوترێ کە شێوەکەی دەگەڵ ویستن wîstın باشتر یەک دەگرێتەوە.

خۆڵ xol 1 - "خاک": دەشێ خزم بێ دەگەڵ solum (L.) "خۆڵ، خاک"، hyle (Gr.) "خڵتە و خاڵ، لیتە"، hal (Kymr.) "پیسایی، زەلکاو"، soloti (Rus.) "زەلکاو". ریشە؟

خۆڵ xol 2 - دەگەڵ "خڕ" دێ و دەگوترێ خڕ و خۆڵ xır û xol. خزمە دەگەڵ خول xul "سوڕ" و دواتر ↑گێڵ gel 1 "گەشت، گەڕان، خولانەوە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "چەمانەوە".

[تێبینی: دوو چەمکی "چەمانەوە" و "قەڵەوی" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. لەم بارەوە بۆ نموونە بڕوانە ئەو وشانەی لەژێر "گێپەر"دا باس کراون].

خۆڵ xol 3 - دەگەڵ "خەست" دێ و دەگوترێ خەست و خۆڵ xest u xol. خزمە دەگەڵ ↑خوڕ xur.

خۆمین xomîn *[xomīn]* - "کۆما کردن": ↑کۆما koma.

خۆنە xone *[xona]* - "پنە، تەختەی ئەنگوتک لەسەر پان کردنەوە": خزمە دەگەڵ ↑خوان xuwan "تەختە، میزی لەسەر خواردن"، ↑خوانچە xuwaçne و هەروەها ↑دەرخۆنە *derxone*.

خۆە xoh - "1- ئارەقە 2- ئاونگ، شەونم": خزمە دەگەڵ Schweiß (G.)، sweat (E.)، swāt (OE.)، zweet (Nl.)، sveda (OIn.)، hidos (Gr.) "عارەقە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sueid- >*** "عارەقە کردن".

[تێبینی: ئەم ریشەیە دەشێ خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوو بێ لە ریشەی *(IE.) *(a)ued-* "تەڕ کردن، دەڵاندن، جاری بوون". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑هووت hut[1] "شە، تەڕایی" و ↑وەشتەی weştey "بارین"].

خۆیان xoyan *[xoyān]* - "کڵۆشی گیرەکراوی کۆکراوە": شێوەیەکی دیکە لە وشەی ↑جۆخین coxîn .

خوی xuwe *[xuwe]* - "ماکەی سوێر": خێ xe ش دەگوترێ. دەبێ خزم بێ دەگەڵ وشەی ↑سوێر suwer.

خوێری xuwerî *[xuwerī]* - دە ئەسڵدا خۆڕی xorî [خۆ + ری rî + xo] واتا ئەو کەسەی لە ترسان خۆی پیس دەکا.

خوێن xuwen *[xuwen]* - "تراوی ناو رەگەکان": خوون xun، خێن xen و هوون hun یش دەگوترێن. دە فارسیدا خوون xūn (P.). خزمە دەگەڵ haima (Gr.) و sanguis (L.) "خوێن". ریشە؟

خوێندن xuwendın *[xuwendın]* - خێندن xendın و خاندن xandın یش دەگوترێن و ئەمانە شێوەی کۆنتر وشەکە نیشان دەدەن. دە فارسیدا خواندن xāndan (P.). دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Hahn (G.) "کەڵەباب" هەیە و ئەم وشەیە و هێندێک وشەی وەک singen (G.)، sing (E.) و canere (L.) "گۆرانی گوتن" دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *kan- >*** "گۆرانی خوێندن". دە زمانی کوردمادیشدا وشەی

"خوێندن" سەرەتا هەر بەمانای "گۆرانی گۆتن و ستران بێژان" بووە و ئەم مانایە تا ئێستاش بە باشی دە زمانەکانی کوردمادی و فارسیدا پارێزراوە. بۆ وێنە دە زمانی کوردمادیدا کەڵەباب دەخوێنێ، کەو دەخوێنێ، خۆشخوان بە مانای خۆش ئاواز بەکار دێ و دە زمانی فارسیشدا بە گۆرانی بێژ و دەنگخۆش دەگوترێ خواننده xānande (P.). وشەی خوێندن دواتر دە زمانی کوردمادی و فارسیدا دا ماناکەی فراوانتر بۆتەوە و بە مانای to read و to study ئینگلیزیش بەکارهێنراوە. ئەمە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرەتا نووسراوەکان یاخود بابەتەکانی فێر بوون بە دەنگ و سەدا واتا بە شێوەی گۆرانی خوێندراونەوە و ئەم داب ونەریتە ئەمڕۆش لە خوێندنەوەی دەقە ئایینییەکاندا هەرماوەتەوە. دە زمانی عەرەبیشدا وشەی غنا ġina (Arb.) "گۆرانی" پێوەندی بە هەمان ریشەی سەرەوە هەیە و دوور نییە زمانی عەرەبی ئەم وشەیەی لە زمانە ئێرانییەکان یان لە زمانی لاتینی وەرگرتبێ.

خەبات xebat [*xabāt*] - "کار و تێکوشان": خزمە دەگەڵ -aps (OIn.) "کار، کردەوەی ئایینی"، -apas (OIn.) "کار، کردەوە"، opus (L.) " کار" و operari (L.) "کارکردن، خەریک بوون"، üben (G.) "تەمرین کردن"، uoben (OG.) "کێڵان، کار کردن، جێبەجێ کردن"، efnan (OE.) و efna (OIs.) "جێبەجێ کردن"، uobo (OG.) "وەرزێڕ، پاڵە"، uop (MG.) "کشتو کاڵ، داب و نەریت". ئەم وشانە گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *op- > "جێبەجێ کردن" [بە تایبەتی بۆ کاری کشتو کاڵ و ئەرکی ئایینی].

خەبتین xebtîn [*xabtīn*] - "کار کردن": ↑خەبات xebat.

خەبار xebar [*xabār*] - "خەتەر، مەترسی": خزمە دەگەڵ Gefahr (G.) "مەترسی"، gevāre (MG.)، Fāra (OG.) "کەمین، بۆسە، فریو"، fārēn (OG.) "کەمین کردن، خەفتان، تەڵە نانەوە، هەوڵ دان بە نیازێکی نەباش"، fear (G.) "ترس". دواجار ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ ↑وێران weran "زات کردن". وشە کوردماداییەکە سەرەتا پێک هاتووە لە پێشگری هە [ئە] + بار he + bar.

خەبس xebs [*xabs*] - "1- رەنج 2- دەسرەنج": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑خەبات xebat "کار و تێکوشان".

2- ↑قۆستنەوە qostınewe "گرتن، وەرگرتن".

خەبسین xebsîn [*xabsīn*] - "پەشێو بوون، سەر لێ تێکچوون": شێوەیەکی دیکە لە↑حەپەسان ħepesan [عەبەسان].

خەپار xepar [*xapār*] - "1- خۆش بوونی کێڵگە بۆ چاندن 2- بژار": خزمە دەگەڵ ↑خەپر xepır "وەرد دانەوە، دووبارە کێڵان" و ↑خپر *xıpır* "کۆڵینەوە".

خەپر xepır [*xapır*] - "وەرد دانەوە، دووبارە کێڵان": خزمەدەگەڵ ↑خپر xıpır "کۆڵینەوە".

خەپراندن xeprandın [*xaprāndın*] - "تێکوەردانی ئاگر بۆ خۆش کردنی": خزمە دەگەڵ ↑خپر xıpır "کۆڵینەوە".

خەپرە xepre [*xapra*] - "پاپۆکە، خۆ لێک هاڵاندن"، بە تایبەتی بۆ سەگ و پشیلە لەکاتی خەوتندا بەکار دێ. خەپەرە xepere ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑خەپکە xepke "گەو، ئاڵقە" و دواجار لەوانەیە پێوەندییان بە ↑زڤرین zıvrîn هەوە هەبێ. وشەی spiral (E.) "ئاڵقەی مارپێچی" پێوەندی بە "زڤرین"ەوە هەیە.

خەپشە xepşe [*xapša*] - "ئەندامی مێینە": [دەبنەڕەتدا: کەلێن، قەڵش(ی لەشی ژن)]. خزمە دەگەڵ ↑کون kun "کولێن، قووڵایی، ناوبڕاوی". کەرتی -شە şe- پاشگری گچکاندنە. هەڵی سەنگینە دەگەڵ gap (E.) "کون و کەلێن".

خەپک xepık [*xapık*] - "تەڵە": خەفک xefik و هەڤک hevık یش دەگوترێ.

1- لەو لایەکەوە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑کون kun "کولێن، قووڵایی". وشەی "تەڵە"ش پێوەندی هەیە بە "دۆڵ" و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "قووڵکە، قووپاوی، قووڵایی".

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ پێوەندی بە چەمکی "گرتن، گیر کردن"ەوە هەبێ و خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑ئیپە îpe دا باس کراون. وشەی capture (E.) "دیل گرتن، داگیر کردن" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

خەپکە xepke *[xapka]* - "گەو، ئاڵقە": هەروەها ↑خەپرە xepre [خەپەرە xepere] هەیە بە مانای "پاپۆکە، خۆ لێک هاڵاندن" [بە تایبەتی بۆ سەکَ و پشیلە لەکاتی خەوتندا].

خەپلە1 xeple *[xapla]* - "کورتەباڵای قەڵەو و ئەستوور": هەپلە heple ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑خەپە xepe.

خەپلە2 xeple *[xapla]* - "گێلۆکە": شێوەیەکی دیکە لە ↑ئەبلە eble.

خەپە1 xepe *[xapa]* - "1- قەڵەوە، خڕ و پڕ 2- کولێرە لە هەرزن [کولێرەیەکی ئەستوور]": خزمە دەگەڵ ↑قەبە qebe "ئەستوور"، ↑گەپ[2] gep "زل، قەبە" و ئەو وشانەی لەژێر ↑گوڤین guvîn "مەیین"دا هاتوون.

خەپە2 xepe *[xapa]* - "1- درمغ، دارێکی ددانەدارە کڵۆشی پێ کۆ دەکەنەوە 2- هەپە، شانەی تەون کوتان": ↑هەپە hepe ش دەگوترێ.

1- لە لایەکەوە دەشێ پێوەندی بە ↑چەپ çep [کەپ kep1، چەپۆک čepok] ەوە هەبێ بە مانای "دەست". ئەم ئامرازە وەک دەستێک وایە کە چەند قامکی هەیە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "چەنگاڵ" و "چەنگە(ک)" کە خزمن دەگەڵ چەنکَ "دەست". هەروەها دیسان لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "چەتاڵ" و"تەتەڵە" کە خزمن دەگەڵ چەچە "دەستی زارۆک".

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شڤنە şıfne "خێشک" و ↑شەپنە şepne "درمغ، شەنە".

خەت xet *[xat]* - "کێر، دێر، هێڵ، بڕ": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑کەت ket و ↑کوت kut و دەچێتەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش کە مانای "بڕین" دەگەیەنێ.

[تێبینی: خەت بە مانای "دێری نووسین" دە بنەڕەتدا بریتی بووە لە "بڕ لێدان" لەسەر دار و بەرد، واتا هەڵکەندن، کۆڵین و تاشین. سەبارەت بە پێوەندی ئەم چەمکانە دەگەڵ چەمکی "نووسین" بڕوانە *ریش* "ردین"].

خەتا xeta *[xatā]* - "کاری هەڵە و نەشیاو": ئەم وشەیە دەشێ وشەیەکی بە ئەسڵ کوردمادی بێ و دو زمانی عەرەبیدا کرابێ بە خطاء xatā (Arb.). هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چەتە çete "رێگر".

خەتەنە xetene *[xatana]* - دە فارسیدا ختنە xatane (P.). دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑خەت xet، ↑کەت ket و ↑کوت kut دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش کە مانای "بڕین" دەگەیەنێ.

خەجلین xeclîn *[xajlīn]* - "شڵەژان":

1- لەوانەیە پێوەندی بە ↑هەژان hejan ەوە هەبێ و لەپێشدا "هەژڵین hejlîn" بووبێ، بە هاتنە کایەی فۆتیمی ل l وەک ناوگری جەخت کردن. شیاوی باسە کە "شڵەژان" دە بنەڕەتدا مانای "لێدران، لێکدران" دەبەخشێ و "هەژان"یش ئەم مانایە دەگەیەنێ.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑خەزرین xezrîn "تووڕە بوون".

خەرابە xerabe *[xarāba]* - "وێرانە، کاول": ↑کەلاوە kelawe ش دەگوترێ کە شێوەیەکی دیکە لە وشەکە نیشان دەدا. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە دە زمانی کوردی و زمانە خزمەکاندا، وەک Kerbe (G.) "کەلەبەر"، kerben (G.)، kerven (Nl.)، carv (E.) "کەلەبەر تێخستن"، gráphein (Gr.) "نووسین" [دەبنەڕەتدا: خەت لێدان، هەڵکۆڵین، کڕاندن]، graben (G.) "هەڵکەندن"، Grab (G.)، graf (Nl.)، gra f (OE.) "قەبر، گوڕ"، Grube (G.)، gröba (Got.)، groeve (Nl.)، grōf (OIs.) "قووڵکە، کولێن، ئەشکەوت". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *grebh- >* "کۆڵین، هەڵکەندن، کڕاندن". دە زمانی کوردیدا چەندین وشە پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە، وەک ↑کەرەفتوو kereftu [غاری کەرەفتوو]. وێ دەچێ

وشەی "کەرفتوو" لە کۆندا بە گشتی بە مانای "غار، ئەشکەوت" بەکار هاتبێ و دواتر کەرەفتوو بووەتە ناوێکی تایبەت بۆ ئەشکەوتەکە. جگە لەمە ↑قەڕابە qerabe "دەفری گەورەی ئارەق و شەراب" و چەندین وشەی دیکە لەم خێزانەوشەیەدا خۆیان دەبیننەوە. گشت ئەم وشانەی سەرەوە ماناکانی "هەڵکەندن، هەڵکۆڵین، قوڵکە، کون و کەلێن، ئەشکەوت" دەردەبڕن. بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە وشەی "خەرابە" یان "کەڵاوە" دە بنەڕەتدا ئاماژە بووە بۆ ئەو شوێنانە کە وەک قووڵکە، کون وکولێن و ئەشکەوت بوون. کاتێک لە هۆنراوەکاندا باس لە "پیری خەرابات" کراوە، مەبەست ئاماژە بەو شوێنانە بووە کە پیر و پیاوچاکان ژیانیان تێدا کردوون و خۆیان لە دنیای دەرەوە جیا کردۆتەوە. دە هۆنراوە کۆنەکاندا هەروەها باس لە "دێری موغان" دەکرێ. وشەی "دێر" خزمە دەگەڵ "دۆڵ" و "دەڕە" و دەچێتەوە سەر ریشەی *-dhel* *(IE.)* "قووڵکە، قووپاوی، قووڵایی". [تێبینی: دوور نییە وشەکانی "خەرابات" و "دێر"ی سەردەمانی کۆن لە چەمکی ئەمڕۆیی "ژێرزەوی" [زیرزمینی، underground] نیزیک بووبن، واتا جۆرێک خۆ شاردنەوە لە دەسەڵات و جاشەکانیان بووبێ]. وشەیەکی دیکە کە هەر لەم پێوەندییەدا دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، ↑خراپ xırap [خراب xırab]ە، بە مانای "نەباش، کاول، لەکار کەوتوو". ئەم مانایەش دە بنەڕەتدا پێوەندی بە مانای ریشەکەوە هەیە. خراب کردن دە بنەڕەتدا بریتی بووە لەوە کە بە ئامرازێک لە شتێکیان داوە، هەڵیان کەندووە، خەتیان تێخستووە، قووڵیان کردووە، قووپاندوویانە و هتد. بۆ وێنە کاتێک خانوویەکیان خەراپ کردووە، بە پاچ و پێمەڕە کەوتوونەتە سەری و لەسەربانەوە بگرە تا دیوارەکانی، لێیان داوە و رووخاندوویانە. یان کاتێک ئاماژە بە خراپ بوونی شتێکی باش و جوان کراوە، دە بنەڕەتدا مەبەست ئەوە بووە کە خەتی تێ کەوتووە، داڕووشاوە یان قووپاوە. لەم بارەوە هەروەها بڕوانە وشەی ↑خەرفان xerfan [خەراب بوونی مێشک].

خەرامان xeraman *[xarāmān]* - "لەنجە و لار": وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "لەنگین، لار رۆیشتن" [خوار رۆیشتن] بووە. خزمە دەگەڵ krumm (.G)، krom (.Nl)، krumb (.OE) "خوار" و krümmen (.G)، krimphan (.OG) "خوار بوون". وشەکە دەبێ دە زمانی کوردمادیدا خزم بێ دەگەڵ ↑قرمان qırman.

خەرتە xerte *[xarta]* - "کێڵانی وشکەزەوی دوورەباران": خزمە دەگەڵ گەلێک وشە کە دەچنەوە سەر ریشەی *(E.)*(s)ker-* > "بڕین، لەت کردن، لێک جودا کردن، لێکردنەوە". هێندێک لەم وشانە دە زمانی کوردمادیدا بریتین لە ↑کێرد *kerd*، ↑کەرت kert، ↑کرتاندن kırtandın [قرتاندن qırtandın]، ↑شڕ şır [شڕ و درِ]، ↑زار zar 3 [زەوی و زار، کەرتەزەوی، قەتعەزەوی]، ↑جارِ car 3 "زەوی نەکێڵراو"، جارِ car [↑هەوجار hewcar "ئامرازی کێڵان"] و هتد.

خەرتاندن xertandın *[xartāndın]* - "لە رەکَ و ریشەوە دەرکێشان": خزمە دەگەڵ ↑خەرتە xerte.

خەرتەل xertel *[xartal]* - "داڵاش": خەردال xerdal یش دەگوترێ. خەر + تەل xer + tel. "خەر" شێوەیەکی دیکەیە لە کەر و ئاماژە بە گەورە بوون دەکا [وەک چۆن دەگوترێ خەربار، خەرپشت و هتد]. کەرتی تەل -tel شێوەیەکی دیکەیە لە ↑دال dal "داڵاش". لەم تێڕوانینەوە خەرتەل واتا داڵی گەورە.

خەرخەشە xerxeşe *[xarxaša]* - "کێشە و هەرا، قەرقەش": لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑گێرە و کێشە gêre û kêşe.

خەرز xerz *[xarz]* - "جووت بوونی ئاژەڵ": هەروەها ↑خەڕەمە xerreme هەیە بە مانای "تێرەکەری فەحل": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- érōs (.Gr) "هەوەس، مەیل بە دڵداری" و erōtikó (.Gr) "پێوەندیدار بە هەوەس و عیشقبازی". دە زمانی عەرەبیدا وشەی عروس ɛarūs (.Arb) دەبێ پێوەندی بەم وشەوە هەبێ. هەروەها لەوانەیە دە زمانی کوردمادیشدا ↑ئارەزوو arezu پێوەندی بەم وشەوە هەبێ.

2- ↑کەڵ² kel [بەکەڵ، وە کەڵ هاتوو] سەر بە ریشەی ***(IE.)*karo(s) >*** "تامەزرۆ بوون".

خەرساندن xersandın *[xarsāndın]* - "خەملاندن، بەراورد کردن": ↑قەرساندن qersandın یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ارز erz (P.) "نرخ، دراو" و ارزیدن arzīdan (P.) "نرخدار بوون". مەبەست لە وشەکە دە ئەسڵدا "نرخاندن" بووە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە↑ هێژا heja و ↑*هەرزان herzan*.

خەرسەک xersek *[xarsak]* - "کڵۆگڵ، سندەگڵ": خزمە دەگەڵ ↑گرسە gırse "تۆلا، پێکەوەنووساوی توندبوو".

خەرفان xerfan *[xarāfn]* - "خەراب بوونی مێشک": خرفت xereft (P.) "خەرفاو". لەوە دەچێ ئەم ناوە بۆ نەخۆشی فەرامۆشی لە تەمەنی سەروودا بەکار هاتبێ کە بە هۆیەوە نەخۆشەکان زۆر شتیان لە بیر نامێنێ و بە داخەوە لە کۆندا وەک جۆرێک گەمژە بوون سەیر کراوە. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑غورڕ(ر)اب ġur(r)ab.

خەرقە xerqe *[xarqa]* - "باڵاپۆشی دەروێشان": خرقە xarqe (P.). خزمە دەگەڵ rail (E.)، hra ġ(e)l (OE.) hregil (OG.) "باڵاپۆش". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە روون نەکراوەتەوە.

خەرقین xerıqîn *[xarıqīn]* - "خلیسکان": خزمە دەگەڵ ↑گلان gılan و ↑*خلیسکان xılîskan*. فۆنێمی ق q دە وشەی "خەرقین"دا و هەروەها ک k دە وشەی "خلیسکان"دا دەوری "ناوگر" دەبینن. ئەم ناوگرانە دە ژمارەیەک کرداری دیکەشدا هەن و ئاماژە بە دۆخی جەخت کردن دەکەن، بۆ وێنە ئاڵۆزکان، بزرکان، پەشۆکان، دامرکان، زرووقان، مرقاندن، هەڵبزووقین و هتد.

خەرک xerk *[xark]* - "1- دارێکە تاوانباری لەسەر بەر قامچی دەدەن 2- دوو تای دارین کە لەسەر پشتی باربەر دادەنرێ بۆ بەرد کێشان": خزمە دەگەڵ Galgen (G.)، galge (MG.)، galga (Gt.)، gallows (E.)، galge (Sw.) "دار، سێدارە"، jalk (Arm.) "شووڵ، لکەدار"، žalga (Lit.) "داری درێژ" [وەک داری ئاڵا]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*ĝhalg- >*** "دار، پەیاغ، شووڵ".

خەرمان xerman *[xarmān]* - "1- دەغڵ و دانی کۆمکراو و بەسەریەکدا کراو 2- تریفەی دەوری مانگ": خرمن xarman (P.). دە زمانی کوردمادیدا وشەیەکی دیکە کە بۆ خەرمان بەکار دێ، بریتییە لە "جۆخین". ئەم وشەیەش خۆی خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک "یەخە"، "یوغ"ی فارسی "کەڵەوە"، جەخز "دایرە" و هتد. وەک دەبینرێ لێرەدا پێوەندییەک دەتێوان دوو چەمکی "خەرمان" و "دایرە، کەوانە"دا دروست دەبێ. ئەگەر لەم تێڕوانینەوە بۆ ساغ کردنەوەی وشەکە بچین، دەبێ بیبەستینەوە بە ↑خەرامان xeraman "لەنجە و لار"، "لەنگین، لار روێشتن" [خوار رۆیشتن]، ↑قرمان qırman "خوار بوونەوە، چەمانەوە"، ↑خورم xurım "ئاڵقەیەکی دارینە لە رەشماڵ بەستن و بارکردندا بەکار دێ" و هەروەها خزمە دەگەڵ krum (G.)، chrump (OG.)، crumb (OE.)، krom (Nl.) "خوار، چەماو"، krimphan (OG.) "خوار بوون، چەمین"، Kringel (G.) "جەغز، شێوەی ئاڵقەیی"، kringr (OIs.) "جوغز، ئاڵقە"، krinc (MG.) "جەغز، ئاڵقە، دەڤەر، دەوروبەر" [گەڕەک؟]، Kranz (G.) "تاجەگوڵینە" [ئاڵقەی لەگوڵ] و ژمارەیەک وشەی دیکە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*ger- >*** "سووڕان، چەمان، با دران، خوار بوون".

خەڕەک xerek *[xarak]* - "ئامێری پەمۆرستن، ئامێری هەڵوێزنینی بەن": پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەیە:

1- ↑غەرغەرە ġergere، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ger- >*** "سووڕان، بادران"

2- schräg (G.)، curvus (L.) "خوار"، krikos (Gr.)، circus (L.) "جەغز"، Ring (G.)، (h)ring (OG.) "هاڵقە"، krug (Rus.) "جەغز، قەوان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "سووڕان، خوار بوون، با دران".

خەڕەم(ە) xerem(e) *[xaram(a)]* - "تیرەکەری فەحل": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑خەرز xerz "جووت بوونی ئاژەڵ".

خەریتە xerîte [*xrīta*] - "نەخشە": ئەم وشەی دەچێتەوە سەر chártēs (Gr.) "کاغەزی پاپیرۆسی میسری". ئەم وشەیە دواتر مانای "کاغەز و کارت"ی وەرگرتووە و کەوتووەتە ناو زۆرێک لە زمانەکانی جیهانەوە. دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ وێنە هێندێک وشەی لێ دروست کراوە وەک Spielkarte "کارتی کایە، وەرەقی قومار"، Landkarte "نەخشەی جوگرافی" و هیتر.

خەریک xerîk [*xarīk*] - "سەرگەرم بوون بە کارێک": وشەکە دە بنچینەدا دەبێ "کاریک" karîk [îk + kar] بووە، سە بەوشەی ↑کار kar. کەرتی دووەم پاشگرێکی کۆنە کە دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆییدا سواوەتەوە و دەنگی k یەکەی فەوتاوە.

[تێبینی: دە زمانی عەرەبیشدا وشەی "مشغول" بە مانای خەریک دەچێتەوە سەر وشەی "شغل" بە مانای کار. دە زمانی ئەڵمانیشدا هەر هەمان پێوەندی لەئارادایە: beschäftigt "خەریک" و Geschäft "کار و کاسبی"].

خەرین xerîn [*xarīn*] - "پرخە کردن": خزمە دەگەڵ خرناس xarnās (P.) "پرخە". بنەوشەی خەر xer- دەشێ پێوەندی هەبێ بە وشەکانی ↑گەروو geru، ↑گەردن gerdın، ↑قورگ qurıg و ↑قورقوڕۆچکە qurquroçke و هتد.

خەز xez [*xaz*] - "پێستە": هەروەها گەز gez یش دەگوترێ بە مانای "خەز، پارچەی ئاوریشم". خزمە دەگەڵ ↑قژ qıj [گیس gīs (P.)]. پێوەندی تیوان دوو وشەی "خەز" و "قژ" وەک پێوەندییەکە دەتیوان دوو وشەی "بژ" [یاڵ و بژ] و "بسک"دا.

خەزان xezan [*xazān*] - "پاییز": دە فارسیدا خزان xazān (P.). لەوە دەچێ وشەیەکی وەرگیراو بێ، پێوەندی هەیە بە xantos (Gr.) "زەرد". لەم تێڕوانینەوە خەزان دەبێ بە مانای "وەرزی زەردایی" بەکار هاتبێ.

خەزایی xezayî [*xazāyī*] - "ناوی پەلەوەرێک": ↑کەشۆیلە keşoyle ش دەگوترێ. هەر دوو وشەکە شێوەی جیاوازن لە یەک وشە کە پێوەندی بە ↑قاژوو qažū هەیە. ئەم وشانە ئاماژە بە قاژ و قیژی پەلەوەرەکە دەکەن. ناوی چەندین پەلەوەری دیکەش بەم جۆرە دروست بوون، وەک قەل، قشقەڵە، زیقاولە، کوڕکوڕە، بولبول، کەکلێ و هتد.

خەزرین xezrîn [*xazrīn*] - "قەڵس و تووڕە بوون": پێوەندی هەیە بە ↑ئاژر ajır "تووڕە، رق هەستاو". ئەم وشانە جێی هەڵسەنگاندن دەگەڵ خشم xeşm (P.) "تووڕەیی" و هەروەها دەگەڵ Geist (G.)، ghost (E.)، geest (Nl.) "رووح، رەوان". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ĝheis- >*** "وروژاو، قەڵس، تووڕە". us-gaisjan (Gt.) "داچڵەکاندن"، geiskafullr (OIs.) "سامناک" لەم ریشەوە پەیدا بوون. هەروەها zaēša- (Av.) "قێزەوەن" بە دەگەڵ ئەو وشە ژێرمەنییانە خزم دانراوە.

خەزن1 xezın [*xazın*] - "ژن خوشک، خوشکی ژن": بڕوانە ↑خەزوور xezur "باوکی هاوسەر".

خەزن2 xezın [*xazın*] - "هەڵگرتن و ئەنبار کردن لە شوێتێک": بڕوانە ↑خزێنە xezene.

خەزنە xezne [*xazna*] - ↑خەزێنەxezene.

خەزوور xezur [*xazūr*] - "باوکی هاوسەر": هوسیرە husîre ش دەگوترێ. دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Schwager (G.) هەیە بە مانای "هێوەر یان ژن برا". لە هەمان کاتدا لە دیالێکتی ناویندا Schwäher (G.) هەیە بە مانای "خەزوور". [بەراوردی ئەم وشەیە بکە دەگەڵ شوهر şouhar (P.) دە زمانی فارسیدا - دە زمانی کوردمادیدا ↑شوو şû]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر sweher (MG.)، swehur (OG.)، swēor (OE.)، svēr (OSw.)، socer (L.)، svekor (Rus.)، śvāśura-h (OIn.) "خەزوور". دەبێ وشەکە دە زمانی کۆنی کوردمادیدا شتێکی وەک **xvazura ژازورا* بووبێ. لە هەمان کاتدا چەند وشەیەکی دیکەی زمانی کوردمادیش دەبێ پێوەندییان بەم وشەیەوە هەبێ. یەکەمیان وشەی ↑خەسوو xesu "دایکی هاوسەر"ە کە چ لە باری مانا و چ لەباری شێوەی وشەکەوە پێوەندییەکەی بە "خەزوور"ەوە ئاشکرایە. هەروەها

وشەی↑زڕ zır "نائەسڵ" [زڕباب، زردایک]. دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Schwieger (G.) کە پێوەندە بە وشە ئەڵمانییەکەی سەرەوە، دەگەڵ هێندێک وشەی وەک دایک، باوک، کوڕ و کچ بە کار دەهێندرێ و دەبێتە Schwiegervater (G.) "خەزوور، باوکی میرد" [بە وتەیەکی دیکە باوکێک کە هی خۆت نییە، باوکێکی زڕە"]، Schwiegermutter (G.) "خەسوو"، Schwiegersohn(G.) "مێردی کچ، زاوا"، [کوڕی نە هی خۆت]"، Schwiegertochter (G.) "ژنی کوڕ، بووک" [کچی نەک هی خۆت]. پێ دەچێ دە زمانی کوردمادیشدا سەرەتا وشەی زڕ zır وەک ئاماژە کردن بە "هی خو نەبوون واتا بردنەوەی پێوەندییە خزماییەتییەکە بۆ سەر "خەزوور و خەسوو" بە کار هێندرابێ. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە وشەی ↑هێوەر hewer "برای مێرد" [بە وتەیەکی وردتر "کوڕی خەزوور"] ە کە ئەمیش دەگەڵ وشەکانی سەرەوە هاوریشەیە، هەروەها ↑خەزن xezın "ژن خوشک، خوشکی ژن".

خەزەڵ xezel *[xazal]* - "گەڵای زەرد هەڵگەڕاو": خزمە دەگەڵ ↑خشڵ xışıl "زێڕ و زێو بۆ رازاندنەوە". مانگی خەزەڵوەر xezelwer واتا مانگی هەڵوەرینی گەڵا [گەڵارێزان]. ئەم وشەیە پێوەندی بە وشەی خەزان "پاییز"ەوە نییە و وێکچوونی وشەکان و نیزیکایەتی ماناکانیان رێکەوتە.

خەزێم xezem *[xazem]* - "خشڵی لووت": وێ دەچێ وشەیەکی وەرگیراو بێ، پێوەندی هەیە بە kosmētikós (Gr.) "پێوەندیدار بە رازاندنەوە" و ئەمەش دەچێتەوە سەر *kosmeīn (Gr.)* "رێک و پێک کردن، رازاندنەوە". وشەی kósmos (G.) دە بنەڕەتدا بە مانای "رێک و پێکی، رازاوەیی" بووە و لەمەوە مانای "نەزم و تەرتیبی جیهان" و دواتر "جیهان" بە دی هاتووە. دە زمانی کوردمادیشدا وشەی "رازاندنەوە" پێوەندی هەیە بە "رێک" و "راست"ەوە [رێک و پێکی، نەزم و تەرتیب].

خەزێنە xezene *[xazena]* - "1- گەنج، گەنجینە 2- حەوزی حەمام": خەزنە xezne ش دەگوترێ. وەک لەژێر وشەی گەنج "خەزینە"دا شی کراوەتەوە، ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ گەنجە "خەڵوەتی" و "گنجە"ی فارسی بە مانای "دۆڵاب، شکاف". ئەم وشانەی سەرەوە دواتر خزمن لەگەڵ وشەکانی "کان" و "هەڵکەندن" و دە بنەڕەتدا بەو قووڵکە و هەڵکەندراوییە گوتراوە کە زێر و زێو و پارەی تێدا حەشار دراوە یان ئاوی حەمامی تێدا کۆ کراوەتەوە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێوەندییانەی سەرەوە مانا و ریشەی وشەی ↑خەزنە xezne یان ↑خەزێنە xezene ش روون دەبێتەوە. وەک دەزانین ئەم وشانە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا هەم مانای "حەوزی حەمام" و هەمیش مانای "گەنج، گەنجینە" دەبەخشن. لێرەوە ئەمە دەردەکەوێ کە مانای بنەڕەتی "خزنە، خەزێنە" چ پێوەندییەکی بە زێڕ و زێو و پارەوە نەبووە، بەڵکوو شوێنکی هەڵکەنراو [کۆڵدراو] بووە بۆ تێدا کۆ کردنەوە و تێدا راگرتن بە گشتی. وشەی ↑گەزنە gezne "خەڵوەتی" ئەم بۆچوونە پشتراست دەکا. جا هەروەک چۆن وشەی "شکاف" یان "شکەفت" پێوەندی بە ریشەیەکەوە هەیە بە مانای "بڕین، قەڵشین، کەلێن تێخستن"، هەر بەم شێوەیەش وشەی "خەزنە" پێوەندی پەیدا دەکا بە ریشەیەکی دیکە کە هەمان مانا دەردەبڕێ. بەم جۆرە "خەزنە دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑کزن kızın "گوڵبێبە، باکێش، کونی با"، ↑گاز gaz "شکێڕ، شکەفت، دەۆڵی تەنکَ"، ↑کاژێر kajer 1 "1- قوژبن 2- تاقە لە دیواردا 3- ئۆدەی خەڵوت لە تەکیەدا"، ↑کەزیگە kezîge "جۆگە"، ↑کۆزک kozk "کولانەی مامر، خەندەک". ئەم وشانە لە لایەکی دیکەوە دەبنە خزم دەگەڵ هێندێک وشە وەک ↑گاز gaz "قەپ"، ↑قاش qaş و↑کووز kuz "بڕ"، ↑گوێزان goezan "تیغی سەر تاشین"، ↑گە*ستن gestın* "بریندار کردن (بە قەپ لێدان)".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "بڕین، قەڵشین"، "کون و کەلەبەر" و "ئەنبار، خەڵوەتی" دەتوانین ئاماژە بە وشەی klofi (OIs.) "کەلێن، کەلەبەر، خەڵوەتی، ئەنبار" بکەین کە دەبێتە خزم دەگەڵ klieben (G.) "قەڵشین، لەت بوون"، Kluft (G.) "قەڵش، کەلێن" [کۆنتر هەروەها: گاز، *کەلبەتان*، قەیچی]، cleft (E.) "قەڵش، کەلێن، شیو و دۆڵی تەنکَ"، klobe (MG.) "داری قەڵش قەڵش کراو، چەتاڵ، چەنگەک و هەروەها بە مانای "دەستە، باقە، گیشە"، glubere (L.) "توێکڵ کردن"، glyphein (Gr.)

"هەڵکۆلین، داتاشین"، گوڵبێنە gulbene "کوتێکە لە بنەوەی تەنوور، باکێش"، گەڵپ gelp "بەتاڵایی لاشەویلکە". هەروەها لەوانەیە خزم بن دەگەڵ کەلەبەر keleber و کەلبەتان kelbetan وخەڵوەتی xelwetî. شێوەی ئەم وشەی دوایی هەڵسەنگێنە بە تایبەتی دەگەڵ کەلبەتان kelbetan].

بەم جۆرە دەبینرێ کە لە ریشەیەکەوە بە مانای "بڕین، قەڵشین" چەند وشەیەک ساز بوون کە ئاماژە بە کون و کەلێن و کەلەبەر دەکەن و دواتر لەم مانایەوە ماناکانی "کەڵەکە کردن" و "ئەنبار" [شوێنی شت تێدا کۆم کردن و هەڵگرتن] پەیدا بوون. زمانی عەرەبی ئەم وشەیەی لە زمانی کوردمادی خواستۆتەوە و "خزن" و "مخزن" و هیتری لێ دروست کردووە. دیسان دواتر وشەی "مەخزن"ی عەرەبی لە رێگەی زمانی ئیتالیاییەوە چووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان و وشەی "مەگازین" - بۆ وێنە Magazin (G.) - دروست بووە کە بە دوو مانا بەکار دێ: 1- خەڵوەتی، ئەنبار 2- گۆڤار (شوێنی کۆم کردنەوە و ئەنبار کردنی نوسراوەکان)].

خەسار(ە) xesar(e) [*xasr(a)*] - "داری ژێر کاریتە بۆ پاراستنی دیوار لە قورسایی": خزمە دەگەڵ ↑ کۆترە kotre "داری تێوان ئەستووندەک و داری سەربان" و هەروەها خاس "باش" [دە بنەڕەتدا: گونجاو، باش جێی خۆ جێگرتوو]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تێکبەزین، چوونەناو یەک، یەکانگیر بوون، دەگەڵ یەک هاتنەوە".

خەساندن xesandın [*xasāndın*] - "1- یەختەکردن 2- سەرلک پەڕاندنی دار": بنەوشەی خەس -xes خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا کە مانای "بڕین، بڕاو" دەدەن، وەک ↑قاش qaş، ↑کووز kuz، ↑کەت ket، ↑کوت kut، ↑قەتاندن qetandın، ↑گاز gaz، ↑گەستن gestın و هتد. خەساندن شێوەیەکە لە برینکاری یان نەشتەرگەری و پێوەندی بە چەمکی "بڕین"ەوە هەیە. دە وشەی ↑خەتەنە xetene شدا کە خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە، پێوەندی بنەوشەکە بە چەمکی "بڕین" خۆی نیشان دەدا. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها وشەی ↑خزار xızar "مشاری دوو کەسی" هەیە کە پێوەندی بەم خێزانەوشەوە هەیە.

خەست xest [*xast*] - "توند، پەیت": هەس hes و هەست hest یش دەگوترێ. دەبێتە خزم دەگەڵ ↑گشت2 gışt "گرژ، توند، چالاک" [هەڵپەڕینی گشت]، ↑کەستەک kestek "1- سندە 2- قورسە، دە قاڵب کراوی توندەوەبووکَ" و ↑کەسکوون keskun "توخ، توند". هەروەها دە پلەیەیەکی دواتردا دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ئەستوور estur، ↑*ئاستەم astem*، ↑ئاستەنکَ asteng و هتد. ئەم وشانە گشتیان ئاماژەدەکەن بە چەمکی "سەخت، سەختی". لەوانەیە ↑خشت xışt یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ، چونکوو ئەویش قورێکی لەقالبدراوی توند و سفتە و چ بە رواڵەت و چ بە ناوەرۆک دەگەڵ وشەکانی سەرەوە یەک دەگرێتەوە. گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***staī-* (IE.)** > "رەق بوون، سفت بوون، توند بوون".

[تێبینی: وشەکانی gistorchanen (OG.) "توند بوون، رەق بوون، مەیین"، gastaurkanan (Gt.) "هیشک و رەق هەڵاتن"، stark (G.)، (E.)، (Sw.) "سەخت، بەهێز" دەچنەوە سەر ریشەی ***(s)ter-* (IE.)** " توند بوون، سفت بوون". پێ دەچێ ئەم ریشەیە خۆی پەرەگرتووی ریشەی سەرووتر بێ].

خەستە xeste [*xasta*] - "نەخۆش": دە زمانی کوردمادیدا زۆرتر دەگەڵ وشەی "خانە" دێ و دەگوترێ خەستەخانە xestexane "نەخۆشخانە". دە زمانی فارسیدا خستە xaste (P.) بە مانای "ماندوو" دێ. خزمە دەگەڵ ↑خستن xıstın "بەردانەوە، کەواندن". پێوەندی ماندوو بوون و کەوتن ئاشکرایە و ئەم پێوەندییە لە وشە "شەکەت" یشدا بەدی دەکەین کە لە سقط (Arb.) وەرگیراوە و وشە عەرەبییەکەش مانای "کەوتن" دەبەخشێ. خەستە بە گشتی دەبێ بە مانای "کەوتوو، پەک کەوتوو، داکەوتوو، لەپێ کەوتوو" بووبێ. ئەم مانایە هەم مرۆڤی ماندوو و هەم نەخۆشیش دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑هێشتن hêştın "لێگەران، رێگە دان".

خەسوو xesu *[xasū]* - "دایکی هاوسەر": خزمە دەگەڵ وشەی↑خەزوور xezur.

خەش xeş *[xaş]* - "کەمایەسی، عەیب": خزمە دەگەڵ ↑خاش xaş [ورد و خاش] و ↑خاک xak [خاک و خۆڵ]. دە فارسیدا خاش xāš (P.) بە مانای "خڵتەو خاڵ، زبڵ و زاڵ" دێ و هەروەها بە مانای "هاڕە، بڕە" [واتا ئەو خاک و خۆڵ یان زبڵ و زاڵەی بە هۆی هاڕین یان بڕینەوە پەیدا دەبێ]. دیسان دە فارسیدا خاشاک xāšāk (P.) هەیە بە مانای "زبڵ وزاڵ ". لەلایەکی دیکەوە دە فارسیدا "غل و غش" هەیە کە دە قاموسە فارسییەکاندا بە "فێڵ و تەڵەکە" مانا کراوەتەوە. ئەم مانا لێدانەوە هەڵەیە لێرەوە پەیدا بووە کە دە زمانی فارسیدا بە مرۆڤی ساف و ساکار دەگوترێ "بی غل و غش"، واتا کەسێک کە "غل و غش" ی نییە یان "غل و غەش " دە کارەکەیدا نییە. لێرەوە فەرهەنگنووسە فارسەکان وای بۆ چوون کە "غل و غەش" دەبێ بە مانای "فێڵ و تەڵەکە" بێ. کەچی "غل و غەش" ی فارسی هەمان "خۆل" و " خەش، خاش" ی کوردمادییە بەمانای خاک وخۆڵ یان زبڵ و زاڵ. جا ئەم وشانە سەرەتا بۆ مرۆڤ یان بۆ ئامێر و کەرەسە و شتی وا بەکار نەهاتوون، بەڵکە بۆ شتی وەک شیر و ماست و پەنیر و رۆن بەکار هاتوون و مەبەست لە "بێ خەش بوون" یان "بی غل و غش" بوونی فارسی ئەوە بووە کە شتەکە ساف و پاڵاوتەیە، پاک و خاوێنە و خاک و خۆلی تێدا نییە. دە زمانی کوردمادیدا هەم خەش xeş بەکاردێ کە شێوەی دروستتری وشەکەیە و هەم ↑خەوش xewş کە شێوەیەکی گۆڕدراوی وشەکەی پێشوویە.

خەشاب xeşab *[xašāb]* - "قوتووی هەڵگری فیشەک": خەشاب لەگەڵ دەرچوونی هەر گوللەیەک فیشەکێکی تر رادەداتە پێشەوە. بۆیە دەبێ ناوەکە بۆ ئەم سیفەتە بگڕێتەوە. لەم روانگەوە خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شەپ şep دا هاتوون، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، دەرپەڕاندن، هاویشتن، رەپاڵ نان، رادان". کەرتی خە xe دە وشەکەدا لەوانەیە گۆڕدراوی پێشگری e [he] بێ و یان زێدەیەکی فۆتیتیکی بێ کە هێندێک جار دە وشە کۆنەکاندا خۆی دە دەخا.

خەشکین xeşkîn *[xaškīn]* - "خلیسکان": خزمە دەگەڵ↑ خشان xışan و ↑خوشین xuşîn.

خەفتان xeftan *[xaftān]* - "خۆ مات کردن لە شتێک": ↑خپە xıpe کردنیش دەگوترێ. خەفتان ئەو دۆخەیە کە ئاژەڵ یان مرۆڤی راوکەر جووڵە لە خۆی دەبڕێ بۆ ئەوەی تیچیرەکەی هەستی پێ نەکا. خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە لەژێر ↑کپ kıp [کڕ و کپ]، ↑کۆپین kopîn "ئارام بوون" و ↑*گوڤین govîn* "مەیین" [دە بنەڕەدەتدا: رەق بوون، لە جووڵە وەستان].

خەفک xefık *[xafık]* - "تەڵەی ئاسن": ↑هەڤک hevık l یش دەگوترێ.

خەفە xefe *[xafa]* - ئەم وشەیە بە چەند مانا بەکار دێ، بەڵام ماناکان پێوەندییەکی نیزیکیان بەیەکەوە هەیە و مانای بنەڕەتی وشەکەمان بۆ ساخ دەکەنەوە. "خەفە کردن" بۆ کز کردنی گڕی ئاگر بە کار دێ، جگە لەمە مانای خنکاندن، پشوو لێ بڕین یاخود بێدەنگ کردن دەدا و هەروەها بۆ فەزای تەنگ و کەم هەوا بەکار دێ. ئەگەر سەرەنجی ئەو مانایانە بدەین، دەبینین خاڵی هاوبەش لە هەمووواندا "نەبوونی بزاو و جووڵە"، بەواتایەکی دیکە ئارامی، قڕ و قپ بوون و دامرکانە. کاتێک چرا یان ئاگرێک خەفە دەکرێ، مەبەست کز کردنی شەبەق یان ئاگرەکە تا ئەورادەیە کە گڕەکە لە جووڵە و تەکان بوەستێ و ئارام بگرێ. خەفە بوونی کەسێک بە دوو مانا دێ، هەم بە مانای بێدەنگ بوون و هەم بە مانای "خنکان و پشوو لێ بڕان" کە ئەویش هەر کۆتایی هاتنە بە جووڵە و تەکان کە نیشانەی ژیانە. دیسان کاتێک باس لە خەفە بوونی شوێنێک دەکرێ، دە بنەڕەتدا ئاماژە دەکرێ بە نەبوونی جووڵە و بزاڤی هەوا بە هۆی تەنگی شوێنەکە یان بە هۆی قورسایی هەوا. کەوابێ گومان لەوەدا نامێنێ کە "خەفە" خزمە دەگەڵ ↑کپ kıp یان قپ qıp [کڕ و کپ، قڕ و قپ]، ↑کۆپین kopîn "ئارام بوون" و ↑*گوڤین govîn* "مەیین" [دە بنەڕەدەتدا: رەق بوون، لە جووڵە وەستان] و دواجار ↑خەپە xepe "قەڵەو" [دە بنەڕەتدا: سەخت، ئەستوور، بەهێز]

خەڵات xelat [*xalāt*] - "1- جلوبەرگی بەنرخ 2- پاداشت (لە شێوەی جلوبەرگ) 3- دواین کراس": خزمە دەگەڵ ↑کراس kıras.

خەڵ(ان) xel(an) [*xal*] - "کۆزی لە بەرد بۆ ئاژەڵ 2- سەنگەر": خزمە دەگەڵ ↑خەلەک xelek "ئاڵقە"."خەڵ" ئاماژەیە بە ئاڵقەیی بوونی شوێنەکە کە بە هۆی هەڵچنیننی بەردەکان دروست دەبێ.

خەلان xelan [*xelyan*] - "ترازانی ئێسکی لەش": خەلیان xelyan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑گلان gılan و ↑خلیسکان xılîskan.

خەڵتان xeltan [*xaltān*] - "گەوزان": دە فارسیدا غلتان (P.) ġaltān. دە بنەڕەتدا بە مانای "خلبوو، لە دۆخی خل بوونەوەدا". خزمە دەگەڵ ↑خلیسکان xılîskan. "خەڵتانی خوێن"، واتا ئەو لێدراو یان کوژراوەی دەناو خۆینی خوێدا خل دەبێتەوە، تل دەخوا یان دەگەوزێ.

خەلف xelıf [*xalıf*] - "شووڵ، لکی باریک": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Schilf (G.)، scliuf (OG.) قامیش، نەی". ئەم وشە ئەڵمانییە دەبردرێتەوە سەر scirpus (L.) "نەی، قامیش". ریشە؟

خەڵوەتی xelwetî [*xalwatī*] - "ئەنبار، دیوی پشتەوە": هەروەها ↑خەڵوتە xelote هەیە بە مانای "ئەشکەوت". دەشێ خزم بن دەگەڵ klofi (OIs.) "کەلێن، کەلەبەر، خەڵوەتی، ئەنبار"، (G.) "قەڵشین، لەت بوون"، Kluft (G.) "قەڵش، کەلێن" [کۆنتر هەروەها: گاز، *کەلبەتان*، قەیچی]، cleft (E.) "قەڵش، کەلێن، شیو و دۆڵی تەنکَ"، klobe (MG.) "داری قەڵش قەڵش کراو، چەتاڵ، چەنگەک"، glubere (L.) "توێکڵ کردن"، glyphein (Gr.) "هەڵکۆلین، داتاشین". ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ↑گوڵبێنە gulbene "کوتیکە لە بنەوەی تەنوور، باکێش"، ↑گەڵپ gelp "بەتاڵایی لاشەویلکە" و لەوانەیە ↑کەلبەتان kelbetan "گاز". سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "هەڵکەندن، قەڵشاندن" و "خەڵوەتی" بڕوانە وشەکانی "خەزێنە" و "گەنج".

خەڵووز xeluz [*xalūz*] - "رەژی، زووخاڵ": خزمە دەگەڵ Kohle (G.)، Kolo (OG.)، coal (E.)، kol (Sw.)، kool (Nl.)، gūla (Ir.) و carbo (L.) "خەڵووز". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کۆڵوو kolu "نانی سووتاوی بووگەرەژی" و ↑کۆڵەوەژ kolewej "ئامرازی تێک وەردانی رەژی". بەپێی بۆچوونێک ئەم وشانە دەبێ لە ریشەیەکەوە هاتبن بە مانای "ئاگر، هایسان". هەروەها وشەی ↑کل kıl "خۆڵەرەشەی چاوڕشتن" لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

خەڵۆتە xelote [*xalota*] - "ئەشکەوت": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑خەڵوەتی xelwetî.

خەلە xele [*xala*] - "دەغڵ و دان": لەوانەیە وشەیەکی بە ئەسڵ کوردمادی بێ، بڕوانە ↑کەلپک kelpık "1- تۆکڵی دەخڵ و دانی هاڕاو 2- قرتماخەی سەر برین (تۆیخ)".

خەلەف xelef [*xalaf*] - "تیکوڵی دار، گەڵای دەوری گوڵی دار": خزمە دەگەڵ ↑خەلە xele "دەغڵ و دان" و ↑کەلپک kelpık "1- تۆکڵی دەخڵ و دانی هاڕاو". لەوە دەچێ وشەی غلاف ġalāf (Arb.) لەم وشەیە وەرگیرابێ.

خەلەک xelek [*xalak*] - "ئاڵقە": شێوەیەکی دیکە لە ↑هاڵقە/ ئاڵقە alqe /halqe.

خەلیش xelîş [*xalīš*] - "دارستانی چڕ و پڕ": خزمە دەگەڵ ↑کلۆش kıloş.

خەلێف xelef [*xalef*] - "پلوورە، ماڵی مێشەنگڤین": ↑خلێف xılêf[1] یش دەگوترێ. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑گوربک gurbık و گوربە gurbe بە مانای "خەلێف، کونی مێشەنگوین" بەکار دێ. لەوە دەچێ ئەم وشانەی دوایی شێوەیەکی کۆنتر لە ↑خەلێف xelef بن. خزمن دەگەڵ ↑خەرابە xerabe و ↑کەلاوە kelawe و چەندین وشەی دیکە بە مانای "قووڵکە، کون و کەلێن" کە لەژێر ↑غوراب *ġurab* دا باس کراون.

خەم xem [*xam*] - "پەشێوی، دڵتەنگی": غەم ġem یش دەگوترێ. ġam (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑خومار xumar "لێڵ، داگیراو".

خەمتین xemtîn [*xamtīn*] - "کز بوونی ئاگر": هەروەها ↑خامۆش xamoş هەیە بە مانای "کووژاوە، ئارام، بێدەنگ". ئەم وشانە دەبێ پێوەندییان بە ↑کەم kem هەوە هەبێ.

[تێبینی: لەباری پێوەندی دوو چەمکی "کەم" و "کووژانەوە" بڕوانە ↑کز kız]

خەملاندن xemlandın [*xamlāndın*] - "خەرساندن، بەراورد کردن": خزمە دەگەڵ hamār (Pl.) و امار (P.)amar "هەژمار، ژمار". بنەوشەی خەمڵ -xemıl خزمە دەگەڵ ↑ژمارjımar. **خەملین xemlîn** [*xamlīn*] - "جوان بوون": خزمە دەگەڵ gammeln (G.) "رزین، بڵ بوون، بێکەڵک بوون"، gammeln (MNl.) "پیر بوون"، gamol (OE.)، gammal (Sw.)، gammel (Den.) "پیر". ریشەی ژێرمەنی یان هیندوئەورووپی وشەکانی سەرەوە ساخ نەکراوەتەوە. وێ دەچێ وشەکە دە بنەڕەتدا مانای "پێگەیشتن یان پیر بوون"ی هەبووبێ. ئەم مانایە دە زمانی کوردمادیدا دە وشەی ↑گەمبۆڵ gembol دا پارێزراوە کە دەبێتە "1- گۆڵەسەگی پیر 2- زۆر پیری مووچەرمکَ". دەشێ دواتر وشەکە دە زمانی کوردمادیدا مانای "بەخۆدا هاتن، جوان بوون"ی پەیدا کردبێ. ئەو وشانە هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ جمال camāl (Arb.) "جوانی" و كمال kamāl (Arb.). لەوانەیە ئەم وشەیەش پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەبێ.

خەنان xenan [*xanān*] - "پشکووتوو، کراوە": خزمە دەگەڵ ↑کەنین kenîn [پێکەنین pekenîn] سەر بە ریشەیەک بە مانای "دەم کردنەوە".

[تێبینی: هەڵی سەنگینە دەگەڵ "باز" بە مانای "کراوە" و "بزە" بە مانای "زەردەخەنە"].

خەنجەر xencer [*xanjar*] - "کێردی تایبەتی شەڕ": خنجر xanjar (P.). دەشێ پێوەندی بە ↑ئەنجنین encınîn [هەنجنین] هەوە هەبێ.

خەنە xene [*xana*] - "بەری گیایەکە بۆ رەنگَ کردنی موو بە کاری دێنن". هنە hıne و هەنە hene ش دەگوترێ. حنا ħanā (P.). وشەکە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکانیش و بۆ وێنە دە ئەڵمانیدا دەگوترێ henna (G.). بەگوێرەی فەرهەنگە ئەڵمانییەکان دەچێتەوە سەر ħinna (Arb.). بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی خەنە رەنگێکی زەردی ئامان سوور دروست دەکا، پێ دەچێ ئەسڵی وشەکە بچێتەوە سەر ریشەی هیندوئەورووپی ***kn(e)ko- >** (IE.) "رەنگی زێڕ، زەردی وەک زێڕ"، ↑هەنگوین hengwîn و ↑کەنشت kenışt "جۆرێک مۆمی هەنگوین" لەم ریشەوە هاتوون.

خەوتن xewtın [*xawtın*] - "نووستن": خەفتن xeftın یش دەگوترێ. دە فارسیدا خفتن/ خوابیدن xābīdan (P.) /xoftan (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ hypnos (Gr.) "خەو"، sopor (L.) "خەوی قووڵ"، sopire (L.) "خەو بردنەوە" سەر بە ریشەی ***su(e)p- >** (IE.) "خەوتن". دە شێوەزاری زازاییدا بە خەو دەگوترێ هەون hewın.

[تێبینی: لەباری ئاڵوگۆڕی فۆتیمەکانەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "خۆر"].

خەوخان xewxan [*xawxān*] - "وەڕەز و سست بوون": خزمە دەگەڵ ↑خاو xaw "شل و داکەوتوو".

خەوش xewş [*xawıš*] - "کەمایەسی، زەدە": دەشێ دەبنەڕەتدا ↑خەش xeş بووبێ و گۆڕانی بەسەردا هاتبێ.

خەون xewın [*xawın*] - "وێنەکانی کاتی خەوتن": دەچێتەوە سەر ↑خەوتن xewtın.

خەی xey [*xay*] - "وشەی دەربڕینی خۆشی و خۆشەویستی": ئۆخەی oxey یش دەگوترێ [ئۆ + خەی، دە فارسیدا اوخ āwax (P.)]. خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑کەڵ *kel* و↑کەڵکەڵە kelkele "حەز و خولیا"، سەر بە ریشەی ***ka- >** (IE.) "پێخۆش بوون، حەز لێبوون". ئەم ریشەیە دواتر ریشەیەکی نوێتری لێ دروست بووە کە بریتییە لە ریشەی -*karo* (IE.) "خۆش ویستن، حەز لێکردن". چەند وشەی وەک ↑کەڵ kel و↑کەڵکەڵە kelkele بۆ ئەم ریشە نوێیە دەگەڕێنەوە.

خەیار xeyar [*xayār*] - "هارۆ، هارووێ": شێوەیەکی دیکە لە haro هارۆ یان ↑هارووێ harwe.

خەیدین **xeydîn** [*xaydīn*] - "تووڕە بوون، رق هەستان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Haß (G.)، hatis (Gt.)، hete (OE.)، hate (E.)، hat (Sw.) "رق، بێزاری"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *kad-*** > "رق، پەژارە، ئازار". وشەی kedos (Gr.) "خەم، خەفەت" لەم ریشەوە پەیدابووە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ -héda (OIn.) "تووڕەیی". لەوانەیە ↑خەجڵین xeclîn "شڵەژان"یش پێوەندی بەوشەکانی سەرەوە هەبێ.

خیچ **xîç** [*xīč*] - "فرۆ، ژەکی کوڵاو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ↑ کشک keşık.

خیچان **xîçan** [*xīčān*] - "دۆڕان": [بۆ هێندێک کایە بە کاری دێننن وەک خەستەکین]. لەوانەیە پێوەندی بە ↑هیچ ĥîçan ەوە هەبێ و مەبەست "بوونەوە بە هیچ"، "هیچ بۆ مانەوە" بێ.

خیز **xîz** [*xīz*] - "زیخ، چەو": خزمە دەگەڵ kies (G.) و kiesel (G.) و ceosel (OE.) "خیز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *geis-*** > "خیز".

خیزار **xîzar** [*xîzār*] - "شەقەمشار، هەڕەی دووکەسی": خزار xızar یش دەگوترێ. بنەوشەی خیز -xîz بە شێوەی دیکە دە وشەکانی ↑خاش xaş [قاش qaş]، ↑کووز kuz، ↑گوێزان guwezan و هیتردا دەبیندرێ.

خیزک **xîzık** [*xīzık*] - "جەغز": شێوەیەکی دیکە لە ↑کۆز koz .

خیزە **xîze** [*xīza*] - "پێستەی روون تێکردن": ↑خیگە xîge ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑خەز xez "پێستەی ئاژەڵ".

خیزەران **xîzeran** [*xīzarān*] - "لکی تازە دەرچووی دار": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑خێزیان xezyan "راست بوونەوە، هەراش بوون، باڵا کردن".

خیگە **xîge** [*xīǧa*] - "پێستەی روون و پەنیر تێکردن": شێوەیەکی دیکە لە ↑خیزە xîze و خزمە دەگەڵ ↑خەز xez "پێستەی ئاژەڵ".

خیلانکَ **xîlang** [*xīlāng*] - "دڕکیکە بۆ ئاگر کردنەوە بەکاری دێنن": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑کەلەندر [کەلەندی kelendî] "مەڵەغان".

خیم **xîm 1** [*xīm*] - "بناخە، بەردی بناخە": شێوەیەکی دیکە لە ↑هیم hîm و دواجار ↑کەڤر *kevır* "بەرد".

خیم **xîm 2** [*xīm*] - "سینکَ، گوڵمیخ": خزمە دەگەڵ چەند وشەیەک کە ئاماژە بە "کوتان" دەکەن، وەک ↑قەمە *qeme*، ↑قیمە qîme، قەمچی qemçî [↑قامچی qamçî] و هتد.

خێچ **xeç** [*xeč*] - دەگەڵ "خوار" دێ و دەگوترێ خوار و خێچ xwar u xeç. دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەکی دیکەشمان هەیە کە خزمن دەگەڵ ئەم وشەیە، وەک ↑خێس xes "مل خوار"، ↑قیچ qîç "خوار"، ↑گێژ gej "دە بنەڕەتدا واتا سەرسووڕاو، بەلاداهاتکَ"، ↑کاس kas "سەر دە گێژەوە هاتوو" و هتد. دە فارسیدا کج kac (P.) "خوار" و گوژ gūž (P.) [گوژپشت واتا پشتکوور]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑کەژ kej "بلندایی، کێو"، ↑قۆز qoz "قیت و قنج". هەموو ئەو وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *keu-*** > "چەمانەوە، خوار بوون".

خێر **xer** [*xer*] - "چاک، چاکە": هەروەها نەخێر nexer هەیە وەک وڵامی دژی بەڵێ. کاتێک داخوازێک وڵامی ئەرێنی پێ دەدرێ، دەگوترێ"بەڵێ" یان "باشە". بەپێچەوانەوە وڵامی نەرێنی دەبێتە نەخێر nexer[نە ne + خێر xer واتا "نەباشە"]. دیارە ئەم وەڵامی "نەخێر"ە، بەتایبەتی دە زمانی فارسیدا هێندێک جار کورت دەکرێتەوە و تەنیا دەگوترێ "خێر" [خێر وا نابێ واتا نەخێر وا نابێ]. وشەی "خێر" وێ دەچێ وشەیەکی بە ئەسڵ کوردمادی بووبێ، چونکوو ئەم وشەیە دە زمانە ئەورووپییەکانیشدا هەر لە کۆنەوە هەبووە. خێر خزمە دەگەڵ heil (G.)، wohl (E.)، hails (Gt.)، celyj (Rus.). ئەم وشانە بەم مانایانە بەکار دێن: "تەواو، باش، چاک، ساخ، دروست، بێ کەم و کورتی". هەموو ئەم مانایانە پێوندی تەواویان بەیەکەوە هەیە. بۆ وێنە "قسەکەت زۆر تەواوە" مانای ئەوەیە "قسەکەت زۆر باشە" یان

"تەندروستی" هەمان لە "لەش ساخی"یە، یان "چاک کردنەوەی شتێک یان نەخۆشی" جگە لە "ساغ کردنەوە و نەهێشتنی کەم و کورتی" چیتر نییە. مانای "باشی و چاکی" دە وشە ژێرمەنییەکاندا پڕ بەرچاوە، بۆ وێنە heilen (G.) "چاک کردنەوەی نەخۆش"، heilig (G.)، holy (E.) "پیرۆز". دە زمانی کوردمادیشدا "چاک" مانای "پیرۆز" دەبەخشێ [چاک و پیر] و ژنان بەتایبەتی دەچنە سەر چاک و پیران تاکوو بەختیان چاک بێ یان لە نەخۆشی چاک ببنەوە. Heil (G.)، ha l (OE.) دەبێتە "بەختی چاک، بەختەوەری". Heil Hitler سڵاو کردن لە هیتلێر بووە بە مەبەستی بەخت و چاکەخوازی بۆی [یان بەو مەبەستە کە ئەو چاک و پیرۆزە و سەر چاوەی خێر و بەختەوەرییە بۆ گەل؟]. دە زمانی کوردمادیدا "بەخێر"یش بەفراوانی بەکاردێ: بەخێر هاتی، بەخێر چی، بەخێر گوزەرا و هتد. لەم بارەوە دوو وشەی دیکەش دە زمانی کوردمادیدا سەرنج رادەکێشن کە دەبێ ئەوانیش لەم پێوەندییەدا لێک بدرێنەوە، واتا ↑چارە *çare* "1- بەخت 2- ساخی" [چارە کردن واتا ساخ کردنەوە]، و↑چلیان çılyan "دروست بوون". ئەوەی لێرەدا زۆر سەرنجراکێشە ئەوەیە کە مرۆڤانی کەونارا بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە چەمکەکانی "بەخت و بەختەوەری، ساخی و تەندروستی، چاکە و پیرۆزییان" خستووەتە ناو یەک چوارچێوەی فیکرییەوە!

خێرا xera [*xerā*] - "بەپەلە، گورج و گۆڵ، تیژڕەو": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑هەڕا hera [هەڕا کردن]، ↑هێرش herış و هتد.

خێز xez [*xez*] - "خشڵ، زێر و زێو": خزمە دەگەڵ ↑خشڵ xışıl و هەروەها ↑خەزێنە xezene.

خێزان xezan [*xezān*] - "ماڵبات، بنەماڵە": خزمە دەگەڵ خویش xīš (P.) بە مانای"خزم". ئەم وشانە دەشێ پێوەندییان بە ↑خات xat ەوە هەبێ [خات یان خاتوون دە بنچینەدا بە مانای جووت، هاوڵ، هاوسەر بووە].

خێزیان xezyan [*xezyān*] - "1- هەستان، رابوون 2- هەراش بوون، باڵا کردن": بڕوانە ↑ئاخێز axez.

خێس xes [*xes*] - "مل خوار": هێس hes ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑خێچ xeç.

خێشاندن xêşandın [*xešāndın*] - "وە درەنگی خستن": خزمە دەگەڵ ↑کێشان kêşan [درێژە کێشان].

خێشک xêşk [*xešk*] - "تەختەی هەموار کردنی شێوەرد": هەروەها خێش xêş هەیە بە مانای "شەنەی دەم بە قولاپ کە شتی گرانی پێ دادەگرن". خیش xīš (P.) "ئامرازی دەمخوار بۆ کێڵانی زەوی". دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑هێچک heçk "قوڵفەداری سەری گوریس".

خێل xel [*xel*] - "چاوخوار": خزمە دەگەڵ scheel (G.) دە بنەڕەتدا بەمانای "خێل" و schielen (G.)، scēlan (OE.) "خێل بوون" و skelgja (OIs.) "خێل کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kel- >*** "خوار و خێچ، بادراو، وەرگەڕاو". خزمە دەگەڵ ↑شەل şel و ژمارەیەک وشەی دیکە.

خێڵ1 xel [*xel*] - "هۆز، عەشیرە": مەبەست لە وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژە بە "حەشامەت و ئاپۆرە"یە. هەروەک چۆن وشەکانی حەشامەت و ئاپۆرە دە بنچینەدا ئاماژە بە مانای "زۆری و پڕانی" دەکەن، هەربەم جۆرەش "خێڵ" دەتوانێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑گەل gel "1- زۆری، پڕانی، فرەیی 2- ئاپۆرە، خەڵک".

2- خیلی xeylî (P.) "زۆر، گەلێک".

3- ↑کەیل keyl "پڕ". ["پڕ" خزمە دەگەڵ "ئاپۆرە"].

[تێبینی: شیاوی باسە گەلێک لەو وشانەی دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا مانای "کۆمەڵێک مرۆڤ یان ئاژەڵ" دەبەخشن، دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی ئاماژە بە چەمکی "زۆر و زەوەندی" دەکەن، بۆ وێنە دە زمانی کوردمادیدا وشە ئاپۆرە، پۆل، پلوورە وهیتر دەچنەوە سەر وشەی "پڕ" بە مانای زۆر و زەوەندی].

خێڵ2 xel *[xel]* - "خول": دڵ دە خێڵەوە هاتن واتا دڵ شێوان. شێوەیەکی دیکە لە ↑خول xul و هەروەها ↑خێل xel "چاوخوار".

خێلی xelî *[xelī]* - "1- رووبەند، پەچە 2 - سێبەر، تەم 3- تارای بووک":

1- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Schleier (G.)، sleier (MG.) "پەچە، تارا، چارشێوی راهیبەکان". ریشەی ئەم وشە ئەڵمانییە ساخ نەکراوەتەوە.

2- لە لایەکی دیکە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ هالە hale (P.) "خەرمانەی مانگ، تەم و مژی دەوری مانگ" [بروانە ↑ هاڵان halan].

خێو xew *[xew]* - "خاوەن": شێوەیەکی دیکە لە ↑خاوەن xawen.

خێوران xewran *[xewrān]* - "توانەوە(ی خۆراکی)": [دە بنەڕەتدا: ورد بوون، هاڕدران]، خزمە دەگەڵ ↑هێڤڕ hêvır "هاڕین، ورد کردن"، هێڤڕان hevran "باراش، زمهەڕ"، ↑کەڤر kevır "بەرد"، ↑کەمرە kemre و ↑حەمرین *ħemrîn* و چەندین وشەی دیکە بە مانای "سەخت، رەق، بەردین". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(a)k(a)men- >*** "بەرد". وشەی ↑ئاش aş یش هەر لەم ریشەوە هاتووە و دە بنەڕەتدا مەبەست "بەرداش"ی ئەمڕۆ بووە. هەروەها هەسان hesan "بەردی تیژکەرەوە" لەم ریشەوە هاتووە. مەبەست لە "هێڤر" کردن لە بنەڕەتدا کوتان و ورد کردن بە بەرد [بەرداش] بووە. وشەی هێڤڕ hêvır "هاڕین، ورد کردن" بە شێوەیەکی دیکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە ↑هەپروون heprun "ورد و خاش" [هەپروون بە هەپروون بوون، واتا ورد و خاش بوون]. دە زمانی ئەڵمانیشدا Hammer (G.) "چەکوچ، کوتک" و hämmern (G.) "کوتان، کوتک لێدان" پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "توانەوە (خۆراک)" و "ورد کردن، ورد کران" هەڵی سەنگینە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە کە بەیەکەوە خزمن: *هەرستاندن* "ورد و خاش کردن، شکاندن"، *هەرشان* "لەبەر یەک بڵاو بوون، پلیخانەوە، هەلا بە هەلا بوون"، *هەرسەک* "هەزم، تاوانەوەی خۆراک". هەروەها سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "ورد کردن" و "ئاش" بەرهەڤی بکە دەگەڵ وشە خزمەکانی خوارەوە، واتا ماردن mardın [مارین marîn، ماردین mardîn] "کوتان، لێدان، شکاندن، ورد کردن"، مەردان "چەکوچ"، ↑مەرچاندن merçandın "پڵیخاندنەوە"، سمەر sımer "ساقەتەدەغڵی وردکراو، کا". ئەم وشانە دەگەڵ Mühle (G.) "ئاش" خزمایەتی پەیدا دەکەن].

د (D)

دا 1 [dā] - پێشگری کردار بۆ ئاماژە کردن بەلای خوارەوە [بۆ وێنە دانان، دانیشتن، داگەڕان وهتد]. خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی کە ئاماژە بە قووڵایی یان بە لای خوارەوە دەکەن، وەک↑تەشک teşk[تەشک و داوێن]، ↑تەشق teşq [تەشقی ئاسمان واتا بنی ئاسمان، قووڵایی ئاسمان] و تە tah (P.) "بنەوە، خوارەوە". دواتر خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî "خەندەک، رەهەند، گۆڕیچە"، tief (G.)، tiuf (OG.)، diup (Gt.)، deep (E.)، djup (Sw.)، dubus (Lit.) "قووڵ، ڕۆچووکَ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dheu-b- >*** "قووڵ، هەڵۆڵ". وشەی عەرەبی تحت taħt (Arb.) "لەژێر، لەخوار" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. لەوانەیە وشە عەرەبییەکە وەرگیراو بێ.

دا 2 [dā] - [دا بدە da bıde، دا وەرە da were ...]. دە زمانی ئاخافتنی فارسیدا de (P.) دەگوترێ [د برو de boro، د بیا de bīyā]. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑دە[3] de [dı] وەک نیشانەی کردار لە کاتی ئێستادا [دەڕۆا derwa، دەبات debat، دەگرێ degre و هتد]. ئەم وشانە ئاماژە بە بڕگەیەکی زەمانی دەکەن، واتا کاتێکی داریکراو. خزمن دەگەڵ هێندێک وشە وەک ↑دەم *dem*، ↑تەمەن temen، ↑تاو taw، ↑تاف taf (تافی لاوی)، ↑دال dal 1 "جار، کەڕەت" و هتد.

[تیبینی 1: دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ گەیاندنی مانای "دا" [دا وەرە] وشەی Mal بەکار دێ، کە خۆی مانای "جار" دەدا: komm mal "دا وەرە"، hör mal "دا گوێ بگرە"و هتد. [Mal ی ئەڵمانی لەباری مانا و شێوەی دارشتنەوە بەراورد بکە دەگەڵ دال dal 1]. دەبینین دە زمانی ئەڵمانیدا وشەیەک بە مانای "جار" لە جێگەی "دا"ی کوردمادی بەکار دەهێنرێ. چەمکی "جار" و "دا" [واتا دەم، دەمێکی دیاریکراو] پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و هەر بۆیە وشەکانی دەربڕی ئەم دوو چەمکە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا خزمن. وشەی "جار" بۆ وێنە دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی ئەو زمانانە بە مانای "دەم، تەمەن". هەر کام لە وشەکانی "دا / دە" و "جار" سەرەڕای هاوپێوەندی لە مانادا دەچنەوە سەر ریشەیەکی تایبەت بە خۆیان. نیشانەکانی "دا" [دا وەرە]، "دە" [دەڕۆم]، ↑دێ[2] de [دێ بچم dê bıçım، دە شێوەزاری کوردمادی سەرووودا بۆ ئاماژە بە کاتی داهاتوو] هەمووی پێوەندی بە چەمکی "دەمێکی دیاریکراو" پەیدا دەکەن و خزمن دەگەڵ وشەی "دەم". دە زمانی فارسیدا لەجیگەی "دە" [دەڕۆم] لە نیشانەی می mī (P.) کەڵک وەردەگیرێ، بۆ وێنە می روم mī ravam (P.) "دەڕوم". ئەم نیشانە فارسییە خزمە دەگەڵ وشە ئەڵمانییەکەی سەرەوە، واتا Mal (G.). وەک دەبینرێ لە زمانی کوردمادی و فارسیدا کەڵک لە دوو وشەی جیاواز وەردەگیرێ، بەڵام ئەم وشانە هەردووکیان پێوەندی بە چەمکی "کات(ێکی دیاریکراو)" پەیدا دەکەن. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑محەل mıħel "1- دەم، کات 2- جار، کەڕەت" پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە. جێی ئاماژەیە کە وشە "محەل" هاوکات هەر دوو مانای "دەم" و "جار" لە خۆ دەگرێ و ئەمەش پێوەندی ئەم دوو چەمکە بە یەکەوە پشتراست دەکاتەوە. تیبینی 2: بەکار هێنانی وشەی ئینگلیزی now "نها" لە رستەی کاتی ئێستادا شتێکە وەک نیشانەی "دە" [دەڕۆم] دە زمانی کوردمادیدا و ئەویش ئاماژە بە چەمکی کاتی ئێستا لە رستەکەدا دەکا. هەروەها دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی gerade بەکار دەهێنرێ، وەک Ich gehe gerade nach Hause "من نها دەچمەوە ماڵ". خودی وشەی gerade بەڵام دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ڕۆیشتن، خلۆر بوونەوە، بزوانێ بە لەز و خێرا" [خزمە دەگەڵ "رێ"] و دە بنەڕەتدا بە مانای "بەپەلە، خێرا" هاتووە و مەبەست گەیاندنی مانایەکی وەک "زوو، بێ دواکەوتن" بووە، وەک ئەوەی بڵێی "من هەر ئێستا دەڕۆم"].

داب dab *[dāb]* - "ڕەسم، یاسا و ڕێسا": دەگەڵ "نەریت" دێ [داب و نەریت]. داپ dap یش دەگوترێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی کە چەمکی "نووسین و نووسراوە" دە خۆیان دەگرن، وەک ↑دەبیر debîr، ↑دەفتەر defter، ↑دیباچە dîbaçe، ↑دەبستان debıstan، ↑دیوان dîwan [دیوانی وەفایی]، ↑ئەدەب *edab* و هتد. دە زمانی پەهلەویدا dīp (Pl.) بە مانای "نووسراوە" هاتووە. بەم پێیە دەردەکەوێ کە وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "نووسراوە" بووە و دیارە لێرەدا مەبەست لە نووسراوە یاسا و قانوون بووە، بە وتەیەکی مەبەست ئەو قانوون یان قانوونانە بوون کە نووسراونەتەوە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "یاسا" کە وشەیەکی تورکییە و دە ئەسڵدا مانای "نووسین" دەدا. وشەکە هەروەها دەگەڵ "دەستوور" دێ [داب و دەستوور]. مانای "دەستوور"یش هەر وەک "داب" دەبنەڕەتدا "نووسراو(ە)" بووە و لەوێوە دواتر مانای "فەرمان، یاسا و قانوون" سەری هەڵداوە.

دابڕسکان dabırıskan *[dābırıskān]* - "پەلامار بردن (بۆ رفاندن)": داپڕسکان dapırıskan یش دەگوترێ. هەروەها ↑دابەڕزاندن daberzandın هەیە بە مانای "هەڵمەت بردن". دا + برسکاندن da+ bırıskandın. خزمە دەگەڵ ↑پڕووسکان pıruskan "لەبەر یەک هەڵوەشان" [دەبنەڕەتدا: پەڕژ و بڵاو بوون]. و دەگەڵ ↑پڕژان pırjan، پرووسکە pıruske "پڕیشکی ئاگر، ئاورینکێ"، spritzen (G.) "پڕژان، فیچقان، دەرپەڕینی ئاو و ئاگر"، sprutze (G.) "پڕیشکی ئاگر". ئەم وشانە وێ دەچێ دواجار دەگەڵ ↑پەڕین perîn پێوەندییان هەبێ.

دابەڕزاندن daberzandın *[dābarzāndın]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑دابڕسکان dabırıskan.

دابەزین dabezîn *[dabazīn]* - "هاتنەخوار": پێک هاتووە لەپێشگری دا + بەزین da + bezîn. کەرتی "بەزین" خزمە دەگەڵ ↑بزوان bızwan [بزووتن bızûtın] و چەندین وشەی دیکە بە مانای "جووڵان، ڕۆیشتن". پێشگری "دا" ئاماژە بە لای خوارەوە دەکا. بەم جۆرە "دابەزین" ماناکەی دەبێتە بزوان، جووڵان بەرەو خوارەوە.

دابین dabîn *[dābīn]* - "1- ساز، ئامادە، پێکهاتوو 2- ئارام، ئۆقرەگرتوو": دەشێ وشەیەکی خوازراو بێ < *تامین ta´mīn (Arb.)*.

داپڕۆسکان dapıroskan *[dāpıroskān]* - "رووت بوونەوەی لکەدار یان هێشوو لە گەڵا یان دەنک": داپڕۆزقان dapırozqan و داپڵۆسکیان dapıloskîyan یش دەگوترێ.

1- بینجی وشەکە لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑وەرساندن wersandın "پچڕاندن" و ↑وێرت wert "لەوەڕگە".

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑پڕووسکان pıruskan "لەبەر یەک هەڵوەشان".

داپسکان dapıskan *[dāpıskān]* - "1- بەکزی کرۆشمە کردن 2- فس خواردنی مریشک بۆ کەڵەشێر": دا + پسکان da + pıskan. کەرتی یەکەم پێشگرە. کەرتی پسکان pıskan خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە چەمانەوە، داهاتنەوە و خوار بوونەوە دەکەن، وەک ↑فس[2] fıs خواردن، ↑فیزانەوە fîzanewe ، ↑بەزین[2] bezîn "دۆڕان" [دەبنەڕەتدا: داهاتن، چەمانەوە] و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە وەک ↑*بازنە bazne* و ↑باسک bask.

داپلۆخان dapıloxan *[dāpıloxān]* - "پێست فڕێ دان بەهۆی سووتانەوە": دا + ↑پلۆخان da + pıloxan. پێشگری "دا" دە چەندین کرداری دیکەشدا ئاماژە بە "لێبوونەوە" دەکا، وەک داکەندن، دارنین، داتاشین، داهێزان و هتد. پلۆخان pıloxan خزمە دەگەڵ ↑پۆلکە polke [پۆرکێ porg] و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بەمانای "پێست" یان بەگشتی ئەوەی شتێک دادەپۆشێ.

داپڵۆسین dapılosîn *[dapılosīn]* - "لێدانی توند، دارکاری کردن": پێشگری دا + پڵۆسین da+ pılosîn. خزمە دەگەڵ fluchen (G.) "نەفرین کردن" [دە بنەڕەتدا: "لێدان، بەدەست لە سینگی خۆ دان لە کاتی تووک و نزا کردندا"]، flocan (OE.)"لێدان"، flokan (Gt.)"سکاڵا کردن [دەبنەڕەتدا: "خەمگینانە لە سینگی

خۆ دان"]، plage (.L)"زەبر" و plangere (.L)"لێدان، خەمبار بوون"، plessein (.Gr)"لێدان"، سەر بە ریشەی *(IE.) *plak- >* "لێدان، بریندارکردن". وشەی ↑بەڵا bela ش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و مەبەست دە بنەڕەتدا "زەبر و زیان"ی چارەنووس و ڕۆژگارە.

داپیتن dapîtın *[dāpītın]* - "هەڵپەرتاوتن، لێدانی لک و پۆپی دار": پێشگری دا + پیتن pîtîn + da. کردارەکە خزمە دەگەڵ ↑پاچین paçîn [هەڵپاچین helpaçîn، داپاچین dapaçîn].

داترووسکان datırûskan *[dātırûskān]* - "ڕاچەنین لە ترسان": دا + تروسکان tırûskan + da. "تروسکان" لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑ترس tırs "دڵەڕاوکێ، سڵەمینەوە".

داتسیان datısyan *[dātısyān]* - "داهاتن (ی نیزیک بە ڕووخان)" [دیوارەکە داتسیاگە]. پێشگری دا + ↑تسیان tısyan + da.

داتەپین datepîn *[dātapîn]* - "قووپاو، ڕۆچوو": داتەپکین datepkîn ش دەگوترێ. بڕوانە ↑تەپین tepîn.

داچەکان dačekan *[dāçakān]* - "سیس و مل کز بوون": پێشگری دا + چەکان çekan + da. کرداری چەکان çekan شێوەیەکی دیکە لە ↑ژاکان jakan.

داچەلاندن daçelandın *[dāčalāndın]* - "شۆر کردنەوە، شل کردن": ↑دا da + ↑چەلاندن çelandın.

داخ dax *[dāx]* - "1- ↑داغ dağ 2- کوڵ و کەسەر": وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "سووتان"ە و لێرەوە مانای "کەسەر"یش دروست بووە، چونکە خەم و کەسەر و ناخۆشی وەک سووتانی دڵ و دەروون چاو لێکراوە. دە زمانی کوردمادیدا هێندێک ئیدیۆم ئەم پێوەندییە بەباشی دەردەخەن، وەک زگ پێ سووتان، جەرکَ سووتان، داخ لەدڵ، داخ لەسەردڵ دانان و هتد.

داخورپان daxurpan *[dāxurpān]* - "ترسان و شڵەزانی توند بە خەبەری ناخۆش، دڵ داکەوتن": بڕوانە ↑خورپە xurpe.

داد dad *[dād]* - "حوکمی ڕەوا، عەدالەت": پێش ئەوەی بچینە سەر شی کردنەوەی وشەکە، پێویستە تێبینییەک بخەینە ڕوو:

[دە زمانی ئەڵمانیدا چەند وشەیەک لە پێوەندی دەگەڵ ئەم باسەدا سەرنج ڕادەکێشن. ئەم وشانە بریتین لە Teil (.G) "بەش، تیکە"، teilen (.G) "بەش کردن، لەت کردن"، verteilen (.G) "بڵاو کردنەوە، دابەشین، وەشاندن"، erteilen (.G) "دان، پێدان"، mitteilen "(پێ)ڕاگەیاندن"، Urteil (.G) "حوکم"، verurteilen (.G) "مەحکووم کردن"، beurteilen (.G) "حوکم دان، داوەری کردن" و هتد. وەک لەم وشانەدا بۆمان دەردەکەوێ، دە زمانی ئەڵمانیدا چەمکی "حوکم و داوەری" [دادوەری] پێوەندی هەیە بە چەمکی "بەش کردن، دابەشین، پێدان". دە ڕاستیدا "حوکم" ی دادگا یان جڤاتێکی یاسایی وەک شتێک سەیر کراوە کە دراوە یان بەش کراوە [دابەشراوە] بەسەر لایەن یان لایەنەکانی کێشەیەکدا].

دە زمانی کوردمادی و فارسیشدا دەبێ پێوەندییەکە هەر بەم چەشنە بووبێ. وشەی "داد" دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای "حوکم" بووبێ، واتا ئەو قەرارە کە جڤاتی یاسایی *داویەتی*. پاشان وشەکە ماناکەی لە "حوکم"ەوە گۆڕاوە بۆ "عەدالەت". ئەو گۆڕانەش بێگومان لەوەڕا هاتووە کە دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی گوێڕایەڵی ئەوان لە هەموو سەردەمەکاندا حوکم و قەراری خۆیان وەک شتێکی ڕەوا و دادپەروەرانە بردووەتە ناو مێشکی مرۆڤەکان و بەم جۆرە ئیتر "حوکم" مانای "عەدالەت"ی وەرگرتووە و تەنانەت جێگەی ئەویشی گرتۆتەوە! لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دان dan "پێدان، بەش دان". وشەی ↑داتیر daner [داتیر بەمانای "حاکم" و داتیر کردن بە مانای "محاکەمە کردن"] دە زمانی کوردمادیدا ئەو بوچوونەی سەرەوە پشتراست دەکا. دە زمانی کوردمادی و فارسیدا وشەی "داد" هەروەها مانای "هاوار"یشی وەرگرتووە. دە کوردمادیدا بۆ وێنە دەڵێن "هەی داد لە دەست چەرخی چەپگەرد، هەی داد لە دەست زاڵم و زۆردار، هەی داد لە دەست پیاوی نامەرد، هەی داد لە دەست کوردی

خۆفرۆش" و هتد. لەم رستانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە "داد" دەگەڵ "هاوار" بە مانا گشییەکەی خۆی یەکسان نییە، بەڵکوو هاوارێکە لە دەست نارەوایی و نادادپەروەری، هاوارێکە بۆ گەیشتن بە ماف و حەقی رەوا. ئەم مانایە دەبێ لێرەوە سەرچاوەی گرتبێ کە مرۆڤەکان لە کاتی تووش بوون بە نارەوایی مەزندا بە دەنگی بەرز هاواریان کردووە و گوتوویانە "هەی داد"، واتا مەبەستیان "بانگ کردن"ی عەدالەت بووە، مەبەستیان ئەوە بووە بڵێن "عەدالەت لە کوییە"، "کوا عەدالەت کە ئێمە لەم دۆخە نارەوایە رزگار ناکا". ئیتر لێرەوە مانای وشەکە گۆڕاوە بۆ "هاواری ئاریکاری خواستن" [دە ئەسڵدا: هاواری دادخوازی] و دواتریش "هاوار" بە گشتی. دە کوردمادیدا دەگوترێ "بە داد گەیشتن"، دە فارسیدا "بە داد رسیدن" be dād rasīdan (P.) واتا "بە هاوارەوە چوون، بە فریا گەیشتن". دە فارسیدا مانای وشەکە گۆڕاتیکی زۆرتری بەسەردا هاتووە و هەروەها بەگشتی بە مانای "قیژە، زیقە"ش بەکار دێ: داد زدن dād zadan (P.) "قیژاندن، زیقاندن" [جا بە هەر هۆیەکەوە بێ].

دادار dadar [*dādār*] - دە فەرهەنگی فارسیدا وشەکە دوو مانای بۆ دیاری کراوە: 1- عادڵ، دادوەر(انە) 2- بەدیهێنەر". وشەکە دەشێ پێوەندی بە ↑داد dad "عەدالەت"ەوە هەبێ. مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێ "حوکمدەر، قەراردەر، حاکم" بووبێ. دواتر کاتێک باس لە "داداری جیهان" کراوە، مەبەست "خودا" بووە کە لە روانگەی خوداپەرستانەوە حوکم و قەراری جیهانی بە دەستەوە و بڕیاری رەوا لەسەر هەموو کار و باری جیهاندا دەدا. کەوابوو وشەکە دە ئەسڵدا بە مانای "بەدیهێنەر" نییە و ئەم مانایە دواتر پەیدا بووە.

دادە dade [*dāda*] - "خوشکی گەورە": وشەکە لە زمانی زارۆک وەرگیراوە و لە دووبارە بوونەوەی دەنگێک دروست بووە کە زارۆک گڕ و گاڵی دەکا. دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا و بەتایبەتی دە زمانی کوردمادیدا چەندین ناوی کەسانی سەر بە بنەماڵە بەم چەشنەی سەرەوە دروست دەبن، وەک بابە babe، کاکە kake، مامە mame، نەنە nane، یایە yaye. هێندێک جار ئەم ناوانە ماناکەیان لە زماتیکەوە بۆ زماتیکی دیکە دەگۆڕدرێ، بۆ وێنە "دادە" دە کوردمادیدا "خوشکی گەورە"یە، دە ئینگلیزیدا daddy ناوە بۆ "باوک"، یان "مامە" دە کوردمادیدا "برای باوک"ە، دە فارسیدا "ماما" ناوە بۆ "دایک".

دار dar [*dār*] - "درەخت": دە فارسیدا درخت deraxt (P.). خزمە دەگەڵ tree (E.)، treo (OS.)، trin (Got.)، dóry (Gr.)، derevo (Rus.) "دار"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *deru- >*** "دار". وشەی ↑درەخت dırext یش کە دە زمانی کوردمادیدا لە لاوە بەکار دێ، هەرلەم ریشەوە هاتووە.

[تێبینی: شیاوی باسە دە کتێبی شانامەی فیردەوسیدا وشەی دار هەروەک ئەمڕۆی زمانی کوردمادی بەکارهاتووە و گوتراوە "دارودرخت" [دار و درەخت] و "داروبرد" [دار و بەرد]. بەڵام وێ دەچێ زماننناسە فارسەکان لە وشەی "دار" تێ نەگەیشتبن، یان بەزانین بە لایدا تێ پەڕیبن. لە کتێبێکی شانامە کە لەبەردەستم دایە (وەشانخانەی امیرکبیر، 1369هەتاوی) "دارو برد" وەک "سازوبرگ جنگی" واتا کەرەسەی جەنگی مانا کراوەتەوە! لە حاڵێکدا "داروبەرد"ەکەی شانامە هەر ئەو دار و بەردەیە کە دە زمانی کوردمادیدا هەیە و لە کاتی شەڕ، بەتایبەتی شەری پاڵەوانانی کەونارادا بەکار هێنراوە و تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا، کاتێک دوو یان چەند کەس دەگەڵ یەکتر بە شەر بێن، ئەگەر دار و بەرد لەبەر دەستدا بێ، بۆ کوتانی یەکتر بەکار دەهێنن].

دارا dara [*dārā*] - "خاوەن": هەروەها دارایی darayî "سامان" و نەدار nedar بە مانای "هەژار، بێ سامان" بەکار دێ. دە زمانی فارسیدا وشەکە وەک کرداریش بەکار دێ: دارم dāram "هەمە"، داشتم daštam"هەمبوو". ئەم وشەیە دەبێ پێوەندی بە کرداری ↑دان dan ەوە هەبێ [پێدان]. رەنگە دە بنەرەتدا مەبەست لە "دارا" هەمان "پێدراو" بووبێ واتا کەسێک کە لە لایەن دەسەڵاتیکەوە سامانی پێ دراوە. شیاوی سەرنجە کە دە کوردەواریدا کەسانی ساماندار بە وشەی "خواپێدراو"یش بەناو دەکرێن.

دارانەوە daranewe [*dārānawa*] - "بوورانەوە، لەسەر خۆ چوون": دە فارسیدا بە دارانەوە یان بوورانەوە دەگوترێ "غش کردن". ئەم وشە فارسییە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی وەک "گەشکە" [گەشکە گرتن]، "کاس" [کاس بوون]، "گیژ" و هتد. ئەم چەند وشەیە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سووڕان، خوار بوونەوە، با دران". دۆخی بوورانەوە دۆخێکە کە مرۆڤ سەری دەگێژەوە دێ و بە لادا دێ [*خوار* دەبێتەوە]. هەر بەم جۆرە وشەی "دارانەوە" خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە لەژێر ↑تلان tılan "سووڕان"دا باس کراون و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سووڕان، با دران".

دارسان darısan [*dārısān*] - "پەلامار بردن": دارسکان darıskan یش دەگوترێ.خزمە دەگەڵ ↑راسان2 rasan "هەستان، راست بوونەوەی خێرا". ["لێی راسا" واتا لێی هەستایە سەر پێیان بە مەبەستی پەلامار دان].

دارسکاندن darıskandın [*dārıskāndın*] - "گرتن و بە زۆر بە زەویدا راکێشان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رەسین resîn "پێگەیشتنی میوە و دەغڵ" و رسیدن resîdan (P.) "گەیشتن"، سەر بە ریشەی ***reg-** > ***(IE.)*** "لەبەر یەک کشانەوە، درێژ بوونەوە". بەم جۆرە مانای بنەڕەتی وشەکە "کێشان، راکێشان"ە.

داڕۆ daro [*dāro*] - "دەرمان(ی حەمام) بۆ تووک هەڵگرتن": دارو dārū (P.) "دەرمان". دەشێ خزم بێ دەگەڵ drouge (Fr.) "دەرمان". شیمانەی ئەوە دەکرێ کە وشە فەرەنسەییەکە خزم بێ دەگەڵ trocken (G.) "هیشک" و دە بنەڕەتدا مەبەست "شتی هیشکراو" بووبێ. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ترس[2] tırs "هیشک" [نانی بترسی واتا نانی بە هیشکی].

داروغە daroġe [*dāroġa*] - "بەڕێوەبەری ئاسایشی شار": داروغە dārūġe (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Truchseß (G.) "بەڕێوەبەری کاروباری دەربار و دیوەخان" [لە سەدەکانی ناویندا]. ئەم وشە ئەڵمانییە دەچێتەوە سەر ریشەیەک کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بە مانای "گەل، ئاپۆڕە" بەکار هاتووە، وەک truht (OG.)، dryht (OE.)، drōtt (OIs.). ئەم وشە ژێرمەنییانە هەروەها جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ ↑ترێ tırê. مەبەست لە ترێ دە بنەڕەتدا "هێشوو" بووە، واتا "هەشیمەتێک" لە دەنکەکان.

دارە(دارە) dare [*dāradāra*] - دارەداره کردن واتا تازە پێ گرتنی زارۆک. دەچێتەوە سەر ریشەی ***dher-** ***(IE.)*** > "راگرتن، وەستاندن". وشەی dry (E.) "هیشک" و هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دەچنەوە سە ریشەیەکی ئەوتۆ و سەرەتا مەبەست لەم وشانە "خۆگرتوو، لە شلکی هاتنەدەر و رەق بوون" بووە. دیارە مەبەست لە دارەداره کردنی زارۆک ئەوەیە کە ئەو وردەوردە هەڵدەستێتە سەر پێ، خۆی رادەگرێ و دەورەی شلکیی ساوایی تەواو دەکا.

دارێ dare [*dāre*] - "داسی درۆینە": خزمە دەگەڵ ↑دڕاندن dırandın "لەت کردن، پچڕاندن"، سەر بە ریشەی ***der-** > ***(IE.)*** "دڕاندن، قەڵشاندن، لێکردنەوە".

داس das [*dās*] - "ئامرازی درۆینەوان": داس dās (P.). وشەیەکی دیکەش کە لەم بارەوە سەرنج رادەکێشێ، ↑تەشوێ teşwe یان دە فارسیدا تیشە tīša (P.) یە. هەروەها داسوو(کە) dasu(ke) هەیە بە مانای "پڕزەی گوڵی گەنم و جۆ". ئەم وشەیەش دەگەڵ "داس" خزمە و ئاماژە دەکا بە "بڕین و تێڕا چوون". ئەم وشانە دەشێ پێوەندییان بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ.

1- ↑تاشین taşîn. لەم تێڕوانینەوە "داس" دەبێتە ئامرازی "تاشین"ی گژ و گیا، هەروەک چۆن "کوتک" ئامرازی "کوتان"ە، "ترپان" ئامرازی "درۆینە"یە، یان "چەقۆ" ئامرازی "شەق" کردنە.

2- dáśati (OIn.) "دەگەزێ" و dáknein (Gr.) "گەستن".

[تێبینی: پێوەندی نیزیک هەیە لە نێوان دوو چەمکی "گەستن" و "لێدان و قرتاندن"دا. دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ "گەستن" وشەی beißen بەکاردێ کە خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان، قرتاندن، قەڵشاندن" و خزمیشە دەگەڵ "پسان"ی کوردمادی. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا "گاز" هەم مانای "گەستن" دەدا و هەمیش ئامرازێکە بۆ "قرتاندن"].

داستان dastan [*dāstān*] - "حیکایەت": داستان dāstān (P.) و دستان dastān (P.). ئەم وشەیە دەشێ دە بنەڕەتدا بە مانای "پەرتووک، تیکەیەکی نووسراو، نووسراوی ناو پەرتووک" بووبێ. پاشان لەم مانایەوە مانای "حیکایەت" سەری هەڵداوە و سەرەتا مەبەست حیکایەتی نووسراو و هی ناو کتێبەکان بووە. کاتێک لەم وشەیە ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە وشەکە پێوەندی بە ↑دەستوور destur هەوە پەیدا دەکا و مەبەست لەمیش سەرەتا "خەت، نقیس، نووسراو" بووە و دواتر مانای"فەرمان، یاسا"ی وەرگرتووە. ["یاسا" خۆی وشەیەکی تورکییە و سەر بە کردارێکە بە مانای "نووسین"]. "دەستوور" بریتی بووە لە نووسراوەیەک کە دەوڵەت یان دەسەڵات دەری کردووە. وشەکە پێوەندی هەیە بە چەندین وشەی دیکە بە مانای "شەقڵ، نیشانە، مۆر"، واتا مەبەست لە "نووسین" سەرەتا نیشان دان یان بەکار هێنانی "شەقڵ و نیشانە" بووە. وشەکانی سەرەوە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "نیشان دان، بەدیار خستن". وەک دەردەکەوێ رەوتی پەرە گرتنی ماناکان بەم جۆرەی خوارە بووە: "نیشان دان، بەدیار خستن"، پاشان "شەقڵ، مۆر، نیشانە، پیت"، پاشان "نووسین". لەم مانایەی دواییش دوو مانای دیکە سەریان هەڵداوە، یەکەم "قانوون، یاسا" و دووەم "حیکایەت".

[تێبینی: هەر ئەم پێوەندییانەی سەرەوە لە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا دەر دەکەوێ. بۆ وێنە وشەی ئەڵمانی buch یان بە ئینگلیزی book "پەڕتووک" سەرەتا بە مانای "نیشانە، هێما" بووە. لە زمانی ئەڵمانیدا Buchstabe مانای "پیت" دەبەخشێ و پێوەندی چەمکەکانی "نیشانە، شەقڵ"، "نووسین" و "پەرتووک" بەیەکەوە نیشان دەدا. هەروەها لە زمانی لاتینیدا littera مانای "پیت" دەبەخشێ و litteratura "ئەدەبیات، شتی نووسراو، وێژەوانی" لەم وشەیە وەرگیراوە. هەروەها ئەگەر لە وشەی کوردمادی "داب" (داب و دەستوور) بنوارین، دەبینین کە خزمە لەگەڵ "تیپ" (واتا پیت) و "دیباچە"، "دەفتەر"، "دەبستان"، "دەبیر" و هیتر کە گشتیان چەمکی "نووسین و وێژەوانی" لەخۆ دەگرن].

داسوو dasu [*dasū*] - "پڕزەی گوڵی گەنم و جۆ": داسووکە dasuke و داسە dase ش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ ↑داس das.

داش1 daş [*dāš*] - "کوورەی ئاسنگەر و پیشەسازان": خزمە دەگەڵ ↑تەش teş "ئاگر".

داش2 daş [*dāš*] - "مۆرە لە کایەی دامەدا": [داشەهارە]. وەک لەژێر وشەی "مۆرە"دا باس کراوە، ئەم وشەیە ئاماژە دەکا بە "شەقڵ و شێوە". هەر بەم جۆرە "داش"یش خزمە دەگەڵ ↑دژ2 dıj "شەقڵی خەرمان". لەوانەیە ئەم پارچەدار و تەختانە دە بنەڕەتدا شێوەیان لە "مۆر" یان "شەقڵ" چووبێ و بۆیە ناوی "مۆر" یان "داش"یان لەسەر نرابێ، یان لەوانەیە وێنە و نەخش و نیگاریان لەسەر هەڵکەنرابێ و لەبەر ئەوە پێیان گوترابێ "مۆرە" یان "داش".

داشقە daşqe [*dāšqa*] - "ئامرازێکی گواستنەوەیە ئەسب رایدەکێشێ": درشکە dorošके (P.). وشەکە لە زمانی رووسی وەرگیراوە و دەچێتەوە سەر drožki (Rus.) "داشقە". ئەم وشەیە کەوتووەتە ناو زمانە ژێرمەنییەکان و ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ trochiscus (L.) و trokhiskos (Gr.) "چەرخی گچکە"، گچکێنراوی < *trokhos (Gr.)* "چەرخ". ئەم وشە یۆنانییە رەنگە خزم بێ دەگەڵ ↑تلان tılan سەر بە ریشەی ***ter- > (IE.)** "سووڕاندن".

داعووران daɛuran [*dāɛūrān*] - "قووت دان": دا + عووران da + ɛuran. کەرتی "عووران" شێوەیەکی دیکەیە لە قووران quran [↑قووڕاندن² qûrandın، هەڵقووڕاندن helqûrandın].

داغ dağ [*dāġ*] - "زۆرگەرم": داخ dax یش دەگوترێ. داغ dağ (P.). خزمە دەگەڵ Tag (G.)، dags (Got.)، day (E.)، dag (Sw.) "رۆژ" [بەرانبەری شەو]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***dhegu- > (IE.)** " سووتان، داغ بوون، هایسان". لەم ریشەوە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشە بە مانای رۆژ واتا بەرانبەری شەو داندراوە و مەبەست ئاماژە کردن بە کاتێک بووە کە بەهۆی سووتان و هایسانی خۆرەوە هەرد گەرم دادێ. لەو ریشە هیندو ئەورووپییەی سەرەوە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا

هێندێک وشە کەوتوونەوە کە ئاماژە دەکەن بە سووتان و داغی و گەرم بوون، وەک -dáhati (OIn.) "داغ بوون، سووتان"، degti (Lit.) "سووتان"، dagas (Lit.) "هاوین، گەرمای هاوین" و لەوانەشە توش tûş (P.) "1- داغی 2- تین و هێز" و اتش ateş (P.) "ئاگر" [a + teş] وەهتد.

[تێبینی: شیاوی باسە کە ئەگەر دە زمانە ژێرمەنییەکاندا تین و گەرمای خۆر وەک بنەمای دیاری کردن و ناو لێنانی رۆژ داندراوە، دە زمانە ئێرانییەکاندا دیاردەی تیشک و رووناکایی خۆر کراوەتە بنەما و وشەی "رۆژ" دە بنچینەدا ئاماژە دەکاتە چەمکی تیشک و رووناکی].

دافەتان dafetan [*dāfatān*] - "هەڵوەشان، داوەشان، لەبەریەک چوون": دا + ↑فەتان da + fetan.

داکاسان dakasan [*dākāsān*] - "ئارام گرتن، هەدا دان": دا + ↑کاسان da + kasan. جێی بەراورد کردنە دەگەڵ کز کردن kez kardan (P.) "هەڵکورمان، مات بوون".

دال dal 1 [*dāl*] - "جار، کەڕەت": خزمە دەگەڵ time (E.)، Zeit (G.) "دەم، کات"، timme (Sw.) "سەعات" [کاتی دابەشکراو، بەش بەشکراو، ئەندازەگیراو]، tide (E.) "جەزر و مەد، هەستان و نیشتنەوەی ئاوی دەریا" [دەبنەڕەتدا: کاتی دیاریکراو]، Zeile (G.) "دێڕ" [دەبنەڕەتدا: ریزێکی دابەشکراو]، Ziel (G.) "نیشانە، ئامانج" [دەبنەڕەتدا: دابەشکراو، ئەندازەگیراو]، till (E.)، till (Sw.) "تا، تاکوو". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دال2 dal "بەردی نیشانە لە بەردەفڕێدا" و ↑سیلە sîle [سیلە گرتن واتا نیشانە گرتن] و لەوانەشە ↑تا ta [هەتا، تاکوو]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dā(i)- >*** "دان، بەشین، دابەشین، بەش بەش کردن". بەم جۆرە دەبنە خزمیش دەگەڵ ↑دان dan.

دال2 dal [*dāl*] - "بەردی نیشانە لە بەردەفڕێدا": خزمە دەگەڵ ↑تیلە "مەڕمەڕ، مت" و ↑سیلە sîle [سیلە گرتن واتا نیشانە گرتن].

دال1 dal [*dāl*] - "خەرتەڵ": مەبەست دەبێ پەڵەوەری گەورەی راوکەر بێ. "دال" دە وشەی ↑دالاش dalaş و بە جۆرێکی دیکە دە وشەی ↑خەرتەل xertel [دال، تەل]دا دەبینرێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑تووور *tur* [تەیر و تووور].

دال2 dal [*dāl*] - "دەنک لێکجودا": [ئەم هێشووە داڵە]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑تلیشان tılîşan دا باس کراون، بە مانای "لەت کردن، بەش کردن، قەڵشاندن".

دالاش dalaş [*dālšā*] - "خەرتەل": ↑دال dal + ئاش aş. کەرتی -aş دە وشەی فارسی کرکس kerkes (P.) "دالاش"دا دەبیندرێ. ئەم کەرتە وشەیە خزمە دەگەڵ Aas (G.) "گۆشتی کەلاک"، ās (MG.)، æs (OE.) "گۆشتی کەلاک، گۆشت بۆ خواردنی سەکَ و باز" و æt (OE.) و āt (OIs.) "خۆراک، چێشت". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ essen (G.) "خواردن" و دەگەڵ ↑ئاش aş یان ↑ئاز az ی زمانی کوردمادی، ↑ئازووقە azuqe و چەند وشەیەکی دیکە.

دالان dalan [*dālān*] - "رێگە و راهڕەوی سەرداپۆشراو": دالان dālān (P.). خزمە دەگەڵ Diele (G.)، dilla (OG.)، deel (Nl.)، dille (OE.)، tilja (Sw.) "راهڕەو، دالان، پێشخانە"، tel (OIs.) "هەرد، تەرکی زەوی"، tala-m (OIn.) "رووبەر، پانتایی"، tellus (L.) "تەرک، رووبەرە هەرد"، tiles (Lit.) "تەختەی بنی گەمێ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *tel- >*** " رووبەر، پانتایی، تەرک". دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەک دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە وەک ↑تالار talar، ↑تەرک terk "رووبەرە هەردی هۆدە"، توێل tuwel یان ↑تۆل tol "تیوچاوان"، ↑دۆل dol[3] "پارچەزەوی راست" و هتد.

دالدە dalde [*dālda*] - "پەنادان، وە خۆ گرتن": خزمە دەگەڵ dulden (G.)، dulten (OG.)، dolēn (OG.)، thole (E.)، tala (Sw.) "تەحەممول کردن". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ tolerare (L.) و tlēnai (Gr.) "تەحەممول کردن". بەم پێیە "دالدە" دە بنەڕەتدا واتا تەحەممولی کەسێک یان شتێک کردن و پاشان ماناکە بووەتە تەحەممولی کەسێکی پەناخواز. شیاوی سەرنجە کە دە زمانی ئەڵمانیدا وشەکە لەپاڵ مانا گشتییەکەی هەروەها بۆ ئەو پەنابەرانەش بەکار دێ کە مانەوەیان لە ئەڵمان لە

لایەن دەوڵەتەوە تەحەممول دەکرێ، بەلام هێشتا کارو باری مانەوەی یەکجاریان ساخ نەبۆتەوە. هەروەها دە زمانی ئەڵمانیدا geduldig (G.) "بەسەبر و حەوسەلە" [بە تەحەمموول] پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *tel(ə)- >* "هەڵگرتن، هەڵسەنگاندن، تەحەممول کردن".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی "هەڵگرتن" و "تەحەممول کردن" هەڵی سەنگینە دەگەڵ زمانی کوردمادی کاتێک بە کەسێک دەڵێین "ئەو شۆخی هەڵناگرێ" واتا تەحەممولی گاڵتە ناکا].

دالگە dalge [*dālga*] - "شار لە گەمەدا": پێوەندی هەیە بە ↑دال dal2 "بەردی نیشانە لە بەردەفڕکیدا" و خزمە دەگەڵ ↑تیلە "مەڕمەڕ، مت" و ↑سیلە sîle [سیلە گرتن واتا نیشانە گرتن، کردنە ئامانج]. "دالگە" ئەو شوێنەیە کە لە کایەدا وەک ئامانج دیاری کراوە.

دالوچان daluçan [dālučān] - "شۆڕ بوونەوە، داکەوتن". دالوچاندن: شۆر کردنەوە، داهێشتن. دا + ↑لوچان luçan+ da.

دالۆسکە daloske [*dāloska*] - "چلوورە، شووشەسەهۆڵ": خزمە دەگەڵ دالوچان daluçan [دالۆزان dalozan] "شۆڕ بوونەوە، داکەوتن". بڕوانە ↑لوچان luçan.

دالەقاندن daleqandın [*dālaqāndın*] - "هەڵاوەسین": دا + ↑لەقاندن leqandın + da.

دام dam [*dām*] - دەگەڵ "دەزگا" دێ و دەگوترێ دام و دەزگا. شێوەی کۆنتری ↑دیو dîw ە بە مانای "هۆدە، خانوو". دام و دەزگا دە کوردمادیدا ئاماژە دەکا بە خانووبەرە، بۆ وێنە کاتێک باس لە دامودەزگای دەوڵەتی دەکرێ، دە بنەڕەتدا مەبەست ساختومانە ئیدارییەکان بوون. پاشان ماناکە بەرفراوانتر بۆتەوە و سیستەمی ئیداری و بەڕێوەبەرایەتی (ناو ئەو خانووبەرانەش) دەگرێتەوە. هەروەها بە کەسێک کە خانووبەرەی زل و زەبەلاحی ساز کردبێ، دەڵێن فڵان کەس عەجەب دام و دەزگایەک [دەم و دەزگایەک]ی لێداوە.

دامران damıran [*dāmırān*] - "تەمران، کووژانەوەی ئاگر": پێشگری دا + مران mıran + da. کەرتی "مران" خزمە دەگەڵ ↑مردن *mırdın* "نەمان، فەوتان" [سەرنج بدە کە ئەو پێوەندییەی دەتوان وشەکانی "دامران" و "مردن"دا هەیە، دەتوان وشەکانی "کووژانەوە" و "کوشتن"یشدا هەیە]. دە زمانی کوردمادیدا دوو وشەی دیکەش هەن کە پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە و بریتین لە ↑دامرکان damırkan "1- ئارام بوونەوە، ئۆقرە گرتن 2- دامرانی ئاگر" و ↑دامەرزان damerzan [گۆڕاوە بۆ دامەزران damezran] "1- ئارام بوون، ئۆقرە گرتن 2- جێگیر بوون 3- دانیشتن لەسەر پلە و پایەیەک". وەک دەبینین هەموو ئەو وشانە و ماناکانیان پێوەندی توند و تۆڵیان پێکەوە هەیە. مانای بنەڕەتی "مردن"ە، دواتر لەم مانایەوە ماناکانی "کووژانەوە"، "لە جم و جۆڵ و چالاکی کەوتن" واتا "ئۆقرە گرتن"، "دانیشتن"، "جێگیر بوون" و "ئیستیخدام بوون" [جێگیر بوون لە پلە و پایەیەکدا] پەرەیان گرتووە.

[تێبینی: لەباری پێوەندی ئەم مانایانەی سەرەوە دەتوانین هەڵیسەنگینین دەگەڵ وشەکانی خەفە (خەفە بوون واتا مردن) و کپ "کڕ و کپ" و کۆپین "ئارام بوون"].

دامرکان damırkan [*dāmırkān*] - "1- ئارام بوونەوە، ئۆقرە گرتن 2- کووژانەوە": خزمە دەگەڵ ↑دامران damıran.

داموچاندن damuçandın [*damūčāndın*] - "کەوی کردن، راهێنان": دا + موچاندن muçandın + da. بنەوشەی مووچ -muç بە شێوەی -moj لە وشەی ↑ئامۆژگاریدا amojgarî وهەروەها دە وشەی ↑دەستەمۆ destemo دا دەبینین.

دامە dame [*dāma*] - ناوی گەمەیەکە لەسەر تەختەیەک دەیکەن کە خانەخانەی لەسەر کێشراوەتەوە. وەک بیستوومە وشەکە لە زمانی رووسی وەرگیراوە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑دام dam [دامودەزگا] و ↑دیو dîw دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "خانە، خانوو".

دامەرزان damerzan [*dāmarzān*] - "جێگیر بوون": خزمە دەگەڵ ↑دامران damıran.

دامەزران damezran [*dāmazrān*] - فۆتیمەکانی z و r پاش و پێش بوون، شێوە کۆنترەکەی ↑دامەرزان damerzan ە کە لە هێندێک شێوەزاردا ماوەتەوە.

دان1 dan [*dān*] - "1- بەخشین، پێدان 2- بەشێک لە چەند بەش [دانی نیوەڕۆ]": (P.) dādan. خزمە دەگەڵ (L.) dōnō و (L.) dare، (Gr.) didonai "دان، بەخشین". وشەی (Gr.) daiomai "دابەش کردن" پیوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ***(IE.) *da(i)- >*** "بەش، بەش کردن، دابەشینەوە، بەخشین". پێوەندی چەمکی بەش کردن و دابەش کردن دەگەڵ چەمکی دان [پێدان] دە زمانی کوردمادیدا زۆر بەئاشکرا دیارە، چونکە وشەی "بەخشین" کە هەمان مانای "دان" دەگەیەنێ، خۆی خزمە دەگەڵ "بەش". دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا ژمارەیەکی زۆر وشە لەم ریشەوە هاتوون، بۆ وێنە دە زمانی کوردمادیدا ↑داشتن/ دێران daştın / deran↑، ↑دەم dem "کات"، ↑دانکَ dang و هتد.

دان2 dan [*dān*] - "ددان، ئەندامی جووتن": ددان dıdan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ دندان (P.) dandān، (L.) dens، (OIn.) dan، (Nl.) tand، (E.) tooth، (Sw.) tand، (G.) Zahn، (Gr.) odōn، (Lit.) dantis "دان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *don't- >*** "دان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ed- >*** " خواردن، جووتن".

دان3 dan [*dān*] - "دەغڵ و دان": ↑دانە dane و ↑دەنک denık یش دەگوترێن. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑چاندن çandın "تۆو وەشاندن". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەکانی بە مانای دان "تۆو" و "چاندن" لە یەک ریشەوە دێن و دەشێ دە زمانی کوردمادیشدا هەروا بێ. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑چنچک çınçık یش بە مانای "تۆو، دەغڵ و دان" دێ کە لەوێدا پێوەندی وشەکە بە وشەی "چاندن"ەوە ئاشکرایە. لەم وشەیەدا کەرتی چن -çın دەبێ سەرەتا *چان çan** بووبێ و دواتر گۆرابێ بە دان dan.

-دان[4] -dan [*dān*] - پاشگرێکە مانای "تێدا بوون، دەفرایەتی" دەگەیەنێ [چادان، قەند(د)ان، خوێدان]. خزمە دەگەڵ ↑دانان danan [↑*نان nan*، نیان nîyan]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhe- >*** "دانان، جێگیر کردن، قەرار دان".

دانان danan [*dānān*] - "قەرار دان، نیان": دا + ↑نان nan + da.

دانکَ dang [*dāng*] - "بەشێک لە شەش بەشی مولک یان مسقاڵ": خزمە دەگەڵ ↑دانە dane "بەش".

دانگا danga [*dāngā*] - "دەمێک، تاوێک" : هەروەک وشەکانی ↑دەم dem، و ↑تاو taw و ↑تەمەن temen و ↑دانکَ dang "بەش" دەگەڕێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *da(i)- >*** "بەش کردن، دابەش کردن". وشەی "دانکَ" ئاماژە دەکاتە بەش بەش کردنی مولک یان وەزێک و وشەی "دانگا"ش بەشێک لە بەشەکانی کات نیشان دەدا.

دانە1 dane [*dāna*] - "دەغڵ و دان، تۆو، چنچک": ↑دان[3] dan "تۆو".

دانە2 dane [*dāna*] - "بەش": دانە (P.) dāne. دەکوردمادیدا ↑دەنک denık یش دەگوترێ. کاتێک دەگوترێ یەک دانە، دووداتە و... ، لێرەدا مەبەست ناتوانێ دانە/ دەنک بە مانای "تۆو، چنچک یان ناوکی میوە" بێ، بەڵکە مەبەست "بەش"ە واتا بەشێک لە چەند بەش. دانە یان دەنک بەم مانایە وشەی سەربەخۆن و چ لەباری مانا و چ لەباری ریشەوە پێوەندییان بەو "دەنک و دانە"وە نییە کە مانای "تۆو" یان "ناوکی میوە" دەبەخشێ. ئا بەم مانایە دانە و دەنک پێوەندییان هەیە بە ↑دان[1] dan و ↑دانکَ dang و ↑دانگا danga و هتد کە گشتیان ئاماژە دەکەن بە چەمکی "بەش و بەش کردن".

دانەواندن danewandın [*dānawāndın*] - "چەماندنەوە، خوار کردنەوە": دانواندن danıwandın یش دەگوترێ. دا (پێشگر) + نەواندن newandın + da. شێوەی کونتری "نەواندن" بریتی بووە لە "نەماندن nemandın"، واتا فۆتیمی m گۆڕاوە بۆ w و ئەمەش لە زۆر وشەی زمانی کوردیدا روو دەدا. ئەم وشەیە دواتر بە دوو شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە لایەکەوە کرداری "نەواندن" دروست بووە، لە لایەکی

دیکەوە و بە مانایەکی بڕێک جیاواز کرداری ↑نووشتانەوە nûştan(ewe) پەیدا بووە، بە مانای "قەد بوون، داهاتنەوە". بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە بڕوانە ↑مووچاندن mûçandın.

دانەوێلە danewele *[dānawela]* - "دەخڵ و دان": پێک هاتووە لە دوو وشەی دان[3] dan "دەنک" و وێلە wele-. ئەم پاشگرە بەشێوەی ↑واڵە[1] wale- ش بەکار دێ.

دانیشتن danîştın *[dānīštın]* - "ڕۆنیشتن": دا + ↑نیشتن da + nîştın.

داتیر daner *[dāner]* - "حاکم": خزمە دەگەڵ ↑داد dad "عەداڵەت".

داو daw *[dāw]* - "1- دەزوو، هەودا، نەخ 2- تەپکە": هەروەها ↑جاو caw هەیە بە مانای "پارچەی نەخی". [دە زمانی فارسیدا بە داو دەڵێن "نخ" و بە جاو دەبێژن "نخی"]. هەر دوو وشەی "داو" و "جاو" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. دە زمانی فارسیدا دام (P.) dam "تەپکە، داو" هەیە و "بە دام افتادن" دەبێتە "دە داو کەوتن". وەک دەبینرێ مەبەست لە وشەکانی "دام"ی فارسی و "داو"ی کوردی هەر ئەو دەزوو یان بەنەیە کە لاقی پەلەوەری بێچارەی تێ دەگیرێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ تەون، تەبەنە، سەر بە ریشەی *(IE.) *te(m)p- >* "تەنین، لەبەر یەک کێشانەوە". هەر لێرەدا سەرەنەخی وشەی ↑تەپکە tepke ش بۆمان ئاشکرا دەبێ. پێوەندی ئەم وشەیە بە ریشەکەوە بە باشی دیارە و دەردەکەوێ کە هەر دوو وشەی "داو" و "تەپکە" خزمن و لەوانەشە هەردووکیان بۆ وشەیەکی کۆنتر بگەڕێنەوە و دواتر دوو شێوەیان پەیدا کردبێ.

[تێبینی 1: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "تەنین، چنین دروون" و "بەن، ریس" دەتوانین ئاماژە بە نموونەی دیکەش بکەین: وشەی "دەزوو" دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ وشەی فارسی "دوختن" (دروون) و "می دوزم" (دەدرووم). وشەی "نەخ" خزمە دەگەڵ nähen (G.) "دروون". وشەی Schnur (G.) "ریس، بەن" خزمە دەگەڵ "چنین" دە زمانی کوردمادیدا. "سیم" خزمە دەگەڵ "سوژن" و sew (E.) "دروون" و siula (OG.) "درێشە، درپشە" و هەروەها دەگەڵ "جۆڵا"ی خۆمان. تێبینی 2: فۆتیمی m دە ریشەکەی سەرەوەدا دە وشە کوردماددییەکاندا، وەک "تەون" و "داو" گۆڕاوە بە w. ئەمەش دە زمانی کوردمادیدا گۆڕاتیکی باوە و زۆرجار دەبیندرێ].

داوا dawa *[dāwā]* - "خواست، داخواز": < *دعوة daεwa* (Arb.). هەروەها ↑داوەت dawet "شایی، بانگهێشتن" پێوەندی بەم وشە عەرەبییەوە هەیە.

داوان dawan *[dāwān]* - دەگەڵ هەڵە hele دێ و دەگوترێ هەڵەداوان heledawan "هەڵاتنی خێرا". "هەڵە" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑هەلە hele [هەلەهەل helehel و پەلەپەل، هەلەمار helemar واتا پەلامار". وەک دەبینرێ ئەم وشەیە مانای "لەز، پەلە" دەدا. بنجی داو -daw لە وشەی "داوان"دا خزمە دەگەڵ دو dou و دویدن douvîdan (P.) "هەڵاتن، غار دان" و دواتر دەبێتە خزم دەگەڵ توانەوە twanewe [↑تاوانەوە tawanewe] "جاری بوون".

[تێبینی: ئەم پێوەندییەی سەرەوە دەتیوان وشەکانی "داوان" و "تاوانەوە"دا دە زمانی ئەڵمانیشدا بە جۆرێکی دیکە دەبینرێ. دە زمانی ئەڵمانیدا rennen (G.) ماناکەی دەبێتە "هەڵاتن، ڕا کردن، خزمە دەگەڵ "ڕا" کردن] و rinnen (G.) دەبێتە "جاری بوون" و خزمە دەگەڵ ڕۆندک "فرمێسک"].

داوەت dawet *[dāwat]* - "شایی، بانگهێشتن": پێوەندی هەیە بە ↑داوا dawa.

داوەڵ dawel *[dāwal]* - "پێکهاتەیەکی مرۆف ئاسا لە دار و پەڕۆ بۆ ترساندنی پەلەوەر لە کێلگە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Teufel (G.)، tiufal (OG.)، devil (E.)، duivel (Nl.) "شەیتان". ئەم وشانە دەچنەوە سەر *diá-bolos (Gr.)* > "تەوهینکەر، تۆمەت لێدەر، نەیار، دوژمن"، سەر بە کرداری diabállein (Gr.) "تۆمەت لێدان، هەڵخڕاندن، شەڕ هەڵایساندن، دوژمنایەتی دروست کردن". ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیشدا دەشێ سەردەماتیک بە مانای "شەیتان" [بوونەوەری نەیار و ناحەز] بەکار هاتبێ و پاشان بەو پێکهاتە ناحەز و ترسێنەرەیان گوتبێ کە لە کێڵگە و باغ و بێستان دروستییان کردووە.

[تێبینی: وشەی "شەیتان" ریشەی عیبری هەیە و ئەویش بە مانای "نەیار، دوژمن، بەدفەڕ"ە].

داوێن dawen *[dāwen]* - "لای خوارەوە": داوێنی کێو، داوێنی جلوبەرگ". دامن (P.) dāman.

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ down (E.)، dūn (OE.) "لای خوارەوە". ئەم وشە ئینگلیزییە ریشەکەی ساخ نەکراوەتەوە.

2- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑دا da "پێشگری کردار بۆ ئاماژە کردن بەلای خوارەوە" [بۆ وێنە دانان، دانیشتن، داگەڕان وهتد].

داهێزان dahezan *[dāhezān]* - "1- هێز تێدا نەمان، شل و ماندوو بوون 2- شل بوونی هەویر": پێشگری دا + هێزان da + hezan. ↑داهێزران dahezran یش دەگوترێ [داهێزاوم، داهێزراوم]. لە یەکەم رووانیندا مرۆڤ وا بیر دەکاتەوە کە وشەکە پێوەندی بە "هێز"ەوە هەبێ و مەبەست "لەدەست دانی هێز" بێ. بەڵام ئەم تێڕوانینە راست نییە. ئەگەر سەیری ئەو ریزەکردارانە بکەین، دەبینین کاتێک کردارێک پێشگری "دا" وەردەگرێ، مانا و ناوەرۆکی پێچەوانە نابێتەوە، بەڵکوو وردتر و ئاشکراتر دەبێتەوە، وەک گرتن و داگرتن، تاشین و داتاشین، رزان و داڕزان و هتد. دە کرداری "هێزان" دا شتەکە وەسا نییە، واتا ئەگەر کردارەکە پێوەندی بە وشەی "هێز"ەوە هەبێ، ئەوسا نە "هێزان" و نە "داهێزان" ناتوانن مانای "بێهێز بوون" وەربگرن، بەڵکوو دەبێ مانای "هێزدار" بوون وەربگرن. بە وتەیەکی دیکە وشەی "هێز" ناتوانێ ببێتە رەگی کردارێک کە مانای "بێهێزی" بدا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە تێمە لەپاڵ "داهێزان"دا، "داهێزران" یشمان هەیە کە هەردووکیان دوو شێوەی یەک وشەن. لەوەناچێ ئەسڵی کردارەکە "داهێزان" بووبێ و پاشان لەخۆڕا فۆتیمی r خزابێتە ناوی و بووبێتە "داهێزران"، بەڵکوو دەبێ بەپێچەوانەوە ئەسڵی وشەکە "داهێزران" بووبێ کە هێندێک جار یان دە هێندێک شێوەزاردا فۆتیمی r تێیدا دەسوێتەوە و دەگوترێ "داهێزان". ئەو وشەیە خزمە دەگەڵ ↑داهێشتن dahêştın "بەرەوخوار شۆر کردنەوە". دە زمانی کوردمادی و زمانە خزمەکاندا ئەو وشانەی بە مانای"داهێزران، سست بوون" بەکار دێن، پێوەندییان بە ریزەوشەیەکەوە هەیە کە باس لە "شل و شۆڕ بوون" و "داکەوتن" دەکەن. وەک نموونە دە زمانی کوردمادیدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە وشەکانی "دالەقان" بە مانای "هەڵواسران، شۆڕ بوونەوە"، "دالۆچان" [دالۆزان] بە مانای "شۆڕ بوونەوە، داهێشتراو یاخود *داهێژراو* بوون، راهێڵکراو بوون"، "لۆژ" بە مانای "تەمبەڵ، تخێڵ، داهێزراو، بەلاداهاتوو". بەم جۆرە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەسڵی وشەکە و شێوە دروستەکەی "داهێزران"ە نەک "داهێزان"، وشەکە پێوەندی هەیە بە "داهێشتن" و پێشتر دەبێ "داهێشتران، داهێژران" بووبێ و هەروەها مانای بنەڕەتی وشەکەش دەبێتە "شل و شۆڕ بوونەوە، داکەوتن، بەلاداهاتن" و چ پێوەندی بە وشەی "هێز"ەوە نییە.

داهێزران dahezan *[dāhezān]* - شێوەی ئەسڵی و دروستی ↑داهێزان dahezan.

داهێشتن dahêştın *[dāheştın]* - "بەرەوخوار شۆر کردنەوە": پێشگری دا + هێشتن da + hêştın. دە فارسیدا دەبێتە فروهشتن forūheštan (P.) [رۆهێشتن- پێشگری فارسی فرو forū- (P.) دە کوردمادیدا دەبێتە رۆ -ro]. سەرەتا پێویستە تێبینییەک بخەینەڕوو:

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا lasch، laß (G.) *"لۆژ*، تەنبەڵ، تخێڵ"، late (E.) "درەنگ" (دەبنەڕەتدا: هێواش، بە ئەسپایی، تەپلۆس)، lat (Sw.) "تەپ، تەوەزەل"، lassus (L.) "ماندوو، داهێزراو" خزمن دەگەڵ lassen (G.)، let (E.)، lētan (Gt.)، lata (Sw.) "هێشتن"، سەر بە ریشەی **lē(i)-d-* > *(IE.)* "شل بوون، شۆڕ بوون، داهێزران، سست بوون، هێشتن". لەوانەیە پێوەندی دوو چەمکی "شل بوونەوە، سست بوون" دەگەڵ "هێشتن" لەوەڕا هاتبێ کە دە بنەڕەتدا کاتێک کەسێک هێشتوویەتی ئاژەڵێک بڕوا یان جموجۆڵێک بکا، یان کەسێکی ژێردەستی چالاکییەک بنوێنێ، دەڕاستیدا وەک ئەوە وابووە کە جڵەوی بۆ شل بکاتەوە، یان دەسەڵاتی خۆی لەسەر ئەو سست بکا].

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پێوەندییانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دە زمانی کوردمادیشدا پێوەندی ئێتیمۆلۆژیک هەیە دەتیوان ↑هێشتن hêştın "لێگەڕان، ڕێگە پێدان" و داهێشتن dahêştın "شۆر کردنەوە، شل کردنەوە بەرەو خوار" و هەروەها ↑داهێزران dahezran "سست بوون، شل بوونەوە"دا.

دایک dayk [*dāyk*] - "مێیینەی زاروکدار": دای + ک (ı)k+ day. دالک dalık یش دەگوترێ و هەروەها دایە daye لە کاتی بانگ کردندا. دای (ە) day(e) خزمە دەگەڵ dhayati (OIn.) "شیرمشتن" و thesai (Gr.) "شیردان"، سەر بە ریشەی ***dhei-** (IE.) > "شیرمشتن، شیردانە مشتن".

[تێبینی: شیاوی باسە دە زمانی لاتینشدا femina (L.) "مێ، دایکە، ژن" دەگەڕێتەوە سەر وشەی felare (L.) "شیردان"].

بەم جۆرە مانای بنەڕەتی دایک دەبێتە "شیردەر". پاشگری ک (ı)k کە لێرەدا دەکەوێتە کۆتایی وشەی دایک، لە کۆتایی چەند وشەیەکی دیکەش وەک باوک و خوشک و میمک و نەنک دا دەرکەوێ. ئەم پاشگرە پاشگری "خۆش ویستن"ە.

دچ dıç [*dıč*] - "1-سووچ، قوژبن 2- ددانە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تیژ tîj. هەم "سووچ، گۆشە" و هەم "ددانە" دوو شتن کە پێوەندییان بە چەمکی "تیژی"یەوە هەیە.

دراخە dıraxe [*dırāxa*] - "مەڵوی دەخڵ، باوەشێک گیای دروێنەکراو": دەرزە derze ش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تووڕەکە tureke سەر بە ریشەیەک بە مانای "هەڵگرتن، بردن، حەمل کردن". tragen (G.) "هەڵگرتن، حەمل کردن"، Trage (G.) "وەسیلەی پێ هەڵگرتن، ئەو شتەی هەڵدەگیرێ"، Tragetasche(G.) "کیف یان تووڕەکەی دەستی"، trehtec (MG.) "بار، باری ناوسک، حامیلەگی" پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە.

دڕاندن dırandın [*dırāndın*] - "لەت کردن، پچڕاندن": دڕین dırîn یش دەگوترێ. دریدن darīdan (P.). خزمە دەگەڵ tear (E.) "دڕاندن"، trennen (G.) "لێک جیا کردنەوە، قەڵشاندن"، zeran (OG.) "پچراندن"، táiran (Got.) "دڕین"، dérein (Gr.) "کەوڵ کردن"، drnati- (OIn.) "دەدڕێ"، سەر بە ریشەی ***der-** (IE.) > "دڕاندن، قەڵشاندن، جیا کردنەوە". دە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەکی زۆر وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک ↑درز dırz، ↑دڕک dırk، ↑دەرزی derzî، ↑چڕژان çırjan، ↑ترەکین tırekîn، ↑تەقین teqîn و هتد.

درباشە dırbaşe [*dırbāša*] - "زەرکَ، شیشی دەروێشان": خزمە دەگەڵ ↑درپشە dırpşe "درێشە" [درفش derafš (P.)] و↑ترپان *tırpan* "داسی دەسکدرێژ".

دربۆ dırbo - "وشەی دنە دانی بەران بۆ شەڕەقۆچ": خزمە دەگەڵ ↑ترپان *tırpan* "داسی دەسکدرێژ".

درپشە dırıpşe [*dırıpša*] - درەوشە dırewşe و درێشە dırêşe ش دەگوترێن. درفش derafš (P.)]. خزمە دەگەڵ ↑ ترپان *tırpan* "داسی دەسکدرێژ".

دڕدۆنگَ dırdong - "دوودڵ": وێ دەچێ وشەکە هەروەک "دوودڵ" پێک هاتبێ لە دوو کەرتی دڕ dır واتا ↑دڵ dıl و "دۆنگَ dong"، وەرگیراو لە وشەی ↑دوو du.

درز dırz - "قەڵش، کەلێن": دەرز derz یش دەگوترێ. درز darz (P.). خزمە دەگەڵ ↑دڕاندن dırandın سەر بە ریشەی ***der-** (IE.) > "دڕاندن، قەڵشاندن، لەت کردن".

درشت dırışt [*dırışt*] - "قەبە، گەورە": درشت doršot (P.). خزمە دەگەڵ ↑درێژ dırej.

[تێبینی: دوو چەمکی درشت و درێژ پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانیدا بە مرۆڤی باڵابەرز دەگوترێ groß، کەچی وشەکە دە زمانی ئەڵمانیدا و دە بنەڕەتدا مانای "گەورە، درشت" دەدا].

درف dırf - "نیشانە، عەلامەت، لۆگۆ": دورف durf یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ترپان tırpan "مەڵەغان، داسی دەسک درێژ".

درڤ dırv - "ڕەگەز، بنیچە، بنەچەک": لەپێوەندی دەگەڵ ↑درف dırıf "نیشانە، عەلامەت" دایە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑ترپان trpan.

درکاندن dırkandın *[dırkāndın]* - "دەرپەڕاندنی قسە، ئاشکرا کردنی نهێنی":

1- یان خزمە دەگەڵ ↑درز dırz "قەڵش، کەلێن". دە فارسیدا درز کردن darz kardan (P.) هەیە بە مانای "ئاشکرا بوونی نهێنییەک" [دە بنەڕەتدا مەبەست ئەوە بووە کە قسەکە بە کون و کەلێتیدا هاتووەتە دەر و ئاشکرابووە]. لەم تێڕوانینەوە مەبەست لە درکاندن "درز خستنە دەم" واتا دەم کردنەوە بووبێ بۆ ئاشکرا کردنی قسە و باسێک، بە پێچەوانەی حاڵەتی "دەم گرێدان" کە ئەمیان بۆ ڕاگرتن و دەرنەبڕینی قسەیەکە.

2- یان لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑دەر1 der "لەبەرانبەری ناوەوە". لەم تێڕوانینەوە درکاندن واتا "دەردان یاخود دانە دەرەوی قسەیەک". دە زمانی ئەڵمانیدا äußern (G.) هەیە بە مانای "دەربڕین، بەیان کردن" کە دەچێتەوە سەر außer (G.) "بەدەر لە، جیا لە". ئەم وشە ئەڵمانییە لە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا بەم جۆرەیە: ūtor (OE.)، ūtar (OIs.) و (OSac.). ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ ↑دەر1 der.

درگان dırgan *[dırgān]* - "شەنە": وێ دەچێ پێوەندی هەبێ بە ↑درک dırk.

درگە dırge *[dırga]* - "جەزیرە": دوڕگە durge و ئاودڕ awdır یش دەگوترێن. پێوەندی بە کرداری دڕین و ↑دڕاندن dırandın ەوە هەیە. مەبەست ئەوەیە کە هیشکایی زەوی *دڕی* بە ئاوەکە داوە.

درم dırım - "دەنگی دەهۆڵ": خزمە دەگەڵ ↑زرمە zırme "دەنگی لێککەوتنی شتی قورس".

درمغ dırmığ - "خەپە، شەنە بۆ کۆ کردنەوەی کڵۆش": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑تارم tarım "خۆیانی گیرەکراوی بەر با نەدراو".

2- ↑تارمە tarıme "1- هەیوانی سەردانەپۆشراو 2- نەردەی بەرهەیوان"، ئەم وشانە خزمن دەگەڵ tram (E.)، trame (MG.) "داری داتاشراو، میلە، دەسک (ی پێمەڕە و هتد)، نەردەی نەردیوان (دارەئاسۆییەکان)".

درن dırın - "بۆنی تەگە لەکاتی تێبەرداندا، بۆنی ماسی، بۆنی گرانی لەش، بۆنی قاچ و بنهەنگڵ": ↑بۆدڕ bodır یش دەگوترێ. ئەگەر سەیری ماناکان بکەین، دەبینین کە دە گشتیاندا پێوەندی بە "تەڕایی، ئارەقە" لە ئارادایە. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تەڕ ter.

درنج dırınc *[dırınj]* - دەگەڵ "دێو" دێ [دێو و درنج dêw û dırınc]. خزمە دەگەڵ Drache (G.)، drake (E.) و (Sw.) "ئەژدیها". ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر draco (L.) و لەوێشەوە بۆ drákōn (Gr.) "ئەژدیها".

دروست dırust - "ڕاست، ڕەوا، ساز، ئامادە، تەواو، ساخ": دورست dorost (P.). خزمە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە: Trost (G.)، troost (Nl.)، tröst (Sw.) "دڵنەوایی، دڵدانەوە" trusti (Gt.) "پەیمان، هاقبەندی"، traustr (OIs.) "بەهێز، سەخت، پتەو"، trösten (G.) "دڵنەوایی کردن، دڵدانەوە"، tra ster (MG.) "دڵنەوایییکەر، پشتگر، پشتیوان، زامن"، fertrōsten (OG.) "زەمانەت کردن". ئەم وشانە خۆیان خزمن دەگەڵ treu (G.) "ئەمەکئ، وەفاداری"، trauen (G.) "دەخۆ ڕادیتن، بەخۆ ڕاپەڕموون"، Vertrauen (G.) "ڕاپەڕموون، ئیعتیماد"، triggws (Gt.) "وەفادار، جێگەی دڵنیایی"، trīewe (OE.) "وەفادار، ڕاست و دروست"، true (E.) "ڕاست، دروست"، trygg (Sw.) "جێی دڵنیایی"، drūtas (Lit.) "سەخت، بەهێز، قەڵەو". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***dreu- < (IE.)*** "دار، داربەڕوو". چەمکی گشتی دە هەموو ئەم وشانەدا "بەهێز و پتەو بوون"ە، جا یان لەباری فیزیکی یان لەباری دەروونییەوە. بەم جۆرە مەبەست لە وشەی "دروست" دە بنەڕەتدا "سەخت کردن، قایم کردن، ساز کردن"ی شتێکی ناتەواو، خۆنەگرتوو و شل

و شەوێقە، شتێک کە جێگەی دڵنیایی نییە. لەمەوە پاشان مانای وشەکە پەرەی سەندووە بۆ راست و دروستی باری دەروونی مرۆڤەکان.

[تێبینی: شیاوی باسە کە دە "فرهنگَ جامع فارسی- المانی" (ل. 302) لەژێر وشەی "درستکار" dorost-kar (P.) دا ئاماژە بە چەند مانا کراوە و یەک لەوانە وشەی ئەڵمانی treu، کە لەسەرەوە باس کرا و ماناکەی دەبێتە "ئەمەکَ، وەفا". لە لایەکی دیکەوە بە ورد بوونەوە لەم پێوەندییانەی سەرەوە گومان لەوەدا نامێنێ کە دوو وشەی "ساخ" و "سەخت"یش پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، واتا "ساخ"یش دە بنچینەدا ئاماژەیە بە "بەهێز و پتەو بوون"، بەپێچەوانەی شتی ناساخ و ناتەواو کە هێشتا هێز و توانایی پەیدا نەکردووە یان هێز و توانایی خۆی لەدەست داوە. هەر لەم پێوەندییەدا دەتوانین وشەی "زۆخ" [زووخ] بە مانای "هێز، توانایی" بە باشی شی بکەینەوە].

دروشم dıruşım [*dırušım*] - دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا دوو وشەی "دروشم" و "درۆشم" لەپاڵ یەکدا باس کراون، یەکەمیان بە مانای "بیچم، شکڵ" و دوومیان بە مانای "نیشانەی تایبەتی، ئارم". ئەو دوو وشەیە دە راستیدا هەر یەک وشەن و مانای بنەرەتی وشەکە "شەقڵ، شێوە، وێنە"یە. مانای "نیشانە" یان "ئارم" دواتر پەیدا بووە و ئەمەش بەم جۆرە بووە کە وێنە یان شەقڵێک وەک نیشانە بۆ شتێک دیاری کراوە، بۆ نموونە وەک نیشانەی سەر ئاڵا، یان سەر تۆمار و هتد. دە زمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا "دروشم" زۆرتربە مانای

"شیعار، شوعار" بەکار دێ. دیارە لێرەشدا سەرەتا مەبەست شوعاری نووسراو و نەخشکراو لەسەر پەڕۆ یان کاغەز بووە کە وەک نیشانە بەرز کراوەتەوە [شوعار *هەڵگرتن*] و دواتر بەو شەعارانەش گوتراوە کە هاوار کراون. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑ترپان tırpan "مەڵەغان، داسی دەسک درێژ".

درۆ dıro - " قسەی نەڕاست، قسەی فریودەر": درەو dırew یش دەگوترێ. دروغ dorūġ (P.). خزمە دەگەڵ Betrug (G.) [Be-trug] "فێڵ و تەڵەکە" و trügen (G.) و driegen (MNl.) "خاپاندن، فریو دان"، Traum (G.) "خەون" [واتا وێنەی درۆیین، ناراست]، druj- (Av.) "درۆ، فریو"، drauger (OIs.) "شەوە، تارمایی" [واتا وێنەی درۆیین]. دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑تراویلکە tırawılke "وێنەی درۆیینی ئاو یاخود وێنەی فریودەری ئاو لە بیابان". شیاوی باسە کە فۆتیمی کۆتایی وشەکە کە دە زمانی فارسیدا غ/ ġ یە و دە وشە ئەڤێستاییەکەدا ج/ j بووە، دە وشەی درۆزن dırozın ی کوردمادیدا بەشێوەی ز/ z پارێزراوە (درۆز + ن dıroz + ın).

درۆزە dıroze [*dıroza*] - "گەدایی": دریوزە daryūze (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ driusan (Got.) "(دا) خستن"، dreosan (OE.) "کەوتن"، drusian (OE.) "مات و داماو بوون، داچەمان". خزمە دەگەڵ ↑تروشکان trûşkan [هەڵتروشکان]. هەروەها لەوانەیە وشەی ↑دەروێش derwêş پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. دەروێش دە زمانی کوردمادیدا بە دوو مانا دێ کە دیارە لە پێوەندی دەگەڵ یەکتر دان. مانای یەکەم "عەودڵ، بێ ماڵ و حاڵ، رەبەن"ە و مانای دووەم "مریدی شێخ". دە زمانی فارسیدا درویش darvīş (P.) وەک "هەژار، بێنەوا، عەودڵ" مانا کراوەتەوە. مانای دووەم دە زمانی کوردمادیدا لەوانەیە لەمەوە سەرچاوەی گرتبێ کە کەسانی عەودڵ و بێماڵ و حال پەنایان بردووەتە بەر تەکیە و خانەقای شێخان و لەوێ بوونە مرید و پێرەو.

دروێنە dıroene [*dıroena*] - "گیا دروونەوە": خزمە دەگەڵ ↑دروون dırun و ↑*ترپان tırpan*.

درو dıru [*dırū*] - "چقڵ": ↑درک dırk یش دەگوترێ. "درک" و "درو" دەشێ دە بنچینەدا هەر یەک وشە بن. ئەسڵی وشەکە لەوانەیە شێوەیەکی وەک *درووک* **dırûk* ی هەبووبێ و پاشان دوو شێوەی لێ پەیدا بووبێ.

1- لە لایەکەوە دەتوانین بەراوردی بکەین دەگەڵ Dorn (G.)، thorn (E.)، torn (Sw.)، trnu (Oslav.)، "درک"، térnax (Gr.) "لاسکی کاکتۆس". بە پێی بۆچوونێک ئەم وشانە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ریشەی ***ter-**

(IE.) که دەبێ بەمانای"تیهەڵچەقین" بووبێ، بە پێی بۆچوونێکی دیکە پێوەندی هەیە بە ریشەی ***(s)ter-** *(IE.)* "سەخت، توند، لەبەر یەک کیشراو" [شتێک کە لەبەر یەک بکێشرێتەوە، شەق و توند دەبێ].

2- لە لایەکی دیکەوە وشە کوردماداییەکە لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە وشەی درین/ ↑درانڈن dırandın هوە سەر بە ریشەی هیندو ئەورووپی *(IE.)**der- > "درین".

دروو ب dırûb [*dırūb*] - "وێچوون، هاوشێوەیی": دروو ڤ dırûv یش دەگوترێ. هەروەها دروو باندن dırûbandınهەیە بە مانای "وێچواندن، شباندن، وەک ئەو زانین". خزمە دەگەڵ ↑درف dırıf و دواجار ↑ترپان *tırpan*.

دروومان dıruman [*dırūmān*] - "جلک دروون": دروو + مان dıru + man. کەرتی "دروو" سەربە کرداری ↑دروون dırun ە. کەرتی مان man- پاشگرە کە دە هێندێک وشەی دیکەشدا دەردەکەوێ وەک "سووتمان"، "گریمان" یان "گریمانە"، "شیمانە" و هتد.

دروون1 dırun [*dırūn*] - "دروێنە کردن" (گیا دروونەوە): درویدن derovīdan (P.). خزمە دەگەڵ چەندین وشە وەک ↑ترپان *tırpan* "داسی دەسکدرێژ"، ↑درباشە dırbaşe "زەرگی دەروێشان" و ↑درپشە dırıpe [←درەوشە← درێشە]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان، وێککەوتن". پاشان دە زمانە جۆربەجۆرەکاندا چەند مانای وەک "پێکگەیشتن، تووش بوون، کوتان، کوتانەوە، ورد کردن، برین، کون کردن" سەریان هەڵداوە.

[تێبینی: هەر لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە وێ دەچێ دەتیوان دوو وشەی "تووش" بوون (بەیەکدی گەیشتن، بەرخورد کردن) و "تاشین"دا پێوەندی ئیتیمۆلۆژی هەبێ].

دروون2 dırun [*dırūn*] - "تەقەڵ لێدان": سەرەتا تێبینییەک:

[دە زمانی فارسیدا کرداری "دوختن" بە مانای "دروون، تەقەڵ لێدان" بەکار دێ. بۆ کرداری کاتی ئێستا بنجی کردارەکە دەبێتە "دوز-" وەک "میدوزم" واتا "دەدرووم". بنجی "دوخ-" یان "دوز-" خزمە دەگەڵ وشەی کوردییەکانی "تیک" [تیک و دروومان] و هەروەها "تیخ" و "تەقەڵ". هەموو ئەم وشانە ئاماژە بە شتی تیژ (وەک دەرزی) دەکەن کە تێرادەچێ و کون دەکا. کەوابوو کرداری "دوختن"ی فارسی و تەقەڵ لێدانی خۆمان دە بنەڕەتدا بریتییە لە دەرزی تێرا کردن لە پارچە و قوماش].

ئێستا ئەگەر بەم تێروانینەوە سەیری وشەی "دروون" بکەین، بێ سێ و دوو، واتا یەکجێ بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم "دروون"ە پێوەندی بە ↑*دروون1 dırun* ەوە هەیە بە مانای "گیا دروون، دروێنە کردن". وەک لەژێر دروون1 dırun دا شی کراوەتەوە، چەندین وشە لە چەشنی ↑درباشە dırbaşe "زەرگی دەروێشان" و ↑درپشە dırpışe [درەوشە، درێشە] پێوەندی بە وشەکەوە پەیدا دەکەن. ئەمە نیشان دەدا کە لە کۆندا وشەیەکی بنەڕەتی وەک "دربان/ ترپان" هەبووە کە چەند مانایەکی وەک "لێدان، برین، هەڵپاچین، تێراکردن، تیکوتان، تیهەڵچەقاندن"ی گەیاندووە. پاشان لەمەوە چەند وشەیەک سەریان هەڵداوە کە دەستەیەکیان پێوەندییان بە گیادروون و دروێنە وە هەیە، وەک "ترپان، دروێنە، دروون: tırpan ← dırwan ← dırwên(e) ← dırûn. ئەم گۆڕانکارییانە بەتەواوی دەگەڵ رێساکانی فۆنۆلۆژیکی زمانی کوردی یەک دەگرنەوە و بە دەیان نموونەیان لە زمانی کوردیدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە دەستە وشەیەکی دیکە دروست بوون کە باس لە دەرزی و تەقەڵ لێدان دەکەن، وەک درپشە dırpışe "درێشە" [dırpışe ← درەوشە dırewşe ← درێشە dırêşe] و "دروون" و ↑تەریب terîb. لێرەدا هەروەها بەباشی دەردەکەوێ کە "تەریب" وشەیەکی خۆماڵییە و لە راستیدا شێوەی کۆنتری وشەی "دروون"ە. زمانی کوردی وەک لە زۆر نموونەی دیکەدا هەر دوو شێوەی کۆن و نوێی وشەکە بەکار دێنی، بەڵام بە دوو مانای بڕێک جیاوازەوە. دە زمانی ئەمڕۆدا "تەریب" بە جۆرێک لە دروون/ دروومان دەگوترێ کە هێڵەکانی قیلەوقاچ بن. ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی زمانی کوردییە کە زۆرێک لە وشە کۆنەکانی بەم جۆرە پاراستووە.

دره‌م drem [*dram*] - "یه‌که‌ی پاره": ده کوردمادیدا وه‌ك یه‌که‌ی "وه‌زن" یش به‌کار دێ. درهم darham (P.)، (E.) drachm(a) < *(Gr.) drakhmé* "یه‌که‌ی وه‌زن و پاره" پێوه‌ست به کرداری (Gr.) drássesthai "گرتن، هه‌ستاندن".

دره‌نگ dıreng [*dırang*] - "زۆر پێچوونی کات" : خزمه ده‌گه‌ڵ ↑درێژ drej. دره‌نگ بوون ده بنه‌ره‌تدا ئاماژه به درێژ بوونه‌وه‌ی کات ده‌کا.

[تێبینی: له‌م باره‌وه ده‌توانین ده‌گه‌ڵ وشه‌ی spät ی ئه‌ڵمانی به‌راوردی بکه‌ین، که به مانای "دره‌نگ"ه و ده‌چێته‌وه سه‌ر ریشه‌یه‌ك به مانای "پان و بڵاو بوونه‌وه، له‌به‌ر یه‌ك کێشرانه‌وه، ته‌نینه‌وه". دیاره ده وشه ئه‌ڵمانییه‌که‌دا مه‌به‌ست له‌به‌ریه‌ك کێشرانه‌وه‌ی "کات"ه. ئه‌م وشه ئه‌ڵمانییه خزمه ده‌گه‌ڵ "ئه‌سپایی" کوردمادی که ئاماژه به "هێواش بوون، به دره‌نگی که‌وتن و درێژ بوونه‌وه ده کاتدا ده‌کا].

دره‌وشان(ه‌وه) dırewşan(ewe) [*dırawšān(awa)*] - "ترووسکانه‌وه، بریقانه‌وه": خزمه ده‌گه‌ڵ ↑تیرێژ tîrej "تیشك، شه‌به‌ق".

دره‌وشه dırewşe [*dırawša*] - شێوه‌ی کۆنتری ↑درێشه dırêşe و خزمه ده‌گه‌ڵ ↑ ترپان *tırpan* "داسی ده‌سکدرێژ".

دره‌هی dırehî [*dırahī*] - "زه‌وی شه‌قارشه‌قار": پێوه‌ندی هه‌یه به درین/ ↑دڕاندن dırandın.

دری dırî [*dırī*] - "شه‌رم، فه‌دی": ده‌شێ پێوه‌ندی هه‌بێ به ↑ته‌ریق terîq [ته‌ریق بوونه‌وه].

درێژ dırej [*dırež*] - "به‌رانبه‌ری کورت": دراز (P.) derāz، (OIn.) drīgah-، (Oslav.) dlĭgŭ، (Gr.) dolichos، (Lit.) ilgas، (G.) lang، (E.) long و هتد. گشتیان به مانای "درێژ"، سه‌ر به ریشه‌ی **** deleg- > (IE.)*** "درێژ". وشه‌ی ↑دره‌نگ dıreng یش له‌م ریشه‌وه هاتووه و دره‌نگ بوون ده بنه‌ره‌تدا ئاماژه به درێژ بوونه‌وه‌ی کات ده‌کا.

درێشه dırêşe [*dıreşa*] - شێوه‌ی سواوه‌ی ↑درپشه dırıpşe یان دره‌وشه dırewşe. درفش (P.) derafš]. خزمه ده‌گه‌ڵ ↑ ترپان *tırpan* "داسی ده‌سکدرێژ".

درێخ drex [*drex*] درێغ dreġ ش ده‌گوترێ. دریغ (P.) darīġ. ئه‌م وشه‌یه ده "فه‌رهه‌نگی هه‌نبانه بۆرینه"دا به مانای "قسوور، کۆتایی" لێکدراوه‌ته‌وه. به‌ڵام ئه‌مه مانای راست و دروستی وشه‌که نییه. له "فرهنگ جامع المانی به فارسی"دا- بڕوانه سه‌رچاوه‌کان- ئه‌م وشه‌یه به دروستی و به تێر و ته‌سه‌لی مانا کراوه‌ته‌وه. ئه‌م فه‌رهه‌نگه ئه‌م مانایانه‌ی بۆ وشه‌که داناوه: ئه‌فسوس، داخ و ئه‌سه‌ف، په‌شیمانی، خودداری، ئاه و ناڵه. وه‌ك ده‌بینین مانای بنه‌ره‌تی وشه‌که ده‌بێ "داخ و ئه‌سه‌ف" بێ. ئه‌م مانایه به ته‌واوی ده‌گه‌ڵ ئه‌و"دریغ و دریغا" یانه رێك ده‌که‌وێ که زۆر له شاعیرانی فارس ده هۆنراوه‌کانیاندا بۆ ده‌ربڕینی داخ و ئه‌سه‌فی خۆیان هێناویانه‌ته‌وه. پێچه‌وانه‌ی "دریغا"ش ده هۆنراوه‌کانی شاعیرانی فارسدا "خۆشا"یه که هۆنه‌ر بۆ ده‌ربڕینی خۆزگه و ئاره‌زووه‌کانی به‌کاری هێناوه. ئه‌گه‌ر له‌م تێڕوانینه‌وه بۆ ساغ کردنه‌وه‌ی ریشه‌ی وشه‌که بچین، به‌و ئه‌نجامه ده‌گه‌ین که ئه‌م وشه‌یه خزمه ده‌گه‌ڵ (G.) trauern"ماته‌م گرتن، (E.) dreary خه‌مبار، داخدار"، (Gt.) driusan "که‌وتن"، (OE.) dreosan "که‌وتن، به‌چۆکدا هاتن"، (OE.) drūsian "مات و بێهێز بوون، داهێزران"، (OE.) drēorig "خه‌فه‌تبار، خه‌مبار". ریشه‌ی ژێرمه‌نی ئه‌م وشانه وه‌ك *(Grm.) *drus-* "که‌وتن" ساخ کراوه‌ته‌وه. سه‌باره‌ت به ریشه‌ی هیندوئه‌ورووپی وشه‌کان چ زانیارییه‌ك باس نه‌کراوه. به‌راوری بکه ده‌گه‌ڵ ↑ترووشکان trûşkan [هه‌ڵترووشکان] "له‌سه‌ر چینچك دانیشتن" و هه‌روه‌ها ↑ته‌ریق terîq بوونه‌وه.

[تێبینی: وه‌ك باس کرا وشه‌که له‌پاڵه‌وه به مانای "کۆتایی، قسوور" یان ده فارسیدا "خودداری" ش دێ، بۆ وێنه کاتێك ده کوردمادیدا ده‌گوترێ "درێخ کردن" یان ده فارسیدا "دریغ داشتن". ئه‌م مانایه مانای بنه‌ڕه‌تی وشه‌که نییه و دواتر په‌یدا بووه. په‌یدا بوونه‌که‌ش ده‌بێ به‌م جۆره بووبێ که کاتێك کارێك به نابه‌دڵی و ناقایلی بۆ که‌سێك کراوه، مرۆڤی بکه‌ر کاره‌که‌ی پێ درێخ بووه، پێی حه‌یف بوو. له

بەرانبەردا مرۆڤێک کە پێویستی بە کارێک هەبووە، داوای کردووە کە کارەکە درێخی لێ نەکرێ، بە درێخەوە کارەکە نەکرێ، نەبێتە جێگەی داخ و ئەسەف، واتا مرۆڤی بکەر پێی (بە) داخ نەبێ کە ئەو کارە دەکا].

دز[1] dız - "کەسێ ماڵی مەردم بەنهێنی دەبا": زۆرجار دەگەڵ "حیز" دێ [دز و حیز dız û ħîz]. دزد dozd (P.).

1- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Dieb (G.)، diob (OG.)، thief (E.)، tjuv (Sw.)، ?iubs (Gt.) "دز"، سەر بە ریشەی < ***teip-** (IE.)* "خۆ مات کردن، هەڵتروشکان". tūpi (Lit.) و tupt (Let.) "هەڵتروشکان" لەم ریشەوە هاتوون. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها دژ دامان dıj daman یان دۆش دامان doş daman هەیە بەمانای "کز و مات دانیشتن". لەوانەیە ئەم وشەیەش پێوەندی بەو ریشەوە هەبێ و مەبەست دەستەوئەژنۆ دانیشتن بێ. لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "تروشکان" [هەڵتروشکان] کە ئەویش دەگەڵ "درێخ" واتا "داخ و پەژارە" هاوریشەیە.

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑دزێو dızêw "بەد، بەدکار".

[تێبینی: لەوانەیە ریشەی ***teip-** (IE.)* "خۆ مات کردن، هەڵتروشکان" پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***dheu-b-** (IE.)* "قووڵ، نزم". ئەگەر ئەم پێوەندییانەی سەرەوە راست بن، "دۆش، دژ" دەبێتە خزم دەگەڵ تەشک teşk [تەشک و داوێن] و تەشق teşq "قووڵایی ئاسمان"].

دز[2] dız - دەگەڵ "ئاو" دێ و بۆ وێنە دەگوترێ "برینی دەستم ئاوەدز awedız بووە". دیارە ئەم "دز"ە چ پێوەندییەکی بە "دز"ی سەرەوە نەداوە. راستە لێرەشدا برین ئاوی دزیوە، بەلام ئەم دزینە "بردنی ماڵ مردم بە نهێنی" نییە! دز یان دزین لێرەدا پێوەندی بە ↑تزان tızanەوە هەیە کە ئاماژە دەکا بە راکێشانی تەڕایی لە شوێتێکدا، وەک فرمێسک لە چاو تزان یان خوێن تێ تزانی دەست.

دزان dızan [*dızān*] - "ناخۆش ویستن، حەزلێ نەکردن": خزمە دەگەڵ ↑دژ dıj "زیدد، نەیار". [میوان میوانی دەدزێ و خانەخوێ هەردووک لا]!

دزێو dızêw [*dızew*] - "ناحەز، بەد، بەکار": خزمە دەگەڵ ↑دژ dıj "دوژمن، نەیار، بەدکار".

دژ[1] dıj [*dıž*] - "زید، دوژمن، نەیار": خزمە دەگەڵ ↑*توووش tûş*، ↑دزێو dızew و ↑دزان dızan "ناخۆش ویستن" و ↑دوژمن dujmın و هتد. ئەم وشانە دەگەڕێنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەد، خراب".

دژ[2] dıj [*dıž*] - "شەقڵی خەرمان": خزمە دەگەڵ Zeichen (G.)، taikan (Got.)، token (E.)، tecken (Sw.)، tja (OIs.)، deiknynai (Gr.)، diśáti (OIn.) "نیشانە، شەقڵ"، سەر بە ریشەی < ***deik-** (IE.)* "نیشان دان، بەدیار خستن". دە پلەیەکی دوورتردا دەچێتەوە سەر ریشەی < ***dei-** (IE.)* "روونا‌ک بوون، درەوشان، دیارکەوتن" و بەم جۆرە خزمایەتی پەیدا دەکا دەگەڵ ↑دیتن dîtın "بینین" و↑دیار dîyarو↑ دیاری dîyarî.

[تێبینی: سەبارەت پێوەندی چەمکەکانی "نیشانە" و "نیشان دان" و "بینین" بڕوانە ئەو وشانەی لەژێر "مێزاندن"دا باس کراون].

دژ[3] dıj [*dıž*] - "قەڵا": دێژ dej یش دەگوترێ. دژ dež (P.). بەشێکە لە ناوی چەندین شار، وەک سنەندەژ، رەواندز، شاهیندێژ و هتد. دژبان dejbān (P.) دە زمانی فارسیدا وشەیەکی ئەرتەشییە و ماناکەی دەبێتە "دژ(ە)وان، قەڵاپارێز". دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑پەرێز perez و pairi-daiza- (Av.) "جێگەی دەورگیراو"، پێکهاتووە لە پێشگری pari "دەور و بەر، دەور گرتن" و ریشەی daiz- "لە سەر یەک هەڵچنین". پەرێز دە زمانی کوردیدمادیدا هەم مانای "جێگەی دەخڵی دورواو" و هەمیش مانای "رەبەت، بۆسە" دەدا. مانای دووەم دەگەڵ چەمکی قەڵا یەک دەگرێتەوە. ئەم ریشە ئەوێستاییە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ئەو ریشە هیندوئەورووپییانە کە لەژێر ↑تیغە tîġe "دیواری تیوانگر"دا ئاماژەیان پێ کراوە.

دژ[4] dıj *[dıž]* - دژ دامان dıj daman یان دۆش دامان doş daman مانای "کز و مات دانیشتن" دەبەخشێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ژمارەیەک وشەی کە ئاماژە بە "قووڵ بوون، نزم بوون" دەکەن، وەک ↑تەشک teşk[تەشک و داوێن] و ↑تەشق teşq "قووڵایی ئاسمان"] و هتد. دژ دانیشتن جۆرێک لە مات دانیشتن یان هەڵتروشکانە کە خۆ چەماندنەوە و خۆ نزم کردنەوەی پێوە دارە. لەوانەیە خزمیش بێ دەگەڵ ↑دز[1] dız کە زەمانی بەرێ بە خۆ مات کردن و سەری خۆ دانەواندن کاری خۆی دەکرد بۆ ئەوەی نەبینرێ.
[تێبینی: "دژ دانیشتن" لەباری ماناوە هەڵسەنگینە دەگەڵ وشەی "تروشکان، هەڵتروشکان" کە ئەویش دە بنەڕەتدا ئەم مانایانە دەبەخشێ: "نەوی بوون، چوونەخوار، لەهێز کەوتن، داکەوتن"].

دژین dıjên *[dıjen]* - "لوو، گرێی گۆشت": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑تەژی *tejî* "پڕ" و ↑تەشەنە teşene و dicht (.G) "چڕو پڕ، چیڕ، سەخت، توند".

دشت dışt *[dıš]* - "ناشیرن، درێو": خزمە دەگەڵ زشت zêşt (.P) "ناحەز و ناشیرن". لەوانەیە پێوەندییان بە ↑دژ dıjەوە هەبێ.

دشە dışe *[dıša]* - "جێگەی خراب": خزمە دەگەڵ ↑دژ dıj.

دشی dışî *[dıšī]* - "ناحەزی، ناشیرنی":
1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑دشت dışt "ناشیرن، درێو".
2- هەروەها دەگەڵ ↑دژ dıj.

دفتە dıfte *[dıfta]* - "کەرکیت، شەی پۆ کوتان": خزمە دەگەڵ دەگەڵ ↑تەپاندن tepandın "لێدان". شیاوی باسە "کەرکیت"یش پێوەندی بە "کوتان"ەوە هەیە.

دفن dıfın *[dıfin]* - "1- کەپۆ، لووت 2- لە گۆڕ نان (کفن و دفن)": دەفن defin یش دەگوترێ. بە مانای یەکەم ↑تفنک tıfınk یش دەگوترێ. بە هەردوو ماناوە دەچێتەوە سەر ریشەی ***dheu-b- < (IE.)*** "قووڵ، رۆچوون، چوونەخوار". سەبارەت بە مانای یەکەم هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "کەپۆ" یان "زار" کە ئەوانیش پێوەندی پەیدا دەکەن بە چەمکی "قووڵایی، کون و کەلێن". سەبارەت بە مانا دووەمەکەش هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "گۆڕ" [کۆنتر: گابار، گەبەر واتا قەبر] کە خۆی دە ریشەدا خزمە دەگەڵ "کەپۆ". بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وشەکانی "دفن" و "قەبر" وشەی سەر بە زمانە ئێرانییەکانن. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑*تاپی tapî* "خەندەک، رەهەند، گۆڕیچە" و چەندین وشەی دیکە.
[تێبینی: هەر لێرەدا شیاوی ئاماژە کردنە کە وشەی "کفن"یش وشەیەکی سەر بە زمانە ئێرانییەکانە و خزمە دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی وەک "کەپەن" یان "کەپەنک" بە مانای "باڵاپۆش". کەوابوو مانای کفن و دفن کردن دەبێتە "داپۆشین" (بە "خەڵات" - کە ئەمەش هەر وشەیەکی کوردماددییە) و خستنە ناو قووڵاییەوە واتا خستنە ژێر خاک].

دڤە dıve *[dıva]* - "راستەی بەننا، تەراز": لەژێر وشەی "تەراز"دا شی کراوەتەوە کە ئەم وشەیە دەگەڵ وشەی "تراشین" خزمە و پێوەندی بە چەمکی "لێدان"ەوە هەیە. [دوو چەمکی "تراشین" و "لێدان" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەر بۆیە "ردێن لێدان" بە مانای "ردێن تاشین" بەکار دێ، یان وشەی "تاشین" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان". هەروەها وشەی "درووون" (گیادروون، تراشینی گیا) دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان" و هتد]. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دڤە dıve ش دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دەپ dep "تەختە" و دواجار تەپ[4] tep "لێدان". "دڤە" یان "تەراز" دە بنەڕەتدا تەختەیەک بووە کە هەرد و دار و دیواریان پێ راست کردووە.

دڤەدڤ dıvedıv *[dıvadv]* - "گژەگژی با": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە جووڵانی و لێکهاڵانی نائارام دەکەن، ↑وەک تۆز toz، ↑دووکەڵ dukel، ↑تۆف(ان) tof(an). ژمارەیەک لە وشەکانی ئەم خێزانە مانای "بۆر، رەش"یان وەرگرتووە، وەک ↑*دەوار2 dewar* "پارچەی رەشماڵ"، ↑تەو tew "پەزی بۆر" و هتد.

دکن dıkın - "چڵکەسوو، چڵکێک کە بە شوشتن پاک نابێتەوە": دکین dıkîn یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە "چڕ و پڕ بوون، سفت بوون" دەکەن، وەک ↑تەژی tejî، ↑تەقن teqın و هتد.

دگدگە dıgdıge *[dıgdıga]* - "1- نووکی مەزرەقی کول 2- باپشکێو، چیچکەسڵاو": خزمە دەگەڵ ↑دوگمە dugme.

دڵ dıl *[dıl]* - "ئەندامێکی هەناو": دل del (P.). خزمە دەگەڵ zered (Av.)، Herz (G.)، Heart (E.)، hjärta (Sw.)، kardia (L.)، cor (Gr.)، serdce (Rus.) گشتیان بە مانای "دڵ"، سەر بە ریشەی ***kerd- > (IE.)*** "دڵ".

دڵۆ dılo *[dılo]* - " تەڵەزمی بچووک لە پێست": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑تڵیشان tılîşan،

2- ↑دڕاندن *dırandın* سەر بە ریشەی ***(IE.)*der- >*** "دڕاندن، قەڵشاندن، جیا کردنەوە".

دڵۆپ(ە) dılop(e) *[dılop(a)]* - "چکەئاو": درۆپ dırop یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ drop (E.) و (Nl.)، Tropfen (G.)، droppe (Sw.) "دڵۆپ(ە)". ریشەی وشە ژێرمەنییەکان ساخ نەکراوەتەوە ولەم بارەوە تەنیا یەک وشەی ناژێرمەنی بۆ هەڵسەنگاندن دۆزراوەتەوە کە drúcht (Mir.) ە بە مانای "نم، شەونم"، کەچی وشەی هاوتای دە زمانی کوردمادیدا زۆر روون و ئاشکرایە! وشەکانی ↑دەڵاندن delandın "تەڕایی دانە دەرەوە، ئاو لێ هاتن" و ↑تەڕ ter لە پێوەندی دەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوەدان.

دلۆرە dılore *[dılora]* - "راکشان، درێژ بوون": شێوەیەکی دیکە لە ↑تلۆر tıl(l)or.

دمبەک dımbek *[dımbak]* - "جۆرێک تەپڵ": دمبەکَ dımbeg و دومبەک dumbek و دنبەک dınbek یش دەگوترێ. تنبک tonbak (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑زۆمپ zomp "کوتکی زلی ئاسن" و چەند وشەیەکی دیکە کە پێوەندیان بە چەمکی "لێدان و کوتان"ەوە هەیە.

دمبێن dımbên *[dımben]* - "زاربەند، زارک بەند": دم [↑دەم dem "زار"] + بێن ben. "بێن" دەچێتەوە سەر ↑بەند bend، سەر ریشەیەک بە مانای "بەستن".

دملی dımlî *[dımlī]* - "شێوەزاری زازایی": هەروەها دنبلی dınblî هەیە بە مانای "زازا، هۆزێکی کورد". دەشێ ناوی ئەسڵی ئەم هۆزە *دمبلی dımblî**بووبێ و پێوەندی هەیە بەم وشانەی کە لە ژێر وشەی ↑تەمر temır "مۆری دەوڵەتی" [تمبر tember (P.)] و ↑تەمغە *temġe* "مۆری ئیداری"دا شی کراونەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان، کوتان". وشەی ↑تەمبوور tembur یش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و سازێکە بۆ "لێدان". زۆر وێ دەچێ ناوی ئەم هۆزە لە وشەی تەمبوور tembur وەرگیرابێ، چونکوو تەمبوور سازێکی باو و خۆشەویستە لە لای ئەم خەلکە و لەوانەیە بە ناوی ئەم سازی مووزیکەوە بانکَ کرابن.

تەمغە temġe *[tamġa]* - "مۆری دەوڵەتی": داغمە daġme ش دەگوترێ. خزمە لەگەڵ ↑تەمر temır "مۆری دەوڵەتی".

دندووک dınduk *[dındūk]* - "نووکی پەڵەوەر": دەندووک denduk و دوندووک dunduk و دەنووک denuk یش دەگوترێن. شێوە کۆنترەکەی دەبێ دوندووک بێ. [دوند + ئوک dund + uk]، واتا دوندی چکۆڵە. ↑دوند dund واتا "نووک، شت یان شوێنی تیژ و دەرپەڕیو"، دە بنەڕەتدا واتا "ددان".

دنگە dınge *[dınga]* - "کۆڵەکەی لە قوڕ و بەرد": خزمە دەگەڵ ↑دۆمە dome "پشتێندی رەشماڵ".

دنە dıne *[dına]* - دنە دان dıne dan واتا "هان دان، هەڵخڕاندن". دە بنچینەدا تینە دان tîne بووە و پێوەستە بە وشەی ↑تین tîn "هێز، گەرما".

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا anfeuern بە مانای "دنە دان، هان دان" دێ کە دەچێتەوە سەر وشەی Feuer "ئاگر". هەرلێرەوە بیر بۆ ئەوە دەچێ کە وشەی "هەڵخڕاندن"یش بە مانای دنە دان دە بنەڕەتدا "هەڵگڕاندن" بووبێ سەر بە وشەی گڕ gır "بڵێسەی ئاگر". وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردیدا بە مانای

هان دان دێ که بریتییه له "زیخاندن". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ زیخ "بوێر، ئازا"، Sieg (.G) "سەرکەوتن، زاڵ بوون" و ژمارەیەک وشەی کوردمادی کە چەمکی "هێز، پتەوی" لە خۆ دەگرن و لەژێر "سەق"دا باس کراون].

دوە dıwe [*dıwa*] - "تینی هەتاو کە هاوینان لە زەوی هەڵدەستێ": خزمە لەگەڵ ↑دەم dem [2] "نەفەس، هەناسە، هاڵاو".

دوان duwan [*duwān*] - "قسە کردن": بنجی دو(و) -duw خزمە دەگەڵ سڤ -sıv [↑بەرسڤ *bersıv* واتا وەڵام]، هەروەها دەگەڵ چپ -çıp [چپە çıpe، چپاندن çıpandın]. بنجی ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "قسە کردن". لەم تێڕوانینەوە وشەی "دوان" دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕانەی بەسەردا هاتبێ [چپان ← چڤان ← چوان ← دوان]. دە زمانی کوردمادیدا ↑چف çıv و ↑چفاندن çıvandın بە کار دێن بە مانای "چپە" و "سەرکۆنە کردن".

دوایی duwayî [*duwāyī*] - "1- پاشان 2- کۆتایی، پایان": ↑دوومایی dumayî و دووماهی dumahî یش دەگوترێن و ئەمانە شێوەی کۆنتری وشەکە پێشان دەدەن. وشەکە دەچێتەوە سەر↑ دوو [2] du بە مانای " کلک، ئەندامی پاشەوە و کۆتایی ئاژەڵ". [بە پێچەوانەی "سەر" کە وشەی "سەرەتا"ی لێ دروست بووە].

دوێنێ dö(ne) [*dö(ne)*] - "ڕۆژی بەرێ": دوێکە döke ش دەگوترێ. هەروەها دوێشەو döşew مانای "شەوی بەری" دەبەخشێ. دی dī (P.) [دیروز، دیشب]. وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ دی dî و ↑ئیدی îdî [شەوادی]

دوچک duçk [*dučk*] - "ترۆپک، قووچکە": ئەم چەند وشەی خوارەوە هەموویان خزمن و دەچنەوە سەر وشەیەکی بنەڕەتی: ↑سووچ suç، ↑گۆشە goşe، ↑قووچ quç [قووچکە quçke]، ↑دوچک duçk، ↑کۆچک koçk [کۆچکە koçke]، ↑ئەنگوچک enguçk [ئەنگوچکەسۆرانی]، ↑دوگمە dugme و هتد. وشە بنەڕەتییەکە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دەرپەڕین، دەرپەڕیو بوون، زەق بوون". بۆ زانیاری پتر بڕوانە ↑زەق *zeq*.

دودک dudık - "شمشاڵ": بڕوانە ↑توتوک tutuk "شەیپوور". لە مەهاباد ئەوکات کە ئیمە منداڵ بووین، بە سیگناڵی ترۆمبێلمان دەگوت دیدی dîdî. کردارەکە دەبوو بە "دیدی لێدان". ئەم وشەیە ئاماژەیە بە شەیپووری ماشێنەکە. دیارە سیگناڵی ماشین سەرەتا بە جۆرێک شەیپوور لێدراوە.

دوز duz - "بوزوو، شاڵ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تەژ tej "ژێرجلی بارەبەر"، ↑تەژکَ tejg "کەتان"، ↑دۆق doq [1] "گوڵەباتون کە لە قەراخی جلکی دەدروون" و دەگەڵ ↑تەقیلە *teqîle* "جۆرێک کڵاو".

دوژ duj 1 [*dož*] - "کز و سیس": بڕوانە ↑دۆش doş [دۆش دامان].

دوژ duj 2 [*dož*] - "گوریش، تەناف": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑دەزوو dezu.

دوگمە dugme [*dugma*] - "قۆپچە، پشکوژ": دگمە dıgme ش دەگوترێ. دگمە dogme (P.) یان تکمە tokme (P.). جگە لەمە ↑دەکە deke یان دکە dıke هەیە بە مانای "سەکۆ"، هەروەها ↑دگدگە dıgdıge هەیە بە مانای "1- نووکی مەزرەقی کول 2- باپشکێو، چیچکەسڵاو". چەمکی هاوبەش لە هەموو ئەم مانایانەدا "دەرپەڕین، بەرجەستە بوون، قوت بوون"ە. هەروەها ئەگەر چاو لێ بکەین، دەبینین کە دوو وشەی "دکە" و "سەکۆ" نەک هەر مانایان یەکە، بەڵکوو شێوەشیان زۆر لەیەک دەچێ. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑زەق zeq و ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە کە مانای "دەرپەڕین، دەرپەڕیو بوون" دەگەیەنن. دە زمانی فارسیدا چەندین وشە لەم بارەوە سەرنج رادەکێشن. ئەم وشانە نیشان دەدەن کە قۆتیمی z یان s دە وشەکانی زەق zeq و سەکۆ seko دا دە ژمارەیەک وشەی دیکەدا گۆڕاون بە d یان t. ئەم وشانەی زمانی فارسی بریتین لە دک کردن dak kardan (P.) "دەرپەڕاندن"، دکل dakal [دگڵ dagal] (P.) "داری بڵندی کەشتی"، دک و پوز dek ū pūz (P.) "لووت و لمبۆز"، دگنکَ daganak (P.) "دار، گۆپاڵ". چەمکی "دەرپەڕین، دەرپەیوی" لە هەموو ئەم وشانەدا ئاشکرایە. خاڵێکی دیکە کە لێرەدا جێی سەرنجە، ئەوەیە

که وشەی ↑دەکە deke "سەکۆ" دە زمانی فارسیدا [دکە dake (P.)] هەم وەک "سەکۆ" و هەم وەک ↑دووکان dukan مانا کراوەتەوە. ئەم پێوەندییانەی سەرەوە دەری دەخا کە مەبەست لە "دووکان" دە بنەڕەتدا هەر "دەکە" واتا سەکۆ بووە کە فرۆشەر کەلوپەلی خۆی بۆ فرۆشتن لەسەر داناوە. پاشان "دەکە" مانایەکی بەربڵاوتری بەخۆوە گرتووە و بەو هۆدەیەش گوتراوە کە شتی تێدا دەفرۆشن، یان سەکۆکانی لێ دادەنرێ. بەم جۆرە گومان لەوەدا نامێنێ کە وشەی ↑دووکان dukan وشەیەکی سەر بە زمانی کوردماددییە کە چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە، نەک بە پێچەوانەوە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا بە "دووکان" دەگوترێ Laden (G.). ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر laden (MG.) "تەختە، سەکۆی لە تەختە دروستکراو، تەختەی شت لەسەر فرۆشتن (تەبەق، خوانچە)". Latte (G.) "تەختەی ئەستوور" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە].

دولاب dulab [*dulāb*] - "1- چەرخی ئاوکێشان 2- خەڕەک 3- تۆپی ئاش": خزمە دەگەڵ ↑تلان tılan "سووڕان".

دوڕڕ durr [*durr*] - "مرواری" [دوڕڕ و گەوهەر]. در dorr (P.). لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑تڵتە tılte [دە فارسیدا: درد dord (P.)]، چونکوو دوڕڕ لە ئەنجامی کۆما بوونی خڵتە و خاڵی ئاهەکی لە ناو سەدەفدا دروست دەبێ.

دوڕڕە durre [*durra*] - "دوورەگە": دورگە dorage (P.). پێک هاتووە لە دوو + ڕە(گە) re(ge) + du. مەبەست ئەوەیە کە کەسێک بەرهەمی تێکەڵاویی دوو ↑رەگەز regez بێ.

دوژمن dujmın [*dužmın*] - "نەیار، ناحەز، نەتەوی": دژمن djmn یش دەگوترێ. دشمن došman (P.). پێک هاتووە لە دوو کەرتی دوژ + من duj + mın. کەرتی دوژ duj خزمە دەگەڵ ↑دژ dıj و دە بنەڕەتدا بە مانا "بەد، خراب"ە. کەرتی من mın- یان پاشگرێک بووە، یان لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە Meinung (G.) "مەبەست"، meaning (E.) "مانا"، mīan (OIs.) "ئارەزوو، داخواز". ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، ئەوسا مانای وشەی دوژمن دە بنەڕەتدا دەبێتە "خاوەنی مەبەست و ئارەزووی بەد". ئەم مانایە دەگەڵ وشەکانی "ناحەز و نەتەوی" باش دەگونجێ کە ئەوانیش دەگەڵ دوژمن مانایان یەکە و ئاماژە دەکەنە کەسێک کە حەزی لە مرۆڤ نییە، مرۆڤی خۆش ناوێ.

دولک dulk - "داری قۆچەقانی": دە ئەسڵدا دوو + ↑ لک du + lık، مەبەست ئەوەیە دارەکە دوو دانە لکی لێ دەبێتەوە یاخود دوو دانە لقی هەیە.

دومەڵ dumel [*dumal*] - "کوان، قوتیر": domal (P.). پێوەندی هەیە بە کرداری tumere (L.) "هەڵمسان" و tumor (L.) "کوان، دومەڵ"، سە بە ریشەی ***(IE.) *tu- >*** "هەڵمسان، ئەستوور بوون".

دوند dund - "نووک، ترۆپک": خزمە دەگەڵ ↑دان dan [ددان]. دە زمانی ئەڵمانیشدا zinne (G.) و zinke (G.) بە مانای "دوند، جەمسەری تیژ و دەرپەڕیو" دەچنەوە سەر Zahn (G.) "ددان". دە زمانی ئینگلیزی کۆندا tind (OE.) "نووک، جەمسەری دەرپەڕیو" هەبووە کە زۆر لە وشە کوردماددییەکە دەچێ. وشەکانی ↑ددانە dıdane، ↑دەندە dende و ↑دندووک dınduk [دەنووک: دەن(د) + ئووک] سەر بەم خێزانە وشەن. گشت ئەم وشانە ئاماژە دەکەن بە "نووکدار بوون، دەرپەڕین و تێژایی".

[تێبینی: دوویەمین فۆتیمی d دە وشەکانی دوند و دەندە و دەندووک دا دە هێندێک لە زمانە ئەورووپییەکاندا دەکەوێتە کۆتایی ئەو وشانەی مانای "دان/ ددان" دەبەخشن. بڕوانە ئەو وشانەی لە ژێر وشەی دان dan دا باس کراون. بۆیە ئەم فۆتیمە دەبێ بە بەشێک لە وشە کۆنەکەی دابێین، نەک ئەوەی دواتر خرابێتە سەر وشەکانەوە].

دوو du 1 [*dū*] - "یەک و یەک": دو do (P.)، two (E.)، twai (Got.)، tva (Sw.)، zwei (G.)، dýo (Gr.)، duo (L.)، dvau (OIn.) سەر بە ریشەی ***(IE.) *duō(u)-, *duai- >*** "دوو".

دوو2 du *[dū]* - "1-کلک، پاشەڵ 2- پاش": دووڤ duv و دوما duma [دما dıma] ش دەگوترێ. دم dom (P.). دە زمانی ئەڵمانیدا schwingen (G.) هەیە بە مانای "جووڵانەوە" (ی بەم لاو ئەولادا، جووڵانی گەوزی). هەروەها وشەی Schwanz (G.) "کلک" هەیە کە پێوەستە بە کرداری باسکراو، چونکە کلک شتێکە یان ئەندامێکەبەم لا وئەولادا دەجووڵێتەوە و لەبەرئەوە ئەوها ناونراوە. ئێمە دە زمانی کوردمادیدا وشەی جمین/ جڤین cımîn /cıvîn مان هەیە کە خزمی وشە ژێرمەنییەکەی سەرەوەیە. دە زمانی فارسیدا وشەکە دەبێتە جنبیدن jonbīdan (P.). ئەگەر لە وشە فارسییەکەوە بڕوانینە کێشەکە، بۆمان دەردەکەوێ کە دە زمانی کوردمادی و فارسیشدا، هەروەک ئەڵمانییەکە، وشەی دوو duدەچێتەوە سەرئەو کردارانەی سەرەوە. وەک دەبینین بنەوشەی کردارەکە دە زمانی ئەڵمانیدا schwing- و دە فارسیدا -conb ە. دە زمانی فارسیدا کلک دەبێتە دنب/ دم donb/ dom. [فۆتیمی ج / c لە بەرایی بنەوشەکەدا گۆڕاوە و بووەتە د / d]. ئەم وشەیە بە شێوەیەکی دیکەش دە زمانی کوردمادیدا هەیە کە تییدا فۆتیمە کۆنەکە باشتر دەردەکەوێ و ئەویش وشەی ↑چمە çıme یە بەمانای "دوو(ڤ)، کلک".

دە زمانی فارسی ئەمڕۆدا وشەی دم dom بە مانای کلک بەکاردێ ولە هەمان کاتیشدا شێوە کونترەکە، واتا دنب donb دە وشەکانی دنبلان donbalān (P.) "دووگە" و دنبال donbāl (P.) "دوا، دوو" و دنبالە donbāle (P.) "کلکە، پاشەڵ، دوایی"دا دەبیندرێ. زمانی عەرەبیش ئەم وشەیەی وەرگرتووە و کردوویە بە ذنب zenb (Arb.) "کلک، کلکە". دە زمانی کوردمادیدا وشەکە پێشتر دووم dum بووە [هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی دوومایی dumayî یان دوومامی dumahî]، پاشان بووەتە دووڤ duv و دە شێوەزاری کوردمادی ناوەراستدا بووەتە دوو du. [du ← duv ← dum ← dunb]. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە وشەی دوو du دەگەڵ Schwanz (G.) "کلک" خزمە و هەر دووک وشە بۆ یەک ریشە دەگەڕێنەوە. وشەی دوو du "کلک" دە زمانی کوردمادیدا لە باری شێوە و ماناوە دیسان گۆڕاتیکی دیکەی بەسەرداهاتووە و بووەتە ↑دوا duwa [duwa ← duva ← duma]. کاتێک دەگوترێ "بەدوادا گەڕان" و "وەدوا کەوتن"، دەبینین کە وشەکە دیسان مانایەکی تازەتری وەرگرتووە. ئەم مانایەش لێرەوە دروست بووە کە کلکی ئاژەڵ پاشترین شوێنە کە دەبیندرێ و وەک نیشانە و ئاسەوارێک وایە بۆ ئاژەڵەکە. بە وتەیەکی دیکە مەبەست لە"بە دوادا گەڕان" و "بە دوا کەوتن" دەبنەڕەتدا "دۆزینەوەی کلک" بووە! چونکە بە دۆزینەوەی کلکەکە ئەوا ئاژەڵەکەش خۆی دەدۆزرێتەوە. دە زمانی فارسیشدا بۆ ئەم چەمکانەی سەرەوە "دنبال کردن" و "دنبال رفتن" دەگوترێ کە دەگەڵ شێوە کوردماییەکان یەک دەگرێتەوە. هەروەها وشەی دوا duwa نەک هەر مانای پشتەوە واتا شوێنی پاشەوە دەدا [بە ئینگلیزی: behin]، بەڵکوو مانای "پاش"ی زەمانیشی وەرگرتووە [بە ئینگلیزی: after] واتا ئاماژە دەکاتە کاتێکی نەهاتوو یان داهاتوو. جگە لەمانە دە زمانی کوردمادیدا دوومایی/ دوایی dumayî /duwayî هەیە کە بە مانای "پایان، کۆتایی" بەکاردێ. پەیدا بوونی ئەم مانایەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو du، واتا کلکی ئاژەڵ ئاخرین شوێنی ئەوە و ئەم شوێنە وەک " کۆتایی لەشی ئاژەڵ" و پاشان بە گشتی وەک "ئاخر و کۆتایی" لەبەرچاو گیراوە، بە پێچەوانەی "سەر" کە "سەرەتا"ی ئاژەڵەکەیە.

[تێبینی: هەر لەم پێوەندییەدا شیاوی باسە کە وشەی Ende و end "کۆتایی" دە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا خزمن دەگەڵ هەنێ hene ی کوردمادی و antios (Gr.) "هەنێ" و ئەم شوێنە وەک ئاخرشوێنی مرۆڤ و وەک "کۆتایی" چاوی لێ کراوە].

دووبەڵا dubela *[dūbalā]* - دەگەڵ "ئاستەم" دێ [بە ئاستەم و دوو بەڵا واتا بە سەختی، بە زەحمەت].ئەسڵی وشەکە دەبێ ↑باڵ bal یان ↑پەل pel بێ و ئاماژەیە بە "دەست". لەم تێڕوانینەوە مانای "دوو بەڵا" دەبێتە "بەهەر دوو دەستان". رەنگە دە بنەڕەتدا ئەو وشەیە بۆ رۆیشتنی مرۆڤ دە تاریکیدا بەکارهاتبێ، واتا کاتێک مرۆڤ لەبەر تاریکی پەلەکوتێ دەکا و دەست بەم لاو ئەو لادا دەخشێنێ.

دووپشک dûpışık *[dūpišık]* - "زیندەوەرێکی پێوەدەر، دەمارەکۆڵ": هەردووک وشەی "دووپشک" و دەمارەکۆڵ demarekol بە یەک چەشن دروست کراون ولە دوو بەش پێک هاتوون. دە وشەی "دووپشک"دا کەرتی یەکەم وشەی ↑دوو du واتا "کلک"ە، لە وشەی "دەمارەکۆڵ"دا کەرتی یەکەم بووەتە دەمار demar. "دەمار" ئاماژە بە "کلکی" دووپشکە، کەرتی دووەم لە یەکەمیاندا "پشتک" pıştık بووە و بووەتە پشک pışık. مەبەست ئاماژە کردنە بەوە کە زیندەوەرەکە کلکی دەخاتە سەر پشتی. لە ناوەکەی دیکەی ئەم زیندەوەرەدا لەجیاتی پشت، "کۆڵ" داندراوە، واتا کلکی دەخاتە سەر کۆڵی. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە وشەکانی ↑دوو du "کلک"، ↑پشت pışt و ↑کۆڵ kol.

دووتن **dûıtn** *[dūtın]* - "سواخ دان، تێهەڵسوون": اندودن andūdan (P.) [پێشگری ان + دودن dūdan + an، ئەم پێشگرە دە زمانی کوردمادی و فارسیدا باوە و بە گەلێک کردارەوە دەلکێ، بڕوانە پێشگری ↑ئا -a]. خزمە دەگەڵ ↑خاوێن xawen.

دووچار **duçar** *[dūčār]* - "تووش": دچار dočār (P.). دووچ + ئار duç + ar. کەرتی دووچ شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تووش tûş [تووش بوون].

دووخ **dux** *[dux]* - "ئاستێکی نووک تیژ لە خەڕەکدا": خزمە لەگەڵ ↑دۆخ dox "تیری کەوان".

دوور **dur** *[dūr]* - "بەرانبەری نیزیک، دەست پێڕانەگەیشتوو": دور dur (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ tele (Gr.) "دوور". ریشە؟

دووزەڵە **duzele** *[dūzala]* - "ئامرازێکی مووزیکی کوردمادی": پێک هاتووە لە دوو وشەی دوو + ↑زەل du + zel. ئامرازەکە دەبێ لە دوو دانە زەل "نەی، قامیش" دروست کرابێ. تووزەلە tuzele ش دەگوترێ.

دووفلیقانە **duflîqane** *[dūflīqāna]* - "قۆچەقانی": دوو + فلیقانە du + flîqane. فلیق fılîq خزمە دەگەڵ Fork (E.)، force (OE.)، furcha (OG.)، furca (L.) "چەنگاڵ، چەتاڵ، بوونە دوو فاق". "دوو فلیقانە" لەسەر شێوەی bifurcus (L.) یان two-forked (E.) دروست کراوە.

دووکان **dukan** *[dūkan]* - "فرۆشگا": خزمە دەگەڵ ↑دوگمە dugme.

دووکەڵ **dukel** *[dūkal]* - "تەمی ئاگر":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑دوومان duman و ↑تووماڵ tuman. دە فارسیدا دود dūd (P.). لەوانەیە وشە کوردماددییەکە لە دوو کەرتی du + kel یان duk + el پێک هاتبێ و کەرتی یەکەم بنجی وشەکە بێ. دوو -du یان دووک -duk دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تۆز toz و ↑تەن ten "قورم، سیان" و ↑تووڵ tun و ↑تین tîn و ژمارەیەک وشەی دیکە.

2- لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ریشەی هیندوئەورووپی ***(IE.) *dheuk-, *dhuk- >*** ducken (G.) "بزاڤێکی خێرا (بەرەو خوار) کردن" و tauchen (G.) "شیرزە لێدان، خۆ دە ئاودا نقوم کردن" دە زمانی ئەڵمانیدا لەم ریشەوە هاتوون.

[تێبینی: جگەرەیەکی دانیمارکی هەیە کە ناوی dukel ە و ئەمەش شتێکی سەرنجڕاکێشە. جێی لێکۆڵینەوە کە ئایا ناوی ئەم جگەرەیە پێوەندی بە "دووکەڵ"ی کوردماددییەوە هەیە یان نا؟]

دووگە **duge** *[dūga]* - "پاشەڵی مەر": دنبە donbe (P.). خزمە دەگەڵ ↑دوو du "کلک".

دوومایی **dumayî** *[dūmāyī]* - شێوەی پێشووتری ↑دوایی duwayî.

دوویساندن **dûysandın** *[dūysāndın]* - "شێلان و تەپاندن بە قاچ و دەست": دە ئەسڵدا "تەپساندن tepsandın" بووە و شێوەی جەختکراوی ↑تەپاندن tepandın ە. [ناوگری s یەکێک لەو ناوگرانەیە کە دۆخی جەخت کردن بە هێندێک ئاوەڵناو یان کردار دەبەخشێ، بە ئەڵمانی بەم دۆخە دەگوترێ (Intensivbildung). نموونەی دیکە لەم جۆرە کردارانە بریتین لە خلیسکان، تڵیسانەوە، هەڕستاندن و هتد.

دو¹ do - "ماست و ئاوی لە مشکەدا ژنراو": دوغ dūġ (P.). لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑دۆشین doşîn و دۆشاو doşaw.

دو² do - "کیژ": کورتکراوەی ↑دۆت dot.

دۆبە dobe *[doba]* - "1-خشت و خاڵی هەنگوین 2- هەنگوینی قاڵکراو": پێوەندی بەم وشانەوە هەیە کە مانای "رەش، ئامال رەش، بۆر" دەدەن. بڕوانە ↑دەوار² dewar "پارچەی رەشماڵ". دە زمانی ئیرلەندی کۆندا dub (OIr.) بە مانای "رەش" بووە.

دۆپ dop - "1- نزم، نەوی 2- گەلی، شیو": خزمە دەگەڵ ↑تاپی tapî و ↑تەپین tepîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووڵ".

دۆت dot - "کچ": ↑دۆ do ش دەگوترێ [دەستی دۆ گرتن دە رەشبەڵەکدا]. خزمە دەگەڵ doxtar (P.) "کچ" و دوشیزە dūšīza (P.) "کچ"، Tochter (G.)، daúhtar (Gt.)، daughter (E.)، dotter (Sw.)، duhitar (OIn.)، thygátēr (Gr.)، duktē (Lit.) گشتیان بە مانای "کچ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhug(h)eter- >*** "کچ". شیاوی باسە کە دە زمانی کوردمادیدا وشەی "کچ" یان "دۆ(ت)" بە گشتی بە مانای "کچ" بە کار دێ واتا چ کچ بە مانای "فرزەندی مێیینەی مرۆڤ" بێ و چ کچ بە مانای "مێیینەی کەمتەمەن یان شوو نەکردوو"، واتا چ پێوەندی خزمایەتی مەبەست بێ یان نەبێ. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دوو وشە هەیە کە یەکەمیان ئەوانەی سەرەوەن و بۆ ئاماژەکردن بە فرزەندی مێیینە بەکاردێ و دوومیان بە مانای مێیینەی شوو نەکردوو. بۆ ئەم مانایەی دووەم بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانیدا Mädchen هەیە، دە ئینگلیزیدا girl هەیە. دە زمانی فارسیدا وشەی "دختر" ئەمڕۆ بۆ هەردوو ماناکە بە کار دەهێنرێ و لە هەمان کاتدا وشەی"دوشیزە" بۆ کچی جەوان و شوونەکردوو بە کاردەهێنرێ. دەشێ دە زمانی کوردمادیدا "دۆت" سەرەتا وەک زمانە ژێرمەنییەکان، تەنیا بە مانای "فرزەندی مێیینە" بەکار هاتبێ و لایەنی خزمایەتییەکەی گەیاندبێ و بۆ مانای دووەمیش، واتا مێیینەی شوو نەکردوو، وشەی "کچ " بەکار هێنرابێ.

دۆچ doç *[doč]* - "گیایەکە بۆ خەلە خراپە": خزمە دەگەڵ ↑تووش tûş و ↑دووچار duçar [تووش بوون، دووچار بوون، بەرخورد کردن]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "وێککەوتن، بە یەکدا دران". هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "بەڵا" کە ئەویش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان". بەم جۆرە مانای"دۆچ" هەر وەک مانای "بەڵا" وایە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ "ژەنکَ" بە مانای "بەڵای گیا" کە ئەویش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان" و خزمە دەگەڵ زەنکَ [زەبر و زەنکَ].

دۆخ dox - "وەزع، چلۆنایەتی": [بار و دۆخ]. هەروەها دۆخیان doxyan هەیە بە مانای "هەڕەت، جەنگە". وێ دەچێ مانای ئەسڵی وشەکە ئەمەی دوایی بێ و لەمەوە مانای "وەزع، چلۆنایەتی" پەیدا بووبێ. دەشێ سەرەتا ئاماژە بە هەڕەت و ئەوجی پێک هاتنی کارێک یان حاڵەتێک کرابێ و دواتر ماناکە بۆ "وەزع، حاڵەت" گۆڕابێ [بۆ وێنە: دۆخ یان دۆخیانی هەڵگرتنەوەی بەر و بووم لە باغ واتا هەڕەتی... و دواتر: باغەکە لەدۆخی هەڵگرتنەوەی بەروبووم دایە]. لەم تێڕوانینەوە وشەکە پێوەندی پەیدا دەکا بە thīhan (OG.)، đion (OE.)، gedeihen (G.)، gedijen (Nl.) "هەڵدان، پەرە سەندن، تەشەنە کردن"، gedigen (MG.) "پێگەیشتوو، قورس و قایم، سفت و سۆڵ". کەرتی -ge دە وشە ژێرمەنییەکاندا پێشگرە. دە زمانی کوردمادیدا ↑تەشەنە teşene و ↑تەژی *tejî* "پڕ" [لەبنەڕەتدا "چڕ"] پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. دە زمانی کوردمادیدا ↑دەق deq 3 یش بەکار دێ کە پێوەندی بە "دۆخ"ەوە هەیە [کارەکە هەر لەسەر دەقی جارانە، هیچ نەگۆڕاوە].

[تێبینی: وشەی هەڕەت heret یش خزمە لەگەڵ alt (G.) و old (E.) "پیر" و سەر بە ریشەیەک بە مانای "هەڵدان، گەورە بوون، پێگەیشتن"].

دۆخ dox 2 - "تیری کەوان": خزمە لەگەڵ ژمارەیەک وشە ↑دەکە deke، ↑دووکان dukan، ↑تۆقین[2] toqîn [↑هەڵتۆقین heltoqîn "قیتەوە بوون، دەرپەڕین"]، دەکەل dekel، ↑دوگمە dugme دووخ dux "ئاستێکی نووک تیژ لە خەڕەکدا" و هتد. ئەم وشانە گشتیان ئاماژە بە "دەرپەڕین، زەق بوون" دەکەن و خزمن لەگەڵ ↑زەق *zeq*.

دۆخین doxîn [*doxīn*] - "بەندی پانتۆڵ": خزمە دەگەڵ Docht (G.) "فتیلە"، taht (MG.)، tattr (OIs.) "تیل، دەزوو، دۆخین". دە دیالێکتەکانی ئەڵمانیدا dahen و doche ش دەگوترێ. دە دیالێکتی سویسیدا dägel هەیە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر سەر بە ریشەی ***(IE.) *tek- >*** "(لێک) بادان، چنین، هۆنینەوە". دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑دۆق doq، ↑دەق deq و لەوانەیە ↑دەزوو dezu و هێندێک وشەی دیکە لەم ریشەوە هاتوون.

دۆران doran [*dorān*] - "بەزین، شکست خواردن": خزمە دەگەڵ ↑تۆڵە tole.

دۆزاخە dozaxe [*dozāxa*] - "قەڵسی، وەڕەزی، جارزی": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑تۆسن tosın [تووڕە و تۆسن].

دۆزەخ dozex [*dozax*] - "جەهەننەم": دۆژە doje ش دەگوترێ. دوزخ dūzax (P.).

1- لە لایەکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تووش tûş 2 "خراپ، بەد"، سەر بە ریشەی ***dheus- >*** ***(IE.)*** "هەڵچوون، دەرپەڕین". لەم تێڕوانینەوە مانای "دۆزەخ" دەبێتە شوێنێکی بەد و ناخۆش، یان شوێنی کەسانی تووش و دژ و بەدکار.

2- لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری وشەی "دەرەک" بکەین، کە ئەویش مانای دۆزەخ دەدا، دەبینین، کە ئەم وشەیە پێوەندی بە "دەڕە" [دۆڵ و دەڕە] هوە هەیە. دە زمانی فارسیدا باس لە "درک اسفل السافلین" دەکرێ، واتا دۆزەخی هەرە ژێرەوە یان قووڵترین شوێنی دۆڵەکە. هەروەها شۆتێک (گوندێک) لە سەرووی تاران هەیە بە ناوی فارسی "درکە" [دەرەکە] کە پێوەندی بە دۆڵ و دەڕەوە هەیە. پێوەندی تیوان دوو چەمکی "دۆڵ، نزمایی، قووڵایی" و "دۆزەخ" لە وشەی ↑دۆزەقدەرە dozeqdere شدا بەرچاو دەکەوێ کە ناوی گوندێکە لای مەهاباد. ئەوەی لێرەدا جێی رامانە، پێوەندی دوو چەمکی "دۆڵ، دەڕە" و "دۆزەخ"ە. لە هزری مرۆڤانی کەونارادا پێوەندییەکی لەم جۆرە لەئارادا بووە، هەر بۆیە باوەڕیان بە "پردێک"یش هەبووە کە دروستکاران بەسەریدا دەپەڕنەوە و بۆ بەهەشت دەچن و بەدکارانیش ناتوانن بپەڕنەوە و دەکەونە خوارەوە (بۆ ناو دۆڵەکە). دە زمانی ئەڵمانیدا دۆزەخ دەبێتە Hölle (G.) و ئەمەش خزمە لەگەڵ hohl (G.) "کون" [کون و کەلێن]. لەوانەیە ئەو پێوەندییەی سەرەوە لای هۆزە ژێرمەنییەکانیش لە ئارادا بووبێ. ئێستا ئەگەر ئەو پێوەنییانەی سەرەوە لەبەر چاو بگرین، دەگەینە ئەم شیمانەیە کە وشە دۆزەخ [دۆژەک) دەتوانێ پێوەندی بە ↑تەشک teşk هەبێ بە مانای "خوارەوە، بنەوە، قووڵایی". [تەشک و داوێن، تەشقی ئاسمان واتا قووڵایی ئاسمان]. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dheu - >*** "قووڵ، هەڵۆڵ". [وشەی "هەڵۆڵ" خزمە دەگەڵ وشە ئەڵمانییەکانی سەرەوە].

دۆزین dozîn [*dozīn*] - "پشکنین، بە شوێندا گەڕان": هەروەها دوزینەوە dozînewe هەیە بە مانای "پەیدا کردن"، بەڵام مانای وشەکە دە بنەڕەتدا "بە شوێندا گەڕان" بووە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑سەچتین seçtîn هەیە بە مانای "پشکنین" و ↑سۆسە sose کردن بە مانای "بە گومان دۆزینەوەی نەهێنی". دە زمانی فارسیدا جستن jostan (P.) و جستجو jostoju (P.) هەیە بە مانای "دۆزین، بە شوێندا گەڕان". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ suchen (G.)، suohhen (OG.)، sōkjan (Gt.)، seek (E.)، söka (SW.) "بەدوادا گەڕان، دۆزین، پەیدۆزی کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sag- >*** "دۆزین، سەچتین". sagire (L.) "هەست کردن، سۆسە کردن"، saigim (OIn.) "دەیدۆزم، بە شوێندا دەگەڕێم"، hēgeīsthai (Gr.) "بەرەو پێش چوون"، خزمن دەگەڵ وشەکانی سەرەوە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تشت *tışt* "شت".

دۆژە doje [*doža*] - شێوەیەکی دیکە لە ↑دۆزەخ dozex "جەهەننەم".

دۆسیە dosîye [*dosyīa*] - "مەلەف، پەروەندە، کێشەی دادوەری": خزمە دەگەڵ ↑دۆزین dozîn و ↑تشت *tışt*. لەم تێڕوانینەوە "دۆسیە" ئەو بابەتەیە کە دۆزینەوەی لەسەر دەکرێ، بە وتەیەکی دیکە "دۆز"ی پێش دادوەر. وەک دەبینین وشەکە بە ئەسڵ وشەیەکی کوردماددییە.

دۆش doş [*doš*] - دەگەڵ "دامان" دێ [دۆش دامان یان دژ dıj دامان واتا کز و مات دانیشتن لە بێدەسەڵاتی]. هەروەها لە وشەنامەدا ↑دوژ duj هاتووە بە مانای "کز و سیس". لەوانەیە وشەکە دە ئەسڵدا بە مانای "کز و مات، سیس" نەبێ. "دامان" مانای "تێدا مانەوە، گیر کردن، رێگەی دەرچوون نەبوون" دەدا. ئەگەر "دۆش" بە مانای "کز و سیس" بێ، باشتر بوو بگوترێ "دۆش و داماو بوون"، نەک "دۆش دامان". لەوانەیە وشەکە پێوەندی بە ↑تووش tûş "بەد، خراب"ەوە هەبێ و مەبەست "بەد گیر کردن، پیس پێوە بوون" بە دەست بار و دۆخێکەوە بێ کە مرۆڤ لە بەرانبەریدا بێچارە و بێدەسەڵاتە.

دۆشین doşîn [*dośīn*] - "گوشین و هەڵچۆڕاندن": خزمە دەگەڵ saugen (G.)، sugan (OG.) و (OE.)، zuigen (Nl.)، suck (E.)، sugere (L.) "مژین"، سەر بە ریشەی ***seu-** > ***(IE.)*** "مژین، گوشین، هەڵقوڕاندن".

دۆشەک doşek [*došak*] - "راخەری ئاخنراو بۆ لەسەر نووستن": دۆشەکَ doşeg یش دەگوترێ. تشک toşak (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە "ژێرەوە، لای خوارەوە" دەکەن، وەک ↑تەشک teşk [تەشک و داوێن]، ↑هەڵادۆشە helladoşe "حندرحۆ" [سەر و خوارکەر]. لەم تێڕوانینەوە مانای دۆشەک دەبێتە ئەو شتە کە کە لە ژێرەوە رادەخرێ، شتێک وەک وشەی "زیرانداز" دە زمانی فارسیدا کە بە مانای "دۆشەک"یش بەکار دەهێنرێ.

دۆق doq 1 - "گوڵەباتوون کە لە قەراخی جلکی دەدروون، پەڕاوێزی جلک": خزمە دەگەڵ ↑تاقە taqe "پارچەی پشتەکەوا"، ↑دەق deq " تێکست" [چنراو، تەنراو]، ↑دەزوو dezu و ژمارەیەک وشەی دیکە سەر بە ریشەی ***tek-** > ***(IE.)*** "چنین، هۆنین، تێکخستن".

دۆق doq 2 - "1- زللە لە پشتمل 2- گۆپاڵ 3- لێدان، لێخستن": خزمە دەگەڵ ↑تەوقە tewqe "دەست لێدانەوە" و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "وێککەوتن، لێکدران".

دۆل dol - "بێچوو، نەوە و نەوەچرک": خزمە دەگەڵ ↑تولە tule "بێچووەسەکَ".

دۆڵ dol 1 - "1- دەڕە، شیو 2- کیسەی چەرمین بۆ ئاو 3- دەفری گەنم کوتان بۆ ساوار": هاوریشەیە دەگەڵ Tal (G.)، dale (E.)، dal (Sw.)، dol (Rus.) "دۆڵ"، Delle (G.) "قووپاوی، رۆچوویی"، tholos (Gr.) "گومبەز"، سەر بە ریشەی ***dhel-** > ***(IE.)*** "چەمانەوە، قووپانەوە، هەڵتۆقان". دە زمانی فارسیدا وشەکە بووەتە دڕە darre (P.) و ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیشدا دەگەڵ دۆڵ بەکاردێ و دەگوترێ دۆڵ و دەڕە dol u dere.

دۆڵ dol 2 - "1-خلۆر، گلۆر 2- گاسنی سەر چەماو": خزم دەگەڵ ↑تلان tılan "سووڕان، گەوزان"، سەر بە ریشەی ***ter-** > ***(IE.)*** "سووڕاندن".

دۆڵ dol 3 - "پارچە زەوی راست": خزمە دەگەڵ ↑دالان dalan "رێگە و راهڕەوی سەرداپۆشراو"، سەر بە ریشەی ***tel-** > ***(IE.)*** " رووبەر، پانتایی، تەرک".

دۆڵ dol 4 - "وشەی دنە دانی زارۆک بۆ میز کردن": دە زمانی ئاخاوتنی فارسیدا doldol (P.) دەگوترێ بە مانای "سیرەتی زارۆک". دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە جێی هەڵسەنگاندنە:

1- ↑تلی tılî "قامک"، Dolle (G.) و thole (E.) "داری سەوڵ پێ ڕاگرتن" و týlos (Gr.) "قیتکە، داردەست، مێخ". ئەم وشانە خزمن هەروەها دەگەڵ ↑تبل tıbıl "قامک".

2- ↑تووڵ tul [تووڵەنەمام، تووڵەڕێ] بە واتای "باریک".

دۆڵاب dolab *[dolāb]* - "جێگەی جلو بەرکێ لە دیواردا": خزمە دەگەڵ ↑دۆڵ dol سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووڵایی، قوپاوی".

دۆڵپا dolpa *[dolpā]* - "هەشتپێ، چەلومەل": دوالپا dawālpā (P.). وشەی دوال dawāl (P.) دە فەرهەنگە فارسییەکاندا وەک "بەندی چەرمین، بەندی کەمەر" مانا کراوەتەوە. ئەم وشەیە دە کوردمادیدا دەبێتە ↑زۆڵ zol [زۆڵەچەرم zoleçerm واتا باریکەیەکی بڕدراو لە چەرم، زوێڵ zuwel و دوێڵ duwel یش دەگوترێ]. لەوانەیە خزمیش بێ دەگەڵ ↑توول tul [تووڵەنەمام، تووڵەمار، تووڵەرێ]. ئەم وشانە ئاماژە بە باریک و درێژ بوون دەکەن. لەم تێڕوانینەوە "دۆڵپا" ئاماژەیە بە باریک و درێژ بوونی لاقەکانی ئەو جانەوەرە.

دۆڵچە dolçe *[dolča]* - "سەتڵی چەرمین": خزمە دە گەڵ ↑دۆڵ dol سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووڵکە، قووپاوی".

دۆلکە dolke *[dolka]* - "دەفری ئاو": خزمە دەگەڵ ↑دۆڵچە dolçe "سەتڵی چەرم".

دۆلکان dolkan *[dolkān]* - "خوارەکە و پێچەکە": خزمە دەگەڵ ↑تلان tılan "سووڕان".

دۆلگە dolge *[dolga]* - "هەڵبەستی پێهەڵگوتن": دۆلکە dolke ش دەگوترێ. بنەوشەی دۆل -dol جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ tell (E.) "گوتن، گێڕانەوە، باس کردن"، Zahl (G.) "ئەژمار"، zala (OG.) "ئەژمار، ئەژماردن، گێڕانەوە، وتار"، taal (Nl.) "زمان"، tale (E.) "گێڕانەوە"، tale (Dän.) "قسە، وتە، وتار"، tellen (Nl.) ، zählen (G.) "ئەژماردن"، erzählen (G.) "گێڕانەوە، باس کردن" و Erzählung (G.) "گێڕانەوە، داستان". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *del(ə)- >*** "قەڵشاندن، رووشاندن، هەڵکۆلین، کوتان". dāláyati (OIn.) "دەقەڵشێنێ"، dolare (L.) "لێدان، کوتان" و dílti (Lit.) "سوانەوە"، tal (Arm.) "شەقڵ، نیشانە" پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە. وەک دەبیندرێ لە مانای "رووشاندن، هەڵکۆڵین"ەوە، مانای "نیشانە، عەلامەت"، دواتر مانای "ئەژمار" و "ئەژماردن" و پاشانیش مانای "قسە و باس و گێڕانەوە" سەریان هەڵداوە. دە زمانی کوردمادیدا ↑دەلکی delkî "جەفەنکێ باز، قسەخۆش"، ↑دیلۆک dîlok "ستران"، ↑دیلەک dîlek "تکا کردن و پاڕانەوە بۆ کەسێک" پێوەندیان بەم وشانەوە هەیە. هەروەها دەشێ ئەم وشانەی خوارەوەش سەر بە ریشەی باسکراو بن: ↑تەلە tel(e) [تەلەبەرد واتا پارچەبەرد]، ↑تەڵەزم telezm، ↑تەلسک telısk [پارچەیەک لە هێشووەترێ]، و لەوانەشە ↑تڵیشان tılîşan و ↑تیلمە tîlme "پارچەی بڕاوی باریک".

دۆڵە dole *[dola]* - "تەشتی دارین بۆ هەویرشێلان": خزمە دەگەڵ ↑دۆڵچە dolçe.

دۆم dom - "قەرەچی، هۆزێکی کۆچەر": لەوانەیە وشەکە پێوەندی بە ↑زۆم zom ەوە هەبێ بە مانای "هۆبە، کۆمەڵەرەشماڵ". لەم تێڕوانینەوە وشەکە ئاماژەیە بە ژیانی کۆچەری و رەشماڵی ئەم هۆزە.

دۆمە dome *[doma]* - "پشتێندی رەشماڵ لەبەر بای بەهێز": خزمە دەگەڵ Damm (G.)، dam (E.)، dam (Nl.)، damm (Sw.) "سەد، بەربەستی لافاو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dhe- >*** "دانان، جێگیر کردن". خزمە دەگەڵ کرداری do (E.) و tun (G.) "کردن". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی وەک ↑تەمەڵە temele "بەردی بناخە، یەکەم ریزی هێم" [ئەو بەردەی دیوارەکانی لەسەر جێگیر دەکرێ] و هەروەها ↑دنگە dınge "کۆڵەکەی لە قوڕ و بەرد".

دۆنم donm - "پێوانەیەکی زەوییە، یەکەیەک بۆ پێوانی زەوی": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑دان dan1 "پێوانەی کات" [دانی نیوەڕۆ].

دهن dıhın - "رۆنی زەنکێ، رۆنی قاڵکراو": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Sahne (G.) "خامە". ئەم وشە ئەڵمانییە دەچێتەوە سەر sain (OFr.) "رۆن" و دواجار دەچێتەوە سەر sagina (L.) "رۆن".

دە de1 *[da]*- "دوو جار پێنج": دە dah (P.)، ten (E.)، zehn (G.)، tio (Sw.)، dasa (OIn.)، deka (Gr.)، decem (L.) سەر بە ریشەی ***(IE.) *dekm- >*** "دە".

دە 2 de *[da]* - پڕێپۆزیسیۆتیکە ئاماژە دەکاتە ناوەوە [دە دڵدا، دە ڕۆژی هەینیدا]. خزمە دەگەڵ ↑هندور hındur، در (P.) dar و اندر (P.) andar، (Av.) antar، (L.) inter، (OIn.) antar "دە ناو، دەتیوان". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا مانای وشەکە بڕێک جیاوازە: (G.) unter، (E.) under و (Sw.) و هتد بە مانای "لەژێر، لەبن". پڕێپۆزیسنۆنی (G.) in و (E.) و (Got.)، (Sw.) I و (Gr.) en "دە" پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. ریشەی هەموو ئەم وشانە دەگەڕێتەوە بۆ ریشەیەکی کۆنی ***(IE.) *en- >*** . لەوێوە پاشان دوو ریشەی دیکە سەریان هەڵداوە، یەکەمیان ***(IE.) *entos-*** کە وشەکانی سەرەوەی لێ پەیدابووە و هەروەها ریشەی ***(IE.) *[e] nei-*** کە ئاماژە دەکاتە "نزمایی و لە ژێرەبوون". هەر لەم بارەوە باس لە ریشەیەکی دیکەش دەکرێ کە بریتییە لە *(IE.) *ndheri-* "ژێر، خوارەوە". ئەمیش پێوەندی بەو ریشانەی سەرەوە هەیە.

دە 3 de *[da]* - "نیشانەی کردار لە کاتی ئێستادا" [دەڕۆا derwa، دەبات debat، دەگرێ degre و هتد]. بڕوانە ↑دە 2 da [دا بدە da bıde، دا وەرە da were].

دەبان deban *[dabān]* - دەگەڵ خەنجەر دێ [خەنجەری دەبان]. دەببان debban یش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان" و خزمە دەگەڵ چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە کەرەسەی شەر دەکەن ↑دەمانچە demançe [دەبانچە debançe] ، ↑تفەنگ tıfeng، ↑تۆپ top و هتد. بڕوانە ↑تەپ[4] *tep* "پەلامار".

دەببە deb(b)e *[dabba]* - "دەفری زل": شێوەیەکی دیکە لە ↑دەبوو debu .

دەبدەبە debdebe *[dabdaba]* - "شکۆ و جەلال": دەگەڵ سەنتەنە sentene دێ [سەنتەنە و دەبدەبە sentene u debdebe]. مانای ئەسڵی هەر دوو وشەکە "لێدان"ە. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑تۆپ top. لەژێر وشەی سەنتەنە sentene شی کراوەتەوە کە چۆن مانای "شکۆ و جەلال" پەیدا بووە. وەک دەبینرێ، وشەکان بە ئەسڵ وشەی کوردمادین.

دەبستان debıstan *[dabıstān]* - "خوێندنگە": خزمە دەگەڵ ↑داب dab "ڕەسم، یاسا و ڕێسا" [کۆنتر: خەت، نووسین].

دەبوو debu *[dabū]* - "دەفری رزق، خیگە یان تەنەکەی ڕۆن و پەنیر": دبە debe و دەببە debbe ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ چەند وشەی وەک ↑تاوە tawe، ↑تیڤسی tîvsî. گشت ئەم وشانە بەمانای "دەفر"ن و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "قووڵ".

دەبە debe *[daba]* - "1-تەشقەڵە، گەڕ 2- دیوارێک کە سکی داوە 3- ئاژەڵی سکپڕ": بە مانای یەکەم دەببە debbe ش دەگوترێ. چەمکی هاوبەش دە هەموو ئەو مانایانەدا "خواری" واتا "ناراستی"یە. تەشقەڵە کردن یان دەبە کردن هەمان "خواری کردن" واتا ناراستی کردنە دەگەڵ کەسێک. هەروەها دیوارێک کە سکی داوە یان ئاژەڵی سکپڕ جۆرێک لە خواری و چەماوی بە خۆیەوە دەبینێ، واتا ڕووبەڕێکی ناراست پەیدا دەکا. لەم تیڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە مانای "خوار بوون، سووڕان، با دران" دەدەن، وەک ↑تەون *tewın* و ↑تاوێر tawer "بەردی خللۆرەوە بوو"، ↑تەواندن tewandın "قەد کردن، لوول دان" و هتد.

[تێبینی: هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "گزی" بە مانای "فێڵ، کەڵەک" کە خزمە دەگەڵ "خێچ" (خوار و خێچ)].

دەبەنگ debeng *[dabang]* - "گیل، گەمژە": هەروەک چۆن وشەکانی "گیل"، "حۆل"، گەمژە" و "گێژ" دە ریشەدا بە مانای "سووڕاو، بادراو"ن، دەبێ "دەبەنگ"یش لە ریشەیەکی ئەوتۆوە هاتبێ. لەم تیڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دەبە debe "تەشقەڵە، گەڕ".

دەبیر debîr *[dabīr]* - "میرزا، مامۆستا": خزمە دەگەڵ ↑داب dab "ڕەسم، یاسا و ڕێسا" [کۆنتر: خەت، نووسین].

دەپ **dep** [*dap*] - "1-تەختە 2- تەختەزەوی بچووک": خزمە دەگەڵ tabula (L.) "تەختە، تەبەق". وشەکانی tablette (Fr.)، table (E.)، Tafel (G.) "تەختە، مێز، سینی" پێوەندییان بەم وشە لاتینییەوە هەیە. بنەوشەی -teb دە زمانی کوردمادیشدا چەندان وشەی لێ دروست کراوە وەک دەپ/ دەب، ↑تەبەک/ تەبەق tebek / tebeq، ↑تەپڵەک teplek "1- تەختەی سەرکۆڵەکە 2- ژێرسیغار 3- کورسیلەی شت لەسەردانان"، ↑تەپان tepan "1- ژێردەرانە 2- چەپەری پشتیوانەی دەرگا"، ↑تاوڵە tawle "تەختەی کایەکردن" و هتد. وەک دەبینین لە هەموو ئەم وشانەدا مانای "تەخت، تەختە" هاوبەشە. من ئاگادار نیم کە ئایا وشە لاتینییەکە لەباری ئێتیمۆلۆژیکەوە شی کراوەتەوە یان نا. لەم باوەڕە دام ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑داب dab [داپ dap یش دەگوترێ] "ڕەسم، یاسا و ڕێسا" [کۆنتر: خەت، نووسین]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)teu-*** > "لێکدان، وێککەوتن". لەم ریشەوە چەندین وشە دە زمانە جیاوازەکاندا بە مانای "لێدان" و "تاشین" پەیدا بوون، بۆ وێنە ↑تەپاندن tepandın "لێدان"، ↑*تاشین tāşîn* "بە لێدان ساف و تەخت کردن"، ↑تەخت text و ↑تەختە texte. دەپ یان تەختە ئەو شتەیە کە لەڕێگەی تەپاندن و تاشینی دار و بەرد دروست دەکرێ. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وشەکانی "دەپ" و "تەختە" دواجار خزمن و لە یەک ریشەوە هاتوون، هەر وەک چۆن وشەکانی "تەپاندن" و "تاشین"یش.

[تێبینی: شیاوی ئاماژەیە کە چەمکی "نووسین" پێوەندی بە چەمکی "لێدان، تاشین، کڕاندن"ەوە هەیە، چونکوو کرداری نووسین شتێکە کە سەرەتا لەم ڕێگایانەوە ئەنجام دراوە و تەنانەت ئەمڕۆش "تایپ کردن" مانای "لێدان" دەبەخشێ و خزمە دەگەڵ "تەپاندن". دە زمانی ئینگلیزیدا وشەی writhe (E.) "نووسین" خزمە دەگەڵ ritzen (G.) "کڕاندن، دڕاندن"، ↑ریت rît "1-تیتۆڵ 2- بیچم و وێنە"، ↑رایشان rayşan "لەبەر نووسینەوە"، ↑راچیتە raçîte "نوسخەی پزیشک"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uer-*** "کڕاندن، دڕاندن، قەڵشاندن". هەروەها وشەی "خەت" دەبێتە خزم دەگەڵ "کەت"، "قەتاندن"، "کوت" و دە بنەڕەتدا ئاماژە بە "بڕدراوی" سەر دار و بەرد دەکا].

دەجا **daca** [*dacā*] - "جا کەوایە": [دەجا وەرە]. دەسا desa ش دەگوترێ. دە + جا de + ca. "دە" وشەی جەخت کردن یان ئاگادار کرنەوەیە. [دە لێی گەڕێ]. "جا" کورتکراوی ↑جار car [جا وەرە، جا هەستە].

[تێبینی: لەم بارەوە وێچووتیکی تەواو لەتیوان زمانی کوردمادی و زمانی ئەڵمانیدا هەیە. بۆ ئەم دۆخە دە زمانی ئاخافتنی ئەڵمانیدا وشەی Mal (G.) بەکار دەهێنرێ. وشەکە دە زمانی ئەدەبیدا بە مانای "جار"ە. دە زمانی ئاخافتندا بۆ وێنە "جا وەرە" دەبێتە komm mal، "جا بزانین" mal sehen].

دەخدەخا **dexdexa** [*daxdaxā*] - "نووکی مەزرەق": خزمە دەگەڵ ↑*دوگمە dugme* سەر بە ریشەیەک بە مانای "دەرپەڕین، زەق بوون"، دەبنەڕەتدا شێوەیەکی دیکەیە لە وشەی ↑زەق zeq.

دەخس **dexs** [*daxs*] - "1- رژد، چرووک، چاونەزێر 2- بەئێرەیی، حەسوود 3- رکوونی": دەخەس dexes یش دەگوترێ. هەروەها کرداری دەخسین dexsîn هەیە بە مانای "ئێرەیی پێ بردن، پێ هەڵکاڵان". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑توخس tuxs و تۆسن tosın و دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dheus-*** > "هەڵچوون، دەرپەڕین"، ئەم ریشەیەش خۆی دە پلەیەکی دوورتردا دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dheu-*** > " دووکەڵ کردن، هەڵم و هاڵاو کردن، هەناسە، رووح"، دەبنەڕەتدا: "جم و جۆڵی نائارام و تێکەڵ پێکەڵ".

دەخش **dexş** [*daxš*] - "زللە، شەق": خزمە دەگەڵ ↑تووش tûş1.

دەخڵ **dexl** [*daxl*] - "1- خەلە، دانەوێڵە 2- داهاتی دووکان": [دەخڵ و دان یان دەغڵ و دان]. دەچێتەوە سەر < *داخل daxl (Arb.)*. مەبەست لە دەخڵ و دان هەمان داهات و حاسڵی زەوییە.

دەر1 **der** [*dar*] - "بەرانبەری ناوەوە": خزمە دەگەڵ außer (G.)، ūzer (OG.)، ūtor (OE.)، ūtar (OIs.) "بەدەر لە" و ūzaro (OG.)، outer (E.)، yttre (Sw.) "دەرەکی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ūd-*** > "بەرەو دەرەوە". خزمیشە دەگەڵ پرێپۆزیسیۆنی ↑ژ j1 دە شێوەزاری کوردمادی سەروو و جە ce دە هەورامیدا.

دەر2 der [*dar*] - دەگەڵ "دەشت" دێ [دەشت و دەر deşt û der].

1- "دەر" لێرەدا مانای ئارا، گۆڕ [واتا دەشت] دەبەخشێ و لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑تەرک terk "رووبەر، رووبەری زەوی"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *tel-*** "رووبەر(ی زەوی)". وشەی ↑توێڵ twel یان ↑تۆڵ tol "تەختی تیوچاوان" پێوەندی بەم ریشەوە هەیە.

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑دەر1 der "بەرانبەری ناوەوە" هەبێ.

دەر3 der [*dar*] - ئەم وشەیە ئاماژە بە "شوێن و جێگە"یەکی دیاریکراو دەکا [لە وێ دەرێ یان لەوێندەرێ، لە کوو دەرێ یان لە کوێندەرێ]. وێ دچێ پێوەندی هەبێ بە there (E.)، thār (OS.)، dār (OG.)، da (G.). ئەم وشانە ئاماژە بە "شوێنی دوورتر لە ئێرە" دەکەن. "دەر" یان "دەرێ" دەبنەڕەتدا بەرانبەر "ئێرە" بووە، هەر وەک چۆن دە ئینگلیزیدا دەگوترێ here و there. بە وتەیەکی دیکە سەردەمێک دە زمانی کوردمادیشدا دەبێ گوترابێ "ئێرە و دەر(ێ)" بە مانای "ئێرە و ئەوێ". وشەی "ئێرە" هەر وەک سەردەمی کۆن دە زمانی کوردمادیدا ماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. بەڵام "دەر(ێ)" گۆڕانی بەسەردا هاتووە و جێگای خۆی داوە بە "ئەوێ" [ئێرە و ئەوێ]. لەگەڵ ئەوشدا شوێنەواری وشەکە هەر ماوەتەوە، کاتێک دەگوترێ "لەوێ دەرێ، لەوێندەرێ". لێرەدا هەم وشە تازەکە و هەمیش کۆنەکە وێکڕا بەکار دێن. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ the (E.) و تا ta [↑ئەوەتا eweta] و دەچنەوە سەر رەگەجێناوی ***(IE.) *to-, *tod- >*** شیاوی سەرەنجە کە هەر ئەو ئاڵوگۆڕەی بە سەر "دەر(ێ)" دا هاتووە، بە سەر "ئەوەتا"شدا هاتووە. دە سەردەمێکی کۆندا "تا" هەروەک that (E.) و da (G.) خۆی بە تەنیا بەکار هاتووە و وەک جێناوێکی سەربەخۆ ئاماژەی بە شتەکان کردووە. بەڵام دواتر ئەویش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەرک و شوێنی بەرتەسک بۆتەوە و کراوە بە "ئەوەتا". [ئەوەتا دەفتەرەکەت!].

دەرابە derabe [*darāba*] - "دەرگایەک کە هەڵدەدرێتەوە": خزمە دەگەڵ ↑دەرکە/ دەرگا derke/ derga.

دەراندن derandın [*darāndın*] - "پەڕژ و بڵاو کردن، تەخشان و پەخشان کردن":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑دەر1 der "بەرانبەری ناوەوە". لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "خرج" و "خارج" دە زمانی عەرەبیدا،

2- لە وانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑تەرە[1] tere "دوور کەوتە، دوورخراو" و ↑تەرت کردن tert "دوورخستنەوە".

دەراو deraw [*darāw*] - "بوار، جیگەی پەڕینەوە لە چەم": پێوەندی هەیە دەگەڵ drome (Gr.) "ڕەوت، ڕویین". شیاوی باسە کە وشەی "بوار"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای تیپەڕین و ڕەت بوون بە شوێتێکدا.

دەرباز derbaz [*darbāz*] - "تیپەڕ": دەرباز بوون واتا تیپەر بوون. دەر + باز der + baz. کەرتی یەکەم پێشگری "دەر"ە کە ئاماژە دەکاتە دەرەوە. کەرتی باز -baz خزمە دەگەڵ ↑بزووتن bızutın و ↑بازدان bazdanو ↑پەڕەوازە perewaze و هێندێک وشەی دیکە کە ئاماژە دەکەن بە "جموجۆڵ، ڕۆیشتن و دوور کەوتنەوە". بەم پێیە دەرباز بوون دە بنەڕەتدا واتا "تیپەڕین یان دەرچوون".

دەربیجە derbîce [*darbīja*] - "ڕۆچنە لە دەرگا و پەنجەرەدا": دەر + بیجە der + bîce. کەرتی یەکەم پێوەندی بە ↑دەرگا derga هەوە هەیە. کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ باجە bāje (P.) "ڕۆچنە، کولانە". ئەم وشەیەش خۆی خزمە دەگەڵ ↑بز3 bız "کراوە، ئاوەڵا" [باز baz (P.) "ئاواڵە"]. لەم تیڕوانینەوە مانای بنەڕەتی "دەربیجە" یان "باجە"ی فارسی دەبێتە شوێتێک یان کوتێکی "کراوە".

دەرخ derx [*darx*] - "نەمام، شتڵ": خزمە دەگەڵ ترکە tarake (P.) "شووڵ" و دواجار ↑دار dar.

دەرخۆنە derxone *[darxona]* - "سەرپۆشی دەفر، سەرپۆشی تەنوور": ئەم وشەیە بە چەند شێوەی دیکەش دەبینرێ، وەک دەرخوون derxue، دەرخوونە derxune، دەرخووینک derxuwînk، خوانکە xuwanke. بەڵام شێوەیەکی کۆنی ئەم وشەیە دە شێوەزارەکانی زمانی کوردمادیدا ماوەتەوە کە بریتییە لە ↑دەرگڤانک dergıvank، پێک هاتوو لە سێ کەرتی دەر + گڤان + ک der + gıvan + ık. کەرتی یەکەم، واتا پێشگری "دەر" ئاماژە دەکا بە "تێدا بوون"، وەک لەم وشانەی خوارەوەدا: دەرماڵە، دەرپێ، دەردەست، دەرباره، دەربەست و هتد. کەرتی دوایی، واتا پاشگری ک ık یان ئەک (e)k(e) دە زمانی کوردمادیدا ناوی "ئامراز"، ناوی "کەلوپەل" یان بە گشتی ناوی "تشت" دروست دەکا، وەک دەستک [دەسک]، جلک، خەڕەک، هێچک، بێشکە، خەڵەک، گەڕەک، تەبەک، تەرک، گەسک و هتد. [هێندێک جار فۆتیمی k دەبێتە g وەک زەرکَ]. بەڵام بنجی وشەکە دە وشەی "دەرخۆنە" یان "دەرگڤانک"دا بریتییە لە گڤان gıvan. ئەمەش شێوەی کۆنتری وشەی ↑کون *kun* ە. کەوابوو مانای وشەکە دەبێتە "ئەوشتەی دە کوتیکدا جێگیر دەکرێ"، واتا ئەو شتەی سەری کونەکەی پێ دەبەسترێ. سەرنج بدە کە هەردوو وشەی "کون" و "خۆن، خوون" زۆر وێک دەچن.

[تێبینی: سەبارەت بە چەشنی گۆڕانی فۆنۆلۆژیک دە وشەی گڤان gıvan دا بۆ خۆن xon یان خوون xun هەڵی سەنگینە بۆ وێنە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە: گڤاشتن gıvaştın و گوشین gûşîn، زاڤەر zaver (زابەر zaber) و زۆر zor، چڤی çıvî (چڤیک çıvîk) و چۆ ço (چۆلەکە çoleke)، زڤران zıvran و سووڕان suran، دووڤایی duvayî (دوومایی dumayî) و دوایی duwayî، زبر zıbr و زوور zur و هتد].

دەرفەت derfet *[darfat]* - "مەجال، هەل": وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێ بە مانای "ڕێگا یان بواری دەربازبوون" بووبێ. کەوابێ "دەرفەت" واتا بواری تێپەربوون لە دۆخێک یان لە ئاستەنگێک یان بواری تێپەڕاندنی ئیش و کارێک. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەشێ پێک هاتبێ لە دوو کەرتی دەر + فەت der + fet. کەرتی یەکەم دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دەرگا derga. کەرتی دووەم دەشێ خزم بێ دەگەڵ weit (G.)، wit (OG.)، wide (E.)، wijd (Nl.)، vid (Sw.) "دوور، بەربڵاو" [دەبنەڕەتدا: ئاوەڵا، لێک کراوە] سەر بە ریشەی < ***(IE.) *ui-itós-*** "لەبەریەک ترازان، لێک بوونەوە". بەم جۆرە مانای "دەرفەت" دەبێتە دەرگای کراوە و دەرفەت هەبوون واتا کرانەوەی دەرگا بۆ ئەنجامدانی کارێک. ئەم وشانە هەروەها هەڵسەنگینە دەگەڵ پێشگری ↑وە we / ڤە ve یان پاشگری (ە)وە (e)we [ڤەکرن، کردنەوە، هاتنەوە] و هەروەها دەگەڵ باز bāz (P.) "کراوە، ئاوەڵا".

دەرق derq *[darq]* - "جیقنە، ریقنە": پێوەندی هەیە بە ↑دەر der 1 "بەرانبەری ناوەوە". مەبەست ئەو شتەی کە لە لەش دەردەچێ.

دەرگا derga *[dargā]* - "شوێنی پێداچوونە ژوور": دەرک derk و دەرکە derke ش دەگوترێن. در der (P.)، door (E.)، Tür (G.)، deur (Nl.)، dörr (Sw.)، thyrā (Gr.)، durys (Lit.)، dvarah (OIn.) سەر بە ریشەی < ***(IE.) *dhuer-, *dhwer-*** "دەرک، دەرگا". هەروەها دەرگانە dergane [دەرکانە derkane] هەیە بە مانای "ورودیە"ی فارسی، واتا پارەیەک کە کاتی چوونەژوور دەدرێ.

دەرگووش dergûş *[dargūš]* - "1- لانک، بێشکە 2- جۆلانە": دەکووش dekûş یش دەگوترێ [سوانەوەی فۆتیمی r] ؟

1- لەوانەیە وشەکە وەسا پێک هاتبێ: دەرکَ derg / دەرک derk + ئووش ûş. لەم تێڕوانینەوە کەرتی دەرکَ /دەرک دەچێتەوە سەر ریشەی < ***(IE.) *dhel-*** "قووڵکە، قووپاوی، قووڵایی" و دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دۆڵ dol و ↑دەڕە dere. بەم شێوەیە مانای وشەکە دەبێتە "قوڵکە یان قووڵاییەکی چکۆڵە" کە بەبەی تێدا دەخەوێنن. جێی ئاماژەیە کە هەر سی وشەی "لانکە"، "ماتک"ی کوردمادی و "گهوارە"ی فارسی دە بنەڕەتدا ئاماژە بە هەمان چەمک و مانا دەکەن.

2- یان لەوانەیە وشەکە بەم جۆرە پێک هاتبێ: دەر der + گووش gûş. ئەگەر ئەمە راست بێ، وشەکە ئاماژە بە مانای "راژان، راوەشان" دەکا. هەروەک چۆن "بێشکە" پێوەندی بە "وەشان" [راوەشاندن]ەوە هەیە و "جۆلانە" پێوەندی بە "جووڵان"ەوە هەیە، هەر بەم چەشنەش "دەرگووش" لەوانەیە پێوەندی بە ↑گۆزان gozan و ↑گێزان gezan "راوەشان، راتڵەکان"ەوە هەبێ و مەبەست لە وشەکە ئەو شتەیە کە "دە دۆخی گیزان" دایە.

دەروازە derwaze *[darwāza]* - "دەرکەی گەورە": دروازە darvāze (P.). دەر + وازە der + waze. کەرتی دەر هەمان ↑دەرگا dergā یە. کەرتی وازە waze- دەشێ خزم بێ دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑بزووتن bızutın و ↑باز baz [پێشتر: واز] "ڕێگا" و هیتر کە ئاماژە دەکەن بە ماناکانی "جموجۆڵ، هاتوچۆ". لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ doorway (E.) "دەروازە". وشە ئینگلیزییەکە دروست وەک وشە کوردماداییەکە ساز کراوە و لە دوو کەرت پێک هاتووە. کەرتی door مانای "دەرگا" دەبەخشێ و کەرتی way یش هەمان "وازە"ی کوردماداییە کە لێرەدا مانای ڕێگا دەبەخشێ. دەروازە ئەو دەرگایەیە کە لەسەر ڕێگای هاتوچۆ جێگیر دەبێ واتا دەرگای دەرەوەیە بەپێچەوانەی دەرگاکانی ناوەوە.

دەروێش derwêş *[darweš]* - "1- عەودال، بێماڵ و حاڵ 2- پێڕەوی شێخ": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑دروزە dıroze "گەدایی".

دەروو deru 1 *[darū]* - "دۆڵی تەنکَ": شێوەیەکی دیکە لە ↑دەڕە dere "دۆڵ" و هەروەها ↑*دۆڵ dol*.

دەروو deru 2 *[darū]* - "دەروو" بە ڕوودا کرانەوە واتا ڕێگا بۆکرانەوە و رزگاربوون. خزمە دەگەڵ دەرکە/ ↑دەرگا derke /derga.

دەروون derun *[darūn]* - "ناوەوە": دروون darūn (P.). خزمە دەگەڵ ↑دە de [در dar (P.)].

دەرۆزان derozan *[darozān]* - "ماڵینی ژێر خەرمان": خزمە دەگەڵ ↑تراشین traşîn.

دەرۆست derost *[darost]* - "دەرقەت هاتن، (پێ)وێران" [دەرۆست هاتن: دەڕۆستمان نایەن، واتا پێمان ناوێرن یان دەڕۆست ئەو کارە نایەن، واتا ناتوانن ئەو کارە بکەن]. خزمە دەگەڵ ↑هەندرین hendırîn "ئارام بوون، ئۆقرە گرتن".

دەڕە dere *[dara]* - "دۆڵ": دەگەڵ "دۆڵ" دێ [دۆڵ و دەڕە dol u dere]. درە darre (P.). خزمە دەگەڵ ↑دۆڵ dol.

دەرەبەکَ derebeg *[darabag]* - "خان، ئاغای دێ و دێهات": دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا وەک "مەزنی زۆر بە دەسەڵات" مانا کراوەتەوە. دەرە + بەکَ der(e) +beg، واتا بەگی "دەر". پێم وایە وشەی دەرەبەکَ وشەیەکی نەرێنییە، واتا ئەم ناوە لە لایەن خەڵکەوە دراوە بە بەگەکان و ئەوان بە خۆیان نابێژن "دەرەبەکَ*". ئەگەر مانای ڕاستی وشەکە "مەزن" یان "بەدەستەڵات" بووایە، ئەوسا بەگەکان بە خۆشحالییەوە ئەو ناوەیان بۆ خۆیان بەکار دەهێنا. کەوابوو کەرتەوشەی دەر der دەبێ مانایەکی نەرینی هەبێ. دیارە تایبەتمەندی سەرەکی بەگەکانیش دڕەندەیی، بێبەزەیی بوون، زەبر و زەنکَ و ستمکاری بووە، ئەڵبەتە دەرهەق بە خەڵکی هەژار و بێچارە، دەنا لەئاست دەوڵەتەکاندا زۆرینەی هەرەزۆریان هەردەم لارەمل و کاسەلێس و گوێ لەمست بوون. جا ئەگەر لەم تێڕوانینەوە وشەکە ساخ بکەینەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کە کەرتەوشەی دەر der دەشێ پێوەندی هەبێ بە یەک لەم دوو ریشانەی خوارەوە:

1- ریشەی ***(IE.) *der- >*** "دڕین، دڕاندن". بەم جۆرە مانای وشەکە دەبێتە "بەگی دڕ، دڕەبەکَ" و دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دڕاندن dırandīn.

2- ریشەی ***(IE.) *(s)ter- >*** "سەخت، توند، رەق، چیڕ". ئەگەر ئەم پێوەندییە ڕاست بێ، ئەوا مانای وشەکە دەبێتە "بەگی دڵڕەق و ستمکار" و وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑تۆڵ tol [توند و تۆڵ]، تەڕ[2] ter

[تەڕت لێدا] و ↑چیڕ çîr "توند، سفت". [وشەی "ستم" خۆشی دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سەخت، رەق"].

دەرەقەت dereqet *[daraqat]* - "(پێ)وێران، زات کردن، توانین، کارین" [دەرەقەت هاتن: دەرەقەتمان نایەن، واتا پێمان ناوێرن یان دەرەقەت ئەو کارە نایەن، واتا ناتوانن ئەو کارە بکەن]. خزمە دەگەڵ ↑هەندرین hendırîn "ئارام بوون، ئۆقرە گرتن".

دەرەک derek *[darak]* - "دۆزەخ، دۆژە": درک darak (P.). پێوەندی هەیە بە ↑دەرە dere "دۆڵ". دە زمانی فارسیدا باس لە "درک اسفل السافلین" دەکرێ، واتا دۆزەخی هەرە قووڵ. ئەمە نیشان دەدا کە دۆزخ لە بیر و باوەری مرۆڤی کەونارادا جێگەیەکی قووڵە و ئەمەش دەگەڵ مانای"دۆڵ و دەرە" یەک دەگرێتەوە. هەروەها ئەگەر سەرنجی "پردی سیرات" بدەین کە دەڵێن لە موو باریکتر و لە ئەڵماس تیژترە و خواش بۆ خۆی دەزانێ کە چەندە بڵێندە، ئەوا دەبینین کە کەسانی بێباوەڕ ناتوانن بەسەریدا بڕۆن و لەوسەرەوە دەکەونە خوارەوە بۆ ناو دۆزەخەکە. لێرەشدا دەبینین کە دۆزەخ دەبێ دۆڵ و دەرەیەکی قووڵ بێ کە مرۆڤەکان لەسەر پردەکەوە تێی دەکەون. جگە لەمانە گوندێک لە کوردستان هەیە بە ناوی "دۆزەقدەرە" و ئەمەش دیسان پێوەندی دوو چەمکی "دۆزەخ" و "دەرە" بەیەکەوە نیشان دەدا. بڕوانە "دۆزەخ".

دەریا derya *[daryā]* - "بەحر": دریا daryā (P.)، zarēh (Pl.) "دریا". وشەکە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زێ ze "چەمی گەورە" و ئەمەش جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ See (G.)، sē(o) (OG.)، sea (E.)، sjö (Sw.)، saiws (Gt.) "دەریاچە، دەریا". ریشەی هیندوئەورووپی وشەکە ساخ نەکراوەتەوە. ریشەی ژێرمەنی وەک *(Grm.) *saiwi-, saiwa-* دیاری کراوە.

دەزبلین dezbılîn *[dazbılīn]* - "دەسرازە": پێک هاتووە لە دەست dest + بلین bılîn. کەرتی "بلین" خزمە دەگەڵ ↑وڵین wılîn "تێکوشین، هەڵشێلان، هەڵگڵۆفین"، وێڵ wel "سەرگەردان"، سەر بە ریشەی< ***(IE.) *uel- , *wel-*** "سووڕان، خولان، بادران". دەزبڵین ئەو پەتەیە کە لە لانکە دەهاڵێندرێ و دەس و لاقی زارۆکی بەستەزمانی پێ لە شەتەک دەدرێ.

دەزگا dezga *[dazgā]* - "جیهاز، ئامێر": دەستگاه dastgāh (P.). مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێتە "شوێنی دەست پێگرتن". دە بنەڕەتدا مەبەست لە "دەزگا" ئەو دەستک و میلە و پارچانەی ئامێرەکە بوون کە دەستیان پێوە گیراوە، یان بە دەست کونترۆڵ کراون.

دەزوو dezu *[dazū]* - "داو، هەودا": دەزکَ dezıg یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- teag (OE.) "دەزوو". ریشە؟

2- ↑تیک tîk و ↑تەقەڵ teqel [تیک و درووماں].

3- ↑تەژ tej "ژێرجلی بارەبەر" و ↑تەژکَ tejg "کەتان"، ↑دۆق[1] doq و ↑دۆخین doxîn "بەندی تایبەت بۆ پانتۆڵ"، سەر بە سەر ریشەی < ***(IE.) *tek-*** "چنین، هۆنینەوە، رستن". دەزوو یان دەزکَ تاڵێکە لە لۆکەی رێسراو.

دەژ 1 dej *[daj]* - "دەکار نەکراو، دەست لێنەدراو": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑تازە taze.

دەژ 2 dej *[daj]* - "داغ": هەروەها دەژاندن dejandın هەیە بە مانای "داغ کردنی ددانی بە ئێش". خزمە دەگەڵ ↑*داغ dağ*، ↑چزاندن çızandın "سوور کردنەوە" و ↑تووزاندن tûzandın "داغ کردن، ئوتوو کردن" و چەندین وشەی دیکە.

دەسا desa *[dasā]* - "جا کەوایە" [دەسا بڕۆ]. شێوەیەکی دیکە لە ↑دەجا daca.

دەست dest *[dast]* - "پەل، پیل": دست dast (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە:

1- dáktylos (Gr.) "قامک". دەشێ digitus (L.) "قامک" پێوەندی بە وشە لاتینییەکەوە هەبێ.

2- tactilis "بە دەست پێدا خشاندن"، سەر بە کرداری tangere (L.) "(دەست) لێخشاندن، لەمس کردن".
[تێبینی: جێی ئاماژەیە کە پێوەندی دوو چەمکی "لەمس" و "دەست" لە وشەی "پەل" یان "پیل"یشدا دەر دەکەوێ. ئەم وشەیە مانای دەست دەدا و دە زمانی ئینگلیزیدا feel دەبێتە "هەست کردن"، یەڵام لە کۆندا بە مانای "لەمس کردن، دەست لێخشاندن" بووە].

دەستوور destur [*dastūr*] - "فەرمان، قانوون": دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑دەستەر dester یان دەستەرە destere هەیە بە مانای "شەقڵ" [مۆری دارینی خەرمان]. ئەم دوو وشەیە خزمن بەیەکەوە. مەبەست لە دەستوور سەرەتا "نووسراوی دەربار و دیوان" بووە کە وەک "فەرمان و قانوون" ناسراوە. ئەم دیاردەیە دە وشەی "یاسا"شدا دەبینین کە مانای قانوون دەبەخشێ و دەچێتەوە سەر کردارێکی زمانی تورکی بە مانای "نووسین". هەروەها دە وشەی "داب"یشدا [داب و دەستوور] هەمان پێوەندی لە ئارادایە. وشەی "داب" خزمە دەگەڵ "دەفتەر، دەبیر، دیباچە، دەبستان، (ئە)دەب" و گشت ئەم وشانە پێوەندییان بە چەمکی "نووسین"ەوە هەیە. کەوابوو بنەوشەی دەست -dest دە وشەکانی "دەستەرە" و "دەستوور" دە بنەڕەتدا بە مانای "شەقڵ، وێنە، حەرف، خەت" بووە. وەک ئاشکرایە نووسینیش خۆی پێکهاتەیەکە لە شەقڵ و وێنەکان [حەرفەکان]. بەم جۆرە مانای بنەوشەکە سەرەتا "شەقڵ، وێنە، مۆر، نیشانە" بووە، دواتر مانای "حەرف، خەت، نووسین" پەرەی گرتووە و لەمەشەوە مانای "فەرمان، قانوون" واتا نووسراوی دیوانی سەری هەڵداوە. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ئەم بنەوشەیە لە چ ریشەیەکەوە پەیدا بووە. وێ دەچێ ئەم وشانە پێوەندییان هەبێ بە ↑دژ2 dıj "شەقڵی خەرمان" و هەروەها Zeichen (G.)، taikan (Got.)، token (E.)، tecken (Sw.)، tjā (OIs.) "نیشان دان"، deiknynai (Gr.) "نیشانە، شەقڵ"، diśáti (OIn.) "نیشانی دا"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *deik- >*** "نیشان دان، بەدیار خستن".

دەستەر(ە) dester(e) [*dastar(a)*] - "شەقڵ" [مۆری دارینی خەرمان]. خزمە دەگەڵ ↑دەستوور destur "فەرمان، قانوون".

دەستەمۆ destemo [*dastamo*] - "ئاژەڵی ماڵی، ڕاهێنراو" [دەبنچینەدا واتا بەدەست فێرکراو، فێرەدەست کراو]. دستاموز dastāmūz (P.). کەرتی ئامۆ amo [دە فارسیدا ئاموز āmūz] خزمە دەگەڵ ↑ئامۆژگاری amojgarî "فێرکردن".

دەشت deşt [*dašt*] - "تەختان، گۆڕ، ئارا": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑تەشت teşt.

دەشنە deşne [*dašna*] - "قەمە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تاشین taşîn.

دەغەز değez [*dağaz*] - "نەخۆشی، ناسازی": خزمە دەگەڵ ↑دیق dîq "دەردەباریکە".

دەف def [*daf*] - دەف دان واتا لێدانی دڵ. خزمە دەگەڵ تپیدن tapīdan (P.) "لێدان (ی دڵ)". خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑دەفە defe و ↑تەپڵ tepıl.

دەفتەر defter [*daftar*] - "1- نووسینگە 2- پەڕاو": دە هەر دوو مانای وشەکەدا چەمکی "نووسین" بەدی دەکرێ. خزمە دەگەڵ ↑داب dab.

دەفر defır [*dafır*] - "زەرف، قاب و قاچاخ" :

1- لە لایەکەوە دەتوانین ئەم وشەیە دەگەڵ ظرف zerf (Arb.) "دەفر" بەرهەڤ بکەین. وشەی زەرف خۆی وشەیەکی سەر بە زمانە ئێرانییەکانە و خزمە دەگەڵ ژرف žarf (P.) "قووڵ". مەبەست لە zerf دە بنەڕەتدا گەیاندنی قووڵ بوونی شتەکە بووە. وشە فارسییەکە خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی کۆنتر و ئەم وشەیە دە زمانی ئاڤێستاییدا بە شێوەی jafra (Av.) بووە بە مانای "قووڵ" و دەفر defır ی کوردمادیش دەبێ پێوەندی بەم وشەیەوە هەبێ.

2- لە لایەکی دیکەوە دەفر دەتوانێ دەگەڵ Topf(G.) "مەنجەڵ، قابڵەمە" بەرهەڤ بکرێ کە ئەمەیان خزمە دەگەڵ tief (G.) و deep (E.) "قووڵ" و دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dheu-b- >*** "قووڵ،

قووپاو". ده شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا دەفر بووەتە ↑دەوری dewrî و بەمانای "قاپی پەل" بەکار دەهێنرێ.

دەفرە defre [*dafra*] - "زۆرەوانی": شیوەیەکی دیکەیە لە ↑زۆر[2] zor "زەخت، پاڵەپەستۆ".

[تێبینی: لەباری گۆڕانی فۆنۆلۆژیک دە وشەکانی "دەفرە" و "زۆر" [کۆنتر: زاڤەر]دا هەڵیسەنگینە دەگەڵ *دەفر* "قاپ" و jafra (Av.) "قووڵ"].

دەفە defe [*dafa*] - "ئامێرێکی مووزیکی کوردمادی": دف daf (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەپڵ tepıl. بنەوشەی تەپ/ دەف -tep/ def دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان".

دەڤلی devlî [*davlī*] - "ئاگاداری، راگەیەنراو": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑چپاندن çıpandın [دە بنەڕەتدا واتا ئاخافتن].

دەڤەر dever [*davar*] - "ناوچە": وێنەیەکی دیکەیە لە وشەی ↑دەورdewır. لێرەدا مەبەست "دەورانبەر، دەوروبەر"ە.

[سەرەتا تێبینییەک: دە زمانەکانی دیکەشدا وشەی وەک دەور(انبەر) بە مانای "ناوچە و مەڵبەند" بە کاردێ، بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانیدا Kreis هەم بە مانای "جەغز و دایرە" و هەمیش بە مانای "ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو" بەکار دەهێنرێ کە شارێکی گەورە و چەندین شار و شارۆچکە و گوندەکانی ناوچەکە دەگرێتەوە. هەروەها وشەی Bezirk دیسان هەر دە زمانی ئەڵمانیدا بە مانای "ناوچەیەکی ئیداری دیاریکراو" دێ و دەگەڕێتەوە بۆ circus (L.) "جەغز، دایرە، بازنە، چەرخ، سیرک"]. وەک ئاشکرایە ئەم چەمکانە، واتا جەغز، دایرە، بازنە، چەرخ پێوەندییان بە چەمکی "سووڕان"ەوە هەیە.

وشەی "دەور" دە زمانی عەرەبیدا ئاماژە بە چەمکی سووڕان دەکا، ئەم وشەیە دەشێ لە وشەی کوردمادی ↑زڤرین zıvrîn وەرگیرابێ کە دە شێوەزاری ناوەڕاستدا بووەتە سووڕان suran. بنجی وشەکە دەبێ پێشتر *zever- بووبێ و ئەمەش دەگەڵ وشەی دەور dewır و دەڤەر dever بەتەواوی یەک دەگرێتەوە.

دەق deq 1 [*daq*] - "تێکست": خزمە دەگەڵ texere (L.) "چنین، هۆنینەوە، تێکخستنەوە، دروست کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *tek- >*** "(لێک) بادان، چنین، هۆنینەوە". وشەی text "دەق" خۆی لەم ریشەوە هاتووە.

دەق deq 2 [*daq*] - "شەق، ساف، بێ گنج": شێوەیەکی دیکە لە ↑شەق[2] şeq.

دەق deq 3 [*daq*] - "بار و دۆخ": [کارەکە هەر لەسەر دەقی جارانە، هیچ نەگۆڕاوە]. شێوەیەکی دیکە لە ↑دۆخ dox "چلۆنایەتی، بار و دۆخ".

دەق deq [4] [*daq*] - "قەد، بەسەریەکدا نووشتاندن": تا tā کردن (P.) "قەد کردن". دە فارسیدا هەروەها تکیدە takīde (P.) هەیە واتا "چرچ، چرووساوە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ژاکان jakan "سیس بوون". هەروەها بڕوانە ↑دیق dîq "1- دەردەباریکە 2- نەخۆشی بەهۆی خەمی زۆرەوە".

دەقاندن deqandın [*daqāndın*] - "خاڵ کوتان": سەر بەو خێزانەوشەیە کە گەلێک وشەی وەک ↑چەقین çeqîn و ↑تیغ tîğ و↑ تیژ tîj و هیتر دەگرێتە خۆ. stizo (Gr.) "خاڵ کوتان" هاوریشەیە دەگەڵ ئەم وشە کوردماددییانە.

دەقل deql [*daql*] - "زەوی سەخت و تەمتەمان": بڕوانە ↑تەقتەق teqteq.

دەقلووس deqlus [*daqlūs*] - "سەرمەقولات": بڕوانە ↑تەقلە teqle [کۆتری تەقلەباز].

دەک dek [*dak*] - دەگەڵ دێم dem دەگوترێ: دەکودێم dekudem "روخسار، دەموچاو". کەرتی دێم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑دەم dam "1- زار 2- لووت، کەپۆ". کەرتی دەک dek دە زمانی فارسیشدا، دە جووتەوشەی دەک و پووز dak ū pūz (P.)دا بەکار دەهێنرێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑دەکە deke

"سەکۆ" و ↑دەکَ deg "داری بلیندی ناو کەشتی" و ژمارەیەک وشەی دیکە بە مانای "زەق، دەرپەڕیو". لووتی مرۆڤ یان دەم و لووتی ئاژەڵ [پۆز، لمبۆز] بەهۆی زەق و دەرپەڕیو بوونی ناو نراوە "دەک". لەباری ماناوە دەگەڵ دوو وشەی "لووت" و "لوتکە"ی کێو بەرهەڤی بکە کە هەردووکیان زەق بوون دەردەخەن.

دەکە deke *[daka]* - "سەکۆ": دکە dıke ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑دوگمە dugme.

دەکَ deg *[dag]* - "داری بلیندی ناو کەشتی کە بادەوەی لێ دەبەستن". دگل dagal (P.). خزمە دەگەڵ ↑دوگمە dugme.

دەگمەن degmen *[dagman]* - "بێوێنە، نایاب": دەکَ + مەن men + deg. کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تاک tak [تاق] واتا "بێ جووت، بێ هاوتا". کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ ↑مینا mîna [دە فارسیدا مانند mānand (P.)]. مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "تاک ئاسا".

دەگەر deger *[dagar]* - "1-زەبربەدەستی، کارامەیی 2- توان و تابشت": خزمە دەگەڵ ↑دەگەنەک degenek. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑تەخەر texer "زۆرینە، پڕانی".

دەگەڵ degel *[dagal]* - "وێڕا": ↑لەگەڵ legel یش دەگوترێ. دە + گەڵ de + gel. ↑دە de خۆی بە تەنیاش وەک پرێپۆزیسیۆن دەور دەبینێ و لێرەدا وێڕای گەڵ gel پرێپۆزیسیۆنیکی لێکدراو دروست دەکا. "گەڵ" شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گەل gel بە مانای "کۆ، کۆمەڵ". وشەکە دەشێ دە بنەڕەتدا بە مانای "پێکەوە" بەکار هاتبێ.

دەگەنەک degenek *[daganak]* - "1- زۆر بەهێز 2- زەبەلاح": "دەگەنەکی" واتا "بەزۆر، بەخورتی". ئەم وشەیە هەروەها دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑دەگەرdeger. دەشێ خزم بێ دەگەڵ:

1- ↑تەژە teje "زەلام، زەبەلاح"، ↑تەژی *tejî* "پڕ" و ↑تەشەنا / تەشەنە teşena / teşene "پەرە سەندن، تەنینەوە، زۆر بوون"

2- یان لەوانەشە دەگەڵ ↑تۆخ tox "قەڵەو، توند، بەهێز".

دەڵ del *[dal]* - دەگەڵ "بەڵ" دێ [دەڵ و بەڵ del u bel واتا "نەرم بوون و نیزیک بە رزینی میوە"]. شێوەیەکی دیکەی لە ↑تەڕ ter. بەڵ bel یش شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بڵ bıl.

دەلاش delaş *[dalāş]* - "بەرخۆڵەی ساوا": دەڵ(ە) -del(e) دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تولە tule. فۆتیمی ş پاشگری گچکاندنە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑دەیلاخ deylax "بەچکەوشتر".

دەلاڤ delav *[dalāv]* - "گۆمیلکە 2- جیگەی ئاودانی پەز": تالاب tālāb (P.) "حەوز، گۆمیلکە". دەل + ئاڤ del + av. کەرتی یەکەمی وشەکە خزمە دەگەڵ ↑دۆڵ dol و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "قووڵایی، قووپاوی، هەڵکەنراوی". بەم جۆرەی مانای "دەلاڤ" دە بنەڕەتدا دەبێتە "قووڵکەی ئاو،*گۆلاو*".

دەلاقە delaqe *[dalāqa]* - "رۆچنە، کون دە دیواردا":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑*دۆڵ dol*، سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووڵایی، قووپاوی، هەڵکەنراوی". شیاوی باسە وشەکانی ↑تەڵە tele و ↑تەڵەکە teleke ش پێوەندییان بەم "دۆڵ"ەوە هەیە.

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑*لووهین luhîn* "نەقەب، رێی بن هەرد"، Loch (G.)، loh (OG.) "کون، کەلێن، غار"، Lücke (G.) "کەلێن"، usluk (Gt.) "زارک، کون، دەلاقە"، lock (E.) "دەرخۆنە، بەستراوی، داخراوی"، lock (Sw.) "دەرخۆنە". ئەگەر وشە کوردییەکە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ، ئەوا دەبێ هەر وەک وشەی usluk (Gt.) "زارک، کون، دەلاقە" لە دوو کەرت پێک هاتبێ، واتا پێشگرێک و کەرتی ئەسڵی وشەکە [دە de + لاقە laqe]. لەباری پێشگرەکەوە دەتوانین دەگەڵ وشەی "دەلینکَ" بەرهەڤی بکەین.

دەلاک delak *[daālk]* - "1- کیسەکێش 2- سەرتاش": خزمە دەگەڵ ↑تراشین traşîn و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێخشاندن، پێداخشاندن". فۆتیمی r گۆڕاوە بە l.

دەلال delal *[dalāl]* - "جوان، لەبەردڵان": دەبێ پێوەندی بە ↑دڵ dıl هەوە هەبێ و مەبەست شتێک بێ کە بە دڵەوە دەنووسێ.

دەڵاندن delandın *[dalāndın]* - "تەڕایی دانە دەرەوە، ئاو لێ هاتن": تراویدن teravîden (P.). خزمە دەگەڵ↑ تەر ter و↑دڵۆپ(ە) dılop(e). هەروەها drain (E.) و drēahnian (OE.) "دەڵاندن" خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە.

دەلکی delkî *[dalkī]* - "جەفەنگَ باز، قسەخۆش": [نەققاڵ]. دلقک delqak (P.) "قردک". خزمە دەگەڵ ↑دۆلگە dolge "هەڵبەستی پێهەڵگوتن".

دەللە delle 1 *[dalla]* - دەگەڵ "قەللە" دێ [قەللە و دەللە qelle u delle واتا فێڵ و تەڵەکە]. شێوەیەکی دیکە لە ↑تەڵەکە teleke. "قەللە"ش شێوەیەکی دیکە بێ لە "کەڵەک".

دەللە delle 2 *[dalla]* - "قاوەجۆش": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑دۆڵ dol سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووڵکە، قووڵایی، قووپایی". هەڵی سەنگینە دەگەڵ↑دۆلکە dolke "دەفری ئاو"، ↑دۆڵچە dolçe "سەتڵی چەرمین" کە ئەوانیش سەر بەم ریشەیەن.

دەلوو delû *[dalū]* - "گیل، ئەقڵ سووک": خزمە دەگەڵ tol (OG.)، dol (Nl.)، dull (E.) "دەلوو"، dwals (Gt.) "ساکار، دەلوو"، dall (OIr.) "کوێر"، tholerós (Gr.) "لێڵ، تێکەڵ، گێژ".

ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑تەفک *tefik* "گێڵۆکە، دەبەنگَ" و دواجار خزمن دەگەڵ ↑تۆز toz. لەم تێڕوانینەوە "دەلوو" ئەو کەسەیە کە مێشکی تێکەڵە یان ئاوەژێکی روون و زەلالی نییە و "تەپ و تۆز" یاخود "تەم و مژ" مێشکی داگرتووە.

دەڵوو delu *[dalū]* - "توێخی بن نینۆک کە لێ دەبێتەوە": [دەڵوو بەر دان]. خزمە دەگەڵ ↑تەڵ tel 2 "پارچەیەکی تەنک لە بەرد" [تەڵەبەرد]، ↑تەڵەزم telezm و لەوانەشە دەگەڵ ↑تڵیشان tılîşan "دڕان"دا باس کراون.

دەلۆش deloş *[daloš]* - "بێئەمەگَ، بێوەفا": وشەی "ئەمەگَ" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەهێز بوون، قورس و قایم بوون". مەبەست لە "ئەمەگ" دە بنەڕەتدا پێوەندییەکی پتەو و بەهێزە یاخود پتەو بوون لە پێوەندیدا. بە پێچەوانەوە "دەلۆش" واتا مرۆڤی بێوەفا دەبێ پێوەندییەکەی بە (کەسێک یان شتێکەوە) سست و لەرزۆک بێ. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑دەڵەک delek "تەکان". کەرتی oş- دە وشەکەدا پاشگرە و شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ئۆز oz-.

دەڵەک delek *[dalak]* - "پاڵ، تەکان": خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑دەڵەکانێ delekane "جۆلانەی گوریس" و ↑*تڵەکاندن tılekandın* [راتڵەکاندن ratılekandın] واتا راوەشاندن. هەروەها دەڵەدەڵ deledel هەیە بە مانای "بەم لا و ئەو لادا کەوتن" [دەبێ ماناکە تەکان خواردن بەم لا و ئەو لادا بێ].

دەڵەکانێ delekane *[dalakane]* - "جۆلانەی گوریس": خزمە دەگەڵ ↑*تڵەکاندن tılekandın* [راتڵەکاندن ratılekandın] "راوەشاندن".

دەڵەمە deleme *[dalama]* - "مەیینی تراو": دەشێ پێوەندی هەبێ بە هێندێک وشەی وەک ↑تۆل tol "پیزە، پز، نوتفە"، ↑تۆڵا tola "پێکەوە نووساو و توندبووکَ" [تۆڵاگەزۆ]، ↑*تۆڵ tol* [توند و تۆڵ].

دەلینگَ delîng *[dalīng]* - "ئەو بەشەی پانتۆڵ کە دە لاق دەکری". دە + لینگَ de + lîng. دەرەلنگَ derelıng یش دەگوترێ. مەبەست ئەوە بووە کە شتەکە دە لینگَ دەکرێ واتا دەکرێتە لینگەوە [دەکرێتە لاقەوە]. بڕوانە ↑لینگَ lîng.

[تێبینی: وشەی دەرپێ derpe ش هەر لەسەر ئەم رێبازە دروست بووە، واتا ئەو شتەی دە پێ دەکرێ، دەکرێتە "پێ"وە].

دەم1 dem - "زار": دە فارسیدا دماغ (P.) damāġ هەیە بە مانای "لووت". دەبێ پێوەندی هەبێ بە ↑دەم2 dem "هەناسە، فوو".

[تێبینی: لەباری پێوەندی دوو چەمکی "هەناسە" و "لووت" هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی کوردمادی و ئەڵمانی "هەناسە" وNase (G.) "لووت" کە پێکەوە خزمن یان دەگەڵ دوو وشەی "بین(ە)" دە کوردمادیدا بە مانای هەناسە و بینی bīnī (P.) بە مانای "لووت"].

دەم2 dem *[dam]* - "هەناسە، فوو": دم dem (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەم tem و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵم، هاڵاو".

دەم3 dem *[dam]* - "کات و سات": دم dem (P.) "کاتێکی کەم". خزمە دەگەڵ ↑تەمەن temen و ↑تاو taw[تاوێکی دیکە] و ↑تاڤ tav [تاڤی لاوێتی] و هتد.

دەمار demar *[damār]* - "1-رەگی ئەستوور 2- عەسەب 3- دارۆکەی ناو گەڵاتووتن و هتد". دامار damar و تەمار temar یش دەگوترێن. دە زمانی فارسیدا دمار damār (P.) چەند مانایەکی بۆ کراوەتەوە کە هیچیان پێوەندییان بە مانا کوردماددییەکەوە نییە. ئەو مانایانە بریتین لە "تیداچوون، وێران، لەناو بردن، دوژمنایەتی، تۆڵە". وێ دەچێ ئەو مانایانە هیچیان مانای ئەسڵی وشەکە نەبن، بەڵکوو دواتر لەگەڵ بەکار هێنانی وشەکە بە شێوەی جۆراوجۆر و لەپێوەندی جۆراوجۆردا دروست بووبن. ئەگەر لە مانا کوردماددییەکەوە بۆی بچین، ئەوا دەتوانین بەراوردی بکەین دەگەڵ Daumen (G.)، duim (Nl.)، thumb (E.)، tumme (Sw.) "قامکەگەورە، قامکە قەڵەوە"، túmara-h (OIn.) "قەڵەو، قەوی"، tumere (L.) "هەڵمساو و باکراو بوون"، tumor (L.) "تومۆر، هەڵمساوی، *دومەڵ*"، tuméti (Lit.) "قەڵەو بوون"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *tēu-, *tū-*** > "ماسین، قەڵەو بوون، ئەستوور بوون". لەم تێڕوانینەوە "دەمار" بۆیە وەسا ناو نراوە، چونکوو لەبن پێست یاخود لەناو ماسوولکەدا وەک شتێکی هەڵمساو و قەڵەو خۆ دەنوێنێ. دەبێتە خزم دەگەڵ ↑توو tu یان تڤی tıvî و تمشک tamešk (P.) "تووددرک".

دەمارەکۆڵ demarekol *[damārakol]* - "دووپشک": پێک هاتووە لە دوو وشەی ↑دەمار demar + ↑کۆڵ kol. لەم وشەیەدا کلکی دووپشک وەک "دەمار" چاو لێ کراوە کە لەسەر کۆڵی زیندەوەرەکە رادەوەستێ. لەم بارەوە بڕوانە ↑دووپشک dûpışık.

دەماخ demax *[damāx]* - "1- لووت 2- مێشک 3- باری دەروونی، رووحییە": دەماغ demaġ یش دەگوترێ. دماغ damġ (P.) دە فارسیشدا هەر ئەو مانایانە دەبەخشێ و هەروەها دماغی damġî (P.) وەک "مێشکی، رووحی" مانا کراوەتەوە. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ↑دەم2 dem "هەناسە، فوو". ئا لەم مانایەوە دواتر وشەکانی ↑دەم1 dem "زار" [دەم و لووت] و دەماخ demax (P.) "لووت" پەیدا بوون، چونکوو ئەم ئەندامانە شوێنی "هەناسە کێشان، فوو کردن"ن. [تێبینی: لەباری پێوەندی دوو چەمکی "هەناسە" و "لووت" هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی کوردمادی و ئەڵمانی "هەناسە" و Nase (G.) "لووت" کە پێکەوە خزمن یان دەگەڵ دوو وشەی "بین(ە)" دە کوردمادیدا بە مانای هەناسە و بینی bīnī (P.) "لووت"].

ئێستا بزانین مانای سێیەم، واتا "باری دەروونی، رووحییە"، چۆن پەیدا بووە. چەمکی رووح هەر لە کۆنەوە پێوەندی دەگەڵ "دەم، فوو، هەناسە" پەیدا کردووە، بۆ وێنە وا بیر کراوەتەوە کە هێزێک بە فوویەک رووحی بە بەر گیاندارەکاندا کردووە. دە زمانی کوردمادیدا وشەی "تاپۆ" بە مانای "شەوە، رووح، تارمایی" بەکار دێ و خزمە دەگەڵ "تەپ" [تەپ و تۆز] کە خۆی ماناکەی نیزیکە لە "دەم" [یان تەم و مژ] و لەوانەیە ریشەکەشیان یەک بێ. ئەگەر چاوێک بە وشەی "تۆز"دا بخشێنین، لەوێدا دەبینین کە پێوەندی ئێتیمۆلۆژیکی تەواو هەیە لە نێوان چەمکەکانی "هەناسە"، "تۆز" و "رووح"دا. ئەم پێوەندییە بۆ مانایەک دەگەڕێنەوە کە ئاماژە دەکا بە حاڵەتی پڕ لە جم و جۆڵی نائارام و تێکەڵ بوون و خووڵانەوەی

با، هەڵم، دووکەڵ و تەپ و تۆز. هەر لە درێژەی ئەم باسەدا شیاوی بیر هێنانەوەیە کە ناوی "مهاتما" [گاندی] مانای "رووحی مەزن" دەبەخشێ و کەرتی یەکەمی ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ "مەزن" و کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ "دەم" [تەم] و هەروەها "دەماخ". بەم جۆرە دەردەکەوێ کە لە مانای "فوو، هەناسە"ەوە مانای "رووح" پەرەی گرتووە و دواتریش مانای "رووحییە، باری رووحی و دەروونی". هەروەها مانای "مێشک"یش دواتر لەم مانایانەی دوایی سەری هەڵداوە.

دەمامک demamk [damāmk] - "لووت پێچ، ماسک": دەم + ئامک + dem + amk. کەرتی ئامک [دەبنەڕەتدا: amek] خزمە دەگەڵ ↑جامە came سەر بە ریشەیەک بە مانای "داپۆشین". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑بڵامک bılamık و ↑بزمک bızmık "پۆزەبەند".

دەمانچە demançe [damāčna] - "ئامرازی تەقە لێکردن و کوشتن": تەوانچە tewançe و دەبانچە debançe ش دەگوترێن. تپانچە tapānča (P.). خزمە دەگەڵ ↑تەپڵ tepıl و ↑تەور tewır و ↑دەفە defe و هێندێک وشەی دیکە کە لە ریشەیەکی هاوبەشەوە دێن بە مانای "لێدان".

دەماوەند demawend [damāwand] - "1- ناوی بەرزترین شاخی ئێران 2- ناوی گوندێکیش لە کوردستانی باشوور": کەرتی یەکەمی وشەکە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەم tem [تەم و مژ] و کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ ↑بەند bend. مانای وشەکە دەبێتە شوێنێک کە بە تەم دەوری گیراوە یان تەم و مژ دەوری داوە.

دەمبل dembıl [dambıl] - "ئامرازێکە بۆ هەڵهێنان و وەرزش پێکردن": دمبل dambel (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە "کوتان" دەکەن، وەک ↑زۆمپ zomp "کوتکی زلی ئاسن"، ↑چۆماخ çomax "تیلا، گۆپاڵ" و چەندین وشەی دیکە. "دەمبل" دە پێشوودا قوڵەدارێکی گۆپاڵ ئاسا بووە کە بۆ کاری "کوتان" کەڵکیان لێ وەرگرتووە. دە وشەی ئەڵمانی stampf (OG.) "دەسکاونکَ، کوتک" و Stempel (G.) "مۆر" [دارۆکەی مۆر لێدان لە شێوەی گۆپاڵێکی چکۆڵە] دا ئەم مانا کۆنە بە رووونی دەردەکەوێ. پاشان هەر لەسەر ئەم بنەمایە گۆپاڵێکی تایبەتی بۆ وەرزش کردن دروست کراوە کە تا ئەمرۆش لە زۆرخانەکاندا بەکار دەهێنرێ و ئەم گۆپاڵەش ناوە کۆنەکەی لەسەر دانراوە. دواتر ئەم ناوە هەروەها بۆ ئەو ئامرازەش بەکار هێنراوە کە دوو سەری خڕی ئەستوور و دەسکێکی باریکتری دە ناوەراستدا هەیە.

دەمبێن demben [damben] - "1- زاربەندی ماڵات 2- ئەوشتەی زارکی مەشکە و هەنبانەی پێ دەبەستن": دەم + بێن dem + ben. کەرتی دەم بە مانای زارە و کەرتی بێن -ben خزمە دەگەڵ ↑بەن ben و ↑بەند bend و مانای بەستن دەگەیەنێ.

دەملە demle [damla] - "شەپڵە": داملە damle ش دەگوترێ. دەشێ خزمە بێ دەگەڵ ↑شەمزان şemzan "ژاکان، سیس بوون".

دەمنە demne [damna] - "داری جگەرەکێشان": ↑دەم + نە dem + ne. کەرتی "نە" هەمان نای nay یان ↑نەی ney یە واتا "قامیش". بەم جۆرە وشەکە دە بنەڕەتدا واتا "نەیی دەم".

دەمەلاسکە demelaske [damalāska] - "لاسا کردنەوە لەرێگەی ئەدا دەرهێنان بە دەم": ↑دەم[1] dem "زار" + لاسکە laske. کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر ↑لاسا(یی) lasa(yî).

دەندە dende [danda] - "جێگەی گاسن": خزمە دەگەڵ ↑دان dan "ددان" و ↑دوند dund "نووک".

دەنک1 denık [danık] - "دانە، بەش": کاتێک دەگوترێ چواردەنک سێو، لێرەدا مەبەست چوار "دەنکە سێو" نییە، بەڵکە چوار عەدەد سێوە. کەواتە ئەم وشەیە جیاوازە لە "دەنک" بە مانای "تۆو، چنچک، دانەی دەغڵ و دان". لێرەدا دەنک یان ↑دانە dane مانای تا ta ی فارسی ["چهارتا" واتا چواردانە] و Stück ی ئەڵمانی "بەش، دانە، تیکە" دەگەیەنێ. وشەکانی دانە و دەنک بەم مانایە و هەروەها تا ta ی فارسی گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی ***dai- (IE.)** > "(بەش) کردن، دابەش کردن". دە زمانی کوردمادیدا

هێندێک وشەی دیکەش دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە، وەک ↑دانکێ dang [شەش دانگی خانوو]، ↑دانگا danga "دەمێک، تاوێک"، ↑دەم dem "کات" و ↑دان dan "بەخشین".

دەنک2 denık [*danık*] - "تۆو، ناوکی میوە": دەچێتەوە سەر ↑دان dan "دەغڵ و دان". دە زمانی کوردمادیدا ↑چنچک çınçık یش هەر بە مانای "دەنک" دێ و دەشێ گشتیان بۆ وشەی ↑چاندن çandın بگەڕێنەوە.

دەوار1 dewar [*dawār*] - "بارەبەری یەکسم": خزمە دەگەڵ ↑چیل çel "مانگا".

دەوار2 dewar [*dawār*] - "پارچەی رەشماڵ، رەشماڵ": ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا ئاماژە بە رەنگی "کەوە، خۆڵەمێشی، ئاماڵ رەش" دەکا و خزمە دەگەڵ Taube (G.) "کۆتر". دە زمانی کوردمادیشدا ناوی کەو و کۆتر خزمە دەگەڵ رەنگی کەوە. "دەوار" خزمە دەگەڵ ↑تەو tew "مەڕی بۆر، مەڕی کەوەرەنگێ"، ↑تەوار tewar "بازی مێ"، ↑تاپۆ tapo "تارمایی"، ↑تەفسە tefse "پەڵەی دەموچاو"، ↑دڤەدڤ dıvedıv "گژەگژی با"، ↑تەواسان tewasan "گیژ و مەنگێ بوون"، ↑تەڤزین tevzîn [شێوەی کۆنتری "تەزین"]، ↑دۆبە dobe "هەنگوینی قاڵکراو" [هەنگوینی ئاماڵ رەش]، ↑دووکەڵ dukel، ↑توون tun "ئاگردانی گەرماو" [دە بنەڕەتدا: *تفن tıfin*؟]، ↑تفک tıfik "ئاگردان، وەجاق"، ↑تەفایە tefaye "مەنقەڵی"، ↑تەن2 ten "سیان، قورم"، ↑تەنوور tenur "ئاگردانی نان پێژان" و هتد. هەموو ئەم وشانە دواجار دەبنە خزم دەگەڵ ↑تۆز toz[تەپ و تۆز] و لەوانەشە ↑تەپ tep و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dheu- >*** "هەڵم و هاڵاوکردن، فوو کردن، دووکەڵ کردن، دە جم و جۆڵی نائارام و تێکەڵ پێکەڵدا بوون، هەناسە، رووح". وەک دەبینین لەم مانا سەرەکییەوە چ دە زمانی کوردمادی و چ دە زمانە ژێرمەنییەکاندا مانای "رەش، ئاماڵ رەش" سەری هەڵداوە و ئەمەش بۆ رەنگی تەپ و تۆز و دووکەڵ دەگەڕێتەوە. دە زمانی ئیرلەندی کۆندا dub (OIr.) بە مانای "رەش" بووە.

دەوال dewal [*dawāl*] - "دزی شەوانە": خزمە دەگەڵ Dieb (G.)، diob (OG.)، thief (E.)، tjuv (Sw.)، ?iubs (Gt.) "دز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *teip- >*** "خۆ مات کردن، هەڵتروشکان".

دەوال dewal [*dawāl*] - "پەلە، لەز": خزمە دەگەڵ ↑داوان dawan [هەڵەداوان].

دەور dewır [*dawır*] - "خول، گەڕ": وشەیەکی سەر بە زمانە ئێرانییەکانە، شێوەیەکی دیکەیە لە زڤر zıwır [زڤرین zıwrîn واتا ↑سووڕان suran].

دەوس dews [*daws*] - "جێ پێ": هەروەها دەوساندن dewsandın هەیە بە مانای "پێ لێنان". خزمە دەگەڵ ↑دوویساندن dûysandın "شێلان و تەپاندن بە قاچ و دەست".

دەوە dewe [*dawa*] - "تەپاڵەی شێلدراو و پان و تەخت کراو": شێوەیەکی نوێتر لە ↑تەپک2 tepık "دەوە، تەپاڵەی شێلدراو".

دەهری dehrî [*dahrī*] - "قەڵس، تووڕە": هەروەها ↑سێهرا sehra بوون بە مانای "تووڕە بوون" بەکار دێ. خزمە دەگەڵ ↑گۆرین[2] gorîn "زوێر بوون، زیز بوون"، ↑قار qar "1- تووڕەیی 2- خەم" [قەهرین]. دواجار پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑جەحنین *çehnīn* و ↑جەخار çexar ەوە.

دەهۆ1 deho [*daho*] - "گزی، قێڵ": دهۆ dıho ش دەگوترێ. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *dheu- >*** "هەڵم و هاڵاوکردن، هەناسە، رووح" [دەبنەڕەتدا: جووڵانەوەی نائارام و تێکەڵ پێکەڵ]. وشەکانی ↑*توش tûş*، ↑دژ dıj، ↑دزێو dızêw، ↑توخس tuxs و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە "خراپی و دزێوی" دەکەن، لەم ریشەوە هاتوون.

دەهۆ2 deho [*daho*] - "جاجمی هەڵدووراو بۆ دانەوێڵە": خزمە دەگەڵ ↑تەژ tej "ژێرجلی بارەبەر".

دەهۆڵ dehol [*dahol*] - "نەقارە، تەپڵی گەورە": کاتێک لە وشەی "نەقارە" یان "نەقرا" بە مانای دەهۆڵ ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم وشەیە پێوەندی بە چەمکی "قووڵی"یەوە هەیە و مەبەست قووڵ بوونی تەپڵەکەیە. بەم پێیە دەبێ وشەی "دەهۆڵ"یش لە دوو کەرت پێک هاتبێ، کەرتی دەہ deh +

پاشگری ئۆڵ -ol که پاشگری دروست کردنی ناوه. کەرتی دەه deh خزمه لەگەڵ هێندێک وشەی که مانای "نزم، قووڵ، خوارەوه" دەبەخشن، وەک ↑تەشک teşk [تەشک و داوێن] یان ↑تەشق teşq [تەشقی ئاسمان واتا قووڵایی ئاسمان].

دەیلاخ deylax *[daylāx]* - "بەچکەوشتر": خزمه دەگەڵ ↑دەلاش delaş "بەرخۆڵەی ساوا". دەڵ(ە) -del(e) دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تولە tule. فۆتیمی ş پاشگری گچکاندنه.

دیار dîyar *[dīyār]* - "بەرچاو، ئاشکرا": دەچێتەوه سەر کرداری ↑دیتن dîtın "بینین".

دیاری dîyarî *[dīyārī]* - "شتێک که لەکاتی سەردان و *دیدار* کردندا پێشکێش دەکرێ": دەچێتەوه سەر کرداری ↑دیتن dîtın "بینین".

دیباچه dîbaçe *[dībāča]* - "پێشەکی کتێب": بنەوشەکه دیب -dîb ه که پاشگری چه -çe وەک پاشگری گچکاندن پێوەی لکاوه. "دیب" یان دەب deb یان ↑داب dab دە بنەڕەتدا به مانای "شەقڵ، وێنه، نیشانه"یه و لەمەوه مانای "خەت، نووسراو، نووسین" سەری هەڵداوه. بەم جۆره مانای "دیباچه" دەبێته "نووسراو یان نقیسی بچووک" که له سەرەتای پەرتووکدا دێ، بەپێچەوانەی نقیس یان نووسراوی مەزن که بابەتی ئەسڵی پەرتووکه.

دیتن dîtın *[dītın]* - "بینین": دیدن dīdan (P.). هەم دە زمانی کوردمادی و هەم فارسیدا دوو رەگی کرداری دی- و بین- هەن که یەکەمیان کرداری کاتی رابوردووی لێ دروست دەکرێ [دیتم، دیتت، دیتی ...] و ئەوەی دیکه کرداری کاتی ئێستا [دەبینم، دەبینی، دەبیتیت...]. دە راستیدا ئەو دوو رەگەکردار یان بنجەوشەیه بۆ دوو وشەی جیاواز دەگەڕێنەوه و لەباری ئێتیمۆلوژییەوه چ پێوەندییەکیان پێکەوه نییه. بەڵام زمانی کوردمادی و فارسی وەک له چەندین چاوگی دیکەشدا دەبینرێ، هەر دوو وشەکەیان پاراستووه و ئەو وشانه به یەک مانا و له دوو دۆخی جیاوازدا بەکار دێنن. ئەم وشەیه دەشێ پێوەندی هەبێ به ریشەی ***(IE.)*dhei(ə)- >*** "دیتن". وشەکانی ↑دین dîn و ↑ئایین ayn و ↑ئاوێنه awene [ئایینه āyīna] پێوەندی بەم وشەوه هەیه. فۆتیمی d له وشەکانی "ئایین" و "ئاوێنه"دا سواوەتەوه. زمانی عەرەبی وشەی دین dīn (Arb.) ی له سەردمه کۆنەکاندا وەرگرتووه و لەوێدا فۆتیمەکه پارێزراوه. مانای بنەڕەتی ئەم وشەیه "تێڕوانین، جیهانبینی، روانگه" بووه. ئەم ریشەی سەرەوه دەشێ لەپێوەندی دەگەڵ ریشەیەکی دیکەدا بێ که بریتییه له ریشەی ***(IE.) *dei- >*** "روونا‌ک بوون، درەوشان، دیارکەوتن".

دیجله dîcle *[dījla]* - "ناوی یەک له دوو رووباری هەرە گەورەی کوردستان": ناوی ئەم چۆمه له زمانه ئەوروپییەکاندا Tigris ه، که ئەوان له زمانی یۆنانی کۆن وەریان گرتووه و زمانی یۆنانیش بەگوێرەی وشەنامه ئەورووپییەکان له زبانی پارسی کۆن وەری گرتووه. بەڵام ئاشکرایه که پارسەکان نه 2500 ساڵ بەر له ئێستا و نه ئێستاش هەرگیز لەو وڵاته که ئەم چۆمەی پێدا تێ دەپەڕێ، نەژیاون و تەنیا لەکاتی هێرشکارییەکانیاندا پێیدا دەرباز بوون و دواتر بۆ وڵاتی خۆیان گەڕاونەوه که دەکەوێته ناوەندی "ئێران"ی ئێستا. ئەم چۆمه له وڵاتێک سەرچاوەی گرتووه که نەتەوەی ماد تێیدا نیشتەجێ بووه. سەرچاوەی ئەم رووبارە لەو شوێنەیه که ئەمرۆ پێی دەگوترێ باکووری کوردستان که بەشێک له وڵاتی مادی کۆن بووه و پێتەختی باکووری کوردستانیش شاری ↑ئامێد amed [ئامەد amed] ئاماژە به ناوی ماد دەکا. کەوابوو مادەکان لەم وڵاته ژیاون و هەر ئەوانیش بوون که ناویان لەسەر چۆمەکەی خۆیان داناوه. ئاشکرایه هەم لەبەر ئەوەی مادەکان لەم وڵاته ژیاون و هەمیش لەبەر ئەوەی ئەوان 200 ساڵ بەر له پارسەکان دەسەڵاتداری ناوچەکه بوون، ناوی ئەم چۆمه لەباری ریشەوه ناتوانێ بۆ زمانی پارسی کۆن بگەڕێتەوه، بەڵکوو پارسەکان ئەم ناوەیان له مادەکان وەرگرتووه و لای خۆیان بەکار هێناوه. ئەمەش شتێکی زۆر سروشتییه و هەر وەک ئەمه وایه که ئێمەی کورد بۆ وێنه ناوی چۆمی "زایندەرود"مان له پارسەکان و زمانی ئەوان وەرگرتووه و وەک خۆی بەکاری دەهێنین. له ویکیپێدیا به

زمانی ئەڵمانیدا شێوە جۆربەجۆرەکانی ناوی ئەم چۆمە لە چەندین زمانی ناوچەکەدا وەک ئاشووری، عیبری، ئارامی، عەرەبی و هیتر باس کراوە، کە هەموویان کەم و زۆر پێوەندییان بە ئەسڵی وشەکەوە پێوە دیارە. وشەی Tigris "دیجلە" خزمە دەگەڵ tiger "بەبر" دە زمانە ئەورووپییەکاندا کە لە زمانی یۆنانی و لاتینی وەرگیراوە و ئەوانیش دیسان بەگوێرەی وشەنامە ئەورووپییەکان لە وشەی پارسی کۆنی tīgrī "تیر" [تیری کەوان] وەریان گرتووە. دیارە لە تیوان دوو زمانی مادی کۆن و پارسی کۆندا لانی کەم لە باری وشەکانەوە جیاوازییەکی زۆر لە ئارادا نەبووە و هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە مادەکانیش بە "تیر"یان گوتووە tîgrî و چۆمەکەیان لەبەر توند و تیژ بوونەکەی بە شتێکی وەک "تیر" شوبهاندووە، بەم مانایە کە چۆمەکە یان وەک تیر توند و تیژ دەڕوا و یان وەک تیر لەش دەبڕێ. ئەم ناو لێنانە بە پێچەوانەی ناوی چۆمی "فورات" [فەرات، فرات] بووە کە هەمدیسان لە لایەن مادەکانەوە دانراوە و ئاماژە بە نەرمتر بوونی رەتی چۆمەکە دەکا، بە جۆرێک کە مرۆف بە باشی توانیویەتی لێی بپەڕێتەوە. هێندێک لەم وشانەی کە دە زمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا بەدی دەکرێن و دەگەڵ ناوی چۆمی tîgra "دیجلە" خزمن، بریتین لە ↑تیر tîr [فۆتیمی g سواوەتەوە]، ↑تیغ tîġ، ↑تیژ tîj، ↑تەزرە tezre [دواتر گۆڕاوە بۆ تەرزە terze، بەرهەڤی بکە دەگەڵ تگرک tagark ی فارسی]، تیک tîk [تیک و دروومان]، ↑تەقەڵ teqel، ↑تیس tîs یان تیسوو tîsu "گیایەکی درکاوی"، ↑تیکان tîkan "درک"، ↑تیغەرە tîġere [تیغەرەی پشت واتا تیژایی مۆرەکانی پشت]، ↑تەگەرە tegere "دارێکە دە کونی بەرداشی ژێروو کوتراوە" و هتد. وەک دەبینین لە هەموو ئەم وشانەدا چەمکی تیژ بوون و تێراچوون بەدی دەکرێ. ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ↑چەقین *çeqîn* [تێ هەڵچەقین] و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)teig- >*** "تیژ بوون و تێراچوون". ئەم روون کردنەوەیە بە تەواوی دەری دەخا کە وشەی دجلة dijla (Arb.) [دیجلە dîcle] شێوەیەکی عەرەبینراو لە وشەی tîgra یە، و بەم شێوە عەرەبێنراوە هاتۆتەوە ناو زمانی کوردمادی و فارسی. سەبارەت بەو وشانە کە بە ئەسڵ کوردمادی یان فارسین و دوای عەرەبێندران، بە شێوەی عەرەبێنراو هاتوونەوە ناو ئەم زمانانە نموونە زۆرە.

[تێبینی: فۆتیمی g لە وشە مادییەکەدا دە زمانی عەرەبیدا بووەتە ج j، چونکوو زمانی عەرەبی خاوەنی فۆنێمی g نییە و ئەم فۆتیمە دەگۆڕێ بە ج j. چەند نموونە لەم بارەوە بریتین لە وشە لاتینی و کوردماديیەکانی خوارەوە: **مجوس** magus ، **جنس** genus، **حرج** urgere، **جوز** (گوێز، گۆز)، **جوهر** (گەوهەر)، **جاموس** (گامێش) و هتد.

دیرۆک dîrok *[dīrok]* - "مێژوو": دەچێتە چوارچێوەی یەکێک لەم لێکدانەوەی خوارەوە:

1- دەتوانێ پێک هاتبێ لە دیر + ئوک dîr + ok. دیر dīr (P.) دە زمان فارسیشدا هەیە و هەم مانای "زوو" دەبەخشێ [دیرزمان واتا زەمانی زوو] و هەم مانای "درەنگ" ["دیر کردن" واتا درەنگ کردن]. مەبەست لە وشەی دیرۆک بە مانای مێژوو دەتوانێ "زەمانی زوو"، واتا ئەو رووداوانە بێ کە سەردەمانی دێرین قەوماون. ئەم وشەیە گۆڕاتیکی تیدا کراوە و بووەتە ↑چیرۆک çîrok و بەم شێوەیە بە مانای "داستان" بەکاردێ، واتا وشەکە دە زمانی کوردمادیدا بە دوو شێوەی جیاواز بە مانای "مێژوو" و بە مانای "داستان" بەکاردێ. [دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Geschichte هەم مێژوو و هەم داستان مانا دەدا و دە بنەڕەتدا بە مانای "رووداو، قەوماو" بووە]. لەم تێڕوانینەوە وشەی دیرۆک [↑دێریک derîk] دەچێتەوە سەر وشەی دیر/ ↑دێر der. ئەم وشەیە خۆ ی خزمە دەگەڵ ↑درەنگ dıreng و ↑درێژ dırej، سەر بە ریشەیەک بە مانای "درێژ، درێژ بوونەوە، لەبەریەک کیشرانەوە". [وەک بەرهەڤ کردن دەتوانین ئاماژە بکەینە وشەی lang (G.) یان long (E.) کە بە مانای "درێژ" دێ و لە هەمان کاتیشدا تیرمی for a long time دە ئینگلیزیدا بۆ گەیاندنی سەردەمێکی دێرین بەکار دەهێندرێ].

2- لە لایەکی دیکەوە دوور نییە وشەکە پێوەندی هەبێ بە ↑دیلۆک dîlok "ستران" و ↑دۆلگە dolge "هەڵبەستی پێهەڵگوتن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بە مانای

"قسه و باس، گێڕانەوە، داستان" بەکار دێن. [شیاوی باسە کە وشەی history (E.) ریشەی یۆنانی هەیە و مانا بنەڕەتییەکەی دەبێتە "ئاگادار بوون لە ڕێگەی *گێڕدرانەوە*". وشەی *اسطورة* astūra (Arb.) "ئەفسانە، داستان" لە وشە یۆنانییەکە وەرگیراوە].

دیزە dîze *[dīza]* - "مەنجەڵی بچووک": دیکَ dīg (P.) "مەنجەڵ" و هەروەها دیزی dīzī "مەنجەڵی چکۆڵە" [بۆ شۆرباو]. جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ tegula (L.) و téganon (Gr.) "قابڵەمە، مەنجەڵ"، سەر بە ریشەی ***deiĝh- > (IE.)*** "قوڕ گرتنەوە و دەکار کردن، هەویر شێلان". شیاوی باسە وشەی ↑تیان tîyan "مەنجەڵ" دە زمانی کوردمادیدا پێوەندی بەو وشە یۆناییەوە هەیە.

دیسا(ن) dîsa(n) *[dīsā(n)]* "جارێکی دی": دی + ↑سا dî + sa. کەرتی یەکەم هەمان دی dî یە لە وشەی ↑دیکە dîke دا. کەرتی دووەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑جا ca [↑*جار car*]. وشەکە "دیجار" بووە، بووەتە "دیجا" و پاشانیش "دیسا، دیسان"، واتا "جارێکی تر". فۆتیمی n زێدەیە و لە هێندێک زاراوەدا بۆ هاسانبێژی لە رستەدا بە وشەکەوە دەلکێ و دەبێتە "دیسان". هەڵی سەنگینە دەگەڵ "دەسا" کە ئەویش پێشتر "دەجا" بووە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا nochmal بە مانای "دیسان" بەکار دێ، کە کەرتی دووەمەکەی مانای "جار" دەبەخشێ و مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "جارێکی دیکە"].

دیق dîq *[dīq]* - "1- دەردەباریکە 2- نەخۆشی بەهۆی خەمی زۆرەوە": دق (P.) deq. تەق teq یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑دەق deq "گنج، قەد"، ↑دەغەز değez "نەخۆشی"، تکیدە takīde (P.) "چرووساوە" و ↑*ژاکان* ↑*jakan*.

دیل dîl *[dīl]* - "یەخسیر": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- Seil (G.)، sāl (OE.)، zeel (Nl.) "پەت، بەند"، sa lan (OE.) "بە پەت بەستن، پەت کردن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەستن(ەوە)، گرێ دان، درووەن، چنین" و خزمن دەگەڵ ژماریەک وشەی کوردمادی وەک ↑*جاڵجاڵوکە calcaloke* و ↑جۆڵا cola. لەم تێڕوانینەوە مانای "دیل" دەبێتە "بەندی، بەندکراو".

1- ↑تاڵان "راووروت، غەنیمە و دەسکەوتی شەڕ". لە سەردەمانی کۆندا دیلەکان وەک غەنیمە هەژمار کراون.

دیلۆک dîlok *[dīlok]* - "ستران": خزمە دەگەڵ ↑دۆلگە dolge "هەڵبەستی پێهەڵگوتن".

[تێبینی: وشەکانی "لاوک" و "لاوژە"ش دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پێهەڵگوتن، حەز لێکردن].

دیلە dîle *[dīla]* - "قورم، سیان، دووەد": خزمە دەگەڵ ↑دووکەڵ dukel. بنەوشەی دی -dî هەر ئەوەیە کە وەک دوو -du دە وشەی "دووکەڵ"دا دەبینرێ.

دیلەک dîlek *[dīlak]* - "تکا کردن و پاڕانەوە بۆ کەسێک": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑دۆلگە dolge "هەڵبەستی پێهەڵگوتن".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "پێهەڵگوتن" و "پاڕانەوە" بەرهەڤی بکە دەگەڵ دوو وشەی خوارەوە کە پێکەوە خزمن: *لاواندنەوە* "پێهەڵگوتن" و *لاڤایی* (بە فارسی "لابە") بە مانای "پاڕانەوە"].

دیلان dîlan *[dīlān]* - "1- سەما و هەڵپەڕکێ 2- گێژ و دەبەنکَ 3- جۆلانە": پێوەندی هەیە بە یەک لەم وشانەوە:

1- ↑جووڵان(ەوە) culan(ewe).

2- ↑تڵەکان tılekan "تەکان خواردن، راژان". لەوانەیە ئەم وشەیە خۆی دەگەڵ "جووڵان" خزم بێ.

3- ↑تلان tılan سەر بە ریشەی ***ter- > (IE.)*** "سووڕان، با دان". [سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "جووڵان" و "تلان" بڕوانە ↑تڵین tılîn "1- هێشتن، هێڵان 2- خەڵتان بوون، تێوە گلان"]

دیلەکانی dîlekanî *[dīlakānī]* - "جۆلانە": بڕوانە ↑دیلان dîlan.

دیمەک dîmek [*dīmak*] - "داری ناو دیوار بۆ قایمی": خزمە دەگەڵ ↑تەمەڵە temele.

دیمەن dîmen [*dīman*] - "شوێن یان شێوەی بەرچاو": لە کرداری ↑دیتن dîtın "بینین" وەرگیراوە.

دین¹ dîn [*dīn*] - "ئۆل، ئایین": خزمە دەگەڵ ↑دیتن dîtın یان دین dîn واتا "بینین"، سەر بە ریشەی < ***(IE.)*dhei(ə)-*** "دیتن، تیرین". مەبەست لە "دین" دە بنەڕەتدا هەر ئەو شتە بووە کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ "روانگە، جیهانبینی". شێوەیەکی دیکە لە وشەی "دین" بریتییە لە ↑ئایین ayîn [< *a-* *dayana-* (OI.)] کە ئەمەیان شێوەیەکی تازەترە و فۆنیمی d تێیدا سواوەتەوە.

دین² dîn [*dīn*] - "شێت": خزمە دەگەڵ dumm (G.)، dum (Sw.) "دین، گێژ و حۆل". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ هێندێک وشەی کوردمادی وەک ↑دووکەڵ dukel، ↑دوومان duman، ↑تۆز toz، تین tîn و توون tun و هتد. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دە بنچینەدا بەو مانایە بووە کە کەسێک مێشکی یان هەستەکانی تەماوی و تێکەڵ پێکەڵ بووبێ.

دینار dînar [*dīnār*] - "1- سەدیەکی قراتیکی ئێرانی 2- پارەی ولاتانی عەرەب":

وشەکە ریشەی لاتینی- یۆنانی هەیە و بۆ وێنە لە وشەی denarius-grossus "دیناری قەڵەو"دا دەبیندرێ.

[لەم بارەوە بڕوانە وشەی *قرۆش* "پووڵی سکەی کەم نەرخ"].

دینکَ dîng [*dīng*] - "ئامرازی چەڵتووک کوتان، دەسکاونکَ": دنکَ dıng یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Dengel (G.) "تیغە"ی داس و مەڵەغان) و tangol (OG.) "چەکوچ، کوتک". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە باس نەکراوە.

دینۆک dînok [*dīnok*] - "کەمێک، تۆزکاڵێک": شێوەیەکی دیکە لە ↑تنۆک tınok.

دیو1 dîw [*dīw*] - "هۆدە، ژوور": خزمە دەگەڵ Zimmer (G.) "دیو، هۆدە"، timmer (Sw.) و timber (E.) "داری خانوو"، timmer (MNl.) "خانوو، کەرەسەی خانوو"، dom (L.) و (Rus.) "خانوو"، demein (Gr.) "خانوو کردن"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *deme-*** "خانوو کردن، ماڵ دروست کردن". دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا ریزەوشەیەکی دیکەش دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە کە بریتین لە tame (E.)، zahm (G.)، tam (Sw.) بە مانای "ئاژەڵی ماڵی". دە فارسیشدا دام بەمانای "ئاژەڵی ماڵی" بەکار دێ. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑دیوان dîwan و ↑دیوەخان dîwexan دەچنەوە سەر دیو¹ dîw و لەوانەیە ↑دیوار dîwar یش هەر لەم چوارچێوەیەدا جێ بگرێ. شێوەی کۆنتری وشەی "دیو" دە زمانی کوردمادیشدا پارێزراوە، کاتێک دەگوترێ "دام و دەزگا". ↑دام dam لێرەدا بە مانای "ساختومان، خانووبەرە"یە. دە زمانی فارسیدا هەروەها تیمچە tîmçe (P.) هەیە بە مانای "حەوش و داڵانی سەرداپۆشراو،

دیو2 dîw [*dīw*] - "لا، ئاڵ": [بەم دیوەدا واتا بەم لایەدا، بەم بەرەدا]. ئەم وشەیە جیایە لە *دیو1* "هۆدە، ژوور". شێوەیەکی دیکەیە لە وشەی ↑جەم¹ cem "لا، کن، نک". ["ل جەم بابێ خۆ" واتا لای باوکی خۆ، یان "هاتنە جەم هەڤ" واتا هاتنە لای یەکتر، کن یەکتر].

[تێبینی 1: سەبارەت بە گۆڕانکاری فۆنۆلۆژیک لەم وشەیەدا هەڵیسەنگینە دەگەڵ وشەکانی "جەم"، "ژەم"، "دەم"، "تاو"، "تاف" کە گشتیان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و دە بنەڕەتدا هەر یەک وشە بوون.

تێبینی 2: لە سەردەمی شای ئێراندا وشەی "ئەودیو" لە موکریان بۆ "باشووری کوردستان" بەکار دەهات. ئەگەر کەساتیک لە دەست زوڵم و زۆری رەژیمی شا رایان کردبایە باشوور، ئەوا خەڵک دەیانگوت "لەو دیوە" یان "چووەتە ئەودیوی"، واتا "ئەو لا، ئەوبەر"ی (سنووری دەستکرد). بەم شێوەیە ئاخێوەران بە شێوەیەکی نیهادی یان بە زانایی خۆیان لە ناسینی کوردستان وەک بەشێک لە ئێران یان عێراق دەبوارد. ئەمە نیشان دەدا کە پێناسە کردنی کوردستان وەک وڵاتێکی جیاواز لە وڵاتانی داگیرکەران و وەک وڵاتێکی لەت لەتکراو، لە هزر و هەستی کوردەکاندا بە بەردەوامی لە ئارادا بووە و تەنیا لە نیو سەدەی

رابردوودا رووناکبیرانی کورد کڵاویان چووە سەر و مخابن گەلیشیان دەگەڵ خۆیان تووشی سەر لێشێواوی کردوو].

دیوارdîwar *[dīwār]* - "هەڵچنراوی لە دار و بەرد بۆ خانوو کردن": دیوار dīvār (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ یەک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑دیو dîw "هۆدە، ژوور".

2- ↑تەمەڵە temele.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "خانوو، دیو" و "دیوار" سەرنجی وشەی "وار" بدە کە بە مانای "ماڵ، شوێنی ژیان" دێ و دە بنەڕەتدا مەبەست لێی "دیوار، بەربەست" بووە و خزمە دەگەڵ "وارش"].

دیوان dîwan *[dīwān]* - "بارەگا، کۆشک": دیوان dīvān (P.). خزمە دەگەڵ ↑دیو dîw.

دیوەخان dîwexan *[dīwaxān]* - "ژووری دانیشتنی ئاغا": لە دوو وشەی ↑دیو dîw "هۆدە" و ↑خان xan "بەکَ، ئاغا" پێک هاتووە و مەبەست "هۆدەی ئاغا" یە.

دێ1 de *[de]* - "گوند": دە deh (P.) "گوند"، deh (Pl.) "گوند، وڵات"، taxyu (Av.). خزمە دەگەڵ ↑تاخ tax "گەڕەک".

دێ2 de *[de]* - "نیشانەی کردار لە کاتی داهاتوودا": ئەم نیشانەیە دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا بەکار دەهێنرێ [دێ بچم، دێ بخوم]. خزمە دەگەڵ ↑دە3 de "نیشانەی کردار لە کاتی تێستادا" [دەڕۆا derwa، دەبات debat، دەگرێ degre و هەتد] و هەروەها خزمە دەگەڵ ↑*دا 2da* [دا بدە da bıde، دا وەرە da were].

دێر1 der *[der]* - "درەنکَ": دیر dīr (P.). بڕوانە ↑درەنکَ dıreng.

دێر2 der *[der]* - "شوێن و پەناگای رەبەن": دیر deyr (P.). دە هۆنراوە کۆنەکاندا باس لە "دێری موغان" دەکرێ. وشەی "دێر" خزمە دەگەڵ "دۆڵ" و "دەڕە" و دەچێتەوە سەر ریشەی ***dhel- > (IE.)** "قوڵکە، قووپاوی، قووڵایی". هەم وشەی "دێر" و هەمیش وشەی "خەرابە" [پیری خەرابات] دە بنەڕەتدا ئاماژە بۆ شوێنگەلێک بوون وەک قووڵکە، کون وکولێن و ئەشکەوت کە پیر و پیاوچاکان ژیانیان تێدا کردوون و خۆیان لە دنیای دەرەوە جیا کردۆتەوە یان حەشار داوە. بۆ زانیاری زۆرتر هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "خەرابە".

دێرder *[der]* - "سەتر، ریزی نووسراوە":

1- لەلایەکەوە لەوانەیە دێری نووسین بە ↑دێراو deraw ی کێڵگەو بێستان چوێنرابێ، چونکە دێراو بە شێوەیەکی ریزکراو و رێک وپێک هەڵدەبەسترێ.

2- لە لایەکی دیکەوە دەکرێ دەگەڵ Zeile (G.) "ریز، دێر" بەرهەڤی بکەین، سەر بە ریشەی ***da(i)- > (IE.)** "بەش، بەش کردن، دابەش کردن". وشەی ↑دان dan [پێدان] و ↑دێران deran [ئاودێری] و ↑دەم dem "کات" و چەندان وشەی دیکەی کوردمادیش هەر لەم ریشەوە هاتوون.

دێران deran *[derān]* - داشتن daştın یش دەگوترێ. ئاو داشتن/ ئاو دێران واتا ئاو دان. هەڵداشتن هەمان "هەڵدان"ە و لێرەشەوە "هەڵدێران" وەک کرداری پەسیڤ (نادیار) دروست بووە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە "داشتن" یان "دێران" دەچێتەوە سەر ↑دان dan.

دێراو deraw *[derāw]* - "جۆگەلەی هەڵکەنراو بۆ ئاوداشتن": پێک هاتووە لە دوو وشەی دێر + ئاو aw + der.

1- دێر der یان دەچێتەوە سەر ↑دێران deran و دە بنچینەدا سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەش بەش کردن، دابەش کردن، دان".

2- یان خزمە دەگەڵ ↑دۆڵ dol و ↑دەڕە dere سەر بە ریشەی ***dhel- > (IE.)** "قووڵکە، قووپاوی". لەم تێڕوانینەوە دێراو دەبێتە قوڵکە یاخود هەڵکەندراویی بۆ ئاو.

دێریک derîk [*derīk*] - "1- مێژوو 2- ناوی شارێکە لە کوردستان": شێوەیەکی دیکە لە ↑دیرۆک dîrok.
دێز dez [*dez*] - "1- رەش، رەشی ئاماڵ بۆر 2- شووم 3- بەدبەخت": لەرووی ماناکانەوە دەردەکەوێ کە وشەکە دە بنچینەدا بە مانای "رەش، ئاماڵ ڕەش" بەکار هاتووە و لەمەشەوە مانای "شووم " و "بەدبەخت" پەرەی گرتووە، چونکە ئەم چەمکانە پێوەندییان پێکەوە هەیە. دە زمانی فارسیدا وشەی دیزە dīza و شبدیز šabdīz (P.) هەیە بە مانای "رەش، بۆری ئاماڵ رەش" و هەروەها تووسی tūsī (P.) "بۆر، ئاماڵ ڕەش". وا پێ دەچێ ئەم وشانە پێوەندییان بە دێزە dez ەی کوردماددییەوە هەبێ و ئەم وشەیە سەرەتا بە مانای "رەش، ئاماڵ رەش" هاتبێ و دواتر ماناکانی "شووم" و "بەدبەخت" ی وەرگرتبێ. ئەم وشانە دەبێ خزم بن دەگەڵ dusk (E.)، dosk (ME.)، dox (OE.) "تاریک رەنگ، تۆخ"، doxian (OE.) "تاریک بوون لە رەنگدا، تۆخ بوون"، tusin (OG.) "تاریک رەنگ"، سەر بە ریشەی ***dhuskos-* (IE.) >** "تاریک، رەش". دە کوردماددیدا هەروەها ↑تۆخ tox هەیە بە مانای "تاریک رەنگ" و ئەم وشەیە لێچووتیکی تەواوی هەیە دەگەڵ dox (OE.) بەمانای "تۆخ". هەروەها بڕوانە ↑دێزک dêzık "بێ تاڵ، بەدبەخت".

[تێبینی: دە وشەنامەی فارسی "فرهنگ عمید"دا وشەی "دیز(ە)" دوو مانای بۆ دانراوە: "رەنگ" و "رەنگی رەش و بۆر". هەروەها دە وشەنامەی "فرهنگ جامع فارسی - المانی"دا "دیز" وەک "رەنگ" مانا کراوەتەوە. وەک گەلێک وشەی دیکە زمانزانە فارسەکان نەیانتوانیوە ئەم وشەیە بە تەواوی شیرۆڤە بکەن و مانای پڕ بە پێستی خۆی بۆ دیاری بکەن. مانای وشەکە ناتوانێ هەم "رنگ" و هەمیش "رەنگی رەش و بۆر" بێ، چونکوو رەنگ دەتوانێ جگە لە رەش و بۆر چەندین جۆری دیکەشی هەبێ. وەک لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژی دەری دەخا، ماناکە بریتییە لە "رەش، تارێک، بۆری توند". فەرهەنگنووسانی ناوبراو بەهۆی وشەی فارسی "شبدیز" تووشی هەڵە بوون و وایان زانیوە کە "شبدیز" واتا "دیزی شەب" و ئەمیش واتا "رەنگی شەو"! کەچی مەبەست لە "شبدیز" بریتییە لە "رەش و تاریک وەک شەو" واتا "رەش رەش". ئەم نموونەیە و گەلێک وشەی لەم چەشنە بەباشی نیشانی دەدەن کە لێکۆڵینەوە و ساخ کردنەوی ئێتیمۆلۆژیک تا چ رادیەک بۆ شیرۆڤە و مانا کردنەوەی دروستی وشەکان گرنگ و پێویستە].
دێزک dêzık [*dezık*] - "بێ تاڵ، بەدبەخت": دەچێتەوە سەر ↑دێز dez "1- رەش، رەشی ئاماڵ بۆر 2- شووم 3- بەدبەخت". وەک دەزانین هەر لەکۆنەوە پێوەندی ئێتیمۆلۆژیک لەتیوان چەمکەکانی "رەش"، "شووم" و "بەدبەختی، چارەرەشی"دا هەیە و لە سەردەمی ئێستاشدا رەنگی رەش وەک نیشانە ماتەمباری بەکار دەهێنرێ. لە فۆلکلۆری کوردماددیدا قەلەرەشە و پشیلەرەشە وەک دوو ئاژەڵی شووم چاو لێ دەکرێن. لەم بارەوە هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "شووم" کە خزمە لەگەڵ "شێو" [شام] "تاریکان، ئێوارەدرەنگ".
دێڵ del [*del*] - "مێی ئاژەڵ": دەڵ del یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑دایک dayık. هەڵی سەنگینە دەگەڵ داڵک dalık "دایک" دە شێوەزارەی زمانی خوارووودا.
دێلم delm [*delm*] - "قاش، کووز": خزمە دەگەڵ ↑تیلمە tîlme "باریکەی بڕاو".
دێلێ dele [*dele*] - "تەختەبەردی میچ پۆش": هەروەها دێڵەبەن deleben هەیە بە مانای "میچی خانووی بە بەرد داپوشراو". وشەیەکی دیکەش هەر لەم پێوەندییەدا وشەی ↑دیمەک dîmek ە بە مانای "داری ناودیوار بۆ قایم کردنی". هەموو ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑تەمەڵە *temele*.
دێم dem 1 [*dem*] - "کشت و کاڵ بە ئاوی باران": دیم deym (P.). دە کوردماددیدا دێمەزار demezar "زەوی دێم" و دیمەکار demekar "کێڵانی دێم" بەکار دەهێنرێن. دە وشەنامەی فارسی "فرهنگ عمید"دا ئەم وشەیە وەک وشەیەکی عەرەبی بە مانای "بارانی بەردەوامی بێ هەورەبروسکە" مانا کراوەتەوە. کاتێک لەم وشەیە و ماناکەی وردبینەوە، شیمانەیەکی بەهێزمان لا دروست دەبێ کە وشەکە پێوەندی بە ↑تەمتەمان temteman "رەقەن، بەردەڵان"ەوە هەبێ، واتا دە بنەڕەتدا ئاماژە بە "هیشکایی" [رەقایی]

زەوییەکە کرابێ. لەباری ماناوە دەتوانین دەگەڵ وشەی "ئیشکاوز" [ئیشک - هاویشتن] هەڵی سەنگینین بە مانای "چاندنی زەوەی هیشک (بەر لە باران)".

دێم2 dem *[dem]* - "دەم": شێوەیەکی دیکە لە ↑دەم dem. [دێم کردن، دێم پێ هێنانی چا و برینج. دەم کردنیش دەگوترێ].

دێو dew *[dew]* - "گیانداری ئەهریمەنی": [دێو و درنج dêw û dırınc]. دیو dīv (P.).

1- جێی بەراورد کردنە دەگەڵ deus (L.) بەمانای "خودا". لەم تیرەوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ دەگەڵ ↑تیر3 tîr "ئیزەدی تیر، ناوی هەسێرەی تیر، فریشتەی باران، ناوی چوارەمین مانگی ساڵ، سێزدەهەمین رۆژی هەرمانگێکە".

2- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Dämon (G.) "دێو" کە دەچێتەوە سەر daemon (L.) "دێو، شەیتان، رووحی ئەهریمەنی" و ئەویش دەچێتەوە سەر daímōn "خودا، هێزی خودایی" و دواجار daiomai (Gr.) "دابەش کردن" [دابەش کردنی چارەنووس ؟]. ئەم وشە یۆنانییە بە مانای "دابەش کردن" دەشێ خزمایەتی هەبێ دەگەڵ ↑دان dan [پێدان].

دێوانە dewane *[dewāna]* - "شێت": دیوانە dīvāne (P.).

1- لە لایەکەوە لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە daemon (L.) "دێو، شەیتان، رووحی ئەهریمەنی" و مەبەست ئەوە بووبێ کە مرۆڤی شێت دێو، واتا گیانداری ئەهریمەنی مێشکی داگیر کردووە.

2- لەلایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ demens و dementia (L.) "شێتی". وشە لاتینییەکە لە دوو کەرتی -de "بێ، بەبێ" و ment "هزر، رامان" پێک هاتووە.

ر (R)

را[1] **ra-** [*rā-*] - "پێشگر": ئەم پێشگرە یەکێکە لە پێشگرە هەر چالاکەکانی زمانی کوردمادی کە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کردارەکان دێ. ئەرکی ئەم پێشگرە لەوەدایە کە یان مانایەکی تایبەتی لە چوارچێوەی مانا گشتییەکەدا و یان مانایەکی تازە بە کردارەکە دەبەخشێ، وەک راگرتن ragırtın، راخستن raxıstın، راچەنین raçenîn، رابوون rabun، راپەڕین raperîn، راماڵین ramalîn و هتد. ئەم پێشگرە خزمە دەگەڵ پێشگری فرا- farā- (P.) دە زمانی فارسیدا، وەک فراگرفتن farāgereftan، فرارسیدن farāresîdan، فراخواندن farāxāndan و هتد. دە زمانی فارسیدا پێشگرەکە زۆر کەمتر بەکار دێ لەچاو زمانی کوردمادی. پێشگرەکە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *per- >* "تێپەڕین لە، تێپەڕین بە". خزمە دەگەڵ ↑پار par [ساڵی پار واتا ساڵی بەرێ]، ↑بەر ber "پێش"، ↑پەڕینەوە perînewe، ↑پەڕیوە *perînewe* و هتد.

را[2] **ra** [*rā*] - "بیر، بۆچوون": زۆرجار دەگەڵ "بیر" دێ [بیر و را bîr u ra]. ئەم وشەیە پێوەندی بە رأی (Arb.)raī "دیتن"ەوە نییە، بەڵکوو کورتکراوی ↑رەت ret 2 ە بە مانای "هزر و بیر"ە [لە رەت دام چی بکەم]. هەروەها دەگەڵ ↑راوێژ rawej دێ بە مانای "حەدس وگومان، تەگبیر" و دەگەڵ ↑راوێچکە raweçke یان راوێشکە rawêşke "بیرکردنەوە لە شتێک". دە زمانی فارسیدا رایزن rāyzan (P.) هەیە بەمانای "راوێژکار" و هەروەها وشەی رایانە rāyāne (P.) دروست کراوە بە مانای "ئەژمێرەر، کۆمپیوتێر". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشە دە زمانە ئەورووپییەکاندا کە هێندێک مانا لە خۆ دەگرن، وەک "شیمانە کردن، ئەژماردن، حیساب کردن، بیرکردنەوە، گیڕانەوە، ئاخافتن" و هتد. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑راشەن raşen.

[تێبینی: وەک لە زۆر جووتەوشە (وشەدوانە)دا دەبینرێ، ئەم وشانە یەک مانا یان مانای نیزیک لەیەکدیان هەیە، بۆ وێنە، کڕ و کپ، سارد و سڕ، تەڕ و بڕ، خوار و خێچ، شل و شەوێق، رێک و راست و هتد. هەر بۆیە کاتێکیش دوو وشەی "بیر و را" زۆرجار وەک جووتەوشە دەردەکەون، ئەمە نیشان دەدا کە ئەم دوو وشەیە مانایان لە یەکدی نیزیکە و کەوابوو ناتوانێ پێوەندی بە "رای" عەرەبییەوە هەبێ].

را[3] **ra** [*rā*] - "را" کردن واتا هەڵاتن. هەڕا hera کردنیش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ rennen (G.)، (Nl.)، a rnan (OE.)، ränna (Sw.) "راکردن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا کە ئاماژە دەکەن بە مانای "بزووتن"، بە تایبەتی بزووتنی خێرا. هێندێک لەم وشانە بەم جۆرەن: rinnen (G.) و هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا بەمانای "جاری بوون، رەوان بوون"، rnoti (OIn.) "هەلدەستێ، دەبزوێ" و rti-h (OIn.) "پەلامار، شەر"، oriro (L.)"هەستان، پەیدا بوون"، origo (L.) "سەرچاوە، بنەڕەت"، ruere (L.) "راکردن، پەڵە کردن، هەڵەنگوتن"، ronti (Rus.) "خستن"، reisen (G.) "گەشت کردن، سەفەر کردن"، rasen (G.) "تیژ تێپەرین، هەڵچوون"، ierre (OE.) "سەرگەردان، شێت، قەڵس، هەڵەکار" و هتد. دە زمانی کوردمادیشدا ژمارەیەک وشەمان هەیە کە پێوەستن بە وشەکانی سەرەوە و دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش، بۆ وێنە ↑هەڕا hera [هەڕا کردن]، سەر ریشەی *(IE.) *reu-, *re-, *ere- >* "بزووتن". دە پلەیەکی دوورتر دا هێندێک وشەی دیکەی کوردمادیش دەبنە خزم دەگەڵ وشەکانی سەرەوە، وەک ↑رەتاندن retandın، ↑راسان rasan، ↑رەوینەوە rewînewe و ↑رووبار rubar و هتد.

را[3] ra *[rā]* - "جار، کەرەت": [ئەم ڕایە واتا ئەم جارە]. وشەکە دەشێ دە بنەڕەتدا بە مانای "گەڕ، دەور، نۆرە" بووبێ. لە تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رێ re "رێگا"، سەر بە ریشەیەک بەمانای "گەڕان، ڕۆیشتن".

ڕاپسکاندن rapıskandın *[rāpıskāndın]* - "خۆ قوتار کردنی کەسێک لە دەستی یەکێک کە توند گرتوویەتی": ڕا [پێشگر] + پسکاندن pıskandın + ra. کەرتی پسکاندن شێوەی جەختکراوی پساندن pısandınە. [بنجی پس -pıs + ناوگری جەخت کردنی ک k + نیشانەی کرداری ئاندن andın]. ڕاپسکاندن ئەو دۆخەیە کە کەسیکی بە دەست گیراو واتا "بەستراو" خۆی لە "بەند"ەکە داپچڕێنێ یاخود "بەندە"کە لە خۆی داپچڕێنێ. بڕوانە ↑پسان pısan.

راپۆڕاندن raporandın *[rāporāndın]* - "پەستاوتن، ئاخنین": را + پۆڕاندن porandın + ra. بنەوشەی پۆڕ -por خزمە دەگەڵ ↑پڕ pır. تێکرای وشەکە واتا زۆر تێکردن، پڕ کردن.

راپەڕاندن raperandın *[rāparāndın]* - "هەڵسووڕاندن، چالاکانە ئەنجام دان": را + پەڕاندن perandın + ra. خزمە دەگەڵ ↑تێپەڕین teperîn "بوورین، رویین". لەم تێڕوانینەوە راپەڕاندن دە بنەڕەتدا واتا بەرێوە بردن، مەشاندن، بەرەو پێش بردن". وەک دەردەکەوێ، کردارەکە پێوەندی بە "پەڕین" و "پەڕاندن" [بزاڤی توند لە هەوادا] نییە.

راپەڕکاندن raperkandın *[rāparkāndın]* - "1- هەڵچوون بە دار و چیادا 2- چەمبۆڵە دادانی سەکَ و ...": شێوەیەکی دیکەیە لە راپەلکاندن rapelkandın [↑راپەلکین rapelkîn].

راپەڕموون rapermun *[rāparmūn]* - "وێران، دە خۆڕا دیتن": ↑را ra + ↑پەڕموون permun.

راپەلکین rapelkîn *[rāpalkīn]* - "سەرکەوتن بەسەر دار و دیواردا": را + پەلکین pelkîn +ra.

راپەرکین raperkîn یش دەگوترێ. بنەی وشەکە، پەل -pel (پەر-per)، هەمان ↑پەل pel بە مانای "دەست"ە و مەبەستی وشەکە دەبنەڕەتدا بەکارهێنانی دەست و قاچە بۆ سەرکەوتن.

راپیتە rapîte *[rāpīta]* - "هاتوچۆی بەپەلەپەل و ئەم سەر ئەو سەر کردن": ↑راوێچکە raweçke2 ش دەگوترێ. دەچنەوە سەر ↑ڕۆیشتن royıştın [رفتن raftan (P.)].

راتب ratıb *[rātıb]* - "کەلوپەلی راوکەر": خزمە دەگەڵ ↑راشەن raşen "توێشووی رێگا".

راتڵەکاندن ratılekandın *[rātlakāndın]* - "راوەشاندن": راتڵەقاندن ratıleqandın یش دەگوترێ. را + تڵەکاندن tılekandın + ra.

1- یان خزمە دەگەڵ ↑شڵەقان şıleqan.

2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑ڕاچڵەکین raçılekîn.

راجلفین racılfîn *[rajılfīn]* - "راچەنین، شڵەژان": پێشگری را + جلفین cılfîn + ra. بنجی جلف -cılf خزمە دەگەڵ ↑شلوێ şılwê "لێکدراو" و ↑شڵێوە şılêwe "باران و بەفری پێکەوە" [دە بنەڕەتدا: لێکدراو] و ↑ژڵیوان jılêwan "شێواندن، تێکەڵ پێکەڵ کردن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑*شڵەقان şıleqan* "لێکدان".

[تێبینی: وشەی "راچەنین"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان" و خزمە دەگەڵ "ژەنین"].

راچڵەکین raçılekîn *[rāčılakīn]* - "ترسان، هەڵبەزینەوە لە ترسان": را + چڵەکین çılekîn + ra. چڵەکین çılekîn هاوڕیشەیە لەگەڵ schreken (G.) و schrikken (Nl.). ئەم کردارە دە زمانی ئەمرۆی ئەڵمانی و هولەندیدا مانای "زۆر ترسان" دەدا، بە ڵام دە بنەڕەتدا مانای"هەڵبەزین، بزاڤی خێرا و لەنەکاو"ی هەبووە. لە بەر ئەوی مرۆڤ بەهۆی ترسانی زۆر یان ترسانی لەنەکاو هەڵدەبەزێنەوە، مانای وشەکە گۆڕدراوە بۆ "ترسان". دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەک هەن کە خزمایەتییان دەگەڵ ئەو وشەیە هەیە، وەک ↑چڵە دان çıle یاخود ↑چڵیان çılyan بەمانای "لێدانی دڵ یان رەکَ" [دە بنەڕەتدا هەڵبەزینەوە]، ↑چرکە çırke "سانیە، تەکان، بزاڤێکی کورت"،↑چالاک çalak و هتد.

راچه raçe *[rač]* - "داری خانوو، بەرچیغ": خزمە دەگەڵ Rahe (.G)، ra (.NL)، ra (.Sw) "تیرەگی کەشتی" [دە بنەڕەتدا دار، سینکَ، کۆڵەکە] و هەروەها Reck (.G)، recke (.Nl) "داری راهێڵ کراو" [بۆ هیشک کردنەوەی جلکی شۆراو یان لەسەر هەڵنیشتنی مریشک و هتد]، ríeklas (.Lit) "داربەست بۆ هیشک کردنەوەی جلک و دووکەڵاندن". دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑ڕۆت rot یش هەیە بە مانای "داردەستی درێژ" کە دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. ریشە؟

راچەنین raçenîn *[rāčanīn]* - "لەرزینی لەنەکاو": را + چەنین çenîn + ra. کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ ژەنین *jenîn* و ژەندن jendın بە مانای "لێدان" و "لێکدان" و ژمارەیەک وشەی دیکە کە ئاماژە دەکەنە چەمکی "بزاڤ، تەکان و راوەشان"، وەک ↑چندک çındık "وەزاق دان، هەڵبەزین" [دە زمانی فارسیدا چندش (.P) čandeš "لەرز، موچڕک" و چندش اور (.P) čandešāwar "داچڵەکینەر"]، ↑جنقین cınîqn "ڕاپەرین لە خەو، راچەنین"، ↑جنکَ cıng "جم، بزاڤ، تەکان" و ↑ڕاژان rajan "لەرینەوە". مەبەست لە هەموو ئەم وشانە تەکان خواردن یان هەڵبەزینەوەیە.

راچێتە raçete *[rāčīta]* - "سیایی (نوسخەی) پزیشک": خزمە دەگەڵ رایش rayş "لە بەر نووسراو" و ↑رایشان rayşan "لە بەر نووسینەوە" و دواتر ↑ریش rîş "ردێن".

رادە rade *[rāda]* - "حەد، ئەندازە، پلە": دە فارسیدا ردە rade (.P) بە مانای "ریز، سەف، پلە" دێ:

1- وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ ↑ریز rîz "ڕەدیف". لەم تێڕوانینەوە ماناکە سەرەتا بۆ "دەرەجە" [بەزی و نزمی ریزەکان] و دواتر بۆ "ئەندازە" پەرەی گرتووە [لە رادە بەدەر].

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ڕێژە reje "نیسبەت، ئەندازە".

رار rar *[rār]* - "لەبەریەک بڵاو بوو، هەلاهەلا": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ rarus (.L) "شل، سست، تاق و لۆق، دەگمەن".

رارا rara *[rārā]* - "وازوازی، هەردەم لەسەر هەوایەک": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑را ra "بیر". هەروەک چۆن "وازوازی" لە بنەوشەی "واز" پێک هاتووە، بۆی هەیە "رارا" ش لە بنەوشەی "را" پێک هاتبێ.

راز[1] raz *[rāz]* - "قسەی سەربەمۆر": بڕوانە ↑راشەن raşen "توێشووی ڕێگا".

راز[2] raz *[rāz]* - "شاخی بڵند، تیشەبەردی سەرکێو": هەروەها ↑رازوونە razune هەیە بە مانای "سەکۆی بەر دەرگا". دەشێ خزم بن دەگەڵ ragen (.G)، hraegan (.OE) "زەق بوون، قیت و دەرپەریو بوون". ئەم وشە ژێرمەنییە وا لێک دراوەتەوە کە دەتوانێ پێوەندی هەبێ بە krossai (.Gr) "دار وبەردی نووک تیژ". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑ڕاژەraje l "داری خانوو، پەرچیغ".

رازان razan *[rāzān]* - "راکشان، پاڵ کەفتن": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *reg- >*** "لەبەریەک کشان(ەوە)، درێژ بوون(ەوە)" و خزم بێ دەگەڵ ↑ڕێک rek "راست، کێشراوە".

رازاندنەوە razandın(ewe) *[rāzāndınawa]* - "جوان کردن": دە فارسیدا اراستن ā-rāstan. دە زمانی فارسیدا وشەکە پێشگری -a ی وەرگرتووە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑راست rast و دە بنەڕەتدا ماناکەی "راست و ریس کردن، رێک و پێک کردن" بووە و لەوێوە مانای جوان کردن دە هەردوو زمانی کوردمادی و فارسیدا پەیدا بووە. وەک هەڵسەنگاندنێک دە توانین ئاماژە بە وشەی einrichten (.G) بکەین کە بە مانای "ئامادە کردن، شکڵ و شێوە پێدان، لەبارکردن" دێ و دەچێتەوە سەر کرداری richten (.G) "رێک و پێک کردن، دروست کردن، راست و ریس کردن". ئەم وشە ژێرمەنییەش خۆی خزمە دەگەڵ راست rast ی کوردمادی و لەوێشەوە دەگەڵ رازاندنەوە (razandın(ewe)].

رازوونە razune *[rāzūna]* - "سەکۆی بەر دەرگا": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑راز[2] raz "شاخی بڵند، تیشەبەردی سەرکێو".

راژان rajan *[rāžān]* - "لەرزانەوە، شەکان، بەم لا و ئەولادا جووڵان": را + ژان ra + jan. کەرتی یەکەم پێشگرە. کەرتی "ژان" خزمە دەگەڵ ↑ژەندن jendın، ↑ژەنین jenin، راچەنین ra-çenîn، ↑ژان jan و هتد. ئەم وشانە دە ریشەدا بە مانای "لێدان، لێکدان" بوون و لەوێوە چەند مانایەکی دیکەش وەک تەکان دان و راوەشاندن پەیدا بوون.

راژە1 raje *[rāža]* - "داری خانوو، پەرچیغ": راچە raçe و راجە race ش دەگوترێ.

1- لە لایەکەوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Rahe (G.)، ra (Nl.)، ra (Sw.) "کاریتەی کەشتی".مانای بنەڕەتی وشەکە "دار، سینکَ، پەرچیغ" بووە. ئەم وشە ژێرمەنییانە بە پێی بۆچوونێک پێوەندییان هەیە بە regen (G.) و دواتر ragen (G.). لەم تێڕوانینەوە راژە raje دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑راز raz "تیشەبەرد، شاخی قوت وبڵند".

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بەرهەڤی بکەین دەگەڵ radius (L.) "داردەست، تێڵا".

راژە2 raje *[rāža]* - "خزمەت": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رەسین *resın* "گەیشتن". دە زمانی فارسیدا رسیدن rasīdan (P.) هەم بە مانای "گەیشتن لە شوێنێک بۆ شوێنێک "ە و هەم بە مانای "پێگەیشتنی شت" و هەمیش "پێڕاگەیشتن". مەبەست لە "راژە کردن" دە بنەڕەتدا "پێڕاگەیشتن"ە. وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشە دە زمانی کوردمادیدا، لەوانە ↑راست rast، ↑رەخساندن rexsandn، ↑رازانەوە razanewe و هتد.

راسان1 rasan *[rāsān]* - "لووت پژان": رسکین rıskîn و رزکیان rızkîyan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رژان rıjan. دە بنەڕەتدا واتا "رژان" [ی خوێنی] سەر بە ریشەی ***(IE.) *re-, * reu- >*** "بزووتن". خزمە دەگەڵ ↑راسان2 rasan "هەستانی خێرا، بزوانی خێرا". بەرهەڤی وشە کوردماددییەکە بکە دەگەڵ race (E.) و rās (ME.) "بزوانی خێرا، جاری بوونی خێرا".

راسان2 rasan *[rāsān]* - "هەستان، راست بوونەوەی خێرا": [لێی راسا واتا خێرا لێی هەستا سەرپێیان]. دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەک هەن کە دەتوانین لەپێوەندی لەگەڵ چەند وشەیەکی ژێرمەنیدا لێکیان بدەینەوەو بیانبەینەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش. ئەم وشانە گشتیان ئاماژە بە "بزووتن" دەکەن، وەک Reise (G.) "سەفەر، گەشت" کە پێوەندی هەیە بە rizan (OG.) "بەرزبوونەوە، راست بوونەوە، رێکەوتن، [دا]کەوتن، سەرکەوتن"، ur-reisan (Got.) "هەستان، بەرزبوونەوە"، rise (E.) "بەرزبوونەوە، سەرکەوتن"، risa (OIs.) "1- بەرزبوونەوە 2- دروست بوون، رسکان". [لەوانەیە وشەی ↑رسکان rıskan ی کوردمادیش بە مانای "دروست بوون" لەم پێوەندییەدا جێ بگرێ]. دە زمانی کوردمادیدا ↑رسیان rısyan "هەڵدێران" و ↑هەرەس heres [he-res] "داکەوتن، داڕمان" پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە و گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *re-, * reu- >*** "بزوان، بزووتن". ئەم وشانە لەلایەکی دیکەوە دەبنە خزمیش دەگەڵ ↑راسان[1] rasan بەمانای "رژان" و ↑رشتن rıştın و هتد.

راست rast *[rāst]* - "1- دژبەری چەپ 2- دژبەری چەوت": هاوریشە دەگەڵ rectus (L.)، riucht (Of.)، raihts (Got.)، right (E.)، reht (OG.)، recht (G.) گشتیان بە مانای "راست"، سەر بە ریشەی ****reg- >*** ***(IE.)*** "راست کردنەوە، بەڕێوە بردن". orego (Gr.) "خۆ لەبەر یەک دەکێشێتەوە"، rigati (OIn.) "خۆ راست دەکاتەوە" پێوەستن بەم ریشەوە. "راست" دە زمانی کوردمادیدا هەم بە واتای "لای راست" و هەم بە واتای "راست و دروست" بەکاردێ و دە ئینگلیزی و ئەڵمانیشدا هەم بە مانای "لای راست" و هەم بە مانای "حەق " و "ماف" بەکار دێ.

راشکاو raşkaw *[rāškāw]* - "ئاشکرا، دیار": وەرگیراوە لە راشکان raşkan [را + شکان ra + şıkan]. راشکان دەبێ بەم مانایە هاتبێ کە شتێک بە بارێک دا دەشکێتەوە و لە حاڵەتی نادیاری و ناڕوونی یان دوولایەنی دێتەدەر و یەک لا دەبێتەوە. لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی قەتعی بوون کە لە "قەتع" بە مانای "بڕین" وەرگیراوە و بە مانای ساخ بوونەوە و یەک لا بوونەوە بەکار دەهێندرێ.

راشلكان **raşılkan** [*rāšılkān*] - "به شەلەشەل رۆیشتن": را + شلكان ra + şılkan. خزمە دەگەڵ ↑شەل şel.

راشەن **raşen** [*rāšan*] - "تۆیشووی رێگا": هەروەها ↑راتب ratıb هەیە بە مانای "ئەو كەلو پەلەی راوكەر لە پشتی خۆی دەبەستێ". خزمە دەگەڵ Rat (G.)، raad (Nl.)، ra d (OIn.)، rad (Sw.) "پێشنیار، ئامۆژگاری، تەگبیر، راوێژ". مانای كۆنی ئەم وشانە بریتی بووە لە "ئامراز و كەلوپەلی ژیان". ئەم مانا بنەرەتییە لەم وشە ئەڵمانییانەدا پارێزراوە: Gerät (G.) "دەزگا"، Vorrat (G.) "تۆیشوو، شتی پاشەكەوت كراو"، Hausrat (G.) "شتی ناومال"، Heirat (G.) "زەماوەند" [دەبنەڕەتدا: جێ بەجێ كردنی مال] و هتد. [ئەم وشە ئەڵمانییەی دوایی لەباری ماناوە جێی هەڵسەنگاندنە لەگەڵ "جیاز" كە دە بنەڕەتدا مانای "ئامراز، كەرەستە" دەدا]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *redh- >*** "بیر لێكردنەوە، لێكدانەوە، دواتر: تەگبیری كار و بار كردن، دوورئەندێشی و پێشبینی كردن". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن هەروەها دەگەڵ چەندین وشەی ژێرمەنی دیكە وەك raten (G.)، read (E.) "شیمانە كردن، ئامۆژگاری كردن، پێشنیار كردن"، Rede (G.) "وتار، بێژە، قسە" [دەبنەڕەتدا: ئاوەز، هزر]، rajō (Gt.) "ئەژمار، ئەژماردن، ratio (L.) "ئەژماردن، هەڵسەنگاندن، بیر كردنەوە، ئاوەزین، هزر و بیر". دیسان خرد xerad (P.) "ئاوەز" و دە كوردمادیدا ↑هزر hızır "بیر" دەستەخوشكی ئەو وشانەی سەرەوەن. بە ورد بوونەوە و بەرهەڤ كردنی ئەو دوو وشە كوردمادی و فارسییە بەم ئەنجامە دەگەین كە شێوەی پێشووتری وشەكە، واتا شێوە هاوبەشە كۆنەكە **hxrat* بووە و پاشان دە فارسیدا بووەتە خرد xerad و دە كوردمادیشدا بووەتە هزر hızır. وشەكانی ↑ژیر jîr و ↑زیرەك zîrek یش خۆیان لەناو ئەم دەستەوشەیەدا دەبیننەوە. دە زمانی كوردمادیدا هەروەها ↑رەت[2] ret هەیە بە مانای "بیر" [كورتكراوەكەی: ↑را ra بیر و را bîr u ra]. ئەم وشانە دیسان خزمن دەگەڵ Reim (G.) "قافیە، رەدیف"، rīm (OG.) "رین، تەرتیب، ئەژمار"، rīm (OE.) "ئەژمار ئەژماردن، حیساب"، rīm (OIs.) "حیساب، ئەژماردن، رۆژەژمێر"، rīm (OIr.) "ئەژمار"، arthmós (Gr.) "ئەژماردن، ژمارە" و دە زمانی كوردمادیدا دەبنە خزم دەگەڵ ↑راڤ3 rav "رین، سەف" و ↑راوێژ rawej "شیمانە، تەگبیر"، ↑راز raz "قسەی سەر بەمۆر"، ↑سرتە sırte "قسەی بە ئەسپایی"، ↑سرنج sırınc "ورد بوونەوە، بیر لێكردنەوە" و هتد. ریشە هیندوئەورووپییەكەی سەرەوە دە پلەیەكی دوورتردا خۆی دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ar(e)- >*** "تێكبەزاندن، یەكانگیر كردن، تێكخستن". وشەی ↑ئانیشك anîşık [كۆنتر: *ئارنیشك *arnîşık*] و چەندین وشەی دیكە پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە.

راڤ1 **rav 1** [*rāv*] - "بەلەك ئەستوور بوونی ژنی سكپڕ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ straff (G.)، straf (Nl.) "رەق، شەق، لەبەر یەك كێشراو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ter- >*** "رەق، توند، سفت، لەبەر یەك كێشراو". بەرهەڤی بكە دەگە ↑رەپ rap.

راڤ2 **rav 2** [*rāv*] - "1- پەڵەی رەش لەسەر پێست 2- پەڵەی دەموچاوی ژنی سكپڕ، ماڵە": خزمە دەگەڵ ↑رەمەكی remekî.

راڤ3 **rav 3** [*rāv*] - "رین، سەف": خزمە دەگەڵ Reim (G.) "بەیت، دێڕەهۆنراوە"، rīm (OG.) "رین، تەرتیب، ئەژمار"، rīm (OE.) "ئەژمار ئەژماردن، حیساب"، rīm (OIs.) "حیساب، ئەژماردن، رۆژەژمێر"، rīm (OIr.) "ئەژمار"، arthmós (Gr.) "ئەژماردن، ژمارە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ راوێژ rawej و چەندین وشە كە لەژێر ↑*راشەن raşen* دا شی كراونەوە.

راڤ[4] **rav** [*rāv*] - "شەرم و شوورەیی": خزمە دەگەڵ ↑رەب reb "بەرەی زین و كورتان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *rebh-*** "(دا) پۆشین". ئەو وشانەی دە زمانە هیندوئەورووپییەكاندا مانای "عەیب و عار" دەبەخشن، پێوەندییان بەو ریشانەوە هەیە كە مانای "داپۆشین، شاردنەوە" دەدەن. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەكانی "شوورەیی"، "جندە" و هەروەها *سام* "ترس" [دە بنەڕەتدا: شەرم كردن].

راڤه rave [*rāva*] - "شەرح، شیکاری": راوە rawe ش دەگوترێ. وشەی شی/ شێ (کردنەوە) دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای"(لێکدا) بڕین، جیا کردنەوە، لێککردنەوە". هەربەم جۆرەش وشەی راوە/ راڤە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *reu- >*** "پچڕین، دابڕین، لێکردنەوە" و دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رەوتین rewtîn، ↑رفاندن rıfandın، ↑راو raw و ژمارەیەک وشەی دیکە.

راقوتان raqutan [*rāqutān*] - "پەلامار، چوونەناو": را + قوتان ra + qutan. قوتان دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑کوتان kutan [هەڵکوتانە سەر].

راک rak [*rāk*] - "گاشەبەردی بن ڤاڵا": خزمە دەگەڵ rock (E.)، ro(c)que (OF.) یان roche (OF.). ریشەی وشەکە ساخ نەکراوەتەوە.

راگوزار raguzar [*rāguzār*] - "1- رێباز 2- رێبوار": دەچێتەوە سەر rahgozar (P.) "رێبوار". وشە فارسییەکە لە دوو کەرتی ra "رێ، رێگە" و gozar پێک هاتووە. بنەوشەی gozar دەچێتەوە سەر کرداری gozaštan (P.) "بوورین، رابوردن". ئەم کردارە فارسییە خزمە دەگەڵ ↑گوزەران guzeran "تێپەڕ بوون، دەرباز بوون".

رام ram [*rām*] - "دەستەمۆ، کەوی": خزمە دەگەڵ ↑ئارام aram [(a)ram]. مەبەست لە رام کردن دە بنەرەتدا ئارام کردنی ئاژەڵی وەحشی یاخود ئاژەڵی سرک و نائارام بووە.

رامکە ramke [*rāmka*] - "ئەو هێلکەی دەبن مریشکی هێلکەکەری دەتین": راوکە rawke و رامە rameش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ ↑رام ram، دەبنەرەتدا واتا "ئارام، لەجووڵە وەستاو، کڕ". رامکە ئاماژەیە بەو هێلکەیە کە مریشک لەسەری ئارام دەگری، کڕ یان کورک دەبێ.

رامڵ ramıl [*rāmıl*] - "پەک کەوتن لە وەڵام دانەوە". هەروەها "رامڵ خستن" هەیە بە مانای "قسە پێ نەهێشتن، پەکخستن لە وەڵام دانەوە". وەک لە ماناکان دەردەکەوێ، وشەکە ئاماژە بە "بێدەنگی" دەکا، واتا "رامڵ بوو" مانا بنەرەتییەکەی دەبێتە "بێدەنگ بوو، قسەی پێ نەما"، یان "رامڵ خستن" دەبێتە "بێدەنگی کرد، قسەی پێ نەهێشت". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رام ram "دەستەمۆ، کەوی" و ↑ئارام aram "بێجووڵە، بێدەنگ".

[تێبینی: مانای ئەسڵی "ئارام" لە جووڵەکەوتنە، بەڵام دواتر مانای "بێدەنگ بوون"یش هاتووەتە سەری، چونکوو پێوەندی نیزیک لەتیوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "کڕ و کپ". ئەم دوو وشەیەش دە ریشەدا ئاماژە دەکەن بە "لە دەست دانی جووڵە و بزاڤ"، بەڵام پاشان مانای "بێدەنگ بوون"یش پەیدا بووە].

رامووسین ramusîn [*rāmūsīn*] - "ماچ کردن": را + مووسین ra + musîn. لەوە ناچێ پێوەندی بە "بوسیدن"ی فارسییەوە هەبێ. خزمە دەگەڵ ↑ماچ maç و ↑مووچ muç. دە زمانی فارسیدا موس موس کردن mus mus kerden "دەموچاو لێکخشاندن" هەیە کە دەبێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

رامیاری ramyarî [*rāmyārī*] - "سیاسەت": وشەی سیاسەت دە زمانە ئەورووپییەکاندا، واتا policy، لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ئاپۆرە، گەل". لەو باوەڕەدام دە زمانی کوردمادیشدا هەوڵ دراوە بەم پێودانە وشەی رامیاری وەک هاوبەرێک بۆ سیاسەت دروست بکرێ. لەم وشەیەدا رام -ram وێرای پاشگرێک بەکار هاتووە. ئەم بنەوشەیە یان لە ↑رەوە rewe [رمە reme (P.)] بە مانای "پۆل، ئاپۆرە" وەرگیراوە، یانیش پێوەندی هەیە بە ریشەی رەم -rem "رەش" ومەبەست لێرەدا "رەشایی" بە مانای ئاپۆرەی گەلە [هەڵی سەنگینە دەگەڵ "رەشەکوژی" بە واتای کوشتنی بەربڵاوی خەڵک یان "رەشبگیری"]. ئەم ریشەیە دە وشەی ↑رەمەکی remekî دا بەدی دەکەین.

ران 1 ran [*rān*] - "کۆمەڵێک مەڕ و ماڵات":

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانی ناویندا netrün "رەوە، گەلە، ران" هەبووە کە هاوپێوەندە دەگەڵ trennen "جیا کردنەوە، دابڕین" و خزمیشە دەگەڵ "دڕین"ی کوردمادی. مەبەست لە trünne دە ئەسڵدا "بەش، لەت

، کەرت، دەستە (یەکی جیا لە وانی دیکە)" بووە. دیسان هەر لە زمانی ئەڵمانیدا Rotte "دەستە، ڕەوە، گەلە" هەیە کە دەچێتەوە سەر rumpere (L.) "دادڕین، تێکشکاندن". وشەیەکی دیکەش دە زمانی ئەڵمانیدا هەر بەو مانایانەی سەرەوە هەیە کە schar ە و دەچێتەوە سەر scheren "بڕین، دادڕین، لەت کردن"].

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو پێوەندییانەی سەرەوە دەتیوان دوو چەمکی "ڕەوە، گەلە، ران" و "لەت کردن، بڕین و جیا کردنەوە" دەبێ دە زمانی کوردمادیشدا وشەی ران ran بە مانای "بەش، دەستە، گەڵە" پێوەست بێ بە وشەی ↑رنین rınîn کە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پچڕین، لەت کردن، لێکردنەوە". لەم تێڕوانینەوە "ران" دەبێتە ئەو گاگەل یان مێگەلەی [ئەو بەشە ئاژەڵەی] کە جیایە لە بەشەکانی دیکە. ران دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بە مانایەکی دیکەش بە کار دێ، واتا بە مانای "ئەندامێکی لەش، لە سمتەوە تا ئەژنۆ". ئەم وشەیەش دەگەڵ ران بەو مانایەی پێشتر دە بنەڕەتدا هەریەکە و ئاماژە دەکاتە مانای "لەت کردن، جیا کردنەوە، دابڕان ". ران ئەو بەشە یان ئەو شوێنەی لەشە کە بە هۆیەوە لەش "لەت" دەبێ و دابەش دەبێتە سەر دوو پارچە واتا دوو لاق.

ران2 ran *[rān]* - "لە سمتەوە تا ئەژنۆ": ران rān (P.). خزمە دەگەڵ ↑ران[1] ran بە مانای "گەلە، ڕەوە، دەستە".

رانک rank *[rānk]* - "پانتۆڵی لە بووزوو": رانە rane ش دەگوترێ. جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ rokk (OF.)، rocc (OE.)، Rock (G.). وشە ژێرمەنییەکە مانای جۆراجۆر دەبەخشێ، هەر لە "دامەن"ی ژنانەوە بگرە تا چاکەت و ڕووپوشی پیاوانە.

رانکە ranke *[rānka]* - "تیسکی دەوری گوانی ئاژەڵ کە لەبەر دڕک برینگی ناکەن": دەشێ پێوەندی بە ران[2] ran ەوە هەبێ.

رانین ranîn *[rānīn]* - "ئاژۆتن، لێخوڕین": راندن rāndan (P.). خزمە دەگەڵ rennen (G.)، rennen (Nl.)، ærnan (OE.)، ränna (Sw.) "ڕاکردن، هەڵاتن". مانای بنەڕەتی ئەم وشانە بریتی بووە لە "وە هەڵاتن خستن، وە جووڵە خستن، ئاژۆتن، ڕاوەدوو نان". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی لەوانە ↑را[3] ra کردن.

راو raw *[rāw]* - "تیچیر گرتن": راڤ rav یش دەگوترێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Raub (G.)، roub (OG.)، roof (Nl.)، rēaf (OE.) "تیچیر"، Raubtier (G.) "ئاژەڵی ڕاوکەر"، Raubvogel (G.) "باڵداری ڕاوکەر"، rauben (G.)، roubōn (OG.) "بە زۆر هەستاندن، پچڕینەوە"، rēafian (OE.) "ڕفاندن، پچڕینەوە، ڕاوەرووت کردن"، raufa (OIs.) "پچڕپچڕ کردن، لەت و پەت کردن"، Räuber (G.) "چەتە" [ڕاوەرووتکەر]. وەک لە مانای وشە ژێرمەنییەکاندا دەبینرێ، وشەکە لەپاڵ مانای "تیچیر گرتن" مانای "تاڵان کردن و ڕووت کردن"یش دەدا. ئەم مانایە دە زمانی کوردمادیشدا پارێزراوە، کاتێک دەگوترێ ڕاوەرووت rawerut کردن. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ڕەوەت rewet یان ↑ڕەبەت rebet "بۆسەی ڕاوچی" و دواتر دەگەڵ ↑*رفاندن rıfandın*، ↑ڕەویتن rewîtın "تاشین، هەڵکەندن"، ↑ڕووت rut [جلک داکەنراو، جلک دارنراو] و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە دەکەن بە چەمکی "(دا) پچڕین، دارنین، لەت و کوت کردن، لێکردنەوە".

[تێبینی: مەبەست لە "ڕاو" کردن دەبێ سەرەتا گرتنێکی خێرا یان داپچڕینێکی کوتوپڕ بووبێ، هەروەک چۆن ئەم حاڵەتە لە وشەی "ڕفاندن" یشدا بەدی دەکرێ. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ڕاونان raw nanهەیە بە مانای "ڕەپێ نان". لەم بارەوە دەتوانین بەرهەڤی بکەین دەگەڵ زمانی ئەڵمانی. دە ئەڵمانیدا jagen هەم بە مانای "ڕاو کردن" دێ و هەمیش بە مانای "ڕاو نان"].

راواندن rawandın *[rāwāndın]* - "وڕێنە کردن": هەروەها ڕاوان rawan هەیە بە مانای "وڕێنە کردن". خزمە دەگەڵ Rune (G.) "کۆنترین خەتتی ژێرمەنی" [دەبنەڕەتدا: ڕەمزی جادوویی]، rūna (OG.)، rūn

(OIs.) rūn (OE.) "راز، ڕەمز، نەهێنی، تەگبیری نەهێنی"، rēonian (OE.) "بەدزییەوە سرتە کردن، بۆڵە کردن، سکاڵا کردن"، rumor (L.) "دەنگۆ"، rienrn (MG.) "پرتاندن، سکاڵا کردن"، rauen (G.)، rūnen (MNl.) rūniyan (OE.) "بە دزییەوە قسە کردن، چپاندن، سرت و خورت کردن لە دژی کەسێک"، ryna (OIs.) "مەحرەمانە پێکەوە ئاخەفین، ڕەمزی جادوویی بەکار هێنان" [نووشتە لێکردن؟].

راور rawır [*rāwır*] - "ئاژەڵی درندە":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑راو raw، سەر بە ریشەیەک بە مانای "پچڕین، لێکردنەوە".

2- لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑لاور lawır "ئاژەڵی کێوی، ئاژەڵی درندە".

راوەک rawek [*rāwak*] - "پاڵۆینە": راوک rawık و راڤەک ravek یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ڕەواق rewaq "هەنگوینی پاڵاوتە"، ↑ڕیپۆق *rîpoq* "چڵکی چاو"، ↑ڕیڤن rîvın "چڵکن" و هەروەها ↑ڕیڤۆک rîvok "شەمەترێلکە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "دەڵاندن، دڵۆپاندن، تکانەوە"

راوێچکە1 raweçke [*rāweçka*] - "بیر کردنەوە لە شتێک": راوێشکە rawêşke ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑راوێژ rawej.

راوێچکە2 raweçke [*rāweçka*] - "لەم سەر بۆ ئەو سەر هاتوچۆ کردن": هەروەها ↑راپیتە rapîte هەیە بە مانای "هاتوچۆی بەپەلەپەل و ئەم سەر ئەو سەر کردن". دەچنەوە سەر ↑ڕۆیشتن royıştın [رفتن raftan (P.)].

راوێژ rawej [*rāwež*] - "1- شیمانە، حەدس و گومان 2- تەگبیر 3- دەراوی دەم [راوێژی خۆشە کە قسە دەکا]": هەروەها ↑راوێچکە raweçke و راوێشکە rawêşke هەن بە مانای "بیر کردنەوە لە شتێک" و ↑ڕوێز roez "گومان، دوودڵی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چەندین وشە کە لەژێر ↑راشەن raşen دا شی کراونەوە. مانای سێهەمی راوێژ نیزیکە لە مانای reden (G.) "قسە کردن، ئاخافتن" و read (E.) "خوێندنەوە" کە ئەوانیش هەر پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

راهشتن rahıştın [*rāhıštın*] - "پەلامار بردن" [راهشتە من]. خزمە دەگەڵ ↑راهێژاندن rahejandın "لەپڕ و نەکاو بەسەردا دان".

راهێژاندن rahejandın [*rāhežāndın*] - "لەپڕ و نەکاو بەسەردادان": را + هێژاندن ra + hejandın. "هێژاندن" خزمە دەگەڵ ↑غیژ ġîj [هەڵۆ غیژی جوجکان بوو].

رایشان rayşan [*rāyšān*] - "لەبەرنووسینەوە". ئەم وشەیە و رایش rayş "لەبەر نووسراوە" و ↑راچێتە raçete "نوسخەی پزیشک" هاوپێوەندن بە ↑ڕیش rîş "ردێن".

رایە raye [*rāya*] - "حەد" [رایەم ناکەوێ واتا حەدم نییە، "ڕێم ناکەوی" ش دەگوترێ]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ Reihe (G.) و ریز rîz ی کوردمادی کە هەردووکیان هاومانا و هاوریشەن و بە مانای "سەف، ڕەدیف" بەکار دێن. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑ڕێز rez یش بە مانای "ئیحترام" لەم وشەوە سەرچاوەی گرتووە و مەبەست سەرەتا جێگرتن لە "ریز"ی پێشەوەدا بووە و ئەم جێگرتنە وەک خاوەنی پلە و پایە لەبەرچاو گیراوە. هەر بەم جۆرش مەبەست لە رایە نەبوون [حەد نەبوون] ئەوەبووە کە مرۆڤ لەو ریزەدا نییە واتا لەو پلە و پایە و رادەیەدا نییە فڵانە کار بکا. وشەی ↑رایەدار rayedar بە مانای " کاربەدەست " هەرلێرەوە هاتووە و مەبەست ئەو کەسەیە کە خاوەنی پلەو پایەی دەولەتییە.

رایەدار rayedar [*rāyadār*] - " کاربەدەست، خاوەن پل و پایە، خاوەن دەرەجە": ↑رایە raye.

ربازە rıbaze [*rıbāza*] - ↑ڕەپستە repıste.

ربساندن rıbsandın [*rıbsāndın*] - "ئاو دانی کێڵگە بەر لە چاندنی": بڕوانە ↑ڕەپستە repıste. وشەی "ڕەپستە" دەشێ لە کردارێکەوە هاتبێ کە شێوەکەی ڕەپستن **repıstın* بووە، ئەمەش شێوەی کۆنتری ربساندن rıbsandın بووە، بۆ وێنە هەر وەک "تاختن" ی فارسی و "تەقاندن" [تێتەقاندن] دە کوردمادیدا.

رپان rıpan [*rıpān*] - "روان، شین بوونی گیا": دەشێ شێوەی کۆنتری "روان" بێ [rıpan ← rıwan]، لەوانەیەخزم بێ دەگەڵ ↑رەپ rep "بەرز، هەستاو"، شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑لیفاندن lîfandın "بەرز بوون و هەڵدانی گیا" و ↑لافاو lafaw [لاف + ئاو واتا "ئاو هەستان"].

رپلاندن rıplandın [*rıplāndın*] - "هەڵپەرتاوتنی لق و پۆپی دار": شێوەیەکی دیکە لە ↑رۆپلاندن roplandın .

رپن rıpın [*rıpın*] - "پنج": خزمە دەگەڵ ↑رپان rıpan "شین بوون".

رپنین rıpnîn [*rıpnīn*] - "پەڵە دان، بارانی زۆر": رپنی rıpnî یش بە مانای "بارانی زۆر" دێ. خزمە دەگەڵ ↑رەپستە repıste.

رت rıt - "قسەی بێزاری، تووک": هەروەها رتان rıtan هەیە بە مانای "تووک لێکردن" و رتاندن rıtandın "جتیو پێدان". خزمە دەگەڵ reden (G.) "قسە کردن"، read (E.) "خوێندنەوە" [دە بنەڕەتدا: بە دزییەوە قسە کردن، سرتە کردن". ئەم وشە ژێرمەنییانە پێوەندییان بە ژمارەیەک وشەوە هەیە کە لەژێر ↑راشەن raşen دا شی کراونەوە.

رتاندن rıtandın [*rıtāndın*] - "جتیو پێدان": خزمە دەگەڵ ↑رت rıt "قسەی بێزاری، تووک".

رجرجان rıcrıcan [*rıjrıjān*] - "شین بوونەوەی پێست لە وێکەوتنەوە": رجرجین rıcrıcîn و رجرجیان rıcrıcyan یش دەگوترێن. دەشێ پێوەندی بە ↑رەش reş ەوە هەبێ و دە ئەسڵدا بە مانای رەش بوون، رەش بوونەوە بێ.

[تێبینی: سەرنج بدە کە لێرەدا وشەکە بە دووبارە کردنەوەی بنەوشەی رج -rıc دروست کراوە و ئەمەش وشەکە دەخاتە دۆخی جەخت کردنەوە. دە شێوەزاری سەروودا نموونەی لەم چەشنە زۆرە].

رجڤین rıjvīn [*rıjvīn*] - "لەرزین": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ regen (G.) "لەرزاندن، جووڵاندن، هەژاندن"، Reck(G.) "دارێک کە دوو پەت لەم سەر و لەو سەری بەستراوە و هەڵواسراوە، بۆ هەڵنیشتنی پەلەوەر یان شتی دیکە". Aufregung (G.) دە زمانی ئەڵمانیدا مانای "هوروژان، هەژانی دەروونی" دەبەخشێ. ریشەی ئەو وشە ژێرمەنییانە دیاری نەکراوە.

رجە rıce [*rıja*] - "تەنافی جلکان": خزمە دەگەڵ ↑ریس rîs و↑ گوریس gurîs.

رچ rıç [*rıč*] - "بەستەڵەک، مەیین": خزمە دەگەڵ ↑رەق req.

رچە rıçe [*rıča*] - "ریز": باوە دەڵێن "میروولە رچەیان بەستووە". وەک ئاشکرایە "رچە" لێرەدا ناتوانێ بە مانای "رێچکە" بێ، بەڵکوو مەبەست ریز بەستن و بە ریز رۆیشتنە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑ریز rîz. وشەی ↑رژە reje کە دە زمانی فارسیدا بۆ مارشی سوپایی بەکاری دێنن، لەم وشە کوردماددییە وەرگیراوە.

رچیان rıçyan [*rıčyān*] - "بەستن، مەیین، توند بوون": رچین rıçîn و رسیان ırsyan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رەق *req* و ↑رژد rıjd.

ردین rıden [*rıden*] - "ریش": ↑ڕندین rınden یش دەگوترێ و ئەمە دەبێ شێوەی کۆنتری وشەکە بووبێ. خزمە دەگەڵ کرداری ↑رنین rınîn "کڕاندن، تاشین، لێکردنەوە".

[تێبینی: وشەی ریش rîş کە دە فارسیدا و تا رادەیەک دە کوردمادیشدا بە مانای ردین دێ، دەچێتەوە سەر ریشەیەکی دیکە کە ئەویش ماناکانی "رنین و پچڕین و درین" لە خۆ دەگرێ. هەروەها دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی rasieren (G.) کە بە مانای "ردین تاشین" دێ، دەچێتەوە سەر radare (L.) بە مانای "رنین، کڕاندن، تاشین". وشەی shave (E.) "ردین تاشین" دە بنەڕەتدا بە مانای "ساوینەوە و کڕاندنەوە"یە و خزمیشە دەگەڵ وشەی کوردمادی ساوین/ سوونەوە sawîn /sun(ewe) . ئەم پێوەندییانەی سەرەوە بە باشی دەری دەخەن کە وشەی ردین پێوەندی بە چەمکەکانی رنین و برین و تاشین و کڕاندنەوە هەیە].

رز **rız** [*rız*] - "زنجیری باریک": خزمه دەگەڵ ↑ریز rîz، واتا ئاڵقەی بەریزکراو.

رزدە **rızde** [*rızda*] - "ئاڵقەرێزی دەرگا": خزمه دەگەڵ ↑ریز rîz یاخود رێز rez، واتا ئاڵقەی بەریزکراو [رێزکراو]. وشەی "رێز" دە وشەی ئاڵقەرێز alqerez یشدا دەبینین.

رزک **rızık** - "لووت پژان": هەروەها رزکیان rızkîyan هەیە بە مانای "لووت پژان". دەچێتەوە سەر رژان rıjan و ↑رشتن rıştın.

رزگ **rızıg** [*rızıg*] - "سەف": ↑ریز rîz.

رزل **rızıl** [*rızıl*] - "ریزە، چینە": ↑ریز rîz.

رزگار **rızgar** [*rızgār*] - "دەربازبوو": رستگار rastegār (P.). وشەکە دە زمانی فارسیدا هەروەها مانای "خۆشبەخت، بەختەوەر" دەگەیەنێ، ئەمەش زۆرتر دە چوارچێوەیەکی دینیدا و رەنگە مەبەست رزگار بوون لە گوناح یان ئێش و ئازاری ژیانی سەر هەرد و شاد بوون بە خۆشییەکانی ئەو دنیا بێ. دە فارسیدا چاوگی وشەکە دەبێتە rastan (P.) "رزگار بوون، ئازاد بوون".

1- لە لایەکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ los (G.)، loos (E.)، lisan (OE.)، losen (OG.) "ئازاد کردن، بەر دان، رەها کردن". شیاوی باسە دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ چەمکی "رستگاری"ی فارسی وشەی Erlösung (G.) بەکاردێ و ئەمەش دەچێتەوە سەر ئەو وشانەی سەرەوە.

2- - لە لایەکی دیکەوە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑رەها reha "ئازاد، بەردراو".

رزندی **rızındî** [*rızındī*] - "لووله": لەوانەیە پێوەندی بە:

1- rotundus (L.) "خڕ".

2- Reuse (G.) "ئامرازێکی ماسیگری"، سەر بە ریشەی ژێرمەنی *rusjon* *(Grm.)* و خزمە دەگەڵ Rohr (G.) "لووله، قامیش".

رزین **rızîn** [*rızīn*] - "1- بۆگەن بوون، لەبەر یەک هەڵوەشان":

1- جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ (ver)rotten (G.)، rotten (MG.)، rot (E.)، rutten (Sw.)، rozen (OG.) و "رزین، گەنین" و roz (OG.) "زۆر کوڵیو یان زۆرگەییو، هەلابەهەلا بووکَ" و هەروەها rösten (G.) "رزاندن لە رێی خووساندنەوە، ژەنکَ هێنان". ریشەی هیندوئەورووپی ئەم وشانە ساخ نەکراوەتەوە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑رووزە ruze "کەچ و کرووچ و ژنگاوی".

2- دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑ریش rîş و ریشاڵ rîşal و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە دڕاویی و شرۆڵی دەکەن. هەڵی سەنگینە دەگەڵ riß (G.) "درز، قەڵش، دڕاوی" کە ئەویش خزمە دەگەڵ "ریش"ی کوردمادی.

ژان **rıjan** [*rižān*] - دەچێتەوە سەر ↑رشتن rıştın.

ژد **rıjd** [*rižd*] - "1-رەق، سەخت 2- چرووک، دەستقووچاو": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ rigidus (L.) "رەق، سەخت".

رسان **rısan** [*rısān*] - "راپسکان، رەها بوون": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەرسان verısan یان ڤەرسین verısîn]. هەروەها ڤەرساندن verısandın هەیە بە مانای "راپسکاندن، رەها کردن". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑رزگارrızgar. بنەوشەکە رس -rıs یان رزە -rız.

رستن **rıstın** - "با دانی خوری و لۆکە و کردنی بە بەن": دە زمانی ئەڵمانیدا Riste (G.) هەیە بە مانای "دەستەریشاڵی لێکهاڵاو". ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی هیندوئەورووپی ***(IE.) **uer- wer- , >*** "با دان، سووڕان". دە زمانە خزمەکاندا هێندێک وشە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە وەک würgen (G.)، wyrgan (OE.) "رێککوشین"، varjati (OIn.) "با دەداتەوە، دەسووڕێ"، verpti (Lit.) "چنین، هۆنینەوە"، versti (Lit.) "با دان" و هتد. وشەی "رستن"یش دەبێ پێوەندی بەم خێزانەوە هەبێ. دە وشە کوردماددییەکەدا دەبێ فۆتیمی سەرەتای ریشەکە سوابێتەوە. وشەی ↑گوریس gurîs ئەم بۆچوونە

زۆرتر پشتراست دەکا. گوریس سەرەتا وەریس werîs یان verîs بووە و تا ئێستاش بەم شێوەیە دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا بەکار دێ. دە وشەی "گوریس"دا فۆنێمی v / w ی کۆن گۆڕدراوە بە g [ئەم گۆڕانە فۆنۆلۆژیکە، واتا گۆڕانی v بە g دە هێندێک وشەی کوردمادی و زورتر دە وشەی فارسیدا بەدی دەکرێ وەک "گرسنە" (پێشتر: ورسنە، دە کوردمادیدا برسی، ورسی) یان "وەژاردن/ بژاردن" کە دە فارسیدا دەبێتە "گزیدن" (هەڵبژاردن و برگزیدن) و چەندین نموونەی دیکە]. دە زمانی لاتیندا vers "بەیتەهۆنراوە" لە versare (.L) "با دان، سووڕان" وەرگیراوە و دە زمانی کوردمادیشدا وشەی "رستە" دەچێتەوە سەر "رستن". بەم جۆرە "رستن" دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکەی وەک ↑وڕ wır، ↑فڕفڕەfırfıre، ↑وڕێنە wırene، ↑وەرانین weranîn، ↑وەردێنە werdene و هتد.

رستە rıste *[rısta]* - "چەند وشەیەک بەسەریەکەوە مانایەک ببەخشن": ↑رستن rıstın.

رستی rıstî *[rıstī]* - "هێم، بناخە":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ↑رەکَ reg.

2- یان خزم بێ دەگەڵ ↑ریشە rîşe.

رسق rısıq - "بەهرە وبژێو [ی رۆژانە]": وشەکە دە کۆندا روزیک ruzîk بووە، واتا لە "روز" [رۆژ] هەوە هاتووەو دە زمانی عەرەبیدا بووەتە رسق risq (Arb) و پاشان بە شێوەی عەرەبێنراو هاتۆتەوە ناو زمانی کوردمادی و فارسی.

رسکان rıskan *[rıskān]* - "دروست بوون، بەدی هاتن، سەر هەڵدان":

1- لە لایەکەوە بۆی هەیە پێوەندی هەبێ بە رەخسان rexsan و ↑رەخساندن rexsandın "دروست بوون، ساز بوون" و لێرەوە ببێتە خزم دەگەڵ ↑راست rast.

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین دەگەڵ ↑راسان rasan بەرهەڤی بکەین کە دەچێتەوە سەر ریشەیەک کە ماناکانی "بەرز بوونەوە، هەڵدان، چوونەسەر" دەگرێتە خۆ. risa (.OIs) کە خزمە دەگەڵ راسان، هەم مانای "راسان"ی بەخشیوە و هەمیش بە مانای"دروست بوون، رسکان" بەکارهاتووە.

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "بەرز بوونەوە" و "پەیدا بوون" ئاشکرایە و دە زمانی کوردمادیشدا ئەم پێوەندییە بەم شێوانەی خوارەوە دەردەکەوێ: "قوت" [قیت] واتای بەرز دەدا و قوت بوونەوە واتای پەیدا بوون. "سەر هەڵدان" هەردوو مانای بەرز بوونەوە و پەیدا بوون دەگەیەنێ. "گووران" دە بنەڕەتدا مانای "شین بوون و سەرهەڵدان و فراژی بوون" دەگەیەنێ و دە هەمان کاتدا مانای "پەیدا بوون"یش دەبەخشێ].

رسکین rıskîn *[rıskīn]* - "بەر بوونی خوێنی لووت": ریزکین rîzkîn یش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکە لە ↑راسان[1] rasan و دواجار خزمە دەگەڵ ↑*رشتن rıştın*.

رسوا rıswa *[rıswā]* - "ئابڕوو چوون": ریسوا rîswa ش دەگوترێ. rosvā (.P). دە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە دوو کەرتی روو + سوا ru + s(u)wa. کەرتی "سوا" هەمان ↑سیا sîya یە و بەم جۆرە تیکرای وشەکە مانای "روورەش" دەدا.

رسیان rısyan *[rısyān]* - "هەڵدێران": خزمە دەگەڵ ↑رووخان ruxan.

رشاندن rışandın *[rışāndın]* - "پڕژاندن": رەقشاندن reqşandın یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رشتن rıştın سەر بە ریشەیەک بە مانای "جاری بوون".

رشانەوە rışan(ewe) *[rıšānawa]* - "هێنانەوەی شتی خواردراو":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑رشتن rıştın سەر بە ریشەیەک بە مانای "جاری بوون".

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ئارۆشک aroşk "پشمین".

رشتن rıştın *[rıštın]* - "جاری کردن": ریختن rīxtan (.P). بنەی کردارەکە دە زمانی کوردمادیدا رش -rış و رێژ -rej ە، دە زمانی فارسیدا ریخ -rīx و ریز -rīz ە. بنەوشەکە دە چەندین وشەی کوردمادی

دیکەدا دەردەکەوێ، وەک ↑رشاندن rışandın "پڕژاندن"، ↑ڕێژنە[باران] rejne، ڕێژنکَ rêjıng "ڕەشاش"، ↑رشێنە rışêne "وردەباران"، ↑ڕەشیش reşîş "نەرمەباران".

1- دە زمانی ئەڵمانیدا rieseln (G.) "بارینی ورد و لەسەرەخۆ" هەیە کە ریشەکەی دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *reu-, *re- >* "بزووتن [ی توند و خێرا]". دە زمانی کوردمادیشدا ↑راسان rasan هەیە کە بە مانای "لووت پژان" [ڕژانی خوێنی لووت] دێ. دە زمانی هیندی کۆندا rasa-h (OIn.) "تراو، خۆشاو" و arşati (OIn.) "جاری دەبێ، دەرژی" هەن کە هەر لە هەمان ریشەوە دێن. ئەم وشانەی سەرەوە دەبێ گشتیان سەر بە خێزانێک بن و بچنەوە سەر ریشەی باسکراو. دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشەی دیکە پێوەندییان بەم خێزانەوە هەیە وەک ↑ریتکە rîtke "هەوەڵ شیری تێکەڵ بە ژەک، هەویری شل" و ↑ریچاڵ rîçal "شیرەمەنی" و هتد. دە زمانی عەرەبیشدا وشەی رشا raššā (Arb.) "باری" و رشاش raššāš (Arb.) "موسەلسەل، گوللەبارێن" هەیە و ئەمانەش پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە ئاشکرایە. وێ دەچێ ئەم وشانە لە زمانی کوردمادی وەرگیرابن.

2- لە لایەکی دیکەوە وشەکە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Regen (G.) "باران"، regen (OG.)، rigan (Got.)، rain (E.)، regen (Sw.) "بارین" [ڕژان لە حەواوە؟]. ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە ساخ نەکراوەتەوە.

رشتە rışte *[rışta]* - "بەن، دەزوو": rešte (P.). خزمە دەگەڵ ↑رستن rıstın. دە زمانی کوردمادیدا ↑هەرشتە herişte ش هەیە کە لە هەویر دروست دەکرێ و وەک بەن دەچێ.

رشک rışık *[rıšık]* - "گەرای ئەسپێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ڕێز(ە) reze "ورد، گچکە".

رشێنە rışêne *[rıšena]* - "وردەباران": ↑رشتن rıştın.

رفاندن rıfandın *[rıfāndın]* - "پڕ پێداگردن و بردن": هاوریشەیە دەگەڵ raffen (G.) "هەستاندنی خێرا و بەپەلە" و هەروەها دەگەڵ rauben (G.) "تالان کردن، رفاندن"، rapare (L.) بە هەمان مانا و rapid "خێرا و بەپەلە"، سەر بە ریشەی *(IE.) *reu(p)- >* "داپچرین، داڕنین، لێکردنەوە".

[تێبینی: وەک دەبیندرێ وشەی "رفاندن" جیایە لە "فڕاندن". بەداخەوە زۆرجار بەهەڵە لەجیاتی "رفاندن" دەگوترێ "فڕاندن". دروستەکەی ئەوەیە کە شتێک بڕفیندرێ نەک بفرێندرێ، چونکوو هەر شتێک باڵی نەبێ ناتوانرێ بفرێندرێ!].

رفت rıft - "بارانی بە تەوژم": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑رەپستە repıste "ئاوەنیا، زەوی ئاودراوی بەر لە چاندن".

رفۆک rıfok - "چەنگاڵی باڵداری گۆشتخۆر": خزمە دەگەڵ ↑رفاندن rıfandın و ↑راو raw.

رفە rıfe *[rıfa]* - "دارێکی کون کونە لە حەسیرچنیندا بە کاری دەبەن": خزمە دەگەڵ raft (E.) "دار، ئاڵوودار، کەڵەک (بۆ پەڕینەوە لە چەم)"، rāvo (OG.) "ئاڵوودار"، ráfr (ON.) "میچ". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە ساخ نەکراوەتەوە.

رفێدە rıfede *[rıfeda]* - "دۆشەگەڵەی نان پێوەدان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رەپاندن repandın.

رق rıq - "کینە، تووڕەیی": رک rık یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Rache (G.) "تۆڵە"، rächen (G.)، wrecan (OE.) "تۆڵە کردنەوە"، سەر بە ریشەی *(IE.) *u(e)reg- >* "لێدان، پاڵنان، راونان".

[تێبینی: دە زمانی فەرانسەییدا rage (Fr.) "رق، تووڕەیی"، بەڵام ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر rabere (L.) "رق هەستان، تووڕە بوون". لەوە ناچێ وشە کوردییەکە پێوەندی بەم وشەوە هەبێ، چونکوو ئەگەر پێوەندییەکی وەها لە ئارادا بایە، دەبوو شێوەی وشەکە زۆرتر لە وشە لاتینییەکە چووبایە].

رک rık 1 - "هەورازی سەخت": خزمە دەگەڵ ↑رژد rıjd.

رک rık 2 - "پەتی ملی بەرخ و گوێلک": شێوەیەکی دیکە لە رس rıs یان ↑ریس rîs.

رکه rıke - "قەفەس، بێرکم": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Reuse (G.)، rusia (OG.) "ئامرازێکی ماسیگری"، جۆرێک قەفەس بووە کە بە تەختە و تێل و شووڵ دروست کراوە. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑رزندی rızındî "لوولە".

رکیف rıkef *[rıkef]* - "ئاوزەنگی": رکاب (P.) rekāb < رکب *rakaba (Arb.)*.

رمان rıman *[rımān]* - "رووخان": ↑هەرافتن heraftın یش دەگوترێ [he-raftın]. ئەم وشانە ئاماژە بە بزاوت و جووڵاتیکی خێرا دەکەن و خزمن دەگەڵ ↑رەوین rewîn، رمیدن ramīdan (P.) "دەرپەڕین (بەتایبەتی بۆ ئاژەڵ)] و هەروەها دواتر دەبنە خزم دەگەڵ رەفتن raftan (P.) و ↑رۆیشتن royıştın "هەنگاو نان". هەروەها ↑رەپ rep[2] هەیە [رەپەرەپ] و ↑رەپێڵە repele "کوێرەرێ" کە پێوەندیان بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانە جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ:

1- ↑را ra کردن، سەر بە ریشەی ***(IE.) *reu-, *re-, *ere- >*** "بزووتن".

2- laufen (G.)، (h)loufan (OG.)، leap (E.)، löpa (Sw.) "را کردن، باز دان". دە زمانی ئەمڕۆی ئەڵمانیدا مانای "رۆیشتن، بزوان"یش دەدا. ریشەی وشە ژێرمەنییەکە ساخ نەکراوەتەوە. لەم بارەوە هەروەها بڕوانە ↑لوان luwan "1- رویین 2- دەست دان، شیان".

رمب rımb *[rımb]* - "تێزە": خزمە دەگەڵ rambh-a (OIn.) "داردەست"، ramtis (Lit.) "کاریتە، کۆڵەکە". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رەوە rewe[3] "داری گەزۆ تەکاندن".

رمبە rımb(b)e *[rımba]* - "دەنگی بە ئەرزدا کەوتنی شت": هەڵی سەنگینە دەگەڵ Rummeln (G.)، rumble (E.) "رمبە لێ هاتن، رمبە رمب کردن". وشەکە لە بنچینە دا لاسا کردنەوەی دەنگە.

ڕمل rımıl *[rımıl]* - "تەمی سەرچاو، رەشکەو پێشکە کردنی چاو": بنەی وشەکە واتا -rım دە وشەی ↑رەمەکی remekî شدا دەبیندرێ و مانای "رەش" دەدا. هەروەها بەشێوەیەکی دیکە دە وشەی ↑راڤ2 rav دا دەبینرێ بە مانای "1- پەڵەی رەش لەسەر پێست 2- پەڵەی دەموچاوی ژنی سکپڕ، ماڵە".

رموودە rımude *[rımūda]* - "ئاڵوودە، هۆگر": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رام ram. لەوانەیە سەرەتا مەبەست لە رموودە، "رام کراو" بووبێ و بۆ ئاژەڵی هۆگری مرۆڤ بەکارهێنرابێ. یان لەوانەیە رموودە کەسێک بێ کە بەو شتەی پێی ئاڵوودەیە، ئارام دەبێتەوە. "ئارام" خزمە دەگەڵ "رام".

رمێن rımen *[rımen]* - "برەو": وشەی "برەو" دەبێ لە بنەوشەی رەو- دروست کرابێ [بە + رەو] و مەبەست ئەوەیە کە شتێک بەباشی دەچێتە [دەڕواتە] ناو خەڵکەوە. شیاوی باسە کە وشەی عەڕەبی "رواج" دەشێ لە وشەیەکی کۆنی کورمادی وەرگیرابێ. ئەم وشەیە دەتوانێ "رەوەکَ، رەواش [رەوەشتن ← رۆیشتن]؟" بووبێ و دە زمانی عەڕەبیدا کرابێ بە رەواج. وشەی "رمێن" دەشێ لە "رەوین rewîn" وەرگیرابێ کە شێوەیەکی کۆنترە لە ↑رۆیین royîn.

رند rınd - "جوان": رند rend (P.) "مرۆڤی ژیر و زانا و زیرەک". دەتوانین هەڵیسەنگینین دەگەڵ rank (G.) و (Nl.) "باریک، ناسک"، ranc (OE.) "رێک و راست، سەربەرز، ژیر و زیرەک"، rank (Sw.) "باریک، شلک". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ ↑راست rast.

رندێن rındên *[rınden]* - شێوەی پێشتری ↑ردێن rıdên.

رنگَ rıng - "هەنگوین و دۆشاوی پاڵاوتە": خزمە دەگەڵ rein (G.)، (h)reini (OG.)، hrainis (Got.)، hrēna (OF.) "پاک، پاڵاوتە، بێگەرد"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)krei- >*** "جیا کردنەوە، پاڵاوتن، دابێژتن". وشەکانی cribrum (L.) و criathar (OIr.) "بێژینگَ، پاڵوێنە" لەم ریشەوە هاتوون.

رنگان rıngan *[rıngān]* - "پاڵاوتنی دۆشاو یان هەنگوین": ↑رنگَ rıng.

رنگە rınge *[rınga]* - "ئامرازی تاشینی دار": رنکە rınke ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رنین rınîn "کڕاندن، رووشاندن". دە فارسیدا: رندە rande (P.).

رنوو rınu *[rınū]* - "بەفری هەرەس هیناو": رندوو rındu ش دەگوترێ. خزمەدەگەڵ ↑رنین rınîn.
رنوو ئەو بەفرەیە کە لە کێو "دادەندرێ"و دێتە خوار.
[تێبینی: پێوندی نێوان وشەکانی "رنوو" و "رنین" لە فەرهەنگی مامۆستا هەژار دا ئاماژەی پێ کراوە].
رنە rıne *[rına]* - "وردەباراتێک کە رەشماڵ دای دەدا": وەک دەر دەکەوێ لێرەدا تکانەوە و چۆڕانەوی ئاوی باران مەبەستە. هەر بۆیە وشەکە پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑رنکَ rıng "هەنگوین و دۆشاوی پاڵاوتە".
[تێبینی: پێوەندی چەمکەکانی "پاڵاوتن" و "باران" لەم وشانەی خوارەوەشدا دەبینرێ: سافاندن safandın"دڵۆپاندن"، sipiti (Serb.) "بارینی نەرم" و zafa (Pl.) "هەوری بە باران"، زیپک zîpık "دڵۆپە"، ژاوە jawe "روون، پاڵاوتە"، شپین şıpîn "دادانی رێژنەباران"، ↑سەپی sepî "پاڵاوتە"].
رنین rınîn *[rınīn]* - "رووشاندن، کڕاندن، لێکردنەوە بە چەنکَ": خزمە دەگەڵ رندیدن randīdan (P.) "کڕاندن" و رندە rande "رنگە، ئامێری دارتاشی". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ rend (E.)، rindan (OE.)، renda (OF.) "پچڕین، لێکردنەوە"، rándhra- (OIn.) "دەرز، قەڵش، کەلێن" [وشە هیندییە کۆنەکە بەرهەڤ بکە دەگەڵ ↑رەهەند rehend و ↑رەندۆڵ rendol ی کوردمادی]. وشەی Rinde (G.) "توێکڵی دار" خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە و بۆیە ئاوا ناونراوە، چونکە لە دار دارندراوە و لێکراوەتەوە. دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە پێوەندییان بەم خێزانەوە هەیە وەک ↑رنوو rınû "شاپە"، رنە rıne "چنینی میوە"، رنەک rınek "قەشەو"، رندێن rındên "ریش"، رەندە rende "ئامرازی پێ رنین"، ↑رەندۆڵ rendol "ئاودڕ"، رەنک renık "پاککەرەوە"، ↑رەنگاڵ rengal "بزگوڕ" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *rendh- >*** "رنین، دڕین، پچڕین". ئەم ریشەیە لەوانەیە خۆی شێوەیەکی پەرگرتوو بێ لە ریشەی کۆنتری *(IE.) *reu-* "پچڕین، لێکردنەوە".
روال ruwal *[ruwāl]* - "تازەلاو، مێرمندال": دەبێ پێوەندی هەبێ بە ↑رۆڵە role "فرزەند، مندال".
رونکَ rung - "خوری و مووی بۆ جاری دووەم قەیچی کراو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رنین *rınîn* و ↑رندێن rındên "ردێن، ریش"، سەر بە ریشەیەک بە مانای"پچڕین، بڕین، لێکرنەوە". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑رانکە ranke "تیسکی دەوری گوانی ئاژەڵ" و ↑رانک ranık "پانتۆڵی *بووزوو*".
روو ru *[rū]* - "دەموچاو": رووخسار ruxsar یش دەگوترێ. رو rū (P.)، رخ rox (P.) و رخسارroxsar (P.). بنەی وشەکە دەبێ روخ/ رووخ بووبێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ look (E.)، lōkcian (OE.)، lōkon (OS.)، loeken (MG.)، luogen (OG.) "رووانین، تێرین، چاو لێکردن". ریشە؟
رووالەت ruwalet *[ruwālat]* - "رووکار، سیما": خزمە دەگەڵ ↑روو ru.
رووان ruwan *[rūwān]* - "شین بوون، هەڵدانی گیا": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ lode (G.) "نەمام"، liotan (Gt.)، liudan (Gt.)، leodan (OE.) "شین بوون، هەڵدان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *leudh- >*** "هەڵدان".
رووانین ruwanîn *[ruwānīn]* - "تێرین، چاولێکردن":
1- دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑روو ru.
2- لەوانەشە ئاڵوگۆڕکراوی وشەی ↑تێرین nerîn بێ [تێرین ← نوارین ← رووانین؟].
رووبار rubar *[rūbār]* - "چەم": رود rūd (P.) و رودخانە rūdxāne (P.). بنەی وشەکە، ru(d) خزمە دەگەڵ rīde (MG.) "جۆگە"، rīth (OS.) و rīd (OE.) "جۆگە، چەم"، Rille (G.) "رەهەند، بەستین" و rivus (L.) "جۆگە". وشەی rinnen (G.) "رەوان بوون، جاری بوون" و هاوتاکانی ئەم وشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە و گشتیان لە ریشەیەک هاتوون. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *reu- , * re- >*** "بزووتن". دە کوردمادی سەرووودا "رۆدا چوون"

roda çun به مانای "نوقم بوون، ون بوون" بەکار دێ و لەوانەیە دە بنەڕەتدا مانای ئەوە بووبێ کە شتێک بە ئاودا دراوە یان دە چەم کەوتووە و ئاو بردوویە و ون بووە.

رووت rŭt [*rūt*] - "رووت و قووت، بێبەرکێ": لخت loxt (P.). بەم شێوانەش دەگوترێ: ریت rît رۆهت roht، رویت ruwît و رویچ ruwîç. هەروەها داڕووتاندن darûtandın و داڕووچاندن darûçandın هەیە بە مانای "ئاوەڕووت کردن" و رووتاندنەوە rûtandınewe بە مانای "تاڵان کردن، هیچ پێ نەهێشتن". "رووت" دە بنەڕەتدا دەبێ بە مانای "جلک لەبەر داکەنراو، جلک لەبەر داڕنراو" بووبێ و دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.)* reu(p)- >* "داپچرین، داڕنین، لێکردنەوە". خزمە دەگەڵ roden (G.) و riuten (OG.)، rooien (Nl.)، ro(d)ja (Sw.) "بڕینەوەی دار و هەڵکەندنی ریشەدار و کردنی زەوی جەنگەڵی بە زەوی بەرکێڵ، *رووتەن* کردن". ئەم وشە ژێرمەنییە خزمە دەگەڵ ↑رووتەن ruten یان رووتان ruytan، ↑*راو raw* "تیچیر گرتن"، راوەرووت rawerut کردن، ↑رفاندن rıfandın ، ↑رەویتن rewîtın "تاشین، هەڵکەندن"، ↑رووشاندن rûşandın "داڕنین، کڕاندن"، ↑رەوێشتن rewêştın "لە بەرد هەڵکەندن"، ↑رەوتین rewtîn "داوەرینی گوڵ و گەڵا" [رووت بوونەوەی دار و دەوەن] و چەندین وشەی دیکە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑رەپاندن repandın "کوتان و نەرم کردنی شتی رەق".

رووتەن ruten [*rūtan*] - "زەوی بێ گیا و گژ": رووتان ruytan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رووت rŭt "رووت و قووت، بێبەرکێ". لەوانەیە وشەکە دە کۆندا چاوکێ بووبێ نەک ئاوەڵناو، هەڵی سەنگینە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر "رووت"دا باس کراون.

رووخان ruxan [*rūxān*] - "رمان، بەسەر یەکدا هاتنەخوار": خزمە دەگەڵ ↑رشتن rıştın [دە فارسیدا: ریختن rīxtan (P.)]. دە زمانی فارسیدا ریختن rīxtan بە مانای "رشتن" بەکار دێ و فروریختن forūrīxtan (P.) بە مانای "رووخان، دارمان".

رووزە ruze [*rūza*] - "کەچ و کرووچ و ژنگاوی": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رزین rızîn.

رووشاندن rûşandın [*rūšāndın*] - "رنین، خەت تیخستن، کڕاندن":

1- لە لایەکەوە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ خراشیدن xarāšīdan (P.) "داروشاندن" و ↑کڕاندن kırandın.

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑رەوێشتن rewêştın "لە بەرد هەڵکەندن" و ↑*رووت rŭt*.

رووگ rug [*rūg*] - "شیرەی ترێی کوڵاو": خزمە دەگەڵ ↑رۆق roq "شۆرباو".

رووەمەت rumet [*rūmat*] - "1- روو، رووخسار 2- حورمەت، ئابڕوو": ↑روو + مەت ru + met. کەرتی - مەت پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "رووەمەت" و "حورمەت" هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "ئابڕوو" [ئاو- روو].

روون run [*rūn*] - "رووناک، تیشکدار، زەلال": روشن roušan (P.). دە زمانی کوردمادیدا پێشتر وشەکە ↑روشن roşın بووە و دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ↑*رۆژ roj*. وەک دەردەکەوێ وشەی "رۆژ" دە بنچینەدا بە مانای "رووناکی" بووە و دواتر بۆ "خۆر"یش بەکار هێنراوە. دە زمانی لاتیندا دا هەر ئەم رفتارە دەگەڵ "مانگ" کراوە وناوی نراوە luna (L.) کە ئەمەش لە lux (L.) "رووناکی"یەوە هاتووە. ئەوی لێرەدا گرنگە بەرهەڤ کردنی وشەی "روون" run دە کوردمادیدا و luna (L.) یە. وشەی "روون"یش هەر وەک رۆژ roj و وشەکانی دیکەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ریشەی *(IE.) *leuk- >* "درەوشانەوە، رووناک بوون".

رووناندن runandın [*rūnāndın*] - "خاترجەم کردن": دەشێ لە ↑روون run ەوە هاتبێ و مەبەست دە بنەڕەتدا "روون کردنەوە" بووبێ.

رووە rune [*rūna*] - "دەمی باریکی تیغ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رونگ rung و ↑رنین rınîn و ژمارەیەک وشەی هاوپێوەند.

دەنگی خ / x دە سەرەتای وشە کوردماديیەکەدا سواوەتەوە. خزمە دەگەڵ kratzen (G.)، chrazzon (OG.)، krassen (Nl.)، kratta (Sw.)، charassein (Gr.) "رووشان، کڕاندن"، سەر بە ریشەی ***gradi- >** (IE.) "رووشاندن".

رووی ruy [*rūy*] - "تووکەبەر": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑رووت rut دا باس کراون، سەر بە ریشەی ***reu(p)- >** (IE.) "داپچرین، داڕنین، لێکردنەوە". جێی ئاماژەیە کە وشەکانی "ردێن"، "ریش"، "قژ" و "موو"ش دەچنەوە سەر ریشەگەلێک بە هەمان مانا.

رۆ- -ro - پێشگرێکە دەگەڵ هێندێک کردار دێ و ئاماژە بە لای خوارە دەکا وەک رۆنیشتن، رۆچوون، رۆکردن، رۆرژان و هتد. دە فارسیدا دەبێتە فرو frū (P.) [وەک فرورفتن، فروبردن، فروپاشیدن]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑بەر ber "خوارەوە" [بەر بوونەوە واتا کەوتن، سەر و بەر واتا سەر و خوار]. دە زمانی فارسیدا هەروەها فرود forūd (P.) هەیە بەمانای " ژێر، خوارەوە" کە دەبێ دەگەڵ وشە فارسییەکەی سەرتر خزم بێ. دەکرێ شیمانەی ئەوە بکەین کە دە زمانی کوردمادی و فارسی بەرێدا وشەیەک هەبووبێ لە چەشنی "فەروتەن" *farūtan و لەم وشەیەوە پاشان وشە فارسییەکانی سەرەوە سەریان هەڵدابێ و ئەو کردارەش شێوەی کۆنتری هەمان کردار بێ کە دە زمانی ئەمڕۆی کوردمادیدا پێی دەڵێین ↑وەرین werîn "کەوتن، هاتنەخوار". بەگوێرەی ئەم شیمانەیە وشەی ↑خوار xuwar یش [واتا پێچەوانەی سەرەوە] دەتوانێ شێوەیەکی دیکە بێ لە بنەوشەی وەر -wer کە دە کرداری "وەرین"دا بەدی دەکرێ.

رۆپڵاندن roplandın [*roplāndın*] - "هەڵپەرتاوتن، پەڕاندنی لق و پۆپی دار": خزمە دەگەڵ ↑رەپاندن repandın.

رۆت rot - "داردەستی درێژ": رۆتک rotık یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Rute (G.)، ruota (OG.)، roe(de) (Nl.)، rood (E.)، ro?a (OIs.) "شووڵ، لقی باریک و درێژ، داردەست". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***ret-, *rot >** (IE.) "لقی درێژ، داردەست". ئەم وشە ژێرمەنییانە لە کۆندا وەک یەکەی پێوان بەکار هاتوون. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "گەز"ی کوردمادی.

رۆچنە rençe [*ročna*] - "کولانەی سەربان": رۆژنە rojne ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رۆژ roj.

رۆخ rox - "قەراخ": ↑رەخ rex یش دەگوترێ.

رۆزی rozî [*rozī*] - "رسق، بژیو": دەچێتەوە سەر وشەی ↑رۆژ roj. مەبەست ئەو بەهرە و بەرهەمەیە کە مرۆڤ رۆژانە وەک بژیو دەستی دەکەوێ. ئەسڵی وشەکە دەشێ روزیک *ruzîk بووبێ و دە زمانی عەرەبیدا بووەتە رسق rısq (Arb.) [رسق و رۆزی].

رۆژ roj [*rož*] - "خۆر": رۆچ roc یش دەگوترێ. ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیدا دوو مانای پەیدا کردووە یەکەمیان رۆژ واتا بەرانبەری "شەو"، دووەمیان بە مانای "خۆر". دە زمانی فارسیدا rūz (P.) تەنیا بە مانای یەکەم بەکار دەهێندرێ. هەڵسەنگاندن دەتیوان وشەی رۆژ و هێندێک وشەی پێوندیداری زمانە خزمەکان دەگاتە ئەم ئەنجامە کە رۆژ roj دە بنەڕەتدا مانایەکی دیکەی هەبووە و بریتی بووە لە" تیشک و رووناکی". شێوەکانی ئەم وشەیە دە زمانە خزمەکاندا بەم جۆرەیە: raočah (Av.)، rocis (OIn.)، Licht (G.)، luč (Rus.)، leukos (Gr.)، lux و lucidus (L.) "رووناکی"، Lucere (L.) "رووناک کردن، درەوشانەوە"، illustris (L.) "رووناک، تیشکدەر"، rocte (OIn.) "دەدرۆشێتەوە، رووناکی دەبەخشێ" و هێندێک وشەی لەم چەشنە، پێوندییەکی تەواویان بە وشەی رۆژ roj ەوە هەیە. ئەم وشانە وەک دەبینرێ، گشتیان مانای "رووناکی" دەبەخشن. لە لایەکی دیکە هەر لە زمانی کوردمادی و فارسیدا هێندێک وشە هەن کە ئەوانیش بنەی -roş /roj- /rūz- یان تیدایە و ئاماژە بۆ "رووناکی" دەکەن، وەک: roušan (P.) "رووناک"، افروختن af-rūxtan (P.) "داگیرساندن، هەڵکردنی ئاگر"، فروغ forūġ (P.) "تیشکدەر، بڵیسەر" [پێشتر: af-rūġ]. دە کوردمادیشدا ↑رۆچنە/ رۆژنە rojne / roçne هەیە کە بە

کولانەی سەربان دەگوترێ کە شوێنی پێداهاتنی رووناکییە. گشت وشە باسکراوەکان دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *leuk- >*** "درەوشانەوە، رووناک کردن".

رۆست rost - "دێ، ئاوایی": خزمە دەگەڵ ↑رەعت reɛt "ماندوویی" و ↑رێنکە *renke* "لێک تۆپەڵ بوون و وەستان".

رۆشن roşın *[roşın]* - "روون، رووناک": روشن roušan (P.). شێوەی کۆنتری وشەی روون/ رۆن ron/ run‌ە و خزمە دەگەڵ ↑*رۆژ roj*.

رۆڤی1 rovî *[rovī]* - "ئاژەڵێکی تووکن": رێوی rewî، رواس rıwas، لووی luwî و لوویە luye ش دەگوترێ. روباه rūbāh (P.). خزمە دەگەڵ alopex (Gr.)، vulpes (L.) "رێوی". دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بە پێچەوانەی وشە یۆنانییەکە، وشەکە بزوێنی بە سەرەوە نییە. لەوانەیە بزوێنەکە سوابێتەوە. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا فۆتیمی l یش بەسەر وشەکانەوە نییە و وشەکان وەک دووەم کەرتی وشە یۆنانییەکە دەچن، بۆ وێنە Fuchs (G.)، voha (OG.)، fox (E.)، fauho (Got.)، foa (OIs.).
ئەم وشانە گشتیان بە خزم دادەنرێن دەگەڵ puccha- (OIn.) "کلک" و puch (Rus.) "کوڵکە، تووک". وادیارە ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک کە دە بنەڕەتدا بە مانای"تووک" بووە و پاشان لەوێوە ماناکانی " کلک" و دواتر "رێوی" پەیدا بوون [دە ئەسڵدا مەبەست ئاژەڵی تووکن یاخود کلکدار بووە. کلکی رێوی بۆ تووکن بوون بەناوبانگە]. دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە هەن کە ئەم بۆچوونە پشتراست دەکەن، وەک ↑بسک bısık و ↑بژ bıj و ↑بووزوو buzu و ↑پەشم peşım کە گشتیان ئاماژە بە "تووک" دەکەن و دەبنە خزم دەگەڵ وشەکانی سەرەوە.

رۆڤی2 rovî *[rovī]* - "ریخۆڵە": هەم ئەو وشەیە و هەم ↑ریخۆڵە rīxole خزمن دەگەڵ رودە rūde (P.) و urvata (Av.) "رۆڤی". ئەم وشانە دەشێ پێوەندییان هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *uer-, *wer- >*** "با دان، سووران، لێکهاڵان". رۆڤی یان ریخۆڵە چ لەبەر ئەوەی خۆی شتێکی لوولەییە و چ لەبەر ئەوەش کە پێکهاتەیەکی درێژی لێکهاڵاوە، دەشێ پێوەندی بە ریشەکەی سەرەوە هەبێ. بەراوردی ئەم وشانە بکە هەروەها دەگەڵ ↑رستن rıstın و گوریس gurs [کۆنتر: وەریس werıs]

رۆق roq - "شۆرباو": هەروەها ↑رووکَ rug هەیە بە مانای "شیرەی ترێی کوڵاو". خزمە دەگەڵ ↑رۆن ron، ↑رووبار rubar، ↑رژان rıjan، ↑راسان rasan و گەلێک وشەی دیکە کە ئاماژە بە "جاری بوون، تراو بوون، رەوان بوون" دەکەن. هەڵی سەنگینە دەگەڵ arsati (OIn.) "دەرژی، جاری دەبێ" و -rasa-h (OIn.) "تراو، دۆشاو". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ریچاڵ rîçal "شیرەمەنی".

رۆڵە role *[rola]* - "منداڵ، فرزەند": رووله rule ش دەگوترێ. هەروەها ↑رواڵ ruwal هەیە بە مانای "تازەلاو، مێرمنداڵ":

1- لەوانەیە پێوەندی بە ↑رووان ruwan دوە هەبێ بە مانای "شین بوون، هەڵدان"ی گیا.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Nachwuchs (G.) هەیە کە لە دوو کەرت پێک دێ: کەرتی یەکەم مانای "پاش، دوا" دەدا و کەرتی دووەم مانای "رووان، هەڵدان". ئەم وشە ئەڵمانییە مانای "زارۆک و گەنج و لاو، بەرەی نوێ، جێگرەوەی بەرەی ئێستا" دەبەخشێ. لەوانەیە وشە کوردماددییەکەش هەڵگری ئەم مانایە بێ.

2- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑لووله2 lule "بێچووی ورچ و بەراز" و ↑*لەیر leyır* "زارۆ، بێچوو". جێگەی سەرنجە کە زۆرجار ئەو وشانەی بۆ ناوی "زارۆک"ی ئاژەڵ و مرۆڤ بەکار دێن، هەر یەکن، وەک *کودک* [*کوودەڵە*] "بێچووەبەراز" و "کودک"ی فارسی واتا "زارۆک" یان "بچە"ی فارسی و "بێچوو"ی کورمادی، یان "کوڕ"ی کوردمادی و "کرە"ی فارسی و هتد.

رۆن ron - "چەوری": روغن روغن (P.) "رۆن"، raoyna (Av.) "رۆنی کەرە". وشەکانی Rahm (G.)، ream (OE.)، room (Nl.) بە واتای "خامە" ریشەیان دە گەڵ وشەی "رۆن" یەکە. دە قامووسی ئێتیمۆلۆژی

DUDEN ئەڵمانیدا وشەی rouġan ی فارسی بە خزمی وشە ژێرمەنییەکانی سەرەوە داندراوە و ئەم وشانە بردراونەتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sreu- >*** "جاری بوون، رەوان بوون". [وشەی ↑سروە sırwe لەم ریشەوە هاتووە].

رۆناندن **ronandn** *[ronāndın]* - "روونا‌ك كردن": ↑روون run.

رۆندك **rondık** - "فرمێسك":

1- لە لایەكەوە بۆی هەیە بچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *reu-, *re- >*** "رۆینی ئاو، رەوان بوون، جاری بوون". دە زمانە هیندوئەوروپییەكاندا هێندێك وشە بە مانای "جاری بوون" و بە مانای "چەم، جۆگە، جەریانی ئاو" لەم ریشەوە هاتوون. لەم تیروانینەوە رۆندك دەبێتە "جەریانە ئاوێكی بچووك". وشەی ↑روو‌بار rubar "چەم"یش سەر بەم ریشەیە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا Träne "فرمێسك، رۆندك" و Tropfen "دڵۆپە" لە ریشەیەكەوە هاتوون و هەر دووك وشەكەش دەگەڵ "دڵۆپ" و "تەڕ"ی كوردمادی خزمن].

2- لە لایەكی دیكەوە لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) * sreu-*** "جاری بوون، رەوان بوون". لەم ریشەیەش دە زمانە هیندوئەوروپییەكاندا چەندین وشە بە ماناكانی "چەم، جۆگە، رەوان بوون" بەدی هاتوون، بۆ وێنە Strom (G.) "جەریان" و rhéein (Gr.) "جاری بوون". لەم تێڕوانینەوە وشەكە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رۆن ron بە مانای "چەوری". دوور نییە هەردوو ریشەی هیندوئەوروپی سەرەوە دە بنەڕەتدا یەك بن و ریشەی دووەمیان لە یەكەمیانەوە پەرەی گرتبێ.

رۆنیاس **ronyas** *[ronyās]* - "ریشەی گیایەكە بۆ رەنگ كردن": روناس rūnās (P.). جێی بەرهەڤ كردنە دەگەڵ rīabach (OIr.) "پەڵەدار، نیشانەكراو"، ráinas / ráimas (Lit.) "بەڵەك، خاڵدار". وشەی Reh (G.) "ئاسك" و هاوتاكانی دە زمانە ژێرمەنییەكاندا پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە و ئاماژە بە رەنگی پێستی ئەو ئاژەڵە دەكەن كە دە هاویندا زەردێكی ئاماڵ سوور و دە زستانیشدا بۆرێكی ئاماڵ زەردە.

رۆیشتن **royıştın** *[royıštın]* - "چوون": رۆیین royîn یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رمان rıman.

رۆیین **royîn** *[royīn]* - "هەنگاو نان": شێوەیەكی دیكە لە ↑رۆیشتن royıştın.

رۆیز **roez** *[roez]* - "گومان": خزمە دەگەڵ ↑راوێژ rawej "1- شیمانە، حەدس و گومان 2- تەگبیر 3- دەراوی دەم [راوێژی خۆشە كە قسە دەكا]":

رە **rıh** - "ردین، ریش": شێوەیەكی دیكە لە ↑ریش rîş.

رهنك **rıhnık** - "روونا‌كی": شێوەیەكی دیكە لە ↑روونا‌ك runak.

رە **re** *[ra]* - دەگەڵ هێندێك وشە دێ وەك رەگەڵ regel رەپاڵ repal، رەدوو redu، رەچاو reçaw و هتد. ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا پرێپۆزیسیۆنە و زۆرتر بەشێوەی پێشگری↑رێ re خۆ نیشان دەدا [رێخشاندن rêxışandın، رێنیشتن renîştın، رێكەوتن rêkewtın، رێخستن rêxıstın]. شێوەی كۆنتری ↑لە le.

رەب **reb** *[rab]* - "بەڕەی زین و كورتان": دەشێ لە ریشەی ***(IE.) *rebh- >*** ەوە هاتبێ بە مانای "(دا) پۆشین". Rippe (G.) و rib (E.) و هاوتاكانی دە زمانە ژیرمەنییەكانی دیكەدا بە مانای "پەراسوو"، hirni- reba (OG.) "كەللەسەر" [دە بنەڕەتدا واتا "مێشك پۆش"]، erephein (Gr.) "داپۆشین" دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑راڤ[4] rav "شەرم و شوورەیی" [ئەو شتەی مرۆڤەكان حەز لە داپۆشینی دەكەن].

رەبا **reba** *[rabā]* - دەگەڵ "تەبا" دێ: تەبا و رەبا teba u reba بوون واتا "دەگەڵ یەكتر كۆك بوون، پێكەوە هەڵكردن، لێك نەترازان". شێوەیەكی دیكەیە لە ↑رەوا rewa [رەڤا reva] "عادڵانە".

رەبەت rebet *[rabat]* - "بۆسە، سیپە": رەوەت rewet یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑رەب reb "بەڕەی زین و کورتان"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "داپۆشین". شیاوی باسە کە وشەی "کەمین"یش لە ریشەیەکەوە هاتووە بە هەمان مانا و خزمە دەگەڵ "جامە".

رەبەق rebeq *[rabaq]* - "موتڵەق، تەواو": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑رەواق "هەنگوینی پاڵاوتە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)krēi- >*** "دەڵاندن، چۆڕاندن، تکاندن". لێرەوە دەشێ سەرەتا مانا "ساف و پاڵاوتە، خالیس" دروست بووبێ و ئەوجار لەمەوە مانای "تەواو، بێ کەم و زیاد، موتڵەق" پەیدا بووبێ. ئەم ریشەیە خۆی دەچێتەوە سەر ***(IE.) *(s)ker- >*** "بڕین، جودا کردن(ەوە)، لێکردنەوە". خۆ ئەگەر وشەکە راستەوخۆ لە ریشە کۆنەکەوە وەرگیرابێ، ئەوا ماناکەی دەبێتە "جیاوەبوو" و ئەمەش لەگەڵ مانای موتڵەق یەک دەگرێتەوە.

رەبەن reben *[raban]* - "1- سەڵت، تەنیا 2- گەڕیدە، هەڵوەدا 3- هەژار، بەلەنگاز": خزمە دەگەڵ orbe (OIr.)، orbus (L.) "ڕووت کراو، تاڵانکراو"، orphanós (G.)، orb (L.) "هەتیو" [بێکەس]، árbha-h (OIn.) "کز و لاواز"، arm (G.) "هەژار"، Arbeit (G.) "کار" [دە بنەڕەتدا: کاری سەختی هەتیوان]، Erbe (G.) "میرات" [دە بنەڕەتدا: جێماکۆ بۆ هەتیو]، robota (Pol.) "کار". وشەی تێکنیکی ڕۆبۆت robot کە دە زمانە ئەورووپییەکاندا بەکاردێ، لەم وشە سڵاڤییە وەرگیراوە و گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *orbho- >*** "هەتیو، هەتیو بوون". دە وشە کوردماداییەکەدا بزوێنی سەرەتای وشەکە دەرناکەوێ یان سواوەتەوە.

رەبەنۆک rebenok *[rabanok]* - "گوڵەمێلاقە، هەڵاڵە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑رێواس rewas.

رەپ1 rap *[rap]* - "1- پڕ بوو، گنج لێبڕاو 2- هەستاو، ڕەق": [هێندەم پەنیر تێئاخنیوە، ڕەپ بووە]. وەک ئەم رستەیە نیشان دەدا، لەوانەیە مانای ئەسڵی وشەکە پڕ بوون، گنج لێبڕان، ئەستوور بوون و شەق بوون" بێ، واتا کاتێک شتێک دەئاخنرێ و ڕەق و ئەستوور دەبێ، لە هەمان کاتدا شەق و بێ گنجیش دەبێ. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑رەپێتە repete "دابەستە، ئاژەڵی راگیراو بۆ قەڵەو بوون". دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- straff (G.)، straf (Nl.) "ڕەق، شەق، لەبەر یەک کێشراو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ter- >*** "ڕەق، توند، سفت، لەبەر یەک کێشراو" [بە سوانەوەی کەرتی -st کە لە وشە ژێرمەنییەکە].

2- ↑لیفاندن lîfandın "بەرز بوون و هەڵدانی گیا" و ↑لافاو lafaw [لاف + ئاو واتا "ئاو هەستان"]. لەم تێڕوانینەوە مانای "ڕەپ" دەبێتە "هەستاو، بەرزەوەبووک".

رەپ2 rep *[rap]* - دە کوردیدا بێژەیەک هەیە دەڵێ "بە کەڕ ناوێرێ، بە کورتان ڕەپەڕەپیەتی" [repe rep]. ئەم قسەیە بەم مانایەیە کە کەسێک نەوێری سواری کەر بێ و لەجیاتی سواری کەر بوون، سواری کورتان بێ و بخوازێ کورتان لێ بخوڕێ. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑رمان rıman دا باس کراون. بە تایبەتی هەڵی سەنگینە دەگەڵ leap (E.) "بازد دان، خۆ هەڵاویشتن".

رەپاندن repandın *[rapāndın]* - "کوتان و نەرم کردنی شتی ڕەق": دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *reu(p)- >*** "(دا) پچڕین، (دا)رنین، شکاندن، لەت و کوت کردن، شەرکردن، هەڵکەندن". دە زمانە خزمەکاندا هێندێک وشە بەو مانایانەی سەرەوە لەم ریشەوە هاتوون، وەک raufen (G.)، rīepan (OE.) "هەڵکەندن، رنینەوە"، rauh (G.) "زبر"، ruere (L.) "هەڵکەندن، کۆلین"، rudus (L.) "بەردی لەت وکوت کراو"، rumpere (L.) "شکاندن"، rauti (Lit.) "هەڵکەندن، رنینەوە"، ryt (Rus.) "هەڵکەندن". دە زمانی کوردماداییدا چەند وشەیەک پێوەندییان بە "ڕەپاندن" ەوە هەیە، وەک ↑رەپە repe "دەنگی کوتان"، ↑رەپن repın "زللە"، ↑رفێدە rıfede "ئامرازی نان بە تەنوورەوە دان"، ↑رەوتین rewtîn "تاشین، هەڵکەندن". هەروەها دە پلەیەکی دوورتردا وشەکانی↑رەپەل repel "دەستەی کایەکەران"، ↑راو raw و ↑رفاندن rıfandın و هتد سەر بەم خێزانەن.

ڕەپستە **repıste** *[rapısta]* - "ئاوەنیا، زەوی ئاودراوی بەر لە چاندن": ربازە rıbaze، رباس rıbas و ربسان rıbsan یش دەگوترێن. هەروەها ربساندن rıbsandın و ڕەفساندن refsandın بەکار دەهێنرێن کە دە دەشێ بە مانای "ئاوداشتنی بەر لە چاندن" بێ. ئەو وشەیە دەبێ خزم بێ دەگەڵ چەند وشەیەکی وەک ↑ڕپنین rıpnîn "پەڵە دان، بارانی زۆر"، ↑ڕپنی rıpnî "بارانی پەڵە"، ↑ڕفت rıft "بارانی بە تەوژم". ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ ↑ڕەب reb "بەڕەی زین و کورتان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *rebh- >*** "(دا) پۆشین". مەبەست لە "ڕەبساندن" دەبێ داپۆشینی زەوی و کێڵگە بە ئاو بێ.

ڕەپن **repın** *[rapın]* - "زللە": خزمە دەگەڵ ↑ڕەپاندن repandın.

ڕەپە **repe** *[rapa]* - "دەنگی کوتان": ↑ڕەپاندن repandın.

ڕەپەل **repel** *[rapal]* - "1- دەستەی کایەکەران 2- لەوەڕ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ڕەپاندن repandın سەر بە ریشەیەک بە مانای "پچرین، لێکردنەوە، رنینەوە". چۆتیتی پەرەگرتنی مانای وشەکە دەتوانین بەرهەڤ بکەین دەگەڵ پێوەندی "رنین" لە لایەک و "ران" لە لایەکی دیکەوە بە مانای "دەستە، گەلە". هەروەها چۆتیتی پەیدا بوونی مانای دووەمی وشەکە دەتوانین دەگەڵ وشەی"لەوەڕ" بەرهەڤ بکەین. ئەم وشەیەش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێکردنەوە، رنینەوە، داپچڕین". دە بنەڕەتدا مەبەست لە هەر دوو وشەی "ڕەپەڵ" و "لەوەڕ" ئەوە بووە کە گەڵا و گژ و گیا لێ کراوەتەوە، داڕنراوە و کراوەتە خواردنی مەڕ و ماڵات.

ڕەپێتە **repete** *[rapeta]* - "دابەستە، ئاژەڵی راگیراو بۆ قەڵەو بوون": خزمە دەگەڵ ↑ڕەپ rap.

ڕەپێلە **repele** *[rapela]* - "کوێرەرێ": ڕەپێلگە repelge ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ڕاپیتە rapîte "هاتوچۆی بەپەلەپەل و ئەم سەر ئەو سەر کردن" [↑ڕاوێچکە raweçke2] و دەچێتەوە سەر ↑ڕۆیشتن royıştın [رفتن raftan (P.)].

ڕەت **ret1** *[rat]* - "1- ڕۆیشتن، بزووتن، تیپەڕین 2- هەڵەنگوتن". بە مانای یەکەم ڕەد red یش دەگوترێ. رد rad شدن (P.) "تیپەڕین". دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *ret(h)- >*** "ڕۆیشتن، گەڕان، خلۆر بوونەوە". ئەم وشانەی خوارەوە لەم ریشەوە هاتوون: Rad (G.) "چەرخ، گردوونە"، rad (Nl.) و ratas (Lit.) "چەرخ"، rotare (L.) "سووڕان" و rotula (L.) "ڕەوەڵە"، rethim (OIr.) "دەڕۆم"، rísti (Lit.) "خلۆر بوونەوە"، road (E.) "جادە"، ride (E.) و rīdan "بەسواری ڕۆیشتن"، raithya (Av.) "ڕێگە" و ratha (OP.) و (OIn.) "چەرخ، گاری" و ↑ڕێ re [ڕێکا، ڕێگا، ڕێگە].

ڕەت **ret2** *[rat]* - "هزر و بیر": [لە ڕەت دام چی بکەم]. شێوەی پێشتری ↑ڕا[2] ra [بیر و را]، خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێژ ↑*ڕاشەن raşen* دا شی کراونەوە.

ڕەت **ret3** *[rat]* - "قووڵکەی سەر ڕێگەی تیچیر": [کەروێشک دە ڕەت کەوت]. پێوەندی بە یەکێک لەم ریشانەوە هەیە:

1- ***(IE.) *re- >*** "رنین، بڕین، کڕاندن". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزمە دەگەڵ ↑ریز rîz و دە پلەیەکی دوورتر دا دەگەڵ ↑*رنین rınîn* "ڕووشاندن، کڕاندن"، ↑ڕەهەند rehend، ↑ڕەندۆڵ rendol و هتد،

2- ***(IE.) *uer- >*** "کڕاندن، دڕاندن، قەڵشاندن". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزمە دەگەڵ ↑ریش rîş.

[تێبینی: لەتیوان چەمکەکانی "چاڵ، قووڵکە، هەڵقەنراوی" لە لایەک و لە لایەکی دیکەدا "کۆڵین، کڕاندن، هەڵکەندن، قەڵشاندن"دا پێوەندی ئیتیمۆلۆژیک هەیە. بۆوێنە سەرنجی ئەم وشانە بدە: "خەندەک" و "هەڵکەندن"، "ڕەهەند" (یان ڕەندۆڵ) و "رنین"، "قووڵکە" و "کۆڵین" (هەڵکۆڵین)، "شکێڕ" [یان شکاف] و "شکاندن"، "قەڵش" و "قەڵشاندن" و هتد].

ڕەتاندن **retandın** *[ratāndın]* - "غار پێ کردن". دەشێ هاوریشە بێ دەگەڵ یەک لەم وشانەی خوارەوە:

1- reiten (G.)، ride (E.)، ritan (OG.)، rida (Sw.)، rijden (Nl.) بە واتەی"ئەسب سواری کردن، بە سواری روێشتن" سەر بە ریشەی < *reidh- (IE.) "بزووتن، تێپەڕین". ئەم ریشەیە خۆی شێوەیەکی پەرەگرتووی ریشەیەکی پێشووترە، واتا ریشەی < *(e)re- , * reu- , *rei- (IE.) "جوولان، بزووتن".

2- leiten (G.)، leitan (OG.)، leiden (Nl.)، lead (E.)، leda (Sw.) "بەڕێوە بردن"، lītan (OG.)، liđan (OE.)، lei?n (Gt.)، līđa (OIs.) "روێشتن، ئاژۆتن، دەرباز کردن"، سەر بە ریشەی < *leit(h)- (IE.) "روێشتن، چوون".

ڕەتەوە **retewe** [ratawa] - "1-نەژاد، تۆرەمە 2- تۆرەمەنامە":

1- لە لایەکەوە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ origo (L.) "سەرچاوە، بنەڕەت"، سەر ریشەی < *re-, *ere- (IE.) *reu-, "بزووتن". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشەی وەک ↑را[3] ra [هەڕا hera] کردن لەم ریشەوە هاتوون. پێوەندی دوو چەمکی "ئەسڵ و بنەڕەت" دەگەڵ "بزووتن، روێشتن" لەوەدایە کە کەسەکان یان دیاردەکان *دەچنەوە* سەر ئەسڵی خۆیان، یان بە وتەیەکی دیکەوە *ڕەوتەکە* لە کەسێک یان شتێکەوە دەست پێدەکا و *دەگاتە* دۆخی هەنووکەیی، بۆ وێنە زمانە هیندوئەوروپییەکان دەچنەوە سەر زمانیکی کۆن، یان ئەو زمانە کۆنە لە ڕەوتێکی چەند هەزار ساڵەدا گەیشتووەتە دۆخێک کە دەیان لق و پۆی لێ بۆتەوە. هەر لێرەدا جێی ئاماژەیە کە لەوانەیە کەرتی ڕەت -ret دە وشەی ↑بنەڕەت bıneret دا پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

2- لەوانەیە پێوەندی بە ↑ڕەسەن resen ەوە هەبێ.

ڕەتەوی **retewî** [ratawī] - "بەرخی لە شیر کراوە": دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا مانا فارسییەکەی بەم جۆرەیە: "بره از شیر بریده". وەک دەبینی لێرەدا مانای "هەڵبڕین، جوێ کردنەوە، لێکردنەوە" لەبەر چاوە، واتا بەرخەکە لە شیر یان لە دایک (جۆی) دەکرێتەوە. بەم پێیە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ئەو وشانە لە ژێر ↑ریش rîş دا باس کراون، سەر بە ریشەی < *uer- (IE.) "کڕاندن، دڕاندن، پچڕاندن، قەڵشاندن".

ڕەچەڵەک **reçelek** [račalak] - "ریشە، بنەچەک": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑ریشە rîşe.

2- ↑ڕەتەوە retewe "نەژاد، تۆرەمە".

ڕەخ **rex** [rax] - "لا، قەراخ، بەر": ڕۆخ rox یش دەگوترێ.

1- دەتوانێ وشەیەکی سەربەخۆ بێ و لەم بارەوە جێی بەراوردکردنە دەگەڵ regio (L.) "ناوچە، دەڤەر، راستە". ئەم وشەیە دوچێتەوە سەر regere (L.) "راست کردن(ەوە)، ئاراستە کردن، بەڕێوەبردن، حوکم کردن" و خزمیشە دەگەڵ "راست" ی کوردمادی. هەروەها دە زمانی ئەڵمانیشدا Reich (G.) "وڵاتی ژێر دەسەڵاتداری، کیشوەر" و (Be)reich (G.) "ناوچە، دەڤەر" هەن کە بەپێی بۆچوونێک پێوەندییان بەوشەی recht (G.) [↑ڕاست rast لە کوردمادیدا] هەیە.

2 - لەوانەشە وشەکە کورتکراوی ↑قەراخ qerax بێ.

ڕەخت **rext** [raxt] - "چەک ورەخت": ئەم وشەیە دەگەڵ rüsten (G.)، rusten (Nl.) "تەیار کردن، ساز کردن، تەجهیز کردن" بە هاوریشە دەردەچێ. شێوەی وشەکە دە زمانە کۆنە ژێرمەنییەکاندا (H)rusten (OG.)، hryst (OE.) بووە بە مانای "رازاندنەوە بە خشڵ وزەنبەر، خۆ تەیار کردن بە چەک و چۆڵ و تەجهیزات". وشە ژێرمەنییەکە بە تایبەتی بۆ خۆ ساز دانی بەر لە شەڕ یان سەفەر بەکارهاتووە. دە زمانی کوردمادیشدا ڕەخت هم بە مانای "زنبەری ئەسب" بەکار دێ (بڕوانە هەنبانەبۆرینە- مامۆستا هەژار) و هم بە مانای تجهیزات و کەرەسەی شەڕ و هەر بۆیەش دەگوترێ "چەک ورەخت". جگە لەمانە وشەی شامرەخت şamrext بە جۆرێک زێر و زەنبەری ژنانە دەگوترێ. وشە ژێرمەنییەکە دەچێتەوە

سەر ریشەی ژێرمەنی *-herudo* (Grm.) "داپۆشین". ریشەی هیندوئەورووپی وشە ژێرمەنییەکە باس نەکراوە.

رەختە rexte [*raxta*] - "قایم": دەچێتەوە سەر ↑رەخت rext . هەر بەم جۆرەش دە ئەڵمانیدا rustig (G.) "قایم، رەختە" هەیە کە لە rüsten (G.) ورگیراوە و ئەمیش لە hrust (OG.) بە واتای "چەک ورەخت" وەرگیراوە.

رەخساندن rexsandın [*raxsāndın*] - "پێک هێنان، دروست کردن، گونجاندن":

1- دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ regere (L.) "بەڕێوەبردن، حوکم کردن"، سەر بە ریشەیەک کە دە بنەرەتدا واتای "راست و دروست کردن" دەبەخشێ و خزمیشە دەگەڵ ↑راست rast.

2- یان لە پێوەندی دەگەڵ ↑رەسین resîn "گەیشتن، پێگەیشتن" دایە و ئەمەشیان هەر دەبێتە خزم دەگەڵ ↑راست rast. ئەگەر وشەکە پێوەندی بەمەوە هەبێ، مانای بنەڕەتی وشەکە "پێگەیشتن" و ساز بوونی بارودۆخ یان کارێک بووە و دواتر مانای وشەکە زۆرتر پەرەی گرتووە. بە هەر شێوەیەک لەم دوو شێوەیە بۆی بچین، بە یەک ریشەی هیندوئەورووپی دەگەین.

رەخش rexş [*raxš*] - "1- رەختی ئەسپ 2- ناوی ئەسپی رۆستەم" : شێوەیەکی دیکە لە ↑رەخت rext کە دە بنەڕەتدا بە مانای "خشڵ و زەنبەری ئەسپ" هاتووە. دەبێ ئەسپی رۆستەم لەباری رازاندنەوە زۆر بەناوبانگ بووبێ و بۆیە ئەم ناوەی پێ براوە.

رەخشان rexşan [*raxšān*] - "تیشکدەر، بریقەدار": رخشندە raxšande (P.). خزمە دەگەڵ↑ رۆژ roj.

رەخنە rexne [*raxna*] - "سەرکۆنە، ناتەواوی دەرخستن": مانای بنەڕەتی وشەکە "دەرز، قەڵش، کەلێن"ە. دە زمانی فارسیدا وشەکە بەم مانایە بەکار دێ. مانا کوردماددییەکە دەبێ بەم جۆرە پەیدا بووبێ کە سەرەتا ئاماژە بە دەرز و قەڵش لە شتێکدا کراوە، وەک ئاماژە کردن بە عەیب و ناتەواوی، و دواتر لێرەوە رەخنە (لێ) گرتن بەم مانایەی ئێستا سەری هەڵداوە. ریشەی وشەکە دەتوانین ببەینەوە سەر ریشەی *(IE.) *reu- , *re-* > "پچڕین، بڕین، هەڵکەندن، کۆڵین". دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رەهۆڵ rehol "قەڵشی زەوی".

رەد red [*rad*] - "تێپەڕین، بوورین": شێوەیەکی دیکە لە ↑رەت[1] ret [بە کووچەکەدا رەد بووین یان رەت بووین].

رەدا reda [*radā*] - ریشەی عەرەبی هەیە < *رضا reza* (Arb.) وەرگیراوە. دەگوترێ: نایەتە رەدایە، واتا رازی نابێ.

رەدال redal [*radāl*] - دەگەڵ "روو" دێ [روو و رەدال]. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑رەزا reza "شێوە، رووخسار" [رەزاسووک یان رەزا شیرین واتا کەسێک کە رووخساری جوان و لەبەردڵانە]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ریت rît "بیچم و قیافە".

رەدە rede [*rada*] - "جێگەی سەخت و بەردەڵان لە شاخ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑راز raz "شاخی بلیند، تیشەبەردی چیا".

رەز rez [*raz*] - "داری ترێ": raz (P.) هەر بەو مانایە. جیی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ racemus (L.) "تری" کە دە فەرانسەیی کۆندا بووەتە raisin (OF.) "تری". دە ئەڵمانیدا بووەتە Rosine (G.) "مێوژ، کشمیش".

رەزا reza [*razā*] - "شێوە، چارە، رووخسار": [رەزاسووک یان رەزا شیرین واتا کەسێک کە رووخساری جوان و لەبەردڵانە]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑رەدال redal "روو".

رەزاو rezaw [*razāw*] - "شوێنی پێکگەیشتنی دوو چەم": رەز + ئاو rez +aw. کەرتی "رەز" دەچێتەوە سەر ↑رەسین resîn "گەیشتن، پێگەیشتن، پێکگەیشتن".

[تێبینی: بۆ ئەم مەبەستە دە زمانی کوردمادیدا وشەی "یەکاو" یش دەگوترێ، واتا شوێنی یەکگرتن و یەکبوونی (دوو) ئاو].

رەژ rej [*raž*] - "دەرمانی رەنکَ کردنی موو": خزمە دەگەڵ ↑رشتن rıştın "کل لەچاو دان، موو رەش کردن".

رەژە reje [*raža*] - "بە ریز رۆیشتنی لەشکر": رژە reže (P.). خزمە دەگەڵ ↑ریز rîz "سەف". وێ دەچێ زمانی فارسی ئەم وشەیەی لە رچە کوردمادی وەرگرتبێ، چونکوو دە زمانی کوردمادیدا "رچە بەستن" دەگوترێ و ئەمەش هەمان مانای "ریز بەستن" دەدا. دە زمانی فارسیدا دەگوترێ "رژە رفتن" و لێرەدا مانای "ریز" بە تەواوی دەرناکەوێ.

ڕەژی rejî [*ražī*] - "خەڵووز": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Russ (G.)، rouz (OG.) "دوودە، سیان". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە نەدۆزراوەتەوە. رەژی دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑رەش reş. دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە خزمایەتییان دەگەڵ رەش هەیە وەک ↑رشتن rıştşn [چاورشتن، کڵ کردنە چاو]، ↑رەشک reşık "بیبیلەی چاو"، ↑رەشکە reşke "دەنکێکی رەش"، ↑ریشۆڵ rîşol "سێروو"، ↑رەهن rehın "بیبیلەی چاو".

رەسنە resne [*rasna*] - "گوریس": خزمە دەگەڵ ↑ریس rîs و↑ گوریس gurîs و ↑رستن rıstın. رسن rasan (Arb.) بە مانای "گوریس" دەشێ لەم وشانە وەرگیرابێ.

رەسەن resen [*rasan*] - "ئەسڵ، خاوەنی ئەسڵ و نەسەب": ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە Rasse (G.) و race (E.) و (F.) "رەگەز، نەژاد". ئەم وشە ئەورووپییانە دەبردرێنەوە سەر razza (It.) و لەوێشەوە بۆ سەرradix (L.) "ریشە". شیاوی باسە کە دەزمانی یۆنانیدا rhiza (Gr.) بە مانای "ریشە" دێ و لەوانەیە پێوەندی بە وشە لاتینییەکەوە هەبێ. وێ دەچێ ↑ریشە rîşe ی خۆشمان ش پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەبێ و گشت وشەکان بۆ ریشەیەکی هاوبەش بگەڕێنەوە. لەوانەیە ↑رستی rıstî "هێم، بناخە" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

[تێبینی: دوو چەمکی "ریشە" و "بناخە" پێوەندی نیزیکیان پێکەوە هەیە، هەر بۆیە زۆر جار دوو وشەی "فۆندامێنتالیزم" [بناخەگەرایی] و "رادیکالیزم" [ریشەگەرایی] بە یەک مانا بەکار دەبرێن].

رەسین resîn [*rasīn*] - "پێگەیشتنی میوە و دەغڵ": دە فارسیدا رسیدن rasīdan هەم بە مانای "گەیشتن لە شوێتێکەوە بۆ شوێتێک " و هەم بە مانای "پێگەیشتنی شت" بە کار دێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ reichen (G.)، reiken (Nl.)، reach (E.)، reka (OF.) "بەس بوون، گەیشتن، گەیاندن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *reg- >*** "لەبەریەک کشانەوە، درێژ بوونەوە، شەق بوون، راست بوون". reiti (Lit.) "شەق بوون، سفت بوون"، rigere (L.) "مەیین، رەق بوون" و گەلێک وشەی دیکە لەم ریشەوە هاتوون. دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە لەم ریشەوە هاتوون وەک ↑راست rast، ↑رەق req، ↑رێک rek، ↑رژد rıjd، ↑رچیان rıçyan و هتد

رەش reş [*raš*] - "تاریک، دژبەری سپی": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑رەژی reji "خەڵووز".

رەشک reşık [*rašık*] - "بیبیلەی چاو": دەچێتەوە سەر ↑رەش reş.

رەشکە[1] reşke [*raška*] - "دەنکێکی رەش": دەچێتەوە سەر ↑رەش reş.

رەشکە[2] reşke [*raška*] - "تۆڕی کا تێکردن": خزمە دەگەڵ↑ رەشمە reşme و ↑ریس rîs و ↑رستن rıstın.

رەشمە reşme [*rašma*] - "جۆرێک لە هەوسار": خزمە دەگەڵ ↑ریس rîs و ↑رستن rıstın. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ریسمان rīsmān (P.)"بەن، دەزوو".

رەشیش reşîş [rašīš] - "نەرمەباران": ↑رشتن rıştın.

رەعت **reɛt** *[raɛt]* - "ماندوویی": خزمە دەگەڵ Rast (G.) rest (E.)، rasta (Gt.)، rost (OIs.) "پشوو، وچان، لەکار وەستان، حەسانەوە، مەنزڵ، قۆناخ". دەشێ شێوەی کۆنتری وشەکە دە زمانی کوردمادیدا "رەهت reht یان رەست rast" بووبێ. هەرەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی ↑رۆست rost "دێ، ئاوایی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑رێنکە *renke* "لێک تۆپەڵ بوون و وەستان"، سەر بە ریشەی ***er(ə)-, *rē- > (IE.)*** "وچان دان".

رەفە **refe** *[rafa]* - "تاقەی بەرز": رفە rıfe و رەفعە reɛfe و رەفکە refke ش دەگوترێن. دەشێ خزم بێ دەگەڵ:

1- یان دەگەڵ roof (E.) "میچ"، hrōf (OE.) ، rōf (OG.)، roef (Nl.) "سەرپەنا، سەرپۆشی تابووت"، hrōf (ON.) "سەرپەنا، لۆتکە". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییانە دیاری نەکراوە.

2- یانیش دەگەڵ ↑رفە rıfe "دارێکی کون کونە لە حەسیر چنیندا بە کاری دەبەن".

رەفی **refî** *[rafī]* - "قەراخ": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ripa (L.) "قەراخ، قەراخ چەم و ئاو".

رەفیسک **refîsk** *[rafīsk]* - "پشت ئەژنۆ" : لە دوو کەرتی رە + فیسک re + fîsk پێک هاتووە. کەرتی "فیسک" خزمە دەگەڵ↑ فیزان fîzan "چەمانەوە". کەرتی رە -re لەوانەیە کورتکراوی ↑رەگ reg بێ. بەم جۆرە تێکرای وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێتە ئەو رەگەی کە دەفیزێتەوە، دەچەمێتەوە.

رەق **req** *[raq]* - "سفت، توند": هاوڕیشەیە دەگەڵ rigidus (L.) "رەق، سفت" کە دەگەڕێتەوە بۆ (L.) rigere "رەق بوون، توند بوون". خزمە دەگەڵ ↑راست rast، ↑رەق req، ↑رێک rek، ↑رژد rıjd، ↑رچیان rıçyan سەر بە ریشەی ***(IE.) *reg- >*** "لە بەریەک کشانەوە، درێژ بوونەوە، شەق بوون، راست بوون".

رەقاڵە **reqale** *[raqāla]* - "پێچکی لانکە": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑رێ re [رێگە]، سەر بە ریشەیەک بە مانای "رۆیشتن، گلۆر بوونەوە، تلانەوە، بزووتن(ی خێرا)".

رەقە **reqe** *[raqa]* - "کیسەڵ": دە فارسیدا دەگوترێ لاک پشت lakpšot (P.). وشە فارسییەکە خۆی لە دوو کەرتی "لاک" و "پشت" پێک هاتووە. کەرتی "لاک" دە فەرهەنگی فارسیدا بە "قاوغ، قالب، زرێ" مانا کراوەتەوە و ئەمەش بە تەواوی دەگەڵ وشەی ↑لەش leš یەک دەگرێتەوە کە دە ریشەدا ماناکانی "بەدەن، بەدەنە، پێکهاتە، شێوە، هەیکەل" دەردەبڕێ. کەوابێ "لاک پشت"ی فارسی بەو مانایە هاتووە کە ئەو ئاژەڵە قالب یان قاوغێکی لەسەر پشتی هەیە. ئەم شێوە ناو لێنانە زۆر نیزیکە لە ناوی ئەڵمانی ئاژەڵەکە کە دەبێتە Schildkröte واتا "بۆقی زرێدار". بەم پێیە دەبێ "رەقە"ی کوردمادی هەر ئەو "لاک"ە بێ کە دە وشە فارسییەکەدا هەیە. شیاوی باسە کە دە فەرهەنگی فارسیدا "لاک" هەر خۆی بە تەنیاش وەک "رەقە، کیسەڵ" مانا کراوەتەوە و ئەمەش ئەو بۆچوونەی سەرەوە پشت راست دەکا.

[تێبینی: ئەوە کە وشەی *لەش* "بەدەن" و *لاک* "قاوغ، قالب" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆ ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە کە لەش وەک قالبێک لەبەرچاو گیراوە کە رووح تێیدا جێگیرە. هەر ئەم پێوەندییە دە وشەی "قالب"یشدا بەرچاوە کە هەم مانای "قاوغ" دەدا و هەمیش مانای "لەش" [قالبم دەتێشێ واتا لەشم ئێش دەکا].

رەکێ **reg** *[rag]* - "1- خوێنبەر لە لەشدا 2- ریشاڵ، پرزەی گیا": ↑رەە reh یش دەگوترێ. رکَ rag (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رێ re "شەقام، شوێنی پێدارۆیشتن" [راە rah (P.)]. لەم تێڕوانینەوە "رەکَ" دە بنەڕەتدا بە شوێن واتا رێگای جاری بوونی خوێن لە لەشدا، یان ئاو لە دارو درەختدا گوتراوە.

[تێبینی: وشەی شریان šaryān (Arb.) دە زمانی عەرەبیدا بە مانای "رەکَ" بەکار دێ. ئەم وشەیە زۆر وێ دەچێ لە شارێ şarê وەرگیرابێ. هەروەها ئیحسانی تەبەری بە دروستی لەو باوەڕەدا بوو کە وشەی شارع šāriɛ (Arb.) "رێگا" لە وشەی شاهراە šāhrāh وەرگیراوە. دیارە زۆرتر وێ دەچێ لە شارێ şarê ی کوردمادی وەرگیرابێ].

رەگ **reg** 2 [*rag*] - "بنەچەک، تۆرەمە": ↑رەه reh یش دەگوترێ. رگَ rag (P.). هەروەها ↑رەهێشتە rehêşte هەیە بە مانای "ئەسڵ، نەجیبزادە".

1- لەوانەیە ئەم "رەگَ"ە پێوەندی بە "رەگَ"ی سەرەوە هەبێ [↑رەگَ[1] reg]. وەک دەزانین رەگَ جگە لە دەمار یان خوێنبەری لەش، بەمانای ریشاڵ و پرزەی گیاش بەکار دێ [رەگَ و ریشە]. بەم جۆرە مانای دوو وشەی "رەگَ" و "ریشە" تێکەڵ بە یەکدی بووە، واتا رەگَ مانای ریشە و دواتر مانای "بنەچەک، تۆرەمە"ی وەرگرتووە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑ریسە rîse ی مل هەیە کە دەبێ هەمان رەگی مل بێ. لێرەدا وشەی رەگَ بە شێوەی "ریسە" خۆی نیشان دەدا و ئەمەش زۆر نیزیکە لە وشەی "ریشە".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە origo (L.) "سەرچاوە، بنەڕەت". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑ را[3] ra "را" کردن واتا هەڵاتن و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بزووتن، رۆیشتن". لەم تێڕوانینەشەوە "رەگَ" پێوەندی بە چەمکی "رۆیشتن" پەیدا دەکا. لێرەدا مەبەست گەڕانەوە بۆ "سەرەتا"یە، یان بزوان و هاتن لە سەرەتایەکەوە بۆ دۆخی ئێستا.

رەگەز **regez** [*ragaz*] - "نەژاد، جینس":خزمە دەگەڵ ↑رەگَ reg.

رەمانە **remane** [*ramāne*] - "جۆرێک داس": رمانە rımane ش دەگوترێ. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەیەک هەیە بە مانای "زۆڵەچەرم، نەواری چەرم" کە بەم شێوەیە: Riemen (G.)، riem (Nl.)، rēoma (OE.). ئەو وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *reu- >*** "پچڕین، دابڕین، لێکردنەوە". وادیارە مانای بنەڕەتی وشە ژێرمەنییەکە بریتی بووە لە "بڕدراوە، تیکە، لەت"یک لە چەرم. بەم پێیە وشەی کوردی "رەمانە"ش پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکا و مانای "بڕین، لێکردنەوە" لە خۆ دەگرێ. دە زمانی کوردیدا چەندین وشە لەم ریشەوە دێن، بۆ وێنە ↑راو raw، ↑رفاندن rıfandın و ↑رەپاندن repandın "کوتان و نەرم کردنی شتی رەق" و هتد.

رەمڵ **remıl** [*ramıl*] - "تەمی بەرچاو لەسۆنگەی چاوتێشە": خزمە دەگەڵ ↑رەمەکی remekî.

رەمەکی **remeki** [*ramakī*] - "1- خەڵکی ئاسایی، ئاپۆرە، رەشۆکی، رەشایی 2- شەوەکی، ماڵاتی شەوبەکێو 3- رەشەوڵاخ". بنەی وشەکە رەمە -rem(e) یە کە پاشگرێکی خراوەتەسەر. ئەم کەرتە خزمە دەگەڵ ram (MG.) و (OG.) "قورم، رەشایی" و -ramah (OIn.) "رەش". ئەم مانایە دە زمانی کوردمادیدا بە ئاشکرا پارێزراوە. لە وشەی رەمەکی بە مانای "ئاپۆرەئاسا"دا دەبێ دە بنەڕەتدا خڵکی رەش ورووت، رەشایی و نەخوێندەوار مەبەست بووبێ و پاشان بووبێتە ئاوەڵناوێک بە واتای"نەک لیزانانە وخوێندەوارانە، بەڵکوو بە گوێرەی خەڵکی رەشایی و نەخوێندەوار" [لە وشەکانی "رەشبگیری" و "رەشەکوژی"شدا "رەش" بە مانای خەڵکی ئاسایی، ئاپۆرە دەبینین]. خزمە دەگەڵ ↑رەمڵ remıl "تەمی بەرچاو لەسۆنگەی چاوتێشەدا" و ↑راڤ2 rav "پەڵەی رەش لەسەر پێست، ماڵە".

رەن **ren** [*ran*] - "خۆیانی راخراوی هێشتا گیرەنەکراو": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑رەی rey "حاسڵ، بەرهەم".

رەنج **renc** [*ranj*] - " زەحمەت، ئازار": رنج ranj (P.). بەر لە شی کردنەوەی خودی وشەکە پێویستە لەوە بدوێین کە ئەو وشانەی دە زمانە ژێرمەنییەکاندا باس لە ئازار و ئەشکەنجە دەکەن، دەچنەوە سەر چەند ریشەیەک بە مانای"خوار بوون، چەمین، قەد بوون". بە لەبەر چاو گرتنی ئەو پێوەندییە دەتوانین وشەی رەنج ببەستینەوە بە renken (G.) "جووڵانی تێکەڵ بە سووڕان و با دران"، wrench (E.) "بە زۆر کێشان"، ringen (G.) "خۆ ماندوو کردن، زۆرەوانی کردن، ململانی کردن"، Ring (G.) "بازنە، ئاڵقە" [دە بنەڕەتدا واتا چەماوە]، wrigen (MG.) "با دان، گوشین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *uer -, *wer- >*** "با دران، سووڕان". خزمە دەگەڵ ↑وڕ wır و ↑وەرانین weranîn و گەلێک وشەی دیکە کە چەمکی سووڕان و با دران دەردەبڕن.

[تێبینی: وشەی labor (.L) "زەحمەت، رەنج، تەقەلا" خزمە دەگەڵ وشەی کوردمادی لەپین lepîn "بەلادا هاتن" کە ئەمەش ماناکەی نیزیکە لەو مانایانەی سەرەوە].

رەند rend 1 *[rand]* - "خاوەن چاکە، جوامێر، دەست و دلباز": زۆرتر دەگەڵ "مەرد" دێ [مەرد و رەند merd u rend]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ راد rad (.P) "دڵاوا، بەخشەر". هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ reich (.G)، reiks (.Gt)، rich (.E)، rik (.Sw) "دەوڵەمەند، ساماندار". وشە ژێرمەنییەکان خزمن دەگەڵ rex (.L) "فەرمانڕەوا، دەسەڵاتدار" و rî (.OIr) "شا".

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا هێندێک جار فۆتیمی n لەبەر هاسانبێژی دەکەوێتە تیوان بزوێنەکانی e / a و چەند کۆنسۆنانتێکی وەک c و g و d بۆ وێنە ئامانج ، کرمانج، هەنگاو، ئەنگاوتن و هتد].

رەند rend 2 *[rand]* - "1- ئاد، زەوی هەڵکەوتوو لەناو ئاودا 2- تەختایی ناو گردان": دەبێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑لەند lend.

رەندۆڵ rendol *[randol]* - "ئاودڕ": رەند + ئۆڵ rend + ol. کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە↑ رەهەند rehend. کەرتی دووەم پاشگرە.

رەنگ reng *[rang]* - "چۆتیتی هاتنەبەرچاوی دیمەتێک وەک سوور، زەرد، سەوز و...": رنگ rang (.P). ئەگەر سەرنجی وشەی "سواخ" بدەین، دەبینن کە ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر وشەی "ساوین"، لە ریشەیەکەوە هاتووە بە مانای "کڕاندن، داروشاندن، بڕین، سوونەوە، رێخشاندن" و دە بنەرەتدا بەو شتە گوتراوە کە دە دار و دیواری *هەڵدەسوون*. بەم چەشنە وێ دەچێ "رەنگ"یش پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑رنین rınîn، سەر بە ریشەیەک بێ بە مانای "بڕین، کڕاندن، قەڵشاندن".لەم مانا بنەڕەتییەوە دەتوانێ هەر وەک وشەی لە وشەی "سواخ"دا دەبینرێ، مانای "رێخشاندن" پەیدا بووبێ. لەم تێڕوانینەوە "رەنگ" دەبێ مانایەکی وەک "سواخ" یان "هەتوان"ی هەبێ کە دە شت هەڵسووڕاوە. شیاوی باسە کە "هەتوان" یش خزمە دەگەڵ "سواخ".

2- لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ hrīnan (.OG) "رێخشاندن، لێخشاندن" سەر بە ریشەی ***(IE.) *krei- >*** "رێخشاندن، لێخشاندن، پێداخشاندن". Reif (.G) و rime (.E) "زوقم، بەستەڵەکی زۆر تەنک" لەم ریشەوە هاتوون.

رەنگاڵ rengal *[rangāl]* - "بزگوڕ": خزمە دەگەڵ ↑رنین rınîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "پچڕین، دڕین، لێکردنەوە".

رەنوونە renune *[renūne]* - "هەپە، کەرکیت، شانەی تەون کوتان": دەچێتەوە سەر ↑رنین rınîn. ئەم ئامرازە وەک چەنگێک دەچێتە ناو تاڵەکانی تەون و کارەکەی وەک دارنین وایە. شێوەی ئەم ئامرازە و هەروەها وشەکەی هەڵسەنگینە دەگەڵ رنەک rınek "قەشەو".

رەو rew 1 *[raw]* - " کۆچ": رەڤ rev یش دەگوترێ. دەگەڵ "کۆچ" دێ [کۆچ و رەو koç u rew]. هەروەها وەک بنەوشە لە هێندێک وشەی دیکەدا دەردەکەوێ، وەک رەوەند بە مانای "کۆچەری"، رەوت، رەوش، رەوا، رەوان، رەوانە و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑رۆیشتن royıştın.

رەو rew 2 *[raw]* - "حەپە": [رەوڕەو: حەپەحەپ، وەڕەوەڕ، رەوین واتا وەڕین]. رەوە rewe ش دەگوترێ.

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ Ruf (.G)، (h)ruof (.OG)، hrōps (.Gt)، hrōp (.OE)، rop (.Sw) "بانگ، هاوار، قیژە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑قارەمان qareman و ↑قریوە qırîwe.

2- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ rienen (.MG) "نالاندن"، reonian (.OE) "سرت و خورت کردن"، rjona (.Nor) "چەقەچەق کردن"، rumor (.L) "دەنگەدەنگ، دەنگۆ"، roar (.E) و reren (.OG) "نەڕاندن، گوڕاندن" و هتد. ئەم وشانە دەبێ بە لاسا کردنەوەی دەنگ پێک هاتبن.

ڕەوا **rewa** *[rawā]* - "بەحەق، دادپەروەرانە": روا ravā (P.). دەشێ لە بنەوشەی ڕەو -rew وەرگیراوبێ و خزم بێ دەگەڵ ↑ڕۆیشتن royıştın.

[تێبینی: مەبەست لە "ڕەوا" دە بنەڕەتدا ئەو شتەیە کە کە بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵگا دەلوێ، دەبێ، بەرهەڵستی لەپێش نییە. شیاوی باسە کە وشەی ↑لوان luwan "شیان" پێوەندی بەم وشەوە هەیە. دە زمانی ئەڵمانیدا کاتێک ئاماژە بەوە دەکەن کە کارێک نابێ [جێ بەجێ نابێ، ناتوانرێ (جێ بەجی) بکرێ، دەڵێن: es geht nicht واتا "ناڕوا"، سەر بە کرداری gehen "ڕۆیشتن". دیارە مەبەست لە "ناڕوا"ی ئەڵمانی هەمان "نالوێ"ی لای خۆمانە. وەک باسیش کرا، "ناڕوا" و "ناڵوێ" دەشێ لە ریشەدا هەر یەکن].

ڕەوار **rewar** *[rawār]* - "پێچکەی لانک": خزمە دەگەڵ ↑ڕۆیشتن royıştın.

ڕەواق **rewaq** *[rawāq]* - "رنگاڵ، هەنگوینی هەڵچۆڕاو": خزمە دەگەڵ ↑ڕاوەک rawek "پاڵۆینە" و دواتر ↑ڕیپۆق *rîpoq*.

ڕەوان **rewan** *[rawān]* - "ڕووح، وەزکَ": روان rawān (P.). ئەم ناوە ڕەنگە لەوەڕا هاتبێ کە مرۆڤانی کەونارا وایان بیرکردۆتەوە "ڕەوان" بە پێچەوانەی لەش، پێوەندی بە کات و شوێنەوە نییە، بەڵکوو دەتوانێ لە لەش دەرباز بێ و سنوورەکانی کات و شوێن تێپەر بکا. لەم تێڕوانینەوە وشەکە پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑ڕۆیشتن royıştın. لەباری مانای وشەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "وەزکَ" [وەزکَ دان]، هەروەها دەگەڵ "ڕووح" دە زمانی عەڕەبیدا کە خزمە دەگەڵ کرداری *اروح* "دەڕۆم".

ڕەوت **rewt** *[rawt]* - "جۆری ڕۆیشتن": لە بنەوشەی ڕەو -rew وەرگیراوە و خزمە دەگەڵ ↑ڕۆیشتن royıştın.

ڕەوتین **rewtîn** *[rawtīn]* - "داوەرینی گوڵ و گیا، گەڵارێزان": خزمە دەگەڵ ↑ڕووت rŭt "ڕووت و قووت، بێبەرکَ". ڕەوتین بە مانایەکی دیکە هەمان ڕووت بوونەوەی دار و دەوەنە.

ڕەورەوە **rewrewe** *[rawrawa]* - "چەرخ، ڕەوەڵە": بنەی وشەکە ڕەو -rew ە و دەچێتەوە سەر کرداری ↑ڕۆیشتن royştın.

ڕەوس(ە) **rews(e)** *[raws(e)]* - "خۆیانی گیرەکراو": خزمە دەگەڵ reif (G.)، rīfi (OG.)، rijp (Nl.)، ripe (E.) "گەیشتوو، ئامادەی لێکردنەوە، پێگەیشتوو". ئەم وشانە دەچنەوە سەر کردارێک بە مانای "دروونەوە، لێکردنەوە، رنینەوە" (ی بەر و بۆم). دە زمانی ئینگلیزی کۆندا وشەکە rīpan (OE.) بووە. دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.)*re- >** و دواتر ***(IE.)*reip- >** "رنین، پچڕین، لێکردنەوە".

ڕەوش**1** **rewş** *[rawš]* - "خشڵ و زەنبەر": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ڕۆشن roşın و ↑ڕۆژ roj سەر بەریشەیەک بە مانای "ڕووناکی بەخشین، درەوشانەوە".

ڕەوش**2** **rewş** *[rawš]* - "بار و دۆخ": دەچێتەوە سەر *روش raveš (P.)* "ڕێباز، ڕەوت".

ڕەوش**3** **rewş** *[rawš]* - "جوانی و گەشایی کوڵمە":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑ڕەپ rep "ڕەق، ئەستوور، قەڵەو". دیارە زۆر لە پێوانەکانی جوانی سەردەم بە سەردەم دەگۆڕێن و لە سەردەمانی پێشوودا لەش و دەموچاوی پڕ و گۆشتن بە جوانتر زانراوە لە هی زراڤ و باریکەڵە".

2- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑ڕەوش**1** rewş "خشڵ و زەنبەر".

ڕەوشت **rewışt** *[rawışt]* - "ئاکار، ئەخلاق": دەچێتەوە سەر *روش raveš (P.)* "ڕێباز، ڕەوت".

ڕەونج **rewınc** *[rawınj]* - "لەش ڕەق بوون لە سەرمان، ڕەقیتە": خزمە دەگەڵ ↑ڕەپ rap "ڕەق بوون، ئەستوور بوون".

ڕەوە[1] **rewe** *[rawa]* - "پۆل، دەستە، گەلە": رمە rame (P.). ئەم وشەیە چ پێوەندییەکی بە "ڕەوین(ەوە)" و "ڕمیدن"ی فارسییەوە نییە و وشەیەکی سەربەخۆیە. خزمە دەگەڵ rīm (OG.) "ڕیز، ریزبەندی، تەرتیب، هەژمار"، rīm (OE.) "هەژمار، ژماردن، حیساب کردن"، rīm (OIs.) "حیساب،

رۆژژمێر“، rīm (OIr.) ”هەژمار“، arithmós (Gr.) ”هەژماردن، هەژمار“. بەم پێیە روون دەبێتەوە کە مەبەست لە ”رەوە“ یان ”رەمە“ بریتییە لە ”هەژمار“، واتا کاتێک باس لە رەوەیەک ئەسپ یان بەراز کراوە، مەبەست هەژمارێک بووە. ئەم وشانە دە پلەیەکی دوورتردا دەگەڵ گەلێک وشەی دیکە خزمن کە لەژێر ↑راشەن raşen دا شی کراونەوە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا Reim (G.) ”قافیە“ پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. پێوەندی دوو چەمکی ”قافیە“ و ”ریز“ [مانای کۆنی وشەکە دە زمانی ئەڵمانیدا] باشتر دەر دەکەوێ، ئەگەر سەرنجی وشەی ”رەدیف“ بدەین [رەدیف و قافیە].

رەوە² **rewe** [*rawa*] - ”حەپەی سەکَ“: ↑رەو rew.

رەوە³ **rewe** [*rawa*] - ”داری گەزۆ تەکاندن“: جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ rama (OG.) ”پایە، کۆڵەکە“، ramtis (Lit.) ”کۆڵەکە، داری خانوو“، -rambha (OIn.) ”کۆڵەکە، داردەست“. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ئارام aram.

رەوەز **rewez** [*rawaz*] - ”ریزەبەرد، چین چینە بەردی چیا“: دەشێ خزم بێ دەگەڵ Reif (G.)، rope (E.)، rep (Sw.)، reep (Nl.) ”نەوار، پەت، گوریس، بەند“. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Reihe (G.) ”ریز“ و دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *re(i)- >* ”رنین، بڕین، کڕاندن“. ئەم وشەی دوایی خۆی خزمە دەگەڵ ↑ریز rîz ی کوردمادی. بەم شێوەیە مانای بنەرەتی ”رەوەز“ بریتی دەبێ لە ”ریز“ یان ”نەوار“. وەک دەبینین ئەم مانایەش دە زمانی کوردمادیدا پارێزراوە (بڕوانە مانای وشەکە).

رەو(ە)ق **rew(e)q** [*raw(a)q*] - ”کۆتەرەن ئەستوورایی“: خزمە دەگەڵ ↑رەپ rep ”رەق، ئەستوور“.

رەوەند **rewend** [*rawand*] - ”1- کۆچەر2- جەریان“: لە بنەوشەی رەو -rew وەرگیراوە و دەچێتەوە سەر کرداری ↑رۆیشتن royıştın.

رەویتن **rewîtın** [*rawītın*] - ”تاشین، هەڵکەندن“: رەوێرتن rewêrtın و رەوێشتن rewêştın یش دەگوترێ. هەروەها رەوێژە(ک) reweje(k) هەیە بە مانای ”تیخی کەوچک کۆڵین“. خزمە دەگەڵ raufen (G.)، rīepan (OE.) ”هەڵکەندن، رنینەوە“، rauh (G.) ”زبر“، ruere (L.) ”هەڵکەندن، کۆلین“، rudus (L.) ”بەردی لەت وکوت کراو“، rumpere (L.) ”شکاندن“، rauti (Lit.) ”هەڵکەندن، رنینەوە“، ryt (Rus.) ”هەڵکەندن“، سەر بە ریشەی *(IE.) *reu(p)- >* ”پچڕاندن، هەڵکەندن، کڕاندن، کۆڵین“. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑راو raw و ↑رووت rut دە زمانی کوردمادیدا.

رەوین(ەوە) **revîn(eve)** [*rawīnawa*] - ”هەڵاتن، دەرچووتیکی سووک و خیرا“. رمیدن ramīdan (P.)، دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑را ra [را کردن].

رەوێشتن **rewêştın** [*raweštın*] - ” هەڵکەندن لە بەرد“: خزمە دەگەڵ ↑رووت rŭt و رەپاندن repandın.

رەە **reh** [*rah*] - ”رەکَ“: شێوەیەکی دیکە لە ↑رەکَ reg، سەر بە ریشەی *(IE.) *reu-, *re-, *ere- >* ”بزووتن“ [هەروەها بڕوانە را³ ra کردن].

رەها **reha** [*rahā*] - ”ئازاد، نەبەستراوە“: دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *reu-, *re-, *ere- >* ”بزووتن“ [هەروەها بڕوانە را³ ra کردن]. ئاشکرایە پێکهاتەیەکی رەها بەپێچەوانەی پێکهاتەیەکی بەستراو و بەندکراو، دە دۆخی بزووتندایە یان توانای بزووتنی هەیە.

رەهاڵ **rehal** [*rahel*] - ”جیازی بووک“: رەهێڵ rehel یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی بە ↑راشەن raşen ەوە هەبێ.

رەهاندن **rehandın** [*rahāndın*] - ”دەست یان کلک راوەشاندن“: جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ هێندێک وشە وەک rinnen (G.) ”جاری بوون“، rennen (G.) ”راکردن“، rnoti (OIn.) ”هەستا، بزوا“، ruere (L.) ”پەلە کردن، راکردن“، ronit (Rus.) ”خستن“. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *reu-, *re-, *ere- >* ”بزووتن، رەوان بوون، جاری بوون“.

رەهستن rehıstın *[rahıstın]* - "رووان، شین بوون": رستن rosten (P.). بنەی -ros(t) ی ئەم کردارە فارسییە بۆ کاتی رابردوو بەکار دێ و بۆ کاتی نێستا دەبێتە رووی rūy [رست rost واتا رووا، می روید mī rūyadواتا دەروێ]. خزمە دەگەڵ ↑راسان rasan سەر بە ریشەیەک بە مانای "هەڵدان، بەرز بوونەوە، سەرکەوتن"، بە تایبەتی بەرهەڤی بکە دەگەڵ rise (E.) "هەستان، بەرز بوون(ەوە)".

رەهن rehın *[rahın]* - "بیبیلەی چاو": پێوەندی هەیە بە ↑رهنک rıhnık و ↑رووناک runak.

رەهندە1 rehınde *[rahında]* - "ماڵ بە کۆڵ، عەودال، ئاوارە": خزمە دەگەڵ ↑رەها reha "ئازاد، نەبەستراوە".

رەهندە2 rehınde *[rahında]* - "پان و پۆڕ": خزمە دەگەڵ ↑رەسین resîn "گەیشتن، پێگەیشتن"، سەر بە ریشەیەک بەمانای "لەبەر یەک کشانەوە، پەل هاویشتن، بڵاو بوونەوە".

رەهۆڵ rehol *[rahol]* - "قەڵشی هەراو لەزەویدا": خزمە دەگەڵ ↑رەخنە rexne و دەشێ پێوەندییان هەبێ بە ↑ریش rîş سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، ڕنین، پچڕین، کڕاندن".

رەهەند rehend *[rahand]* - "خەندەک، ئاودڕ، ئاوەڕۆ": سەر بە ریشەی ***(IE.) *rendh- >*** "ڕنین، دڕین". ↑ڕنین *rınîn* ی کوردمادی و -rándhra (OIn.) "دەرز، قەلش" لەم ریشەوە هاتوون. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێ بە مانای "دەرز و قەڵش [لە زەویدا]" بە کارهاتبێ و هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رەندۆڵ rendol "ئاودڕ". فۆتیمی h لە وشەکەدا زێدەیە.

رەهێشتە rehêşte *[rahešta]* - "ئەسڵ، نەجیبزادە": خزمە دەگەڵ ↑رەکێ reg "بنەچەک، تۆرەمە".

رەهێڵ rehel *[rahel]* - "ڕێژنە، تاوەباران": بنەوشەی رەه -reh هەرئەوەیە کە بە جۆرێکی دیکە دە وشەکانی ڕێژنە rejne و رگبار ragbār [رەکێ rag + بار(ان) (bar(ān)]دا دەبینرێ. دەچێتەوە سەر ↑رشتن rıştın.

رەی rey *[ray]* - دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا ئاوا مانا کراوەتەوە: "ئەندازە، کێش، پڕی، قورسایی (گەنمەکەم ئەمساڵ پووکە، رەی نییە)". ئەم وشەیە دەبێ پێوەندی هەبێ بە ↑رەوس(ە) rews(e) "خۆیانی گیرەکراو"، reif (G.)، rīfi (OG.)، rijp (Nl.)، ripe (E.) "گەیشتوو، ئامادەی لێکردنەوە، پێگەیشتووە"، rīpan (OE.) "درووەوە، رنینەوە، لێکردنەوەی بەر و بۆ"، سەر ریشەی ***(IE.) *reip- >*** و دواتر ریشەی ***(IE.) *re- >*** "رنین، پچڕین، لێکردنەوە". لەم تێڕوانینەوە مانای بنەڕەتی وشەکە "حاسڵ، دەسکەوتی درووەوە"یە. کاتێک دەگوترێ "ئەمساڵ گەنمەکەم رەی نییە"، مەبەست ئەوەیە کە گەنمەکە حاسڵ یان بەرهەمی (پێویستی) نەداوە. لەوانەیە ↑رەن ren "خۆیانی راخراوی هێشتا گیرە نەکراو" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا ernten بە مانای "درووەوە، لێکردنەوەی بەر و بۆم" دێ و Ernte بە مانای "حاسڵ، خەرمان، دەسکەوتی درووەوە"].

ری rî *[rī]* - "روخسار، چڕ و چاو": شێوەیەکی سواو لە ↑ریتا rît بیچم، وێنە".

ریاڵ rıyal *[rıyāl]* - "قڕان، دەیەکی تمەنی ئێرانی، پووڵی سعوودی": وەرگیراوە لە *(E.) royal >* "پادشایی، پادشایانە" *> (OF.) roial > (L.) rēgālis*. ئەم پارەیە بە ناوی دەسەڵاتداریی پادشایی ئەو وڵاتانە کراوە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "قڕان" کە ئەویش دە ئەسڵدا وشەیەکی فەرەنگییە و بە مانای "تاج"ە.

ریان rîyan *[rīyān]* - "پیسایی لەش دانە دەرەوە": ریدن rīdan (P.). ئەم وشەیە و چەند وشەیەکی دیکە وەک ↑ریخ rîx و ↑ریقنە rîqne دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ریخۆڵە *rîxole* و ژمارەیەک وشەی دیکە بە مانای "بزووتن، جاری بوون، دەرباز بوون". لەوانەیە rheín (Gr.) "جاری بوون، جاری کردن" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

ریپاڵ rîpal *[rīpāl]* - "جلکی شڕ و درِ": خزمە دەگەڵ ↑ڕەپاندن repandın سەربە ریشەیەک بە مانای "پچڕین، درین، لێکردنەوە".

ریپۆق rîpoq *[rīpoq]* - "چڵکی چاو": ریپ + پاشگری ئۆق [ئۆک] rîp + oq. بنەوشەی "ریپ" بە شێوەیەکی دیکە دە وشەکانی ↑ڕاوەک rawek "پاڵوێنە" و ↑ڕەواق rewaq "شیرەی هەنگوین" [هەڵچۆڕاوی هەنگوین، هەنگوینی پاڵێوراو]دا دەبینرێ. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ rein (G.) "خالیس، بێگەرد" [دەبنەڕەتدا: پاڵاوتە]، cribrum (L.) وcriathar (OIr.) "پاڵوێنە" و دەچنەوە سەر ریشەی **(IE.) *(s)ker-** > **(IE.) *(s)krēi-** "دەڵاندن، چۆڕاندن، تکاندن" و ئەم ریشەیە خۆی دەچێتەوە سەر rîvok "بڕین، جودا کردن(ەوە)، لێکردنەوە". ئەم وشەیە بەرهەڤ بکە هەروەها دەگەڵ ↑ریڤۆک "شەمەترێلکە".وشە کوردییەکانی سەرەوە بەتایبەتی دەگەڵ وشەی لاتینییەکە هەڵسەنگینە. فۆتیمی سەرەتای وشە لاتینییەکە دە زمانی کوردیدا سواوەتەوە، هەر وەک چۆن دە زمانی ئەڵمانیشدا سواوەتەوە. هەروەها وێ دەشێ ↑ڕێل rel "ئاونگ، شەونم" و ↑ڕینگانەوە rînganewe بە مانای "شیرە دانەوەی دۆشاو" پێوەندیان بەم وشانەوە هەبێ.

[تێبینی: بەم جۆرە دەردەکەوێ کە "ریپۆق" مانایەکی ناحەزی نییە و هیچ پێوەندیشی بە "ریان" یان "رین"ەوە نییە، بەڵکوو ماناکەی شتێکە وەک Sekret دە زمانی ئەڵمانیدا بە مانای "تەڕایی دەرچوو لە لەش". ئەم وشە ئەڵمانییە دەچێتەوە سەر secretum ی لاتینی بە مانای "جوداوەبوو"].

ریت1 rît *[rīt]* - "1- بزگوڕ 2- بیچم، وێنە": خزمە دەگەڵ ↑ریش rîş.

ریت2 rît *[rīt]* - "بزووتنی لە نەکاو": خزمە دەگەڵ↑ ڕەت ret [ڕەت بردن، ڕەت دان].

ریتاڵ[1] rîtal *[rītāl]* - "ریخ": دەچێتەوە سەر ↑رین rîn.

ریتاڵ[2] rîtal *[rītāl]* - "جلکی شڕ": دەچێتەوە سەر ↑ریش rîş. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑ریشاڵ rīšāl.

ریتق rîtıq *[rītıq]* - "جیقنە": دەچێتەوە سەر ↑رین rîn.

ریتک1 rîtık *[rītık]* - "تیتوڵ"، هەروەها دەگەڵ "پیتک" دی [ریتک و پیتک rîtık û pîtık]. خزمە دەگەڵ ↑ریش rîş و دەبێ بە واتای "لەت و پەت" بێ.

ریتک2 rîtık *[rītık]* - "بزووتنەوەی توند": خزمە دەگەڵ ↑ڕەت[1] ret [ڕەت بردن، ڕەت دان].

ریتک3 rîtık *[rītık]* - "لای خوارەوەی سک": دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑ریخۆڵە rîxole و روده rūde (P.) "ریخۆڵە".

ریتکە rîtıke *[rītka]* - "1-هەوەڵ شیری تیکەڵ بە ژەک 2- هەویری شل و خۆ نەگرتوو": خزمە دەگەڵ ↑رشتن rıştın و رژان rıjan و ↑ریچاڵ rîçal "شیرەمەنی" و هتد.

ریچ(ە) rîç(e) *[rīč(e)]* - "1- ددانی گڕ و بەرچاو 2- ددان دە چیڕەوە بردن لە توورەیی 3- گرژ و ناوچاوان ترش": ریچۆ rîço بە مانای "ددان گڕ" دێ، هەروەها ریکە rîke هەیە بە مانای "سیڕەی ددان". وشەی سیڕە [چیڕە] دە بنەڕەتدا مانای "توند، ڕەق، سفت" دەدا. هەر بۆیە وشەی ریچ [ریچە] دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑رچیان rıçyan "بەستن، مەیین، توند بوون" و ↑ڕەق *req* و ↑رژد rıjd.

ریچاڵ rîçal *[rīčāl]* - "شیرەمەنی": خزمە دەگەڵ ↑رشتن rıştın.

ریخ rîx *[rīx]* - "پیسایی ئاژەڵ": خزمە دەگەڵ ↑رین rîn و ↑*ریان rîyan*.

ریخنە rîxne *[rīxna]* - "جیقنە": ریقنە rîqne ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ریخ rîx "پیسایی ئاژەڵ".

ریخۆڵە rîxole *[rīxola]* - "ڕێگەی دەرباز بوونی هەڵتاوێنراو لە لەش": ڕۆخڵە roxle، ڕۆدی rodî و رووڤی ruvî یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ریخ rîx و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بزووتن، جاری بوون، لە بزاڤدا بوون". "ریخ" و "ریان" دە بنەڕەتدا بریتییە لە "دەرباز بوون لە لەش" و "ریخۆڵە"ش شوێنی دەرباز بوونەکەیە. ژمارەیەک لە وشەکانی سەر بەو ریشەیە لەژێر ↑ڕا[3] *ra* [ڕا کردن]دا باس کراون. یەکێک لەم وشانە بریتییە لە ↑ڕووبار rubar "چەم". "ڕووبار" واتا ئەو شتە کە دەرباز دەبێ

یاخود جارییه. به فارسی وشەکە دەبێتە رود rūd (.P)، بە ئینگلیزی river (.E) کە ئەمەیان لە پێوەندی دایە لەگەڵ rīvus (.L) "چەم، رووبار". ئەگەر سەرنجی ئەم چەند وشە و جۆری فۆنێمەکانیان بدەین، ئەوسا دەبینین کە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە، واتا رۆدی rodî و رووڤی ruvî بە مانای ریخۆڵە بە تەواوی یەک دەگرنەوە.

ریز rîz *[rīz]* - "رەدیف، سەف": رج raj (.P) بە هەمان مانا. خزمە دەگەڵ Reihe (.G)، rang (.G)، "ریز، پلە و پایە"، riga (.OG) "خەت". دە زمانی هیندی کۆندا rikha (.OIn) بە واتای "خەت خەت" هاتووە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *re(i)- >*** "رنین، بڕین، کڕاندن".

ریس rîs *[rīs]* - "بەن": ↑رستن rıstın.

ریسوا rîswa *[rīswā]* - ↑ڕسوا ruswa.

ریسە rîse *[rīsa]* - دەگەڵ "مل" دێ [ریسەی مل]. دەشێ هەمان ↑رەکَ[1] reg بێ [رەگی مل].

ریش rîş *[rīš]* - "ردین": دە زمانی کوردمادیدا هاومانا دەگەڵ ردین بەکاردەهێندرێ، بەڵام دە زمانی فارسیدا تاکە وشەیە بۆ "ردێن". لە باسی وشەی "ردێن"دا باس کرا کە وشەکە پێوەندی بە چەمکی "بڕین، پچڕین، رنین، تاشین، کڕاندن"ەوە هەیە. هەربەم جۆرە دەبێ ریش rîş یش پێوەندی بە چەمکێکی ئەوتۆوە هەبێ. ئەوەی ئەم بۆچوونە پشتراست دەکا، بوونی هێندێک وشەی پێوەندیدارە کە دەربڕی ئەم مانایەی سەرەوەن، وەک ↑ریشاڵ rîşal [ریزاڵ rîzal]، ↑ریشوو rîşû [ریشوە rîşwe]، ↑ریتک و پیتک rîtık "وردە و پردە"، ↑ریت rît "بزگوڕ، کوتەپەڕۆ"، ↑رێزە reze "کەمووکە" [دە بنەڕەتدا کوتێک، بڕێک] و هتد. وەک دەبینین چەمکی سەرەکی و هاوبەش دە هەموو ئەم وشانەدا چەمکی "بڕین، دڕین، لەت و کوت کردن، لێکردنەوە"یە. ریش دە زمانی کوردمادی و فارسیدا بە مانای "برین، بریندار"یش بەکاردێ، بە تایبەتی لە دەقە هونراوەییەکانی پێشوودا. ئەم وشەیە دەبێ خزم بێ دەگەڵ هێندێک وشەی ژێرمەنی وەک riß (.G) "دەرز، قەڵش"، riz (.OG) "خەت، کێڕ، دێڕ"، writs (.Got) "خەت"، writ (.OE) "خەت، پیتی نووسین"، rit (.OIs) "نووسین". [خەت و نووسین دە بنەڕەتدا بەشێوەی کڕاندن و ڕنین و قەڵش خستنەسەر دار و بەرد بووە]. ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر کردارێک کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هێندێک مانای جیاواز بەڵام نیزیک لە یەکتری هەیە، وەک reien (.G) "پچڕین، دڕین، لەت و کوت کردن"، ritzen (.G) "کڕاندن، دڕاندن"، rizan (.OG) و writan (.OE) "کڕاندن، نووسین، وێنەکێشان"، rita (.Sw) "وێنەکێشان". بەم جۆرە دەبینین کە وشە کوردماددییەکان مانای بنەڕەتی ڕیشەکە، کە بریتییە لە "بڕین، کڕاندن، پچڕاندن"، بە تەواوی پاراستووە. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەکان جگە لە ئاماژەکردن بەم مانایە و هەرلەسەر بنچینەی ئەم مانایە هێندێک مانای دیکەشیان وەرگرتووە، وەک "خەت، پیت، نووسینن وێنەکێشان". شیاوی سەرنجە کە ئەم مانایەی دوایی دە زمانی کوردمادی و فارسیشدا بەدی دەکرێ. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑ریت rît جگە لە مانای "تیتۆڵ" مانای "بیچم و وێنە"ش دەدا و هەروەها ↑رایشان rayşan "لەبەر نووسینەوە" و ↑رایش rayş "لەبەر نووسراو" و ↑راچیتە raçîte "نوسخەی پزیشک" هەن، کە پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە دیارە. دە زمانی فارسیدا رد rad (.P) هەیە بە واتای "شۆپ، شوێن و ئەسەر" و "رد گرفتن" واتا " کەوتنە شوێن، رۆیشتن بەدوای شۆپدا". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *uer- >*** "کڕاندن، دڕاندن، قەڵشاندن".

ڕیشاڵ rîşal *[rīšal]* - "بزگوری باریک باریک": ریزاڵ rîzal یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ریش rîş.

ریشوو rîşû *[rīšū]* - "ریشاڵ": ریشوە rîşwe ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ریش rîş.

ریشۆڵ rîşol *[rīšol]* - "سێروو": خزمە دەگەڵ ↑رەش reş.

ریشە rîşe *[rīša]* - "بنی دارو دەوەن": ریشە rīše (.P). خزمە دەگەڵ rhiza (.Gr). ریشەی ئەم وشە یۆنانییە باس نەکراوە. دە زمانی یۆنانیدا هەروەها rha, rhon (.Gr) هەیە بە مانای "بنچک، پنچک" کە

لەوانەیە پێوەندی بە وشەکەی سەرترەوە هەبێ و دواجاریش پێوەندییان بە ↑رەکَ reg ەوە هەبێ [رەکَ و ریشە].

ریف rîf *[rīf]* - "قاش، کووز": وشەکانی قاش و کووز دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای"بڕین، دڕین، جیا کردنەوە". هەربەم چەشنە ریف rîf یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە هەمان مانا و دەبێتە خزم دەگەڵ ↑راوraw، ↑رفاندن rıfandın، ↑رەپاندن repandın و ↑رۆپڵاندن roplandın و هتد.

ریڤ rîv *[rīv]* - "تووکەبەر": رووڤ ruv و رووی ruy یش دەگوترێ. هەر وەک چۆن وشەکانی "ردێن" و "ریش" دەچنەوە سەر دوو ریشە کە مانای" بڕین، پچڕین، رنین" دەبەخشن، وشەی ریڤ rîv یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە هەمان مانا و خزمە دەگەڵ ↑ریف rîf "قاش، کووز"، ↑رەوتین rewtîn"تاشین، هەڵکەندن" و ↑رۆپڵاندن roplandın "هەڵپەرتاوتن" و هتد.

ریڤن rîvın *[rīvın]* - "پیس، چڵکن": بنەوشەی -rîv خزمە دەگەڵ ریم rīm (P.) "چڵک، زووخاو". خزمە دەگەڵ ↑ریڤۆک rîvok "شەمەترێلکە". هەر چەند مانای ئەم دوو وشەیە، وەک لە گەلێک شوێنی دیکەدا، عەرز تا ئاسمان جیاوازە، بەڵام ریشەکەیان یەکە و مانای "دەڵاندن، دانەدەرەوەی تەڕایی، چۆڕاندن، تکاندن" دەدا. لە وشەی "ریڤن"دا مەبەست دەڵاندنی چڵک و کێم لە لەشە، لە وشەی "ریڤۆک"دا دەڵاندنی هەنگوین لە لەشی مێشەکە مەبەستە.

ریڤۆک rîvok *[rīvok]* - "شەمەترێلکە، شەمەتلێنکە، هەنگیکی رەشکەڵەیە هەنگوینێکی زۆر خۆش دروست دەکا": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑ریپۆق rîpoq دا باس کراون. ئەم وشانە دە بنەڕەتدا بە مانای "دەڵاندن، دانەدەرەوەی تەڕایی، چۆڕاندن، تکاندن" دەبەخشن. "ریڤۆک" دە بنەڕەتدا واتا "دەڵێنەر(ی بچووک)" و ئاماژەیە بە دەڵاندن و دەردانی هەنگوین وەک تەڕاییەک لە لەشی ئەو هەنگە. ئەگەر سەیری وشەکانی "شەمەترێلکە" یان "شەمەتلێنکە" بکەین، ئەو راستییە باشتر روون دەبێتەوە. "شەمە" ئاماژەیە بە رەنگی رەش و تاریکی زیلەکە و خزمە دەگەڵ "شێو" [شام] بە مانای "ئێوارەی درەنگَ، تاریکان". کەرتەی وشەی "ترێلکە" یان "تلێنکە" هەمدیسان ئاماژەیە بە دەڵاندن و تەڕایی دانەدەرەوە و خزمە دەگەڵ چەند وشەی وەک "تەڕ"، "دڵاندن" و "دڵۆپ" و هتد. لە وشەی شەمەترێلکەشدا پاشگری "ئێلکە" پاشگری گچکاندنە و ئاماژە بە بچووک بوونی زیندەوەرەکە دەکا.

ریق rîq *[rīq]* - "سیس هەڵاتوو، ژاکاو": دە زمانی فارسیدا ریقو rīqū (P.) بە مانای "لەڕ و بێهێز" بەکار دێ. خزمە دەگەڵ Rücken (G.)، ruki, (h)ruki (OG.)، hrycg (OE.)، ridje (E.)، rug (NL.)، rygg (SW.)"پشت" و hrukka (OIs.)، rynke (Norw.)، rynka (Sw.)، "قەد، لۆ، چرچ و لۆچی". ئەم وشانە دەچنەوە سەرە ریشەیەک بە مانای "خوار بوون(ەوە)". دە زمانەکانی دیکەشدا هێندێک وشە پێوەندییان بە وشەکانی سەرترەوە هەیە، وەک kriáuklas (Lit.) "پەراسوو"، kruknet (Let.) "خوار دانیشتن"، kruncati (OIn.) "خوار دەبێ(تەوە)"، curvus (L.) " پێچ، خواری"، circus (L.) "جەغز"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)ker- > "سووڕان، با دران، خوار بوون". هەروەها schräg (G.) "خوار" پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە پەیدا دەکا. دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەک لەم چوارچێوەدا جێ دەگرن، وەک ↑چرچ çırıç [هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشە ئەڵمانییەکەی پێشتر]، ↑کووریانەوە kuryan(ewe) "بەزەویدا درێژ بوونی سەوزە لە سەرمان" و ↑کورژان kurjan "چرچ بوون" و لەوانەشە ↑خڕ xır.

ریقنە rîqne *[rîqna]* - "جیقنە، پیسایی پەلەوەر": خزمە دەگەڵ ↑ریخ rîx، ↑رین rîn و ↑*ریان rîyan* "پیسایی لەش دانان".

رین rîn *[rīn]* - "پیسایی دانان": ↑ریان rîyan یش دەگوترێ.

رینک rînık *[rīnık]* - "لەڕ و لاواز": خزمە دەگەڵ Runzel (G.)، runke (MG.)، rynka (Sw.)، rynke (Nor.)، hrukka (OIs.) "چین، چرووک"، skrynka (Sw.) "چرچ و لۆچ بوون"، shrink (E.)،

schrinken (.MNl) "چرچ بوون، چکۆڵە بوونەوە، تێکەوەچوون". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چرچ↑چرچ *çırıç* و ↑چرووک çırûk.

رینگانەوە rînganewe *[rîngānawa]* - "شیرەدانەوەی دۆشاو": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑ریپۆق rîpoq "چڵکی چاو".

ریوە ewe *[rīwa]* - ریوەریو واتا "پرتەپرت، زۆربڵێیی": خزمە دەگەڵ ↑رەو rew [رەوەرەو واتا حەپەحەپ".

ریوەڵ(ە) rîwel(e) *[rīwal(a)]* - "کز و لاواز": بنەوشەی ریو -rîw شێوەیەکی گۆڕدراوە لە ↑ریق rîq "سیس هەڵاتوو، ژاکاو"، [ریقو rīqū (.P)]"لەڕ و بێهێز".

رێ1 re *[re]* - "شەقام، شوێنی پێدارۆیشتن": راه rah (.P). خزمە دەگەڵ road (.E) "جادە"، ride (.E) و rīdan"بەسواری رۆیشتن"، raithya (.Av) "رێگە" و ratha (.OP) و (.OIn) "چەرخ، گاری"، Rad (.G)، rad (.Nl) و ratas (.Lit) "چەرخ"، سەر بە ریشەی ***(IE.)*ret(h)- >*** "گەڕان، رۆیشتن، تلان، خلۆر بوونەوە". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑رەت ret [رەت بوون واتا تێپەڕین].

رێ2 re *[re]* - "پێشگری کردار": لە چەند کردارێکی وەک "رێخستن، رێخشاندن، رێک کوشین"دا دەردەکەوێ. پێشگری رێ -re دە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە دوو کەرتی رە + وێ [ئەو] we + re و دەبێ سەرەتا "رە وێ خشاندن" گوترابێ واتا "رە ئەو خشاندن" و دواتر کرابێتە "رێخشاندن". ئەمجار ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پێشگری re، ئەوا دەبێ هەروەک پێشگری "لە" le [لێ خستن، لێ خشاندن]، کە شێوەیەکی دواتر گۆڕداروی re یە، بیانبەستینەوە بە upari (.Av)، hyper (.Gr)، super (.L)، ubar (.OG)، over (.E)، über (.Sw)، بر ber (.P) و هتد بە مانای "سەرەوە، لەسەر، بەسەر".

رێبوار rebwar *[rebwār]* - "رێڤینکێ": رێ + بوار b(u)war + re. کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر (را) بواردن (ra)buwardın یان بوورین burîn بە مانای "تێپەر بوون، رەت بوون". کەواتە وشەکە دەبێتە ئەوکەسەی رێگە دەبڕی [راستر: رێگە *دەبوورێ*، چونکە رێگە نابڕدرێ!].

رێجە rece *[reja]* - "بۆتەی زێرینگەران": پێوەندی هەیە بە ↑رشتن rıştın [دارشتن]ەوە.

رێچکە reçke *[rečka]* - ↑رچە rıçe.

رێخ rex *[rex]* - "بنج، بێخ": شێوەیەکی دیکە لە ↑ریشە rîşe.

رێز rez *[rez]* - "قەدر و حورمەت": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ریز rîz "رەدیف، سەف، پلە و پایە". لەم مانایەوە، مانای "رێز" سەری هەڵداوە، چونکوو کەسانی خاوەن رێز، کەساتێک بوون کە لە کۆمەڵگادا خاوەنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بوون.

[تێبینی: ئەوەندەی لە بیرم بێ، پێوەندی ئەم دوو وشەیە لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا دڵزار دا ئاماژەی پێ کراوە].

رێزک rezık *[rezık]* - "رێ وشوێن، قانوون" : هەروەک ↑رێسا resa "رێوشوێن، قاعیدە و قانوون" خزمە دەگەڵ ↑راست rast و هەروەها Regel (.G) "رێوشوێن، رێسا".

رێزل rezıl *[rezıl]* - "زنجیر": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ریز rîz. مەبەست لە وشەکە دەبێ "دانەی ریزکراو" بووبێ.

رێز(ە) rez(e) *[reza]* - " کەمووکە، وردە": ریز rīz (.P) "ورد، گچکە". خزمە دەگەڵ ↑ریش rîş سەر بە ریشەیەک بە مانای "پچڕین، بڕین". هەروەک چۆن وشەی "بڕێک " بە مانای کەمێک لە کرداری "بڕین"ەوە هاتووە، بەم جۆرەش رێز (ریز) پێوەندە بە وشەی "ریش"ەوە، کە ئەویش دە بنەڕەتدا مانای "بڕین، پچڕین" دەبەخشێ.

رێژاو rejaw *[režaw]* - "1- یەکاو، جێگەی پێک گەیشتن یاخود "تێکرژان"ی دوو چەم 2- تاڤگە": رێژ + ئاو rej + aw. کەرتی رێژ دەچێتەوە سەر ↑رشتن rıştın.

رێژنکێ rêjıng [*režıng*] - "ڕەشاش، موسەلسەل": هەر وەک کرداری ↑ڕێژنە rejne باران و دەسترێژ destrejدەچێتەوە سەر کرداری ↑ڕشتن *rıştın*.

رێژە reje [*reža*] - "نیسبەت، ئەندازە":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑ڕادە rade.

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە rate (E.) "ئەندازە یان نرخ بە نیسبەت ئەوی دیکە". وشە ئینگلیزییەکە دەچێتەوە سەر ratus (L.) و دواجار rērī (L.) "نرخاندن، هەڵسەنگاندن، بیر کردنەوە". لەوانەیە ئەم وشەیە دەگەڵ ئەو وشانە خزم بێ کە لەژێر ↑ڕاشەن raşen دا شی کراونەوە.

رێژە reje [*reža*] - "بۆتەی زێرینگەری": رێجە rece ش دەگوترێ. پێوەندی هەیە بە ↑ڕشتن rıştın [دارشتن]ەوە.

رێژەو rejew [*režaw*] - "ڕادەی بەرهەمی کشتو کاڵی، بڕشتی خەلە": رێژەن rejen و رێژان rejan یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ڕێژە reje "نیسبەت، ئەندازە".

رێسا resa [*resā*] - "یاسا، پێرەو، رێبازی دیاریکراو": خزمە دەگەڵ ↑ڕاست rast. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هێندێک وشە کە بە مانای یاسا و رێسا دێن، خزمن دەگەڵ ئەو وشەیەی کە لەو زمانانەدا بە مانای ڕاست دێ. دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ وێنە Recht (G.) "ماف، حەق"، Gericht "دادگا"، Regel "رێسا" و recht "ڕاست" گشتیان لە یەک ریشەوە هاتوون. دە زمانی کوردمادی و فارسیدا (ڕاست و ریس کردن) یش بەکاردێ و لێرەشدا دەتوانین وشەی ریس rîs هەر لەم پێوەندییەدا لێک بدەینەوە.

رێڤینکێ revîng [*revīng*] - "رێبوار": بنجی وشەکە رێڤ -rîv یان رێڤین -revîn خزمە دەگەڵ ↑ڕەوینەوە revîn(ewe) و ژمارەیەک وشە کە لەژێر ↑ڕمان *rıman* دا باس کراون. ئەم وشانە مانای "بزووتن" دەبەخشن. [جێی بیر هێنانەوەیە کە "بزووتن" خزمە دەگەڵ "باز" [رێباز، دەرباز] و هەروەها خزمە دەگەڵ ئەو وشانە کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا مانای "رێگا" دەدەن. لەم بارەوە بڕوانە بڕوانە "باز"]. وشەی "رێبوار" بە جۆریکی دیکە دروست کراوە و پێک هاتووە لە "رێ" و "بوار"، سەر بە کرداری "بواردن، بووردن، بوورین"، واتا تێپەڕین و دەرباز بوون. بەم جۆرە مانای "رێبوار" دەبێتە "تێپەڕکەر یان دەربازکەری رێگا".

رێک-¹ rek- [*rek*] - "پێشگرێکی کردارە": دەگەڵ هێندێک کردار دێ وەک رێککوشین، رێکخستن، رێککەوتن و هتد. دە بنەڕەتدا ئاوا بووە: ڕە + یێک re + yek [ڕە یەک یان ڕە یێک کوشین، ڕە یێک خستن] و دواتر بووەتە رێک rek [ڕە یێککوشین ← رێککوشین]. پێک pek یش بەم چەشنە دروست کراوە [بە یێک be yek بووە و دواجار بووەتە "پێک": بە یێک گەیشتن ← پێک گەیشتن].

رێک² rek [*rek*] - "ڕاست": خزمە دەگەڵ recken (G.)، recchen (OG.)، rakjan (Got.)، reccan (OE.)، räcka (Sw.) "لەبەریەک کێشانەوە، ڕاست کردن (هوە)"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *reg- >*** "لەبەر یەک کشانەوە، درێژ بوونەوە، ڕاست کردن (هوە)". وشەی ↑ڕاست rast یش لەم ریشەوە هاتووە.

رێل rel [*rel*] - "ئاونگێ، شەونم": وێ دەچێ پێوەندی هەبێ بە ↑ڕیپۆق rîpoq "چڵکی چاو".

رێنج renc [*renj*] - "شوێن، ئاسەوار":

1- دەشێ لە ↑ڕنین rınîn هوە وەرگیرابێ و مەبەست دە بنچینەدا شوێنی جێماو بەهۆی رنین و کڕاندن و خەت تێخستن بووبێ. ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ڕدێن rıdên [رندێن rındên]، واتا ئەو شتەی دەکڕێندرێ و دەتاشرێ.

2- لەوانەشە پێوەندی بە رەد red (P.) "شوێن، ئاسەوار"ەوە هەبێ کە ئەویش دەچێتەوە سەر ریشەیەکی دیکە بە مانای "برین، ڕنین" [لەم حاڵەتەدا دەبێ فۆتیمی n خزابێتە ناو وشەکەوە]. ئەگەر ئەم شیمانەیە ڕاست بێ، ئەوا وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ڕیش rîş.

رێنکە renke *[renka]* - "لێک تۆپەڵ بوون و وەستان": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Ruhe (G.)، ruowa (OG.)، roe (MNl.)، rōw (E.)، ro (Sw.) "پشوو، وچان، لەکار وەستان، حەسانەوە"، erōē (Gr.) "سست و ماندوو بوون، وچان"، Rast (G.) rest (E.) "وچان، حەسانەوە، مەنزڵ"، سەر بە ریشەی ***er(ə)-, *rē-* > *(IE.)* "وچان دان". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها وشەی ↑رەعت reɛt [کۆنتر: رەهت reht یان رەست rast؟] بە مانای "ماندوویی" و ↑رۆست rost "دێ، ئاوایی" پێوەندیان بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

رێواس rewas *[rewās]* - "گیایەکی خواردنی": ربێس rıbes و ربیز rıbîz یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Rhabarber (G.) "ریواس". وشە ئەڵمانییەکە دەچێتەوە سەر زمانی یۆنانی: rha, rhon + barbaros (Gr.) واتا "بنچکی بیانی" [بەربەر]. دە زمانی رووسیدا بە رێواس دەگوترێ reven (Rus.). بە گوێرەی بۆچوونێک وشەکە لە زمانی فارسی وەرگیراوە. ئەوە کە وشە یۆنانییەکە لە زماتیکی دیکە وەرگیرابێ، زۆر رێی تێ دەچێ و خودی وشەی "پنچکی بیانی" ئەم راستییە دەسەلمێنێ. بەڵام زمانی سەرچاوە دەبێ کوردمادی بووبێ، چونکوو یۆنانییەکان لە کۆندا دەگەڵ کوردەکان هاوسێ بوون و بێگومان ناوەکەیان لە هاوسێکانی خۆیان وەرگرتووە، نەک لە فارسەکان کە چەند هەزار کیلومیتر لێیان دوور بوون.

رێوی rewî *[rewī]* - ↑رۆڤی rovî.

ز (Z)

زا za [*zā*] - "1- سا، جا [سا وەرە] 2- نۆبە لە گەمەدا": شێوەیەکی دیکە لە ↑جار car "بار، کەرەت".
[تێبینی: وشەی "جار" دە بنەڕەتدا مانای "کات" دەبەخشێ و ئاماژە بە کاتێکی دیاریکراو دەکا. سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "جار" و "نۆبە لە گەمەدا"، جێی ئاماژەیە کە وشەکانی *کات* "دەم"، *کەشە* "جار" و *کایە* "گەمە" (دە بنەڕەتدا: نۆبە لە گەمەدا) پێوەندییان پێکەوە هەیە].

زاب zab [*zāb*] - "سەکۆ، دەکە": خزمە دەگەڵ ↑زۆپ zop "زەق، دەرپەڕیو".
[تێبینی: هەردوو وشەی "سەکۆ" و "دەکە"ش دە بنەڕەتدا یەک وشەن و مانای "زەق و دەرپەڕیو بوون دەبەخشن].

زابۆق zaboq [*zāboq*] - "ئاودڕ، دادڕاوی لافاو": خزمە دەگەڵ ↑زاپ zap "لکی چەم".

زاپ zap [*zāp*] - "1- لکی چەم 2- گچکەبەردی پان و لووس": بە مانا دووەمەکەی ↑ساپ sap و سواپ suwap یش دەگوترێ. بە هەردووک ماناوە دەچێتەوە سەر ↑ساوین sawîn یان سوون sun. "زاب" بە مانای لکی چەم ئاماژەیە بە شوێنەی هەرد کە بە هۆی لافاو سواتەوە و قووڵایی دروست بووە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑زابۆق zaboq "ئاودڕ، دادڕاوی لافاو". هەروەها لە باری ماناوە هەڵیسەنگینە دەگەڵ "رەندۆڵ" کە ئەویش دەچێتەوە سەر کرداری "رنین" و مەبەست شوێنێکە لە زەوی کە ئاو رنیویەتی. مانای دووەمیش دەشێ ئاماژە بێ بە پان و تەنک بوونی گچکەبەرد لە ئەنجامی سواوەنەوەدا.

زات zat [*zāt*] - "بوێری، ئازایەتی": [دە بنەڕەتدا: هێز و پتەوی]، خزمە دەگەڵ ↑سێتە sete 1 "چیا"، ↑سیتەک sîtek "بەردەڵان، تمتمان" و ↑چیا çîya و Stein (G.) "بەرد". ئەم وشانە لە ریشەیەکەوە دێن، بە مانای "سەخت، پتەو". لەباری ماناوە ئەم وشانە هەڵسەنگینە دەگەڵ دوو وشەی دیکە کە ئەوانیش پێکەوە خزمن، واتا "بەرد" و "پاڵەوان"، یان دوو خزمەوشەی دیکە، واتا کەرا "گاشەبەرد" و *گورد* "ئازا، پاڵەوان"، هەروەها بڕوانە شیرۆڤەی ژێر "هەندرین"].

زاج zac [*zāj*] - "کاکۆڵی زارۆک": ساچ saç یش دەگوترێ [ساچ و پەرچەم]. خزمە دەگەڵ ↑سیخ sîx و دواجار ↑زەق *zeq*. لەباری پێوەندی دوو چەمکی "کاکۆڵ" و "سیخ بوون" بە یەکدی، هەڵی سەنگینە دەگەڵ "پۆڕ". ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سیخ بوون، زبر بوون".

زاجلانی zaclanî [*zājlānī*] - "ژانی ژن لە کاتی زارۆ هاورندا": زا + جلانی za + c(ı)lanî. کەرتی زا zaدەچێتەوە سەر ↑زان zan. کەرتی جلانی c(ı)lanî دەچێتەوە سەر ↑چلیان[1] çılyan "لێدان، چڵە دان". منداڵدانی ژن لەکاتی زاندا جاربەجار لێدەدا، واتا چڵان دەدا. لەبەر ئەمە بەو دۆخە دەگوترێ "زاجلانی" یان "ژان". وشەی "ژان"یش دە بنەڕەتدا بە مانای "لێدان"ە و خزمە دەگەڵ "ژەندن" و "ژەنین" و چەندین وشەی دیکە.

زاخ zax [*zāx*] - "1- بەردێکی کریستالی 2- گاشەبەرد": بە مانای یەکەم زاج zac یش دەگوترێ. زاج zāj (P.). ئەم وشەیە و هەروەها ↑زاخان zaxan، ↑زاخۆر zaxor "بەردەڵانی رژد"، ↑زگار zıgar "ورکەبەرد" و ↑زوخرە zuxre "ورکەبەرد". دەشێ وشەی صخرة saxra (Arb.) پێوەندی دەگەڵ زاخۆر zaxor هەبێ. ئەم وشانە پێوەندییان بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەیە:
1- saxum (L.) "بەرد، تیشەبەرد"، سەر بە ریشەی *(IE.) *sek- >* "بڕین، قەڵشین" و sahs (G.)، seax (OE.)، sax (OIs.) "چەقۆ". وشەی ↑چەقۆ çeqo خزمە دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکان.
2- ↑سەق seq و ئەو وشانەی لەوێدا باس کراون. ئەم وشانە چەمکی "سەخت، بەهێز" لە خۆ دەگرن. پێوەندی نێوان دوو چەمکی "سەخت، پتەو، بەهێز" و "بەرد" لەو وشانەی خوارەوەشدا دەبینرێ: *خار*

"سەخت" و کەرا "بەرد"، *تاو* "هێز، گوشار"، *تەوەن* "بەرد"، *کەڤر* [کەمر] "بەرد" و *خاو* [خام] "نەگەیشتوو، نەکوڵیو" [دە بنەڕەتدا: ڕەق، سەخت]. هەروەها دوو وشەی "بەرد" و "پاڵەوان" پێکەوە خزمن.

زاخ 2 zax [*zāx*] - "کێڕ، خەت": زاغ zaġ یش دەگوترێ، هەروەها ↑زاغوور zaġûr هەیە بە مانای "خەتکێش". جگە لەمە دە زمانی کوردمادیدا ↑زاخە zaxe "ئەشکەوتی گەورە" [دە بنەڕەتدا قەڵشەبەرد، قەڵشەشاخ] و زاخوڕ zaxur "ڕەهۆڵ" پێوەندیان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. ئەم وشانە سەر بەو خێزانە وشە گەورەیەن کە گەلێک وشەی لێ دەکەوێتەوە، وەک ↑چەقۆ çeqo، ↑شاقەل şaqel، ↑شکاندن şıkandın، ↑شکێڕ şıker، ↑ئەشکەوت eşkewt [ئە+ شکەوت] و گەلێکی دیکە سەر بە ریشەی ***sek- >** ***(IE.)*** "بڕین، قەڵشین، لەت کردن، جودا کردن". شیاوی باسە وشەکانی "خەت" و "کێڕ" یش دە ریشەدا هەر مانای "بڕین و قەلشین" دەدەن.

زاخڕ zaxır [*zāxır*] - "1- سەرەوژێری بەردەلان 2- ئاغەڵی لە کێودا بڕاو": دەچێتەوە سەر ↑زاخ zax.

زاخوڕ zaxur [*zāxur*] - "ڕەهۆڵ": خزمە دەگەڵ ↑زاخ[2] zax سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشین".

زاخۆر zaxor [*zāxor*] - "1- بەردەڵانی ڕژد 2- ئەشکەفت": ↑زاخ zax.

زاخە zaxe [*zāxa*] - "ئەشکەوتی گەورە": زاغە zaġe ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زاخ[2] zax سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشین".

زاخی zaxî [*zāxī*] - "قشقەڵە": زاغ zāġ (P.). خزمە دەگەڵ ↑زیقە zîqe، هەروەک چۆن "قشقەڵە"ش دەچێتەوە سەر"قیژە".

زار 1 zar [*zār*] - "دەم، دەڤ": خزمە دەگەڵ Kiefer (G.)، keve (Nl.)، ceafl (OE.)، käft (Sw.) "شەویلکە" و zafar (Av.) "زار" و gop (OIr.) "دەم"، سەر بە ریشەی ***ĝheb- > (IE.)*** "دەم، شەویلکە، خواردن". دە زمانی کوردمادیدا فۆتیمی ف f کە دە وشە ئەوێستاییەکە و دە وشە ژێرمەنییەکاندا هەیە، سواوەتەوە. گۆڕانی وشەکە بەم جۆرە بووە: zafar ← zar. ئەم جۆرە گۆڕانە دە ژمارەگەلێک وشەی کوردی و هەروەها فارسیدا دەبینرێ، بۆ وێنە خواستن و خاستن، چوار و چار، خوار [دە فارسیدا "خوار" دەنووسرێ، بەڵام "خار" دەگوترێ]، توانین [دە دیالێکتی سنەییدا: تانین] و هتد. "زار" دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کەپۆ kepo، ↑قەپاڵ qepal، ↑گاپن gapın، ↑گوپ gup و هتد. پێوەندی ئەم وشانە لەژێر ↑کون *kun* دا شی کراوەتەوە.

زار 2 zar [*zār*] - "پەریشان، بێچارە": زار zār (P.) "کز و داماو": خزمە دەگەڵ zarīk (Pl.) "خەم و خەفەت". جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Sorge (G.)، saurga (Gt.)، sorrow (E.)، sorg (Sw.) "خەم و خەفەت"، serg (OIr.)"نەخۆشی"، sirgti (Lit.) "نەخۆش بوون"، soroga "مرچ و مۆن". ریشە؟

2- kar (MG.)، chara (OG.) "خەم، ناڵە" kara (Gt.)، care (E.) "خەم، نیگەرانی، خەم لێخواردن"، سەر بە ریشەی ***ĝar- > (IE.)*** "بانگ کردن، هاوار کردن، قیژاندن". gerys (Gr.) "قیژە، بانگ"، gāir (OIr.) "قیژە" لەم ریشەوە هاتوون.

زار 3 zar [*zār*] - "1- زەوی [زەوی و زار] 2- پاشگری شوێن [گوڵزار]": مانای ئەسڵی وشەکە "زەوی، کێڵگە" یان باشتر بڵێین "کەرتەزەوی"یە. بە شێوەی ↑جار 2 car یش دەبینرێ [تێرگسجار].

زار[4] zar [*zār*] - "تووکەبەر": هەروەها زار(ە)گا zar(e)ga بە مانای "بەرگەدە، جێگەی تووکە بەر" دێ. دە ریشەدا خزمە دەگەڵ ↑زار 3 *zār* و ژمارەیەک وشەی دیکە کە ئاماژە بە "بڕین، پچڕین، لێکردنەوە، لەت کردن" دەکەن، وەک ↑شڕ şır، ↑کێرد *kerd*، ↑کەرت kert و هتد. هەروەک چۆن "رندێن" [ردێن] پێوەندی بە "رنین"ەوە هەیە، ئەوهاش "زار" پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە.

زارانج zaranc [*zārānj*] - "کەو": زارانز zaranz و ↑ژەرەژ jerej یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی هەبێ بە Star (.G)، stara (.OG)، stare (.E)، stare (.Sw)، sturnus (.L) "مەلێکی ئاوازەخێن"، stern (.NL)، starn (.E) "پەڕەستێرکەی دەریایی". ریشەی وشەکە لاسا کردنەوەی دەنگی مەلەکەیە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑سێروو seru "رەشۆڵە، ریشۆڵە" [سار sar (.P)]. دە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی ئێستادا وشەکە دەگەڵ پاشگری گچکاندنی ling- بەکار دێ [Starlin]. دە زمانی کوردمادیشدا کەرتی دوایی وشەکەی، واتا ج c، زz ، ژ j پاشگری گچکاندنن.

[تێبینی: فۆتیمی n دە هەر دوو وشەی "زارانز" و "زارانج"دا ناوگرە و بۆ هاسانبێژی خزاوەتە ناو وشەکەوە. ئەم فۆتیمە دە هێندێک وشەی دیکەشدا دەبینرێ، وەک تانج [تاج]، درنج، ئامانج، کرمانج، قولانج و هتد].

زارۆ(ک) zarok [*zāro(k)*] - "منداڵ": زارۆ + ک zaro + k [زارۆلە zaro + le ش دەگوترێ]. دەچێتەوە سەر وشەی ↑زان zan "بەدونیا هێنان". دە زمانی ئەلمانیشدا Kind (.G) "زارۆک" خزمە دەگەڵ وشەی زان zan و ئەویش دەچێتەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش دەگەڵ وشە کوردماددییەکان.

زارە1 zare [*zāra*] - "زراو": زهرە zahre (.P). خزمە دەگەڵ Galle (.G)، gall (.E)، chole (.Gr)، zāra (.OIn)، zuluči (.OSl) "زارە". خزمە دەگەڵ ↑زەرد zerd.

زارە2 zare [*zāra*] - "گەنمەکوتاو":

1- دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑هارین harîn.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ زار[3] zar و زار[4] zar سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، پچڕین، جودا کردن، لەت کردن".

زاری zarî [*zārī*] - "گریان": جێی بەراورد کردنە دەگەڵ Kar (.G)، care (.E)، chara (.OG) "خەم و خەفەت"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *gar- >*** "بانگ کردن، هاوار کردن، هەرا کردن". لەم تێڕوانیەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑جارِ car [جارِ کیشان].

زارین zarîn [*zārīn*] - "گریان": ↑زاری zarî.

زازا zaza [*zāzā*] - "ناوی بەشێک لە دانیشتوانی کوردستان": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق seq "سەخت، پتەو"دا باس کراون. بۆچوونێک هەیە کە باس لەوە دەکا لە شێوەزارەی ئەم خەڵکەدا دەنگی z بە فراوانی بەکار دێ و ناوەی ئەوانیش لە دووبارەبوونەوەی za دروست بووە [za-za] و ئاماژە بەم دەنگە دەکا. من گومانم لەم بۆچوونە هەیە و زۆرتر لەم باوەڕە دام کە بنجی وشەکە زاز -zaz ە و زازایی zazayî و زازاکی zazakî لەم بنجە وەرگیراون. ئەم بنجە دەگەڵ چەندین وشە و لەوانە ناوی هۆزەکانی دیکەی کوردستان یەک دەگرێتەوە و دە بنەڕەتدا ئاماژە بە "سەخت و بەهێز بوون" دەکا، وەک ↑زۆخ zox "هێز و توانایی"، ↑زیخ zîx "ئازا و بوێر"، ↑زۆق zoq "هیشک و زبر"، ↑زیک zîk "زۆر سارد"، ↑شەق şeq "سەخت، دژوار"، ↑سەگوەن segwen "ناوی هۆزێکی کورد"، ↑سەکر sekır "ناوی هۆزێکی کوردستان"، ↑زوکری zukrî "ناوی هۆزیکی کوردستان"، ↑زاگۆر zagor "پەیاغ، چۆماغ"، ↑شکاک şıkak"ناوی هۆزێکی کوردستان"، ↑سیسارک sîsark [sîs-ark] "لاشخۆر" [دەبنەڕەتدا: باڵداری بەهێز] و لەوانەشە ↑سیس sîs [دە بنەڕەتدا: هیشک هەڵاتوو ؟]، ↑ساسۆن sason "ناوی چیایەکی کوردستان" و ↑سەق *seq* "داربەڕووی ئەستوور" و هتد. جێی ئاماژەیە کە ناوی زۆرێک لە مەڵبەند، چیا و هۆزەکانی کوردستان و هەروەها ناوی نەتەوەی خودی "کورد" دەچنەوە سەر ئەو ریشانەی کە ئاماژە بە چەمکی "سەخت و بەهێز بوون"، دەکەن. لەم بارەوە بڕوانە وشەی "سۆران".

زاڤ1 zav [*zāv*] - "زۆر": زاف zaf و زەعف zeɛf یش دەگوترێن. شێوەیەکی دیکە لە ↑زۆر[1] zor "فرە". هەردووک شێوەی "زاڤ" [زەعف] و "زۆر" دەچنەوە سەر وشەیەکی کۆنتر.

زاڤ 2 zav *[zāv]* - "هەسارەیەکی گەڕیدە، مێرکوور": زاوە zawe و ساوە sawe ش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی بە هەبێ بە ↑زڤرین zıfrîn "سووڕان(دوە)".

زاڤر zavır *[zāvır]* - "(پێ) وێران، پێ وەستان، زەفەر پێ بردن": ↑زەفەر zefer.

زاڤێر[1] zaver *[zāver]* - "زورتر، فرەتر": هەرچەند ئەم وشەیە بەم جۆرە لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا مانا کراوەتەوە، بەڵام وا دەردەکەوێ کە وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "زاڤ، زۆر" بووبێ نەک " زۆرتر". دە زمانی کوردمادیدا ئەگەر وشەیەک پاشگری "تر" وەرنەگرێ، نابێتە ئاوەڵناوی باڵاتر و دە وشەی "زاڤێر" دا ئەم پاشگرە نییە. هەر دوو وشەی ↑ زاڤ zav و ↑زۆر *zor* گۆڕدراوی ئەم وشە کۆنەن.

زاڤێر[2] zaver *[zāver]* - "رەحەت بوونی ژن": زاوێر zawer یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑سەبر sebır "ئارامی، لەسەرەخۆیی". سەبر لای کوردانی باکوور مانای "ئاسوودەیی"یش دەدا [سەبرا من نایە].

زاق 1 zaq *[zāq]* - "قیژە": دەگەڵ "زووق" دێ [zaq u zuq]، شێوەیەکی دیکە لە ↑زیقە zîqe.

زاق 2 zaq *[zāq]* - "قەڵەرەشە": زاغ zāġ (.P). خزمە دەگەڵ ↑زاق 1 zaq "قیژە". ئەم پەلەوەرە لەبەر زاق و زیقەکەی بەم جۆرە ناودێر کراوە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "قشقەڵە" کە ئەویش پێوەندی بە "قیژە"ەوە هەیە، واتا "قەلی قیژەکەر".

زاق 3 zaq *[zāq]* - "دەرپەڕیو": شێوەیەکی دیکە لە ↑زەق zeq.

زاق[4] zaq *[zāq]* - "تۆقین لە ترسان": هەروەک چۆن وشەکانی "تۆقین" و "تەقین" پێوەندییان بە وشەی "دڕان"ەوە هەیە، بەم جۆرەش "زاق" خزمە دەگەڵ ↑شەق şeq [شەق و شڕ]، زاک zak، زاخ zax "خەت، کێڕ"، ↑چاک[3] çak "قەڵش، دەرز" و هتد. پێوەندییەکە لەمەدایە کە شتێک کاتێک دەتەقێ، ئەوا دڕبەدڕ و شەق و شڕ دەبێ.

زاغوور zaġûr *[zāġūr]* - "خەت کێش": دەچێتەوە سەر↑ زاخ[2] zax "خەت، کێڕ".

زاک zak *[zāk]* - "لەتکی دەنکەقەیسی": خزمە دەگەڵ ↑زاخ zax "بەرد".

[تێبینی: سەبارت بە پێوەندی دوو چەمکی "دەنک، ناوکی میوە" و "بەرد" هەڵی سەنگینە دەگەڵ کەڤر "بەرد" و *قەوار* "ناوک، کاکڵ" یان دەگەڵ *هەستی* "ناوکی میوە، ئێسک" [ئێستک] و Stein (.G) "بەرد"].

زاکوون zakun *[zākūn]* - دەگەڵ "زیبک" دێ [بە زیبک و زاکوون zîbk u zakun واتا بە دەسەڵات و بە بڕشت لە بەڕێوەبردندا]. دەچێتەوە سەر *sakon (Rus.)* "قانوون، یاسا".

زاکۆ zag *[zāg]* - "هەوەڵ شێری دوای زان": شێوەیەکی دیکە لە ↑ژەک jek.

زاگرۆس zagros *[zāgros]* - "زنجیرەچیایەک لە کوردستان": زاگرۆز zagroz یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زاخ 1 zax "1- بەردێکی کریستالی 2- گاشەبەرد"، ↑زاخان zaxan، ↑زاخۆر zaxor "بەردەڵانی رژد"، ↑زگار zıgar "ورکەبەرد" و ↑زوخرە zuxre "ورکەبەرد". لەوانەیە ئەم وشانە پێوەندییان هەبێ بە ↑سەخت sext و ژمارەیەک وشە کە لەژێر ↑*سەق seq* دا باس کراون بە مانای "سەخت"، بەتایبەتی ↑زاگۆر zagor "پەیاغ، چۆماغ". ناوی چەندین چیای سەختی کوردستان و هەروەها چەندین وشەی کوردمادی کە مانای "بەرد" دەبەخشن، پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. کەرتی ئۆس os- یان ئۆز oz- دەبێ هەر ئەو پاشگرە بێ کە کە لەژێر ↑ئۆز oz- دا شی کراوەتەوە. لەم تێڕوانینەوە مانای "زاگرۆس" دەبێتە "بەردەڵان، شاخاوی" یان "سەخت و بەردین".

[تێبینی: هێندێک جار دەبیسترێ کە دەڵێن وشەی "زاگرۆس" وشەیەکی یۆنانییە. رەنگە ئەمەش لەبەر بوونی کەرتەوشەی ئۆس os- بێ کە وەک نیشانەیەکی گراماتیک دە زمانی یۆنانیدا بەرچاو دەکەوێ. لەم بارەوە جێی بیر خستنەوەیە کە ئۆس os یان ئۆز oz وەک پاشگری بە ئاوەڵناو کردن دە دۆخی جەخت کردندا دە گەلێک وشەی زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا بەکار دەهێنرێ و لەوانەیە بۆ پاشگر یان

دۆخێکی ڕێزمانی مادی کۆن بگەڕێتەوە، واتا شتێک وەک پاشگرە یۆنانییەکە بێ. ئەوە کە ئایا "ئۆس"ی کوردمادی پێوەندی بە "ئۆس"ی یۆنانییەوە هەیە یان لەو وەرگیراوە، جێی لێکۆڵینەوەیە. بەڵام تەنانەت ئەگەر "ئۆس" دە وشە "زاگرۆس"دا ریشەی یۆنانیشی هەبێ، ئەوە هێشتا بەو مانایە نییە کە وشەکە خۆی یۆنانی بێ. پێوەندی (کەرتە)وشەی zag(r) لەم وشەیەدا بە چەندین وشەی دیکەی کوردمادی ئاشکرایە. لەوانەیە یۆنانییەکان بەپێی گراماتیکی خۆیان گۆڕاتیکیان لە وشەکەدا پێک هێنابێ یان کەرتی "ئۆس"یان بە وشەکەوە لکاندبێ. ئەم جۆرە گۆرانکارییە دە زمانەکاندا زۆرجار بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە دە زمانی فارسی ئەمڕۆییدا کاتێک دە وشەیەکی بیانیدا کۆنسۆنانتی s یان š دەگەڵ کۆنسۆنانتێکی دیکە لە سەرەتای وشەکەدا دێن، بزوێنی e دەخرێتە سەر وشەکەوە، یان دەکەوێتە تیوان دوو کۆنسۆنانتەکەوە، چونکوو بەبێ ئەو بزوێنە گوتنی وشەکە بۆ ئاخێوەری فارس زمان ناگونجێ. بۆ وێنە ski دەبێتە eski یان star دەبێتە estar].

زاگۆر zagor [*zāgor*] - "پەیاغ، چۆماغ": خزمە دەگەڵ ↑سەق seq. ئەو وشانەی لەژێر "سەق"دا باس کراون، بەگشتی ئاماژە بە چەمک ومانای "سەخت و پتەو بوون" دەکەن. لەم مانایەوە مانای "هێن، زەخت و زەبر"یش سەرچاوە دەگرێ. لەم بارەوە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە دوو وشەی "گورد" و "گورز" بکەین، یەکەمیان بە مانای "بەهێز" و دووەمیان بە مانای "گوپاڵی شەڕ".

زاڵ zal 1 [*zāl*] - "زۆر پێ شکاو، دەرەقەت هاتوو، سەرکەوتوو": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- sahuri (OIn.) "زاڵ، سەردەست". ئەم وشەیە لەژێر ↑سفت sıfıt "توند، سەخت"دا باس کراوە.

2- ↑زەفەر zefer [زەفەرپێ بردن واتا بە سەردا زاڵ بوون، زۆر پێ شکان]. ↑زۆر zor [زەخت و زۆر] شێوەیەکی نوێترە لە زەفەر. لەوانەیە "زاڵ"یش شێوەیەکی گۆڕدراوی دیکە لەم وشەیە بێ.

[تێبینی: لەباری گۆڕانکاری فۆنۆلۆژییەوە دەتوانین دەگەڵ وشەی زار zar "دەم" هەڵیسەنگینین کە دەچێتەوە سەر zafar (Av.) "زار"، یان دەگەڵ زاڤێر zaver و زۆر zor [زۆر و زەوەند] کە هەردووکیان مانای "فرە" دەدەن و وشە دووەمییەکە گۆڕدراوی وشەی یەکەمە. هەروەها دەتوانین دەگەڵ زڤار zıvar یان زیوار بە مانای "بزگوڕ" هەڵی سەنگینین کە شێوەیەکی دیکەشی پەیدا کردووە، واتا ↑زۆڵ zol (زۆڵەچەرم)].

زاڵ zal 2 [*zāl*] - دەگەڵ "زبڵ" دێ [زبڵ و زاڵ zıbıl û zal]. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چاڵ çal [2] [چڵتە و چاڵ]. وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "توێکڵی دەخڵ و دان"ە و مەبەست لە زبڵ و زاڵیش دە بنەڕەتدا ئەو پووش و چڵتە و چاڵە بووە کە بەهۆی شەن و کەو کردن ماوەتەوە و فڕێ دراوە.

زاڵتە zalte [*zālta*] - "پێوەندی لە زنجیر": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑جاڵ cal "بەن، هەودا، بەند".

زاڵە zale [1] [*zāla*] - "زارە، زراو": شێوەی کۆنتری ↑زارە zare "زراو"، Galle (G.)، gal (Nl.)، gall (E.) و هتد.

زاڵە zale [2] [*zāla*] - "داد و هاوار":

1- وێ دەچێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑زاری zarî "گریان و هاوار". لەم تێڕوانینەوە مانای "وە زاڵە هاتن" دەبێتە "وە گریان کەوتن، وە هاوار کەوتن".

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑*زایەڵە zayele* "دەنکَ دانەوە" و ↑سکاڵا sıkala سەر بە ریشەی ***(IE.)*(s)kel- >*** "دەنکَ لێ هاتن، دەنکَ لێ بڵێند بوون، هاوار کردن".

زام zam [*zām*] - "برین": زخم zaxm (P.). دەتوانین هەڵیسەنگینین دەگەڵ ↑شۆم şom "کێڵدراو" [دەبنەڕەتدا: بڕاو، قەڵشاو، لەیەک جیاکراو].

زامق zamıq [*zamıq*] - "چەسپ، سرێش": دە عەرەبیدا صمغ samġ (Arb.) "شیرەی دار، چەسپی دار"، دە ئەڵمانی و ئینگلیزیدا Gummi (G.) وGum (E.) "چەسپ، چەقە". ئەم وشانە دەگەڕێنە بۆ سەر زمانی

میسری کۆن و لە رێگەی زمانی یۆنانی kómmi (Gr.) و لاتینی gummis (L.) هاتوونەتە ناو زمانەکانی دیکەوە. وشەی فارسی انگم angom (P.) دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ [an-gom].

زان[1] zan [zān] - "بەدونیا هێنان": زاین zayın یان زایین zayîn ش دەگوترێ. زادن zādan (P.). خزمە دەگەڵ janati (OIn.) "دەزێ"، (g)natus (L.) "لەدایک بوو"، gignomai (Gr.) "بە دونیا دێم"، gignere (L.) "زان"، سەر بە ریشەی *(IE.) *gen- >* "زان". بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ ئەم ریشە خۆی بۆ ریشەی "ئەژنۆ" [ریشەی *genu-*] دەگەڕێتەوە، چونکە ژنان لەکاتی زاندا چۆک دادەدەن. ئەم وشەیە دەبێتە خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی کوردمادی وەک ↑زایا zaya "تۆرەمە، وەچە، بەرە"، ↑نەژاد nejad "رەگەز، تۆرەمە"، ↑زاناڤ zanav "هاوشێوە، هاورەگەز"، ↑ژن jın "بە دونیا هێنەر، زایەن"، ↑کەنی kenî "کچ"، ↑گەنج genc "لاو"، زارۆ zaro "منداڵ"، ↑کۆنتۆ konto "گویلپار" و هتد.

زاناڤ zanav [zānāv] - "وەک یەک، هاوشێوە": زان + ئاڤ zan + av. ئاڤ av شێوەیەکی دیکەیە لە ↑هاو haw. کەوابوو "زاناڤ" بە شێوەیەکی دیکە دەبێتە "هاوزان hawzan". "زان" خۆی شێویەکی دیکەیە لە ↑گۆن gon واتا "شێوە، نەوع"، دە زمانی فارسیدا دەگوترێ گون gūn (P.) و سان san (P.) [هەمگون hamgūn (P.) یان هەمسان hamsan (P.) واتا "وەک یەک، هاوزان، زاناڤ"]. وشەکە خۆی خزمە دەگەڵ genus (L.) "جینس، نەوع، نەژاد، تیپ" و دەچێتەوە سەر وشەی زان[1] zan "بەدونیا هێنان". جێی بیرهێنانەوەیە کە وشەی جنس jins (Arb.) لە وشە لاتینییەکە وەرگیراوە.

زاندۆر zandor [zāndor] - "ئەشکەفتی سەهۆڵخانە": پێک هاتووە لە دوو کەرتی زان + دۆر zan + dor. کەرتی زان zan دەبێ دە ئەسڵدا *زام zam* بووبێ، هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑زستان zıstan [زمستان zımıstan، زڤستان zıvıstan]. کەرتی دۆر dor شێوەیەکی دیکەیە لە ↑دۆڵ dol یان دەرە dere، واتا جێگای قووڵ و قووپاو.

زانقلە zanqıle [zānqala] - "هێشوویەکی بچووک کە لە هێشوویەکی گەورە لێ دەکرێتەوە": بڕوانە ↑زەنگەتە zengete.

زانک zanık [zānık] - "زمانە چکۆڵە": زان + ک zan + ık. زان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زمان zıman. دە شێوەزاری زازاییدا زمان دەبێتە زۆن zon.

زانەوە zanewe [zānawa] - "دەرکەوتن و کۆ بوونەوەی ئاو": [تەنوورەکەمان زاوەتەوە، کوێرەکانی بەهاران دەزێتەوە]. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑تزان tızan "دەرکەوتن یان کۆبوونەوەی تەڕایی لە شوێتێکدا". فۆتیمی t لە "زانەوە"دا سواوەتەوە.

زانی1 zanî 1 [zānī] - "ئەژنۆ": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑(ئە)ژنۆ ejno.

زانی2 zanî 2 [zānī] - "هێمن، ئارام": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شێنی şênî و پێوەندی هەیە بە ↑شێنەیی şêneyî.

زانین zanîn [zānīn] - "ناسین، ئاگادار بوون": دانستن dānestan (P.). بنەی وشەکە زان -zan ە و دەبێتە خزم دەگەڵ kennen (G.) "ناسین" و können (G.) "توانین" know (E.)، "زانین" و can (E.) "توانین"، känna (Sw.) "ناسین"، žinóti (Lit.) "زانین" و gegōna (Gr.) "رادەگەیەنێ، دەداتە زانین"، janati (OIn.) "دەزانێ، دەناسێ"، (g)noscere (L.) "ناسین"، سەر بە ریشەی *(IE.) *gen- >* "ناسین، زانین". وشەی ↑ناسین nasîn یش هەر لەم ریشەوە هاتووە.

زاوا zawa [zāwā] - "مێردی بووک": زاڤا zava ش دەگوترێ. هەروەها زامایی zamayî هەیە بە مانای "زاوایی". داماد dāmād (P.). ئەم وشەیە وشەیەکی کۆنی هیندوئەورووپییە و دە بنەڕەتدا بە مانای "مێر، پیاو" بووە. خزمە دەگەڵ Bräutigam (G.)، brutigomo (OG.)، bruidegom (Nl.)، brydguma (OE.)، brudgum (Sw.) "زاوا" [دە بنەڕەتدا واتا "مێردی بووک"]. ئەم وشە ژێرمەنییانە لە دوو کەرت پێک هاتوون، کەرتی یەکەم بە مانای "بووک"ە و کەرتی دووەم بە مانای "پیاو، مرۆ" یە. ئەم کەرتە دە زمانە

کۆنەکاندا بە مانای "مێر، پیاو" بەکارهاتووە، بۆ وێنە gomo (.OG)، homo (.L)، guma (.Gt)، gumi (.OIs). ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *ghđem-, *gh(đ)om- >* "زەوی، هەرد". مەبەست لە وشەکە واتا مەبەست لە مرۆڤ سەرەتا "بوونەوەری هەردین، بوونەوەری سەرهەرد، بوونەوەری خاکی" بووە. بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑زەوی zewî، ↑گیتی getî، ↑قاد qad "هەرد" و ژمارەیەک وشەی دیکە.

زاور zawır *[zāwır]* - "تاقەت، وێران": زاڤر zavır و زاوەرە zawere ش دەگوترێ. شێوەی کۆنتری ↑زۆر[2] zor "گوشار، زەخت".

زاوزێ zauze *[zāūze]* - "زان و زۆر بوون": زاوزۆ zauzo ش دەگوترێ. زا -za پێوەندی بە کرداری ↑زان zanەوە هەیە. زێ ze یان زێچ zeç شێوەیەکی دیکەیە لە زێد zed [↑زێدە zede].

زاوق zawıq *[zāwıq]* - "جیوە": زیبق zeybeq (.P). شێوەیەکی دیکەیە یاخود شێوەیەکی کۆنترە لە ↑جیوە cîwe و ↑ژووڤە juve.

زاویتە zawîte *[zāweta]* - "بای ساردی رۆژهەڵات": خزم دەگەڵ ↑زستان zıstan [زمسان /zımsan زڤستان zıvıstan].

زای zay *[zāy]* - "1- مشت و ماڵ دان 2- ساف کردن": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn.

زایا zaya *[zāyā]* - "تۆرەمە، وەچە، بەرە": خزمە دەگەڵ ↑زان[1] zan.

زایلە zayle *[zāyla]* - "دەنگی شیوەن و گریان": خزمە دەگەڵ ↑زایەڵە zayele.

زایە1 zaye *[zāya]* - "پیزە، تۆل": خزمە دەگەڵ ↑زان zan و ↑زایا zaya "تۆرەمە، وەچە".

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "زارۆک" و "نەسل، نەوع" لەم وشانەی خوارەوەشدا بەدی دەکرێ: Kind (.G) "زارۆک" و kind (.E) "نەوع" [human kind واتا نەوعی بەشەر، تیرە و تۆرەمەی مرۆڤ]، هەروەها بێچوو "زارۆک" و وەچە "نەسل"].

زایە2 zaye *[zāya]* - "لەکارکەوتوو، لەناوچوو": ضایع zayiε (.Arb). ئەم وشەیە بە ئەسڵ وشەیەکی عەرەبی نییە و خزمە دەگەڵ ↑زای zay "مشتومالّ" [دەبنەڕەتدا: ساوین، سوانەوە] و ساییدە sāyīda (.P) "سواوە". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی فرسوودە farsūde (.P) "کۆن، پەککەوتە" کە ئەویش خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn.

زایەڵە zayele *[zāyala]* - "دەنگدانەوە": خزمە دەگەڵ Schall (.G)، scal (.OG)، skall (.SW) "دەنگ، هەرا، سەدا"، Schelle (.G)، schel (.NL) "زەنگ، زەنگۆڵە"، scellan (.OG)، sciellen (.OE) "دەنگ دانەوە، زەنگ لێدان"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)kel- >* "دەنگ لێ هاتن". دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کاڵ kal.

زبارە zıbare *[zıbāra]* - "هەرەوەز، کاری بە کۆمەڵ": زەبارە zebare ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زەوەند zewend [زەبەند zebend]، ↑زاڤ zav و ↑زۆر[1] *zor* هتد. مەبەست لە زبارە، کارێکە کە کەمەڵێک واتا زۆر کەس پێکەوە دەیکەن.

[تێبینی: لەتیوان دوو چەمکی "زۆر و زەوەندی" و "دەستە و کۆمەڵ"دا پێوەندی نیزیک هەیە، بۆوێنە دە زمانی ئەڵمانیدا Volk "گەل" خزمە viel "زاف، زۆر". دە زمانی کوردمادیشدا پۆل pol "کۆمەڵ، دەستە" خزمە دەگەڵ فرە fıre و هەروەها دەگەڵ ئەم وشە ئەڵمانییانە].

زبر zıbır - "زوور": زبر zebr (.P). شێوەیەکی دیکە لە وشەی ↑زوور zur. چەندین وشەی کوردمادی لە پێوەندی دەگەڵ ئەم وشەیەدا جێی لێکدانەوەن، وەک ↑زبرە zıbre "درشتەی لە هێڵەک دراو، کەپەک، درشتەی ساوار و گەنمەکوتاو"، ↑زبڵ zıbıl "ئاشغاڵ"، [↑سەبر2 sebır یش دەگوترێ] "دە بنەڕەتدا: درشتەی پاش دابێژتن]، ↑زپ zıp "تژە، قەبە، درشت"، ↑زیپکە zîpke [هەڵمساوی، قەڵەوی لەسەر پێست،

زوورایی سەر پێست]، ↑زپرکە zıpırke "زیپکە"، ↑زەبەلاح zebelaħ و چەندین وشەی دیکە. ئەم وشانە دەشێ پێوەندییان بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑گەورە gewre "درشت".

2- ↑سیڤە sîve، ↑قەبە qebe، ↑خەپە xepe "درشت" [دە بنەڕەتدا: بەهێز].

زبرە zıbre *[zıbra]* - "درشتەی لە هێڵەک دراو، کەپەک، درشتەی ساوار و گەنمەکوتاو": دەچێتەوە سەر ↑زبر zıbır و ئەم وشەیەش خۆی بە مانای "درشت، گەورە" بووە و هەر لە بەر ئەوەش بەو دەنکە درشتانەی کە دوای دابێژتن ماونەتەوە، گوتراوە زبرە واتا "درشتە". وشەکە پاشان ئاڵوگوڕێگی فۆنۆڵۆژیک و مانایی دیکەی بە سەردا هاتووە و بووەتە ↑زبڵ zıbıl. بە وتەیەکی دیکە وشەیەکی نوێی دیکە لە سەر بنچینەی وشە کۆنەکە هاتووەتە ئاراوە. مەبەست لە وشەی "زبڵ" سەرەتا هەر زبر zıbır یان زبرە zıbre بووە، واتا بەو دەنکە درشتانە گوتراوە، کە پاش دابێژتن و لە هێڵەک دان ماونەوە و فڕێ دراون. ئەوجا وشەکە ماناکەی پەرەی سەندووە و هەموو ئەوشتانەی گرتۆتەوە کە بەرماو و بێکەڵک بوون و فڕێ دراون.

زبڵ zıbıl - "ئاشغاڵ": ↑سەبر sebır 2 یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ↑ زبرە zıbre.

زپ zıp - "تژە، قەبە": خزمە دەگەڵ ↑زبر zıbır.

زپرکە zıpırke *[zıpırka]* - "زیپکە": شێوەیەکی دیکە لە ↑زیپکە zîpke و خزمە دەگەڵ ↑زبر zıbır.

زپەر zıper *[zıpar]* - "لەسەر پەڕ، لای هەرە سەرەوە یان لای هەرە دوایی لە ریزێکدا": زبر zebar (P.). [زیر و زبر zīr o zebar (P.) واتا ژێر و ژوور]. خزمە دەگەڵ ↑ژوور jur "سەرەوە".

[تێبینی: لەباری ئاڵوگۆڕی فۆنیمەکانەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "زبر" و "زوور". لێرەشدا وشەی "زبر" کۆنترە و دواتر بووەتە "زوور"].

زتم zıtım - "داخستنی دەرگا و پەنجەرە": [دە بنەڕەتدا پێوەدان، پێکدادان، لێکدان(ی دوو پارچە تەختە لە یەکتری)]. خزمە دەگەڵ ↑ساتمە satme "هەڵەنگوتن، رەت دان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *stem- >*** "وێککەوتن".

زچ zıç *[zıč]* - "قرنوو": ↑شەز şez یش دەگوترێ. جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Zecke (G.)، cecho (OG.)، teek (Nl.) "قرنوو". وا شیمانە دەکرێ ئەم وشە ژێرمەنییانە پێوەندییان هەبێ بە dëgti (Lit.) "تێراچوون، هەڵچەقین". بە بۆچوونێکی دیکە ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *dagh- >*** "زیلەی پێوەدەر، گازگر".

زخور zıxur - "ورکەبەرد": ↑زغرک zıġırk و ↑زگار zıgar 1 یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زیخ zîx "ورکەبەرد" و ↑*زاخ*[1] *zax* "بەرد".

زدێ zıde *[zıde]* - "هێز، توان": خزمە دەگەڵ stark (G.) "بەهێز"، staxra (Av.) "بەهێز، خورت، توند" و ↑ئەستوور estur [ئە + ستوور].

زڕ[1] zır - "نە ئەسڵ": [زڕباب، زڕدایک]. سهر sıhr یش دەگوترێ. لە ژێر وشەی ↑خەزوور xezur دا شی کراوەتەوە.

زڕ[2] zır - "زل": شێوەیەکی کۆنترە لە ↑زل zıl "گەورە".

زڕ[3] zır - "وشک و برینکَ": دەچێتەوە سەر ↑زرەکان zırekan "وشک بوون، لە کەمی دان".

زراری zırarî *[zırārī]* - "قۆپچە، دوگمە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑گرێ girê. گشت ئەم وشانە ئاماژە بە "قوت بوون، زەق بوون" دەکەن.

زراڤ zırav *[zırāv]* - "باریک، ناسک": خزمە دەگەڵ straff (G.) "لەبەریەک کێشراو، توند، شەق"، straf (Nl.) "توند"، stramm (G.) "سفت، شەق، توند"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ter- >*** "رەق، سفت". لەم

تێڕوانینەوە زراڤ دە بنەڕەتدا بە مانای "باریک و لەبەریەک کێشراو" [بە فارسی"کشیدە"] بەکار هاتووە و کەوتووەتە ناو زمانی عەرەبی و کراوە بە ظریف zarīf (Arb.).

زراق zıraq [zırāq] - "گزینگی هەتاو": ↑زەریق zerîq.

زران zıran [zırān] - "بەخراپ ناو دەرکردن": خزمە دەگەڵ هێندێک وشە کە مانای"دەنکَ هەڵبڕین، هەرا کردن" دەدەن، وەک ↑جارِ car، ↑زاری zarî "داد و هاوار" و هتد.

زراندن1 zırandın [zırāndın] - "درکاندن": خزمە دەگەڵ ↑زران zıran. [دە بنەڕەتدا واتا لە قاو دان].

زراندن2 zırandın [zırāndın] - "خەو پەڕاندن": بنەوشەی زر-zır خزمە دەگەڵ ↑چڵە çıle "لێدانی رەکَ" و ↑(را)چڵەکین (ra)çılekîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "بزوانی خێرا".

زرانەوە zıran(ewe) [zırānawa] - ↑زرینگانەوە zırînganewe.

زرانی zıranî [zırānī] - "چۆک، ئەژنۆ": خزمە لەگەڵ ↑شلنکَ şılıng "ترۆزی، خیارچەمبەر"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "با دان، چەمانەوە". "زرانی" ئەو شوێنەیە کە لەوێ قاچ دەچەمێتەوە.

زراو zıraw [zırāw] - "زاڵە، زارە": دە بنەڕەتدا واتا "ئاوی زەرد". بڕوانە ↑زەرد zerd.

زرت1 zırt - "زەلام، پیاوی تەژە و قەبە": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑زۆرەت zoret "گەنمە شامی".

زرت2 zırt - "1- خۆ هەڵکێشانی بە درۆ 2- جرت، تڕ دان بە دەم 3- هەڕەشە، گەڤ": بڕوانە ↑جرت2 cırt.

زرز zırız - "تووڕە، زویر": شێوەیەکی دیکە لە ↑جارز/ جارس carız / carıs.

زرک zırk [zırık] - "چوست و چالاک": شێوەیەکی دیکە لە ↑چالاک çalak.

زرک zırk - "کاڵەک": دەشێ پێوەندی هەبێ بە رەنگی ↑زەرد zerd هوە.

زرمە zırme [zırma] - "دەنگی لێک کەوتنی شتی قورس": هەروەها ↑درم dırım [درم درم] هەیە بە مانای "دەنگی دەهۆڵ". خزمە دەگەڵ Trommel (G.) "تەپڵ، دەهۆڵ" و trumme (MG.) و drum (E.) "سازی زەربی". رەنگە ریشەی وشەکە لاسا کردنەوەی دەنکَ بێ.

زرنەقوتە zernequte [zarnaquta] - "بەچکە چێشکەی هێشتا تووک لێ نەهاتوو": زەرن(ە) + قوتە zern(e)+qute . زەرنە zerne خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "هەرا کردن، دەنکَ هەڵبڕین، گریان" دەدن. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑جرت[2] cırt. قوتە qute هەمان ↑قووت qut ە [ڕووت و قووت].

زرووبی zırûbî [zırūbī] - "کولێرەی تەنک، نان ساجی": خزمە دەگەڵ ↑زراڤ zırav "زەریف، باریک".

زرووقان1 zıruqan [zırūqān] - "پێکەنینی منداڵ":

1- یان خزمە دەگەڵ ↑تریقە tırîqe "دەنگی پێکەنینی بەرز".

2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑زریکاندن zırîkandın و ↑زیراندن zîrandın.

زرووقان2 zıruqan [zırūqān] - "بازرەبوونی ئاژەڵ": بنەوشەی -zır(uq) لێرەدا خزمە دەگەڵ ↑سرک sırık و ↑سلەمینەوە sılemînewe و ↑داچڵەکین daçlekîn و هتد.

زرووکە zıruke [zırūka] - "دەنگی چۆڵەکە": جرووکە cıruke ش دەگوترێ.خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑زرووقان zıruqan، ↑زریکاندن zırîkandın و هتد.

زرە zıre [zıra] - "دەنگی زنجیر": ↑زرینگانەوە zırînganewe.

زرەک zırek [zırak] - "تانەی سەر چاوی ماڵات کە لە بروسکەوە پەیدا دەبێ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑زل[3] zıl "چاو تێبڕین".

زرەکان zırekan [zırakān] - "وشک بوون، لە کەمی دان": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ trocken (G.)، dry (E.)، droog (Nl.) "وشک". ریشەی ژێرمەنی: *-drugi* (Grm.) "وشک". ریشەی هیندوئەوروپی ئەم وشە ژێرمەنییە باس نەکراوە.

زریان zıryan [zıryān] - "بای سارد": زەلان zelan یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑سار(د) sar(d).

2- ↑سروه sırwe "شنەبا"، سەر بە ریشەی ***sreu- > (IE.)*** "جاری بوون، جەریان".

زریزە zırîze [*zırīza*] - "زنجیری زۆر باریک": دەشێ دە بنەڕەتدا بەم جۆرە بووبێ: زرێ + زە [چە] ze + zıre. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑جیر cîr و ↑جەڕاندن cerandın سەر بە ریشەیەک بە مانای "با دان، توند و گرژ کردن". خزمە دەگەڵ Strang (G.) و string (E.) "ریس، بەنی بادراو"، stranc (OG.)، streng (OIs.) "چنراو، هۆنراو"، stringere (L.) "گوشین، رێک گوشین"، srangos (Let.) "بادراو"، strangale (Let.) streang (OIr.) "ریس، بەنی بادراو"، stranx (Let.) "گوشراو"، stringt (Let.) "توند بوون، سفت بوون"، streng (G.) "سەختگیر، دەمارگرژ" staggós (Gr.) "بادراو"، سەر بە ریشەی ***stren(k)- > (IE.)*** "بادراو، گوشراو، توند و گرژ بوون". ئەم ریشەیە خۆی دە پلەیەکی دوورتر دا دەچێتەوە سەر ریشەی ***(s)ter- > (IE.)*** "رەق بوون، توند بوون، چڕ بوون". دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە پێوەندییان بەو خێزانە وشەوە هەیە، وەک ↑جیرcîr [جیرە بە با دان]، ↑چیر çîr "توند، سفت"، ↑جەڕ cer [جەر و مەنگەنە]. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا ↑زرێ zıre [زرە zereh (P.)] بە مانای"جلکی بە زنجیرچندراوی شەڕ" بەکاردەهێنرێ، کە دەبێ هەر لەم چوارچێوەدا جێی لێکدانەوە بێ.

زریکاندن zırîkandın [*zırīkāndın*] - ↑زیڕاندن zîrandın.

زرینچکاو zırînçıkaw [*zırīnčıkāw*] - "زەرداوی دەمی بڕین": زری(ن) + چک + ئاو zırî(n) + çık + aw ؟ بنجی وشەکە ↑زەرد zerd ە و مەبەست ئەو ئاوە زەردەیە لە برین دێتەدەر و لەوانەیە تێکڕای وشەکە مانای "زەرداوێکی کەم" بدا. لەوانەشە "چکاو" پێوەندی بە "تکان"ەوە هەبێ و مەبەست "دەڵاندنی زەردایی" بێ.

زرینگ zrîng [*zrīng*] - "1-چوست وچالاک، بەکار 2- زیرەک": زیرەنگ zîreng یش دەگوترێ. زرنگ zerang (P.). دە فارسیشدا هەردوو ماناکە دەگەیەنێ. خزمە دەگەڵ streng (G.) "توند، سەخت، سەختگیر" [لە کارێکدا یان لەسەر بیر و باوەڕێک]، strengi (OG.) "زرینگ، سەخت، موکوڕ"، streng (Nl.) "سەختگیر، قایم"، strong (E.) "سەخت، بەهێز"، strangr (OIs.) "توند، سەخت، بەهێز"، sträng (Sw.) "توند، سەختگیر". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ Strang (G.) و هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەدا بە مانای "تەناف، گوریس" و دەچنەوە سەر ریشەی ***stren(k)- > (IE.)*** "با دران، گوشران، توند و گرژ بوون". ئەم ریشەیە خۆی دە پلەیەکی دوورتردا دەچێتەوە سەر ریشەی ***(s)ter- > (IE.)*** "رەق بوون، توند بوون، چڕ بوون". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑جەڕاندن cerandın "با دانی توند".

[تێبینی: پێوەندی چەمکەکانی "با دران، گوشران، توند و گرژ بوون، سەخت بوون" لەم وشانەی خوارەوەشدا، کە پێکەوە هاوریشەن، بەدی دەکرێ: *هەستی* "بەرد، ئیسک"، *خەست* "توند، پەیت" و *گشت* "توند، گرژ، گورج" (هەڵپەڕینی گشت، بە پێچەوانەی هەڵپەڕینی خاو)].

زرینگانەوە zırîngan(ewe) [*zırngānawa*] - "دەنگی وێککەوتنی زنجیر و زێر و زیوەر": جرنگ jerang (P.) و جرنگیدن jerangīdan (P.). خزمە دەگەڵ ↑جرینگە cırînge، ↑خرینگە xırînge. زرینگە zırînge و ئەم وشانەی دوایی دە بنچینەدا هەر یەک وشە بوون و دواتر چەند شێوەی بڕێک جیاوازیان پەیداکردووە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Klang (G.) "دەنگ و سەدا، زرینگە"، klingen (G.)، klingan (OG.)، klinken (Nl.)، clink (E.) "زەنگ لێدران، جرینگە لێهاتن". ریشەی ئەم وشانە دەچێتەوە سەر ***ĝal- > (IE.)*** ە کە دە بنچینەدا لاسا کردنەوەی دەنگەکەیە.

زریوە zırîwe [*zırīwa*] - "تروسکە": شێوەیەکی دیکە لە ↑جریوە cırîwe.

زرێ[1] zıre [*zıre*] - "جلکی بە زنجیرچنراوی شەڕ": زرە zereh (P.). وشەکە دە بنەڕەتدا بە واتای "ریسی توند بادراو و گرژکراو" بووە. [↑زریزە zırîze].

زرێ **zıre 2** *[zıre]* - "دەریا": شێوەی کۆنتری ↑دەریا derya.

زرێچ **zıreç** *[zıreč]* - "چەسپ": شێوەیەکی دیکە لە ↑چرێش çırêş.

زستان **zıstan** *[zıstān]* - "وەرزی بەفر و بەستەڵەک": zemestān (P.). دە کوردمادیدا زمستان zımstan و زڤستان zıvstan یش دەگوترێ. وشەکە پێک هاتووە لە دوو کەرتی zı(m) + stan. کەرتی دووەم، ستان stan، لێرەدا پاشگری کات و وەرزە. کەرتی یەکەم، واتا زم zım دە زمانی کوردمادیدا تا ئێستاش وەک وشەیەکی سەربەخۆ ماوەتەوە و مانای "سەرما" دەدا. ئە وشەیە بە شێوەی ↑زما zıma دەگوترێ بە مانای سەرما. جگە لەمە دە هێندێک وشەی دیکەشدا دەردەکەوێ کە پێوەندییان بە سەرماوە هەیە، وەکۆ ↑زماک zımak "نسار"، ↑زەمبلە zembıle "چلوورە"، ↑زەمتین zemtîn "خوێن وەستان، لەختە بوونی خوێن"، ↑زمهەڕ zımher "ئازووقەی زستان" [هاردی زستان]، ↑زەمەگولیلک zemegulîlk "زوقم، خووسار"، zımherîr "زۆرسارد، سەرمای سەخت". وشەکە خزمە دەگەڵ jama (Av.)، zam (Pl.)، hima (OIn.)، zima (Rus.)، hiemis (L.)، kheimon (Gr.) "زستان، زمستان" و camag (MP.) "مەییو، بەستوو، جامید". لێرە دا دەردەکەوێ کە وشەی جامد jāmid (Arb.) لە زمانی کوردمادی یان فارسی بەرێ وەرگیراوە. هەروەها دەبێ وشەی زمزم zamzam (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و مەبەست ئاوێکی سارد سارد بووبێ. وشەکانی ↑چای çay "سارد"، ↑چایمانی çaymanî و ↑چایین çayîn "سەرما بوون" و ↑زستان *zıstan* [زڤستان] پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

زغرک **zığırk** - "ورکەبەرد": ↑زخور zıxur و ↑زگار1 zıgar یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زیخ zîx "ورکەبەرد" و ↑زاخ[1] *zax* "بەرد". هەروەها خزمە دەگەڵ ژاغر žāġar (P.) "سیکەتۆرە، چیکڵدان" [تووەکەی زیخ] و ساغر sāġar (P.) و ↑سەکرە sekre "جام، پیاڵە" [دە بنەڕەتدا: (قوڕی) بەردکراو، جێی ئاماژەیە کە "جام"یش دەگەڵ "کەمر، کەڤر" خزمە].

زفت **zıft** - "قیلی کانزا": زفت zeft (P.) "قیر، قەتەران":

1- جێی بەراورد کردنە دەگەڵ Schweiß (G.)، zweet (Nl.)، swāt (OE.)، sweat (E.)، svēda-h (OIn.)، sviedri (Let.)، sudor (L.) "ئارەقە"، سەر بە ریشەی ***sueid-** (IE.) > "ئارەقە کردن، ئارەق دەردان". لەم تێڕوانینەوە "زفت" دەبێ وەک جۆرێک ئارەق دەردان یان ئارەق لێ گرتن چاو لێکرابێ کە دیارە بە شێوەی دڵۆپ دڵۆپ پێک هاتووە.

2- یان ↑زیپک zıpık "دڵۆپە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "چۆڕان، دڵۆپان".

3- هەروەها دەگەڵ ↑سفت sıfıt "سەخت". زفت شتێکە سفت پێوە دەنووسێ و بە سەختی لێ دەبێتەوە.

[تێبینی: دە زمانی عەرەبیشدا وشەی قطران دەبێ پێوەندی بە قطرة واتا "دڵۆپە"ەوە هەبێ].

زڤار **zıvar** *[zıvār]* - "بزگوڕ": شێوەیەکی دیکە لە ↑زێوار zewar، زیڤار، zîvar، زیڤاڵ، zîval، ↑زۆڵ zol [زۆڵەچەرم واتا کوتەچەرم].

زڤر **zıvır** *[zıvır]* - "ورکە نان": خزمە دەگەڵ ↑زڤار ziwar "بزگوڕ، تیتۆڵ".

زڤرین **zıfrîn** *[zıvrīn]* - "سووڕان(ەوە)": وشەکە دە شێوەزاری ناوەڕاستدا بووەتە ↑سووڕان suran. خزمە دەگەڵ spaīra (Gr.) "خول، پێچ". Spirale (G.) لە spira (L.) "هێڵی مارپێچی" وەرگیراوە و دواجار دەچێتەوە سەر وشە یۆنانییەکە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها وشەی ↑زەپرتی zepırtî هەیە بە مانای "بزۆز، ئۆقرەنەگر" کە خزمە دەگەڵ زڤرین. شیاوی باسە کە وشەی ↑سفر safar (Arb.) "گەشت و گەڕان" دەگەڵ ↑زفر zıfır "گەرانەوە" یەک دەگرێتەوە و دەشێ وشەکە دە بنەڕەتدا وشەیەکی زمانی کوردمادی بێ و چووبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑زڤیرک zıvîrk هەیە بە مانای "گیژەوڵووکە". ئەم وشانە دەشێ پێوەندییان هەبێ بە ریشەی ***sper-** (IE.) > "جم و جۆڵی خێرا و نائارام کردن". مانای ئەم ریشەیە بەرهەڤ بکە دەگەڵ ↑زەپرتی zepırtî "بزۆز، ئۆقرەنەگر". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا Sperling (G.)، sparo (OG.)، sparrow (E.)، sparv (Sw.) "چوڵەکە" لەم ریشەوە

هاتووە. وێ دەچێ وشەی ↑چۆلەکە çoleke دە زمانی کوردمادیدا پێوەندی بەم وشە ژێرمەنییانەوە هەبێ.

زڤنگ zıvnıg - "ئەشکەوتی مەزن کە خەڵکی تێدا دەژی": زیڤینگ zîvîng یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سابات sabat دا شی کراونەوە.

زق zıq - "زوقم، بەستەلەک": جگە لەم وشەیە چەند وشەیەکی دیکە هەن کە دەبێ لە ریشەیەکی هاوبەشەوە هاتبن، وەک ↑زوقم zuqım، ↑سەقەم seqem [سەرما و سەقەم]، ↑زیک zîk "زۆر سارد"، ↑شەختە şexte، ↑سیخوار sîxwar و لەوانەشە ↑سەهۆڵ sehol. ژمارەیەکی دیکە لەم وشانە لەژێر ↑سەق seq دا باس کراون.

زقاف zıqaf *[zıqāf]* - "خێشک": خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq، ↑چەقۆ çeqo و ↑زاخ zax "کێر، خەت" و هێندێک وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، لەت کردن، لێک کردنەوە".

زقاق zıqaq *[zıqāq]* - "کووچە، کۆڵان": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شەقام şeqam و بچێتەوە سەر بنەوشەیەک بە مانای "لاق". بنەوشەکە دە فارسیدا بە شیوەی ساق sāq (P.) و دە کوردمادیدا بە شێوەی ↑چۆک çok و ↑شەق şeq دەردەکەوێ.

[تێبینی: مانای وشەکە لە "لاق"ەوە بووەتە "هەنگاو" و لەوێشەوە بووەتە "شوێنی هەنگاو نان، کۆڵان، شەقام". "هەنگاو"یش خۆی دە بنەڕەتدا هەر بە مانای "لاق"ە].

زقاو zıqaw *[zıqāw]* - "تەڕەزن، ئاوێک کە لە قەراخی مێرکێ دەدەڵێ": زق + ئاو zıq + aw. کەرتی زق خزمە دەکەڵ ↑تکان (هوە) tıkan و sichten (G.) و sicerian (OE.) "دەڵاندن، دڵوپاندن".

زکین zıkîn *[zıkīn]* - "زۆرخۆر، چڵێس": زکن zıkın و زکوون zıkun یش دەگوترێ. ↑زکێ zıg "ورکێ".

زکێ zıg - "ورکێ": شێوەیەکی دیکە لە ↑سک sık.

زگار1 zıgar *[zıgār]* - "ورکەبەرد": ↑زخور zıxur و↑زغرک zıġırk یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زیخ zîx "ورکەبەرد" و ↑زاخ[1] *zax* "بەرد".

زگار2 zıgar *[zıgār]* - "کز و کەنەفت": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ sick (E.) "نەخۆش". [بڕوانە ↑زیز zîz].

زگماک zıgmak *[zıgmāk]* - پێک هاتووە لە دوو کەرتی ↑زکێ zıg + ماک mak. کەرتی ماک mak دەچێتەوە سەر ↑مێ me و لێرەدا مانای "دایک" دەدا [بە فارسی mādar (P.) "مادر"]. مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "لە زگی دایکەوە".

زگورد zıgurd - "رەبەن، سەڵت": لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە هێندێک وشە کە ئەوانیش ماناکانی "بڕین، لێکردنەوە، جودا کردن(هوە)" دەگرنە خۆ، وەک ↑زاخ[2] zax "خەت، کێر"، ↑چاک[3] çak "بڕدراوی" [چاکی کەوا] و هتد. لەم تێڕوانینەوە مرۆڤی زگورد یان رەبەن کەسێکە کە بە جیا، بە *دابڕاوی* (لە ژن و منداڵ) دەژی. وشەی "مجرد" دە زمانی عەرەبیشدا هەر ئەو مانایە دەگەیەنێ.

زل[1] zıl - "گەورە، قەبە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ schwellen (G.)، swellan (OG.)، zwellen (Nl.)، swell (E.)، sväll (Sw.) "زل و گەورە بوون، ماسین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suel- >*** "زل بوون، هەڵمسان، لەبەر یەک کشانەوە، بەربلاڤ بوون". خزمە دەگەڵ ↑سێڵاو selaw [دە بنەڕەتدا: زل ئاو، ئاوێک کە "هەڵمساوە" و بەربڵاو بووە.

زل[2] zıl - "لاسکی گیا": ↑چڵ çıl.

زل3 zıl - "تەماشا بە چاودەرپەڕیوی، چاو تێبڕین": زل zol (P.). خزمە دەگەڵ Star (G.) "ئاوی مرواری"، staraplint (OG.)، strblind (OE.) "کوێری چاوزەق". ئەم وشانە پێوەندییان هەیە بە starren (G.) "1- رەق بوون، بێجووڵە بوون 2- چاوی بێجووڵە تێبڕین". خزمە دەگەڵ ↑ئەستوور estur و

چەندین وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "رەق بوون، لە جووڵە وەستان". لەوانەیە ↑زرەک zırek بە مانای "تانەی سەر چاوی ماڵات" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

زڵچە zılçe *[zılča]* - "دەنگی شتی تەڕ": خزمە دەگەڵ ↑جڵقە cılqe و ↑چڵم *çılım*. چەندین وشەی دیکەش کە هەڵگری چەمکی "تەڕ و لیچق" بوونن، پێوەندیان بەم وشانەوە هەیە، وەک ↑زڵق zılq "قوڕ و لیتەی خلیسک"، ↑زڵفنچک zılfınçık "چڵک و کێمی برین"، ↑زڵزڵە zılzıle "چڵک و کێمی برین"، ↑زلیقۆ zılîqo "جۆرێک چەسپ"، ↑سڵق sılq "گیایەکی دوکلیو"، ↑سلپ sılp "تەڵتە"، ↑چڵپاو çılpaw، ↑زەلکە zelke "شۆرباوی بێتام" و هتد. ئەم وشانە و چەندین وشەی هاوشێوە دەچنەوە سەر ریشەی ***(s)lei- >** *(IE.)* "تەڕ و لیچق بوون".

زلحۆرت zılħort - "زلی ناقۆڵا": زل + حۆرت ħort + zıl. کەرتی یەکەم هەمان ↑زل zıl ە و کەرتی دووەم پێوەندە بە ↑خورت xurt "بەهێز، قەوی".

زڵزڵە zılzıle *[zılzıla]* - "چڵک و کێمی برین": زلزە + لە le + zılze. خزمە دەگەڵ ↑زڵچە zılçe "دەنگی شتی تەڕ"

زڵفنچک zılfınçık *[zılfınçık]* - "چڵک و کێمی برین": خزمە دەگەڵ ↑زڵچە zılçe "دەنگی شتی تەڕ".

زلق1 zılıq - "نائارام، هارو هاج": شێوەیەکی دیکە لە ↑شلۆق şıloq.

زلق2 zılıq - "قوڕ و لیتەی خلیسک": خزمە دەگەڵ ↑زڵچە zılçe "دەنگی شتی تەڕ".

زلقتی zılqtî *[zılqtī]* - "زەرگەتە": هەروەک ↑زەرگەتە zergete لە دوو کەرت پێک هاتووە: زل -zıl هەمان زەر(د) ە و قتی -qtî یش هەمان "گەتە"یە و مانای "کەت، بڕاو" دەدا.

زلە zılle *[zılla]* - "شەپەڵاغە، لێدان بە لەپی دەست": سیلی sīlī (P.). خزمە دەگەڵ Schlag (G.) "زەبر" و schlagen (G.)، slay (E.)، sla (Sw.)، slahan (Gt.) "لێدان، لێکدان"، Schlacht (G.)، slieht (OE.)، slauhts (Gt.) "شەر و کوشتار"، schlachten (G.) "سەربڕین"، slacc (Mir.) "شمشێر"، سەر بە ریشەی ***slak-** *(IE.)* "لێدان". وشەی سلاح silāħ (Arb.) و سلخ salaxa (Arb.) "پێستی کرد" لەوانەیە لە زمانی کوردمادی وەرگیرابن. دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە، وەک ↑شڵەقاندن şıleqandın "لێکدان"، ↑شڵە şıle "پێستی سپی و سووری تێکەڵ" [لێکدراو]، ↑شەللاق şellaq "قامچی"، ↑شلۆق şıloq "قەرەباڵغ، تێکەڵ پێکەڵ، لێکدراو" و هتد.

زلمبۆ zılmbo - "گەزۆ، شیرەی دار": خزمە دەگەڵ ↑سالمە salm(e).

زلووبیا zılubîya *[zılūbyā]* - "جۆرە شیرنییەک": زولبیا zolbīyā (P.). خزمە دەگەڵ چەند وشەیەک وەک ↑قڵفە qılfe، ↑کەڵاف kelaf و ↑زولف zulf. ئەم شیرنییە وەک بەتیکی قڵفەدار یان گرێ گرێ دراو و تێکهاڵاو وایە.

زلە zıle *[zıla]* - "چەقەچەق": خزمە دەگەڵ ↑شلۆق şıloq و ↑شلەقان şıleqan و↑ زللە zılle و هتد. ریشەی ئەم وشانە مانای "لێدان، لێکدان" دەبەخشێ و مانای "زلە" دەبێتە دەنکَ و هەرای تێکەڵ پێکەڵ یان "چەنە لێدان".

زلەویان zılewyan *[zılawyān]* - شێوەیەکی دیکە لە ↑ژلێوان jılewan "تێکەڵ پێکەڵ بوون، لێکدران".

زلیقۆ zılîqo *[zılīqo]* - "جۆرێک چەسپ": خزمە دەگەڵ ↑زڵچە zılçe "دەنگی شتی تەڕ".

زم (ا) zım(a) *[zımā]* - "سەرما": خزمە دەگەڵ ↑زستان zı(m)stam.

زماک zımak *[zımāk]* - "نسار، شوێنی تاونەگر لە چیا": زماکَ zımag یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زم(ا) zım(a) "سەرما" و دەگەڵ ↑*زستان zı(m)stam*.

زمان zıman *[zımān]* - "ماسوولکەی ناودەم، ئامرازی قسە پێ کردن و پێ خواردن": زوڤان zuvan یش دەگوترێ. زبان zabān (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Zunge (G.) و tongue (E.) و tunga (Sw.)،

tengae ،(dingua :کۆنتر) ،(L.) lingua و(Pl.) izwan ،(OP.) hizanam ،(OIn.) jihva ،(Lit.) liezuvis (OIr.) سەر بە ریشەی ***(IE.)* ndh- ghu- >*** "ئەو شتەی ژێر مەڵاشوو".

زمایش zımayış *[zımāyıš]* - "دەنگی گریان و ناڵاندن": بڕوانە ↑زمین zımîn.

زملیق zımlîq *[zımlīq]* - دەگەڵ "زەرد" دێ [زەرد و زملیق zerd û zımlîq بە مانای "نەرم، لووس"].
خزمە دەگەڵ ↑ساماڵ samal "ساف، یەکدەست".

زموڕڕود zımurrud - "بەردێکی پرنرخ": زمرد (P.) zomorrod. زمڕۆت zımrot و زامڕۆت zamrot یش دەگوترێ. دە یۆنانیدا (Gr.) smaragd بووە و لەوێوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەوروپییەکانی دیکەوە.
ریشە؟

زمهەڕ zımher *[zımhar]* - "ئازووقەی زستان": پێک هاتووە لە دوو کەرتی زم + هەڕ zım + her.
کەرتی یەکەم واتای سارد وسڕی و ↑زستان zı(m)stan دەبەخشێ. کەرتی دووەم دەبێ هەمان↑ئارد ard[کۆنتر: هارد] بێ. بەم جۆرە مانای وشەکە دەبێتە "ئاردی زستان".

زمە zıme *[zıma]* - "1- کونکەر2- شیش و بەن بۆ خاوێن کردنەوەی لوولەتفەنگَ": سنبە (P.) sonbe.
دەچێتەوە سەر ↑سمین sımîn "کون کردن".

زمین zımîn *[zımīn]* - "گریان و ناڵین": هەروەها زمی zımî دەگەڵ ناڵە دێ [زمی وناڵە] . جگە لەمە زمیهتن zımîhtın دەگوترێ بە مانای "1- ناڵە و زاری 2- دەنگَ دانەوەی زۆر کەس پێکەوە". جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- Jammer (G.) "ناڵە، گرین"، (OG.) jāmar و (OE.) geōmer "خەمگین، دڵتەنگَ، پەشێو". رەنگە وشەی ↑خومار xumar یش [چاوی خومار] پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

2- summen (G.) "وزەوز کردن، بڵماندن، لە بن لێوان گۆرانی گوتن". ریشەی ئەم وشەیە لاسا کردنەوەی دەنگە.

3- ↑گمایش gımayış "1- دەنگی بلێسەی ئاگر 2- بۆڵەبۆڵ کردن" و ↑گماندن gımandın.

زنار zınar *[zınār]* - "بەردی گەورە، شاخ": هەروەها زنێر zınêr ش دەگوترێ بە مانای "شاخی سەخت". وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژە بە "پێکەوەنووساوی" دەکا، واتا کۆمەڵەبەردێکی پێکەوەنووساو.
دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شەنگل şenıgl "پێکەوەنووسان، لێکهاڵان".

زناو zınaw *[znāw]* - "زەوی تەڕ و شل": بڕوانە ↑زنە zıne "چیمەنی ئاودەڵێن".

زنج1 zınc *[zınj]* - "ئامرازێکی مۆسیقا": سنج sınc یش دە گوترێ. سنج (P.) sanj. خزمە دەگەڵ کردای ↑ژەنین jenîn، سەر بە کردارێک بە مانای "لێدان، لێکدان". ئەم ئامرازە لە دوو شتی وەک کەشەف پێک هاتووە کە لێک دەدڕێن.

زنج2 zınc *[zınj]* - "کوتەک، پەیاغ": خزمە دەگەڵ ↑زنج1 zınc "ئامرازێکی مۆسیقا" و ↑زەنگَ *zeng* [زەبر و زەنگَ] و ↑جەنگَ ceng.

زنج3 zınc *[zınj]* - "چەنەگە": شێوەیەکی دیکە لە ↑چەنەگە çenege.

زنج4 zınc *[zınj]* - "چارداغ، حەوش، چەپەر، پەرژین": سێنج senc یش دەگوترێ.

1- یان پێوەندی هەیە بە ریشەی ***(IE.) *(s)ne- >*** "بەستن، چنین، تەنین، هۆنین، گرێ دان". دیارە مانای "زنج" بە تەواوی دەگەڵ مانای ئەم ریشەیە یەک دەگرێتەوە. ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چنین cınîn1 و هەروەها ↑کەنز *kenz* [کنج kınc] "جلوبەرگَ".

2- یان بە شیمانەیەکی کزتر لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە Schanze (G.) "سەنگەر، چەپەر، بەربەست، خەندەک". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە یەک لا نەکراوەتەوە. بە گوێرەی بۆچوونێک لەوانەیە بچێتەوە سەر scansi (It.) "بەرگری، بەربەست".

زنجار zencar *[zancār]* - "ژەنگَ": شێوەیەکی دیکە لە ↑ژەنگَ jeng.

زنجک **zıncık** *[zınjik]* - "لووشک، جووتە": خزمە دەگەڵ کردای ↑ژەنین jenîn، سەر بە کردارێک بە مانای "لێدان، لێکدان".

زنجی **zıncî** *[znjī]* - "لووت، کەپۆ": زنژ zınj یش دەگوترێ. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا چەندین وشە هەن کە گشتیان پێوەندیان بە "کەپۆ، لووت"ەوە هەیە، وەک Schnabel (G.) "دندووک"، schnaufen (G.) "هەناسە کێشانی توند بە لووتدا"، Schnauze (G.) "دەم و لووت"، schnäuzen (G.)، snuiten (Nl.)، snyta (Sw.)، snytan (OE.) "فڕماندن، چڵم دەردان"، snuzza (OG.)، snot (OE.)"چڵم". ئەم وشانە هەموویان بە دەنگی-sn دەست پێ دەکەن. وشە کوردماددییەکەش دیارە پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. هەروەها وشەی ↑گن gın "کەسێک کە دە کەپۆدا قسەدەکا" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

زنجیر **zıncîr** *[zıncīr]* - "بەندی ئاسنین کە لە گەلێک ئاڵقە دروست بووە": زنجیر zanjīr (P.). دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑سندم sındım کە بۆ بەستنەوەی لاق بەکاری دەهێنرێ، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ne- >*** "بەستن، چنین، تەنین، هۆنین، گرێ دان". لەوانەیە ↑زنج zınc "چارداغ، چەپەر، پەرژین" و ↑زیندان zîndan یش لەم ریشەوە هاتبن. ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چنین cınîn l و هەروەها ↑کەنز *kenz* [کنج kınc] "جلوبەرگ". سەبارەت بە پێوەندی ئەو مانایانەی سەرەوە بە یەکدی دەتوانین دەگەڵ وشەکانی "بەن"، "بەند" و "بەندی" هەڵیان سەنگینین.

2- ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوە نووسان".

زنچک **zınçık** *[zınčık]* - "1- تەرایی کەم 2- چڵک وکێمی برین": زنچکاو zınçıkaw یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زنە zıne "(چیمەنی) ئاودەڵێن" و ژمارەیەک وشەی دیکە.

زنخ **zınıx** - "گەنیو": بنجی زن zın- شێویەکی دیکە لە گەن gen- دە کرداری ↑گەنین *genîn* دا و ↑گنخان gınxan دا.

زنگرین **zıngrîn** *[zıngrīn]* - "تۆپین، کەوتین": خزمە دەگەڵ sinken (G.)، sinkan (OG.)، sigqan (Gt.)، sink (E.)، sjunka (Sw.) "رۆچوون، بەرەو خوار چوون، دابەزین، هاتنەخوار". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*sengu- >*** "کەوتن، هاتنەخوار".

[تێبینی: وەک لەسەرەوە دەبینرێ، "کەوتین" وشەیەکی دیکەیە کە بە مانای "زنگرین، تۆپین" بەکار دێ و ئەمەش پێوەندی بە کرداری "کەوتن"ەوە هەیە. لێرەدا پێوەندی دوو چەمکی "تۆپین" و "کەوتن" بە ڕوونی دەردەکەوێ].

زنگی **zıngî** *[zıngī]* - "دەنگی وێککەوتنی ددانان لە سەرمان": خزمە دەگەڵ زنگ zıng یان ↑زەنگ zeng بە مانای "دەنگی زەنگوڵە".

زنە **zıne** *[zına]* - "چیمەنی ئاودەڵێن": خزمە دەگەڵ ↑زناو zınaw "زەوی تەڕ و شل"، ↑تەڕەزن terezın و لەوانەشە ↑زۆنگ zong "باتڵاق" و هتد. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Schnee (G.)، snow (E.)، snö (Sw.)، sneg (Rus.)، nipha (Gr.)، nix (L.)، sniegas (Lit.) و snahr (Pl.) "بەفر، بەرف"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)neigh- >*** "پێوەنووسان، گلوو بوون". هەروەها ↑زنار zınar "بەردی زلی شاخ" و ↑شەنگڵ *şengıl* "پێکەوە نووسان" پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە.

زنینەوە **zınînewe** *[zınīnawa]* - "هەستانەوی دوای مردن": شێوەیەکی دیکە لە ژیانەوە jîyanewe [بڕوانە↑ژین jîn].

زتیر **zınêr** *[zıner]* - "تووکەسەری لێکهاڵاوی چڵکن": خزمە دەگەڵ ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوە نووسان، لێکهاڵان".

زوخاڵ **zuxal** *[zuxāl]* - "تێڵا، داردەست": پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەیە:

1- ↑زیخ zîx و ↑زەق *zeq* و ↑زەخت zexıt[2] "نەقیزە، مامزە".

2- ↑زاگۆر zagor "پەیاخ، چۆماخ".

زوخرە zuxre *[zuxra]* - "ورکەبەرد": بڕوانە ↑زاخ zax "بەرد".

زورار zurar *[zurār]* - "ناوی مەڵبەند و هۆزێکی کوردستان": خزمە دەگەڵ ↑زۆر zor "هێز، زەخت، تەوژم". وشەکە ئاماژەیە بە سەخت بوونی ناوچەکە و بەهێز و خورت بوونی ئەو هۆزە. شیاوی باسە کە ناوی زۆر لە مەڵبەند و هۆزەکانی کوردستان پێوەندییان بە چەمکی "سەخت و بەهێز" بوونەوە هەیە. لەم بارەوە بڕوانە ↑سۆران soran.

زورنا zurna *[zurnā]* - "سازێکی دەمی": سرنا sornā (P.). زور + نا zur + na. کەرتی دووەمی وشەکە شێوەیەکی دیکەیە لە ↑نەی/ نایە naye /ney. کەرتی یەکەم لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ:

1-یان ↑سوور sur "شایی، جێژن".

2- یانیش ↑زار zar "دەم". لەباری ماناوە بەراوردی بکە دەگەڵ دەمنە "دارجگەرە".

زورهان zurhan *[zurhān]* - "پیری کەنەفتە": دەشێ پێوەندی هەبێ بە zermān (Pl.) و zaurvan (Av.) "پیر، کەلەلا". خزمە دەگەڵ ↑زورەت zuret "گەنمەشامی".

زورەت zuret *[zurat]* - "گەنمەشامی": زورات zurat و زەرات zerat یش دەگوترێ. زرت zorrat (P.)، zurtak (Pl.). وشەکە خزمە دەگەڵ Korn (G.)، corn (E.)، kaurn (Gt.) "دەغڵ و دان" و هەروەها Kern (G.)، kärna (Sw.) "دەنک" و granum (L.) و zerno (Rus.) "دەنک، دەغڵ و دان" سەر بە ریشەی ***ĝer- >*** ***(IE.)*** "گەیشتوو، پیر، بڵ". دە زمانی ئەلمانیدا وشەی Kerl "پیاو، زەلام" هەیە کە خزمە دەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوە و هەروەها دەگەڵ churl (E.) و karl (Sw.) "زەلام، جووتیار" و gerōn (Gr.) "پیر، بەساڵداچوو". لێرەوە دەتوانین وشەکانی ↑سرد sırd "تازەگوڵی خەلە" و ↑زرت zırt بە مانای "زەلام" لەم چوارچێوەیەدا لێک بدەینەوە. هەروەها شیاوی باسە کە وشەی ذرة zarra (Arb.) "تۆزکاڵ، تۆسقاڵ" دەبێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و دە بنەڕەتدا مەبەست "دەنک، دان، هەب" بێ.

زوفت1 zuft - "1- پڕاوپڕ، دارماڵ 2- قڕنیس، دەسقوچاو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زۆر[1] zor سەر بە ریشەی ***sp(h)ei- >*** ***(IE.)*** "لە بەریەک کشانەوە، درێژ بوونەوە، هەراو بوونەوە". دە زمانە ژیرمەنییەکاندا هەر لەم ریشەوە وشە بە مانای "کەمی، دەست پێوەگرانە، پاشەکەوت کردن" هاتوونە ئاراوە، وەک sparen (G.) "پاشەکەوت کردن"، sparr (OIs.) "دەست پێوەگرانە، دەسقوچاو" و spare (E.) "کەم، لاواز".

زوفت2 zuft - "زبر": زوڤر zuvr یش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکە لە ↑زبر zıbır.

زوڤر zuvr - "بنەچەک، رەگەز": دە زمانی ئەڵمانیدا spät (G.) بە مانای "دێر، درەنگ" بەکار دێ و دەچێتەوە سەر ریشەی ***sp(h)ei- >*** ***(IE.)*** "لە بەریەک کشانەوە، درێژ بوونەوە، هەراو بوونەوە". وشە ئەڵمانییەکە هەروەها خزمە دەگەڵ ↑زاڤ zav یان ↑زۆر zor و مەبەست زۆر خایاندنی کاتە. لە لایەکی دیکەوە دە زمانی کوردمادیدا "دێر" بە مانای کاتی کۆن و زۆر بەر لە ئێستاش بەکار دێ، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "دێرین". بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دەتوانین وشەی "زوڤر" ئاوا لێک بدەینەوە کە ئەم وشەیە سەرەتا وەک وشە ئەڵمانییەکە مانای "دێر، درەنگ"ی گەیاندووە، لەمەوە دواتر مانای "دێرین، کۆن" سەری هەڵداوە و دیسان لەمەشەوە مانای "بنەچەک، ئەسڵ" پەیدا بووە. هەر لێرەدا جێی بیر هێنانەوەیە کە وشەکانی "دێر" و"درەنگ" پێوەندییان بە "درێژ"ەوە هەیە و لەمانیشدا باس هەر لە دوور و درێژ بوونەوە و لە بەریەک کشانەوەی کاتە.

زوقم zuqım - "خووساڕ، سیخوار، بەستەڵەک": زوخم zuxm یش دەگوترێ. جگە لەم وشەیە چەند وشەیەکی دیکە هەن کە لە ریشەیەکی هاوبەشەوە دێن، وەک زق zıq "زوقم، بەستەلەک"، ↑سەقەم seqem [سەرما و سەقەم]، ↑زیک zîk "زۆر سارد"، ↑شەختە şexte، ↑سیخوار sîxwar و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑سەق *seq*.

زوک zuk - "زەق، زۆپ": شێوەیەکی دیکە لە ↑زەق .

زوکری zukrî *[zukrī]* - "ناوی هۆزێکی کوردە": خزمە دەگەڵ ↑سەق seq.

زوڵف zulıf - "موو، بسک": زلف (P.) zolf. ئەم وشەیە دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای "ئاڵقەی موو" بێ، واتا کاتێک موو هەڵدەگەڕێتەوە، فڕ دەبێ و ئاڵقەیەک دروست دەکا. "زلف" دە "فەرهەنگَ جامع فارسی-المانی"دا وەک Locke "ئاڵقەی موو" و Harr "موو" مانا کراوەتەوە. دەبێ مانای یەکەم مانای ئەسڵی وشەکە بێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەند وشەیەکی زمانە ژێرمەنییەکان، وەک Schleife (G.)، Schlaufe(G.) "قڵفە"، Schlupf (G.) "کوتێک کە شتێک نەرم و هاسان بە تیویدا دەخوشێ"، schlüpfen (G.) "بە کوتیکدا خوشین و تیپەڕین"، schleifen (G.) "سمبادە لێدان، ساف و لووس کردن" [دەبنەڕەتدا: لێخشاندن]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)leib- >*** "خلیسکان، خوشین، خزین" و دوورتریش دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "تەر و لیچق و خلیسک بوون". کەوابوو "زولف" ئەو موویانەن کە وەک شتیکی ساف و خلیسک لە دەوری یەکتر هاڵاون، خوشیون و پێکهاتەیەکی وەک قڵفە یان ئاڵقەیان دروست کردووە. بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑قڵفە qılfe و ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە.

زولوبیا zulubya *[zulubyā]* - "جۆرێک شیرینی": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑چڵیپا *çılîpa* "خاچ" و دەگەڵ ↑زولف zulf.

زوم zum - "چەوری": زووم zum و زوهم zuhım یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑خامە xame هەوە.

زونگَ zung - "گۆشتی قیمەکراوی دەناو ریخۆڵە ئاخنراو، پاسترمە، سووسیس": وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ زۆنپ zonp [یان ↑زۆمپ zomp] "کوتکی گەورە". هەروەک چۆن "قیمە" و "کفتە" دە ریشەیە مانای "کوتراو" دەبەخشن، هەروەساش "زونگَ" دەشێ پێوەندی بە چەمکی "کوتان"ەوە هەبێ.

زوها zuha *[zuhā]* - "وشک": زوا zuwa ش دەگوترێ. هەروەها ↑سێ ه seh هەیە بە مانای "چەرمی وشک هەڵاتوو". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ئەو وشەگەلەی لەژێر ↑سەق seq دا شی کراونەوە. ئەم وشانە بە گشتی مانای "سەخت، رەق" دەبەخشن.

زویر zuwîr *[zuwīr]* - "نارەحەت، دڵ تێشاو": خزمە دەگەڵ ↑زوورانەوە (zuran(ewe.

زوو zu *[zū]* - "دژبەری درەنگَ، بەپەڵە": زود zūd (P.)، zūt (Pl.)، zūta (Av.) "زوو". جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ schütten (G.) "هەڵرشتن"، schudden (Nl.) "راوەشاندن"، scūdan (OE.) "پەلە کردن"، Scheuer (G.) "با و بارانی توند". ئەم وشە ئەوروپییانە دەچنەوە سە ریشەی ***(IE.) *(s)kut- >*** "راوەشاندن".

[تێبینی: وشەی "پەلە"ش خزمە دەگەڵ "پەڕین" و "پەلامار" و هێندێک وشەی دیکە کە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بزاوتنیکی خێرا"].

زووخ zux *[zūx]* - "توانایی، کارایی، هێز": خزمە دەگەڵ Sieg (G.)، sigi (OG.)، sigis (Gt.)، sige (OE.)، segr (Sw.) "سەرکەوتن، زاڵ بوون بەسەردا"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *seĝh- >*** "راگرتن، بەسەردا زاڵ بوون، سەرکەوتن". ئەم وشە ژێرمەنییانە خزمن دەگەڵ sáhatē (OIn.) "دەتوانێ، بەرگە دەگرێ، دەرەقەت دێ، زاڵ دەبێ"، sáhas- (OIn.) "زەبر و زەنگَ، دەسەڵات، زاڵ بوون"، échein (Gr.) "راگرتن، خاوەن بوون". خزمە دەگەڵ چەندین وشەی دیکەش وەک ↑*ساخ sax*، ↑سەخت sext و↑سەق seq.

زووخاو zuxaw *[zūxāw]* - "کێم و خوێنی تێکەڵاو": زەخماب zaxmāb (P.). زووخ + ئاو zux + aw. زووخ شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زام zam.

زوور zur [*zūr*] - "زبر، بەرانبەری لووس": شێوەیەکی نوێترە لە ↑زبر zıbır یان زوڤر zuvr.

زوورین zurîn [*zūrīn*] - "لووراندن": خزمە دەگەڵ ↑زیڕاندن zîrandın و ژمارەیەک وشەی دیکە کە ئاماژە بە "دەنکێ و هەرا هەڵبڕین" دەکەن.

زوورانەوە zuran(ewe) [*zūrānawa*] - "سووتانەوەی پێست، کزانەوە": خزمە دەگەڵ schwären (G.)، zweren (Nl.)، sweran (OG.) "ئێشان، چڵک کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suer- >*** "ئێشان، چڵک کردن". خزمە دەگەڵ ↑سیویر sîwîr "تاوێک کە پێست تاوانگاز دەکا"، ↑سەبەل sebel "نەخۆشییەکی چاو"، ↑ژوار juwar "ژان" [ژان و ژوار]، ↑زویر zuwîr "نارەحەت، دڵ ئێشاو" و دە پلەیەکی دوورتریشدا ↑زۆر[2] zor "زەخت، نهێم".

زوورک zurk [*zūrk*] - "تەپۆڵکەی رووت، زەوی بەردەلان": ئەم وشەیە بە چەند شێوەی دیکەش دەردەکەوێ کە بریتین لە زوورگە zurge، زووركان zurkan، زووران zuran، زوورن zuran. خزمە دەگەڵ↑ ژووركێ jurg "هەوراز" و ↑ژوور jur "(لای) سەرەوە".

زووف zuf [*zūf*] - "زوڵف": خزمە دەگەڵ ↑چەپک çepık 2 "1- دەستە، باقە 2- تیسکەموو".

زووقاندن zûqandın [*zūqāndın*] - دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەزووقاندن vezûqandın واتا پاڵ پێوەنان]. خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq و سەر بە ریشەیەکە بە مانای "دەرپەڕاندن، پاڵ نان".

زۆ zo - دەگەڵ "زا" دێ [زاوزۆ zauzo]. کورتکراوی ↑زۆر zor ە. مەبەست زان و زۆر بوونە. زاوزێ zauze یش دەگوترێ. لێرەدا "زێ" دەچێتەوە سەر "زێد" [زیاد].

زۆپ1 zop - "1- قیت، دەرپەڕیو، خڕایی بەرزەوەبوو 2- داردەست 3- ئاماژە بە ئەندامی تیرینە": بە مانای "داردەست، چۆماغ" زۆپا zopa و زۆپک zopk ش دەگوترێ. هەروەها ↑زاب zab هەیە بە مانای "سەکۆ" [دە بنەڕەتدا: شوێنی دەرپەڕیو- سەرنج بدە کە "سەکۆ"ش بە مانای "دەرپەڕیو"ە]. جگە لەمانە ↑زیپکە zîpke هەیە کە بریتییە لە زەقایی و زۆپایی بچووک لەسەر پێست. ئەم وشانە جێی بەراورد کردنن دەگەڵ top (E.)، (Nl.) و topp (Sw.) "دوند، نووک، جەمسەر"، هەروەها Zipfel (G.)، tip (Nl.) و (E.) "گۆشە، جەمسەر، کۆتایی تیژ و دەرپەڕیو". دە زمانی ئەڵمانیدا هەروەها Zapfen (G.) پێوەندی بەم وشانەوە هەیە کە بریتییە لە "دارێکی بچووکی کەللەقەندی کە دە زارکی شووشە یان دە سەری لوولەی دەئاخنن و پێی دەبەستن". دە زمانی کوردمادیشدا وشەی ↑تەپەدۆر tepedor خزمە دەگەڵ ئەم وشەیە. ریشەی ئەم وشانە ساخ نەکراوەتەوە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ تەپە tepe [↑تەپ tep] "گرد، شاخی بچووک".

زۆپ2 zop - "1- ئەستوور و رەق 2- گاشەبەرد": خزمە دەگەڵ ↑سفت sıfıt "سەخت".

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "سەخت، رەق" و "بەرد" هەڵی سەنگینە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە کە دوو بە دوو خزمن: *ئاستەم* "سەخت" و *هەستی* "بەرد"، *کەڤر/کەمر* "بەرد" و *قەمرین* "بەستن، رەق بوون"، *قەرسین* "بەستن، مەیین" و *کەرا* "گاشەبەرد" و هتد].

زۆتی zotî [*zotī*] - "نەفرین": خزمە دەگەڵ ↑جادوو cadu دە بنەڕەتدا بە مانای "دووعا لێکردن". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ zādīten (Pl.) "دووعا کردن، پاڕانەوە".

زۆخ zox - "1- توانا، بەکار 2- توانایی، هێز": ↑زووخ zux یش دەگوترێ.

زۆر1 zor - "فرە، گەلێک": ئەم وشەیە بە چەندین شێوەی جۆربەجۆر دە شێوەزارەکانی کوردمادیدا دەردەکەوێ وەک زاف zāf، زاڤ zāv، زەعف zıɛıf، زەحف zaħıf، ↑زاڤێر zāfer. ئەم شێوەی هەرە دوایی زۆرتر نیزیکە لە وشە ئەسڵییەکەوە. خزمە دەگەڵ sporyj (Rus.) "زۆر، کافی، بێش"، sphira-h (OIn.) "زۆر، بێش، قەڵەو"، spatium "فەزا، ڤاڵایی، هەراوی، مەودا"، spahr (Pl.) "ئاسمان"، sparen (G.) "پاشەکەوت کردن" [زۆر کردن، وەسەریەک نان؟]، ↑زوفت zuft "1- پڕاوپڕ 2- چکۆس، خەسیس"، ↑زۆڤ zov "هەزارپێ" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sp(h)ei- >*** "لە بەریەک کشانەوە، درێژ

بوونەوە، هەراو بوونەوە". تێستا با بێنە سەر وشەی زاف/ ↑زاڤ zaf / zav کە ئەویش دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "زۆر" بە کار دەهێندرێ. بە ورد بوونەوەیەک لە وشە خزمەکان بۆمان روون دەبێتەوە کە دە زمانی کۆنی کوردمادیشدا دەبێ یەک وشەی وەک [زەپەر/ زاڤەر *zaver / *zeper] هەبووبێ و پاشان ئەم وشەیە بە دوو جۆری سەرەکی گۆڕانی بەسەرداهاتبێ. لە شێوەزاری کوردمادی ناوەراستدا فۆتیمی f یان v سواوەتەوە و وشەکە بووەتە زۆرzor و لە شێوەزاری سەروودا فۆتیمی r ی کۆتایی وشەکە سواوەتەوە و بووەتە زاف zaf یان زاڤ zav. دیارە شێوەی ↑زاڤێر zaver یش دە هێندێک شێوەزاردا ماوەتەوە کە هەمان مانای "زۆر" دەبەخشێ و دەبێ لە هەموو وشەکانی دیکە بە ئەسڵی وشە کوردماددییەکە نیزیکتر بێ.

جگە لەمە دە زمانی کوردمادیدا، بە شێوەزاری ناوەڕاستیشەوە↑زەوەند zewend (زەبەند zebend) هەیە کە دەگەڵ زۆر دێ [زۆر و زەوەند]. ئەم وشەیەش پێک هاتووە لە زەو zew [یان دە بنەڕەتدا: zaf- / zav-] و کەرتی دووەم کە رەنگە ↑هەند hend [هێند hend] بێ بە مانای "بڕ، ئەندازە، میقدار". لەم تێڕوانینەوە مانای زەوەند دەبێتە "ئەندازەزۆر" واتا بە ئەندازەیەکی زۆر.

[تێبینی: سەبارەت بە چۆتیتی گۆڕانی وشە کۆنەکە دە شێوەزاری ناوەڕاستدا چەندین نموونەی دیکەی ئەوتۆ لەبەر دەستە. ئەم جۆرە گۆڕانە چ بە گشتی دە زمانی کوردمادیدا وچ بە تایبەتی دە شێوەزاری ناوەڕاستدا باوە. لەم بارەوە بەراوردی ئەم وشانەی خوارەوە بکە: زڤران zıvran (شێوەزاری سەروو) و سووڕان suran (شێوەزاری خوارووو)، دەڤ dev / دوو du، زبر zıbır / زوور zur، گڤاشتن gıvaştın / گووشین gûşîn و هتد].

زۆر2 zor - "ستەم، تۆپز، بەکارهێنانی هێز": زور zūr (P.)، zavar (Pl.) و (Av.). دەبێ خزم بێ دەگەڵ schwer (G.)، swar (OG.)، svar (Sw.)، svarus (Lit.) "گران، گرینک، دژوار". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *suer* (IE.)* > *زوورانەوە*، تێشان، چڵک کردن". دە زمانی کوردمادیدا ئەم مانا بنەڕەتییە دە هێندێک وشەدا پارێزراوە، وەک، ↑*زوورانەوە* *zuranewe* "تێشان، کزانەوە"، ↑سیویر sîwîr "تاوێک کە پێست تاوانگاز دەکا"، ↑سەبەل sebel "نەخۆشییەکی چاو"، ↑ژوار juwar "ژان" [ژان و ژوار]، ↑زویر zuwîr "نارەحەت، دڵ تێشاو". هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە لەم ریشەوە هێندێک وشە بە مانای "زەخت، فشار، ئاستەم بوون" بەدی هاتوون، بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانیدا swaerliche (OG.) "ئاستەم، گوشەر" [ئەوشتەی گوشارت دەخاتە سەر، بەرتەنگت دەکا یان ئازارت دەدا]، swārlīhho (OG.) "بە زحمەت، بە ئاستەم، بە سەختی" و schwierig (G.) "سەخت، پڕزەحمەت، ئاستەم، پڕئازار".

[تێبینی: لێرەدا ئەگەر بەراوردێکی دوو وشەی "ستەم" و "ئاستەم" بکەین وپێوەندی ریشەیی و مانایی ئەوان بە یەکەوە بخەینە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێ کە وشەی زۆر2 zor پێوەندی بە وشە ئەورووپییەکانی سەرەوە هەیە. وەک دەبینین هەردوو وشەی ستەم و ئاستەم ئاماژە دەکەن بە چەمکی "سەختی، قورسی، دژواری". "ئاستەم" واتا سەخت و دژوار و "ستەم" کردنیش واتا خستنی کەسێک بۆ ناو دۆخێکی "سەخت و دژوار"، بە وتەیەکی دیکە سەختی و توندی بەکارهێنان بەرانبەر لایەتێک. دیسان هەرلەسەر پێوەندی دوو چەمکی "زەخت و گوشار" لە لایەک و "زۆر و ستەم " لە لایەکی دیکەوە دەتوانین ئاماژە بکەینە oppression (E.) "ستەم" کە دەچێتەوە سەر بنەوشەی pressus (L.) "گوشین، پاڵەپەستۆ کردن"].

خاڵێی دیکە کە دەبێ لێرەدا باسی بکەین، ئەوەیە کە وشەکانی ↑زەفەرzefer [زەفەر پی بردن واتا زۆر پێ شکان، زال بوون]، ↑جەور cewır "زولم و زۆر" [دە عەرەبیدا کراوە بە جبر jabr (Arb.)]، ↑زەبر zebır [دەبنەڕەتدا: هێز، گوشار، پاڵ]، ↑زوور zur یان ↑زبر zıbır "رەق، سەخت، درشت"، گەڤار gavar یان ↑گەورە gewre "مەزن" [دەبنەڕەتدا: خاوەنی هێز و قورسایی، گرینکَ]، ↑شەڤارە şevare "زۆر درێژ" [کۆنتر: "مەزن"] پێوەندییان بە زۆر zor هەوە هەیە. دە راستیدا ئەم وشانە گشتیان لە یەک وشەی

بنەڕەتی پەیدا بوون کە ئەویش دەبێ زەڤەر *zaver* بێ [هەڵی سەنگینە دەگەڵ zavar (Pl.) و (Av.)]. ئەم وشە کۆن و بنەڕەتییە، کە بە تەواوی دەگەڵ وشە ئەورووپییەکانی سەرەوە، بۆ وێنە swar (OG.) و svar (Sw.) "قورس، گران، سەخت" یەک دەگرێتەوە، دواتر چەند گۆڕاتیکی بە سەردا هاتووە و چەند وشەیەکی لێ کەوتۆتەوە کە ماناکانیان زۆر لە یەکتر نیزیکن. ئەم وشە کۆنە دە هێندێک شێوەزاری زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا پارێزراوە و بووەتە زاڤر zavır یان ↑زاور zawır بە مانای "تاقەت، وێران". بەم جۆرە چەندین مانا بەم شێوەی خوارەوە یەک لە دوای یەک لەو ریشەی سەرەوە پەیدا بووە: تێشان، ئازار دان ← ئاستەم، گوشەر، دژوار، سەخت ← قورس، گران، سەنگین، مەزن ← سەختی، هێز، دەسەڵات، زەبر و زەنگ.

[تێبینی 1: سەبارەت بەو گۆڕانە فۆنۆلۆژیکەی بە سەر وشەی "زۆر" بە مانای "ستەم، دژواری"دا هاتووە، هەڵی سەنگینە دەگەڵ زۆر[1] "فرە". ئاڵوگۆڕەکە لە هەردوو وشەکەدا هاوشێوەیە. تێبینی 2: پێوەندی چەمکەکانی "رەق، سەخت، درشت" لە لایەک و "هێز، گوشار، پاڵ" لە لایەکی دیکە لە دوو وشەی "سەخت" و زەخت"دا دەبینرێ. ئەم دوو وشەیە پێکەوە خزمن. "زەخت" دە زمانی عەڕەبیدا بووەتە ظغط zext (Arb.) "گوشار و پاڵەپەستۆ" دێ].

زۆز zoz - "گیایەکە لە ئاو دا دەڕوێ": پێوەندی هەیە بە وشەی ↑سەوز sewız [sebız ← sewız ← zoz]. سەبارەت گۆڕانی فۆنۆلۆژیک لە وشەکەدا هەڵی سەنگینە دەگەڵ "گابار"، گەوڕ" و "گۆڕ"، یان "زەبر" و "زۆر".

زۆزان zozan [*zozān*] - "هەوارگە، کوێستان": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- لەوانەیە مەبەست لەم ئەم وشەیە "چیا، کێو" بێ. دە زمانی کوردمادیدا "گەرمێن و "کوێستان کردن" بەکار دێ و کوێستان هاومانای "زۆزان"ە و دەچێتەوە سەر وشەی "کێو". بەم جۆرە "زۆزان" دەتوانێ دەگەڵ چەند وشە بە مانای "بەرد" و دواتر "شاخ" خزم بێ. [لەتیوان دوو چەمکی "بەرد" و "شاخ"دا پێوەندی هەیە، بۆ وێنە "چیا"ی کوردمادی خزمە دەگەڵ وشەیەکی ئەڵمانی بە مانای "بەرد"، یان وشەی "شاخ" لەوانەیە پێوەندی بە "زاخ[1]"ەوە هەبێ کە ئەویش مانای "بەرد" دەدا]. ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، بنجی زۆز -zoz دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شووژ şûj "ورتکەبەردی بە کوتک شکینراو"، ↑شژ şıj "بەردی ناسک و تورت"، ↑زیخ zîx "ورکەبەرد" و ↑*زاخ[1]* *zax* "بەرد" و لەوانەشە دەگەڵ ↑شاخ şax "کێو". ئەم دەستەوشەیە بە شیمانەیەکی بەهێز دەگەڵ ژمارەیەک وشەی دیکە خزمن کە مانای "سەختی، پتەوی" لە خۆ دەگرن، وەک ↑زۆخ zox "هێز، توانایی" [دە ئەسڵدا: سەختی، پتەوی]، ↑زیخ zîx "بوێر، ئازا"، ↑زۆق zoq "هیشک و زبر"، سەقەم seqem [سارد و سەقەم]، ↑زیک zîk "زۆر سارد"، ↑زوقم zuqım "بەستەڵەک"، ↑سەخت sext و ژمارەیەک وشەی دیکە کە لەژێر ↑*سەق seq* دا باس کراون. هەروەها وشەکانی ↑ساسۆن sason و ↑ئاسۆس asos [a-sos] "ناوی دوو چیا لە کوردستان" پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

2- لەوانەشە پێوەندی دەگەڵ ↑زۆز zoz هەبێ و مەبەست شوێنی جەنگەڵی و سەوزەڵان بێ.

زۆڤ zov - "هەزارپێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زاڤ zav "زۆر" و ئاماژە بێ بە زاڤ بوونی لاقەکانی ئەم زیندەوەرە.

زۆق zoq - "وشک و زبر": خزمە دەگەڵ ↑سەق seq.

زۆڵ zol 1 - دەگەڵ "زەرد" دێ [زەرد و زۆل zerd u zol]. شێوەی کۆنتری وشەی ↑زەرد zerd.

زۆڵ zol 2 - بۆ چەرم بەکار دێ: زۆڵەچەرم واتا تیکەیەک، باریکەیەک لە چەرم [دە بنەڕەتدا: کەنارەیەکە لە چەرم]. زوێڵ و زیڤاڵ zîval و ↑زیڤار zîvar یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زێوار zewar "پەراوێز" و دواتر ↑جەم *cem 1* "کن، نک، قەراخ".

زۆڵ zol 3 - "بیژوو، ئاوارته": ئەم وشەیە هەم بۆ منداڵی بیژوو بەکارهاتووە کە بە گوێرەی داب و نەریت وەک شتێکی ئاوارتە و *جیاواز* سەیر کراوە و هەمیش بو دانەوێڵەی نەکوڵ بە کار دێ. دیارە دانەوێڵەی نەکوڵیش [زۆڵ، زۆڵەک] جیاوازە لە دەنکەکانی دیکە. زۆڵ دە بنەڕەتدا ئاماژە دەکا بە جودا بوون و جیاواز بوون لەوانی دیکە. بەم پێیە ئەم وشەیەش وەک ↑جیا cîya و جۆ co [↑جوێ cuwe] و گەلێک وشەی دیکە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بڕین، لێک کردنەوە، جیا کردنەوە". شیاوی باسە کە وشەی "بیژوو"ش خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "جیا کردنەوە".

زۆم(ە) zom(e) - "کۆمەڵەرەشماڵی لە دەوری یەکتر": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑سمتە sımte "وردی پێکەوەنووساو". ↑گیم gîm "باقەبێن، بەندی بەستنی باقەگیا" دەشێ پێوەندی بەم وشەوە هەبێ.

2- گۆم gom 2 "1- ماڵی هاوین 2- زنج 3- خانووی دەربەستە 4- پەناگای پاسەوان".

زۆمپ zomp - " کوتکی زلی ئاسن": زۆنپ zonp یش دەگوترێ. جگە لەمە دە زمانی کوردمادیدا ↑دمبەک dımbek [دومبەک dumbek، دنبەک dınbek] و ↑تەمبوور tembur [تەنبوور tenbur] هەن کە ئەوانیش پێوەندیان بە چەمکی "ژەنین، لێدان، کوتان"ەوە هەیە و دەبێ دەگەڵ یەکتر خزم بن. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چەند وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا وەک ↑تەمر temır "مۆری پۆست"، ↑تەمغە *temġe* "مۆری ئیداری" و ↑چۆماخ çomax "تیڵا، گۆپاڵ".

زۆنگ zong - "باتڵاخ":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑زنە zıne "چیمەنی ئاودەڵین" و ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوە نووسان".

2- یان لەوانەیە پێوەندی هەبێ ↑زنگرین zıngrîn "تۆپین، کەوتین"، sinken (G.)، sinkan (OG.)، sigqan (Gt.)، sink (E.)، sjunka (Sw.) "رۆچوون، بەرەو خوار چوون، دابەزین، هاتنەخوار". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*sengu- >** "کەوتن، هاتنەخوار، چوونە خوار".

زهار zıhar [*zıhār*] - "مار": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑حەزیا ħezya سەر بە ریشەی ***(IE.) *eĝhi- >*** "مار". وشەی ↑ژیشک jîşık و ↑ئەژدیها ejdîha دەچنەوە سەر هەمان ریشە.

زەب zeb [*zab*] - "رەق، سەخت": خزمە دەگەڵ ↑سفت sıfıt "سەخت".

زەبر zebır [*zabır*] - "لێدان": دەگەڵ "زەنگێ"یش دێ [زەبر و زەنگێ zebır û zeng]. ئەم شێوەی کۆنتری ↑زۆر zor ە. مانای وشە بنەڕەتییەکە "قورسایی و گرانی" بووە و لەوێوە بووەتە "گوشار و تەنگەتاوی و پاڵەپەستۆ" و هەروەها "زوڵم و ستەم" [بروانە ↑زۆر zor]. چۆتیتی پێوەندی ئەم مانایانە بەیەکەوە لە ژێر وشەی "زۆر"دا شی کراوەتەوە. دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا لە سەر بنچینەی وشە بنەڕەتییەکە دوو وشە هاتووەتە ئاراوە، یەکەمیان کە شێوە کۆنترەکەیە و ئەمڕۆ مانای "لێدان"ی وەرگرتووە. شێوەی دووەمی وشەکە تازەترە و بووەتە "زۆر" و مانا کۆنەکەی باشتر پاراستووە. شیاوی باسە کە وشەکانی جەور cewır و هەروەها جبر jabr (Arb.) پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەیە و وشە عەڕەبییەکە لە زمانە کۆنە ئێرانییەکان وەرگیراوە.

زەبلۆق zebloq [*zabloq*] - "ساف و لووس لە دەستان": خزمە دەگەڵ ↑ساف[2] saf.

زەبەش zebeş [*zabaš*] - ↑ژەبەژ jebej.

زەبەڵاح zebelaħ [*zabalāħ*] - "زەلامی ناقۆڵا": خزمە دەگەڵ ↑زپ zıp "تژە، زل" و ↑زبر *zıbır* "درشت، گەورە".

زەبەند zebend [*zaband*] - "1- چوغر، بێشەڵان 2- زۆر، فرە": ↑زەوەند zewend یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زۆر[1] *zor* "فرە".

زەپ zep [*zap*] - "تەژەی ئەستوور": پێوەندی هەیە بە یەکێک لەم وشانەوە:

1- ↑گەپ gep و ↑قەبە *qebe*.

2- ↑گەورە *gewre*.

زەپرتی zepırtî *[zapartī]* - "بزۆز، ئۆقرەنەگر": خزمە دەگەڵ ↑زڤرین zıvrîn [سووران suran].

زەخ zex *[zax]* - "زل، مەزن": [دە بنەڕەتدا: قەوی، بەهێز". هەروەها ↑زەخم zexm هەیە بە مانای "1- چیای سەخت و رژد 2- زل و مل قەوی". خزمن دەگەڵ ↑سەق seq "سەخت، پتەو". دە زمانی عەڕەبیدا وشەی ضخم zaxm (Arb.) "ئەستوورایی، زلی" وێ دەچێ لەم وشانە وەرگیرابێ.

[تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی "سەخت و بە هێز بوون" و "زل و زەبەلاح" بوون لەم وشانەی خوارەوەشدا دەبینن: *تاو* "هێز، گوڕ" و *تاپاز* "زل و زەبەلاح" یان تەژی "چڕ و پڕ" و تەژە "زەبەلاح" و هەروەها "زەبر" [زەبر و زۆر] و "زەبەلاح"].

زەخت1 zexıt *[zaxıt]* - "گوشار، زۆر، تەنگەتاوی": زۆر جار دەگەڵ "زۆر" دێ [زەخت و زۆر zext u zor]. دە زمانی عەڕەبیدا ظغط zaxt (Arb.) "گوشار و پاڵەپەستۆ" لەم وشە کوردییە وەرگیراوە. "زەخت" خزمە دەگەڵ ↑سەخت sexıt. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا ↑جەخت cext کردن هەیە بە مانای "پێداگری" و گوشار خستنە سەر [دە فارسیدا: "پافشاری]، کە ئەویش پێوەندی بە "زەخت"ەوە هەیە.

[تێبینی: سەبارەت بەوە کە چۆن مانای وشەکە لە "سەخت "ەوە بۆ "تەنگەتاوی" گۆڕاوە، هەڵی سەنگینە دەگەڵ زۆر zor [2] کە بە مانای "گوشار، پاڵەپەستۆ، تەنگەتاوی" دێ و دەبنەڕەتدا بە مانای "دژوار و گران" بووە - بڕوانە زۆر zor [2]].

زەخت2 zexıt *[zaxıt]* - "1- نەقیزە 2- مامزە": سک sok (P.). خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq.

زەخم zexm *[zaxm]* - "1- چیای سەخت و رژد 2- زل و مل قەوی": خزمە دەگەڵ ↑زەخ zex "زل، مەزن" [دە بنەڕەتدا: قەوی، بەهێز] و هەروەها دەگەڵ ↑*سەق seq* "سەخت، پتەو".

زەدە zede *[zada]* - "عەیب و کەموکوری شتومەک": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Schaden (G.)، scado (OG.)، schade (Nl.)، sceađa (OE.)، skada (Sw.) "زەدە، زیان". وشەی ↑چەت çet یش [چەت تێخستن] لەوانەیە هەر لەم پێوەندییەدا جێ بگرێ.

زەرا zera *[zarā]* - "روو، بیچم، چارە": شێوەیەکی دیکە لە ↑چارە çare "دەموچاو". هەروەها دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی رەزاشیرن razāšīrın "خوێن شیرن" و رەزاگران razāgırān "خوێن تاڵ" هەن، کە کەرتی یەکەمیان، واتا رەزا razā دەبێ شێوەی ئاڵوگۆڕکراوی زەرا zarā بێ.

زەراڤە zerave *[zarāva]* - "کونی دیوار": دەشێ خزم بێ دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑ دەروو deru 1 "دۆڵی تەنکَ"، ↑دەلاقە delaqe "دەربیجە"، ↑دۆڵاب dolab "شکاف، جێی نوێن وبان یان جلوبەرکَ دە دیواردا". ئەم وشانە دواجار خزمن دەگەڵ ↑*دۆڵ dol* و ↑دەرە dere، سەر بە ریشەیەک بە مانای "قووپان، کۆڵدراو بوون، قووڵ بوون".

زەراندن zerandın *[zarāndın]* - "دەنکَ هەڵبڕینی کەر": سەڕاندن serandın و هەڕاندن herandın یش دەگوترێ. دە زمانی فارسیدا عرعر εar εar kardan (P.) مانای "زەراندن، زەڕەزەڕ کردن" دەدا. پێوەندی بەو وشانەوە هەیە کە لەژێر ↑جرت cırt [2] دا باس کراون.

زەرب(ە) zerb(e) *[zarb(a)]* - "زەبر، لێدان": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑ترپان tırpan "مەڵەغان، داسی دەسک درێژ" و چەندین وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا کە مانان "لێدان، کوتان" دەگەیەنن. ئەسڵی وشەکە دەبێ شتێکی وەک *دەرپە derpe** بووبێ. وشەکە دە زمانی عەرەبیدا کراوە بە ضربة zarba (Arb.) و پاشان وەک "زەربە" هاتۆتەوە ناو زمانی کوردی. ئەوەی ئەم بۆچوونە پشتراست دەکا وشەی زەرپ zerp و ↑زەرپاندن zerpandın دە زمانی کوردمادیدایە بە مانای "لێدان". خۆ ئەگەر ئەسڵی وشەکە عەرەبی بایە، ئەوا زمانی کوردمادی بێ کێشە وشەکەی دەکردە "زەرباندن"، نەک "زەرپاندن".

بەپێچەوانەوە زمانی عەرەبێ لەبەر نەبوونی فۆتیمی p، ناچار بووە فۆتیمی p بکاتە b. دە زمانی کوردمادیدا دەربە derbe ش دەگوترێ.

زەرپاندن zerpandın *[zarpāndın]* - "لێدان، کوتان": بڕوانە ↑زەرب(ە) zerb(e) "زەبر، لێدان".

زەرد1 zerd *[zard]* - "ڕەنگی زێر": زەر zer یش دەگوترێ. زرد (P.) zard. خزمە دەگەڵ gelb (G.)، geel (Nl.)، yellow (E.)، gul (Sw.)، hári-h (OIn.)، helvus (L.)، chlōros (Gr.) "سەوزی ئامال زەرد"، zelënyi (Rus.) "سەوز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ĝhlē- , *ĝhel- >*** "درەوشانەوە، بریسکانەوە". خزمە دەگەڵ ↑زێر zer، ↑زارە zare "زراو" و هتد.

زەرد2 zerd *[zard]* - "کێوی بەردینی بلیند": [ماە و زەرد یان زەرد و ماە]، خزمە لەگەڵ hart (G.) و hard (E.) "سەخت، ڕەق". خزمیشە دەگەڵ ↑خار xar "(هەردی) سەخت"، دواتر دەگەڵ ↑کورد kurd.

زەرف zerıf *[zarıf]* - "دەفر، پاکەت": هەرچەند ئەم وشەیە دە زمانی عەرەبیدا بەکار دێ، بەڵام بە ئەسڵ وشەیەکی عەرەبی نییە. ئەم وشەیە لە ژرف žarf (P.) "قووڵ" وەرگیراوە و ئەمەش شێوەیەکی گۆڕدراوە لە zafr (Pl.) و jafra (Av.) "قووڵ"و ↑دەفر defır ی کوردمادی بە مانای "زەرف".

زەرقین zerqîn *[zarqīn]* - "درەوشانەوە": خزمە دەگەڵ ↑زەرد1 zerd، ↑ زێر zer و ↑زریوە zırîwe و ↑جریوە cırîwe و ژمارەیەک وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە، بریسکانەوە". وشەی زرق zarq (Arb.) [زرق و برق] پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و وێ دەچێ وشەیەکی کوردمادی بێ.

زەرک zerık *[zarık]* - "تاسی بچووک لە مس": ئەم وشەیە و هەروەها زەرک zerık "توێکلی گوێزی شین" دەشێ دەگەڵ schale (G.) خزم بن. وشە ژێرمەنییەکە هەم بەمانای "توێکڵ" دێ و هەم بە مانای "تاس، جام". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کەللە kelle، ↑چەڵتووک çeltuk.

زەرگ zerg *[zarg]* - "شیشی دەروێشان": دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "بڕین، قەڵشاندن، لەت کردن". دە زمانە هیندو ئەوروپییەکاندا ژمارەیەکی زۆر وشە لەم ریشەوە هاتوون و دە کوردمادیشدا بۆ وێنە ↑کێرد kerd، ↑شڕ şırڕ، ↑کرتاندن kırtandn، ↑کەرت kert و هتد. "زەرگ" بەرهەڤ بکە بۆ وێنە دەگەڵ scharf (G.)، sharp (E.)، scherp (Nl.)، skarp (Sw.) "تیژ". ئەم وشە ژێرمەنییانە لەو ریشەی سەرەوە سەرچاوەیان گرتووە.

زەرگە zerge *[zarga]* - "بالابەرزی باریک و قیت": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەق şeq "لە بەریەک کێشراو".

زەرگەتە zergete *[zargata]* - "زەردەواڵە": زەر+ گەتە zer + gete. کەرتی یەکەم هەمان زەرد zerd ە. کەرتی دووەم، gete بە شێوەی قتی qıtî- یش دەردەکەوێ [زلقتی واتا زەرگەتە] و خزمە دەگەڵ ↑کەت ket و ↑کوت kut سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، کەت کردن، لەت کردن".

[تێبینی: شیاوی باسە کە وشەی insekt (L.) و entomos (Gr.) بە مانای "حەشەرە" دە بنەڕەتدا "بڕدراو، بڕ لێدراو، کەت کراو" مانا دەدەن. ئەم ناوانە لەوەوە هاتوون کە ناوقەدی حەشەرە لە یەک یان چەند شوێندا وەک "بڕاو، بڕ لێدراو" دەچێ، واتا ناوقەدی بڕبڕە.

زەرنوق zernuq *[zarnuq]* - "چەورایی کەم لەسەر ئاوی چێشت": زەرنوقاو zernuqaw یش دەگوترێ.

زەروو zeru *[zarū]* - "کرمی خوێنمژ": زالو zālū (P.).

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Gier (G.) "حەز و مەیلی زۆر"، giri (OG.) "تامەزرۆ، حەریس"، gern (OG.) "شێلگیر، کۆڵنەدەر"، gairns (OE.) "چاوچنۆک، پووڵەکی" و geron (OE.) "شێلگیر، تامەزرۆ، پڕتاسە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *gher- >*** "پێ خوش بوون، تامەزرۆ بوون، خۆ بۆ کوتان". هەروەها بەراوردی ئەم وشانەی سەرەوە بکە دەگەڵ ↑قڕنوو qırnu "گەنە" و ↑قرنیس qırnis "رژد و دەست قوچاو" و دواتر ↑گەڕناس gernas.

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانین "زەروو" بەراورد بکەین دەگەڵ zelus (L.) و zelos (Gr.) "شێلگیر، خۆکوت". ریشە؟

زەرۆپ zerop *[zarop]* - "خۆشرەو": پێوەندی هەیە بە < *drome (Gr.)* "رەوت، رویین". دەشێ وشەیەکی خوازراو بێ.

زەریق zerîq *[zarīq]* - "تیشکی بەرەبەیان": ↑زەرقین zerqîn "درەوشان، ترووسکان".

زەعفەران zeεferan *[zaεfarān]* - "بەری گولێکی رەنگَ زەردە و بۆ پڵاو و دەرمان بە کار دێ". زافران zafran یش دەگوترێ. زعفران zaεfarān (P.). وشەیەکی خوازراوە و دەچێتەوە سەر < *صفرا safrā (Arb.)* "زەردی".

زەفەر zefer *[zafar]* - "زەفەر پێ بردن واتا زۆر پێ شکان، بەسەردا زاڵ بوون". زەڤەر zever یش دەگوترێ. ئەم وشەیە شێوەیەکی کۆنە لە وشەی ↑زۆر zor "گوشار، زەخت، نهێم، پاڵەپەستوو". چۆتیتی ئاڵوگۆڕی ئەم وشەیە لە ژێر وشەی ↑زۆر zor دا شی کراوەتەوە. ئەوەی لێرەدا دەبێ زیادی بکەین، ئەوەیە کە زمانی عەرەبی ئەم وشەیەی لە زمانی کوردمادی یان فارسی وەرگرتووە و کردوویە بە ظفر zafar (Arb.) "سەرکەوتن، زاڵ بوون".

زەڤلەک zevlek *[zavlak]* - "ماسوولکە": ↑زیپەر zîper یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ یەکێک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑زبر zıbr "درشت، گەورە".

2- ↑سابات sabat، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لەبەر یەک کشانەوە" و لەوانەیە پێوەندی بە ↑سیپەلک sîpelk ەوە هەبێ. بە هەر بارێکدا لێکی بدەینەوە، ماسوولەکە ئەو ئەندامەیە کە کە لەکاتی بەکار هێنانی هێز دەماسێ، ئەستوور و گەورە دەبێ.

زەق zeq *[zaq]* - "دەرپەڕیو": ئەم وشەیە و ژمارەیەک وشەی دیکە پێوەندییەکی نیزیک نیشان دەدەن و لە ریشەیەکی هاوبەشەوە هاتوون. ئەم وشەیە بە چەند شێوە دەبینرێ، وەک زۆق zoq، زوک zuk، زەک zek و هتد. هێندێک لەم وشانە بریتین لە ↑شاخ şax "1- قۆچی ئاژەڵ 2- لقەدار" [شاخ šāx (P.) و شاخە šāxa (P.) "لقی دار"]، ↑زیخ zîx "1- زیت و زرینکَ 2- دڕکی ئەستوور"، ↑زیخان zîxan "دنە دان، پاڵ نان"، ↑زەخت² zext [زیخت] "1- نەقیزە 2- مستەکۆڵە 3- مامزە" [سک sok (P.)]، ↑زیق zîq "قیت و بەل"، ↑چق çıq "1- لقی بچووک 2- قیتکەی پاشنەی کەڵەشێر"، ↑چغا çıġa "تەپە" [شێوەیەکی دیکە لە "شاح"]، ↑سەکۆ seko "شوێنی زەقکراو بۆ دانیشتن یان وەستان"، ↑ساکەتە sakete "زەقایی دووگی مەڕ"، ↑سیخ sîx"1- شیش 2- دەرپەڕیو"، ↑سیخاندن sîxandın "بە زۆر تێڕا کردن"، ↑سیچقە sîçqe "مووچڕک"، ↑سیچکە sîçke "خونچەی تازە"، ↑شیش "1-زەرکَ 2- تیشە شاخ" و هتد. چەمکی هاوبەش لە هەموو ئەم وشانە دا "زەق بوون، دەرپەڕین، دەرپەڕاندن"ە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***(IE.) *(s)kēu-*** "دەرپەڕاندن، رە پاڵ نان، راو نان، پەلە کردن، تاو دان". ئەم ریشەیە دە زمانە ژێرمەنییەکان و دە زمانی کوردمادیدا لک و پۆیەکی زۆری لێ دەبێتەوە و گەلێک وشە بە مانای جۆراوجۆر دروست دەکا، بۆ وێنە ↑گۆشە goşe،↑سووچ suç [سیک sîk]، ↑چووزەرە çuzere، ↑چەکەرە çekere، ↑شات şat، ↑چاتçat، ↑سات sat [سوور و سات] و دە پلەیەکی دوورتردا دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑شەپ *şep* دا باس کراون.

زەقاو zeqaw *[zaqāw]* - "ئاو کە لە قەراخی مێرکَ دەدەڵێ": زەق zeq + ↑ئاو aw. کەرتی زەق zeq پێوەندی هەیە بە ↑تکانەوە tıkan(ewe). مەبەست ئاوێکە کە دەتکێتەوە.

زەقین zeqîn *[zaqīn]* - "تریقانەوەی منداڵ": خزمە دەگەڵ ↑زیقە zîqe.

زەگر zegır *[zagır]* - "ورکەبەرد": خزمە دەگەڵ ↑زاخ zax "بەرد".

زەل[1] **zel** [*zal*] - "زۆنکَ، هەردی تەڕ وشل": خزمە دەگەڵ زەلین zelîn و ↑زەلاندن zelandın. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی کوردمادی، بۆ وێنە ↑گلان gılan، ↑*خلیسکان xılîskan*، ↑زلچە zılçe و هتد.

زەل[2] **zel** [*zal*] - "قامیش، چیت": خزمە دەگەڵ ↑قەڵەم qelem.

زەلال **zelal** [*zalāl*] - "روون، ساف": زولال zulal یش دەگوترێ. زلال (P.) zolāl. خزمە دەگەڵ klar (G.)، clear (E.). وشە ژێرمەنییەکان دەبردرێنەوە سەر clarus (L.) "روون، ئاشکرا، بەرچاو، بەدەنکَ، بە ناوودەنکَ". ئەم وشە لاتینیە بە خزم دادەندرێ دەگەڵ hell (G.) "روون، روونـاک" و ئەمەش خۆی خزمە دەگەڵ ↑*کاڵ kal* "روونـاک، کەمڕەنکَ"، ↑زایەڵە zayele "دەنکَ دانەوە" و ژمارەیەکی زۆر وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا.

زەلام **zelam** [*zalām*] - "1- گەورە، مەزن 2- مرۆ (ی گەورە، نەک منداڵ)": ↑زل zıl. کەرتی دووەمی وشەکە، am- لەوانەیە کورتکراوی ↑ئادەم adem بێ.

[تێبینی: سەبارەت بە مانای دووەمی وشەکە دەتوانین بەراوردی بکەین دەگەڵ erwachsen (G.) "مرۆی گەورە، نەک منداڵ" کە دەچێتەوە سەر کرداری wachsen "هەڵدان، گەورە بوون"].

زەلاندن **zelandın** [*zalāndın*] - "1- خلیسکاندن 2- لە رێگە کلا کردن": خزمە دەگەڵ زەل[1] zel "زۆنکَ، هەردی تەڕ وشل".

زەلانەوە **zelan(ewe)** [*zalānawa*] - "لەسەر خەڵک لەوەڕان": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑چڵە çıle، ↑چڵێس çıles، ↑چەرین çerîn [چەران çeran].

زەلقاندن **zelqandın** [*zalqāndın*] - "چەسپاندن": بنەوشەی زەل -zel(q) خزمە دەگەڵ Klei (G.) "گڵ، لیتە"، kleben (G.)، clīfan (OE.) سەر بە ریشەی ***(IE.) *glei- >*** "گلوو بوون، پێوەنووسان". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑گڵ gıl.

زەلکاو **zelkaw** [*zalkaw*] - "باتڵاق، قامیشەڵان": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑زەل(ک) zel(k) "قامیش، لاسگەگیا".

2- ↑زەل zel و زەلین zelîn "خلیسکان، رۆچوون، تەر و لیچق بوون".

3- ↑خۆڵ xol، solum (L.) "خۆڵ، خاک"، hyle (Gr.) "خڵتە و خاڵ، لیتە"، hal (Kymr.) "پیسایی، زەلکاو"، soloti (Rus.) "زەلکاو".

زەلکە **zelke** [*zalka*] - "شۆرباوی بێتام": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑زڵچە zılçe باس کراون.

زەڵم **zelm** [*zalm*] - "1- ئاوی توێژڵەسەر 2- ناوی چەمێک لە کوردستان": هەروەها ↑ژەلم jelm هەیە بە مانایی "ئاوی لێڵ". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Schlamm (G.)، slam (MG.) "قوڕ و چڵپاو، لیتە و لەجەنی چەم و ئاوی پیس". ئەم وشە ئەڵمانییە بۆ یەکەم جار لە نووسینەکانی 1300 زایینیدا بەدی کراوە و لە زمانانی دیکەی ژێرمەنیدا هاواڵەکانی دەست نیشان نەکراوە. لەوەدەچێ تەنیا دە زمانی ئەڵمانیدا بەکار بهێنرێ. ریشەی وشەکە بە روونی ساخ نەکراوەتەوە. بە گوێرەی بۆچوونێک دەتوانێ پێوەندی بە schlaff (G.) ەوە هەبێ بە مانای "شل و شۆڕ و داکەوتوو". بە باوەڕی من ئەم وشەیە دەگەڵ وشەیەکی دیکەی ئەڵمانی باشتر دەگونجێ کە بریتییە لە Schleim (G.) و slim (OG.) "تراوی لیچق".

یەکێک لەم مانایانەی کە لە وشەنامەی ئەڵمانیدا بۆ Schleim دیاری کراوە بریتییە لە Schlamm، واتا ئەم دوو وشەیە مانایان زۆر لێک نیزیکە. هەر بۆیە زۆر رێی تێ دەچێ کە وشەکە دەگەڵ ↑چڵم çılm خزم بێ و بچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تەڕ و لیچق بوون".

زەلووت **zelut** [*zalūt*] - "1- بێموو، تاس 2- رووت و قووت": خزمە دەگەڵ glatt (G.) "ساف و لووس، خلیسک، بریقەدار"، glat (OG.) "بریقەدار، درەوشاوە"، glad (Nl.) "ساف و لووس، خلیسک"، Glatze

(G.) "تاسی، بێمووییی"، glad (E.)، glad (Sw.) "خۆشحال" [دەبنەڕەتدا: دەموچاو درەوشاوە]، gladkij (Rus.) " ساف و لووس"، glaber (L.) "ساف و لووس، تاس"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ĝhel- >*** "درەوشانەوەنەوە، بریقانەوە". خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑زەردە *zerd*، ↑زێڕ zer و هتد.

[تێبینی: وەک دەبینرێ لە تیوان دوو چەمکی "تاس و لووس" و "بریقانەوە"دا پێوەندی هەیە. ئەمەش لەوەڕا دێ کە رووبەڕێک هەر چەند ساف و لووستر بێ، ئەوا بریقەدارتر خۆی دەنوێنێ].

زەلەویان zelewyan *[zalawyān]* - "شێوان، شلوێ بوون": ژلێوان jılêwan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شلۆێ، şılwe، ↑*شلەقان şıleqan* و ↑شلەژان şılejan. گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان، لێکدان".

زەماوەند zemawend *[zamāwand]* - "گۆوەند، شایی": زەما + وەند zem(a) + wend. وەک دەزانرێ لە جیاتی زەماوەند، "گۆوەند"یش دەگوترێ. بنەوشەی "زەم" دەبێ هاومانای بنەوشەی "گۆ" بێ. ئەگەر لەم تێڕوانینەوە وشەکان لێک بدەینەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کە هەر دووک بنەوشە مانای "گو بوونەوە، هاتنە جەم هەڤ" دەبەخشن، واتا گۆوەند دەبێ دە بنەڕەتدا "گۆ(م)وەند" بووبێ و زەماوەندیش خزم بێ دەگەڵ ↑ *جڤین[1] cıvîn* "گۆم بوون، کۆ بوونەوە" و چەندین وشەی لەم چەشنە کە مانای "یەکگرتن، هاتنە جەم هەڤ" دەبەخشن، بۆ وێنە ↑ئەزماندن ezmandın "بانگ هێشتن، میوانی دان". کەرتی دووەمی وشەکان واتا وەند -wend شێوەیەکی دیکەیە لە ↑بەند bend و دەگەڕێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەستن، گرێ دان". بەم پێیە ئەم دوو وشەیە دە بنەڕەتدا مانایەکیان هەبووە وەک کۆ بوونەوە یان دە ئەڵمانیدا Versammlung (G.) کە خۆشی دەبێتە خزم دەگەڵ "زەماوەند".

زەمبلە zembıle *[zambıla]* - "چلوورە، شووشە سەهۆڵ": زەمبەلیلک zembelîlk یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زستان zı(m)stam.

زەمبوورە zembure *[zambūra]* - "کونی تەنگی بن دۆڵاش": خزمە دەگەڵ سنبە sonbe (P.) "کون"، سنبیدن sonbīdan (P.)، ↑سمین sımîn یان سمتین sımtîn "کون کردن".

زەمبۆل zembol *[zambol]* - "تلسک، کەرتەهێشوو": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑زەمۆمە zemome.

زەمبەر zember *[zambar]* - "خشڵ" [زێڕ و زەمبەر]. دە ئەسڵدا دەبێ زەنبەر zenber بێ، پێک هاتووە لە زەن zen "لێدان" + بەر ber [سینگ و بەر]. زەمبەر ئەو خشڵەیە کە لە سینگ و بەر دەدرێ. بۆ کەرتی "زەن" بڕوانە ↑ژەنین jenîn.

زەمبیل zembîl *[zambīl]* - "قەرتاڵە": زەنبیل zenbîl یش دەگوترێ. زنبیل zanbīl (P.). هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑زەمۆمە zemome.

[بە گوێرەی فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی وشەکە دە زمانی ئارامیدا zabīlā و دە زمانی ئەرمەنیشدا zampīl بە مانای "قەرتاڵە"یە].

زەمتین zemtîn *[zamtīn]* - "وەستانی خوێن، لەختەبوون": خزمە دەگەڵ ↑زستان zı(m)stam. ئەم وشەیە دەبێ پێشان بەگشتی بە مانای "مەیین لە سەرمان، بەستن، سەهۆڵ بەستن" بەکار هاتبێ.

زەمر zemr *[zamr]* - "زۆر مەست 2- تەوەزەل، لەشگران": خزمە دەگەڵ ↑قەمرین qemrîn "بەستن، بوونە سەهۆڵ". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەرد". دواتر لەمەوە ماناکانی "رەق بوون، سەخت بوون، قورس بوون" پەیدا بوون.

زەممە zemme *[zamma]* - "دەفری قوڕ پێ کێشان کە بە دوو کەس هەڵدەگیرێ": زنبە zanbe (P.).

[سەرەتا تێبینییەک: وشەکە بە فارسی ئاوا مانا کراوەتەوە: "ناوە، گل کش دونفرە". کاتێک چاو لە مانای ناوە nāve دە فەرهەنگی فارسیدا دەکەین، دەبینین کە ئەم وشەیە بە دوو مانای "کەشتی چکۆڵە" و "زەممە" واتا دەفری قوڕکێشان بەکار دێ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەفرە شێوەی کەشتییەکی چکۆڵەی هەیە و لەبەر ئەوەش ئەوەندە زلە کە پێویستی بە دوو هەڵگر هەیە. لە لایەکی دیکەوە

دەردەکەوێ کە ناوە nave ی کوردمادی یان دە فارسیدا nāve (P.) پێوەندی هەیە بە nāvis (L.) بە مانای "کەشتی". هێندێک وشە وەک ناوگان nāvgan (P.) و navy (E.) "کەشتیگەل" لەم وشەوە هاتوون].
ئێستا بگەڕێنەوە سەر وشەی زەممە zemme. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پێوەندییانەی سەرەوە گومان لەوەدا نامێنێ کە ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑گەمی geme "کەشتی چکۆلە".
زەمۆمە zemome *[zamoma]* - "تیغە، تیوان کردن بە قوڕ یان تامان": خزمە دەگەڵ hemmen (G.) "بەر گرتن، وەستاندن، پێش لێگرتن"، heman (OG.)، hemman (OE.) "بەر گرتن، بەستن"، Hamm (Nl.) "زەوییەکی بە پەرژین دەورگیراو"، kom (Rus.) "گلوو، سمتە، تۆپەڵە"، komit (Rus.) "رێککوشین، تۆپەڵە کردن"، kēmós (Gr.) "تۆڕ، دەمبێن" [دەبنەرەتدا: تێکچرژاو، تەنراو]، سەر بە ریشەی ***kem- >** ***(IE.)*** "بە تامان یان پەرژین دەور گرتن، رێککوشین". دەشێ هێندێک وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا پێوەندیان بەم وشانەوە هەبێ، وەک ↑هەمزالە hemzale "چارداغی باغ"، ↑سمتە sımte "تولا، پێکەوەنووساوی رێککوشراو، ↑گومتل gumtıl "کلۆی چکۆلە"، ↑زۆم(ە) zom(e) "کۆمەڵەرەشماڵی لە دەوری یەکتر" ؟، ↑زەمبیل zembîl "قەرتاڵە" و ↑زەمبۆل zembol "تلسک، کەرتەهێشوو"، ↑کەوانە kewane "لاکان" و هتد.
زەمەر zemer *[zamar]* - "1- وێران، تێکتەپیو 2- خێشک": خزمە دەگەڵ ↑ساماڵ samal "ساف، تەخت، یەکدەست". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ساماڵە samale کردن "خێشک لە شێوەرد دان، ساف و یەکدەست کردنی شێوەرد".
زەمەن zemen *[zaman]* - "گێژەڵووکە، گردەلوول": پێوەندی هەیە بە ↑چەمان çeman [چرە چەمان çıreçeman واتا چرەدووکەڵ].
زەنا zena *[zanā]* - "هەراهەرا، چەقەچەق":
1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شین şîn "شیوەن"دا هاتوون.
2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە کرداری ↑ژەنین jenîn "لێدان، لێکدان". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "شلۆقی یاخود دەنکَ و هەرای تێکەڵ پێکەڵ".
[تێبینی: شیاوی باسە کە وشەی "شلۆق" (شلۆقی) یش دەچێتەوە سەر کرداری "شلەقان"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، لێکدان"].
زەنبەر zenber *[zanbar]* - "خشڵ، زێر و زێو": زەمبەر zember یش دەگوترێ. دەشێ لە دوو کەرتی زەن + بەر zen + ber پێک هاتبێ، واتا ئەو شتەی لە ↑بەر ber [بەرۆک] *دەدرێ*. بەوتەیەکی دیکەی ئەو زێر وزیوەرەی بە خۆوە هەڵدەواسرێ. کەرتی زەن -zen دەچێتەوە سەر↑ ژەندن jendın و↑ ژەنین jenîn بە مانای "لێدان".
زەنج zenc *[zanj]* - "زنە، زۆنکَ، باتڵاق": ↑زنە zıne.
زەنجەفیل zencefîl *[zanjafīl]* - "بنەگیایەگی تیژە": بەگوێرەی فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی ئەسڵی وشەکە شنگلیل şınglîl ە، دەچێتەوە سەر šangavīr (MP.) و لەوێشەوە بۆ زمانی سانسکریت < *śrngavera "OIn."*.
زەنجەلە zencele *[zanjala]* - "ئامرازێکی کشت و کاڵ": خزمە دەگەڵ ↑زەنکَ zeng "لێدان".
زەند zend *[zand]* - "لای خوارەوەی قۆڵ": خزمە دەگەڵ ↑زەنگاڵ zengal.
زەندق1 zendıq *[zandıq]* - "مونافیق، گاور": ئەم وشەیە لە سەدەکانی بەرێدا بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهێنرا کە بە گوێرەی بیر و بۆچوونی دەسەڵاتدار لە دین وەرگەڕا بوون. وەک دەبینرێ بنجی وشەکە زەند zend ە و ئەم وشەیەش دەبێ پێوەندی بە ↑ژەندن jendın و ↑ژەنین jenîn ەوە هەبێ بە مانای "لێدان، لێکدان، لێکدانەوە". بەم جۆرە دەبێ مەبەست لە زەندق دە بنچینەدا ئاماژە کردن بەم بابەتە بووبێ کە ئەو کەسانە پابەند و پێڕەوی "لێکدانەوە"یەکی تایبەتی بوون لە مەسەلەکانی ئایین. بە

وتەیەکی دیکە ئەم وشەیە دەبێ مانایەکی هەبووبێ وەک "پێڕەوانی لێکدانەوە" یاخود "لێکدەرەوەکان". هەر لێرەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە وشەکانی زەند zend و پازەند pazend کە دوو بەشەنووسراوی سەر بە پەرتووکی ئەڤێستان. ئەم بەشانەش دەبێ هەر لێکدانەوە و شیرۆڤە کردنی ئەڤێستا بووبن. لەوانەشە وشەی "زەندەق" دە بنەڕەتدا ئاماژەی بە پێڕوانی زەردەشت [باوەڕمەندان بە "زەند" [لێکدانەوە، تەفسیر] کردبێ.

زەندق2 zendıq *[zandıq]* - [زەندەقم چوو]، بڕوانە ↑زەندەک2 zendek.

زەندک zendık *[zandık]* - "جومگەی دەست": خزمە دەگەڵ ↑زەنگاڵ zengal.

زەندۆڵ zendol *[zandol]* - "1- قەڵشی زل لە زەویدا، رەهۆڵ 2- شیوی تەنکَ": زەندۆر zendor یش دەگوترێ. کەرتی زەن -zen یان [زەند zend؟] خزمە دەگەڵ ↑جنین cınîn "بڕین". وشەکە ئاماژە بە بڕدراویی زەوی دەکا، هەروەک چۆن وشەی "رندۆڵ"یش پێوەندی بە وشەی "رنین"ەوە هەیە. کەرتی دووەمی وشەکە لەوانەیە پاشگر بێ یان پێوەندی بە ↑دۆڵ dol ەوە هەبێ.

زەندەک1 zendek *[zandak]* - "پارچەی باسک پۆش بۆ کار": دەچێتەوە سەر ↑زەند zend "لای خوارەوەی قۆڵ".

زەندەک2 zendek *[zandak]* - "ورە و هێزی دڵ": زەندەق zendeq یش دەگوترێ. "زەندەق چوون" واتا گیان دان، مردن، دڵ تۆقین. بنەوشەی زەن (د) -zen(d) دەچێتەوە سەر کرداری ↑ژین jîn و ↑گیان/ جان gîyan /can. وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێ بە مانای "هێزی دەروون، مایەی ژیان" و بە وتەیەکی دیکە هەمان "ژیان، زیندەگی" بووبێ. بەم جۆرە زەندەک [زەندەق] چوون بەمانای دڵ تۆقین و لەدەست دانی گیان بووە.

زەنگَ1 zeng *[zang]* - دەگەڵ "زەبر" دێ [زەبر و زەنگَ zebır û zeng]. خزمە دەگەڵ ↑ژەنین *jenîn* "لێدان"، ↑ژەندن jendîn "لێدان، لێکدان"، ↑جەنگَ ceng "شەر و لێکدان"، ↑جینگن cîngın "شەڕانی"، ↑زەنگن zengın "کولێنکَ، پاچ"، ↑ژەنگەسوورە jengesure، ↑زنج zınc "ئامرازی مۆسیقا"، ↑زەنگَ[2] zeng "دەنگی زەنگولە" و ژمارەیەک وشەی دیکە.

زەنگَ2 zeng *[zang]* - "دەنگی زەنگولە": زنگَ zang (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑زەنگَ1 zeng [زەبر و زەنگَ]، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، لێکدان". مەبەست لە "زەنگَ" دە بنەڕەتدا لێدان لە پارچە ئاستێک، یان لێکدانی دوو پارچە ئاسن بووە بۆ بەدی هێنانی دەنگ و ئاگادار کردنەوە لەرێگەی دەنگەکەوە. "زەنگَ" یان "زەنگولە" (زەنگی بچکۆلە) ئەو ئامرازەیە کە تییدا پارچە ئاستێک وە ئاستێکی دیکە دەکەوێ و دەنگێک بلێند دەبێ. دواتر وشەکە نەک هەر بە مانای ئامرازەکە، بەڵکوو بە مانای دەنگی ئامرازەکەش بەکار هاتووە.

زەنگَ3 zeng *[zang]* - بە رۆنەکەرەی قاڵکراو دەگوترێ "رۆنی زەنگَ". دەبێ وشەی "زەنگَ" مانایەکی وەک "قاڵ کردن" بگەیەنێ. خزمە دەگەڵ sengen (G.) سووتانی سەتحی"، zengen (L.)، singe (E.) "سوتاندن، هیشک کردن"، senge (MG.) "هیشکایی"، sengla (Norw.) [دیالێکتی ناوەندی] "بۆسۆ بوون". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑سنجر sıncır هەیە بە مانای "بڵیسە" کە ئەویش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. دە فارسیدا زنگَ zang (P.) وەک "تیشکی رۆژ و مانگَ"یش مانا کراوەتەوە. وێ دەچێ وشەکانی زەنگی zangī "رەش پێست" [پێست سووتاو؟] و زەنگان zangān [شاری زەنجان] دە زمانی فارسیدا و هەروەها ↑شەنگار şengar [یان شەنگال] لەم چوارچێوەیەدا جێ بگرن. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*senk- >*** "سووتان، هیشک بوون".

زەنگاڵ zengal *[zangāl]* - "پووزەوانە، بەلەک پێچ": زنگال zangāl (P.). ئەم وشەیە و چەند وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و دەچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش. وشە کوردماددییەکان ئەمانەن: ↑زەند zend "لای خوارەوەی قۆڵ"، ↑زەندک zendık "جومگەی دەست"،

↑زەنگە zenge "لای خوارەوەی لاق"، ↑زەنگی zengî "گوێزینکێ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Schenkel (.G)، scencel (.OE)، shank (.E) و (.Sw) "سەرووی لاق، ران". ئەم وشانە دە زمانە ژیرمەنییەکاندا مانای "پایە، لاسک، دەسک"یشیان وەرگرتووە. هەر دە زمانی ئەلمانیدا Schinken هەیە بە مانای"گۆشتی رانی بەراز". دە زمانی فارسیدا ساق saq (.P) "لای خوارەوەی لاق" و ساقە sāqe (.P) "لاسکی گیا" سەر بەم خێزانەن. دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑شەق şeq "زەبری پێ" و ↑شەقام şeqam و ↑شەقاو şeqaw "هەنگاو"، ↑شەقۆن şeqon "لەقەی گا"، ↑چۆک çok و چەند وشەیەکی دیکەش پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)keng- >* "خوارو خێچ". ئەم مانایە دە skakkr (.OIs)، hinken (.G) "شەلین" و skazo (.Gr) "شەل"دا پارێزراوە. پێوەندی دوو چەمکی "لاق" و "خوار و خێچی" دەبێ لەوەڕا هاتبێ کە لاقەکان وەک دوو شتی خوار نیسبەت بە یەکدی لەبەرچاو گیراون. مانای خوار و خێچی دە زمانی کوردمادیشدا پارێزراوە، واتا دە وشەی ↑شەق[2] şeq دا بە مانای"لە خەت دەرچوونی گاجووت [خوار رۆیشتنی گاجووت]". دە زمانی فارسیدا شنگیدن šangīdan (.P) هەیە کە بۆ ئەو حاڵەتی رۆیشتنە بەکار دێ کە ژن دەیهەوێ سەرنجی پیاو بۆ لای خۆی رابکێشێ. ئەم وشە فارسییە دە بنەڕەتدا بە مانای "لەنجە و لار کردن" بووە و هەر وەک دە وشەکانی "لەنگین" و "لەنجە"شدا دەبینرێ، مەبەست خۆ لار کردن و خۆ با دان دە رۆیشتندا بووە.

زەنگن zengın *[zangın]* - "کوڵینکێ، پاچ": خزمە دەگەڵ ↑زەنگێ zeng "زەبر" [زەبر و زەنگێ].

زەنگوو zengu *[zangū]* - "رکێف": خزمە دەگەڵ ↑زەنگاڵ zengal.

زەنگۆ zengo *[zango]* - "رکێف": ئاوزەنگی awzengî یش دەگوترێ. بەگوێرەی فەرهەنگا کورمانجی-ئینگلیزی وشەکە لە زمانی تورکی وەرگیراوە و دە ئەسڵدا üzengi (.T) بووە. ئەم بۆچوونە زۆر رێی تێ ناچێ و دەشێ وشەکە لە زمانی کوردماددییەوە چووبێتە ناو زمانی تورکی. زەنگێ/ زەند/ zeng /zend دە زمانی کوردمادیدا بە مانای لاق، بەتایبەتی لای خوارەوەی لاق، بەکار دەهێنرێ،↑زەنگوو zengu مانای "گوێزینکێ"یش دەدا، ↑زەنگە zenge بە"لای خوارەوەی لاق، بەلەک" دەگوترێ و ↑زەنگاڵ zengal بە مانای "بەلەک پێچ" بەکار دێ. بە پێی ئەم پێوەندییانەی سەرەوە تورکی بوونی وشەکە زۆر جێگەی پرسیارە. هەروەها بڕوانە ↑ئاوزەنگی awzengî.

زەنگە zenge *[zanga]* - "لای خوارەوەی لاق، بەلەک": خزمە دەگەڵ ↑زەنگاڵ zengal.

زەنگەتە zengete *[zangata]* - "هێشوویەکی بچووک کە لە هێشوویەکی گەورە لێ دەکرێتەوە": ↑زانقلە zanqıle ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شەنگڵ *şengıl* "پێکەوە نووسان" و شەنگڵە şengıle "دوو دانە بەری داری پێکەوەنووساو". مانای "زەنگەتە" دەبێتە "پێکەوەنووساو" [ئەو دەنکانەی پێکەوە نووساون].

زەنگەسوورە zengesure *[zangasūra]* - "ژەنگەسوورە": زەنگە + سوورە zenge + sre. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر ↑زەنگێ zeng "لێدان، پێوەدان". کەرتی دووەم ئاماژەیە بە رەنگی ئەم زیلە(حەشەرە) سوورە.

زەنگەلۆر zengelor *[zangalor]* - "کرکڕاگە": بە فارسی وەک "سرخنای" مانا کراوەتەوە، کە بەشێکە لە لوولەی هەناسەکێشان و بە هۆی رەنگەکەیەوە ناوی "سرخنای" لێ نراوە، واتا "نایەی سوور، لوولەی سوور". دە وشە کوردماددییەکەدا کەرتی دووەم، واتا لۆر lor- مانای ↑لوولە lule دەدا و خزمە دەگەڵ ئەم وشەیە. کەرتی یەکەمی وشەکە خزمە دەگەڵ ↑زەنگێ zeng "قاڵکراو". ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سووتان، هیشک بوون". دیارە پێوەندی "سووتان، هیشک بوون" و رەنگی سوور بەیەکەوە ئاشکرایە. ئەم پێوەندییە دە کرداری "سوور کردنەوە" یان "ئاگری سوور"دا خۆی نیشان دەدا.

زەنگەن zengen *[zangan]* - "قولینکێ": دەچێتەوە سەر ↑زەنگێ zeng "لێدان" [زەبر و زەنگێ]. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سەنگێ seng "بەرد".

زەنگەنە zengene [*zangana*] - "ناوی هۆزێکی کورد": دەچێتەوە سەر ↑زەنکَ zeng "لێدان" [زەبر و زەنکَ]. ناوی ئەم هۆزە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان هۆزێکی بە زەبر و زەنکَ بوون یاخود شەڕکەر و جەنگی بوون. وشەکە خزمیشە دەگەڵ ↑جەنکَ ceng.

زەنگی zangî [*zangī*] - "گوێزینکَ": خزمە دەگەڵ ↑زەنگاڵ zengal.

زەنگیانە zengîyane [*zangīyāna*] - "مورووی زۆر ورد": رەنگە ئەو مورووییانە وەک دەستبەند لە دەست یان لاق کرابن و بۆیە ئەم ناوەیان بۆ دانراوە. بەراوری بکە دەگەڵ ↑زەنگە zenge "لای خوارەوەی لاق، بەلەک" یان ↑زەندک zendık "جومگەی دەست".

زەنگین zangîn [*zangīn*] - "دەوڵەمەند": شێوەیەکی دیکە لە ↑سەنگین sengîn "قورس و قایم". دیارە لێرەدا مەبەست لە قورس و گران، پارە و سامانی قەبەیە کە وای کردووە کابرا لەناو کۆمەڵدا جێگە و پێگەیەکی قورس و قایمیش پەیدا بکا.

[تێبینی: لەباری ماناوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ "ئەنگڕان" واتا زۆر دەوڵەمەند بوون. ئەم وشەیەش دەچێتەوە سەر "گران" و دە بنەڕەتدا واتا قورس و گران بوون].

زەنوێر zenwer [*zanwer*] - "شوێنی خۆش ئاو و هەوا": زەن + وێر zen + wer. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر↑ زنە zıne "هەردی تەڕ"، کەرتی دووەم لەوانەیە پێوەندی بە ↑وار war "ماڵ، مەڵبەند، شوێن"ەوە هەبێ. بەم جۆرە مانای وشەکە دەبێتە شوێنێک کە هەردەکەی تەڕ و بڕە.

زەنەک zenek [*zanak*] - "باتڵاخ، زۆنکَ": ↑زنە zıne.

زەنی zenî [*zanī*] - "چەنە(گە)": شێوەیەکی دیکە لە ↑چەنە çene.

زەواد zewad [*zawad*] - "بژێو، خواردەمەنی": زەود zewıd و زاد zad یش دەگوترێ. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- sopp (OE.) و soppen (Nl.) "پارووی تڵیت"، soppian (OE.) "تڵیت کردن"، Suppe (G.) "شورباو، سوپ"، saufen (G.) "هەڵقوڕاندن"، supa-h (OIn.) "شورباو"، sugere (L.) "مژین"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *seu-*** "هەڵقوڕاندن". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑دۆشین doşîn.

2- sieden (G.)، siodan (OG.)، sjuda (Sw.)، seethe (E.) "جۆشان، کوڵان". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە ساخ نەکراوەتەوە، بەڵام بەراورد دەکرێ دەگەڵ siausti (Lit.) "هەڵچوون، قەڵس بوون" و sauts (Gt.) "ئەو شتەی وەک قوربانی دەکوڵێندرێ".

زەوید zewıd [*zawıd*] - "بێگار، کاری بەزۆر": دەشێ پێوەندی بە↑ زۆر zor [دە بنەڕەتدا zaver] ەوە هەبێ.

زەوە zewe [*zawa*] - "زیپکە": شێوەیەکی دیکە لە ↑زیبکە zîbke.

زەوەند zewend [*zawand*] - "زۆر، فرە": خزمە دەگەڵ ↑زۆرzor و ↑زاف zaf/ زاڤ zav.

زەوی zewî [*zawī*] - "هەرد": زمین zamīn (P.)، zamīk (Pl.)، zemlia (Rus.)، Humus (L.) "هەرد، خاک"، chamaí (Gr.) "لەسەرهەرد"، دەچێتەوە سەر ریشەی < ***(IE.) *ĝhđem- , *ĝh(đ)om-*** "زەوی، هەرد". خزمیشە دەگەڵ ↑*زاوا zawa*، هەروەها دەگەڵ ↑قاد qad و ↑گیتی getî.

زەها zeha [*zahā*] - "هیشک و رەق": خزمە دەگەڵ ↑سەق seq [دە بنەڕەتدا: سەخت].

زەهاو zehaw [*zahāw*] - "ناوی مەڵبەندێک لە کوردستان": خزمە دەگەڵ ↑سەق seq [دە بنەڕەتدا: سەخت].

[تێبینی: لە رۆژهەڵاتی کوردستان شار و ناوچەیەک بە ناوی سەرپێڵی زەهاو serpelî zehaw هەیە. وەک دەردەکەوێ، ئەم ناوە پێوەندی بە "پرد" و "ئاو"ەوە هەیە. لەوە دەچێ باس لە چەم و ئاوێکی توند و بەهێز کرابێ].

زەهر zehır [*zahır*] - "سەم، دەرمانی کوژەر": ژار jar و ژاڵ jal 1 یش دەگوترێ. زهر zehr (P.). وشەکە لەوانەیە لە ↑زارە zare [زاڵە] وەرگیرابێ، کە شتێکی زۆر تفت و تاڵە.

زەهی zehî [*zahī*] - "زیان": ئەم وشەیە و هەروەها وشەی ↑زیان *zîyan* خزمن دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ژەنین jenîn، ↑زەنگ zeng، ↑ژەنگ jeng و ↑جەنگ ceng بە مانای "لێدان".

زەیستان zeyıstan [*zayıstān*] - "ژنی تازەزاو": زەی + ستان zey + stan. کەرتی یەکەم پێوەندی بە ↑زان zan ەوە هەیە. کەرتی دووەم لێرەدا پاشگری دۆخ و چۆتیتییە.

زەین zeyn [*zayn*] - "هۆش، ئاگا": پێوەندی هەیە بە ↑زی zî 1 "هەست، حیس".

زەینین zeynîn 1 [*zaynīn*] - "رازانەوە": پێوەندی هەیە بە ↑شێن şên و ↑جوان cuwan ەوە. هەروەها زەین zeyîn هەیە بە مانای "خشڵ و رنبەر". دە زمانی فارسیدا ازین āzīn (P.) بە مانای "رازانەوە" دێ [ā +zīn]. وێ دەچێ زینة zīna (Arb.) لەم وشانەی سەرەوە وەرگیرابن.

زەینین zeynîn 2 [*zaynīn*] - "هۆش پێدان": دە زمانی عەرەبیدا ذهن zihn (Arb.) بەکار دێ و دە کوردمادیشدا ↑زەین zeyn دان هەیە بە مانای "هۆش پێدان". لەوە دەچێ وشەکە بە ئەسڵ وشەیەکی کوردی بێ، چونکوو دە زمانی کوردمادی و زمانە هیندوئەوروپییەکاندا چەند وشەیەک پێوەندی بەم وشەیە پەیدا دەکەن. لەم بارەوە بڕوانە ↑زی zî 1 "هەست، حیس".

زەیە zeye [*zaya*] - "سفت تەنراو": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑جاڵ cal، ↑جۆڵا cola، ↑زێوار zewar، ↑زیلۆ zîlo، ↑ژێ je و ↑سوژن sujın و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سە ریشەی < ***(IE.) *sei-, *seu-, *siu-*** "بەستن، لێکبەستن، درووین، گرێ دان".

زەیی zeyî [*zayī*] - "خزمی نزیک": دەشێ لە وشەی ↑زان zan ەوە هاتبێ.

زیار zîyar [*zīyār*] - "لەواشەی دەمی وڵاخ": خزمە دەگەڵ Seil (G.)، zeel (Nl.)، sāl (OE.)، seil (OIs.) "بەند، پەت، گوریس"، sa lan (OE.) "بە پەت بەستن(ەوە)"، sailas (Lit.) "بەند، پەت"، silo (Rus.) "گرە، قڵفە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑جاڵ cal و چەندین وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا.

زیان zîyan [*zīyan*] - دەشێ خزم بێ دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ژەندن jendın، ↑ژەنین jenîn، ↑زەنگ zeng و ↑ژەنگ jeng و هیتر سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان". مەبەست لە زیان گەیاندن بە کەسێک یان شتێک لەوانەیە دە بنەڕەتدا "زەبر لێدان" بووبێ، جا یان لێدانی فیزیکی یان جۆرێکی دیکە لە لێدان.

زی zî 1 [*zī*] - "هەست، حیس": خزمە دەگەڵ Sinn (G.)، zin (Nl.) "هەست"، sentire (L.) "هەست کردن، تێگەیشتن"، sensus (L.) "بیر، هەست"، sinteti (Lit.) "هزرین"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *sent-*** "ڕۆیشتن، گەڕان، بوورین". سەبارەت بەوەی چۆن لەم ریشەوە مانای"هەست و بیر کردن" پەیدا بووە، دەتوانین دەگەڵ دوو وشەی "گەیشتن" و "تێگەیشتن"دا بەرهەڤی بکەین. دوور نییە وشەی ذهن zihn (Arb.) "زەین" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. لەوانەی وشە کوردماديیەکە لەپێشدا "زین" یان "زێن" بووبێ و سوابێتەوە و بووبێتە "زی". لەوانەیە خزمیش بێ دەگەڵ ↑زیت zît "وریا، بەهۆش". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شاندن şandın "ناردن، بەڕێ کردن".

زی zî 2 [*zī*] - "1- دەرپەڕیوی 2- دڕک": خزمە دەگەڵ ↑زیخ zîx و ↑زەق zeq.

زیبک zîbık [*zībık*] - "ئۆتۆریتە، دەسەڵات": زیپک zîpık یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زیپکە zîpke "ئاوڵە و بلۆقی سەر پێست" و ئەو وشانەی لەژێر ↑زبر zıbır دا باس کراون کە ئاماژە بە "ماسین، قەڵەو بوون، ئەستوور بوون" دەکەن. لە مانای ماسین و ئەستوور بوونەوە مانای "بەهێز بوون، بە دەسەڵات بوون" پەرەی گرتووە. لەوانەیە هاوکات پێوەندی بە ↑زەبر zebır [زەبر و زەنگ] یشەوە هەبێ.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "ماسین، ئەستوور بوون" و "بەهێز بوون" سەرنجی وشەی "ماسین" بدە کە هەم مانای "ئەستوور بوون، قەڵەو بوون" دەگەیەنێ و هەمیش مانای "سفت بوون، توند

بوون، مەیین". خودی وشەی "مەیین" شێوەیکی دیکە لە "ماسین" نیشان دەدا و هەروەها مانای "ماییدەشت" دەبێتە "دەشتی سەخت و رەقەن" یان "دەشتی بەپیت" (پیت مانای "هێز" دەبەخشێ). ئەم پێوەندییانەی سەرەوە لەم وشانەشدا بەدی دەکرێن: تەوەن tewen "بەرد" (سەخت، پتەو)، تاپاز tapaz "زەبەلاح، ئەستوور، زلحۆرت"، تەڤا teva "وزە، هێز"، تەوژم tewıjım، توانین tuwanîn (دەبنەڕەتدا: زاڵ بوون بە سەردا، دەسەڵات بەسەردا هەبوون"، هەروەها tumor (L.) "*دوومەڵ*، کوان"، túmara-h (OIn.) "قەڵەو، بە هێز" و هتد. ئەم وشانە گشتیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ماسین، ئەستوور بوون" و هەروەها "بەهێز بوون"].

زیپ zîp [*zīp*] - "تەوژم، بە تەوژم پەستاوتن": خزمە دەگەڵ ↑ شەپ şep و ↑سەپاندن sepandın سەر بە ریشەیەک بە مانای "پاڵ پێوەنان، لێدان".

زیپک1 zîpık [*zīpık*] - "دڵۆپە": خزمە دەگەڵ Sieb (G.)، zeef (Nl.)، sieve (E.) "سوزمە، پاڵۆینە"، sipiti(Serb.) "بارینی ورد، خوناوەبارین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *seip- >*** "چۆڕاندنەوە، دڵۆپاندن".

زیپک2 zîpık [*zīpık*] - "1- بەردی زۆر چکۆڵە 2- تەرزە 3- چەکەرە": خزمە دەگەڵ ↑زیپکە zîpke. ئەم وشانە ئاماژە دەکەن بە "قووتەکە بوون، خڕەکە بوون، هەڵتۆقاو بوون".

زیپکە zîpke [*zīpka*] - "ئاوڵە و بلۆقی سەر پێست": زیپ + کە zîp + ke. زیبکە zîbke و ↑زەوە zewe ش دەگوترێ. بنجی "زیپ" [زیب -zîp، زەو -zew] خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑زبر zıbır دا باس کراون و ئاماژە بە "ماسین، قەڵەو بوون، ئەستوور بوون دەکەن.

بەرزەوەبووک". زیپکە واتا " خڕەکە و هەڵمساوی چکۆڵە" کە لەسەر پێست پەیدا دەبێ و هەڵدەتۆقێ. وشەی ↑ئازەب azeb پێوەندی بەم وشەوە هەیە [ئا- زەب].

زیپەر zîper [*zīpar*] - "ماسوولکە": ↑زەڤڵەک zevlek یش دەگوترێ.

زیت zît [*zīt*] - "وریا، بەهۆش": زیچ zîç یش دەگوترێ.

1- یان پێوەندی هەیە بە ↑زی zî "هەست". لەم تیڕوانینەوە مانای "زیت" دەبێتە "لەسەر هەست، هەستیار، بەهۆش".

2- یانیش پێوەندی هەیە بە ↑زیخ zîx1 "زیت، وریا". ئەم وشەیەش خۆی خزمە دەگەڵ ↑زەق *zeq*"قوت، دەرپەڕیو". "زیت بوونەوە" دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا ئاوا مانا کراوەتەوە: "راپەڕین و راکردنی جانەوەر". بێگومان "زیت" ئا بەم مانایە پێوەندی بە بەو وشانەوە هەیە کە مانای "زەق بوون، دەرپەڕین، دەرپەڕیو بوون" دەبەخشن. دوور نییە دە بنەڕەتدا دوو وشەی "زیت" دە زمانی کوردمادیدا هەبووبێ کە لەبەر نیزیک بوونی شێوە و ماناکانیان تێکەڵ بە یەکدی بووبن. ئەگەر ئەم شیمانەیە راست بێ، ئەوە "زیت"ی یەکەم بە مانای "وریا، زرینک" پێوەندی هەیە بە زی zî "هەست" و "زیت"ی دووەمیش بە مانای "قوت و دەرپەڕیو" پێوەندی پەیدا دەکا بە زەق zeq ەوە. ئا بەم مانایەوە وشەکە پێوەندی پەیدا دەکا بە ↑زیتک zîtık "لوشکە، جووتە".

زیتک zîtık [*zītık*] - "لوشکە، جووتە": خزمە دەگەڵ schießen (G.)، shoot (E.)، skjuta (Sw.) "هاویشتن، دەرپەڕاندن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیە بە مانای "دەرپەڕین، دەرپەڕاندن، راو نان، پاڵنان، را دان". گەلێک وشە دە زمانی کوردمادیدا لەم ریشەوە هاتوون، هەر لە ↑چووز(ەرە) (çuz(ere"چرۆ، تیرتکی تازەدەرهاتووی گیا" و ↑چووزێن çuzen "دەرپەڕین، هاویشتن"ەوە بگرە تا دەگاتە ↑چوخساندن çuxsandın "دەرپەڕاندن" و تا دەگاتە ↑شەپ şep "لێدان، پاڵ نان".

زیتکە zîtıke [*zītıka*] - "1- زمانەی تەڵەی راو 2- زیپکە": هەروەک ↑زیتک zîtık "لوشکە، جووتە" پێوەندی بەو وشانەوە هەیە کە مانای "دەرپەڕین، دەرپەڕیو بوون" دەدەن. هەم زمانەی تەڵەی راو و هەم زیپکە دوو شتی زەق و دەرپەڕیون و لەبەر ئەمە وەسا ناودێر کراون.

زیته zîte [zīta] - "1- پەلەپیتکە 2- دارۆکەیەکە دەناو فاقەدا بۆ راوی مەل، زیتکە": خزمە دەگەڵ ↑زیتک zîtık "لووشک، جووتە" و دەگەڵ ↑زیتکە zîtıke.

زیچ1 zîç [zīç] - "پێلەقەی مرۆڤ 2- جووتەی یەکسم": خزمە دەگەڵ یان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زیتک zîtık "لوشکە، جووتە".

زیچ2 zîç [zīç] - "وردەبەرد کە منداڵ کایەی پێ دەکەن": زیچێن zîçen ناوی گەمەکەیە. ئەمەش خزمە دەگەڵ ↑زیچ1 zîç "1- پێلەقەی مرۆڤ 2- جووتەی یەکسم". هەردووک وشە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دەرپەڕاندن، هاویشتن". هەروەها بەرهەڤی بکە دەگەڵ ↑ساچمە saçme.

زیخ1 zîx [zīx] - "زیت، وریا": خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq "دەرپەڕیو". هەروەها لەوانەیە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑زیت zît.

زیخ2 zîx [zīx] - "ورکەورد": زخور zıxur، زگار zıgar و ↑زغرک zığırk یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زاخ zax "گاشەبەرد".

[تێبینی: ئەم وشەیە جیایە لە خیز xîz. "زیخ" و "خیز" دەشێ سەر بە دوو ریشەی جیاواز بن، چونکوو "خیز" دە زمانی ئەڵمانیدا دەبێتە Kies (G.)].

زیخ3 zîx [zīx] - "دڕکی ئەستوور": دەگەڵ وشەکانی خوارەوە سەر بە ریشەیەکن: ↑زی zî "دڕک"، ↑زیق zîq "قیت و بەل"، ↑زەق *zeq* "دەرپەریو"، ↑زیک zîk "راستەوەبوونی موو"، ↑زەخت/ زیخت zext /zîxt "نەقیزە"، ↑شخت şıxt "زەرگی دەروێشان" و هتد. چەمکی هاوبەش دە هەموو ئەو وشانە دا زەق بوون و دەرپەڕیو بوونە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑زەق zeq "دەرپەڕیو".

زیخ4 zîx [zīx] - "بوێر، ئازا": پێوەندی هەیە بە ↑زۆخ zox "1- توانا و بەکار 2- توانایی، هێز".

زیخاندن zîxandın [zīxāndın] - "پاڵ نان، هان دان": سیخاندن sîxandın یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی بە ↑زیخ zîx "بوێر، ئازا"وە هەبێ و دە بنەرەتدا بە مانای"ورە وەبەرنان، هێز وەبەرنان" بووبێ.

زیراندن zîrandın [zīrāndın] - "هاوار کردن، زیقاندن":

1- لە لایەکەوە دەتوانێ پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ کە لەژێر ↑جرت cırt دا باس کراون.

2- لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑شیراندن şîrandın.

زیرکَ zîrıg [zīrıg] - "پیس، گەمار": زیرگن zîrgın یش دەگوترێ. لەوانەیە "زیرکَ" خۆی بەمانای "پیسی" بووبێ و لەمەوە "زیرگن" دروست کرابێ بە مانای "پیس و پۆخڵ". خزمە دەگەڵ Salz (G.)، salt (E.)، salt (Sw.)، halz (Gr.)، sal (L.)، sol (Rus.) "خوێ". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***sal- >** ***(IE.)*** "بۆرێکی پیس، ئامال ڕەش، لێڵ". لەبەر ئەوەی "خوێ" لە سەردەمە کۆنەکاندا وەک ئەمڕۆ سپی و پاک و پاڵاوتە نەبووە و بۆر و پیس بووە، بە جۆرە ناوزەد کراوە. دە هێندێک لە زمانە ئەورووپییەکاندا وشە بە مانای "بۆر، پیس، رەش" دەچنەوە سەر ئەم ریشەی سەرەوە، وەک salu (OE.) "رەش، تەڵخ، تار"، solr (OIs.) "پیس"، solovyj (Rus.) "بۆری ئامال زەرد". لەوانەیە ↑خلتە xılte پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ [خڵتە و خۆڵ].

زیرەڤان zîrevan [zīravan] - "1- شۆفار 2- ئێشکگر": زیران zîran یش دەگوترێ. دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑سیلە sîle "نیشانە، ئامانج"، Ziel (G.) "نیشانە، ئامانج"، zielen (G.) "نیشانە گرتن، بە ئامانج گرتن". لە ناوچەی موکریان باوە بە کەسێک کە بە وریایی و هێندێک بە دزییەوە دەرواتیتە شوێنێک یان ئاراستەیەک، دەبێژەن "ئەوە سیلەت لە چی گرتووە؟". ئەم بێژەیە زۆرتر بۆ شتی نەرێنی بەکار دێ.

زیرەک zîrek [zīrak] - "بەهۆش، وریا": زیرک zīrak (P.). خزمە دەگەڵ ↑ژیر jîr [↑هەژیر hejîr] "زانا، ئاوەزمەند".

زیز zîz [zīz] - "زوێر، تۆراو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ sick (E.)، siuks (Gt.)، sjuk (Sw.)، saik (OF.) "نەخۆش، ناساخ". ریشەی وشە ژێرمەنییەکە ساخ نەکراوەتەوە. لەوانەیە وشەکە سەرەتا مانایەکی

گشتی وەک "تێش، پەژارە، دڵتەنگی" هەبووبێ. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شەخسان şexsan "رەنکَ پەڕین لەبەر نەخۆشی"، ↑سیس sîs و ↑ژاکان jakan .

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی تیوان نەخۆشی و نارەحەتی لە لایەک و زیز و زوێر بوون لە لایەکی دیکەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ Leid (G.) "تێش و ئازار، نارەحەتی" و beleidigt (G.) "زیز، زوێر". ئەم دوو وشە ئەڵمانییە لە یەک ریشەوە هاتوون].

زیزک zīzk *[zīzk]* - "مێشێکی کەسکە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑کەسک kesık.

زیڤار zvar *[zīvār]* - "زوێڵ(ەچەرم)": شێوەیەکی دیکە لە ↑زۆڵ zol [زۆڵەچەرم].

زیڤان zîvan *[zīvān]* - "دەنکی رەش و تاڵ دەناو گەنمدا": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شێو şêw "دەمی تاریکان".

زیڤرک zîvırk *[zīvırk]* - "خڕکەبەرد": خزمە دەگەڵ ↑کەڤر kevır "بەرد".

زیق1 zīq *[zîq]* - "1- زبر، زوور 2- چاوی زۆپ و زەق 3- قیت و بەل": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زەق zwq. چەمکی "زەق بوون" دە هەموو ماناکاندا بەرچاو دەکەوێ.

زیق2 zīq *[zîq]* - "هەوا و کێم و چڵکی برین": خزمە دەگەڵ ↑جیقنە cîqne "پیسایی پەلەوەر". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "جودا بوون(ەوە)، لێکبوونەوە". دەبنەرەتدا مەبەست ئەو شتانەن کە لە لەش جودا دەبنەوە و دێنە دەرەوە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا دوو کرداری ausscheiden و absondern بۆ جیا بوونەوە و دەرچوونی شتی وەک میز و ئارەقە لە لەش بەکار دێن. ئەم وشانە دە ریشەدا مانای "جودا بوون(ەوە)" دەبەخشن و وشەی یەکەمیان خزمە دەگەڵ "جودا". هەروەها وشەی لاتینی secrentum "جیابۆوە (لە لەش)" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "جودا کردن، بڕین، لێکردنەوە"].

زیقاندن zîqandın *[zīqāndın]* - "قیژاندن": زیکاندن zîkandın یش دەگوترێ و دەبێ ئەمە شێوەی کۆنتری وشەکە بێ. وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ یاخود شێوەیەکی دیکە بێ لە↑شاخاندن şaxandın "زیقە و هەرا کردن".

زیقاوڵە zîqawle *[zīqāwla]* - "ماسیگرە": ئەم مەلە لەبەر زیقە زیقەکەی بەو جۆرە ناوزەد کراوە. [بڕوانە ↑زیقاندن zîqandın]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑زاغ zāġ (P.) "قشقەڵە".

زیقن1 zîqın *[zīqın]* - "بە زیقەزیق، گرینۆک": دەچێتەوە سەر ↑زیقاندن zîqandın "قیژاندن". سەبارەت بە کەرتی دووەمی وشەکە بڕوانە پاشگری بە ئاوەڵناو کردنی ↑ان ın.

زیقن2 zîqın *[zīqın]* - "لاواز، ریوەڵە": خزمە دەگەڵ ↑سیس sîs و ↑ژاکان jakan. سەبارەت بە کەرتی دووەمی وشەکە بڕوانە پاشگری بە ئاوەڵناو کردنی ↑ان ın.

زیک1 zîk *[zīk]* - "راستەوەبوونی موو، زەق و زۆپ": شێوەیەکی دیکە لە ↑زەق zeq.

زیک2 zîk *[zīk]* - "زۆر سارد": خزمە دەگەڵ ↑زوقم zuqım.

زیک3 zîk *[zīk]* - "گشتەکی مۆم لێدراو": خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑ژێ je "بەن، تاڵ".

زیل1 zîl *[zīl]* - "1- دەنگی باریک و تیژ 2- زەنکَ، زەنگوڵە": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑زایلە zayle، ↑زایەڵە zayele و هتد.

زیل2 zîl *[zīl]* - "1- زمانە چکۆڵە 2- بەلووکە": زیلک zîlık یش دەگوترێ. هەروەها چیلک çîlık هەیە بە مانای "1- میتکە 2- گۆپکەی مەمک" و ↑گلک2 gılık بە مانای "لاسکەگەنمەشامی بێ دەنک 2- بەلووکە". هەموو ئەم وشانە خزمن دەگەڵ↑ *کلک kılık* سەر بە ریشەیەک بە مانای "قوت و زەق بوون".

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "بەلووکە" واتا "باڵابووگی بچووک" و هەروەها "میتکە" بە مانای "قیتاییەکی بچووک"].

زیلان zîlan *[zīlān]* - "زیوان، جوڵان": خزمە دەگەڵ ↑جوڵان culan.

زیلك zîlık [zīlık] - "میتکه(ی یه‌کسم)": خزمه ده‌گه‌ڵ ↑زیل zîl 2 "1- زمانه چکۆڵه 2- به‌لووکه".
زیلۆ zîlo [zīlo] - "په‌ڵاسی له ده‌زوو": زیلو zīlū (P.). خزمه ده‌گه‌ڵ ↑جاڵ cal و ↑جۆڵا cola. **زیله zîle** [zīla] - "حه‌شه‌ره، زینده‌وه‌ری چکۆڵه": زی + له zî + le. ده‌چێته‌وه سه‌ر کرداری ↑ژین jîn.
زیله‌مۆ zîlemo [zīlamo] - "ئاگری بن خۆڵه مێش": ↑ژیله‌مۆ jîlemo ش ده‌گوترێ.
زین zîn [zīn] - "جێگه‌ی دانیشتنی سوار له‌سه‌ر پشتی ئه‌سپ": زین zīn (P.). ده زمانه ژێرمه‌نییه‌کاندا هاوماناى ئه‌م وشه‌یه ده‌چێته‌وه سه‌ر کرداری "دانیشتن" له‌و زمانانه‌دا، بۆ وێنه Sattel (G.)، saddel (E.)، zadel (Nl.)، sadel (Sw.) "زین"، سه‌ر به ریشه‌ی ***sed-** (IE.) > "دانیشتن". وشه‌ی ↑سه‌نده‌ڵی sendelî "کورسی له سه‌ر دانیشتن" خزمه ده‌گه‌ڵ ئه‌و وشه ژێرمه‌نییانه و ته‌نیا فۆنیمی n وه‌ک زێده خزاوه‌ته ناو وشه‌که‌وه، که ئه‌مه له چه‌ندین وشه‌ی دیکه‌شدا به‌رچاو ده‌که‌وێ. ده‌توانین وای بۆ بچین که وشه‌ی زین zîn له سه‌نده‌ڵی sendelî وه‌رگیرابێ. ئه‌م وشانه ده‌بنه خزم ده‌گه‌ڵ ↑(دا) نیشتن -da-nî-şt in و ده‌چنه‌وه سه‌ر هه‌مان ریشه‌ی هیندوئه‌رووپی سه‌ره‌وه.
زینات zînat [zīnāt] - "1- ئازارده‌ر، به‌دفه‌ڕ 2- زوڵم و ستەم": ده‌شێ پێوه‌ندی هه‌بێ به وشه‌کانی ↑ژه‌نین jenîn و ↑ژه‌ندن jendın و ↑زه‌نگ zeng و ↑جه‌نگ ceng سه‌ر به ریشه‌یه‌ک به ماناى "لێدان".
زیندان zîndan [zīndān] - "به‌ندیخانه":
1- بنه‌وشه‌ی -zin ده وشه‌کانی ↑زنجیر zıncîr و ↑سندم sındım و چه‌ند وشه‌ی دیکه‌دا ده‌بیندرێ و ده‌چێته‌وه سه‌ر ریشه‌ی ***sei-** (IE.) > "به‌ستنه‌وه". له‌وانه‌یه "زیندان" پێوه‌ندی به‌م وشانه‌وه هه‌بێ.
2- له‌وانه‌شه خزم بێ ده‌گه‌ڵ ↑زنج[4] zınc "چارداغ، حه‌وش، چه‌په‌ر، په‌رژین".
زیندوو zîndu [zīndū] - "گیانله‌به‌ر": زنده zende (P.). خزمه ده‌گه‌ڵ ↑ژین jîn .
زینوو zînu [zīnū] - "ملەی کێو، تیغه‌شان": خزمه ده‌گه‌ڵ ↑زینی zînî "تیغی گوێزان". ئه‌م شوێنه به تیغ چوێندراوه، چونکه شوێنی پێکگه‌یشتنی دوو قه‌دپاڵه و له دوورەوه وه‌ک تیژاییه‌ک دێته‌به‌رچاو. هه‌ڵی سه‌نگینه ده‌گه‌ڵ "ستیغ کوه" ده زمانی فارسیدا که ئه‌ویش ده‌گه‌ڵ وشه‌ی "تیخ" خزمه.
زینه zîne [zīna] - "دڕک، دڕکه‌زی": خزمه ده‌گه‌ڵ↑ زینی *zînî* "تیغی گوێزان" و ↑زینوو zînu "تیغه‌شانی کێو".
زینی zînî [zīnī] - "تیغی گوێزان": جێی به‌رهه‌ڤ کردنه ده‌گه‌ڵ sense (G.)، segensa (OG.) "مه‌ڵه‌غان"، سه‌ر به ریشه‌ی ***sek-** (IE.) > "بڕین، لیکردنه‌وه، جیا کردنه‌وه". گه‌ڵێک وشه‌ی کوردمادی ده‌چنه‌وه سه‌ر ئه‌م ریشه‌یه وه‌ک ↑چه‌قۆ çeqo، ↑شاقه‌ڵ şeqel، ↑شی şî ، ↑ژێ je، ↑زۆڵ zol، ↑جیا cîya و هتد.
زیوار zîwar [zīwār] - "1- پارچه‌ی بڕاو له چه‌رم 2- تیتۆڵ": زیڤار zîvar و زیڤال zîval و زۆڵ zol یش ده‌گوترێ [زۆڵه چه‌رم]. خزمه ده‌گه‌ڵ ↑زێوار zewar "په‌راوێز، قه‌راخ".
زیواره zîware [zīwāra] - "تێواره": خزمه ده‌گه‌ڵ ↑شێو *şêw* [تێواره‌ی دره‌نگ، ده‌می تاریکان]. هه‌روه‌ها هه‌ڵی سه‌نگینه ده‌گه‌ڵ ↑زیڤان zîvan "ده‌نکی ره‌ش و تاریک له ناو گه‌نم دا".
زیوان zîwan [zīwn] - "جوڵان، بزوان": شێوه‌یه‌کی دیکه له ↑جمین/ جڤین cımîn / cıvîn.
زیوه‌ر zîwer [zīwar] - "زێو، خشڵی زێوین ": زێوه‌ر zewer یش ده‌گوترێ. شێوه‌ی کۆنتری ↑زێو zew.
زێ ze [ze] - "چه‌می گه‌وره": جێی به‌رهه‌ڤ کردنه ده‌گه‌ڵ See (G.)، see (E.)، saiws (Gt.) "ده‌ریا، ده‌ریاچه". "زێ" ده وشه‌ی ↑ده‌ریا derya [کۆنتر: zerya] شدا ده‌بیندرێ. ریشه؟
زێبار zebar [zebār] - "مه‌ڵبه‌ندێکه له کوردستان": زێ + بار ze + bar. که‌رتی یه‌که‌م ده‌چێته‌وه سه‌ر ↑زێ ze "چه‌می گه‌وره". که‌رتی دووه‌م شێوه‌یه‌کی دیکه‌یه له ↑به‌ر ber "پێش، لا". تێکڕای وشه‌که واتا "به‌ری چه‌م، لای چه‌م".
زێچ zeç [zeč] - "ژه‌ک، هه‌وه‌ڵ شیری دوای زان": شێوه‌یه‌کی دیکه له ↑ژه‌ک jek.
زێد zed [zed] - "نیشتمان، زاگه":

1- لەوانەیە لە وشەی ↑زان zan وەرگیرابێ، بە مانای "شوێنی لە دایک بوون، زاگە". لەم بارەوە هەڵیسەنگێنە دەگەڵ زادگاه zadgah (P.).

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑جیات cıyat هوە هەبێ [لە جیات، لە جیاتی].

زێدە zeded [*zeda*] - "زۆر، زەوەند": دە زمانی فارسی و عەرەبیدا دەگوترێ زیاد ziyad (Arb.). ئەم وشەیە وێ دەچێ بە ئەسڵ وشەیەکی کوردمادی و فارسی بێ. دە زمانی فارسیدا دە زمانی فارسیدا فزودن fızūdan [افزودن af-zūdan (P.)؟] بە مانای "زێدە کردن، زۆر کردن". ئەم کردارە فارسییە دەشێ پێک هاتبێ لە پێشگری "اف" و کەرتی "زودن". هەر چۆتیک بێ، پێوەندی پەیدا دەکا بە هێندێک وشە دە زمانە ئەورووپییەکاندا، وەک satt (G.) "تیر، تیر و تەسەل"، satur (L.) "تیر و تەسەل"، satis (L.) "زۆر و زەوەند"، sotus (Lit.) "تیر و تەسەل، زۆر و زەوەند"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sū-,*sə- >*** "تیر کردن".

زێر zer [*zer*] - "ئاڵتوون، تەڵا": زر zar (P.). خزمە دەگەڵ Gold (G.)، gold (E.)، guld (Sw.)، zelts (Let.)، zolotus (Rus.)، hiranya (OIn.) "زێر" و خزمە دەگەڵ ↑زەرد zerd و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تروسکان، برووسکانەوە، درەوشانەوە". وشەی ↑ئاڵتوون altun زۆر لە golden (G.) "زێڕین" دەچێ و دەشێ وشەیەکی خزم یان وەرگیراو بێ.

زێو zew [*zew*] - "کانزایەکی بەنرخ": زیو zîw یش دەگوترێ. سیم sīm (P.). خزمە دەگەڵ Silber (G.)، silver (E.) و (Sw.)، silubr (Gt.) و serebro (Rus.) "زیو". دە کوردمادی و فارسیدا ↑زیوەر zîwer [زێوەر] یش بە مانای زێو دێ و بە هەڵسەنگاندن دەگەڵ وشەکانی سەرەوە دەبێ ئەمەیان شێوەی کۆنتری وشەکە بێ. بەپێی بۆچوونێک ریشەی ئەم وشانە دەبێ بۆ زماتیکی ناهیندوئەورووپی بگەڕێتەوە و شوێنەواری وشە کۆنە هیندوئەورووپییەکە دە زمانی لاتینیدا ماوەتەوە کە بریتییە لە argentum.

زێوار zewar [*zewār*] - "پەراوێز لێنان، قەراخی جلک و شتی دیکە درووون": خزمە دەگەڵ Saum (G.)، zoom (Nl.)، seam (E.)، söm (Sw.) "زێوار، پەراوێز". ئەم وشانە دەچنەوە سەر کردارێکی کۆنی ژێرمەنی بە مانای "درووون" کە شێوەکانی بەم جۆرەن: siuwen (OG.)، siujan (Gt.)، sew (E.)، sy (Sw.) سەر بە ریشەی ***(IE.) *siu-,*seu- >*** "درووون، (لێک) بەستن". وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شوژن şûjın "دەرزی گەورە"، زیڤال zîval یان ↑زۆل zol [زۆڵە چەرم] و چەندین وشەی دیکە. دە زمانی فارسیدا زوار zavār (P.) دەگوترێ، بە مانای "قەراخ، چوارچێوە".

ژ (J)

ژ jı [žı] - "پڕێپۆزیسیۆنێکە". جە ce ش دەگوترێ. دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا نەماوە و لە جێگەی ئەو "لە" بەکار دەهێنرێ. از (P.) az، خزمە دەگەڵ (G.) aus، (E.) out، (Sw.) ut "ژ" سەر بە ریشەی *(IE.) *ud-s- >* "بەرەو دەرەوە، بەرەوە سەرەوە". -úd, út (OIn.) و (Lit.) užدەچنەوە سەر هەمان ریشە.

ژا ja [žā] - "کاوێژ": دەچێتەوە سەر "جووتن" [↑جاوین cawîn].

ژار jar [žār] - "زار، نەخۆش، لاواز": دەگەڵ "ژەنکَ"یش دێ [ژار و ژەنکَ jar u jeng واتا نەخۆشی]. شێوەیەکی دیکە لە ↑زار zar "داماو، بێچارە، نەخۆش". وشەی "ژەنکَ" کە دەگەڵ ئەم وشەیە دێ، دەچێتەوە سەر *ژان* "ئێش و ئازار".

ژاژ jaj [žāž] - "چیتک، قامیش": هەروەها ژاژەڵان jajelan هەیە بە مانای "قامیشەڵان". خزمە دەگەڵ ↑زی zî "دڕک"، ↑زیخ zîx 3 "دڕکی ئەستوور"، ↑زیق zîq "قیت و بەل"، ↑زەق *zeq* "دەرپەریو"، ↑زیک zîk "راستەوەبوونی موو"، ↑زەخت/ زیخت zext /zîxt "نەقیزە" و هتد. چەمکی هاوبەش دە هەموو ئەو وشانە دا زەق بوون و دەرپەڕیو بوونە.

ژاژک jajık [žāžık] - شێوەیەکی دیکە لە ↑جاجک cacık.

ژاژی jajî [žāžī] - "شیرێژ": خزمە دەگەڵ ↑کەشک kaşık.

ژاکان jakan [žākān] - "سیس وچرچ بوون": لەوە دەچێ خزم بێ دەگەڵ siechen (G.)، siukan (OG.)، siukan (Gt.) "نەخۆش بوون" و لەوانەشە دەگەڵ ↑سیس sîs "ژاکاو". دە زمانی فارسیدا تکیدە takīda (P.) هەیە بە مانای "سیس، ژاکاو".

ژاڵ jal 1 [žāl] **-** "ژار، ژەهر": وشەکە بە چەند شێوە دەبیندرێ، وەک ژار، ژەهر، زار، زەهر. (بڕوانە ↑زەهر zehır).

ژاڵ jal 2 [žāl] - "کۆمگای مێشەنگوین": شێوەیەکی دیکە ↑شار şar [شارە مێروو، شارە زەرگەتە و هتد]. خزمیشە دەگەڵ ↑شەڵغە şelġe "پوورە".

ژان jan [žān] - "1- ئێش، دەرد 2- دەرد لە کاتی زاندا": چەند جۆرە ئێشێک لە لەشدا پەیدا دەبن کە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە. ئەو ئێشانە کە چەند ئێشێکی توندن، دێن و دەڕۆن و هەر چەند چرکە یان چەند خولەک دووبارە دەبنەوە. لە راستیدا چۆتیتی ئەو ئێشانە وەک ئەوە وایە کە شتێک *لێدەدا* یا خود چڵان دەدا. دیارە ئەو ئێشەی لەکاتی "زان"یشدا پەیدا دەبێ، هەر بەم چەشنەیە. مانای "ژان" دە بنەڕەتدا "لێدان"ە و بۆیە بەو جۆرە ئێشانە گوتراوە "ژان کردن"، چونکوو دۆخێکی "لێدان" واتا "چڵەدان" دەناو ئەو شوێنەدا دروست دەبێ کە دێشێ. وشەکە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑ژەنین jenîn و↑ زەنکَ zeng [زەبر و زەنکَ]، ↑ژەنکَ jang [ژار و ژەنکَ] و هیتر بە مانای "لێدان".

ژاندن jandın [žāndın] - "لێکدان، لێکدانی شیر": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑ژەندن jendın.

ژانین janîn [žānīn] - "1- ئێشان 2- نەخۆش کەوتن": ↑ژان jan.

ژاوە jawe 1 [žāwa] - "قڕەی بۆق، دەنگەدەنکَ":

1- یان خزمە دەگەڵ ↑قاو qaw [قاوەقاو]

2- یانیش دەبێتە خزمە دەگەڵ ↑شیوەن şîwen و ↑سۆنە *sone* "مراوی تیر".

ژاوە jawe 2 [žāwa] - "ئاوی ڕوون و ساف": [مامۆستا هەژار دەبێژێ: ژاوەڕۆ واتا چەمی هەمیشەڕوون]. خزمە دەگەڵ↑ زیپک zîpık "دڵۆپە" و سابوون sabun [↑ئەسپۆن (e)spon] و ↑ساف

safسەر بە ریشەیەک بە مانای "هەڵچۆڕاندن، دڵۆپاندن". هەروها هەڵی سەنگینە دەگەڵ zafā (.Pl) "هەوری بە باران".

ژبل jıbıl [*žıbıl*] - "جگە لە، جیا لە": پێک هاتووە لە دوو کەرتی ژ + بل jı + bıl. بۆ کەرتی یەکەمی وشەکە بڕوانە پرێپۆزیسیۆنی ↑ژ ji. کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ ↑ئاوارتن awartın [یان هەڵواردن helwardın] واتا "جیا کردنەوە". بنجی ئەم وشانە وار -war ە و دە ریشەیەدا مانای "هەڵبژاردن" دەدا، واتا جیا کردنەوەی کەسێک یان شتێک لەوانی دیکە. بەم جۆرە "بل" لێرەدا مانای "غەیر" دەدا، واتا "جیا لەوانی دیکە" و مانای تێکڕای وشەکەش دەبێتە "ژ غەیر، لە غەیری"]. دە شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاستدا لە بری le bırî هەیە بە مانای "لە جیاتی". کەرتی "بڕ" شێوەیەکی دیکەیە لە "بل".

ژل jıl [*žıl*] - "لکی باریکی رەز": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑چڵ çıl.

2- ↑زەل zel "قامیش".

ژلووقاندن jıluqandın [*žılūqāndın*] - "تێکەڵ و پێکەڵ کردن": خزمە دەگەڵ ↑شلۆق şıloq و ↑شڵەقاندن şıleqandın سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، لێکدان".

ژڵەژان jılejan [*žılažān*] - شێوەیەکی دیکە لە ↑شڵەژان şılejan و خزمیشە دەگەڵ↑ شڵەقان şıleqan.

ژلێوان jılewan [*žılewān*] - "تێکەڵ پێکەڵ بوون، لێکدران": زلەویان zılewyan و زلەپان zılepan یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شڵێوە şılêwe "بەفر و بارانی تێکەڵ" و ↑راجلفین racılfîn "راچەنین، شڵەژان". وەک لەجێی خۆی باس کراوە، وشەکانی "شڵەژان" و هەروەها "شڵەقان" دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان، کوتان". لەم مانایەوە هەروەها مانای "لێکدان، لێکدران" پەیدا بووە، چونکوو وەک ئاشکرایە ئەم چەمکانە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. هەر ئەم پڕۆسەیە سەبارەت بە وشەی "ژڵێوان"یش لە ئارا دایە. وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *gleubh- >*** "کوتان، قەڵشاندن، بڕین" و دەبێتە خزم دەگەڵ klieben (.G)، chliuban (.OG)، cleave (.E)، klyva (.Sw) "قەڵشین، درز بردن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر glubere (.L) "توێکڵ کردن" و glyphein (.Gr) "بە ئەسکەنە کار کردن". بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وشەکە دە بنەڕەتدا مانای "لێدان، کوتان"ی هەبووە و دواتر ماناکەی بۆ "لێکدان، لێکدران" پەرەی گرتووە. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑گولبێنە gulbene "کوتیکە لە بنەوەی تەنوور، باکێشی تەنوور". هەر لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە وشەی "راچەنین" بکەین کە لە سەرەوە وەک مانای راجلفین ra-cılfîn شیرۆڤە کراوە. مانای وشەی "راچەنین" ئەو بۆچوونانەی سەرەوە زۆرتر پشتراست دەکا. وشەی "راچەنین" خۆی دەگەڵ وشەکانی *ژەنین* "لێدان"، *ژەندن* "لێکدان" و جەنکَ "شەڕ و لێکدان" خزمە.

ژماردن jımardın [*žımārdın*] - "حیساب کردن، بژاردن": هەژماردن hejmardın یش دەگوترێ. شمردن šomordan (.P) و amar (.P) "ژماردن". وشەکە پێک هاتووە لە دوو کەرتی -*hmar+ uš / *uz و دەچێتەوە سەر smar (.Skt) "سەرنج دەدا، بە بیر دەسپێرێ" و خزمە دەگەڵ (hiš)maraiti (.Av) "وەبیر هێنانەوە" [بڕوانە فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی، ل. 235]. بنجی ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەند وشە دە زمانی کوردیدا وەک ↑مەراق meraq.

ژن jın 1 [*žın*] - "هاوسەری مێر": زن zan (.P). خزمە دەگەڵ quean (.E)، cwene (.OE)، quena (.OG)، qinō (.Gt)، gune (.Gr)، gnđ (.OIn)، žena (.OSl) "ژن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *gen- >*** "ژن".

[تێبینی 1: وێ دەچێ ئەم ریشەیە دەگەڵ ریشەی -*gen* *(IE.)* بە مانای "زان" هەر یەک بێ، واتا ناوی "ژن" دەشێ پێوەندی بە "زان"ەوە هەبی].

ژن **jın 2** [žın] - "داخستنی دەرک و پەنجەرە و قفڵ و هتد": خزمە دەگەڵ ↑زنجیرzıncîr و ↑زیندان zîndan و ژمارەیەک وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن(ەوە)، لێک بەستن".

ژنەوتن **jınewtın** [žınawtın] - "بیستن": شنیدن šanīdan و شنفتن šenoftan (P.). خزمە دەگەڵ snappen (G.)، snaben (MG.)، snapa (OIs.) "قۆستنەوە، گرتنی خێرا" [دە بنەڕەتدا: schnappen (G.)، snapas (Lit.) "دەنووک"، Schnabel (G.)، nef (OIs.) "لووت"، neb (Nl.) "دەنووک، دەرپەڕیوی، زەقایی". ریشەی ئەم وشانە بۆ لاسا کردنەوەی دەنکَ گەڕێنراوەتەوە. "ژنەوتن" دە زمانی کوردمادی و فارسیدا دەبێ سەرەتا هەر وەک دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بە مانای گشتی "قۆستنەوە" هاتبێ و دواتر مانای "قوستنەوەی دەنکَی دەنگی پەیدا کردبێ، واتا (وەر) گرتنی خێرای دەنکَ.

ژنین **jınîn** [žınīn] - "ئاخنین": خزمە دەگەڵ ↑ئاخنین axınîn [(a)xınîn].

ژوار **juwar** [žuwār] - دەگەڵ "ژان" دێ [ژان و ژوار jan u juwar]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زوورانەوە zuran(ewe) "سووتانەوەی پێست".

ژوان **juwan 1** [žuwān] - "(مەوعیدی) پێک گەیشتن": ژڤان jıvan یش دەگوترێ.خزمە دەگەڵ↑ جڤین cıvîn "کۆم بوون، کۆ بوونەوە".

ژوان **juwan 2** [žuwān] - "بە ئاستەم چوونە خەو": خزمە دەگەڵ ↑خەوتن xewtın.

ژولیان **julyan** [žulyān] - "ژاکان": ژولیدن žūlīdan (P.). خزمە دەگەڵ ↑ژەلم jelım "سیسی، ژاکان" و ↑چلمسین çılımsîn.

ژوی **jıwî** [žıwī] - "جیوەی دار": شێوەیەکی دیکە لە ↑جیوە cıwe و ↑ژووڤە juve و ↑زاوق zawıq.

ژوور **jur 1** [žūr] - "(لای) سەرەوە": خزمە دەگەڵ زبر zebar (P.) [تێبینی: "زیر" و "زبر" بە فارسی واتا ژێر و ژوور. هەروەها دە فارسیدا زبردەست zebardast "کارامە" هەیە کە دە بنەڕەتدا دەبێ مەبەست "باڵادەست" بووبێ. دە کوردمادیشدا دەڵێن فڵان کەس لەو کارەدا دەستێکی باڵای هەیە]. خزمە دەگەڵ über (G.)، over (E.)، ufar (Gt.)، hyper (Gr.)، super (L.)، upari (OIn.) و (Av.) و (ا)بر (e)ber (P.) "سەرەوە، لای سەروو".

[بە گوێرەی "فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی" وشەکە دە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە دوو کەرتی *upari + *hača. کەرتی یەکەم بە مانای "ژ، لە" و کەرتی دووەم بە مانای "سەرەوە"].

ژوور **jur 2** [žūr] - "هۆدە، دیو": خزمە دەگەڵ Scheuer (G.)، scūr (OG.)، schuur (Nl.) "ئەنبار(ی دەخڵ و دان، کا، گیا)"، skur (Norw.) "سەرپەنا، پەناگا". وشەکە خزمە دەگەڵ ↑کوێر kuwer [کۆر kor] "نابینا" سەر بە ریشەیەک بە مانای "داپۆشین".

ژوورک **jurk** [žurk] - "هەوراز": خزمە یا خود شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زوورک zurk "تەپۆڵکە". خزمە دەگەڵ ↑ژوور jur "سەر، بالا، لای سەرەوە".

ژووژان **jujan** [žūžān] - "بووژانەوە، وە گوڕ هاتن": خزمە دەگەڵ ↑ژین jîn. ریشەی وشەی ژین دە زمانە هیندوئەروپییەکانی دیکەشدا هێندێک وشەی لێ کەوتۆتەوە، کە مانای "چوست و چالاک بوون، بە تین و گوڕ بوون" دەدەن، بۆ وێنە بڕوانە ↑ژووڤە juve "جیوە".

ژووڤە **juve** [žūva] - "جیوە": ↑جیوە cîwe و ↑زاوق zawıq ش دەگوترێ. جیوە jīve و زیبق zaybaq (P.). دە زمانە ژێرمەنییەکاندا ناوی ئەم کانزایە دەبێتە Quecksilber (G.)، cwicseolfor (OE.)، quicksilver (E.) و هتد. مانای ئەم وشە ژێرمەنییانە دە بنەڕەتدا دەبێتە "زێوی (سەر)زیندوو، زێوی چالاک و بزۆز". ئەم کانزایە بە چالاک و بزۆز بوون بە ناوبانگە و بۆیە بەم جۆرە ناودێر کراوە. دە زمانی کوردمادیشدا بە کەسێک زۆر بزۆز بێ، دەگوترێ "دەڵێی جیوەی تێ کراوە". کەرتی دووەمی وشە ژێرمەنییەکان، واتا silber "زێو" ئاماژەیە بە رەنگی زێوینی کانزاکە. کەرتی یەکەمی وشە

ژێرمەنییەکان، واتا queck- مانای "چوست و چالاک، خێرا" دەدا و دەبنەڕەتدا بە مانای "زیندوو، سەرزیندوو" بەکار هاتووە و خزمە دەگەڵ ژووڤە juve یان زاوق zawıq، دواتر دەگەڵ دەگەڵ ↑ژین jîn و ↑ژیان jîyan و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "ژیان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *guei- >*** "ژین، ژیان".
وەک دەبینین ناوی ئەم کانزایە دە زمانی کوردمادی و فارسیشدا لەسەر هەمان پێودان دروست کراوە کە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دەبیندرێ. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەروەها بڕوانە وشەی ↑کێچ keç "زیلەیکی خێرا و گورج و گۆڵ".

ژوولە jule *[žūla]* - "بزاڤ": جووڵە cule و ژیلی jîlî یش دەگوترێ. بڕوانە ↑جووڵان culan.

ژە je *[ža]* - "پاشگری جە، جێ" [تەنگژە، پەیژە]. بڕوانە ↑جێ ce.

ژەبەژ jebej *[žabaž]* - "شووتی": ↑زەبەش zebeş و جەبەش cebeş یش دەگوترێن. ئەم وشانە دەشێ شێوەیەکی دیکە بن لە ↑شووتی şûtî [کۆنتر: شەفتی şeftî] و دەتوانین بەراوردیان بکەین دەگەڵ süß (G.)، sweet (E.)، zoet (Nl.)، söt (Sw.) "شیرن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suād- >*** "شیرن، خۆش". دە زمانە ناژێرمەنییەکانیشدا هاوتای ئەم وشانە دەبینین، وەک suavis (L.) "خۆش"، hēdys (Gr.) و svādu-h (OIn.) "خۆش، شیرن". ئەم وشانە دە بنەڕەتدا بۆ تام ومەزەی خۆشی شیرەی میوەکان بە کار هاتوون.

ژەرەژ jerej *[žaraž]* - "کەو": ↑زارانز zaranz و زارانچ zaranc یش دەگوترێ.

ژەقنەبووت jeqnebut *[žaqnabūt]* - "دارێکە بەری تاڵە": ژەقنە jeqne یان زەقنە zeqne دەچێتەوە سەر *زقوم zqūm* (Arb.) "تاڵ". بووت but خزمە دەگەڵ بوتە būte (P.) "پنچکەدار".

ژەک jek *[žak]* - "هەوەڵ شیری دوای زان": زاکَ zag، ژاک jak، زاک zak و زێچ zeç یش دەگوترێ.

1- لەوانەیە پێوەندی بە وشەی ↑زان zan ەوە هەبێ.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ saugen (G.)، soak (E.)، suck (E.)، sūcan (OE.)، sūgan (OE.)، sūgere (L.)، suga (ON.) "هەڵمژینی تراو، شیر مشتن، دۆشین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sug-, *suk- >*** "مشتن، دوشین". ↑دۆشین doşîn پێوەندی بەم ریشەوە هەیە.

3- ↑شۆک şok "1- گەزووی مازوو 2- شیرەی ترێ": خزمە دەگەڵ ↑شفت şıft "دۆشینی شیر"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *seu- >*** "دۆشین، دوشاو گرتن، شیرە گرتن".

[تێبینی: لەوە دەچێ ئەم دوو ریشەیە سەرەوە لە بنەڕەتدا پێکەوە خزم بن و ریشەی **sug-* لە ریشەی **seu-* پەرەی گرتبێ].

ژەلم1 jelım *[žalım]* - "سیسی، ژاکان": خزمە دەگەڵ ↑چلمسین çılımsîn.

ژەلم2 jelım *[žalım]* - "ئاوی لێڵ": شێوەیەکی دیکە لە ↑زەڵم zelm "ئاوی توێژلەسەر".

ژەلمۆ jelmo *[žalmo]* - "تەوەزەل، سست": دەبێ هاوپێوەند بێ دەگەڵ ↑شل şıl.

ژەم jem *[žam]* - "دەمی نان خواردن": جەم cem یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ zamān (Pl.) "زەمان، دەم". [تەمەن؟]. ئەم وشانە دەشێ پێوەندییان هەبێ بە ↑دەم dem و ↑تەمەن temen و ↑تاف tav و ↑تاو taw. ئەم وشانە گشتیان چەمکی " کات" بەیان دەکەن. وێ دەچێ وشەی زمن zaman (Arb.) دە ئەسڵدا وشەیەکی عەرەبی نەبێ و لەم وشانەی سەرەوە وەرگیرابێ.

ژەندن jendın *[žandın]* - "لێدان، لێکدان": زدن zadan (P.) "ژەنین". دە زمانی فارسیدا هەر یەک کردار هەیە، دە زمانی کوردمادیدا "ژەندن" و "ژەنین" هەیە کە یەکەمیان بە مانای "لێکدان" و دووەمیان بە مانای "لێدان" بەکاردێ. خزمە دەگەڵ zatak (Pl.) و gan (Av.) "ژەندن، ژەنین" و هەروەها لەوانەشە دەگەڵ کرداری ↑هەژاندن hejandın "راتڵەکاندن، لێکدان". ریشەکەی دەبێ بچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *gono- >*** "لێدان، کوتان".

ژەنگ jeng [*žang*] - "1- توێژی ئۆکسیدەبووی سەر کانزا 2- پەتایەکی گەنم": زەنگ zang (P.). زنجار zıncar و ژەنگار jengar یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زەنگ zeng [زەبر و زەنگ] و ↑ژەنین jenîn یە مانای "لێدان" و هەروەها ↑زیان zîyan. مەبەست لە ژەنگ دە بنەڕەتدا زیان پێ گەیشتن یاخود "لێدان"ی ئاو و هەوا لە کانزا یان "لێدان"ی پەتا لە گەنم بووە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا Plage (G.) بە مانای "ئافەت، پەتا"ی گژ و گیا بەکار دێ کە خزمە دەگەڵ بەڵا bela، فەللاقە fellaqe، پلۆسین pılosîn بە مانای "لێدان"].

ژەنگە سوورە jengesure [*žangasūra*] - "زیلەیەکی پێوەدەر": ↑زەنگەسوورە zengesure ش دەگوترێ. ژەنگ + ە + سوورە jeng + e + sure. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر ↑زەنگ zeng "لێدان، پێوەدان" و کەرتی دووەم ئاماژە بە رەنگی ↑سوور sur ی زیلەکەیە.

ژەنین jenîn [*žanīn*] - "لێدان": خزمە دەگەڵ ↑ژەندن jendın.

ژەهر jehır [*žahır*] - "دەرمانی کوژەر": ↑زەهر zehır و ژارjar یش دەگوترێ.

ژی jî [*že*] - "ئاوەڵکرداری خستنەسەر": دە شێوەزاری کوردمادی خواروودا دەبێتە"ئیش" (î)ş [وان ژی واتا ئەوانیش]. نیز nîz (P.) [n-îz ?]. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ auch (G.)، ēac (OE.)، ock (Sw.) "ئیش، ژی ". وشە ژێرمەنییەکان پێوەستن بە وشەیەک کە لە کۆندا بە مانای "زۆر بوون، هەڵدان" بەکار هاتووە، وەک ēaca (OE.)، auki (OIs.) و aukan (Gt.). وێ دەچێ وشەی ایضا ayzan (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

ژیان jîyan [*žīyān*] - "ژین": ↑ژین jîn.

ژیر1 jîr [*žīr*] - "بەئاوەز، تێگەیشتوو": خزمە دەگەڵ هزر hızır "بیر"، jīra (Av.) "ژیر، زیرەک"، hu-xratav (Av.) "زانا، بەئاوەز" و خرد xerad (P.) "ژیری، ئاوەز". ئەگەر بخوازین بەراوردی ئەم وشانە دەگەڵ وشە هیندوئەورووپییەکان بکەین، دەتوانین پێوەندییان بدینەوە بە raten (G.) "گریمان کردن، بۆ چوون" و Rätsel (G.) "ڕاز، مەتەڵۆک" و ratio (L.) "ئەژماردن، هەڵسەنگاندن، بیر کردنەوە". وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر وشەیەکی کۆن کە دە بنەڕەتدا بە مانای "بیر کردنەوە، هەڵسەنگاندن، دۆزینەوە" بووە و هەم ئەم وشانە و هەم وشە لاتینییەکەش دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(a)re- >*** "تێک خستن، گونجاندن" [خستنەوە سەر یەکی کێشەکان؟]. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ وشەگەلێک کە لەژێر ↑راشەن raşen دا باس کراون.

ژیر2 jîr [*žīr*] - "ئارام": ژیرکردنەوە واتا ئارام کردنەوەی زارۆکێک کە دەگرێ.

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ still (G.) و (E.)، stil (Nl.) "ئارام، خامۆش"، stillan (OG.) "ئارام کردن، بێدەنگ کردن"، stillen (G.) و (Nl.)، stilla (Sw.) "شیر دانە زارۆکی ساوا" [دە بنەڕەتدا: ژیڕ کردنەوە و ئارام کردنەوەی زارۆکی برسی]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *stel- >*** "وەستاندن، وەستاو، راوەستاو، بێ جووڵە". ئەمەش خۆی شێوەیەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی ***(IE.) * st(h)a- >*** "وەستان، وەستاندن". دە زمانی کوردمادیدا ↑ستار sıtar "ئارام" هەیە کە لەوانەیە شێوەی کۆنتری وشەی "ژیر" بێ. هەروەها وشەی ↑زل zıl[2] "چاو تێبڕین" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ kirre (G.) "نەرم و لەسەرەخۆ"، kvirr (OIs.) "ئارام، بێدەنگ، میهرەبان"، qaírrus (Gt.) "نەرم و نیان". ریشەی ئەم وشانە ساخ نەکراوەتەوە.

3- هەروەها هەڵی سەنگینەدەگەڵ ↑ژیکەڵە jîkele [ژیرکەڵە] "چکۆڵەی لەبەر دڵان".

ژیشک jîşık [*žīšık*] - "ئاژەڵێکی درکاوی": ↑جووشک jûşık یش دەگوترێ.

ژیکەڵە jîkele [*žīkala*] - "چکۆڵەی لەبەر دڵان": ژیرکەڵە jîrkele ش دەگوترێ و ئەمەیان شێوەی کۆنتری وشەکەیە: ژیر + کەڵە [پاشگری گچکاندن] jîr + kele. بەم پێیە دەبێ وشەکە مانای "ژیری چکۆڵە" بدا. بەڵام ژیر لێرەدا ناتوانێ بە مانای "زیرەک، ئاوەزمەند" بێ، چونکوو زارۆک ئەگەر "زیرەک و

ئاوەزمەند"یش بێ، مەرج نییە لەبەر دڵان بێ. هەروەها زارۆک دەتوانێ "زیرەک و ئاوەزمەندیش" نەبێ، بەڵام ژیکەڵە [ژیرکەڵە] بێ. کەوابێ ئەم "ژیر"ە جودایە لە "ژیر" بە مانای "زیرەک، ئاوەزمەند". ئەم "ژیر"ە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ hiuri (OG.) "لەبەردڵان، میهرەبان"، hīere (OE.) "لەبەردڵان، ئارام و لەسەرەخۆ"، hyrr (OIs.) "میهرەبان، شاد، نەرم و نیان". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ Heim (G.) "ماڵ" و دە بنەڕەتدا ماناکەی "سەر بە بنەماڵە" بووە. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑حاوان(ەوە) ħawan(ewe). لەم تێڕوانینەوە ژیرکەڵە دەبێ ئەو زارۆکە بێ کە "دەحاوێتەوە"، واتا هەڵسوکەوتی بساز و خۆمانەیە.

ژیل1 jîl *[žīl]* - "بزووتن، جووڵان": ژیل jel یش دەگوترێ. ژیلی هەرد jelî herd واتا بوومەلەرزە یان ئەردهەژ. خزمە دەگەڵ ↑جووڵان(ەوە) culan(ewe) و ↑زیلان zîlan. وشەی زلزلة (Arb.) "ئەردهەژ" دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

ژیل2 jîl *[žīl]* - "وردە": مامۆستا هەژار وشەی ↑بنژیل bınjîl [بن ژیل] ی وەسا شی کردۆتەوە: "وردەی بن کەوتوو لە بێژنکێ". ئەم وشەیە دەبێ دە بنەڕەتدا بە مانای "خڵتە و خۆڵ" بێ و خزم بێ یان شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑خۆڵ *xol*. دە زمانی فارسیدا "بنژیل" دەبێتە بنجل bonjol (P.)، واتا "جۆل jol "ی بنەوە. ئەگەر سەرنجی وشەی ↑ژیلەمو jîlemo یان زیلەمۆ zîlemo ش بدەین، دەبینین کە لەم وشەیەشدا "ژیل" یان "زیل" دەگەڵ مانای "خۆڵ" بە باشی یەک دەگرێتەوە و مانای وشەکە دەبێتە "خۆڵەمێش" [خۆڵی مێشی رەنکێ]، یان "خۆڵەکەوە". کەرتی مۆ -mo دە وشەی ژیلەمۆ jîlemo دا شێوەیەکی دیکەیە لە مێش -mêş دە وشەی خۆڵەمێش xolemêş دا و ئاماژە بە رەنگی خۆڵەکە دەکا کە رەنگیکی ئاماڵ رەشە.

ژیلە jîle *[žīla]* - "تەرزەی ورد": خزمە دەگەڵ ↑سار(د) sar(d) و هەروەها وشەی ژیل jel کە لە زمانە ئەورووپییەکان وەرگیراوە، دواتر بڕوانە ↑گلێرە gılêre.

ژیلەمۆ jîlemo *[žīlamo]* - مامۆستا هەژار دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا ئەم وشەیەی وەک "وردەئاگری ناو خۆڵەمێش" مانا کردۆتەوە. وشەکە دە زمانی ئەدەبیدا وەک "ئاگری ژێر خۆڵەمێش" جێی خۆی کردۆتەوە و تەنانەت بووەتە ناوێکی جوانیش بۆ کچان. بەڵام لەوە ناچێ وشەکە دە بنەڕەتدا بەم مانایە بووبێ. رەنگە ئەم مانایە لەمەوە پەیدا بووبێ کە وشەی "ژیل" دەگەڵ "ژێر" تێکەڵ بە یەکدی کراون. ↑ژیل jîl وەک پێشتر باس کرا، مانای "وردە، خاک و خۆڵ" دەدا. مۆ -mo شێوەیەکی دیکەیە لە مێش -mêş [خۆڵەمێش xolemêş]. لەم تێڕوانینەوە هەم وشەی "خۆڵەمێش" و هەم "زیلەمۆ" ماناکەیان دەبێتە "خۆڵی ئاماڵ رەش، خۆڵی کەوەرەنکێ، خۆڵەکەوە". ئەگەر "ژیل" هەمان "ژێر" بێ، ئەوسا مانای وشەکە دەبێتە "ژێرخۆڵەمێش" کە ئەمەش چەمکی ئاگری تێدا بەدی ناکرێ، واتا "ژیرخۆڵەمێش" نابێتە "ئاگری ژێر خۆڵەمێش".

ژین jîn *[žīn]* - "گیان لەبەر بوون": زیستن zīstan (P.). خزمە دەگەڵ zēn و zōein (Gr.) "ژین"، vivere (L.)، žit (Rus.) "ژین"، qius (Gt.) "زیندوو"، kvick (Sw.)، keck (G.)، quick (E.) "خێرا، چوست و چالاک، سەرزیندوو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) * guei- >*** "ژین، ژیان". وشەکانی ↑گیان gîyan یان ↑جان can، ↑جیو cîw "ژیان" و ↑جووقە cuqe و هەروەها ↑جیوە cîwe خزمن دەگەڵ ژین.

ژێ1 je *[že]* - "تاری کەمان": زە zeh (P.). خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑جاڵ cal، ↑زیل zîl، ↑زیلۆ zîlo و هیتر سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن، بەستنەوە، لێکبەستن".

ژێ2 je *[že]* - "ژێ کردن واتا (سەر) بڕین": خزمە دەگەڵ جوێ/ جیا cuwe /cîya، ↑شێ şê و چەندین وشەی دیکە کە سەر بە ریشەیەکن بە مانای "جیا کردنەوە، بڕین، لێکردنەوە".

ژێدەر jeder *[žedar]* - "سەرچاوە": ژێ + دەر der + je. کەرتی "ژێ" پێوەندی هەیە بە پرێپۆزیسیۆنی ↑ژ ji ەوە. لەم تێڕوانینەوە ژێدەر دەبێتە شوێن یان سەرچاوەی "ژێ دەرهاتن، ژێ دەرکەتن".

ژێر jer *[žer]* - "لای خوارەوە، بن": زیر zīr (P.). [بە گوێرەی فەرهەنگا کورمانجی- ئینگلیزی وشەکە دە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە دوو کەرتی **hača + *adari* . کەرتی یەکەم بە مانای "ژ، لە" و کەرتی دووەم بە مانای "بنەوە، خوارەوە". وشەکە دە فارسی ناویندا azēr (MP.) بووە]. وەک دەردەکەوێ، کەرتی دووەمی وشەکە خزمە دەگەڵ unter (G.)، undar (Gt.)، under (E.) و (Sw.) "ژێر، خوارەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ndheri- >*** "ژێر، خوارەوە".

س (S)

سا sa [sā] - [ئەوسا، سا وەرە]، شێوەیەکی دیکە لە ↑جا *ca* کە ئەمیش خۆی کورتکراوەی ↑جار car ە.

سابات sabat [sābāt] - "کەپر": خزمە دەگەڵ ↑سەوەتە sewete [سەبەتە sebete] "دەفری لە توول چنراو" و هەروەها ↑سیپ sîp "تامان لەناو چەم بۆ ماسی گرتن" و ↑سیپاڵ sîpal "1- جلو بەرکَ (بەتایبەتی هی کۆن) 2- کۆنەپەڕۆ 3- بەڕەی ساکار وکەم بەر". ئەم وشانە هەڵگری مانای "چنین، تەنین"ن و خزمن دەگەڵ Spinne (G.) "جاڵجاڵۆکە" و spinnen (G.)، spin (E.)، spinna (Sw.)، pinti spáein، "لەبەر یەک کێشانەوە" (Sw.) spänna، (OE.) spannan، (G.) spannen، "تەنین، رستن" (Lit.) "کێشان". (Gr.) ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چەندین وشەی کوردمادی دیکە وەک ↑سفرە sıfre، ↑ساباق sabaq "شوێن و جێگەی بەرفراوان"، ↑زڤنکَ zıvıng [زیڤینکَ zîvîng] "ئەشکەوتی مەزن کە خەڵکی تێدا دەژی"، ↑زەوەند zewend [زەبەند zebend] و ↑زۆر[1] *zor* سەر بە ریشەی ***(IE.) *sp(h)ei- >*** "لەبەر یەک کشانەوە، درێژ بوونەوە، هەراو بوونەوە". سپهر sepehr (P.) "ئاسمان" [spahr (Pl.)] "فەلەک" و space (E.) "فەزا" [spatium (L.)] پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە. وێ دەچێ وشەکانی ↑سیپەلک sîpelık [سیپەلاک sîpelak] "سی، ئەندامی هەناسەکێشان" و ↑زیپەر zîper [زەڤڵەک zevlek] "ماسوولکە" پێوەندییان بەم ریشانەی سەرەوە هەبێ و دە بنەڕەتیشدا هەر یەک وشە بووبن و ئاماژەیان بە "لەبەر یەک کشانەوە" کردبێ.

ساباق sabaq [sābāq] - "شوێن و جێگەی بەرفراوان": خزمە دەگەڵ ↑زۆر[1] zor "فرە".

سابرێن sabren [sābren] - "تەگە، تیری": خزمە دەگەڵ ↑کاوڕ kawır و ↑کوور *kur*.

سابوورە sabure 1 [sābūra] - "تەختەرەشی فێرگە": دەچێتەوە سەر *tabula (L.)* > "مێز، تەختە". ئەم وشە لاتینییە کەوتووەتە ناو زمانە ژێرمەنییەکان و بووەتە table (E.) و Tafel (G.) بە هەمان مانا.

سابوورە sabure 2 [sābūra] - "نیرەمووک، خواجە": لەوانەیە پێوەندی بە وشەی ساف saf[1] "لووس"ەوە هەبێ و مەبەست ئاماژە کردن بە روومەتی ساف و لووس واتا بێ ردێن بووبێ.

سابوون sabun [sābūn] - "کەرەسەی پێ شوتن و پاک کردنەوە": sābūn (P.). دەچێتەوە سەر وشەی کوردمادی ↑(ئە)سپۆن (e)spon "بنەگیایەک بۆ جل شوتن کە کەف دەکا". وشە کوردماددییەکە دە زمانی عەرەبیدا کراوە بە صابون sabūn (Arb.) و ئەوجار بەم شێوەیە هاتۆتەوە ناو زمانی کوردمادی و فارسی.

ساپ sap 1 [sāp] - "سواپ": شێوەیەکی دیکە لە ↑سواپ suwap.

ساپ sap 2 [sāp] - "کۆی سووری خەرمان": خزمە دەگەڵ Schober (G.)، scobar (OG.) "خەرمان"، scubil (OG.) "باقەموو، باقەگیا"، sheaf (E.) "باقە، چەپک"، schof (G.) "پۆپە"، čub (Rus.) "باقەموو، چەپکەموو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)keub- >*** "باقە، چەپک". ↑چەپک çepık و هەروەها ↑سمێڵ sımel [سبیل sebīl (P.)] دەشێ خزم بن دەگەڵ وشەکانی سەرەوە. هەروەها لەوانەیە صوفی sofī (Arb.) پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ و ئاماژە بە باقەمووی ردێنی سۆفییەکان کرابێ.

ساپیتە sapîte [sāpīta] - "1- میچی خانوو 2- کاریتە، دیرەکَ 3- لای هەرە بڵیند": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زاب zab "سەکۆ، دەکە" و ↑زۆپ *zop* "زەق، دەرپەڕیو".

سات sat[1] [sāt] - " کات، دەم": خزمە دەگەڵ seit (G.) "لە ... وە" (بۆ ئاماژە کردن بە کات)، بۆ وێنە seit gestern ماناکەی دەبێتە "لە دوێنێ وە". مانای کۆنی ئەم وشە ئەڵمانییە بریتی بووە لە "درەنگتر لە" و خزمە دەگەڵ sīd(or) (OG.) sīd (OE.)، setius (L.) "درەنگتر". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑هەتا het 1

"کن، نک، جەم" و دواتر دەگەڵ ↑چاندن çandın سەر بە ریشەی < *(IE.) *sei-* "چاندن، وەشاندن، فڕێ دان". لەژێر وشەی ↑هەت het 1 دا شی کراوەتەوە کە چۆن ئەم چەمکانەی سەرەوە پێوەندی بە چەمکی "کات"ەوە پەیدا دەکەن.

سات² sat [sāt] - "دەگەڵ "سوور" دێ [سوور و سات sur u sat] بە مانای "ئازووقەی لەشکر کە لە رەعێتان وەردەگیرا". سوورسات sūrsāt و سیورسات seyūrsāt (P.) "ئازووقەی وەرگیراو". وشەکە لە دوو کەرت پێک هاتووە. کەرتی دووەم، واتا "سات" دەشێ خزم بێ دەگەڵ Schoß (G.)، schot (Nl.)، shot (E.)، scot (OE.) "باج و خەراج، پیتاک، گومرکَ"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *(s)keu-* "دەرپەراندن، پاڵ نان، راو نان، پەلە کردن". ڕەنگەی وشەی ↑سوود sud/ سووت sut "قازانج" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

ساتان satan [sātān] - دەگەڵ "سمت" دێ [سمت وساتان sımt û satan]. وشەکە خزمە دەگەڵ sitzen (G.)، sit (E.)، sita (Sw.)، sedeti (Lit.)، sidet (Rus.)، sedre (L.)، گشتیان بە مانای "دانیشتن". ساتان ئەو شوێنەی لەشە کە لەسەری دادەنیشن. ناوی ئەم شوێنە دە زمانەکانی دیکەشدا لە وشەی "دانیشتن" وەرگیراوە، بۆ ۆێنە نشیمنگاه nešīmangā (P.) "ساتان"، gesäss (G.). وشەکان دەچنەوە سە ریشەی < *(IE.) *sed-* "دانیشتن"، خزمە دەگەڵ ↑دانیشتن danîstın.

ساتاندن satandın [sātāndın] - "کوتانی چەڵتووک". دەتوانین دوو شیمانە بخەینە روو:

1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ cedere (Lat.) "لێدان، کوتان".

2- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ stoßen (G.)، stoten (Nl.)، tudati (OIn.)، tundere (L.) "لێدان، لێکدان، پێکدادان"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *(s)teu-* "لێدان، پێکدادان". وشەی ↑تووش tûş دەچێتەوە سەر ئەم ریشەیە.

ساتف satıf [sātıf] - "شێلانی هەویر": خزمە دەگەڵ ↑ساتمە satme "هەڵەنگوتن، رەت دان" [دە بنەرەتدا: وێککەوتن]. شیاوی باسە وشەی "شێلان"یش دە ریشەدا بە مانای "لێدان"ە.

ساتمە satme [sātma] - "هەڵەنگوتن، رەت دان": خزمە دەگەڵ stemmen (G.)، (for)stemman (OE.)، stämma (Sw.) "پاڵ نان، پاڵ پێدان، بەرگرتن، وەستاندن". هەروەک چۆن دە زمانی کوردمادیدا "زمان هەڵەنگوتن" هەیە، دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا هەر لەم ریشەوە وشە بە مانای "زمان هەڵەنگوتن" [زمان وەستان] دروست بووە، وەک stammeln (G.)، stamerian (OE.) "زمان هەڵەنگوتن" و stam (OE.)، stamm (OE.) و stamr (OIs.) "کەسێک زمانی گیر دەکا"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *stem-* "وێککەوتن". دەبێتەخزم دەگەڵ دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑سەتماندن setmandın "رووخاندنی دیوار"، ↑ساتف satıf "شێلانی هەویر" [دە بنەرەتدا: لێدان و پێک دادانی هەویر]، ↑زتم zıtım "داخستنی دەرگا و پەنجەرە" [دە بنەرەتدا: پێک دادان]، ↑چاتمە çatme "پێک هەڵپەساردنی تفەنگان" [دە بنەرەتدا: پاڵ وێکدانیان، وێککەوتنیان" و لەوانەشە ↑ساچمە sačme "1- ورکەگوللەی ناو تفەنگَ 2- تەوس و پللار". "چاتمە" بەو دۆخە گوتراوە کە چەندین کەس تفەنگەکانیان لێکدەکەوێ، هەر وەک دۆخێ وێککەوتنی گلاسەکان لە کاتی خواردنەوەدا. دە زمانی عەرەبیدا وشەکانی صدمة sadama (Arb.) "زەبر، زیان" و شتم šatm (Arb.) "زەبر، لێدان" پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە و لەوانەیە لە وشە کوردماددییەکان وەرگیرابن. بە گوێرەی بۆچوونێک ئەم ریشەی سەرەوە خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەکی دوورتر، واتا ریشەی < *(IE.) *sta-* "وەستان، وەستاندن". لەم تێڕوانینەوە ساتمەدان دە بنەڕەتدا مانای "بە شتێک کەوتن، شتێک هاتنە بەر پێ، لە رویشتن وەستیندران"ی هەبووە و دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ستان sıtan. هەروەها چاتمە çatme "پێک هەڵپەساردنی تفەنگان" دە بنەڕەتدا بەمانای پاڵ وێکدانیان، *وەستاندنیان* بەیەکەوە بووە.

ساتوور satr [sātūr] - "ئامرازی گۆشت و ئێسک لەت کردن": پێوەندی هەیە بە وشەی ↑ساتاندن satandın "کوتانی چەڵتووک".

ساج sac [*sāj*] - "سێڵ": لەوانەیە پێوەندی بە ↑زەق zeq هوە هەبێ. ساج کە نانی لەسەر دەکەن، دۆخێکی زەق و هەڵتۆقاوی هەیە و دەشێ ناوەکەی بۆ ئەمە بگەڕێتەوە.

ساچمە sačme [*sāčma*] - "1- ورکەگوللەی ناو تفەنگێ 2- تەوس و پللار": دەشێ خزم بێ دەگەڵ یەک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑ساتمە satme "هەڵەنگوتن، رەت دان"، سەر بە ریشەی < *IE.) *stem-*) "وێککەوتن".

2- ↑زیچ2 zîç "وردەبەرد کە منداڵ کایەی پێ دەکەن" و ↑زیچ1 zîç "1- پێلەقەی مرۆڤ 2- جووتەی یەکسم".

ساخ sax [*sāx*] - "تەندروست": ساغ saġ یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑سار2 "ئامادە، چێکراو، لەسەرپێ"، ↑چاک çak "باش، دروست". "چاک" جگە لە مانای "باش"، مانای "ساخ و تەندروست"یش دەدا [چاک بوونەوەی دوای نەخۆشی]. دە فارسیدا چاق čāq (P.) هەیە بە مانای"بەهێز، تەندروست" [چاق سلامتی کردن واتا چاک و خۆشی کردن]. "چاق" دە زمانی فارسیدا هەروەها مانای "قەڵەو" دەدا. ئەمەیان وشەیەکی سەربەخۆیە و پێوەندی بەو "چاق"ەوە نییە بە مانای "چاک". ئەم وشانە دە ریشەدا خزمن دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑زووخ zux "هێز، توانایی"، ↑سەخت sext "بەهێز، قایم، پتەو"، ↑زیخ zîx "بوێر"، ↑زەخت zext "هێز، گوشار"، ↑سۆخرە soxre "بێگاری" [کاری بە زۆرەملی، بەراوردی شێوەی ئەم وشەیە بکە دەگەڵ seger (Sw.) لە خوارەوە]، ↑جەخت cext "پێداگرتن، گوشار خستنەسەر"، ↑سخ sıx "تەنراوی سفت، چڕ و پڕ"، ↑سۆغین soġîn "ئەنجام دان، پێک ئانین"، ↑سۆکین sokîn "بناخە، هیم" و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Sieg (G.)، sige (OE.)، seger (Sw.) "زاڵ بوون"، sáhatē (OIn.) "زاڵ دەبێ، دەتوانێ، بەرگە دەگرێ"، sáhas (OIn.) "زەخت و زۆر، زاڵ بوون". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < *IE.) *seĝh-*) "راگرتن، (بەسەردا) زاڵ بوون، قەوەت پێ شکان". بەگوێرەی لێکدانەوەیەکی دیکە ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی < *IE.) *sghuwent-*) "سەخت، قایم، بەهێز". وێدەچێ ئەم دوو ریشەیە پێوەندییان بە یەکەوە هەبێ. ئەگەر ریشەی "ساخ" بچێتەوە سەر ئەم ریشەیەی دوایی، ئەوسا دەبێتە خزم دەگەڵ gesund (G.) [ge-sund] "ساخ". ئەم وشە ئەڵمانییەش خۆی خزمە دەگەڵ ↑سفت *sıfit* واتا "سەخت، قایم". وەک دەبینین دە زمانی ئەڵمانیشدا چەمکی "ساخ" دەگەڵ چەمکی "سفتی، سەختی" دە پێوەندیدایە. ئەو وشە کوردماددییانەی سەرەوە دە بنەڕەتدا هەڵگری چەمکی "هێز و توانایی"ن و دە بنەڕەتدا ئاماژەیان بە "بەهێز و پتەو بوون، قورس و قایم بوون" کردووە، بە پێچەوانەی شتی ناساز یان ناساخ کە لە هێز و توانایی بێ بەشە و شل و شەوێقە. وشەی صحة sihhe (Arb.) "دروستی، تەندروستی، ساخی" لە وشە کوردماددییەکانی سەرەوە وەرگیراوە.

ساخلەم saxlem [*sāxlam*] - "ساغ، بێ کەمایەسی": ساغلەم saġlem یش دەگوترێ. ↑ساخ sax + لەم lem. کەرتی دووەمی وشەکە لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ Leib (G.) "تەن، بەدەن" و ↑لەم2 lem "زکێ، سک". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "لەش ساخ".

سادر sadır [*sādır*] - "جێگەی چاندنی تۆو کە بووبێتە شەتڵ": خزمە دەگەڵ Saat (G.)، sat (OG.)، sad (Sw.)، seed (E.)، zaad (Nl.)، satus (L.) "تۆو، چاندنی تۆو"، سەر بە ریشەی < *IE.) *se(i)-*) "چاندن، وەشاندنی تۆو". خزمە دەگەڵ ↑چاندن çandın.

سادە sade [*sāda*] - "ساف، هاسان": sāde (P.).

[سەرەتا تیبینییەک: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی schlicht (G.) بە مانای "سادە" دێ و خزمە دەگەڵ schlecht (G.) "خراب". ئەم وشانە دە ئەسڵدا هەر یەک وشە بوون بە مانای "ساف، خز، لووس" و پاشان دوو وشەیان لێ دروست بووە، یەکەمیان بە مانای "سادە" و دووەمیش بە مانای "خراب، بەد". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ schleichen (G.) "خوشین" و *شێڵەهان şêlehan* "خزین، خوشین" و چەندین وشەی دیکەی کوردمادی وەک شەلەختە şelexte "نارێک و پێک، شل و شەوێق"، شەڵیتە şelîte [سەلیتە selîte]

”ژنی بەد و بێشەرم“ [Schlampe (G.)]، شەلفین şelfîn یان شەڵپین şelpîn ”رەت بردن، خلیسکان، کەوتن“ [”شڵپەی لێ هێنا“ واتا رەتی برد و لە ئەزموون سەر نەکەوت]، شەڵف şelf ”ژنی خۆ فرۆش“، جڵف cılf ”هەرزە، سووک“، شل şıl ”تراو، ناپەیت“. ئەم وشانە گشتیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای ”تەر و لیچق و خلیسک بوون“. وەک دەبینین دە زمانی ئەڵمانیدا لە مانای ”تەر و لیچق، خلیسک، خز“ مانای ”لووس، ساف“، دواتر مانای ”سادە“ و هەروەها مانای ”بەد، خراب“ سەریان هەڵداوە. پێوەندی دوو چەمکی ”ساف“ و ”سادە“ دە زمانی کوردمادیشدا ئاشکرایە، بۆ وێنە کاتێک دەڵێن ”فڵان کەس ساف و سادەیە“. بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە، ئەوەیە کە چ پێوەندییەک لە نێوان چەمکی ”بەدی، خراپی“ و ئەو مانایانەی سەرەوەدا هەیە. ئەگەر ئێمە دە زمانی کوردمادیدا سەیری وشەی ”چاک“ بکەین، دەبینین کە ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ”ساخ، سەخت“، واتا پێوەندی هەیە دەگەڵ ”بەهێز و پتەو و پایدار بوون“. بە هەمان شێوە دەبێ شل و شەوێقی، لاوازی، خزۆکی و ناپایداری وەک نیشانەی ”خراپی“ سەیر کرابێ و لەمەوە مانای ”خراپ“ پێوەندی بەم چەمکانەوە پەیدا کردبێ].

ئێستا بگەڕێینەوە سەر وشەی سادە sade دە زمانی کوردمادیدا. بە لەبەر چاو گرتنی پێوەندی ئێتیمۆلۆژیک لەنێوان دوو چەمکی ”ساف و سادەیی“ و ”خراپی“دا بیر بۆ ئەوە دەچێ کە ”سادە“ پێوەندی بە هێندێک وشەوە هەبێ کە مانای ”خراپ“ دەدەن، وەک ↑چەتە *çete* ”ڕێگر“ [دە بنەڕەتدا: خراپ، بەدکار، زیانبەخش]، ↑شەتە şete ”بەڵای گیا“ و هتد. لەم تێڕوانینەوە دەتوانین بڵێین کە دە زمانی کوردمادیدا لە سەر بنەمای مانای ”خراپ“، مانای ”ساف، خلیسک“ [↑شەت şet ”مووی ساف“] و دواتریش ”مانای ”سادە“ سەریان هەڵداوە.

سار1 sar *[sār]* - ”وشتر“: [سارەوان sarewan واتا وشترەوان]. چەند وشەیەک هەن دە زمانی کوردمادیدا کە دەبێ هەموویان دە پێشدا یەک وشە بووبن و دواتر گۆڕابن بۆ چەند وشە و چەند مانایان وەرگرتبێ. دە زمانی ئاڤێستادا -staora (Av.) بە مانای ”ئاژەڵی گەورەی ماڵی“ بووە. ئەم وشەیە دواتر چەند گۆڕاتیکی بەسەردا هاتووە و چەند وشەی لێ پەیدا بووە کە بریتین لە ↑وشتر wıştır یان حوشتر ḥuştır [اشتر oštor یان شتر šotor (P.)]، ↑ئێستر êstır [استر astar (P.)]، سار sar، ↑چێل çel ”مانگا“، ستور setūr (P.) ”یەکسم“، دەوار dewar ”یەکسم“. بۆ زانیاری لەسەر ریشەی ئەم وشانە بڕوانە ↑چێل *cel*[1] ”مانگا“.

-سار2 -sar *[sār]* - ”پاشگری شوێنە، ئاماژە بە پڕانی و زۆر و زەوەندی دەکا“ [کۆسار kosar واتا شوێنی پڕ لە کێو]. شێوەیەکی دیکە لە ↑جار[2] -car [تیرگسجار].

سارا sara *[sārā]* - ”چۆلگە، بیابان“: دە زمانی عەرەبیدا **صحرا** saḥrā (Arb.) هەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین گومانمان هەبێ لەوە کە وشەکە بە ئەسڵ عەرەبی بێ. ئەم وشەیە لەوە دەچێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑شەکر şekır.

2- ↑زار[3] zar [زەوی و زار] و scearu (OE.) ”بەش، ناوچە [دەڤەر]، سنوور“. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑جار[2] -car [تیرگسجار].

سار(د) sar(d) *[sār(d)]* - ”پێچەوانەی گەرم“: سرد sard (P.). خزمە دەگەڵ kalt (G.)، cold (E.)، kalds (Gt.)، kall (Sw.) سارد“، kala (OIs.)، calan (OE.) ”سەرما بوون، بەستن لە سەرمان“، gelare (L.) ”بەستن لە سەرمان، سەهۆڵ بەستن“. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***gel-* > *(IE.)*** ”سارد بوون(ەوە)، بەستن لە سەرمان“. ئەم ریشەیە شیمانەی ئەوە دەکرێ بچێتەوە سەر ریشەی ***gel-* > *(IE.)*** ”گلوو بوون، گلۆڵە بوون، خڕ بوونەوە، تۆپەڵە بوون“ [ئاشکرایە کە شتەکان بە سارد و سەرما تێکەوە دەچن و چکۆڵە دەبنەوە و گیانلەبەرانیش خۆیان خڕ دەکەنەوە و خۆیان *گلۆڵە* دەکەن].

وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑سۆڵ sol، ↑ژیلە jîle "تەزرەی ورد"، ↑گلێرە gılêre و دە پلەیەکی دوورتردا دەگەڵ ↑گل(ە) gıl(e) "دەنکی ورد و خڕ"، ↑گلوو gılû، ↑گلۆڵە gılole، ↑کلۆ kılo و چەندین وشەی دیکە.

سارمە sarme [*sārma*] - "1- نەخشی دووروواوی سەر زین 2- گوڵینگەی لە ئاوریشم و تاڵەزێو": دەشێ پێشتر *سالمە salme** بووبێ و خزم بێ دەگەڵ ↑جاڵ cal "تاڵ، ریس".

سارێژ sarej [*sārež*] - "چاک بوونەوەی برین": دە زمانی کوردمادیدا ئەو وشانەی بە مانای "تۆیژی سەر برین" بەکار دەهێنرێن، ئاماژە بە چەمکی "رەق و سەخت" بوون دەکەن و مەبەست دە بنەڕەتدا خۆ گرتن و رەق بوونی خوێنەکەیە کە تۆیخ و پێستێکی تازە دروست دەکا. لەم بارەوە بۆ وێنە سەرنجی وشەکانی "پترۆک، پەترۆکە" و "قرتماغە" بدە. هەرچی وشەی "سارێژ"یشە، دە بنەڕەتدا ئاماژە بە خۆ گرتنەوەی برین دەکا، واتا دروست بوونی تۆیخ یان پێستێک بەسەر شوێنی برینەکەدا. هەر بۆیەشە سارێژ تەنیا لەگەڵ "برین" بەکار دەهێنرێ. وشەکە خزمە دەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە: roh (G.)، (h)āo (G.)، rauw (Nl.)، raw (E.)، hrēaw (OE.)، rä (Sw.) "خاو" [بە مانای نەکوڵیو، نەگەیشتوو، واتا سفت و رەق]، kréas (Gr.)، kraví (OIn.) "گۆشتی خاو، نەکوڵیو"، cru (OIr.)، kraūjas (Lit.)، kruvi (OSl.) "خوێن" [دە بنەڕەتدا لەختەی خوێن]، crūdus (L.) "خاو، رەق، سفت"، krūrá-h (OIn.) "خوێناوی، دڵتەزین، سامناک". ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ crusta (L.) "تۆیکڵی دار" کەهاتووەتە ناو زمانی ئەڵمانی و بووەتە Kruste (G.) بە مانای "تۆیکڵ، تۆیخ". گشت ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < ***kreu-** *(IE.)* "مەیین، قەرسین". وشەکانی kryos (Gr.) "بەستەڵەک" و krystallos (Gr.) "کریستاڵ، سەهۆڵ" لەم ریشەوە هاتوون. دە زمانی کوردیدا ↑کرچ kırç [کاڵ و کرچ] و هەروەها ↑کرێژ kırêj "پێست یان تۆیخی لێوەبووی سەر" پێوەندیان بەم وشانەوە هەیە. ئەگەر سەرنجی ریشەی وشەکان بدەین، بە هاسانی دەر دەکەوێ کە ئەم ریشەیە خۆی شێویەکی پەرەگرتوویە لە ریشەی < ***kar-, *ker-** *(IE.)* "خار، سەخت، پتەو بوون". بەم شێوەیە ئەم وشانە دواجار دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی کوردی دیکە پێوەندی پەیدا دەکەن، وەک ↑*خار xar* "رەق، سەخت"، ↑کارین karîn "توانین، بەهێز بوون"، ↑قەرسین qersîn "مەیین، تەزین"، ↑گرسە gırse "توندبووی پێکەوەنووساو" و هتد.

سازi saz [*sāz*] - " چێکراو، ئامادە، تەواو، دروستکراو": خزمە دەگەڵ ↑چاک çak "باش، دروست". "ساز" جگە لە مانای "ئامادە"، مانای "باش و چاک"یش دەبەخشێ، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "زۆر سازم". دە زمانی فارسیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ساختن sāxtan (P.) "ساز کردن، دروست کردن" و ئەمەش خۆی خزمە دەگەڵ ↑*ساخ sax* "تەندروست".

سازii saz [*sāz*] - "ئامرازی موسیقی": ساز sāz (P.). وشەی "ساز" دە بنەڕەتدا بە مانای "ئامراز" بووە، خزمە دەگەڵ ↑ساز[1] saz کردن و ساختن sāxtan (P.)، واتا "ساز" بریتی بووە لەو شتەی کە بۆ "ساز کردن" بەکاری دەهێنن و شتی پێ دروست دەکەن، واتا "ئامراز". پاشان وشەکە ئەم مانا گشتییەی خۆی لە دەست داوە و تەنیا دەگەڵ "مووزیک" بەکار هێنراوە، واتا سازی مووزیک sazî muzîk. دە پلەیەکی دیکەدا وشەی "مووزیک" ئیتر سواوەتەوە [هەڵگیراوە] و بە کورتی گوتراوە "ساز". مانای کۆنی ساز دە وشەی جهاز jihāz (Arb.) عەڕەبیدا پارێزراوە. ئەم وشە عەڕەبییە لە وشە کوردماددییەکە وەرگیراوە و دواتر بە گۆڕاتیکی کەم لە ماناکەیدا بە شێوەی ↑جیاز cîyaz هاتۆتەوە ناو زمانی کوردمادی.

[تێبینی: پێوەندی دوو وشەی ساز "ئامراز" و "ساز کردن" دە دوو وشەی ئینگلیزیدا بەرچاو دەکەوێ کە پێکەوە خزمن، واتا tool (E.) "ئامراز" و tawian (OE.) "ساز کردن، دروست کردن". ئەم وشەیە وێ دەچێ خزم بێ دەگەڵ *تاوژین* "خەریک بوون"].

سازان sazan [*sāzān*] - "دەگەڵ یەک هاتنەوە، دەگەڵ یەک بە باشی حاوانەوە": ساچان saçan یش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر ساز[1] saz و ↑*چاک çak*. مەبەست دە بنەڕەتدا "چاک بوون دەگەڵ یەکدی" بووە.

ساسۆن sason 1 [*sāson*] - "جۆرێکە لە درووون و تەقەڵ لێدان": خزمە دەگەڵ ↑سوژن sûjın.

ساسۆن sason 2 [*sāson*] - "ناوی چیایەک لە کوردستان": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑سەق *seq* دا شی کراونەوە. ↑ئاسۆس asos کە ناوی چیایەکی دیکەیە کە کوردستان پێوەندی بەم وشەوە هەیە [a-sos]. دواتر هەروەها خزمە دەگەڵ ↑سازان sazan.

ساف [1] saf [*sāf*] - "روون، پاک، پاڵاوتە": وشەکە کوردماديیە و ↑خزمە دەگەڵ سافان safan و ↑سەپی sepî "دڵۆپە، چۆڕە، چکە". صاف saf (Arb.) و صفا safā (Arb.) [باسەفا] دەشێ لە زمانی کوردمادی یان فارسی وەرگیرابن.

ساف [2] saf [*sāf*] - "تەخت، یەکدەست، رێک، لووس": وەک لە ژێر وشەی ساف [1] saf باس کرا، ئەو وشەیە مانای روونی، پاک و بێگەردی دەگەیەنی، بەڵام دە زمانی کوردمادیدا "ساف" ێکی دیکەش هەیە کە وشەیەکی سەربەخۆیە و مانایەکی جیاواز دەبەخشێ، بۆ وێنە کاتێک دەڵێن ساف و لووس کردن. لێرەدا ساف بریتییە لە داتاشین و رێک کردن و هەموار کردن. ئەم "ساف"ە پێوەستە بە↑ساوین sawîn یاخود سوونەوە [سابیدن sābīdan (P.)].

سافان safan [*sāfān*] - "دڵۆپە، چکە، تکە": خزمە دەگەڵ Sieb (G.)، sib (OG.)، zeef (Nl.)، sieve (E.) و sife (OE.) "سوزمە، سەلە" و sieben (G.) و sift (E.) "بە سوزمەدا کردن، بەسەلەدا کردن، چۆڕاندنەوە، پاڵاوتن"، سەر بە ریشەی ***seip- > (IE.)** "دڵۆپاندن، چۆڕاندن، تکانەوە".[ئەم ریشەیە دەگەڵ ریشەی ***seik-** *(IE.)* کە وشەکانی "چکانەوە، تکانەوە"ی لێ کەوتۆتەوە، خزمە]. وشەی سافان safan دەشێ هەر وەک sieben (G.) سەرەتا کردار بووبێ بە مانای "چۆڕان، دڵۆپان، تکان". ئەم حاڵەتە کردارییە دە وشەی ↑سافاندن safandın "دڵۆپاندن"دا باشتر دەبینرێ. وشەکانی sipiti (Serb.) "بارینی نەرم" و zafa (Pl.) "هەوری بە باران" لە هەمان ریشەوە هاتوون. دە زمانی کوردمادیدا چەند وشەیەکی دیکەش وەک ↑کەو kew [کەو و بێژینکەَ]، ↑زیپک zîpık "دڵۆپە"، ↑ژاوە jawe "روون، پاڵاوتە"، ↑شپین şıpîn "دادانی رێژنەباران"، ↑(ئە)سپۆن espon "سابوون" و ↑سەپی sepî "پاڵاوتە" پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. وشەی صفا safā (Arb.) "ساف و پاڵاوتە کردن" دەشێ لە زمانی کوردمادی وەرگیرابێ.

سافاندن safandın [*sāfāndın*] - "دڵۆپاندن": ↑سافان safan.

سافۆ safo [*sāfo*] - "پاڵۆینە، راوەک": ↑سافان safan.

ساق saq [*sāq*] - "بەلەکپێچی لە بەن چنراو": ساق saq (P.) "لاق". خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑زەنگال zengal و ↑چۆک çok و ↑شەق şeq.

ساقۆ saqo [*sāqo*] - "باڵتۆ، پاڵتاو": دە ئەڵمانیدا Sakko (G.) "چاکەت" دەگوترێ. ئەم وشەیە لە زمانی ئیتالیایی وەرگیراوە و دەچێتەوە سەر < *saccus (L.)* "ساک" و *sakkos (Gr.)* و دواجاریش < *śaq (Hbr.)* "پارچەی لە موو تەنراو".

ساقۆڵ saqol [*sāqol*] - "سەوەتە، قەرتاڵە": ساقۆر saqor یش دەگوترێ. وێ دەچێ پێوەندی بە ساک sak ەوە هەبێ. هەڵی سەنگینە دەگەڵ *sacculus (L.)* "ساکی چکۆڵە".

ساقۆت saqot [*sāqot*] - "1- گۆشتی بە ئێسکەوە 2- ئێسکی ئەژنۆ": خزمە دەگەڵ ↑ساق saq.

ساقی saqî [*sāqî*] - "پیاڵەدەر، پێشکێشکەری خواردنەوە": خزمە دەگەڵ ↑سەقا *seqa 2* "ئاوکێش".

ساک sak 1 [*sāk*] - "جانتا": ساک sak (P.)، Sack (G.)، zak (Nl.)، sack (E.)، saccus (L.)، sakkos (Gr.) "ساک" < *śag (Hbr.)* "پارچەی لە موو تەنراو". ئەم پارچەیە دە کەونارادا "ساک"ی لێ دروست کراوە. خزمە دەگەڵ ↑ساکۆ sako [ساقۆ] "پاڵتەو".

ساک sak 2 [*sāk*] - "پاڵاغ، بێچووی گامێش": خزمە دەگەڵ ↑*زان zak* و دواتر ↑زارۆ(ک) zaro(k) "منداڵ" و ↑ساوا sawa.

ساکو1 sako [*sāko*] - "سەکۆ، دەکە": خزمە دەگەڵ ↑زەق *zeq*، ↑سەکۆseko و گەڵێک وشەی دیکە کە ئاماژە بە "زەق و دەرپەڕیو بوون" دەکەن.

ساکۆ2 sako [*sāko*] - "جۆرێک پاڵتەو": ساقۆ saqo ش دەگوترێ. Sakko (G.)، sakkos (Gr.) "جۆرێک پاڵتەو" [پاڵتەوێک بووە پارچەکەی لە مووی بزن تەنراوە]. خزمە دەگەڵ ↑ساک sak.

ساکو3 sako [*sāko*] - "چیای رووتەن": خزمە دەگەڵ ↑شاخ şax "کێو".

ساکەتە sakete [*sākata*] - "زەقایی دووگی مەڕ": خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq "دەرپەڕیو".

ساڵ sal [*sāl*] - "دوازدە مانگ پێکەوە": ساڵ sal (P.). خزمە دەگەڵ Jahr (G.)، jār (OG.)، year (E.)، gēar (OE.)، jēr (OF.)، ar (Sw.)، "ساڵ"، hōra (Gr.) "کات و سات، وەرزی ساڵ"، jara (Rus.) "بەهار"، yar- (Av.) "ساڵ"، Uhr (G.) "سەعات" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) * iēro- >*** "ساڵ"، ئەمەش دەچێتەوە سەر ریشەی کۆنتری ***(IE.) *ei- , *iē-, *iā- >*** "رۆیین". بەم جۆرە وشەکە دەبنەڕەتدا دەبێ پێوەندی بە "رەوتی خۆر" یان "تێپەڕ بوونی کات" ەوە هەبێ. شێوەی کۆنی وشەکە دە وشەی ↑پێرار perar [پێر + ئار per + ar] دا بەدی دەکەین کە لە دوو کەرت پێک هاتووە، کەرتی پێر per- شێوەیەکی کۆنترە لە ↑بەر ber "پێش، پێشوو" و کەرتی دووەم شێوەیەکی کۆنترە لە "ساڵ".

سالار salar [*sālār*] - "سەردار، سەرکردە": سالار sālār (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زاڵ zal "بەدەسەڵات، حاکم".

سالم(ە) salm(e) [*sālm(a)*] - "گیایەکە بنەکەی بۆ دەقی چیت بەکار دێ": سارمە sarme ش دەگوترێ. وەک لە مانای وشەکە دەردەکەوێ، دەبێ بنکی ئەو گیا شیرەیەک یان چەسپێکی لێ بگرن کە بۆ شەق کردنی چیت بەکار دەهێنرێ. بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑چڵم čılım، ↑سڵق sılıq و ↑زڵچە zılçe، شەلەم şelem [شەلەم شۆرباو] و هتد. ئەم وشانە لە ریشەیەکەوە دێن بە مانای "تەڕ و لێچق بوون".

سالوق saluq [*sāluq*] - "کوڵکە، وردەپەڕی نەرمی بنەوە": پێوەندی هەیە بە silk (E.)، sioloc (OE.)، shelk (Rus.)، šilkaī (Lit.) "ئاوریشم". ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر sericum (L.) و دواتر Seres (Gr.) کە ناوی گەڵێکی خۆرهەڵاتی ناوین بووە کە بۆ یەکەم جار لە وێوە ئاوریشم بەرهەم هاتووە و هەناردە کراوە.

سالووت salut [*sālūt*] - دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا ئاوا مانا کراوەتەوە: "دەوەن لە دەشتایی تیوان دوو کێودا"، بەڵام هەر لەپاڵ مانا کوردماداییەکەدا بە فارسی وەسا شیرۆڤە کراوە: "بوتە درووەن جلگەای کە داخل دڕە باشد"، واتا لێرەدا ئاماژە بە "دۆڵ" کراوە. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ Schlucht (G.) "هەردی دادڕاوی قووڵ، رەهۆڵ". ئەم وشەیە دە شێوەزاری باکووری ئەڵمانیدا بەشێوەی Schluft (G.) یش هەبووە. ئەم وشەیەی زمانی ئەڵمانی دەبێ دەگەڵ ↑زوڵف zulıf "موو، بسک" خزم بێ.

سالۆر salor [*sālor*] - "ژیر، بەئاوەز": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ schlau (G.)، sluw (Nl.) "زیرەک". ئەم وشە ژێرمەنییانە پێوەندی پەیدا دەکەن بە schleichen (G.) "خوشین" و ↑*شێڵەهان şêlehan* ی کوردمادی بە مانای "خزین، خوشین" و دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sleuk- >*** "خوشین، خزین، خلیسکان". لەم تێڕوانینەوە مەبەست لە "سالۆر" دە بنەڕەتدا "خشۆک" بووە، واتا ئاژەڵێک [دواتر کەسێک] کە دەخوشێتە ناو کون و کەلێنانەوە و دەتوانێ خۆی دەرباز بکا یان راوی خۆی بەدەست بێنێ.

سالیس salîs [*sālīs*] - "پەیاغی لووس و حولی": خزمە دەگەڵ ↑حولی ḥulî.

سام sam [*sām*] - "ترس، هەیبەت": دە فارسیدا سهمگین sahmgīn (P.) دەبێتە "سامناک". خزمە دەگەڵ Scham (G.)، scama (OG.)، shame (E.)، skam (Sw.) "شەرم"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kem- >*** "داپۆشین، شاردنەوە، لێهاڵاندن". وێ دەچێ دە زمانی کوردمادی و فارسیدا مانای وشەکە لە "شەرم"ەوە گۆڕابێ بۆ "ترس". دیارە دەتیوان ئەو دوو چەمکەدا پێوەندی نیزیک هەیە. [هەر لێرەدا بەراوردی دوو

وشەی "عەیب" و "هەیبەت" بکە دە زمانی عەرەبیدا کە وێ دەچێ پێوەندی ئیتیمۆلۆژیکیان بە یەکەوە هەبێ]. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ چەند وشەی دیکە وەک ↑سامە same "پەناگا، پەسیو" و ↑جامە came.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "شەرم، شوورەیی" و "داپوشین، شاردنەوە"، هەروەها بڕوانە وشەکانی "شوورەیی" و "ڕاڤ[4]"].

ساماڵ samal [sāmāl] - "ئاسمانی بێ هەور": ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا بە مانای "یەکسان، یەکدەست، وەک هەڤ"ە و دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sem- >*** "یەک". ئەم وشەیە بە شێوەی ساو[1] saw یش بەکار دەهێندرێ کە دیارە شێوەیەکی کەمێک گۆڕدراوی "ساماڵ"ە. مەبەست لە ساماڵ یان دروستتر بڵێین ئاسمانی ساماڵ (ساو) دە بنەڕەتدا ئەوەیە کە ئاسمان یەکدەست و یەکسانە واتا پەڵەهەوری تێدا بەدی ناکرێ. ئەم مانایە لە وشەی ↑ساماڵە samale کردندا باشتر دەردەکەوێ کە دەبێتە "خێشک لە شێوەرد دان "، واتا یەکدەست و هەموار کردنی شێوەرد. ئەو وشانەی خوارەوە دەبنە خزم دەگەڵ ساماڵ: samt (G.) "وێکڕا، بەیەکەوە"، sanft (G.)، semfti (OG.)، soft (E.) "نەرم و نیان" [کەسێک کە هەڵچوون و داچوونی نییە، کەسایەتییەکی تەراز و یەکسان]، samjan (Gt.) "خۆ ڕێکخستن"، sama "گونجان" و sämjas (Sw.) "ڕێک و تەبا بوون"، zusammen (G.) "پیکەوە، دەگەڵ یەک"، gesammt (G.) "تێکڕا"، semper (L.) "هەمیشە"، simplex (L.) "سادە"، homós (Gr.) "هاوبەش، هەمان، وەک یەک"، háma (Gr.) "پێکەوە، هاوکات"، sam (Rus.) "هەمان، خود"، samá-h (OIn.) "هەمان، وەک یەک، هەروا".

دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑هاواڵ hawal، ↑هەمان heman، ↑هەمین hemîn "ناوێکی ژنانە کە دەبێ بە مانای نەرم و نیان دە خوو و ئاکاردا بووبێ"، ↑هەمار hamar "ڕێک، تەخت" یان ↑هەموار hemwar "ڕێک، ڕێک و پێک، تەخت، یەکدەست". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑جڤین cıvîn "کۆم بوون، یەک گرتن"، ↑سەرجەم sercem "تێکڕا، بەیەکەوە"، ↑جەم cem [لەجەم بابێ خۆ] و↑ ئەنجومەن encumen "جڤات، یەکیەتی".

ساماڵە samale [sāmāla] - ساماڵە کردن واتا "خێشک لە شێوەرد دان ". دەچێتەوە سەر ↑ساماڵ samal و مەبەست ساف و تەخت کردنی هەردە.

سامان1 saman [sāmān] - "دارایی، ماڵ": سامان saman (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ sammeln (G.) "کۆ کردنەوە، وە سەر یەک نان" و مەبەست لە وشە کوردییەکە دەبێ ئەو داراییە بێ کە کۆم کراوەتەوە و وە سەریەک نراوە. دە فارسیدا وشەی "انباشتن" ئەم مانایە باش دەردەبڕێ کە خزمە دەگەڵ "ئەنبار" و مەبەست ئەنبار کردن [خەزن کردن]ی داراییە. وشەکە هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑جفین cıvîn "کۆ بوونەوە" و ↑ساماڵ samal دا باس کراون.

سامان2 saman [sāmān] - "هێمنی، ئارامی". وشەکە دە کوردمادی و فارسیدا هەروەها بە مانای "نەزم و تەرتیب" بەکار دێ، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ سامان دان [saman dan]. مانای بنەڕەتی وشەکە دەبێ "هێمنی و ئارامی" بێ. دواتر لەمەوە مانای "نەزم و تەرتیب" سەری هەڵداوە، چونکوو نەزم و تەرتیب لە ئەنجامی هێمنی و ئارامیدا دێتە ئاراوە، هەروەک چۆن بێنەزمی و بێ سەرەوبەرەییش دەگەڵ نائارامی و پەشێوی لە پێوەندیدایە. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑هەمین hemîn "نەرم و نیان، لەسەرەخۆ".

سامتی samtî [sāmtī] - "جۆرێک دەزووی قایم و بریقەدار": سامتین samtîn یش دەگوترێ. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە Samt (G.) "مەخمەر" کە دەچێتەوە سەر samitum (L.) و لەویشەوە بۆ hexamitos (Gr.) "بەنی (ئاوریشمی) شەش لۆ".

سامۆتک samotık [sāmotık] - "ڕەشایی لە دوورەوە، تارمایی": کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑سێ se "سێبەر" و ↑سیا sîya "ڕەش". کەرتی "مۆتک" ڕەنگە پێوەندی بە ↑مۆتەکەوە moteke هەبێ. هەردوو

کەرتی وشەکە یەک مانا دەبەخشن و ئەم شێوازە لە دروست کردنی وشە، واتا لێکدانی دوو وشەی هاومانا، دۆخی جەخت کردن ساز دەکا.

سامە same *[sāma]* - "پەناگا، پەسیو": خزمە دەگەڵ ↑سام sam "ترس، هەیبەت"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *(s)kem-*** "داپۆشین، شاردنەوە، لێهاڵاندن". وشەی ↑کەمین kemîn یش دەبێ هەر لەم ریشەوە هاتبێ. "سامە" و "کەمین" بەو شوێنانە گوتراون کە مرۆڤ خۆی تێیاندا حەشار دەدا و پەنا دەگرێ.

سامیتیل samîtîl *[sāmītīl]* - "بەن کەڵەوە": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑سامتی samtî.

سان san *[sān]* - "ریز": [سان بەستن واتا ریز بەستن]. سان san (P.) "رەژەی سوپایی". خزمە دەگەڵ ↑شەنگل şengıl "پێکەوەنووسان".

سانا sana *[sānā]* - "ئاسان":

1- لەوانەیە مانای ئەسڵی وشەکە "هێواش، بەشێنەیی" بووبێ. ئەگەر وابێ، دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شێنەیی şêneyî "هێواشی، لەسەرەخۆیی".

2- لەوانەشە هەمان ↑ئاسان asan بێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ.

سانالە sanale *[sānāla]* - "مشتاخ، جێی میوە هەڵخستن لەبەر تاو". دەشێ خزم بێ دەگەڵ sonnen (MG.) و sunnen (OG.) "هەڵخستن لەبەر تاو" و Sonne (G.) "خۆر"، سەر بە ریشەی < ****sauel-, *su-*** ***(IE.)*** "خۆر". وشەی ↑خۆر xor دەچێتەوە سەر ئەم ریشەیە.

سانجوور sancur *[sānjūr]* - "دارێکە بە پەتەوە دەخرێتە ملی سەکێ": ساجوور sacur یش دەگوترێ. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑سندم sındım "پێوەند".

ساو saw 1 *[sāw]* - "ئاسمانی بێ هەور، سامال": زۆر جاریش دەگەڵ "تاو" دێ [تاو و ساو taw u saw]. شێوەیەکی دیکە لە ↑سامال samal .

ساو saw 2 *[sāw]* - "1- تیژکراو بە هەسان 2- تیژایی دەمی تیغ": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn و ↑ساف[2] saf "رێک، لووس".

ساوا sawa *[sāwā]* - "زارۆکی شیرەخۆر": ساڤا sava ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زان zan و↑زارۆ[ک] zaro [k]. "ساوا" واتە "تازە لەدایکبوو". وشەکە دە بنەڕەتدا مانای "لەدایکبوو، بەدی هاتوو، بە دونیا هاتوو" دەدا. naiv (L.) "ساوا، لەدایکبوو" دە زمانی لاتینیشدا دەچێتەوە سەر natus (L.) "زان". [وشە لاتینییەکان خزمن دەگەڵ وشە کوردماددییەکان]. وشەی ↑ساویلکە sawîlke ش دەشێ خزم بێ دەگەڵ ساوا و دە بنەڕەتدا واتا "زارۆک ئاسا، منداڵانە".

ساوار sawar *[sāwār]* - " گەنمی بە دەستارکراو": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn [سوون sun] "رێخشاندن، ورد کردن، نەرم کردن".

ساواز sawaz *[sāwāz]* - "روو هەڵماڵراو، بێشەرم": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn "سوون". ساواز واتا کەسێک کە رووی سواوەتەوە. "چەقاوەسوو"ش دەگوترێ.

ساواق sawaq *[sāwāq]* - "سەرمای زۆر": خزمە دەگەڵ هێندێک وشە وەک ↑سایقە sayıqe "بەستەڵەک"، ↑زاویتە zawîte "بای سارد"، ↑چایکَ çayıg "سارد" و دواتر ↑*زستان zıstan*.

ساوانی sawanî *[sāwānī]* - "لامسە": ساوایی sawayî ش دەگوترێ. لە کرداری ↑ساوین sawîn "پێدا ماڵین، پێداخشاندن" وەرگیراوە.

[تێبینی: بەم پێودانە دەکرێ بۆ هەستەکانی دیکەش ئەم وشانە دابنرێن: بینایی، بیسایی، بۆنایی و چێژایی].

ساولغی sawlıġî *[sāwlıġī]* - "پیساییەکی شل و چڵم ئاسا": ئەم وشەی لە ناوچەی مەهاباد بە کار دەهێنرێ، بەڵام دە فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژاردا بەدی ناکرێ. ئەم وشەیە لەوانەیە ئاڵوگۆڕی

بەسەردا هاتبێ و دە ئەسڵدا *سۆلەکێ soleg** یان *سۆڵک solık** بووبێ و خزم بێ دەگەڵ ↑شل şıl [P.)šol] و چەندین وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "تەر و لووس و لیچق بوون".

ساوەساو sawesaw *[sāwasāw]* - ئەم وشەیە وەک "سستی و تەمبەڵی" مانا کراوەتەوە، بەڵام مانای ئەسڵی وشەکە هێندێک جیاوازە و بریتییە لە "دواخستنی کار". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ aufschieben (G.) [auf-schieben] "دواخستن"ی کار. بنەوشەی ساو -saw ی کوردمادی خزمە دەگەڵ کرداری schieben (G.) "پاڵ نان، رادان، وە پێش خۆ دان، بۆ پێشەوە بردن". خزمە دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک ↑شفرە şıfre "پێمەڕە، کەڵپی ئاژەڵ"،↑شەپڵتە şepılte "بەفرماڵ، وەروەرە" و ↑شەپ *şep*. "ساوەساو کردن" واتا ئەنجام نەدانی کار لە کاتی خۆیدا و دواخستنی کارەکە، واتا ئەنجام دانی کارەکە بۆ داهاتوو "رەپاڵ دەندرێ".

ساوەڵ sawel *[sāwal]* - "شەڵتە، داری بەردکێشانی دووتایی کە دەخرێتە سەر پشتی بارەبەر": خزمە دەگەڵ یەکێک یان هەر دووکی ئەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑جالە[1] cale "دار یان تەختەی بە سەر رووباردا رایەڵ کراو بۆ پەڕینەوە"، Schwelle (G.)، swella (OG.)، sill (E.)، syll (Sw.) "دار یان تەختەی بەر دەرگا"، sélma (Gr.) "داری خشتکراو"، súolas (Lit.) "تەختی دانیشتن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.)*s(u)el- >* "داری خشتکراو، تەختە".

2- Säule (G.) sūl (OG.)، zuil (Nl.)، syl (OE.)، sūl(a) (OIs.) "کۆڵەکە، ستوون" [دە بنەڕەتدا داری کۆڵەکە". ریشەی ئەم وشانە باس نەکراوە. بە باوەڕی من دەشێ لە پێوەندی دەگەڵ وشەکانی سەرتردا بن.

ساوی sawî *[sāwī]* - "چێشت و نان کە لە ماڵان کۆ دەکرێتەوە":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑زەواد zewad "نان و چێشت، پێخۆر".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە جڤین و خزم بێ دەگەڵ ژمارەیەک وشە بە مانای "کۆ(م) بوونەوە، کۆ(م) کردنەوە".

ساویر sawîr *[sāwīr]* - "خەیاڵات، وەهم": هەروەها ↑سەهویر sehwîr هەی بە مانای "تارمایی، رەشکە و پێشکە". ئەم وشانە پێوەندییان هەیە بە ↑سێ se "سایە"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سێبەر، تاریکایی". وێ دەچێ کەرتی "ویر" پێوەندی بە ↑بیر bîr ەوە هەبێ. ئەوسا مانای تێکرای وشەکە دەبێتە "بیر یان خەیاڵێکی سایەئاسا یان بیر و خەیاڵێکی ناروون، تاریک".

ساویلکە sawîlke *[sāwīlka]* - "کەسێک کە خاوە و زوو فریو دەخوا": لەوە ناچێ پێوەندی بە "ساو، ساف"ەوە هەبێ، بەڵکوو دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ساوا sawa "زارۆکی شیرەخۆر". naiv دە زمانە ئەورووپییەکاندا بە مانای "ساویلکە" بەکار دێ کە دەچێتەوە سەر nativus (L.) "ساوا، لەدایک بوو، رسکاو" و natus (L.) "لە دایک بوون، رسکان". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑زان zan دە زمانی کوردمادیدا.

ساوین sawîn *[sāwīn]* - "سوون، رێخشاندن، پێداماڵین، ساف کردن، ورد کردن، تیژ کردن": ساییین sayîn و سوون sun یش دەگوترێ. سابیدن sābīdan و ساییدن sāyīdan (P.). خزمە دەگەڵ schaben (G.)، scaban (OG.) و (Gt.) "کڕاندن، تاشین"، shave (E.) "(ردین) تاشین"، skava (Sw.) سەر بە ریشەی *(IE.) * ska-bh-, *ske-bh >* "بە ئامرازێکی تیژ کارکردن، داتاشین، کڕاندن، رێخستن". گەلێک وشە دە زمانەکانی دیکەدا دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە: skabeti (Lit.) "بڕین، کوتان"، skobti (Lit.) "هەڵکۆڵین"، scabere (L.) "کڕاندن، رێخستن، رێخشاندن"، scabies (L.) "خوروو، گڕۆیی"، Schuppe (G.) "کڕێژ [توێژی لێکراوەی پێست]" و هتد. بەم جۆرە دەبینین کە وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "داتاشین، کڕاندن، رێخشاندن بە ئامرازی تیژ" بووە و پاشان چەند مانایەکی دیکەشی وەرگرتووە، وەک ساف کردن، پاک کردنەوە، کوتانەوە، ورد و نەرم کردن، تیژ کردن، هەڵکۆڵین و هتد. دە زمانی ئەڵمانی ناویندا وشەکە ئەم مانایانەی هەبووە: کڕاندن، پاک کردنەوە، هەڵکۆڵین، ساف کردن و ئەمەش دەگەڵ مانا

کوردماديیەکان یەک دەگرێتەوە. دە زمانی کوردمادیدا گەلێک وشە خزمایەتییان دەگەڵ "ساوین" هەیە، وەک ↑ساوارsawar یان شێوە کۆنترەکەی شڤار şıvar، ↑ساواز sawaz، ↑سواڵەت suwalet، ↑شفنە şıfne یان ↑شەپنە şepne "خێشک"، ↑شەپک şepık "تەختەی ساف و لووس کردنی ئامانی تازەی گڵین"، ↑شێوە şêwe و ↑ساپ sap یان ↑سواپ suwap، ↑سەپان sepan "دروێنەوان" و ↑شفتە2 şıfte "یەکەم جار موو هەڵپاچین لە سەری زارۆک"، ↑ساف[2] saf "داتاشراو، لێک و لووس". دە زمانی فارسیدا هەروەها سپور sopūr (P.) هەیە بە مانای "گەسک لێدەر" و ئەم وشەیەش خزم دەگەڵ وشەکانی سەرەوە.

ساهل sahıl [sāhıl] - "جنۆکە": خزمە دەگەڵ ↑ساویر sawîr "خەیاڵات، وەهم" و ↑سەهویر sehwîr "تارمایی، رەشکە و پێشکە". ئەم وشانە پێوەندییان هەیە بە ↑سێ se "سایە"ەوە، سەر بە ریشەیەک بە مانای "تاریکایی".

سایقە sayqe [sāyqa] - "بەستەڵەک": خزمە دەگەڵ ↑چایکَ çayıg "سارد و فێنک".

سای(ە) say(e) 1 [sāy(a)] - "سێبەر": شێوەیەکی دیکە لە ↑سێ[2] se.

سایە2 saye [sāya] - "ژەنگی ئاسن": لە کرداری ساین sayîn [↑ساوین sawîn] وەرگیراوە. مەبەست ئەو شتەیە کە بە "ساین" [ساوینەوە] لێ دەبێتەوە. لەباری چۆتیتی پێکهاتنی وشەکەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "کەڕوو" کە دەچێتەوە سەر کرداری "کڕاندن". ئەم وشەیە هەروەها هەڵسەنگینە دەگەڵ ↑زایە zaye [زایە بوون دەبنەڕەتدا واتا سوان، سواوە بوون].

سایە3 saye [sāya] - "باڵاپۆشی پێش ئاوەڵەی ژنانە": خزمە دەگەڵ ↑چادر çadır و دواجار ↑سێ[2] *se* "نیسێ، سێبەر".

سایی sayî [sāyī] - "ساو، سامال": شێوەیەکی دیکە لە ↑ساو[1] saw "سامال".

سبات sıbat [sıbāt] - "سەقامگرتوویی، بەرقەراری": وشەیەکی بە رەچەڵەک کوردماديیە، خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە مانای "سەخت، قایم" و هەروەها "نەجووڵ" دەبەخشن، وەک ↑سفت sıfıt "سەخت"، ↑سفن sıfın "بناخە"، ↑زۆپ zop "گاشەبەرد"، ↑زەب zeb "رەق، سەخت" و لەوانەشە ↑زفت zıfıt [قیر و زفت]. وشەکە دە زمانی عەرەبیدا کراوە بە ثبات subāt (Arb.).

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "سەخت، پتەو" و "نەجووڵ" سەرنجی دوو وشەی "قورس و قایم" بدە. قورس خزمە دەگەڵ *قەرسان* "توند بوون، مەیین". "قایم "یش وشەیەکی عەرەبییە بە مانای "وەستاو". هەروەها سەرنجی ئەم دوو ریشە هیندوئەورووپییە بدە کە بە شیمانەیەکی بەهێز دەبێ خزمایەتییان هەبێ: **staī-* *(IE.)* "رەق بوون، سفت بوون، توند بوون" و *st(h)ā-* *(IE.)* "وەستان، وەستاندن". وشەی "ئاستەم" لە ریشەی یەکەم و "وەستان" لە ریشەی دووەمەوە هاتووە. ئاشکرایە شتی سەخت و پتەو شتێکە کە لە جێی خۆی وەستاوە و بە هاسانی نابزوێ، یان تراوێک کە دەیبەستێ و توند و پەیت دەبێ، دە هەمان کاتدا لە جووڵە *دەوەستێ*. هەروەها دوو وشەی پەیت "خەست، توند" و "پتەو"یش پێکەوە خزمن].

سبەی sıbey [sıbay] - "رۆژی دواتر": سبە sıbe، سبەینێ sıbeyne و سبیانی sıbyanî دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑سپێدە sıpede و سپیدە sepīde (P.) "بەرەبەیان" [سپێدە شێوەیەکی کۆنترە لە ↑*سپی sıpî*]. مەبەست لە سبە(ی) دە راستیدا "بەرەبەیان" یاخود "بەیان"ی رۆژی دواتر بووە و ئاماژە بووە بە رۆژ هەڵاتن و رووناک بوونەوە. پاشان مانای وشەکە بە گشتی بووەتە "رۆژی دواتر". ئەم پێوەندییە دە وشەی "بەیانی"شدا دەبیندرێ. زۆر کەس وشەی "بەیانی" بە مانای "سبە"ش بەکار دێنێ و دە بنەڕەتدا مەبەستەکە بەیانی رۆژی دواترە. دە زمانی فارسیدا وشەی seba (P.) سەرنج رادەکێشێ و ئەم وشەیە دە هۆنراوە کۆنەکاندا دەگەڵ "باد" دێ و باد صبا bād e sabā بە مانای "شنەبا" لێک دەدرێتەوە. بە ورد بوونەوە لە بابەتەکە بۆمان دەردەکەوێ کە مەبەست دە بنەڕەتدا دەبێ "بای بەرەبەیان" بووبێ و بەم جۆرە وشە فارسییەکە دەگەڵ "سبە"ی کوردمادی یەک دەگرێتەوە. هەروەها صبح subh (P.) دەچێتەوە

سەر sabāh (Arb.) "بەیانی". ئەم وشەیە دە زمانی تورکیشدا بەکار دەهێنرێ و ریشەکەی بۆ وشە کوردماددییەکە دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە وشەی سبەینی sıbeyne یان سبیانی sıbyane پێ دەچێ کە ئەم وشانە لە دوو کەرتی [سبە + بەیانی sıbe + beyanî] پێک هاتبن، واتا وشەکە "سبە(ی) بەیانی" بووبێ و پاشان گۆڕدرابێ بە "سبەینێ".

سپ sıp - "تەواو، بێ زیاد و کەم": شێوەیەکی دیکەیە لە زاف zaf و ↑زۆر zor 1 "فرە، گەلێک".

سپا sıpa [*sıpā*] - "لەشکر": ↑سوپا supa ش دەگوترێ.

سپاتە spate [*spāta*] - دەگەڵ "سەڵت" دێ [سەڵت و سپاتە selt u spate واتا رەبەن، بێ ژن و ماڵ]. سۆبا soba ش دەگوترێ. لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑زڤرین zıvrîn [سووڕان] و مەبەست کەسێک بێ کە بەم لا و ئەو لادا دەخولێتەوە.

سپاردن sıpardın [*sıpārdın*] - "بە ئەمانەت دانان، ئەرکداری پاراستن کردن": ↑ئەسپاردن espardın یش دەگوترێ [پێشگری ئە + سپاردن e + spardın]. سپردن sepordan (P.). خزمە دەگەڵ ↑سپر sıper و ↑ئەسپەرە espere کە ئەوانیش جۆرێک لە پاراستن دەستەبەر دەکەن.

سپاس sıpas [*sıpās*] - "تەشەککور": سوپاس supas یش دەگوترێ. sepās (P.). ئەم وشەیە دە زمانی رووسیشدا بەکار دەهێنرێ. وشەکە شێوەیەکی زۆر نیزیکی هەیە لەو وشانەی کە باس لە چەمکی "زۆر و زەوەندی" و "هەراوی و بەربڵاوی" دەکەن، وەک ↑زۆر *zor*، سپا sıpa [↑سوپا supa]، ↑سپایی sıpay ["ئەسپایی" واتا لەسەرەخۆیی، درێژ بوونەوەی کات]، ↑سفرە sıfra و هتد. دە هێندێک شێوەزاری کوردمادیدا بەرانبەر بەخشینی شتێک یان کردنی کارێک دەگوترێ "بە زیاد بێ" واتا بۆ بەخشەر [بکەر] ئارەزوو دەکرێ کە ئەو شتەی بەخشیویەتی [کردوویەتی] بە زۆر و زەوەندی هەیبێ یان بیکا. لێرەوە بیر بۆ ئەوە دەچێ کە وشەی "سپاس" دە بنەڕەتدا هەر ئەو مانایە بگەیەنێ و ئارەزووی زۆر و زەوەندی بۆ لایەنی بەرانبەر لەخۆ بگرێ.

سپایی sıpayî [*sıpāyī*] - "هێواشی، لەسەرەخۆیی": ↑ئەسپایی espayî یش دەگوترێ [e + spayî]. دە زمانی ئەڵمانیدا spät (G.) و دە هولەندیدا spa(de) (Nl.) هەیە بەمانای "درەنگَ". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *sp(h)ē(i)- >* "لەبەر یەک کشانەوە، هەراو بوونەوە، درێژ بوونەوە". [هەرلێرەدا شیاوی باسە کە وشەی "درەنگَ" دەگەڵ "درێژ" لە یەک ریشەوە هاتوون و مەبەست لە درەنگَ بوون و درەنگَ کردن دە راستیدا بەسەر چوونی کاتیکی زۆر واتا درێژ بوونەوەی کاتە]. هەر ئەم دۆخە لە وشەی "سپایی" [ئەسپایی] یش دا بەدی دەکرێ. کاتێک کارێک بە ئەسپایی دەکرێ، دە راستیدا کارەکە کاتیکی زۆرتر و درێژتر دەخایەنێ و درەنگتر بە ئەنجام دەگا. بەم جۆرە دەبینین کە وشەکە لەبەر یەک کشانەوە و درێژ بوونەوەی کات بەیان دەکا. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشە دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا کە ئاماژە بە بەربڵاوی، زۆری و فرەیی و دوور و درێژی دەکەن و دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑زاف zaf و↑ زۆر *zor*، ↑سوپا supa "لەشکر، قۆشەن" و ↑سفرە sıfre.

سپر sıpır - "هەڵۆ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Sperling (G.)، sparo (OG.)، sparwa (Gt.)، sparrow (E.)، sparv (Sw.) "چۆلەکە، چڤیک"، sparásion (Gr.) "مەلی چۆلەکەئاسا". وشەی ↑چۆلەکە çoleke یان ↑چڤیک çıvîk خزمن دەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوە و هێندێک ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە.

سپڵ sıpıl - "ئەندامێکی هەناو": پێوەندی هەیە بە splen (L.) و (Gr.) "سپڵ".

سپڵە sıple [*sıpla*] - "پست، نزم کردار": سفلە sefle یان sofle (P.). خزمە دەگەڵ هەموو ئەو وشانەی لە ژێر ↑کون kun دا شی کراونەوە و بە تایبەتی نیزیکە لە zufr (Pl.) و jafra (Av.) "قووڵ". ئەم وشانەی دوایی دە زمانی فارسی نوێدا گۆڕاون و بوونە ژرف žarf (P.) "قووڵ". بەم جۆرە دەردەکەوێ کە ئەو وشانە دەچنەوە سەر وشەیەکی بنەڕەتی بە مانای "قووڵ، قووڵکە" و دواتر لەمەوە چەندین مانای

نیزیک بە یەکدی و یەک لەوانەش مانای "نزم کردار" سەریان هەڵداوە. وشەکە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە سفلة sifla (.Arb).

[تیبینی: بە زمانی ئەڵمانی "سپڵە، پەست" دەبێتە niederträchtig کە پێک هاتووە لە دوو کەرتی nieder "نزم، نەوی، پەست، خوارەوە" و trachten "تیکۆشان، شوێن کەوتن". هەروەها وشەی "پەست" دە کوردمادیدا مانای "نزم کردار" دەدا و دە فارسیدا جگە لەم مانایە، بە مانای زەوی "رۆچوو، دە قووڵدا"شدا بەکار دەهێنرێ].

سپڵۆ sıplo - "گەماڵ، سەکۆ": سپەر sıper یش دەگوترێ. شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گەماڵ gemal.

سپەر sıper *[sıpar]* - "1- چەپەر، سەنگەر، بەربەست 2- مەتاڵی شەڕ": سپر separ (.P). خزمە دەگەڵ sperren (.G) و (.Nl) و spärra (.Sw) "بەربەست کردن". مانای بنەڕەتی وشەکان "داخستن بە دار یان دارۆکەیەک " و هەروها "سینکۆ و دار داکوتان" بووە و دواتر مانای گشتی "بەربەست کردن، داخستن"ی وەرگرتووە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)per- >*** "پللار، دارۆکە، سینکۆ". خزمە دەگەڵ espere↑ئەسپەرە و ↑چەپەر çeper.

سپەهی sıpehî *[sıpahī]* - "جوان، خۆشیک، پەسەند": زیبا zîbā (.P). دە زمانی فارسیدا هەروەها شیوا şepal 1↑شەپاڵ (.P) šīvā هەیە بە مانای "خۆش، رەوان" [بۆ "وتار و نووسراو" بەکار دێ]. دە کوردمادیدا یش بەکار دێ بە مانای "جوان، خۆشیک". دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سپی sıpî سەر بە ریشەیەک بە مانای "رووناکی، درەوشانەوە". دە کوردەواریدا زۆرجار بۆ کیژی جوان دەبێژن: "دەڵێی مانگە دەدرەوشێتەوە".

سپی sıpî *[sıpī]* - "رەنگی دژبەری رەش": سفید sefīd (.P) [کۆنتر: سپید sepīd]. خزمە دەگەڵ svēta (.OIn) "سپی"، svet (.Rus) "رووناکی"، šviesti (.Lit) "دەشەوتێ، دەئاییسێ"، سەر بە ریشەی ***(IE. (*kueit- >*** "سپی بوون، رووناک بوون، بریقانەوە". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا فۆتیمی سەرەتای وشەکە سواوەتەوە و وشەکە بووەتە weiß (.G)، wiz (.OG)، wheit (.E)، vit (.Sw) "سپی". وشەکانی albus (.L) "سپی" و بیاض beyza (.Arb) "سپییەتی" دەبێ پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەبێ. دە زمانی کوردمادیدا گەلێک وشە دەبنە خزم دەگەڵ "سپی"، بۆ وێنە ↑سووتان sutan/ شەوتین şewtîn،↑سپێدە sıpede "بەرەبەیان"، ↑سبەی sıbey و هتد.

سپین sıpîn *[sıpīn]* - "تیغە، تیوان، مابەین": خزمە دەگەڵ ↑چەپەر çeper و ↑*سپەر sıper*.

سپێدە sıpede *[sıpeda]* - "بەرەبەیان": سپیدە sepīde (.P). شێوەی کۆنتری ↑سپی sıpî و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هایسان، درەوشانەوە، رووناک بوون(ەوە)".

ستار sıtar *[sıtār]* - "ئارام": ستار گرتن واتا ئارام گرتن. بڕوانە ↑ژیر jîr "ئارام، بێدەنگ" [ژیر بوونەوە واتا ئارام بوونەوە].

-ستان -stan *[sıtān]* - "پاشگری شوێن و وڵات": [کوردستان، کوێستان، دارستان ...]. ستان -stān (.P) بە هەمان مانا و استان ostān (.P) "پارێزگا". خزمە دەگەڵ Stadt (.G) "شار" و Statt (.G) "شوێن، مەڵبەند، جێگە و پێگە"، stat (.OG)، stede (.OE) "شوێن، جێگە" و state (.E) "پارێزگا، ناوچەی ئیداری، حکوومەت" و sthana (.OIn) "شوێن، مەڵبەند"، Staat (.G) "وڵات، حکوومەت"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *st(h)a- >*** "وەستان". بەم جۆرە وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژەی بە وەستان و گیرسانەوە لە شوێنێک کردووە. دە زمانی ئەڵمانیشدا وشەکە وەک پاشگر دەگەڵ ناوی چەندین شار دێ وەک Darmstadt، Lippstadt، Neustadt و هتد. هەروەها شیاوی باسە کە دە زمانی ئینگلیزیدا وشەی state بە مانای "بار و دۆخ"یش بەکاردێ و ئەمەش نیزیکە لە بەکارهێنانی پاشگرەکە دە زمانی کوردمادیدا وەک پاشگری "بار و دۆخ" بۆ وێنە دە وشەی "زەیستان"دا. پاشگرەکە هەروەها دە هەردوو زمانی کورد و فارسیدا وەک

پاشگری "کات و سات "یش به کار دێ، بۆ وێنه ده وشه‌ی "زستان"دا به مانای "وه‌رزی سه‌رما و به‌سته‌ڵه‌ک" و "تابستان" ده فارسیدا "هاوین، وه‌رزی تاو و گه‌رما".

[تێبینی:

ستاندن sıtandın [*sıtāndın*] - "وه‌رگرتن، به ده‌ست هێنان": هه‌ستاندن (he)standın یش ده گوترێ. ستاندن setāndan (P.). بنه‌وشه‌ی ست -sıt ده‌شێ خزم بێ ده‌گه‌ڵ get (E.)، geta (ON.) "به‌ده‌ست هێنان"، سه‌ر به ریشه‌ی ***(IE.)* ghed- >** khandanein (Gr.) "ستاندن". "گرتن" له‌م ریشه‌وه هاتووه.

ستانگ sıtang [*sıtāng*] - "ژه‌نگه‌سووره": خزمه ده‌گه‌ڵ ↑سینگ sîng "داری داکوتان" و ژماره‌یه‌ک وشه‌ی دیکه که ده‌چنه‌وه سه‌ر ریشه‌یه‌ک به‌مانای "تیهه‌ڵچه‌قین".

ستر1 sıtır - "په‌یژه، تیردیوان": خزمه ده‌گه‌ڵ Gatter (G.) "په‌رژین، نه‌رده"، Gitter (G.) "تیکبه‌ست". ئه‌م وشانه ئاماژه ده‌که‌ن به تیکچرژان و یه‌کانگیر بوونی پاژگه‌لی دار یان ئاسن و شتی تر که تیکڕا پێکهاته‌یه‌کی تیکچرژاو و تیکخراو دروست ده‌که‌ن، وه‌ک نه‌رده، په‌رژین، داربه‌ست و هتد. وشه‌که خزمه ده‌گه‌ڵ ↑خاس xas "باش".

ستر2 sıtır - "(دا)پۆشینی نهێنی": [سترم که، خوا سترت بکا]. خزمه ده‌گه‌ڵ ↑چادر çadır و دواجار ↑سێ se"سایه، سێبه‌ر". وشه‌که چووه‌ته ناو زمانی عه‌ره‌بی و بووه‌ته ستر sitr (Arb.) "داپۆشین".

ستران sıtran [*sıtrān*] - "گۆرانی": ئه‌ستران estıran یش ده‌گوترێ. ترانه tarāne (P.). جێی هه‌ڵسه‌نگاندنه ده‌گه‌ڵ ↑تڕ[1] tır "ده‌نگی توند له کاتی با لێبوونه‌وه"دا، [وشه‌ی "تڕ" ده بنه‌ڕه‌تدا مانای ئه‌مڕۆیی نه‌بووه، به‌ڵکوو به مانای "ده‌نگ و هه‌رای توند" بووه]. کرداری ئه‌م وشه‌یه ده‌بێته ستراندن sıtrandın یان سترین sıtrîn "گۆرانی گوتن".

[تێبینی: وشه‌ی سروودن sorūdan (P.) له‌وه ده‌چێ پێوه‌ندی به‌م وشانه‌وه نه‌بێ، به‌ڵکوو ئه‌م وشه‌یه خزمه ده‌گه‌ڵ ↑چڕین çırîn - گۆرانییه‌کی چڕی].

ستراندن sıtrandın [*sıtrāndın*] - "شێلانی هه‌وير": سترین sıtrîn یش ده‌گوترێ. خزمه ده‌گه‌ڵ stören (G.) "موزاحیم بوون"، stōran (OG.)، storen (Nl.) "تێکه‌ڵ کردن، شێواندن"، stir (E.) "تێکوه‌ردان"، styrr (OIs.) "ئاژاوه"، Sturm (G.) "گێژه‌ڵووله، تۆفان". وا شیمانه ده‌کرێ ئه‌م وشه ژێرمه‌نییانه بچنه‌وه سه‌ر ریشه‌ی ***(IE.)* tuer- >** "سووڕان، خولانه‌وه". له وانه‌یه ↑ته‌وه‌ر tewer "میحوه‌ر" یش پێوه‌ندی به‌م ریشه‌وه هه‌بێ.

سترۆ sıtro - "شاخی ئاژه‌ڵ": ستره‌ه sıtreh ش ده‌گوترێ. خزمه ده‌گه‌ڵ ↑ستری sıtrî "دڕک".

ستره1 sıtıre - "جۆرێک که‌وای کورت که له‌سه‌ر جلیقه ده‌یپۆشن": خزمه ده‌گه‌ڵ ↑ستر2 sıtır "(دا)پۆشینی نهێنی" و↑چادر çadır و دواجار ↑سێ se "سایه، سێبه‌ر".

ستری sıtrî [*sıtrī*] - "دڕک": هه‌روه‌ها ↑سترۆ sıtro یان ستره‌ه sıtreh هه‌یه به مانای "شاخی ئاژه‌ڵ". [له باری پێوه‌ندی مانای وشه‌کان به‌یه‌کدی هه‌ڵی سه‌نگینه ده‌گه‌ڵ "شاخه" و "شاخ" ده زمانی فارسیدا، یه‌که‌م به مانای "لقی دار" و دووه‌میان به مانای "شاخ، قۆچی ئاژه‌ڵ"]. وشه‌که خزمه ده‌گه‌ڵ هێندێک وشه‌ی ئه‌ڵمانی وه‌ک starren (G.) "ره‌ق بوون"، straub (OG.) "قیت (وه‌ستاو)، زه‌ق"، Strauch (G.) "پنچک"، straff (G.) "توند، شه‌ق، له‌به‌ر یه‌ک کێشراوه"، sterben (G.) "مردن" [ده بنه‌ڕه‌تدا: ره‌ق و هیشک هه‌ڵاتن] و هتد. ئه‌م وشانه خزمن ده زمانی کوردمادیدا ده‌گه‌ڵ ↑ئه‌ستوور estur و ژماره‌یه‌ک وشه‌ی دیکه.

ستوون sıtun [*sıtūn*] - "کۆڵه‌که": ئه‌ستوون estun یش ده‌گوترێ. ستون setūn (P.). خزمه ده‌گه‌ڵ stollo (OG.)، stele (Gr.) "ستوون"، سه‌ر به ریشه‌ی ***(IE.)* st(h)a- >** "وه‌ستان، راوه‌ستاندن، راگرتن". خزمه ده‌گه‌ڵ ستۆ یان ↑ئه‌ستۆ esto "مل". ئه‌ستۆ ده راستیدا ستووتیکه سه‌ری له‌سه‌ر راگیراوه، به‌وته‌ی دیکه سه‌ر له‌سه‌ری وه‌ستاوه. خزمه ده‌گه‌ڵ ↑وه‌ستان westan و ژماره‌یه‌ک وشه‌ی دیکه.

ستۆ sto [*sto*] -"مل": ↑ئه‌ستۆ esto.

سته sıte [*sıta*] - "1- بەردی ئاگرپژێن 2- ئاستێک کە لە بەردئەسێ دەدرێ": بڕوانە ↑ئەستێ este [sıtê+ e].

ستەم sıtem [*sıtam*] - "زۆر، بێداد": خزمە دەگەڵ ↑ئاستەم astem "سەخت، دژوار، زەحمەت". ستەم [زوڵم و زۆر] و ئاستەم دە بنەڕەتدا هەر یەک وشە بوون و پێوەندی ماناکانی ئەم دوو وشەیە لەم دوو رستەیەی خوارووەدا بە باشی دەردەکەوەی: 1- بە زۆری دەستم گەیشتە میچەکە 2- بە ئاستەم دەستم گەیشتە میچەکە.

ستیرمە stîrme [*stīrma*] - "سەرایەت": [بڵاو کردنەوە و گرتنەوەی نەخۆشی]. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑تیرێژ tîrej "تیشک"دا باس کراون.

ستین sıtîn [*sıtīn*] - "توانایی، هێز": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑ستە sıte "بەرد"، ↑ستەم sıtem "زۆر، بێداد"، [دە بنەڕەتدا: سەختی، دژواری]، ↑ئاستەم astem "سەخت، دژوار"، سەر بە ریشەی ***staī- >** *(IE.)* "رەق بوون، سفت بوون، توند بون".

[تێبینی: لە تیوان دوو چەمکی "رەق، سەخت" و "بەهێز"دا پێوەندی نیزیک هەیە، بۆ وێنە وشەی stark "بەهێز" دە زمانی ئەڵمانیدا خزمە دەگەڵ "ئەستوور"ی کوردمادی و لە ریشەیەکەوە دێ بە مانای "رەق و سفت بوون"، هەروەها "زووخ" بە مانای "هێز و توانایی" خزمە دەگەڵ "سەخت"].

ستیر(ک) 1 ster(k) [*ster(k)*] - "گۆڵاو": ↑ئەستیرک[1] esterk یش دەگوترێ [e-sterk].

ستیر(ک) 2 ster(k) [*ster(k)*] - بڕوانە ↑ئەستیرە estere [e-stere].

ستیر(ک) ster(k) [*ster(k)*] - "هەرزاڵ": ↑ئەستیرک[2] esterk.

ستیرپژیان stêrpıjyan [*sterpıžyān*] - "راخوشینی ئەستیرە": بنەوشەی ستیرپ -sterp شێوەیەکی کۆنترە لە وشەی ↑تریفە trîfe "تیشکی مانکَ و ئەستیرە" و خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑ئەستیرە *estere*، ↑ئەستڕین estırîn، ↑درەوشان drewşan و هتد. دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی streifen (G.) "لێخشاندن، رێخشاندن" دەبێتە خزم دەگەڵ ئەم وشانە.

ستیور stewır [stewır] - "نازا، بێبەر": ستەور stewır و ↑ئەستیور estewır و ئەستەویر estewîr یش دەگوترێن. سترون setarwan (P.). خزمە دەگەڵ Sterke (G.) "مانگای جەوان (کە هێشتا نەزاوە)"، stairo (Gt.) "نازا، ستیور"، stari (OIn.) "مانگای شیر نەدەر"، سەر بە ریشەی ***ster- >** *(IE.)* "رەق، سفت". لە لایەکی دیکەوە دە زمانی لاتینیدا sterilis (L.) "ستیور، نازا، بێبەر" هەبووە. وشەی steril دە زمانە ئەورووپاییەکاندا بە مانای "پاک کراوە لە ویروس و باکتری" پێوەندی بەم وشە لاتینیە هەیە و دەبێ دە بنەڕەتدا مەبەست "بێبەر" کردن و ستیور کردنی باکترییەکان بووبێ. لەوانەیە ئەم وشە لاتینیە لەو ریشەیەی سەرەوە هاتبێ.

سخ sıx - "1- تەنراوی سفت 2- چڕ و پڕ": خزمە دەگەڵ ↑سەخت sexıt.

سخار sıxar [*sıxār*] - "زەوی نەکێڵ": سخرە sıxre ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑زاخ zax "بەرد" و دواجار دەگەڵ↑ سەخت sexıt.

سختیان sıxtîyan [*sıxtīyān*] - "چەرمی ئەستووری دەبباغی کراو": سەختیان sextîyan و سەخەری sexerî یش دەگوترێ. ساغری sāġarī (P.). خزمە دەگەڵ ↑سەخت sext و گەلێک وشە کە لەژێر ↑سەق *seq* دا باس کراون. هەروەها خزمە دەگەڵ ↑شەکە şeke "کڵاوی پێستەمەڕ".

سدە sıde [*sıda*] - "رایەڵ": خزمە دەگەڵ Saite (G.) "ژێ، تار"، seita (OG.)، sada (OE.)، seidr (OIs.) "بەن، تاڵ، ریس". خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑ژی je و ↑شەدە şede سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن، بەستنەوە".

سڕ 1 sır - "تەزیو": دە فارسیدا کرخ (ت) karax(t) (P.). ئەم وشانە خزمن دەگەڵ چەندین وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا وەک ↑کڕ *kır*، کورک kurk، قورس qurs و هتد. ئەم وشانە ئاماژە دەکەن بە دۆخی

"بێجووڵە بوون، لە جووڵە کەوتن" و دوا جار دەبنە خزم دەگەڵ ↑خار xar "سەخت". وەک ئاشکرایە پێوەندی نیزیک هەیە لەتیوان چەمکی "سەختی" و "بێجووڵەیی"دا، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "قورس و قایم". ↑سرەوتن sırewtın "ئارام و قەرار گرتن" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا steif (.G) "رەق، رەقبوو" هەروەها بە مانا "سڕ، تەزیو" بەکار دەهێنرێ. ئەمە لەوەڕا هاتووە کە کاتێک شوێتێکی لەش سڕ دەبێ و لە جووڵە دەکەوێ [جووڵەی تێدا هەست پێ ناکرێ]، مرۆڤ هەست بەوە دەکا کە ئەو شوێنە یان ئەو ئەندامە رەق و تەقە. دە زمانی ئەڵمانیدا هەروەها taub (.G) بە مانای "کەڕ" بە کار دێ. ئەم ↑کەڕ ker هش پێوەندی هەیە بە وشەکانی سەرەوە و مەبەست "سەخت بوون و قورس بوون"ی گوێیە [گوێی گران بووە]. سەرنجراکێش ئەوەیە کە دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی تەزین یان سڕ بوون لە وشەکەی سەرترەوە هاتووە و دەبێتە betäuben (.G) "سڕ کردن، تەزاندن". هەمدیسان سەرنجراکێش ئەوەیەکە ↑تەپ tep دە زمانی کوردمادیدا مانای "قورس، بێجووڵە" دەبەخشێ، بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ فڵانکەس تەپە یان تەپلۆسە [لەش گرانە]، یان خۆی تەپ بە عەرز دادا، واتا خۆی بە سەختی، بە قورسی خستە سەر عەرز].

سڕ2 sır - "بزاڤ، توند و تۆڵی": [سرا تە قەمری].

1- جێی بەراورد کردنە دەگەڵ ↑سڕ1 sır "تەزیو" و ↑گوڕ gur. مانای بنەڕەتی ئەم وشانە "سەخت"ە و ئاماژە بە "هێز و توان" و "قورس و قایم" بوون دەکەن.

2- هەروەها جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑سروە sırwe.

سرپە sırpe *[sırpa]* - "چپە، سرتە": شێوەیەکی کۆنتر لە وشەی ↑چپە çıpe.

سرت sırt - "1- دڕک، چقڵ 2- زبر 3- رەق، سەخت 4- رژد و هەزاربەهەزار 5- ئازار 6- نەداری و دەستەنگی": ئەگەر هەموو ئەم مانایانە دەگەڵ یەکتر هەڵسەنگینین و چەمکێکی هاوبەشیان لێ هەڵێنجین، دەبینین کە ئەو چەمکە بریتییە لە "سەخت یان سەختی". لەم بارەوە دەتوانین بەراوردی بکەین دەگەڵ چەند وشەی وەک "ستەم"، "ئاستەم" و "ئاستەنگ" کە ئەوانیش دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "رەق و سەخت بوون". هەر بۆیە "سرت"یش دەبێ لە ریشەکەوە هاتبێ بە مانای "سەخت بوون". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑سڕ² sır، ↑کڕ kır، ↑خار *xar* و ↑زەرد² zerd [ماە و زەرد] و هتد.

سرتە sırte *[sırta]* - "سرپە، چپە": سرت sırt یش دەگوترێ. ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە چەندین وشە دە زمانی کوردمادی و زمانە ژێرمەنییەکاندا کە مانای "قسە، گێڕانەوە، تەگبیر، راوێژ، تێهزرین" دەگەیەنن. بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە بڕوانە ↑راشەن raşen "توێشووی رێگا".

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا دەگوترێ "سرتە و خورتە" یان "سرت و خورت". وشەی خورت یان خورتە شێوەیەکی دیکە لە ↑ورتە wırte. هەر دووکی ئەم وشانە دە کۆندا بە مانای "قسە" بوون].

سڕد sırd - "تازەگوڵی خەلە": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑زۆرەت zoret "گەنمەشامی".

سرشت sırışt *[sırışt]* - "خۆزا، خۆکرد، خۆرسک": سروشت sıruşt یش دەگوترێ. سرشت serešt (.P). ئەم وشە فارسییە دەچێتەوە سەر سرشتن sêreşten (.P) بە مانای "تێکەڵ کردن، هەڵشێلان، تێکوەردان". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑هاروەژان harujan. مانای "هاروەژان" دە ئەسڵدا "تێکوەردان" بووە. هەروەها بڕوانە ↑سرنجە sırınce "زیخ و رەڵمی لێکدراو".

[تێبینی: وشەکانی machen (.G) و make (.E) "کردن، دروست کردن" دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵشێلان". هۆزە ژێرمەنییەکان ئەم کردارەیان سەرەتا بە مانای هەڵشێلانی قوڕ بۆ دروست کردنی خانوو بەکار هێناوە. لەمەوە دواتر مانای "دروست کردن، بینا کردن، بەرپا کردن" سەری هەڵداوە و دواجار مانای وشەکە بووەتە "کردن". وێ دەچێ سەبارەت بە وشەی "سروشت"یش رەوتێکی نیزیک بەمە

لەئارادا بووبێ، واتا لە مانای "هەڵشێلدراو، تێکوەردراو" مانای "دروست کراو" سەری هەڵدابێ و لەمەشەوە مانای "تەبیعەت"، وەک "دروستکراو" لە لایەن هێزی سەرەوە].

سرشک sırışk [*sırışk*] - "ڕۆندک، فرمێسک": پێک هاتووە لە دوو کەرتی سر + شک sır + (e)şk. کەرتی یەکەم هەمان ↑ئەسر(ین) esr(în) ە. کەرتی دووهەم دە فارسیدا اشک (P.) aşk ە و دە وشەی ↑فرمێسک fırmêsk یشدا دە بینرێ [fırm-esk].

[تێبینی: وەک دەبینین وشەی "سرشک" خۆی لە دوو وشە پێک هاتووە کە هەدووکی مانای "فرمێسک" دەبەخشێ. ئەمە جۆرێکە لە وشەسازی دە زمانی کوردمادیدا بە مەبەستی جەخت کردن و هێز و گورێکی زۆرتر بەخشین بە مانای وشەیەک. ئەم وشەیە زۆرتر لە هۆنراوە و پەخشانی هونەرمەندانەدا بەکار دێ و بۆ ئەوەیە کە نووسەر بتوانێ هەست و سۆزی بەتینی خۆی باشتر دەرببڕی].

سرک sırk - "ڕەوەک": سرکَ sırg یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ یاخود شێوەیەکی دیکەیە لە ↑سڵ sıl.

سرگون sırgûn [*sırgūn*] - "دوورخرانەوە، تەبعید". دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا هەروەها سوورگوم surgum هاتووە بە مانای "وندابووی بێسەروشوێن". دە ئەسڵدا ئەم دوو وشەیە دەبێ هەر یەک وشە بن و دەبێ ئەوەی یەکەمیان شێوەی ڕاستی وشەکە بێ. لەبەر ئەوەی دە وشەی "سرگوون"دا کەرتی "گون" شێوەکەی لە "گوم" دەچێ و هەروەها لەتیوان "دوورخرانەوە" و "گوم بووندا" جۆرێک لە پێوەندی لە ئارادایە، ئەو دوو وشەیە تێکەڵ بە یەکدی کراون و وشەکە کراوەتە "سوورگوم". "سرگون" خزمە دەگەڵ ↑سرک sırk یان سرکَ sırg بە مانای "ڕەوەک، قوشقی" [لێرەدا بە مانای "ڕەوێنراو، تارێنراو]. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "باز دان، هەڵبەزین".

[تێبینی: دەتیوان دوو چەمکی "باز دان، هەڵبەزین" و "دوور بوونەوە، ڕۆیشتن، ون بوون" پێوەندی نیزیک هەیە. بۆ وێنە وشەکانی "پەرەوازە"، "لانەواز"، "بازرە"، "بزر"، "ڕێباز" و هیتر خزمن دەگەڵ "باز(د)". هەروەها سەرنج بدە کە وشەی "قوشقی" واتا دەرپەڕین لە ترسان خزمە دەگەڵ "کۆچ" واتا ڕۆیشتن و دووربوونەوە. کەوابوو "سرگوون" هەمان "بازرە بوون، قوشقی بوون یان کۆچ کردنە].

سرکە sırke [*sırka*] - "ترشاوی میوە": خزمە دەگەڵ sauer (G.)، sūr (OG.)، zuur (Nl.)، sour (E.)، sur (Sw.) "ترش" و هەروەها ↑سوێر suwer [سۆر sor] یش دەگوترێ.

سرمە sırme [*sırma*] - "گەردانە لە زێڕ یان مرواری": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑کرمەک kırmek.

سرنج sırınc [*sırınj*] - "ورد بوونەوە، بیر لێکردنەوە": ↑سەرنج serınc یش دەگوترێ

سرنجە sırınce [*sırınja*] - "زیخ و ڕەڵمی لێکدراو": خزمە دەگەڵ ↑سرشت sırışt "خۆرسک" و ↑*هوروووژان hurujan* [هروووژان hırujan، هاروووژان harujan]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تێکەڵ کردن، تێکوەردان، لێکدان". بەرواردی بکە دەگەڵ srīnati (OIn.) "تێکەڵ دەکا" و kerannynai (Gr.) "لێکدان و تێکەڵ کردن". ئەم وشانەش لە هەمان ریشەوە دێن.

سڕنی sırnî [*sırnī*] - "عارەبەی کەڵان": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Karre(n) (G.)، karra (OG.)، Kar (Nl.) "عارەبە"، car (E.) "عارەبانە، ترۆمبێل". ئەم وشە ژێرمەنییانە بردراونەوە سەر carra (L.) کە ئەمەش خۆی پێوەندی هەیە بە کرداری curere (L.) "را کردن".

سروە sırwe [*sırwa*] - "شنەبا": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Strom (G.) "جەریان"، sravati (OIn.) "جەریانی هەیە، جاری دەبێ"، sruaim (OIr.) "چەم"، serum (L.) "تراو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) > *sreu-*** "جاری بوون، جەریان". وشەی جریان jaryān (Arb.) دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. هەروەها لەوانەیە ↑زریان zıryan "بای سارد" پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

سروود srud [*srūd*] - "هەڵبەست یان گۆرانی ڕەزمی": سرود sorūd (P.) و سرودن sorūdan (P.) "شێعر خوێندنەوە (بە گۆرانی)". خزمە دەگەڵ ↑چڕین çırîn.

سرەواندن srewandın [*srawāndın*] - "لێدان، کوتان": [تێ سرەواندن]، خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە لە ژێر ↑ترپان tırpan دا باس کراون. ئەم وشانە، هەر یەکەی بە جۆرێک مانای "لێدان، کوتان" دەبەخشن.

سرەوتن sırewtın [*sırawtın*] - "ئارام گرتن": سرەفتن sıreftın یش دەگوترێ. پێوەندی هەیە بە هێندێک وشەی وەک ↑سرl sır "تەزیو"، ↑کرِ *kır* [قڕ و قپ]، ↑ئۆقرە oqre [o-qıre] و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سەخت بوون، توند بوون، لە جووڵە وەستان".

[تێبینی: لەباری وشەسازییەوە "سرەوتن" بەرهەڤ بکە دەگەڵ "بزاوتن"، "پەرتاوتن"، "پشاوتن" و هتد. ئەم کردارانە پێک هاتوون لە بنجی وشەکە + aw / ew (کۆنتر af یان ab ؟) + تن].

سریلە1 sırîle [*sırīla*] - "ناوی زیلەیەکە": سیسرە sîsre و سیسرک sîsırk یش دەگوترێ. جیرجیرەک jīrjīrak (P.). خزمە دەگەڵ Grille (G.) و grillus (L.) "قالۆنچە". ریشەی وشەکە لاسا کردنەوەی دەنگە.

سریلە2 sırîle [*sırīla*] - "مەلێکی بچووکی جوان": خزمە دەگەڵ ↑سێروو seru.

سریمە srîme [*srîma*] - "ژانی بە هۆی بریندار بوونەوە": خزمە دەگەڵ ↑چڵە2 çıle چڵەدان یان ↑چڵیان çılyan واتا "پەڕینی پێلووی چاو، لیدانی دڵ یان چڵیانی شوێنی بریندار"، ↑*چڵەکین çılekîn* [راچڵەکین] "هەڵبەزینەوە"، ↑سرک sırk "رەوەک، بازرە"، ↑سڵەمینەوە slemînewe "رەوینەوە، دەرپەڕین". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیک بە مانای "باز دان، هەڵبەزین".

سڕین sırîn [*sırīn*] - "خاوێن کردنەوە، رێخشاندن": ستڕین sıtrīn و ↑ئەستڕین estırîn یش دەگوترێ.

سریوە[1] srîwe [*srīwa*] - ↑جریوە cırîwe "تروکە تروکی ئەستێرە".

سریوە[2] srîwe [*srīwa*] - ↑سروە sırwe "شنەبا":

سز sız - "بێدەنگ": سس sıs یش دەگوترێ. [کاتێک بە تووڕەییەوە فەرمانی بێدەنگ بوون بە یەکێک دەدرێ، دەگوترێ "سز بە"، واتا بێدەنگ بە. خزمە دەگەڵ sige (Gr.) "بێدەنگی و sigaein (Gr.) "بێدەنگ بوون". schweigen (G.)، sweigen (OG.)، swigian (OE.) "بێدەنگ بوون" دە زمانە ژێرمەنییەکادا دەگەڵ وشە یۆنانییەکە بە هاوریشە دادەنرێن. سکت sakata (Arb.) "بێدەنگ بوو" پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە.

سزا sıza [*sızā*] - "جەریمە، تۆڵە": مانای ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا جەریمە کردن یاخود تۆڵە هەستاندنە لەبەرانبەر کارێکی خراپ یان تاواتیکدا. [سزا دان، بە سزا گەیاندن]. ئەم وشەیە دواتر مانای "پاداشت" [تۆڵە کردنەوەی چاکە]شی وەرگرتووە، بەڵام لەراستیدا ئەمە مانای دروستی وشەکە نییە، هەر وەک چۆن "تۆڵە"ش دە بنەڕەتدا کاردانەوەیەکە لە هەمبەر کاری خراپ و تاوان، نەک لە هەمبەر "چاکە"دا. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑سکاڵا sıkala "شکایەت" سەر بە ریشەیەک بە مانای "دادگایی کردن، سکاڵا کردن، بە کێشە هاتن، سەرکۆنە کردن". وەک دەبینین، "سزا" پێوەندی تەواوی بەم مانایانەوە هەیە، نەک بە مانای "پاداشت"ەوە. ئەم وشەیە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە جزا cazā (Arb.).

سزاو sızaw [*sızāw*] - "ئاوی لە ماستی ناو تووڕەکە تکاو": سز + ئاو sız + aw. کەرتی سز -sız خزمە دەگەڵ ↑تکان tıkan [چکان çıkan]، سەر بە ریشەی ***seik-* > *(P.)*** "تکان، چکان، دڵۆپان". خزمیشە دەگەڵ ↑سوزمە suzme "پاڵۆینە".

سزک sızık - "1- ئاوی پەنیر کە لۆرکی لێ دەگرن 2- تیژاوی دۆ کە دەکرێتە شیرێژ": خزمە دەگەڵ ↑سزاو sızaw.

سست sıst - "لاوان، لەرزۆک": سست sost (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ↑ زیز zîz.

سفت sıfıt - "توند، سەخت": سفت seft (P.). خزمە دەگەڵ swint (MG.) "توند، سەخت"، swind (OG.)، swints (Gt.)، swid (OE.) "سەخت، توند، بەهێز" و svinnr (OIs.) "بەلەز، زیرەک". هێندێک وشەی دیکە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە، وەک geschwind (G.) "خێرا"، gesund (G.)

”ساخ“ [دە بنەڕەتدا قایم و توند و تۆڵ]. بەگوێرەی لێکدانەوەیەک ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < *(IE.) *sghuwent-* ”سەخت، قایم، بەهێز“. هەروەها بەپێی هێندێک لێکدانەوە وشەکانی Sieg (G.)، sige (OE.)، seger (Sw.) ”سەرکەوتن، زاڵ بوون“ و sahate (OIn.) ”زاڵ دەبێ“ و sahuri (OIn.) ”زاڵ، سەردەست“ پێوەندی بەم ریشەوە پەیدا دەکەن. ئەگەر پێوەندی ئەم وشانەی دوایی بەم ریشەوە راست بێ، دەتوانین وشەکانی ↑سەخت sext و ↑زۆخ zox ”هێز، توانایی“ و↑زەخت zexıt ”زۆر، هێز، گوشار“، ↑سواژ sıwaj ”جەنگ، شەڕ“ و هەروەها ↑سەفین sefîn [کێوی سەفین واتا کێوی سەخت] و ↑سەفدڕ sefdır ”بوێر، ئازا، بەجەرگ“: لەم چوارچێوەیەدا لێک بدەینەوە. وشەی سفت sıfit چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە ثابت sābit (Arb.) ”قایم، پایدار، نەگۆڕ“ [دە بنەڕەتدا سفت، سەخت]. شیاوی باسە لەتیوان چەمکی ”سەخت و سفت“ لە لایەک و ”قورس و قایم و نەگۆڕ بوون“ لە لایەکی دیکەوە پێوەندی هەیە، بۆ وێنە وشەکانی *قورس*، *کورسین* ”قایم بوون، سەقامگیربوون“ و *خار* ”سەخت“ خزمن و لە یەک ریشەوە پەیدا بوون. ژمارەیەکی دیکە لەو وشانەی دەگەڵ ”سفت“ خزمن، بریتین لە ↑سفن sıfin ”بناخە“، ↑زۆپ zop ”گاشەبەرد“، ↑زەب zeb ”رەق، سەخت“، ↑شفتە şıfte 1 ”جۆرێک بێتۆن“، ↑کەپتار keptar ”بناری چیای پڕ لە دار“، ↑کەبادە kebade ”دارێکی بە زنجیرەوە کە لە زۆرخانە بەکاری دێنن“، ↑کەبۆت kebot [کەڤۆت kevot، کەوت kewıt] ”دارێکی سەخت“ و ↑کەبس kebıs ”رەنج کێشان و شەکەت بوون“ [سەختی کێشان]، ↑کەبەر keber ”دەوتێکی درکاوی“ و هەروەها چەندین وشەی دیکە کە لەژێر ↑*سیپاز* *sîpan 2* دا باس کراون. ”سفت“ هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ↑سفەت sıfet ”وەفا، ئەمەگ“.

سفرە sıfre *[sıfra]* - ”کەوڵی نان لەسەر خواردن“: سفرە sofre (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشە دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا کە ئاماژە بە بەربڵاوی، زۆری و فرەیی و دوور و درێژی دەکەن و سەر بە ریشەیەکن بە مانای ”لەبەر یەک کشانەوە، هەراو بوونەوە، پان و بڵاو بوونەوە، درێژ بوونەوە“. خزمە دەگەڵ ↑زاف zaf و↑ زۆر *zor 1* و ↑ئەسپایی espayî [ئە + سپایی]. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ spatium (L.) ”فەزا“ و spahr (Pl.) ”ئاسمان، گەردوون“.

سڤک sıvık 1 - ”1- کەم وەزن 2 - نەگران، هاسان 3- لەز، خێرا“: دە شێوەزاری کوردمادی تیوەڕاستدا بووەتە سووک suk. سبک sabok (P.). ئەم وشەیە هەروەها خزمە دەگەڵ چابک çabık یان ↑چابوک çabuk [چابک čābok (P.)] بە مانای ”چوست و چالاک، خێرا“. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ schweifen (G.)، sweifan (OG.)، swīfan (OE.) ”بزوان بە شێوەیەکی خێرا و گەوزی“، swoop (E.) ”بەر بوونەوە“، swipa (OIs.) ”فڕێ دان“، swift (E.) ”بزاڤێکی بەلەز، درێژمەودا و کەم خایەن“، sweep (E.)، swāpan (OE.) ”گەسک دان“، سەر بە ریشەی < *(IE.) *suēi(b)-* ”سووڕان یان بزوانی سووک، بەلەز و چالاکانە“. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑سووتە sute [کلکەسووتە] پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. کلکەسووتە بۆ سەگَ بەکار دێ و ئاماژەیە بۆ ئەو جم و جۆڵ و بزاڤە سووک و چالاکانەی سەگَ بە کلکی خۆی دەیکا، وەک دەربڕینی وەفا و خۆشەویستی بۆ خاوەنەکەی. دیارە ئەو جۆرە کلک بزواندنە تایبەتی سەگە و هەر بۆیەش وشەی کلکەسووتە تەنیا بۆ سەگَ بەکار دێ. وشەی ”سووتە“ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەبێ پێشتر شێوەیەکی وەک سەبتە *sebte*[سەفتە *sefte*، سەپتە *sefte*] ی هەبووبێ و دواتر سواوەتەوە و بووەتە ”سووتە“. ئەم ریزەوشەیە لە پلەیەکە دوورتردا پێوەندی پەیدا دەکا بە دەستەوشەیەکی دیکە کە لە ژێر ↑جینگڵ cîngıl دا شی کراوەتەوە.

سڤک sıvık 2 - ”کۆست، بڵیندایی سەر رێگە“: خزمە دەگەڵ ↑زاب zab ”سەکۆ، دەکە“ و ↑زۆپ zop ”زەق، دەرپەڕیو“.

سفن(ک) sıfın(k) - ”هێم، خیم، بناخە“: خزمە دەگەڵ ↑سفت sıfit ”سەخت، قایم“.

سفوور sıfûr *[sıfūr]* - ”1- گەسکدەری کۆڵان 2- ژنە شارستانی بێ رووپۆش“: سپور sopūr (P.) ”گەسکدەری کۆڵان“. خزمە دەگەڵ ↑*ساوین savîn* ”پێداخشاندن، پێداماڵین“. سفوور ئەو کەسەیە گەسک

لە ئەرز دەخشێنێ، ئەرز دەماڵێ، بە مانایەکی گشتی ئەرز دەساوێ. مانای دووەمی وشەکە دە زمانی کوردمادیدا، واتا مانای "ژنە شارستانی بێ ڕووپۆش" ڕەنگە لەمەوە هاتبێ، کە ئەو ژنانە چارشێویان لە خۆیان *هەڵماڵیوە* یان داڕنیوە. یان لەوانەیە مەبەست ساف بوون [تاس و لووس بوون] بێ. شیاوی باسە کە ↑ساف[2] saf یش پێوەندی بە ساوین savîn ەوە هەیە.

سفەت sıfet *[sıfat]* - "وەفا، ئەمەکَ": بەسفەت واتا "بەوەفا"، بێسفەت واتا "بێوەفا". ئەم وشەیە چ پێوەندییەکی بە "سفەت"ی عەرەبییەوە نییە و ماناکەشی بە تەواوی دەگەڵ ئەو وشە عەرەبییە جیاوازە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑سفت sıfit. "سفت" مانای "سەخت و قایم" دەبەخشێ و دە هەمان کاتدا هەڵگری مانای "قورس و قایم و نەگۆڕ" بوونە.

[تێبینی 1: دە زمانی ئەڵمانیدا وشەی Treu (G.) مانای "سفەت، ئەمەکَ، وەفا" دەگەیەنێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ دار dar ی کوردمادی و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بەمانای "دار، داربەڕوو". مەبەست لە وشە ئەڵمانییەکەش دە بنەڕەتدا "سەخت و قایم بوون"ە، سەختییەک وەک سەختی داربەڕوو. هەروەها ئەگەر سەیری وشەی "ئەمەک" یان "ئەمەکَ" بکەین، دەبینین کە ئەم وشەیەش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هێز و توانایی" واتا سەخت بوون. کەوابوو کاتێک دەڵێین فڵانکەس ئەمەگی نییە یان بێ سفەتە، دە ڕاستیدا مەبەست ئەوەیە کە پێوەندی یان دۆستایەتی ئەو مرۆڤە هێز و توانی نییە و سست و لاوازە. تێبینی 2: وشەکانی ثبات sibāt (Arb.) و صفة sifa(t) (Arb.) دەشێ لەم وشە کوردماديیە وەرگیرابن. وەک ئاشکرایە دوو چەمکی "سەخت و بەهێز بوون" و "پایدار، قورس و جێگیر بوون" پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. نموونەیەکی دیکە لەم بارەوە وشەکانی "قورس"، گیرسانەوە" و "کورسین" و هیترن کە هەموو لە ریشەیەکەوە هاتوون. هەروەها مانای صفة دە زمانی عەرەبیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو شتەی وەک صفة [خیسلەت] سەیر کراوە، بە شتێکی جێگیر، نەگۆڕ و قورس و قایم داندراوە].

سڤنک sıvınk - "گسک": سڤیک sıvîk یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑سفوور sıfûr "گەسکدەری کۆڵان".

سڤنگَ sıving - "چنگەکڵۆش [چەپکەکڵۆش] کە پشتی گاگیرەی پێ دەماڵن": خزمە دەگەڵ ↑سڤنک sıvınk "گسک".

سقڵ sıqıl - "نەخۆشی خواردن نەتواندنەوە، گرفت": خزمە دەگەڵ ↑سەخت sext. وشەکە ئاماژەیە بە ڕەق و سەخت بوونی سک بە هۆی گرفت پەیدا بوون لە کاری گەدە و ریخۆڵەدا.

سک sık - "هەناو، ورکَ": شێوەی کۆنتری ↑زکَ zıg. ↑ئاشک aşık یش دەگوترێ [ئا a + شک şık]. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەیە کە پێوەندییان بە چەمکی "خواردن"ەوە هەیە، وەک ↑*ئازا az ıjıı* "چێشت، خۆراک"، [اش aş (P.) "دۆکڵیو"]، ↑ئازووقە azuqe "خواردەمەنی پاشەکەوتکراو". سک یان ئاشک ئاماژە بە شوێنێک یان شتێک دەکا کە خۆراکی تێ دەچێ، واتا "خۆراکدان". لە باری ماناوە بەرهەڤی بکە دەگەڵ وشەی "هوور" (ورکَ)].

سکاڵا sıkala *[sıkālā]* - "شکایەت":

1- یان پێوەندی هەیە بە Sache (G.) "شت، تشت، کاروبار". مەبەست لەم وشە ژێرمەنییە دە بنەڕەتدا "شتی دادوەری، کاروباری یاسایی" بووە. ئەم مانایە لەم وشانەی خوارەوەدا بەروونی بەدی دەکەین: sahha (OG.)، zaak (Nl.)، sacu (OE.)، sak (Sw.). ئەم وشانە دەچنەوە سەر کردارێکی کۆنی ژێرمەنی کە تێستا نەماوە، بەڵام دە زمانە کۆنە ژێرمەنییەکاندا هەبووە، وەک sahhan (OG.)، sakan (Gt.)، sacan (OE.) "دادگایی کردن، سکاڵا کردن، بە کیشە هاتن، سەرکۆنە کردن". ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ ↑سۆسە sose سەر بە ریشەیەک بە مانای "شۆپاندن، شوێن گرتن، کەوتنە شوێن کێشەیەک یان تاوانبارێک"، ↑دۆسیە dosîye، ↑دۆزین dozîn و ↑*تشت tışt*.

2- یان لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)kel-*** "دەنکَ لێ هاتن، دەنکَ لێ بڵیند بوون". ↑زایەڵە zayele "دەنکَ دانەوە" لەم ریشەوە هاتووە. ئەم ریشەیە خۆی لە پێوەندی دایە دەگەڵ ریشەی

*(IE.) *kel- /*kle-* "هەرا کردن، هاوار کردن". لەم تێڕوانینەوە "سکاڵا کردن" بریتییە لە "دەنکێ هەڵبڕین و هاوار لێ هەستان".

سکان sıkan *[sıkān]* - "چەسپین، لکان": خزمە دەگەڵ sticken (G.) "گوڵدۆزی کردن، پێوەنووساندن"، دە ئەڵمانی ناویندا وشەکە بە مانای "پێوەنووساندن، قایم کردن" بووە و دە ئەڵمانی کۆندا بە مانای "تێکخستنەوە"ش بەکارهاتووە. stick (E.) دەبێتە "پێوەنووساندن، چەسپاندن" و stitch (E.) "دروون، گوڵدۆزی کردن". دە بنەڕەتدا مانای وشە ژێرمەنییەکە پێوەنووساندنی نەخش و نیگار بە هۆی تەقەڵ لێدان و قایم کردن بە هۆی دەرزی و شتی تیژی ئەوتۆ بووە. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑چەقین çeqîn و ژمارەیەک وشەی دیکە.

سکر sıkır - "پاڵۆینە، بەربەندی ئاو لە شووڵ": خزمە دەگەڵ ↑تکان tıkan [چکان çıkan] و دە پلەیەکی دوورتریشدا دەگەڵ ↑سافان safan "دڵۆپە، چکە".

سکپ sıkıp - "بن رێسمە، داری بنەوە دە چوارچێوەی دەرگادا": شێوەیەکی زۆر کۆنە لە وشەی ↑چێو çew.

سککە1 sıkke *[sıkka]* - "گوڵمیخ": خزمە دەگەڵ ↑سیخ sîx.

سککە2 sık(k)e *[sık(k)a]* - "پارەی لە زێڕ و زێو دارێژراو": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ signum (L.) "شکڵ، نیشانە، شەقڵ، مۆر" و ↑شەقڵ şeqıl. سککە دە بنەڕەتدا ئەو شەقڵ و نیشانەیە بووە کە لەسەر پووڵ دراوە و مەبەست لە سککە *لێدان*، شەقڵ و نیشانە لێدان بووە.

[تێبینی: پێوەندی شەقڵ و نیشانە بە پووڵ و پارەوە دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا دەبیندرێ. Mark (G.) کە ناوی پارەی ئەڵمانی بوو، دە ئەسڵدا بە مانای "شەقڵ و نیشانەیە"].

سکڵ sıkıl - "پۆلوو، پشکۆ": بڕوانە ↑ئەسکڵ eskıl.

سکوم sıkum - "بیچم، شێوە": بڕوانە ↑سەکوت sekut [سەر و سەکوت].

سگڵ sıgıl - "باڵۆکە": زگیل zegīl (P.). خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq.

سل sıl - "ئەوەندە لە پیسایی کە بە جارێک لە لەش دەر دەچێ": خزمە دەگەڵ وشەکانی ↑زەل zel "هەردی تەڕ و خلیسک"، ↑سیلک sîlık "خیز و لمی چەم"، ↑چڵم çılım و ژمارەیەک وشەی دیکە سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)lei- >* "خلیسکان، تەڕ و لیچق بوون".

سڵ sıl -"رەوەک": سڵ کردن واتا ترسان و رەو کردن. سلک sılk و سرک sırk و سرکێ sırg یش دەگوترێ. ئەم وشەیە، وەک بنەوشە لە کرداری ↑سڵەمینەوە sılemînewe و ↑سلکین sılkîn شدا دەبیندەرێ . بنەوشەی سڵ- sıl- شێوەیەکی دیکەیە لە بنە وشەی چڵ -cıl کە لە کرداری ↑داچڵەکین dacılekîn و↑چڵە cıle [چڵە دان] دا دە بیندرێ، دەبنەڕەتدا بە مانای "هەڵبەزین، بزووتنی خێرا".

سلار sıl(l)ar *[sıl(l)ār]* - "بەلادا هاتوو": ئەم وشەیە دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا ئاوا مانا کراوەتەوە: "تخێڵ، راست بە عەرزدا درێژبووکێ". بەڵام مانای بنەڕەتی وشەکە "بەلادا هاتن، خوار بوون(ەوە)، بوورانەوە"یە. کاتێک کەسێک یان ئاژەڵێک لەپڕ بە لادا دێ و بەردەبێتەوە و لەوانەشە بمرێ، دەڵێن سللار بۆوە. ئەم وشەیە شێوەیەکی دیکەیە لە ↑لار lar "خوار، بەلاداهاتوو" [لەنجە و لار lar lence u]. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کل kıl و ↑لەرینەوە lerîn(ewe) [بەم لا وئەو لادا لار بوونەوە]، سەر بە ریشەی *(IE.) *klei- >* "سلار بوون، لار بوون، کل بوون". وەک دەبینین هەر سێ وشەی "سلار"، "لار" و "کل" سێ وشەی جیاواز، بەڵام هاومانان کە لەم ریشەوە سەریان هەڵداوە و لەوانەیە دە کۆندا یەک وشە بووبن. دە زمانی کوردمادیدا لەم بارەوە هەروەها وشەیەک سەرنج رادەکێشێ کە بریتیی لە ↑سڵاو sılaw بە مانای "پارسەنگی تەرازوو" و سڵاو دانەوە sılaw danewe بە مانای "تۆزێک گران کێشانی تەرازوو بۆ دڵخۆشی کڕیار". دیارە ئەم وشەیە ناتوانێ هیچ پێوەندییەکی دەگەڵ "سلام و علیک"ەوە هەبێ. لێرەشدا ئەگەر سەرنجی مانای وشەکە بدەین، دەبینین کە وشەکە پێوەندی بە لار

بوون [داهاتنی] لایەکی تەرازوو هەیە. مانای سڵاو وەک "پارسەنگ" لێرەوە پەیدا بووە کە تەرازوو لە دۆخی هاوسەنگیدا بەم لا و ئەو لادا دەلەرێتەوە، وەک کەشتی لەنگەرگرتوو لەسەر ئاو کە ئەویش لەنگە [لەنجە] دەکا.

سڵاو sılaw *[sılāw]* - "پارسەنگی تەرازوو": بڕوانە ↑سلار sıl(l)ar "بەلاداهاتوو".

سلپ1 sılp - "تڵتە، تڵپە": خزمە دەگەڵ ↑زەل zel و ↑سل sıl سەر بە ریشەیەک بە مانای "خلیسک بوون، تەڕ و لیچق بوون".

سلپ2 sılp - "تەپ، تەوەزەل": خزمە دەگەڵ schlapp (G.) "شل، داتەپیو، داهێزاو" و Schlaf (G.) "خەو" [دە بنەڕەتدا پاڵ کەوتن، شل بوونەوە]، سەر بە ریشەی ***(s)leb- > (IE.)*** "شل بوونەوە، شۆر بوونەوە، داهێزان".خزمیشە دەگەڵ ↑شل[1] şıl [شل و شەوێق]، ↑شۆڕ şor و چەندین وشەی دیکە.

سڵق sılq - "گیایەکی دوکلیو": خزمە دەگەڵ ↑زڵچە zılçe "دەنگی شتی تەڕ"، ↑جڵقە cılqe [جڵق و فڵق]، ↑چڵم *çılım*، ↑زڵق zılq "قوڕ و لیتەی خلیسک"، ↑زڵفنچک zılfınçık "چڵک و کیمی برین"، ↑زڵزڵە zılzıle "چڵک و کیمی برین"، ↑زلیقۆ zılîqo "جۆرێک چەسپ"، ↑سلپ sılp "تەڵتە"، ↑چڵپاو çılpaw، ↑زەلکە zelke "شۆرباوی بێتام" و هتد. ئەم وشانە و چەندین وشەی هاوشێوە دەچنەوە سەر ریشەی ***(s)lei- > (IE.)*** "تەڕ و لیچق بوون".

سلکاندن sılkandın *[sılkāndın]* - "دوورەپەرێزی لە مردم": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سلکین sılkîn "سڵ کردن، رەوین" و هەروەها ↑سرگون sırgûn "دوور خرانەوە".

سلکاندن sılkandın *[sılkāndın]* - "دوورەپەرێزی لە مردم": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سلکین sılkîn "سڵ کردن، رەوین" و هەروەها ↑سرگون sırgûn "دوور خرانەوە".

سلکین sılkîn *[sılkīn]* - "سڵ کردن": ↑سڵ sıl.

سلۆری slorî *[slorī]* - "گڕی ئاگر": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑قاڵ qal.

سلۆگان sılogan *[sılogān]* - "دروشم، شوعار": وشەیەکی ئینگلیزییە، slogan (E.)، دەچێتەوە سەر زمانی گالی *sluaghghairm (Gal.)* "قیژەی شەڕ" [گوڕڕاندن لە شەڕدا].

[تێبینی 1: وشە ئینگلیزییەکە دە زمانی ئەڵمانیدا وەک Schlagwort (G.) "تیتر، دروشم". وشە ئەڵمانییەکە لە دوو کەرت پێک هاتووە کە کەرتی یەکەمەکەی دەگەڵ وشە ئینگلیزییەکە و هەروەها دەگەڵ وشەی کوردمادی ↑شڵەقان şıleqan خزمە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان". کەرتی دووەمی وشە ئەڵمانییەکە مانای "وشە" دەدا و خزم دەگەڵ "ورتە"ی کوردی. Schlagwort دە زمانی ئەڵمانیدا بە وشەیەک یان چەند وشەیەک دەگوترێ کە بابەتێک بە شێوەیەکی بەهێز و کاریگەر نیشان دەدا یاخود پێناسە دەکا. تێبینی 2: لەژێر وشەی "دروشم"دا شی کراوەتەوە کە ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە دە ریشەدا مانای "کوتان، لێدان" دەگەیەنن و مەبەست لە دروشم [یان "درفش" دە زمانی فارسیدا] دە بنەڕەتدا بریتی بووە لە نەخش و نیگار و شەقڵێک کە وەک پێناسە لەسەر دار و بەرد و کانزا (بە لێدان و کوتان) دروست کراوە. هەروەها دە زمانی یۆنانیدا وشەکانی grámma (G.) [gráph-ma] "پیت، حەرف، نیشانە، خەت" و هەروەها typos (G.) "وێنە، شەقڵ، تیپ، جۆر، تایپ" پێوەندییان بە دوو کردارەوە هەیە کە مانای "لێدان، کوتان" دەبەخشن]. هەر بەم شێوەیە سلۆگان sılogan دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑*شڵەقان şıleqan* و ↑زللە zılle و ↑شەللاق şellaq و چەندین وشەی دیکە، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان".

سلەم sılem *[sılam]* - "پەیژە، تیردیوان": خزمە دەگەڵ klimmen (G.)، climb (E.)، clamber (E.)، climban (OE.)، klimban (OG.)، klembra (OIs.) "پێدا هەڵچوون، وە سەر کەوتن". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *glembh- ، کە خۆی لە ریشەیەکی کۆنتر پەرەی گرتووە، واتاریشەی ***glem- >***

(IE.) "ڕێکگوشین". klimmen (G.) "پێدا هەڵچوون، وە سەر کەوتن" دە زمانی ئەڵمانی ناویندا بەم مانایانەش بەکار هاتووە: "ڕێکوشین، قورنجاندن، چەنکَ پێدا گرتن". هەروەها دە زمانی ئەڵمانیدا klemmen (G.) هەیە بە مانای "ڕێککوشین، ئەوقاندن، دە گیر خستن، تەنگەتاو کردن، قایم کردن". ئەم پێوەندییانەی سەرەوە دەری دەخا کە مانای "وەسەر کەوتن، پێدا هەڵچوون" لێرە پێدا بووە کە مرۆڤ یان ئاژەڵ دەست (و قاچ)ی لە دار و بەرد گیر داوە، واتا چەنگی لە دار و بەرد قایم کردووە و بەم شێوەیە توانیویەتی بەسەر دار و بەرددا سەر بکەوێ. دە زمانی کوردیدا چەندین وشە پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکەن، وەک ↑کەڵەوە kelewe [کەڵەمە keleme] و ↑کرمەک kırmek و هتد.

[تێبینی 1: ئەم ریشەیە سەرەوە دەشێ خۆی بۆ ریشەیەکی دوورتر بگەڕێتەوە کە بریتییە لە *gel- *(IE.)* "ڕێکگوشین، پێوە نووساندن، پێکەوەنووساندن، تۆپەڵە کردن". ژمارەیەک زۆر وشە دە زمانی کوردیدا لەم ریشەوە پەیدا بوون کە هێندێکیان لەژێر ↑گلوو gılû دا باس کراون. لەم نموونەیەدا دەبینرێ کە ریشەیەکی هەرە بنەڕەتی بە مانای باسکراو بۆ ریشەیەکی دیکە پەرە دەستێنێ کە مانای "ئەوقاندن، دە گیر خستن، تەنگەتاو کردن، قایم کردن" دەبەخشێ و ئەمیشیان دیسان بۆ ریشەیەکی دیکە پەرە دەگرێ کە چەندین وشەی بە مانای "پێدا هەڵچوون، وە سەر کەوتن" لێ پەیدا دەبێ. تێبینی 2: ئەم وشانە دە پلەیەکی دوورتر دا دەبنە خزم دەگەڵ ↑قولاپ qulap ی کوردی و Klaue (G.) "چەنکَ، چەنگاڵ". دیارە ئەم ناوانەش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە قولاپ و چەنکَ و چەنگاڵ ئەو شتانە بوون کە لە شت گیر دراون، شتیان پێ ڕێککوشراوە و پێیان راگیر کراوە، بۆ وێنە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دۆخێک کە ئاژەڵێکی راوکەر چەنگی خۆی لە تیچێرێک قایم کردووە].

سڵەمینەوە sılemîn(ewe) *[sılamīnawa]* - "سڵ کردن": هەروەها سڵم sılm هەیە بە مانای "سرک، قوشقی، رەوەک". دەچێتەوە سەر ↑سڵ sıl کردن.

سم sım - "نینۆکی ئاژەڵ": سم som (P.). خزمە دەگەڵ Huf (G.)، hoof (E.)، hov (Sw.)، saph-h (OIn.)، safa (Av.)، kopyto (Rus.) "سم"، سەر بە ریشەی ***kopho- >**

(IE.) *kapho- , "سم، دەست". خزمە دەگەڵ ↑چەپڵە çeple، ↑چەپۆک çepok [بنەوشەی چەپ -çep واتا "دەست"، کەپ kep [کەپلەمە]، دە فارسیدا "کف kaf دست" واتا "بەری دەست"].

سمات sımat *[sımāt]* - "کەمرە": خزمە دەگەڵ Schmutz (G.)، smut (E.) "پیسی"، سەر بە ریشەی **>** ***(IE.) *(s)meu-*** "تەڕ، چەوڕ و چڵۆک".

سماتە sımate *[sımāta]* - "1- بەردێکی رەشی زوور و سەختە 2- کاغەزێکی زوورکراو بۆ سووانەوە": سنبادە sonbāde (P.). پێوەندە بە ↑سمین sımîn "کون کردن" [دە بنەڕەتدا: کارکردن بە ئامرازی تیژ، تاشین، تراش دان].

سماخ sımax *[sımāx]* - "ئاو دانی تیغ": پێوەندە بە ↑سمین sımîn "کون کردن" [دە بنەڕەتدا: کار کردن بە ئامرازی تیژ، تاشین، تراش دان].

سماق sımaq *[sımāq]* - "بەری دارێکە، ترشە و بۆ هێندێک چێشت کەڵکی لێ وەردەگیرێ": سماق somāq (P.). خزمە دەگەڵ schmecken (G.)، smecken (MG.) "چێژ لێوەرگرتن، مەزەکردن"، smac (OG.)، smack (E.) "چێژ، مەزە"، سەر بە ریشەی **>** ***(IE.) *smeg(h)-*** "مەزە کردن، چێشتن". لەم تێڕوانینەوە دەبێ ئەو ترشە بۆیە پێی گوترابێ "ترشی سماق"، چونکوو بۆ مەزەدان و خۆش کردنی چێشت کەڵکی لێ وەرگیراوە. وشەی ↑مەزە meze لەم ریشەوە هاتووە و لەم وشەیەدا فۆتیمی s کە دە ریشەکەی سەرەوەدا هەیە، سواوەتەوە و فۆتیمی g بووەتە z.

سماقە sımaqe *[sımāqa]* - "لەش رەق بوون لە سەرمان": وشەکە دە کۆندا زەما ک *zemak* یان زەماکَ *zemag* بووە. بنجی زەم -zem بە مانای "سارد و سڕی"یە و دە هێندێک وشەدا دەبینرێ، وەک

↑زستان *zıstan* [زمستان zımıstan]، ↑زمهەر zımher، زەمزیران zemzîran "گەردنەیەک لە تیوان مەهاباد و سەردەشت" ؟، ↑زماک zımak یان زماکَ zımag "نسار" و هتد.

سمت sımt - "کەفەڵ": خزمە دەگەڵ Hüfte (G.)، hup (OG.)، hip (E.)، hups (Gt.) سەر بە ریشەی< ***(IE.) *keu-*** "چەمانەوە". cubitum (L.) "ئانیشک" پێوەندی بەو ریشەوە هەیە. هەروەک چۆن دە زمانی لاتینیدا مانای وشەکە بریتییە لەو جومگەیەی کە دەست دەنوشتێتەوە، دە زمانی ئەڵمانیشدا مەبەست جومگەی کەفەڵە کە دەبێتە هۆی نووشتانەوەی لاق. دە زمانی کوردمادیشدا مەبەستی ئەسڵی هەر ئەوە بووە.

سمتە sımte [*sımta*] - "تولا، پێکەوەنووساوی رێککوشراو": [وەک سمتەگڵ]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑زەمۆمە zemome.

سمتین sımtîn [*sımtīn*] - سمتاندن sımtandın یش دەگوترێ. ئەمانە دوو شێوەی دیکەن لە ↑سمین sımîn "کون کردن".

سمڕاخە sımraxe [*sımrāxa*] - "چڵکی گوێ": خزمە دەگەڵ ↑سمرە sımre.

سمراو sımraw [*sımrāw*] - "(پیاوی) پتەو و توند گوشت": تێکسمراو têksımraw یش دەگوترێ. بڕوانە ↑سمێریان sımeryan "پتەو بوون".

سمرە sımre [*sımra*] - "دووگە": خزمە دەگەڵ Schmer (G.)، smero (OG.) "پیو، بەزی ئاژەڵ"، smör (Sw.)، smear (Sw.) "چەوری"، سەر بە ریشەی < ***(IE.) *smer-*** "چەوری". ئەم وشەیە دواتر دە زمانی کوردمادیدا وشەیەکی دیکەی لێ ساز بووە و بووەتە ↑هەویر hewîr.

سمسک sımsık - "چاوپیس، شووم": کەرتی سم -sım شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شووم şûm و دواجار خزمە دەگەڵ ↑شێو şêw "تاریکان". کەرتی دووەمی وشەکە پێویستی بە ساخ کردنەوە هەیە.

سمسیرە sımsîre [*sımsīra*] - "تڵتەی ترێی گوشراو": سەمیر semîr و سەمسیر semsîr یش دەگوترێ. پێک هاتووە لە دوو کەرتی سم + سیرە sım + sîre. کەرتی سم -sım خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە "تاریک بوون، تەڵخ بوون" دەکەن [بڕوانە ↑شێو şêw "تێوارەدرەنگَ"]. کەرتی دووەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شیرە şîre [یان شیلە şîle]. ئەو تڵتەیە شتێکی شیرەئاسای تەڵخ رەنگە.

سمقە sımqe [*sımqa*] - "زەوی نەرم و راست کە بێ جووت لێدان چەڵتووکی لێ دەچێنن". خزمە دەگەڵ ↑*ساماڵ samal* و ↑ساماڵە samale کردن بە مانای "خێشک لە شێوەرد دان". مانای ئەسڵی وشەکە "یەکدەست، هەموار"ە. ئاسمانی ساماڵ واتا ئاسماتیکی یەکدەست (شین) و بێ پەڵەهەور. هەروەها ساماڵە کردنی زەوی واتا هەموار کردنی. "سمقە"ش هەر ئەو مانایە دەبەخشێ و مەبەست زەوییەکە کە پێویستی بە هەموارکردن نییە.

سمۆرە smore [*smora*] - "ناوی ئاژەڵێکی تووکنی چکۆڵەیە کە وەسەر داران دەکەوێ و گوێز و بەڕوو کۆ دەکاتەوە":

1- لەوانەیە پێوەندی بە ↑سمین sımîn ەوە هەبێ و ئاماژە بە ددانە تیژەکانی ئەو ئاژەڵە بکا کە وەک ↑سمەک sımek گوێز دەبڕێ.

2- لەوانەیە پێوەندی بە ↑سمەر smer "ساقەتەدەخڵی وردکراو، کا" هەبێ.

سمەر smer [*smar*] - "ساقەتەدەخڵی وردکراو، کا": خزمە دەگەڵ ↑مارین marîn [ماردین mardîn] "شکاندن، ورد و خاش کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)mer-*** "رێککوشین، پشاوتن، رێخشاندن، ورد کردن، هاڕین".

سمەک sımek [*sımak*] - "ئامرازی کون کردن": ↑زمە zıme ش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر ↑سمین sımîn.

سمین sımîn [*sımīn*] - "کون کردن": سفتن softan و سمبیدن (P.) sombīdan. هەروەها سنبە sombe (P.) بە مانای "کون" دێ [سوراخ سمبە]. خزمە دەگەڵ Schmied (G.)، smid (OG.)، smith (OF.)، smed (Sw.) "ئاسنگەر"، سەر بە ریشەی *< (IE.) *smei-* "داتاشین، بڕین، کارکردن بە ئامرازی تیژ". smile (Gr.) "چەقۆی داتاشین و هەڵکۆڵین" و sminyē (Gr.) "پاچ" هەر لەو ریشەوە هاتوون.

سمێریان sımeryan [*sımeryān*] - "پتەو بوون": تێک سمران (tek)sımran یش دەگوترێ. تێکسمراو واتا پتەو و بەخۆوە:

1- یان خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑حەمرین hemrîn دا هاتوون و ئاماژە بە "سەخت و بەهێز بوون" دەکەن و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەرد، کەڤر".

2- یان دەنا خزمە دەگەڵ ↑سمرە sımre "دووگە، بەز، چەوری". لەم تێڕوانینەوە سمێریان یاخود تیکسمران دەتوانێ بە مانای "قەڵەو بوون" بێ و لەمەوە دواتر مانای"پتەو و بەهێز بوون"ی پەیدا بووبێ. سەبارەت بە پێوەندی ئەم دوومانایانە پێویستە ئاماژە بە وشەی "قەڵەو" بکەین کە دە بنەڕەتدا ماناکەی "بەهێز" بووە.

سمێڵ sımel [*sımel*] - "مووی بان لێو": سبیل (P.) sebīl. خزمە دەگەڵ (OG.) scubil "چەپکەموو، چەپکە گیا"، (E.) sheaf "باقە، چەپک"، (Rus.) čub "پۆپە، کاکۆڵ" و خزمە دەگەڵ ↑ساپ sap "خەرمان" و ↑چەپک çepk "باقە".

سن sın - "1- لووتکەی چیا 2- داری دوولک بۆ بادانی پێستی ئاژەڵ". خزمە دەگەڵ ↑دوند dund، ↑دوندووک dunduk، ↑ددان d(d)an. وشەکانی (G.) zinne و (G.) zinke بە مانای "ددانە، نووکی تیژ و دەرپەڕیو" خزمن دەگەڵ (G.) Zahn "ددان". ئەم وشەی دواییش خۆی خزمە دەگەڵ د(د)ان d(ıd)an.

سنت sınt - "هەویرێکە هەنکَ دیواری خەڵێفی پێ سواخ دەدەن": ستێتر sınêtır ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ (G.) kneten، (OG.) knetan، (Nl.) kneden، (Sw.) knada "هەڵشێلان، هەویر کردن، بە هەویر کار کردن"، (Rus.) gnesti "گوشین، رێککوشین"، سەر بە ریشەی *< (IE.) *gnet-* "گوشین، رێککوشین، تۆپەڵە کردن". ↑سند sınd [سندەگڵ sındegıl] واتا "تۆپەڵەگڵ، گڵێکی رێککوشراو" پێوەندی بەم ریشەوە هەیە. لەم ریشەوە چەندین وشە دیکە دە زمانی کوردمادیدا سەریان هەڵداوە، وەک ↑گنج gınc، ↑خونچە xunçe، ↑گونجان guncan، ↑قوتیر *quner*، ↑قونچک qunçık و ↑قۆندەرە qondere و هتد.

سنجاخ sıncax [*sınjāx*] - "دەرزیلەیەکە بوی شت پێ قایم کردن": سنجاق sıncaq یش دەگوترێ. (P.) sanjāq "سنجاخ" و سنجاقک (P.) sanjāqak "پووشکەبەقوونە". هەروەها ↑سنجووق sıncûq هەیە بە مانای "داردەستی سەردادراو کە منداڵ کایەی پێ دەکەن". بەم کایەش دەگوترێ سنجووقێن sıncûqên. وەک دەبینین "سنجاق" و "سنجووق" ئاماژە بە شتی نووک تیژ دەکەن کە بۆ تیهەڵچەقاندن بەکار دێن. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑سینکَ[2] sîng [سنکَ sıng] "مێخی ئەستووری لە دار یان ئاسن".

سنجڕ sıncır [*sınjır*] - "بڵێسەی ئاگر": هەروەها سنجران sıncıran و سنجراندن sıncırandın هەیە بە مانای "بڵێسەدار بوون" و "وە بڵێسە خستن"ی ئاگر. خزمە دەگەڵ ↑زەنکَ[3] zeng [ڕۆنی زەنکَ واتا ڕۆنی قاڵبوو].

سنجک sıncık [sınjık] - "دەفری گڵین بۆ بن بێشکەی منداڵ": خزمە دەگەڵ ↑سندۆڵ sındol.

سنجووق sıncûq [*sınjūq*] - "داردەستی سەردادراو کە منداڵ کایەی پێ دەکەن": بڕوانە ↑سنجاخ sıncax "دەرزیلەیەکە بوی شت پێ قایم کردن".

سنجەق sınceq [*sınjaq*] - "مەڵبەند": خزمە دەگەڵ ↑شەنگڵ *şengıl* "پێکەوەنووسان" و ↑زەنگەتە zengete [↑زانقەلە zanqele]. مەبەست لە "سنجەق" کۆمەڵەئاواییەکە کە پێکەوە بەند و گرێدراون، هەر وەک دەنکەترێکان لەناو زەنگەتەیەکدا. لەوانەیە فۆتیمی ج c شێوەی عەرەبێنراوی g بێ، واتا وشە کوردماددییەکە دە ئەسڵد "زەنگەک/ سەنگەک" بووبێ.

سندان sından *[sındān]* - "دەزگای شت لەسەر کوتان": سندان sendān (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑زەنگ[1] zeng "لێدان" [زەبر و زەنگ]، ↑زنج zınc "ئامرازێکی مۆسیقا"، ↑ژەندن jendın و ↑ژەنین jenîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان".

سندانک sındank *[sındānk]* - "کووپەڵە": خزمە دەگەڵ ↑سندۆڵ sındol.

سندریک sındrîk *[sındrîk]* "تابووت": خزمە دەگەڵ ↑سندۆڵ sındol.

سندم sındım - "بەندی پێ لە ئاسن": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑زنجیر zıncîr و ↑زیندان zîndan و ژمارەیەک وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن، بەستنەوە".

سندووق sınduq *[sındūq]* - ئەم وشەیە وشەیەکی عەرەبی نییە و ریشەکەی بۆ زمانی کوردمادی دەگەڕێتەوە. خزمە دەگەڵ ↑سندۆڵ sındol "دەفری لە دار یان بەرد بۆ ساوارکوتان".

سندۆڵ sındol - "دەفری لە دار یان بەرد بۆ ساوارکوتان": جگە لەم وشەیە چەند وشەی دیکەش هەن کە سەر بە یەک خێزانەوشەن، وەک ↑سندانک sındank "کووپەڵە"، ↑سنجک sıncık "دەفری گڵین بۆ بن بێشکەی منداڵ"، ↑سندریک sındrîk "تابووت" و ↑سندووق sınduq. هەموو ئەم وشانە چەمکی "دەفر" لە خۆ دەگرن و وێ دەچێ خزم بن دەگەڵ ↑کەندوو kendu "دەفری زلی دارین بۆ دەخڵ و دان". ئەم وشەیە خۆی دەچێتەوە سەر کەند kend "قووڵ" و ↑کەندن *kendın* [هەڵکەندن] واتا "قووڵ کردن".

[تێبینی: دە زمانی کوردمادی و زمانە ژێرمەنییەکاندا دوو چەمکی "قووڵ" و "دەفر" پێوەندی نیزیکیان بە یەکەوە هەیە، بۆ وێنە "زەرف" خزمە دەگەڵ "ژرف"ی فارسی بە مانای "قووڵ"، یان "تاوە" (ئافتاوە) خزمە دەگەڵ "تاپی" بە مانای خەندەک (کۆنتر: کەندەک)].

سندە sınde *[sında]* - "کڵۆ، تۆڵا، پێکەوەنووساو، تۆپەڵەبوو": [سندەگڵ sındegıl]. خزمە دەگەڵ ↑سنت sınt "هەویرێکە هەنکێ دیواری خەڵیفی پێ سواخ دەدەن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *gnet- >*** "کوشین، رێککوشین، تۆپەڵە کردن".

سنسل sınsıl - "بڕبڕەی پشت": خزمە دەگەڵ ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوەنووسان".

سنکۆڵک sınkolk - "قووڵینکێ": کەرتی سن sın(k)- دەبێ خزم بێ دەگەڵ:

1- سندان sından سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان".

2- یان خزمە دەگەڵ ↑جنین cınîn سەر بە ریشەی ***(IE.) *sneit- >*** "بڕین".

سنگێ sıng *[sıng]* - "دەرزی زەلامی جەواڵ دوورین": خزمە دەگەڵ ↑سنجاخ sıncax "دەرزیلە بۆ شت پێ قایم کردن".

سنگە sınge *[sınga]* - "دەرپەڕیو لە شتێک": هەروەها ↑سنگەک sıngek هەیە بە مانای "زیپکە".

1- ئەم وشانە یان خزمن دەگەڵ ↑سن sın "لووتکە" [دە بنەڕەتدا: دەرپەڕیوی]. زیپکە ئەو شتەیە کە لە سەر پێست دەردەپەڕێ و قوت دەبێتەوە. [وشەی "زیپکە"ش خۆی خزمە دەگەڵ "زۆپ" بە مانای "زەق، دەرپەڕیو، هەڵتۆقیو"].

2- یان لەوانەیە خزم بن دەگەڵ ↑سندە sınde "کڵۆ، تۆپەڵە، خڕکە". لەم بارەوە بروانە ↑قوتیر quner "کوان".

سنگەک sıngek *[sıngak]* - "زیپکە": بڕوانە ↑سنگە sınge "دەرپەڕیو لە شتێک".

سنلە sınle *[sınla]* - "تەپەگوو": خزمە دەگەڵ ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوە نووسان".

سنوور sınûr *[sınūr]* - "مەرز، کەوشەن": لە وتاری بەڕێزێکدا خوێندمەوە [بەداوای لێبووردن کە ناوەکەی نایەتەوە بیرم] کە ئەم وشەیە دە زمانی یۆنانیشدا بەکار دێ. من دڵنیا نیم کە ئەم وشەیە بە ئەسڵ کوردمادی یان یۆنانی یان هاوبەش بێ. بەڵام دەکرێ شیمانەی ئەوە بکەین کە بە ئەسڵ وشەیەکی کوردمادی بێ. ئەم وشەیە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑کەنار kenar. وەک ئاشکرایە سنوور یان مەرزەکانی وڵاتێک شتێک نییە جگە لە کەنارەکانی ئەم وڵاتە. سەبارەت بەم پێوەندی دوو چەمکی

"سنوور" و "کەنار" دەتوانین ئاماژە بە وشەی "مەرز" بکەین کە خزمە دەگەڵ وشەی لاتینی marginal "لاوەکی، لە قەراخ وەستاو].

سنوورچە sınûrçe [*sınūrča*] - "چرۆ، لکی تازەدەرهاتوو": خزمە دەگەڵ ↑قوتیر quner "کوان، دومەڵ".

سنۆ sıno - "باڵغ بوونی سەکَ": خزمە دەگەڵ senex (L.) hénos (Gr.)، sána-h (OIn.) "پیر، بەساڵداچوو"، senatus (L.) "جڤاتی پیران"، senator (L.) "ئەندامی جڤاتی پیران". وشەی شیخ šayx (Arb.) لەم وشانە وەرگیراون. هەروەها سن sinn (Arb.) "تەمەن" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

سنەوبەر sınewber [*sınawbar*] - "ناوی دارێکی دەرزیدار": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Kiefer (G.)، Kienforha (OG.) "سنەوبەر". وشەکەی ئەڵمانی کۆن خۆی لە دوو وشە پێک هاتووە و لە ئەنجامی سواونەوە دە ئەڵمانی نوێدا بووەتە یەک وشە. کەرتی دووەمی وشەکەی ئەڵمانی کۆن forha دە بنەڕەتدا بە مانای داربەڕوو بووە و خزمیشە دەگەڵ "بەڕوو". کەرتی یەکەم kien دە بنەڕەتدا بە مانای "قەڵشدار، دەرزدار، قەڵشێنراو" بووە. cinan (OE.) بە مانای "قەڵشاندن" و cinu (OE.) بە مانای "قەڵش، دەرز" بووە. ئەم وشەی دوایی دەچێتەوە سەر ریشەی ***gēi- >** *(IE.)* "قەڵشان، لێک جودا بوونەوە". وێ دەچێ وشەی ↑چنار çınar یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. رەنگە ئاماژە بە قەڵش قەڵش بوونی گەڵای ئەو دارانە کرابێ.

سنەی sıney [*sınay*] - "جۆرێک ترێ": خزمە دەگەڵ ↑قوتیر quner "کوان، دومەڵ".

[تێبینی: لە باری ماناوە بەراوردی ئەم دوو وشەی سەرەوە بکە دەگەڵ *گلە* "دەنکەترێ" و "گۆڵە" (زیپکە وکوانی سەر زمان)].

سنێ sıne [*sıne*] - "دارێکە لە مل و کەلەکەی ئاژەڵی دەبەستن تا دەمی نەگاتە برینی خۆی": خزمە دەگەڵ ↑سندم sındım سەر بە ریشەیەک بە مانای "بەستن، بەستنەوە".

ستێژە sınêje [*sıneža*] - "ئامرازێکی دەزگای جۆڵایی": خزمە دەگەڵ ↑چنین çınîn "تەون کردن".

سواپ suwap [*suwāp*] - "بەردی تەنکی پان": ساپ sap یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Scheibe (G.)، sciba (OG.)، skive (OF.)، skiva (Sw.) "سەفحە، شتی پان وتەنک". ئەم وشە ژێرمەنییانە دە بنەڕەتدا بە کوتی پان و تەنک گوتراون کە لە قەدی دار بڕدراون. ئەم وشەیە دەبردرێتەوە سەر ریشەی ***škei- >** *(IE.)* "بڕین". لە لایەکی دیکەوە هێندێک وشە دە زمانە ژێرمەنییەکاندا هەن وەک schaben (G.)، shave (E.)، skava (Sw.) "کڕاندن، ساوینەوە، داتاشین"، سەر بە ریشەی ***ske-bh- >** *(IE.)* "کڕاندن، سوونەوە و داتاشین بە شتی تیژ". دە کتێبە ئێتیمۆلۆژییەکانی زمانی ئەڵمانیدا ئاماژە بە پێوەندی وشە ژێرمەنییەکانی Scheibe "سەفحە" و schaben "کڕاندن، داتاشین" نەکراوە، بەڵام هەم لە رووی ماناکانی ئەم وشانە و هەمیش لەرووی ریشەکانیانەوە [-skei و -ske-bh] پێوەندی ئەم دوو وشەیە بە باشی دەردەکەوێ. ئەم دوو وشە ئەڵمانییە دەبێ دواجار لە ریشەیەکەوە سەرچاوەیان گرتبێ و هەروەها خزمیش بن دەگەڵ ↑سواڵەت suwalet "(لەت و پەتی) دیزە و گۆزە"، ↑ساوین sawîn و↑ سوان suwan.

لەم تێڕوانینەوە دەتوانین سواپ/ ساپ ببەینەوە سەر کرداری سوان و ساوین. وشەی ↑ساف[2] saf یش بە مانای "یەکدەست، تەخت، رێک، داتاشراو" دەبێ هەرلەم چوارچێوەیەدا جێی دەگرێ. ساوین [دە فارسیدا سابیدن sābīdan (P.)] هەروەک وشە ژێرمەنییەکان دە بنەڕەتدا بە مانای "کڕاندن و داتاشین و ساف کردن بە شتی تیژ" بووە و دواتر ماناکەی زۆرتر پەرەی سەندووە. لێرەدا وشەی صفحة sefĥe (Arb.) "سەفحە" [ساپە؟] سەرنج رادەکێشێ و دەشێ ئەمەش وشەیەکی بە ئەسڵ عەرەبی نەبێ و لە زمانی کوردمادی وەرگیرابێ.

سواخ suwax [*suwāx*] - "قوڕ تێهەڵسوون و پێداماڵین": خزمە دەگەڵ کرداری *تێهەڵسوون* [بڕوانە ↑سوون sun، ↑سوان suwan، ↑*ساوین sawîn*].

سوار suwar [*suwār*] - "دژبەری پیادە": aspbrak (Pl.). دە شێوەزاری زازاییدا دەگوترێ ئەسپار aspār . [بڕوانە فەرهەنگی پەهلەوی، ل. 28]. وێ دەچێ وشەکە لە دوو کەرتی ئەسپ esp و بارەک barek پێک هاتبێ. کەرتی دووەم جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ بر ber (P.) "سەر، لەسەر". لەم تێڕوانینەوە سوار واتا ئەو کەسەی لەسەر ئەسپە.

سواژ sıuwaj [*suwāž*] - "جەنگ، شەڕ": سواش suwaş یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑سفت sıfıt "توند، سەخت" [دە بنەڕەتدا: توند و تیژی].

سواڵ suwal [*suwāl*] - "گەدایی، پارسە": دەچێتەوە سەر سوال sual (Arb.) "پرس". شیاوی باسە کە تیوان دوو چەمکی "گەدایی" و "پرسین"دا پێوەندی هەیە. دوو وشەی "پرسین" و "پارسە کردن" ئەم پێوەندییە بە رووونی دەردەخەن. مەبەست لە "پارسە کردن" دە بنەڕەتدا "پرسین" بووە سەبارەت بە بەجێ هێنانی داواکارییەک.

[تێبینی: لەباری پێوەندی ماناکانی سەرەوە بە یەکدی وشەی ask (E.) جێی سەرنجە، کە هەم بە مانای "پرسین" دێ و هەمیش بە مانای "داوا کردن"].

سواڵەت suwalet [*suwālat*] - "(لەت و پەتی) دیزە و گۆزە": سفال sofāl (P.) "دیزە و گۆزە، شتی گڵینی سوورەوەکراو". دە زمانی فارسیدا هەروەها سبو sabū (P.) هەیە بە مانای "گۆزەڵە". وشە کوردماداییەکە دەبنەڕەتدا سواڵ + لەت suwal + let بووە بە مانای "لەت و پەتی دیزە و گۆزە". خزمە دەگەڵ Schaff (G.)، scapf (OG.) "دەفر"، scaphium (L.) "دەفر، تەشت، قاب و قاچاخ"، scapha (L.) "قایق، بەلەم"، Schiff (G.) "کەشتی"، سەر بە ریشەی ***skā-bh* < *(IE.)* "ساوین، کڕاندن، تاشین". بەم پێیە وشەکە دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ساوین sawîn.

سوان suwan [*suwān*] - "رێخستران، توێژ لێکرانەوە، ساف و تەخت بوون": دەچێتەوە سەر ↑سوون sun و↑ساوین sawîn.

سوان(ە) suwan(e) [*suwāna*] - "لێواری سەربان": سواندە suwande و سێڤاندە sevande ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑سیڤان sîvan "چەتری بەرخۆر" و شێوەیەکی دیکەیە لە↑سەیوان seywan "*سایەبان*". سوانە بەو لێوارەی سەربان گوتراوە کە دێتە پێشەوە و سێبەر دروست دەکا.

سوپا supa [*supā*] - "لەشکر، قۆشەن": سپا sıpa ش دەگوترێ. سپاه sepāh (P.). ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەند وشەیەک دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا کە ئاماژە بە لەبەریەک کشانەوە، بەربڵاوی، زۆری و فرەیی و دوور و درێژی دەکەن و دەچنەوە سەر ریشەی ***sp(h)ē(i)-* < *(IE.)* "لەبەر یەک کشانەوە، هەراو بوونەوە، درێژ بوونەوە". خزمە دەگەڵ ↑زاف zaf و↑ زۆر zor و ↑ئەسپایی espayî [ئە + سپایی]. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ spatium (L.) "فەزا" و spahr (Pl.) "ئاسمان، گەردوون" و ↑سفرە sıfre.

سوختە suxte [*suxta*] - "خوێندکاری سەرەتایی دە دەرسی ئایینداا، تازەفەقێ": ئەم وشەیە ناتوانێ پێوەندی بە "سوختن"ی فارسی واتا "سووتان"ەوە هەبێ، چونکوو لەم مانایەوە ناتوانین مانای "خوێندکار، فەقێ" هەڵێنجین. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑دۆزین dozîn "پشکنین، بە شوێندا گەڕان"، [دوزینەوە dozînewe "پەیدا کردن"]، ↑سەچتین seçtîn "پشکنین" و ↑سۆسە sose کردن "بە گومان دۆزینەوەی نەهێنی". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ suchen (G.)، suohhen (OG.)، sōkjan (Gt.)، seek (E.)، söka (Sw.) "بەدوادا گەڕان، دۆزین، پەیدۆزی کردن"، سەر بە ریشەی ***sag-* < *(IE.)* "دۆزین، سەچتین". sagire (L.) "هەست کردن، سۆسە کردن"، saigim (OIn.) "دەیدۆزم، بە شوێندا دەگەڕێم"، hēgeīsthai (Gr.) "بەرەو پێش چوون" خزمن دەگەڵ وشەکانی سەرەوە.

[تێبین: دە زمانی عەرەبیدا وشەی طلبة "خوێندکار" دە بنەڕەتدا مانای "خوازیار" دەبەخشێ، واتا کەسێک کە خوازیاری زانستە و بە دوایدا دەگەڕێ].

سوخمه suxme *[suxma]* - "کولێجه": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ Schuh (G.)، scuoh (OG.)، skōhs (Gt.)، shoe (E.)، sko (Sw.) "کەوش، پێڵاو". وشە کوردی و ژێرمەنییەکان هەروەها هەڵسەنگینە دەگەڵ ↑چەکمە çekme. ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)keu- >*** "داپۆشین". لەم ریشەوە گەلێک وشە دە زمانی کوردمادی و زمانە ژێرمەنییەکاندا سەرچاوەیان گرتووە کە بە مانای سەرپۆش، سەرپەنا، تێپێچ و جلو بەرکێ بەکار دێن. دە زمانە کوردمادیدا بۆ وێنە ↑قایش qayış ["قایش" هەڵسەنگینە دەگەڵ ↑هەیاسە heyase]، ↑هۆدە hode دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە.

سوڕ sur - "جێگەی سەربەرێژێری خلیسک": سر sor (P.) "خلیسک". خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە ئاماژە بە "خلیسک" و "خلیسکان" دەکەن، وەک ↑سل sıl [سلەگوو]، ↑سۆرک sorık "ئاوهەڵدێر، تاڤگە"، ↑سوول sul "پلوسک، ئاوهەڵدێر"، ↑سولاڤ sulav "ئاوهەڵدێڕ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "تەڕ و لیچق بوون، لووس و خلیسک بوون". slippen (Nl.) و slip (E.) "خلیسکان" لەم ریشەوە هاتوون. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شەڵپین şelpîn و چەندین وشەی دیکە دە زمانی کوردمادیدا.

سورک surık - "حەوزی حەمام":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑*سوڕ sur* "جێگەی سەربەرێژێری خلیسک"، ↑سۆرک sorık "ئاوهەڵدێر، تاڤگە"، ↑سوول sul "پلوسک، ئاوهەڵدێر"، ↑سولاڤ sulav "ئاوهەڵدێڕ" و هتد. لەم تێڕوانینەوە مەبەست لە وشەکە خودی حەوز نەبووە، بەڵکوو ئەو شوێنە بووە کە ئاوی پێدا هاتووەتە خوار بۆ ناو حەوزەکە.

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑گۆل gol و ↑جوڕنە curne "خەزێنەی حەمام".

سورمە surme *[surma]* - "کل، تۆزی زێو بۆ چاوڕشتن": لەوانەیە پێک هاتبێ لە سور sur + مە me و کەرتی یەکەم دەگەڵ ↑خۆڵ xol و کەرتی دووەمیش دەگەڵ ↑ماک2 mak "ئاسۆ"، ↑مژ *mıj*، ↑مێش mêş خزم بێ و تیکرای وشەکە بە مانای "تۆزی رەش" [خۆڵەمێش] بێ.

سوزمە suzme *[suzma]* - "پاڵۆینە": خزمە دەگەڵ seihen (G.) و sigan (OE.) و sia (OIs.) "چکان، تکان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *seik- >*** "دڵۆپاندن، چۆڕاندن". ↑چکان çıkan و ↑تکان tıkan یش دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە.

سوژن sujın *[sužın]* - "تەبەنە، جەواڵدوز": سوزن sūzan (P.) "دەرزی". خزمە دەگەڵ siuwen (OG.)، sew (E.)، sy (Sw.)، siujan (Gt.) "دروون، دروومان کردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) * seu-, *siu- >*** "بەستن، لێکبەستن، دروون". sivayati (OIn.) "دەدرۆی"، syuman (OIn.) "تەقەڵ، دەزوو"، sutra-m (Gr.) "دەزوو"، suere (L.)، şît (Rus.) "دروون" پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە.

سوکرە sukre *[sukra]* - "مەنجەڵ لە گڵی سوورەوەکراو": خزمە دەگەڵ ↑سەکرە sekre "جام، پیاڵە" [ساغر saġer (P.)] و دواجار ↑زیخ zîx و ↑*زاخ zax* "بەرد". دە بنەڕەتدا ئاماژە بە سوور کردنەوە و بەرداندنی قوڕ دەکا.

سونگی sungî *[sungī]* - "تیزە":

1- لەوانەیە پیوەندی بە سینکَ[2] sîng ەوە هەبێ بەمانای "داری نووک تیژ یان مێخ بۆ چەقاندن".

2- یان لەوانەیە پێوەندی بە زەنکَ[1] zeng ەوە هەبێ [زەبر و زەنکَ].

سوهان suhan *[suhān]* - "ریخ، شیاکە": خزمە دەگەڵ ↑سوهن suhın.

سوهن suhın - "سام، هەیبەت": جگە لەمە ↑سوهان suhan هەیە بە مانای "ریخ، شیاکە" و ↑سۆهانە sohane"ناوی هۆزێکی کورد". ئەم وشانە هەر چەند لە مانادا زۆریان جیاوازی دەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام لەباری ئیتیمۆلۆژیکەوە پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑سۆکین sokîn "بناخە، خیم" و چەندین وشەی دیکە وەک ↑*ساخ sax* و ↑سەخت sext. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سەخت بوون، بە هێز بوون" و لە هەمان کاتدا مانای "بە دەسەڵات بوون، زاڵ بوون"یش

دەبەخشن. مەبەست لە "سوهن" دە بنەڕەتدا ئەو شتە یان ئەو کەسەیە کە بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ و لەمەوە مانای "سام، هەیبەت" پەیدا بووە. [ئەم وشەیە دەبێ وەک überwältigen ی ئەڵمانی بەکارهاتبێ کە ماناکەی دەبێتە "بەسەردا زاڵ بوون، هێز لێ بڕین، سەرسام کردن". ئەم وشە ئەڵمانییەش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەهێز بوون، زاڵ بوون" و خزمە دەگەڵ "پاڵەوان"]. سەبارەت بە مانای "شیاکە" وا پێ دەچێ کە ماناکە "کەمرە" بووبێ، واتا شیاکەی پەستیوراو، رەق و سفت. سەرنج بدە کە وشەکانی "کەمرە"، "خیم یان هیم" بە مانای بناخە و هەروەها "قەمرین" بە مانای "سەهۆڵ بەستن" لە یەک ریشەوە هاتوون و هەر ئەم پێوەندییەش لە تیوان "سوهن" و "سوهان" و "سەهۆڵ"یش لە ئارادایە. هەروەها وشەی سۆهانە sohane وەک ناوی هۆزێکی کورد ماناکەی دەبێتە "سەخت، بەهێز، قەوی". ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ سوهان souhan (P.) "بەردی تیژ کردن" [دە بنەڕەتدا: بەرد، هەروەها سەخت وەک بەرد]. وەک لەژێر وشەی "سۆران"دا باس کراوە، ناوی زۆرێک لە ناوچە و هۆزە کوردەکان لەو ریشانە وەرگیراون کە مانای "سەخت، بەهێز، قەوی" دەبەخشن.

سویتە sıwîte *[sıwīta]* - "قولکەی داو تیدا نانەوە": سووت sut یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑کون kun دا باس کراون، بەتایبەتی هەڵی سەنگینە دەگەڵ کاویدن kāvīdan (P.) "هەڵکەندن، قووڵ کردن".

سوێ suwe *[suwe]* - "حەز، تامەزرویی و تاسەی بە ژان": سۆ so ش دەگوترێ.

1- لە لایەکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ sehnen (G.) و senen (OG.) "سۆ کردن، تاسە کردن، ئارەزوو کردنی بە تین و بە ژان"، senlich (G.) "تاسەبار، تاسەبارانە"، sen(e)lich (MG.) "خەمخۆرانە، پڕتیش و ئازار"، sehnsucht (G.) "تاسەباری، ئارەزووی دەروونی پڕ ئیش، نۆستالژی". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە نەدۆزراوەتەوە.

2- لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە پێوەندی بە ↑سۆز soz و سووتان sutan ەوە هەبێ. لەم تێڕوانینەوە هەروەک چۆن دەگوترێ "لە تاوی تۆ" [تاو، تین، گەرما] یان "لە شەوقی تۆ" [شەوق، شەبەق، رووناکی]، هەر بەم جۆرەش گوتراوە "لە سۆی تۆ".

سوێر suwer *[suwer]* - "پڕخۆی": ↑سۆر sor یش دەگوترێ. شور šūr (P.). خزمە دەگەڵ sauer (G.)، sūr (OG.)، zuur (Nl.)، sour (E.)، sur (Sw.) "ترش". ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ sūras (Lit.) "سوێر" و sūris (Lit.) "پەنیری سوێر" [خزم دەگەڵ ↑شیرێژ şîrej]، syr (Rus.) "پەنیر" و syroj (Rus.) "تەڕ، خاو، ترش"، سەر بە ریشەی ***sura-** > ***(IE.)*** "ترش، سوێر، تەڕ".

سوێس soes *[soes]* - "تارمایی، رەشایی لە دوورەوە": خزمە دەگەڵ ↑سێ se "سێبەر" سەر بە ریشەی ***skot-** > ***(IE.)*** "سێبەر، تاریکایی". skotos (Gr.) "تاریک" لەم ریشەوە هاتووە. ئەم وشانەی خوارەوەش هەر لەم پێوەندییەدا جێی شی کردنەوەن: ↑سۆسکە soske یان سوێسکە suweske "باڵدارێکە وەک کەو بەڵام بۆرە" و↑سووسەلێ susele "بزنی رەشی دەم و چاو سوور".

سوێند suwend *[suwend]* - سوگند sougand (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ schwören (G.)، swerian (OG.)، swaran (Gt.)، swear (E.)، svärje (Sw.) "سوێند خواردن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ swaran (OG.) و answer (E.) "وڵام دانەوە" و svara (Rus.) "کێشە" [دە بنەڕەتدا: قڕە، هەرا] سەر بە ریشەی ***suer-** > ***(IE.)*** "ئاخافتن، قسە کردن".

[تێبینی: یەکێک لە گۆڕانەکانی فۆنۆلۆژی زمانی فارسی، گۆڕانی فۆتیمی بە یە. زۆر رێی تێ دەچێ کە فۆتێمی دە وشە فارسییەکەدا گۆڕانی بەسەر داهاتبێ و شێوەی وشەکە دە زمانی کوردیدا کۆنتر بێ: سوێند s(u)wend ← سوگند sougend (P.)].

سوێنە suwene *[suwena]* - "تەشتی سوفال، کەشکی تیدا دەسوونەوە": خزمە دەگەڵ سوون و ↑ساوین sawîn. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سوالەت suwalet.

سوو su *[sū]* - ↑سووچ suç. [ده وشه‌ی سێ سوو، چوارسوودا]. وشه‌که ده بنه‌ڕه‌تدا به واتای "زه‌قایی، ده‌رپه‌ڕیوی"یه و پێ ده‌چی وشه‌ی سو su (P.) " لا، ئاراسته" پێوه‌ندی به‌م وشه کوردماددییه‌وه هه‌بێ.

سووتان sutan *[sūtān]* - "ئایسان، گڕ گرتن": ↑شه‌وتین şewtîn یش ده‌گوترێ. سوختن sūxtan (P.).

1- یان خزمه ده‌گه‌ڵ ↑سپی sıpî [کۆنتر: سپید sıpîd] سه‌ر به ریشه‌ی ***(IE.) *kueit- >*** "هایسان، ده‌وشانه‌وه".

2- یانیش خزمه ده‌گه‌ڵ Schwaden (G.) "ته‌م، هه‌ڵم"، swađul (E.) "دووکه‌ڵ"، swedan (OG.) "سووتانی وێرای دووکه‌ڵ کردن"، svīđa (OIs.)، svida (Sw.) "سووتان، کزانه‌وه"، سه‌ر به ریشه‌ی ***(IE.) *sueid- >*** "هایسان، ده‌وشانه‌وه".

[تێبینی: وێ ده‌چێ ئه‌و دوو ریشه هیندوئه‌وروپییه‌ی سه‌ره‌وه ده بنه‌ڕه‌تدا هه‌ر یه‌ک ریشه بن و یه‌کیان له‌وه‌ی دیکه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتبێ].

سووتوو sutu *[sūtū]* - "خۆڵه‌مێشی جگه‌ره و هتد":

1- له لایه‌که‌وه له‌وانه‌یه پێوه‌ندی به کرداری ↑سووتان sātan ه‌وه هه‌بێ.

2- دووریش نییه وشه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ بێ و خزم بێ ده‌گه‌ڵ soot (E.)، sōt (L.)، sót (ON.) "قورم، دووده". ئه‌م وشانه ده‌بردرێنه‌وه سه‌ر ریشه‌یه‌ک به مانای "نیشتن" و ده‌بنه خزم ده‌گه‌ڵ ↑نیشتن nîştın. وه‌ک ده‌زانین قورم یان دووده له‌سه‌ر شت ده‌نیشێ.

سووته sute *[sūta]* - "جووڵاندنی کلک"، بۆ سه‌کَ به‌کار دێ [کلکه سووته]. خزمه ده‌گه‌ڵ ↑سڤک sıvık "سووک".

سووچ suç *[sūč]* - "گۆشه": ↑سیک sîk یش ده‌گوترێ. خزمه ده‌گه‌ڵ ↑سیچکه sîçke "خونچه‌ی تازه" و ↑چووزه çuze "چه‌که‌ره، تێرتکی گیا". ئه‌م وشانه ده‌چنه‌وه سه‌ر ریشه‌یه‌ک به مانای "ده‌رپه‌ڕین، زه‌ق بوون".

[تێبینی: پێوه‌ندی دوو چه‌مکی "ده‌رپه‌ڕین، ده‌رپه‌ڕیو بوون" له لایه‌ک و " گۆشه و قه‌راخ" له لایه‌کی دیکه‌وه ده زمانه‌کانی دیکه‌شدا ده‌بیندرێ، بۆ وێنه Ecke (G.) "سووچ، گۆشه" ده‌چێته‌وه سه‌ر ریشه‌یه‌ک به مانای "تیژ، تیژایی"]. وشه‌کانی ↑زه‌ق zeq و ↑سیخ sîx یش پێوه‌ندییان به‌م وشانه‌ی سه‌ره‌وه هه‌یه.

سووخ sux *[sūx]* - "زوقم": خزمه ده‌گه‌ڵ ئه‌و وشانه‌ی له‌ژێر ↑سه‌ق seq دا شی کراونه‌وه.

سووخار suxar *[sūxār]* - "جۆخین": بنه‌وشه‌ی سووخ -sux شێوه‌یه‌کی دیکه‌یه له جۆخ -cox ده وشه‌ی ↑جۆخین coxîn دا.

سوود sud *[sūd]* - "قازانج، به‌هره": جێی هه‌ڵسه‌نگاندنه ده‌گه‌ڵ ↑سات sat[2] [سوور و سات].

سوور sur[1] *[sūr]* - "ره‌نگی خۆین": سۆر sor یش ده‌گوترێ. سرخ sorx (P.). ده "فرهنگَ ریشه‌شناختی زبان فارسی"دا (ل. 45) سه‌باره‌ت به وشه‌ی ئاڵ al 3 "سووڕی کاڵ" به‌راوردی ئه‌م وشه‌یه کراوه ده‌گه‌ڵ harda- (OI.) "سوور"، سه‌ر به ریشه‌ی ***(IE.) *sor-, *ser- >*** "سوور". ئه‌م سه‌رچاوه‌یه به‌ڵام ئاماژه‌ی به چ وشه‌یه‌کی خزم ده زمانه‌کانی دیکه‌دا نه‌کردووه که له‌م ریشه‌وه سه‌ری هه‌ڵدابێ.

سوور sur[2] *[sūr]* - "1- ئاشکرا، دیار 2- ره‌پ و راست گوتن 3- پێداگر": به هه‌ر سێ ماناکه‌یه‌وه رێک ده‌که‌وێ ده‌گه‌ڵ sure (E.) "دڵنیا، یه‌قین و ئاشکرا، پێداگر" < *sēcūrus (L.)* "دڵنیا، موتمه‌ئین".

سوور(ان) sur(an) *[sūr(ān)]* - "میوانداری به هۆی روودا‌وێکی خۆش": سور sūr (P.) "داوه‌ت و میوانداری". ده‌بێ خزم بێ ده‌گه‌ڵ شور šūr (P.) "هوروو‌ژان، ده‌نگَ و هه‌رای زۆر، پشێوی، به‌دبه‌ختی و په‌رێشانی، خۆشی، خۆشه‌ویستی، شادمانی". ده زمانی کوردماددیدا ↑شووڕ şûr ده‌گه‌ڵ "شه‌ر" دێ [شه‌ڕ و شووڕ şer û şûr]. ئه‌گه‌ر سه‌رنجی مانای وشه فارسییه‌که بده‌ین، ده‌بینین که ئه‌م وشه‌یه هه‌م مانای "پشێوی، به‌دبه‌ختی" ده‌دا و هه‌میش مانای "خۆشی و شادمانی". ئه‌مه نیشان ده‌دا که مانای ئه‌سڵی وشه‌که هیچکام له‌مانه نییه، به‌ڵکوو مانای ئه‌سڵی ده‌بێ شتێک بێ که له هه‌ردوو دۆخه‌که‌دا روو ده‌دا و

ئەمەش بریتییە لە هوروووژان، شڵەژان و هەرا و هەنگامە". دە زمانی فارسیدا کرداری شوریدن šūrīdan (P.) هەیە بە مانای "هوروووژان، تیکەڵ بوون، تووڕە بوون، پەرێشان بوون" و هەروەها شورش šūreš "سەرهەڵدان، ئاژاوە، هوروووژاوی". وشەی ↑شۆرش şoriş "سەرهەڵدان، راپەڕین" لەم وشە فارسییە وەرگیراوە. لەم تیڕوانینەوە دەتوانین دەگەڵ دوو وشە هەڵی سەنگینین:

1- ↑هوروووژان hurujan [هاروووژان harujan یش دەگوترێ]. لە ئەنجامی هوروووژاندایە کە تووڕە بوون، پەشۆکان، سەرهەڵدان، ئاژاوە و هیتر دێنە ئاراوە. بۆیە لەوانەیە مانای بنەڕەتی "شووڕ" یان "سوور" هەمان "هوروووژان" بێ، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ker(ə)-*** "تیکەڵ کردن".

2- schüren (G.) "تیڵ دانی ئاگر، تین دان"، schorn (MG.) "پێکدادان، لێکدان، پاڵ نان، ڕادان". مانای تیڵ دانی ئاگر لەوانەیە لەوەڕا هاتبێ کە ئاگر بە هۆی لێدانی با و تێکوەردانی خۆش کراوە و پاشتریش مانای تین دانی ئاگر پەرەی گرتووە بۆ دنە دان [تینەدان] و هوروووژاندن. وشە ژێرمەنییەکە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *skeu- >*** "کڕاندن، تیوەژاندن، لێکدان".

سووڕان suran *[sūrān]* - "گەڕان": شێوەیەکی تازەترە لە ↑زڤرین zıvrîn.

سووركارە surkare *[sūrkāra]* - "ئامال سوور، سووربا و": دە بنەڕەتدا سووركاڵە surkale بووە بەمانای سووری ↑کاڵ kal یاخود سووڕێکی مەیلەو کاڵ. هەڵی سەنگینە دەگەڵ "ڕەشتاڵە" واتا ڕەشی مەیلەو تاڵ [تار]. لەجیاتی سووركارە هەروەها سووركەڵە surkele و سوورخوول surxul و سوورهوول surhul یش دەگوترێ.

[تێبینی: دە یەکێک لە فەرهەنگەکاندا "سووركەڵە" وەک "ڕەنگ سووری چکۆڵە" مانا کراوەتەوە. دیارە مانا کردنەوەی وشەکە بەم شێوەیە ڕاست نییە و "سووركەڵە" هەمان "سووركاڵە"یە کە دواتر بووەتە "سووركارە"].

سوورفل sûrfıl *[sūrfil]* - "سوور خوول، کاڵی موو زەرد": پێک هاتووە لە ↑سوور sur + فل fil. کەرتی "فل" خزمە دەگەڵ ↑بەڵەک belek بە مانای "سپی، ڕووناک". لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "سووركارە".

سووزەنەک suzenek *[sūzanak]* - "جۆرێک نەخۆشی جینسی": سوزاک sūzak (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سووتان sutan. دە زمانی کوردمادیدا وشەی "سووتان" بەم شێوانەش دەگوترێ: سۆژان sujan، سووچان suçan، سۆزیان sozyan. لەوانەیە مەبەست لە وشەی "سووزەنەک" سووتانەوەی ئەو شوێنەی لەش بێ کە برین و چڵکی تێدا دروست دەبێ.

سووسەلێ susele *[sūsalī]* - "بزنی ڕەشی دەم و چاو سوور": خزمە دەگەڵ ↑سوێس soes "تارمایی، ڕەشایی لە دوورەوە". ڕەنگەی وشەی سووسەمار susemar پێوەندی بەم وشەوە هەبێ.

سووک[1] suk *[sūk]* - "کەم وەزن": شێوەی تازەتری ↑سڤک sıvık.

سووک[2] suk *[sūk]* - "حینچکە لێدان، ژەنین": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑سووچ suç، ↑سیخ sîx و ↑سیخاندن sîxandın "بەزۆر تێڕاکردن" و هتد. خودی وشەی ↑حینچکە ħînçıke پێوەندی بەم وشەوە هەیە: "ئەنسووکە ← هەنسکە ← حینچکە].

سوول sul *[sūl]* - "پلوسک، ئاوهەڵدێر": خزمە دەگەڵ ↑سوڕ sur "جێگەی سەربەرێژێری خلیسک".

سووڵان(ەوە) sulan(ewe) *[sūlānawa]* - "چووزانەوە، کزانەوە":

1- یان خزمە دەگەڵ schwelen (G.) "سووتانی بە ئەسپایی و بێ بڵێسە"، swelan (OE.) "سووتان"، svelti (Lit.) "سووتان، هایسان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suel- >*** "سووتان، هایسان".

[تێبینی: وشەی ↑خۆر xor "هەتاو" دە زمانی کوردمادیدا و وشە هاوبەرەکانی دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) * sāule-*** "خۆر". لەتیوان ئەم دوو ریشانەی سەرەوەدا خزمایەتی هەیە].

2- یانیش شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زووراناوە zuranewe.

سوون(ەوە) sun(ewe) *[sūnawa]* - "ڕێخستن، ساف کردن، تیژ کردن": ↑ساوین sawîn.

سۆ so - "ڕووناکی، درەوشان": سو sū (P.). [سوسو زدن]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سۆما soma "سۆی چاوان".

سۆبایی sobayî *[sobāyī]* - "مەلە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Schwimmen (G.)، swimman (OG.)، zwemmen (Nl.)، swim (E.)، svim(m)a (OIs.)، simma (Sw.) "مەلە کردن"، سەر بە ریشەی ***suem- >** ***(IE.)*** "(لەناو ئاودا) جووڵانەوە، شڵپەشڵپ کردن". لەوانەیە شنا šenā (P.) "مەلە" و هەروەها ↑چەم çem پێوەندیان بەم وشانەوە هەبێ.

سۆبە sobe *[soba]* - " کوورە، ئاگردان": سۆپە sope و زۆپا zopa ش دەگوترێ.

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ Stube (G.) "دیوەلکە" [دە ئەڵمانی کۆندا بە مانای "ژووری گەرم کردن و خۆ شوتن"]، stoof (Nl.) و stove (E.) " ئاگردان، کوانوو"، stuga (Sw.) "ژووری چکۆڵەی گەرم وگوڕ". ریشەی وشە ژێرمەنییەکە بە تەواوی ساخ نەکراوەتەوە. بە پێی بۆ چووتێک لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە typhos (Gr.) "هەڵم".

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑سپی sıpî و سەر بە ریشەیەک بەمانای "سووتان، هایسان".

سۆپ sop - "جووتەگای دابەستراو": هەروەها سۆپار sopar هەیە بە مانای "جۆرێک گاسن". جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ ↑شەپلتە şepılte "بەفرماڵ، وەروەرە" و ↑شەپ *şep*. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پاڵ نان، را دان، دەرپەڕاندن، وە پێش خۆ دان".

سۆخرە soxre *[soxra]* - "بێگاری" [کاری بە زۆرەملی]: دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زەخت zext و ئەو وشانەی لەژێر ↑*ساخ sax* دا باس کراون.

[تێبینی: بە زمانی ئەڵمانی سۆخرە دەبێتە Zwangarbeit واتا کاری بە زۆرەملی، کار لە ژێر زەخت و زۆردا].

سۆر sor - ↑سوێر suwer.

سۆران soran *[sorān]* - "ناوی ناوچەیەکی کوردستان": وشەی "سۆرانی" کە بە هەڵە وەک ناوی شێوەزاری کوردمادی ناوەڕاست بەکار دێ، بۆ ناوی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە، پێک هاتووە لە بنەوەشەی سۆر + پاشگری ئان sor + an. پاشگری an- ئاماژە بە ناوچەکان دەکا بەشێکە لە ناوی چەندین ناوچەی کوردستان، وەک گەرمیان germîyan، کرماشان kırmaşan، بادینان badînan، هەورامان hewraman ، بۆتان botan، ئەردەڵان erdelan، موکریان mukıryan، شەمزینان şemzînan، ئالان alan و هتد. ئەم پاشگرە دە زمانی فارسیشدا دەبینرێ، بۆ وێنە دە وشەکانی "خراسان، گیلان، سمنان، کرمان، مازندران" و هیتردا. هەروەها دە زمانی ئەڵمانیشدا پاشگرێکی لەم چەشنە بۆ ناوی وڵاتەکان بەکار دێ، وەک Indien "هیند"، Arabien "عەرەبستان"، Armenien "ئەرمەنستان" و هتد. دە وشەی سۆران soran دا بنەوشەی -sor خزمە دەگەڵ ↑زۆر *zor* "زەخت، هێز، گوشار"، واتا خەلکی ئەم ناوچەیە لە چوارچێوەی ناوی گشتی "کورد" و "کوردستان"دا ناوێکی تایبەتیشان لەسەر خۆیان داناوە، بۆ پێناسە کردنی خۆیان و ناوچەکەیان. خەڵکی ئەم دەڤەرە ئەم ناوەیان بردۆتەوە سەر وشەیەک کە مانای "بە هێز بوون، زاڵ بوون" دەبەخشێ و ویستوویانە ئەمە رابگەیەنن کە ئەوان خەڵکێکی ئازا و بەهێزن. "سۆران" هەروەها خزمیشە ↑زورار zurar "ناوی مەڵبەند و هۆزێکی کوردستان" و↑سۆرەک sorek "لێدان و کوتانی زۆر" واتا زەبر ە زەنگ.

[تێبینی: ئەگەر سەرنجی ناوی هێندێک لە ناوچەکان و خەڵکانی دیکەی کوردستان بدەین، دروستی ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان باشتر بۆ دەردەکەوێ. بۆ وێنە ناوی ↑موکری mukrî و موکریان mukıryan خزمە دەگەڵ ↑موکور mıkur "پێداگر، (سەر)سەخت" و دواجار سەر بە ریشەیەکە بە مانای "هێز و توانا،

دەسەڵات". ناوی گۆران goran یان گووران guran خزمە دەگەڵ ↑گوڕ gur (هێز و گوڕ)، ناوی ئەردەڵان erdelanخزمە دەگەڵ ↑خار xar (سەخت، بەهێز)، ناوی فەیلی feylî خزمە دەگەڵ ↑پاڵەوان palewan، ناوی ↑مزووری mızûrî خزمە دەگەڵ ↑موکری mukrî و موکریان mukıryan. هەروەها مەنگور mengurشێوەیەکی گۆڕدراوە لە ↑موکور mıkur یان mukır (فۆتیمی n زێدەیە و کەوتووەتە ناو وشەکەوە)، واتا پێوەندی بە "موکری"یەوە هەیە. ناوەکانی شکاک şıkak، سۆهانە sohane و ↑سەکر sekır و ↑شوقاق şuqaq خزمن دەگەڵ ↑سەخت sext و لە ریشەیەکەوە هاتوون بە مانای "سەخت، بەهێز، زاڵ"، ناوی ↑گەورک gewırk خزمە دەگەڵ ↑گەورە gewre و دواجار دەگەڵ "زەبر"، ناوی ↑بۆتان botanخزمە دەگەڵ ↑پیت pît واتا هێز و توانایی"، زەنگەنە zengene دەچێتەوە سەر ↑زەنگێ zeng (سۆران لە "زەبر" هاتووە و زەنگەنەش لە زەنگێ، زەبر و زەنگێ). بێگومان ئەگەر لە ناوەکانی دیکەش ورد ببینەوە، چەندین ناوی دیکە پەیدا دەکەین کە پێوەندیان بە چەمکی "بەهێز بوون"ەوە هەیە. جێی بیرهێنانەوەیە کە وشەی کورد kurd خۆشی دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەهێز، سەخت". هەر بۆیە ناوچە و هۆزە کوردییەکان ویستوویانە لە چوارچێوەی ئەم مانایەدا ناوێکی تایبەتی لەسەر خۆیاندا بنێن کە پێوەندی بە مانای گشتی کوردەوە هەبێ].

سۆرانی1 soranî [*soranī*] - خەڵک وشێوەزاری ناوچەی ↑سۆران soran.

سۆرانی2 soranî [*soranī*] - "ئەنگوچکی درێژی کراسی کوردمادی":

1- یان خزمە دەگەڵ ↑سووڕان suran. لێرەدا مەبەست لە "سووڕان" لە قۆڵ هاڵاندنە، چونکوو ئەو ئەنگوچکە بە چەند لۆ لە قۆڵ دەهاڵێنرێ.

2- یان لە ناوچەی ↑سۆران soran باوە و بۆیە پێی گوتراوە "سۆرانی".

سۆرک sorık - "ئاوهەڵدێر، تاڤگە": خزمە دەگەڵ ↑سوڕ sur "جێگەی سەربەرێژێری خلیسک". هەروەها ↑سورک surık هەیە بە مانای "حەوزی حەمام".

سۆرە sore [*sora*] - دەگەڵ "تۆرە" دێ و دەگوترێ: سۆرە و تۆرە sore u tore بە مانای "فرزەندی هەوێ" [بە گشتی کەس و کاری ناخۆشەویست]. تۆرە بە مانای "تۆرەمە"یە واتا "وەچە، نەسل". سۆرە لە تورکی وەرگیراوە: < *sora (Tur.)* "دوایە، دواتر". مەبەست لە "سۆرە" لێرەدا دەبێتە ئەو کەسانە کە دواتر دێنە سەر دنیا واتا بەرەی دواتر. دە زمانی ئەلمانیدا وشەی Nachwuchs بەمانای "بەرەی دواتر" دێ کە لە دوو کەرتی nach "دوایە، دواتر" و wachsen "گەورە بوون، پێگەیشتن" پێک هاتووە.

سۆرەک sorek [*sorak*] - "لێدان و کوتانی زۆر": خزمە دەگەڵ ↑زۆر² *zor* [زەخت و زۆر] و ↑زەبر zebır [زەبر و زەنگێ].

سۆز soz ـ "1- گفت، بڵێن 2- قسە 3- گۆرانی بە دەنگی نزم و خەمبارانە": خزمە دەگەڵ سخن soxan (P.) "قسە"، sagen (G.)، zegen (Nl.)، say (E.)، säge (Sw.)، sakyti (L.) "گوتن"، سەر بە ریشەی < ***soku-** *(IE.)* "گوتن" [کۆنتر: "دیتن، نیشان دان"].

[تێبینی: 1- سەبارەت بە پێوەندی "قسەکردن" و "بڵێن دان" دەتوانین ئاماژە بە زمانی ئەڵمانی بکەین، کە تێیدا sprechen مانای "قسەکردن" دەدا و versprechen مانای "بەڵێن دان". هەروەها دەتوانین ئاماژە بە وشەی "قەول" بە مانای "بەڵێن" بکەین کە لە عەرەبی وەرگیراوە و دە ئەسڵدا مانای "قسە" دەبەخشێ. دیسان سەرنجی وشەی "گفت" بدە بە مانای "بەڵێن" کە دە ئەسڵدا بە مانای "گوتن"ە. 2- سەبارەت بە پێوەندی ماناکانی "قسە" و "گۆرانی" لە وشەی "سۆز"دا هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی "وشە" و "ئاواز" کە لە یەک ریشەوە سەرچاوەیان گرتووە].

سۆزی sozî [*sozī*] - "بەیانی": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑سپی sıpî، ↑سپێدە sıpêde، سفید sefīd (P.) [کۆنتر: سپید sepīd]، svēta (OIn.) "سپی"، svet (Rus.) "روناکی"، šviesti (Lit.) "دەشەوتێ، دەئاییسێ"، ↑سۆزیان sozyan [↑سووتان sutan، ↑شەوتین şewtîn]،

سەر بە ریشەی *(IE.) *kueit- >* "سپی بوون، روونا‌ک بوون، بریقانەوە". لەم تیرِوانینەوە دەتوانین لەباری ماناوە دەگەڵ "بەیانی" هەڵی سەنگینین کە ئەویش مانایەکی لەم چەشنە دەبەخشێ.

2- ↑سوێس soes "تارمایی، رەشایی لە دوورەوە"، سەر بە ریشەی *(IE.) *skot- >* "سێبەر، تاریکایی".

[تێبینی: لە پێوەندی دەگەڵ خاڵی دووەمدا دەتوانین دەگەڵ وشەی Morgen (G.) و morning (E.) "بەیانی" (دە ئەسڵدا: شەوەکی) هەڵی سەنگینین کە دەبێتە خزم دەگەڵ مۆران moran "تەم و مژ"].

سۆژە1 soje *[soža]* - "بێگاری": هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سۆخرە soxre "بێگاری".

سۆژە2 soje *[soža]* - "داد و هاوار": خزمە دەگەڵ ↑سۆز soz "گفت، بڵێن، قسە".

[تێبینی: دە زمانە هیندوئەورووپییەکاندا هێندێک وشە بە مانای "قسەکردن"، "بانگ کردن"، "هەراکردن"، هاوار کردن" هەن کە لە یەک ریشەوە هاتوون، بۆ وێنە وشەکانی "ورتە"، "هاوار"، "هۆرە" خزمن دەگەڵ Wort (G.) "وشە"، وشەکانی "بێژتن"، "وشە"، "ئاواز" لە یەک ریشەوەن، هەروەها "قسە" و "قیژە" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە].

سۆس sos - "کەپەک، درشتەی سەر هێڵەک": سبوس (P.) sabūs "پووش، کەپەک". خزمە دەگەڵ ↑*ساوین sawîn*، ↑ساوار sawar، ↑سەپان sepan و چەندین وشەی سەر بەم خێزانە کە باس لە "ساوین" دەکەن. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "رێخشاندن، ساوین، پێدا ماڵین، داتاشین، ورد کردن".

سۆست sost - "سۆز، پەیمان، بەڵێن": بڕوانە ↑سۆز soz.

[تێبینی: لەوە دەچێ کۆنتر کردارێک هەبووبێ لە چەشنی *سۆستن sostın** بە مانای "قسە کردن، بەڵێن دان". "سۆست" دەبێ پاشماوەی ئەم کردارە بێ].

سۆسکە soske *[soske]* - "باڵدارێکە وەک کەو بەڵام بۆرە": سوێسکە soeske ش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سوێس soes "تارمایی، رەشایی لە دوورەوە".

سۆسە1 sose *[sosa]* - "دۆزینەوەی نهینی": خزمە دەگەڵ ↑دۆزین dozîn "پشکنین، بە شوێندا گەڕان".

سۆسە2 sose *[sosa]* - "شنەبا، بای نەرم": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ sausen (G.) "وژە کردن، ویزە کردن، بە خێرایی بزوان". ریشەی وشە ژێرمەنییەکە لاسا کردنەوەی دەنگە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا بۆ وێنە دەگوترێ Der Wind saust in den Bäumen "با بە ناو دارەکاندا دەوژێنێ"].

سۆغین soġîn *[soġīn]* - "ئەنجام دان، پێک ئانین": بە داخەوە دە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا شێوەی بەکار هێنانی ئەم وشەیە روون نەکراوەتەوە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ siegen (G.) "سەرکەوتن، زاڵ بوون" و ↑*ساخ sax* دە زمانی کوردمادیدا. لەوانەیە وشەکە دە ئەسڵدا بەمانای "ساخ کردنەوە" بەکار هاتبێ [ساخ کردنەوەی کارێک، کێشەیەک]. وشەی "ساخ" خۆی خزمە دەگەڵ سەخت "بەهێز، قایم". هەروەها بەراوردی "سۆغین" بکە دەگەڵ ↑سۆکین sokîn "بناخە، هیم". دیارە ئەم وشەی دواییش دە ریشەدا هەر بە مانای "سەخت و قایم"ە، چونکوو تایبەتمەندی بناخە، سەخت و قایم بوونەکەیەتی.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی ئەم مانایانەی سەرەوە دەکرێ وشەی verwalten (G.) [ver-walten] "بەرێوە بردن، هەڵسووڕاندن، رێک و پێک کردن" بە نموونە بێنینەوە کە دە ریشەدا دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سەخت، بەهێز، زاڵ" و مەبەست زاڵ بوون بە سەر کار و ئیشدا بووە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ "پاڵەوان" دە زمانی کوردمادیدا].

سۆفی sofî *[sofī]* - "ئەهلی تەریقەت": (P.) sūfī > *(Gr.) sophos* "وەیس، زانا".

سۆکی sokî *[sokī]* - "ئامرازی ساوار کوتان": خزمە دەگەڵ ئەم وشانەوەی کە لەژێر ↑*سەق seq* دا شی کراونەوە، وەک ↑سۆکین sokîn "بناخە"، سۆهان souhan (P.) "بەردی تیژ کردن"، زاکَ zag "جۆرە بەردێک"، ↑شژ şıj "بەردی کڵۆر"، ↑شووشە şûşe "جام، گلاس" [دە بنەڕەتدا: بەرد]. وەک دەبینرێ

چەندین وشەی سەر بەم خێزانەی مانای "بەرد" دەبەخشن و ئەمەش ئەو شتە بووە کە وەک ئامرازی ساوار کوتان کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

سۆکین sokîn [*sokīn*] - "بناخە": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق seq دا شی کراونەوە. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سۆغین soğîn.

سۆل sol - "کەوشی بێ پانییە": هەروەها سۆلبەند solbend هەیە بە مانای "نالبەند". خزمە دەگەڵ Sohle (G.)، sola (OG.)، zool (Nl.) "بن، بەر" [بەری لاق، بنی کەوش]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر < *solum (L.)* "بن، بەری خوارەوە، رووبەری بنەوە".

سۆل1 sol - دەگەڵ "سەرما" دێ [سەرما و سۆل serma u sol].

1- یان خزمە دەگەڵ kühl (G.)، cool (E.)، koel (Nl.)، kuoli (OG.) "فێنک، سارد" و هەروەها ↑سارد sard،

2 - یانیش شێوەیەکی دیکەیە لە ↑سەهۆل sehol "یەخ".

سۆل2 sol - دەگەڵ "سفت" دێ [سفت و سۆل sıft û sol].

1- یان خزمە دەگەڵ ↑سەهۆل sehol "یەخ" [بەفری رەق، بەفری سەخت]،

2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑زاڵ zal "بەدەسەڵات، بەهێز".

[تێبینی: لەتیوان چەمکەکانی "سەخت بوون" و "زاڵ بوون"دا پێوەندی هەیە. بۆوێنە دە زمانی کوردمادیدا "چیڕ" بە مانای "سفت، سەخت" دێ و "چیرە" دە زمانی فارسیدا مانای "زاڵ" دەبەخشێ. یان "سەخت" دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ siegen (G) "زاڵ بوون"].

سۆل3 sol - دەگەڵ "سپی" دێ [سپی و سۆل sıpî u sol]. بە شێوەیەکی دیکە دەگەڵ "زەرد" دێ [زەرد و زۆل zerd u zol]. بڕوانە ↑زۆل zol، دە ریشەدا بە مانای "درەوشانەوە".

سۆل4 sol - "پڕخوێ، سوێر": شێوەیەکی دیکە لە سۆر sor [↑سوێر soer]. هەروەها ↑سۆڵەکە soleke هەیە بە مانای "لۆرکی سۆڵ".

سۆلە sole [*sola*] - "هەڵاش، چرپی": هەروەها سولە sule هەیە بە مانای "پووش (ی هەرزن و چەڵتووک)". ئەم دوو وشەیە دە بنەڕەتدا هەر یەک وشە بوون. خزمە دەگەڵ ↑چاڵ çal [چیلکە و چاڵ].

سۆڵە sole [*sola*] - "بڵیسە": سۆڵە چرا یان چۆڵە چرا مانای "مەشغەڵ" دەدا.

1- یان خزمە دەگەڵ ↑سووڵان(ەوە) sulan(ewe) "چووزانەوە، کزانەوە"،

2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑سۆل3 sol [سپی و سۆل].

سۆڵەکە soleke [*solaka*] - "لۆرکی سۆڵ": بڕوانە ↑سۆل4 sol "پڕخوێ، سوێر" و ↑*سوێر soer*.

سۆلینە solîne [*solīna*] - "گونجە، رێگەی ئاو لە سواڵەت": خزمە دەگەڵ ↑سوول sul "پلوسک، ئاوهەڵدێر" و دەگەڵ ↑سوڕ sur "جێگەی سەربەرێژێری خلیسک".

سۆما soma - "سۆی چاوان": خزمە دەگەڵ schemen (G.) ، scem(e) (OG.) "تارمایی، شەوە"، scēme (MNl.) "سێبەر، درەوشانەوە(ی کەم)، scima (OE.) "بوومەلێڵ" [هەڵی سەنگینە دەگەڵ شام šām (P.) و↑شێو şêw واتا کاتی بوومەلێڵی ئێوارە]، skim(i) (OIs.) "تیشک، درەوشاوەیی"، skeima (Gt.) "چرا"، skiā (Gr.) "سێبەر،سایە"، هەروەها خزمە دەگەڵ دەگەڵ Schime (MG.) "بریقە، تروسکە"، schimmern (G.) "درەوشانەوە(ی مات)"، و shine (E.) و scheinen (G.) "درەوشانەوە"، سەر بە ریشەی < *(IE.)*skāi-* "درەوشانەوە(ی مات)، لە بن شتێکەوە درەوشان و خۆ بە دیار خستن". وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشە دە زمانی کوردمادیدا وەک ↑سۆ so [سۆی چاو]، ↑شێ şê [رەنگیکی ئەسپ]، ↑*شێو şêw*، ↑شەمشەمەکوێر şemşemekuwere، ↑شووم şûm و↑ سەمەن semen "کەوە، خۆڵەمێشی"،

↑سەمانەک semanek "بالدارێکە زلتر لە رەشۆڵە" و لەوانەشە ↑سەمیت semît "ماکێکی رەش لەسەر دەرگای خەڵیفەهەنکَ" و هتد.

سۆنک sonk - "تۆز و خۆڵ، تەپ و تۆز": خزمە دەگەڵ ↑تنووک tnuk [تاریک و تنووک tarîk u tnuk].

سۆنگە songe *[songa]* - لە سۆنگە واتا بەخاتری، لەبەر، لەپێناو. دەشێ پێوەندی بە↑سەبا seba ەوە هەبێ.

سۆنە sone *[sona]* - "مراوی تیر": خزمە دەگەڵ Schwan (G.)، swan (OG.) و zwaan (E.)، (Nl.) svan (Sw.) "قوو، قورینکَ". وشەکە خزمە دەگەڵ swinn (OE.) "مۆسیقا، گۆرانی"، swinsian (OE.) "چڕین"، -svanati (OIn.) "دەنگی لێ دێ" و sonare (L.) "دەنکَ لێ هاتن، دەنکَ هەڵبڕین"، -senn (OIr.) "ساز ژەنین"، سەر بە ریشەی ***swen- > (IE.)** "دەنکَ و ئاواز لێ هاتن". مەلی ناوبراو دەبێ بە هۆی دەنکَ و ئاوازەکەی بەو جۆرە ناودێر کرابێ. دە زمانی کوردمادیدا مانای وشەکە لە "قورینکَ"ەوە بۆ "مراوی تیر" گۆردراوە. دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑شین şîn [↑شیوەن şîwen] پێوەندی بەم وشەوە هەیە.

سۆهانە sohane *[sohāna]* - "ناوی هۆزێکی کوردمادی یەزدایی لە رۆژئاوای کوردستان": خزمە دەگەڵ ↑سوهن suhın "سام، هەیبەت".

سهاندن sıhandın *[sıhāndın]* - "شاردنەوە": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەسهاندن vesıhandın]. خزمە دەگەڵ ↑شش şış یان شیش şîş "شاردنەوە بە زمانی زارۆک". ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ ئەو ریزەوشەیەی کە لەژێر ↑سەق seq دا باس کراوە و بە گشتی مانای "سەخت، بەهێز" دەبەخشن.

[تێبینی: دە زمانی ئاخاوتنی فارسیدا قایم کردن qāyem kardan مانای "شاردنەوە" دەا. ئەم "قایم"ەی زمانی فارسی هەر ئەوەیە کە دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "توند، سفت" دێ (قایم کردن یان قورس و قایم واتا سەخت و بەهێز). بەم جۆرە دەردەکەوێ کە "قایم کردن"ی فارسیش دە بنەڕەتدا بۆ ئەو مانایە دەگڕێتەوە. بە وتەیەکی دیکە کاتێک شتێک شاردراوەتەوە، ئەوا ئەو شتە قورس و قایم راگیراوە واتا لە شوێنێک بەند کراوە، توند کراوە، بۆ ئەوەی لە دەست نەچێ. دە زمانی ئەڵمانیدا verstecken مانای "شاردنەوە" دەگەیەنێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ stecken "قایم و جێگیر بوون" و دواتر stechen "تێهەڵچەقاندن". وەک دەبینین دە زمانی ئەڵمانیشدا لە مانای "تێ هەڵچەقاندن"ەوە مانای "قایم کردن، جێگیر کردن" و دواتر مانای "شاردنەوە" سەریان هەڵداوە].

سهنتی sıhıntî *[sıhıntı]* - "زللە، شەپڵاغە": خزمە دەگەڵ ↑ژەنین jenîn و ↑ژەندن *jendın* و چەندین وشەی دیکە بە مانای "لێدان". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سەنتەنە sentene [سەنتەنە و دەبدەبە sentene u debdebe].

[تێبینی: بنەوشەی دەب -deb یش هەر مانای "لێدان" دەدا و خزمە دەگەڵ ↑تۆپ top].

سهنە sıhne *[sıhna]* - "تارمایی": ↑سەهویر sehwîr یش دەگوترێ.خزمە دەگەڵ ↑سێ *se* "سایە، سێبەر" و ↑شانۆ şano.

سەبا seba *[sabā]* - "لەبەر، سەبارەت، سۆنگە": هەر سێ وشەی سەبا seba و سەبارەت sebaret و سۆنگە songe دە بنەڕەتدا یەک وشە بوون و ماناکانیشان هەر یەکن. "سۆنگە" دەبێ پێشتر سەبەنگە *sebenge*بووبێ، بووەتە سەوەنگە *sewenge* و دواجار سۆنگە songe. ئەم وشەیە لەوانەیە پێوەندی بە ↑شەپ şep "رادان، پاڵ نان"ەوە هەبێ. لەم بارەوە بڕوانە ئەو شی کردنەوەیە کە لەژێر سەدەم "سەبا، بۆ خاتری"دا باس کراوە.

سەبر sebır *[sabır]* - "ئارامی، لەسەرەخۆیی": صبر sabr (P.) و (Arb.). ئەم وشەیە وێ دەچێ لە رێگای زمانی عەرەبییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردمادی و فارسی. وشەکە بەڵام ریشەی لاتینی هەیە و دەچێتەوە سەر *sobrius (L.)* "لەسەرەخۆ، مەند، ئاوەزمەند، قانع". ئەم وشەیە هاتووەتە ناو زمانە

ژێرمەنییەکانیش و بۆ وێنە دە ئەڵمانیدا بووەتە sauber (.G) "پاقژ". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑زاڤێر zaver [زاوێر] هەیە بە مانای "ڕەحەت بوونی ژن". ئەم وشەیەش پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە. دە شێوەزاری کوردمادی سەروودا دەبێژن "سەبرا من نایە" واتا من (بەو شتە) ڕاحەت نابم، ئۆقرە ناگرم.

سەبر2 sebır *[sabır]* - "زبڵ و زاڵی ماڵ": شێوەیەکی دیکە لە ↑زبڵ zıbıl.

سەبڵ sebıl *[sabıl]* - "گەوڕ، تەویلە، پشتێر": شێوەیەکی دیکە یە لە ↑گەوڕ gewır و خزمە دەگەڵ گەلێک وشە کە لەژێر ↑کون kun دا ریز کراون.

سەبەتانە sebetane *[sabatāna]* - "سیرەی تفەنکَ": خزمە دەگەڵ ↑زاب zab "سەکۆ، دەکە" و ↑زۆپ *zop* "زەق، دەرپەڕیو".

سەبەتە sebete *[sabata]* - "شێوەیەکی دیکە لە ↑سەوەتە sewetw.

سەبەل sebel *[sabal]* - "نەخۆشییەکی چاو": خزمە دەگەڵ ↑*زووراناوە(zuran(ewe* "تێشان، کزانەوە". ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *suer- >*** "تێشان، چڵک کردن". وەک لەوێدا شی کراوەتەوە، لەم ریشەوە چەندین مانای جۆربەجۆر، بەڵام هاوپێوەند سەریان هەڵداوە کە لە هێندێک وشەدا خۆیان دەبینەوە. دەستەیەک لەم وشانە ئاماژە بە"تێش و ئازار" دەکەن، بەڵام دەستەیەکی دیکە ئاماژە بە چەمکێک دەکەن، کە بریتین لە "گوشار، هێز، زەخت، سەختی، دژواری، گەورەیی، قەبەیی" و هتد. چەند نموونەیەک لەم وشانە بەم شێوەیەن: ↑جەور cewır "زولم و زۆر" [هاوکات تێش و ئازار: جەوری ڕۆژگار، جەور و جەفا]، ↑زەبر zebır "زەربە" [دەبنەڕەتدا: هێز، گوشار، پاڵ]، ↑زوور zur یان ↑زبر zıbır "ڕەق، سەخت، درشت"، ↑زەبەلاح zebelaħ "مەزن"، گەڤار gavar یان ↑گەورە gewre "مەزن" [دەبنەڕەتدا: خاوەنی هێز، قورسایی، گرینکَ]. دە ڕاستیدا ئەم وشانە گشتیان لە یەک وشەی بنەڕەتی پەیدا بوون کە ئەویش زەڤەر *zaver**ە. وەک دەبینرێ، ئەم وشانە بەگشتی هەڵگری دوو چەمکن، یەکەم "سەختی، هێزداری، قورس و قایمی"، دووەم "مەزنایی، گەورەیی". بەم جۆرە وشەی سەبەل sebel "چاوتێشە" پێوەندی پەیدا دەکا بە سەبەلان sabalān "ناوی یەکێک لە دوو چیای هەرە بەرزی ئازەربایجان".

[تێبینی: ناوی چیاکانی سەهەند sehend و سەبەلان sebelan و گەلێک ناوی دیکەی شوێنەکانی ئازەربایجان بە تەواوی دەری دەخەن کە وڵاتی ئازەربایجان دە ئەسڵدا هیچ پێوەندییەکی بە تورک و زمانی تورکییەوە نەبووە و نییە. ئەم وڵاتە لە کۆندا بەشێک بووە لە وڵاتی گەورەی ماد و خەڵکەکەشی بەشێک بوون لە مادەکان [کوردمادەکان] و زمانەکەیان کوردمادی بووە. دواتر پاش هێرش و داگیرکاری تورکەکەکان بەداخەوە زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیە گۆڕاوە و خەڵکەکەی تووشی ئاسیمیلەی زمانی بوون، هەر وەک خەڵکی ئەمریکای لاتین کە زمانی سپانی و پرتەقاڵی بەسەریاندا سەپێنراوە. کەوابوو ئازەرییەکان وەک گەل "تورک" نین و تەنیا زمانەکەیان تورکییە، هەر وەک چۆن گەلانی ئامریکای لاتین، سپانی یان پرتەقاڵی نین، بەڵام بە حوکمی دەسەڵاتداری داگیرکەران زمانەکەیان گۆڕاوە. ئەو بەشە لە ئازەرییەکان کە لەژێر پڕوپاگەندەی تورکە شۆڤینیستەکاندا خۆیان بە تورک دەزانن، لە ڕاستیدا بە تەواوی ئاسیمیلە بوون، نکۆڵی لە مێژوو، زمان و فەرهەنگی ڕەسەنی مادی [کوردمادی] خۆیان دەکەن. ئەوان بەم هەڵوێستەیان هەروەها دەکەونە ڕێزی داگیرکەرانی ئاسیای ناوینەوە کە هەمووی هەزار ساڵ زۆرتر نییە دەستیان بەسەر ئەو ناوچانەدا گرتووە و لانی کەم دووهەزارساڵ بەر لە هێرش و داگیرکاری ئەوان مادەکان [کوردمادەکان] خاوەنی ئەم وڵاتە بوون و گەلێک ناوی وەک "سەهەند" و "سەبەلان" بۆ زمانی ئەوان دەگەڕێتەوە. بۆ ناوی چیای "سەهەند" بڕوانە ↑سەهەند1 sehend "زۆر سارد (خزمە دەگەڵ ↑سەهۆڵ sehol) و ↑سەهەندە sehende "1- بزۆز و نائارام 2- ئاژاوەچی 3- زرینگ 4- سەرسەخت و لاسار". دیاردەیەکی پێکەنینی و منداڵانە کە لەم دوایانەدا پەیدا بووە و بێگومان تورک و

پارسه داگیرکەرەکان دەستیان تێدایە و پەرەی پێ دەدەن، ئەوەیە کە هێندێک لە ئازەرییە خۆ بە تورک زانەکان باس لەوە دەکەن کە بەشێکی پان و بەرینی کوردستان خاکی ئازەرییەکانە کە کوردەکان وەک میوان و کۆچەر تێیدا دەژین!! ئەو گێلانە پەنا بۆ ناوی بە تورکی کراوی هێندێک شار و گوند لە کوردستان دەبەن (وەک ناوی سابڵاغ، ساوجبلاغ: کانیاوی سارد) و دەیکەنە بەڵگە بۆ ئازەری بوون (یان تورکی بوون)ی ئەو شوێنانە. بەڵام وەک لەسەرەوە باس کرا، تورک و زمانی تورکی هەمووی هەزار ساڵە پێی داگیرکەرانەی کەوتووەتە ئەم ناوچانەوە. ئەو داگیرکەرانە نەک هەر زمانی بەشێکی زۆری گەلی کوردمادیان کردە تورکی، بەڵکوو لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەیاندا ناوی دەیان و سەدان شوێنیان گۆڕی و کردیانە تورکی. ئەمەش دیاردەیەکە کە داگیرکەر لە هەموو وڵاتێکی داگیرکراودا پێادەی دەکا، بۆ ئەوەی گەلی داگیرکراو لە زمان و فەرهەنگ و مێژووی خۆی بسڕێتەوە. هەموو بەڵگە مێژووییەکان، بە بێ هیچ ئاوارتەیەک، ئەم راستییە دەسەلمێنن کە وڵاتی ئازەربایجان، هەر وەک ناوەکەی نیشان دەدا، بەشێک بووە لە وڵاتی ماد و زمانەکەشی مادی (کوردمادی) بووە. بێگومان ئەگەر ئێمە لیستەیەکمان لە ناوی دەیان و سەدان شار و گوند و چیا و دەشت و دۆڵی ئازەربایجان لەبەر دەستدا بێ، زۆر بە هاسانی دەتوانین نیشانی بدەین کە سەدان ناو لەم ناوانە فڕیان بە زمانی تورکییەوە نییە و ریشەکەیان بۆ زمانی مادی (کوردمادی) دەگەڕێتەوە. تەنانەت هەر بەم شێوەیە دەتوانین دەیان و سەدان ناوی کوردمادی لە ناوچە داگیرکراوەکانی باکووریش هەتا دەگاتە ئانکارا و ئەوبەرتر، بدۆزینەوە. بەراستی زۆر سەیر و بێشەرمانەیە کەسێک کە بەر لە هەزارساڵ خاک و وڵاتی تۆی داگیر کردووە، بە تۆی کە لانی کەم سێ هەزار ساڵە لەم وڵاتەدا دەژی، بڵێ تۆ بێگانە و کۆچەر و میوانی لەم وڵاتە!!].

سەبیلە sebîle [*sabīla*] - "پیپ": چپق čopoq (.G). بنەوشەی سەب -seb هەر ئەویە کە دە وشە فارسییەکەدا بەشێوەی چپ- -čop دەردەکەوێ. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ↑سەپاندن sepandın و "چپاندن čapāndan (.P) "پەستاوتن". دیارە سەبیلە ئەو شتەیە کە تووتنی تێدا دەپەستێون و ئاگری دەدەن بۆ هەڵمژینی دووکەڵەکەی.

سەپان sepan [*sapān*] - "دروێنەوان": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawīn و ژمارەیەک وشەی سەر بەم خێزانە کە ئاماژە دەکەن بە ماناکانی رێخشاندن، رنینەوە، ساف کردن، تاشین و هتد. ئەم خێزانەوشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *ska-bh- , *ske-bh >*** "بە ئامرازێکی تیژ کارکردن، داتاشین، کڕاندن، رێخستن". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ سپور sopūr (.P) "گەسک لێدەر" [دەبنەڕەتدا: گەسک رێخشێنەر].

سەپاندن sepandın [*sapāndın*] - "بە ملدا هێنانی بە تۆپزی": خزمە دەگەڵ چپاندن čapāndan (.P) "پەستاوتن" [دە بنەڕەتدا پاڵەپەستۆ کردن، بە زۆر تینان]. خزمە دەگەڵ ↑سەبیلە sebîle [چپق čopoq]. "سەبیلە" توتنەکەی تێدا پاڵەپەستۆ دەکرێ و بۆیە ئەم ناوەیان لەسەر داناوە. دەتوانین دەگەڵ دوو وشە بەراوردی بکەین:

1- لەوانەیە هەمان ↑تەپاندن tepandın بێ بە مانای "1- شێلان، کوتان 2- ئاخنین".

2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑شەپ şep [دە بنەڕەتدا بە مانای "پاڵ نان، را دان"].

سەپتک septık [*saptık*] - "1- بەردێک کە دە جادە دەگیرێ 2- جۆگەئاوی داپۆشراو": خزمە دەگەڵ ↑سفت sıft "توند، قایم".

سەپک1 sepık [*sapık*] - "ئامراز بۆ کوتانی پۆی چادر": خزمە دەگەڵ ↑شەپ *şep* "لێدان، کوتان" و ↑شەپک şepık.

سەپک2 sepık [*sapık*] - "خەپلە، سەولە": شێوەیەکی دیکە لە ↑سەولە sewle.

سەپۆل sepol [*sapol*] - "گێلۆکە، گەمژە": حەپۆل ħepol یش دەگوترێ. دە بنەڕەتدا گەپۆل **gepol* بووە، بە مانای کەسێک کە هەر دەم دەکاتەوە. دەبێتە خزمە دەگەڵ ↑حەپەسان ħepesan.

سەپی sepî [*sapī*] - "پاڵاوتە": خزمە دەگەڵ ئەم وشانە: ↑سافان safan "دڵۆپە، چکە"، ↑سافۆ safo "پاڵۆینە، راوەک"، ↑زیپک zîpık "دڵۆپە"و هەروەها ↑کەو kew [کەو و بێژینکَ]. Sieb (G.) "پاڵۆینە" و چەند وشەیەکی ژێرمەنی دیکە پێوەندییان بەم وشانە هەیە و گشتیان دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "چۆڕاندنەوە، دڵۆپاندن".

سەت set [*sat*] - "دە جار دە": سەد sed یش دەگوترێ. صد sad (P.)، satam (OIn.)، centum (L.)، hekaton (Gr.)، hund (OE.)، cet (OIr.)، suto (OSl.) "سەد"، سەر بە ریشەی ***dekm(t)-*** > (IE.) "دە".

[تێبینی: سەیر ئەوەیە کە وشەی "سەد" دە زمانی فارسیدا بە پیتی ص دەنووسرێ کە پیتێکی ئەلفوبێی عەرەبییە و وشەکەش فڕی بە زمانی عەرەبییەوە نییە!].

سەترە setre [*satra*] - "زللە": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑ساتاندن satandın "کوتانی چەڵتووک".

سەتڵ setıl [*satıl*] - "دۆڵچە": setıl (P.). پێوەندی هەیە بە situla (L.) "سەتڵ". ریشە؟

سەتماندن setmandın [*satmandın*] - "رووخاندنی دیوار". هەروەها سەتم setım هەیە بە مانای "داڕووخانی دیوار". خزمە دەگەڵ ↑ساتمە satme "هەڵەنگوتن، رەت دان" [دەبنەڕەتدا: وێککەوتن، لێکدان، لێدان". "سەتماندن" بە مانای "پڕ کردنەوەی چاڵ"یش دێ. ئەم مانایە دواتر پەیدا بووە.

سەچتین seçtîn [*sačtīn*] - "پشکنین، گەڕان بە شوێندا": خزمە دەگەڵ suchen (G.)، suohhen (OG.)، sokjan (Got.)، soka (Sw.)، seek (E.) بە مانای "بەشوێندا گەڕان، پشکنین" سەر بە ریشەی ***sag*** > (IE.) "بە شوێندا گەڕان، پشکنین". هەروەها saigim (OIr.) "دوای دەکەوم، بەشوێنی دادەگەڕێم"، sagire (L.) "سۆسەکردن، هەست پێ کردن، گومان لێکردن" خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە. خزمیشە دەگەڵ ↑سۆسە sose. دە زمانی ئەڵمانیدا Suche (G.) واتا "بەشوێندا گەڕان، پشکنین".

سەخت sext [*saxt*] - "بە هێز، توند، رەق": خزمە دەگەڵ ↑*ساخ sax* "تەندروست" [دە بنەڕەتدا: بەهێز، بەتوانا، سەخت، قایم". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق seq دا هاتوون.

[تێبینی: دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا پێوەندی ئیتیمۆلۆژیک هەیە لەتیوان ئەو وشانەی کە ئەم مانایانەی خوارەوە دەدەن: سەخت، رەق، بەهێز، قەوی، قورس و قایم، بەدەسەڵات، دەسەڵات، توانین، زاڵ بوون و هتد. بۆ وێنە وشەی "سەخت" خزمە دەگەڵ *ساخ* "بەتوانا، قورس و قایم"، *سەقام* "جێگیری، پایداری"، *زیخ* "بوێر"، *زات* "وێران" [توانین، هێز پێ شکان] و siegen (G.) "زاڵ بوون". هەروەها ئەم وشانەی خوارەوەش لە ریشەیەکی هاوبەشەوە هاتوون: *خار* "سەخت"، *خورت* "بەهێز"، kratos (Gr.) "هێز، دەسەڵات" و kratein (Gr.) "زاڵ بوون، دەسەڵاتدار بوون"، hart (G.) و hard (E.) "سەخت، پتەو"، *قورس* "قایم، جێگیر"، *کارین* "توانین" و هتد].

سەخڵەت sexlet [*saxlat*] - "پەرێشان، داماو، کۆڵەوار": پێک هاتووە لە دوو کەرتی سەخ + لەت let + sex. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑سەخت sext. وشەکە ئاماژە بە "سەختی و دژواری"یەک دەکا کە کەسێک تووشی دەبێ. کەرتی دووەم جێی هەڵسەنگاندن دەگەڵ last (G.) "بار" و laden (G.) "بار کردن، هەڵچنینی بار لەسەر یەکتر". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑لۆدە lode "بارەگیا" دە زمانی کوردمادیدا. هەروەک چۆن دە وشەی "کۆڵەوار"دا، کەرتی "وار" هەمان "بار"ە و ئاماژە دەکا بەوە کە کەسێک "کول" و کەسەر بووەتە بار بە سەرییەوە [هەڵگری کول و کەسەر]، بە هەمان شێوە لەوانەیە کەرتی "لەت" دە وشەی "سەخڵەت"دا ئەم نەخشەی هەبێ. وشەی ↑شقلە şıqle "خەستە، نەخۆش" لەوانەیە پێوەندی بە "سەخڵەت"ەوە هەبێ.

سەخناخ sexnax [*saxnāx*] - "1- شوێنی سوخت لە چیا 2- ناوی کێوێکی کوردستان": خزمە دەگەڵ ↑سەخت sext. کەرتەوشەی ناخ nax- لەوانەیە پاشگری ناک nak- بێ کە بۆ وێنە لە وشەکانی سامناک samnak، رووناک run(n)ak دا دەبینرێ. ئەم پاشگرە دە زمانی فارسیشدا بەکار دەهێنرێ وەک دە وشەکانی "خشمناک"، "دردناک"، "هولناک" و هیتردا.

سەخەر sexer [*saxar*] - "ئابڕوو": [دە بنەڕەتدا: *سەنگینی*، قورس و قایم بوون دە ڕەفتاردا، بەپێچەوانەی *سووک* و چرووک بوون]. خزمە دەگەڵ ↑سەق seq "سەخت". جێی ئاماژەیە وشەی "قورس"یش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سەخت".

سەدەف sedef [*sadaf*] - "زیندەوەرێکی ڕەقی ناو چەم و ئاوان": خزمە دەگەڵ ↑جدەو cıdew "ڕەق بوونی ماسوولکە". ناوی ئەم زیندەوەرە پێوەندی بە چەمکی "ڕەق"ەوە هەیە.

سەدەقە sedeqe [*sadaqa*] - "خێر": بەگوێرەی بۆچوونی مامۆستا هەژار دە فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"دا وشەکە "سەدیەکە" بووە و لە زمانی عەرەبیدا کراوە بە سەدەقە. وشەکە لێرەوە پەیدا بووە کە لە سەردەمە کۆنەکاندا لە سەد دانە مەڕ و ماڵات یان پارە و پووڵ یەک دانەیان کردووەتە خێر [واتا یەک لە سەد].

سەدەم sedem [*sedem*] - "سەبا، بۆ خاتری": خزمە دەگەڵ ↑سەدەمە sedeme "بەڵا، زیان" و دواجار ↑ساتمە satme "هەڵەنگوتن، ڕەت دان"، سەر بە ریشەی ***stem-* > *(IE.)*** "وێککەوتن". مەبەست لە "سەدەم" دە بنەڕەتدا "عیللەت، پاڵنەر" بووە، واتا ئەو شتەی یان ئەو بزاڤەی کە شتێک بەدوای خۆیدا دێنێ، [بەدی دێنێ]. بۆ وێنە کاتێک دەگوترێ "بە سەدەما شەڕێ لە کوردستانێ گەلێک مرۆڤین مە هاتینە کوشتن"، مەبەست ئەوەیە کە بە هۆ یان بە عیللەتی شەڕ. ئێستا با بزانین ئەم مانایە چۆن دروست بووە. لێرەدا دەتوانین بە دووشێوە شیرۆڤەی باسەکە بکەین. لە لایەکەوە لەوانەیە مانای بنەڕەتی "وێککەوتن"، دواتر مانای "تەکان، بزاڤ، پاڵ، پڵتۆک"ی بەدوای خۆیدا هێنابێ و لەمەشەوە مانای پاڵنەر impulse، بزوێنەر motive و دواجار مانای هۆ، عیللەت، سەبەب cause دروست بووبێ. لە لایەکی دیکەوە دەتوانین ئاماژە بەو وشانەی زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی بکەین: Stamm (G.) "تەنە، تەنەی دار"، stammen (G.) "لە ریشەیەکەوە هاتن، چوونەوە سەر ئەسڵ و نەسەب"، stem (E.) "تەنە". ئەم وشە ئینگلیزییە هەروەها پێشتر ئەم مانایانەشی هەبووە: "قیت کردن، تەکان دان، بزاوتن، پاڵ نان". وەک دەبینین لەم وشە ژێرمەنییانەشدا دوو مانا بەرچاو دەکەون، یەکەم مانای "ریشە، بناخە" و دووەم مانای "تەکان، پاڵ، بزاڤ" و وەک لەسەرەوە شی کراوە، ئەم مانایانە دەگەڵ مانای "عیللەت" یەک دەگرنەوە. ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی***sta-* *(IE.)*** "هەستان، بەپێوە بوون". بە گوێرەی بۆچوونێک خودی ریشەی ***stem-* *(IE.)*** "وێککەوتن" دواجار دەچێتەوە سەر ریشەی ***sta-*.

[تێبینی 1: دە زمانی ئەڵمانیدا دوو وشە بە مانای "سەبارەت، لەبەر، بەهۆی" بەکار دێ: wegen کە دەچێتەوە سەر Weg "ڕێگا، پێناو" و aufgrund کە دەچێتەوە سەر Grund "بناخە". هەروەها Grund ی ئەڵمانی و ground ی ئینگلیزی بە مانای "دەلیل" بەکار دێن و ئەمەش خۆی پێوەندی بە چەمکی "عیللەت"ەوە پەیدا دەکا [بە دەلیلی، بە عیلەتی]. تێبینی 2: لە زمانی کوردمادیدا هەروەها وشەکانی "سەبا"، "سەبارەت" و "سۆنگە" هەن کە ئەم مانایانە دەبەخشن: لەبەر، بۆخاتری، لەپێناو، بەهۆی". ئەم سێ وشەیە هەرسێکیان دەبێ دە کۆندا یەک وشە بووبن، خزمن دەگەڵ "شەپ" و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پاڵ نان، را دان، دەرپەڕاندن". دیسان شیاوی باسە کە دە زمانی ئەڵمانیدا Ursprung"هۆ، سەبەب، عیللەت" دەچێتەوە سەر کرداری Springen "دەرپەڕین"].

سەدەمە sedeme [*sadama*] - "بەڵا، زیان": خزمە دەگەڵ ↑ساتمە satme "هەڵەنگوتن، ڕەت دان"، سەر بە ریشەی ***stem-* > *(IE.)*** "وێککەوتن". وشەی "زیان" یش خزمە دەگەڵ "زەنکَ" [زەبر و زەنکَ]، هەروەها "بەڵا" خزمە دەگەڵ *پڵۆسین* "لێدان". مەبەست لە هەر سێ وشەکە-سەدەمە، زیان، بەڵا- دە بنەڕەتدا "لێدران، وێکەوتن"ە، واتا هێزێک لە کەسێک یان شتێک دەدا، وێی دەکەوێ کە لە نەنجامدا ئێش و ئازار یان خراپ بوون و خەوشدار بوون بەدی دێ.

سەر ser [*sar*] - "کەللە، دوند، بڵیندترین شوێن": سر sar (P.). خزمە دەگەڵ sira (OIn.)، kárā (Gr.) "سەر" و cerebrum (L.) "مێشک" و kranion (Gr.) "کەللە سەر"، سەر بە ریشەی ***ker- > (IE.)** "سەر، دوند، قۆچ، بەرزترین شوێن". لەوانەیە وشەی ↑کەللە kelle ش شێوەیەکی دیکە بێ لە سەر.

سەرا sera [*sarā*] - "ماڵی گەورە، کۆشک، تالار": سرا sarā (P.). دە هەردووک زمانی کوردمادی و فارسیدا وەک پاشگر دەگەڵ هێندێک وشە دێ وەک کاروانسەرا، مهمانسرا (P.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- Saal (G.)، sele (OE.)، salle (OF.)، sala (It.) "دیو، هۆدە (ی گەورە)، سەرا". ریشەی ژێرمەنی: *salaz* (Grm.) *، ریشەی هیندووئەورووپی باس نەکراوە.

2- cella (L.) "هۆدە یان خانووی چکۆڵە". وشەی سلول sellūl (P.) "دیوەلکە، شانە یان خانەی لەش"، Zelle (G.) "دیو، دیوەلکە"، Keller (G.) "ژێرزەمین" لەم وشە لاتینییە وەرگیراون.

سەرانگۆلک serangolk [*sarāngolk*] - "گووفک، جێگەی لێ رشتنی پەین و ریخ": پێک هاتووە لە دوو کەرتی سەران + گولک seran + golk. "سەران" شێوەیەکی دیکەیە لە سەرین serîn و ↑سەرگین sergîn بە مانای "ریخ". گۆلک golk هەروەک گوفک gufk شێوەیەکی دیکەیە لە ↑گەوڕ gewır "تەویلە" و خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑کون *kun* دا شی کراونەوە.

سەرپەرەست serperest [*sarparast*] - "چاوەدێری ماڵ یان گرووهێک": سەرپەرستserpeıst یش دەگوترێ. سرپرست sarparast (P.). لە ↑پاراستن parastın وەرگیراوە و مەبەست پاراستنی سەرخێزانە. کەرتی ↑سەر ser ئاماژەیە بە کەسانی ناو ماڵ. [ماڵی کاک هەردی پێنج سەر خێزانن].

[تێبینی1: وشە فارسییەکە دەشێ وشەیەکی کۆنی فارسی نەبێ، بەڵکوو لە "پاراستن"ی وەرگیرابێ، چونکوو "پاراستن" بەم شێوەیە و بەم مانایە دە زمانی فارسیدا نییە. تێبینی 2: دە زمانی ئەڵمانیشدا Kopf "سەر" لەپاڵ مانا بنەڕەتیەکەی خۆیدا، هەروەها بە مانای "کەس، نەفەر" یش بەکار دەهێنرێ، بۆ وێنە دەگوترێ vierköpfige Familie واتا خێزانی چوار کەسی].

سەرجەم sercem [*sarjam*] - "تێکڕا، پێکەوە": سەر + جەم ser + cem . "جەم" خزمە دەگەڵ samt (G.) و gesamt (G.) تێکڕا، سەرجەم"، سەر بە کرداری sammeln (G.) "کۆ کردنەوە". هاوتای ئەم کردارە ئەڵمانییە دە زمانە ژێرمەنییەکانی دیکەشدا هەیە و دە زمانی کوردمادیدا ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑جڤین cıvîn "کۆم بوون" و↑ ژوان juwan "هاتنە جەم یەک (ی دوو دڵدار)".

سەرچاخ serçax [*sarčāx*] - "گوڵینکَ و ریشوەی سەرپێچی ژنان": سەر + چاخ ser + çax. "چاخ" خزمە دەگەڵ ↑چادر çadır.

سەرچاوە serçawe [*sarčāwa*] - "ژێدەر، مەنبەع": بڕوانە ↑چاو çaw.

سەردۆلکە serdolke [*sardolka*] - "لاواندنەوەی مردوو بە گۆرانی": بڕوانە ↑دۆلگە dolge "هەڵبەستی پێهەڵگوتن".

سەرزەنشت serzenışt [*sarzaništ*] - "سەرکۆنە": لە فارسی وەرگیراوە: < سرزنش sarzaneš (P.). ["سر" واتا سەر و "زنش" واتا لێدان]، خزمە دەگەڵ ↑ژەنین jenîn "لێدان". تێکرای وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێتە "دە سەر کوتان" بە مانای "بەسەردا هاتن".

سەرسم sarsım [*sarsım*] - سەرسم دان یان سەر سم بردن واتا "رەت بردن، رەت دان". سەر ser لێرەدا دەچێتەوە سەر ↑سوڕ sur "جێگەی سەربەرێژێری خلیسک" [سر sor (P.) "خلیسکان، خزین]. کەوابوو سەرسم دان ماناکەی دەبێتە "خزین یان خلیسکانی ↑سم sım".

سەرسەڕ serser [*sarsar*] - "بای ساردی بە تەوژم": دەچێتەوە سەر ↑سار(د) sar(d). زمانی عەرەبی وەری گرتووە و کردوویە بە صرصر sarsar (Arb.).

سەرشار serşar [*saršār*] - "سەری مەیدانی گەمە، کۆتایی مەیدانی گەمە": "شار" لێرەدا بە مانای "مەیدان، زەوی" بەکار هاتووە و خزمە دەگەڵ ↑زار3 zar "1- زەوی [زەوی و زار] 2- پاشگری شوێن [گوڵزار]"، هەروەها ↑جار2 *car* [تیرگسجار].

سەرماوەز sermawez [*sarmāwaz*] - "ناوی دوامانگی پاییز": سەرما + وەز serma + wez. کەرتی وەز wez- دە زمانی فارسیدا وەک کردار هەیە و دەبێتە وزیدن wazīdan (P.) "هاتنی با، هەڵکردنی با". خزمە دەگەڵ wehen (G.)، waejen (MG.)، waaien (Nl.)، waian (Gt.)، wawan (OE.) "با هاتن، هەڵکردنی با"، vayati (OIn.) "بای هات"، vejat (Rus.) "با هاتن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *hwe- >*** "با هاتن". خزمە دەگەڵ وشەکانی ↑با ba و هەوا hewa. ئەم وشانەی دوایی کە دە زمانی ئەمڕۆدا زۆرتر مانای "دەنگی با هاتن" دەبەخشن، دە بنەڕەتدا ئاماژەیان بە "با هاتن" کردووە.

سەرمک sermık [*sarmık*] - "سەرجەم": سەر + مک ser + mık. "مک" کورتکراوەی ↑هەموو hemu یان هەمە heme یە و لە کۆتاییشدا پاشکری ک ık پێیەوە لکێنراوە. ماناکەی دەبێتە "هەموو بە سەر یەکەوە".

سەرنج serınc [*sarınj*] - "ورد بوونەوە، بیر لێکردنەوە": سرنج sırınc یش دەگوترێ. ئەم وشەیە چ پێوەندییەکی بە وشەی "سەر" [کەللە]ەوە نییە، بەڵکوو خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑ژیر jîr، ↑هزر hızır، ↑زیرەک zîrek و هتد. هەروەک لەژێر وشەی ↑راشەن raşen دا شیرۆڤە کراوە، دە زمانی کوردمادی و زمانە ئەورووپییەکاندا چەندین وشەی خزم هەن کە ئاماژە بەم مانایانە دەکەن: قسە کردن، گێڕانەوە، ئەژماردن، هەڵسەنگاندن، بیر کردنەوە، راوێژ کردن". دە زمانی فارسیدا خرد xerad (P.) پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشە فارسییە و وشە کوردماددییەکانی سەرەوە دەبێ کە وشەیەکی کۆنترەوە سەرچاوەیان گرتبێ کە بریتی بووە لە ***hxrat****. ئا لەم وشەیە دواتر چەندین وشە بە مانای جۆربەجۆر سەریان هەڵداوە، وەک هزر، هەژیر، ژیر، زیرەک. ئەم وشانە هەڵگری چەمکی "بیر کردنەوە"ن. لەهەمانکاتدا چەند وشەی دیکە پەیدا بوون کە چەمکی "قسە" لە خۆ دەگرن، وەک ↑راز raz، ↑سرتە sırte و هتد. سرنج sırınc یان سەرنج serınc یش دەچێتەوە سەر هەمان وشە کۆنە بنەڕەتییەکە واتا ***hxrat****. ئاڵوگۆڕی ئەم وشەیە دەبێ بەم جۆرە بووبێ: *hxrat ← sered ← serec ← serenc ← serınc].

[تێبینی: ئاڵوگۆڕی فۆنۆلۆژیک لەم وشەیەدا هەڵسەنگینە دەگەڵ وشەی ↑کرمانج kırmanc. ئەم وشەیە دە ئەسڵدا کوردماد kurdmad بووە و چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە، وەک گۆڕانی فۆنیمی d بۆ c و تێخزانی فۆنیمی n لەنێوان بزوێنی a و کۆنسۆنانتی c دا. ئەم دۆخە لە وشەی *سرنجە* "زیخ و لمی لێکدراو" و چەندین وشەی دیکەشدا دەبینرێ].

سەرەتاتکێ seretatke [*saratātke*] - "سەرکێشان و روانین بە دزییەوە": سەر + ە + تاتکێ e+ + tatke ser. ↑سەر ser ئاماژەیە بە سەرکێشان و "تاتکێ" دەچێتەوە سەر کرداری ↑دیتن dîtın.

سەرەد sered [*sarad*] - "بێژینکَ": سرند sarand (P.). وشەکە بە خزم دەردەچێ دەگەڵ Reiter (G.)، ritera (OG.)، hridder (OE.)، criathar (OIr.)، cribrum (L.) "هێڵەکَ"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *krei- >*** "لە هێڵەکَ دان، جۆی کردنەوە" و دوورتریش سەر بە ریشەی ***(IE.) *sker- >*** "بڕین، لەت کردن، جیا کردنەوە".

سەفتە sefte [*safta*] - سەفتەکردن واتا "لەسەر یەک دانان و کەڵەکە کردن". جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- ↑سفت sıft "قایم". لەم تێڕوانینەوە مەبەست جێگیر و قایم کردنی نانەکان لەسەر یەکترە.

2- ↑چفت cıft [چفت و بەست]. بڕوانە ↑جووت[2] cut.

سەفدر sefdır [*safdır*] - "بوێر، ئازا، بەجەرکَ": خزمە دەگەڵ ↑سفت sıft.

سەفی sefî [*safī*] - "کەم ئاوەز، حۆل": سەفیج sefîc یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑ساویلکە sawîlke [ساوی + لکە یان ساو + ئیلکە]. سفية safīh (Arb.) "حۆل" لەم وشە کوردماديیە وەرگیراوە.

سەفین sefın [*safîn*] - "1- ناوی چیایەکی بەرز لە کوردستان 2- ناوێک بۆ مێران": خزمە دەگەڵ ↑سفت sıft.

سەق seq [*saq*] - "1- دار بەڕووی زۆر ئەستوور 2- ساوینی تیغ (بە بەرد، بە هەسان)": جگە لەم وشەیە چەندین وشەی دیکە هەن کە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، وەک ↑سەقی seqî "جۆرێک بەردی مەڕمەڕی زەرد"، ↑سەقەر seqer یان ↑سەقەم seqem یان ↑زوقم zuqım"بەستەڵەک"، ↑سەهۆڵ sehol "یەخ"، ↑سەهەند sehend "ناوی چیایەک"، ↑سەقام seqam "جێگرتوویی، قورس و قایم بوون" [سەخت و نەجووڵ]، ↑سەقیل seqîl "رژد، رەزیل"، ↑سەقەمی seqemî "نەخۆشییەکی یەکسم"، ↑سەکر sekır "ناوی هۆزێکی کورد"، ↑سەکران sekran "ناوی کێوێک لە کوردستان"، ↑سخیتیان sıxtîyan "پێستی دەباغی کراو"، ↑سەخڵەت sexlet "دژواری، سەختی"، ↑سووخ sux "زوقم"، ↑سۆکی sokî "ئامرازی ساوار کوتان"؟، ↑شیشک şîşk "خیم، بناخە، ↑سۆکین sokîn "بناخە، بەردی بناخە"، سوهان souhān (P.) "هەسان، بەردی تیژ کردنی چەقۆ"، ↑ساسۆن sason "ناوی چیایەکی کوردستان"، ئاسۆس asos [a-sos] "ناوی چیایەکی کوردستان"، ↑سیق sîq "دانی هەزم نەکراوی ناو سکی مەل"، زاکَ zag یان ↑زاخ zax "جۆرە بەردێک"، ↑زاک zak "لەتکە دەنکە قەیسی کە منداڵ کایەی پێ دەکەن"، ↑زاگۆڕ zagor "پەیاغی ئەستوور"، ↑زاخ zax "گاشە بەرد"، ↑زاخۆر zaxor "بەردەڵانی رژد و بلیند"، ↑زیخ zîx یان زخور zıxur یان زگار zıgar یان ↑زغرک zıġırk "ورکەبەرد"، ↑ئازگار azgar [a-zgar] "سەخت"، ↑زووخ zux "توانایی، هێز"، ↑زۆق zoq"وشک و زبر"، ↑زوها zuha "وشک"، ↑سوکرە sukre "مەنجەڵی لە گڵی سوورەوەکراو"، ↑زوکری zukrî"ناوی هۆزێکی کوردە"، ↑سەخەر sexer "ئابڕوو" [دە بنەڕەتدا: سەنگینی، بەپێچەوانەی سووکی و چرووکی]، ↑زەخ zex "زل، مەزن" [دە بنەڕەتدا: قەوی، بەهێز"، ↑زەخم zexm "1- چیای سەخت و رژد 2- زل و مل قەوی"، ↑زەخت zext "گوشار، هێز"، ↑جەخت cext "گوشار، پێداگری"، ↑زیخ zîx "ئازا، بوێر"، ↑زیخاندن zîxandın یان سیخاندن sîxandın "دنەدان" [وەرە وەبەر نان، ئازا کردن]، ↑زازا zaza "ناوی بەشێک لە دانیشتووانی کوردستان"، ↑سەگوان segwan "تیرهاوێژی زەبردەست"، ↑سەگوەن segwen "ناوی هۆزێکی کورد"، زیک zîk "زۆر سارد"، ↑سیسارک sîsark [sîs-ark] "لاشخۆر" [دەبنەڕەتدا: باڵداری بەهێز]، ↑سەقر seqır "باز"، ↑شەق[2] şeq "سەخت، دژوار"، ↑شەهێن şehên "مەلێکی راوکەر"، ↑شاهۆ şaho "ناوی چیایەک لە کوردستان"، ↑شەهۆ şeho "ڕێگەی سەختی بەردەڵان"، ↑زەهاو zehaw "ناوی مەڵبەندێک لە کوردستان"، ↑شژ şıj "بەردی کڵۆر"، ↑شووشە şûşe "جام، گلاس" [دە بنەڕەتدا: بەرد]، ↑شیشک şîşk "خیم، بناخە، بنەڕەت"، ↑شەختە şexte "سەرمای سەخت"، ↑شقووق şıqûq "جۆرێ هەرمێ کێویلە" [هەرمێی رەق]، ↑شوقاق şuqaq "1- ناوی هۆزێکی کورد 2- سەرمای دە رۆژی سەرەبەهار"، ↑ شکاک şıkak "ناوی هۆزێکی کوردە"، ↑شەقوق şeqoq "جۆرێک دارەبەن"، ↑شیخاڵ şîxal "باریکەبەفری سەهۆڵ بەستووی پەنا رەشانکَ کە درەنکَ دەتوێتەوە"، ↑سیخار sîxar "زوقم" و هتد. ئەگەر سەرنجی ماناکانی سەرەوە بدەین، دەبینین کە بەگشتی ئەو مانایانە بەرچاو دەکەون: رەق، سەخت، زەخت، بەهێز، پەیت، قایم. چەمکی هاوبەش دە هەموو ئەو وشانەی سەرەوە و ماناکانیاندا "سەخت بوون"ە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑سەخت *sext* "بەهێز، رەق، توند، پەیت، سفت، جێگیر". وەک دەبینرێ سەرجەم وشەکانی سەرەوە بە گشتی دوو مانا دەردەبڕن، واتا "بەرد" و "سەخت، پتەو". لە لایەکی دیکە وەک لە چەند شوێنی دیکەدا باس کراوە، ئەو وشانەی دیکەش کە لە ریشەی جیاوازەوە دێن و ئەم دوو مانایەی سەرەوە دەبەخشن، پێوەندی ئێتیمۆلۆژیکیان پێکەوە هەیە. بۆیە زۆر رێی تێ دەچێ کە وشەی ↑زاخ[1] zax و چەندین وشەی دیکە بە مانای "بەرد" پێوەندییان بەم وشانەی سەرەوە هەبێ و گشتیان لە یەک ریشەوە هاتبن.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "بەرد" و "سەخت، پتەو" و خزمایەتی دوو وشەی "زاخ" و "سەخت"، سەرنجی ئەم وشانەی خوارەوە بدە کە دوو بە دوو پێکەوە خزمن: سفت و سەپتک، کەڤر/کەمر و قەمرین، بەرد و پاڵەوان، توانین و تەوەن، کارین و کەڕا، هەستی و خەست].

سەقا 1 seqa [*saqā*] - "تەکووز، رێک و پێک": هەروەها سەقا دان seqa dan بە مانای "تەکووز کردن، رێک و پێک کردن" دێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑سەق *seq* و ↑سەخت sext. بەڵام با بزانین کە ئەو خزمایەتییە چۆن دروست بووە. [تێبینییەک لەم بارەوە: دە زمانی ئەڵمانیدا verwalten (G.) [ver-walten] بە مانای "تەکووز کردن، بەرێوە بردن، رێک و پێک کردن" دێ. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "سەخت و بەهێز بوون" و دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ "پالەوان"، "فەیلی"، "فیل" [پیل]، "پۆلا" و هتد. مانای ئەسڵی وشە ژێرمەنییەکەی سەرەوە دەرەقەت هاتن و زاڵ بوون بە سەر ئیش و کاردا بووە، واتا راگرتن و بەرێوەبردنی کار وبار لەژێر رکێف و دەسەڵاتدا]. "سەقا دان"یش دە زمانی کوردمادیدا هەر لە تێڕوانینێکی ئاواوە سەری هەڵداوە، واتا بەکار هێنانی توانایی و هێز و دەسەڵات لە بەرێوەبردندا تاکوو شتەکان لە رەوشێکی تێکەڵ و پێکەڵ، شل و شەوێق و ناجێگیر دەرباز بکرێن و بخرێنە سەر دۆخێکی ↑سەقام seqam گرتوویی و قورس و قایم بوون.

سەقا 2 seqa [*saqā*] - "ئاوکێش": دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشە هەن کە لەم پێوەندییەدا جێی سەرنجدانن، وەک هەروەها ↑ساقی saqî "پیاڵەدەر، پێشکێشکەری خواردنەوە"، ↑سەکرە sekre [ساغر sāġar (P.)] "پیاڵە، ئاوخۆری". ئەم وشانە دەشێ ریشەیان دە زمانی کوردمادیدا بێ، جێی هەڵسەنگاندنن دەگەڵ Schank (G.) "پێدانی خواردنەوە، فرۆشتنی خواردنەوە"، schanc (MG.) "سەکرە، پیاڵەی مەی"، Schenk (G.) "ساقی، مەی فرۆش"، Schenke (G.) "مەی فرۆشی، جێی خواردنەوەی مەی". هەروەها وشەکانی schenken (G.) "بەخشین، پێشکێش کردن" و Geschenk (G.) "خەڵات، پێشکێشی، دیاری" دە زمانی ئەڵمانیدا ریشەکەیان بۆ ئەم وشانەی سەرەوە دەگەڕێتەوە واتا لە مانای بنەڕەتی "پێدان بۆ خواردنەوە، تێراو کردن" دواتر مانای "پێدان" و دواتریش مانای "بەخشین" سەریان هەڵداوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)keng- >* "خوار، خوار کردنەوە". رەنگە مەبەست دە بنەڕەتدا خوارکردنەوەی زارکی گۆزە بووبێ بۆ ئاودان یان لە پیاڵە کردنی ئاو. ئەم وشانە دەبنە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشەی زمانی کوردمادی کە لەژێر ↑زەنگاڵ zengal "پووزەوانە، بەلەکپێچ"دا شی کراونەوە. وەک لەوێدا دەیبینین، بەشێک لە وشەکان فۆتیمی n تێیاندا پارێزراوە، بەڵام لە بەشێکی دیکەدا ئەم فۆتیمە سواوەتەوە. لێرەشدا، لە وشەکانی "سەقا"

و "ساقی" و هیتردا فۆتیمی n سواوەتەوە.

سەقر seqır [*saqır*] - "باز": خزمە دەگەڵ ئەو وشانە کە لەژێر ↑سەق seq دا باس کراون.

سەقام seqam [*saqām*] - "جێگرتوویی، پایداری، دامەرزاوی": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق seq دا ریز کراون و مانای "سەخت، قایم، بەهێز" دەبەخشن. مانای "جێگرتوویی، بێجووڵەیی" لەمەوە پەیدا بووە کە شتی سەخت و قورس و قایم لە جێی خۆی نابزوێ و ئەم لا و ئەو لا ناکا، بە پێچەوانەی شتی شل و شەوێق و تەق و لەق کە لەبەردەم جووڵان و گۆڕاندایە.

[تێبینی: لەم پێوەندییەدا دەتوانین دوو وشەی دیکە بە نموونە بێنینەوە. وشەی *قورس* "سەنگین، قایم" خزمە دەگەڵ *کورسین* "ریشە داکوتان" [جێگرتوو بوون] و دەگەڵ *کورد* "بەهێز، پاڵەوان" و گەلێک وشەی دیکە کە دواجار خزمایەتییان هەیە دەگەڵ *خار* "سەخت". هەروەها وشەی *سبات* "سەقامگرتوویی، بەرقەراری" خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە هەمدیسان مانای "سەخت" دەبەخشن، وەک *سفت* "سەخت"، *سفن* "بناخە"، زۆڕ "گاشەبەرد"، *زفت* [قیر و زفت]، زەب "رەق، سەخت" و هتد].

سەقەت seqet [*saqat*] - "جێی مەترسی": [پیاوێکی سەقەتە، ناوێرم بچمە لای]. هەروەها وشەیەکە بەگاڵتە دەگوترێ، کاتێک کە کارێک بە پێچەوانەی چاوەنواری بێ [سەقەت نەهاتی، سەقەت نەتکرد].

وەک دەبینرێ لەم وشانەشدا مانای ئەسڵی وشەکە ↑سەخت sext ە. لە رستەکەی سەرەوەدا مەبەست لە "پیاوێکی سەقەت" هەمان پیاوێکی سەخت و بەهێز و بە زەبر و زەنگە. لە رستەکەی دووەمیشدا مەبەست ئەوەیە کە کارەکە دەبایە بەسەختی و بە هێز و گوڕەوە کرابا، کەچی نەکراوە. لەم بارەوە ئاواش دەگوترێ [چاک هاتی، چاک کردت]، بۆ ئاماژە کردنێکی تەوساوی بەوە کە کابرا نەهاتووە، کەچی دەبا هاتبا، یان کارەکە نەکراوە، کەچی دەبا بە چاکی بکرایە. هەردوو وشەی ↑چاک çak و سەقەت seqet لە یەک ریشەوەن. نموونەیەکی دیکە لەم بارەوە وشەی "تەڕ"ە کە ئەویش لە ریشەیەکەوە دێ بە مانای "سەخت" [تەڕت زانی، تەڕت پێ گوت].

سەقەر seqer *[saqar]* - "بەستەڵەک": خزمە دەگەڵ ↑سەقەم seqem و هەروەها ↑*سەق seq*.

سەقەم seqem *[saqam]* - "سەرما و سۆڵەی دژوار": خزمە دەگەڵ ↑سەقەر seqer "بەستەڵەک" و هەروەها ↑*سەق seq*.

سەقەمی seqemî *[saqamī]* - "نەخۆشییەکی یەکسم": خزمە دەگەڵ گەلێک وشە کە لەژێر ↑*سەق seq* دا شی کراونەوە و دواجار پێوەندی بە ↑سەخت sext ەوە پەیدا دەکەن. وادیارە ئەمە نەخۆشییەکە کە لە ئەنجامیدا شوێتێک لە لەشی ئاژەڵ رەق یان ئەستوور دەبێ.

سەقی seqî *[saqī]* - "جۆرێک بەردی مەرمەڕ": خزمە دەگەڵ ↑زاخ zax "بەرد" و گەلێک وشەی دیکە کە لەژێر ↑*سەق seq* دا شی کراونەوە و دواجار پێوەندی بە ↑سەخت sext ەوە پەیدا دەکەن.

[تێبینی: پێوەندی نیزیک هەیە لە تیوان دوو چەمکی "سەخت" و "بەرد"دا. زۆڕ "گاشەبەرد" خزمە دەگەڵ *سفت* "سەخت". *بەرد* (کۆنتر: *وەرد*) دەبێ خزم بێ دەگەڵ fortis (.L) "سەخت، قەوی"، هەروەها stein(.G) "بەرد" خزم دەگەڵ styāyate (.OIn) "رەق دەبێ، سەخت دەبێ"].

سەقیل seqîl *[saqīl]* - "رژد، رەزیل": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑سەق seq دا هاتوون و دە ریشەدا مانای "سەخت" دەبەخشن. تقیل saqīl (.Arb) "قورس" دە زمانی عەرەبیدا لەوانەیە لە زمانی کوردمادی وەرگیرابێ. لە تیوان دوو چەمکی "قورس" و "سەخت"دا پێوەندی نیزیک هەیە [قورس و قایم]. وشەی "قورس" خۆی دە ریشەدا بە مانای سەختە.

سەکر1 sekır *[sakır]* - "داخستن، پێوەدانی دەرک و پەنجەرە": خزمە دەگەڵ ↑سەخت sext و ئەو وشانەی لەژێر ↑*سەق seq* دا شی کراونەوە. مەبەست لە "سەکر کردن" هەمان توند کردن، قایم کردن بووە.

سەکر2 sekır *[sakır]* - "ناوی هۆزێکی کورد": خزمە دەگەڵ ↑زاخ zax "بەرد" و گەلێک وشەی دیکە کە لەژێر ↑*سەق seq* دا شی کراونەوە و دواجار پێوەندی بە ↑سەخت sext ەوە پەیدا دەکەن. ئەم ناوە دەربڕی چەمکی هێز و گوڕ و پتەو بوونە. گەلێک لە هۆز و ناوچەکانی کوردستان، ئەو ناوانەیان لەسەرە کە باس لە هێز و قەوی بوون دەکەن.

سەکران sekran *[sakrān]* - "ناوی کێوێک لە کوردستان": بڕوانە ↑سەکر[2] sekır "ناوی هۆزێکی کورد".

سەکرە sekre *[sakra]* - "زەرک، ئەخۆری": ساغر sāǧar (.P). خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق seq "سەخت"دا هاتوون. مانای وشەکە دە بنەڕەتدا "بەرین، بەردکراو" بووە. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "هەوڕ" [هەوەڕ] "تێربار، دەفری سواڵەت". ئەم وشەیەش خزمە دەگەڵ کەڤر "بەرد".

سەکوت sekut *[sakut]* - "تەرح و دیدار، بیچم، شێوە" [سەر و سەکوت ser u sekut].خزمە دەگەڵ چەندین وشە کە مانای "شەقڵ و شێوە" دەدەن، وەک ↑شەقڵ şeqıl، ↑سککە sık(k)e، ↑ئەسک esk "وێنە"، ↑ئەسکەناس eskenas و هتد.

سەکۆ seko *[sako]* - "بەرزایی چێکراو بۆ دانیشتن": سکو sakū (.P). خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq [سەکۆ دە بنەڕەتدا واتا شوێنی زەق. لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "هەرزاڵ" کە ئەویش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "زەق بوون، دەرپەڕیو بوون].

سەکین sekîn *[sakīn]* - "ئاڵ بوونەوەی ددان بە ترشی": دەشێ خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق *seq* دا باس کراون و مانای "سەخت، توند" دەبەخشن.

سەگسار segsar *[sagsār]* - "ناشیرن، ناحەز": سەکَ + سار seg + sar. کەرتی سار sar - شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چارە[1] çare "دەموچاو، روخسار". کەوابوو "سەگسار" واتا وێچواندنی دەموچاوی کەسێک بە سەکَ.

سەگوان segwan *[sagwān]* - "تیرهاوێژی زەبردەست": هەروەها ↑سەگوەن segwen هەیە کە ناوی هۆزێکی کوردە. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑سەق seq دا شی کراونەوە و مانای "سەخت، بەهێز، زاڵ" دەبەخشن. ئەم وشانە هەر وەک "پاڵەوان" دروست کراون کە ئەویش خۆی لە ریشەیەکەوە هاتووە بە مانای "بەهێز بوون، زاڵ بوون، بە دەسەڵات بوون".

[تێبینی: هێندێک کەس بە هەڵە لای وایە ریشەی ئەم وشانە بۆ وشەی "سەکَ" دەگەڕێتەوە کە دیارە ئەمە لێکدانەوەیەکی نەشیاو و بێجێیە].

سەگوەن segwen *[saqwan]* - "ناوی هۆزێکی کورد": خزمە دەگەڵ ↑سەگوان segwan "تیرهاوێژی زەبردەست" و دەگەڵ ئەو وشانەی لە ژێر ↑*سەق seq* دا شی کراونەوە

سەل sel *[sal]* - "بەردی پان و تەنک": هەروەها ↑سەلین selîn "بەردی سەر گۆڕیچە" [تاتەبەرد، بەردی پان] و↑سەلەبەند selbend "رێگەی بەرد تیگیراو" بەکار دەهێنرێن. خزمە دەگەڵ ↑سێڵ sel "ساج" و ↑سەلپ selıp "سەوڵ، بێڵی قایق ئاژۆتن" و چەند و شەیەکی سەر بە ریشەیەک بە مانای "رووبەر، پانتایی".

سەلا sela *[salā]* - "رۆژی پساتێ": شێوەیەکی دیکە لە ↑سەرا sera "ماڵ، هۆڵ". دە زمانی فارسیدا دەگوترێ "سرای اخرت " واتا "ماڵی ئەو دنیا، دنیای پاش مردن".

سەلالیک selalîk *[salālīk]* - "رەورەوە": وشەکە ئاماژە بە "خلیسک، خلیسکان، خزین" دەکا و خزمە دەگەڵ یەک لەم دوو دەستەوشەی خوارەوە:

1- ↑سورِ sur "جێگەی سەربەرێژێری خلیسک"، سر sor (P.) "خلیسک" و سرتمە sortme (P.) "رەورەوەی سەر بەفر"، ↑سۆرک sorık "ئاوهەڵدێر، تاڤگە"، ↑سوول sul "پلوسک، ئاوهەڵدێر"، ↑سولاڤ sulav"ئاوهەڵدێرِ"، ↑سۆلینە solîne "رێگەئاوی لە سواڵەت"، slippen (Nl.) و slip (E.) "خلیسکان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "تەرِ و لیچق بوون، لووس و خلیسک بوون".

2- ↑گلان gılan ، ↑خلیسکان xılîskan، ↑جاڵە cale، ↑زەلووت zelut "تاس، بێموو" و هیتر، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ghel- >*** "درەوشانەوە، ترووسکانەوە". وشەکانی ↑زێرِ zer ، ↑زەرد zerd، ↑زۆڵ[1] zol [زەرد و زۆڵ)، ↑سۆڵ[3] sol [سپی و سۆڵ] ئەم مانا بنەرەتییان پاراستووە. پاشان لەم مایەوە مانای "ساف، لووس، خلیسک" و هەروەها "خلیسکان، زەلین" [بە نەرمی بەسەر هەردێکی سافدا خوشین" پەیدا بووە. رەوتی ئەو ئاڵوگۆڕە دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا بەم شێوەیە، بۆ وێنە لەم وشانەدا: gleißen (G.) "درەوشانەوە، بریقانەوە"، Gold (G.) "زێرِ"، gelb (G.) "زەرد"، glatt (G.) ساف، لووس"، gleiten (G.) "خزاندن، خوشاندن، خلیسکاندن". سەلالیک "رەورەوە" ئەو شتەیە کە بە نەرمی بە سەر هەرددا دەخوشێ. ناوێکی دیکە بۆ سەلالیک، ↑سەلیلانک selîlanık ە [سەلی + لانک]. لێرەشدا هەر ئەو پێوەندییانەی سەرەوە لە ئارادان و دە بنەڕەتدا مەبەست لانکەیەکە کە "سەلی"یە، واتا دەزەلێ، دەخوشێ، بە پێچەوانەی لانکەی جێگیر و وەستاو. سەبارەت بە پێوەندی چەمکەکانی "زەلین، گلان، خلیسکان" و "رەورەوە" بڕوانە "تلین".

سەلان selan *[salān]* - "بەرزاییەکان": شێوەیەکی دیکە لە سەران seran [بڕوانە ↑سەر ser "بان"].

سەلایە selaye *[salāya]* - "دەسکاونکَ": خزمە دەگەڵ ↑زللە zılle و چەند وشەی دیکە بە مانای "لێدان". خودی وشەی "هاونکَ" [ئاونکَ] یش لە ریشەیەکەوە هاتووە بە مانای "کوتان".

سەلەبەند selbend [*salband*] - "(ڕێگەی) بەرد تێگیراو": بڕوانە ↑سەل sel "بەردی پان و تەنک".
سەلپ selıp [*salıp*] - "سەوڵ، بێڵی قایق لێخوڕین": پێوەندی هەیە بە ↑سەل sel "بەردی پان و تەنک".
سەلت selt [*salt*] - "تەنیا، ڕەبەن": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:
1- selten (G.)، seldom (E.)، zelden (Nl.) "دەگمەن، نائاسایی" و هەروەها seltsam (G.) "سەیر، سەمەرە"، سەر بە ریشەی ژێرمەنی < **selda-* (*Ger.*) "تەنیا، جیا لەوانی دی".
2- solus (L.) "تاک، تاکانە، بەتەنیا". دوور نییە وشە ژێرمەنییەکە و وشە لاتینیەکە دە بنەڕەتدا بچنەوە سەر ریشەیەکی هاوبەش.
سەلە sele [*sala*] - "پاڵۆینەی لە شووڵ تەنراو": خزمە دەگەڵ sil (Sw.) "سوزمە، سەلە، راوەک"، Siel (G.) "بەنداوێکی بچکۆڵە کە ئاوی پێدا دەڕوا". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ seihen (G.)، sion (OE.)، sia (OIs.) "(هەڵ)چۆراندن، بە سەلەدا کردن" و sigan (OE.) "تکان، چکان"، سەر بە ریشەی < ***seik-** (*IE.*) "تکانەوە، چۆڕانەوە، دڵۆپان". خزمە دەگەڵ ↑تکان tıkan [چکان].
سەلەف selef [*salaf*] - "پڕ تاو بوونی ئەسپ": خزمە دەگەڵ ↑سڵەمینەوە sılemînewe.
سەلەم selem [*salam*] - "پێش فرۆش": خزمە دەگەڵ sell (E.)، sellan (OE.)، sellen (OG.)، sellian (OS.) "فرۆشتن"، سەر بە ریشەی ریشەی ژێرمەنییەکە < **saljan* (*Grm.*). ریشەی هیندوئەورووپی وشەکان باس نەکراوە.
سەلیتە selîte [*salīta*] - "ژنی بێحەیا": شەلیتە şelîte ش دەگوترێ.
1- یان خزمە دەگەڵ slut (E.) "ژنی بەڕەڵڵا، ژنی جڵف". ریشەی ئەم وشە ئینگلیزییە ساخ نەکراوەتەوە. لەوانەیە ئەم وشە ئینگلیزییە خزم بێ دەگەڵ ↑جڵف cılf.
2- یانیش خزمە دەگەڵ schlecht (G.)، sleht (OG.)، sliht (OE.)، slät (Sw.) "خراپ". مانای بنەڕەتی ئەم وشانە "ساف، لووس، هەموار" بووە و پاشان بووەتە "سادە" و لەوێشەوە بووەتە "خەراپ، بێ نرخ". ئەم وشانە دەگەڵ ↑جڵف cılf بە خزم دەر دەچن و دەچنەوە سەر ریشەی < ***(s)lei-** (*IE.*) "تەڕ و لیچق بوون، لووس و خلیسک بوون".
سەلیلانک selîlanık [*salīlānık*] - "ڕەورەوە": بڕوانە ↑سەلالیک selalîk.
سەلین selîn [*saīln*] - "بەردی سەر گۆڕیچە": دە بنەڕەتدا مەبەست "بەردی تەنک و پان، تاتەبەرد" بووە و دەچێتەوە سەر ↑سەل sel "بەردی پان و تەنک".
سەما sema [*samā*] - "خۆ بادان و خۆ جولاندن لە خۆشیان": زەما zema ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑جمە cıme "جووڵە و تەکان"، سەر بەکرداری ↑جمین *cımîn* "جوولان، تەکان خواردن". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چمە çıme "کلک" [ئەو ئەندامەی کە بەدەوام لە جمین و جووڵاندایە]. سماع semaɛ (Arb.) لە "سەما"ی کوردمادی وەرگیراوە.
[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی "تلان" و "دیلان" یان "پەڕین" و "هەڵپەڕین". وەک دەبینین پێوەندی نیزیک هەیە لە نێوان چەمکەکانی جم و جۆڵ و شایی و سەما و هەڵپەڕیندا].
سەماس semas [*samās*] - "هێمن، لەسەرخۆ": خزمە دەگەڵ ↑ساماڵ samas "یەکدەست، هەموار" سەر بە ریشەیەک بە مانای "یەک". مەبەست لەسەماس یان *ساماڵ* هەموار بوون و یەکدەست بوونە. *سەماس* کەسێکە کە هەڵس و کەوتی هەڵچوون و داچوونی تێدا نییە. هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑هەمین hemîn و ↑هێمن hêmın. کەرتی as- لەم وشەیەدا پاشگرە. لەم بارەوە بڕوانە پاشگری ↑ئۆز oz-.
سەمانەک semanek [*samānak*] - "بالدارێکە زلتر لە ڕەشۆڵە": دەشێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ کە مانای "تاریک، ڕەش" دەردەبڕن. لەم بارەوە بڕوانە ↑شێو şew "تاریکان".
سەماوەر semawer [*samāwar*] - "ئامرازی ئاو تێدا کوڵاندن": وشەیەکی زمانی ڕووسییە. دۆستێکی ڕووسیزانم بۆی باس کردم کە وشەکە لە دوو کەرتی sama و var (Rus.) پێک هاتووە کە یەکەمیان

بەمانای "خود"ە و دوومیان بە مانای "کوڵان"، سەر بە کرداری varit (.Rus) واتا بە کوردماديیەکەی دەبێتە "خۆکوڵ" یان "خۆکوڵین". بەم جۆرە کەرتی یەکەم دەبێتە خزم دەگەڵ ↑هاو haw و کەرتی دووەمیش دەگەڵ ↑ئاور awır.

سەمەر(ە) 1 semer(e) [*samar(a)*] - "پاڵان": خزمە دەگەڵ ↑کەمەر kemer.

سەمەرە2 semere [*samara*] - "سەیر": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑*ساماڵ samal* "بێ هەور، یەکدەست"، ↑سەماس semas "لەسەرەخۆ" [بێ هەڵچوونە و داچوون]، ↑جڤین cıvîn "کۆم بوون" [هاتنە لای یەک] و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "یەک". لەم تێڕوانینەوە مانای "سەمەرە" دەبێتە "تاک، دەگمەن، بێوێنە". دیارە شتی سەیر و سەمەرە وەک شتێکی دەگمەن و بێوێنە تەماشا کراوە و بۆیە ئەم ناوەی پێ دراوە.

سەمەن semen [*saman*] - "کەوە، خۆڵەمێشی": بڕوانە ↑سەمانەک semanek.

سەمەنگوڵ semengul [*samangul*] - "شەلێک کە زۆر کەم دەلەنگێ": دەشێ پێک هاتبێ لە سەم + ناوگری ن + گوڵ sem + n + gul. کەرتی "سەم" خزمە دەگەڵ ↑کەم kem. کەرتی گوڵ gul خزمە دەگەڵ ↑کوللە kulle سەر بە ریشەیەک بە مانای "لەنگین".

سەمیت semît [*samīt*] - "ماکێکی رەش لەسەر دەرگای خەڵیفەهەنکَ": سەمید semîd یش دەگوترێ.

1- بنەوشەی سەم -sem بەمانای "رەش، تاریک"ە و دە ژمارەیەک وشەی کوردماديدا بەرچاو دەکەوێ، وەک ↑شەمشەمەکوێرە şemşemekuwere "ئاژەڵی شەوهەڵفڕ"، ↑شەمەترێلکە şemetırêkle "مێشەهەنگوێتێکی رەشکەڵە"، ↑سەمەن semen "کەوە، خۆڵەمێشی"، سەمانەک semanek "بالدارێکە زلتر لە رەشۆڵە" و هتد. ئەم وشانە دواجار دەبنە خزم دەگەڵ ↑شێو şêw "ئێوارەدرەنکَ، تاریکان".

2- ↑زەمۆمە zemome "تیغە، تیوان کردن بە قوڕ یان تامان"، ↑سمتە sımte "تولا، پێکەوەنووساوی رێککوشراو" و هتد. ئەم وشانە ئاماژە بە رێکگوشران، پێکەوەنووسان و بەربەست کردن دەکەن.

سەنتوور sentur [*santūr*] - "سازێکی ژەنین": خزمە دەگەڵ ↑ژەنین jenîn و ↑ژەندن *jendın* و ↑سهنتی sıhıntî "زللە" و هێندێک وشەی دیکە بە مانای "لێدان". ناوی هێندێک لە سازەکانی مووزیک دەچنەوە سەر ئەو وشانەی کە مانای "لێدان" دەبەخشن، وک ↑سەنج senc [هەڵی سەنگینە دەگەڵ سەنتوور]، تەپڵ، دمبەک، تەمبوور و هتد.

سەنتەنە sentene [*santana*] - وشەکە دە "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"دا ئاوا مانا کراوەتەوە: "1- دەبدەبە، شکۆ و جەلال 2- ناوە بۆ پیاوان". مانای ئەسڵی وشەکە "لێدان"ە و دەبێ لە کۆندا زەنتەن *zenten* بووبێ. دە زمانی کوردمادی ئەمڕۆدا دەبێتە ↑ژەنین jenîn و ↑ژەندن *jendın*. بنەوشەی زەن -zen بە شێوەی جۆربەجۆر لە چەندین وشەی دیکەشدا دەردەکەوێ وەک ↑زەنکَ zeng [زەبر ە زەنکَ]، ↑زەنکَ zeng "جەرەس"، ↑جەنکَ ceng "شەر"، ↑سهنتی sıhıntî "زللە"، ↑سەنکَ seng "بەرد" [ئامرازی لێدان]، ↑زەنگەن zengen "قوڵینکَ"، ↑سەنتوور sentur "سازێکی ژەنین"، ↑سەنج senc "سازێک" و هتد. هەروەها ئەگەر چاو لە مانای "دەبدەبە"ش بکەین دەبینین، کە مانای ئەسڵی ئەویش هەر "لێدان"ە. ئێستا پرسیار ئەمە کە چۆن لەم مانایەوە مانای "شکۆ و جەلال" پەیدا بووە. لەوانەیە ئەم مانایە لێرەوە پەیدا بووبێ کە فەرمانڕەوای بە دەسەڵات لە کاتی هاتۆچۆی خۆی و دەستە و دایرەکەی یان سپاکەی وەک رێز لێگرتن بە دەهۆڵ و زوڕنای رەزمی هاورێیەتی کراوە و لێرەوە مانای "شکۆ و جەلال" سەری هەڵداوە. وشەکە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و بووەتە طنطنة tantana (.Arb).

سەندەڵ[1] sendel [*sandal*] - "دارێکی بۆن خۆش": < (.ML) sandalum > *(.OIn) candana* "داری سەندەڵ".

سەندەڵ[2] sendel [*sandal*] - "پێڵاوی دارین، تەق تەقیلە": دە زمانی یۆنانیدا sándalon (.Gr) گوتراوە. بەگوێرەی بۆچوونێک ریشەکەی دەچێتەوە سەر زماتێکی ئاسیایی. ئەم زمانە ئاسیاییە دەشێ هەمان

زمانی کوردمادی بووبێ. ئەگەر سەیری وشەی تەقتەقیلە teqteqîle "(پێڵاوی) سەرپایی" بکەین، دەبینین کە ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە ↑تەق teq "دەنگی لێدان یان لێکدان و پێکدادان". تەقتەقیلە دە بنەڕەتدا سەرپاییەک بووە کە بنەکەی لە دار بووە و لە کاتی ڕۆیشتندا لە هەرد کەوتووە و تەقەتەقی لێ هاتووە. هەر بەم پێیە "سەندەڵ" دەچێتەوە سەر بنەوشەی "زەند" و خزمە دەگەڵ ↑سهنتی sıhıntî "زللە"، ↑سەنتوور sentur "سازێکی ژەنین"، ↑سەنج senc، ↑ژەنین jenîn و ↑ژەندن *jendın* و ↑زەند zend و هێندێک وشەی دیکە بە مانای "لێدان، لێکدان".

[تێبینی: کەرتی ئەل el- پاشگری بەناو کردن و دروست کردنی ناوی کەلوپەلە کە دە وشەی کوردی دیکەشدا دەبینرێ، وەک "سەندەڵی" و بەتایبەتی لە زمانە ژێرمەنییەکاندا زۆر باوە. نموونەیەکی دیکە سەوڵ sewıl ە، واتا بێڵی لێخوڕینی بەلەم کە خزمە دەگەڵ Schaufel (G.) "بێڵ، خاکەنداز"].

سەندەڵی sendelî [*sandalī*] - "کورسی دانیشتن": sandalī (P.). ئەم وشەیە دەشێ بچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *sed-* > "دانیشتن". دەکرێ بەهەڤی بکەین دەگەڵ Sessel (G.)، sitls (Gt.)، setl (OE.) "سەندەلی" و هەروەها Sattel (G.)"زین". دە وشەی "سەندەلی"دا فۆتیمی n خزاوەتەوە ناو بنەوشەکەوە. وشەکە خزمە دەگەڵ ↑دانیشتن danîştın و لەوانەشە ↑زین zîn. فۆتیمی n دە کۆتایی وشەی زین zîn دا لەوانەیە هەر ئەوە بێ کە دە وشەی "سەندەلی"دا دەبینرێ.

سەنگێ seng [*sang*] - "بەرد": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی دە ریشەدا مانای "لێدان" دەبەخشن، وەک ↑ژەنین jenîn و ↑ژەندن *jendın* ، ↑زەنگێ zeng [زەبر ە زەنگێ]، ↑زەنگێ zeng "جەرەس"، ↑جەنگێ ceng "شەر"، ↑سهنتی sıhıntî "زللە"، ↑زەنگەن zengen "قوڵینگێ". مانای بنەڕەتی "سەنگێ" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ لێدان و کوتانی شت واتا بۆ شکاندن، ورد کردن و هاڕین کەڵکی لێ وەرگیراوە.

[تێبینی: لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە وشەی Hammer (G.) "چەکوچ" بکەین، کە دەبێتە خزم دەگەڵ کەڤر kevır "بەرد" دە زمانی کوردمادیدا. هەروەها دەتوانین ئاماژە بکەینە چەکوچ çekuç و چەک çek "سیلاح" کە لەوانەیە خزم بن دەگەڵ زاخ zax "بەرد". ئەم نموونانە نیشان دەدەن کە چۆن چەمکەکانی "لێدان"، "ئامرازی لێدان" و "بەرد" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە].

سەنگەر senger [*sangar*] - "مەتەرێز، پەنا و پەسیوی شەڕ":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑زنج[4] zınc "چارداغ، حەوش، چەپەر، پەرژین".

2- وشەی "مەتەرێز" پێوەندی بە چەمکی "کان، کانزا، سەنگی مەعدەن، قوڵکە"وە هەیە، ئەوسا بۆی هەیە "سەنگەر"یش پێوەندی بە ↑سەنگێ seng ەوە هەبێ بە مانای "بەرد".

سەنگین sengîn [*sangīn*] - "1- قورس 2- ئابڕوومەند 3- دەوڵەمەند": زەنگین zengîn یش دەگوترێ کە شێوەی کۆنتری وشەکەیە. سنگین sangīn (P.) "قورس، گران". دەچێتەوە سەر ↑سەنگێ berd "بەرد". "سەنگین" دە بنەڕەتدا مانای "بەردین" دەدا، واتا وەک بەرد قورس و قایم. لەم مانایەوە دواتر مانای "ئابڕوومەند" پەیدا بووە، چونکوو مرۆڤی ئابڕوومەند کەسایەتییەکی قورس و قایمی هەیە و کاریگەرییە نەرینییەکان ناتوانن بە هاسانی دایرووشێن و لەباری ببەن. مانای "دەوڵەمەند"یش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤی ساماندار وەک کەسێک چاو لێ کراوە کە بە هۆی سامانەکەیەوە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ژیانی قورس و قایمە.

سەنمین senmîn [*sanmīn*] - "پیس و گڵاو بوون": هەروەها سەنم senım "پیس، گڵاو" و سەنماندن senmandın بەکار دەهێنرێن. ئەم وشەیە دە بنەڕەتدا بە مانای "پێوەنووسان، چەسپان"ە، واتا کاتێک قوڕ و خۆڵ و شتی پیس و ناخاوێنی دیکە بە دەست و قاچ یان جلوبەرگەوە نووساوە، ئەو وشەیان بەکار هێناوە و دواتر وشەکە بەگشتی مانای "پیس بوون"ی وەرگرتووە. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *(s)neigh-* > "پێوەنووسان، گلوو بوون" و دەبێتە خزمە دەگەڵ چەندین وشە، لەوانە

↑شەنگل şengıl "پێکەوەنووساو" دە زمانی کوردمادیدا و Schnee (G.) و nípha (Gr.) "بەفر، بەرف" [دە بنەڕەتدا: کلۆ، گلووبەفر] و sniwan (OE.) "بەفر بارین".

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی گڵاو gılaw "پیس" کە دە راستیدا خزمە دەگەڵ kleben (G.) "چەسپان، پێوەنووسان"].

سەنیرە senîre *[sanīra]* - "دارێکە لە کاتی وەستاندنی ئارەبەدا دەخرێتە بنی تاکوو کەڵ وەحەسێ": خزمە دەگەڵ ↑سنێ sıne "دارێکە لە مل و کەلەکەی ئاژەڵی دەبەستن تا دەمی نەگاتە برینی خۆی" و هەروەها دەگەڵ ↑سندم sındım "پێوەندی ئاسن" و هێندێک وشە کە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای"بەستن، بەستنەوە".

سەنیری مار senîrmar *[sanīrmār]* - "کرمێکی بەڵەکە و هێدی هێدی دەڕوا": خزمە دەگەڵ Schnecke (G.) "شەیتانۆکە، حەلەزوون"، snacke (E.) "مار"، snok (Sw.) "جۆرێک ماری ئەفعی". ئەم وشانە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر کردارێکی کۆنی ژێرمەنی بە مانای "خوشین، خزین" کە دە ئەڵمانی کۆندا snahhan (OG.) بووە.

[تێبینی 1: دە زمانی ئەڵمانیدا Schnecke واتا شەیتانۆکە سیمبۆلی لەسەرەخۆ رۆیشتنە. زۆر جار لەو شەقام و شوێنانەی ماڵ و منداڵی زۆری لێ دەژین، وێنەی "حەلەزوون" لە قەراخ شەقام دادەندرێ تاکوو لێخوڕانی ئوتۆمبێلەکان لە حەلەزوون فێر ببن و بە ئەسپایی باژون. تێبینی 2: وشەی "سەنیری مار" لەباری داڕشتنەوە لاسەنگییەکی تێدا بەدی دەکرێ، ئەم وشەیە بەپێی رێساکانی وشەسازی دە زمانی کوردیدا دەبێ بەم جۆرە بێ: سەنیرمار، سەنیرەمار، سەنیرماره].

سەتیر sener *[saner]* - "ریخ، سەرگین": ستێر sınêr یش دەگوترێ. دە ئەسڵدا ↑سەرگین sergîn بووە و گۆڕاوە [سەرگین sergîn ← سەرین serîn ← ستێر sener].

[تێبینی: لەباری گۆڕانکاری فۆتیمەکانەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ *سەرین* "باڵنجی سەر" کە دە هێندێک شێوەزاردا بووەتە "سەنیر"].

سەوال sewal *[sawāl]* - "ئاژەڵ، مەڕ و ماڵات": خزمە دەگەڵ schmal (G.) "باریک"، small (E.)، smals (Gt.)، smal (Sw.). ئەم وشانە بە مانای "چکۆلە، کەم" و دە هەمان کاتیشدا بە مانای "ئاژەڵی چکۆلە" بەکار هاتوون، بۆ وێنە smali (ON.) و mīl (OIr.) "ئاژەڵی چکۆلە"، maal (Nl.) "گوێلک"، melon (Gr.) "مەڕ".هەروەها malyj (Rus.) "چکۆلە" پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە. دە زمانی کوردمادیدا ↑مەڕ mer، ↑گەماڵ gemal "سەکۆ" و ↑تەماڵ temal "کەروێشک (لە لاندا)"، ↑ماڵ[1] mal [ماڵات malat] و ↑شەپاڵ2 şepal "بەچکەشێر" خزمایەتییان دەگەڵ وشەکانی سەرەوە هەیە.

سەوچیان sewçıyan *[sawčıyān]* - "شیان، ژێهاتن". هەروەها سەوچ sewç هەیە بە مانای "شیاوی، لێهاتوویی". جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- ↑تاوژین tawjîn *[tāwžīn]* - "خەریک بوون بە کارێکەوە".

2- ↑تاو2 taw "هێز، گوڕ". ئەگەر وشەکە پێوەندی بە "تاو"ەوە هەبێ، ئەوا دە بنەڕەتدا ماناکەی "توانایی هەبوون، بە توانا بوون" بووە.

سەودا1 sewda *[aswdā]* - "دانوسان، گۆڕینەوەی کالا": سودا soudā (P.). لەوانەیە پێوەندی بە ↑سوود sud "قازانج" ەوە هەبێ.

سەودا2 sewda *[aswdā]* - "بیر و خەیاڵی ئەڤیندارانە": چەند وشەیەک دە زمانی کوردمادی و فارسیدا هەن کە لەوە دەچێ پێوەندییان بەیەکەوە هەبێ و لە یەک چوارچێوەدا جێگەی شی کردنەوە بن. ئەم وشانە بریتین لە ↑شەیدا şeyda [شیدا šeydā (P.)] "ئەڤینداری بەتین"، ↑شێت şêt "دێوانە" [شێت و شەیدا]، شیفتە šīfte (P.) "شەیدا، ئەودال"، ئاشفتە āşofte (P.) "شێواو، تێکەڵ" [ā-šofte]، ↑*شێوان şêwan* "تێکەڵ بوون، لێکدران"، ↑ئاژاوە ajawe "تێکەڵ وپێکەڵی، لێکدراوی" [a-jawe] و هتد. مانای

سەرەکی لە هەموو ئەم وشانەدا "لێکدران"ە. بەهۆی "لێکدران و شڵەقان"ی مەژی، مرۆڤ شێت دەبێ یان لە پێناو ئەڤین و خۆشەویستی لەرادەبەدەر مێشکی تێک دەچێ، بەوتەیەکی دیکە دەشێوێ. لەم تێڕوانینەوە "سەودا" دەبێ هەر ئەو بیر و خیاڵە ئاڵۆز و شێواوە بێ کە مرۆڤێکی "شەیدا" هەیەتی.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیشدا verrückt (G.) "شێت، دێوانە" بە مانای "شەیدا بوون و ئەڤینداربوون"ی لەرادەبەدەر بەکار دێ، بۆ وێنە کاتێک کوڕێک بە کیژێک دەڵێ Ich bin verrückt nach dir، ئەوە هەر وەک کوردمادییەکەی خۆمان ماناکەی دەبێتە "من شێت و دێوانەی تۆم"].

سەول sewıl [*sawıl*] - "سەڵپ، بێڵی گەمێوانی":خزمە دەگەڵ Schaufel (G.) schoffel (Nl.) shovel (E.) skovel (Sw.) "خاکەندان، پێمەڕە، بێڵ"، سەر بە ریشەی *(IE.) *skeub(h)- >* "فڕێ دان، هاویشتن، ڕا دان". خزمە دەگەڵ ↑شەپ *şep* "لێدان بە لاق". هەروەها بڕوانە ↑چەپە çepe "سەوڵی بەلەم لێخوڕین". وەک دەبینرێ، هەم "سەوڵ" و هەمیش "چەپە" دوو شێوەن لە یەک وشە.

سەولە sewle [*sawla*] - "ئەستوورک لە درشتەی ئارد کە خۆراکی سەگە": هەروەها سەویک[1] sewîk هەیە بە مانای "ئەستۆرکی بە ڕۆن". خزمە دەگەڵ ↑زبرە zıbre "درشتەی ساوار" و ↑زبر zıbır/ زوور zur [دە بنەڕەتدا: درشت] و هەروەها ↑زبل zıbıl و هتد.

سەوەتە sewete [*sawata*] - "قەرتاڵەی گەورە": سەبەتە sebete ش دەگوترێ. سبد sabad (P.) "قەرتاڵە". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها ↑سابات sabat "کەپر" هەیە کە خزمە دەگەڵ "سەوەتە". سەبەتە و سابات هەردووکیان بە شووڵ دەچنرێن.

سەویک[1] sewîk [*sewīk*] - "ئەستۆرکی بە ڕۆن": هەر وەک ↑سەولە sewle دەچێتەوە سەر ↑زبر *zıbır* و دواتر ↑زیبک zîbık [بە زیبک و زاکوون].

سەویک[2] sewîk [*sewīk*] - "گۆزەی ملباریک": سبو sabū (P.). خزمە دەگەڵ↑سواڵەت suwalet.

سەه seh [*sah*] - "حیس، ئاگاداری": سەح seħ یش دەگوترێ. [سەح کرن واتا "پێزانین، ئاگادار بوون: من ئەو خەبەر سەح نەکریە]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ sehen (G.) sehan (OG.) saíhan (Gt.) see (E.) se (Sw.) "دیتن" سەر بە ریشەی *(IE.) *sek- >* "هەست پێکردن، دیتن". مانای بنەڕەتی ئەم ریشەیە بریتییە لە "چاو بە دوودا گێڕان، (بەچاو) شوێن کەوتن". sequi (L.) "شوێن کەوتن، بەدوادا هاتن"، sácatē (OIn.) "دوای دەکەوێ، ڕەگەڵ دەکەوێ، بە دوادا دێ"، sekt (Let.) " شوێن کەوتن، شۆپاندن، بۆن کردن" پێوەندییان بە م ریشەوە هەیە. هەروەها sagen (G.) "قسە کردن" و هاوتاکانی دە زمانە ژێرمەنییەکاندا دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە. مەبەست لەم وشەیەی دوایی دەئەسڵدا "خستنە بەر هەست، خستنە بەرچاو، ئاگادار کردن" بووە. دە زمانی کوردمادیدا ↑سۆز soz [سخن soxan (P.)] بە مانای "قسە" خزمە دەگەڵ ئەم وشە ژێرمەنییانە کە مانای "قسەکردن" دەبەخشن. وەک لەمانای ریشەکەدا دەبنیرێ، ئەو ریشەیە ئاماژە دەکا بە چەمکی "شوێن کەوتن، ڕەگەڵ کەوتن". ئەم مانایە شیمانەی ئەوەمان لا دروست دەکا کە وشەی ↑شکۆ şıko [شان و شکۆ] پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ. لەم تێڕوانینەوە کەسێکی بە شان و شکۆ یان شکۆمەند، شکۆدار ئەو کەسەیە کە خەلکێکی زۆری وە شوێن دەکەوی، ڕەگەڵی دەکەوێ، وەک چۆن کەسانی خاوەن دەسەڵات بەدەوام خەڵکێکی زۆری مفتەخۆر و مشەخۆریان بە دەوەرەوەیە و لە کاتی گەڕان و سەردانەکاندا ڕەگەڵ خۆیان دەخەن تاکوو هێز و دەسەڵاتیان بە خەڵکی بێدەسەڵات نیشان بدەن. وشەیەکی دیکەش کە لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ، ↑چاو çaw ە.

سەهان sehan [*sahān*] "ریخ": دەگەڵ ↑شەنگڵ şengıl "پێکەوەنووسان".

سەهۆڵ sehol [*sahol*] - "ئاوی لە سەرمان ڕەق هەڵاتوو، یەخ": خزمە دەگەڵ ↑سەهەند[1] sehend "1- زۆر سارد 2- ناوی چیا و زۆزاتێک"، ↑سەقەر seqer "بەستەڵەک"، ↑سەقەم seqem "سەرمای زۆر"، ↑زوقم zuqım یان ↑سیخار sîxar "ئاڵشت، خووس". وەک دەبینین، چەمکی سەرەکی لەم وشانەدا "بەستەڵەک"ە

کە دەچێتەوە سەر "بەستن". مەبەست لە "بەستن" ئەوەیە کە ئاو ئیتر "ئازاد" و رەها نییە، ناجووڵێتەوە و وەک شتێکی بەستراو و شەتەکدراو، توند و بێجووڵەیە. بە وتەیەیەکی دیکە ئاوەکە رەق و سەخت بووە. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە ئەم وشانە پێوەندییان بە گەڵێک وشە هەیە کە مانای "سەخت، توند، پەیت، بەهێز" دەدەن و هەروەها بە خودی وشەی ↑سەخت *sext* دەوە.

سەهەند sehend 1 [*sahand*] - "1- زۆر سارد 2- ناوی چیا و زۆزاتێک": خزمە دەگەڵ ↑سەهۆڵ sehol "یەخ". ناوی چیاکە هەم دەتوانێ ئاماژە بووبێ بۆ سەخت و ئاستەم بوونی چیاکە و هەمیش دەتوانێ ئاماژە بووبێ بە سەرما و بەستەڵەکی سەر چیاکە.

سەهەن(د) sehen(d) 2 [*sahand*] - "سێبەری خەستی دار": خزمە دەگەڵ ↑سێ se "نیسێ، سێبەر".

سەهەندە sehende [*sahanda*] - "1- بزۆز و نائارام 2- ئاژاوەچی 3- زرینگ 4- سەرسەخت و لاسار":

1- یان خزمە دەگەڵ ↑سفت sıft سەر بە ریشەی *(IE.) *sghuwent- >* "سەخت، قایم، بەهێز"،

2- یانیش پێوندی هەیە بە ↑زەنگ zeng [زەبر و زەنگ] و ↑زیان zîyan. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ↑ژەندن *jendın* و دە ریشەدا مانای "لێدان" دەبەخشن.

سەهویر sehwîr [*sahwīr*] - "1- تارمایی 2- رەشکە و پێشکە": خزمە دەگەڵ ↑سێ se "نیسێ، سێبەر". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑ساویر sawîr "وەهم، خەیاڵات" [بیری سێبەرئاسا، بیری نە روون و شەفاف].

سەیر seyr [*sayr*] - "جێی سەرسووڕمان، نائاسایی، دەگمەن": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ selten (G.)، seltan (OG.)، zelden (NL.)، seldom (E.)، sällan (Sw.) "سەیر، دەگمەن، نایاب". ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر ریشەی ژێرمەنی *-selda (Grm.)* "تاک و تەنیا بوون، جیا لەوانی دیکە". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑سەڵت selt "رەبەن، بێ هاوسەر".

سەیوان seywan [*saywān*] - "سایەبان": سایەبان sāyebān (P.). سەی + وان sey + wan. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر↑ سێse "سایە" و کەرتی دووەمیش پێوەندی هەیە بە:

1- یان پاشگری ↑وان -wan [بان -bān (P.)]. ئەم پاشگرە دە بنەڕەتدا مانای پاراستن و ئاگاداری کردن دەبەخشێ وەک باخەوان، پاسەوان، گەمێوان، دەستەوانە، قامکەوانە و هتد. لەم تێڕوانینەوە سەیوان دەبێتە شتێک بۆ خۆ پاراستن لە هەتاو، نەک لە "سایە"!

2- یان ↑بان ban "سەربان". لەم تێڕوانینەوە سەیوان دەتوانێ ئاماژە بە سێبەری ژێر هەیوان بکا.

سی sî 1 [*sī*] - "سێ جار دە": خزمە دەگەڵ ↑سێ se "دوو و یەک".

سی sî 2 [*sī*] - "ئەندامی هەناسە کێشان": ↑سیپەلک sîpelık.

سیا sîya [*sīyā*] - "رەش": سیاه sīyāh (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سێ se [سا(یە)].

سیاچەمانە sıyaçemane [*sıyāčamāna*] - "جۆرێک گۆرانی": پێک هاتووە لە ↑سیا sıya + چەمانە çemane. کەرتی یەکەم مانای "رەش" دەدا. کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ چامە çāme (P.) "سروود، ئاواز" و hymnos (Gr.) "سروود". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *seu- , *siu- >* "بەستن، لێکبەستن، درووەن". مەبەست لە وشەکە دە بنەڕەتدا "هەڵبەستراو، هەڵبەست" [سەرنجی کرداری "بەستن" بدە] و "تێکخراو"ی دەنگەکان بووە. ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑شاشک şaşık "مێزەر"، ↑سوژن sujın [شوژن şûjın] "تەبەنە، جەواڵدوز"، ↑*شاڵ şal*، ↑جاجم cacım، ↑جۆڵا cola و ↑جاڵجاڵووکە calcaluke و چەندین وشەی دیکە. کەوابوو مانای "سیاچەمانە" دەبێتە "سروودی رەش، بەستەی رەش" و ئەمەش ئاماژەیە بەوە کە ئەم سروود و هەڵبەستانە بۆ کات و بۆنەی ناخۆش و مەینەتبار بەکار هاتوون.

سیان sîyan [*sīyān*] -"قورم، دوودە": خزمە دەگەڵ ↑سیا sîya "رەش".

سیاون sîyawın [*sīyāwın*] - "1- رەشانک 2- بزنەموو". خزمە دەگەڵ ↑سیا sîya "رەش".

سیپ sîp 1 *[sīp]* - "تامان لەناو چەم بۆ ماسی گرتن": خزمە دەگەڵ ↑سیپە sîpe "ڕەبەت، بۆسەی ڕاوکەر".
سیپ sîp 2 *[sīp]* - "تابشتی زۆر": خزمە دەگەڵ ↑سفت sıft و ↑*سیپان sîpan 2* "ناوی دوو چیا لە کوردستان".
سیپ(ە) sîp(e) *[sīp(a)]* - "تەختەی ناسک و پان": خزمە دەگەڵ ↑چێو çew "چۆڤ، دار، داردەست".
سیپاڵ sîpal *[sīpāl]* - "1- جلو بەرکَ (بەتایبەتی هی کۆن) 2- کۆنەپەڕۆ 3- بەڕەی ساکار وکەم بەر": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑چەپکەن çepken 1 "کراسی داوێن درێژی ژنانە"، ↑*سابات sabat* و ↑سەوەتە sewete، دە بنەڕەتدا بە مانای "چنین، تەنین"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لەبەر یەک کشانەوە، هەراو بوونەوە، تەنینەوە".
سیپان sîpan 1 *[sīpān]* - "بڵیندایی باگیرەوە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑زیپکە zîpke و ↑زۆپ zop "زەق، دەرپەڕیو".
سیپان sîpan 2 *[sīpān]* - "ناوی دوو چیا لە کوردستان": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە ئاماژە بە "سەختی، توندی، هێز" دەکەن، وەک ↑زۆپ zop "گاشەبەرد"، ↑زۆپک zopık "پەیاخی ئەستوور، تۆپز"، ↑سەپتک septık "بەرد"، ↑سیپ sîp "تابشتی زۆر"، ↑شەب şeb "زاخ، بەردێکی سپی"، ↑شەبۆت şebot "درێژترین ماسوولکە" و ژمارەیەک وشەی دیکە کە لەژێر ↑سفت sıft دا باس کراون.
سیپان sîpan 3 *[sīpān]* - "ڕنوو، کڵێڵە، شاپە": شێوەیەکی دیکە لە ↑شاپە şape.
سیپکان sîpkan *[sīpkan]* - "ناوی هۆزێکی کورد": خزمە دەگەڵ یەکێک لەم دوو دەستەوشەی خوارەوە. وشەکانی سەر بە هەر دوو خێزان ئاماژە بە چەمکی "سەختی، توندی، هێز" دەکەن:
1- ↑زیبک zîbık [زیپک zîpık] "ئۆتۆریتە، دەسەڵات" و دەگەڵ ↑زەبر zebır [زەبر و زەنکَ].
2- ↑سیپان sîpan 2 "ناوی دوو چیا لە کوردستان".
[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی ناوی هۆزە و مەڵبەندەکانی کوردستان بە چەمکی "سەختی، توندی، هێز" بڕوانە وشەی "سۆران"].
سیپە sîpe *[sīpa]* -"ڕەبەت، بۆسەی ڕاوچی". جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ saepes (L.) "پەرژین، بەربەست، چەپەر".
سیپەلک sîpelık *[sīpalık]* - "ئەندامی هەناسە کێشان": ↑سی sî و سیپەلاک sîpelak یش دەگوترێ. هەروەها ↑زیپەر zîper [یان زەڤڵەک zevlek] هەیە بە مانای "ماسوولکە". ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ وشەگەلێک کە لەژێر ↑سابات sabat دا شی کراونەوە و چەمکی "لەبەر یەک کشانەوە، هەراو بوون(ەوە)" لەخۆ دەگرن.
سیت sît *[sīt]* - "ئەندامی مێیینەی ژن": جێی بەراورد کردنە دەگەڵ Scheide (G.)، sceida (OG.)، schede (Nl.)، skaidir (OIs.) "کالان" [لە دوو پارچە تەختەی لێک بەستراو دروست کراوە]. لە سەدەی هەفدەوە ئەم وشە ژێرمەنییانە بە مانای "ئەندامی مێیینەی ژن" بە کار دەهێنرێن و ئەمەش بە چاولێکەری لە وشەی vagina (L.) کە بە هەر دوو مانای "کالان" و "ئەندامی مێیینەی ژن" بە کار هاتووە. وشە ژێرمەنییەکان دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *skei- >*** "بڕین، لێک جودا کردن، قەڵشاندن". وشەی ↑جودا cuda و گەلێک وشەی دیکە دەچنەوە سەر ئەم ریشەیە.
سیت(ە) sît(e) *[sīta]* - "تەپکە، داو": خزمە دەگەڵ ↑سدە sıde "تاڵ، رایەڵ" و ↑سێتە sete "پۆ" [تان و پۆ] و↑شەدە şede.
[تێبینی: وشەی "داو"یش بە هەردوو مانای "تەپکە" و " تاڵ، دەزوو" بەکار دێ، چونکە تەپکە لە چەند دانە داو واتا تاڵ دروست دەکرێ کە قاچی پەلەوەر لێی گیر دەبێ].

سیتەک sîtek [*sītak*] - "بەردەڵان و تمتمان": سیتک sîtık یش دەگوترێ. هەروەها ↑سێتە sete هەیە بە مانای "چیا". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑چیا *çîya* و سەر بە ریشەیەکن بە مانا "سەخت". "سێتە" دەبێ شێوەی کۆنتری "چیا" بێ.

سیچقە sîçqe [*sīčqa*] - "ماسینی بنی موو لە سەرمان": سیچقە کردن واتا موو راست بوونەوە لە سەرمان. خزمە دەگەڵ ↑سیچکە sîçke "خونچەی تازە" و سەر بە ریشەیەکە بە مانای "دەرپەڕین، زەق بوون".

سیچکە sîçke [*sīčka*] - "خونچەی تازە": سیچ + کە [پاشگری گچکاندن] sîç + ke. "سیچ" دەشێ خزمە بێ دەگەڵ Schoß (G.)، scoz (OG.) "چرۆ، چەکەرە، چووزەرە"، scuz (OG.)، scheut (Nl.)، scyte (OIs.) "داری نووک دەرپەڕیوی کەشتی". وشەکەخزمە دەگەڵ ↑چووزە çuze "تیرتکی گیا"، سەر بە ریشەی < *(IE.) *(s)keu-* "دەرپەڕاندن، پاڵ نان، راو نان، لەزگین بوون]. لەم تیڕوانینەوە سیچ sîç یان چووز çuz دە بنەڕەتدا واتا شتێکی "دەرپەڕیو". ئەم مانایە دە هێندێک وشەی دیکەشدا خۆی نیشان دەدا، وەک سیچقەسڵاو sîçqesılaw یان ↑سیتکەزەلام sîtkezelam "باپشکێو"، ↑سیچقەsîçqe دەرکردن "موو هەستان لە ترسان" و ↑سووچ suç "گۆشە" [دە بنەڕەتدا شوێنی دەرپەڕیو] و هتد. ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ↑زەق *zeq*.

[تێبینی: دە زمانی تورکیدا وشەی çîçek (Tur.) بەکار دێ کە بە مانای "خونچە"یە و لە هەمان کاتیشدا وەک ناوی فامیلی بڕەوی هەیە. ئەم وشەیە لە وشە کوردماددییەکەی سەرەوە وەرگیراوە].

سیخ sîx [*sīx*] - "1- زەرکَ 2- شیش": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شیش şîş و خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑زەق zeq دا باس کراون.

سیخار sîxar [*sīxār*] - "زوقم، سەقەم": خزمە دەگەڵ ↑سەقەم seqem و ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق *seq*دا باس کراون.

سیخاندن sîxandın [*sīxāndın*] - " بەزۆر تێڕاکردن": خزمە دەگەڵ ↑زەق zeq.

سیخن sîxın [*sīxın*] - "لەجەڕ، لاواز": خزمە دەگەڵ ↑سیس sîs و ↑ژاکان *jakan*.

سیخوڕ sîxur [*sīxur*] - "شۆڤار، جاسووس": خزمە دەگەڵ schauen (G.) "چاو لێکردن، سەرنج دان"، schouwen (Nl.) "چاو لێکردن"، show (E.) "نیشان دان"، skygn (OIs.) "وردبین، زیت"، skygna (OIs.) "سیخوڕ". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی < *(IE.) *(s)keu-* "سەرنج دان، ئاگا لێبوون، وشیار بوون".

سیخورمە sîxurme [*sīxurma*] - "نقورچک": سیخ + ورمە sîx + wırme. کەرتی یەکەم دەچێتەوە سەر ↑سیخ sîx "نووک تیژ"، کەرتی دووەم وشەیەکی تورکییە بە مانای "لێدان". تێکڕای وشەکە واتا "سیخ لێدان، لێدان بە سیخ".

سیخول sîxul [*sīxul*] - "جۆرێک ژیشکی زەلام": سیخ چوولە sîxçule ش دەگوترێ. دەچێتەوە سەر ↑سیخ sîx "نووک تیژ" و ئاماژە بە درکەکانی ئاژەڵەکە دەکا.

سیرمە sîrme [*sīrma*] -"پارچەچرمی باریک": خزمە دەگەڵ ↑چەرم cerım.

سیرە sîre [*sīra*] - "1-دەنگی کەو لە ترسان 2- زیرە": شێوەیەکی دیکە لە ↑زیرە zire.

سیس sîs [*sīs*] - "چرچ، ژاکاو، رەق هەڵاتوو": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەبێ:

1- ↑ژاکان jakan.

2- ↑سەق seq. وشەکانی سەر بەم خێزانە دە بنەڕەتدا ئاماژە بە "رەق، سەخت و پتەو بوون" دەکەن و هەروەها مانای "هیشک بوون"یش دەگەیەنن، چونکوو "هیشک" و "رەق" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە [هیشک هەڵاتن، رەق هەڵاتن]. وشەی ↑زەها zeha "هیشک و رەق" و ↑زازا zaza سەر بەم خێزانە وشەیەن. هەروەها هەڵی سەنگینە دەدەگەڵ ↑سیسارک sîsark.

سیسارک sîsark [*sīsārk*] - "مەلێکی زلی لاشەخۆر": دەشێ پێک هاتبێ لە دوو کەرتی سیس + ئارک ark + sîs. کەرتی یەکەم سیس -sîs دەبێ پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ کە لەژێر ↑سەق seq دا باس کراون و مانای "سەخت، بەهێز" دەدەن. کەرتی دووەم دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *hor- > "هەڵۆ، پەڵەوەری راوکەری گەورە". بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑هەڵۆ helo و ماناکەی دە بنەڕەتدا دەبێتە "پەڵەوەری بەهێز":

سیسان sîsan [*sîsan*] - "بەیانی زوو، شەوەکی":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑سێ *se*، ↑سیا sîya، ↑سیان sîyan و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە تاریکی و رەنگی خۆڵەمێشی دەکەن.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑سوزی sozî.

سیسرک sîsırk [*sīsırk*] - ↑سریلە sırîle و سیسرە sîsre شی پێ دە گوترێ. وشەکە دەشێ پێشتر "سرسرک" [سیرسیرک] بووبێ، وەک جیرجیرک jīrjīrak (P.).

سیڤان sîvan [*sīvān*] - "چەتری بەرخۆر": شێوەیەکی دیکە لە ↑سەیوان seywan "سایەبان".

سیڤە sîve [*sīva*] - "قەڵەو، پڕگۆشت": [دە بنەڕەتدا: سەخت، رەق، بەهێز]، خزمە دەگەڵ ↑خەپە xepe "قەڵەو"، ↑قەبە qebe "ئەستوور"، ↑سەویک sewîk "ئەستۆرکی بە ڕۆن"، ↑سەولە sewle و ↑سەپک2 sepık "نان لە درشتەی ئارد بۆ سەکَ". هەروەها بڕوانە ↑گوڤین guvîn "مەیین" [دە بنەڕەتدا: سەخت و رەق بوون].

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی تیوان چەمکەکانی "قەڵەو"، "ئەستوور" و "بەهێز" دەکرێ ئاماژە بە وشەی "قەڵەو" بکەین کە خزمە دەگەڵ *کولفت* "ئەستوور" و kraft (G.) "هێز"].

سیق sîq [*sīq*] - "دانی هەزم نەکراوی ناو سکی مەل": خزمە دەگەڵ ↑زیخ zîx "خیز، ورکەبەرد" و گەلێک وشەی دیکە کە لە ژێر ↑سەق *seq* دا شی کراونەوە. ئەم وشانە بەگشتی هەڵگری مانای "سەخت"ن و هێندێکیان مانای "بەرد" دەبەخشن، وەک ↑زاخ zax یان زاکَ zag "جۆرێک بەرد"، ↑سەقی seqî "جۆرێک بەردی مەڕمەڕی زەرد"، ↑زاخۆر zaxor "بەردەڵانی رژد و بلیند" و هتد. کەوابوو سیق sîq [یان سیک sîk، جیک cîk یان چیک çîk] ئەو ورکەبەردانەن کە لەناو گەدەی پەلەوەردا هەزم ناکرێن و بەو شوێنەش کە ئەو سیقانە لەوێدا خڕ دەبنەوە دەگوترێ سیقەتۆرە sîqetore یان ↑سیکەتۆرە sîketore واتا "تووڕەکەی سیقان". وشەیەکی دیکە کە بۆ سیکەتۆرە بەکار دەهێنرێ، ↑جیکڵدان cîkıldan [چیکڵدان çîkıldan]ە، واتا شوێنی جیکڵ cıkıl [یان چیکڵ çîkıl]. لێرەدا پاشگری گچکاندنی -ıl خراوەتە سەر "جیک" یان "چیک" و وشەکە گچکێنراوە.

سیک sîk [*sīk*] - "سووچ، گۆشە": شێوەیەکی دیکە لە ↑سووچ suç.

سیکەتۆرە sîketore [*sīkatora*] - "جیکڵدانە": تووڕەکەیەکی بچووکە لە ناو سکی پەڵەوەر کە خۆراکی هەڵنەتاوێنراو و ورکەبەردی قووت دراوی تێدا کۆ دەبێتەوە. سیقەتۆرە sîqetore و جیکڵدان cîkıldan و چیکڵدان çîkıldanî یش دەگوترێن. پێک هاتووە لە دوو وشەی سیک(ە) + تۆرە tore + sîk(e). کەرتی یەکەم واتا sîk(e) [یان سیق، جیک، چیک] خزمە دەگەڵ ↑زیخ zîx "بەردۆکە". مەبەست لە کەرتی دووەم "تووڕەکە"یە و تێکڕای وشکە دەبێتە تووڕەکەی ورکەزیخ". دە پلەیەکی دوورتردا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑زاخ zax "بەرد". دە زمانی کوردمادیدا بە مرۆڤی بێسەبر و کەم حەوسەلە دەلێن "جیکڵدانەی نییە". مەبەست لە "جیکڵدانە هەبوون" ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ قسە و کارو کردەوەی رەقی بەرانبەرەکەی وەک بەردی ناو جیکڵدان لەناو خۆیدا هەڵبگرێ و بە حەوسەلە و لەسەرەخۆ "هەزم"ی بکا.

سیڵخان sîlxan [*sīlxān*] - "قوڕ و لیتەی ناو جۆگە": خزمە دەگەڵ ↑سێلاخ selax.

سیلل sîll [*sīll*] - "نەخۆشی ئازارەباریکە": سل sell یان soll (P.). دە زمانی فارسیدا هەروەها سل soll (P.) هەیە بە مانای "سی، سیپەلاک". لەڕووی ئەم پێوەندییانە دەکرێ شیمانەی ئەوە بکەین کە ئەم

وشەیە دە ئەسڵدا وشەیەکی کوردمادی و فارسی بووبێ و دەگەڵ ↑سی sî خزم بێ، چونکوو ئەم نەخۆشییە لە رێگەی سییەکانەوە پەیدا دەبێ و یەکێک لە نیشانەکانی کۆخەکۆخی زۆرە.

سیلە sîle *[sīla]* - "نیشانە، ئامانج": سیلە گرتن واتا "نیشانە گرتن، لەبەر چاو گرتنی ئامانج". خزمە دەگەڵ Ziel (G.) "ئامانج، مەبەست، هەدەف"، zilēn (G.) "سیلە گرتن، کردنە ئامانج"، erzielen (G.) "بە دەست هێنان، بە ئامانج گەیشتن". ئەم وشانەی زمانی ئەڵمانی خزمن دەگەڵ tilian (OE.) "پەڵە کردن" [خزم دەگەڵ "تاڵووکە" ؟] و til (OE.) "تا، بەرەو" [بەرەو ئامانج]. دە زمانی فارسیدا تیلە tīle (P.) بە مانای "مت، کەلا" دێ و دە بنەڕەتدا بەو مەرمەڕ یان بەو متە گوتراوە کە دە کایەی مێشێن [متین]دا کراوەتە ئامانج. ئەم وشانە دواجار دەبنە خزم دەگەڵ ↑دان dan سەر بە ریشەی ***(IE.) *dā(i)- >*** "بەش دان، بەش کردن، لەت کردن". لەم تێڕوانینەوە سیلە دە بنەڕەتدا بە مانای "بەشکراو، ئەندازەگیراو" بووە.

سیلک sîlık *[sīlık]* - "خیز و لمی چەم": خزمە دەگەڵ ↑سێلاخ selax "لمێکە ئاو رایداوەتە رەخی روووبار".

سیلی sîlî *[sīlī]* - "کای برینج": خزمە دەگەڵ ↑چاڵ çal [چیلکە و چاڵ].

سیم sîm *[sīm]* - "تیل": سیم *sīm* (P.). خزمە دەگەڵ ↑سوژن sujın "تەبەنە، جەواڵدوز"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *seu- , *siu- >*** "بەستن، لێکبەستن".

سیما sîma *[sīmā]* - "بیچم، شێوە، روخسار": سیما sīmā (P.). جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ schēma (Gr.) و (L.) "شێوە، سیما، فۆرم". ئەم وشە یۆنانییە - لاتینییە دەچێتەوە سەر échein (Gr.) "راگرتن".

سیمکە sîmke *[sīmka]* - "نیر": سیمکە یان نیر ئەو دارەیە کە دوو گاجووت بە یەکەوە دەبەستێتەوە. جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ:

1- ↑سیم sîm "تیل" سەر بە ریشەی ***(IE.) *seu- , *siu- >*** "بەستن، لێکبەستن".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە چەندین وشەی وەک ↑جڤین cıvîn "یەکگرتن، لەدەوری یەک کۆم بوون" کە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "یەک".

سینگ[1] sîng *[sīng]* - "لای پێشەوەی لەش لە تیوان مل و سکدا": [سینگ و بەر]. سینە sīne (P.). وەک دەردەکەوێ وشەکە دەگەڵ "بەر" دێ کە ئەویش مانای سینگ دەدا و خزمە دەگەڵ "بەرین". بەم پێیە وشەی "سینگ" دە بنەڕەتدا ئاماژە بە شتیکی پان و بەرین دەکا. ئەم مانایە لە وشەی ↑سینی sînî شدا دەبینرێ، بە مانای "کەشەف، تەبەک". لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑تەنین tenîn، dehnen (G.)، dennan (OE.)، tänja (Sw.) "لەبەر یەک کشانەوە، تەنینەوە"، teinein (Gr.) و tendere (L.) "تەنین، تەنینەوە، لەبەر یەک کشانەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ten- >*** "کێشان، لەبەر یەک کێشانەوە، تەنین(ەوە)". دە زمانی کوردمادیدا وشەکانی ↑تەنک tenık، ↑تان tan "رایەڵی تەون"، ↑تەناف tenaf "گوریس"، ↑تووتا tuna و ↑تەنگ teng پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە.

سینگ[2] sîng *[sīng]* - "داری داکوتان، مێخی ئەستووری لەدار": خزمە دەگەڵ Stange (G.)، stanga (OG.)، stang (E.) و (Nl.) و stäng (Sw.) "سینگ". هەروەها دەگەڵ stinga (Sw.) و sting (E.) "تیراچوون، تیراکردن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *ste(n)gh- >*** "نووک تیژ، تیراچوون، تیهەڵچەقین". stagg (Sw.) "درکەزی"، Stengel (G.) "لاسکەگیا" و tigma (OIn.) "تیژ" دەچنەوە سەر هەمان ریشە. ئەم ریشەیە خۆی پەرەی گرتووە لە ریشەی ***(IE.) *(s)teig- >*** "تیژ بوون و تیراچوون". دە زمانی کوردمادی دەبێتە خزم دەگەڵ گەلێک وشە بۆ وێنە ↑چەقین çeqîn و ↑تیغ tîġ و↑ تیژ tîj.

سینی sînî *[sīnī]* - "کەشەف، تەبەق": سینی sīnī (P.). لەوە ناچێ ئەم وشەیە پێوەندی بە "چینی"یەوە هەبێ، چونکوو مەبەست لە "چینی" یان سرامیک ماتریالەکەیە و نەک جۆرێکی تایبەت لە دەفر. بۆیە وشەکە دەشێ بە مانای دەفرێکی پان و پۆڕ و خزم بێ دەگەڵ ↑سینگ[1] sîng [سینگ و بەر].

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ plate (E.) "دەوری" کە خزم دەگەڵ پەل pel ی کوردی و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "پەل، پان و بڵاو"].

سیواد sîwad [sīwād] - سیواد بوونەوە واتا "رووقایم بوون، پڕروو بوون". خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn [سوون sun]. هەڵی سەنگینە دەگەڵ "چەقاوەسوو" بوون واتا روو هەڵماڵدراو و بێشەرم بوون.

سیواک sîwak [sīwāk] - "دارۆکەیەکە بۆ ددان خاوێن کردنەوە بە کاریان دێنا": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn [سوون sun] "رێخشاندن، رێخستن". وشەی مسواك mīswāk (Arb.) لەم وشە کوردماداییە وەرگیراوە، واتا وشە کوردماداییەکە عەرەبێنراوە. هەروەها بنە وشەی سیو -sîw لە وشەی "سیواد" و "سیواک"دا هەڵسەنگینە دەگەڵ ↑سیوسیوە sîwsîwe بە مانای "تیف تیفەدان، ساف و لووس کردن".

[تێبینی: سەبارەت بە وشەی "میسواک" دە زمانی کوردیدا، وەک دەیان وشەی لەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێ کە وشەیەکی کوردمادی - لەم پێوەندییەدا "سیواک"- عەرەبێنراوە و پاشان ئەم شێوە عەرەبێنراوە هاتۆتەوە ناو زمانی کوردی و جێی بە وشە کوردماداییە رەسەنەکە چۆل کردووە. لەم باوەڕەدام زمانی کوردمادی پێویستی بەم وشە عەرەبێنراوانە نییە و دەکرێ وشە رەسەنەکانی خۆمان لە جێیان دابنێینەوە، واتا بۆ وێنە "بە سیواک ددان شوتن" لەجیاتی "بە میسواک ددان شوتن" بەکار بێنین].

سیوسیوە sîwsîwe [sīwsīwa] - "ساف و لووس کردن، تیف تیفە": خزمە دەگەڵ ↑سیواک sîwak.

[تێبینی: لەوە ناچێ "سیوسیوە" شێوەی گۆڕدراوی "تیف تیفە" بێ، یان بە پێچەوانەوە. هەر کام لەم وشانە دەبێ وشەیەکی سەربەخۆ و سەر بە ریشەیەکی جیاواز بێ].

سیویر sîwîr [sīwīr] - "تاوێک کە پێست تاوانگاز دەکا": خزمە دەگەڵ ↑زویر zuwîr "نارەحەت، دڵ تێشاو" و ↑زووورانەوە *zuran(ewe)* "سووتانەوەی پێست، کزانەوە"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suer- >*** "تێشان، چڵک کردن".

سێ [1] se [se] - "دوو و یەک": سە se (P.)، drei (G.)، drī (OG.)، three (E.)، tre (Sw.)، tres (L.)، trēis (Gr.) "سێ" ***(IE.) *trei- >*** "سێ".

سێ [2] se [se] - "نیسێ، سێبەر": نیسێ nîse و سێبەر seber یش دەگوترێن. سایە sāye (P.). خزمە دەگەڵ chayā (OIn.)، skiā (Gr.) سێ، سایە"، هەروەها دەگەڵ skēné (Gr.) "چادر، خێوەت" [دە بنەڕەتدا: سایەبان؟]. وشەی ↑شانۆ şano دە زمانی کوردماداییدا کە وشەیەکی وەرگیراوە، ریشەکەی بۆ ئەم وشە یۆنانییەی دوایی بە مانای "چادر" دەگەڕێتەوە. ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ↑شەعن şeɛın "بزنی بەڵەک"، scheinen (G.)، skeinan (OG)، shine (E.)، skina (Sw.) "بە دیار کەوتن، درەوشان" و sijat (Rus.) "درەوشانەوە". تێکڕای ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *skāi- >*** "درەوشانەوەی کز ومات، رووناکایی دەرکەوتن" [وەک شەوقی چڕا لەپشت تەڵقێک کە رووناکاییەکی گەش نییە]. چەندین وشەی دیکە دە زمانی کوردماداییدا پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکەن کە بریتین لە ↑سیا sîya "ڕەش"، ↑سەهویر sehwîr "تارمایی" و ↑سهنە sıhne "تارمایی" و ↑شێو *şêw* "تاریکان" و هتد. دە زمانە هیندوئەورووپییەکان و لەوانە زمانی کوردماداییشدا دوو دەستە وشە لەم ریشەوە سەریان هەڵداوە، دەستەیەک ئاماژە بە "سیبەر، تاریکایی" و دەستەیەکیش ئاماژە بە "درەوشانەوە" دەکەن. پەیدا بوونی ئەم دوو مانا دژ بە یەکە بۆ مانای ریشەکە دەگەڕێتەوە کە باس لە رووناکاییەکی کز و مات، تروسکانەوەیەکی بە ئاستەم" دەکا، وەک چۆن شتێک بەحاڵ دەتروسکێتەوە یان رووناکاییەک کە بە حاڵ دیاری دەکا. ئیتر لەم مانا بنەڕەتییەوە هەم وشە بە مانای "درەوشانەوە" و هەمیش بە مانای "سایە، تاریکایی" سەریان هەڵداوە.

سێپ 1 sep [sep] - "کونی سیرەی تفەنگ": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑زۆپ zop "زەقایی، دەرپەڕیوی" و دە بنەڕەتدا ئاماژە بکا بەو تیکە زەقەی سەر لوولەی تفەنگ کە کونەکەی تیدایە.

سێپ sep 2 [*sep*] - "دەستەندە، دەسکی ئامووز": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Schaft (G.)، shaft (E.)، skaft (Sw.) "دەسک، دەستک" و هەروەها skeptron (Gr.) "داردەست، چێو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *škab- >*** "بڕین، ڕنین، داتاشین". بەم جۆرە مانای وشە ژێرمەنییەکان دە بنەڕەتدا "لقە داری بڕدراو و داتاشراو" بووە. لەم تێڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ساوین sawîn [سابیدن sabīden (P.)].

سێتە sete 1 [*seta*] - "چیا": هەروەها ↑سیتەک sîtek هەیە بە مانای "بەردەڵان، تمتمان". "سێتە" پێوەندی بە ↑چیا çîya وە هەیە. ↑زات zat "بوێری" [دە بنەڕەتدا: هێز و پتەوی] پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی دیکە کە ئەوانیش پێکەوە خزمن، واتا "بەرد" و "پاڵەوان".

سێتە sete 2 [*seta*] - "پۆ": [تان و پۆ]. خزمە دەگەڵ ↑سدە sıde "رایەڵ".

سێروو seru [*serū*] - "جۆرێک چۆلەکە": سار sar (P.). دەشێ خزم بێ دەگەڵ star (G.)، stara (OG.)، stare (E.) و sturnus (L.) "سار، سێروو".

سێف سیڤۆک sevsevok [*sevsevok*] - "پیازەخووگانە": خزمە دەگەڵ ↑سێو sew [سێف sev].

سێڤاندۆک sevandok [*sevandok*] - "چۆلەکە":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑سوانە suwane [سێڤانە sevane] "لێواری سەربان" و لەبەر ئەوەی ئەم پەڵەوەڕە زۆرتر لەسەر گوێسوان هەڵدەنیشێ، بەم جۆرە ناوزەد کراوبێ.

2- یان لەوانەیە بنجی سیف -sev شێوەیەکی دیکە بێ لە چف -çıf و ↑چۆلەکە çoleke.

سێڤەرۆک severok [*sevarok*] - "پەتاتە": سێوک sewık ش دەگوترێ. بڕوانە↑سێو sew. وشەی "یارەماسی/ یارەڵماسی" کە بە مانای "پەتاتە" بەکار دەهێنرێ، وشەیەکی تورکییە و ماناکەی دەبێتە "سێوی (سەر) زەوی" [بۆ جیا کردنەوە لە سێوی دارەسێو واتا سێوی بە حەواوە]. دە زمانی فارسیدا دەگوترێ "سیب زمینی" هەر بە هەمان مانا. ئەم ناو لێنانانە بە چاو لێکردن لە زمانی فەرانسەیی دروست کراون. بە فەرانسەیی دەگوترێ pomme de terre (Fr.) "هەردەسێو". وشەی کوردی سێڤەرۆک severok یش بەم پێوانەیە لە سێ کەرت پێکهاتووە: سێو sew + ئەر er + پاشگری ئوک ok. کەرتی ئەر -er کورتکراوەی ئەرد erd[↑هەرد herd]ە.

سێڵ sel [*sel*] - "ساج": بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە "سێڵ" روو بەرێکی پانە بۆ نان پێوەدان، دەبێ پێوەندی هەبێ بە↑ سەل sel "بەردی پان و تەنک" و ↑ سەڵپ selp "بێڵی گەمێوان".

سێڵاخ selax [*selāx*] - "رەڵمێک کە ئاو رایماڵیوە و داویەتە رەخی رۆبار": ئەم وشانەی خوارەوەش لەپێوەندی دەگەڵ ئەم وشەیەدا جێی شی کردنەوەن: ↑سیڵخان sîlxan "قوڕ و لیتەی ناو جۆگە"، ↑سیلک sîlık "رمڵ، خیزی چۆمان"، ↑سێلەک selek "شۆرەکات".

1- لە لایەکەوە دەشێ پێوەندی بە هێندێک وشەوە هەبێ کە مانای "تەڕ و لیچق" دەبەخشن، وەک ↑جڵق cılq، ↑سڵق sılq و ↑زەڵک zelk [زەلکاو zelkaw] و دە پلەیەکی دووورتردا ↑شێلهان şêl(e)han "راخوشین"، schleichen (G.)، slihhan (OG.)، sliken (ME.) "خوشین" [دە بنەڕەتدا: خلیسکان]. وشەی ↑لم lım یش پێوەندی بەم وشانەوە پەیدا دەکا.

2- لە لایەکی دیکەوە جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Schlack (G.) "لیتە" و Schlacke (G.)، slagge (MnG.) "ئەو خڵتە و خاڵەی لە تواندنەوەی بەردی مەعدەن دروست دەبێ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ schlagen (G.) "لێدان، لێکدان" و هەروەها دەگەڵ ↑شڵەقان şıleqan.

سێڵاو selaw [*selāw*] - "لافاو، ئاوهەستان": سیل seyl و سیلاب seylāb (P.). سێڵ + ئاو sel + aw. کەرتی یەکەم دەبێ خزم بێ دەگەڵ schwellen (G.)، swellan (OG.)، zwellen (Nl.)، swell (E.)، svälla (Sw.) "هەڵمسان، گەورە بوونەوە" و Schwall (G.) و swal (MG.) "شەپۆل". خزمە دەگەڵ ↑زل zıl "قەبە، گەورە".

سێلەک selek [selak] - "شۆرەکات": خزمە دەگەڵ ↑سێلاخ selax.

سێو sew [sew] - "میوەیەکی شیرن": سێف sev ش دەگوترێ. سیب sīb (P.). دە زمانی کوردمادیدا هێندێک وشە لەم پێوەندییەدا سەرنج رادەکێشن، وەک ↑سێڤەرۆک severok "پەتاتە"، ↑سێف سێڤۆک sevsevok "پیازە خووکانە"، ↑سێفەلووکە sefeluke "گیایەکە بەرێکی خڕی هەیە و دەخورێ"، ↑سیفۆکە sîfoke "گیایەکە"، ↑کیفۆک kîfok "گیایەکی بن خڕ" و هتد. وەک دەبینین وشەکە بۆ ئەو گیایانەش بەکار دێ کە بنکی خڕ، واتا پیازچەیان هەیە. ئەمە وامان لێدەکا وشەکە پێوەند بدەینەوە بە cepa (L.) "پیاز، پیواز". ریشەی وشە لاتینییەکە ساخ نەکراوەتەوە و بە پێی بۆچوونێک دەبێ لە زماتێکی نەناسراو وەرگیرابێ. لەوانەیە زمانی لاتینی وشەکەی لە زمانی کوردمادی وەرگرتبێ.

سێوالا sewala [sewālā] - "رەش تاڵە": خزمە دەگەڵ↑ سێ se "سێبەر" و ↑سیا sîya "رەش".

[تێبینی: شیاوی باسە کە دە وشەی "رەشتاڵە"دا کەرتی " تاڵ"یش ئاماژە بە" تاری و تاریک" بوون دەکا نەک تامی تاڵ].

سێونگ sewıng [sewıng] - "1- رەشانگ 2- بزنەرەش": خزمە دەگەڵ↑ سێ se "سێبەر" و ↑سیا sîya "رەش".

سێ ە seh [seh] - "1- چەرمی وشک هەڵاتوو 2- رک، تووڕەیی": خزمە دەگەڵ ئەو وشەگەلەی لەژێر ↑سەق seq دا شی کراونەوە. ئەم وشانە بە گشتی مانای "سەخت، رەق" دەبەخشن.

سێهرا sehra [sehrā] - "تووڕە، قەڵس" [سێهرا بوون sehra bun واتا تووڕە بوون، رق هەستان]. ↑دەهری dehrî بوونیش دەگوترێ کە ئەمەیان شێوەیەکی تازەتری وشەکەیە. بڕوانە ↑جەحنین ceħnîn.

ش (Ş)

شابۆق şaboq [*šāboq*] - "لقی گەورەی دار":
1- یان خزمە دەگەڵ ↑ساپیتە sapîte "1- میچی خانوو 2- کاریتە، دیرەکَ 3- لای هەرە بڵیند".
2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑شیپ şîp "دار"، ↑شیپانە şîpane "چوارچێوەی دەرگا" و ↑چێو *çew*.
شاپاڵۆخ şapalox [*šāpālox*] - "وەروەرە، بەفرماڵی پان": خزمە دەگەڵ ↑شەپڵتە şepılte "بەفرماڵ، وەروەرە"، ↑سەوڵ sewıl و هەروەها ↑شەپ[1] *şep*.
شاپان şapan [*šāpān*] - "تێڵا، چۆماغ":
1- یان خزمە دەگەڵ ↑شیپ şîp "دار"، ↑شیپانە şîpane "چوارچێوەی دەرگا" و ↑چێو *çew*.
2- یانیش خزمە دەگەڵ ↑شەپ şep "لێدان".
شاپک şapık [*šāpık*] - "1- چۆغە 2- پاڵتۆی کورت": شەپک şepk یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شەپکە şepke "جۆرێک کڵاو".
شاپە1 şape [*šāpa*] - "1- رنوو 2- تاوێرەبەرد": شاپ şap یش دەگوترێ.
1- بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە "رنوو" لە "رنین"ەوە هاتووە، "شاپە" دەتوانێ پێوەندی بە کرداری ↑ساوین sawîn ەوە هەبێ [کۆنتر: **ʔşapîn*]. ئەم کردارە هەر لە کۆنەوە هێندێک مانای وەک "کڕاندن، ڕنین، سوونەوە، تاشین، ڕێخشاندن" بە دەستەوە دەدا.
2- لە لایەکی دیکەوە زۆر باش دەگەڵ وشەی ↑شەپ şep ڕێک دەکەوێ. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان، (ر ە) پاڵ نان، رادان، دەرپەڕاندن، هاویشتن".
شاپە2 şape [*šāpa*] - "خۆیان، کڵۆشی بەسەریەکدادراو": خزمە دەگەڵ ↑زاڤ zav و ↑زۆر[1] *zor*.
[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ گیشە gîşe و گشت gışt "زۆر، هەموو"].
شات1 şat [*šāt*] - "لکەداری یەکساڵە، چرۆ": خزمە دەگەڵ ↑سیچکە sîçke "خونچە"، ↑سیتکەسڵاو sîtkesılaw "باپشکێو"، ↑سووچ suç "گۆشە" و چەندین وشەی دیکە کە ئاماژە بە چەمکی دەرپەڕین و زەق بوونەوە دەکەن. ئەم وشانە دەچنەوەو سەر ریشەی ***(IE.) *(s)kēu- >*** "دەرپەڕاندن، رە پاڵ نان، راو نان، را دان، پەلە کردن، تاو دان". (E.) shoot "دەرپەڕاندن، هاویشتن" و (E.) shout "قیژاندن" لەم ریشەوە هاتوون.
شات2 şat [*šāt*] - "قیژە و هەرا": [شاتە شات]. خزمە دەگەڵ (E.) shout "قیژاندن" و (E.) shoot "دەرپەڕاندن، هاویشتن"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kēu- >*** "دەرپەڕاندن، رە پاڵ نان، راو نان، را دان، پەلە کردن، تاو دان". مەبەست لە "شات" دە بنەڕەتدا بەسەردا گوڕاندن بووە بە مەبەستی رادان، لێخوڕین یان راونان. [هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی "لێخوڕین" بە مانای "ئاژۆتن" کە لە بنەوشەی "خوڕین" دێ کە خۆی خزمە دەگەڵ گوڕڕە و گوڕڕاندن]. بەم جۆرە شات دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە دە زمانی کوردمادیدا، لەوانە ↑شات1 şat "چرۆ"، ↑سات sat "سوور و سات"، ↑چات çat کردن واتا "تێر هاویشتنە سەر مێ"، ↑شاتاڵ şatal "پەلامار"، ↑شاتر şatır "پیادەی چابوک"، ↑شووت şût [شات و شووت]، ↑شاتک şatk "رەگی مل" [رەگی دەرپەڕیو]، ↑چووزە çuze، ↑چەکەرە çekere،↑چوخساندن çuxsandın"دەرپەڕاندن"، ↑زەق *zeq* "دەرپەڕیو" و هتد.
شاتاڵ şatal [*šātāl*] - "پەلامار": خزمە دەگەڵ ↑شات2 şat سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)kēu- >*** "دەرپەڕاندن، رەپاڵ نان، راو نان، را دان، پەلە کردن، تاو دان".
[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "هەڕا" و "خێرا" و "هێرش" یان "پەلە" و "پەلامار"].

شاتاندن şatandın *[šātāndın]* - "ریان [ی پیسایی شل]": خزمه دەگەڵ scīzan (OG.)، scheißen (G.)، shit (E.)، skita (Sw.)، schijten (Nl.) "رین، ریان"، سەر بە ریشەی *(IE.) *skēi-* > "قەڵشاندن، جیا کردنەوە، لێک کردنەوە". مەبەست لە وشەکە دە بنەڕەتدا جیا بوونەوە و لێ بوونەوەی پیسایی لە لەشە. خزمە دەگەڵ ↑شیاکە şîyake "ریخ" و↑شێ şê [شی کردنەوە] و ژمارەیەک وشەی دیکە.

شاتر şatır *[šātır]* - "پیادەی چابوک": خزمە دەگەڵ ↑شاتاڵ şatal "پەلامار" و↑شات2 şat سەر بە ریشەی *(IE.)*(s)kēu-* > "دەرپەڕاندن، رەپاڵ نان، راو نان، را دان، پەلە کردن، تاو دان".

شاتک şatk *[šātk]* - "رەگی مل": خزمە دەگەڵ ↑شات2 şat "قیژە و هەرا".

شاتللۆرە şatıl(l)ore *[šātıl(l)ora]* - "گلار (بوونەوە)، تلۆر (بوونەوە)": کەرتی یەکەمی وشەکە واتا "شا" ناتوانێ پێوەندی بە "شا، پادشا"وە هەبێ. ئەم وشەیە دەبێ پێک هاتبێ لە شات + تلۆرە (t)lore + şat. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑شات2 şat "قیژە و هەرا" [شاتە شات] سەر بە ریشەیەک بە مانای "دەرپەڕاندن، رەپاڵ نان، راو نان، را دان، پەلە کردن، تاو دان". بۆ کەرتی دووەم بڕوانە ↑تلۆر tılor.

شاچاغ şaçağ *[šāčāġ]* - "گوڵینگەی سەر بۆ رازاندنەوە": خزمە دەگەڵ ↑سیچکە sîçke "خونچەی تازە".

شاخ1 şax *[šāx]* - "کێو، چیا": خزمە دەگەڵ یەک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑شاخ2 şax "قۆچی ئاژەڵ" [بڕوانە ↑زەق zeq]. سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "شاخ و کێو" و "زەقایی و دەرپەڕیوو بون" بەرهەقی بکە دەگەڵ وشەی "تەپە، تەپپە".

2- ↑زاخ1 "بەرد". دوو چەمکی "شاخ و کێو" و "بەرد" پێوەندییان هەیە، لەم بارەوە بڕوانە وشەی "چیا" کە خزمە دەگەڵ وشەیەکی ئەڵمانی بە مانای "بەرد"، یان وشەی "داش" [بە ئەسڵ تورکییە، بە مانای بەرد] کە دەگەڵ ناوی کێو دێ، بۆ وێنە شاخی "داشامەجید" لە مەهاباد یان سووورداش [سوورەبەرد].

شاخ2 şax *[šāx]* - "قۆچی ئاژەڵ": پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەوە هەیە:

1- شاخە šāxe (P.) و šāk (Pl.) "لک(ی دار)"، ↑زیخ zîx "دڕکی ئەستوور" و ↑زەق *zeq* "دەرپەریو" و دواتر دەگەڵ ↑شاخاندن şaxandın "هەرا کردن بە تووڕەیی". جێی ئاماژەیە کە وشەی "قۆچ"یش ئاماژە بە "زەق و دەرپەڕیو بوون" دەکا.

2- زاخ1 zax "بەرد".

[تێبینی: دەتیوان چەمکەکانی "شاخ، قۆچ" و "بەرد، هەستی" و هەروەها "سەخت، زبر"دا پێوەندی لەئارا دایە. شاخ شتێکە لە چەشنی هەستی و بەرد، هەر وەک چۆن عاجی فیل وەک بەردێکی بەنرخ سەیر کراوە. دە زمانی کوردمادیدا "هەستی" بە هەر سێ مانای "بەرد"، "ئێسک"، "ئێستک" و "ناوکی میوە" (بەردی ناو میوە) بەکار دێ. دە زمانی ئەڵمانیدا Bein (G.) دەبێتە "ئێسک" و Elfenbein (G.) دەبێتە "عاجی فیل"، واتا "شاخی فیل". دە زمانی ئەڵمانیدا هەروەها بۆ وێنە دەگوترێ Stein und Bein "بەرد و ئێسک". وشەی Stein خۆی دەگەڵ "هەستی، ئێستک، ئێسک" خزمە. وشەیەکی دیکە کە دە زمانی ئەڵمانیدا مانای "شاخ" دەدا، بریتییە لە Horn (G.)، سەر بە ریشەی *(IE.) *ker-* " قۆچ، سەر، کەللە". هاوکات ریشەیەکی دیکەی هیندوئەورووپی هەیە، واتا ریشەی *(IE.) *ker-* "سەخت، رەق، خار". زۆر وێ دەچێ ئەم دوو ریشەیە دە بنەڕەتدا هەر یەک ریشە بووبن و وشەی ئەڵمانی Horn "شاخ" دە بنەڕەتدا ئاماژەی بە رەقایی، بەردین بوون و ئێسک بوونی شاخ کردبێ. شتێک کە ئەم شیمانەیە بەهێزتر دەکا، ئەوەیە کە دە زمانی ئەڵمانیدا Hornhaut (G.) بە مانای "پێستی رەق و خاراو" بەکار دێ، بۆ وێنە وەک ئەو پینە سەخت و زبرانەی بە هۆی کاری زۆر و گران یان سوانەوە لەسەر بەری دەست یان بەری پێ دروست دەبێ. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو پێوەندییانە رێی تێ دەچێ کە وشەی "شاخ"ی ئاژەڵ پێوەندی بە چەمکی "بەرد، هەستی"یەوە هەبێ].

شاخ şax [*šāx*] - شاخ کردن واتا "1- رووشاندن 2- چەپۆکانە کردنی ئەسپ": خزمە دەگەڵ↑چەقۆ çeqo سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشاندن".

شاخاندن şaxandın [*šāxāndın*] - "هەرا کردن بە تووڕەیی": خزمە دەگەڵ یان شێوەیەکی دیکەیە لە↑زیقاندن zîqandın [زیکاندن]. ئەم وشەیە دەچێتە ریزی ئەو وشانەی لەژێر وشەی ↑زەق zeq شی کراونەوە. هەروەها ↑شاتاندن şatandın و shout (E.) پێوەندییان بەم خێزانە وشەیە هەیە.

شاد şad [*šād*] - "خۆشحاڵ، دڵگەش": شاد šād (P.)، šāt (Pl.)، šāta (Av.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ heiter (G.)، hedar (OIs.)، hador (E.) "شاد، بەکەیف، سەرزیندوو"، سەر بە ریشەی ***kai- (IE.) >** "درەوشانەوە، گەشانەوە". لەم تێڕوانینەوە "شاد" دە بنەڕەتدا واتا کەسێک کە لە خۆشیان چاوی دەدرەوشێتەوە یان دەموچاوی رووناک و گەشاوەیە، بە پێچەوانەی مرۆڤی خەمبار کە دەموچاوی تەڵخ و تووشە. دە زمانی فارسیدا دەستەواژەیەک هەیە کە دەڵێ "برق شادی در چشمانش میدرخشد" واتا "بریقەی شادی دە چاویدا دەدروشێتەوە". ئەم دەستەواژەیە پێوەندی دوو چەمکی "شادی" و "درەوشانەوە" بە باشی روون دەکاتەوە. هەروەها دە زمانی کوردمادیدا وشەی ↑شاهیک şahîk هەیە بە مانای "بریقەدار، درەوشاوە" و ئەمەش ئەو پێوەندییەی سەرەوە پشتراست دەکا.

شادە şade [*šāda*] - "داری سنووری کا و گەنم": خزمە دەگەڵ ↑جودا cuda.

شار1 şar [*šār*] - "باژێر": شهر šahr (P.)، šatr (Pl.)، xšathra (Av.). دە زمانی پارسی کۆندا ساتراپ satrap بە مانای "شارەوان، والی" هەبووە [پاشگری ap- خزمە دەگەڵ پاشگری وان wan- دە زمانی ئەمرۆی کوردمادیدا]. ئەم وشەیە دەشێ خزم بێ دەگەڵ siedeln (G.)، sidalen (OG.) "نیشتەجی بوون"، sedal (OG.)، sedel (OE.) "جێگای نیشتەجێ بوون"، Siedlung (G.) "ئاوایی" و هتد. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑دانیشتن danîştın [دا- نی- شتن]. لەوانەیە وشەکانی ↑زێد zed و ↑جێگا cega پێوەندییان بەم وشانەوە هەبێ.

شار2 şar [*šār*] - "کۆمی زیندەوەرانی وەک مێروو، هەنگ، زەرگەتە": [شارەمێروو]. ئەم وشەیە لەوە ناچێ پێوەندی بە ↑شار1 şar "باژێر"ەوە هەبێ، بەڵکوو خزمە دەگەڵ ↑ -جار2 car- "پاشگرێکە ئاماژە بە پڕانی و زۆر و زەوندی دەکا، وەک تیرگزجار".

شار3 şar [*šār*] - "داغی، گەرمی": هەروەها شاریان şaryan هەیە بە مانای "گەرم داهاتن" و ↑شەڵق şelq بە مانای "تاو و تێ". دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑سووڵان(ەوە) sulan(ewe) "چووزانەوە، کزانەوە". ↑شەلقاندن şelqandın یش بە مانای "زوورانەوەی ناو ڕان" بەکار دێ.

2- calor (L.) "گەرما" و calere (L.) "گەرم بوون".

شارا şara [*šārā*] - "1- ماسولکەی گەنم لەسەر خەرمان 2- کای تیوان دیوارەی چاڵ و دەخڵ 3- گیشەدەخڵی درواو": ↑شارۆ şaro ش دەگوترێ بە مانای "خۆیان". لەوانەیە پێوەندی بەم ریشەوە هەبێ: ***(s)ker- (IE.) >** "بڕین، لەت کردن، جودا کردن". چەندین وشە دە زمانی کوردیدا لەم ریشەوە هاتوون، بۆ وێنە ↑هەوجار hewcar، ↑کێرد kerd، ↑شڕ şır [شڕ و شاڵات]. لەم تێڕوانینەوە مانای "شارا" دە بنەڕەتدا دەبێتە "بڕدراوە، لێکراوە".

شاردنەوە şardınewe [*šārdınawa*] - "داپۆشین، نەدیارکردن": لە پێوەندی دەگەڵ ئەم وشەیەدا، دوو وشەی چەردە çerde "رەشتاڵە" [سیەچردە sīyahčarde (P.)] و ↑چرسین çırsîn "رەشکە و پێشکە کردنی چاو" سەرنج رادەکێشن. بنجی شار -şar دە وشەی "شاردنەوە"دا دەشێ پێوەندی هەبێ بە:

1- ↑تار tar و ↑تاریک tarîk. سەبارەت بە پێوەندی ئەم مانایانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە وشەی "کوێر" [کۆر] کە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "داپۆشین، تێپێچان".

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑تارا tara.

شارۆ şaro [*šāro*] - "خۆیان": [جێگەی کۆ کردنەوەی خەرمان]، بڕوانە ↑شارا şara.

شارەزا şareza [*šārazā*] - "لێزان، بەڵەد": دەتوانین بە دوو شێوە لێکی بدەینەوە:

1- پێک هاتووە لە دوو وشەی شار şar + زا za [سەر بە کرداری ↑زانین zanîn]، واتا ئەو گوندییە کە رێگا و بانی شار پێدەزانێ و دەبێتە رێنوێنی ئەو کەسانەی لە گوندەوە دەچن بۆ شار.

2- شار şar + زا za [سەر بە کرداری ↑زان zan] واتا کەسێک کە زادەی شارە و چاو و گوێ کراوەترە و شت زۆرتر دەزانێ لەچاو ئەو کەسەی لە گوند پەروەردە بووە.

شاز şaz [*šāz*] - "1- جۆرێک چیتکی زراف 2- هەڵکەوتە، ئاوارتە": خزمە دەگەڵ ↑شات şat "لقی باریک، چرۆ" و ↑چیتک çîtık "قامیش". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑شاخ şax "1- کێو 2- قۆچ"، شاخە šāxa (P.) "لکەدار"، ↑زیخ zîx "دڕکی ئەستوور" و دواجار ↑زەق *zeq* "دەرپەڕیو". مانای "هەڵکەوتە و ئاوارتە"ش لێرەوە پەیدا بووە کە کەس یان شتی لەم چەشنە وەک "زەق و دەرپەڕیو" سەیر کراوە، لەچاو کەس یان شتە ئاساییەکان. دە زمانی فارسیدا وشەی برجستە barjaste (P.) "زەق، دەرپەڕیو، هەڵکەوتە، گرینگ" خزمە دەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوە [بر + جستە ber + jaste]. لێرەشدا بنجی وشەکە جس -jas ە کە دەگەڵ "شاز" و گەلێک وشەی دیکە یەک دەگرێتەوە کە لەژێر ↑زەق *zeq* دا شی کراونەوە. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وشەی "شاز" [دە عەرەبیدا شاز šaz (Arb.)] وشەیەکی بە ئەسڵ کوردماددییە و لە زمانی کوردمادی وەگیراوە.

شاش1 şaş [*šāš*] - "1- لێک جودا، تیوان تێکەوتوو 2- شل، نەسفت": خزمە دەگەڵ ↑شێ şê [شێ کردنەوە واتا لێک جودا کردنەوە]. شاش بە مانای "بیربڵاو"یش دێ، واتا کەسێک هزر و بیری پەرژ و بڵاو بێ.

شاش2 şaş [*šāš*] - "پێچی سەر، مێزەر":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑چەتفە çetfe و ↑چیت çît "پەڕۆ"،

2- یان لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑چادر çadır.

شاش3 şaş [*šāš*] - "ئەسپێی ئارد و گەنم": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑زچ zıç "قورنوو".

شاش4 şaş [*šāš*] - "1- تێکەڵ و ئاڵۆزاو 2- خێڵ 3- هەڵە و هەڵەکار": پێوەندی هەیە بە ریشەی < ***sqei-*** *(IE.)* "خوار،چەوێڵ، شەل". هەر لەم ریشەوە ریشەیەکی دیکە سەری هەڵداوە کە دەبێتە ***skeip-*** *(IE.)* "خوار، چەپ" و چەندین وشە وەک ↑چەپ1 çep لەم ریشەوە هاتوون. دە زمانی کوردمادیدا شاش و بێش şaş û bêş و شاش و وێش şaş û wêş یش دەگوترێ. بۆ وشەی بێش bêş یان وێش wêş بڕوانە ↑واژ2 waj "پێچەوانە".

[تێبینی: سەبارەت بە مانای "هەڵە، هەڵەکار" هەڵیسەنگینە دەگەڵ "چەوت" کە خزمە دەگەڵ "چەپ" و دواجار پێوەندی بە "شاش"ەوە پەیدا دەکا].

شاشک şaşık [*šāšık*] - "مێزەر": خزمە لەگەڵ ↑سوژن sujın [شوژن şûjın] "تەبەنە، جەواڵدوز"، siuwen (OG.)، sew (E.)، sy (Sw.)، siujan (Gt.) "دروون، دروومان کردن"، سەر بە ریشەی < ***siu-*** , ***seu-*** *(IE.)* "بەستن، لێک بەستن، دروون". syūman (OIn.) "دەزوو، باند، تەسمە" و hymēn (Gr.) "سیرمە، تەسمەی چەرمین" پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە. لە زمانی کوردمادیدا ↑*شاڵ şal*، ↑جاجم cacım، ↑جۆڵا cola و ↑جاڵجاڵووکە calcaluke و چەندین وشەی دیکە پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

[تێبینی: وشەی hymnos (Gr.) "سروود" خزمە لەگەڵ ئەم وشە یۆناییەی سەرەوە و لە بنەڕەتدا مەبەست "هەڵبەستراو" [سەرنجی کرداری "بەستن" بدە] و "تێکخراو"ی دەنگەکان بووە. ئەم وشە یۆنانییە هەڵ سەنگینە دەگەڵ چەمانە çemane (↑سیاچەمانە sîyaçemane)].

شاشە1 şaşe [*šāša*] - "زەوی خەت دراو بۆ تووتن چاندن": خزمە دەگەڵ ↑شاش şaş و ↑شێ şê و ↑شێوەرد şêwerd و هتد.

شاشه² şaşe *[šāša]* - "سەفحەی تەلەویزیون": ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، بەڵام وشەکە خۆی دەچێتەوە سەر شیشە šīše (.P) و ↑شووشە şûşe ی کوردمادی. دیارە ئەو سەفحەیە لە شووشە دروست کراوە و هەر بۆیەش ئەم ناوەیان بۆ داناوە.

شاف şaf *[šāf]* - "جۆرێک دەرمان": شیاف šīyāf (.P). دەچێتەوە سەر < *Zäpfchen (.G)* و ئەمەش بچووککراوی Zapfe (.MG) یە بە مانای "دارۆکەیەکی نووک باریک کە زارکی شتی پێ دەبەستن". خزمە دەگەڵ ↑تەپەدۆر tepedor.

شافر şafır *[šāfir]* - "1- بیابان و چولگە 2- دەشتی پان و بەرینی بێ دار و بار": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ زاف zaf [↑*زاڤ zav*] و ↑زەوەند zewend [زۆر و زەوەند] سەر بە ریشەیەک بە مانای "لەبەر یەک کشانەوە، هەراو بوون(هوە)".

شاڤین şavîn *[šāvîn]* - "باقاندنی کەروێشک"خزمە دەگەڵ ↑چپاندن çıpandın.

[تێبینی: باقاندن baqandın (واقاندن waqandın) یش خزمە دەگەڵ بێژتن bejtn و وشە wışe].

شاڤێر şavêr *[šāver]* - "دەبەنگ، گێل و حۆل": شاوێر şawêr یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ چەندین وشەی زمانی کوردمادی کە دە ریشەدا مانای "خوار" دەدەن، وەک ↑چەپ *çep*، ↑چەوێل çewel، ↑شەپڵە şeple، ↑شیو şîw [شیو و دۆڵ] و هتد. وشەی "گێل" خۆی دە ریشەدا بە مانای "خوار"ە.

شاق şaq *[šāq]* - "1- ماسیگرە 2- قیرەی مریشک": خزمە دەگەڵ ↑زیقاندن zîqandın. ماسیگرە مەلێکی بە زاق و زیقە و لەبەر ئەمەش بەم جۆرە ناودێر کراوە. جگە لەمە "زیقاولە"شی پێ دەگوترێ و وەک دەبینین ئەوەش لە "زیقە"ەوە هاتووە. لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی "قاژوو" یان "قشقەڵە" کە ئەوانیش پێوەندییان بە "قیژە"وە هەیە.

شاقوت şaqut *[šāqut]* - "پەرتاوتنی لکی زل": خزمە دەگەڵ ↑چەقۆ çeqo.

شاقەل şaqel *[šāqal]* - "چاکی داوێنی کەوا": بنەوشەی شاق -şaq شێوەیەکی دیکەیە لە↑چاک çak "قەڵش و دەرز (ی داوێن)". دە فارسیشدا چاک čāk (.P) بە هەمان مانا. خزمە دەگەڵ ↑چەقۆ çeqo و ↑شەقە şeqe [شەقەمشار] و هێندێک وشەی دیکە، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشین".

شاقەڵ şaqel *[šāqal]* - "بارست، *ئەستووراییی*، قوتر، ئەندازە": هەروەها شاقەڵدار şaqeldar هەیە بە مانای "زەلامی ئەستوور". خزمە دەگەڵ ئەو وشەگەلەی لەژێر ↑سەق seq دا شی کراونەوە، بە مانای "سەخت، بەهێز".

[تێبینی: وشەی ئەستوور estur یش دە ریشەدا دەچێتەوە سەر ریشەیە بە مانای "سەخت، بەهێز"].

شاک¹ şak *[šāk]* - "بڕ، کووز، قاش": خزمە دەگەڵ ↑شکاندن şıkandın، ↑شکێر şıkêr "کەلێنەبەرد"، ↑چەقۆ *çeqo* و ژمارەیەک وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشاندن".

شاک² şak *[šāk]* - "گۆچانی گۆێین": خزمە دەگەڵ ↑دەگەڵ ↑زەق *zeq*.

شاکۆن şakon *[šākon]* - "گۆچان": چوگان čouwgan (.P). هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑شاک² şak "گۆچانی گۆێین".

شاکە şake *[šāka]* - "باڵەفڕکەی جووجەڵە": خزمە دەگەڵ ↑شەکانەوە şekanewe "لەرینەوە، تەکان خواردن". دە زمانی کوردمادیدا هەروەها دەگوترێ "لە شەقەی باڵی دا" کە مەبەست لێرەدا "شەکاندنەوەی باڵ"، بە واتایەکی دیکە باڵ لێکدانە.

شاگرد şagırd *[šāgırd]* - "بەردەستی وەستا": شاگرد šāgerd (.P) "بەردەست، خوێندکار". خزمە دەگەڵ ↑شەکێرت şekêrt "جیازی بووک".

شاگەشکە şageşke *[šāgaška]* - "بوورانەوە لە خۆشیان": شا + ↑گەشکە şa + geşke. کەرتی یەکەم هەمان شاد şad ە و کەرتی دووەمیش خۆی مانای بوورانەوە دەدا و خزمە دەگەڵ ↑گیژ gej. گەشکە دە بنەڕەتدا واتا دە گیژەوە هاتن و بە لادا هاتن.

شاگونج şagunc *[šāgunj]* - "دارێکە وەک رەحەتی دەخرێتە دەم دۆڵاشەوە": پێوەندی هەیە بە ↑شاک[2] şak، ↑شەقە şeqe "داردەستی شەل"، ↑شاکۆن şakon "گۆچان". ئەم وشانە مانای "داردەست، لکەدار، دارۆکە" دەبەخشن و دواجار خزمن دەگەڵ ↑زەق *zeq*. وێ دەچێ فۆتیمی ج c لە کۆتاییدا وشەکەدا پاشگری گچکاندن بێ.

شاڵ şal *[šāl]* - "پەڕۆی چندراو": شال šāl (P.). ئەم وشەیە لە رێگەی زمانی فارسییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ئەورووپییەکان و بە مانای "شاڵگەردن" بەکار دێ، وەک Schal (G.)، shawl (E.). دە زمانی کوردمادیدا ژمارەیەک وشە پێوەندییان بە "شاڵ"ەوە هەیە، وەک ↑شالک şalık "عەبا"، ↑شۆلک şolık"رەشکە"، ↑شۆلە şole "جەواڵ"، ↑شوولەکە şûleke "تووڕەکە"، ↑شلێم şılêm "سەرکڵاوی لە بەن" و هتد. ئەم وشانە لە دوو چەمکدا یەک دەگرنەوە کە بریتین لە "بەن" و "چنین" و ئەم دوو چەمکەش خۆیان پێوەندییەکی نیزیکیان پێکەوە هەیە. [نموونە: Strick (G.) "بەن، دەزوو، ریس" و stricken (G.) "چنین"]. بەلەبەر چاو گرتنی ئەم پێوەندییانە دەتوانین وای بۆ بچین کە شاڵ پێوەندی هەبێ بە ↑جۆڵا cola، ↑جاڵجاڵووکە calcaluke، ↑جەواڵ cewal، ↑زیلۆ zîlo و هتد .ئەم وشانە گشتیان "چەمکی "بەن" یان "چنین" دەگرنە خۆ و دە پلەیەکی دوورتردا دەتوانن پێوەندییان هەبێ بە هێندێک وشە کە چەمکەکانی "بەن، بەند، دروون، لێکبەستن، بەستنەوە" دەردەبڕن، وەک ↑سدە sıde، ↑سیتە sîte، ↑سێتە sete، ↑شەتەک şetek، ↑شوژن şujın، ↑ژێ je، سەر بە ریشەی ***(IE.) *sei- , *seu-, *siu- >*** "بەستن، لێکبەستن، دروون".

شاڵات şalat *[šālāt]* - دەگەڵ "شڕ" دێ [شڕ و شاڵات şır û şalat]. بنەوشەی شاڵ -şal دەبێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑شەل2 şel "پاژ، کوت، لەت".

شاڵاو şalaw *[šālāw]* - "هێرش، پەلامار": دەشێ خزم بێ دەگەڵ schwellen (G.)، swellan (OG.)، zwellen (Nl.)، swell (E.)، välla (Sw.) "هەڵمسان، گەورە بوونەوە" و Schwall (G.) و swal (MG.) "شەپۆل". لەم تێڕوانینەوە "شاڵاو" سەرەتا بە شتێک گوتراوە کە بە هۆی زل و زەبەلاح بوونەوەی مەترسی دروست دەکا، وەک ئاگرێک کە ئەگەر بڵیسە بستینی، شاڵاو دێنێ بۆ دەوروبەر، یان ئاوی رووبار کە ئەگەر هەڵستێ، شاڵاو دەبا بۆ ئەم بەر و ئەو بەری خۆی. کەوابێ "شاڵاو" دەئەسڵدا بە مانای "هێرش" نەبووە، بەڵکوو هەڵمسان و گەورەبوونەوەی هێزێک بووە کە لە ئەنجامدا هێرشی ئەو هێزەی بەدواوە بووە و لەبەر ئەمە ماناکەی بۆ "هێرش" گۆڕاوە. خزمیشە دەگەڵ ↑زل zıl "قەبە، گەورە".

شالک şalık *[šālık]* - "عەبا": خزمە دەگەڵ ↑شاڵ şal "پەڕۆی چنراو" [دەبنەڕەتدا واتا پارچە].

شالووز şalûz *[šālūz]* - "مەراییکەر": هەروەها شالووزی کردن هەیە بە مانای "مەرایی کردن". شال + ئووز şal + uz. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑شەلاف şelaf [شەلاف کردن واتا مەرایی کردن]. کەرتی دووەم پاشگرە، بڕوانە ↑ئۆز oz.

شاڵینە şalîne *[šālīna]* - "پارچەی چوارگۆشەی لە خوری": خزمە دەگەڵ ↑شاڵ şal "پەڕۆی چنراو".

شام şam *[šām]* - شێوەی کۆنتری ↑شێو şêw.

شاماکی şamakî *[šāmākī]* - "مەمکبەند": خزمە دەگەڵ ↑جامە came.

شامبۆز şamboz *[šāmboz]* - "ئازا، جوامێر": پێک هاتووە لە دوو کەرتی شامب + پاشگری ئۆز oz + şamb. پاشگری ↑ئۆز -oz [یان ئۆس -os] ئاوەڵناو دروست دەکا لە دۆخی جەخت کردندا، [وەک کڵۆز kıloz یان کەڵۆس kelos، کنۆس kınos، چکۆس çıkos، گرۆز gıroz و هتد]. کەرتی ئەسڵی وشەکە واتا şamb دەشێ خزم بێ دەگەڵ Kampf (G.)، champf (OG.)، camp (OE.) "شەڕ و ململانە، زۆرەوانی". وشەکە پێشتر بە مانای "مەیدانی شەر" بووە و دواتر مانای "شەڕ و زۆرانبازی"یشی وەرگرتووە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر campus (L.) "مەیدان، مەزرا، مەیدانی شەڕ، شەڕگە".

[تێبینی: لەوانەیە پاشگری ئۆز -oz پێوەندی بە نیشانەی -us دە زمانی لاتینی یان -os دە زمانی یۆنانیدا هەبێ].

شامرەخت şamrext [*šāmraxt*] - "جۆرێک زێر و زەنبەری ژنانە": شام şam + ↑رەخت rext. شام şam لەوانەیە پێوەندی بە ↑جامە came وە هەبێ.

شان1 şan [*šān*] - "جومگەی تیوان دەست و لەش": دە بنەڕەتدا مەبەست ئەو جومگەیە دەست و لەش پێکەوە دەبەستێتەوە. خزمە دەگەڵ چەندین وشەی وەک ↑زەند zend "لای خوارەوەی قۆڵ"، ↑زەندک zendık "جومگەی دەست"، ↑زەنگە zenge "لای خوارەوەی لاق"، ↑زەنگی zengî "گوێزینکَ" و هەمدیسان ↑چەنکَ çeng. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)keng- >*** "خوارو خێچ". وەک دەبینرێ هەموو ئەو شوێنانەی لەش بریتینن لەو شوێنانەی کە بەشێک یان ئەندامێک لە لەش توانای خوار بوونەوە و وەرسووڕان بۆ ئەم لا و ئەو لای هەیە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا Schulter (G.) "شان" بەگوێرەی بۆچوونێک دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.)*(s)kel-* "خوار و خێچ". وەک دەبینرێ لێرەشدا وشەکە هەڵگری مانای "خوار و خێچ"ە. ئەگەر ئەم بۆچوونە راست بێ، وشە ئەڵمانییەکە دەبێتە خزم دەگەڵ هێندێک وشەی کوردمادی وەک "شەڵ" و "خێل" و هتد].

شان2 şan [*šān*] - "پلە و پایە": ئەم مانایە لە مانای یەکەمی ↑شان1 şan "جومگەی تیوان دەست و لەش" پەرەیان گرتووە. لەبیرمە کاتێک تێمە منداڵ بووین و بۆ ئەوەی بزانین کێ بڵیندترە خۆمان پێکتر دەگرت، دەگەڵ منداڵێکی دیکە لەپەنای یەک رادەوەستاین و چاومان لە شانی یەکتر دەکرد، بزانین شانی کێ بەرزترە. ئا بەم شێوەیە "شان" سەرەتا بووەتە پێوەرێک بۆ پێک گرتنی لەشی مرۆڤ و رەنگە ئاژەڵەکانیش. بەم جۆرە بۆ دوو کەس [یان ئاژەڵ؟] کە شانیان لە یەک ئاستدا بووبێ، گوتراوە "هاوشان". لێرەوە دواتر مانای "شان" و "هاوشان" گۆزاراوەتەوە بۆ پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، واتا دوو کەس ئەگەر لە باری پلە و پایەی کۆمەڵایەتییەوە وێکچوو بوون، گوتراوە "دە شانی یەکتر دان"، یان "هاوشان"ن.

شان3 şan [*šān*] - "شکۆ، گەورەیی": [بە شان و شکۆ].

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ scheinen (G.)، scīnan (OG.)، shein (E.)، keinan (Gt.)، skina (Sw.) "درەوشانەوە، بە دیار کەوتن"، سەر بە بە ریشەی ***(IE.) *skāi- >*** "درەوشانەوە(یەکی کز)، بە دیار کەوتن".

2- لەوانەشە مانای "شکۆ و گەورەیی" بگەڕێتەوە بۆ ↑شان2 şan "پلە و پایە"، واتا کەسێکی "بەشان" و خاوەن پلە و پایە دە هەمان کاتدا وەک کەسایەتییەکی "گەورە و شکۆدار" سەیر کراوە و لێرەوە "شان" مانای "شکۆ"شی وەرگرتووە.

[تێبینی: سەبارەت بە پێوەندی دوو چەمکی "پلە و پایە" و "گەورەیی، شکۆداری" سەرنجی "جاه و جلال" دە زمانی فارسیدا بدە کە یەکەمیان هەمان "جا"ی فارسی یان "جێ"ی کوردماددییە].

شان4 şan [*šān*] - "خاڵی سەر گۆنا": خزمە دەگەڵ scheinen (G.)، scīnan (OG.)، shein (E.)، keinan (Gt.)، skina (Sw.) "درەوشانەوە، بە دیار کەوتن"، سەر بە بە ریشەی ***(IE.) *skāi- >*** "درەوشانەوە(یەکی کز)، بە دیار کەوتن". دەبێتە خزمە دەگەڵ ↑سهنه sıhne "تارمایی" و ↑شانی(ک) şanî(k) "نیشان، بەڵگە، مەدرەک".

شاندن şandın 1 [*šāndın*] - "ناردن": خزمە دەگەڵ senden (G.)، send (E.)، sandjan (Gt.)، sända (Sw.) "ناردن، شاندن"، هەروەها خزمە دەگەڵ sit (OE.)، sint (OG.)، set (OIr.) "ڕێگە، جادە، رەوت". وشەی ↑جادە cade خزمە دەگەڵ ئەم وشانە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *sent- >*** "ڕۆیشتن، گەڕان، بوورین".

شاندن şandın 2 [*šāndın*] - "چاندن": شێوەیەکی دیکە لە ↑چاندن çandın.هەروەها ↑شانین şanîn 1 "تووڕ دان، فڕێ دان" هەیە و دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بەردانەوە، پڕژاندن، پێوەرکردن، فڕێ دان".

شاندن şandın 3 [*šāndın*] - دەگەڵ پێشگری هەڵ- hel دێ [↑هەڵشاندن helşandın "1- ڕووخاندن، رماندن 2- هەڵوەشاندن]. خزمە دەگەڵ ↑شاندن şandın 2 "چاندن" و دەچێتەوە سەر ریشەی ***sei-** > ***(IE.)*** "چاندن، وەشاندن، فڕێ دان". ژمارەیەک وشەی کوردمادی پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە کە لەژێر ↑هەت het 1 "کن، نک، جەم"دا باس کراون.

شاندەلیک şandelîk [*šāndalīk*] - "زەرگەتە": کەرتی شاندە -şande شێوەیەکی دیکەیە لە زەنگە -zenge یان ژەنگە -jenge لە وشەی ↑ژەنگەسوورە jengesure دا. ئەم کەرتەوشەیە مانای "لێدان، پێوەدان" دەبەخشێ. کەرتی لیک -lîk وێ دەچێ پاشگری گچکاندن بێ. بەم جۆرە مانای وشەکە دەبێتە "پێوەدەری بچووک".

شانۆ şano [*šāno*] - "تیئاتر": دە زمانی کوردمادیدا شانۆ هەم بە مانای "سەکۆی تیئاتر" بەکار دێ کە کایەکەرەکان لەوێ دەلەیزن، هەمیش بە مانای لەیستنی تیئاتر خۆی. دە زمانی فارسیدا سن sen دەگوترێ بە مانای "سەکۆی تیئاتر". دە زمانی عەرەبیدا بووەتە صحن saħn (Arb.) و صحنة saħna (Arb.)، دە ئینگلیزیدا scene (E.) و دە ئەڵمانیدا Szene (G.) "سەکۆی تیئاتر، سەحنەیەک لە فیلم یان تیئاتر" [بچووکترین یەکەی فیلم یان تیئاتر]. < *(L.) scēna* < *(Gr.) skēné* "چادر، هۆدە، سەکۆ". وشە یۆنانییەکە خزمە دەگەڵ skiā (Gr.) "سێ، سێبەر". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑سێ se "سێبەر" و ↑سهنە sıhne "تارمایی".

شانە şane 1 [*šāna*] - "ئامرازێکە مووی پێدا دەهێنن": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑Kamm (G.)، kam (Nl.)، comb (E.) سەر بە ریشەی ***(IE.) *gombh*** > "ددان". [گۆڕانی فۆتیمی m بۆ n لە وشەی شانە şane 2 بە مانای "خانە"شدا بەدی دەکەین].

2- ↑دان dan "ددان". لەم تێڕوانینەشەوە وشەکە پێوەندی بە چەمکی "ددان" پەیدا دەکا و دە بنەڕەتدا "ئامێری ددانەدار یاخود دەندەدار" دەگەیەنێ.

3- ↑شەنە şene.

شانە şane 2 [*šāna*] - "خەلییە، سللوول" [شانەی هەنگوین، شانەی حیزبی، شانەی لەش]: خزمە دەگەڵ ↑خانە xane "ماڵ، هۆدە". بۆ شانەی هەنگوین دە زمانی فارسیشدا شانە šāne (P.) دەگوترێ و دە بنەڕەتدا مەبەست ئەو "خانە" بچکۆڵانەن کە مێشەنگوین دروستییان دەکا، بۆ ئەوەی تێیاندا بژی.

[تێبینی: وشەی خلیة xalīyya (Arb.) لە cella (L.) وەرگیراوە بە مانای "هۆدە یان خانووی چکۆڵە". هەروەها وشەی سلول sellūl (P.) دەچێتەوە سەر هەمان وشەی لاتینی. لەوانەیە ئەم وشە یۆنانییە خزم بێ دەگەڵ سەرا sera "خانوو"].

شانی(ک) şanî(k) [*šānī(k)*] - "نیشان، بەڵگە، مەدرەک": هەروەها شانی دان şanî dan هەیە بە مانای "نیشان دان، خستنە بەرچاو". خزمە skina (Gt.)، keinan (E.)، shein (OG.)، scīnan (G.)، scheinen (G.) "درەوشانەوە، بە دیار کەوتن". دەبێتە خزم دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑شان[4] şan "خاڵی سەر گۆنا"، ↑قانی qanî "لەککە، پەڵە" و ↑سێ *se* "سێبەر" و هتد. لەوانەیە وشەی ↑نیشان nîşan شێوەیەکی دیکە بێ لە "شان" [شانی]. دە زمانی ئەڵمانیدا...es scheint (G.) ماناکەی دەبێتە "(وا) دەردەکەوێ، (وا) دیارە، وا خۆ نیشان دەدا". هەروەها Schein (G.) بە مانای "بەڵگە" و بە گشتی کاغەز یان نوسراوەیەک کە شتێک نیشان دەدا، بەکار دێ. ئەم وشەی دوایی لە ئەڵمانی ناویندا بە مانای "مەدرەک، بنچاخ"یش بەکار هاتووە.

شانین1 şanîn [*šānīn*] - "تووڕ دان، فڕێ دان": خزمە دەگەڵ ↑شاندن şandın "چاندن".

شانین2 şanîn [*šānīn*] - "ڕاژاندن": شاندن şandın یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شنین şınîn "هەڵکردنی با، لەرینەوە لەبەر با".

شاور şawr [*šāwr*] - "1- فیتوو، فیکە 2- سازی فوویی": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شیوەن şîwen سەر بە ریشەیەک بە مانای "دەنگ و ئاواز لێ هاتن".

شاهۆ şaho [*šāho*] - "ناوی چیایەک لە کوردستان": خزمە دەگەڵ ↑سەخت sext و گەلێک وشە کە لەژێر ↑سەق *seq* دا باس کراون.

شاهیک şahîk [*šāhīk*] - "بریقەدار، درەوشاوە": خزمە دەگەڵ ↑شاد şad "خۆشحاڵ، دڵگەش". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *kai- >*** "درەوشانەوە، گەشانەوە".

[تێبینی: لەوانەیە ئەم ریشەیە پێوەندی هەبێ بە ریشەی *(IE.) *skāi-* "درەوشانەوە(یەکی کز)، بە دیار کەوتن". بڕوانە شان3 şan "شکۆ، گەورەیی"].

شایک şayık [*šāyık*] - "لووس، ساف": خزمە↑ شاهیک şahîk "بریقەدار، درەوشاوە".

[تێبینی: دوو چەمکی "ساف و لووسی" و "درەوشانەوە" پێوەندی پتەویان بە یەکەوە هەیە. بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانیدا glatt "ساف، لووس" خزمە دەگەڵ Gold "زێڕ" و چەندین وشەی دیکە کە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە"].

شایلۆغان şayîloġan [*šāyīloġān*] - شای (ی) + لۆغان loġan + (î)şay. کەرتی یەکەم ↑شایی şayî یە. بۆ کەرتی دووەم بڕوانە ↑لۆغان loġan.

شاینەشەکێ şayneşkê [*šāynašake*] - "جۆرێ سەما": کەرتەوشەی شاینە (ne)şay پێوەندی بە ↑شایی şayî "شادی"یەوە هەیە. کەرتەوشەی شەکێ şekê- دەچێتەوە سەر ↑شەکانەوە şekanewe "تەکاندان، لەراندن". بەم جۆرە مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "خۆ تەکان دان لە خۆشیان".

شایی şayî [*šāyī*] - "1- شادی، خۆشی 2- هەڵپەڕین، بەزم گێڕان": ↑شاد şad.

شبتی şıbtî [*šıbtī*] - ↑شفتی şıftî "شووتی".

شپ şıp [*šıp*] - "خشە، دەنگی وێککەوتنی شتی وشک وەک پووش و بەرگی نوێ": خزمە دەگەڵ ↑چپە çıpe "سرتە".

شپرزە şpırze [*špırza*] - "پەرژ و بڵاو، پەرێشان": وشەکە بە شێوەی کرداریش بەکار دێ، شپرزیان şıpırzîyan واتا شپرزە بوون. خزمە دەگەڵ ↑پڕژان pırjan "بڵاو بوونەوە"ی توندی شتی ورد یان ئاوەکی.

شپڕیو şprew [*šprew*] - "شپرزە": "پەرژ و بڵاو، پەرێشان": خزمە دەگەڵ ↑پڕژان pırjan "بڵاوبوونەوە"ی توندی شتی ورد یان ئاوەکی.

شپنە şıpne [*šıpna*] - "خێشک": شپک şıpık و شەپنە şepne و ↑شفنە şıfne دەگوترێن.

شپەستە şıpeste [*šıpasta*] - "ڕاواندن، قسەپەڕاندنی نەخۆش": خزمە دەگەڵ ↑چپە çıpe "سرتە".

شپی şıpî [*šıpī*] - "ڕێژنەباران، رەهێڵە": ↑شپین şıpîn "دادانی ڕێژنە باران".

شپین şıpîn [*šıpīn*] - "دادانی ڕێژنەباران": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑زیپک zîpık و ↑سافان safan "دڵۆپە"، sipiti (Serb.) "بارینی نەرم" و zafā (Pl.) "هەوری بەباران".

شت şıt [*šıt*] - شێوەی تازەتری ↑تشت tışt.

شتل şıtıl [*šıtıl*] - "چڵەگیا و نەمامی بە دەست چەقێندراو": خزمە دەگەڵ ↑چڵ çıl.

شتلین şıtılîn [*šıtlīn*] - "دە زەوی چەقاندن": دەشێ لە ↑شتڵ şıtıl وەرگیرابێ.

شخاب şıxab [*šıxāb*] - "مەتکەو، کونکەرە": شخاڤ şıxav یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شکاف şıkaf "کون و کەلێن" و گەلێک وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەلشاندن".

شخارته şıxarte [*šıxārta*] - "شەمچە، گووگرد": لە شقارتە *şqarta* (*Arb.*) وەرگیراوە. ئەم وشە عەرەبییە خۆی لە ↑گووگرد gugırd وەرگیراوە و گۆڕدراوە.

شخت şıxt [*šıxt*] - "زەرگی دەروێشان": خزمە دەگەڵ ↑سیخ sîx و ↑زیخ zîx "دڕکی ئەستوور" و هتد.

شخرە şıxre [*šıxra*] - "بارەگیا": شەخرە şexre ش دەگوترێ. هەروەها ئەم وشانەی خوارەوە دە زمانی کوردمادیدا بەکار دێن: ↑شخەل şıxel "بێشەی دەم رووبار" و ↑شخلین şıxlîn "کەڵەکە کردن". ئەم وشانە دە ئەسڵدا ئاماژە بە "چڕ و پڕ بوون" دەکەن و خزمن دەگەڵ ↑چغوور çıġûr [چوغوور çuġûr "دارستانی چڕ و پڕ" و ↑چغر çıġır "چڕ و پڕ [ی دارستان]".

شخلین şıxlîn [*šıxlīn*] - "کەڵەکە کردن": بڕوانە ↑شخرە şıxre "بارەگیا".

شخەل şıxel [*šıxal*] - "بێشەی دەم رووبار": شەخەڵان şexelan یش دەگوترێ. بڕوانە ↑شخرە şıxre "بارەگیا".

شڕ 1 şır [*šır*] - "دڕاو، لەت لەت، کۆن کون": [شڕ و دڕ، شڕ و شاڵات، شڕە و بڕە]. خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک Schrot (G.) "دەخل و دانی لەت و پەتکراو"، Schrott (G.) "ئاسنەواڵەی شەق وشڕ و لەت و پەت".[ئەم وشە ئەڵمانییە بە مانای "گۆڕستانی ئوتۆمبێل"یش بەکار دێ]، schroten (G.) "لەت و پەت کردن"، sherd (E.) "دڕین، پچڕین"، Schere (G.) "مەقەست، برینک" و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *ker- >* "بڕین". دە زمانی کوردمادیدا خزمە دەگەڵ ↑شڕن şırın "شفرە، ددانی بەراز"،↑کێرد kerd و ژمارەیەک وشەی دیکە.

شڕ 2 şır [*šır*] - "دەنگی رژانی ئاو": شوڕ şûr یش دەگوترێ [شڕشڕ şırşır یان شوڕشوڕ şûrşûr]. وەک گەڵێک وشەی دیکە کە مانای دەنگێک دەگەیەنن، بەڵام دە بنەڕەتدا پیوەندییان بە مانای کردارێکەوە هەیە، ئەم وشەیەش خزمە دەگەڵ ↑سروە sırwe "شنەبا"، سەر بە ریشەی *(IE.) > *sreu-* "جاری بوون، جەریان".

شرت şırt [*šırt*] - دەگەڵ "گوم" دێ [شرت و گوم şırt û gum واتا بێ سەر وشوێن، ون و نادیار].

1- لەلایەکەوە دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑شاردنەوە şardınewe "نادیار کردن".

2- لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە پێوەندی بە ↑شەردین şerdîn "ئاوارە بوون، بڵاو بوون"ەوە هەبێ.

شرش şırış [*šırıš*] - "پەمۆی پێچراوی گڵۆڵەکراو": خزمە دەگەڵ ↑گرسە gırse "1- توند و لێک چەسپاو، تۆڵا، قورسە".

شرک şırık [*šırık*] - "پلووسک، لووساوک": خزمە دەگەڵ ↑شڕ 2 şır "دەنگی رژانی ئاو".

شڕن şırın [*šırın*] - "شفرە، ددانی بەراز": خزمە دەگەڵ ↑شڕ şır "لەت لەت".

شرنگ(ە) şırıng(e) [*šırıng(a)*] - "1- دەنگی کەوتنی شتی قورس 2- دەنگی لێکدرانی شیر و خەنجەر": خزمە دەگەڵ ↑زرینگانەوە zırîngan(ewe) "دەنگی وێک کەوتنی زنجیر و زێر و زیوەر".

شڕۆ şıro [*šıro*] - "لێکدانەوەی خەون": خزمە دەگەڵ ↑شڕ şır، "لەت و کوت"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)ker-* "بڕین، لەت کردن، جودا کردن". وشەکانی "شرح" و "تشریح" دە زمانی عەرەبیدا پێوەندییان بەم وشانەوە هەیە.

شرەقیان şıreqyan [*šıraqyān*] - "درز بردن، قەلشین": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑چرژ çırj.

2- ↑شڕ şır.

شریت şırît [*šırīt*] - "1- پەت، کەندر 2- نەوار": شەلیت şelît یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ Draht (G.)، trad (Sw.)، thread (E.)، draad "تێل، تاڵ". وشەکانی ↑تارtar، ↑تاڵ tal "داو، دەزوو"، ↑تێل tel [تەل tel] "سیم" دەشێ پێوەندییان بەم وشانەوە هەبێ. وشەکە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "با دان،

سووڕان" و مانای ئەم وشانەی سەرەوە دە بنەڕەتدا دەبێتە "بادراو" و مەبەست دەبێ با دانی چەندین بەن یان دەزوو بێ کە بەتیکی ئەستوورتری لێ دروست دەبێ.

شریخاندن şırîxandın [*šırīxāndın*] - خزمە دەگەڵ چریکاندن çırîkandın و ↑زریکاندن zırîkandın و هتد.

شرینقە şırînqe [*šırīnqa*] - "ئامێری دەرزی لە نەخۆش دان، ئاودووزەک": وشەکە لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، ئەویش لە فارسی وەرگرتووە و فارسیش لە زمانە ئەورووپییەکانی وەرگرتووە و ریشەکەی دەچێتەوە سەر زمانی یۆنانی: *شرنقة šrnqa (Arb.)* > *سرنگ sorang (P.)* "لوولەی دەرزی لێدان" > *Zylinder (G.)* > *cylinderus (L.)* > *kylindros (Gr.)* "ئوستوانە، لوولەئاسا" > *kylindein (Gr.)* "گەوزان، وەرسووران(ەوە)".

شژ şıj [*šıž*] - "بەردی ناسک و تورت": هەروەها شژرێژ şıjrêj هەیە بە مانای "سەرباتیک کە ورکەبەردی ناسکی لەسەر رۆ کراوە و تەپاوە". خزمە دەگەڵ هێندێک وشە بەمانای "بەرد" وەک ↑زێخ zîx "ورکەبەرد" و ↑زاخ zax "بەرد"، ↑شووشە şûşe.

شش şış - "شاردنەوە بە زمانی زارۆک": شیش şîş یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑سهاندن sıhandın "شاردنەوە".

شفت şıft [*šıft*] - "دۆشینی شیر": خزمە دەگەڵ Saft (G.)، saf (OG.)، sap (E.) "شیرە، خۆشاو"، saffen (MG.) "شیرەگرتن، دۆشاو گرتن"، سەر بە ریشەی ***seu- (IE.)** "دۆشین، هەڵمژین".

شفتە1 şıfte [*šıfta*] - "قوڕی خۆش نەکراو": šefte (P.) "بێتۆن": خزمە دەگەڵ ↑سفت sıfıt.

شفتە2 şıfte [*šıfta*] - "یەکەم جار موو هەڵپاچین لە سەری زارۆک": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، تاشین، کڕاندن، ڕنین". هەڵی سەنگینەدەگەڵ shave (E.) "ردین تاشین" سەر بە هەمان ریشە.

شفتی şıftî [*šıftī*] - "شووتی، هەنی": شبتی šıbtī و ↑شووتی şûtî ش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ süß (G.)، sweet (E.)، zoet (Nl.)، söt (Sw.) "شیرن"، سەر بە ریشەی ***suād- (IE.)** "شیرن، خۆش". دە زمانەکانی ناژێرمەنیشدا هاوتای ئەم وشانە دەبینین، وەک suavis (L.) "خۆش"، hēdys (Gr.) و svādu-h (OIn.) "خۆش، شیرن". ئەم وشانە دەبنەڕەتدا بۆ تام و مەزەی خۆشی شیرەی میوەکان بە کار هاتوون. لەوە دەچی ↑زەبەش zebeş کە ناوێکی دیکەیە بۆ شفتی، شێوەیەکی دیکە بێ لەم وشەیە. [بەراوردی زەبەش بکە بەتایبەتی دەگەڵ وشە لاتینییەکە].

شفتیل şıftel [*šıftel*] - "شووڵ": ↑شووڵ şûl.

شفرە1 şıfre [*šıfra*] - "1- کەڵپی بەراز 2- ئامرازی چەرم بڕین": جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Schaufel (G.)، scuvala (OG.)، shovel (E.)، skovel (Sw.)، schoffel (Nl.) "پێمەڕە، ددانی پێشەوەی ئاژەڵ، قۆچی ئاژەڵ". دە زمانی ئەڵمانیدا Schippe ش دەگوترێ. وشە ژێرمەنییەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "ئامێری رەپاڵدان، بۆ پێشەوە ڕادان" بووە و خزمە دەگەڵ ↑شەپ şep.

شفرە2 şıfre [*šıfra*] - "ئەندازەی بارێک لە گیا و کڵۆش": خزمە دەگەڵ زاف zaf و ↑زۆر zor "فرە".

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ "گیشە" [گیشەگیا] و "گشت" بە مانای "هەموو" یان هەڵی سەنگینە دەگەڵ "ئاپۆرە"بە مانای "کۆمەڵ" کە خزمە دەگەڵ "پڕ" واتا زۆر و زەوەند].

شفسک şıfsık [*šıfsık*] - "چەقالەکیویلە": خزمە دەگەڵ گەلێک وشە کە مانای "سفت، سەخت" و هەروەها "بەرد" دەبەخشن، وەک ↑سەپتک septık "بەرد"، ↑زۆپ zop "گاشەبەرد" و ↑سفن(ک) sıfın(k) "هێم، خیم، بناخە" و ↑سفت *sıfıt* "سەخت، قایم". ژمارەیەکی دیکە لەم وشانە لەژێر وشەی ↑سیپان2 sîpan "ناوی دوو چیا لە کوردستان"دا باس کراون.

[تێبینی: وشەی "چەقالە"ش خۆی مانای "سەخت، چڕ و پڕ، توند" دەبەخشێ. هەروەها لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەکانی "کاکڵ"، "هەستی"، "کرۆک"، "قەوار" کە ئەوانیش دە بنەڕەتدا مانای "سەخت، رەق" دەگەیەنن].

şıfne *[šıfna]* - "خێشک" [ئامرازی ساف و لووس کردنی شێوەرد]:

1- یان خزمە دەگەڵ ↑*ساوین sawnî* "سوونەوە، رێخشاندن، پێداخشاندن" و ↑هەشافتن heşaftın "بن قوڕ دان" [he-şaftın].

2- یان خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شەپ[1] *şep* و ↑شفرە şıfre دا هاتوون، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، (رە)پاڵ نان، رادان".

şıv 1 *[šıv]* - "یەکەم کوڵاندنی دۆشاو": خزمە دەگەڵ↑ شفت şıft "دۆشینی شیر".

şıv 2 *[šıv]* - "شووڵ": شێوەیەکی پێشووتر لە ↑شووڵ şûl.

şıvar *[šıvār]* - شێوەیەکی کۆنترە لە↑ ساوار sawar.

şıvtandın *[šıvtāndın]* - "لەسەرەوە بۆ خوار دادڕین": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑شێ şê، ↑شۆم şom، ↑شووڤی şûvî و ↑جیا cîya و هتد سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشاندن، جودا کردن".

şıqaqî *[şıqāqî]* - "نەخۆشی سمی وڵاخەبەرزە": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر وشەی ↑سەق seq دا باس کراون و مانای "سەخت" دەبەخشن. ئەم نەخۆشییە دەبێ پێوەندی بە چەمکی "رەق بوون"ەوە هەبێ.

şıqle *[šıqla]* - "خەستە، نەخۆش": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە هەبێ:

1- ↑شەخسان şexsan "نەخۆش کەوتن".

2- ↑سەخلەت sexlet ەوە.

şıqûq *[šıqūq]* - "جۆرێ هەرمێ کێویلە": شکووک şıkûk یش دەگوترێ. ئەم هەرمێیە رەقە و لەبەر ئەوە ئەم ناوەی پێ دراوە. خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر وشەی ↑*سەق seq* دا باس کراون، بۆ وێنە ↑شکاک şıkak "ناوی هۆزێکی کورد". مەبەست لەم ناوە "سەخت و بەهێز" بوونە.

şıqîn *[šıqīn]* - "گرماندنی هەور": خزمە دەگەڵ↑ زیقاندن zîqandın.

şıkar 1 *[šıkār]* - "1-کەڵەکەبەرد 2- بەردەڵان": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑زاخۆر zaxor بەردەڵانی رژد".

şıkar 2 *[šıkār]* - "راو": شکار šekār (P.). ئەم وشەیە دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سۆسە sose سەر بە ریشەی ***(IE.) *sāg- >*** "شۆپاندن، شوێن گرتن، کەوتنە شوێن" [دە بنەڕەتدا بۆ سۆسە کردنی سەگی راو بەکار هاتووە].

[تێبینی: هەروەها دە زمانی لاتینیدا sequi (L.) مانای "وە شوێن کەوتن" دەدا کە دەبێتە خزم دەگەڵ سیخوڕ "شۆڤار"].

şıkak *[šıkāk]* - "ناوی هۆزێکی کورد": وەک زۆر ناوی دیکەی مەڵبەند و هۆزە کوردماددییەکان هەڵگری مانای "سەخت، بەهێز، قورس و قایم"ە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ↑سەق seq.

şıkandın *[šıkāndın]* - "قەڵشاندن، ورد کردن": شکەستن şıkestın یش دەگوترێ. شکستن šekastan (P.). خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑چەقۆ çeqo، ↑ئەشکەوت (e)şkewıt، ↑شکاف şıkaf سەر بە ریشەی ***(IE.) *sek- >*** "بڕین، قەڵشاندن". Säge (G.) "شەقە [مشار]"، secare (L.)، seč (Rus.) "بڕین" لەم ریشەوە هاتوون.

شکڵ şıkıl [*šıkıl*] - "وێنە، شێوە": شێوەیەکی دیکە لە شقڵ şıqıl یان ↑شەقڵ *şeqıl* "مۆر، وێنە" و خزمیشە دەگەڵ ↑چەقۆ çeqo و↑شکاندن şıkandın و گەلێک وشەی دیکە سەر بە ریشەی ***(IE.) *šek- >*** "بڕین، قەڵشاندن". "شکڵ" دە بنەڕەتدا ئەو وێنە و نیشانانە بوون کە بە چەقۆ و شتی تیژ لەسەر دار و بەرد هەڵکەنراون، واتا قەڵش و بڕی سەر دار و بەردەکان.

شکنا şıkna [*šıknā*] - "دۆز، مەرام، مەبەست": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑دۆزینەوە *dozîn(ewe)*، دۆز doz، ↑سۆسە sose، ↑سوختە suxte "فەقێ" [شوێنگر و پەیدۆزی مەقسەد]، ↑سکاڵا skala"شوێنگری دۆزێک"، ↑شکار şıkar "راو" و هیتر سەر بە ریشەی ***(IE.) sāg- >*** "شۆپاندن، شوێن گرتن، کەوتنە شوێن".

شکۆ şıko [*šıko*] - "پایەبەرزی": شکوە šekūh (P.). دە زمانی عەرەبیدا کراوە بە شوكة šawka(t) (Arb.). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑سەهە seh "حیس، ئاگاداری".

شکۆفە şıkofe [*šıkofa*] - "گوڵی دار": خزمە دەگەڵ ↑شکاف şıkaf و ↑ئەشکەفت eşkeft و گەلێک وشەی دیکە سەر بە ریشەی ***(IE.) *šek- >*** "قەڵشین، جیا بوونەوە". وشەکە ئاماژەیە بە دەم کردنەوە و لێک جودا بوونەوەی پەرەکانی خونچە. هەروەها شکۆفیانەوە şıkofyanewe هەیە بە هەردوو مانای "1- گوڵ دەر کردنی دار 2- ئاهەک وەختێک ئاوی بە سەردا دەکەن و خۆی دەکاتەوە". ئاهەک کاتێک ئاوی بەسەردا دەکرێ، دەپشکوێ و لێک بڵاو دەبێتەوە.

شکێر şıkêr [*šıker*] - "کەلێنەبەردی فراوان لە کێو": دەچێتەوە سەر ↑شکاندن şıkandın و چەند وشەیەکی وەک ↑چەقۆ çeqo، ↑ئەشکەوت (e)şkewıt، ↑شکاف şıkaf و هیتر سەر بە ریشەی ***(IE.) *šek- >*** "بڕین، قەڵشاندن".

شل1 şıl [*šıl*] - "خاو، داکەوتوو، بێهێز، شۆڕ، بەرانبەری توند": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە دە زمانە ئەورووپییەکاندا و لەوانە Schlaff (G.)، Schlapp (G.)، slap (Nl.)، slapp (Sw.) "خاو، داهێزاو، داکەوتوو، slabyj (Rus.) "بێهێز، داکەوتوو"، Schlaf (G.)، slaap (Nl.)، sleep (E.) "خەو" [دە بنەڕەتدا: پاڵکەوتن، داکەوتن، شل بوونەوە]، slāpr (OIsl.) "داهێزاو، تەپ، ناچالاک" [هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی کوردمادی ↑سلپ2 sılp "تەپ، تەوەزەل"] سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)leu-, *(s)lab- >*** "شل، داهێزاو، داکەوتوو، شۆربۆوە". هێندێک وشەی دیکەش دە زمانی کوردمادیدا لەم چوارچێوەیەدا جێ دەگرن، وەک ↑شۆر şor، شلێرە şılere [ئەو گوڵەی سەری بەرەو خوار شۆر دەکاتەوە] و دە پلەیەکی دوورتردا ↑لێو lew، ↑لێفە lefe و هتد.

شل2 şıl [*šıl*] - "رەوان، تراو، ئاوەکی، نەمەییو": دە زمانی کوردمادی و فارسیدا دوو"شل" هەیە، واتا شل بە دوو مانا بەکار دێ. یەکەمیان شل بە مانای "خاو، بێهێز، شۆڕ، داکەوتوو" و دوومیان بە مانای "رەوان، تراو، ئاوەکی". دە زمانە ژێرمەنییەکاندا بۆ ئەو دوو مانایە دوو وشەی جیاواز بەکار دێن. وێ دەچێ دە زمانی کوردمادی و وفارسیشدا ئەو دوو "شل"ە دوو وشەی جیاواز و سەر بە دوو ریشەی جیاواز بن کە بەهۆی هاوشێوە بوونیان تێکەڵ بە یەکدی کراون و وەک یەک وشەیان لێ هاتووە. "شل" بەم مانایەی دووەم دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "تەڕ و لیچق بوون، لووس و خلیسک بوون".

شلپە1 şılpe [*šılpa*] - "دەنگی لە ئاو کەوتن، دەنگی وێک کەوتن": [شلپە، شلپەشلپ، شلپ و هۆڕ]:

1- بە شیمانەیەکی بەهێز خزمە دەگەڵ ↑خورپە xurpe "راتڵەکانی دڵ، تەپەی دڵ" [خورپە لە دڵمەوە هات، دەبنەڕەتدا: تەپەتەپی دڵ لەبەر نیگەرانی زۆر]، ↑غەڵبە *ġelbe* [غەڵبەغەڵب]، ↑قولپ qulp "دەنگی توندی گریان"، ↑کلپە kılpe "دەنگی بڵێسە".

2- دە زمانی کوردمادیدا هەروەها دەگوترێ "شڵپێک ئاو بە دەموچاوتدا دە". دە زمانی ئەڵمانیدا Schlappe (G.) بە مانای "ناسەرکەوتوویی، سەرنەکەوتوویی" بەکار دێ و هەروەها بە مانای "زەبر لێدان بە دەست"یش بەکار دێ و ئەمەش دەگەڵ "شڵپێک ئاو بە دەموچاو دادان" یەک دەگرێتەوە. ریشەی وشە ژێرمەنییەکە وەک لاسا کردنەوەی دەنکێ باس کراوە. لەوانەیە دوو وشەی "شڵپە" بەو مانایانەی سەرەوە دە زمانی کوردمادیدا هەبووبن و تێکەڵ بەیەکدی کرابن.

شڵپە2 şılpe *[šılpa]* - "بریتییە لە پڵاوی زۆر چەور": پێوەندی هەیە بە شڵپاو şılpaw کە شێوەیەکی دیکەیە لە ↑چڵپاو çılpaw. خزمیشە دەگەڵ ↑شلف şılıf "تیژایی دەمی تیغ" و ↑*شەڵپین şelpîn* "رەت بردن، خلیسکان، کەوتن".

شڵپە3 şılpe *[šılpa]* - "کەوتن": بە کەسێک کە لە ساڵی خوێندن دەرنەچووبێ و کەوتبێ، بە تەوس و گاڵتەوە دەگوترێ "شڵپەی لێ هێنا". ئەم وشەیە پێوەندی بە شڵپە1 şılpe هوە نییە، بەڵکوو خزمە دەگەڵ ↑*شەڵپین şelpîn* "رەت بردن، خلیسکان، کەوتن".

شلف şılıf *[šılıf]* - "تیژایی دەمی تیغ": خزمە دەگەڵ schleifen (G.)، slifan (OG.)، slijpen (Nl.) "سوونەوە، تیژ کردن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑شەڵپین şelpîn "رەت بردن، خلیسکان، کەوتن".

شڵفت şılıft *[šılıft]* - "خوێری و بێکارە": دەشێ پێوەندی بە یەکێک لەم وشانەو هەبێ:

1- ↑جڵف cılıf "سووک، هەرزە".

2- ↑*سلپ2 sılıp* "تەپ، تەوەزەل".

شڵقە şılqe *[šılqa]* - "دەنگی لێکدرانی تراو دە دەفر دا": خزمە دەگەڵ شڵەقان و ↑شڵەقاندن şıleqandın "لێکدان". وشەکە دە بنەڕەتدا بە مانای "دەنکێ [ی شڵەقان]" نەبووە، بەڵکوو ئاماژە کردن بە خودی شڵەقان بووە.

شلنگ şılıng *[šılıng]* - "ترۆزی، خیارچەمبەر": خزمە دەگەڵ schlank (G.)، slank (Nl.) "قەدباریک". مانای وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژە کردن بەوە بووە کە شتێک بە هۆی شل و مل بوونی با دەدرێ، دەچەمێتەوە. slingan (OG.) "بەم لا و ئەولادا جووڵانەوە، بەم لا و ئەو لادا با دانەوە"، slingan (OE.)، "با دانەوە، خوشین" و Schlange (G.) "مار" دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.)*slenk-, -g- >*** "*با دان*، بەم لا و ئەو لادا جووڵانەوە". "شلنگ" واتا "بادراو". شیاوی باسە هەردوو وشەی "چەمبەر" و "ترۆزی"یش دە ریشەدا مانای "با دران" دەبەخشن و هەروەها بە پاپۆکە کردن [پەپکە کردن]ی ماریش دە زمانی فارسیدا دەگوترێ "چنبرە زدن" [ئەم وشە فارسییە دەگەڵ "خیارچەمبەر" بەرهەڤ بکە].

شڵنگ şılıng *[šılıng]* - "تەکان بە خۆ دان، راپەڕین لە کار":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑چەلەنگ *çeleng* و ↑شلنگ şılıng "ترۆزی، خیارچەمبەر".

2- لەوانەشە هەمان ↑شنگل şıngıl بێ و گۆڕانی بەسەرداهاتبێ.

شلوێ şılwê *[šılwe]* - "لێل، قوڕاوی": پێوەندی هەیە بە↑شڵێوە şılêwe "بەفر و بارانی تێکەڵ" و ↑شڵە şıle "پێستی رەنگێ تێکەڵ" و دە بنەڕەتدا بە مانای "لێکدان، شڵەقاندن".

شڵۆق şıloq *[šıloq]* - "1- شێواو، تێکەڵ پێکەڵ 2- بزۆز، هار و هاج": خزمە دەگەڵ شڵەقان و ↑شڵەقاندن şıleqandın "لێکدان". مەبەست لە شلۆق بوونی شوێنێک دە بنەڕەتدا ئەوەبووە کە شوێنەکە

لێک دراوە، تێکەڵ پێکەڵە و مەبەستیش لە شلۆق بوونی کەسێک دەبێ ئەوە بووبێ کە ئەو کەسە دەبێتە مایەی شلۆقی و شێواندن.

شلە şıle *[šıla]* - "شۆرباو": لە شڵ↑ şıl ەوە هاتووە. شلە šole (P.) "خواردتیکی شڵە لە برینج ساز دەکرێ".

شڵە şıle *[şıla]* - "سوورکاڵی پنۆک پنۆک، بەڵەکی سوور و سپی": خزمە دەگەڵ شڵەقان [↑شڵەقاندن şıleqandın] و هێندێک وشەی دیکە سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، لێکدان". لەم تێڕوانینەوە وشەکە واتا "رەنگیکی لێکدراو و تێکەڵ" [نەک یەکڕەنگ و روون و زەلال].

شلەپەتە şılepete *[šılapata]* - "شل و شەوێق، خۆنەگر": خزمە دەگەڵ یەکێک لەم وشانەی خوارەوە:

1- ↑شلەپین şılepîn "خلیسکان" و ↑شەڵپین *şelpîn* "رەت بردن، خلیسکان، کەوتن".
2- ↑سڵپ² sılp "تەپ و تەوەزەل، schlaff (G.)، slap (NL.)، slapp (Sw.) "بێهێز، داکەوتوو، شڵ و شەوێق"، schlappen (G.) "1- شۆڕ بوونەوە، داکەوتن 2- لەترە دان، بە لادا هاتن 3- خلیسکان، خوشین". ئەم وشە ژێرمەنییانە هەروەها خزمن دەگەڵ schlafen (G.)، slaap (Nl.)، sleep (E.) "خەوتن" [پاڵکەفتن]. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(IE.) *(s)lap-, *(s)leb- >*** "شل بوونەوە، شۆڕ بوونەوە، داهێزان، داکەوتن".

شلەپین şılepîn *[šılapīn]* - "خلیسکان": شێوەیەکی دیکە لە ↑شەڵپین *şelpîn* "رەت بردن، خلیسکان، کەوتن".

شڵەژان şılejan *[šılažān]* - "شێوان": خزمە دەگەڵ شڵەقان و ↑شڵەقاندن şıleqandın "لێکدان".

شڵەقاندن şıleqandın *[šılaqāndın]* - "لێکدان، ژەندن": هەروەها شڵەقان şıleqan هەیە بە مانای "لێکدران". خزمە دەگەڵ schlagen (G.)، slā(he)n (OG.)، slahan (Gt.)، slay (E.)، sla (Sw.) "لێدان". خزمیشە دەگەڵ Schlacht (G.)، slātta (OE.) "شەڕ، کوشتار، سەربڕین"، slacc (Mir.) "شمشێر". دە زمانی کوردمادیدا دەبێتە خزم دەگەڵ چەندین وشە وەک ↑شەڵڵاق şellaq، ↑زللە zılle، ↑شڵۆق şıloq، ↑شڵەژان şılejan، ↑شڵە şıle، ↑شێلە şêle [شێلە و بێلە şêle û bêle]، ↑شێل şêl "شێوە" و هتد. گشت ئەم وشانە دەربڕی چەمکی "لێدان" یاخود "لێکدان"ن. دە زمانی فارسیدا شلیک šellīk (P.) "تەقە کردن، هاویشتنی گوللە" هەیە کە خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە و دە بنەڕەتدا مانای "لێدان" دەبەخشێ. ئەم وشە فارسییە لەباری ماناوە دەگەڵ "تفەنگ" هەڵسەنگینە کە ئەویش خزمە دەگەڵ *تەپاندن* "لێدان". هەروەها دوو وشەی ↑کلان kılan "ژەندن، کیاندن، شڵەقاندن" و ↑شێلان şêlan لە "شڵەقان"ەوە هاتوون و دە بنەڕەتدا مەبەست "لێکدان" بووە [هەویر شێلان].

شلیک şılîk *[šılîk]* - "تووی فەرەنگی": ↑چلیک çılîk یش دەگوترێ.

شلێرە şıl(l)ere *[šılera]* - "گوڵی سەر نەوی": شلیل şılîl یش دەگوترێ. دە فارسیدا دەگوترێ "لالەی سرنگون lāla ye sernegūn". وشە کوردمادییەکە پێک هاتووە لە دوو کەرتی شل + لێرە şıl + lere. کەرتی یەکەم، واتا هەمان ↑شل şıl ە بە مانای "داکەوتوو، شۆڕ"، هەروەها خزمیشە دەگەڵ ↑شۆڕ şor. کەرتی دووەم هەمان لالە lale یە کە بووەتە لێرە lere- یان لیل lîl-. کەوابوو مانای وشەکە دەبێتە "لالەی داکەوتوو یان (سەر)شۆڕ".

شلێقان şılêqan *[šıleqān]* - "پلیخان(ەوە)": خزمە دەگەڵ شڵەقان şıleqan و ↑شڵەقاندن şıleqandın "لێکدان، ژەندن". ریشەی ئەم وشانە بە مانای "لێدان"ە. "شڵێقیاک" یان "پلیخاوە" ئەو شتەیە کە بە لێدان

ورد و بڵاو بۆتەوە. دە زمانی فارسیدا دەگوترێ لە leh [لە شدن leh šodan واتا پلیخانەوە]. ئەم وشە فارسییە دەبێ هەمان "شلێقان" بووبێ کە سواوەتەوە.

شلێل şılêl [*šılel*] - "نەگەنم نەجۆ": خزمە دەگەڵ ↑شڵە şıle بە مانای "لێکدراو، تێکەڵ".

شلێم şılêm [*šılem*] - "کڵاوی لە بەن چنراو": خزمە دەگەڵ ↑شاڵ şal "پەڕۆی چنراو".

شلێوە şılêwe [*šılewa*] - "بەفر و بارانی تێکەڵ": شلۆپە şılope و شلوڤە şılove ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑راجلفین racılfîn "راچەنین، شڵەژان" و هەروەها شڵەقان و ↑شڵەقاندن şıleqandın "لێکدان". دەشێ شێوە کۆنترەکە *şılage /*şılêge* بووبێ و فۆتیمی g گۆڕدرابێ بە w. لەم تێڕوانینەوە شلێوە واتا بەفر و بارانی "لێکدراو".

شماڵ şımal [*šımāl*] - "لاوی جوانچاک و ئاکارپەسەند": خزمە دەگەڵ ↑*هەمین hemîn* و ↑هێمن hêmın، ↑ساماڵ samal و ↑شەماڵ şemal "بای ئارام".

شمراخ şımrax [*šımrāx*] - "داری لک و پۆ بڕاو": خزمە دەگەڵ ↑شمشات şımşat "ساف و رێک کراو".

شمش şımş - "زێڕی داڕشتەی رێک و راست": خزمە دەگەڵ ↑شمشات şımşat "ساف و رێک کراو".

شمشات şımşat [*šımšāt*] - "ساف و رێککراو": ئەم وشەیە و چەند وشەی دیکە هەن کە دە چوارچێوەیەکدا جێ دەگرن. ئەم وشانە بریتین لە ↑شمشاد şımşad "ناوی دارێکە" [دەبێ دارێکی رێک و راست بێ]، ↑شمراخ şımrax "داری لک و پۆ بڕاو"، ↑شمشە şımşe "راستەداری بەننایی"، شمش şımş "زێڕی داڕشتەی رێک و راست". ئەم وشانە دەبێ خزم بن دەگەڵ ↑*ساماڵ samal* "ساف، یەکدەست".

شمشاد şımşad [*šımšād*] - "ناوی دارێکە": خزمە دەگەڵ یان شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شمشات şımşat "ساف و رێککراو".

شمشاڵ şımşal [*šımšāl*] - "بلوێری تێ تووڕاندن": دەشێ پێک هاتبێ لە لە دوو کەرتی شم + شاڵ şal + şım. کەرتی "شاڵ" یەک دەگرێتەوە دەگەڵ calmus (.L) و kalamus (.Gr) "قامیش، نەی، بلوێر". وشەی chalemie (.OF) "شمشاڵی شوان" دەچێتەوە سەر ئەو وشانەی سەرەوە. کەرتی یەکەمی وشەکە، واتا شم -şım لەوانەیە جۆرێکی دیکە بێ لە ↑دەم dem. ئەگەر ئەم شیمانەیە راست بێ، مانای وشەکە دەبێتە "نەیی دەم، قامیشی دەم". [دە زمانی فارسیدا بە شمشاڵ دەگوترێ "نی لبک" واتا "نەیی لێو"]. وشەی ↑قەڵەم qelem یش دەبنەڕەتدا بە مانای "قامیش، نەی" بووە و پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە.

شمشە şımşe [*šımša*] - "راستەداری بەننایی": خزمە دەگەڵ ↑شمشات şımşat "ساف و رێککراو".

شمشێر şımşêr [*šımšer*] - "شیری خوار": شمشیر şımşīr یش دەگوترێ. شمشیر šamšīr (.P). خزمە دەگەڵ šufšēr (.Pl). وشەکە دەبێ دەبنەڕەتدا لە دوو کەرت پێک هاتبێ. کەرتی یەکەم واتا -şım مانای "خوار" دەبەخشێ و کەرتی دووەم ↑شیر şîr ە، واتا مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "شیری خوار، شیری چەماو". کەرتی یەکەم دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑چەوت çewıt [چەفت çefıt] و هتد.

شملی şımlî [*šımlī*] - "دووانەی پێکەوە نووساو": خزمە دەگەڵ ↑جمک cımık "دووانە".

شمەک şımek [*šımak*] - "کەلوپەلی ماڵ":

1- لەوانەیە پێوەندی بە ↑*جامە came* وە هەبێ و دە ئەسڵدا مەبەست "جامەک" بێ. لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شەمل şemıl "جاجم یان هەر کرێک کە دە خۆیەوە دە پێچن"، شەملک şemılk "1- بەرماڵ 2- فۆتە، داپۆشی خوار لە کەمەر" و ↑شەمەد şemed "پۆپەشمین".

2- یان شێوەیەکی کورتکراوە لە شتوومەک şıtûmek، پێک هاتووە لە ↑شت şıt + مەک mek [↑ماکە makeواتا ماددە، ماتریاڵ].

شن şın *[šın]* - "خن، دەنگی هەناسەدانی ماندوو": [دروێنە نییە و شنەشن، ئاردپێژانە و گیان کێشان]. خزمە دەگەڵ چەندین وشە وەک ↑گن gın "دە لووتدا قسەکەر"، schnauben (G.) بە دەنکَ هەناسە کێشان"، schnaufen (G.) "بە سەختی هەناسە کێشان"، schnäuzen (G.) "پڕماندن، توند و بە دەنکَ هەوا لە لووت دەر کردن" (بۆ وێنە لە کاتی چڵم سڕیندا"، snot (E.) "چڵم"، schnupfen (G.) "نەخۆشی سەرمابوون" [دە بنەڕەتدا: لووت گیران، بەسەختی هەناسە کێشان]، schnuppern (G.) "کورت و زووزوو هەناسە هەڵکێشان بۆ هەست کردن بە بۆنێک". ریشەی ئەم وشانە بۆ لاسا کردنەوەی دەنکَ دەگەڕێندرێتەوە.

شندڕ şıdır *[šındır]* - "ریشاڵ ریشاڵ، بزگوڕ، تیتاڵ": خزمە دەگەڵ ↑جنین cınîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشین، لەت کردن". لەوانەیە کەرتی دووەمی وشەکە پێوەندی بە دڕین dırîn ەوە هەبێ، واتا لە دوو وشە پێک هاتبێ کە هەر دووکیان یەک مانا ببەخشن.

شندل şındıl *[šındıl]* - "بە حەواوە هەڵواسراوی بە تەکەتەک":

1- یان پێوەندی بە ↑ژەندن jendın ەوە هەیە بە مانای "لێکدان، راژاندن، تەکان دان".

2- یانیش خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑جینگڵ cîngıl دا ئاماژەیان پێ کراوە. ئەو وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "جووڵان، لەرینەوە". دە زمانی ئەڵمانیدا schweben (G.) "دە حەوادا تەکان خواردن و لەرینەوە" دوورە خزمە دەگەڵ ئەم خێزانەوشەیە.

شندۆک şındok *[šındok]* - "پیر، زورهان":

1- لەوانەیە لە زمانی لاتینی وەرگیرابێ: < *senex (L.)* "پیر، بەتەمەن".

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑شندل şındıl ەوە هەبێ و مەبەست تەکە تەک و لەقەلەقی مرۆڤی پیر لە بزوان و رۆیشتندا بێ.

شندی işndî *[šındī]* - "گزی، فێڵ": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ swindler (E.)، Schwindler (G.) "فێڵباز، ساختەچی". ئەم وشانە دەچنەوە سەر کرداری schwindeln (G.) "دە گیژەوە هاتن، وشیاری لە دەست دان"، دواتریش schwinden (G.)، swindan (OE.) "کز بوون، لە کەمی دان، لە ناو چوون، وندا بوون". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑ون(دا) wın(da).

شنک şınık *[šınık]* - "بان مەڵاشوو، پێشەسەر": جنیک cınîk یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑جانکَ cang.

شنکَ[1] şıng *[šıng]* - " گیایەکی بەهاری بۆ خواردن دەشێ، ئەسپینکَ": شێوەیەکی نوێتری ↑ئەسپینکَ espîng.

شنکَ[2] şıng *[šıng]* - "زۆر، هێز":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑زەنک zeng [زەبر و زەنکَ].

2- هەروەها جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Schwung (G.) "جووڵەی خێرا و بەهێز، تەکانی بە تەوژم". ئەگەر ئەم پێوەندییە راست بێ، ئەوسا وشەکە پێوەندی پەیدا دەکا بە ئەو وشانەی لە ژێر ↑جینگڵ cîngıl دا شی کراونەوە

شنگل şıngıl *[šıngıl]* - شەنگل şengıl یش دەگوترێ. شنگل لە خۆدان واتا بزاڤێکی خێرا دانە خۆ یان خۆ هەڵسووڕاندن بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک. خزمە دەگەڵ ↑جینگل cîngıl.

شنگین şıngîn *[šıngīn]* - "دەنگی ئارام": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شێنەیی şêneyî "ئارامی، هێواشی".

شنە şıne *[šına]* - شنەبا واتا "نەرمەبا، سووکەبا":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە ↑شێنەیی şêneyî "هێواشی، لەسەرەخۆیی". لەم تێڕوانیەوە مانای شنەبا دەبێتە "بایەکی لەسەرەخو".

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ kinesis (Gr.) "جووڵان، شنین". هەر لەم پێوەندییەدا هەڵیسەنگێنە دەگەڵ ↑شنین şınîn هەیە بە مانای "لەرینەوە (لەبەربا)".

3- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑جینگل cîngıl.

شنەفتن şıneftın *[šınaftın]* - "بیستن": شنەوتن şınewtın و ↑ژنەوتن jınewtın یش دەگوترێن.

شنین(ەوە) şınîn(ewe) *[šınīn(awa)]* - "هەڵکردنی با، لەرینەوە لەبەر با":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑ڕاژان rajan "لەرینەوە" [ڕا ra+ ژان jan]، کەرتی دووەمی وشەکە خزمە دەگەڵ ↑ژەندن *jendın*، ↑ژەنین jenîn "لێدان، لیکدان". لەم مانایەوە هێندێک وشە پەرەیان گرتووە کە ئاماژە بە بزاڤ و جووڵە دەکەن، وەک ↑ژان jan "ژان و ئێش، ژان و پێچ"، ↑جنقین cınqîn و چەنین çenîn [↑ڕاچەنین raçenîn] "هەڵبەزینەوە" و هتد.

2- وشەکە هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ kinesis (Gr.) و kineīn (Gr.) "جووڵان". ئەم وشە یۆنانییە خزمە دەگەڵ ↑هاتەران hateran.

شوار1 şuwar *[šuwār]* - "جل شوشتن": خزمە دەگەڵ ↑شۆردن şordın "شوشتن".

شوار2 şuwar *[šuwār]* - "پتە، لێدان، چڵیانی ڕەکێ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑جمین cımîn [یان جڤین cıvîn].

شوان şuwan *[šuwān]* - "ئەو کەسەی ئاگاداری لە مەڕ و بزن دەکا": چوپان čūpān (P.) و šabān (P.)، šupān (Pl.)، fšupaiti (Av.). وشەکە دە بنەڕەتدا دەبێ لە دوو کەرتی fšu + paiti پێک هاتبێ. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ ↑پەز pez "مەڕ". کەرتی دووەم خزمە دەگەڵ کردارێک کە دە زمانی فارسی ئەمڕۆدا بووەتە پائیدن pā(y)īdan (P.) "ئاگاداری کردن، خستنە ژێر چاوەدێری". ئەم کەرتە خزمە دەگەڵ پاشگری ↑وان wan- [باخەوان، پاسەوان]. بەم جۆرە وشەکە دەبنەڕەتدا ماناکەی دەبێتە "پەزەوان، مەڕوان".

شوقاق şuqaq *[šuqāq]* - "1- ناوی هۆزێکی کورد 2- سەرمای دە ڕۆژی سەرەبەهار": خزمە دەگەڵ ↑سەق seq.

شوقڵ şuqıl *[šuqıl]* - "پۆرگی سەر پێست": شێوەیەکی دیکە لە ↑تۆقلە toqle "پۆرکێ" و خزمە دەگەڵ ↑توێکڵ toekıl [↑تۆکڵ tokıl].

شوێن şuwen *[šuwen]* - "جێگە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Zone (E.) و zone (E.) "ناوچە، دەڤەر" [شوێنێک کە دەوروبەرێکی دیاریکراوی هەیە]. ئەم وشە ژێرمەنییانە دەچنەوە سەر zone (L.) "کەمەربەند، کەمەربەندی زەوی" و zone (Gr.) "کەمەربەند".

شوو şû *[šū]* - "مێری ژندار، مێری هاوسەری": خزمە دەگەڵ ↑خەزوور xezur.

شووت¹ şût *[šūt]* - "دارۆکەی نووک تیژ لە کایەی منداڵاندا کە دەیهاوێن و دەچەقێ": شیت şît یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑شات1 şat "لکەداری یەکساڵە، چرۆ"، ↑سیتکەسڵاو sîtkesılaw↑،سیچقە sîçqe، ↑چووزە çuze، ↑سووچ suç "گۆشە"، ↑چوخساندن çuxsandın. گشتیان سەر بە ریشەیەک بە مانای "دەرپەڕاندن، راو نان، ڕادان، پەلە کردن". وشەی shoot (E.) و schießen (G.) "لێدانی توند و دەرپەڕاندن، هاویشتن" خزمن دەگەڵ وشەکانی سەرەوە.

شووت² şût *[šūt]* - دەگەڵ "شات" دێ [شات و شووت şat û şût واتا هەراهەرا]. دەبێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑شات² şat [شاتەشات] و خزمیشە دەگەڵ شووت¹ şût "دارۆکەی نووک تیژ". لەوانەیە سوت sūt (P.) "فیکە" پێوەندی بە "شووت"ەوە هەبێ.

[تێبینی: وەک دەبینرێ "شووت" هەم بە مانای دارۆکەی نووک تیژ و هەمیش بە مانای هەرا و قیژە دێ. "شات" یش هەم بە مانای لکەدار و هەم بە مانای "هەرا و قیژە" دێ].

شووت3 şût *[šūt]* - "زرینگ، وشیار": شێوەیەکی دیکە لە ↑زیت zît.

شووتی şûtî *[šūtī]* - "شفتی، زەبەش": ↑شفتی şıftî.

شوور şûr *[šūr]* - دەگەڵ "شەڕ" دێ [شەڕ و شووڕ şer û şûr]. خزمە دەگەڵ ↑شۆڕش şorış "ڕاپەڕین"،↑شۆڕان şoran "ڕاپەڕین (بە تووڕەیی)" و شوریدن šūrīdan (P.) "ڕاپەڕین، وە خۆ کەوتن". ئەم وشانە لەوانەیە پێوەندییان هەبێ بە ↑*سوور(ان) sur(an)* "شادی کردنی بە کۆمەڵ، پارتی، بزم" [بەزم و رەزم].

شووره şûre *[šūra]* - "دیوار": شوورا şûra و سوور sur یش دەگوترێن. خزمە دەگەڵ Säule (G.)، sūl (OG.)، zuil (Nl.)، syl (OE.)، sul(a) (OIs.)، sauls (Gt.) "ستوون، کۆڵەکە". ئەم وشانە هەروەها خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشەی ژێرمەنی دیکە وەک Schwelle (G.)، swella (OG.)، sill (E.)، syll (Sw.) "داری ئاسۆیی بەر دەرگا". مانای بنەڕەتی ئەم وشانەی دوایی "داری بنەڕەتی خانوو" بووە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***s(u)el- > (IE.)** "دار، تەختە، لە دار و تەختە دروستکراو".

شوورەیی şûreyî *[šūrayī]* - "نەنگ، رسوایی": دەچێتەوە سەر ریشەی ***(s)keu > (IE.)** "داپۆشین". ↑کوێر kuwer "نابینا"، ob-scurus (L.) "تاریک، نادیار"، skur (Norw.) "سەرپەنا، پەناگا، دیوەلکە"، ↑ژوور *jur "هۆدە"* و گەلێک وشەی دیکە پێوەندییان بەم ریشەوە هەیە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا Scham (G.) "شەرم، عەیبە" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "داپۆشین" و خزمیشە دەگەڵ "جندە" دە زمانی کوردمادیدا. هەر بەم شێوەیە "شوورەیی"ش دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "داپۆشین"، واتا هەر دوو وشە کوردمادی و ئەڵمانییەکە لەسەر بنەمایەکی لۆژێکی هاوبەش دروست کراون. ئەم پێوەندییە رەنگە لەوەڕا هاتبێ کە مرۆڤ هەوڵی داوە عەیب و عارەکانی خۆی دابپۆشی].

شووز şûz *[šūz]* - "1- جەغز 2- خەتی لەسەر وێستان بۆ هاویشتنی مت بۆ ناو جەغز": خزمە دەگەڵ ↑جەغز ceğz.

شووژ şûj *[šūž]* - "ورتکەبەردی بە کوتک شکێنراو": خزمە دەگەڵ ↑شژ şıj "بەردی ناسک و تورت"، ↑زیخ zîx "ورکەبەرد" و ↑*زاخ¹ zax* "بەرد" و ↑شووشە şûşe.

شووژن şûjın *[šūžın]* - "جەواڵدووز": ↑سوژن sujın یش دەگوترێ.

شووش şûş *[šūš]* - دەگەڵ "باریک" دێ [شووش و باریک şûş û barîk]. دەبێ خزم بێ دەگەڵ ↑شیش şîş "سیخ". [هەڵی سەنگینە دەگەڵ ئاوەڵناوی "قەڵەمی" کە لە وشەی "قەڵەم" وەرگیراوە].

شووشە şûşe *[šūša]* - "گلاس، جام": شیشە šīše (P.). وشەی شاشة šāša (Arb.) [شاشەی تەلەفیزیۆن] لە شووشە یان شیشەی فارسی وەرگیرابێ و دە بنەڕەتدا مەبەست شووشەکەیە کەوا وێنەکانی لەسەر نیشان دەدرێ. ئەم وشەیە جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ:

1- scheinen (.G)، skeinan (.Gt)، shine (.E) و skina (.Sw) "درەوشانەوە، تروسکانەوە" سەر بە ریشەی *skei- (IE.) "درەوشانەوە". sijat (.Rus) "درەوشان" لەم ریشەوە هاتووە.
[تێبینی: وشەی "گلاس"یش کە لە زمانە ئەورووپییەکان وەرگیراوە، دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە" و خزمە دەگەڵ "زەرد" و "زێڕ" و چەندین وشەی کوردمادی دیکە].
2- لەوانەشە وشەکە دە بنەڕەتدا مانایەکی وەک "بەرد، مینا"ی هەبووبێ و خزم بێ دەگەڵ ↑شووژ şûj "ورتکەبەردی بە کوتک شکێنراو"، ↑شژ şıj "بەردی ناسک و تورت"، ↑زیخ zîx "ورکەبەرد" و ↑زاخ zax "بەرد". دە زمانی کوردمادیدا ↑سەکرە sekre "جام، پیاڵە" و سوکرە sukre هەیە بە مانای "دیزە، مەنجەڵ لە گڵی سوورەوەکراو". مەبەست لەم وشانە دە بنەڕەتدا (قوڕی) سوورەوەکراو و بەردینکراوە. جێی ئاماژەیە کە دە زمانی کوردمادیدا مانای دوو وشەی "جام" و "شووشە" زۆر لە یەک نیزیکە و زۆر جار ئەم دوو وشەیە بە یەک مانا بەکار دەهێنرێن، وەک "جامێک ئاو" کە ئاماژە بە دەفر دەکا و "جامی پەنجەرە" [یان جامخانە] کە ئاماژە بە شووشەی پەنجەرە دەکا. وشەی "جام"یش خزمە دەگەڵ "کەمر، کەڤر" بە مانای "بەرد".
شووڤی şûvî [šūvī] - "کێڵانی چەند گاسنە": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑شێ şê و ↑شۆم şom و↑شێوەرد şêwerd.
شوول şûl [šūl] - "لقەداری باریک": شولک şûlı ، شڤ şıv، شفتێل şıftel یش دەگوترێ. شوو + ل (ık) l + şû [یان شفت + ئیل şıft + îl]. کەرتی "شوو-" یان "شفت" خزمە دەگەڵ ↑چێو çew [چوب (.P) čūb]. کەرتی دووەم پاشگری گچکاندنە و بەم جۆرە وشەکە "دارۆچکە" مانا دەدا. خزمیشە دەگەڵ ↑چەفت çefıt "دارۆکە" [یان ئاسنۆکە].
[تێبینی: دە زمانی فارسیدا بە شوول دەگوترێ ترکە (.P) tarake کە لە دوو کەرتی tar- "دار" و ake "پاشگری گچکاندن" پێک هاتووە و دە بنەڕەتدا دەبێتە "دارۆکە"ی کوردمادی].
شوولاندن şûlandın [šūlāndın] - "سک چوون، بەڵەفیرە": دەبێ لە ↑شل şıl "رەوان"ەوە هاتبێ.
شوولکاندن şûlkandın [šūlkāndın] - "خۆ لە کار دزینەوە، بۆی دەرچوون": دە ئەسڵدا بە مانای "خوشین" بوون واتا بە خشکەیی بۆی دەرچوون لە ژێر ئەرک و کار. خزمە دەگەڵ ↑شێلهان şêl(e)han "راخوشین".
شوولەکە şûleke [šūlaka] - "تووەکە": خزمە دەگەڵ ↑شۆلە şole "جەواڵ".
شووم şûm [šūm] - "نەگریس، بێفەڕ": بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە هەر لە کۆنەوە رەنگی رەش و تاریک بە نیشانەی نەهامەتی، نەکبەتی و چارەرەشی زانراوە [هەڵی سەنگینە دەگەڵ وشەی چارەرەش]، دەبێ وشەکە پێوەندی هەبێ بە ↑شێو şêw [شام şam] "کاتی تاریکان".
شۆبە1 şobe [šoba] - "بوورانەوە، لە هۆش چوون": خزمە دەگەڵ schwabbeln (.G) "تەق و لەق بوون، بە لادا هاتن، بەم لا و ئەو لادا لەرینەوە" و schwappen (.G) "هەڵچوونی تراو، بەم لا و ئەو لادا، جووڵانی تراو". ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە دیاری نەکراوە.
شۆبە2 şobe [šoba] - "جانەورێکی وردی رەشە بە گەزووی دارەوە دەنووسێ و خراپی دەکا": خزمە دەگەڵ Schabe (.G)، schabe (.MG)، ma lsceafe (.OE) "جۆرێک مۆرانە". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ schaben (.G) و ↑ساوین sawîn سەر بە ریشەیەک بە مانای "کڕاندن، رێخشاندن، رووشاندن، ساوین".
شۆپ şop [šop] - "رەد، شوێن پێ": هاوریشەیە دەگەڵ şpur (.G)، spor (.OG)، spoor (.Nl)، spar (.Sw) "شۆپ، شوێن پێ"، سەر بە ریشەی *sper- > (IE.) "پێ لێنان، پێ لەسەر دانان".
شۆپاندن şopandın [šopāndın] - "رەد هەڵگرتن، دواکەوتن": ↑شۆپ şop.
شۆخی şoxî [šoxī] - "جەفەنگ، حەنەک، گاڵتە": شوخی šūxī (.P). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Jux (.G)، joke (.E)، jeu (.OF)، iocus (.L) "شۆخی، حەنەک". وشە ژێرمەنییەکان لە وشە لاتینیەکە

وەرگیراون. هەروەها دە زمانی کوردمادی و فارسیدا شۆخ şox [شوخ (P.) šūx] بەمانای "قسەخۆش، سەرزیندوو" بەکار دێ.

شۆڕ şor [*šor*] - "شل، داهێڵراو": خزمە دەگەڵ ↑شل şıl [şol (P.)] سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)leb- >* "شل، شۆڕ بوونەوە". شۆڕ بوونەوە پێوەندی تەواوی بە چەمکی "شلی"یەوە هەیە و هەردووک وشەی "شل" و " شۆڕ" دە بنەڕەتدا یەک وشە بوون و پاشتر دوو وشە بە دوو مانای جیاواز، بەڵام لێک نیزیک پێک هاتوون. هەروەها مەبەست لە "شۆڕەژن" دەبێ دە بنەڕەتدا ژنی شل و مل و بەژن زراڤ بووبێ. وشەکە خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑شلێرە şılêre [گولێک کە سەری شۆڕ دەکاتەوە] و هتد.

شۆڕان şoran [*šorān*] - "ڕاپەڕین بە تووڕەیی": شوریدن šūrīdan (P.) "ڕاپەڕین". خزمە دەگەڵ ↑شووڕ şûr [شەڕ و شووڕ].

شۆرباو şorbaw [*šorbāw*] - "چێشتی تراو": ئەم وشەیە پێوەندی بە "شۆر" واتا "سوێر"ەوە نییە، چونکوو ئەگەر وابا، دەکرا زۆر بە هاسانی بگوترێ "شۆراو"، نەک "شۆرباو". بوونی فۆتیمی b نیشان دەدا کە وشەکە پێوەندی بە شتێکی دیکەوە هەیە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ schlürfen (G.)، slorpen (NL.)، slurpe (Norw.) "هەڵقوڕاندن". ئەم وشەیە دە ئەڵمانی ناویندا شێوەکەی بریتی بووە لە sür(p)feln (MG.). ئەم شێوەیە دەگەڵ کەرتەوشەی شۆرب -şorb دە وشەی شۆرباو šorbaw دا بەتەواوی یەک دەگرێتەوە. بەگوێرەی بۆچوونتیک ئەم وشە ژێرمەنییە دەچێتەوە سەر ریشەی *(IE.) *srbh- >* "هەڵقوڕاندن". کەرتی دووەمی وشەکە دەشێ هەمان ↑ئاو aw بێ و مانای تێکرای وشەکە دەبێتە ئاو یاخود تراو بۆ هەڵقوڕاندن.

شۆردن şordın [*šordın*] - "شوشتن، شوتن، خاوێن کردنەوە بە ئاو": می شورم mi šūram (P.) "دەشۆم، دەشۆرم". دە زمانی کوردمادی و فارسیدا شوشتن şûştın و شستن şostan (P.) یش دەگوترێ، بەڵام ڕەگی ئەم کردارانە، واتا -şos / -şûş تەنیا بۆ کرداری ڕابردوو بەکار دەهێنرێ: شوشتم şûştım و شستم şostam (P.). ڕوون نییە کە ئایا لێرەشدا وەک چەندین کرداری دیکە دە بنەڕەتدا دوو وشەی هاوشێوە لە گۆڕێدا بووبن کە پاشان تێکەڵ بە یەکدی بووبن و بنجی یەکیان لە کرداری کاتی ڕابردوودا پارێزرابێ. بە هەرحاڵ بنجی شۆر -şor جێ بەرهەڤ کردنە دەگەڵ scheuern (G.)، schiuren (MG.) "پاک کردنەوە، خاوێن کردنەوە" (بە رێخشاندن و سوانەوە). ریشەی ئەم وشە ژێرمەنییە یەکلا نەکراوەتەوە. شیمانە دەکرێ بچێتەوە سەر زمانی فەرانسەیی کۆن، واتا escurer (OFr.) "سوانەوە، رێخشاندن" و دواتریش *excurare** لە زمانی ئاخافتنی لاتینیدا.

شۆڕش şorış [*šorıš*] - "ڕاپەڕین": لە زمانی فارسی وەرگیراوە، دەچێتەوە سەر شورش *šūreš (P.)* سەر بە کرداری شوریدن šūrīdan (P.) "ڕاپەڕین، وە خۆ کەوتن". خزمە دەگەڵ ↑شۆڕان şoran "ڕاپەڕین (بە تووڕەیی)" و ↑*شووڕ şûr* [شەڕ و شووڕ]

شۆرەکات şorekat [*šorakāt*] - "شۆرەزار، زەوی سوێر و بێ رووەک": پێک هاتووە لە دوو وشەی شۆر + کات şor + kat. کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑سوێر suwer [سۆر sor]. کەرتی دووەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑قاد qad "زەوی".

شۆسە şose [*šosa*] - "جادەی خۆشکراو": شۆستە şoste ش دەگوترێ. شوسە şose (P.) > *chaussée (Fr.)* "شەقامی پێدا ئاژۆتن، سەنگچنی شەقام". ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ calx (L.) "کڵس، قسڵ، بەردی کلس" و chálix (Gr.) "خیز، بەرد، بەردی کلس".

شۆڤار şovar [*šovār*] - "جاسووس، سیخوڕ": خزمە دەگەڵ spehari (OG.)، Späher (G.)، spy (E.)، spion (It.) "شۆڤار"، spähen (G.) "بە دزی لێ ڕوانین، شۆڤاری کردن"، spektesthai (Gr.) "چاو لێکردن، سەرنج دان"، سەر بە ریشەی *(IE.) *spek- >* "بەوردی لێ ڕوانین".

شۆق şoq 1 [*šoq*] - "ڕووناکی": شێوەیەکی دیکە لە ↑شەبەق şebeq.

شۆق 2 şoq [*šoq*] - "شۆق وەشاندن واتا بە سەر تیهەڵدانی ئاژەڵ": ↑شەقۆن şeqon یش دەگوترێ. دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑شاخ şax "قۆچی ئاژەڵ".

شۆک şok [*šok*] - "1- گەزووی مازوو 2- شیرەی ترێ": خزمە دەگەڵ ↑شفت şıft "دۆشینی شیر"، سەر بە ریشەی *(IE.) *seu- >* "دۆشین، دوشاو گرتن، شیرە گرتن". دە پلەیەکی دوورتردا لەوانەیە ببێتە خزم دەگەڵ ↑ژەک jek "شیری دوا بەدوای زان".

شۆلک şolık [*šolık*] - "رەشکە": خزمە دەگەڵ ↑ شۆلە şole "جەواڵ".

شۆلە şole [*šola*] - "جەواڵ":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شاڵ şal "پەڕۆی چنراو".

2- لەوانەشە شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑جەواڵ cewal [جواڵ cuwal].

شۆلە şole [*šola*] - "راخوشینی ئەستێرە": خزمە دەگەڵ ↑شێلهان şêl(e)han "راخوشین".

شۆ(م) şo(m) [*šom*] - "زەوی کێڵدراو": خزمە دەگەڵ ↑شێ şê، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشین، لێک جودا کردنەوە". دە فارسیدا دەبێتە شخم šoxm (P.).

شۆنک şonık [*šonık*] - "سوێنە": شێوەیەکی کۆنترە لە ↑سوێنە suwene و دەچێتەوە سەر کرداری ↑ساوین sawîn.

شهین şıhîn [*šıhīn*] - "1- حیلاندن 2- خوێندنی کەڵەشێر 3- کۆخین": شیهە šīhe (P.) "حیلەی ئەسپ". خزمە دەگەڵ زیقە و ↑زیقاندن zîqandın.

شە şe [*ša*] - "1- شانە 2- شەنە 3- دەفەی جۆڵایی": شەە şeh و شەهن şehn یش دەگوترێ:

1- دەتوانێ کورتکراوی ↑شانە şane بێ.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑شێ şê و شی şî کردنەوە، سەر بە ریشەیەک بە مانای "(لێک) جودا کردن(ەوە)".

شەب şeb [*šab*] - "زاخ، بەردێکی سپی": خزمە دەگەڵ ↑سەپتک septık "بەرد"، ↑زۆپ zop "گاشەبەرد"، ↑*سیپان 2 sîpan* و دواجار ↑سفت sıfit.

شەباک şebak [*šabāk*] - ↑شەبەق şebeq.

شەبکین şebkîn [*šabkīn*] - "شەلینی کەم": هەروەها شەبک şebık هەیە بە مانای "کەسێک کە تۆزێک دەشەلێ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ schwanken (G.) "بەم لا و ئەو لادا لار بوونەوە، لاترە دان"، svangr (OIs.) و svancor (OE.) "شلک" [شتێک کە بە هاسانی بەم لا و ئەو لادا با دەدرێ]. ئەم وشانە دواجار خزمن دەگەڵ ↑جمین cımîn.

شەبۆت şebot [*šabot*] - "درێژترین ماسوولکە لە لەشی جانەوەردا": خزمە دەگەڵ ↑زیپەر zîper "ماسوولکە" و دواجار ↑*سفت sıfit*.

شەبەق şebeq [*šabaq*] - ↑شەباک şebak و شوق şewq و ↑شۆق şoq یش دەگوترین. ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ spectrum (L.) "وێنە". ئەم وشە لاتینییە دە زمانەکانی ئەورووپیدا مانای "تەیف، شەبەنگ" دەدا، دەچێتەوە سەر spectare (L.) "روانین، چاوەدێری کردن" و specere (L.) "دیتن". هەروەها speculum (L.) "ئاوێنە" پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە. وشەی ↑شەبەنگ şebeng یش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و فۆتیمی n وەک زێدە خزاوەتە ناو وشەکەوە.

[تێبینی: دە زمانی کوردمادیدا ئەو چەند وشەیەی لەم پێوەندییەدا جێ دەگرن، سێ چوار مانای نیزیک لە یەکدی دەبەخشن. "شەبەق" بە مانای رووناکی ئاسۆ، تیشکی سەرەتایی هەتاو بەکار دێ. هەروەها "شەبەق تیکەوتن" بە مانای کون بوونی دیوار و کالا دێ. دیارە لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بەو کونەدا تیشک تێپەڕ دەبێ. جگە لەمە "شەباقە" بە دەلاقەی ناو دیوار دەگوترێ کە رووناکایی دێتێتە ژوورەوە. "شەوق" یان "شۆق" بەگشتی بە مانای "تیشک، رووناکی" بەکار دێ. "شەباک" مانای تیشکدانەوە دەدا.

"شەبەک" بە پەنجەرەی سەر چاک و پیران دەگوترێ. دە زمانی فارسیدا شفق šafaq (P.) هەیە بە مانای "تیشکی بەیانی زوو و تیشکی سووری بەر لە خۆرئاوا". وەک دەبینین چەمکی هاوبەش لەم مانایانەدا تیشک و روونایییە. خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە دە زمانی عەرەبیدا بە پەنجەرە دەگوترێ شباک šabāk (Arb.). دیارە ئەم وشەیەش پێوەندی بە وشەکانی دیکەوە هەیە و مەبەست دە ئەسڵدا ئاماژە کردن بە روونایییە کە بە پەنجەرەدا دێتە ژوورەوە]. دەشێ دە زمانی عەرەبیدا شبكة šabaka (Arb.) پێوەندی بەو وشانەی سەرەوە هەبێ.

شەبەنگ şebeng [*šabang*] - "تەیف، کۆتیشک": بڕوانە ↑شەبەق şebeq.

شەپ1 şep [*šap*] - "لێدان بە لاق": خزمە دەگەڵ Schub (G.) "پاڵ، گوشار" [پێشتر schupp (G.) یش بە مانای "پاڵ نان، لێدان" بەکار هاتووە]، schieben (G.)، shov (E.)، skiuban (Gt.)، skyve (Norw.) "پاڵ پێوەنان، ڕادان"، سەر بە ریشەی ***skeu(h)-* > *(IE.)** "هاویشتن، (رە)پاڵ نان، ڕادان، دەرپەڕاندن". Schaufel (G.) "پێمەڕە، خاکەنداز" و Schippe (G.) "پێمەڕە، بێل" پێوەندییان بە وشەکانی سەرەوە هەیە. دە زمانی کوردمادیدا گەلێک وشە بە مانای دوور و نیزیک لەیەکدی، خزمایەتییان دەگەڵ وشەکانی سەرەوە هەیە، وەک ↑شفرە şıfre "پێمەڕە، کەلپی ئاژەڵ"، ↑شەپڵتە şepılte "بەفرماڵ، وەروەرە"، ↑شەپل şepıl "ئامرازێک گاسنی پێدادەگرن تا قووڵتر بیکێڵێ"، ↑شەپلی شەپان şeplîşepan "گەمەی هەڵاویشتن و گرتنەوەی شت"، ↑چاپ çap، ↑چەپە çepe "سەوڵی بەلەم لێخوڕین" [دەبنەڕەتدا: ئاوڕادەر]↑سەپاندن sepandın ؟، ↑چەپاو çepaw "تاڵان". هەروەها دە پلەیەکی دوورتر دا دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شاخ şax "قۆچی ئاژەڵ"، ↑شات şat، ↑زەخت zext "نەقیزە"، ↑سووچ suç "گۆشە"، ↑چوخساندن çûxsandın "دەرپەڕاندن" و ↑چووزە çuze و هتد.

شەپ2 şep [*šap*] - "داهێڵراو، داهاتوو": [شەپ و شۆڕ واتا شۆڕەوە بووی نارێک و پێک]. مانای ئەسڵی وشەکە "خوارەوەبوو، بادراو"ە. خزمە دەگەڵ ↑چەپ çep.

شەپاڵ1 şepal [*šapāl*] - "جوان، خۆشیک": خزمە دەگەڵ ↑سپەهی sıpehî [دە فارسیدا زیبا zībā (P.)].

شەپاڵ2 şepal [*šapāl*] - "بەچکەشێر": خزمە دەگەڵ ↑سەواڵ sewal.

شەپک1 şepık [*šapık*] - "تەختەی ساف و لووس کردنی ئامانی تازەی گڵین": شەپکە şepke ش دەگوترێ:

1- یان خزمە دەگەڵ ↑*ساوین sawnî* "سوونەوە، ڕێخشاندن" و ↑هەشافتن heşaftın "بن قوڕ دان" [-he şaftın].

2- یان خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شەپ[1] *şep* و ↑شفرە şıfre دا هاتوون، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، (رە)پاڵ نان، ڕادان".

شەپک2 şepık [*šapık*] - "تەختەیەک بۆ توند کردنی کەژوو لە دەمی چنیندا": شەپکە şepke ش دەگوترێ: بڕوانە ↑شەپک1 şepık.

شەپک3 şepık [*šapık*] - "ئێسکی شان": زۆرتر دەگەڵ "شان" دێ: شان و شەپک şan û şepık یان شەپکەشان şepkeşan. ↑شەپیلک şepîlk یش دەگوترێ.

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بە scapula (L.) "ئێسکی شان". دەنگی -sc دە زمانی کوردمادی و هەروەها دە زمانی ئەڵمانیشدا دەگۆڕدرێ بۆ ş. دە زمانی کوردمادیدا زۆرتر دەگۆڕدرێ بۆ s.

2- دە زمانی کوردمادیدا چەند ئامێرێک هەن کە ناوەکانیان خزمن دەگەڵ یەکتر، وەکوو ↑شەپک1 şepık. ئەم ئامرانە بریتین لە ئاسن یان تەختەیەکی پانکەڵە. لەبەر ئەوەی ئێسکی شان پارچەیەکی تەخت و پانە، دەشێ بەو ئامرازانە شوبهێندراوە.

[تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیشدا وشەی Schulter (G.) "شان، شەپیلک" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "بڕین" و خزمە دەگەڵ skállein (Gr.) "هەڵکەندن" و skelís (Gr.) "درمغ، شەپنە" و دەگەڵ چاڵ çal ی

کوردمادی. دە زمانی ئەڵمانیدا لەبەر وێکچوونی ئیسکی شان بە شفرە و پێمەڕە ناوەکەی بۆ ناوی ئامێرەکە دەگەڕێتەوە].

شەپکە şepke *[šapka]* - "کڵاوی لبەدار": شەپقە şepqe و شەبقە şebqe ش دەگوترێن. شاپو şāpū (P.). لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑سابات sabat "کەپر"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "چنین، تەنین".

شەپل şepıl *[šapıl]* - "ئامرازێک گاسنی پێ دادەگرن تا قووڵتر بیکێڵێ": خزمە دەگەڵ ↑شەپ[1] şep.

شەپڵاغە şeplaġe *[šaplāġa]* - "زللە":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "دەست، بەری دەست" دەبەخشن، وەک ↑چەپ[2] çep، ↑چەپڵە çeple، ↑چەپۆک çepok.

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑شەپ[1] şep "لێدان".

شەپلان şeplan *[šaplān]* - "پەشێو بوون، بێ سەرە و بەرە بوون": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەشەپلان veşeplan]. هەروەها ڤەشەپلاندن veşeplandın هەیە بە مانای "پەشێو کردن". خزمە دەگەڵ ↑شپرێو şıprêw.

شەپڵتە şepılte *[šapılta]* - "بەفرماڵ، وەروەرە": خزمە دەگەڵ ↑شەپ[1] şep.

شەپڵۆر şeplor *[šaplor]* - "نەخۆشییەکە وەک سوورێژە وایە لە گەرما و سەرماوە پەیدا دەبێ": خزمە دەگەڵ ↑زیپکە zîpke.

شەپڵە şeple *[šapla]* - "گۆجی، فەلەجی": خزمە دەگەڵ ↑چەپ çep کە دە ریشەدا مانای "خوار" دەدا. بەم پێیە "شەپڵە" دەبێتە "خواروخێچ" بوونی ئەندامەکان.

شەپڵیشەپان şeplîşepan *[šaplīšapān]* - "بە لەپی دەست گەمە بە شتێک کردن، هەڵاویشتن و گرتنەوەی":

1- یان خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "دەست، بەری دەست" دەبەخشن، وەک ↑چەپ[2] çep، ↑چەپڵە çeple، ↑چەپۆک çepok.

2- یان دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شەپ[1] şep "لێدان"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێدان، پاڵ نان، رادان، هاویشتن".

شەپنە şepne *[šapna]* - ↑شفنە şıfne.

شەپنی şepnî *[šapnī]* - "خەتاکار": [ئەز شەپنیمە، تە من ببەخشە]. خزمە دەگەڵ ↑چەپ[1] *çep* و ↑چەوت çewıt "بەرانبەری راست". دە ئەسڵدا مەبەست ئەوەیە کە کەسێک کارەکەی چەوت و نەڕاستە.

شەپۆر şepor *[šapor]* - "شیوەن بە دەنگی بڵیند": خزمە دەگەڵ ↑شیپۆر şîpor بەمانای "گوڕە و هەڕای بە تووڕەیی" و ↑شیپە şîpe "حیلەی ئەسپ". دە زمانی فارسیدا شیپور šeypūr (P.) هەیە بە مانای "ترۆمپێت". ئەم وشانە جێی بەرهەڤ کردنن دەگەڵ ↑چپە çıpe. پێوەندی دوو وشەی "شەپۆر" و "چپە" دەتوانێ وەک هی "نارین" و "نەڕڕاندن" بێ.

شەپۆکان şepokan *[šapokān]* - "پەشۆکان، سەر لێ تێکچوون، وڕ بوون": خزمە ↑چەپ[1] *çep* "بەرانبەری راست" [خوار، بادراو، چەپ و چپڕ]، سەر بە ریشەی ***(IE.) *skeip- >*** "خوار، بادراو، چەپ". هەروەها خزمە دەگەڵ ↑وەرچەپین werçepîn "لە رێ لا دان، رێگە خوار کردن"، چپە *شدن* čape šodan (P.) "وەڕگەڕان(ی ئوتۆمبێل)"، ↑شەفت şefıt [چەفت çeft، چەوت çewt]، ↑چەوێل çewel "خوار، گێڕ". شەپۆکان بریتییە لەوە کە دۆخی دەروونی مرۆڤ لە شێوەی راست و هەمواری خۆی لا دەدا و وەردەگەڕێ. جێی ئاماژەیە کە لەم وشانەی خوارەوەشدا چەمکی "خوار، بادران و ناراست بوون" خۆی حەشار داوە: وڕ بوون، شێوان، کاس بوون، گێژ بوون و هتد. هەروەها لەوانەیە ↑شێوان şêwan [اشفتن a-šoftan (P.)] پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

شەپۆڵ şepol [*šapol*] - "پێل، مەوج": شەپێل şepêl یش دەگوترێ. دە شێوەزاری کوردمادی سەرووودا وشەی "پێل" بەم مانایە بەکار دێ کە خزمە دەگەڵ وێڵ، *وڵین* "تێکوشین"، *وەلەک2* "گێژەڵووکە، کرێوە"، *وەلوەلە* "شلووقی، ئاڵۆزی، ئاژاوە" و هیتر سەر بە ریشەیک بە مانای "سووڕان، با دران". بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە باوە، کە دەڵێ "شەپۆل" یان "شەپێل" بە مانای "پێل، پۆلی مەزن"ە و دەبێتەوە خزم دەگەڵ وشەکەی شێوەزاری سەروو، وا پێ دەچێ کە ئەم وشەیە سەر بە ریشەیەکی دیکە بێ و خزم بێ دەگەڵ ↑شەپۆکان şepokan "پەشۆکان، سەر لێ تێکچوون، وڕ بوون"، سەر بە ریشەیەک بە مانای "خوار، بادراو، وەرسووراو".

شەپە şepe [*šapa*] - "خشە": خزمە دەگەڵ ↑چپە çıpe.

شەپیتە şepîte [*šapīta*] - "ئامرازێکی جۆڵایی، تێوەدانی پێ سفت دەکرێ":

1- دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑*سفت sıfit* و ↑شەبۆت şebot.

2- لەوانەشە پێوەندی بە ↑شەپ[1] şep "لێدان"ەوە هەبێ.

شەپیلک şepîlk [*šapīlk*] - "ئێسکی شان": پێوەندی هەیە بە scapula (L.) "ئێسکی شان". spalla (It.) "شان" دەبێ پێوەندی بەم وشە لاتینییەوە هەبێ. هەروەها بڕوانە ↑شەپک3 şepık.

شەت1 şet [*šat*] - "قیلەوقاچ بڕاو": هەروەها دەگەڵ پەت pet دێ [شەت و پەت şet û pet واتا لەت و کوت]. خزمە دەگەڵ ↑کەت ket و ↑کوت kut "بڕ، بڕاو، لەت".

شەت2 şet [*šat*] - "مووی ساف": خزمە دەگەڵ ↑سادە sade.

شەترەنج şetrenc [*šatranj*] - "جۆرێک کایەی سەر تەختەیە، شا لە پشتەوە خۆی شاردۆتەوە و سەرباز لە پێشەوە شەڕی بۆ دەکەن": وەک لە هێندێک جێگەدا باس کراوە، وشەکە پێک هاتووە لە دوو وشەی شەت şet + رەنج renc .کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە وشەی ↑شەش şeş. کەرتی دووەم شێوەی گۆڕدراوی ↑رەنکَ reng ە و مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە "شەشرەنکَ". مەبەست لەم وشەیە ئاماژە کردنە بە ژمارەی فیگۆر و پەیکەرەکانی ئەم گەمەیە کە لە شەش جۆر پێک هاتوون، واتا شا، وەزیر، فیل، ئەسپ، قەڵا و سەرباز.

شەتری şetrî [*šatrī*] - "ریزەگوڵینگەی سەر و پۆڕ": خزمە دەگەڵ سیتکە sîtke یان ↑سیچکە sîçke "خونچە".

شەتە şete [*šata*] - "پەتای گیا": خزمە دەگەڵ ↑چەتە çete.

شەتەک şetek [*šatak*] - "بەستنی توند": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑شیتک şîtık یان شووتک şûtık "کەمەربەند"، ↑سدە side "تاڵ، بەن"، ↑سیتە sîte "پۆ" [تان و پۆ]، ↑سێتە sete "تەپکە، داو"، ↑شەتەن şeten "تەناف"، سەر بە ریشەی *(IE.) *sei- >* "بەستن، بەستنەوە، لێکبەستن". ئەم وشانە بەرهەف بکە دەگەڵ Saite (G.) و sāda (OE.) "ریس، گوریس، بەند". شد šada (Arb.) "بەستن، بەستنەوە" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە و لەوانەشە لە زمانی کوردمادی وەرگیرابێ.

شەتەن şeten [*šatan*] - "تەناف": خزمە دەگەڵ ↑شەتەک şetek.

شەحنە şeħne [*šaħna*] - "دارۆغە": لەوانەیە پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ کە لەژێر ↑سەق seq دا شی کراونەوە، سەر بە ریشەیەک بە مانای "سەخت، بەهێز".

شەختە şexte [*šaxta*] - "سەرمای سەخت": خزمە دەگەڵ ↑سەخت sext و ↑*سەق seq*.

شەخسان şexsan [*šaxsān*] - "رەنکَ پەڕین لەبەر نەخۆشی": خزمە دەگەڵ siech (G.)، siuks (Gt.)، sick (E.)، sjuk (Sw.) "نەخۆش"، siuchan (OG.)، siukan (Gt.) "نەخۆش کەوتن". دەشێ وشەکانی ↑زیز zîz، ↑سیس sîs و ↑ژاکان jakan پێوەندییان بەم وشانەوە هەبێ.

شەخف şexıf [*šaxıf*] - "سواخ دانی بان": خزمە دەگەڵ ↑*ساوین sawîn* و ↑سواخ suwax و تێهەڵسوون tehelsun.

شەدە şede [*šada*] - "سەرپێچی ئاوریشمین":
1- جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑شەتەک şetek "بەستنی توند".
2- هەروەها جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ Seide (G.)، sida (OG.)، seta (It.)، seda (Sp.) "ئاوریشم". ئەم وشە ئەورووپییانە دەچنەوە سەر seta (ML.). ریشەی وشە لاتینییەکە بە تەواوی ساخ نەکراوەتەوە. گومان دەکرێ پێوەندی بە saeta (L.) "موو، فڵچە"ەوە هەبێ.
شەڕ şer 1 [*šar*] - "کێشە، جەنگ": خزمە دەگەڵ Heer (G.)، heri (OG.)، here (OE.)، här (Sw.) "سوپا، هێزی شەڕکەر". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ karas (Lit.) "شەڕ" و kara (OP.) "هێزی شەڕکەر"، سەر بە ریشەی *(IE.) *koro-s* > "شەڕ".
شەڕ şer 2 [*šar*] - "لەت": دەگەڵ "نخۆ" دێ [نخۆشەڕ nıxoşer واتا "لەتەنۆک"]. خزمە دەگەڵ ↑شڕ şır.
شەرا şera [*šarā*] - "بای گەرمی زیانبەخش بە بێستان": خزمە دەگەڵ ↑شاریان şarîyan "گەرم داهاتن".
شەربە şerbe [*šarba*] - "دەفری ئاوخواردنەوەی گڵین": هاوریشەیە دەگەڵ Scherbe (G.) "لەتە سواڵەت"، scribi (OG.) "سواڵەت، دەڤری لە سواڵەت"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)ker-* > "لەت کردن". Karparah (OIn.) "سواڵەت، کاسە(ی سەر)"، čerep (Ukr.) "کاسەی سەر" دەگەڵ وشە ژێرمەنییەکە بەرهەڤ دەکرێن. وشەی ↑هیربار hîrbar "قاپ و قاچاخ"یش پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشەی دوایی بەتایبەتی هەڵسەنگینە دەگەڵ Karparah (OIn.) "سواڵەت، کاسە(ی سەر)".
شەردین şerdîn [*šardīn*] - "ئاوارە بوون، بڵاڤ بوون": هەروەها ↑شرت şırt هەیە [شرت و گوم بوون şırt û gum]. دەشێ خزم بێ دەگەڵ schreiten (G.)، scrītan (OG.)، schrijden (Nl.)، scriđan (OE.)، skrida (Sw.) "ڕۆیشتن، بەرەو پێش چوون، خوشین"، skriesti (Lit.) "سووڕانەوە"، skrieti (Lit.) "راکردن، فڕین"، سەر بە ریشەی *(IE.) *(s)ker-* > "سووڕان، چەمانەوە".
شەرم şerım [*šarım*] - "حەیا، فەدی": شرم šarm (P.). خزمە دەگەڵ harm (E.)، harm (OG.)، harmr (ONr.) "ڕەنج، خەم و خەفەت"، sramŭ (OSlav.) "شەرم" [بڕوانە فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی ئینگلیزی Oxford].
شەز şez [*šaz*] - "قرنوو": ↑زچ zıç یش دەگوترێ.
شەست şest 1 [*šast*] - "قامکەگەورە": شست šast (P.). ناوی ئەم قامکە دە زمانی ئەڵمانیدا خزمە دەگەڵ وشەکانی *تاو* "هێز، گور" و *توانین* دە زمانی کوردمادیدا [بڕوانە *تبل* "قامک"]. وەک دەبینرێ پێوەندییەک لەتیوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە و ئەوەش بریتییە لەوە کە ئەم قامکە قەڵەو و بەهێز و ئەستوورە. ریشەی وشەکان ئەم مانایانە بە دەستەوە دەدا: "ماسین، ئەستوور بوون، بەهێز بوون". ئێستا ئەگەر سەرنجی وشەی ↑شەست şest 2 "ڕێژنەبارانی توند" [شەستەباران، *تاوەباران*] بدەین، دەبینین کە هەمان پێوندی لەتیوان قامکی شەست و شەستەباراندا لەئارا دایە، واتا هەر دووک وشە ئاماژە بە "هێز، خوڕ، گوڕ، تاو" دەکەن.
شەست şest 2 [*šast*] - "ڕێژنەبارانی توند": [شەستەباران، تاوەباران]. وەک دەبینرێ شەست بە مانای "تاو"ە، واتا "هێز، گوڕ، خوڕ" و ئاماژە بە باراتیکی (بە) خوڕ و بەهێز دەکا. لەژێر وشەی ↑شەست1 şest"قامکەگەورە"دا پێوەندی ئەم چەمکانە باس کراوە. ئەم وشەیە دەشێ دەگەڵ ئەو وشانە خزم بێ کە لەژێر ↑سەق seq دا شی کراونەوە، بە مانای "سەخت، بەهێز".
شەش şeş [*šaš*] - "دووجار سێ": شش şêş (P.)، xšvaš (Av.)، sechs (G.)، six (E.)، sex (L.)، hex (Gr.)، šeši (Lit.)، şaş (OIn.) سەر بە ریشەی *(IE.) *seks-* > "شەش".
شەعر şeɛır [*šaɛır*] - "دەسرۆکەی سەر": دەشێ شێوەیەکی دیکە بێ لە ↑چار çar [چارۆکە]. بڕوانە ↑چادر çadır.

شەعن şeɛın *[šaɛın]* - "بزنی بەڵەک": خزمە دەگەڵ schenen (G.)، scīnan (OG)، skeinan (Gt.)، shine (E.)، skina (Sw.) "بە دیار کەوتن، درەوشان". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑سێ *se* [سێبەر]، سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوەی کز، بە دیار کەوتن، دەرکەوتنێکی سایەئاسا". دواتر خزمە دەگەڵ ↑شانۆ şano.

[تێبینی: وشەی "بەڵەک"یش خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە، بریقانەوە"].

شەفت şefıt *[šaft]* - "چەفت، چەوت، خوار": شێوەیەکی دیکە لە ↑چەوت çewıt. هەروەها شەڤ şev یش هەیە بە مانای "لار، چەوت، خوار".

شەڤارە şevare 1 *[šavāra]* - "خەڵفی تازە": خزمە دەگەڵ شەڤ şev و ↑شەفت şefıt "چەفت، چەوت، خوار، لار". شەڤارە ئەو خەڵفەیە کە لە بەر تازە بوونی بە هاسانی (لە بەر با) دەچەمێتەوە و دەلەرێتەوە.

[تێبینی: لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ دوو وشەی "نەمام" و "لاوێن" کە ئەوانیش مانای "تازەخەڵف" دەبەخشن و ماناکانیشیان بۆ چەمانەوە و لەرانەوە دەگەڕێنەوە].

شەڤارە şevare 2 *[šavāra]* - "زۆر درێژ": ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑گەورە gewre و دەشێ شێوەیەکی کۆنتری وشەکە بێ. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ schwer (G.)، swar (OG.)، svar (Sw.)، svarus (Lit.) "گران، گرینک، دژوار". ئەم مانا کۆنە دە زمانی کوردمادیدا پەرەی گرتووە و وشەکە مانای "مەزن"یشی وەرگرتووە و هەروەها مانای "زۆر درێژ".

[تێبینی: پێوەندی نیزیک هەیە لە نێوان دوو چەمکی "مەزن" و "درێژ"دا. بۆ وێنە دە زمانی ئەڵمانیدا groß "مەزن" هەم بۆ مرۆڤی "گەورە و گرینک" بەکار دێ و هەمیش بۆ مرۆڤی "باڵابەرز"].

شەڤشەڤۆک şevşevok *[šavšavok]* - "شێوەیەکی دیکە لە ↑شەڤرەڤیک şevrevîk "شەمشەمەکوێرە".

شەق¹ şeq *[šaq]* - "لێدان بە پێ":

1- لەوانەیە دە بنەڕەتدا مانای "پێ، لاق" ببەخشێ و پاشان ماناکە بووبێتە "لێدان بەپێ". ئەم مانایە دە چەندین وشەدا پارێزراوە، وەک ↑شەقاو şeqaw "هەنگاو"، ↑شەقام şeqam، ↑شەقاڵ şeqal "پێڵاوی بە موو چندراو"، ساق saq (P.) "لای خوارەوەی لاق" و ↑چۆک çok "ئەژنۆ" و چەند وشەیەکی دیکە کە لەژێر وشەی ↑زەنگاڵ *zengal* دا باس کراون.

[تێبینی: وشەی شەق بە مانای "لێدان بە پێ" هەڵسەنگینە دەگەڵ لگد leged (P.) "شەق" کە دە بنەڕەتدا هاوریشەیە دەگەڵ "لاق"].

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ چک čak (P.) "زللە" و ↑چەک çek "سیلاح". ئەم وشەیە دەشێ لە ریشەیەکەوە هاتبێ بە مانای "لێدان"، هەر وەک چۆن وشەی "زللە"ش بۆ ریشەیەک دەگەڕێتەوە کە هەمان مانا لە خۆ دەگرێ].

شەق² şeq *[šaq]* - "1- لەبەریەک کێشراو، راست، بێ گنج 2- سەخت، توند": مانای دووەم دە وشەکانی کەللەشەق kelleşeq "سەرسەخت" و ↑شەقەزللە şeqezılle "زللەی توند و سەخت"دا بەدی دەکرێن. ئەم دوو مانایە دە پێوەندی ئیتیمۆلۆژیک دەگەڵ یەکتر دان. دە راستیدا مانای دووەم مانا بنەڕەتییەکە پێک دێنێ، چونکوو ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەی کوردمادی کە لەژێر ↑سەق seq دا باس کراون و مانای "سەخت، بەهێز" دەردەبڕن. مانای "ساف و بێ گنج" لێرەوە پەیدا بووە کە بە هۆی لەبەر یەک کێشانەوەی شتێک، بۆ وێنە پارچەیەک، ئەو شتە لە دۆخی شل و شەوێقی دەردەچێ، دۆخێکی توند و سفت پەیدا دەکا و بەم هۆیەشەوە گنج و لۆچی تێدا نامێنێ و شەق دەبێ.

[تێبینی1: پێوەندی ئەو دوو مانایەی سەرەوە دەتوانین دە دوو وشەی ئەڵمانی spannen (G.) "لەبەر یەک کێشانەوە" و gespannt (G.) " گرژ، توند" [دە بنەڕەتدا: لەبەریەک کێشراو]دا بەدی بکەین. وشەی

دووەم لە هی یەکەم وەرگیراوە. شیاوی باسە کە spannan (OE.) بە هەر دوو مانای "لەبەر یەک کێشانەوە" و "توند کردن، قایم کردن" بەکار هاتووە. تێبینی 2: دە زمانی ئەڵمانیدا بەرانبەری "شەق" بە مانای "بێ گنج، تورت" (وەک پێستێکی شەق) وشەی knackig بەکار دەهێنرێ کە خزمە دەگەڵ Knochen "ئێسک" و ئاماژە بە "رەق بوون" دەکا. دە زمانی کوردیشدا دوو وشەی "شەق و رەق" لەگەڵ یەکتر بەکار دەهێنرێن].

شەق3 şeq [*šaq*] - دەگەڵ هێندێک وشە دێ و مانای گەورە، زل دەبەخشێ، وەک شەقەجۆگە şeqecoge "جۆگەی زل"، شەقەتر şeqetır "تری زل"، شەقەمێو şeqemêw "کۆتەرەرەز" [مێوی زل] و ↑شەقەمشار şeqemışar "مشاری زل". ئەم وشەیە پێوەندی ئێتیمۆلۆژیک پەیدا دەکا دەگەڵ ↑شەق[2] şeq "سەخت، توند". لەتیوان دوو چەمکی "سەخت" و "زل"دا جۆرێک پێوەندی ئێتیمۆلوژیک هاتووەتە ئاراوە، چونکوو بە گشتی ئەو شتانەی کە سەخت و بەهێز و کاریگەر بوون، دە هەمان کاتدا شتی زل و گەورە بوون. بۆ وێنە بایەکی سەخت و بەهێز تەنیا دەتوانێ بایەکی زل بێ، باڵدارێکی بەهێز [وەک سیسارک] تەنیا دەتوانێ باڵدارێکی زل بێ، چیایەکی سەخت و ئاستەم تەنیا دەتوانێ چیایەکی مەزن بێ و هتد. ئەم پێوەندییە دە چەندین وشەی زمانی کوردمادیدا ئاشکرایە، بۆ وێنە ↑زووخ zux بە مانای "هێز و توانایی" دێ و ↑زەخ zex بە مانای "مەزن، زل". ئەم دوو وشەیەش بەشێکن لە گەلێک وشە کە دەگەڵ "شەق" خزمایەتی پەیدا دەکەن. لەوانەیە وشەی ↑شا şa(h) "دەسەڵاتدار و فەرمانرەوای وڵات" پێوەندی بەم "شەق"ەوە هەبێ کە وەک باسکرا مانای "بەهێز، مەزن" دەبەخشێ. "شا" وەک فەرمانرەوای وڵات هەردوو ئەم مانایانە لە خۆ دەگرێ، واتا هەم کەسێکی خاوەن دەسەڵات، بە هەیبەت، خاوەن زەخت و زۆرە و هەمیش کەسێکی مەزنە. شیکردنەوەی وشەی "شا" [شاه] بەم شێوەیە گەلێک رێی تێدەچێ. لەم بارەوە ئەگەر سەیری وشەکانی "سەڵتەنەت"، "سوڵتان" و "سوڵتە" دە زمانی عەرەبیدا بکەین، دەردەکەوێ کە ئەم وشانە دە بنەرەتدا ئاماژە بە "هێز و دەسەڵات" دەکەن. هەروەها ئەگەر دە زمانی ئەڵمانیدا سەیری وشەکانی verwalten "بەڕێوە بردنی کار و بار" و Verwaltung "بەڕێوەبەرایەتی، دەسەڵاتی دیوانی" بکەین، دەردەکەوێ کە ئەم وشانە پێوەندییان هەیە بە Gewalt "زەبر و زەنگ، هێز و دەسەڵات" و دواجاریش خزمن دەگەڵ "پاڵەوان"ی کوردمادی و لە ریشەیەکەوە هاتوون بە مانای "بەهێز بوون، زاڵ بوون" و دواجار خزمن دەگەڵ "بەرد". رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بووبێ کە بنەماڵەی پاشایەتی پێشووی ئێران ناوی "پەهلەوی" [پاڵەوان] یان لەخۆیان نابوو، واتا ناوێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە کە لە دیدی خۆیانەوە دەگەڵ پلە و پایەی پاشایەتی ئەوان بگونجێ و لەگەڵ ناوی خەڵکی ئاسایی و بێدەسەڵات جیاواز بێ. هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا خاڵێکی دیکە سەرنج رادەکێشێ و ئەویش وشەی "شا" وەک پێشگرە کە دەگەڵ هێندێک وشەی کوردمادی و فارسیدا دێ و ئاماژە بە "مەزن بوون" دەکا، بۆ وێنە شاکار، شارێ، شارەکێ، شابەیت، شاپەڕ، شاگوڵ و هتد. زۆر وێ دەچێ ئەم "شا"یە پێوەندی راستەوخۆی بە "شا"ی دەسەڵاتدار و فەرمانرەواوە نەبێ، بەڵکوو پێوەندی ئێتیمۆلۆژیکیان پێکەوە هەبێ. "شا"ی یەکەم کورتکراوی ئەو "شەق"ەیە کە لەسەرەوە باسکرا و دە وشەی وەک "شەقەجۆگە" و "شەقەمشار" و "شەمێو" و هیتردا دەردەکەوێ.

شەق4 şeq [*šaq*] - "لەت": [شەق و شڕ]. شەق کردن بە مانای (دوو) لەت کردن بەکار دێ. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە کە مانای "بڕین" دەبەخشن، وەک ↑چەقۆ çeqo، سەر ریشەی ***sek-* < *(IE.)* "بڕین".

شەق5 şeq [*šaq*] - "لە خەت دەرچوونی گاجووت": [دە بنەڕەتدا: خوار رۆیشتنی گاجووت]، خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑زەنگاڵ *zengal* دا شی کراونەوە.

شەقام şeqam [*šaqām*] - "کۆڵان": دەچێتەوە سەر ↑شەق[1] şeq. شەق دە بنەڕەتدا بە مانای "لاق"ە و لەوێوە ماناکانی "هەنگاو" و هەروەها "کۆڵان" [شوێنی هەنگاو نان]یشی وەرگرتووە.

شەقاندن1 şeqandın [*šaqāndın*] - "پێشبڕکێ، کێبەرکێ": شەقین şeqîn یش دەگوترێ.

1- دەشێ خزم بێ دەگەڵ siegen (G.) "زاڵ بوون، سەر کەوتن لە شەڕ و زۆرەوانیدا"، Sieg (G.)، sige (OE.)، seger (Sw.) "زاڵی، سەرکەوتوویی لە شەڕ و زۆرانبازیدا"، -sáhas (OIn.) "زاڵی، زەبر و زەنگ" سەر بە ریشەی *(IE.) *seĝh- > "توند راگرتن، بەسەردا زاڵ بوون". دە زمانی کوردمادیدا گەلێک وشە پێوەندییان بە ریشەوە هەیە، وەک ↑زووخ zux "هێز و توانایی"، ↑شەق² şeq "سەخت، توند"، ↑ساخ sax"تەندروست" [دەبنەڕەتدا: سەخت، قایم، توند و تۆڵ]، ↑سەق *seq* و هتد.

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑شەق¹ şeq "لێدان بە پێ"، دە بنەڕەتدا مانای "پێ، لاق".

شەقاندن2 şeqandın [*šaqāndın*] - "شڵەژاندن، تەکان پێدان": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەشەقاندن veşeqandın]. هەروەها ڤەشەقان veşeqan هەیە بە مانای "تەکان خواردن، راژان". شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شەکان(ەوە) şekan(ewe) بە مانای "تەکان خواردن، لەرینەوە".

شەقاو şeqaw [*šaqāw*] - "هەنگاو، لۆقاو": دەچێتەوە سەر↑ شەق şeq [دە بنەڕەتدا بە مانای لاق]. پێوەندی "لاق" و "هەنگاو" ئاشکرایە و ئەمە لە وشەی "لۆقاو"یشدا دەبیندرێ [لاق و لۆقاو].

شەقتاندن şeqtandın [*šaqtāndın*] - "بە درێژایی لەت کردنی دار": خزمە دەگەڵ ↑شەق⁴ şeq [شەق و شڕ].

شەقتین şeqtîn [*šaqtīn*] - "داڕووشان": خزمە دەگەڵ ↑شەق⁴ şeq [شەق و شڕ].

شەقشەقە şeqşeqe [*šaqšaqa*] - "لەیستۆکێک تەکان دەدرێ و دەنگی لێ دێ": خزمە دەگەڵ ↑شەکانەوە şekanewe و شەکاندنەوە "تەکان دان، لەرزاندن".

شەقڵ şeqıl [*šaqıl*] - "نیشانە، مۆر": پێوەندی هەیە بە sigillum (L.) "وێنە، نیشانەی چکۆڵە"، سەر بە ریشەی signum (L.) "وێنە، نیشانە، مۆر". وشەی شکل šakl (Arb.) پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەیە و لەرووی پاشگرەکەیەوە، واتا -ıl وێ دەچێ وشەیەکی وەرگیراو لە زمانی لاتینی یان زمانە ئێرانییەکان بێ. لە لایەکی دیکەوە دەبێتە خزم دەگەڵ چەند وشەیەکی وەک ↑سککە sık(k)e، ↑سەکوت sekut [سەر و سەکوت]، ↑ئەسک esk [ئە + سک e + s(ı)k] "وێنە، عەکس"، ↑ئەسکەناس eskenas و هتد. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *sek- > "بڕین". بەم جۆرە دەبینین کە "شەقڵ" دە بنەڕەتدا خەت یان کێرێک، بە واتایەکی دیکە بڕدراوییەک بووە کە وەک نیشانە و مۆر کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

شەقوق şeqoq [*šaqoq*] - "جۆرێک دارەبەن": خزمە دەگەڵ ↑سەق seq "داربەڕووی ئەستوور".

شەقۆن şeqon [*šaqon*] - "بە سەر تیهەڵدانی ئاژەڵ": ↑شۆق şoq یش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شاخ şax "قۆچی ئاژەڵ".

شەقە1 şeqe [*šaqa*] - "(دەنگی) باڵ لێکدانی پەڵەوەر": خزمە دەگەڵ ↑شەکان(ەوە) şekan(ewe) بە مانای "تەکان خواردن، لەرینەوە". بەم پێیە مەبەست لە "شەقەی باڵ" دە بنەڕەتدا "باڵ تەکاندان، باڵ لێکدان بۆ هەڵفرین" بووە.

شەقە2 şeqe [*šaqa*] - "داردەستی بن هەنگڵ": بڕوانە ↑چێوشەقە çêwşeqe "داری بن هەنگڵی قاچ شکاو".

شەقەمشار şeqemışar [*šaqamišār*] - "مشاری زلی دوو کەسی": "شەقە" لێرەدا مانای "زل" دەبەخشێ، وەک شەقەجۆگە şeqecoge "جۆگەی زل"، شەقەتڕ şeqetır "تڕی زل"، شەقەمێو şeqemêw "کۆتەرەزە" [مێوی زل] و هتد. بڕوانە ↑شەق3 şeq.

شەک1 şek [*šak*] - "مەڕی دوو ساڵە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ teg (E.)، tagga (OE.)، takka (OSw.)، tacka (Sw.) "مەڕی دووساڵە". وێ دەچێ پێوەندییەک لەتیوان ئەم وشانە و ↑تەگە tage "تێری" لەئارادا بێ.

شەک2 şek [*šak*] - "لەرەی ئاوی چەم": خزمە دەگەڵ ↑شەکانەوە şekanewe "تەکان خواردن، راژان، لەرینەوە".

شەک 3 şek *[šak]* - "کڵاوی پێستەمەڕ": جگە لەم وشەیە ↑شەکال şekal [شەقالşeqal] هەیە بە مانای "پێڵاوی سەربەمووچنراو"، ↑شەکیلە şekîle "پارچە هەنبانەی خۆشکراو بۆ بەسەر دەفردا گرتن"، ↑شەهک şehk "مەشکەی ئاوکێشان" و هەروەها ↑شەکیلی şekîlî "پینەچی". وێ دەچێ هەموو ئەم وشانە پێوەندییان بە یەکەوە هەبێ. چەمکی هاوبەش لە هەموو ئەم وشانەدا چەرمی خۆشکراوە. [تێبینی: دە زمانی ئەڵمانیدا خۆش کردنی چەرم پێی دەگوترێ gerben (G.). ئەم وشە ئەڵمانییە دەچێتەوە سەر وشەیەکی کۆنی ژێرمەنی بە مانای "ئامادە، ساز، تەواو(کردن)" و خزمە دەگەڵ ↑گوروە gurwe [گورە gure] "کار، خەبات". مەبەست لە کردارە ئەڵمانییەکە ساز و ئامادە کردن، واتا خۆش کردن(ی چەرم) بووە. لەم تێڕوانینەوە دەشێ شەک şek خزم بێ دەگەڵ ژمارەیەک وشەی کوردمادی کە باس لە "ساز و ئامادە و دروست کردن" دەکەن، وەک ↑ساز saz، ↑چاک çak، ↑ساخ sax [تەواو، دروست]، ↑شەکێرت *şekêrt* "جیاز(ی بووک)" و هتد.

[تێبینی: وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا بە مانای "چەرمی ئەستووری لە دەبباغدراو" بریتییە لە ↑سختیان sıxtîyan. ئەم وشەیە بە فارسی دەبێتە ساغری sāġarī (P.). ئەم وشانەش وەک هەموو وشەکانی سەرەوە پێوەندی بە ↑سەختsext و ↑سەق seq ەوە هەیە].

شەکال şekal *[šakāl]* - "پێڵاوی سەربەموو چنراو": خزمە دەگەڵ ↑شەک 3 şek "کڵاوی پێستەمەڕ".

شەکانەوە şekanewe *[šakānawa]* - "تەکان خواردن، راژان، لەرینەوە": خزمە دەگەڵ shake (E.)، skakan (OS.)، skaka (ON.) "شەکاندنەوە، لەراندنەوە". ریشە؟ لەوانەیە وشەی ↑تەکان tekan یش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

شەکر şekır *[šakır]* - "ماکەی شیرینی": شکر šaker (P.). خزمە دەگەڵ saccharum (L.)، sakcharon (Gr.) "شەکر" و sakara (OIn.) "شەکر، رەڵم". بە لەر چاو گرتنی مانای وشەکە دە هیندی کۆندا لەوانەیە وشەکە دە ریشەدا مانایەکی وەک "ورکە، خاکە"ی هەبووبێ. وشەی صحرا saḥrā (Arb.) دەکرێ دەگەڵ وشەکانی سەرەوە هەڵبسەنگێندرێ. هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چەوەندەر çewender"بەرهەمێکە شەکری لێ دەگرن".

شەکۆ şeko *[šako]* - "داری کوێز تەکاندن": خزمە دەگەڵ ↑شەکانەوە şekanewe و شەکاندنەوە "لەراندنەوە، تەکاندن".

شەکەت şeket *[šakat]* - "ماندوو": دەچێتەوە سەر < سقط *seqete (Arb.)* "کەوتن" و دە بنەڕەتدا بە مانای "(لەپێ)کەوتوو" بە کار هاتووە.

[تێبینی: دەتیوان دوو چەمکی "ماندوو بوون" و "کەوتن"دا پێوەندی نیزیک هەیە. دە زمانی فارسیدا ماندوو دەبێتە خستە xeste کە ئەمەش دەشێ دەگەڵ خستن xıstın ی کوردمادی هاوریشە بێ. وشەی "خستە" دە دەقە ئەدەبییە فارسییەکاندا لە پاڵەوە بە مانای"بریندار"یش بەکارهاتووە. دە زمانی کوردمادیدا خەستە بە مانای "نەخۆش" بەکار دێ [خەستەخانە]. ئەوەی دە هەموو ماناکاندا هاوبەشە، چەمکی "کەوتن"ە واتا لەپێ کەوتن یان دە جێدا کەوتن].

شەکیلە şekîle *[šakīla]* - "پارچە هەنبانەی خۆشکراو بۆ بەسەر دەفردا گرتن": خزمە دەگەڵ ↑شەک 3 şek "کڵاوی پێستەمەڕ".

شەکیلی şekîlî *[šakīlī]* - "پینەچی": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەکال şekal "پێڵاوی سەر بەموو چنراو" و ↑شەک 3 şek "کڵاوی پێستەمەڕ".

شەکێرت şekêrt *[šakert]* - "جیاز(ی بووک)": لەژێر وشەی ↑جیاز cîyaz "کەلوپەلی بووک کە دەگەڵ خۆی دەیبا" روون کراوە کە ئەم وشەیە لە جهاز jihāz (Arb.) "شتومەک، دەزگا، ئامراز" وەر گیراوە، بەڵام وشە عەرەبییەکە خۆی لە ↑ساز saz 1 ی کوردمادی وەرگیراوە بە مانای "ئامادە، مجەهەز". سەرنج بدە کە ↑ساز saz 2 دە کوردمادی و فارسیدا مانای *"ئامرازی* مووزیک"یش دەدا و سازوبرگ sāz o barg

(P.) ده زمانی فارسیدا مانای "*ته جهیزات*" دەبەخشێ. لە رووی ئەم وشانەوە دەردەوکەوێ کە "ساز" دە زمانی بەرێی کوردمادی و فارسیدا بەگشتی بە مانای "ئامراز، ئامێر، ئالەت، وەسیلە" بەکار هاتووە، واتا ئەو شتانەی کە کارێکیان پێ جێبەجێ دەکری. کەوابوو مەبەست لە "جیاز" [ساز یان ساز و بەرگ] هەمان "وەسایل" بووە و جیازی بووکیش بریتی بووە لە "وەسایل"ی بووک. ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ساختن saxtan (P.) "ساز کردن، ئامادە کردن، دروست کردن". ئێستا ئەگەر سەیری وشەی شەکێرت şekêrt "جیاز" بدەین، دەبینین کە ئەم وشەیەش دەگەڵ وشەی ساختن saxtan (P.) و "ساز" خزمایەتی هەیە، واتا بنجی وشەکە بە سێ شێوەی ساخ -sax و شەک -şek و ساز saz خۆی نیشان دەدا. کەوابوو "شەکێرت" وشەیەک بووە کە هەر وەک "ساز" بە مانای "ئامراز، وەسیلە" بەکار هاتووە. شتێک کە گومان لەم بۆچوونەدا ناهێڵێتەوە، وشەی شگرد şegerd (P.)ە کە دە زمانی فارسی ئەمڕۆدا بە مانای "فەند و فێڵ" بەکار دێ. بۆ نموونە دەگوترێ کە فڵانکەس توانی بەو "شگرد"ە کارەکەی جێبەجێ بکا. "شگرد" دە زمانی ئێستای فارسیدا مانایەکی نەرێنی وەرگرتووە و بریتییە لە *وەسیلەیەکی* نەرێنی بۆ ئەنجام دانی کارێک و گەیشتن بە ئامانج. بەڵام ئەم وشەیە دەبێ لە زمانی کۆندا وشەیەکی بێلایەن بووبێ و بە گشتی بە مانای "وەسیلە، ئامراز" بەکار هاتبێ. ئەم وشانە هەروەها بیری ئەوەمان لا دروست دەکەن کە وشەی ↑شاگرد şagırd یش لەم چوارچێوەیەدا جێ بگرێ. ئاشکرایە "شاگرد" کەسێکە کە پێوەندی بە چەمکی "ساز کردن"ەوە هەیە، ناوی "شاگرد" دەبێ یان لەوەڕا هاتبێ کە ئەو کەسە کەلوپەلی پێویست بۆ وەستاکەی ساز و ئامادە دەکا و دەیخاتە بەر دەستی، یان "شاگرد" کەسێکە کە لە لایەن وەستاکەیەوە بۆ کار و پیشەیەکی دیاریکراو ساز و ئامادە و پەروەردە دەکرێ.

شەل şel 1 *[šal]* - "کەسێک کە دەلەنگێ": پێوەندی هەیە بە ریشەی ***(IE.) *(s)kel- >*** "خوار، چەفت". بەم جۆرە شەلین واتا خوار رۆیشتن [لار رۆیشتن]. skélos (Gr.) "ران، لاق"، skélis "سمت"، skoliós (Gr.) "خوار" و scheel (G.) "خێل" لەم ریشەوە هاتوون. وشەی ↑خێل xel "چاو خوار" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە.

شەل şel 2 *[šal]* - "پاژ، لەت، کوت": دەکرێ بە دوو جۆر لێکی بدەینەوە:

1- دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑شڕ şır، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)ker- >*** "بڕین، لەت کردن".

2- دەشتوانێ خزم بێ دەگەڵ Teil (G.)، deal (E.)، del (Sw.) و (Rus.) "پاژ، بەش"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *dai-li- >*** "بەش، لەت، کەرت".

شەلاف şelaf *[şalāf]* - "مەرایی کردن، شالووزی کردن، پێهەڵگوتن و هەڵفشاندنی درۆزنانەی کەسێک لە پێناو پاروویی چەوردا": خزمە دەگەڵ گەلێک وشەی کوردمادی کە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "تەڕ و لیچق وخلیسک بوون"، بۆ وێنە ↑چڵم çılım و ↑چڵپاو çılpaw و جڵقە çılqe و هتد. دە زمانی ئەڵمانیدا Schleim (G.) بە مانای "شتی تەڕ و لیچق، *چڵم* ئاسا" بەکار دێ و schleimen (G.) بە مانای "مەرایی کردن، شەلاف کردن". مەبەست لەم وشە ئەڵمانییە دەبێ "بۆ تێهەڵسوون بە شتێکی تەڕ و لیچق" بێ. دیارە مەرایی کردن یەکێکە لە پیس و پۆخڵترین خیسلەتەکان و هەر بۆیەش ئەو ناوانای بۆ ئەم ئاکارە دانراون، ئەوپەڕی نزم بوون و قێزەون بوون نیشان دەدەن. دە زمانی ئاخاوتنی فارسیدا وشەی "خایەمالی" بەکار دێ واتا "مشت و ماڵ دانی گون". دە زمانی ئەدەبی فارسیدا بە مرۆڤی مەراییکەر دەگوترێ "چاپلووس". ئەم وشەیە پێک هاتووە لە دوو وشەی "چاپ" [چەپ، کەف، چەپک واتا دەست، بەری دەست] و "لووس" و مانای تێکڕای وشەکە دەبێتە ئەو کەسەی بە دەستێکی تەڕ و لووسەوە خزمەت دەکا. وشەی "مەرایی" دە زمانی کوردمادیدا ریشەکەی خزمە دەگەڵ "پێدامالین" و "مشت و *ماڵ* دان". "تملق" دە زمانی عەرەبیدا خزمە دەگەڵ یان وەرگیراوە لە وشەی کوردمادی *مەلقاندن* "گەیاندنی میوە بە گوشین و دەست رێخستن" و دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "دامالین ، پێداخشاندن، رێخشاندن". "شەلاف کردن"یش هەر لەم چوارچێوەیەدا جێ دەگرێ و خزمە دەگەڵ schleifen (G.)،

slīfan (OG.)، slijpen (Nl.) "ساف و لووس کردن، پێداخشاندن". وشەی ↑شالووز şalûz بە مانای "مەراییکەر" پێوەندی بەم وشانەوە هەیە. ئەم وشانە هەروەها دەبنە خزم دەگەڵ ↑جڵف çılıf "هەرزە، سووک و چرووک" و ↑شەلف şelıf "ژنی خۆ فرۆش". ئەم خاڵەش نابێ نەگوتراو بهێڵینەوە کە ژتیکی شەلف کە بە ناچاری لەشی خۆی دەفرۆشێ، هەزار جار لەو پیاوە شەلافکەرانە شەڕافەتمەندترە کە کەسایەتی خۆیان لە پێناو پارە و پلە وپایەدا دەفرۆشن.

شەلال şelal *[šalāl]* - "1- درێژبوو، سللار 2- نەرم و ناسک": دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(s)leu- >*** ***(IE.) *(s)leb- , **** "شل، داهێزاو، خاو، داکەوتوو، شۆربۆوە". دەبێتە خزم دەگەڵ ↑شل[1] şıl و ژمارەیەک وشەی دیکە.

شەڵاڵ şelal *[šalāl]* - "تیوەردراو، ئامێتە": دەبێ لە ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "تەڕ، لیچق، لووس، خلیسک" ەوە هاتبێ. بەم جۆرە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑سیلک sîlk "لم"، ↑زەل zel "هەردی تەڕ"، ↑چڵم çılım و هتد. لەم تێڕوانینەوە "شەڵاڵی خۆین بوون" یان "لە خۆیندا شەڵاڵ بوون" ماناکەی دەبێتە "تەڕ و خووسان و لیچق بوون دە خۆیندا".

شەلان şelan *[šalān]* - "رووت بوونەوە": هەروەها شەلاندن şelandın هەیە بە مانای "1- رووت کردنەوە 2- رووت کردن": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ کل kel (P.)، kahl (G.)، kaal (Nl.)، callow (E.)، calvus (L.) "کەچەڵ". ریشەی وشەکە بە تەواوی ساخ نەکراوەتەوە. بە پێی بۆچوونێک دەشێ پێوەندی هەبێ بە galdyti (Lit.) "پاک کردنەوە، لێکردنەوە".

شەڵانە şelane *[šālna]* - "قەیسی": بنجی شەل -şel پێوەندی بە ↑زەرد zerd ەوە هەیە. لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "میوەی زەرد". دە فارسیدا بەم میوەیە دەگوترێ "زردالو" واتا "ئاڵووی زەرد".

شەڵپین şelpîn *[šalpīn]* - "رەت بردن، خلیسکان، کەوتن": هەروەها بە کەسێک کە لە ئەزموونێک سەرنەکەوێ، بەتایبەتی ئەو کەسەی لە کلاسی خۆیندن بکەوێ، دەگوترێ "شڵپەی لێ هێنا" [واتا رەتی برد و لە ئەزموون سەر نەکەوت]. ↑شەلفین şelfîn یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑چڵپاو *çılpaw* [قوڕاو] و ↑سڵپ sılp "تڵتە"سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** مانای "تەڕ و لیچق و خلیسک بوون". هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ schleifen (G.) هەم بە مانای "تیژ کردن، ساف و *لووس* کردن" و هەم بە مانای "بەسەر هەرد دا راکێشان، خشاندن" [دە بنەڕەتدا خلیسکاندن]، slippen (Nl.) و slip (E.) "خلیسکان".

شەڵتە şelte *[šalta]* - "شەختە، سەرمای سەخت": شێوەیەکی کۆنترە لە ↑سارد sard.

شەڵغە şelġe *[šalġa]* - "پوورەی میشەنگوین":

1- لەوانەیە پێوەندی هەبێ بەو وشانە کە لەژێر ↑ئۆردوو ordu "سپا"دا باس کراون.

2- لەوانەشە پێک هاتبێ لە شەڵ + غە ġe + şel، کەرتی یەکەم شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شار şar [شارەمێروو، شارەزەرگەتە] و کەرتی دووەم گە/ گا ge / ga ی پاشگری شوێن بێ. [دە بنەڕەتدا: شارگە؟].

شەلف şelıf *[šalıf]* - "ژنی خۆفرۆش": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑جڵف cılıf "سووک، هەرزە" و ژمارەیەک وشە سەر بە ریشەیەک بە مانای "خلیسکان، لووس و لیچق بوون".

شەڵفین şelfîn *[šalfīn]* - "هەڵەنگوتن، رەت دان، خلیسکان": ↑شەڵپین şelpîn یش دەگوترێ.

شەلق[1] şelq *[šalıq]* - "تای هەموو رۆژە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەلقاندن şelqandın "زوورانەوە، سۆلانەوە".

شەلق² şelıq [*šalıq*] - "ڕیپۆقی چاو، زینچکاوی بڕین": خزمە دەگەڵ ↑شەلقین şelqîn "ڕزین و گنخانی سەوزە و میوە و هێلکە". ئەم وشانە دەشێ خزم بن دەگەڵ ژمارەیەک وشە وەک ↑سیلک sîlk "لم"، ↑زەل zel "هەردی تەڕ"، سلق sılq، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)lei- >*** "تەڕ، لیچق، لووس، خلیسک".

شەلقاندن şelqandın [*šalqāndın*] - "زوورانەوەی ناوڕان لەبەر زۆر ڕۆیشتن": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑ سوولان(ەوە) sulan(ewe) "چووزانەوە، کزانەوە".

شەلقین şelqîn [*šalqīn*] - "ڕزین و گنخانی سەوزە و میوە و هێلکە": هەروەها ↑شەلق² şelıq هەیە بە مانای "ڕیپۆقی چاو، زینچکاوی بڕین".

شەللاق şellaq [*šallāq*] - "قامچی": خزمە دەگەڵ ↑زللە zılle "لێدان".

شەلوار şelwar [*šalwār*] - "دەرپێ": شلوار šalwār (P.). لەوانەیە پێوەندی بە ↑شاڵ şal هەوە هەبێ. دە زمانی فارسیدا چلوار čalwār (P.) یش هەیە بە مانای "پارچەی کەتان، جاو".

شەلە şele [*šala*] - "شوێنی هەڵبڕینی جۆگەئاو": شەلەگە şelege ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑کەل kel "کەلش، قەڵش" سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، لەت کردن، جیا کردنەوە".

شەلەم şelem [*šalam*] - "شەلغەم، بنکی گیایەکە بۆ خواردن دەشێ": هەروەها شەلەم شۆرباو şelemşorbaw هەیە کە بە مانای "تێکەڵ پێکەڵ" بەکار دێ و بۆ شۆرباوی شەلەم دەگەڕێتەوە کە دەشێ تراوێکی لیچق و لێکدراو بێ. خزمە دەگەڵ ↑شەلەمە şeleme.

شەلەمە şeleme [*šalama*] - "گیایەکە بنکەکەی لە پەتاتە دەکا و زۆر ڕەوانە": هەروەها شەلەمین şelemînهەیە بە مانای "چێشتی ترخێنە". خزمە دەگەڵ↑چلم çılım و Schleim (G.) بە مانای "شتی تەڕ و لیچق، چڵم ئاسا". وشەی "چڵم" دە بنەڕەتدا هەروەک وشە ئەڵمانییەکە مانایەکی گشتی هەبووە و بە هەموو تراوێکی لیچق گوتراوە. دواتر وشە کوردماددییەکە مانا گشتییەکەی خۆی لە دەست داوە و تەنیا بەو تراوە لیچقە گوتراوە کە لە لووتەوە دێتەدەر. ئەم وشانە دواجار خزمن دەگەڵ ↑شل² şıl "ڕەوان، ناپەیت، ئاوەکی".

شەلەنگ şeleng [*šalang*] - "بە لەنجەولار": خزمە دەگەڵ ↑چەلەنگ çeleng.

شەلیپان şelîpan [*šalīpān*] - "مۆزەشینە": لەوانەیە خزمە بێ دەگەڵ ↑شەلیل şelıl و پێوەندی هەبێ بە ریشەی ***(IE.) *(s)li- >*** "ئاماڵ شین".

شەلیل şelıl [*šalīl*] - "میوەیەکە خزمی هڵوو": دەشێ خزم بێ دەگەڵ Schlehe (G.)، slee (Nl.)، sloe (E.) "میوەیەکە وەک قەرەلوو"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *(s)li- >*** "ئاماڵ شین". sliva (Rus.) "هەڵووچە" دەچێتەوە سەر ئەم ریشەیە. لەوانەیە ↑هڵوو hılu ش پێوەندی بەم وشانەوە هەبێ.

شەم şem [*šam*] - "1- مۆمی داگیرساندن 2- سێبەر": خزمە دەگەڵ ↑شێو şêw "ئێوارەدرەنگان" سەر بە ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوەی کز و مات"، بە شیمانەیەکی بەهێز ئەم وشەیە لە زمانی کوردماددییەوە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و کراوە بە **شمع** šamε (Arb.).

شەماتە şemate [*šamāta*] - "کۆمەڵگا، خەڵک، ئاوایی": خزمە دەگەڵ ↑جڤات cıvat.

شەمار şemar [*šamār*] - "خزۆک، خەزەندە": شەمارە şemare "خزین" وەک ناوی واتا بەکار دێ. خزمە دەگەڵ ↑شەمتین şemtîn "خلیسکان".

شەمارەنگ şemareng [*šamārang*] - "بۆیاخی کەوش": پێک هاتووە لە دوو وشەی شەم + ڕەنگ şem +(a) +reng. ↑شەم şem ئاماژە دەکا بە "تاریکی" یان "درەوشاتیکی کز و مات".

شەماق şemaq [*šamāq*] - "زللە، شەق": خزمە دەگەڵ ↑چۆماخ çumax.

شەمال şemal [*šamāl*] - "1- مۆم، شەم 2- تیشکی شەم و چرا": خزمە دەگەڵ ↑شەم şem، ↑سۆما soma و ↑شێو *şêw* [شام şam].

شەماڵ şemal [*šamāl*] - "بای باکوور": راستە دە زمانی عەرەبیدا شمال šimal (Arb.) بە مانای "باکوور"دێ، بەڵام من وا هەست دەکەم ئەم وشە عەرەبییە لە وشە کوردماداییەکە وەرگیراوە، نەک بەرەواژی. "شەماڵ" بایەکی ئارام و یەکسانە و هەر بۆیە دەشێ پێوەندی بە ↑ساماڵ samal و چەندین وشەی دیکەوە هەبێ کە ماناکانی "هەموار، یەکدەست، بێ هەڵچوون و داچوون، ئارام" دەگرنە خۆ. جا لەبەر ئەوەی ئەم بایە لە ناوچەی ئێمە لە باکوورەوە هەڵدەکا، ئیتر وای لێ هاتووە کە "بای شەماڵ" مانای "بای باکوور"ی وەرگرتووە و زمانی عەرەبیش وشەکەی بە مانای "باکوور" بەکار هێناوە.

[تێبینی: پێوەندی "با" بە ئاراستە جوگرافییەکان دە زمانی ئەڵمانیشدا دەبینرێ. دە زمانی ئەڵمانیدا süd بە مانای "جنووب، باشوور" بەکار دێ. دە ئەڵمانی ناویندا sūd بە مانای "بای باشوور" بەکار هاتووە].

شەمامە şemame [*šamāma*] - "گڕکەی بونخۆش": لە شم šam (Arb.) "بۆن کردن" وەرگیراوە.

شەمبە şembe [*šamba*] - "رۆژی پاش هەینی": شەم(ە) şem(e) یش دەگوترێ [یەکەشەم(ە)، دووشەم(ە)...]، یەوشەوا yewşewa و یەوەشەوە yewşewe ش دەگوترێ بە مانای "یەکشەمە". بە فارسی دەگوترێ شنبە šanbe (P.). ئەم وشەیە وەک پێوەر بۆ رۆژەکانی دیکەی هەفتە دیاری کراوە، واتا رۆژی دوای ئەم رۆژە دەبێتە یەکشەمبە و دواتر دووشەمبە و هتد. ئەگەر لە رۆژی یەکشەمبەوە دەست پێ بکەین، "شەمبە" دەبێتە رۆژی حەوتەم. هەر بۆیە لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێ سبت sabt (Arb.) "شەمبە" کە دەشێ لە زمانی کۆنی کوردمادی یان فارسی وەرگیرابێ. لە زمانی هیندی کۆندا saptá- (OIn.) بە مانای "حەوت، هەفت" بووە و دەشێ لە زمانی کۆنی کوردمادی و فارسیشدا فۆتیمی سەرەتای وشەکە s بووبێ. لە چەند زماتیکی دیکەشدا هەر بەم جۆرەیە: sieben (G.)، sibun (OG.)، seven (E.)، sju (Sw.)، septem (L.)، heptá (Gr.)، سەر بە ریشەی ***(IE.) *septm- >*** "حەوت، هەفت". وشەی September بەپێچەوانەی ئێستا کە وەک مانگی نۆیەمی ساڵی زایینی دێتە ئەژماردن، لە سەردەمی رۆمی کۆندا مانگی هەوتەم بووە، واتا ساڵ لای رۆمییەکانیش لە سەرەتای بەهارەوە نوێ بووەتەوە و یەکەم مانگی بەهار بووەتە یەکەم مانگی ساڵ و بە شێوەیە September بووەتە مانگی هەوتەم (ی ئەوسا). ئێستا ئەگەر لە وشەی "شەمبە" و ماناکەی ورد بینەوە، دەتوانین شیمانەی ئەوە بکەین کە ئەم وشەیەش بەجۆرێک پێوەندی بەم وشانەی سەرەوە هەبێ و مەبەست "رۆژی هەوتەم "بووبێ کە وەک رۆژی پیرۆز و پشوودان سەیر کراوە و دوای ئەو رۆژەکان لە نوێوە دەست پێ کراونەوە [هەژماردراونەوە]. لەوانەیە وشەکە چەند گۆڕاتیکی بەسەرداهاتبێ و شێوەی ئەمڕۆیی پەیدا کردبێ.

شەمتین şemtîn [*šamtīn*] - "خلیسکان، خزین": خزمە دەگەڵ schmiegen (G.) "شلک بوون"، smugan (OE.) "خزین، خوشین"، smyga (Sw.) "خزین"، smykatśja (Rus.) "خزین"، smukti (Lit.) "داخزان، رۆچوون"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *smeugh- >*** "خلیسکان". خزمە دەگەڵ ↑شەمار şemar "خزۆک، خەزەندە" و شەمارە şemare "خزین" و شەماتۆک şematok "زەوی خلیسکانێ" و ↑شەمتۆک şemtok "خلیسکەر، سکی باز".

شەمچک şemçık [*šamčık*] - "گزیکار، فێڵباز، مەککار":

[سەرەتا تێبینییەک: دە زمانی ئەڵمانیدا schlau (G.) بە مانای "زیرەک، فێڵباز" بەکار دێ. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ شێلهان şêl(e)han "راخوشین" دە زمانی کوردمادیدا و هەروەها دەگەڵ schleichen (G.)، slihhan (OG.)، sliken (ME.) "خوشین"، سەر بە ریشەی *(IE.) *sleu(k)-* "خوشین، خزین، خلیسکان". ئەم پێوەندییە رەنگە لەوەڕا پەیدا بووبێ کە ئاژەڵی زیرەک و فێڵباز لەکاتی کەوتنە شوێنی بە کون و کولێناندا خوشیوە و بۆی دەرچووە].

هەر بەم شێوەیە شەمچک şemçık دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑شەمتین şemtîn "خلیسکان، خزین"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *smeugh- >*** "خلیسکان".

شەمچە şemçe *[šamča]* - "شخارتە، گوگرد": ↑شەم şem + چە çe. کەرتی "چە" پاشگری گچکاندنە و مانای وشەکە دەکاتە "شەمی چکۆلە". "شەم" خۆی دە ریشەدا واتا "درەوشاتیکی کز و مات".

شەمخین şemxîn *[šamxīn]* - "ترشان و کەف کردنی چێشت لە گەرمان": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ schäumen (G.) "کەف کردن" و Schaum (G.) "کەف". لەم تێروانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑کەف kef.

شەمراندن şemrandın *[šamrāndın]* - "شاردنەوە": دەگەڵ پێشگری ڤە ve دێ [ڤەشەمراندن veşemrandın]. دەشێ پێوەندی هەبێ بە ریشەی *(IE.) *kem- >* "داپۆشین، لێهاڵاندن" و دەبێتە خزمە دەگەڵ ↑جامە *came* و ↑شەمل şemıl "جاجم، پەتوو" و چەندین وشەی دیکە. دە پلەیەکی دوورتردا هەروەها دەبێتە خزم دەگەڵ ↑حەمرین ħemrîn.

[تێبینی: وەک پێشتر باس کرا، "حەمرین" و چەندین وشە بە ماناکانی "بەرد، سەخت، رەق، ئاستەم" دەچنەوە سەر ریشەی ریشەی *(IE.) *(a)kamen- >* "بەرد، کەمر، کەڤر". وشەکانی سەر بەم ریشەیە دە زمانە کۆنەکاندا هەم مانای "ئاسمان" و "هەمیش مانای "بەرد"یان گەیاندووە. بە گوێرەی بۆچوونێک مرۆڤەکانی کەونارا ئاسمانیان وەک تاقێکی بەردین لەبەرچاو گرتووە کە هەردی داپۆشیوە. لەم پێوەندییەدا ریشەیەکی دیکەش ، واتا *(IE.) *kem- >* "داپۆشین، لێهاڵاندن" پەیدا بووە. هەردووک ریشەی سەرەوە، خۆیان دەچنەوە سەر ریشەیەکی کۆنتر کە بریتییە لەریشەی *(IE.) *ak-* " تیژ". لەوانەیە رەوتی پەرەسەندنی ماناکان بەم جۆرەی خوارەوە بووبێ: تیژ ، بەرد، ئاسمان (تاقی بەردین)، داپۆشین، شاردنەوە].

شەمزان şemzan *[šamāzn]* - "1-ژاکان، سیس بوون 2- پەشۆکان": هەروەها شەمز şemz [یان شەمس şems] هەیە بە مانای "ژاکاوی، سیسی". خزمە دەگەڵ schmähen (G.)، smāhen (OG.) "کەم کردن، پچووک کردن، لاواز کردن"، smā (OIs.) "گاڵتە پێ کردن"، smaht (MG.) "برسییەتی، تینوویەتی"، schmächtig (G.) "کز بوون، سیس بوون"، سەر بە ریشەی *(IE.) *sme(i)k- >* "دەنک و دانی ورد کراو"، سەر بە ریشەی *(IE.) *sme- >* "تیهەڵسوون، رێخشاندن". وشەیەکی دیکە دە زمانی کوردمادیدا هەیە کە ئەو پێوەندییانەی سەرەوە پشتراست دەکا، ئەویش ↑شەمزە şemze یە بە مانای "کاریلە و بەرخۆڵەی ساوا". ئەم وشانە هەروەها لەوانەیەخزم بن دەگەڵ ↑کەم kem. بەم پێیە لە مانای بنەڕەتی "رێخشاندن، سوونەوە" مانای "ورد (کردن)"، دواتر "کەم بوون، بچووک بوون(ەوە)" و دواجاریش مانای "ژاکان، سیس بوون" سەریان هەڵداوە.

شەمزە şemze *[šamza]* - "کاریلە و بەرخۆڵەی ساوا": خزمە دەگەڵ ↑شەمزان şemzan "ژاکان، سیس بوون".

شەمشەمەکوێرە şemşemekuwere *[šamšamakuwera]* - "ئاژەڵی شەوهەڵفڕ": ئەم وشەیە پێک هاتووە لە دوو وشەی شەم şem کە دووبارە دەبێتەوە و ↑کوێرkuwer. "شەم" شێوەیەکی کۆنترە لە ↑شێو êşw. شەم یان شێو بە مانای "بوومەڵێلی پێش تاریکان، تێوارەدرەنگ"ە. ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادی و هەروەها خزمەکاندا بە مانای "تارمایی، شەوە، سێبەر"یش بەکار هاتووە. لەم تێروانینەوە شەمشەمەکوێرە دەتوانێ بەو مانایە هاتبێ کە ئەو ئاژەڵە کوێرە کاتی تاریکان دەفڕێ. [لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ ناوەکانی دیکەی ئەم ئاژەڵە: "پڕچەمیک"، "شەڤرەڤیک" و "شەڤشەڤۆک" دە کوردمادیدا و "شب پرە" دە فارسیدا]. یان لەوانەیە ئەم ئاژەڵە بە جۆرێک تارمایی و سێبەر چوێنرابێ، چەنکوو بە شەو دەفڕێ و وەک سێبەر و تارمایی خۆ دەنوێنێ.

شەمل şemıl *[šamıl]* - "جاجم یان هەر کرێک کە دە خۆیەوە دە پێچن": هەروەها شەملک şemılk هەیە بە مانای "1- بەرماڵ 2- فۆتە، داپۆشی خوار لە کەمەر": خزمە دەگەڵ ↑شەمەد şemed "پۆپەشمین".

شەمەترێلکە şemetırêkle *[şamatırelka]* - "مێش هەنگوێتێکی باریکی ڕەشکەڵە کە شانە لە ناو دڕکاندا دەکا و هەنگوێتێکی زۆر خۆش دروست دەکا": کەرتی شەمە -şeme ئاماژە بە ڕەنگی تاریک و ڕەشی مێشەکە دەکا و خزمە دەگەڵ ↑شەمشەمەکوێرە şemşemekuwere. کەرتی ترێلکە tırêkleخزمە دەگەڵ چەندین وشە وەک ↑تەرِ ter، ↑*دلۆپ dılop*، ↑دەڵاندن delandın. بەم جۆرە مانای وشەکە دەبێتە "ڕەشێکی دەڵێنەر"، مەبەست لێرەدا دەڵاندنی هەنگوین لە لەشی مێشەکەیە.

شەمەد şemed *[šamad]* - "پۆپەشمین": خزم بێ دەگەڵ ↑جامە came "جلوبەرگ" و ↑*جامانە camane* "ئاغابانوو، پێچی لەسەر نان" [دە بنەڕەتدا: جامەدان، بوخچەی جلان].

شەمەند şemend *[šamand]* - [مامۆستا هەژار: زەق و قیتی جوان و لەبەرچاو- مەمکی تورت و گرد و شەمەندن]. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر < *charmant* (Fr.)* "سێحرئامێز، ئەفسوناوی" < *charme*(Fr.)* "دڵگری و ناسکی (لە ڕوخسار و کاراکتێردا) < *carmen (L.)* "هەڵبەست و گۆرانی ئەفسون کەر، تەلیسم".

شەمیت şemît *[šamīt]* - "کەڵەکە، بە سەر یەکدا کراو":

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شەماتە şemate "کۆمەڵگا، خەڵک، ئاوایی" و دواجار ↑جڤین[1] cevîn "کۆم بوون، کۆ بوونەوە".

2- لەوانەشە خزم بێ دەگەڵ ↑سمتە sımte و ↑زەمۆمە zemome.

شەمیران şemîran *[šamīrān]* - "پێکهاتن، جێبەجێ بوون": هەروەها شەمیراندن şemîrandın هەیە بە مانای "پێک هێنان، ئەنجام دان".

[سەرەتا تێبینییەک: دە زمانی ئەڵمانیدا machen (G.) و دە ئینگلیزیدا make (E.) مانای "کردن، دروست کردن" دەبەخشێ. ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هەڵشێلانی هەویر". لەم مانایەوە مانای "قوڕ گرتنەوە، قوڕ شێلان" و دواتر مانای "خانوو کردن، دروست کردنی خانوو" و دواجاریش مانای "کردن، دروست کردن" پەیدا بوون. شیاوی باسە لەم ریشەوە چەندین وشە دە زمانە هیندوئەوروپییەکاندا پەیدا بوون کە ماناکانی "شێلان، گوشین، تێهەڵسوون، سواخ دان، ڕێخشاندن" دەبەخشن. بۆ وێنە دە زمانی کوردمادیدا "ماشتن" و "مشت و ماڵ" و دە زمانی ڕووسیدا maslo (Rus.) "ڕۆن، ڕۆنەکەرە" لەم ریشەوە هاتوون].

ئێستا بگەڕێینەوە سەر وشەی شەمیران şemîran ی خۆمان. دە زمانە ژێرمەنییەکاندا وشەیەک هەیە کە مانای "ڕۆن، چەوری، پیو" دەبەخشێ و بەم جۆرەیە: Schmer (G.)، smear (E.)، smör (Sw.). دە زمانی سوێدیدا وشەکە مانای "کەرە، ڕۆنەکەرە، نقیشک" دەبەخشێ. ئەم وشەیە دە زمانی کوردمادیشدا هەیە و دەبێتە ↑سمرە sımre "دووگە". وشە ژێرمەنییەکە دەبردرێتەوە سەر ریشەی ***(IE.) *smer*** "چەوری". لەم باوەڕە دام کە ئەم ریشەیە ریشەیەکی سەر بەخۆ نەبێ، بەڵکوو هەر ئەو ریشەی ***(IE.) *(s)mer-*** بێ بە مانای "ڕێککوشین، پشاوتن، ڕێخشاندن، ورد کردن". مانای سەرەکی ئەم ریشەیە دەبێ "ڕێخشاندن، پێداخشاندن" بێ و پاشان لەمەوە ماناکانی دیکە وەک شێلان، ڕێککوشین، پشاوتن و هیتر سەریان هەڵداوە. ↑مەرِە[1] mere [پێمەرِە یان مەرِک] و گەلێک وشەی دیکە کە لەژێر مەرِە[1] دا باس کراون، مانای بنەڕەتی ئەم ریشەیە نیشان دەدەن. دواتر لەم مانا بنەڕەتییەوە گەلێک وشە بە مانای جیاواز پەیدا بوون، وەک ↑مەرهەم merhem "هەتوان" کە لە لەش یان لە شتی دیکە دەخشێندرێ و تێهەڵدەسوورێ و هەروەها myron (Gr.) "ڕۆن". وشەیەکی دیکە کە لەم بارەوە جێی ئاماژەیە، ↑هەویر hewîr [خمیر xamîr (P.)]. ئەم وشەیە دەگەڵ ریشەکەی سەرەوە بەتەواوی یەک دەگرێتەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چەمکەکانی "ڕێخشاندن، ساوین، پێدامالین، مشت و ماڵ دان" و "ڕۆن، مەرهەم، هەویر" و "شێلان، هەڵشێلان، پشاوتن" و "تێهەڵسوون، سواخ دان" هەموویان دە پێوەندی دەگەڵ یەکتر دان و وشەکانی دەربڕی ئەم چەمکانە پێوەندی ئێتیمۆلۆژیکیان پێکەوە هەیە. [ئەم پێوەندییە دە وشەی

"هەتوان"یشدا بەدی دەکرێ کە خزمە دەگەڵ "*ساوین*، تێهەڵسوون و سواخ". هەروەها دە وشەکانی "کەرە" و "نڤیشک"یشدا هەر هەمان پێوەندی لەئارادایە. کەرە kere خزمە دەگەڵ chrīsma (L.) "هەتوان، مەرهەم" و kirnen (G.)، karnen (Nl.)، churn (E.) "کەرە گرتن" و گشت ئەم وشانەش دەچنەوە سەر ریشەی **ĝer- (IE.)* "سوونەوە، رێخشاندن". هەروەها *نڤیشک* "رۆنەکەرە" خزمە دەگەڵ *نڤانی* "قورەکاری، کار کردن لە دروست کردنی خانوو دا"، دە بنەڕەتدا: قوڕ شێلان یان تێهەڵسوونی قوڕ، سواخ دان]. بەم شێوەیە دەشێ وشەی "شەمیران" بە مانای "دروست بوون، پێک هاتن" هەر وەک وشە ئەڵمانییەکەی سەرسەرەوە دە بنەڕەتدا بە مانای "قوڕ شێلان" یان "سواخ دان" بووبێ، دواتر مانای "خانوو دروست کردن" سەری هەڵداوە و لەمەشەوە دواجار مانای "دروست کردن، پێک هێنان، ئەنجام دان".

شەمیک şemîk *[šamīk]* - "رێسمەی دەرگا": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەمتین şemtîn "خلیسکان، خزین".

شەند şend *[šand]* - دەنووک، دندووک": خزمە دەگەڵ ↑دان dan "ددان".

شەنگ şeng *[šang]* - "جوان": [شۆخ و شەنگ].

1- لەوانەیە شێوەیەکی کورتکراو بێ لە ↑قەشەنگ qeşeng و دواتر ↑کەشخە *keşxe*.

2- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شێن şên "جوان" و دواتر ↑*جوان cuwan*.

شەنگل şengıl *[šangıl]* - "پێکەوە نووسان": شەنگلە şengıle بریتییە لە "دوو دانە بەری داری پێکەوەنووساو". هەروەها ↑زەنگەتە zengete و زانقلە zanqıle هەن بە مانای "کەرتەهێشوو" [دەنکەترێی پێکەوەنووساو" و ↑زانق zanıq "چەسپ". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ Schnee (G.)، snow (E.)، snö (Sw.)، sneg (Rus.)، nipha (Gr.)، nix (L.)، sniegas (Lit.) و snahr (Pl.) "بەفر، بەرف"، سەر بە ریشەی **(s)neigh- (IE.)* > "پێوەنووسان، گلوو بوون". هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑سان san "ریز" [سان بەستن واتا ریز بەستن]، ↑سنسل sınsıl "بڕبڕەی پشت"، ↑سنجەق sınceq "مەڵبەند"، ↑سنلە sınle "تەپەگوو"، ↑سەهان sehan "ریخ"، ↑زنە zıne "چیمەنی ئاودەڵێن"، ↑چنچک çınçık "پلەگۆشت"، ↑چەنی çenî "دەگەڵ، پێڕا"، ↑زنار zınar، ↑زنێر zınêr "تووکەسەر لێکهاڵاوی چڵکن"، ↑زەنج zınc "باتڵاق" و لەوانەشە ↑زۆنکَ zong.

شەنگۆڵ şengol *[šangol]* - "شاد و بەکەیف، سەرزیندە". شنگول šangūl (P.).ئەم وشەیە پێوەندی هەیە بە چەند وشەیەک کە ئاماژە بە "خۆ بادان و خۆ تەکان دان" دەکەن، وەک ↑شنگل şıngıl، ↑*جینگل cîngıl* [گینگل gıngıl].

[تێبینی: پێوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لەتیوان دوو چەمکی "شادی" و "خۆ جووڵاندن"دا. لەم بارەوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ *سەما* "رەقس" سەر بەکرداری جمین "جوولان، تەکان خواردن" و هەروەها "پەرین" و "هەڵپەرین"].

شەنە şene *[šana]* - "ئامرازێکی ددانەداری کشتوکاڵ": خزمە دەگەڵ ↑شانە şane.

شەو şew *[šaw]* - "دەمی تاریکی": شب şeb (P.)، šap (Pl.)، xšap (Av.). جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑خەوتن xewtın [خەفتن xeftın]، خفتن/ خوابیدن xābīdan (P.)/ xoftan (P.)، hypnos (Gr.) "خەو"، sopor (L.) "خەوی قووڵ"، sopire (L.) "خەو بردنەوە"، سەر بە ریشەی **su(e)p- (IE.)* > "خەوتن". لەوانەیە وشەی "شەو" دە بنەڕەتدا بە مانای "کاتی خەوتن" بووبێ.

[تێبینی: دە وشەنامەی فارسیدا خسپیدن xospīdan (P.) بە مانای "خەوتن" هاتووە. ئەم شێوەی وشەکە دەگەڵ وشەی xšap (Av.) "شەو" باشتر رێک دەکەوێ. فۆتیمی x لە سەرەتای ئەم وشانەدا لەوانەیە فۆتیمێکی ئەسڵی (ئوریجینال) نەبێ و وەک زێدەیەکی فۆتیتیکی هاتبێتە سەر وشەکەوە].

شەوات şewat *[šawāt]* - "سووتمان": دەچێتەوە سەر شەوتین şewtîn و ↑سووتان sutan.

شەواك şewak [*šawāk*] - "گیلۆکە":
1- دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑چەپ çep سەر بە ریشەیەک بە مانای "خوار". شیاوی باسە "گیل"یش خۆی لە ریشەکەوە هاتووە بە مانای "خوار".
2- هەروەها دەشێ خزمایەتی هەبێ دەگەڵ ↑شەپۆکان şepokan "پەشۆکان، سەر لێ تێکچوون، وڕ بوون" و دەگەڵ ↑شێوان şêwan [سەر لێ شێوان]. بڕوانە ↑*شێواندن şêwandın*. لەوانەیە ئەم خێزانەوشەیەش خۆی پێوەندی بە "چەپ"ەوە هەبێ.
شەوسین şewısîn [*šawısîn*] - "لارەولار رۆیشتن":
1- دەتوانێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەوێق şewêq [شل و شەوێق].
2- لەوانەشە خزمایەتی هەبێ دەگەڵ ↑چەپ çep سەر بە ریشەیەک بە مانای "خوار".
شەوشین şewışîn [*šawıšîn*] - "پەرێشان بوون، بێ سەرەوبەرە بوون": خزمە دەگەڵ ↑شەوهاندن şewhandın "1- تێکەڵ و پێکەڵ کردن 2- بیچم ناحەز کردن" و ↑*شێواندن* şêwandın.
شەوک şewık [*šawık*] - "1- دەرزیلە 2- قولاپی ماسیگری":
1- لەوانەیە خزمە بێ دەگەڵ ↑هەفک hefk [خەفک xefk] "تەڵە" سەر بە ریشەیەک بە مانای "گرتن".
2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە ↑گاو gaw "تێلی خوار بۆ دروون و پینە کردن".
شەول1 şewıl [*šawıl*] - "دەشتایی تیوان چیا": خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشە بە مانای "قووڵ، قووڵایی، نزم"، وەک ↑سپڵە sıple.
شەول2 şewıl [*šawıl*] - "گەرما": هەروەها "شەوڵ دان" هەیە بە مانای "تین و تاوی هاوینان کە مرۆڤ لە پێش خۆیەوە دەیبینێ". دەشێ پێوەندی بەو وشانەوە هەبێ کە لەژێر ↑سوولانەوە sulanewe "سووتانەوەی پێست"دا باس کراون.
شەول3 şewıl [*šawıl*] - دەگەڵ "شێت" دێ [شەوڵەشێت şewleşêt]. خزمە دەگەڵ ↑شەواک şewak "گیلۆکە" و ↑شەپڵە şeple.
شەونخوونی şewnıxunî [*šawnıxūnī*] - "شەوبێداری": شەو + نخوونی şew + nıxunî. کەرتی نخوونی nıxunî لە کرداری ↑خەوتن xewtın ەوە هاتووە. نخوونی دە بنەڕەتدا نەخەونی nexewnî بووە و "خەون" لێرەدا بە مانای "خەوتن" هاتووە. [زازایی: هەون واتا خەوتن]. بەم جۆرە شەونخوونی [شەو نەخەونی] واتا "شەونەخەوتن".
شەوهاندن şewhandın [*šawhāndın*] - "1- تێکەڵ و پێکەڵ کردن 2- بیچم ناحەز کردن": شێوەیەکی دیکە لە ↑شێواندن şêwandın. ئەم وشە کوردماددییە دە زمانی عەرەبیدا کراوە بە تشویش tašwīş و مشوش muşawwaş (Arb.) و هتد
شەویلکە şewîlke [*šawīlka*] - "ئەو ئێسکەی ددانەکانی تێدا جێگیر کراوە": شەو + ئیلکە şew + îlke. کەرتی دووەم پاشگرە. کەرتی یەکەم خزمە دەگەڵ jaw (E.)، jow(e) (ME.)، joe (OF.) "شەویلکە". ریشەی وشەکە ساخ نەکراوەتەوە. لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑جاوین cawîn.
شەوین şewîn [*şawîn*] - "چەمانەوە": شێوەیەکی دیکە لە ↑چەمانەوە çemanewe.
شەوێق şeweq [*šaweq*] - دەگەڵ "شل" دێ [شل و شەوێق şıl û şewêq واتا سست و ناقایم، لەق و تەق]. خزمە دەگەڵ schwach (G.) "سست، بێ هێز"، zwak (Nl.) "سست، شلک"، swaken (MG.) "لەق بوون، شل و شەوێق بوون"، svaga (Norv.) "لەق بوون، شلک بوون، شەکانەوە"، دواجار خزمە دەگەڵ ↑جمین cımîn.
شەهت şeht [*šaht*] - "شەپڵە لێدراو، هەست نەمان لە دەست و قاچدا": خزمە دەگەڵ وشەگەلێک کە لەژێر ↑*سەق seq* دا باس کراون و مانای "سەخت" دەبەخشن. خودی وشەی سەخت sext یش لەم چوارچێوەدا جێ دەگرێ.

[تێبینی: کاتێک دەست و قاچ شەپڵە لێی دەدا و توانای تێدا نامێنێ، جم و جۆڵی خۆی لە دەست دەدا و هەر بۆیە وەک شتێکی سەخت و رەق و تەق هەست پێ دەکرێ. بە وتەیەکی دیکەیە وەک ئەوە وایە کە "سڕ" بووبێ. وەک لەژێر وشەی "سڕ"دا باس کرا، ئەویش دە بنەڕەتدا مانای "سەخت" دەدا. هەروەها دە زمانی ئەڵمانیدا کاتێک باس لە "سڕ بوون" یان نەمانی هێز و جم و جۆڵ و چالاکی لە ماسوولکەکاندا دەکرێ، لەپاڵ وشەکانی دیکەدا وشەی steif "سەخت، رەق"یش بەکار دەهێنرێ. ئەم وشە ئەڵمانییە خۆی خزمە دەگەڵ "جدەو" دە زمانی کوردمادیدا (پشتی ریش و شانی زامدار و جدەو بوو، ناعیلاج..."شێخ رەزا"].

شەهتین şehtîn *[šahtīn]* - "مردن لە تینوان": خزمە دەگەڵ ↑شەهت şeht. ئەم وشانە دە ریشەدا مانای "سەخت" دەگەیەنن.

[تێبینی: وشەی "تینوو" دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "هیشک بوون" و ئەم مانایە دەگەڵ چەمکی "سەخت، رەق" دە پێوەندیدایە (هیشک و رەق). هەروەها "مردن" دە زمانی ئەڵمانیدا دەبێتە sterben کە ئەویش سەر بەریشەیەکە بە مانای "سەخت و رەق بوون". لەم تێڕوانینەوە مردن دۆخێکە کە لەش هێزی جم و جۆڵ و چالاکی تێدا نامێنی و رەق هەڵدێ].

شەهک şehk *[šahk]* - "مەشکەی ئاوکێشان": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەک şek 3 "کڵاوی پێستەمەڕ".

شەهنک şehnık *[šahnık]* - "خاڵ، خاڵی سەر گۆنا": ↑شان şan[4] ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شانی(ک) şanî(k) "نیشان، بەڵگە، مەدرەک".

شەهوان şehwan *[šahwān]* - "بەردەڵان": خزمە دەگەڵ چیای ↑شاهۆ şaho [(چیای) سەخت و ئاستەم"] و دەگەڵ ↑سەق *seq*.

شەهۆ şeho *[šaho]* - "رێگەی دژواری بەردەڵان": هەروەها شەهوان şehwan هەیە بە مانای "بەرەڵان". خزمن دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑سەق seq دا باس کراون.

شەهێن şehên *[šahen]* - "1- باڵدارێکی راوکەر 2- ناوی دارێک": بە مانای یەکەم شاهێن şahên ش دەگوترێ. شاهین šāhīn (P.). خزمە دەگەڵ ↑شاهۆ şaho "ناوی چیایەک" و دەگەڵ ژمارەیەک وشە بە مانای "سەخت، بەهێز".

شەیپوور şeypûr *[šaypūr]* - "زورنای زل": جێی هەڵسەنگاندنە دەگەڵ ↑شەپۆڕ şepor [بە دەنگی بەرز گریان]. لەوانەیە وشەکە ئاماژە بە "دەنگی زل و بەرز" بکا.

شەیتان şeytan *[šaytān]* - "ئەهریمەن": ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی عیبری: < *sātān (Heb.)* و دە بنەڕەتدا مانای "دوژمن" دەدا و مەبەست "دوژمنی خودا "یە. وشەکە لە رێگەی زمانەکانی یۆنانی و لاتینییەوە کەوتووەتە ناو زمانە ژێرمەنییەکانیش.

شەیتانۆکە şeytanoke *[šaytānoka]* - "حەلەزوون": ئەم زیندەوەرە بچکۆڵە و بێ ئازارە هیچ پێوەندییەکی بە شەیتانەوە نییە و هەر بۆیە ئەم وشەیە لە "شەیتان" وەرنەگیراوە، بەڵکوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. وشە بنەڕەتییەکە لەباری شێوەوە لە وشەی "شەیتان" نیزیک بووە و ئەمە وای کردووە کە دەگەڵ وشەی شەیتان تێکەڵ بکرێ. وشە ئەسڵییەکە دەبێ پێوەندی هەبووبێ بە ↑شەهت şeht "شەپڵە لێدراو، هەست نەمان لە دەست و قاچدا" [دە بنەڕەتدا: سەخت و قورس بوون]، ↑شەهوان şehwan "بەردەڵان"، ↑شاهۆ şaho "(چیای) سەخت و ئاستەم"، ↑شەهێن şehên "باڵداری بەهێز 2- ناوی دارێک (ی سەخت)". ئەم وشانە دواتر دەبنە خزم دەگەڵ ↑سیتەک sîtek [سیتک sîtık] "بەردەڵان و تمتمان"، ↑سێتە sete "چیا" و هەروەها ↑چیا çîya سەر بە ریشەی < ***staī- (IE.)*** "رەق بوون، سفت بوون، توند بون". ↑هەستی hestî "تێسک" و ↑ئاستەم astem "سەخت" لەم ریشەوە هاتوون. ناوی زیندەوەرەکە ئاماژەیەک بووە بە قاوغی تێسکین یان بەردین، واتا ئەو سەدەفە کە لەشی زیندەوەرەکە دادەپۆشێ.

[تێبینی: لەباری ماناوە بەراوردی بکە دەگەڵ وشەی *سەدەف* "زیندەوەرێکی رەقی ناو چەم و ئاوان" کە ئەویش ناوەکەی دە بنەڕەتدا هەر ئەو مانایەی سەرەوە بە دەستەوە دەدا].

شەیدا şeyda *[šaydā]* - "دێوانەی ئەوین": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑سەودا sewda [سەوداسەر].

شی şî *[šī]* - شی کردنەوە واتا لێک (جیا) کردنەوە. شێوەیەکی دیکە لە ↑شێ şê.

شیان şîyan *[šīyān]* - "1- گونجان، بۆ بوون 2- رۆیشتن": شایستن šāyestan (.P) "گونجان، شیاو بوون". دە فارسیدا هەروەها شایستە šāyeste (.P) "گونجاو، لایق" و شایان šāyān (.P) "لایق" و شاید šāyad (.P) "دەشێ، بۆی هەیە" پێوەندیان بە کردارەکەوە هەیە. شاید و باید šāyad o bāyad (.P) دە زمانی فارسیدا واتا "دەشێ و دەبێ"]. دە زمانی کوردمادیشدا شیاو şîyaw هەیە بە مانای "1- گونجاو 2- لایق" و شیمانە şîmane"ئیحتیمال، ئەو شتەی رێیی تێ دەچێ، ئەو شتەی گونجانی بۆ هەیە". بە ورد بوونەوە لەو مانایانەی سەرەوە دەبینین کە مانای سەرەکی وشەکە "گونجان"ە و لەوێوە مانای "لایق" و "ئیحتیمال" سەریان هەڵداوە. بە وتەیەکی دیکە کاتێک گوتوویانە ئەو شتە یان ئەو کارە دەشێ، مەبەست ئەوە بووە کە ئەو کارە دەگونجێ، زەمینەی کران و جێبەجێ بوونی هەیە. هەروەها کاتێک گوتراوە ئەو کارە یان ئەوە شتە "شیاو"ە، مەبەست ئەوە بووە کە ئەو کارە یان ئەو شتە دەگەڵ بار و دۆخێکی دیاریکراودا دەگونجێ و رێک دەکەوێ. مانای "گونجاو" دواتر پەرەی گرتووە و مانای "لایق، شایان" سەری هەڵداوە. لە لایەکی دیکەوە مانای "ئیحتیمال" پەیدا بووە و ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ئەگەر کارێک یان شتێک بگونجێ و زەمینەی پێکهاتنی خۆش بێ، ئەوا بۆی هەیە روو بدا، واتا چەمکی "شیان" دەبێتە حامل و هەڵگری رووداو. تێتسا پرسیارێک کە سەر هەڵدەدا، ئەوەیە کە وشەی "شیان" خۆی لە کوێوە هاتووە. ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ ↑چوون çun "رۆیشتن" و شدن šoden (.P) "بوون" [لە شتێکەوە بوونە شتێکی دیکە]. شدن šoden ی فارسی پێشتر هەر وەک "چوون"ی کوردمادی مانای "رۆیشتن"ی هەبووە. ئەم مانایە دە امد وشد āmad o šod (.P) "هاموشۆ، هاتوچۆ"دا پارێزراوە. هەروەها دە دەقە فارسییە کۆنەکاندا مانای وشەکە هەروەک "چوون"ی کوردمادی بووە. ئەوە کە چۆن وشەی"چوون" پەرەی گرتووە بۆ "شیان" و چۆن لە مانای "رۆیشتن"ەوە مانای "گونجان" پەیدا بووە، بەم جۆرە دەتوانین شی بکەینەوە: دە زمانی ئەڵمانیدا کاتێک ئاماژە بەوە دەکەن کە کارێک نابێ [جێ بەجێ نابێ، ناتوانرێ (جێ بەجی) بکرێ، زەمینەی کرانی لە ئارادانییە] دەڵێن: es geht nicht واتا "ناڕوا" [بەرێوە ناچێ]، سەر بە کرداری gehen "رۆیشتن". دیارە مەبەست لە "ناڕوا"ی ئەڵمانی هەمان "نالوێ"ی لای خۆمانە. ["ناڕوا" و "نالوێ"ش دە ریشەدا هەر یەکن]. هەروەها ئەگەر سەرنجی وشەی رەوا rewa "بەهەق، دادپەروەرانە" بدەین، دەبینین لێرەشدا وشەکە لە کرداری رۆیشتن royıştın وەرگیراوە و دە بنەڕەتدا مەبەست ئەوە بووە کە ئەم کارە یان ئەو شتە بەگوێرەی داب و نەریت یان یاسا و رێسای کۆمەڵگا شیاوە، بەرێوە دەچێ و بۆیە دادپەروەرانەیە. کەوابوو وشەکانی "شیان" و لوان" دە ریشەدا بەو مانایە هاتوون کە کارێک یان شتێک بەرێوەیە، "دەحاڵی رۆیشتن" و قەومان دایە ["قەومان"یش دە ئەسڵدا بە مانا "هاتن"ە]. هەر بۆیەش دە زمانی فارسیدا وشەی "شدن" مانای "بوون"ی وەرگرتووە، واتا بۆ وێنە کاتێک لە فارسیدا دەڵێن "جنگَ میشود" [دەبێتە شەڕ]، ئەوە سەرەتا بەو مانایە بووە کە شەڕ بەرێوەیە، بارودۆخەکە بەرەو شەڕ دەچێ. مانای "گونجان"یش هەر لەم چوارچێوەیەدا سەری هەڵداوە. بە وتەیەیەکی کاتێک گوتراوە "جنگَ میشود" [شەر بەرێوەیە، بارودۆخەکە بەرەو شەڕ دەچێ]، لێرەوە ئاماژە بەو بارو دۆخە کراوە کە شەڕی تیدا دەگونجێ. بۆ زانیاری لەسەر ریشەی وشەکە بڕوانە ↑*چوون çun*. هەروەها بەراوردی ئەم وشەیە بکە دەگەڵ ↑لێوەشانەوە leweşanewe "لێ هاتن، ژێهاتن". لێرەشدا پێوەندی دوو چەمکی "شانەوە" [لێ-وە-شان-ەوە] و "هاتن" [بەرێوە بوون] بە ڕوونی دەردەکەوێ.

[تێبینی: شدن šoden (.P) دە زمانی فارسیدا وەک کرداری یاریدەر بۆ دروست کردنی کرداری نادیار بەکار دەهێنرێ، وەک "دیدە شد"، "شنیدە شد"، "خواندە شد"، "شناختە شد" و هتد. دە زمانی کوردمادی- شێوەزاری سەرووودا- کرداری "هاتن" ئەم ئەرکە دەبینێ، وەک "هاتە دیتن، هاتە بهیستن، هاتە خاندن، هاتە ناسین" و هتد. وەک دەبینین لێرەشدا کردارێک ئەو دەورە دەبینێ کە پێوەندی بە چەمکی "رۆیشتن"ەوە هەیە].

شیاکە şîyake *[šīyāka]* - "ریخ": دەشێ خزم بێ دەگەڵ scheißen (.G)، scīzan (.OG)، shit (.E)، skita (.Sw)، schijten (.Nl) "رین، ریان"، سەر بە ریشەی< ***(IE.) *skēi-*** "قەڵشاندن، جیا کردنەوە، لێک کردنەوە". مەبەست لە وشەکە دە بنەڕەتدا جیا بوونەوە و لێ بوونەوەی پیسایی لە لەشە. خزمە دەگەڵ ↑شێ şê [شی کردنەوە] و ژمارەیەک وشەی دیکە.

شیب şîb *[šīb]* - "رزیوی لە کار کەوتوو": [کراسەکەی ونجڕونجڕ بە جارێک ببووە شیب]. خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawîn، سەر بە کردارێک بە مانای "رنین، کڕاندن، رووشاندن، سوونەوە". دە زمانی ئەڵمانیدا schäbig (.G) "شێب، سواوە، رزیو، بێکەڵک، شڕ و درِ" پێوەندی بەم وشانەوە هەیەز مانای وشەکە دە زمانی ئەڵمانی ناویندا "سواو" بووە.

شیبا şîba *[šībā]* - "بریقە، ترووسکە، رووناکی": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەبەق şebeq.

شیت şît *[šīt]* - "فیتوو": سوت sūt (.P). خزمە دەگەڵ sausen (.G)، siuzen (.Nl)، susa (.Sw) "وژەوژ، ویزەویز، خشەخش کردن". هەروەها دەگەڵ sysati (.OSl) "فیتوو لێدان، ویزەویز کردن". ریشە؟

شیپ1 şîp 1 *[šīp]* - "گیپ": شێوەیەکی دیکە لە↑ گووپ gup.

شیپ2 şîp 2 *[šīp]* - شێوەیەکی کۆنتر لە ↑چێو *çew* [çub (.P)] بە مانای "دار". خزمە دەگەڵ ↑شوول şûl[دە بنەڕەتدا: "شیپەل، شیپل" ← شوول "داری چکۆڵە"]. هەروەها هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑شیپانە şîpane "چوارچێوەی دەرگا".

شیپ3 şîp 3 *[šīp]* - "1- لافاوی بە تەوژم 2- رنوو، شاپە 3- جۆرێک پڵینکێ": خزمە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑شەپ şep دا باس کراون و دەچنەوە سەر ریشەیەک بەمانای "پاڵ نان، ڕادان، دەرپەڕاندن، تاو دان".

شیپانە şîpane *[šīpāna]* - "چوارچێوەی دەرگا": دەچێتەوە سەر ↑شیپ şîp بە مانای "دار".

شیپۆران şîporan *[šīporān]* - " گوڕڕاندن": خزمە دەگەڵ ↑شەپۆڕ şepor.

شیپە1 şîpe 1 *[šīpa]* - "1- ئامرازێکە لە نیر و ئامووردا 2- پانایی تیخ": خزمە دەگەڵ ↑شەپک[1] şepık.

شیپە2 şîpe 2 *[šīpa]* - "سیرمەی قامچی": لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ ↑شەپ şep "لێدان".

شیپە3 şîpe 3 *[šīpa]* - "حیلەی ئەسپ، شهە": دەشێ خزم بێ دەگەڵ ↑شەپۆڕ şepor.

شیتاڵ şîtal *[šītāl]* - "تیتاڵ، بزگوڕ": شێوەیەکی دیکە لە ↑تیتاڵ tîtal.

شیتک şîtık *[šītık]* - "کەمەربەند": شووتک şûtık یش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ ↑شەتەک şetek [شەتەک دان واتا بەستنەوە].

شیتەڵ şîtel *[šītal]* - شیتەڵ کردن(ەوە) واتا شی کردنەوە، لێک جیا کردنەوە، ئانالیز کردن:

1- یان پێوەندی هەیە بە ↑چەتاڵ çetal و ↑تەتەڵە tetele و دە بنەڕەتدا هەر وەک "تەتەڵە" بە مانای "شەنە" بەکار هاتووە و مەبەست لە شیتەڵ کردن هەمان تەتەڵە کردنی دەخڵ و دان بووە و پاشان ماناکەی فراوانتر بووەتەوە و بووەتە ئانالیز و لێک جودا کردنەوەی بابەتێکی بیرەکی (فکری) ئاڵۆز و لێک گرێدراو [لەم بارەوە بڕوانە ↑تەتک tetık].

2- لەوانەشە پێوەندی هەبێ بە شی ŞÎ [↑شێ Şê] کردنەوە سەر بە ریشەیەک بە مانای "لێک دابڕین، جودا کردنەوە، قەڵشاندن، لێک کردنەوە". دە زمانی ئەڵمانیدا Scheitel (.G) "تەوقی سەر" هەیە، کە دە

بنەڕەتدا بە مانای "شوێنی جیا بوونەوەی مووی سەر" بووە، واتا ئەو شوێنەی کە موویەکان بە لای راست یان چەپدا دەکەون و لێک جودا دەبنەوە.

شیخاڵ şîxal [*šīxāl*] - "باریکەبەفری سەهۆڵ بەستووی پەنا رەشانکَ کە درەنکَ دەتوێتەوە": خزمە دەگەڵ ↑سیخار sîxar "زوقم" و دواتر ↑*سەق seq*.

شیرازە şîraze [*šīrāza*] - "1- ریزەتەقەڵی پەڕاوێزی جلک 2- درووونی پەڕتووک": بنجی وشەکە دەبێ شی -şî بێ و خزمە دەگەڵ ↑شوژن şujın [-şî هەڵسەنگینە دەگەڵ sy (Sw.) "درووون"]. کەرتی دووەم واتا رازە raze- رەنگە پێوەندی بە ↑ریز rîz ەوە هەبێ.

شیراندن şîrandın [*šīrāndın*] - "قیژاندن، زیراندن": ئەم وشەیە دەشێ پێوەندی هەبێ بە ↑زیراندن zīrandın، ↑چرین çırîn، سروودن sorudan (P.)، سرائیدن sarāyīdan (P.) "چرین، دەنکَ هەڵبرین، هۆنینەوە [خوێندنەوەی هەڵبەست]" و سرود sorud (P.) "سروود" بەیەکەوە هەبێ. ↑سروود sırud دە کوردمادیشدا بەکار دەهێنرێ. ئەم وشانە وێ دەچێ خزم بن دەگەڵ schreien (G.)، scrīan (OG.)، scrīen (MNl.)، scream (E.)، hrīna (OIs.) "زیراندن، هاوار کردن".

شیرن şîrın [*šīrın*] - "دژبەری تاڵ": شیرین şîrîn یش دەگوترێ. شیرین šīrīn (P.). خزمە دەگەڵ ↑شیرە şîre.

شیرۆڤە şîrove [*šīrova*] - "شەرح کردن": شی + رۆڤە şî + rove. کەرتی شی şî [یان ↑شێ şê] بە مانای "لێک دابڕین، جیا کردنەوە"یە. کەرتی رۆڤە rove شێوەیەکی دیکە لە ↑راڤە rave [راڤە کردن واتا شەرح کردن].

شیرە şîre [*šīra*] - "تراوی دار یان گیا": شیلە şîle ش دەگوترێ. دەشێ خزم بێ دەگەڵ glykys (Gr.) "شیرین". ریشە؟

شیرێژ şîrej [*šīrež*] - "جۆرێک پەنیر": سیراج sîraj یش دەگوترێ. شیراز šīrāz (P.). خزمە دەگەڵ sūris (Lit.) "پەنیری سوێر"، syr (Rus.) "پەنیر" و syroj (Rus.) "تەڕ، خاو، ترش"، سەر بە ریشەی < ***sura-** (IE.) "ترش، سوێر، تەڕ". لەم تیڕوانینەوە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑سوێر suwer.

شیش şîş [*šīš*] - "1- تیشەشاخ 2- سیخ": خزمە دەگەڵ هێندێک وشەی وەک ↑شاخ şax، ↑سیخ sîx، ↑زیخ zîx "دڕکی ئەستوور" [بڕوانە↑زەق *zeq*].

شیشان şîşan [*šīšan*] - "بەپەلە خەریکی کارێک بوون" [وای تێ شیشاوە هەر مەپرسە]. خزمە دەگەڵ ↑شیش şîş "1- تیشەشاخ 2- سیخ". ئەم دوو وشەیە هەر چەند مانایان زۆر جیاواز دێتە بەر چاو، بەڵام هەر دووکیان سەر بە ریشەیەکن بە مانای "دەرپەڕاندن، پاڵ نان، راو نان، پەلە کردن"، [بڕوانە↑زەق *zeq*].

شیشک şîşk [*šīšk*] - "خیم، بناخە، بنەڕەت": خزمە دەگەڵ ↑شووشە şûşe و دواتر ↑*سەق seq* [دە بنەڕەتدا: سەخت].

[تێبینی: پێوەندی "سەق" و "شیشک" و "شووشە" وەک پێوەندی ئەم وشانەی خوارەوەیە: *کەڤر* "بەرد"، *هێم* "بناخە" و *خاو* "نەکوڵیو، پێنەگەیشتوو" [دە بنەڕەتدا: رەق].

شیف şîf [*šīf*] - "شووڵ": شێوەیەکی کۆنتر لە ↑چێو çew.

شیقین şîqîn [*šīqīn*] - شێوەیەکی دیکە لە ↑زیقاندن zîqandın.

شیکە [*šīka*] - "بێچووە بەراز": خزمە دەگەڵ Sau (G.) "بەرازی مێ"، su (OE.)، syr (OIs.) "بەرازی کەوی، خووک"، sys (Gr.) و sus (L.) "بەراز". بە پێی بۆچوونێک ئەم وشانە دواجار دەچنەوە سەر ئەو ریشەیەی کە مانای "زان" دەبەخشێ و مەبەست دە بنەڕەتدا "ئاژەڵی پڕ زاوزێ" بووە. بەم جۆرە وشەکە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑زان zan.

شیلافه şîlafe *[šīlāfa]* - "جێگەی خواردنی هەزمکراو لە ورگی ماڵاتی کاوێژکەردا کە بۆ هەوێنی پەنیر دەبێ": شیلاوک şîlawk و شیلاڤ(ک) šîlav(k) یش دەگوترێ. لەوانەیە بچێتەوە سەر ریشەی ***gel- >** ***(IE.)*** "گلوو بوون، پێکەوەنووسان، رێکگوشران، بەستن و مەیین". بەم شێوەیە وشەکە دەبێ ئاماژەی بە "مەیین"ی پەنیر کردبێ و خزم بێ بۆ وێنە دەگەڵ ↑*گلوو gılû*، ↑گڵۆپ gılop، ↑گڵۆفین gılofîn، ↑سۆڵ sol [سارد و سۆڵ] و هتد.

شیلانک şîlank *[šīlānk]* - "بەلووعە، لوولەئاوی پلاستیکی": شلنکَ šelang (P.). خزمە دەگەڵ schlank (G.)، slank (Nl.) "قەدباریک". مانای وشەکە دە بنەڕەتدا ئاماژە کردن بەوە بووە کە شتێک بە هۆی شل و مل بوونی با دەدرێ، دەچەمێتەوە. slingan (OG.) "بەم لا و ئەولادا جووڵانەوە، بەم لا و ئەو لادا بادانەوە"، slingan (OE.) "بادانەوە، خوشین"، slyngva (OIsl.) "هاویشتن، فڕێ دان"، Schlange (G.) "مار"، دەچنەوە سەر ریشەی ***slenk-,-g- > (IE.)*** "با دان، بەم لا و ئەو لادا جووڵانەوە، پێچ و خەم خواردن".

شیلەپە şîlepe *[šīlapa]* - "1- ئامرازێکە لە نیر و ئامووردا 2- دارۆکەیەکە لە عارەبانەی کاکێشاندا": شیرەپە şîrepe ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ schleppen (G.) "(بەسەر هەردا) راکێشان"، slei(p)fen (OG.) "خشاندن، خزاندن، خلیسکاندن". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ گەلێک وشە دە زمانە ژێرمەنییەکان و هەروەها کوردمادیدا، بۆ وێنە ↑شێلهان şêl(e)han "راخوشین".

شین şîn *[šīn]* - "1- رەنگی (ئاوی) چەم و دەریا، رەنگی ئاسمان 2- رەنگی گژ و گیا": هەشین heşîn یش دەگوترێ.

1- لەوانەیە خزم بێ دەگەڵ kyaneos (Gr.) "شین". دەشێ دە زمانی کوردمادیدا شین سەرەتا رەنگی ئاسمان و دەریا بووبێ و پاشتر ماناکەی بۆ رەنگی گژ و گیاش پەرەی سەندبێ و ئەوجار لەوێوە "شین بوون" بە مانای سەر وەدەرنانی گژ و گیا دروست بووبێ. ریشە؟

[تێبینی: وشەی "ئوقیانووس" دەچێتەوە سەر ōkeanós (Gr.). وێ دەچێ ئەم وشە یۆنانییانە پێوەندییان بە یەکەوە هەبێ].

2- هەروەها جێی بەراورد کردنە دەگەڵ ئەو وشانەی لەژێر ↑هەش heş (خاڵی 2)دا باس کراون.

شین şîn *[šīn]* - "شەپۆڕ، گریانی بە دەنکَ": شێوەیەکی دیکەیە لە ↑شیوەن şîwen و دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑*سۆنە sone* "مراوی تیر".

شیناخ şînax *[šīnāx]* - "چۆڵەمە، تێسکێکی دوو فلیقانە لە تیوان شان و ملدا": جناغ jonāġ (P.). پێوەندی هەیە بە ریشەی ***kneigh- > (IE.)*** "نەوین، چەمانەوە". ئەو تێسکە، تێسکێکی خوار و چەماوەیە و بووەتە دوو لک. لەم تێڕونینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ kniken (G.) "قەد کردن، نووشتاندنەوە" و kneikja (OIs.) "چەماندنەوە، رێکگوشین". ریشەکەی سەرەوە بە شێوەی *gneig-* ***(IE.)*** یش نووسراوە و خۆی دەچێتەوە سەر ریشەیەکی کۆنتر، واتا ریشەی ***gen- > * (IE.)*** "رێکگوشران، وێک هاتن، تۆپەڵە بوون". ↑گنج gınc و ژمارەیەک وشەی دیکە لەم ریشەوە هاتوون.

شیو1 şîw *[šīw]* - "دۆڵی تەنکَ": شیڤ şîv و شێپ şêp ش دەگوترێ. خزمە دەگەڵ شیب šīb (P.)، šēp (Pl.)، xšvaepā (Av.) "سەرەوژێری، نشێو". ئەم وشانەش خزمن دەگەڵ schief (G.)، scaf (OE.)، skev (Sw.)، škibs (Lit.) "خوار، چەفت". دۆڵی تەنکَ یان سەرەوژێری پێوەندی تەواویان بە خوار بوونی هەردەوە هەیە واتا ئەو شوێنانەن کە لەوێ هەرد راست و تەختان نییە. خزمە دەگەڵ ژمارەیەک وشەی وەک ↑چەفت çeft [↑چەوت çewt]، ↑چەپ çep، ↑چەوێڵ çewel، ↑شەپڵە şeple و هتد. هەروەها خزمیشە دەگەڵ ↑نشێو nışêw "سەرەوژێری".

شیو2 şîw *[šīw]* - "جل شوتن" [شیو و کوڵ]. دەچێتەوە سەر ↑شوشتن şuştın.

شیوەن şîwen *[šīwan]* - "شەپۆڕ، گریانی بە دەنگ": دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑سۆنە sone "مراوی تیر".

شێ1 - şê *[še]* - شی şî ش دەگوترێ. شێ کردنەوە یان شی کردنەوە واتا "لێک جودا کردنەوە (ی بەن و خوری وهتد)". دە زمانی کوردمادیدا چەندین وشەی دیکە هەن کە هەر لەم پێوەندییەدا جێی لێکدانەوەن، وەک شی کردنەوە بە مانای "شەرح کردن (ی بابەتێک)"، ↑شیرۆڤە şîrove "شەرح کردن"، ↑شاش şaş "لێک بڵاو، لێک جودا"، ↑شۆم şo(m) "زەوی کێڵدراو" [دەبنەڕەتدا لێک جیاکراوە]، ↑شێوەرد şêwerd و هتد. ئەم وشانە گشتیان دەچنەوە سەر ریشەی *(IE.) *škei- >* "بڕین، لەت کردن، لێک جودا کردن". هەر لەم ریشەوە هێندێک وشەی دیکەش پەیدا بوون، وەک ↑جۆی cuwe، ↑جیا cîya، و↑ ژێ je [سەر ژێ کردن] و ↑زۆڵ zol [زۆڵە چەرم] و هتد.

شێ2 şê *[še]* - ئەم وشەیە ناوی ڕەنگیکی ئەسپە، بەڵام مانای وشەکە بەتەواوی ڕوون نییە یان باشتر بڵێین بە چەند مانا بە کار دێ، وەک زەردی ئامار سوور، سپی بە خاڵی سوورەوە، سوور بە خاڵی سپییەوە. جێی بەرهەڤ کردنە دەگەڵ Schimmel (G.) "برش، کەڕوو". ئەم وشە ئەڵمانییە لە سەدەی پازدەوە بە مانای "ئەسپی سپی"یش بەکار دێ و خزمە دەگەڵ Schime (MG.) "بریقە، تروسکە" و shine (E.) و scheinen (G.) "درەوشانەوە". بەکار هێنانی وشەی Schimmel (G.) دە زمانی ئەڵمانیدا بە دوو مانای "کەڕوو، برش" و هەروەها "ئەسپی سپی" ئەم بیرە دەخاتە مێشکەوە کە وشەی کوردمادی ↑شێ3 se "نم، تەرایی" دە بنەڕەتدا ئاماژەی بە "برش هێنان" کردبێ و دواتر ماناکەی بۆ "نم، تەڕایی" گۆڕدرابێ. وشەی "شێ" دە زمانی کوردمادیدا بەگوێرەی ئاگاداری نووسەر مانای "تەڕایی" بەگشتی نادا، بەڵکوو بە تەڕایی سەر هەرد و دار و دیوار دەگوترێ کە دە بێتە مایە برش هێنان. [شیاوی باسە کە وشەی "برش" خۆشی دەچێتەوە سەر ریشەیەک بە مانای "درەوشانەوە". "شێ" خزمە دەگەڵ ↑شێو êşw و ↑*سۆما soma* و چەندین وشەی دیکە. دە زمانی فارسیدا سمند semend (P.) بۆ ڕەنگی ئەسپی ئامار زەرد بەکار دەهێنن. ئەم وشەیەش پێوەندی بە وشەکانی سەرەوە هەیە.

شێ3 şê *[še]* - "نم، تەڕایی"، دەشێ خزم بێ دەگەڵ↑ شێ2 şê "ڕەنگیکە بۆ ئەسپ".

شێب şêb *[šeb]* - "رزیو، شڕ ودڕ": خزمە دەگەڵ ↑ساوین sawın. مەبەست لە وشەکە ئەوەیە کە شتەکە سواوەتەوە و لە کەڵک کەوتووە. خزمە دەگەڵ schäbig (G.) "کۆنە، بێکەڵک " سەر بە کرداری schaben (G.) "کڕاندن، تاشین، ساوین". ئەم کردارە ئەڵمانییە هاوریشەی "ساوین"ە. دە زمانی فارسیدا فرسوودە farsude (P.) خزمە دەگەڵ ئەم وشانەی سەرەوە [far-sūde].

شێپ şêp *[šep]* - "دۆڵی تەنگ": شێوەیەکی کۆنترە لە ↑شیو şîw "دۆڵ، گەلی".

شێت şêt *[šet]* - "دێوانە": وێ دەچێ دەگەڵ ئەو وشانە خزم بێ کەلەژێر سەودا[2] sewda دا باس کراون [سەوداسەر].

شێخ şêx *[šex]* - "پیری تەریقەت": دەشێ وشەکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتبێتە ناو کوردمادی. بەڵام ئەم وشەیە لەوانەیە بە ئەسڵ لاتینی بێ: *(L.) senex >* پیر، بە ساڵداچوو". [senatus (L.) "ئەنجوومەنی پیران" دە زمانی عەرەبیدا دەبێتە"مجلس الشیوخ ". فۆتیمی n دە وشە عەرەبییەکەدا سواوەتەوە].

شێل şêl *[šel]* - "شێوە": خزمە دەگەڵ ↑شێلان şêlan، دە بنەڕەتدا بە مانای "لێدان".

[تێبینی: لەباری ماناوە هەڵی سەنگینە دەگەڵ typus (L.) "شەقڵ، وێنە، پەیکەر" و typos (Gr.) "زەبر، لێدان، شەقڵ، شێوە، وێنە". ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەیەک بە مانای "لێدان" و خزمن دەگەڵ تۆپ top دە زمانی کوردمادیدا. پێوەندی دوو چەمکی "لێدان" بە "شەقڵ و شێوە" لەوە دایە کە لە شەقڵ و شێوە سەرەتا لەرێگەی لێدان و کوتان واتا هەڵکەندن و تاشین و هەڵکۆڵین لەسەر دار و بەرد دروست کراون].

شێلان şêlan [*šelān*] - "هەڵگلۆفین": خزمە دەگەڵ شڵەقان و ↑شڵەقاندن şıleqandın بەمانای "لێکدان". "شێلان" دە بنەڕەتدا بە مانای "لێکدان"ی هەویر و شتی وا بەکار هاتووە و پاشان ماناکەی بەربڵاوتر بۆتەوە و بە مانای "مشت و ماڵ دان"ی لەشی مرۆڤیش بەکار هاتووە.

لەباری سوانەوەی فۆتیمی q هەڵی سەنگینە دەگەڵ ↑شلوێ şıl(u)we "لێڵ" [دە بنەڕەتدا: ئاوێ تێکەڵ بە گڵ، لێکدراو] و ↑شڵە şıla "رەنگێ لێکدراو" کە ئەوانیش پێوەستن بەم خێزانەوشەوە.

[تێبینی: دە زمانی فارسیدا چلانیدن čelānīdan (P.) هەیە بە مانای "گوشین"ی جلوبەرگی شۆراو. ئەم وشەیە پێوەندی بە "شێلان"ەوە نییە، بەڵکوو خزمە دەگەڵ "چۆڕان" و چۆراندنەوە. مەبەست لە وشە فارسییەکە دە بنەڕەتدا چۆڕاندنەوەی ئاوی جلوبەرگە شۆراوەکەیە].

شێلهان şêl(e)han [*šelhān*] - "راخوشین": خزمە دەگەڵ schleichen (G.)، slihhan (OG.)، sliken (ME.) "خوشین"، سەر بە ریشەی ***sleu(k)-*** *(IE.)* > "خوشین، خزین، خلیسکان". ئەم ریشەیەش دەچێتەوە سەر ***(s)lei-*** *(IE.)* > "تەڕ و لووس و لیچق بوون".

شێلە şêle [*šela*] - دەگەڵ "بێلە" دێ [شێلە و بێلە şêle û bêle: 1- فێڵ و تەڵەکە 2- بێ سەرەوە و بەرە، تێکەڵ و پێکەڵ]. شیلە و پیلە şîle u pîle ش دەگوترێ. [فڵانی کابرایەکی بێ شیلە و پیلەیە واتا روورراستە و شاراوەیی دە کارەکەیدا نییە]. "شێلە" یان "شیلە" خزمە دەگەڵ ↑شڵەقان şıleqan "لێکدان" [لێدان] و چەندین وشەی دیکە کە مانای "لێکدراو، شڵەقاو" دەگەیەنن. هەروەها "بێلە" یان "پیلە"ش دەچنەو سەر ریشەیەک بە هەمان مانا و خزمە بۆ وێنە دەگەڵ ↑پڵ pıl3 "1- لێدانی رەگێ 2- چەقەنە بە پەنجە". کەوابوو مانای بنەڕەتی هەر دوو وشەکە "لێدان" و دواتر "لێکدان"ە و مەبەست لە شیلە و پیلە هەبوون دەکاردا "لێکدراوی، شڵەقاوی"یە کە لە ئەنجامیدا لێڵی وناڕوونی پەیدا دەبێ.

شێلەگە şêlege [*šelaga*] - "جێگەی دادڕینی جۆگە": شەلەگە şelege ش دەگوترێ. بنجی وشەکە، واتا شێڵ یان شەڵ دەچێتەوە سەر ریشەی ***(s)kel-*** *(IE.)* > "قەلشاندن، بڕین، لێک جودا کردنەوە" و دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چاڵ çal و چەندین وشەی دیکە.

شێن şên [*šen*] - "جوان": شێوەیەکی کۆنترە لە ↑جوان cuwan.

شێنا şêna [*šena*] - "بەهێز، بەتوان": هەروەها شێناهی şênahî هەیە بە مانای "هێز و توانایی". خزمە دەگەڵ können (G.)، kunnan (OG.)، cunnan (OE.)، can (E.)، kunna (Sw.) "توانین". ئەم وشانە خزمن دەگەڵ ↑زانین zanîn. دە زمانە ژێرمەنییەکانیشدا مانای "زانین، ناسین" کە مانای بنەڕەتییە، پارێزراوە، بۆ وێنە kennen (G.)، cennan (OE.)، känna (Sw.) "ناسین". لەم مانایەوە دواتر مانای "توانین" سەری هەڵداوە و دە بنەڕەتدا مەبەست "توانایی هزری" بووە. وێ دەچێ ئەم پەرەگرتنی مانایە بۆ سەردەمێکی کۆن بگەڕێتەوە و لەو کاتەوە هەم دە زمانە ژێرمەنییەکاندا و هەمیش دە زمانی کوردمادیدا بوونی خۆی بەردەوام کردبێ.

شێنەیی şêneyî [*šenayī*] - "هێواشی، لەسەرەخۆیی": خزمە دەگەڵ seine (MD.) "هێواش، شل"، seim (OIs.) "هێواش، درەنگێ"، serus (L.) "درەنگێ"، sainjan (Gt.) "درەنگێ کەوتن، دواکەوتن، فریانەکەوتن"، säumen (G.) "دواکەوتن، فریا نەکەوتن" و saumselig (G.) "لەسەرەخۆ، تەپ، نەپەڕژاو"، سەر بە ریشەی ***se(i)-*** *(IE.)* > "فڕێ دان، بەردانەوە، خستن، داکەوتن". لەم تێڕوانینەوە دەبێتە خزم دەگەڵ ↑چاندن çandın و چەند وشەیەکی دیکە.

شێنی şênî [*šenī*] - : "ناوێکی پیاوانە":

1- یان پێوەندی هەیە بە ↑شێنەیی şêneyî "هێواشی، لەسەرەخۆیی". لەم تێڕوانینەوە مانای وشەکە دەبێتە "ئارام، هێدی".

2- یانیش پێوەندی هەیە بە ↑شێنا şêna "بەهێز، بەتوان". لەم تێڕوانینەوە وشەکە مانای بەهێز و گوڕ بوون دەدا.

شێو şêw *[šew]* - "بوومەلێڵ، بەرەو تاریک بوون"؛ شێف şêv یش دەگوترێ. شام šām (P.) "تێوارە، جەمی تێوارە". وشەکە دە هێندێک فەرهەنگی کوردمادیدا وەک "چێشت، خواردن یان خواردەمەنی شەو" مانا کراوەتەوە. دە راستیدا ئەم مانایە هەڵەیە و خودی وشەکە چ پێوەندییەکی بە خواردن و خواردەمەنییەوە نییە. وشەکە بە مانای "تێوارەی درەنگ، بوومەلێڵی پێش تاریکان"ە و ئەم مانایەش بە تەواوی دیار دەکەوێ کاتێک دەگوترێ "نوێژی شێوان"، هەروەک چۆن دەشگوترێ نوێژی بەیانی، نوێژی نیوەڕۆ و هتد. وشەکە خزمە دەگەڵ scem(e) (OG.) "تارمایی، شەوە"، scēme (MNl.) "سێبەر، درەوشانەوە(ی کز)، scima (OE.) "بوومەلێڵ". دە زمانی کوردمادیدا شێوەی کۆنی وشەکەش، واتا ↑شەم şem پارێزراوە کە هەم بە مانای "مۆمی داگیرساندن" دێ و ئاماژە بە "رووناکی و درەوشاتیکی کز" دەکا و هەم مانای "سێبەر" دەدا، هەروەک چۆن دە زمانی هولەندی ناوینیشدا هەڵگری ئەم مانایە بووە. ئەم وشە کوردماديیە خزمە دەگەڵ چەندین وشەی دیکە وەک ↑زیڤان zîvan "دەنکی رەش و تاڵ دە ناو گەنم دا" و↑سۆما *soma*.

[تێبینی: لەم بارەوە کە چۆن مانای وشەکە لە "تێوارەی درەنگ، بوومەلێڵ"ەوە بووەتە "خواردنی شەو" دەتوانین بەرهەڤی بکەین دەگەڵ زمانی ئەڵمانی. لەم زمانەدا بە نانی نیوەڕۆ (جەمی نیوەڕو، فراوێن) دەگوترێ Mittagessen "نیوەڕو خواردن واتا خواردنی نیوەڕۆ" و بە نانی شەو (جەمی شەو، "شێو") دەگوترێ Abendessen "تێوارەخواردن، خواردنی تێوارە". دە زمانی کوردمادیشدا "شێوخواردن" هەر بەم شێوەیە بووە، واتا کاتێک گوتراوە "شێو دەخۆین"، مەبەست ئەوە بووە کە لە کاتی شێودا واتا لە کاتی بوومەلێڵی تێوارەدا دەخۆین (نان دەخۆین). کەواتە "شێو" دە بنەڕەتدا ئاماژەی بە خواردن نەکردووە بەڵکوو ئاماژەی بەو "کات"ە کردووە کە خواردنی شەوی تێدا دەخورێ، هەروەک چۆن نوێژی تایبەتی ئەو کاتەشی تێدا دەکرێ].

شێواندن şêwandın *[šewāndın]* - "لێکدان"؛ اشفتن āšoftan (P.) [a- šoftan]. هەروەها شیبانیدن šībānīdan (P.) هەیە بە مانای "شێواندن، لێکدان، تێکەڵ کردن". دە زمانی فارسیدا هەروەها اشوب āšūb (P.) [a- šūb] "ئاژاوە، رەوشی لێکدراو" و شیفتە šīfta (P.) "عاشق، ئەویندار" هەیە کە دەبنەڕەتدا ماناکەی "شێت و دێوانە"یە واتا ئەو کەسەی تێکەڵی کردووە یاخود مێشکی لێکدراوە. جگە لەمانە دە زمانی کوردمادیدا ↑شەوشین şewışîn "پەرێشان بوون، بێ سەرەوبەرە بوون" و ↑شەوهاندن şewhandın "1- تێکەڵ و پێکەڵ کردن 2- بیچم ناحەز کردن" بەکار دەهێنرێن. بنەوشەی şew- / şêw- دە زمانی کوردمادیدا و هەروەها دە فارسیدا [šof- / šūb- / šīf- / šīb (P.)] و şēp- (Pl.) پێوەندی هەیە بە یەکێک لەم وشانەی خوارەوە:

1- یان Schweif (G.) "کلکی درێژ"، schweifen (G.)، sweifan (OG.) "جووڵاندن(ەوە)، سووڕان(ەوە)"، umbesweif (MG.) "جووڵانی جەخزی"، sveipa (OIs.) "فڕێ دان، تێوە پێچان"، svíesti (Lit.) "فڕێ دان، هاویشتن، لێدان"، schweben (G.) "بە حەواوە جووڵانەوە"، schwappen (G.) "بەم لا و ئەو لادا جووڵانەوە، شڵەقان"، schwabbeln (G.) "هەڵەرزین، بە لەرزە لەرز جووڵانەوە". ئەم وشانە پێوەندییان هەیە هەروەها بە schwingen (G.)، swingan (OG.)، swingen (Nl.)، swing (E.) "بە تەوژم بزواندن، هەژاندن، لێکدان، شڵەقاندن". بەم جۆرە سەرجەم ئەم وشانە خزمایەتی پەیدا دەکەن دەگەڵ چەندین وشەی کوردی وەک ↑شەوێق şewêq [شل و شەوێق، لەق و تەق]، ↑چمە çıme، دووما duma[دووڤ duv، ↑دوو du]، ↑سووتە sute [کلکەسووتە]، ↑سووک suk [سڤک sıvık]، ↑چابوک çabuk و دواجاردەگەڵ ↑جمین *cımîn* یان جڤین cıvîn "بزوان"، سەر بە ریشەی ***(IE.) *suēi(b)- >*** "سووڕان یان بزوانی سووک، بەلەز و چالاکانە".

2- یان ↑چەپ çep "خوار، بادراو، سووڕاو". ئەگەر وشەکە پێوەندی بە "چەپ"ەوە هەبێ، ئەوا دەبێ ماناکە لە "خوار بوون، با دران"ەوە بۆ "سووڕان، لێکدران" گۆڕدرابێ.

[تێبینی: "چپە شدن" دە زمانی فارسیدا بە مانای "وەرگەڕانی ئوتۆمبێل" بەکار دێ. سەرنجراکێش ئەوەیە کە دە زمانی ئەڵمانیدا بە "وەگەڕان" دەگوترێ überschlagen. کەرتی ئەسڵی ئەم وشەیە خزمە دەگەڵ "شڵەقان". دە زمانی کوردمادیدا "وەرچەپین"یش بەکار دەهێنرێ. ئەم وشانە پێوەندی چەمکەکانی چەپ، خوار، با دران، سووڕان، لێکدران بەیەکەوە بەباشی دەردەخەن].

شێوە şêwe *[šewa]* - "بیچم، وێنە، چۆتیتی": شیوە šīva (P.). خزمە دەگەڵ Scaf (OG.)، skap (OIs.) "شێوە، چۆتیتی"، shape (E.) "شەقڵ و شێوە"، gesceaft (OE.) و gaskafts (Gt.) "دروستکراو، رسکێندراو" [دە بنەڕەتدا شەقڵ و شێوە پێدراو]. کرداری schöpfen (G.) "رسکاندن، خولقاندن" خزمە دەگەڵ وشەکانی سەرەوە. ئەم وشانە دەچنەوە سەر ریشەی ***(s)ka-bh- < (IE.)*** "ساوین، تاشین، کڕاندن". بەم جۆرە "شێوە" واتا بیچم و روخسار ئەو شتە بووە کە بە هۆی *ساوین* و کڕاندن و داتاشین [ی دار و بەرد و ئاسن و قوڕ و هتد] بەدی هاتووە. وشەکە دواجار دەبێتە خزم دەگەڵ ↑ساوین sawîn.

[تێبینی 1: ئەم پێوەندییەی سەرەوە بە جۆرێکی دیکە دە وشەی typos (Gr.) "تیپ، فۆرم، شێوە" دا دەبیندرێ کە دەچێتەوە سەر کرداری typtein (Gr.) "لێدان، کوتان". هەروەها "ئەفراندن"یش پێوەندی بە کرداری "بڕین"ەوە هەیە. تێبینی 2: وشەی شبهة šibha (Arb.) "وەکوو، (هاو)شێوە" لەم وشە کوردماددییە وەرگیراوە. "شبهەجزیرە" واتا شێوەکەی لە جەزیرە دەچێ، شێوەجەزیرەیە].

شێوەرد şêwerd *[šeward]* - "زەوی کێڵدراو": خزمە دەگەڵ ↑شێ şê 1، سەر بە ریشەیەک بە مانای "بڕین، قەڵشین، لێک جودا کردنەوە". بۆ کەرتی دووەمی وشەکە بڕوانە ↑وەرد werd [وەرد دانەوە واتا پێدا هاتنەوە و دووبارە کێڵان].